# واتە

17

کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە

کانوونی یەکەم ٢٠١١

هەواڵنامەی کتێب

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 00964 (0) 66 224 49 35

# واتە بۆ ئەوانەیە کە
# دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: یوسف لەتیف
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: بۆکان نووری. ئاریان ئەحمەد

# مەکیاڤیللی لە تای تەرازوودا

د. موحسین محەمەد حوسێن

١ لە ٢

## بەرایی

"پشێوی زیان بەسەرجەم کۆمەڵگە دەگەیەنێت، لە کاتێکدا ئەو لە داردانانەی میر جێبەجێیان دەکات تەنیا زیان بەکەمینە دەگەیەنن"!

مەکیاڤیللی

زۆرێک هەر کە بڕگەی "ئامانج پاساو بۆ شێواز دەهێنێتەوە" دەبیستن، یەکسەر ناوی (نیکۆلۆ مەکیاڤیللی)[1]یان بیر دێتەوە. هەر هێندەی ناوەکەشیان بەرگوێ دەکەوێت زایەڵەی گوتەیلی وەک "فریودان و ناپاکی و بێ ڕەوشتی و تەنانەت دژوەستانەوەی ئاینەکانیش"یان بیر دێتەوە.

ئەمەش پرسێکە مایەی سەرسوڕمان و پرسیارە. مەبەستی بڕگەی ناوبراویش لەوەدایە، مرۆڤ بۆ گەیشتن بەئامانج و مەبەستەکانی، مادامەکی بۆ بەردەوامیی دەسەڵاتەکەی ئەو ئامانجە پێویستە هەر ڕێگەیەک بگرێتە بەر ئازادە، جا ئەگەر میر بێت، یاخۆ فەرمانڕەوا، یان بەهەر ناوێکەوە بێت. مەبەست لەمەش بڵاوبوونەوەی بەهاکانی دەرچوونە لە ئاکاری گشتی و لەو یاسایانەی کاریان پێ دەکرێت، هەروەها گوێنەدان بەسووک و ڕیسوابوون لەچاو ئەوانەی دەورووبەر و خەڵکەکەشەوە، ئەمەش لەسۆنگەی ناوزڕاندنی کەسەکەوەیە.

لە بواری سیاسەتیشدا بەهۆی تیۆەگلانی بەهەڵگەڕانەوە و هەلپەرستی، ناوی مەکیاڤیللی لەگەڵ

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل



هەواڵنامەی کتێب

سەرجەم سیفەتە ناشرینەکاندا هاوتایە[٢].

سەرەنجامەکەشی ئەوە بوو ئەم پیاوە شایانی بێت یان نا، بەهەڵە بێت یا هەڵبەستراو سیفەتی (پارێزەری شەیتان)یان بەسەردا بڕیوە.

ئەمەش ئەو نرخە بوو کە دای، کاتێک ئەو هزرەی لە ناخیدا بوو بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە دەری بڕی و لەبەرئەوەی ژیانی سیاسی و پێوەندییە گشتییەکانی تاقی کردەوە و بەچاوی خۆی هەڵسوکەوت و ڕاگەیاندنەکانی (میر) و میرەکانی تری بینی، کە دژ بەیەکتر بوون لەوەی بۆ خەڵکەکەیان ڕادەگەیاند. ئەمانە وایان لێ کرد هەر کە هزرەکانی لا خەملێن، ئەوە بڵێت کە گوتی و لە کایەی سیاسەتدا کتێب دابنێ، ئینجا لە مەیدانەکانی مێژوو و ئەدەبدا.

ئەوانی بایەخ بەهزری مەکیاڤیللی دەدەن لەسەر ئەوە کۆکن (یاخۆ خەریکبوو کۆکبن) لەسەر ئەوەی بووە ناوێک بەسەر هەموو سیاسییەکی توند و بەهێز لە ئاوەز و دڵدا و گوێ بەشەرەف، یا پاکی یاخۆ ترس لە خوا نادات، بێ ئەوەی بۆ گەیشتن بەمەبەست سڵ لە ئەنجامدانی ناشرینترین تاوان بکاتەوە، مادامەکی میر دەکۆشێت، یاخۆ (وا نیشان دەدات کۆشش دەکات) بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی وڵات، کە خۆی بەڕێوەی دەبات.

مەکیاڤیللیزم بووەتە زاراوەیەک بۆ گشت کارێکی نابەجێ، بنیات نرابێ لەسەر فێڵ و تەڵەکەبازی و هاوتا لەگەڵ خۆپەرستی و خودئەڤینی و خستنە پێشی ئامانج بەسەر چاکیی هۆکار یا شێواز، ئیدی (میر)ەکەی بووە کتێب و دەستوور و ستەمکارانی پێ ئاراستە دەکردن.

داخۆ مەکیاڤیللی دەیویست ناوی بزڕێنرێت و گوێی پێ نەدات؟ ئەی داخۆ بەو قسە ئاگرینانەی مەبەستی چی بوو؟ یاخۆ بەبەردەوامی کار بەبیروڕاکانی نەدەکران، یان ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە بوو لە ماوەیەکی شڵەژاودا تێیدا دەژیا، لە ژیان یا مێژووی شارە دڵگیرەکەی، یاخۆ وڵاتی خۆی ئیتاڵیا و باقی ئەورووپای ئەوسا.

ناکرێت سەرپێیی بەسەرجەم هەڵوێست و بۆچوونەکانی ئەم سیاسییەدا بچینەوە، وەلێ دەمانەوێت بەپێی توانا تیشک بخەینە سەر ئەوەی بەئاشکرا و ڕاستگۆییەکی سەیر دەری بڕیوە، هەروەها ئەو شوێنەوارەی ڕاشکاوییەکەی لە دوای خۆیەوە جێی هێشت، جا ئیتر لەسەر ئاستی سەرکردەکان بێت، یاخۆ لەسەر ئاستی خاوەن بیردۆزە سیاسییەکان.

هەروەها دەکۆشین ڕوونی بکەینەوە، کە مەکیاڤیللی یەکەمین کەسە بەری بۆ ئەو بیردۆزانە کردووەتەوە و کەسی تر پێشی نەکەوتووە.

## مەکیاڤیللی و خێزانەکەی و ڕەوشی ژیانی

هەر لە فلۆرەنسا هاتە دنیاوە و لەوێش کۆچی دوایی کرد. پەنجا و هەشت ساڵ ژیا. لە خانەوادەیەکی سەر بەحزبی پاڵپشت لە کڵێسا بوو، چەند کەسێک لە بنەماڵەکەی هەر لە مێژەوە

پۆستی گشتییان وەرگرتووە، هەروەها لەلایەن حکوومەتی شارەکەیەوە ڕێزیان لێ نرا و لە خەڵکەکەیشییەوە بەرز نرخێنران.

لەگەڵ پێکهێنانی خێزاندا لە سەدەی نۆزدە، سیازدە کەس لە ڕۆڵەکانی خانەوادەکەی بەرپرسیاریەتیی دادوەرییان وەرگرت و پەنجا کاری گشتیی تریش لە فەرمانگە باڵاکانی دەوڵەت. باوکی بەرپرسی بەڕێوەبردنی داراییی شاری ئەنگۆنەی ئیتاڵی بوو، دایکیشی دەگەڕێتەوە سەر خانەوادەیەکی بەخشندە و ڕەسەنزادەی دێرین لە شکۆییدا، هەوڵی دەدا کوڕەکەی ببێتە شاعیر.

زۆر لەبارەی منداڵیی مەکیاڤیللییەوە نازانرێت، تەنیا ئەوەندە نەبێت چووەتە پەیمانگەی ئەدەبی لاتینی و گریکی. پاشان بەرپرسیاریەتیی نهێنیگریی کۆماری فێرینزەی باڵیۆزی فلۆرەنسای وەرگرتووە، کە پێی دەگوترا (Firenze - Florence) ئەو کاتی لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بوو، دوای چوار ساڵ بووە لێپرسراوی نهێنییەکانی دیوانی دادوەری، پتر لە چواردە ساڵ تێیدا مایەوە، لەو ماوەیەدا بیست و سێ جار بۆ وڵاتانی دەرەوە نێررا، وێڕای ئەو ناردنە زۆرانەی لەناو وڵاتەکەیدا پێی دەسپێررا.

ڕەوشی ناودەوڵەتی لە ئیتاڵیا سەقامگیر نەبوو (ئەو کات پارچە پارچە بوو، ئەوە بوو دوای سەتان ساڵ ئینجا یەکیان گرتەوە)، ئەو کات پاپا و هێزە گەورەکانی ئەورووپا (پرووسیا ـ واتا ئەڵمانیا) و فرەنسا بەشێوازی جیا جیا لەسەر دەستبەسەرداگرتنی ئیتاڵیا ململانێیان بوو، جارێک بەفێڵ و جارێکی تر بەئاگر و ئاسن، تەنانەت کۆماری فێرینزە بووە نێچیری لەشکرەکانی ئیسپانیا بەهاوکاری لەگەڵ سوپای پاپا و لەشکری کۆماری ڤینیسیا (وێڕای ئەوەی کۆمارێکی ئیتاڵییە).

هەروەها پاپا بەخۆی لە ڕەوشێکی ناسەقامگیردا بوو، هەرچەندە بزووتنەوە پرۆتستانتییەکان (جیابوونەوەخوازەکان) هێشتا دەستیان پێ نەکردبوو، بەڵام هەوڵێلێک بۆ چاککردنی چەوتیی کڵێسا و گۆڕینی سیستەمی بیرۆکراتیی دوور لە ئاینی ڕاستەقینە و کرانەوە بەڕووی سەردەمدا لە ئارادا بوون.

قەشە ساڤۆنا ڕۆلا دیارترین کەس بوو لەوانەی داوای چاکسازییان دەکرد و بەوە ڕق و تووڕەیی پاپای بۆ خۆی هێنا. هێندەی نەبرد لەسەر ئەو هەڵوێستەی بەزەندیقیان دەرکرد و بووە هۆی لەداردانی لە فلۆرەنسا لە ساڵی ١٤٩٨دا، ئەو کات لە تەمەنی چل و شەش ساڵیدا بوو[٣].

ئەوە بوو مەکیاڤیللی گوتە بەناوبانگەکەی ڕاگەیاند:

"هەش بەسەر ئەو پێغەمبەرانەی چەکیان نییە، واتا پێغەمبەرە بێ چەکەکان، هەڵبەت چارەنووسی ئەمانە سەرنەکەوتن و وێرانییە، بەڵام چارەنووسی پێغەمبەرانی چەکدار سەرکەوتنە"[٤].

دوای جێبەجێکردنی بڕیاری لەداردان بەسەر ساڤۆنا ڕۆلادا لە گۆڕەپانی شار لەگەڵ دوو لە

ڕەبەنە لایەنگرەکانی، تەرمەکانیان سووتێنران و خۆڵەمێشەکەیان فڕێدرایە ڕووباری ئەلارنۆوەوە.

نیکۆڵۆ لاوازیی ڕەوشی وڵاتەکەی بۆ دوو هۆکار گەڕاندەوە:

یەکەمیان: بەشبەشبوونی بۆ کۆمەڵێک دەسەڵات و دەوڵەتۆچکەی شار.

دووەمیان: دابەزینی دیسپلین و ڕوحی سەربازی و لە زۆر دۆخدا پشتبەستن بەسوپای بەکرێگیراوی بێگانە. ناوبراو لە هەردوو دۆخەکەدا گلەییەکەی خستە ئەستۆی کڵێساوە، ئەو گازندەی ئەو دۆخی بەشبەشبوونەی لێ دەکات کە ئیتاڵیای گرتووەتەوە، لەبەرئەوەی کڵێسا لەلایەکەوە لاوازە و ناتوانێت یەکیان بخات و بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا لەو لاوازییەدا نییە نەتوانێت بەرهەڵستیی هەر میرێکی ئیتاڵی پێ نەکرێت، کە بکۆشێت وڵات یەک بخات، کڵێسا هەردەم وڵاتانی بیانیی دژ بەمیر دەورووژاند، کاتێک بیویستایا وڵات یەک بخات[٦].

مەکیاڤیللی چاوی بڕیبووە کورسیی پۆستێک لە پۆستەکان، وەکو باسمان کرد، بەدەستی هێنا، لێ هەر ئەوەندەی دۆخی سیاسی لە فلۆرەنسادا گۆڕا، لە دوای ڕووخانی بەدەست هێزەکانی پاپا و خانەوادەی میدیچی، ئیدی دەستی کرد بەنووسینی نامەی پڕ لە سۆز و میهرەبانی و تێکەڵ بەبرگەی لێدان لە کەرامەتی مرۆڤەکان، کتێبەکەشی (میر) پێشکێش کرد بەمیری نوێی شار (لۆرانزۆ دی میدیچی)، هەر لە یەکەمین دێرەوە بەڕوونی گوتار بۆ خۆشەویستیی میر و هەوڵدان بۆ نێزیکبوونەوە لێی دەدات و ماستاوچێتی بۆ دەکات:

"کاتێک ویستم مەرایی بۆ میر بکەم، وام بەباش زانی دیارییەکی پێشکێش بکەم شایان بەو بێت، هەروەها بەڵگەیەک بێت لەسەر دڵسۆزیم بۆ دەسەڵاتەکەی... پاشان... خۆم باش لە سووک و ڕیسواییەکەی دەگەم (واتا سووک و ڕیسوایی کتێبەکەی "میر")... بڕوام وایە ئەم دیارییەم شایان بەپایەی بەرز و بڵندتان نییە... دواییش... "خاوەن شکۆ چاوێک بەدەورووبەرتا بگێڕە کابرایەک دەبینی لە خواری خوارەوەیە و دۆخی ئەو پێویست بەبەزەیی پێدا هاتنەوە دەکات، لەوەی بەسەریدا هاتووە لە دەردیسەری و ئازار و ناحەزی و ستەم لەلایەن کەسوکارییەوە – بەپێی قسەی خۆی– ئەو کەسەی ئەم کتێبەی داناوە".

واژۆ: ملکەچی بەر دەرکەتان: نیکۆڵۆ مەکیاڤیللی

قسەکانی مەکیاڤیللی کۆتاییان هات، جگە لە دەربڕینی پڕ لە مەرایی و ڕیایی و سۆز و میهرەبانی خواستن و لە نرخی خۆ کەمکردنەوە، تەنانەت خۆی بەڕووتە (صعلوک) وەسف کردووە[٧].

وێڕای ئەمە بەمەرامی خۆی نەگەیشت، بەدەستکورتی ژیا و بە لەبیرکراوی مرد، هەرچەندە (میر) بەگرینگترین کتێبی فەلسەفەی سیاسی و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و فەلسەفەی مێژوو پۆلێن کرا، جگە لە کتێبەکانی تری.

## بەشدارییەکانی لە کاری سیاسیدا و دانراوەکانی

مەکیاڤیللی لە ساڵی ١٥٠٥دا ئەو کاتی لە تەمەنی سی و شەش ساڵیدا بوو بۆ خزمەتکردنی کۆماری فلۆرەنسا (ڤێرنیزە) بەشداریی لە ڕێکخستنی دەستە سیاسی و جەنگییەکاندا کرد، ئەوەی بەبیردا هات لەشکری بەکرێگیراوی کۆندیتری بگۆڕێت بەسوپایەکی نیشتمانی بتوانێت بەرگری لە وڵات بکات، ئەم کارە ترسناکەی درا بەسەردا، وەلێ تێیدا سەرکەوتوو نەبوو، ئەمەش لە سۆنگەی پارچەپارچەبوونی بەرژەوەندییەکانەوە لە فلۆرەنسا و سەرتاپای ئیتاڵیادا، لەبەرئەوەی نەریت وایە سوپای نیشتمانی لە وڵاتێکی یەکگرتوو و لە سیستمێکی زیندوودا دادەمەزرێت "مادامەکی نەتەوە لە ناوخۆیدا بەش بەش بووە و قسەکانی پەرت و بڵاون ئەوە نەتەوە نییە و ناتوانرێت سوپایەکی شەڕکەری لێ پێک بهێنرێت."[٨].

ئەو سوپا نوێیەی، لە پێکهێنانیدا زۆر ماندوو بوو و ژمارەیەکی زۆری لە هاووڵاتییانی فلۆرەنسا بۆ کۆ کردەوە و باشترین ڕاهێنانی کردن، نەیتوانی بەرەڤانی لە نیشتمان بکات و لە بەرابەر هێزی کڵێسای پێکهاتوو لە بەکرێگیراوی سویسری خۆ بگرێت، ئەوە بوو داگیرکەر سەرکەوت و مەرجەکانی خۆیان بەسەر شاردا سەپاند، گرینگترینیان گەڕاندنەوەی خانەوادەی میدیچی بوو بۆ فەرمانڕەواییکردنی فلۆرەنسا.

مەکیاڤیللی لە ساڵی ١٥١٢دا، کە لە تەمەنی چل و سێ ساڵیدا بوو، خۆی بینییەوە پیاوێکی نەفرەت لێکراو و بێکار بوو، دوای ئەوەی خەونەکانی هەرەسیان هێنا لە ڕەوشێکی خراپدا بوو، هەروەها تووشی گرتن هات و دواتر بەردرا، ئەوە بوو پەنای بردە بەر دۆستێکی و دۆخی خۆی بۆ باس کرد، نووسی "ویژدانت قبووڵ دەکات لە کونجی لەبیرچوونەوەدا بمێنمەوە و تاقە کەسێک نەبینمەوە باسی کارەکانم بکات و سوودەکانم نەنرخێنێت، ئەستەمە ئەم دوورەپەرێزی و دابڕانەم لە ژیان درێژە بکێشێت، هێزم لەبەر سێبەری بۆشایی و هەژاریدا دەپووکێتەوە، ڕۆژێک دەردەچمە دەرەوە و بەخزمەتکردنی دزێوترین بازرگان قایل دەبم، یاخۆ پەنا بۆ گوندێک دەبەم و منداڵانی تێدا فێرە ئەلف و بێ دەکەم"[٩].

بێ ئەوەی کۆڵ بدات هەوڵی دا لە خانەوادەی دەسەڵاتداری نوێ نێزیک ببێتەوە، کەچی گشت ماندووبوونەکانی بەبا چوون. پاشان لە ژیان کشایەوە تاکو ڕۆژەکانی لە دوورەپەرێزیدا لە مەزرایەکی بچووک لە کەناری شارەکەی بباتە سەر. دواتر سەرلەنوێ پێوەندیی بەخانەوادەی میدیچییەوە کرد، تاکو ڕازیبوونی ئەوان و پاپا بەدەست بهێنێت، ئەمەش نیشانەی ئاوەزی سیاسییەکی هەلپەرست بوو، ئەوە بوو پۆستێکیان دایێ شایان بەو نەبوو، بەر لەوە، دانیشتن لەسەر کورسی (بەلای ئەوەوە) مانای گەڕانەوە بۆ ژیانی دەگەیاند[١٠].

دەشێت (لۆرانزۆ دی میدیچی) دەستنووسەکەی هەر نەکردبێتەوە (میر) کە پێشکێشی کرد. دووریش نییە ئەمە یەکێک لەو هۆیانە بێت، کە نیکۆلۆ نەگەڕایەوە سەر کارەکەی پێشووی وەکو

سکرتێر (بۆ ئەنجوومەنی ئازادی و ئاشتی)، یاخۆ نازناوی (سکرتێرە فلۆرەنسییەکە).

هەرچی ئەو خزمەتانە بوون کە لە ساڵی ١٥١٩دا پێشکێشی خانەوادەی میدیچیی کردن، تەنیا بوونە هۆی شێواندنی وێنەکەی لە چاوی کۆمارییەکانەوە، هەر کە دوای ئەوە بەهەشت ساڵ مرد، بەدڵی پڕ لە حەسرەت و ژیانی پڕ لە بێ هیواییەوە سەری نایەوە[١١].

لە دوورەپەرێزییەکەیدا سەرەتاکانی چەند کتێبێکی دانا، ساڵی ١٥١٣ کتێبی (میر)ی دانا لەگەڵ کتێبی (دەمەتەقێکان) لە ساڵی ١٥١٩دا، هەروەها (هونەری شەڕ)ی لە نێوان ساڵانی ١٥١٩ ـ ١٥٢٠دا دانا و (مێژووی فلۆرەنسا)ی لە هەشت بەرگدا نووسییەوە و لە ساڵی ١٥٢٥دا داینا، لە کتێبی (هونەری شەڕ)دا بەرگری لە بیرۆکەکەی کرد سەبارەت بەپێویستیی بوونی سوپایەکی نیشتمانیی ڕاوەستا و لەسەر بەسەربازکردن و گەڕاندنەوەی داوونەریتی ڕۆمانی لە ژیانی سەربازیدا، هەرچەندە لەو ڕۆژگارەدا بیرۆکەکە واقیعی نەبوو.

کتێبی (میر) لەگەڵ کەوتنە بەردەستدا بەنهێنی و بەئاشکرا ناوبانگێکی بەرفراوانی دەرکرد. بەدووری دەزانین شتی خرابێتە سەر و بەهۆی هەڵوێستە نیشتمانییەکانییەوە لە بەرگریکردنی لە شارەکەی دژ بەهێرشەکانی کڵێسا، کڵێسا ویستبێتی وێنەی دانەرەکەی بشێوێنێت. لەبەرئەوەی دەستنووسە بنچینەییە نووسراوەکە بەدەست و واژۆی خۆی هێشتانەکینێ ماوە.

دوو شتی سەیر و دژبەیەک هەن پێوەندن بەهەڵوێستی کڵێساوە لە بەرابەر کتێبەکانی مەکیاڤیلیدا، یەکەمیان ئەوەیە، ئەو کتێبانە چاپخانەی کڵێسا بەرەزامەندیی پاپا کلیمێنتی حەوتەم چاپ کرا، لە نێویاندا کتێبی (میر) دوای مردنی دانەر بەچەند ساڵێک، وێڕای ئەوەی ئەو بیرۆکانەی تێیدا بوون لەگەڵ ڕەوتی کڵێسادا نەدەگونجان.

دووەمیش ئەوە بوو، پاپا پۆڵسی چوارەم دوای نێزیکەی سی ساڵ لە مردنی، کتێبەکانی مەکیاڤیلیی قەدەغە کرد و ڕەزامەندییەکەی پاپای پێشوو کلیمێنتی حەوتەمی پشتگوێ خست[١٢].

ئەمەش (وەکو دەبینین) مانای وایە کڵێسا بیرۆکەی خۆی نەپەستاوەتە ناو کتێبی میرەوە، ئەگینا پاپا پۆڵسی چوارەم بڕیاری قەدەغەکردنی کتێبەکانی ئەو پیاوەی دەرنەدەکرد، بگرە هانی پتری بڵاوکردنەوەی دەدان، نەخوازە کتێبی میر، دوای ئەو خستنە سەرەی باسیان لێوە دەکرد، مادامەکی خستنەسەرەکان ئامانجی کڵێسا بەدی دەهێنن، ئەو ئامانجەش ناوزڕاندنی نووسەرە.

## ڕۆشنبیرییەکەی

دایک و باوکی مەکیاڤیللی حەزیان دەکرد کوڕەکەیان شاعیر بووایا، ئەویش هۆنراوەیەڵێکی نووسین هەستەکانی تێیاندا سەریان کردبوو، وەکو:

**بەئومێدم و ئومێدیش ئازارەکانم پتر دەکات**

**دەگریم و گریانیش خۆراکە بۆ دڵەی پڕ لە کەسەرم**

**دەسووتێم و سووتانەکەشم لەژێر ڕوویەکی ناسکدا خۆی حەشار داوە**[١٣]

وەلێ وەکە شاعیر ناوبانگی دەرنەکرد، هەروەها نوشووستی هێنا لەوەی ببێتە وێنەکێش، لە کاتێکدا هاوچاخی مەزنترین وێنەکێشانی جیهان بوو و هەمووشیان ئیتاڵی بوون و لە شارەکەی ئەودا بوون (فلۆرەنسا)، یاخۆ لەوێ ژیان و ماوەیەک تێیدا گووزەران، مۆزەخانەکانیش مەزنترین دەسکەوتیانن، نەخوازەڵا (بۆتشیللی ١٤٤٥–١٥١٠) و (لیۆناردۆ داڤینشی ١٤٥٢–١٥١٩) و (مایکل ئەنجیلۆ ١٤٧٥–١٥٦٤) و (ڕافائیلۆ سانزیۆ ١٤٨٣–١٥٢٠) و (چیلینی ١٥٠٠–١٥٧١) و گەلێکی تریش.

مەکیاڤیللی ڕۆمانێک و چەند شانۆنامەیەکی نووسیون، شانۆنامەیەکی بەناوبانگی هەیە بەناوی (ماندرا کۆلا)، کە لەچاو هەندێک لەوانەی نووسەری ساتیرنووسی فرەنسی (مۆلێر ١٦٢٢–١٦٧٣) نووسیونی بەداهێنان دادەنرێت.

هەروەها کۆمەڵێک کورتەچیرۆک و ژینامەی نووسیون، ڕەنگە ناودارترین کتێب لەبارەی مێژووەوە نووسیبێتی (مێژووی فلۆرەنسا) بێت.

هەروەها کاری کرد بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ گرفتێلی فەرمانڕەوایی و سیاسەت و گەڕانەوە بۆ ڕووداوەکانی مێژوو و لێکۆڵینەوە لەسەریان، شێوازی نووسینی بەقۆناخێکی گرینگ دادەنرێت لە سەرهەڵدانی زمانی ئیتاڵی لەگەڵ هاوولاتی و نووسەری ناودار (ئەلیجێری دانتی ١٢٦٥–١٣٢١)ی دانەری (کۆمیدیای یەزدانی).

هەروەها ڕای تایبەتی خۆیشی هەبوو سەبارەت بەئابووری و ئاین و شەڕ. ڕەنگە گەورەترین خەسڵەت پێی بناسرێتەوە ردانپێدانانی بووبێت بەبوونی زانستێک بەناوی (زانستی سیاسەت)ەوە، پرەنسیپەکانی گونجابوون لەگەڵ فیزیای نوێ و زانستی دەروونناسیی تازە و گوزارشتکردن بەشێوەیەکی ئاسان و ورد لەبارەی هێڵە پانەکانی ئەو زانستە[١٤].

ئەمە و ئەگەر بمانەوێت بەراورد بکەین لە نێوان دوو کتێبی گرینگیدا، دەبینین (میر) وێڕای بچووکیی قەوارەکەی بەچڕی بابەتەکانی ناوی دەرکرد، کە لە ١٥٠ لاپەڕ کەمترە.[١٥]

لە کاتێکدا کتێبی (دەمەتەقێکان) بەوە ناوی دەرکرد، کە قەبەیە و بابەتی هەمەڕەنگی تێدان، ژمارەی لاپەڕەکانی پتر لە ٥٦٠ لاپەڕە.[١٦]

پاشان تایبەتمەندیی (میر) لەوەدایە دیالەکتیکی هزرەکان و هێمنی و هاوسەنگی تێدان. هەروەها بەوە ناسرا بنەواکانی دەسەڵات و ڕێساکانیمان پێشکێش دەکات، لە کاتێکدا (دەمەتەقێکان) فەلسەفەی یەکەتیی ئەندامیمان پێ دەبەخشێت، لەگەڵ ئەو دۆخانەی لەژێر سێبەریدا دەکرێت ڕۆشنبیری بژی و گەشە بکات، هەروەها کۆمەڵێک چەمک، کە ئومێدی هەر حکوومەتێکە سەقامگیر بێت و ئاسایشی تێدا فەراهەم بێت.

هەروەها تێیدا باس لەو ڕێگەیە دەکات، پێویستە سەرکردەکان لە مامەڵەکردنی سەرباز و

ڕەشەخەڵکەکەدا پێڕەوی بکەن[١٧].

## چەندان ڕا لەبارەی بۆچوونەکانی مەکیاڤیللی و ڕەنگدانەوەکانیان

فرانسیس بێکونی زانای سروشت ( ١٥٦١–١٦٢٦) لەسەر هەڵە نەبوو کاتێک مەکیاڤیللیی بەهزرمەندێکی سیاسیی بەئەزموون دانا، لەبارەیەوە وتوویەتی: ئێمە قەرزاربار‌ی ئەو و هاوشێوەکانیین، ئەوانەی سەبارەت بەڕەفتاری میرەکانیان نووسیوە، نەک ئەوەی پێویستە پێی هەستن. بەهەرحاڵ ئەزموونگەری و پراگماتیزم، هەندێک لە لایەنەکانی میتۆد و هزری مەکیاڤیللی بوون[١٨].

ئەو دۆخە سیاسییەی ئەو تێیدا ژیا، لەگەڵ بایەخدانی بەرفراوانی بەمێژووی ڕۆمانی و دەرککردنی بەگرینگییەکەی لەچاو ئەوانی وەک خۆین، مادەی سەرەکی بوو، ئەو بۆچوونە سیاسییانەی پێک هێنا کە جیهانی هەژاند، نەخوازەلا نکووڵیکردنی لە ڕەوشتی باو، بەئاشکرا لە (میر)دا هاتووە:

"زۆر سەلامەتتر و دانایی ترە خەڵکی لێت بترسن لەوەی خۆشیان بوێیت".

ئەمە جادووی مەکیاڤیللییە، هەر ئەمەش بوو ستەمکار، یاخۆ دیکتاتۆری ڕۆمان کاراکلا ٢١١–٢١٧ز پێڕەوی کرد و ئەویش چاوی لە خوێنڕێژ و ئیمپراتۆری هەرەناودار کالیگۆلا کردبوو، کە لەبارەی خەڵکەکەیەوە وتوویەتی:

"با تابتوانن ڕقیان لێم بێت، بەڵام لێم بترسن" ئەوە بوو کوشتیان. پێشتر گوتمان مەکیاڤیللی سوودی لە ڕەوشتی ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمان، فەرمانڕەوایانی گەلەکەی وەردەگرت.

هەروەها داوای لە میر کرد لە بڕواهێنان نێزیک نەکەوێتەوە، ئەگەر ئەم نێزیکبوونەوەیە زیانی پێ دەگەیەنێت، یاخۆ لە بەرژەوەندییدا نییە.

سیاسەت لە زمان و زاراوەکانی فەرهەنگەکەیدا ململانێیە لە نێوان بەخت و Virtuدا، کە بەرز و بڵندی ناگەیەنێت، وەکو لە ڕەوشتی ئاینی مەسیحدا وا دەگەیەنێت، بگرە لای ئەو هێز دەگەیەنێت[١٩].

کەواتە سیاسەت ململانێیە لە نێوان بەخت و هێزدا، یەکێک لە گرینگترین بایەخەکانی لەوەدا خۆ دەنوێنێت چۆن میر هێزێکی سیاسی، یا سیاسەتی هێز بەرهەم بهێنێت.

بەڵام مەکیاڤیللی لێکی نەداوەتەوە، یاخۆ تێ نەگەیشتووە کە خۆی خاوەن تیۆری (بێ ڕەوشتییە لە سیاسەتدا)، ئەو خۆی وا دانابوو، کە خاوەن تیۆرییە، کە دەڵێت:

سیاسەت ئاکاری تایبەت بەخۆی هەیە، وێڕای دەرکەوتنی خۆپارێزیی زۆر لەسەر بیروباوەڕی، نەخوازە لە سەدەی نۆزدە بەدواوە. کەچی گرینگیدان پێی بەردەوام بوو و زیادی کرد، لەبەرئەوەی بەرزبوونەوەی ئەو کێشانەی خستنیە ڕوو، هاوشان لەگەڵ دەرکەوتنی وڵاتانی تۆتالیتاری، ژیانێکی

تازەیان بەبەردا کرا، (میر) بووە ئینجیلی ستەمکاران و هاوسەرینیان، تا دوا شت بێت بەر لە نووستن خۆی پێ ڕۆشنبیر بکات، یاخۆ یەکەمین شت بێت لەگەڵ بەیاندا چاوی پێی هەڵبێت... تاکە فەرمانڕەوایی بکات... ستەمکاری فەراهەم بێت... تا خوێن بڕژێت. بۆ پاراستنی هێز و دەسەڵاتی دەوڵەت... یاخۆ بەهەر بەهانەیەکی ترەوە بێت... ئەوە ئامانج و خۆی لە خۆیدا بەهایەکی ڕەهایە[٢٠].

هەرچی ڕەشە خەڵکی ئەم ولاتەن، ئەوا مەکیاڤیللی دەڵێت:

"خەڵکی شەڕانگێزن و پەیمانت لەگەڵدا نابەنە سەر"، ئەی میر ئەوانە "ئەگەر ناچار نەکرێن باش و چاک بن، ئەوا بێگومان بەلای ئەوەدا لادەدەن خراپ بن"، وای دەبینێت پێویستە بەوردی نیگای ئاکاری توێژە میللییەکان بدەین، ئەوانی ناوەند و خوارەوەش، دەستەی یەکەم تابڵێی خراپن (لەسەر بنەوای ئەزموونی خۆی) لە پێوەندییەکانیاندا لەگەڵ دەسەڵاتدا، ئەوان بەچاوچنۆکی و ڕیسوایی و مەرایی و بێ نرخییەوە (ئەگەر نەڵێین نامەردی) لە ململانێدان.

پاشان درێژەی دەداتێ:

"خەڵکی چاوبرسین، بەرژەوەندیخوازن، ئیرەیی دەبەن، پەرۆشن، هەموو کات ناڕازین، تەنیا چاویان لەو شتانەیە کە هی خۆیان نین، ڕارا و سپڵەن، شت دەشارنەوە و درۆزن و دووڕوون.

هەر کات بەهانە بۆ خۆشاردنەوە لە بەڵێنەکانیان بدۆزنەوە، بەبانیدا باز دەدەن و لە ترسا زراویان دەچێت. بەڕاستی تەنیا یەک شت کاریان لێ دەکات، ئەویش ترسە لە سزادان.

لەبەر ئەمە واچاکترە بۆ میر ترسێنەر بێت لەوەی لەبەر دڵان بێت. هەرچەندە وا باشترە هەردوو سیفەتەکە لە خۆیدا کۆ بکاتەوە. خەڵک سادە و ساکار و بێبەشن لە ڕادەربڕین، بێ تواناترن لەوەی بگەنە قووڵاییی شتەکان. هەر لەبەر ئەمەشە بەدیمەن هەڵدەخەڵەتێن. شەڕانگێز و بەدن، بەدییەکەشیان لەگەڵ کاتدا ناڕوا و لە بەرابەر چاکەکاریدا سووکیش نابێت... بەدوای کۆتاییی هیچ شتێکدا نارۆن. بەدەگمەن دەزانن بەیەکجاری باش بن، یاخۆ بەتەواوی بەد بن، هەروەها لە بەرابەر تاوانە گەورەکاندا دەکشێنەوە"[٢١].

لەبارەی دامەزراندنی دەوڵەتیشەوە ڕای دەگەیەنێت:

"ئەگەر یەکێک بیەوێت لە ڕۆژگاری ئێمەدا دەوڵەت دامەزرێنێت، ئەوا لای دانیشتوانی چیانشین ئاسانتر دەیبینێتەوە، چونکە شار تێکی نەداون، لەوەی لای ئەوانەی وا ڕاهاتوون لە شاردا گووزەران بکەن، لەبەرئەوەی ژیان لە بنچینەوە لەوێ شێوێنراوە، لەو قسەیەی ژان ژاک ڕۆسۆ (١٧١٢–١٧٧٨) دەکات، کە دەڵێت:

(خەڵک پاراون، وەلێ شار تێکی داون). هەروەها مەکیاڤیللی دەبێژێت:

دەستوور و یاسایلی سیستەمێک لە بنیاتناندا بێت، هێشتا خەڵکەکەی پاکن، بەڵام دەگۆڕێن و بەتێپەڕبوونی کات گەندەڵ و خراپ دەبن، واتا وەکو پێشوویان لێ نایەتەوە، وەکو سەرەتای

دامەزراندنی دەوڵەت"[٢٢].

ئەوی وا لە خەڵک دەکات لە بۆچوونەکانی بسڵەمێنەوە و لەوی دەیڵێت تووشی شۆک بن، ئەوەیە وای دادەنێن کتێبێک دەخوێننەوە ڕێنوێنی تێدا بێت بۆ میر لە چۆنیەتی بەزەبری هێز گرتنەدەستی دەسەڵات و پاراستنی دەسەڵاتەکەی، وەلێ سەریان لەبەر دەدات، هەینێ دەبینن کتێبەکە (لە ئەنجامدا) ستەمکار بەرهەم دەهێنێت، لەوانەی شێوازی فەرمانڕەوایی لەوەوە وەردەگرن. هەرچەندە دیکتاتۆرەکان بەر لەوەی مەکیاڤیللی بێتە کایەوە، سرووشی ستەمکارییان بۆ دابەزیوە، ئەوان پێویستیان بەڕێنیشاندەر نەبووە تا ئاراستەیان بکات، یاخۆ کتێبێک فێریان بکات پێویستە چۆن فەرمانڕەوایی یا ستەم بکەن، کاتێک لە هەزاران ساڵەوە لە وڵاتەکانیان یا لە شوێنانی تر بەدەرکەوتن.

ئەوە (ئۆتۆی یەکەم)ی شای ئەڵمانیا ناسراو بەگەورەترین (٩١٢–٩٧٣ز) دوای پێنج سەدە ڕێنوێنی و پێشنیازەکانی مەکیاڤیللیی پێڕەو کرد، هەرچی میر و دەرەبەگ و پیاوانی ئاین هەبوون خستبوونییە ژێر جڵەوی خۆیەوە، بێ ئەوەی گوێ بەمۆچیاریی نووسەرێک یا کەسێک بدات، تەنیا ئەوە نەبێت خۆی بەپێویستی دەزانی بۆ بەهێزکردنی وڵاتەکەی.

مایەی گومان نییە ئەم نامیلکە مەترسیدارە گەلێک بیرۆکە و ڕێنوێنی تێدان فەرمانڕەوای ڕەها سوودیان لێ دەبینێت، بەڵگەکانیش دروستیی ئەم ڕاستییەیان سەلماندووە، شۆڤالێ لە بانگکردنەکەیدا بۆ ستەمکاری، بەکتێبێکی نموونەیی دڵڕەقانەی وەسف کرد.[٢٣]

ئەو فەرمانڕەوایانەی "میر"یان خوێندووەتەوە لایەنگری ئەو بیرۆکانە بوون کە تێیدا هاتوون، ڕەنگە بەرجەستەترینیان (شارڵی پێنجەم – شارلکان ١٥٠٨–١٥٥٨) ی ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریای پیرۆزی ڕۆمانی بێت، کە فەرمانڕەواییی ئەڵمانیا و نەمسا و هۆڵەندا و بەلجیکا و ئیسپانیا و کۆڵۆنییەکانی دەکرد لە هەردوو ئەمەریکادا، لەگەڵ چەند بەشێکی ئیتاڵیا.

هەروەها (کاترین دی میدیچی ١٥١٩–١٥٨٩)ی شاژنی فەرەنسا، کیژی میر لۆرانزۆ دی میدیچیی میری فەرەنسا، کە لە ڕۆژگاری ئەودا کوشتاری (بارتلیمۆ) ڕووی دا، تێیدا زۆربەی زۆری پرۆتستانتەکانی فەرەنسا لە ساڵی ١٥٧٢دا قڕ کران.[٢٤]

ئیمپراتۆر و شاژنی ناوبراو هانی لە چاپدانی "میر" و بڵاوکردنەوەیان دا، ئەم هاندانە بەس بوو بۆ ئەوەی بیروباوەڕی مەکیاڤیللی بەلێپرسراو دابنرێت لە بەرابەر ئەو کارە دزێوەی شاژندا، کاتێک ئەو کوشتارە گەورەیەی بەشێوەیەکی تاوانکارانە و نامەردانە ئەنجام دا، ئەمەش لەودەمەدا بوو کە پرۆتستانتەکان ئاهەنگیان لە یەکێک لە بۆنە ئاینییەکاندا دەگێڕا، ئەوە بوو بووە هۆی ئەوەی پرۆتستانتەکان لە فەرەنسا و شوێنانی تر جامی تووڕەییيان بەسەر مەکیاڤیللیدا بڕژێنن، دوای ئەوە بەچوار ساڵ، واتا لە ساڵی ١٥٧٦دا، گانتێ کتێبەکەی (ئەنتی مەکیاڤیللی) دەرکرد، تێیدا نەک هەر بەیەکەمین لێپرسراوی ئەو کوشتارە دزێوەی تاوانبار کرد، بگرە بەیەکەمین لێپرسراوی هەموو خراپییەکانی پاشا فەرەنسییەکانیشی دانا، نەخوازە هێنری دووەم و شارڵی

نۆیەم و هێنری سێیەم[٢٥].

هەروەها ڕێنوێنییەکانی نیکۆلۆ سوودیان بۆ ژمارەیەکی تر لە ستەمکاران هەبوو (بەگەورە و بچووکیانەوە)، هەر لە تۆماس کرۆمویڵی وەزیرەوە (١٤٨٥-١٥٤٠)، کە هاوچەرخی مەکیاڤیللی بوو و سیاسەتمەدارێکی ناودارە لە سەردەمی هێنری هەشتەمدا (پاشای ئینگلتەرە لە نێوان ١٤٩١-١٥٠٩). کرۆمویڵ زمانی ئیتاڵی خوێندووە و لە شەڕدا بەشدار بووە، سەرسام بوو بەکەسی مەکیاڤیللی و دانەیەک لە دەستنووسی (میر)ی دەست کەوتووە و وای لە شا هێنری کردووە حوکمی تاکڕەوی دامەزرێنێت. هەروەها کتێبەکە لە گیرفان و لە کتێبخانەی چەندان کەسایەتیی ناوداری ئەورووپیدا دۆزرایەوە، لەناویاندا هێنری سێیەم و هێنری چوارەم، هەردوو پاشای فەرەنسا لە کاتی کوژرانیاندا (!).

هەروەها لەوانەی بەمەکیاڤیللی سەرسامن ڕیشلیۆیە (١٥٨٥-١٦٤٢)، کە یەکێک بوو لە ناودارترین وەزیرەکانی فەرەنسا و لە گەورە پیاوەکانێتی لە سەردەمی شا لویسی سێزدەیەمدا، فەلسەفەی ئەو لە فەرمانڕەواییدا پشتی بەسەروەریی پاشای پرووسیا فردریکی دووەم دەبەست (١٧١٢-١٧٨٦)، کە بەشەڕەکانی ناسرابوو بۆ یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا، ئەوە بوو لەگەڵ فەرەنسادا شەڕی و بەسەریدا سەرکەوت، ئەو بەدامەزرێنەری ئەڵمانیای نوێ دادەنرێت، بەر لەوەی بچێتە سەر تەختی پاشایی، لەسەر خوو و نەریتی پاشا و میرەکانی ئەورووپا نامەی لەگەڵ هزرمەند و ڕووناکبیری فەرەنسی ڤۆڵتێر (١٦٩٤-١٧٧٨)دا گۆڕییەوە، چونکە بۆ ئەوە دەکۆشان تا خۆیان لە بەرگێکدا نیشان بدەن لەگەڵ بەهاکانی (سەردەمی ڕێنیسانس)دا بێتەوە، بۆ سەلماندنی ڕاستێتی کتێبێکی دانا ناوی نا (ئەنتی مەکیاڤیللی)، تێیدا بە(بەرگریکەر لە تاوان)ی وەسف کردووە و وەکو "یەکێک لە لە سروشت بەدەرەکانی شەیتان)ی داناوە، هەروەها ڕای گەیاند کە مەکیاڤیللی ئامانجی دامەزراندنی (حکوومەتێکی ستەمکار)ی دەستدرێژیکەر، چاوچنۆک و هەڵگیرساندنی شەڕی نابەرابەرە.

وێڕای ئەوەی فردریکی گەورە لە هەڵسوکەوتیدا مەکیاڤیللیست بوو، ستەمکارییەکەی گەیشتە ڕادەیەک وای لێ کرد ئەوە ڕەت بکاتەوە وەزیر بۆ مەملەکەتەکەی دابنێت، تاکو مووچەکانیان نەبنە بار بەسەر دارایی دەوڵەتەوە، لە کاتێکدا سڵی لەوە نەدەکردەوە کۆشکی جوان جوان بنیات بنێت[٢٦].

ناپلیۆنیش هەردوو کتێبی (میر) و (دەمەتەقێکان)ی بەوردی خوێندوونەتەوە و لەناو باشترین ئەو کتێبانەی دانابوون، کە بۆ ئەو کتێبخانە گەڕۆکەی هەڵبژاردبوون، کە لە گەشتە خوێناوییەکانیدا بەسەرتاپای ئەورووپا و دەرەوەیدا (میسر و فەڵەستین) لەگەڵ خۆیدا دەیبرد.

ناپلیۆنی سێیەم (١٨٠٨-١٨٧٣)ی ئیمپراتۆری فەرەنسایش، کە دوای شەڕی حەفتا لەگەڵ پرووسیا (ئەڵمانیا)دا تەختی ئیمپراتۆری لەدەست دا، لە ساڵی ١٨٤٨وە لە سیاسەتەکانیدا پێڕەوی ڕێبازی مەکیاڤیللیی کرد لە بەڕێوەبردنی فەرەنسادا.

هەواڵنامەی کتێب

هەرچی ئەدۆڵف هیتلەر (١٨٨٩-١٩٤٥)ی سەرکردەی ئەڵمانیای نازی بوو، لە کتێبەکەیدا (خەباتی من)، کە هاوتای ئینجیلی حزبەکەی (سۆشیالیستی نەتەوەیی) بوو ڕای گەیاند، هەموو شەوێک بەر لە نووستن کتێبی (میر)ی دەخوێندەوە.

ماکس لێرنەریش جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە لینین و ستالین و گەلێک لە سەرکردەکانی وڵاتی سۆڤیەت کاریگەریی هزری سیاسیی مەکیاڤیللی و کتێبەکەیان بەسەرەوە بووە[٢٧].

هەڵبەت حەماسی دامەزرێنەری حزبی فاشستی ئیتاڵی، دیکتاتۆری ناودار مۆسۆلینی (١٨٨٣-١٩٤٥) بۆ بیری مەکیاڤیللی پێویست بەبەڵگە هێنانەوە ناکات، ئەوە بوو تێزی دوکتۆراکەی لەبارەی ئەوەوە بوو، هەروەها ئاماژەی بەبیرۆکەکانی ئەو کردووە سەبارەت بەحوکمی تاک، تەنانەت وتوویەتی ئەم هزرانە وێڕای تێپەڕبوونی چوار سەدە بەسەریاندا هێشتا هەر زیندوون[٢٨].

باسی ئەوەش دەکرێت کە (باربێر) ساڵی ١٩٤٨ کتێبێکی سەبارەت بەو هزرانە داناوە و پێشکێشی ڤیکتۆر عەمانوئێلی سێیەم (١٨٦٩-١٩٤٨)ی پاشای ئیتاڵیای کردووە، لە پێشەکییەکەیدا وتوویەتی:

نیکۆڵۆ مەکیاڤیللی نموونەی باڵای ئیتاڵیای نوێیە.

نیکۆڵۆ سڵی لەوە نەدەکردەوە بانگەشەی سەرکوتکردن بەهەموو پلە و شێوازەکانییەوە بکات، کاتێک پێویستە و دەبێتە پاساو، کە هەردەم پاساوە و ئەرکێکە لای پیاوانی دەوڵەت، ئەوانەی بەتەبیعەتی حاڵ و بەپێداگرییەوە دەبنە ستەمکار، بۆ ئەوەی ڕایشی بگەیەنن.

میر لە بناخەدا ئارەزووی ئەوەی دەکرد ئەم سەرکوتە ئاراستە بکات دژ بەوانەی ڕەنگە ببنە ڕکابەری و دووریش نییە هەڕەشە لە دەسەڵاتی بکەن، هەروەها حەزی دەکرد ئەم سەرکوتە ببێتە ئامرازێک بۆ ڕێگەبڕین لە دڵڕەقیی زیاتر.

ئەی پیاوی ناوداری شۆڕشی فرەنسا (مارا) نەیگوتووە:

بۆ ئەوەی ڕووباری خوێن نەڕژێت لەسەرمانە چەند دڵۆپێکی لێ بڕێژین، بێ دیارکردنی بڕی دڵۆپەکان، بۆیە خۆی و شۆڕشگێڕە یاقووبییەکانی تر و ڕۆبسپێری سەرکردەیان (١٧٥٨-١٧٩٤) سەرقاڵی ڕوحکێشانی ئەوانی تر بوون، تاکو لە دواییدا وێڕای پێوەستبوونی گەلەکەی پێیەوە، نەخوازەڵا لە پاریس بەو چارەنووسە گەیشت کە سەدان کەسی بۆ ڕەوانە کرد، بە لەداردانی ئەوی ناویان نابوو (سەردەمی تیرۆر) کۆتایی هات.

ڕۆبسپێر و ئەوانی لەگەڵیدا بوون لە پێڕەوانی ڕێبازی ژان ژاک ڕۆسۆ،٢٩. وێڕای مەکیاڤیللیستییان لە پێڕەوانی ڕێبازی مەکیاڤیللی نەبوون، ئەی پێشتر نەمانگوت مەکیاڤیللیزم بەپێویستی زانی بۆ فەرمانڕەواییکردن و تینوویەتی بۆ کورسی و گرتنی بەهەر نرخێک بێت، بەر لەوەی مەکیاڤیللی بێتە کایەوە، یاخۆ فەرمانڕەوایان زانیارییان لەسەر ڕێبازەکەی هەبێت،

مەکیاڤیللی دەربڕی ئەو پێویستییە بوو بەناوی پاراستنی ئاسایشی (کورسی–دەوڵەت)ەوە.

بەم شێوەیە مەکیاڤیللی مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی میر بەبەزەییترە لەوانەی ڕێ دەدەن، ئاشووب دروست بێت، کە بەهۆیەوە خوێن دەڕژێت و کاری ترسێنەری دڵڕەقانە دەقەومێت.

بۆیە وا باشە ئەوپەڕی زەبروزەنگ بەکار بهێنرێت دژ بەهەر دەنگێکی ناڕازی. لەبەرئەوەی ئاشووب زیان بەگشت کۆمەڵ دەگەیەنێت، لە کاتێکدا ئەو لەداردانانەی میر ئەنجامیان دەدات تەنیا زیان بەچەند کەسێک دەگەیەنن.

مەکیاڤیللی سیاسییەکی مەعلان و یاریکەرێکی شارەزا بوو لە بوارەکەدا، بۆ بەردەوامیی دەسەڵات پێچ و پەنای پێویستی زۆری دەزانی، شارەزاییی زۆر و بەرفراوانی وای لێ کرد عەلمانییانە ڕەفتار لەگەڵ سیاسەتدا بکات، نەک ئاینیی یا ئاکاری، بەبۆچوونە ناسراوەکەی.

ویستی بەشێوەیەکی ئەزموونگەری و شیکاری تەماشای مادەکەی بکات، ئەوەش فێربوو، کە سەرجەم بوونەوەرە مرۆییەکان بێ وەستان لە جووڵەیەکی هەتا هەتاییدا دەژین[٣٠].

وێدگێری دەڵێت: مەکیاڤیللی ڕووداوە سیاسییەکانی بەشێوەیەک چارەسەر دەکردن وەک ئەوەی دیاردەی سروشتی بن. وەکو مێژوونووسی دیاری ڕۆمانی پۆلیبیۆس (٢٠١–١٢٠پ.ز) جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کاروبارە مرۆییەکان بەردەوام قۆناخێک لە سەرکەوتن و دابەزینیان تێدان، هەروەها کۆششی بۆ ئەوە دەکرد تا بزانێت، دەسەڵاتی سیاسی چۆن دەتوانێت کۆڵەکەکانی توندوتۆڵ و درێژماوە بێت، بڕواشی وابوو سروشتی مرۆیی نەوە دوای نەوە هەروا دەمێنێتەوە.

هەروەها مەکیاڤیللی هەلپەرستیی سیاسی لەبان ڕەوشتەوە دانابوو[٣١].

## مەکیاڤیللیی مێژوونووس و فەیلەسووفی مێژوو

ئەم کابرایە بەر لە هەر شتێک بیرمەندێکی سیاسی بوو، وەلێ گرینگی بەمێژوو دەدا بەو ڕادەیەی بتوانێت بگەڕێتەوە سەری، بۆ بەرژەوەندیی بۆچوونەکانی و سەلماندنی ڕاستیی ئەوەی دەیڵێت:

چاوکراوەییەکی هەبوو لە ڕێگەی هۆکارە مێژووییە بەردەوامەکانەوە، کە گۆڕانکارییە سیاسییەکانیان دەجووڵاند، هیچ هزرمەندێک بەر لەو ئەوەی نەبوو.

توێژەرێکی ناسراو بە"مێژوونووسی مەزنی سەردەمی ڕێنیسانس"ی ناو دەبات[٣٢].

چەند مێژوونووسێکی ناوداری وەک ڕانکە و دۆمینیک لە ئەڵمانیا و لۆرد ئەکتۆن لە بەریتانیا، لەبارەیەوە دەڵێن:

"مەکیاڤیللی یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕێبازی شیکردنەوەی مێژوویی نوێیە"[٣٣].

هەروەها ڕایەکانی ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە پێشخستن و لە قالبدانی لێکۆڵینەوە مێژوویی و تیۆرەکانیدا، هەروەها بڕوای بەحەتمییەتی ڕووداوە مێژووییەکان هەبوو، لەگەڵ بوونی ڕایەڵەی بەردەوام لە نێوان ئەو ڕووداوانەدا[٣٤].

بگرە مەکیاڤیللی لە مێژوونووسانی سەردەمی ڕێنیسانسی تێپەڕاند و کەوتە پێشیانەوە. ئەمەش پتر گرینگتر دەبێت لامان، ئەگەر زانیمان تەنیا بەو بەرهەمە دەوڵەمەندانەی وازی نەهێنا، بگرە لە هەردوو کتێبی (میر) و (دەمەتەقێکان)دا کاتێک وەکو سیاسەتمەدارێکی بەئەزموون دایناون، بەر لەوەی ببێتە مێژوونووس، مێژووی شار و وڵاتەکەی نووسیوەتەوە،[٣٥]. بەڵکو لەبەرئەوەی لە بواری مێژووی ڕاستەوخۆدا نووسی، کاتێک هەردوو کتێبی (مێژووی فلۆرەنسا) و (هونەری جەنگ)ی تەرخان کردن.

مەکیاڤیللی یەکەمین کەسە مێژووی بەزمانی ئیتاڵی نووسیبێتەوە، ئەمەش بەشێوەیەکی زۆر ڕوون و خاڵی لە ئاڵۆزی، جگە لەوەی ئەفسانە و پڕوپووچی لە نووسینەکانیدا لابردوون، هەروەها خۆی بەدوور خستووە لە میتۆدی ساڵنامەکان Annals کە ئەو کات باو بوو، ئەویش نووسینەوەی ڕووداوەکان ساڵ دوای ساڵ و لەبری ئەمە ڕووی لەو گێڕانەوانە کرد، کە لەگەڵ قەناعەتەکانیدا دێنەوە، گرینگترینیان بەپێی ڕای خۆی ئەو گێڕانەوانەن، قەناعەت پێکراو نین، یا دوورن لە لۆجیکەوە، بایەخدانەکەشی تەنیا لە نووسینەوەی ڕووداوەکاندا قەتیس نەدەما، بگرە لە هۆکار و ئەنجامەکانی دەگەڕا، هەروەها سەبارەت بەپشێویی سیاسەتی فلۆرەنسی شیکردنەوەی کرد بۆ ئەو ململانێیانەی لە نێوان میرنشینەکان و چینەکاندا لە ئارادا بوون.

لە لێکدانەوەیدا، یاخۆ فەلسەفەی بۆ مێژوو وای دەبینی، سروشتی مرۆیی ناگۆڕێت و ئەوی دەیەوێت پێشبینیی داهاتوو بکات، ئەوا دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، لەبەرئەوەی ڕووداوەکان هەموو کات لە یەکتر دەچن لەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەمەکانی ڕابردوودا[٣٦].

پێشتریش مێژوونووسی گەورەی گریک تۆکیدیدیس لە نزیکەی ٤٠٠ ساڵ پ. ز ئەمەی گوتبوو، واتا پێش مەکیاڤیللی بەنزیکەی دوو هەزار ساڵ، هەروەها گوتبووی: وا دەبینم وەک ئەوەی مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە.

هەروەها شپەنگلەر (١٨٨٠-١٩٦٣) هەمان شتی وێنا کردبوو، بەپێی ئەو ڕاگەیاندنەی ناوی نا میتۆدی هاوچاخبوون و بەرابەریی ژیارەکان لە میانەی هاوتەریبی، یاخۆ لێکچوونی فەلسەفی، بۆیە لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا دەتوانرێت ڕیتمی هەموو مێژوو و ڕەوت و مەغزاکەی بناسرێتەوە، پاشان دەتوانین سنووری ئێستا بۆ ئاسۆی دواڕۆژ و پێشبینی ببڕین. بەوەی ڕوو دەدات دوای ئەوەی توانی دوای جێڕەوت (سیاق)ی گەشەسەندن و ئاقارەکەی بکەوێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە میتۆدی هاوچەرخبوون وا لە فەلسەفەی مێژوو دەکات لەگەڵ زانستی سیاسەت و ئەوانی تریشدا ئاشت بێتەوە، وەکو چۆن لای مەکیاڤیللی ڕووی دا.

دەکرێت نێزیک بینەوە لە هزری بندیتۆ کرۆچە (١٨٦٦-١٩٥٢)ی فەیلەسووفی ئیتاڵی، کە وتوویەتی:

"هەموو مێژوو مێژوویەکی هاوچەرخە، ئێمە مێژوو دەخوێنین بەو پێیەی ئێستایە"[٣٧].

بنەچەی ئەم لێکچوونەش ئەوەیە، مێژوو پێک هاتووە لە بەرهەمی کۆششێلێک و بەرهەمی کاری

سەرکردەیلێک (تا ئێستاش ماون و دەشمێنن) ئاوەز و بەرژەوەندی و سۆزیان دەیانجوولێنێت، لەبەر ئەمە هەڵچوون و کاردانەوەکانیان (بەپێی بۆچوونی مەکیاڤیللی) هەمان بەرەنجام پێک دەهێنن و دنیاش هەردەم هەر وەک خۆی دەبێت، بەچاکە و خراپەوە، ئەگەرچی ئەم چاکەیە و ئەو خراپەیەش دابەشکردنیان جیاوازن و لە نێوان نەتەوە و گرووپەکاندا بەجیاوازی سەردەمەکان لێکتری جیاوازن[٣٨].

لە ڕاستیدا لە ڕۆژگاری مێژوونووسی ناوداری ڕۆمانی پۆلیپیۆس (٢٠٠-١٢٠پ.ز) نووسەرێکی مێژوو نییە بۆ ئەوە چووبێت، کە مەکیاڤیللی بۆی چووە لە کردنی مێژوو بە(مێژوویەکی سروشتی بۆ سیاسەت).

ئیدی بەم شێوەیە تیۆری ڕاستەقینەی مادی بۆ لێکدانەوەی مێژوو شوێنی ئەو تیۆرییەی گرتەوە، کە مێژووی لەسەر ڕۆشنایی هێزەکانی میتافیزیکای نێزیک لە پەرجووەوە، شی کردەوە، کە هیچ ڕێگەیەک نەماوە بۆ بڕواهێنان پێی[٣٩].

ف. ج. هێرنشۆ (نیوەی یەکەمی سەدەی بیست) دەڵێت:

دەبینین مەکیاڤیللی نوێنەرایەتی ئەوپەڕی دەکات لەوەی مێژوو لە سەردەمی ڕێنیسانسدا پێی گەیشتووە، لەمەشدا عەلمانیبوونی و ڕقلێبوونەوەی لە سەدەکانی ناوەڕاست و بەهاکانی یارمەتییان دا، لەگەڵ ڕقلێبوونەوەی لە کڵێسا و هەڵوێستەکانی و قووڵبوونەوەی لە سیاسەتدا و دڵسۆزیی بۆ نیشتمانەکەی و توانابەرزی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، زۆرێک لە مێژوونووسان کتێبی میر بەبەرهەمێکی نەمر دادەنێن لەناو گرینگترین بەرهەمێلی هزر لە چاخی ڕێنیسانسدا، هەروەها جەخت لەسەر پێویستی لێتوێژینەوەی وەکو زانست دەکەنەوە، نەک وەکو پڕوپاگەندە، هەڵبەت بەدانراوە مێژووییەکانی تریشییەوە، کتێبی ناوبراوی تەرخان کرد بۆ سەرتاپای مێژووی سیاسیی ئیتاڵیا.

بەپێی قووڵبوونەوەی لە هەڵسەنگاندنی ڕووداوە سیاسییەکاندا و لە شێوازە دراماتیکییەکەیدا و هێزی زمانەکەی "بەیەکێک لە مەزنترین دەستکەوتەکانی لێکۆڵینەوە مێژووییە نوێیەکان دادەنرێت"[٤٠].

ڕایەکانی مەکیاڤیللی ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە پێشخستنی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و تیۆرەکانیدا، لە نووسینەکانیدا سنووری پراگماتیزمی بڕی و وا لە دەوڵەت و یاساکانی دەڕوانی، کە لە ئەزموون و شیکردنەوەوە هەڵقووڵابێت، نەک لە لاهووت، یاخۆ بیردۆزی مافی خوایی لە فەرمانڕەواییدا...

گەیشتە ئەنجامێک بڵێت، ململانێی سیاسی بزوێنەری بنەڕەتیی مێژووە، گەلێک جاریش ئەو ململانێیە مۆرکێکی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت، بەپێی ئەوەی مادامەکی ناکۆکیی بێ چارەسەر لە نێوان میللەت و توێژی موڵکداردا هەیە.

ئەو لە گشت کتێبەکانیدا ڕووی دەمی لە میر و دەسەڵاتداران و هاوەڵە هزرمەندەکانی دەکرد و بۆ ئەوانی دەنووسی نەک بۆ جەماوەر.

هەڵبەت ئەم لایەنە نەرێنییانە لە بایەخی مەکیاڤیللی کەم ناکەنەوە وەکو مێژوونووس و نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز بۆ وڵاتەکەی، بەتایبەت ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی هەڵسەنگێنرا لە چوارچێوەی کات و شوێنی خۆیدا، لەگەڵ پاڵنەرە ڕاستەقینەکانی نەک ڕواڵەتییەکانی[٤١]. تەنانەت ئەو زانستەی ئەو بناخەکەی دانا (واتا زانستی سیاسەت)، ئەوا لە ڕابردووەوە زیاتر سەرچاوە دەگرێت وەک لە ئێستا، ئەو نموونانەی توانای ئەوەی دەدەنێ ئەو یاسایەی ناوی ناوە یاسای بەردەوامی Continuity. کاتێک لاپەڕەی دانراوەکانی مێژوونووسی ڕۆمانی تیت لیف هەڵدەداتەوە، تاکە زانیاری لەسەر مێژووی ڕۆمانی بزانێت، لە ناویدا بەدوای یاسا نەمرەکاندا دەگەڕێت، ئەوانەی پێوەندن بەبەرزەفتکردنی خەڵکەوە.

هەرچی یاسای دوورخستنەوەیە، کە ئەو مەبەستێتی بڕوابوونی پێشوەختییەتی بەرێکیی ڕەوتی سروشت. ئەم یاسایەش لە بناخەی دروستبوونی زانستی سروشت (فیزیا و کیمیا)دا هەیە. مەبەستیش لەمە ئەوەیە بڵێت:

بەردەوام هەموو مرۆڤەکان بەپێی هەمان ئەو یاسایانە دێنە دنیاوە و دەژین و زاوزێ دەکەن و دەمرن. واتا ئەوە سروشتی جێگیری مرۆڤە ئاقاری هزری مەکیاڤیللی سەبارەت بەمێژوو دەستنیشان دەکات. ئەوی بەراورد بکات لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا، بۆی دەردەکەوێت هەموو گەلان کاتی خۆی و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت حەزەکان دەیانجووڵێنن.

بەم شێوەیە دەبێت ئەو کەرەستانە بەکار بهێنرێن، کە ئەوانی بەر لە ئێمە بەکاریان هێناون، یاخۆ لە دۆخێکدا کە پشتیان پێ نەبەستوون، دەبێت وێنای کەرەستە تازەکانی تر بکرێن لە لێکچوونی ڕووداوەکانەوە[٤٢].

ڕەنگە لێرەدا هێنانەوەی قسەکەی شەپەنگەلەر سەبارەت بەشیکردنەوەکەی بۆ میتۆدی هاوچەرخبوون لە جێی خۆیدا بێت، کە لە لێکدانەوە بایۆلۆجییەکەیدا بۆ نەشونماکردن و بالابوون و خراپبوون و کەوتنی ژیار لە کتێبی ناوبراویدا ئەمە بەقەناعەت و درێژدادڕییەوە شی دەکاتەوە[٤٣].

بەپراکتیککردنی میتۆدی لێکچوون (دوورخستنەوە لای مەکیاڤیللی) "ئەگەر پراکتیککردنی دروست بێت"، دەتوانین هەنگاوە سستەکانی مێژوو بناسین، ئینجا دەتوانین ئەوەش بزانین ڕۆڵی داهاتووی ژیاری ئەوروپایی و جیهانی بەکوێ دەگات. مەکیاڤیللی وای دادەنێت ئەوانەی شێوازەکانی بەسەیر دادەنێن و نایانەوێت بڕوا بەتوانای دووبارەبوونەوە، یا لاساییکردنەوەی ڕابردوو بهێنن، بەگواستنەوەی بۆ داهاتوو، بەنەزان و بیرتەسکیان دادەنێت "وەک ئەوەی ئاسمان و خۆر و توخمەکان و مرۆڤ سیستەم و جووڵە و هێزی خۆیان دەگۆڕن و جیاوازن لەوەی لە کۆندا لەسەری بوون"[٤٤].

هەروەها وای دەبینی سەرجەم پێوەندییەکانی بوون لەسەر بنەوای کار وەستاون لە کۆتاییدا

ناگەڕێنەوە سەر بنەچە هزرییەکەی، کە ئەنجامی پێویستییەکی مادییە.

ڕەوشتیش لە نیازە هزرییە خۆڕسکەکانەوە نایەت، هەروەها بەهیچ شێوەیەک لەسەر هیچ غەریزەیەکی ڕەوشتی بنیات نانرێت، بەڵام بەرهەمی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکانە.

هاوشێوە بەم لۆجیکە کارڵ مارکس (١٨١٨-١٨٧٣) دوای سەتان ساڵ وا دەڵێت، وای دەبینێ ژیانی ڕوحیی کۆمەڵگە زۆر بەتوندی پێوەندە بەژیانی کۆمەڵایەتییەوە، لەبەرئەوەی ڕەنگدانەوەی گەشەسەندن و پێکدادان و ململانێی کۆمەڵایەتییە، هەروەها لەگەڵ هەموو جۆرەکانی چالاکیی کۆمەڵایەتییدا دێتەوە[٤٥].

مارکسییەکانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، هەستەکانی مرۆڤ و چەمکەکانی، کە لە ڕێگەیانەوە زانیاری بەدەست دێت، ڕەنگدانەوەی مادەن[٤٦].

ئیدی ئاستی هۆشیاریی لە بابەتی دروستبوونی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا گەیشتە مەودایەکی بەرز، ڕەنگە لە یەکەمینەکان بووبێت دزیی دەوڵەمەندانی ئاشکرا کردبێت، یاخۆ چەوساندنەوەی ڕەنجدەرانی بێ دەرامەت، یان ڕای گەیاندووە کە (موڵکداری دزییە) ئەمەش بەر لە بۆچوونی سۆشیالیستە یۆتۆپییەکان و پاشان مارکسییەکان، پێشتریش ئەوانەی ئانارشیستیان پێ دەگوترا. مەکیاڤیللی دەڵێت، خودان سامانە بێ شومارەکان سامانی زۆریان دەستکەوت، هەروەها بەفێڵ و زۆرداریش دەسەڵاتی بەهێز، نەک بەکۆششی ڕاستەقینە، ئەوان دزییەکانیان، یا ئەوەی بەقۆڵبڕین و توندوتیژی دەستیان کەوت دادەپۆشن، بەشێوەیەکی شەریفانەش بان ئەمە دەدەن.

هەرچی ئەوانەن بوێریی بەکارهێنانی ئەم شێوازە ناڕەوایانە ناکەن و زۆر وریای خۆیان دەبن، ئەو کات ڕۆژانە لە کۆیلایەتی و هەژاریدا نوقوم دەبن. نۆکەرە وەفادارەکان هەر بەکۆیلەیی دەمێننەوە و بەردەوامیش باشەکان نەدارن[٤٧].

ئەم قسانە بۆچوونەکانی شانۆکاری گەورەی ئەڵمان، داهێنەری شانۆی مەلحەمی بەرتۆڵد برێخت (١٨٩٨-١٩٥٦)مان بیر دەخاتەوە، نەخوازە لە شانۆنامە بەناوبانگەکانیدا (ڕێسا و هەڵاواردن) و (ئۆپێرای چوار قرووشەکە).

گەلێک لە فەیلەسووفانی مێژوو بەبیردۆزی (خولە مێژووییە یەک لە دوای یەکەکان) ئاشنا بوونە. بەرجەستەترینیان ئیبن خەلدوونی توونسییە (١٣٣٢-١٤٠٦) دانەری کتێبی (المقدمە) و جیۆڤانی پاتێستا ڤیکۆ (١٦٦٧-١٧٤٤) دانەری کتێبی زانستی نوێ،[٤٨]. پاشان شەپەنگەلەر و بیردۆزە بایۆلۆجییەکەی و یەک بەدوای یەک هاتنی چوار وەرزەکان بەسەر ژیارەکاندا، تەنانەت ئارنۆڵد تۆینبیش (١٨٨٩-١٩٧٥)، لەوە دەکات "ڕەنگە تەنیا ئیبن خەلدوونی لێ دەرچێت" لە گریکەوە بۆیان مابێتەوە، لە تۆکیدیدیسی ناوبراوەوە ئینجا لە ڕۆمانەوە کاتێک پۆلیپیۆس ئاشنا بوو پێی، دوای ئەوەی لە تیۆری (بەخت یاخۆ ڕێکەوت)[٤٩]. ژیوان بووەوە، مەکیاڤیللییش لەوانە بوو، نەخوازەڵا زۆر سەرسام بوو بەپۆلیپیۆس، مەکیاڤیللی وایدەبینی بەهێزەکان (پاڵەوانانی مێژوو) سنوورێک بۆ ستەمی ئاژاوە دادەنێن و کۆڵەکەکانی سیستەمی ئەرستۆکراتی دادەمەزرێنن، کەچی

ڕۆڵە و نەوەکان ئەوانیش بەڕۆڵی خۆیان دەستەپاچەن لە پاراستنی دەسەڵات بۆ ماوەیەکی درێژ، لەبەرئەوەی ئەوانە لە هەموو ڕۆژگارەکاندا پەنا بۆ تالان و چاوچنۆکی و دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتان دەبەن، هەروەها توندوتیژی لەپێناو تێرکردنی ئارەزووەکانیاندا بەکار دەبەن. بەمەش لە حکوومەتی دەستەبژێرەوە دەگۆڕێن بۆ کەمایەتییەک لەبەردڵان نییە.

پاشان ئەم حکوومەتە دەڕووخێت تاکو حوکمی دیموکراسی دابمەزرێت، لەم قۆناخەشدا زوو بەزوو حکوومەت بەلای دۆخی بەرەڵایی و ترازان دێت و دەکەوێتە داوی ئاژاوەوە. ئا لەو کاتەدا ڕزگاری بۆ گەل نانووسرێت، تەنیا لە ڕێگەی کەسی دووربین، دیکتاتۆر، پاشاوە نەبێت، ئیدی هەمان شت سەرلەنوێ دووبارە دەبێتەوە.

مەکیاڤیللیش هزرەکانی پۆلیبیۆسی وەرگرت، وەکو پێشتر باسمان کرد. پاشان ڤیکۆ (پێشتر ناومان هێنا) هزرەکانی مەکیاڤیللیی وەرگرت، هەرسێکیشیان ئیتاڵین.

ڕەنگە بەهەڵاوێردەیی بابەتی سەرەتای دروستبوونی دەوڵەت، ڤیکۆ وای دەبینێت بەشێوەیەکی هەمیشەیی بەقۆناخی ئاینی دەست پێ دەکات، لە کاتێکدا مەکیاڤیللی ئەم ڕێزلێنانەی بەئاین نەبەخشیوە.

بەم ئاوایە ئەوی مرۆییە دوابەدوای یەک لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، لە چاکەوە بۆ خراپە دەگوازرێتەوە، یاخۆ بەپێچەوانەوە بەخشندەیی Virtu ئاسوودەیی بەرهەم دەهێنێت، ئاسوودەییش بۆشایی و بێکاری دێنێتە ئاراوە، ئەمانەش پشێوی دەخەنەوە، کە دەیگەیەنێتە ماڵوێرانی، پاشان سەرلەنوێ سیستەمەکە لە منداڵدانی وێرانییەوە لەدایک دەبێت، سیستەمەکەش Virtu بەرهەم دەهێنێت، لەمەشەوە شکۆیی و خۆشبژێوی دێنە ئاراوە.

چەندێک شێوەکانی فەرمانڕەوایی باشتر بێت، ئەوا ڕێ لەوە ناگرێت ڕۆژێک نەمێنێت، لەبەرئەوەی هەر شێوەیەک لە هەناویدا تۆوی مەرگی خۆی هەڵگرتووە[٥٠].

## کورتەی ڕایەکانی مەکیاڤیللی لە سیاسەت و ڕەوشتدا

ئەوی لە سەرجەم بۆچوونەکانی مەکیاڤیللی سەبارەت بەسیاسەت (فەلسەفەی فەرمانڕەوایی میر)، یاخۆ بەهاکان (ڕەوشت و ئاین) تێ بگات، دەبینێت:

١- خەڵکەکە تۆڵەی خۆیان لە ستەمکارەکانیان دەسەننەوە، ئەگەر ئەو زیانانەی لە ستەمەکەوە بەریان کەوتبێت کەمیش بێت (!). بەڵام دەستەوەستان دەبن لە تۆڵەسەندنەوە بۆ خۆیان کاتێک ستەمێکی گەورەتر و توندتریان بەرکەوت، باشترین شێواز بۆ فەرمانڕەوا ئەوەیە زۆرترین ستەم و لەناودان بکات، وا لەگەڵ بکات توانای تۆڵەسەندنەوەی نەبێت (!).

٢- ئەگەر داگیرکەرێک وڵاتێکی سەربەخۆی گرت، ئەو کات یا بەتەواوی وێرانی دەکات، یانیش تێیدا دەژێت و باجی بەسەردا دەسەپێنێت و بۆ خەڵک و وڵاتەکە ئازادیی سیاسییان بۆ جێ دەهێڵێت، ڕەنگە ئەم شێوازەی دوایی دەست بدات، ئەگەر داگیرکەرەکە توانی خەڵکی وڵاتەکە

قایل بکات، کە داگیرکردنی وڵاتەکەیان بۆ پاراستنیانە لە داگیرکەرێکی تر، لێ باشترین ڕێگە تەواو وێرانکردنی شارەکە و لەناودانی سەرلەبەری خێزانی فەرمانڕەوایە (!).

٣- شەڕ مەبەستی بنەڕەتیی فەرمانڕەوا و تاقە پیشەیەتی، لەبەرئەوەی سامانەکەی دەپارێزێت و لە پلەی دەورووبەرەکەی بەرز دەکاتەوە. ئەو فەرمانڕەوایەشی بیر لە خۆشگوزەرانیی میللەتەکەی دەکاتەوە پتر لە بیرکردنەوەی لە شەڕ، سامانەکەی لەدەست دەدات. ئەویشی لە شەڕ دەترسێت خەڵکی ڕقیان لێی دەبێتەوە، بۆیە چەکدار و بێ چەک وەک یەک نابن، تەنانەت ئەگەر پێغەمبەرەکانیش بێ چەک بن ئەوا سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، مەکیاڤیللی کاتێک لە سەردەمی گەنجییدا لەداردانی ڕەبەنێکی بینی (ساڤۆنا ڕۆلا)، دوای ئەوەی بەسامانەکەی دەسەڵاتێکی گەورەی لە فلۆرەنسادا هەبوو، ئەمەی گوت.

هەروەها ئەوانی ناجەنگن وەک ئەوانە نین کە دەجەنگن و هەرگیز چەکدارێک سەر بۆ بێ چەکێک دانانەوێنێت، وەک چۆن بێ چەک لە نێوان میللەتێکی چەکداردا ناژێت، هەموو کات کەسی چەکدار گەورەی هەڵوێستەکەیە، کەچی بێ چەک کەسێکی تۆقیو و زەندەقچووە.

٤- لەسەر میرە نەترسێ و گوێی پێ نەدات، کاتێک باسی دڵڕەقی دەکات، دڵڕەقییەکەی بەبەزەیییانەترە لەو میرانەی نەرم و نیانن بەو ڕادەیەی پشێوی بۆ وڵات لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، هەرچی دڵڕەقییە تەنیا بەر تاکەکان دەکەوێت، خۆ ئەگەر بواری ئەوە نەبوو سەرپشکی بکرێت لە نێوان ئەوەی میر لەبەردڵان بێت پتر لەوەی تۆقێنەر بێت. یاخۆ تۆقێنەر بێت پتر لەوەی خۆشەویست بێت، هەڵبەت سیفەتی دووەم باشترە.

میللەتان بەخدێی خۆیان ڕێز لە بەهێز دەگرن پتر لەوەی جوانییەکانی کارچاکێک ناو بێنن. پاراستنی دەسەڵات کە ئامانجی میرە، بۆ دڵڕەقی دەگەڕێتەوە، واتا پێویستە بڕێکی زیاتر لە دڵڕەقی هەبێت، تەنانەت ئەگەر بەئامانجی خۆیشی گەیشت، ئەوا میر بەبڕێکی دیاریکراو و پەی دەر پەی بۆ خەڵکەکە باش بوو و بەردەوامیش میللەتان ئامادەن خراپەکارییەکان لە بیر بکەن، دوای ئەوەی کاری خۆیان کرد.

٥- شەڕ و سیاسەت دووانەن، ئەوی بیەوێت شەڕ بەرپا بکات ئەوا لەسەریەتی سیاسەت بکات. لەسەر میرە لە هەمان کاتدا هەم شێر بێ و هەمیش ڕێوی، شێر بەو تەڵانە نازانێت بۆی دەنرێنەوە، کەچی ڕێوی پێی دەزانێت، ڕێوییش بەرگەی گورگەل ناگرێت، بۆیە لەسەر میرە ڕێوی بێت، تاکو خۆی لە تەڵەکان بپارێزێت، هەروەها دەبێت شێریش بێت، تاکو گورگەل بترسێنێت (واتا دەبێت میر یاسای دارستان پێڕەو بکات!).

٦- هەڵەیە میر پەیمان و بەڵێنەکانی ئەگەر دژ بەبەرژەوەندییەکانی بن بباتە سەر، میری ژیر و بەسەلیقە دەبێت توانای ئەوەی هەبێت پەنا بۆ فێڵ ببات بۆ ڕەتکردنەوەی بەڵێنەکانی، زۆرێک لە میرەکان لەمەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. گرینگ ئەوەیە ئەوی دەیکات دژ بەوە بێت کە نیشانی دەدات، ئیدی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیدا باسی چاکەکانی دەکەن (!) بێ ئەوەی ئەو

هەواڵنامەی ئینێز

سیفەتانەی هەڵگرتبێت، خەڵکیش سادە و ساکارن دیمەن هەڵیان دەخەڵەتێنێت، هەروەها لەسەر میرە بەئاسانی بگۆڕێت، فێڵباز بێت، ئەمەش بەپێی پێویستیی ڕەوشەکە.

ئەرکی سەرەکیی ئەو پاراستنی فەرمانڕەواییە، ئیدی چی شێواز هەیە بۆ گەیشتن بەوە ڕەوا و ڕێ پێدراوە.

بۆ نموونە، خراپ نییە میر پیاوەکانی بەکار بهێنێت بۆ ئەنجامدانی ئەو ئامانجانەی بەڕەوایان دەزانێت. پاشان ئەگەر پێویستی کرد نەفرەتیان لێ بکات و لە کارەکانیان دەریان بکات، واتا دەیانکاتە قۆچی قوربانی، کاتێک تووڕەییی خەڵک دەگاتە ئەوپەڕی. سیزار دی بۆرجیای میری زۆرزان، وەزیرێکی خۆی بۆ تۆقاندن و دڵڕەقیی خەڵک بەکار هێنا، پاشان کوشتی، تاکو مۆژدەی کوشتنی لە پێناو دادپەروەری و گەلدا بەخەڵکەکە ڕابگەیەنێت[٥١]. واتا لەسەر میرە زەلام و هاوڕێ و پاسەوانەکانی بکوژێت، ئەوانەی فەرمانی پێ دان ئازاری خەڵکی بدەن، پاشان وا خۆی دەربخات پاسەوانی گەل و جێبەجێکەری دادپەروەرییە، دوای ئەوەی خوێنی هاوڕێکانی ڕژاند فرمێسکی تیمساحانەیان بۆ دەڕێژێت، پاشان بەو کاغەزی کلینیکسانەی پێشتر بۆی دانراون فرمێسکەکانی دەسڕێت... چ قێزەونییەکە.

٧- ئاین لە گشت سەردەمەکاندا بۆ پارێزگاری لە ملکەچکردنی چینی چەوساوە بەکار هێنراوە، ئەگەر لەم گۆشەنیگایەوە بەراورد بکەین، بەگاڵتەوە، لە نێوان ئاینی کرستیان و ئاینی بتپەرستان، هەینێ تێبینیی قەڵاچۆکردنی بەکۆمەڵی مرۆڤەکان بکەین وەکو شێوازێکی تری گونجاو لە ڕەوشێکی دیاریکراودا، بەکورتی کاتێک پیرۆزترین شت بەتەواوی وەکو ناشرینترین تاوان نیشان دەدات، لە هەموو سەردەمەکاندا ئامراز هەبوون بەدەست فەرمانڕەوایانەوە، ئیدی بەمە ڕێبازێکی فەلسەفیی مەزنی ماناداری داڕشتووە[٥٢].

ئەو شێوازانەی مەکیاڤیللی ناوی هێناون و تاکو ئێستا بەغەریزە بەکاربراون، داوا لە دەسەڵاتدارانی سەردەمەکەی و فەرمانڕەوایانی داهاتوو دەکات بەشێوەیەکی هۆشیارانە بەکاریان بهێنن، مەبەستی لە شێوازەکانی خۆمەڵاسدان و نهێنی و خستنە داوی ئەوانی ترە، لەبەرئەوەی لە توانای دەسەڵاتداردا نییە ئاین وەکو شێوازێکی سیاسی بەکار ببات بۆ کۆنترۆڵکردن بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕاشکاوانە، بۆیە دەبێت وا لە خەڵک بگەیەنرێت، ئاین بەکار ناهێنێت بۆ مەبەستە تاکەکەسییەکانی، بەڵکو لەوانی تری دەپارێزێت، یاخۆ هەوڵ دەدات ئەوانی تر قایل بکات بێنە ئاینە ڕاستەکەی ئەوەوە.

هەروەها لەسەر میرە چی بوێت بیکات، بێ ئەوەی حەقیقەتی ئەوە ئاشکرا بکات کە دەیەوێت، مەکیاڤیللی مۆچیاری میرەکەی دەکات، تاکە ڕایگەیەنێت ئەوی دەیڵێت تایبەتە بەسەردەمێکی بەسەرچووەوە، ئەوەش ڕەت دەکاتەوە کە لەم کاتەدا ڕوو بدات.

٨- مەکیاڤیللی ڕایدەگەیەنێت: خەڵکی بەنابەدڵییەوە نەبێت کاری چاک ناکەن (واتا، خەڵک ناچار نین چاکە بکەن، مەگەر بەزۆر بێت)، هەر هێندەی ئازادیی هەڵبژاردن بەدەست دەهێنن لە

نێوان کاری باش و کاری خراپ، یەکسەر خراپەکە بەکار دەهێنن و ئاژاوە و پشێوی دەچێنن و لە هەموو شوێن و کاتێکدا کاری کوشتن و تالانکاری ئەنجام دەدەن.

ئەم ڕایانە و زۆری تریش، بێگومان بەر هەستەکانمان دەکەون، بەبۆنەی نەویستنی بەها مرۆییەکان و بەهای سەرجەم ئاینەکان. ڕاستیش مەکیاڤیللی هیچی نەکرد ئەوە نەبێت ئەوەی کورت کردەوە، کە لە میرنشینە ئیتالییەکان و دەوڵەت و دەوڵەتۆچکەکانی ئەوروپادا ڕوویان دا، وەلێ گرینگیی ئەم ڕایانە لە ڕەنگدانەوەیان لەسەر بیرکردنەوەی مێژوونووساندا خۆی حەشار داوە، لەبەرئەوەی وای لێ هاتووە هەندێکیان مەکیاڤیللیزم لە مێژوودا لەخۆ دەگرێت، کە لەم دیاردانەدا خۆیان دەنوێنن:

یەکەم: ئەنجام پاکانە بۆ شێواز دەکات: ئینجا لۆجیکی دەوڵەت دەخوازێت بەهەر نرخێک بێت پارێزگاریی لێ بکات، هەموو شێوازەکانیش ڕەوان. فەرمانڕەوا دەوڵەتێک لە یاسا و سیستەم دادەمەزرێنێت، بەڵام بەشێوازی نایاسایی. لە پێناوی مسۆگەرکردنی پارێزگاری لە دەسەڵات ناچار دەبێت بێبەزەییانە ڕەفتار بکات و لە مرۆڤایەتی دامالێت، بگرە ڕێنوێنییەکانی ئاینیش بنێژێت، گشت شتێک بەپێی ڕەوشتی دەوڵەت ڕەوایە، لەبەرئەوەی بەدەستهێنانی دەسەڵات، یاخۆ پاراستنی ئامانجە.

دووەم: ناتوانرێت دەست بەسەر شاوەتی دەسەڵاتدا بگیرێت و کورسیی دەسەڵات داگیر بکرێت، ڕەگی حەزی فەرمانڕەوایی لە هەر شوێن و کاتێکدا لە ناخی هەموو کەسێکدایە.

سێیەم: لێک دوورکەوتنەوە بەردەوامە لە نێوان ڕەوشت و سیاسەتدا، لەبەرئەوەی فەیلەسووفانی ڕەوشت لە جیهانی خەوندا دەفڕن، کەچی سیاسەت پشت بەهێزەکانی واقیع و ڕاستییە بەرچاوەکانی سەر زەوی دەبەستێت.

ناودارترین مێژوونووسی هاوچەرخی ئەڵمان (فردریک ماینکە) لە کتێبەکەیدا (مەکیاڤیللیزم لە سیاسەت و مێژوودا _ (Machiavellism, in Politics and History) گوزارشتی لە ڕای خۆی کرد، کاتێک گوتی:

هێز لای دەوڵەت وەکو خۆراکە بۆ مرۆڤ. گاڵتەیشی بەوانەدا دەهات، کە دەیانەوێت کەسەکانی مێژوو بەپێی بەهای ڕەوشتی هەڵسەنگێنن.

پاشان دەڵێت: من بەردەوام لەگەڵ نیشتمانەکەی خۆمدام، جا ئەگەر لەسەر ڕاستی بێت، یاخۆ هەڵە[٥٣].

هەڵبەت مەکیاڤیللی بەتەنیا بەرپرس نییە لە ڕەوتی ناڕەوشتیی دەوڵەت لە دوای مەکیاڤیللی، ئەوی پەرەی بەو ڕەوتە دا ژمارەیەک فەیلەسووفی ئەڵمان بوون، لە سەرووی هەموویانەوە هیگڵ Hegel بوو (لە ١٨٣٠دا مرد)، کە ڕەوشتی لە ئاین جیا کردەوە، کەواتە بواری هەڵسەنگاندنی ڕەوشتی لە مێژوودا نییە، لەبەرئەوەی ڕەوشت ڕێژەییە و گوزارشت لە خودێتی دەکات، کەچی

لۆجیکی مێژوو لە یەکەتیدا خۆی حەشار داوە لە نێوان خودێتی (وەکو چۆن ئایدیۆلۆجیای نەتەوە گوزارشتی لێ دەکات) و لە نێوان بابەتیدا، وەک چۆن لە دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت، ئەمەش لە پێناو ئەوەی نەتەوە بگاتە قۆناخێک بگاتە پێشی پێشەوە لە شانۆی رووداوە مێژووییەکاندا، وەک چۆن فەیلەسووفی مەزنی بەریتانی برتراند ڕەسل لە کتێبەکەیدا (مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا)دا وا دەڵێت[٥٤].

ئەگەر هیگڵ لە ڕەوشتی دەوڵەتدا پاساوەکانی لە فەلسەفەی مێژوودا بینیبێتەوە، ئەوا نیتشە بوو ئەو پەردە ناسکەی بەها ڕەوشتییەکانی دڕاند، کە هێشتا پاڵەوانانی مێژوو خۆیان لەودیویەوە شاردبووەوە، هەرچەندە نیتچە لە فەلسەفەکەیدا مەبەستی تاک بوو نەک دەوڵەت، ئەوا مرۆڤی باڵا، وەکو وێنەکەی کێشابوو دەبێت پاڵ بداتە لۆجیکی هێزەوە، بەو مانایەی "بەزەبری هێز نەبێت هیچ شتێک لە ژیاندا بەهای نییە".

بەوپەڕی ڕاشکاوی و بوێرییەوە نارەزاییی خۆی ڕاگەیاند لە بەرابەر ئەوەی ناوی نابوو ڕەوشتی کۆیلەکان، لەبەرئەوەی ئامانجی دەسەڵات گرتنەدەستی ئەو مرۆڤە سووک و بێ نرخانە بوو، کە هیچ مەبەستێکیان لەوەدا نییە تەنیا ملدادانی گەورەکان نەبێت لەوەی ڕای دەگەیەنن لە پرەنسیپەکانی بەزەیی و چاکە و یەکسانی و ئازادی، ئەمانەش جگە لە درۆیلێکی گەورە بەڕووی سروشتی شتەکاندا نەبێت هیچی تر نین، کە سەروەریی بەهێز دەخوازێت[٥٥].

ئەمەو هێندەی ڕاستگۆیی نیتچە و بوێرییەکەی لە تێکدانی بەها ڕەوشتییە باوەکان، هەروەها بوێریش بوو لە گوزارشتکردن لە دەوڵەت، کە دەگاتە ئەم دۆخە لە وێرانکردن و گوێنەدان بەکڵۆڵیی خەڵکەکە و گاڵتە پێدا هاتن بەڕەوشتیان و شکۆ ڕاگرتنی شەڕ و بەپیرۆز ڕاگرتنی پاڵەوان، کە لە ڕەوشت داماڵراوە، ئەوا کارەساتێکی گەورە خۆی بۆ ڕوودان ئامادە کردووە و من هۆکارەکەیم و ناوم پێوەی دەلکێت، چون نیتشە (بەو لووتبەرزییەی پێی دەناسرێتەوە، وا دەڵێت) پێشتر لەسەر ڕووی زەوی هاوتای نەبووە[٥٦].

# گریمانەی لێبووردەیی و جەدەلییەتی لێکدابڕان و پێوەندی

د. عەبدولحوسێن شەعبان

بەشی حەوتەم

سەرەڕای زۆربوونی توندوتیژی و تیرۆر لە دنیادا، وەلێ بانگەشەی لێبووردەیی[1] ڕوو لە هەڵکشانە، نەخاسمە خەڵکێکی زۆر، هەست بە پێویستی لێبووردەیی دەکەن. دەربڕینی ئەم ویستەش بەشێوازگەلی جیاجیایە، هەر لە بانگەشەکانی گفتوگۆی شارستانییەکانەوە تا دەگاتە کارلێکی کولتوورەکان و پێوەندیی ئاینەکان، بەتایبەتی لە سۆنگەی بەهاگەلی مرۆڤانی هاوبەش و بایەخی دەستەبژێری هزری و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئاینی بەبیرۆکەی گفتوگۆ و ڕێکخستنی چالاکیگەلێک کە هێندێکیان بوونە چالاکی ناونەتەوەیی لە ڕێی نەتەوە یەکگرتووەکان و یونسکۆ و ڕێکخراوگەلێکی ناودەوڵەتیی ترەوە.

ئیتر، ڕێکخراو و دەستەگەلی نیشتمانی و هەرێمایەتی و ناونەتەوەی دروست بوون لە پێناو ڕێکخستنی زیاتری ئەو گفتوگۆیانە، لە کەشوهەوای لێبووردەیی و پێکەوەژیان و چاوگێڕانەوە بەهەڵوێست بەرانبەر ئەوی تردا، نەخاسمە لە بەرەنگاربوونەوەی تەوژم و باڵ و سیاسەتە توندڕۆ و پێڕەوە دوورخەرەوە و ڕیشەکێشکەرەکانی (الاقصائیة و الاستئصالیة) هەموو لایەنەکان، بەتایبەتی ئەو تەوژمانەی پاش ڕووداوە تاوانکاری و تیرۆریستییەکانی ١١ی ئەیلول/سێپتێمبەر ٢٠٠١ی ئەمەریکا کە نێزیکەی سێ هەزار کەسی بێبەرییان تێدا کوژرا، هاتنە ئارا، یان کاردانەوە توندەکانی پاش ڕووداوەکان.

بۆیە بانگەشەی لێبووردەیی برەوی سەند، نەخاسمە پاش تێکچوونی پێوەندییە ناودەوڵەتییەکان لە دوو دەیەی ڕابردوودا و هەڵایسانی شەڕ و کوشتار و ناکۆکی، وەلێ پەلاماردانی ئەفغانستان

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدوڕەزاق عەلی

ساڵی ٢٠٠١ و داگیرکردنی عێراق لە ٢٠٠٣دا، سەرباری ڕووداوەکانی سێپتێمبەر، هەستی مەترسی لای هەمووان گەورە کرد، نەخاسمە لای هەردوو لای ناکۆک، کە هەریەکەیان بەچاوی دوژمن سەیری ئەوی تریانی دەکرد، دوژمنێک کە گۆڕە هەموو شتێک بەکار بێنی لە پێناو لەناوبردنیدا، هەموو ئەمەش لە سایەی هەڵچوونێکی ناودەوڵەتی و دابەشبوون و پڕوپاگەندەی ئایدیۆلۆجی و بارێکی دەروونی توندا.

وەک چۆن ئوسامە بنلادن کە هەموو دەزگای هەواڵگریی دنیای مژووڵ کردبوو تا لە ئایار/مایۆی ٢٠١١دا کوژرا، دنیای بۆ دوو فستات دابەش کرد، سەرۆک جۆرج بوش، هەمان شتی کرد و دنیای دوو کەرت کرد: دەوڵەتانی دنیای ئازاد "ڕۆئاوا" وەک بەرەی خێر و ئەوی تریان بەرەی شەڕ. ناوی "لادەر" و "بەرەی شەڕ"ی بەباڵای بڕێک دەوڵەت بڕی کە دەبێ لەناو ببرێن، بێ ئەوەی ئەم سیاسەتانە سەروەختی سەرۆک بوش، لە ئایدیۆلۆجیا یان تێروانینێکی ئاینی توندڕۆ دوور بن کە هیچ سەری لەوە نەکردەوە دەستەواژەی "فاشیزمی ئیسلامی" لە کاتی شەڕی تەمووزی ٢٠٠٦ی ئیسرائیل بۆ سەر لبنان بەکار بێنێ و پێش ئەوەش هەڵمەتی دژە تیرۆریزمی بە "شەڕی خاچپەرستان" ناو برد.

ئەوە بوو نێزیکەی هەموو دەوڵەتانی دنیا پڕیشکی توندوتیژی و تیرۆریزمیان بەرکەوت، بەپێشکەوتوو و پەرەئەستێنەوە، ڕۆئاوای مەسیحی و عەرەبی و ئیسلامی، تیرۆری دەوڵەت یان تیرۆری کۆمەڵە چەکدار و لە یاسا یاخیبەکان یان تیرۆری تاکەکەس، ئەمەش بووە هۆی ژەهراویبوونی ژیانی ناودەوڵەتی. گومان، پێوەندییە ناودەوڵەتییەکانی داپۆشی، نەخاسمە پاش پەنابردنی هێندێک لایەن بۆ توندوتیژی لە یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسییەکاندا، بۆیە باسی لێبووردەیی بووە جێی مەیلە شەڕانگێزەکانی گرتەوە، لە ئاستی ناوەخۆی و ناودەوڵەتیدا، چ لەلایەن حکوومەتانەوە یان کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، نەخاسمە مەترسیی کۆمەڵە چەکدارەکان و تیرۆر، باڵی بەسەر پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کێشا بوو.

بەم شێوەیە، باسی لێبووردەیی بووە ئەو شنەبایەی لە باران دەچوو وەک لە یەکێک لە وتارەکانمدا نووسیبووم دوای دەرچوونی کتێبەکەم "بناوانی لێبووردەیی لە هزری عەرەبی – ئیسلامیدا: کولتوور و دەوڵەت"[١] کە لە نێوەندە جیاوازەکاندا بایەخێکی زۆری پێ درا.

کەواتە بەم مانایە، ئێمە کە باسی لێبووردەیی دەکەین یەکەم لەبەرئەوەی بابەتێکی نووکەییە، دووەم، لەبەرئەوەی زەرووریە، سێیەم، بەڵکو ئەمە خوایە، دەستێک بەژیانی سیاسی ناوەخۆی و نێودەوڵەتیدا بێنین، بەتایبەتی ئەگەر بنەواکانی لێبووردەیی پێڕەو بکەین. مەبەستیشمان لە بنەواکانی لێبووردەیی، لە ڕاگەیەندراوەکەی خوولی بیست و هەشتەمی کۆنگرەی گشتیی یونسکۆیە کە لە ٢٥ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەر تا ١٦ی تشرینی دووەم/نۆڤێمبەری ١٩٩٥ لە پاریس بەسترا، ئەو ڕاگەیەندراوەی دیباجە و شەش مادە(٣)ی لە خۆی گرتووە.

مادەی یەکەمی دەڵێ "لێبووردەیی، واتای، ڕێزگرتن و قبووڵکردنی فرەکولتووریی دەوڵەمەندی

دنیا و شێوازەکانی دەربڕین و خەسڵەتە مرۆڤانییەکانمان. لێبووردەیی، بەماریفەت و زانین و کرانەوە و پێوەندی و ئازادیی هزر و ویژدان و بیروباوەڕ دەچەسپێ"(بڕگەی یەکەم)، هەروەها ئاماژەیەکی تێدایە بۆ مانای لێبووردەیی "پێکەوە هەڵکردنە لە کاتی بوونی جیاوازیدا، لێبووردەیی، نەک هەر بەتەنیا ئەرکێکی ئەخلاقییە، بگرە ئەرکێکی سیاسی و یاساییشە. لێبووردەیی، ئەو فەزیلەتەیە کە زەوینەی ئاشتی خۆش دەکات و وا دەکات کولتووریی ئاشتی جێی کولتووریی شەڕ بگرێتەوە".

دیسان، لێبووردەیی، مانای وەرگرتنی هەڵوێستێکی ئەرێنییە دەرهەق مافەیلی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەیییەکانی کە دنیا سەلماندوونی، هەر بۆیە ڕاگەیەندراوەکەی یونسکۆ بۆ ئەوەی ڕێ لە هەر بەدتێگەیشتنێک بگرێ دەڵێ "نابێ لێبووردەیی بکرێتە پاساوی دەستبردن بۆ بەها بنچینەیییەکانی مافەکانی مرۆڤ، هەر لەو بارەیەوە، تۆڕی عەرەبی لێبووردەییش، داوای کرد بەهاکانی لێبووردەیی و بانگەوازی دەستبەردان لە ماف و ئازادییە بنچینەیییەکان، جیا بکرێنەوە، نەخاسمە لە فەڵەستین. لێبووردەیی، پێڕەوێکە هەمووان دەگرێتەوە، بەتاک و کۆمەڵ و دەوڵەتانەوە.

لێبووردەیی مانای ئەوە نییە: حەوری کۆمەڵایەتی قبووڵ بکرێ یان ئادەمیزاد واز لە بیروباوەڕەکانی بێنێ یان سازشیان لەبارەوە بکات، بگرە مانای ئەوەیە، ئادەمیزاد دەست بەو ماف و ئازادییانەوە بگرێ وەک چۆن ئەوانی تر دەستیان پێوە دەگرن. لێبووردەیی، هەر ئەوە نییە بەتەنیا جیاوازیی مرۆڤگەل و ڕوخسار و بار و زمان و ڕەفتار و بەهاکانیان بسەلمێنین، بگرە دەبێ سەلماندنی ئەو جیاوازییانە، بەپێکەوەژیانی ئاشتییانە ببەسترێتەوە، ئەمەش مانای ڕێنەدان بەسەپاندنی بۆچوونێکی دیاریکراو بەسەر خەڵکی تر و ڕەتکردنەوەی دۆگماتیزم و ستەمکاری.

بەڵام، ئاخۆ توندڕۆکانی ڕۆئاوای مەسیحی و ڕۆهەڵاتی ئیسلامی، گوێ بەم تێڕوانینانە دەدەن کە لە جاڕنامەی دنیایی لێبووردەییدا هاتوون؟ ڕەنگە وەڵامی ئەم پرسیارە، دوای توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و گەڕان و سوڕانێکی زۆر ئەوە بێ، تا ئێستەش پرسەکە قسەوباسی زۆر هەڵدەگرێ، ئاخر تێڕوانینی ڕۆئاوا بۆ ئیسلام، جۆرێکە لە وێناکردن، وەک چۆن تێڕوانینی ئیسلام بۆ ڕۆئاوا هەروایە، بەچاوپۆشین لە ڕۆژگاری کۆلۆنیالی کە کاریگەریی خراپیان لە یادەوەری دەستەجەمعیی موسڵمانانە دا جێ هێشتووە، هەردوو تێڕوانینەکەش، زادەی ڕابردوون، سەرەڕای جیاوازیی گۆشەنیگای ڕۆئاوای سیاسی و ڕۆئاوای ڕۆشنبیری، هەروەها جیاوازیی ئیسلامی سیاسی و شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی لە کۆن و ئێستەدا، لەوانە، شۆڕشی تەکنەلۆجی و پێوەندی و زانیاری و دیجیتاڵییەی کە بووەتە بەشێک لە شارستانیەتی گەردوونی ئەمڕۆ، نەخاسمە لەم سەردەمی دنیاگیرییەدا بەهەردوو دیوە مرۆڤانی و هۆڤیانییەکەیەوە.

ئاخر پێش ئەوە، ڤۆڵتێری باوکی لێبووردەیی، پاش جۆن لۆک، ساڵی ١٧٤١، کتێبێکی نووسی بەناونیشانی "دەمارگیری و محەمەد پێغەمبەر"، ئەو تێڕوانینەی لە سەدەی بیست و یەکدا لە ڕێی بڵاوکردنەوەی کاریکاتۆرگەلێکی بەدکاری لە بارەی پێغەمبەرەوە لە دانیمارک و وڵاتانێکی تردا،

بەشێوازێکی ئیستیفزازییانە دووبارە دەبێتەوە، کە بریتییە لە تۆمەتبارکردنی ئیسلام وەک نموونەیەکی دەمارگیری و نالێبووردەیی، بەتایبەتی بەرانبەر ڕۆئاوا"[٤].

ڕەنگە بەرانبەری ئەم تێڕوانینە بێزەوەرە نالێبووردەیە، تێڕوانینی هێندێک بێ بۆ ڕۆئاوا وەک ئەوەی ڕۆئاوای تەنیا و تەنیا خراپەکارییە و نکوولی دەکەن لە ڕۆڵی پێشەنگی ڕۆئاوا لەو پێشکەوتنەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی زانست و تەکنەلۆجیا و بیناسازی و جوانی و هونەر و ئەدەبیات. بگرە ڕۆئاوا، سەرچاوەی هەموو ئەو دەسکەوتە مێژووییانەیە، نەخاسمە ئەو پێشکەوتنەی پەنجا ساڵی ڕابردوو[٥].

بەچاوپۆشین لە تێڕوانینی ڕۆئاوا وەک جوگرافیا، ئیسلام وەک پێناسە، جیاکردنەوەی بنەوای لێبووردەیی لە خەیاڵدانی دەستەجەمعی کۆمەڵگە هاوسەردەمەکاندا، کارێکی نەکردەیە، چ لە ڕۆئاوا یان لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا، ئاخر خەیاڵدانی گشتی، لەباریدایە بزاوێک دروست بکات، بەتایبەتی شتەکانی ناو ناخی مرۆڤەکان، بەباش و خراپییەوە، هەر بەو گوێرەیەش، مرۆڤەکان، باش یان خراپ، هەڵوێست وەردەگرن.

تا ئێستا، ڕۆئاوا، وەک کۆچەریی نیشتەجێی سارایەکی پان و بەرین، تەماشای موسڵمانان و وڵاتەکەیان دەکات و نەوت بووەتە خێر و بەرەکەت و بەسەریاندا ڕژاوە، بەڵام نازانن وەک مرۆڤی سەدەی بیست و یەک بژین، هەر خەریکی ڕابردوون و ئاینەکەشیان هانی تیرۆر و توندوتیژی دەدات. لەلایەکەی ترەوە، عەرەب و موسڵمانان، هەر بەچاوی "شەڕی خاچپەرستان" تەماشای ئەوروپا دەکەن، وەک ئەوەی هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەرمان ڕوو دەدەن، درێژکراوەی هەمان مێژوو بن و دوور و نێزیک پێوەندییان بەمرۆ و بەرژەوەندییەکانەوە نەبێ[٦].

سەدەکانی ناوەڕاست، بەتایبەتی کە ئەوروپا لە تاریکییدا دەژیا، پڕ بوون لە دیاردەی نالێبووردەیی، نەخاسمە لە سایەی بالادەستی پیاوانی ئاینی کڵێساکان "ئەکلیرۆس" و حەرامکردن و تاوانبارکردنی هەرچی لە دەرەوەی ئەو سنوورەدا بێ، بەگوێرەی بنەوای پیرۆز و پیس. ئەو دووانەیەی بووە بنەمای حوکمدان بەسەر خەڵکدا، ئەم بنەوایە، تا سەردەمی ڕۆشنگەری بەردەوام بوو کە بەبەرپابوونی شۆڕشی فرەنسا، گەیشتە ترۆپک و کۆتایی بەو دووانە باوەی ئەوێ ڕۆژێ هێنا کە بریتی بوون لە: کڵێسا کە مەرجەعییەتەکەی خوا بوو، بەرانبەر کۆمەڵگەیەکی عیلمانی کە مەرجەعییەتەکەی واقیع بوو. لە کاتێکدا مەرجەعییەتی خوا، شەرعییەتی خۆی لە زاتی ئیلاهییەوە وەردەگرێ، مەرجەعییەتی مەدەنی، شەرعییەت لە خەڵک و گرێبەستی کۆمەڵایەتی و ماف و ئازادییەکانەوە وەردەگرێ(٧).

ئەگەر تا ئێستا خەیاڵدانی عەرەبی، بەتوندی وا بەستەی شەڕی خاچپەرستان بێ (شەڕی ئەفرەنگییەکان ڕاستترە - نووسەر) کە شەڕگەلێکی نائاینی بوون، ئەو شەڕانە لە پێناو بەرژەوەندی و داگیرکردنی ڕۆهەڵاتی عەرەبی و بەتاڵانبردنیدا بوون، وەک هەر شەڕێکی تری کۆلۆنیالی، بەشەڕەکانی ئەم ڕۆژگارەوە، ئەوا خەیاڵدانی ڕۆئاوا، تێڕوانینێکی دوژمنکارانەی

دەرهەق بەعەرەب و موسڵمانان هەیە، نەخاسمە هەوڵەکانی وروژاندنی خەڵکەکە کە پێچەوانەی سروشتی مرۆڤانین، کاتێک دەڵێن، گوایە ئیسلام هانی تیرۆر دەدات و ئاینی توندوتیژی و نالێبووردەییە.

ڕەنگە ئەو دابڕانەی سەدەی هەژدە لە ڕۆئاوا لە نێوان ئاین (کلێسا) و دەوڵەتدا ڕووی دا، هێشتە لای ئێمە رووی نەداوە، لە کۆمەڵگە عەرەبی - ئیسلامییەکاندا، لە زۆر لایەنەوە، ئاین و سیاسەت، ئاین و دەوڵەت تێکەڵ کراون، ڕۆئاواش لەوە تێ ناگەن کە ئەوە تایبەتمەندی کۆمەڵگەگەلێکن هێشتە نەچوونەتەوە قۆناخی مۆدێرنێتەوە و بەقۆناخی ڕاگوزەر (ئینتیقالی)دا تێپەڕ دەبن.

لەلایەکی ترەوە، هێندێک لە عەرەب و موسڵمانان پێیان وایە، هەر باسێکی دەوڵەتی مەدەنی، بەمانای جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت، هەوڵێکی ڕۆئاوایە بۆ سەپاندنی "عیلمانییەت" کە بەلای ئەوانەوە دژی ئاینە، کەچی هێندێکی تر لەو باوەڕەدان، ئەگەر عەرەب و موسڵمانان بیانەوێ بەدنیای مۆدێرندا ڕابگەن بەپێی تیۆریی دەوڵەتی هاوسەردەم کە لەسەر یەکسانیی تەواو و هاووڵاتیبوونی تەواو و مافی خەڵک کە کاربەدەستانیان هەڵبژێرن و بیانگۆڕن، دەبێ ئاین بخەنە ئەو شوێنە پیرۆزەی شایستەیەتی، نەک لە پرسە دنیاییەکاندا بەکاری بێنن و ببێتە هۆکاری دوورکەوتنەوە و دڕدۆنگی و شەڕی زیاتر. لەو کاتەدا، پێوەندیی ئاین و دەوڵەت شێوەیەکی تری دەبێ، پێکەوەگرێدانێکی نەرمتر و سەربەخۆییەکی زیاتر.

ئەوروپا، پاش جیاکردنەوەی ئاین و دەوڵەت، بنەواکانی لێبووردەیی قبووڵ کرد، دانی نا بەئازادیی ئاینی و پاراستنی مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ لە ڕێی یاساوە، ئەوە بوو تا هات قووڵتر بووەوە، بەتایبەتی لە ئاستی ناودەوڵەتیدا، بێ ئەوەی کەس تەنیا خۆی بەخاوەنی حەقیقەت بزانێ یان بەناویەوە قسان بکات، خۆ ئەگەر ئەم پرسە بەلای مەسیحی و ڕۆئاواوە چارەسەر کرابێ، لای عەرەب و موسڵمانان هێشتە نەکراوە، هەروەها لای جووانیش، نەخاسمە ئەو تێزەی باڵی ڕاستڕەوی ئیسرائیل کە باسی "دەوڵەتی بێگەرد - الدولة النقیة" (لێرەدا مەبەست لەو تێزەی نووسەر باسی دەکات گوایە ڕاستڕەوانی ئیسرائیل بانگەشەی بۆ دەکەن، دەوڵەتی بێگەرد، واتە؛ دەوڵەتێکی تاک نەتەوە یان ڕەگەز یان ئاین یان مەزەب - وەرگێڕ)، ئەوەش مانای وایە لە ئیسرائیلدا موسڵمان و مەسیحی و دورزی جێیان نابێتەوە.

ئیسلام لە دنیای خۆیدا کە بەماڵی ئیسلام ناو دەبرێ، هەوڵی داوە لە ڕێڕەوە مێژووییەکەیدا، تەگبیرێک لە باری ئەوانە بکات کە سەر بەئاینەکانی ترن بەجیاکردنەوەیەکی ئەرێنی، ئەگەرچی نەرێنیش بێ، ئەوەش لە ڕێی دەستەواژە و داهێنانی بیرۆکەی "ئەهلی زیمە" واتە رەعایا (مەسیحی و جوو وەک پەنابەر یان هاووڵاتیی پلە دوو - وەرگێڕ) لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، ئەوەی محەمەد ئەرگۆن ناوی لێ دەنێ "لێبووردەییی بێ موبالات - هاکەزایی" و منیش ناوی لێ دەنێم "لێبووردەییی نەرێنی"، نەخاسمە، ئەو کات و ئێستەش مانای ڕوانینە بۆ هاووڵاتی لە شوێنێکی

بەرزترەوە، بەمەش، مەسیحی و جوو، دەکەونە شوێنێکی نزمترەوە[٨].

ئەوروپا هەنگاوی گەورەی هاوێشتووە لەبارەی جیاکردنەوەی کڵێسا و دەوڵەتەوە، وەلێ دەوڵەتی عەرەبی هاوسەردەم، تا ئێستە، شەریعەتی ئیسلامی، کرۆک و بەردەوامی مانەوەیەتی لە زۆربەی دەوڵەتاندا، ڕەنگە ئەو دابڕانە مێژووییەی ئەرگۆن باسی دەکات، زۆر دوور بێ و پێ ناچێ وا زوو ڕوو بدات، تەنانەت لەو دەوڵەتانەشدا کە لە تێڕوانینی ئاینیی دەوڵەتدا، بڕێک چوونەتە پێش، وەک تورکیا کە لە نێوان ئیسلام و عیلمانیەتدا ئەمبەر و ئەوبەرێتی.

سیمای زۆربەی یاساکان لە بەشی هەرە زۆری دەوڵەتانی ئیسلامیدا، ئیسلام بە"ئاینی دەوڵەت" دادەنێن، لە هێندێکیاندا سەرچاوەی بنچینەیی یاسادانانە، بگرە لەوەش زیاتر، لە هێندێک دەوڵەتدا، قورئان بۆ خۆی دەستوورە. سەرەڕای ئەوەی پێویستە دەوڵەت بێلایەن یان نابێ ئاینێکی دیاریکراوی هەبێ، ئاین، پێناسەی تاکە، وەک چۆن ئیسلام پێناسەی موسڵمانانە، مەسیحیش، پێناسەی مەسیحییەکانە، بۆیە پرسەکە پێویستی بەلێکجیاکردنەوەیەک هەیە بێ تێکەڵکردن و بێ زۆرەملێ.

کاتێک ئەوروپا پێی نایە قۆناخی جیاکردنەوەوە، لە ناوچەی عەرەبیدا تا ئاستی لێتێکچوون، ئاین و دەوڵەت بەتێکەڵی مانەوە، هەروەها دەسەڵاتی دنیایی و دەسەڵاتی ئاینی، بێ ئەوەی ئەو تێکەڵییە کۆتایی بەدابەشبوونی خێڵەکی و ناوچەگەرێتی بێنێ، وەلێ ئاین، وەک هۆکارێکی بنچینەیی کۆمەڵەکانی پێش قۆناخی دەوڵەت و لێکەوتەوە بەرابییەکانی دەوڵەتبوون مایەوە.

ئەوروپا و ڕۆئاوا بەگشتی، نەخاسمە پاش شۆڕشی فەرەنسایی ساڵی ١٧٨٩، پێشڤەچوونێکی گەورەی لە بوارەکانی ئازادی و یەکسانی و مافەکانی مرۆڤدا بەخۆوە بینی. ئەوەی نووسینەکانی ڤۆڵتێر، نەخاسمە لەبارەی لێبووردەییەوە، نووسینەکانی مۆنتسکیۆ، نەخاسمە کتێبی "ڕوحی یاساکان"، نووسینەکانی جان جاک ڕۆسۆ و تیۆرییەکەی "تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی"، زەمینەیان بۆ خۆش کرد، ئەویش بەزەوینەسازی ژینگەیەکی ڕۆشنبیری بۆ شۆڕش، تەنانەت پاش دووسەت ساڵ، لە دنیای عەرەبی و ئیسلامیدا، هێشتە زۆربەی کۆمەڵگەکان لە قۆناخی پێش دەوڵەتدان و لە دەرکەی مۆدێرنێتەدا وەستاون، ئەمەش، پێویستی بە دووپاتکردنەوەی دوو پرس هەیە: پرسی یەکەم، ئەوەی پێی دەڵێین دەوڵەت، تا ئێستە دەوڵەت فشەڵ و لاواز و دەستەپاچەیە، سەرەڕای کاریگەریی خراپی سەردەمی کۆلۆنیالی، هێشتە ئیرادەیەکی دەستەجەمعیی سیاسی نەهاتووەتە ئارا تا هەمووان بەها و بنەواکانی لێبووردەیی بسەلمێنن و بڵاو ببنەوە و ڕێزیان لێ بگیرێ.

لێرەدا، پرسی دەوڵەت، بابەتی شەرعییەت دێنێتە پێش، نەخاسمە پێوەندیی فەرمانڕەوا و هاووڵاتی، ئەو پێوەندییەی پێویستی بەمەرجەعییەتێکی دیاریکراوی ڕوونی جارانێک سەروو دەستوورەوە هەیە، لە تەک جێکردنەوەی بنەوا بنچینەییەکانی لەناو دەستووردا، ئەو مەرجەعییەتە، لە بەها مرۆڤانییە هاوبەشەکاندا بەرجەستە دەبێ. شەرعییەت Legitmacy کە

بابەتێکی بنچینەیی بابەتگەلی زانستی سیاسەت و سیستمی سیاسییە بەتایبەتی، لەبەرئەوەی پێوەستە بەپرسی چۆنیەتی پێڕەوکردنی سیاسەت لە کۆمەڵگەدا، دواتر بەپێوەندیی دەسەڵات و خەڵکەوە.

ناوەڕۆکی شەرعییەت جۆراوجۆر بووە، هەروەها کەرەسە و ئامانجەکانی. ڕۆژگاری شەڕی سارد و ململانێی ئایدیۆلۆجی و لە سایەی دوو جەمسەریدا، چەمکی "شەرعییەتی شۆڕشگێڕانە" باوی بوو، با سەردەمانێکی ڕاگوزەر، ئەم شەرعییەتە پاساوێکیشی هەبووبێ، وەلێ ستەمکارانە چەندان دەیەی خایاند، بەشێوەیەک، ئەو شەرعییەتە، هەموو مانایەکی لەدەست دا و گۆڕا بۆ جەور و قۆرخکردنی دەسەڵات و ڕێگرتن لە ماف و ئازادییەکان.

پرسی دووەم، ڕۆشنبیریی گشتی و تاکەکان، هێشتە لەخوارە، ئەگەر نەڵێین هێندێک جاران لە هەردوو ئاستدا هەر نییە، ئەم بارە، لەلایەن کۆمەڵە دەمارگیر و توندڕۆکانەوە دەقۆزرێتەوە سەبارەت بەتێڕوانین بۆ ئەوی تر، جا ئەوروپاییە، ڕۆئاوایی، غەیرە عەرەب یان غەیرە موسڵمان بێ، واتە؛ ئەوی تری جیاواز، مەسیحی، جوو، سابیئی، ئێزیدی، غەیرە عەرەبی، کورد، تورکمان، ئەمازیغی و بەم شێوەیە.

تا ئێستە، ئەم کولتوورە لە بواری یاسا، کۆمەڵایەتی، ئاینیدا باڵادەستە و ژینگەی کولتووریی گشتی پێک دێنێ، کە لە ڕووی یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە بەیەکسانی مامەڵە ناکات لە تەک پێکهاتە جۆراوجۆرە کولتووری و نەتەوەی و ئاینییەکاندا و بەچاوی خوارتر سەیریان دەکات، ئەگەر ئەم دیاردەیە، بەشایستەییەوە دیاردەیەکی عەرەبی ئیسلامی بێ، ڕۆئاواش لێی بێبەری نییە، لەوێش، تێڕوانینی ڕەتکردنەوە و ڕیشەکێشکردنێکی توندڕۆیانە باڵادەستە، سەرلەبەری کولتووری عەرەبی و ئیسلامی لە ئاینێک و ڕێنوێنییەکانیدا، کورت دەکرێتە، لە کاتێکدا، ئەو کولتوورە، پێناسەی شارستانیەتێکی ڕەگاژو و دوور و درێژە، بەچاوپۆشین لە نەتەوە و زمان و ڕەگەز و بنەچەی کۆمەڵایەتی و ئاراستەی سیاسی.

لەلایەکی ترەوە، کاتێک باڵە ئیسلامی و ئیسلامەوییەکان سەرلەبەری بەهاگەلی نوێگەری و دیموکراسی و لیبرالی و عیلمانی، بەکوفر دەزانن و بەبەهاگەلێکی ڕۆئاوایی ناو دەبەن، ئەمە، بەرەو دوو ڕێگەی هەڵە دەچێ: دەمارگیری یان ڕۆئاواییبوون، کە لێبووردەییان تێدا نییە، وەلێ جیاوازیی ئێمە و ڕۆئاوا زۆر فرەوانە، لەوێ، یاسا و ڕێسایەک هەن پشت بەلێبووردەیی دەبەستن، با لێرە و لەوێ برێک ڕێوشوێن و ئاراستەگەلی دەمارگیر و توندڕۆیش هەبن، لە کاتێکدا لای خۆمان، تا ئێستێ، زۆر دوورین لە بەها و بنەواکانی لێبووردەیی[٩].

بەپشتبەستن بەو ئاراستەگەلە توندڕۆیانەی ڕۆئاوا، ساموئێل هینتینگتۆن، بیرۆکەی "پێکدادانی شارستانییەکان"ی داڕشت، ئەوەش لە سۆنگەی خوێندنەوەیەکی هەڵە بۆ پێوەندییەکان، کاتێک دەڵێ: پێوەندییەکانی نێوان ئیسلام و مەسیحی، زۆربەی کات، ئاڵۆز بوون، ئەمەش بەگوێرەی پەرەسەندنی دانیشتووان و هەوڵەکانی ڕۆنانی ناوچە ئیسلامنشینەکان و دەستێوەردانی ڕۆئاوا و

هەرەسهێنانی کۆمۆنیزم و جیاوازیی پێناسەکان. پێش ئەویش، فرانسیس فۆکۆیاما، باسی لە کۆتاییی مێژوو کرد[١٠].

بەداخەوە تا ئێستە موسڵمانان، نەخاسمە ئایدیۆلۆجییەکان، ئیسلامەوییەکان یان خۆبەئیسلامزانەکان، خۆ لە دارەتی مێژوویان نادەن، بەباش و خراپییەوە، ئەوانە مێژوویان وەک ئەوەی خۆیان مەبەستیانە دەوێ، بەتایبەتی برێک پیاوانی ئاینی، تا مێژووەکە بخەنە خزمەت ئامانجە کەسێنییەکانەوە، خۆیان لە هەرچی بناوانی لێبووردەیی و بەها ئیسلامییە بەرزەکان نەبان دەکەن، ئەو لایەنە، لایەنە گەش و رووناکەی مێژووی ئیسلامە، کە لەگەڵ رۆحی قورئان و سونەتی پێغەمبەردا دێتەوە، نەخاسمە بەها گشتگیرەکان، ئەوانەی بۆ هەموو شوێن و رۆژگارێک دەبن[١١].

هێندێک جار، بەپێچەوانەوە، دەست بەهەموو ئەو شتانەوە دەگرن کە سەردەمیان بەسەرچووە و بۆ ئێستێ ناشێن، ئەوەش بەبیانگەی وا کە خزمەت بەپێکەوەژیان و هاریکاری و هاوبەشێتی مرۆڤانی ناکات، هەر بەم بیانووەشەوە، بەهۆی ئەو لێکدانەوە و تەفسیرە هەڵانەی دوورن لە لێبووردەیی، رۆئاوا، تانەی دەمارگیری و زێدەرۆی لە هەموو ئیسلام دەدەن.

ئاشتبوونەوە لەگەڵ مێژوو، دەبێتە هۆی ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئێستە، چ لەلایەنی جوگرافیاوە بێ، ئاینی یان بەهاکانەوە. ئەو ئاشتبوونەوەیە، پێویستی بەئاشتبوونەوە لەگەڵ خۆ و ئەوی تردا هەیە، ئەوی تر کە لە نیشتمان یان لەسەر ئەستێرەیەکی پێکەوە دەژین، جا موسڵمانە، مەسیحییە، جووە، چیی ترە، باوەڕدارە یان نا، گرینگ ئەوەیە، مرۆڤێک بێ لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەک یان دنیایەکدا لە تەکماندا دەژی، بێ رەچاوکردنی ئاین، رەنگ، رەگەز، زەچەڵەک، زمان، بنەچەی کۆمەڵایەتی یان ئاراستەی سیاسی، وەک یاسا و رێککەوتننامە و بەڵێننامە ناودەوڵەتییەکان، باسی دەکەن.

ئاشتبوونەوە لەگەڵ خۆ، پێویستی بەگفتوگۆ هەیە لەگەڵ ئەوی تر و پێوەندیی مرۆڤانە لەگەڵیدا، بەگوێرەی ئەو هاوبەش و ناوکۆییە مرۆڤانییانەی کۆمان دەکەنەوە.

## ژینگەی لێبووردەیی[١٢]

ئاخۆ ئێمە لە بەردەم ژینگەیەکی تەندروستی بڵاوکردنەوەی بەهاکانی لێبووردەییداین، یان رێگر و ئاستەنگگەلێک هەن لە پێش کولتووری لێبووردەییدا، نەخاسمە تێگەیشتنی جیا جیا بۆ مانای لێبووردەیی لە ئارادایە؟ بۆیە پێویستە ناوکۆییی هاوبەش بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکەی لێبووردەیی بدۆزینەوە.

لێبووردەیی، واتە؛ وەرگرتنی هەڵوێستی ئەرێنی کە مافی مرۆڤانی و ئازادییە بنچینەییەکانی ئەوانی تر بسەلمێنێ. بەپێی جاڕنامەی یونسکۆ بۆ بنەواکانی لێبووردەیی "لێبووردەیی مانای رێزگرتن و قبووڵکردن و سەلماندنی فرەکولتووریی دەوڵەمەندی دنیا، هەروەها شێوازەکانی دەربڕین و خەسڵەتە مرۆڤانییەکانمان، ئەم لێبووردەییە، بەماریفەت و کرانەوە و پێوەندی و بزاڤی

هزر و ویژدان و بیروباوەڕ دەچەسپێ...". بەم شێوەیە، بەپشتبەستن بەم پێناسەیە، لێبووردەیی، واتە: پێکەوەگونجان بەجیاوازییەکانەوە، ئەمەش، نەک هەر ئەرکێکی ئەخلاقییە، بگرە ئەرکێکی سیاسی و یاساییە، مانای قبوولکردن و دووپاتکردنەوەی بیرۆکەی فرەیی و حووکمی یاسا و دیموکراسی و ڕەتکردنەوەی دۆگماتیزم و دەمارگیری.

لێبووردەیی، مانای ئەوەیە، مرۆڤ لە بیروباوەڕدا ئازادە، ئازادیی بیروباوەڕی ئەوانی تریشی قبووڵە، وەک چۆن جیاوازی، سروشتی شتەکانە، دەبێ جیاوازیی مرۆڤەکانیش لە خەسڵەت و ڕوخسار و بار و زمان و ڕەفتار و بەهاندا بسەلمێنین، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ سەلماندنی مافی ژیان بەئاسوودەیی و دوور لە توندوتیژی و جیاکاری بەهەر هۆکارێکی: ئاینی، نەتەوەی، زمانەوانی، کۆمەڵایەتی، ڕەگەزی، کولتووری یان سیاسی... هتد[١٣].

خۆ ئەگەر وشەی لێبووردەیی وەک وشە و لەفز لە قورئانی پیرۆزدا نەهاتووە، ئەوە وشەگەل و چەمکی نێزیک یان بەمانای لێبووردەیی هاتووە، کاتێک بانگەشەی خەڵکەکە دەکات بۆ: لەخواترسان، ڕاوێژ، پشتگرتنی یەکتری، ئاگالێکبوون، ڕەحم، یەکترناسین، لێکخۆشبوون، لێکبووردن و ناچارنەکردن، کە هەر هەموویان لە خەسڵەتەکانی لێبووردەیین، قورئانی پیرۆز لە چەندان شوێندا، جەخت دەکاتە سەر مافی جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان "والاختلاف آيات بينات"، ئیبن مەنزور، لە "لسان العرب"دا ئاماژە بۆ لێبووردەیی و نەرمینواندن دەکات بەو پێیەی وەک یەکن. فەیرۆز ئابادی، لە قامووسی موحیتدا دەڵێ: نەرمینواندن وەک لێبووردەیی وایە، نەرمی بنوێن، واتە لێبووردە بن. ڕەنگە یەکەمین کەس کە دەستەواژەی لێبووردەیی بەمانای نەرمینواندن بەکار هێنابێ، فەرەح ئەنتوانە لە ساڵی ١٩٠٢دا.

لە جاڕنامەکەی یونسکۆوە چالاکیی زۆر لە پێناو بڵاوکردنەوەی کولتووریی لێبووردەیی ئەنجام دراوە، کتێبگەل دەرچوون، تۆڕ و ڕێکخراوگەلی زۆر دامەزراون، لەناویاندا، تۆڕی عەرەبی بۆ لێبووردەیی[١٤] کە بانگەشەیەکی پیشەییانە و مافناسانەیە بۆ بنەواکانی لێبووردەیی، سەرەڕای ئەوەی لە ئاستی هزری و کردەنیدا، لە نێوان ئێمە و کۆمەڵگە پێشەنگەکانی ئەم بوارەدا، مەودایەکی زۆر هەیە، ئەمەش پێویستی بەچاوخشاندنەوە و ڕەخنە لەخۆگرتنە، نەخاسمە لەلایەن دەستەبژێری هزری دەسەڵاتدار و دەرەوەی دەسەڵات، تا خۆ لە دارەتی بیرۆکەی لێبووردەیی بدەین، لە هەردوو ئاستی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیدا، دەستوپەنجەی لەگەڵ نەرم بکەین، پاش ئەوەی لەلایەنی یاسایی و دەستوورییەوە پەسەند دەکرێ.

ئەگەر باسی باری لێبووردەیی دەکەین لە هزری عەرەبی ئیسلامی هاوسەردەمدا، دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە مەسیحییەت، پێش ئیسلام، بانگەشەی بۆ بەهاگەلی لێبووردەیی کردووە، لە مێژووشدا بووە پاشخانی بزاڤی نوێگەری، ئەوە بوو ڤۆڵتێر بەجوانی خستییە گەڕ و مەیلە مرۆڤانییەکەی بەدەرخست، بۆیە بیرۆکەی لێبووردەیی بەناوی ئەوەوە گرێ درا و بە "باوکی ڕوحی" لێبووردەیی دەناسرێ. ڤۆڵتێر، مژدەی قبوولکردنی مرۆڤی بۆ مرۆڤی تر دەدا، ئاخر هەموومان



هەواڵنامەی کتێب

مرۆڤێکی لاوازین و هەڵە دەکەین، دەبێ لێبووردە بین دەرهەق یەکتری.

لێرەدا، جێی خۆیەتی، یادی مەهاتما گاندی بکەینەوە کە لەو نامەیەی لە بەندیخانەوە ناردی گوزارشت لە لێبووردەیی دەکات، کاتێک دەڵێ: کەیفم بەلێبووردەیی نایە، بەڵام لەو چاکترم دەست ناکەوێ تا گوزارشت لە مەبەستەکەم بکەم. هەمان ئەو بیرۆکەیەی نیلسۆن ماندێلا پاش ٢٧ ساڵ زیندانی، پێڕەوی کرد، ئەو بیرۆکەیەی مەتران جۆرج خزر لە پێشەکی ئەم کتێبەماندا گوزارشتی لێ کردووە کە دەڵێ: لێرەدا نامەوێ پەرێزی ڕۆئاوا پاک بکەمەوە و دەزانم چی نەک هەر بەئیسلام کردووە، بگرە بەکڵێسای ڕۆهەڵاتی.. وەلێ ئەگەر "دوژمنکار" بە هێرشی بەرانبەر (واتە دوژمنکاری بەرانبەر) وەڵام بدەیتەوە، پێگەکانت لاواز دەبن، ئەمەش، بەبڕوای من، باشترین چارەسەر نییە[١٥].

ئەوەی لێرەدا باڵکێشە، بانگەشەکاری لێبووردەیی و بەرهەڵستکاریی ناتوندوتیژ، بکوژرێ. ئەوە بوو مەهاتما گاندی سەرکردەی هیندستان لە ٣٠ی کانوونی دووەم/یەنایەر ١٩٤٨دا بەدەستی توندڕۆیەکی هیندۆسی کوژرا، بەمەش کۆتایی بەژیانی سەرکردەیەک هێنرا کە نێزیک بووبووەوە لە "پیرۆزی" بەلای گەلی هیندستان، بەتێکڕای نەتەوە و ئاین و عەشرەت و چینە کۆمەڵایەتییەکانییەوە. بەو کوشتنە، لاپەڕەیەکی نوێ لە توندوتیژی هەڵدرایەوە کە چەند سەرکردەیەکی تری هیندی بوونە قوربانی، لەوانە، ئەندێرا گاندی کچی جەواهیر لال نەهرۆ و ڕاجیڤ گاندی و هی تر. ڕەنگە یەکێکی تر لە باڵکێشییەکانی مێژوو ئەوە بێ کە ساڵی ١٩٤٨ ساڵی دەرچوونی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، هەر لەو ساڵەدا دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا.

ڕەنگە بکوژەکەی گاندی، بیری لە وەڵامی ئەو پرسیارە نەکردبێتەوە کە ساڵانێک گاندی نیگەران کردبوو تا ڕاستگۆییی خۆی تاقی بکاتەوە، لەو کاتەدا کە سەرقاڵی خەبات بوو لە پێناو ڕزگارکردنی وڵاتەکەیدا: بڵێی توندوتیژی هیچی لێ شین ببێ؟ بێ توندوتیژی و بەلێبووردەیی دەگەینە ئامانجەکانمان؟ گاندی، سەرەڕای ئازار و بێدەرەتانی، ڕێگەی دووەمی هەڵبژارد، وەلێ هەرگیز پێشبینی نەدەکرد لەلایەن هاووڵاتییەکی هیندۆسییەوە لە پشتەوەڕا غەدری لێ بکرێ دوای ئەوەی گەلەکەی ڕزگار کرد.

گاندی، باوەڕی بەناتوندوتیژی هەبوو، هەر لەو ڕێگەیەشەوە توانی گەورەترین ئیمپراتۆرییەت (بەریتانیای مەزن)، ببەزێنێ، ئاخر ئەو پیاوە بێ چەکە نیوچە ڕووتە، بەو خاکەڕاییییەوە، بەو پێوەندییە خۆشەوە لەگەڵ میللەتەکەی، توانی بۆ هەموو دنیای بسەلمێنێ کە یەکێک لە کەرەسەکانی بەرەنگاربوونەوە و موقاوەمەت، بریتییە لە ناتوندوتیژی و لێبووردەیی و بەرەنگاربوونەوەی ئاشتییانە. گاندی، بەردەوام دەیگوتەوە: ئەگەر ڕێگەیەکی باشترم لە لێبووردەیی شک ببردایە ئەو ڕێگەیەم هەڵدەبژارد، وەلێ لەو باشتر نییە.

گاندی، جێدەستی بەهەموو ئەو بزاڤانەوە دیارە کە پێیان دەگوترێ بزاڤەیلی ئاشتییانە، هەر ئەوە بوو وای لە بانگەشەکارانی یەکسانی و مافە مەدەنییەکانی ئەمەریکا کرد، ئەو کەرەسانەی

خەبات هەڵبژێرن کە گاندی دایهێنابوون، مارتن لوسەر کینگ، لەو سەرکردە هەرە دیارانە بوو کە بەگاندی سەرسام بوو.

گاندی، هەر بەباسکردنی ناتوندوتیژی لێ نەگەڕا، بگرە سەلماندی کە خەباتی ئاشتییانە، هەر لە مانگرتن لە خواردن و ناڕەزایی دەربڕینەوە تا ئیعتیسام و لێبووردەیی لەبارییاندایە گەلان بگەیەننە ڕزگاری.

ئەوە بوو، کەسێتییەکی وەک نیلسۆن ماندێلا، سەرکردەی باشووری ئەفریقیا (سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی) کە بیست و حەوت ساڵ زیندانیی چەشت، سەرکردایەتی خەباتێکی ئاشتییانەی کرد بەدژی ڕێژیمی ڕەگەزپەرستی "ئەپارتاید"، دەستی بەلێبووردەیی و خەباتی ئاشتییانەوە گرت، بەمەش، لاپەڕەیەکی نوێی لە خەباتی گەلی باشووری ئەفریقیا هەڵدایەوە و نموونەیەکی گرینگی خستە ڕوو: "عەدالەتی ڕاگوزەر – ئینتیقالی"، کە بریتی بوو لە ئاشکراکردنی ڕاستییەکان و دیاریکردنی بەرپرسیارییەتی و بژاردنەوەی زیانەکان و قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان و چاکسازیی سیستەمی یاسایی و دامەزراوەیی، لە هەموو ئەمانە گرینگتر، بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی لێبووردەیی و پەنانەبردن بۆ تۆڵەسەندنەوە و توندوتیژی.

گاندی، گەیشتە ئەو قەناعەتەی ڕێبازە ناتوندوتیژەکەی برەوی سەندووە، بۆیە دەیگوت ئەوە هەڵبژاردەی گەلە "گەلەکەم چ ڕێبازێکی دەوێ پێیان ڕابگەم، لەبەرئەوەی من سەرکردەیانم"[١٦].

دوای ئەوەش، جاڕنامەکەی یونسکۆ هات "بێ لێبووردەیی ئاشتی چێنابێ، بێ ئاشتیش، نە گەشە ڕوو دەدا و نە دیموکراسی ڕۆ دەنرێ".

ئەگەر لێبووردەیی وەک دەستەواژە بۆ پێشڤەچوونی فەلسەفەی ڕۆئاوایی سەدەی هەژدە و نۆزدە دەگەڕێتەوە، نەخاسمە فەلسەفەی نوێگەری، دوای دەرکەوتن و پێشڤەچوونی مەیلی مرۆڤانیی پشتبەستوو بەعەقڵ لە بەرانبەر لاهووت و غەیبدا، دەستەواژەکە، بەم دواییانە هەرمێنی پەیدا کرد، ئەوە بوو یونسکۆ، لە ساڵی ١٩٩٥ەوە، ڕۆژی ١٦ی تشرینی دووەم/نۆڤێمبەری هەموو ساڵێکی وەک ڕۆژی لێبووردەیی دەستنیشان کرد.

لە دنیای عەرەبدا، لێبووردەیی بەلای زۆرینەوە، هێشتە نەهاتووەتە قبووڵکردن، ڕەنگە بەلای هێندێک لایەنی پەڕاوێزخەر و ڕەتکەرەوەی ئیسلامەوییەوە بە"تۆوێکی ئیبلیسانە" یان "هزرێکی هێنراو"، تەماشای بکرێ، بەتایبەتی دوای ئەوەی تێکەڵ بەبڕێک مەیلی خۆسەپێنەری ڕۆئاواییبوون و پاشکۆیەتی کرا.

لە کاتێکدا خاوەنی ئەو تێڕوانینانە، پەنا بۆ مێژوو دەبەن، بیریان دەچێ کە ئیسلامی سەرەتاکان، نەخاسمە سەردەمی ڕاشیدین، پڕێتی لە لێبووردەیی و خوێندنەوەی ئەوی تر، بەڵام دەیانەوێ خۆیان لەوانە گێل بکەن و بەبالای ڕابردوودا هەڵبدەن تا لە ئێستە ڕابکەن، کە لێوانلێوە لە گوناهبارکردن و حەرامکردن و تاوانبارکردنی ئەوی تر. ئەوی تری، دەرەکی، بیانی، دوژمن، ڕکابەر، وەک خۆبادان بەسەر ئەوی تردا، هەر بۆیە، لێبووردەیی، پێویستی بە"گونجاندنی ژینگەیی"

و "ڕەسەنانـدن – تأصيل (گـێڕانەوە بۆ بنەچەی ڕەسەن)ێکی مـێژوویی هەبوو، تا بکرێتـە کالآ و کـەرەسـەی ئەم سـەردەم و ڕۆژگـارە، بەگـەڕانـەوە بۆ "حـيلفی فـزووڵ" و "دەسـتـووری مـەدینە" و "پێکهـاتنی حـودەیبـيـیـە" و "بەڵگەنامـەی قوسـتـەنتينيـە"، سـەربـاری قـورئانی پـيرۆز و سـوونەتی پێغـەمبەر، وەک ڕێنوێنێک بۆ بناوانگەلی لێبووردەیی، ئەڵبـەت بەدەستنیشانکردنی ئەو ڕووداوانەی نیشـانەی نالێبووردەیین لە مێژووماندا، نەخاسـمە ئەوانەیان کە توندڕۆی و زێدەڕۆی و دەمارگیری و کەنارخسـتن و ڕیشەکێشکردنی بەرانبەریان پێوە دیارە.

## گاندی لێبووردەییەکەی خۆی بەکوشتی دا؟[١٧]

بانگەشـەی لێبـووردەیی لـە هیندسـتـانی هاوسـەردەمـدا، بەناوی مـەهاتما گـاندییەوە لکاوە، ئەو سـەرکـردەیەی هەمـوو ژیانی لە پێناوی ئازادی و ڕزگـاربووندا بەخت کـرد و توانی سـەرکـردایەتی بزاڤێکی جەماوەریيانەی مـەدەنی و ئاشـتییانەی فرەوان بکات لە سایەی ناتوندوتیژیدا تا سـاڵی ١٩٤٧ بەریتانیای مەزنی بەزاند.

گانـدی، لەو باوەڕەدا بوو، دەسـتـەبژێری پارتی کۆنگرەی نیشـتمـانی هیندسـتـانیشی گـەیاندە ئەو باوەڕەی کـە بـانگەشــەی نـاتوندوتيـژی بەرانبــەر دوژمـنکاری و جــەور و سـتــەمی بەریتــانیــا و پێـڕەوکردنـی سـيـاسـەتگەلێکی ئاشـتـیـيانە و مـانگرتن لە نانخـواردن، تاکـە ڕێگەن بۆ ڕزگـاری، لەبەرئەوەی گاندی خۆی لەو باوەڕەدا بوو، خـەباتی ئاشـتـيـيانە، گونجـاوترین جۆری خـەباتە بەدژی توندوتيـژی، ئـاخـری خـەباتی دوور لە توندوتيـژی سـەردەکـەوێ، نەک بەرەنگاربوونـەوەی توندوتيـژی بەتوندوتيـژی، بگرە بەپێچـەوانەکەی، هەر ئەوەش سـەرچاوەی هێـز و توانای بوو، وەک خـۆی پێی وابوو[١٨].

سـەرەڕای ئەوەی گاندی پێی وابوو کـە ڕێبـازیی لێبـووردەیی "ڕاسـترین و نموونەييـترين" ڕێبـازە، وەلێ وەک خۆی دەیگوت، لەو باشـتری نەدیووەتەوە، بۆیە ناتوندوتيـژی و لێبووردەیی و موقـاوەمەتی ئاشـتییانە و مـەدەنییانەی هەڵبژارد، هەر ئەوەش بووە ڕێبـازی گشـتیی هیندییەکان و بەریتـانیـای ناچار کرد دەست لە هیندستان هەڵگرێ.

وەلێ ئەم ژینگە لێبـووردەیە، کاردانەوەگـەلێکی نالێـبـووردەی لای توندڕۆیان و دەمـارگيـران و دوژمنانی لێبووردەیی لێ کەوتەوە، ئەوانـەی پێيـان وابوو، دەرفـەتە ڕێباز و سـياسـەتەکـانيـان بەرنە پێش، ئەو سیاسـەتەی، یەکەمین و گەورەترین لێبووردەی لە مێژووی هیدستاندا کردە قوربانی، هەر ئەم ڕووداوە سەلماندی، بڵاوبوونەوە و جێگیربوونی بەهاکـانی لێبووردەیی، ژینگە و کـەڵەکەبوونێکی مێژوویی و پێشـڤەچوونێکی درێژخایەنـی گەرەکە، ئـاخـر کۆمـەڵگە ئەوروپایی و ڕۆئاواییـیـەکان کە گەیشـتـوونەتە کەناری لێـبـووردەیی، سـاڵانێکی دوور و درێژیان لە شـەڕ و کـوشـتـار و قـڕکـردنی یەکتریدا بـەسـەر برد، ژان و ئازارەکـانیـان زۆر بوون، وەلێ بەعـەقڵانیـیـەت و ئازادی و نـاوکۆیيـیـە مرۆڤـانی و مەدەنییەکان، توانییـان ڕێگر و ئاسـتـەنگەکانی بەردەم چەسـپینی لێبووردەیی نەهـێڵن،

توانییان لێبووردەیی، لە ڕەهەندە ئەخلاقییەکەیەوە بگوازنەوە بۆ ڕەهەندە یاسای و کۆمەڵایەتی و ئاینی و نەتەوەی و سیاسییەکانی، نەخاسمە لەناو خۆیاندا، ئەمەش کەلەبەرێکە لە پێوەندییە ناودەوڵەتییەکاندا ماوەتەوە، بەتایبەتی دەرهەق دەوڵەتانی هەژار و پەرەئەستێن.

لێرەدا جێی خۆیەتی بەهاگەلی لێبووردەیی بێنینەوە یادی خۆمان کە ڕوویەکی هەرە گەشی سەردەمی محەمەد بوو، نەخاسمە لە ڕووی ڕێزگرتنی مافەیل و دانانان بەفرەیی و مافی جیاوازیدا، لە هەردوو باری کردەنی و تیۆرییدا، وتەکەی محەمەد پێغەمبەر (د.خ) سەروەختی فەتحی مەکە، مانا و ئاماژەیەکی گرینگە بۆ ئامادەکردنی ژینگەیەکی لێبووردە، کاتێک ڕووی کردە دیلەکان و پێی گوتن: "بڕۆن ئێوە ئازادن" وەک زەوینەسازییەک بۆ لێبووردنی گشتی، ئەو لێبووردنەی هەر پێغەمبەر خۆی ڕای گەیاند: "ئەوەی چووە ماڵی ئەبوسوفیان، لە ئەماندایە".

هەر هێندە نا، بگرە حیلفی فزووڵی هێشتەوە کە برێتی بوو لەوەی خانەدانانی مەکە لەناو خۆیاندا بەڵێنیان دابوو پشتیوانی لە زوڵملێکراوان بکەن (هی خۆیان یان بیانی) و مافەکەی بۆ بگێڕنەوە، هەروەها دەستووری مەدینە و پێکهاتنی حودەیبییە، هەموو ئەو ڕێبازەش کە خەلیفەکانی ڕاشیدین لە ماوەی نێزیکەی چل ساڵدا پێڕەویان کرد[١٩].

وەلێ هەموو ئەو ژینگە لێبووردەیی ئەوێ ڕۆژێ، نەبووە ڕێگرێکی تەواو لە بەردەم دوژمنانی لێبووردەییدا ژینگەکە بۆ مەرامی خۆیان نەقۆزنەوە و زەبری خۆیان نەوەشێنن تەنانەت لە خەلیفەکانی ڕاشیدین خۆیان، ئاخر سێ خەلیفەیان: عومەر و عوسمان و عەلی، بوونە قوربانی غەدر و تەڵەکەبازی، سەرباری فەرتەنە و شەڕوشۆڕی خۆبەخۆ، کە زەبری کوشندەی گەیاندە گیانی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی موسڵمانان.

ژینگەگەلی لێبووردەیی کە سەرکردە مێژووییەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، نەیتوانی ڕێ لە پیلانی نالێبووردان بگرێ، کە زۆر بەو ژینگانە تەنگەتاو بوون، ئەوە بوو هەلومەرجەکەیان دەقۆستەوە تا بگەنە مەرام و نیازی خراپی خۆیان.

ئەو ژینگە لێبووردەیەی زەوینەی سەرکەوتنی هیندییەکان بەسەر بەریتانییەکاندا ساز کرد کە گاندی سەرکردایەتی دەکرد، هەر ئەو ژینگەیە ڕێی بۆ فاتورام گۆدسی خۆش کرد تا لە ٣٠ی کانوونی دووەم/یەنایەری ١٩٤٨دا تاوانی کوشتنی گاندی ئەنجام بدات.

لە دوا سەردانمدا بۆ هیندستان هەوڵم دا سەرلەنوێ لە ئاست دیاردەی نالێبووردەییدا، کە کاردانەوەی ژینگەی لێبووردەییە، هەڵوەستەیەک بکەم، ئەو پرسیارە گەورەیەی ئێستێ و سێ دەیەیە باس دەکرێ، نەخاسمە پاش ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلوول/ سێپتەمبەر ٢٠٠١: چۆن لەگەڵ نالێبووردەکاندا ڕەفتار بکەین؟ دیسان لێبووردانە، یان هیچ چار نییە دەبێ زۆر بەتوندوتۆڵی بەرەنگاریان ببینەوە و ڕێیان لێ بگرین؟ بەڵام کارڵ پۆپەر، پێی وایە ناشێ نالێبووردەیی ببێتە بەهانە بۆ دوورکەوتنەوە لە بەهاکانی لێبووردەیی، ئەگەر نا، بیانگە زۆر دەبن بۆ ڕەتکردنەوەی بەهاکانی لێبووردەیی[٢٠].

مێژووی هیندستان کە بەلێبووردەیی نەخشاوە، پێکەوەژیانێکی سەرنجڕاکێشی نەتەوە و زمان و ئاینگەلی تێدایە، لەوێ، هندۆس و سیخ و بودی و مەسیحیگەل دەژین، نێزیکەی بیست و سێ زمانی فەرمی و زیاتر لە هەزار شێوەزار هەن، لە وڵاتێکدا کە دانیشتوانەکەی، دەوروبەری ملیارێک و بیست ملیۆن کەسە (بەگوێرەی ئامارێکی فەرمی تا ڕۆژی ٢٠١١/٧/١٥، ژمارەی دانیشتووانی هیندستان ملیارێک و دووسەت و نەوەت و شەش ملیۆنی تێپەڕاندووە – وەرگێڕ)، لە چوارچێوەی سیستەمێکی فیدرالی فرەیی دیموکراسیدا کە لە بیست و پێنج هەرێم پێک هاتووە، هاوکات، ژینگەیەکی نالێبووردە هەیە کە پڕێتی لە دەمارگیری و توندڕەوی و توندوتیژی.

گاندی، تاکە قوربانی نەبوو، دوای ئەو، ئەندیرا گاندی و ڕاجیڤ گاندی، بیانووەکانی بکوژەکەی، سیاسەت ناتوندوتیژەکەی بوو، چ نەبێ بکوژەکە خۆی وای ڕاگەیاند، بۆیە دەشێ بڕێک بیانووی تری ڕانەگەیەندراوی بۆ زیاد بکەین: هەڵوێستی گاندی بەرانبەر یەکەتیی هیندستان کە بەریتانییەکان گەمەیان پێ دەکرد، پاساوەکەشی، هۆکاری بنەوایی و نیشتمانیانە بوو کە دوور نەبوون لە باوەڕبوونی بەلێبووردەیی، ئاخر کاتێک دابەشبوونەکە قەوما، هانی موسڵمانانی دەدا کۆچ نەکەن بۆ بەشی پاکستان، هانی هیندۆسییەکانیشی دەدا لە تەک موسڵمانەکاندا پێکەوە بژین و پەنا نەبەنە بەر توندوتیژی، ئەو سیاسەتە لێبووردەیە، جێی ڕەزامەندی هێندێک سەرکردەی هەردوو لا نەبوو.

## تۆوی نالێبووردەیی لە هیندستان[٢١]

پاش شەش دەیە (ئەڵبەت لە عەرەبییەکەیدا نووسەر دەڵێ پاش سی و ئەوەندەساڵ – وەرگێڕ) لە کوشتنی گاندی دامەزرێنەری هیندستانی نوێ و سەرکردەی یەکەمی سەربەخۆیی، پیاوکوژێکی تر، جاسفیر ناوێک، خاتوو ئەندیرا گاندی کوشت، جاسفیر، پیاوێکی سیخی و گیانپارێزی خاتوو گاندی بوو. ئەندیرا گاندی، کچی جەواهیر لال نەهرۆی سەرکردەی هیندستان و یەکێک لە سەرکردەکانی بزاڤی بێلایەنیی ئیجابی کە دواتر بووە بزاڤی دەوڵەتانی بێلایەن و کۆنگرەی باندۆنگی ساڵی ١٩٥٥بوو، ڕەنگە ناوی ئەندیرا گاندی باشترین بەڵگەی لێبووردەیی بێ، ئاخر ئەو کچی نەهرۆ بوو، لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، خوێندنی لە زانکۆی ئۆکسفۆردی بەریتانیا تەواو کردووە و لەوێ حەزی لە کوڕە هاوپۆلێکی موسڵمانی فارسی خۆی کرد بەناوی فەیرۆز غەفار، ئەڵبەت ژینگەی باوی نالێبووردەیی ئەوێ ڕۆژێی هیندستان، ڕێگەی نەدەدا ئەندیرا و غەفار بۆ یەک بن، بۆیە ئەندیرا، کێشەکەی خۆی لای باوکی و گاندی باس کرد، هەر بۆیە گاندی، پاش ئەوەی عەقڵی کوڕەکەی گرت و وەک باوەڕبوونیش بەیەکسانیی مرۆڤگەل و بەهاکانی لێبووردەیی، نەخاسمە خۆی بەبابی تێکڕای هیندییان دەزانی، نازناوی خۆی "گاندی" بەو گەنجە موسڵمانە بەخشی، لەم ڕێگەیەوە، ئەندیرا و فەیرۆز غەفار (گاندی)، بەیەکگەیشتن و ناوی ئەندیرای کچی نەهرۆ بووە، ئەندیرا گاندی.

هۆکاری کوشتنی ئەندیرا گاندیش هەر نالێبووردەیی بوو. ئەو ڕۆژگارە، سیخەکان داوای سەربەخۆیی هەرێمی "بینجاب"، ئەو هەرێمەی پێی دەگوترێ "بلووستان"یان دەکرد، داواکارییەکیان بەو مانایە، پێشکێشی ئەندیرا گاندی کرد، ڕەتی کردەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سیخییەکان پشێوی و توندوتیژییەکی زۆر بەرپا بکەن، نەخاسمە دەرهەق بەهیندۆسییەکان، ئەندیرا گاندی، ناچار بوو لە ئۆپەراسیۆنێکدا کە ناوی بلووستانی لێ نرا، بەرەنگاریان ببێتەوە، نەخاسمە دوای پەناگیرییان لەناو "پەرستگەی زێڕین"ی بینجابدا، شەڕوشۆڕێکی زۆر قەوما، مەدەنیی زۆر کوژران، هەرچەندە لە سەرەتادا ئەندیرا گاندی دوودڵ بووە لەوەی پەلاماری پەرستگەکە بدات، وەلێ دواتر ناچار فەرمانی دا، هێرش بکرێتە سەر ئەو سیخییانەی لە پەرستگەکەدا بوون کە بەلای ئەندیرا گاندییەوە، هۆکاری کێشەکە بوون و دەبوو ئەنجامەکانیشی لە ئەستۆ بگرن.

کوشتنی یەک لە دوای یەکی سەرکردە هیندییەکان، شایانی تێڕامانە، وا دیارە تۆوی نالێبووردەیی تا ئێستێ لەناو کۆمەڵگەی هیندستاندا بەهێزە، لەوێ، هەر کاتە ناکاتێک، شەڕ و ئاشووب سەر هەڵدەداتەوە، نەخاسمە لە نێوان موسڵمانان و هیندۆسییەکاندا، ئەو تۆوە پیسەی بەریتانییەکان پێش ڕۆیشتنیان لەناو ئەو وڵاتەدا چاندیان.

ئەندیرا گاندی، هەوڵی دا حزبی کۆنگرەی نیشتمانیی هیندی بباتە سەر ڕێبازەکەی خۆی و بانگەوازی سیاسەتی ناتوندوتیژ و لێبووردەیی بکات، ئەو حزبە، لە ١٨٨٥دا، لەسەر دەستی دادا بەهای نرووجی، ئەو سیاسەتوانەی نەوەی خەزانێکی دەوڵەمەند بوو، هاتووەتە دامەزراندن، نرووجی، خوێندنی لە بەریتانیا تەواو کرد، پاشان بووە سەرنووسیاری ڕۆژنامەی "ئازادیی هیندستان"، ساڵی ١٩٢٠، گاندی، چووە پاڵی کە دواتر بووە یەک لە دیارترین دامەزرێنەرانی فەلسەفەی ناتوندوتیژی، نەخاسمە پاش گەڕانەوەی لە باشووری ئەفریقیا کە ماوەی بیست و یەک ساڵ ژیانی لەوێ بەسەر بردووە و چەندان جاریش بەند کراوە.

گاندی، کۆلێجی مافی زانکۆی ئۆکسفۆردی تەواو کردووە، بانگەوازەکەشی دادەنرێ بەڕێبازێکی سیاسییانەی دەگمەن کە عەقڵانییەت و واقیعیبوونێکی زۆری پێوە دیارە. گاندی، باجی "خوێیانە"ی قۆستەوە کە بەریتانییەکان بەسەر هیندییەکانیاندا سەپاند بوو، تا بانگەوازی ڕابوونێکی جەماوەری بدات و هانی هاووڵاتییانی دا چیی تر خوێیانە نەدەن، داوای لە ئافرەتان کرد دەست بەکولتووری وڵاتەکەیانەوە بگرن لە ڕێی پۆشینی جلوبەرگی میللییەوە، بناخەی بزاڤەکەی برێتی بوو لە پێڕەوکردنی شێوازی خەباتی ناتوندوتیژ و پەنا نەبەنە بەر کوشتنی بەریتانییەکان و هەموو کات دووپاتی دەکردەوە: "ڕاستی ڕۆژێک هەر سەردەکەوێ".

ئەگەر بەریتانیا ناچار بوو دان بەسەربەخۆیی هیندستاندا بنێ، لێ مینێکی گەورەی لەناو دانیشتووانەکەیدا نایەوە، نەخاسمە لە نێوان هیندۆس و موسڵمانەکاندا، ئەمەش پاڵی بەهێندێک سیاسەتوانی پاکستانییەوە نا داوای سەربەخۆیی بکەن، لەوانە "محەمەد عەلی جەنەت"(محەمەد

عەلی جەناح کە لە مێژووی پاکستاندا بەدامەزرێنەری دەوڵەتی پاکستان دادەنرێ – وەرگێڕ)، کە لەلایەن توندڕۆیانی ئیسلامییەوە پشتیوانی دەکرا، بەهۆی ئەو توندوتیژییەی لە سەروبەندی سەربەخۆبووندا دەرهەق بەموسڵمانان کرا، ئەڵبەت بەریتانیا لەو شەڕ و ئاشووبە دوور نەبوو، سیاسەتی ئەو کاتی بەریتانیا، ڕەنگە ئێستەش برێتی بوو لە "پەرتکە و زاڵ بە"[٢٢].

کاردانەوەی سەرکردەکانی هیندستان وەک سەردار بەلب بەهاتی باتێل و تا ڕادەیەکیش جەواهیر لال نەهرۆ، ملدان بوو بۆ واقیعەکە، ئاخر ئەگەرچی دژی دابەشبوونەکە بوون، وەلێ ملیان بۆ واقیعەکە دا و زانییان لەوە زیاتر ناکرێ، لە کاتێکدا گاندی، سوور بوو لەسەر پێکەوەژیان و دژایەتی دابەشبوون، بۆیە تا ئێستا کێشەی کشمیر پاش تێپەڕبوونی ئەوەندە ساڵە هەر گەرمە.

مارکس و ئەنجلز، لە پەنجاکانی سەدەی هەژدەدا (ڕاستییەکەی نۆزدەیە – وەرگێڕ) باسیان لە شەڕی سەربەخۆیی هیندستان کردووە، بەتایبەتی ڕاپەڕینی فیلۆر لە ساڵی ١٨٠٦دا و ئەوەشیان بەڕابوونی ڕۆهەڵات ناو برد، سەرباری هیندستان، باسیان لە "چین"یش کردووە. مارکس، لە ساڵانی نێوان ١٨٥٧ – ١٨٥٩دا لە ڕۆژنامەی "نیویۆرک دەیلی تریبیون" باس لە هەستانەوەی هیندستان و چین دەکات و گەیشتە ئەو بەرەنجامەی، سەرکەوتن بەسەر کۆلۆنیالی بەریتانیادا، چارەنووسی ئۆلیگارشی بەریتانیا دیاری دەکات، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی تێکوپێکدانی پێوەندییە ئابوورییە دەرەبەگایەتییەکان و بەباشە بۆ ئەورووپا دەکەوێتەوە. ئەوە بوو، سەربەخۆیی هیندستان و بەدوای ئەویشدا گەلانی تری ناوچەکە، بووە سەرەتای ئاوابوونی ڕۆژی ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیا.

مێژووی نالێبووردەیی لە هیندستان، دوور و درێژە، ئەوە بوو پاش مردنی هاوسەری شای شایان شاهجان"ئالجۆ مان بانۆ" کە نازناوی "مومتاز زەمان"ی هەبوو، شاهجان، کۆشکێکی بەناوی کۆشکی سوور لە ئەکرا و یەکێکی تری لە دەلهی بنیات نا، بەڵێنی دا تا ماوە ژن نەهێنێتەوە، وەلێ لە گەرمەی فەرمانڕەواییدا، کوڕەکەی خۆی گرتی و لە کۆشکەکەیدا بەندی کرد تا مرد.

لە یاوەرە گەنجەکەمم پرسی، چۆن دەڕوانێتە گاندی و سیاسەتی لێبووردەیی، وەڵامی دامەوە، گاندی، پیاوێکی مەزن و سیمبوولێکی گەورەیە، وەلێ هزرەکانی میسالی و ئایدیالی و ناواقیعین و جێبەجێ ناکرێن، ئاخر ململانێکان بێ توندوتیژی چارەرسەر ناکرێن، چونکە ئەوەی ماڵ و سامان و دەسەڵاتی هەیە، چۆن واز لەو هەموو نیعمەتە دێنێ بۆ فەقیر و هەژار ئەگەر زۆری لێ نەکەی؟ گوتم، مەبەستت ئەوەیە هێز بۆ بەرگرتن لە زوڵم پێویستە یان هەر بۆ توندوتیژی ئەو توندوتیژییەی مارکس بەبزوێنەری مێژوو ناوی دێنێ؟ گەنجە هیندییەکە کە ڕۆشنبیرییەکەی ئاوێتەیەک بوو لە هیندی – ڕۆهەڵاتی و ڕۆئاوایی، دەمی تێکئالا، هەر خێرا گوتم: ماریفەت و زانین، هەر بۆ خۆی هێزە وەک بیکۆن دەڵێ، لەگەڵمای؟[٢٣].

لەو باوەڕەدام، نەهێشتنی نەخوێندەواری، چاککردنی باری ئابووری و گوزەرانی خەڵک، دابینکردنی هەلومەرجی شیاو بۆ کارکردن و گرەنتی تەندروستی و کۆمەڵایەتی، وا دەکەن بەهاکانی لێبووردەیی برەو بسێنن و زەوینە ساز دەکەن بۆ جۆرێک لە دادپەروەری و فرەیی و

خـوێندنەوەی یەکتـر و قبـووڵکردنی جیـاوازی و مـافـی دەسـتگرتـن بەبیـروباوەڕەوە بێ ترس و زۆرەملی، بـەهاکـانی لێـبـووردەییش داوای ئەوەمـان لێ دەکـەن، نـەخـاسـمـە ئەگـەر ئەوانـە لە ڕێی پەروەردە و خـوێندنی تێکڕای قـوتابخـانەکـانی خـوێندنەوە کـرا، سـەرباری دانانـی یاسـا و ڕێسـای پێـویست، ئەڵبـەت مـیدیاش دەتوانێ لەم لایەنەوە ڕۆڵی گـرینگ بگێـڕێ، ئاخـر مـیـدیـا دەکـارێ بەشدارییـەکی بەرچاو بکات لە بڵاوکردنەوەی سەرتاسـەریی بەهاکانی لێبووردەیی، دامـەزراوەکانی کۆمـەڵگەی مەدەنـیش دەتوانن کاریگەرییان هـەبێ لەسەر دەسپێتەبژێری هزری و سیاسی و ئاینی، ڕەنگە ئەرکێکی وا لە هیندستاندا، ئەرکێکی ئاسـان نـەبێ و پێویستی بەکەڵەکەبوونێکی درێژخایەن بێ لە پێناو چەسپاندنی بەهاگەلی لێبووردەیی لە بەرابەر نالێبووردانـدا کە ئەرکەکەیان لە کۆمەڵگە لێبووردەکاندا، ئەرکێکی قورسترە!!

خۆ ئەگەر نەهرۆی دامـەزرێنەری هینـدسـتان، یەکـەمین کـەس بوو ئاڵای نیشـتمانیی وڵاتەکەی لە ١٥ی ئاب/ئۆگـسـتس ١٩٤٧دا بەرز کـردەوە و سـەربـەخـۆیـی هینـدسـتـانـی ڕاگـەیانـد، ئەوە ڕوحی گـانـدی دامـەزرێـنـەر و خـاوەنی فـەلسـەفـەی ناتوندوتیـژی، تا ئێـسـتـەش بـەئاسـمـانـی ئەو وڵاتەوە دەشـەکێتەوە، دوا مـەنزڵگەشـی لە ڕاجات، مـەزاری هیندییـەکان و میوانانیـانە لە هـەموو دنیـاوە، با کەسانێکیش لەگەڵ فەلسەفە ناتوندوتیژەکەیدا نەبن.

## پێنج پایەکەی لێبووردەیی[٢٣]

ئەگەر لێبووردەیی، بەهایەکی شارستـانی و واقیعی ئەم گەردوونە بێ، ئەوا پێـویستی بەپێنج پایەی بنچـینـەیی هـەیە تا بـچـەسـپێ، لـە پێناو دەرچوونی دنیـا لەو دەمـارگـیـری و توندڕۆی و هـەڵـچـوون و توندوتیـژی و تیـرۆریزمـەی تێی کـەوتووە. ئەمـەش، بـەزەوینەسـازییـەکی چاک و قـووڵـکردنـەوەی هۆشیاری ئـەخلاقی و یاسای و کۆمـەڵایەتی، لە ڕێی داننان بەفرەیی و مافی جیاوازی و ڕێزگرتنی بەرانبـەرەوە نـەبێ، سـەر ناگـرێ، چ وەک تـاک، چ وەک کـۆمـەڵ و حـکوومـەت و دەوڵەتان. ئەو پێنج پایەیەی باسی دەکەین، ئەو پایانەن کە بەتایبەتی بۆ دنیای عەرەبی و ئیسلامی پێویستیمانن.

پایەی یەکـەم، ژینگەی تەشریعی و یاسـایی: ئاخر بێ یاسـا و ڕێساگەلێک کە لەلایەک چاودێریی بنەواکانی لێـبـووردەیی بکات، لەلایەکی ترەوە، بەر لـە سـەرپێچیکارانی بگرێ، لێـبـووردەیی نایەتە ئارا، چونکە ئەو سـەرپێـچـیـیـانە کـە دەرهـەق بەئاین، نـەتەوە و کـولتـوورەکـان دەکـرێ، تۆوی نالێبووردەیی دەچێنن و دەبنە هۆکاری پێکهەڵپژان و ناکۆکی و توندوتیژی.

پایەی دووەم، ژینگەی خـوێندن و پەروەردە: بێگومـان، نەبـوونی لێـبـووردەیی لە پرۆگـرامـەکـانی پەروەردە و خـوێندنـدا، نەخـاسـمـە بەکـەمـزانینـی بەرانبـەر، کـاردانەوەی توند و شـەڕوشـۆڕی لێ دەکەوێتەوە، هـەروەها دەبێتە هـۆی سەرهـەڵدانی هـەستی مەزووڵمییەت، نەخاسمە لای پێکهاتە لاواز و مافخوراوەکان.

پایەی سێیـەم، ژینگەی قـەزایی: بەتایبـەتی ئەگـەر قەزا، قـەزایەکی پیشـەیی و سـەربەخۆ بێ و لە

سایەی سەروەریی یاسا و جێبەجێکردنی بنەواکانی دادپەروەریدا کار بکات، لەو کاتەدا، قەزا دەتوانێ ڕۆڵێکی ئەرێنی باش ببینێ لە چەسپینی مافی جیاوازی و یەکسانی و پشتیوانیی مەزڵوومانـدا ببێتە ڕێگر لە مافخواردنی هیچ کەس و پێکهاتەیەک.

پایەی چوارەم، ژینگەی میدیا: ئەمەیان چەکێکی دوو سەرە، میدیا دەکارێ هۆکارێکی یارمەتیدەر و گرینگ بێ لە بڵاوکردنەوەی بەها و بنەواکانی لێبووردەیی و بەپێچەوانەشەوە، واتە؛ بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە و پاساودانەوەی توندوتیژی و تیرۆر.

پایەی پێنجەم، ژینگەی کۆمەڵگەی مەدەنی: کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانێ ڕۆڵێکی ئەرێنی ببینێ لە بڵاوکردنەوەی کولتووری لێبووردەیی، وەک چاودێرێک بەسەر چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی حکوومەت لە بەرانبەر پێشێلکردنی بنەواکانی لێبووردەیی و بەهاکانی، سەرباری ئەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن ببنە "هێزی پێشنیاز"، نەک هەر بەتەنیا هێزی ناڕازیبوون، نەخاسمە ئەگەر توانی پرۆژەگەلێکی یاسا و ڕێسای تایبەت بەتۆکمەکردن و چەسپینی بەها و بنەواکانی لێبووردەیی پێشنیاز بکات لە پێناو پاککردنەوەی پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندن و گوتاری میدیا و ئاین و سیاسەت لە نیشانەکانی نالێبووردەیی، بەتایبەتی ئەوانەی دەبنە پاساوی جیاکاری و نایەکسانی.

جیاوازییە ئاینی و ئەتنی و مەزهەبی و زمانەوانییەکانی دنیای عەرەب، مشتومڕی زۆریان خستووەتەوە، توێژەر هەلی ئەوەی بۆ ڕەخسا لە نزیکەوە مشتومڕەکان و کاردانەوەکان ببینێ، کاتێک بەشداری کرد لە کۆنفرانسی تۆڕی عەرەبی بۆ لێبووردەیی لە دارئەلبەیزا و دیداری ساڵانەی دار ئەلخلیج لە شاریقە و سیمیناری عرووبە و داهاتوو لە دیمەشق، ئەڵبەت تۆڕی عەرەبی بۆ لێبووردەیی، کارێکی چاکی کرد کە سیمینارێکی بۆ بابەتی جۆراوجۆری کولتووری لە کۆمەڵگە فرەییەکاندا تەرخان کرد[٢٥].

ئەو کاتەی ڕێکخراوی یونسکۆ لە خوولی بیست و هەشتیدا، ڕۆژی ١٦ی تشرینی دووەم/نۆڤێمبەری ١٩٩٥ی وەک ڕۆژی دنیایی لێبووردەیی ڕاگەیاند، پشتی بەبڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەی بنەواکانی لێبووردەیی بەست لە شێوەی ١٤ جاڕنامە و بەڵێننامە و ڕێککەوتننامەی ناودەوڵەتیدا، لە پێشیانەوە، بەڵێننامەی ناودەوڵەتی تایبەت بەمافە مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵی ١٩٦٦ کە لە ١٩٧٦ کەوتە واری جێبەجێکردنەوە، هەروەها ڕێککەوتننامەکانی ڕێگرتن لە جیاکاری، نەخاسمە لە پەروەردە و خوێندندا، هەروەها گرێبەستی سێیەمی بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی و جیاکاریی ڕەگەزی، ئەو گرێبەستەی کە لە کۆنگرەی دێربانی دژە ڕەگەزپەرستی ساڵی ٢٠٠١دا، سەرکۆنەکردنی ڕەوتارە دوژمنکارییەکانی ئیسرائیلی وەک ڕەوتارگەلێکی ڕەگەزپەرستانە ناساند، هەروەها گرێبەستی دنیایی بڵاوکردنەوەی کولتووری مافەکانی مرۆڤ، دیسان گرێبەستی دنیایی پشتیوانی دانیشتوانە ڕەسەنەکانی سەرلەبەری دنیا.

ئەڵبەت ئەو مەرجەعییەتانە، سایەیەکی دنیایی بەرزن بۆ بەها و بنەواکانی لێبووردەیی، کەوا

بڕیاره پێوەندییەکانی تاک و دەوڵەت، نێوان تاکەکان خۆیان و نێوان ئەوان و کۆمەڵەکانیش، ڕێک و گرەنتی بکات، جاڕنامەی بنەواکانی لێبووردەیی، دووپاتی دەکاتەوە کە پێویستە ئەو بنەوایانە لەناو دەستوور و یاساگەلدا جێیان بکرێتەوە، دەبێ تاک و کۆمەڵ و دەوڵەتان پابەندیان بن، هەر لەو ڕێیەشەوە، بەها و بنەواکانی لێبووردەیی لە هەردوو لایەنی تیۆریی و کردەنییەوە، دێنە پاراستن.

توندوتیژی، تیرۆریزم، ڕقلێبوونەوەی بیانیان، مەیلی خۆبەگەورەتر زانین و دوژمنکاری، دژایەتی سامیزم، پەراوێزخستن و لاتەریککردن و جیاکاری لەسەر پێناسە، پێناسەی نیشتمانی و ئاینی و ئەتنی و زمانەوانی و ڕەچەڵەک و پەنابەران و کرێکارانی بیانی، هەروەها توێژە بێدەرەتانەکانی کۆمەڵگە، پێشێلکردنی ئازادیی ڕادەربڕین، هەموو ئەمانە، ژینگەیەکی لەباری نالێبووردەیی ساز دەکەن، لەبەرئەوەی هەڕەشەن بۆ سەر ئاشتی و دیموکراسی و لەمپەرن لەب ەردەم گەشەسەندندا، جاڕنامەکەی یونسکۆش هەر وای بۆچووە، جا لە ئاستی نیشتمانیدا بێ یان دنیایی.

بێگومان، داگیرکاری و دوژمنکاری و بەکارهێنانی هێز و خۆسەپاندن بەسەر گەلاندا، نیشانەی نالێبووردەیین، نەخاسمە پێشێلکاریی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی، بەگشتی و تاکەکەسییەوە.

پاش هەموو ئەمانە، لێبووردەیی، وەک لە جاڕنامەی یونسکۆدا هاتووە، واتە: ڕێزگرتن و قبووڵکردن و گونجان لەگەڵ فرەییی دەوڵەمەندیی کولتوورەکانی دنیای ئێمە، هەروەها شێوازەکانی دەربڕین و خەسڵەتە مرۆڤانییەکان. لێبووردەیی، بەماریفەت و پێوەندی و ئازادیی هزر و ویژدان و بیروباوەڕ دەچەسپێ، بریتییە لە پێکەوەژیانی جیاوازەکان، لێبووردەیی، هەر تەنیا ئەرکێکی ئەخلاقی نییە، بگرە ئەرکێکی سیاسی و یاساییە لە پێناو چەسپاندنی بەهاکانی ئاشتی و ڕەتکردنەوەی شەڕ، نەخاسمە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا.

لەلایەکی ترەوە، دوور لە برێک لێکدانەوەی بەرتەسک، لێبووردەیی، مانای سازش و چاوپۆشین نییە بەرانبەر پێشێلکارییەکانی ماف و ئازادییەکان، وەک هەندێک زۆر سادە و ڕواڵەتییانە بۆی دەچن، بگرە نواندنی هەڵوێستێکی ئەرێنییە بەرانبەر مافی ئەوانی تر تا بەهەموو مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان شاد دەبن، بەهیچ پاساوێک ناشێ، بەپاساوی لێبووردەییشەوە، هیچ تاک و کۆمەڵگە و دەوڵەتێک بۆی نییە دەست بۆ بەهاکانی لێبووردەیی ببات[٢٦].

بەم مانایە، بەهاگەلی لێبووردەیی، بێ بەهاگەلی یەکسانی و دادپەروەری و جیاکارینەکردن و مافی بەشداری و قبووڵکردنی ئەوی تر، چێنابن، هەر ئەمەش بوو وای لە کۆمیسیاری جامیعەی عەرەبی بۆ کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی، فاروق عەمد، کرد داوا بکات کە دەبێ جامیعەی عەرەبی هاریکاری چالاکییەکانی لێبووردەیی بکات.

ڕەنگە دەرفەتێکی لەبار بێ کاتێک باس دێتە سەر فرەکولتووری و هزری و سیاسی و نەتەوەی و ئاینی و زمانەوانی و ئەتنی، نەخاسمە لە دەوڵەتە فرەپێکهاتەکاندا، لە پێنج پایەکە: یاساکان، پەروەردە و خوێندن، قەزا، میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی، وەکۆڵین و پلانێکی کارکردنی پێنج ساڵی

داڕێژین، بەرەو خولقاندنی هۆشیارییەکی عەرەبی تازە کە ببێتە هۆی گەشانەوەی بەها و بنەواکانی لێبووردەیی، لە پێش هەمووانەوە، دەستەبژێرانی کۆمەڵگە، لە ئاستی دەوڵەت و کۆمەڵدا، بۆ ئەوەی لێبووردەیی ببێتە هەڵبژاردەیەکی شارستانییانەی پشتبەستوو بەمیانڕۆیی، عەقڵانییەت، نوێگەری، ڕێژەیی، عیلمانییەت، فرەیی و جۆراوجۆری، لە چوارچێوەی مەرجەعییەتێکدا لەلایەک و لەلایەکی ترەوە خەملاندنی پێناسەگەلێکی ئاوێتە و کارلێککەر و بۆچوونگەلێکی وێکنەچوو، لە ڕێی ماریفەت و دامەزراوەیبوون و تواناکانەوە.

## ئامادەکارییەکانی پێشەکی چاپی دووەمی عەرەبی و یەکەمی کوردی

کاتێک میدیاکار بەدران ئەحمەد حەبیب بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ئاراس، داوای کرد کتێبەکەم "لێبووردەیی لە هزری عەرەبی – ئیسلامیدا" لە پاڵ چاپی دووەمی عەرەبیدا، تەرجەمە بکرێ بۆ زمانی کوردی، هەستم بەشانازییەکی زۆر کرد. شانازییەکەم، سێ هۆی هەبوو، یەکەم، نێزیکەی شەش ساڵ بەسەر چاپکردنی کتێبەکەمدا لە خانەی نەهار بەیرووتی تێپەڕیووە، کتێبەکە، بایەخێکی زۆری پێ درا، زۆری لەبارەوە نووسرا، دیمانەی زۆرم لە تەکدا کرا، بووە جێی قسەوباسێکی زۆر، ئەنجوومەنی ڕۆشنبیریی باشووری لبنان کە ئەدیب "حەبیب سادق" سەرۆکایەتی دەکات، سیمینارێکی لەبارەوە ڕێک خست، مەتران جۆرج خزر لە سیمینارەکەدا بەشداری کرد و نووسەر و ڕەخنەگری سووری محەمەد جەمال باروت، کتێبەکەی پێشکێش کرد، کۆڕ کۆبوونەوەی زۆری لەبارەوە ڕێک خرا. نووسەری ئەمەریکایی Ted Thornton کتێبەکەی تەرجەمە کرد بۆ زمانی ئینگلیزی کە تا ئێستەش سۆراخی خانەیەکی دیاری چاپ دەکات بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوەی.

دووەم، کتێبەکە لە عێراق چاپ دەکرێ، نەخاسمە لە کوردستان و لە هەولێری پێتەخت، ئاخر لەوێ دۆستایەتی زۆرم لەگەڵ دەستەبژێرێکی هزری و سیاسی بەرچاو هەیە، سەرباری پێوەندییە ئەکادیمییەکانم، ساڵانی ١٩٩٩ و ٢٠٠٠ موحازەرەگەلێکی زۆرم لە کۆلێجی یاسا و سیاسەتی زانکۆی سەلاحەدین پێشکێش کردووە، پێوەندیی باشم لەگەڵ ئەو زانکۆیەدا هەر بەردەوام بوو تا ساڵی ٢٠١٠ گەڕامەوە و بۆ ماوەی ساڵێکی خوێندن، دیسان موحازەرەم گوتەوە، زیاد لەوەش، زۆربەی خوێنەرانم عەرەبی عێراق و کوردەکانن.

هەرچی هۆی سێیەمە، کتێبەکە لە بابەتێکی گرینگ دەکۆڵێتەوە کە ئێمەی عێراقی لە هەموو کەس زیاتر پێویستمان پێیەتی، مەبەستم لێبووردەییە، نەخاسمە مێژووی هاوسەردەممان هەرچەندی بڵێی توندوتیژ و تەژی پێشێلکارییە، لە سایەی کولتووری کینە و تۆڵەسەندنەوە و هەوڵی لاتەریککردنی بەرانبەر، ئاخر کۆمەڵگەکەمان تا ئەمڕۆ بەدەست شوێنەوارەکانی سەردەمی دیکتاتۆرییەتەوە دەناڵێنێ کە نێزیکەی ٣٥ ساڵی خایاند لە سایەی حوکمڕانییەکی تۆتالیتاری و ڕەوتارگەلێکی ستەمکارانە و شۆڤێنییانە بەرانبەر گەلی کورد کە تووشی ئازاری زۆر بوو بەدەست

نالێبووردەیی و توندوتیژی و سیاسەتگەلی دوورخستنەوە و ڕەتکردنەوە و نەسەلماندنی مافەکانیان، نەخاسمە مافی بڕیاردانی چارەنووس، سەرباری بۆمبارانی کیمیاوی، وەک ئەوەی لە ١٦ – ١٧ی ئادار/مارس ١٩٨٨دا لە هەڵەبجە ڕووی دا و پێنج هەزار قوربانی لێ کەوتەوە، باسی شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال هەر مەکە کە دەیان هەزار هاووڵاتی کوردی تێدا بێسەروشوێن کرا، سەرباری ڕاگواستنی دەیان هەزار دانیشتوانی سیڤیل، هەروەها وێرانکردنی گوند و شار و کۆچپێکردنی دانیشتوانەکانیان بەبیانووی جیاجیا، شاڵاوەکانی ڕاگواستن، دەیان هەزار کوردەیلی فەیلیشی گرتەوە، بەبیانووی بنەچەی ئێرانی و ڕەگەزنامەکانیان لێ سەندرایەوە و گومان خرایە سەر عێراقیبوون و هاووڵاتێتییان.

ئەگەر ئەمە ئەو وێنە نووتەک و نالێبووردەیەی عێراق بێ لە سەردەمەکانی ڕابردوودا، ئیتر چۆن کۆمەڵگە دابەش نابێ و تایەفەگەری برەو ناسێنێ، نەخاسمە لە سایەی ئەو تیرۆر و توندوتیژییەدا کە عێراق لە ٢٠٠٣وە بەخۆیەوە بینیووە، بەو گەندەڵییە دارایی و ئیدارییە و خواردنیماڵی گشتییەی عێراق بەخۆیەوە بینی.

هەموو ئەوانەم هاتەوە یاد کاتێک پێشەکی چاپی دووەمی عەرەبی و چاپی یەکەمی کوردیم دەنووسی، سەرەتای ساڵانی نەوەتەکانیشم بیر هاتەوە کە چۆن گەیشتمە بیرۆکەی لێبووردەیی لە ڕۆژگارێکدا کە باوی نەبوو، بگرە باسکردنی زۆر جاران جێی گومان بوو، نەخاسمە لە سایەی بلۆکبەندییەکی توند و کورتبینییەکی بەرچاودا، بیرۆکەی لێبووردەیی بەتێکپرژاوی مایەوە، تەنانەت بەلای دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیریشەوە، هەروەها بیرم لە دەستپێشخەرییەکەی ڕێکخراوی عەرەبی مافەکانی مرۆڤ لە لەندەن دەکردەوە کە شانازی ئەوم پێبڕا سەرۆکایەتی بکەم، ئەو کاتەی دیدارێکی هزری بەناونیشانی "لێبووردەیی و دەستەبژێری عەرەبی" ساز کرد کە نزیکەی ٥٠ توێژەر و ڕۆشنبیر و مافناسی دەوڵەتانی عەرەبی تێدا بەشدار بوون. دیدارەکە بەبۆنەی دەستنیشانکردنی ڕۆژی ١٦ی تشرینی دووەم/نۆڤێمبەری هەموو ساڵێکەوە بوو بە"ڕۆژی دنیایی لێبووردەیی" بەپێی بڕیاری خوولی بیست و هەشتەمی کۆنگرەی گشتیی یونسکۆ(١٩٩٥)[٢٧].

لە دانیشتنی یەکەمی دیدارەکەدا، پرۆفیسۆر خەلیل هیندی، پرسیارێکی زۆر گرینگی ورووژاند: ئایە لێبووردەیی هەیە تا ئێمە پێنجەمین دیداری بۆ تەرخان بکەین، یان نەبوونێتی وامان لێ دەکات چالاکیگەل ساز بکەین لە پێناو بیرخستنەوەی کرۆکی بنەواکانی لێبووردەیی بەبۆنەی ڕۆژی دنیایی لێبووردەییەوە؟ هەر ئەم پرسیارە ئاوێتە و دووسەرەیە، بووە جێی باسوخواسی زۆربەی بەشداربووانی دیدارەکە، بەبەڵێ و نەخێر، وەک دانپێدانانی واقیعێکی ئازاراوی یان ئومێدخواستن بۆ واقیعێکی تازەی تەژی لە لێبووردەیی.

کۆتاییی دیدارەکە وەک سەرەتاکەی نەبوو، هەشت سەعاتی بەردەوام گفتوگۆ و مشتومڕ کە دواتر ساڵی ٢٠٠٠ لە دووتوێی کتێبێکدا بەناونیشانی "کولتووری مافەکانی مرۆڤ" لە لایەن "پرۆگرامی عەرەبی چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ"ەوە لە قاهیرە چاپ کرا، زۆربەی ئامادەبووانی

دیدارەکە پشتیوانییان دەربڕی بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی لێبووردەیی لە وڵاتانی عەرەبیدا، لەناویاندا، ئەدیب ئەلجادر، ڕاشید ئەلغەنووشی، ڕەغید ئەلسولح، محەمەد بەحرلعلوم، باب- پۆلس مولحیم، خەلیل ئەلهیندی، محەمەد ئەلهاشمی ئەلحامیدی، عەبدولسەلام نوورەدین، لەیس کوبە، سەلاح نیازی، بەهجەت ئەلراهیب، مستەفا عەبدولعال، ئادەم بەقادی، عەلی زێدان، عەبدولحەسەن ئەلئەمین، عەبدولڕەحمان ئەلنعێمی، محەمەد مەخلووف، سەنا ئەلجبووری و نووسەری ئەم دێڕانە و کەسانی تر، داوایان کرد، یەکەم: دووپاتکردنەوەی بەهاکان لێبووردەیی یەکەمین جار لەناو خۆماندا، بێ خیانەتبار و کافر و گوناهبارکردن، بێ حەڵاڵ و حەرامکردن و هۆکاری تری تەریک و ڕیشەکێشکردن و نەخوێندنەوەی بەرانبەر و جۆراوجۆری و جیاوازییەکان و فرەیی.

دووەم: دووپاتکردنەوەی بەهاکانی لێبووردەیی بەرانبەر ئەوی تر، نابێ وەک ڕکابەرێکی خۆمەڵاسدەر یان دوژمنێکی سەرسەخت تەماشای بەرانبەر بکەین تەنیا لەبەرئەوەی جیاوازە. سێیەم: دەبێ بنەواکانی لێبووردەیی لەو بیرۆکە ساویلکانەیە پاک بکرێتەوە کە پێی وایە، لێبووردەیی، لەگەڵ بنەواکانی دادپەروەریدا دژبەرە و بانگێشتنێکە بۆ تەسلیمبوون، یان لەبیرکردنی هەموو تاوانەکانە، بەتایبەتی ئەوانەی لە فەڵەستین و عێراق و لبنان و شوێنگەلی تر، ڕوویان داوە. چوارەم: جەختکردنەوە سەر بنەواکانی لێبووردەیی، مانای چاوپۆشین نییە لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، ئەشکەنجە و دارکاری و ئەتککردن و کۆکوژی و تاوانگەلی تر، ئاخر ئەو تاوانانە، بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار ناسڕێنەوە.

لەوەتەی یونسکۆ جاڕنامەکەی بڵاو کردووەتەوە (١٩٩٥)، چالاکیگەلێکی زۆر لەبارەی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی لێبووردەیی ئەنجام دراون، کتێب و بڵاڤۆکی زۆر چاپ کراون، ڕێکخراو و تۆڕەیلی جۆراوجۆر دامەزراون، لەوانە کۆواری "لێبووردەیی" کە لەلایەن سەنتەری ڕامەڵڵا بۆ مافەکانی مرۆڤ، هەروەها دامەزراندنی "تۆڕی عەرەبی بۆ لێبووردەیی"، کە بووە بانگێشتنێکی پیشەیی و مافناسانەی بنەواکانی لێبووردەیی، هەرچەند ئێمە لە ئاستی هزری و کردەنیدا، هێشتە زۆر دوورین لە بەهاکانی لێبووردەیی لەچاو ئەو کۆمەڵگانەی لەم بوارەدا پێش ئێمە کەوتوون، ئەمەش، چاوگێڕانەوە و ڕەخنە لەخۆگرتنی پێویستە، نەخاسمە لەلایەن دەستەبژێری هزری و سیاسیی ناو دەسەڵات و دەرەوەیدا، تا لە ئاستی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیدا، ئەڵبەت پاش پەسەندکردنی لەلایەنی یاسایی و دەستوورییەوە، خۆ لە دارەتی بیرۆکەی لێبووردەیی بدەین و دەستوپەنجەی لەگەڵ نەرم بکەین.

بەم دواییانە، دەرچوونی ڕاپۆرتی شەش مانگی لەبارەی لێبووردەیییەوە، لەلایەن سەنتەری ڕامەڵڵا بۆ دیراساتی مافەکانی مرۆڤەوە، سەرنجی ڕاکێشام، هێندەی ئاگەدار بم، ئەوە یەکەمین ڕاپۆرتی لەو جۆرەیە لە دنیای عەرەبدا، ڕاپۆرتەکە باس لە ماوەی نێوان، ٢٠٠٨/١/١ دەکات تا ٢٠٠٨/٦/٣٠، بریتییە لە پێشەکییەک و دوو بەش، بەشی یەکەم، بریتییە لە پێناسەکردنی دەستەواژە و چوارچێوەکانی لێبووردەییی ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، پاشان

هەڵوەستەیەکە لەسەر ئازادیی بیروباوەڕ و مافی جیاوازی، ڕەنگە ئەم بەشەی دواییان، بابەتێکی نوێ بێ بۆ ئەو کەسانەی سەرقاڵی بیرۆکەی لێبووردەیین کە لایەنێکی باڵای مافەکانی مرۆڤە.

هەرچی بەشی دووەمی ڕاپۆرتەکەیە: باس لە باری لێبووردەیی دەکات لە ناوچەکانی دەسەڵاتی فەڵەستینی، نەخاسمە پاش لێکترازانی فەڵەستینییەکان و دابەشبوونیان لە نێوان (حەماس و فەتح)دا، کە دوو دەسەڵاتی لێکەوتەوە لە تەک مانەوەی داگیرکاریدا، لە کاتێکدا، ئامانجەکە، دەوڵەتێکی فەڵەستینییە کە ڕێز لە بنەواکانی لێبووردەیی ببەستێ. لەم بەشەدا، باس لە قۆستنەوەی ئاین و نیشانەکانی دەمارگیری و ڕەتکردنەوەی بەرانبەر و ململانێ لەسەر دەسەڵاتی قەزایی و هەوڵەکانی جیاکاری دەکات، لەوێدا، جەخت دەکاتە سەر پرسی ئافرەتان و کێشەگەلی خوێنداری و ناکۆکییە کەسێنییەکان و دەستبردن بۆ ماڵ و موڵکی یەکتری.

لەلایەنە چاکەکانی ڕاپۆرتەکە، تەرخانکردنی پاژێکی تایبەتە بەئازادیی بیروباوەڕ و مافی دەربڕین. پاژەکە بەچەند ڕاسپاردەیەک کۆتایی دێ: دەستکردن بەکاری جیدی بۆ نەهێشتنی نیشانەکانی توندوتیژی و نالێبووردەیی لە هەردوو ئاستی فەرمی و میللیدا، جەختکردنەوە لەسەر مافی جیاوازی و ڕێزگرتنی و داکۆکی لێکردنی، ئەمەش، پێویستی بەفرەوانکردنی پەرێزی ئازادییە گشتییەکان هەیە، لە پێشیانەوە، ئازادیی بیروباوەڕ، ئەمەش، ئاماژەیەکی بەرچاوە کاتێک دەخرێتە پێشەوەی ئەو ئازادییانەی دەویستریێن، هەروەها مافی ئازادیی دەربڕین و ڕێکخستنی سەندیکا و مافی گردبوونەوەی ئاشتییانە و فرەیی سیاسی، پرسەکەش، پێویستی بە پێگەیاندنێکی کۆمەڵایەتی و سیستەمێکی خوێندنی شایستە، پەروەردە و ڕۆشنبیرکردنی سیاسی و حزبی و ئاینی هەیە، دەبێ گوتاری ئاینی ڕێ لە هاندان بەدژی ئەوی تر بگرێ، توندڕۆیی و زێدەڕۆیی ڕەت بکاتەوە. میدیا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕادەسپێرێ ڕۆڵی خۆیان ببینن لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی لێبووردەیی.

ئەگەر باری ئەم ڕۆژگارەی لێبووردەیی بخوێنینەوە، چوار هەڵوێست یان ئاراستەی هزری لە ئارادان:

ئاراستەی یەکەم – ئەوەی پێی دەڵێین "ڕەتکەرەوە"، ئەم ئاراستەیە، هەر باسێکی لێبووردەیی ڕەت دەکاتەوە، لە هەموو ئاستەکانی، ئاینی، هزری، سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتیدا، ناوەخۆی بێ یان دەرەکی (ناودەوڵەتی)، بەپاساوی خاوەنداری حەقیقەت و خۆبەچاکترزانین، هەرچی ئەوی ترە، بەلای ئەم ئاراستەیەوە، هیچ نییە دژبەرێک نەبێ، لە ئاستی ناودەوڵەتیشدا، برێتییە لە کوفر و ئیستکبار.

ئاراستەی دووەم – چاکسازی، برێتییە لە باڵێکی چاکسازیخواز (خۆسازێن – توافقی)، برێک بیرۆکەگەلی بەویستی خۆی پێ قبووڵە تا فریای پێشڤەچوونی ناودەوڵەتی بکەوێ، وەلێ هەر بیری لای هزرە باوەکەیە، ئەگەرچی هەوڵ دەدات، بەپارێزیشەوە بێ، باسوخواسێک لە تەک ئەوانی تردا بکات.

ئاراستەی سێیەم – ئەوەی ناومان لێ ناوە ئاراستەی ڕۆئاوایبوون (تەغریبی)، ئەم ئاراستەیە،

پشتیوانی لە بیرۆکەی لێبووردەیی دەکات و دەیەوێ هەموو شتێک بگرێتەوە، بانگێشتنی دابڕان دەکات لەگەڵ کەلەپوور و مێژوودا، داوا دەکات لێبووردەیی وەک بەهایەکی نوێگەری تەماشا بکرێ کە پێوەندی بەئیسلامەوە نییە، بگرە لێبووردەیی بەدژبەری ئیسلام دەزانێ و پێی وایە، ئیسلام، هانی "توندوتیژی" و "تیرۆر" دەدات، بەگوێرەی خراپتێگەیشتنی ئاراستە ئیسلامەوی و ئیسلامییەکان و هەڵوێستیان بەرانبەر نوێگەری، بێ ئەوەی جیاوازی بکەن لە نێوان ئیسلام و هێندێک تەوژمی سیاسیدا.

ئاراستەی چوارەم، ئەوەی بەئاراستەیەکی بەهادارانەی دادەنێین کە گوزارشتە لەو باڵەی پشتیوانی لێبووردەییە، ئەم باڵە، وەک بەهایەکی باڵا دەڕوانێتە لێبووردەیی، نەخاسمە گرێدانی بەمافەکانی مرۆڤەوە، بێ ئەوەی بەکەمییەوە هەڵسوکەوتی لە تەکدا بکات لە پرسێکی وەک ململانێی عەرەبی – ئیسرائیلی و نکوولێکردن لە مافەکانی گەلی فەڵەستینی، ئاخر لێبووردەیی، مانای کەمتەرخەمی نییە لە بەرانبەر مافەکانی مرۆڤ و بەهاکانی دادپەروەری و پاساودانەوەی بەهەر پەڵپ و بەهانەیەک.

ئەگەر بیرۆکەی لێبووردەیی ئێستا لە ئارادایە و کارلێکی لەگەڵ بیرۆکەی لیبرالیزم و عەقڵانییەت و مەدەنییەت و عیلمانییەت هەیە، وەلێ بنجوبناوانی دەگەڕێتەوە بۆ شارستانی و کولتووری جیاوازەکان، بەشارستانی عەرەبی – ئیسلامییەوە، کەلەپووری ئیسلامی، تەژییە لە بەهاگەلی لێبووردەیی، ئەگەرچی وەک مەترووەیەکی تەواو، بەرهەمی سەردەمی نوێگەرییە، نەخاسمە لە سەدەی هەژدەدا، کە لە سەدەی بیستدا، بەیاسا چەسپێنرا، ئایە ئەمە گریمانەیەک نییە کە لە هەناویدا هاوکات جەدەلییەتی دابڕان و پێوەندیی هەڵگرتووە؟

پەڕاوێز و سەرچاوە و ژێدەرەکان

١–أستخدم مصطلح Tolerence منذ القرن السادس عشر أقرب الى المفهوم السياسي والأخلاقي والسلوكي ازاء الآخر، من المذاهب الدينية، في حين ان استخدامه كمفهوم قانوني Toleration، بدأ بعد اصدار بعض الحكومات الأوروبية في القرنين السادس عشر والسابع عشر مراسيم تدعو الى التسامح وتطلب من موظفي الدولة والسكان تطبيق حكم القانون The rule of low وأن يكونوا متسامحين ازاء الأقليات الدينية مثل أنصار الراهب مارتن لوثر. ومن القوانين التي صدرت في حينها: مرسوم هنري الرابع في فرنسا ١٥٩٨ وقانون التسامح The Toleration الصادر عن ملك انكلترا ١٦٨٩، وكان جون لوك قد نشر رسالته الشهيرة "رسالة في التسامح" تعبيرا عن الثقافة البديلة للتعصب والتطرف الديني التي كانت سائدة والتي دفعت أوروبا بسببها ثمنا باهظا من الحروب والنزاعات وسياسات الاقصاء.

أنظر: النجار، شيرزاد، أحمد، التسامح واللاتسامح في فلسفة هابرماز، مجلة التسامح، العدد٣٢، نيسان/أبريل ٢٠١١.

قارن: Habermas, Juergen _ Intolerence and Diserimination in,Con,VoI.1No1, 2003,pp2-12.

قارن كذلك: لوك، جون، رسالة في التسامح، ترجمة د. عبدالرحمن بدوي، طبعة جديدة، دراسات عراقية،



هەوراز حەیدەر

بيروت، سنة النشر (بلا).

٢- أنظر: شعبان، عبدالحسين، فقه التسامح في الفكر العربي- الاسلامي: الثقافة والدولة، دار النهار، بيروت، ٢٠٠٥، تقديم المطران جورج خضر.

أنظر كذلك: التسامح مثل الريح الخفيفة التي تشبه المطر، صحيفة العرب القطرية، ٢٠١١/٥/١٧.

٣- انظر: اعلان مبادئ التسامح، اليونسكو، باريس، ١٩٩٥.

٤- عاد فولتير في عام ١٧٦٣ وصحح موقفه ليكتب رسالته عن التسامح، التي دعا فيها الى الأخلاقية، ولاسيما القائمة على التسامح الديني بين الشعوب والأمم المتعايشة على أرض الغرب.

أنظر: خالص عبدالرحيم، أي معنى لفكرة التسامح في المتخيل الجماعي للأفراد في "الغرب" و"الاسلام"، مجلة الغدير، بيروت، ٦آذار/مارس٢٠١١.

٥- أنظر: شعبان، عبدالحسين، الاسلام والارهاب الدولي- ثلاثية الثلاثاء الدامي: الدين، القانون، السياسة، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٢.

٦- أنظر: أركون، محمد: "من فصيل التفرقة الى فصل المقال _ أين هو الفكر الاسلامي المعاصر"، دار الساقي، ط٢، بيروت، ١٩٩٥، ص١٢.

٧- أر كون، محمد، المصدر السابق، ص١١.

٨- المصدر السابق، ص١١٢.

٩- قارن: خالص، عبدالرحيم، أي معنى لفكرة التسامح في المتخيل الجماعي للأفراد في "الغرب" و"الاسلام"، مصدر سابق.

أنظر كذلك: مالكي، ا محمد _ مفهوم التأخر التأريخي في المنظومة المعرفية، المجلة العربية للعلوم السياسية، العدد١٨، ربيع ٢٠٠٨، بيروت، لبنان.

قارن: حنفي، حسن- مقدمة في علم الاستغراب، المؤسسة الجامعة للدراسات والنشر والتوزيع، ط١، بيروت، ١٩٩٢

١٠- هنتنغتون، صموئيل، "صدام الحضارات واعادة بناء النظام العالمي"، ترجمة د. مالك عبيد أو شهيوة ود. محمد محمد خلف، الدار الجماهيرية، دار الكتب الوطنية، بنغازي، ليبيا، ط١، ١٩٩٩، ص٣٧٠ وما بعدها.

Huntington,Samuel, Aclash of Civilization,Foreigen Affaires, Summer,1993.

Huntington,Samuel,The Clash of Civilization And Remarking of world order, London Simon and Schusterm 1997.

Fukuyama, Francis, The End of History, International affairs journal, 1989, "The End of History and the last man, 1992".

١١- أنظر: شعبان، عبدالحسين، التجديد والاجتهاد في النص الديني، بحث مقدم الى مؤتمر بيروت، معهد المعارف الحكمية للدراسات الدينية والفلسفية، ٦ _ ٧ حزيران/يونيو, ٢٠١١

١٢- أنظر: شعبان، عبدالحسين، صحيفة الخليج الاماراتية، الأربعاء، ٢٠١٠/١/٦.

١٣- أنظر: اعلان مبادئ التسامح اليونسكو، باريس، ١٩٩٥، قارن كتاب: ثقافة حقوق الانسان (مشترك _ عبدالحسين شعبان وآخرون)، البرنامج العربي لنشطاء حقوق الانسان، القاهرة، ٢٠٠١.

١٤- تأسست الشبكة العربية للتسامح بتأريخ ٩أيلول/سبتمبر٢٠٠٨ ويتشرف الباحث ان يكون أحد مؤسسيها فضلا عن ذلك أعد وثيقتها النظرية. وقد عقدت ٣مؤتمرات كبيرة وقررت منح جائزة سنوية للتسامح لأحد الشخصيات العربية التي لها حضور بارز فكري أو عملي على هذا الصعيد، وكان أول جائزة تسلمها في بيروت، الدكتور سليم الحص.

١٥- أنظر: خضر، جورج، مقدمة كتاب فقه التسامح، مصدر سابق.

١٦- قارن: شارب، جين، المقاومة اللاعنفية (مجموعة أبحاث)، الدار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٩، (طبعة خاصة).

١٧- أنظر: صحيفة الخليج الاماراتية، الأربعاء، ٢٠/١/, ٢٠١٠.

18- Fisher, Louis, The life of Mahatma Gandhi, Thomson press (India) ,2008.

١٩- أنظر: شعبان، عبدالحسين، فقه التسامح في الفكر العربي _ الاسلامي، مصدر سابق.

٢٠- في أعقاب زيارتي الى الهند كتبت عددا من المقالات عن انطباعاتي الشخصية، بما فيها عن التسامح وغاندي، ٢٠٠٩، وكنت قد زرت قبر غاندي وكتبت مايلي: (في بارك راجات "ضفة الملك" حيث يرقد غاندي ألقيت النظرة الأخيرة عليه مأخوذا بنهر بامونا الأسطوري الذي يمر عبر دلهي قادما من جبال الهملايا، وفي الجهة المقابلة لراجات هناك متحف ضم مقتنيات وكتب وصور غاندي الذي ظلت روحه ترفرف فوق الهند، حيث كان قد حلق في سماوات بعيدة وسبح في بحور عميقة، لاسيما وقد كان الانسان في داخله هو المقياس لكل شئ. حسب الفيلسوف الأغريقي بروتو غوراس).

٢١- أنظر: صحيفة الخليج الاماراتية، الأربعاء، ٢٧/١/٢٠١٠.

22- Fisher, Louis, The life of M. Gandhi, Ibid.

٢٣- حوار مع مرافقي الشاب الهندي، نيو دلهي، ٢٠٠٩، وكنت قد كررت ذلك لاحقا خلال حضوري مؤتمر ICWA,AAS Asian, Relations Conference Series, New Dallhi, November20 _ ٢١/٢٠١٠.

في نيودلهي مع مرافقة هندية وقد قدمت في ذلك المؤتمر ورقة بعنوان:

.Changing face in Iraq: Identities and cultural diversity

٢٤- أنظر: صحيفة العرب القطرية، العدد ٨٠٦١، الأثنين، ٢٨حزيران،/يونيو٢٠١٠.

٢٥- ثلاث مداخلات قدمها الباحث في دارالبيضاء والشارقة ودمشق وهي تحت عناوين التسامح والهوية: الحوار والمشترك الانساني، ٣٠/٤/٢٠١٠(الرباط)، وتحديات الانقسامات العرقية والطائفية: الهوية والاختلاف والمشترك الانساني! ٨/٥/٢٠١٠ (الشارقة _ دولة الامارات العربية المتحدة)، والعروبة والدولة المنشودة! ١٥- ١٩/٥/٢٠١٠، (دمشق).

٢٦- أنظر: وثيقة الشبكة العربية للتسامح الصادرة في ١/٩/٢٠٠٨ وكذلك بيان اعلان تأسيس أكاديمية بناء السلام (مدريد)، كانون الأول/ديسمبر٢٠١٠.

٢٧- أنظر: مداخلات الملتقى منشورة في كتاب ثقافة حقوق الانسان، اعداد شعبان، عبدالحسين، اصدار البرنامج العربي لنشطاء حقوق الانسان، القاهرة، ٢٠٠٠ جدير بالذكر ان أول ملتقى فكري نظمته المنظمة العربية في بريطانيا كان بعنوان "الحوار العربي _ الكردي" شارك فيه ما يزيد عن ٥٠ باحثا ومثقفا عربيا وكرديا، وقد انعقد في لندن (تشرين الثاني/نوفمبر١٩٩٢)، أنظر المصدر السابق.

# سنورەکانی
# دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان

ئەکرەم میهرداد

«ئاخۆ هەر وڵاتێک دەتوانێ دیموکراتی بێت؟ ئاخۆ هەموو دنیا دەتوانن دیموکرات بن؟ هێنانەدی دیموکراسی پێویستی بەهیچ پێشمەرجێک نییە، تەنیا ویست و خواستی نوخبەکان نەبێت بۆ حکومەت بەشێوەی دیموکراتیک. بەڵام زەوینە و مەرجەکان دەتوانن لەناو کۆمەڵی مەدەنی و لەلایەن کۆمەڵگای جیهانییەوە بۆ هێنانەدی و فرەوانکردنی ویستی سیاسی بۆ ریفۆرمە دیموکراتییەکان هێز و کاریگەریان هەبێت».

لاری دیامۆند

### پێشەکی

کۆمەڵگەی باشووری کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٩٢ و لە ئەنجامی راپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆر و داگیرکاری بەعس، دەچێتە ناو قۆناخ و سەردەمی دیموکراسی. بڕیاری سەرکردایەتی سیاسی ئەوسای کوردستان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و هێنانەدی حکوومەتی دیاریکراو لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، بڕیاری گرینگ و بەرپرس و هۆشیارانە بوو کە ئەم هەرێمە لە زەریای وڵاتانی نادیموکراسی و داگیرکاری کوردستانەوە، بەرەو کەناری دیموکراسی و ئازادی بچێت. یەکەمین سنووری ئەم هەرێمە بۆ تێپەڕبوون بەرەو دیموکراسی، بێگومان، لە هەڵبژاردنی ئایاری ١٩٩٢ دەست پێ دەکات و لەوساوە دەتوانین بڵێین، وڵاتی ئێمە، کوردستان، پێ دەنێتە ناو دیموکراسی. گومانی تێدا نییە، هەڵبژاردن یان دیاریکردنی دەسەڵات لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، یەکەمین بڕیار و ساتەکانی پەیدابوونی دیموکراسییە کە هێشتە ئەم بڕیارە دەبێتە سەرەتای کار بۆ دامەزراندنی دەسەڵات و سیستەمی دیموکراسی. هەڵبژاردنیش، ڕێگەی گونجاو یان شایستەیە

بۆ دەستپێکی سیستەمی دیموکراسی، لەبەرئەوەی مرۆڤایەتی لەم ڕێگەیە باشتر و شایستەتری نەدۆزیوەتەوە. هەڵبژاردن و دەسەڵاتی هەڵبژێردراو، وێڕای ئەوەی کە ڕێگە و سازوکارێکی گونجاوە بۆ بەشداری گشتی خەڵک لە دیاریکردنی دەسەڵاتدا، بەڵام دەبێت لەوە دڵنیابین کە هێشتە سەرەتای کار و کاروانی دیموکراسییە. هەروەها بۆیە هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی دەسەڵات گرینگ و شایستەیە، لەبەرئەوەی ئەو دەسەڵاتە بتوانێت ببێتە نوێنەری خەڵک و ماف و ئازادی و دادپەروەری و بەشداری و سیستەمی یاسایی بۆ نیشتمان دابین بکات. یان هەروەکو (لینکۆڵن) دەڵێت: دیموکرایی دەسەڵاتی خەڵکە، لە ڕێگەی خەڵکەوە و لە پێناوی خەڵکدا.

لێرەوە ساتی دووەم یان کار و بەرپرسیاریی دووەمی دیموکراسی، دەبێتە هێنانەدی سیستەمی دەستووری و یاسایی بۆ ماف و ئازادی و یەکسانی و بەشداری. هەر سیستەمێک یان دەسەڵاتێک خۆی بەدیموکراسی دەزانێ یان پابەندە بە یاسا و ڕێساکانی دیموکراسییەوە، دەبێت ئامانجی سیستەم و دەسەڵاتەکەی بکاتە ماف و ئازادی و یەکسانی و بەشداری. بێگومان ساتی سێیەم یان دەتوانین بڵێین (سەردەمی) سێیەم، دەبێتە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەک کە خودانی فەرهەنگ و پەروەردە و زهنیەتی دیموکراسی بێت، ئەمەش، دەبێتە بیروڕای گشتی و کۆمەڵایەتیی خەڵک بۆ پابەندبوون و پاراستنی دیموکراسی و هەوڵ و خەباتی بزاڤە دیموکراتییەکان بۆ ئەو پاراستن و گەشەکردنە.

لەم ڕوانگەیەوە، یان بەسروش وەرگرتن لە مێژووی سێسەت ساڵەی دیموکراسی لە رژئاوا (ئەوروپا و ئەمەریکا)، کاری بەردەوامی دیموکراسی، دەبێتە سێ پرسی سەرەکی و ڕەسەنی ئەو سیستەمە. پرسی یەکەم، پرسی دروستکردنی دەسەڵات و سیستەمی دیموکراسی و نوێبوونەوەی ئەو دەسەڵات و سیستەمەیە کە پیادەکردنی هەڵبژاردنە یەک لە دوای یەکەکان بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی (سەرۆکایەتی وڵات، پەرلەمان و حکوومەت و دەسەڵات و ئەنجوومەنی شارەکان یان ناوچەکان)، بێگومان، ئەمەش، دەبێت بەدەستوور و یاسا ئاشکرا و ڕاگەیەندراو بێت و حکوومەت و یاساکانیش بیپارێزن. پرسی دووەم، بێگومان، هەروەکو باسم کرد پرسی (مافەکان، ئازادی، دادپەروەری و یەکسانی و بەشداری)ە، ئەمانەش، دەبێت لە دەستووردا دیاریکراو بن، سەرئەنجام، دەستوور، دەبێتە ناوەڕۆکی فەلسەفەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی)، یان نیشتمانی. هەر لەم ڕوانگەیەوە، دەبێت هەموو کایەکانی ژیان و ماف و ئازادی و دادپەروەری و بەشداری بەیاسا دیاریکراو بن. دەبێت یاسا هەبێت بۆ کار و کارکردن و بیمەی بێکاری، دەبێت یاسا هەبێت بۆ بیمە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ماف و ئازادییەکانی ژنان و لاوان و منداڵان، بۆ سیستەماتیککردنی دەسەڵاتی سیکولار و عەلمانی، هەروەها پرسی سروشتی دینداری وەکو مافێکی سروشتی دەبێت دابینکراوبێت، سەرئەنجام، دەبێت بۆ هەموو کایەکانی ژیان، یاسا دەسەڵاتدار و سەروەر بێت.

پرسی سێیەم، پرسی کۆمەڵگە و کۆمەڵگەی دیموکراسییە، کە هێزە کۆمەڵایەتییەکان یان فەرهەنگییەکان یان تەواوی ناسنامەکان (نەتەوەیی، ئاینی، کۆمەڵایەتی، بیریاری) دەبێت پابەند بن

بەیاساکانی دیموکراسی و پیادەکردنی سەروەری و سەربەخۆییی یاساوە. یان دەبێت خەباتکار و تێکۆشەر بن بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان و لە بەرانبەر هەموو ئەو هەوڵ و هێزانەدا ڕاوەستاو بن کە دەیانەوێت دیموکراسیی سنووردار بکەن، یان پێشێلی بکەن، ئەگەرچی ئەو هێز و لایەنانە، حکوومەت یان هێزە سیاسییەکان بن!

سەرئەنجام، دەردەکەوێت کە کار و بەرنامە و ناسنامەی بەردەوام و هەمیشەیی دیموکراسی، بریتی دەبێت لە ڕیفۆرم و گۆڕان لە هەردوو ئاراستەی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی، فەرهەنگ و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا، قۆناخی یەکەمی ڕیفۆرم و گۆڕان دەبێتە قۆناخی دامەزراندنی سیستەمی دەستووری و یاسایی بۆ دیموکراسی کە بتوانێت هەموو ئەو کار و بەرنامانە بهێنێتە دی کە باسم کردن. قۆناخی دووەمیش دەبێتە رزگارکردن و کاراکردنی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بەرانبەر بەسیستەمی سیاسی دەسەڵاتدار، بەم بزووتنەوانە دەڵێن (بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی نوێ).

بێگومان، ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتی نییە لە نواندنی پرس و لایەنەکانی فەلسەفەی دەسەڵاتداریەتیی دیموکراسی، بگرە ئامانجی لەوەدایە، رەهەند و سنوورەکانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا باس و شرۆڤە بکات.

یەکەم: ماهیەتی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان

ئەگەر هەڵبژاردنی ئایاری ١٩٩٢ بەسەرەتای کاروانی دیموکراسی لە کوردستان بزانرێت، بێگومان، شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوو باڵی دەسەڵاتی کوردی، دژایەتی دیموکراسییە یان هەوڵێکی توندوتیژ و شەڕخوازبوو بۆ پاشەکشەپێکردنی دیموکراسی. وتەیەکی بەناوبانگی نووسەر و زانای ئەمەریکایی (رۆبەرت داڵ) هەیە دەڵێت: (وڵاتانی دیموکراسی یان هێزە دیموکراتەکان هەرگیز لە نێوان خۆیاندا شەڕیان نەکردووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥ تا ١٩٨٩ کە سی و چوار شەڕ لە جیهاندا بەرپابوون، هیچ کامیان لە نێوانی وڵاتانی دیموکراتیدا نەبوون. لەوەش زیاتر ئەوەیە کە شیمانەی سەرهەڵدانی ئەو شەڕانە یان خۆئامادەکردن بۆ شەڕ لە نێوان ئەواندا نابینرێ و پەیدا نابێ)[1]. ئەم وتەیە، هێندەی بەیانی راستەقینەی دیموکراسییە کە پەنا ناباتە بەر توندوتیژی و شەڕ، هێندەش ئەو مەترسییەمان پێ دەڵێت کە سیاسەت و دەسەڵات و فەرهەنگ لە رۆهەڵاتدا، کە کوردستانی خۆمان بەشێکە لەو فەرهەنگە، هێشتە چاو و دڵی لای توندوتیژی و شەڕە. شەڕی ناوخۆ، تەنیا شەڕێکی خۆکوژی و ماڵوێرانکەر نەبووە، بگرە ئەو سەردەمەشمان نیشان دەدات کە پاشگەزبوونەوە لە دیموکراسی و پەنابردن بۆ شەڕ و توندوتیژی، دەتوانێت دەسکەوتەکانی دیموکراسی لەناو بەرێت، یان هیچ نەبێت دوای بخات، هەروەکو چۆن کاروانی دیموکراسی لە ساڵی ١٩٩٤ تا ٢٠٠٥ لە کوردستان دواخرا.

هەڵبژاردنەکانی ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٩، دیسان جارێکی تر ڕەوت و کاروانی دیموکراسی لە

هەرێمدا ژیانەوە، یان ڕەهەندی هەڵبژاردنی لە دیموکراسی کوردیدا هێنایەوە سەر تەختی شانۆی ژیانی سیاسی. دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمدا بەڵگەیەکی تری ژیانەوە و بەخۆداهاتنەوەی دیموکراسییە لە هەرێم، یان وەرچەرخانی نیوچە ئۆپۆزسیۆنی ناو دەسەڵات بەرەو ئۆپۆزسیۆنی ئاشکرای دەرەوەی دەسەڵات، دەبێتە ئاماژەیەکی تر لە هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن. زاراوەی (نیوچە ئۆپۆزسیۆن) بۆ ئەو لایەنە سیاسییانە بەکار دێت کە بەشێکن یان باڵێکن لە دەسەڵات، بەڵام نەیارن یان ڕەخنەیان هەیە لە کارنامەی سەرەکی دەسەڵات و مەرج نییە هەموو کات ئەم ئۆپۆزسیۆنە شاراوەیەی ناو دەسەڵات لەبەرئەوەی نەیار و ڕەخنەکارە، بەرنامە و ڕوانگەی سیاسی و فەلسەفی جیاوازی هەبێت لە دەسەڵات، بگرە لەبەرئەوەیە، خۆیان بەمەغدور دەزانن یان پلە و پایەی دڵخوازیان نەدراوەتێ[٢]. هەردوو حزبی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی کە پێش ٢٠٠٩، بەشێک بوون لە حکوومەتی هەرێم و باڵی ریفۆرم و گۆڕانی ناو (ی. ن. ک)یش، پێش ٢٠٠٩، بەشێک بوون لە سیاسەتی نیوچە ئۆپۆزسیۆن. بەڵام دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم بۆ خۆی بەڵگەیەکی ئاشکرا و زیندووە کە ئەم سیستەمە سیاسییە دەتوانێت ڕەخنەی لایەنە بەرهەڵستکارەکانی پەسەند بکات، کە بێگومان نابێتە بەڵگەی ئەوەی، خودی ئۆپۆزسیۆنەکە یاسا و ململانێکانی دیموکراسی پەسەند دەکات. ڕەوشی حۆپێشاندانەکانی ١٧ی شوبات تا ١٩ی نیسانی ٢٠١١، بەڵگەی تەواون کە هێشتە ئۆپۆزسیۆنی هەرێم، نەگەیشتوونەتە ناو فەرهەنگ و سیاسەتی دیموکراتی، بەڵگەی تەواو ئاشکرا و سەلمێنەریشن کە دەسەڵاتی کوردی لە زەوینەی نەیاری سیاسیدا، چووەتە ناو سنوورەکانی دیموکراسی. دەسەڵاتی کوردی بەهەردوو باڵی (یەکێتی و پارتی) وەڵامی شەڕ و ئاژاوەکانی بزووتنەوەی ١٧ی شوباتیان بەئاشتی و دیموکراسی دایەوە، بەڵام کارنامەی هەرسێ باڵی ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ) کارنامەی پەلامار و ڕووخانی حکوومەتی هەرێم بوو، ئەگەر بۆیان بکرایە. بەرنامەی هەڵوەشانەوەی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی (هەرێم و پەرلەمان و حکوومەت) کە کارنامەی ئەو ئۆپۆزسیۆنە بوو، بەڵگەی تەواون کە ئەم ئۆپۆزسیۆنە، پابەند نابێت بەیاساکانی هەڵبژاردن و زۆرینە و کەمینەوە، ئەگەر بۆی بلوێ، پەلامار دەدات یان ڕاپەڕین ساز دەکات و دەسەڵاتەکان بەزۆر دەگرێتە دەست.

سەرئەنجام لەم سەردەمەدا، بەتایبەتی لە دوای دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن و شکستی بزووتنەوەی توندڕۆی ١٧ی شوبات، دەبێت بگەینە ئەو ئەنجامەی کە:

١- ژیانی سیاسی لە کوردستان، واتە؛ دیاریکردنی دەسەڵاتەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، یان دیموکراتیککردنی پرۆسەی سیاسی نێوان دەسەڵات و نەیارانی، خەریکە بەرەو ئاکامی باش یان (تەکامول) دەچێت. لە کوردستان هەموو شێوەکانی ئازادیی سیاسی و راگەیاندن و ڕووناکبیری هەیە، هەموو لایەنە سیاسییەکان ئازادن لە گەیاندنی بیروڕا و بەیانکردنی بەرنامەکانیان، میدیاکان ئازادن لە نەیاری و ڕەخنەکانیاندا، ڕووناکبیران و نووسەران ئازادن

لە دەربڕینی بیروڕایان و تەنانەت زۆرجار، ئەو ئازادییانە لە سنووری یاسایی تێپەڕ دەکات و دەبێتە سنووردارکردن یان دژایەتی و پێشێلکردنی ئازادییەکانی ئەوانی تر. لەم پرسەدا، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە (ژیانی سیاسی) و (دەسەڵاتی سیاسی) لە کوردستان دیموکراتیک کراوە و تازە هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێت پاشەکشەی پێ بکات، ئەمەش، مەرجی یەکەم یان سنووری پەڕینەوەیە بۆ دیموکراسییەکی باشتر و بەهرەمەندتر.

٢- دیموکراسیی سیاسی یان دیموکراتیککردنی ژیان و دەسەڵاتی سیاسی، خۆبەخۆ نابێتە دیموکراسییەکی کۆمەڵایەتی یان نابێتە دیموکراسییەک کە خودان بێت لە (ماف، ئازادی، یەکسانی، بەشداری و فەرهەنگی دیموکراسی). ئەم ئاستە لە دیموکراسی یان ئەم سەردەمەی دیموکراسی کە دەبێتە ئامانج و هیوای باڵای دیموکراسی، هێشتە لە کوردستان لە سەرەتای کارواندایە، ئەو سەرەتایەش، بەدەسەڵات و سەروەری و سەربەخۆیی دەستوور و یاسا دەست پێ دەکات. هیچ وڵاتێک یان سیستەمێکی دیموکراسی، ناتوانێت بێ دەسەڵات و سەروەریی یاسایی، بگاتە دیموکراسیی کۆمەڵایەتی خاوەن ماف و ئازادی. ئەگەر هاوسەنگی هێزە سیاسییەکان بتوانێت شێوازێک یان سازوکارێک بۆ دیموکراسیکردنی ژیان و دەسەڵاتی سیاسی بێنێتە دی، وەکو ڕێکەوتنی پارتی و یەکێتی لە دوای شەڕی ناوەخۆی ١٩٩٤ تا ٢٠٠٥ و ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنی ستراتیجی یان وەکو ڕێکەوتنی حکوومەتی هەرێم لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن. بەڵام زۆر ئەستەم و سەختە، وڵاتێک بگاتە دیموکراسیی کۆمەڵایەتی، بێ دەسەڵاتی دەستوور و یاسا، یان خەڵک ناتوانن تەنیا بەهێزی کۆمەڵایەتیی نەیار یان هاوسەنگی سیاسی، بگەنە کەناری ماف و ئازادی و یەکسانی و بەشداری، تەنیا دەسەڵاتی دەستوور و یاسا دەتوانێت بەشێوەی بەردەوام و هەمیشەیی، ئەو هیوایانە مسۆگەر بکات.

هەوارگەی کتێب

کۆمەڵگەی ئێمە، ئێستێ ئەم ڕەوشە یان سەردەمە، بەسەر دەبات، کە ئەویش ئەوەیە: ئاخۆ دەسەڵاتی سیاسی و ژیانی سیاسی دیموکراتیک لە هەرێم، دەتوانێ و دەیەوێت دیموکراسیی سیاسی بەرەو دیموکراسیی کۆمەڵایەتی بەرێت؟ ئاخۆ هێزە کۆمەڵایەتییەکان، کە تارماییەکانیان دەرکەوتووە، بەڵام نەبوونەتە هێزی دیفاکتۆی ناوکۆمەڵگە، دەتوانن لە بەرژەوەندیی خۆیان دیموکراسیی کوردی بکەنە خاوەنی مافەکان؟ نەیاری و ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکان لەم زەوینەیەدا چۆنە و بەکوێ دەگات؟ دەسەڵاتی کوردی، هەروەکو بەڵێنی داوە و کارنامەی هاوپەیمانیی کوردستانیش لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩دا بەو شێوەیە ڕاگەیەنراوە کە دەسەڵاتی یاسایی لە هەرێمدا سەروەر بێت و ماف و ئازادی و یەکسانی بۆ خەڵکی کوردستان فەراهەم بکات، ئاخۆ ئەم دەسەڵاتە ئەم بەڵێنانە جێبەجێ دەکات؟

داهاتووی پەڕینەوەی دیموکراسیی سیاسی لە هەرێم بۆ دیموکراسیی کۆمەڵایەتی لە گرەوی وەڵامی ئەم پرسیارانەدایە!

٣- ئەم دیموکراسییەی ئێستە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە و (بەشێکە لەو ١٢٠ دەوڵەتەی کە لە

جیهاندا لە دیموکراسیدا ژیان بەسەر دەبەن، شێوەیەک نییە لە دیموکراسیی دڵخواز یان سیستەمێک نییە کە هیوا و ئامانجەکانی خەڵک بێنێتە دی و لەوێدا چەمکی (لانی زۆری) ژیانی دیموکراتیک لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەرهەم بێنێ، بگرە جۆرێک سیستەمی سیاسییە بەمانای (لانیکەم) و بەناونیشانی شێوەیەک لە حکوومەت یان (تەکنۆلۆجی سیاسی)ە کە لەوێدا دەسەڵات و هەژموونی سیاسی لە ڕێگەی ململانێ و بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە و بەهۆی دەنگ و پەسەندکردنی زۆرینەی خەڵکەوە، دەستی گەیشتووەتە سەرچاوە سەرەکییەکەی ڕەوایی سیاسی[٣].

لە دیموکراسیی لانیکەمدا، دەسەڵاتی سیاسی یان لایەنێکی سیاسی کە لەلایەن خەڵکەوە زۆرینەی دەنگیان بەدەست هێناوە و لە (هەڵبژاردنە ئازادەکان)دا بوونەتە لایەنی دەسەڵاتدار بۆ ماوەیەک دەسەڵات و هەژموونی حکوومەت و دەوڵەت بەدەستەوە دەگرن و دەیانەوێت بەرنامەی دڵخوازیی خۆیان پیادە بکەن. بێگومان لە دیموکراسیی لانیکەمدا، یان لەو دیموکراسییانەدا کە هێشتە بەشێکن لە ڕەوشی تەکنولۆجیی سیاسی و دروستکردنی دەسەڵات بەشێوەی دیموکراسی، سیاسەت و حکوومەت پێویستیان بەدابینکردنی ئازادییە گشتییەکان، بەتایبەتی ئازادیی بەیان و کۆبوونەوە و حزبایەتی و دروستکردنی لایەنە سیاسییەکان دەبێت، هەروەها، دەبێت ئازادیی میدیا و ڕەخنەی ڕووناکبیرانیش، فەراهەم بکرێت، تەنانەت تەواوی پرۆسەی سیاسی بۆ نەیاری و ڕەخنە دابین دەکرێت، ئەمانەش، هێشتە بەشێکن لە پێداویستییەکانی دیموکراسیی لانیکەم، یان بەهۆی ئەمانەوە، هێشتە دیموکراسی نەچووەتە ناو دیموکراسیی لانی زۆرەوە.

دەتوانین بڵێین، چەمکی دیموکراسیی لانیکەم (چەمکی سیاسی)یە بۆ دیموکراسی یان دیموکراسی تەنیا لە مەیدانی سیاسەت و پێوەندییەکانی دەسەڵات و سیاسەتدا دیموکراتیک کراوە، لە کاتێکدا دیموکراسیی لانی زۆر (چەمکێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە) کە لەوێدا ئازادییەکان، مافە مەدەنییەکان و بەشداری و بەهرەمەندییە گشتییەکان لە ڕەهەندی سیاسیدا بەدەسەڵاتدارکردنی هاوسەنگییەک دەبێت لە دابینکردنی دادپەروەرانە و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەک هەموو لایەنەکان و چینەکان بتوانن لێی بەهرەمەند بن و بتوانن بەشێوەی یەکسان لە بواری دەسەڵاتی دەوڵەت و سیاسەتدا ململانێ و بەشداری بکەن، لە ئەنجامدا، فەرهەنگی دیموکراتی لە ئاستی هەموو کۆمەڵگەدا و لەودیوی نوخبە و ژیانی سیاسییەوە، فرەوان و گەشەداربێت. دیموکراسیی لانیکەم یان دیموکراسیی سیاسی، زیاتر پێوەندی بەو وڵاتانەوە هەیە کە تازە چوونەتە یان دەچنە ناو ژیانی دیموکراسییەوە، بەڵام چەمکی دیموکراسیی لانی زۆر، باس لە بەرقەرارکردن و پایەڕێژی و قووڵکردنەوەی ژیانی دیموکراسی و بەدامەزراوەییکردنی ئەو ژیان و سیستەمە دەکات[٤].

لە دیموکراسیی لانیکەمدا، یان لە دیموکراسیی سیاسیدا، ئەو هێزانە دەسەڵاتیان هەیە کە بەشێکن لە رابردوو یان ئەو هێزانەی پێیان دەگوترێت هێزەکانی دیفاکتۆ (قوات الأمر الواقع)،

هەر بۆیە، بەم دیموکراسییە دەگوترێت، دیموکراسیی بەهێزەکان، نەک دیموکراسی بۆ خەڵک و بۆ کۆمەڵ. لە دیموکراسیی سیاسی و لانیکەمدا، سیاسەت بەهرەمەندتر و دەسەڵاتدارتر دەبێت لە خەڵک یان لە تاک. پیاوان بەهێزترن لە ژنان و لاوان و منداڵان، لەم شێوە دیموکراسییەدا، بەتەمەنەکان زیاتر بەدەسەڵات و بەهرەمەندترن لە گەنجەکان، خێڵەکان دەسەڵات و هەژموونیان بەسەر تاکەکانەوە هەیە، بازاڕ و دەوڵەمەندەکان یان خاوەن سەرمایەکان، دەتوانن بەهرەمەند و سوودمەند بن لە دیموکراسی بۆ بەردەوامکردن یان پاوانکردنی بەرژەوەندی و هەژموونی خۆیان. بەکورتی، ئەم دیموکراسییە سیاسییە، بەهێزەکان بەهێزتر، دەوڵەمەندەکان سوومەندتر دەکات و پارت و کۆمەڵە سیاسییەکان، بەهەژموونتر دەکات، بەڵام تاک و لاواز و پەراوێزکراوەکان لە دنیای بەدبەختی و رۆژەڕەشیدا دەهێڵێتەوە، یان فەرامۆشیان دەکات، یان ڕێگەکانی دەربازبوونیان لەم ستەمانە بنبەست دەکات.

ئەو دیموکراسییەی ئێستە لە هەرێمدا هەیە، توانیویەتی ژیانی سیاسی، یان شێوازی دیاریکردنی دەسەڵات و پێوەندییەکانی دەسەڵاتدارێتی دیموکراتیک بکات، بەڵام نەیتوانیووە یان (نایەوێت!) ئەم دیموکراسییە بەرەو لانی زۆری کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی بەرێت کە بێگومان ئەمەش بەوە دەبێت، دەسەڵاتی دەستووری و یاسایی (مافەکان، ئازادییەکان، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەشداری سیاسی و گشتی) فەراهەم بکات و خەڵک و (تاک) لەم بەرهەمانەی دیموکراسی، بێبەش ناکات. زاراوەکانی دیموکراسیی لانیکەم، یان دیموکراسیی سیاسی، دیموکراسیی بەهێزەکان، ئەو چەمک و تێگەیشتنانە کە دیموکراسی لە ڕەوشی (دیفاکتۆ)دا دەهێڵنەوە!

لە دیموکراسیی دیفاکتۆدا، بێگومان ئەو هێزانە لەناو سیاسەت و دەسەڵات و کۆمەڵگە و ئابووری و فەرهەنگدا دەسەڵاتدارن یان حووکم دەکەن وەک هێزی دیفاکتۆن. لە وڵاتانی رۆهەڵاتدا، بەتایبەتی رۆهەڵاتی ناوەڕاست کە کوردستان لەو رۆهەڵاتەشدا هێشتە وڵاتێکی دواکەوتوو یان تازە پەرەئەستێنە، لایەنەکانی دەسەڵاتداریەتی دیفاکتۆ لەم مەیدانانەدا دەردەکەون، لە کوردستاندا، دەسەڵاتی یەکەم و ڕەها بۆ هێزە، هەموو ئەو لایەنانەی هێزیان هەیە (سیاسەت، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی)، هەر ئەوان دەتوانن لە هەموو مەیدانەکانی ژیانیشدا بەهێز و دەسەڵاتدار بن. بەرژەوەندیی، هێزی دووەم یان دەسەڵاتی دووەمە، بێگومان بەرژەوەندی، زیاتر و باڵاتر بریتییە لە بەرژەوەندیی لایەنە بەهێزەکان، نەک بەرژەوەندیی هەمووان. دەسەڵاتێکی تر لە درۆ و فریودا، یان لە شاردنەوەی ڕاستییەکاندا خۆی دەنوێنێ و هێز و بەرژەوەندیی لایەنە دەسەڵاتدارەکان وا دەکات، ئەم ڕەوشە، نەک تەنیا دەسەڵاتدار بێت، بەڵکو ببێتە بەشێک لە فەرهەنگ، یان هیچ نەبێت ئاسایی وەربگیرێت. دەسەڵات یان لایەنی چوارەم لە بیرکردنەوە و فەرهەنگی کۆن و نەریتیدا دەردەکەوێ بیرکردنەوەی عەقڵانی، زانستی یان تیۆری لە ترسی بیرکردنەوەی کۆن و نەریتی، تەنیا لە سنوورە تەسکەکاندا هەن و نەیانتوانیووە بەرەو ڕەهەندی گشتی بڕۆن.

لەم باسەی سەرەوەدا مەبەست لەوەبوو، لانیکەمی دیموکراسی و دیفاکتۆ و سیاسەتی بەهێزەکان، تەنیا لە دەسەڵات و پێوەندییە سیاسیەکاندا نەهێڵینەوە، بگرە دەبێت ڕەهەندی گشتی و فەرهەنگی کۆمەڵگەشمان لە بیر بێت، نەک تەنیا ئەو هێزە کۆنانە یان دیفاکتۆیانە کە تا ئێستە حووکم دەکەن و دەسەڵاتدارن.

دووەم: لە دیموکراسیی هەژموونگەرەوە بەرەو دەسەڵاتی لیبراڵ- دیموکرات

هەندێک لە نووسەران و سەرچاوەکان، وڵاتانی تازە پەرەئەستێن و دەسەڵاتە سیاسییەکەی بە(نیوچە دیموکراسی) ناودەبەن، لەم سیستەمانەدا، ژیانی سیاسی نە بەتەواوی دیموکراتیکە و نە بەتەواوی تۆتالیتارە. ڕاستییەکەی، ئەم وڵاتانە، لە گیروگازی نوێسازی و گەشە و تێپەڕبووندان لە نەریتەوە بەرەو مۆدێرنێتی، هەر بۆیە، لە ناکۆکی و خەباتی نێوان هێزەکانی کۆن و نوێدا، جڵەوگیری دەکەن لە بەرقەراربوونی دیموکراسی و تۆتالیتاریزم، هەروەها بنیاتی کۆمەڵایەتیی نەریتی و فەرهەنگی نەریتیی بەجێماو و پەڕاگەندە، ڕێگرن لە هاتنە سەرکاری سیستەمی مۆدێرنی دیموکراسی[٥]. لەم شێوازە دیموکراسییانەدا، دەسەڵات و بنیاتە کۆنەکانی دەسەڵاتی نەریتی و هەژموونگەرایی و باوکسالاری، دەسەڵاتی ئاین (تیۆکراسی)، شێخسالاری و دەسەڵاتی ڕەهای سیاسەت و پارە و دەوڵەمەندەکان، ئاوێتە دەبن لەگەڵ دیموکراسیکردنی دەسەڵات و پێوەندییە سیاسییەکاندا، سەرئەنجام، شێوازێکی غەریب و عەجیب لە دەسەڵات و هەژموون دروست دەکەن، مەگەر هەر لە ڕەهەندی هەژموونگەراییدا لە یەک بچن.

لە وڵاتانی دواکەوتوو یان تازە پەرەئەستێندا، جێگیرکردنی دیموکراسی یان گەشەی دیموکراسی لە لانیکەمەوە بۆ دیموکراسیی لانی زۆر، لەگەڵ زۆر ڕێگر و کۆسپ ڕووبەڕوو دەبێت: دەسەڵات و هەژموونی گرووپە ئەرستۆکراتی و کۆنەکان کە دیموکراسی بەنەیاری بەرژەوەندییەکانیان دەزانن، هەژموون و دەسەڵاتی فرەوانی بەها کۆنەکان و بنیاتە نەریتییەکان، بەردەوامبوونی دەسەڵاتە کۆنەکانی خێڵ، دامەزراوە ئاینییە بەهێزەکان، دەسەڵات و هەژموونی هێزە چەکدارەکان، هەموو ئەمانە، دەیانەوێت هێز و بەرژەوەندی و هەژموونی خۆیان لە دیموکراسیی تازە دامەزراودا، بەردەوام بکەن، یان ئەم دیموکراسییە، بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. بەشێک یان زۆربەی مێژووی بیست ساڵەی دیموکراسی لە هەرێمدا باس لە دەسەڵات و هەژموونی ئەم هێزانە دەکەن. پاڵپەستۆی ئەم هێزانە لەناو حکوومەت و پەرلەمان و داوودەزگاکاندا، پێویستیان بەوە هەیە، حکوومەتێک لە شێوازی خۆیان یان بەتەواوی سەربەخۆیان دروست بکەن، بۆیە ئەم هێزانە، زەوینەکانی دەسەڵاتی هەژموونخواز دروست دەکەن. ڕەوشەکە بەم بارەشەوە ناوەستێت، بگرە ئاوێتەکردنی بەرژەوەندی و هەژموونی ئەم هێزانە لەگەڵ ڕەهەندی نیوچە دیموکراسیدا کە دەسەڵاتی بێهێز و لەرزۆک و ناجێگیر دروست بکەن. مەبەست لە بێهێز و لەرزۆک و ناجێگیر، ئەوە نییە کە بەرانبەر تەواوی خەڵک وەهان، بگرە تەنیا لە بەرامبەر تەماع و

بەرژەوەندی و هەژموون و دۆشینی (ابتزاز) ئەم هێزە ناوبراوانەدا، دەسەلات و حکوومەت لاواز و بێهێز دەبێت. دەسەلاتی ناجێگیر و لاوازی بەناو دیموکراسی، بەشێوەیەک ڕوخسار و ناسنامەی خۆی ڕێک دەخات کە ئاوێتەیەک بێت لە ئۆتۆکراسی، ئۆلیگارشی، پۆپۆلیزم و دیموکراسیی لانیکەم.

بەلام ئەوەی کە ئەم دەسەلاتە ئاوێتەیە دەپارێزێت وەکو سیستەمێکی سیاسی ئەوەیە کە دەسەلاتێکی هەژموونخوازە و لەوێدا دەسەلاتداران، خواستەکانی خۆیان لە چوارچێوەی بڕیار و یاسایی و سیاسیدا، بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن. لە سیستەمی هەژموونخوازدا، بڕیاردانی سیاسی تا ڕادەیەکی زۆر تەنیا لەلایەن شاندە دەسەلاتدارەکانەوە و بەبێ گەڕانەوە بۆ بیروڕای گشتی و خواستەکانی خەڵک، ساز و پیادە دەکرێن. سنووردارکردنی واقیعی و یاسایی بەسەر دەسەلاتی سیاسیدا جێبەجێ ناکرێت و سەرچاوەی دەسەلات و بڕیارەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر دوورە لە نەریتی دیموکراسییەوە. لەم دەسەلاتەدا، ڕابەرانی کاریزماتیک و مێژوویی و شۆڕشگێڕ، یان هێزە کۆنەپارێز و نەریتییەکان زۆربەی بڕیار و کارەکانیان بەدەستە و واش لە پێڕەوان و لایەنگرانی خۆیان دەڕوانن کە دەبێ بەتەواوی پاشکۆی ئەوان بن و دەسەلات و سیستەمە حکوومدارەکەیان بەشایستە و نایاب بزانن.

هەندێک لە سەرچاوەکان و نووسەران لە نێوان ڕێژیمە هەژموونخواز و تۆتالیتارەکاندا جیاوازی دەبینن و (ڕێژیمی تۆتالیتار لە هەموو بوارەکانی ژیانی تایبەتی و گشتیدا دەست لە ژیانی خەڵک وەردەدەن و هەوڵ دەدەن، ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیی خەڵک، بەپێی ئایدۆلۆجیای خۆیان یەکڕەنگ بکەن و دەسەلاتی سەرکوتگەر و پۆلیسی بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ بکەن. لە کاتێکدا ڕێژیمی هەژموونخواز، تەنیا نەیاری سیاسیی خۆی سەرکوت دەکات (کە خۆشبەختانە هەرێمی کوردستان لەم ڕەوشە ڕزگاری بووە)، ڕێگە دەگرێت لە هاتنە سەرکاری حکوومەتی یاسا و ژیانی خەڵک بەماف و ئازادییەکان شاد ناکاتەوە، بەلام بێ ئەوەی ژیانی تایبەتی خەڵک بخاتە مەترسی هێرشی ئایدۆلۆژی و سەرکوتەوە[٦].

هەژموونخوازی، بەشێکە لە تایبەتمەندییەکانی شێوازە جیاوازەکانی ڕێژیمی سیاسی کۆنەپارێز، فاشیست، دیکتاتۆریی نەریتی و مۆدێرن و تۆتالیتار، بەلام مەرج نییە هەموو دەسەلاتێکی هەژموونخواز بەرەو ئەو سنوورانە بچێت و هەندێک لەو ڕێژیمانە تەنیا لە پیادەکردنی هەژموونخوازی دەسەلاتەکاندا دەمێنێتەوە. بۆیە هەندێک لەو نووسەر و میدیاکارانەی کە دەسەلاتی کوردستان بەفاشیست ناو دەبەن، تووشی هەڵەی مەعریفی و سیاسی بوون، ئاخر دەسەلات لە کوردستاندا لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، بەشێوەی هەژموونخواز کاری کردووە و خۆشبەختانە نەگەیشتووەتە ناو دیکتاتۆری و فاشیزم و تۆلیتاریزمەوە.

زۆربەی ئەو دەسەڵاتانەی لە هەژموونخوازی نەریتی و مۆدێرنەوە نەچوونەتە ناو دیکتاتۆری، تۆتالیتاریزم و فاشیزمەوە، ئاسۆی ئەوەیان لە پێشدابووە و لە داهاتووشدا بەرەو ڕووی ئەوە دەبنەوە کە دەبێت بەرەو دەسەڵاتی لیبراڵ ــ دیموکرات، یان بەرەو دەسەڵاتی یاسایی و مافسەلمێنەر بڕۆن، یان دەبێت سیستەمێکی دەستووریی و یاسایی بۆ هەموو کایەکانی ژیان فەراهەم بکەن. دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا، هێندەی ئەم ئاسۆ و داهاتووە دیموکراسییەی لە پێشە، هەرگیز بەرەو دەسەڵاتی خراپتر لە هەژموونخوازی ناگەڕێتە دواوە.

## ئەم دەسەڵاتانە چۆن دەتوانن (دیموکراتیک) بن؟

ئەم دەسەڵاتانە دەبێت ڕەهەند و دامەزراوە فەرمییەکانی (هەڵبژاردن) دەستوور و یاسا و هەرسێ باڵەکەی حکوومەت: دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و قەزاییی دیموکراتیک بکەن، دامەزراوەکانی خەڵک لە سیستەمێکی پێوەنداری نێوان دەسەڵات و خەڵک لە ڕێگەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان، گرووپە هاوبەرژەوەندەکان، پارتە سیاسییەکان و سەندیکا و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و کەناڵەکانی میدیا، یاسایی و دیموکراتی بکرێن[7].

یەکێک لە ڕوانگە باشەکان بۆ ئەوەی دەسەڵاتێک یان دەوڵەتێک بکرێتە دیموکراتی، وتارەکەی سەرۆک (ئەبراهام لینکۆڵن)ی ئەمەریکایە لە شاری گیتزبۆرگ لە کاتی شەڕی ناوخۆی ئەمەریکا کە دەڵێت: دیموکراسی حکوومەتی خەڵکە، لەلایەن خەڵک و لە پێناوی خەڵکدا. سەرۆک لینکۆڵن، سێ ڕەهەندی گشتیی دیموکراسی دەناسێنێ: حکوومەتی (خەڵک) بەو مانایەی کە حکوومەت (لە سەرووی) خەڵکەوە نییە، بگرە دەبێت ڕەوایی خۆی لە پابەندبوونی خەڵک بەخۆیەوە بەدەست بێنێ (یان دەبێت لەسەر بنەوای متمانە و پەسەندکردنی خەڵکەوە بێت)، لەلایەن خەڵکەوە، بەو مانایە دێت کە هاووڵاتییان دەبێت بەقووڵی و فرەوانی لە کار و بڕیارەکانی حکوومەتدا بەشداربن، (لە پێناو خەڵک)دا، بۆ ئەو مەبەستەیە کە دەوڵەت بۆ هێنانەدی خۆشگوزەرانیی گشتی و پاراستنی مافەکانی ئەواندا کار و تێکۆشان بکات[8].

دیموکراسییە سەرەتاییەکان، یان ئەو وڵاتانەی هەنگاو دەنێن بەرەو دیموکراسی، یان دەیانەوێت لە ڕەهەندی هەژموونخوازی دەسەڵات و ڕێژیمەکان ڕزگاریان بێت، دەبێت سەرەتا لە بیری ئەوەدابن کە دەسەڵاتەکەیان بکەنە حکوومەتی یاسایی و مافخواز (حکومة القانون و الحقوق) یان ئەو ناسنامە مێژوویی و سیاسییەی کە تا ئێستا لە فەلسەفە و زانستی سیاسیدا پێی دراوە کە بە دەوڵەتی لیبراڵ – دیموکرات ناو هێنراوە. ڕێژیمی سیاسی لە کوردستان، لەم ڕێوانەدا، قۆناخی سەرەتای دەست پێ کردووە، ئەویش دیموکراسیکردنی دەسەڵات و پێوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و سیاسەتە، یان پێوەندییەکانی نێوان حکوومەت و هێزە سیاسییەکانە. لەمەش زیاتر،

مەیدانی ئازادیی سیاسی و راگەیاندن و ڕێکخراوبوون، هەتا دێت بەرەو ئازادیی یاسایی هەنگاو دەنێت.

هەندێک لە بیروڕاکان باس لەوە دەکەن کە دەسەڵاتی هەژمونخوازی، ڕەوشێکی سیاسی ئۆتۆکراسییە، یان شێوازێکە لە دەسەڵاتی (مۆنارکی) کە دەسەڵاتی تاکلایەن و تاکڕەهەندە. ئەگەرچی لە کوردستاندا لە ساڵی ١٩٩٢ەوە تا ئێستە دەسەڵاتی دوولایەنە (دوالیزم)ی نێوان یەکێتی و پارتی بووە لەگەڵ هەندێک لایەنی نیوچە ئۆپۆزسیۆنی ناسراو بە (هاوپەیمان)، بەڵام خودی ئەم دەسەڵاتە، بەرانبەر بەخەڵک، یان لە بواری ماف و ئازادی و دەسەڵاتی یاساییدا، هەر بەشێوەی (ئۆلیگارشی)، کە دەسەڵاتی کەمینەیە، حکوومەتی بەڕێوە بردووە. ڕاستە حکوومەتی هەرێم دەسەڵاتی دوو حزبی سەرەکی بووە لە کوردستان، بەڵام ئەو دەسەڵاتە، بەشێوەی هەژموونگەرا یان دیموکراسیی لانیکەم و سیاسی وڵاتی بەڕێوە بردووە.

هەندێک دەیانگوت و دەڵێن، پەیدابوونی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی حکوومەت، پەراوێز یان سنووری دیموکراسی، فراوانتر دەکات، بەڵام من بڕوام وایە تا یەکێک لەو دوو هێزی سەرەکییەی حکوومەتی هەرێم نەبێتە ئۆپۆزسیۆنی یاسایی، ئەستەمە کوردستان بەرەو دەسەڵاتی لیبراڵ ـ دیموکرات، یان دەستووری بڕوات. لە ئەورووپا و ئەمەریکای باکور، لە دوای هێنانەدی دەوڵەتی یاسا و مافەکان و دەسەڵاتی لیبرال ـ دیموکراتەوە، هێزە سیاسییەکان، باشتر توانییان ناسنامە و بەرنامەی سیاسی و ئایدیۆلۆجیی خۆیان دروست و بژار بکەن. دەسەڵاتی یاسا و مافەکان، لە هەردوو مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، دەبێتە سەرەتایەک کە: (پارتیی دیموکراتی کوردستان) لە حزبی موحافیزەکار و پێکهاتە و پێناسەیەوە بەرەو پارتێکی لیبرال ـ دیموکرات بچێت و بنەواکانی لیبرالیزمی دیموکراتی بکاتە ناسنامەی خۆی، ئەمەش، بێگومان لە دوای ئەوە دەبێت کە حکوومەتی هەرێم، لە دەسەڵاتی هەژموونخوازەوە بەرەو دەسەڵاتی یاسا و مافەکان بچێت. (یەکێتیی نیشتمانی کوردستان) کە لە کۆنگرەی (١)ی ساڵی ١٩٩٢ بەدواوە خۆی وەکو سۆسیال دیموکرات ناساندووە و تا ئێستەش وا دەکات، تا ئەرکەکانی دەوڵەتی یاسا و ماف و دیموکراتی نەهێنێتە دی، ناتوانێت بەرەو (دیموکراسیی کۆمەڵایەتی) بچێت کە هەمان مانای سۆسیال دیموکراسی دەدات. بێگومان بەرنامە و ناسنامەی سۆسیال دیموکراسی لە سیاسەتی لیبرال- دیموکراسی، فرەوانترە بەرەو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی رەفا دەچێت، هەندێک بڕوایان وایە کە (سۆسیال دیموکراسی سیاسەتی یەکسانیخوازییە، کە بڕوای پتەوی بەدەوڵەتی خۆشگوزەرانیی نوێ و ئەرکی دەوڵەت هەیە لە سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سامانەکان[9]. ئەم حزبە بێگومان لە دوای ئەرکەکانی ئەم قۆناخە، دەبێت بەرەو پیادەکردنی ئەو ناسنامەیە بچێت.

پاش ئەم قۆناخە، هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو)، ناچار دەبن، یاسا و ڕێساکانی دەوڵەتی یاسایی دیموکراتیک پەسەند بکەن و ئەوانیش چیی تر درێژە نەدەن بەڕەهەندی هەژموونخوازیی سیاسی یان نارۆشنی، لە نێوان سێ بواری ئۆپۆزسیۆنبووندا،

ئەوانیش، (ئۆپۆزسیۆنی هەژموونخوازی، نیوچە ئۆپۆزسیۆن و ئۆپۆزسیۆنی نایاسایی) و بپەڕنەوە بۆ ڕەوشی (ئۆپۆزسیۆنی یاسایی). لەوانەیە هەندێک بڵێن، ئەم بڕوایانە، تەنیا هیوا یان ڕامانی خەیاڵین بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستان، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تا کوردستان نەچێتە قۆناخی دەسەڵاتی یاسایی و دیموکراتی فرەوانەوە، زۆر زەحمەتە هێزە سیاسییەکان بتوانن بەتەواوی بەهرەمەندبن لە ناسنانەی تایبەتیی خۆیان، یان دیسان وەکو جاران بەهانەی مێژوویی و (واقیعی) نەک (حەقیقی)، یان دەبێت بۆ مانەوە لە نارۆشنیدا، یان مانەوە لە سیاسەت و فەرهەنگی هەژموونخوازی و دیموکراسیی لانیکەمدا.

سێیەم: زەوینەکانی گەشەکردنی دیموکراسی لە کوردستان

هەرچەندە پرەنسیپ و یاساکانی گەشە و بەهێزبوونی دیموکراسی، لە زۆربەی وڵاتان و سەردەمەکاندا، لە چەند بنەوایەکی گرینگدا کۆ دەبێتەوە، وەکو بنەواکانی هەڵبژاردن و سیستەمەکانی هەڵبژاردن، دەسەڵاتە یاساییەکان (یاسادانان، جێبەجێکردن و قەزایی)، دەسەڵاتی دەستوور و پرەنسیپی پەیمانی کۆمەڵایەتی، مافو ئازادی و یەکسانی، دروستکردنی سیستەمی سیاسی و پێوەندی سیاسیی دیموکراتیک، سەرئەنجام، نەخش و کاریگەریی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە بەشدارییان لەو سیستەمەدا، بەڵام شێوە جیاوازەکانی تێپەڕبوون بەرەو دیموکراسی و چۆنیەتی دامەزراندنی دیموکراسیی سەرەتایی، لە هەر وڵاتێک، یان لە هەر سەردەمێکدا، دەتوانن کاریگەر بن لەسەر ئاراستە و چۆنیەتی بەرەو پێشبردن، یان گەشەی ئەو دیموکراسییە. لەم زەوینەدا، شارەزایان و بیریارانی ئەزموونی دیموکراسیی سەرەتا و زەوینەکانی گەشەی ئەو دیموکراسییانە، باسی سێ کۆمەڵ تێورەکەن لەم پرسەدا. یەکەم، تیۆرەکانی پێوەندار بەهەلومەرجی پەیدابوونی هێز و بکەرەکانی دیموکراسی، کۆمەڵە تیۆری دووەم، تایبەتن بەقۆناخەکانی تێپەڕبوون بەرەو دیموکراسی و قۆناخەکانی گەشە و جێگیرکردنی ئەو سیستەمە. سێیەم، ئەو تیۆرانەن کە باس لە تێپەربوونی دیموکراسیی سیاسی دەکەن بەرەو دیموکراسیی کۆمەڵایەتی.

تیۆری یەکەم، باسی ئەو هەلومەرجە مێژووییە دەکات کە دەتوانێ باس و ڕۆشنکردنەوەی چوارچێوەیەکی ئەزموونی بۆ پەیدابوون و جێگیربوونی دیموکراسی بکات، ئەوانیش، ئەم لایەنانە لە خۆ دەگرن: هێزی بزوێنەر، یان سەرچاوەی جوڵان بەرەو دیموکراسییە، کە لەوانەیە لەلایەن دەسەڵاتەوە بێت لە باڵای کۆمەڵگەوە، یان لە خوارەوەی کۆمەڵگەوە بێت، لەلایەن خەڵک و بزاڤەکانی کۆمەڵایەتییەوە، یان لە دەرەوەی کۆمەڵگە بێت، وەکو کاریگەریی ئەمەریکا و هاوپەیمانان لەسەر ڕەوشی دیموکراسیی کوردی (لە ١٩٩٢ بەدواوە) یان لەناو دیموکراسیی عێراقدا (لە ٢٠٠٣ بەدواوە).

تیۆرەکانی دووەم، ئەو تیۆرانەن کە باس لە چۆنیەتی و شێوازی تێپەڕبوون بەرەو دیموکراسی

دەکەن، کە لەوانەیە ئاشتیخوازانە بێت، وەکو ڕێگەی ڕێکەوتن و ریفۆرمی سیاسی، توندوتیژ و نائاشتییانە بێت وەکو کودەتای دیموکراتیک و شۆڕشی دیموکراتیک، یان بەرئەنجامی شەڕ و شکستی لایەنی دیکتاتۆری بێت کە کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٩١وە بەخۆیەوە بینی.

بەشی سێیەمی تیۆرەکان، باس لە فرەوانی و قووڵی چوون بەرەو دیموکراسی دەکەن یان گرینگی دەدەن بەپلە و قۆناخەکانی دیموکراسی لە دیموکراسیی لانیکەمەوە بۆ دیموکراسیی لانی زۆر[١٠].

دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان بەرهەمی شەڕی دووەمی کەنداو و شکستی دەسەڵاتی بەعسە لە دوای راپەرینی ١٩٩١ و سەرەتای ئەم ڕاپەڕینە بەشەڕی هاوپەیمانان لە دژی دەوڵەتی عێراق و ڕاپەڕینی ئاداری کوردستان بوو لە ساڵی ١٩٩١دا. بێگومان، ئەم زەوینەیە، دوو هۆکار و ئاراستەی بەهێز نەخشی تێدا دەبینی، یەکەمیان، دەسەڵاتی هێزە سیاسیەکانی کوردستان بوو کە ئەو کاتە ناسراو بوون بە(بەرەی کوردستانی)، یەکێتی و پارتی نەخشی سەرەکییان لەم مەیدانەدا بینی، دووەمیان، توندوتیژی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری راپەڕیوو بوو. ئەم دوو هۆکارە، لە ژینگە و چەتری هاتنی هاوپەیمانان بۆ کوردستان، توانییان شەڕەکە بەقازانجی خەڵکی کوردستان ببەنەوە. لەو کاتەوە تائێستە لە دیموکراسیی کوردیدا، لایەنی سیاسەت و هێز، نەخشی سەرەکی دەبینن و تەواوی ئەزموونی دیموکراسی لە هەرێمدا، کاریگەریی سیاسەت و هێزی پێوە دیارە. مەبەست لەم بڕوایە ئەوەیە لە دیموکراسیی کوردیدا، هەر لە سەرەتاوە لایەنی پێوەندار، یان بەهرەمەند لە ماف و ئازادی و یەکسانی، لە مەیداندا نەبووە، هەر بۆیە، دیموکراسیی کوردی، هێندەی سیاسی بووە و هێندەی گرێدراوە بەهێزە سیاسییەکانەوە، هێندە ئامادەبوونی لایەنی ماف و ئازادی بەقازانجی خەڵک تێیدا بەشدار یان ئامادە نەبووە.

لەم دیموکراسییەدا، پێوەندیی هێزە سیاسییەکان لە شەڕ و ئاشتیدا، کاریگەریی قووڵ و فرەوانی لەسەر ڕەوت و گەشەی دیموکراسی داناوە، یان هەروەکو لە کوردستاندا باوە، تەواوی پرۆسەی سیاسی، بەندە بەپێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانەوە. ڕێکەوتنی پارتی و یەکێتی لە ساڵی ١٩٩٢-١٩٩٤دا، توانی سەرەتایەکی ئومێدەوار بۆ دیموکراسیبوونی حکوومەتی هەرێم دروست بکات، بەڵام شەڕی ناوخۆی ١٩٩٤-١٩٩٧ و دۆخی نەشەڕ نەئاشتی ١٩٩٧-٢٠٠٣، تەواوی پرۆسەی سیاسی و ئاشتی لە کوردستاندا پەک خست، ئەمەش، بێگومان، بەبەهای پاشەکشە یان ئاوێزانکردنی دیموکراسیبوون. پێوەندیی نێوان هەردوو باڵی دەسەڵاتیش لەگەڵ لایەنەکانی تر، بێگومان، هەر بەو شێوازە کاریگەر دەبێت لەسەر بوون یان نەبوونی پرۆسەی سیاسی و ئاشتی. نەبوون یان لاوازبوونی دیدگای کۆمەڵایەتی و مرۆڤدۆستانە بۆ پرسی ماف و ئازادی و یەکسانی، تەنانەت وای کردووە ئەگەر هەوڵێکی خەڵک، یان چەند هەوڵێک هەبێت بۆ داواکردنی ماف و ئازادی، یەکسەر بەئاراستەی سیاسی، یان ڕاستت دەوێ، بەئاراستەی شەڕ و ئاشتیی نێوان هێزە سیاسییەکاندا دەڕوات. نموونەی ئەمە، لە مێژووی ئەم چەند ساڵەی دواییدا

بەرچاوە، ساڵی ٢٠٠٦ باڵی ئۆپۆزسیۆنی ناو یەکێتی، لایەنگری نەوشیروان مستەفا، لە دژی باڵی دەسەڵاتدار لایەنگیری لە مانگرتن و خۆپێشاندانە پەراکەندەکانی سلێمانی و گەرمیان دەکرد. یان بزووتنەوەی١٧ی شوبات تا ١٩ی نیسان، کە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ) دەیانویست لە ڕێگەی داواکاری و خۆپێشاندانی خەڵکەوە حکوومەتی هەرێم و سەرۆکایەتی و پەرلەمانەکەی بڕوخێنن. ئەم هەلومەرجە، بەو ئەندازەیەی کە بەیانکردنی ڕاستینەی هەژموونخوازیی سیاسی حزبەکان بێت، بەو ڕادەیەش ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو کە خەڵکی کوردستان، هەموو پرسێکی خۆیان داوەتە دەست هێزە سیاسییەکان.

هەژموونی سیاسی و پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکان، تەنیا لەو سنوورەدا ناوەستێ کە مانگرتن و داواکاری و خۆپێشاندانەکانی خەڵک بەشێک بێت لە ویستی ئەو هێزە سیاسییانە، بگرە تەواوی ڕووناکبیران و میدیاکاران و نوخبە زانستی و زانکۆییەکانیشی گرتووەتەوە، یان تەواوی داوودەزگا بیرۆکراتی و ئیدارییەکانیش، بەشێکن لەو هەژموونە سیاسییە، یان پێوەندییەکانی نێوان حزبەکان، تەواوی کۆمەڵگەی خستووەتە ژێر سایەی خۆیەوە. بەم مانایە، کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان، لەلایەن هەژموونی سیاسی جۆراوجۆرەوە، بەڕێوە دەبرێت، یان تەواوی ڕەهەندەکانی کۆمەڵگە خراوەتە ژێر سێبەری سیاسەتەوە. ئەگەر لەم سێبەرە سیاسییەدا، تەنیا یەک لایەنی سیاسی دەسەڵاتدار بووایە، بێگومان کۆمەڵگەی کوردستان، دەبووە کۆمەڵگەیەکی تۆتالیتاریی یەکڕەنگکراو بەسیاسەتێک، یان ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو. بەڵام لەبەرئەوەی زیاتر لە سیاسەت و بیروڕایەک لەم کۆمەڵگەیەدا دەسەڵاتدارن بەسەر خەڵکدا، بۆیە بەتۆتالیتار ناو نابرێ و تەنیا بە(کۆمەڵگەی سیاسی) دەناسێنرێ.

لەم کۆمەڵگە سیاسی و تاکڕەهەند و پاوانکراوەدا لەلایەن سیاسەتەوە، کە تەواوی لایەنە سیاسییەکانیش هەژموونخوازن، بێگومان، کۆمەڵگەکەش هەژموونخواز دەبێت، ئەگەرچی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە لە کوردستان نە شەڕ ساز کراوە و نە هیچ لەلایەن و کەسێک خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کردووە، بەڵام ڕوانگەی سیاسی و پاوانخوازی و هەژموونگەراییی حزبەکان کە خەڵکیش بەسەریاندا دابەشبووە، ئەگەری ئەوەی لێ پەیدا دەبێت، جارێکی تر (خوانەخواستە) بەرەو شەڕ بچێت. لەم زەوینەیەدا، هەردوو لایەنی پارتی و یەکێتی لە ساڵانی ٢٠٠٩–٢٠١١، بەرپرسیارانە ڕەفتاریان کردووە و ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی (گۆڕان) لەم سێ ساڵەی دواییدا، زۆرجار بەرەو سنوورەکانی پاوانخوازی و شەڕ هەنگاوی ناوە، بەڵام خۆشبەختانە کوردگوتەنی، کەس شەڕی لێ نەکرین. باس و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەی تاکڕەهەند و پاوانخوازیی سیاسی، پرسێکی فیکری و سیاسی فرەوانە و من نیازم نییە لەم وتارەدا، زیاتر لەوە بەدواییدا بڕۆم. بەڵام بۆیە ئەم باسەم هێنایە ئاراوە، بۆ ئەوەی بەو ئەنجامە بگەین کە هەموو شتێک لە کوردستاندا، خراوەتە ژێر سایەی هەژموونی سیاسی و ڕەوشی پێوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکانەوە، سەرئەنجام، زۆر بەئاسانی دەگەینە ئەو کەنارەی، تەواوی دیموکراسیی کوردی کە ئێستە لەلایەن سیاسەتەوە بەڕێوە دەبرێ،

دەبێت سیاسەتیش تەکلیفی خۆی لەم زەوینەیەدا یەکلایی بکاتەوە، یان سیاسەت و حزبە سیاسییەکان بەتایبەتی (پارتی، یەکێتی، گۆڕان و یەکگرتوو)، دیموکراسیی کوردی لە سەرووی کۆمەڵگەوە، بەرەو ئاستی فرەوانتر دەبەن، یان بەرەو چوارگۆشەی یەکەمی دەبەنەوە، کە چوارگۆشەی پێش پرۆسەی سیاسی و ئاشتیی سیاسییە کە لەوێدا دیموکراسیی سیاسیش لەناو دەچێت. شیمانەی دووەم، بەبڕوای من، ئەگەرێکی زۆر لاوازە و وا دەزانم کە جێگیربوون و گەشەی دیموکراسی، ئەگەری بەهێزی هەیە.

لە کوردستاندا، دەسەڵات و پێوەندی سیاسەت و دەسەڵاتداریەتی، بکەری یەکەم و کاریگەرە تا دیموکراسیی سیاسی لە کوردستان بەرەو دیموکراسییەکی جێگیر و گەشەسەندوو بچێت، یان بەهۆی دامەزراندنی حکوومەتی یاسا و مافەکان، لە قۆناخی یەکەم، رزگاری بێت و بگاتە قۆناخی دەوڵەتی لیبراڵ – دیموکرات. (لە ئەدەبیاتی سەرەتای تێپەڕبوون بەرەو دیموکراسی و پاراستنی ئەم دیموکراسییانە، دڵنیایی لەسەر پێویستبوونی دەستپێکی دیموکراسی لە سەرووی کۆمەڵگەوە کراوە. (سامۆیل هانتینگتۆن) لە کتێبی ناوداری خۆی بەناوی (شەپۆلی سێیەم، دیموکراتیزەکردن لە درەنگانی سەدەی بیستدا)، باس لە نەخشی لاواز و نەبوونی جەماوەر دەکات بۆ چوونە ناو دیموکراسی، ئەوەش نیشان دەدات کە لە ٣٣ پرسی دیموکراسی لە دوای ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەوە، تەنیا لە شەش وڵاتدا، جەماوەر هەندێک نەخش و کاریگەرییان هەبووە. لەم ڕوانگەیەدا، لەوانەیە خەڵک شۆڕش و ڕاپەڕین بکەن (وەک بەهاری کوردستان لە ١٩٩١دا) و ڕێژیمەکان سەرنگون بکەن، بەڵام تەنیا نوخبە و دەسەڵاتدارانی سیاسی دەتوانن بەپیادەکردنی ڕەوش و پەیمانەکانی خۆیان لە جیاتی ڕێژیمە سەرەڕۆکان، ڕێژیمی دیموکراتی بنیات بنێن. بەگوتەی هانتینگتۆن (سازشی نێوان نوخبە و لایەنە سیاسییەکان، دڵی زیندووی تێپەڕبوونە بەرەو دیموکراسی[١١]. ئامانجی ئەم سازش و ڕێکەوتنە بریتییە لە: ناساندنی ڕێسا و یاساکانی دەسەڵاتدارێتی بەسەر شێوازی کار و پیادەکردنی حکوومەت و دەسەڵات، لەسەر بناخەی دابینکردنی دوولایەنەی ڕەچاوکردن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی حکوومەت و لایەنە سیاسییەکانی تر.

### دەسەڵات و پێوەندییەکانی سیاسەت و دەسەڵاتداریەتی

نەخش و کاریگەریی نوخبە و شاندی دەسەڵاتدار لەگەڵ پێوەندییەکانی سیاسەت و دەسەڵاتداریەتی، بەو ئەندازەیە نییە کە تەواوی پرۆسەی دیموکراسی یان گەشەکردنی دیموکراسیی سیاسی، بەرەو دیموکراسیی کۆمەڵایەتی، پابەندبێت بەدەسەڵات و نەخشی ئەوانەوە، بگرە تەنیا لەوەدا کۆ دەبێتەوە کە هەلومەرجی پێویستی سیاسی و ئاشتیی سیاسی، ساز دەکات تا پرۆسەی سیاسی بەئاراستەی دیموکراتی و یاساییدا بڕوات. لەم دیگایەدا، جێگیریی و گەشەی دیموکراسی، یان هیچ نەبێت مانەوەی دیموکراسییەکی یاسایی و سیاسی، بەشێکە لە دەسەڵات و

بیرکردنەوەی سیاسەتمەداران، بەتایبەتی هێزی دەسەڵاتداری حکوومەت. نەخش و کاریگەریی نوخبە سیاسییەکانی تری دەرەوەی حکوومەت، یان بەشداریی لایەنە سیاسییەکانی تر، سەرەنجام، بەرەو ئەوە دەچێت، ژینگەیەکی سیاسیی دیموکراتیک (یان پێچەوانەکەی) لە وڵاتدا دەسەڵاتدار بێت.

بەڵام کە دەچینە مەیدانی پراکتیکی نەخش و کاریگەریی نوخبەی سیاسی لە دیموکراسیی سەرەتاییدا، پرس یان (ڕەوشی) چۆنیەتی و پێکهاتەی ئەو نوخبە سیاسی و دەسەڵاتدارە، کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەوت یان داهاتووی جێگیربوون و بەهێزبوونی دیموکراسی. کۆمەڵناسی سیاسی مۆدێرن (ماکس ڤیبەر)، چۆنیەتی پێکهاتەی ئەم نوخبە سیاسی و دەسەڵاتدارە، لە سێ نموونەدا کۆ دەکاتەوە، یەکەم، نوخبەی سیاسی و دەسەڵاتداری نەریتی و مێژوویییە، کە لە بنەماڵە و دەسەڵاتە کۆنەکانەوە ئەم پرسەیان بۆ بەجێماوە و پشتاوپشت دەسەڵاتیان هەبووە، یان سیاسەت و شۆڕشەکانیان، بەمیرات بۆ بەجێ ماوە. دووەم، نوخبەی سیاسی و دەسەڵاتداری کارێزماتیک و ڕابەریی، کە نەخش و کاریگەریی ئەو کەسانە لە شۆڕش، سیاسەت و ڕووناکبیریدا، دەبنە زەوینەی دەسەڵات و سیاسەتەکانیان. سێیەم، نوخبەی سیاسی و دەسەڵاتداری بیرۆکراسی، یان عەقڵانی و یاسایی، کە ئەمەیان، زیاتر بەرهەمی دیموکراسی و سیستەم و دەسەڵاتی دیموکراتییە کە لەوێدا کەسانی شارەزا و خوێندەوار و پسپۆڕ لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، دەچنە ناو سیاسەت و دەسەڵاتەوە[١٢] . سیاسەت و دەسەڵاتی نەریتی مێژوویی یان کارێزماتیک و ڕابەریی، کەمتر بەرەو دیموکراسی و دەسەڵاتی یاسایی دەچن، کەمتر بەرەو یاسایی و ئاشتیسازی پێوەندییە سیاسییەکان دەچن، مەگەر بەناچاری. بەڵام سیاسەت و دەسەڵاتی عەقڵانی ـ یاسایی، لەبەرئەوەی خۆیان زادەی سەردەم و فەرهەنگ و نەریتەکانی دیموکراسین، یان بەرژەوەندییان لە دیموکراسیدایە، نیاز و پێویستییان بەوەیە کە دیموکراسی و یاساییبوونی سیاسەت و دەسەڵات و پێوەندییەکانی ئەم دووانە، بەرەو بەهێزبوون بچێت.

وڵاتانێک کە تەمەن و پێشینەی دیموکراسییان کەم بێت، بێگومان بەشێکی زۆر لە سیاسەت و دەسەڵاتداریەتی لە بەشی یەکەم و دووەمی تیۆرەکەی ماکس ڤیبەردان و گومانی تێدا نییە، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی و کوردستانی خۆشمان هەر لەو ڕەوشەدا ژیان بەسەردەبەن. سیاسەتو دەسەڵات لە کوردستان، یان بەدەستی کەسانی مێژوویی نەریتی و کەسانی کارێزمایی و ڕابەرییەوە، یان بەدەستی کەسانێکەوەیە کە ئەم دوو لایەنە پشتیوانییان بکەن و بیانپارێزن. لە سنوور و مێژووییەکی زۆر کەمدا، لایەنی سێیەمی سیاسەت و دەسەڵاتداریەتی کە (عەقڵانی– یاسایی)ن، ئەگەر کەسانێکیش لەم نەوەیە نەخش و کاریگەرییەکی هەبێت، بێگومان، ئەم نەخش و کاریگەرییە، تەنیا بەڕەزامەندی و بەرژەوەندیی ڕابەرانی نەریتی و کارێزمایی دەبێت.

نوخبە دەسەڵاتدارەکان یان سیاسییەکان، ئەو کەسانەن کە بڕیار بەدەستن لە باڵاترین و بەهێزترین و گرینگترین پرسەکانی کۆمەڵگە و حکوومەت یان لەو داوودەزگا گشتی و

هەوڵنامەی کتێب

جەماوەرییانەدا (کە وڵاتی ئێمە زۆربەیان یان هەموویان پاشکۆی سیاسەت و دەسەڵاتن) و دەتوانن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بەهێز بن. بەڵام خودی ئەم نوخبە سیاسی و دەسەڵاتدارانە، لە دوو پێوەردا دەتوانن پێکهاتە و شێوازی بوون و کاریگەرییان پیادە بکەن، یەکەم، پێوەری هاوسەنگی و پشتیوانی بنیاتی، کە ئەم پێوەرە، زیاتر بنیات و پێکهاتەی ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دەکاتە ڕوانگە و پشتیوانی سیاسی. بەرژەوەندیی هاوبەشی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو نوخبانە، زۆرجار وا دەکات ڕوانگە و بنیاتی فەرهەنگی یان ئایدیۆلۆجی هاوبەش دروست بکەن. زۆربەی حزبەکانی کوردستان لەم پێوەرەدا، هاوبەشی و هاوپشتی سیاسیی خۆیان بەرهەم دێنن و دەپارێزن. پێوەری دووەم، ڕادەی هاوپشتی بەهاییە یان شێوەیەکە لە تێگەشتنی دیموکراسی و عەقڵانی، کە ڕێکەوتنی ڕێژەیی نێوان ڕوانگە و بەرژەوەندی و باڵەکانی سیاسەت و دەسەڵات دەخاتە ناو ڕێساکانی ئەو دەسەڵاتە و لەناو یەک گوتاری هاوبەشدا بەیانی کۆبوونەوەی ئەو بەهایانە دەکات. حزبە دیموکراسی و سۆسیال دیموکراتەکانی ڕۆئاوا، لەسەر ئەم بنەوایەی دووەم دروستبوون و بنیات و هاوپشتی خۆیان دەپارێزن.

لەم دوو ڕوانگەوە، ئەم دوو پێوەرە، سێ جۆر پێکهاتە و شێوازی سیاسەت و دەسەڵات (بەتایبەتی شاندی حکوومەتی) بەدەست دێنن:

١- چین یان هەیئەتی دەسەڵاتداری ناکۆک و لێکترازاو، کە هەم لە ڕوانگەی هاوپشتی بنیاتی و هەم لە ڕوانگەی ڕێکەوتنی بەهاییدا، نەیانتوانیوە بگەنە پێوەرێکی گونجاو بۆ پیادەکردنی سیاسەت و دەسەڵاتیان. بەشەکانی ئەم شێوازە، لە شاندی دەسەڵاتدار بەتەواوی بەرانبەر بەیەک، بێ متمانەن و بەزمانی سیاسی جۆراوجۆر قسە دەکەن و ژیانی سیاسی وەکو پرسی مان و نەمان چاو لێ دەکەن، هەمووکات لە بەرانبەر یەکدا، لە کێشە و ناکۆکی توندوتیژدان (ئاشکرا یان نهێنی). حزبەکانی (ی. ن. ک) و (گۆڕان)، لەم پێکهاتە و شێوازەدا، سیاسەتداریەتییان کردووە.

٢- شاندی سیاسەت و دەسەڵاتداری یەکپارچە، لە ڕوانگەی هاوپشتی بنیاتی و رێککەوتنی بەهاییدا، بەڵام بەبوونی ئەندازەیەک لە جیاوازی بیروڕا لە نێوان کەسان و باڵەکاندا. بەشەکانی ئەم چینە سیاسی و دەسەڵاتدارە، لە بەرانبەر یەکتردا، کێبڕکێی ئاشتییانەیان هەیە، ژیانی سیاسی وەکو دانوستانی ڕێژەیی سەیر دەکەن، نەک وەکو نەبەردی مان و نەمان. لە نێوان ئەم بەشانەی سیاسەت و دەسەڵاتدا، هیچ کەسێک، یان لایەنێک، هەلومەرج و دەسەڵاتی ئایدیۆلۆجی و بنیاتییان نییە. (لە کوردستان و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، تا ئێستە هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی و دەسەڵاتدار لەم بنیات و شێوازەدا دروست نەبوون).

٣- شاندی سیاسی و دەسەڵاتداری یەکپارچە لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆجی و بنیاتییدا، لەم جۆرە سیاسەت و دەسەڵاتەدا، هەموو پێکهاتە و شێوازە سیاسییەکە، بەهۆی لایەنێک یان کەسێکی دەسەڵاتی ڕەهاوە، کە لە سەرچاوەکانی دەسەڵاتدا خاوەنی ڕەوشی ستراتیجیکە، پێوەرەکانی

بنیاتیی و بەهایی ساز دەكرێن و دەسەڵاتدار دەكرێن. هەروەها، هاوپشتی بەهایی و بیروباوەڕەكانیش، لە ڕێگەی هەمان باڵی دەسەڵاتدارەوە، دەبێتە دەزگایەكی ئایدیۆلۆجی یان بنەوای ڕەوایی (مێژوویی– نەریتی). باڵەكانی تر، دەبێت و پێویستە لەگەڵ باڵی دەسەڵاتداردا، خۆیان ڕێكخەن یان بێدەنگ بن[١٣] . لە كوردستان، حزبەكانی (پارتی، یەككرتوو، كۆمەڵ) لەم ڕەوشەدا ژیانی سیاسی دەسەڵاتداریەتی خۆیان بەسەردەبەن.

### ئەم پێكهاتە و شێوازە سیاسی و دەسەڵاتدارانە چۆن دەتوانن لەگەڵ دیموكراسیدا بسازێن؟

هەروەكو لە ئاماژە و ئاسۆی ئەم باسانەدا چەند جارێك ئاماژەمان كرد، داهاتووی ئەم پێكهاتە و شێوازە سیاسی و دەسەڵاتدارانەی هەرێم، تەنیا لە دوو ڕێگەوە دەبێت. یەكەم، پرۆسەی سیاسی یان سیاسەتی ئاشتییانەی دیموكراسی، دەبێت پێوەر و ناوەڕۆكی یەكەم بێت، لە ژیانی سیاسی و دەسەڵاتداریەتیدا. باوەڕم وایە، سەرەتای ئەم پرۆسە سیاسییە لە كوردستان، لەپەیدابووندایە، یان بەرژەوەندی و سازانی لایەنە سیاسییەكان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچێت! دووەم، بوونی دەسەڵاتێكی دەستووری یان هیچ نەبێت (یاسایی) كە هەموو پێوەر و پێوەندییە سیاسی و دەسەڵاتداریەتییەكان، بخاتە سنوورەكانی یاساوە و هیچ لایەن و دەسەڵاتێك نەتوانێت ئەم پرۆسە یاساییە یان (ڕێككەوتنە یاساییە) بەرەو نەمان یان پاشەكشە بەرێت. پرۆژەی هاوبەشی نێوان پارتی و یەكێتی لە هاوینی ٢٠١١دا، بەسەرەتای ئەم پرۆسە یان كاروانە سیاسی و یاساییە دادەنرێ. بۆیە هەردوو وشەی پرۆسە و كاروانم بەكارهێناوە، لەبەرئەوەی لەوانەیە لە ماوەیەكی كورتدا، وەكو پرۆسەیەك جێبەجێ بكرێت، یان لە درێژخایەندا وەكو كاروان بكەوێتە ڕێ.

هەندێك لایەن و تیۆریی سیاسی، گەوهەری دیموكراسی، نە لە حكوومەتدا و نە لە دەسەڵاتی ڕەهای (زۆرینە)دا دەبینن، بگرە لە دەسەڵات و حكوومەتی یاسادا بەئەنجام دەگات. لەم دیگایەدا، دەسەڵات لە بنەوادا مەترسیدار دەبینن، بۆیە دەبێت بەیاسا سنووردار بكرێت. بەڵام ویستی زۆرینە وەكو سنووردارییەك بەسەر حكوومەتدا، ئەژمار ناكرێت، بگرە لەوانەیە كار و بڕیارەكان بەرەو ڕەهایی و سەرەڕۆیی ئەو زۆرینەیە بچێت. دیكتاتۆریی زۆرینە لە دیكتاتۆریی كەمینە ترسناكتر و بەهێزترە (ئەمە ئەو ڕەوشەیە كە دەسەڵاتی زۆرینەی لە كوردستان بەرەو شەڕی ناوخۆ برد). پرسی سەرەكی لە دیدگای حكوومەتی یاسادا، لە پێناوی پاراستن و بەردەوامی ماف و ئازادییەكانی تاكدا خەبات دەكات، لە بەرانبەر هەر شێوەیەك لە دەسەڵاتی ڕەها و ویستی توندڕۆ و سەرەڕۆی دەسەڵاتەكان. هەر بۆیە دەبێت زۆرینە، لەلایەن دەزگا یاساییەكانەوە كۆنترۆڵ بكرێت. وێڕای ئەمانە، یاسا لە دیموكراسیدا، لە ماهیەتدا، ڕێگرە لە دەسەڵاتی ڕەها، لەبەرئەوەی یاسا، بەتایبەتی بەرانبەر بەحكوومەت، فەرماندەر و ناچاركەر نییە. یاسا ئەوە دیاری ناكات كە خەڵك چۆن دەبێت بژین، بگرە ئەوان لە ئەنجامدانی كاری خراپ و ناشایستە، دوور دەخاتەوە، یان

سـزایان دەدات. لانی زۆری ئەم دەسـەڵاتە یاسـاییـیـە ئەوەیە، کـە دیموکـراسـیی حکوومـەتی راسـتەوخـۆی جەمـاوەری یان زۆرینـە نییە، بگرە ڕێگەیەکە بۆ ڕاوێژ لەگەڵ زۆرینەدا، بەمەبەسـتی پاراستنی بەرژەوەندییەکـانی تاک و کەمایەتییەکان. یاسا، خـەڵک و تاک بەرانبەر دەسـەڵاتی ڕەهای خودی دیموکراسیش دەپارێزێ[١٤].

دەسـەڵات یان حکوومـەتـی یاسـایی، هـەر بەو ڕادەیەی کـە ڕێگرە لە ڕەهـابوونی خـودی دەسـەڵاتی سـیـاسـی و حـکـوومـەت، بەهەمـان ئەندازەش، کـۆسـپ دەخـاتـە بەردەمـی ئەو هـەوڵ و کـارانـەی ئۆپۆزسـیـۆن یان کـەمـینـە سـیـاسـیـیـەکـان دەیانەوێت بەرەو ئاشـوب یان ڕاپەڕینی بەرن. ئەگـەر مەبەستی یەکەم لە کوردستان ڕوانگەی ڕێگری بێت لە دەسەڵاتی نیوچە ڕەهـای حکوومەت (یەکێتی و پارتـی)، بێگومـان ئـامـانجی دووەم، بۆ ئەوەیە دیسـان جـارێکی تر هـەلومـەرجی ١٧ شـوبـاتی سـازکـراو لەلایەن ئۆپۆسـیـۆنی هـەرێمـەوە ڕوو نەداتەوە. بەرژەوەندیی هـاوبەشی لایەنە سـیـاسـی و حکوومـیـیـەکان و سـازانی ئەوان، ئەگـەر بۆ ئەوە بێت کە پرۆسـەی سـیاسـی بەئاشـتـی و بەیاسـایی بەرەو دیموکـراسـی بچـێـت، بێگومان، دەسـەڵات و حکوومـەتی یاسـایی چاکتـر دەتوانێت ئەم پرۆسـە سیاسـی و ئاشتییانەیە بەرەو کەناری دیموکراسییەکی فرەوانتـر و بەهێزتر بەرێت. سـەرئەنجام، لە دیموکراسـیی سیـاسـی هـەرێمـدا، هیچ پرسـێک هێندەی ڕێککەوتنی سیـاسـی و دەسـەڵاتی یاسـایی گرینگ و کـاریگەر نییە، بۆیە دەبێت بەزووترین کات بەرەو ڕێککەوتنی تەواو و بەردەوام بچێت.

دیموکراسیی سیاسی چۆن دەتوانێ کۆمەڵگە ڕێک بخات؟

ڕۆبەرت دال، بیرمـەندی ئەمـریکایی کـە یەکێکە لە سـەرچاوەکـانی تیـۆریی دیموکـراسـی بۆ سـوود و بەهرەمـەندی کـۆمـەڵگە و بنیاتنانی ژیان و جیـهـانێکی باشتر، لە کتـێبـە ناودارەکەی خـۆیدا بەناوی (لەبارەی دیمـوکـراسـی)، ئـەم ئـامـانجـانە لە دیموکـراسـیـی یاسـایـی، یان هـەروەکـو خـۆی دەڵـێت لە (دیموکراسیی ئامانجدار)دا دەبینێ:

١- دیموکـراسـی، پارمـەتـیـمـان دەدات کـە ڕێگر بێت لە حکوومـەت و دەسـەڵاتی سـەرەڕۆ، یان جڵـەوگـیـربێت لە هـەمـوو هـەوڵ و سـیـاسـەتێکی توندوتیـژ و بێ بەزەیی. لەوانەیە گـرینگـترین و بەردەوامترین پرسـی سیاسـەت، دەربازبوون بێت لە حووکمڕانیی کەس و لایەنە زۆردارەکان. لە سـەرانسـەری مێژووی نووسـراودا، بەتایبەتی لە سـەردەمی خۆماندا، رابەران و دەسـەڵاتدارانێک پەیدابـوون کـە هـۆکـاری خـۆ بەگـەورەزانی، بەدگـومـانی، بەرژەوەندیی تـایبـەتی، ئایدیـۆلۆجی، نەتەوەپەرسـتی، ئاینبـاوەڕی، بـڕوابوون بەباڵاتربوونی خـۆیان یان بەهـۆی هـەسـت و هـەڵـچـوونی خـۆیانەوە، وا بیـر دەکـەنـەوە کـە دەبێت بەهـۆی پیـادەکـردنی هێـز و تـوندوتیـژییـەوە، دەسـەڵات و سـیـاسـەت بگـرنە دەسـت، بۆ ئـەوەی بگـەنە مـەرام و ئـامـانجـەکـانیـان. مـێـژووی مـرۆڤـایەتـی سـەلماندوویەتی، قوربانییەکانی دەستی ئەم سـەرکردە و ئەو ڕابەرە خۆپەرستانە، کـەمتر نەبووە لە قوربانیانی نەخۆشی، برسێتی و شەڕ.

٢- دیموکراسی، مـافـە بنەڕەتییـەکانی هاووڵاتییـان دابین دەکات کە ڕێژیمە نادیموکراتییـەکان نایەنەوێت، یان ناتوانن ئەو مـافانە بەفەرمی بناسن. دیموکراسی، تەنیا ڕەوتێکی حووکمداری نییـە، بگرە دەبێت ئەو مـافـانەش زەمـانەت بکات کە توخـمـە سـەرەکـییـەکانی دەزگا گرینگ و پێـویسـتـیـەکـانی دیموکـراسین. لەبەرئەوەشـە کـە دیموکـراسی تەنیـا دەسـەڵاتی زۆرینە یان نوێنەرانی خەڵک نییە، بگرە سیستەمێکی مـافدان و مافپارێزیشە. مافەکان لە ڕوانگەی هەموو خەڵک و تاکەکانەوە، ژینگەی ڕوان و پێگەیشتنی ڕەوتی دیموکراتیککردنی حکوومەتانە.

٣- دیموکراسی، دابینکەر و پارێزەری ئازادییەکانی تاکەکانە. وێڕای سیستەمی سیاسی ڕێگر لە هێز و توندوتیژی و پاراسـتنی مـافـەکان، ئازادی و هەلەکانی ژیان و دیاریکردنی چارەنووس و سـەربەخـۆییی مـرۆڤـەکـان، بەفـەرمی دەناسـێ و لە دەسـتـوور و یاسـاکـاندا، بنەوای پەیمانی کۆمەڵایەتی بۆ دەسازێنێ. بڕوابوونی خەڵک بەدیموکراسی و لایەنی یاساییبوونی دیموکراسی، تەنیـا لەبەر ئەوە نییـە کە دەسـەڵاتی یاسـایی بەرقـەرار بێت، بگرە دەتوانێ مـاف و ئازادی و دادپەروەرییـان بۆ زەمـانەت بکات. ئازادییـەکـانی تاک، لە زەوینەکانی ژیان و سـەربەخـۆیی و بیرورا و سیاسەت و ناسنامەدا لەگەڵ مـافـەکاندا، بەردی بناخـەی ڕەواپین بۆ دیموکراسی و سەرەتایەکیشن بۆ بەشداریی خەڵک لە دیاریکردنی چارەنووسدا.

٤- دیموکراسی، کۆمەکی خـەڵک دەکات تا پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانیان بکەن. هەر کەسێک، یان هەمـووان، بـەدوای بەدەسـتـهـێنانی پرس و مـافـەکـانی ژیانەوەن، ئەوان تـەواوی ژیانیـان خـەریکی هەوڵ و تێکۆشانن بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی مافی مـانەوە، خواردن، نیشتـەجێ، تەندروستی، خۆشەویستی، ڕێز، ئاسایش، خێزان، دۆستان و کاری مەبەست و ژیانی خۆش و ئاسـوودە. لەوانـەیە یەکـێک لەم پرسـانە، لای هەندێک گـرینگتـر بێت، بەڵام تـەواوی ئەم بەرژەوەندی و مـافـانە، دەبنە ڕوانگەی خـەڵک بۆ پشـتـیـوانیکردن لە ڕەوایی دەسـەڵاتێک. لە سەردەمی داگیرکاریی و دیکتاتۆریدا، هەوڵ یان غـەریزەی مانەوە و تیانەچوون، دەبێتە ڕوانگە و پرسی زۆرینە (هەروەکو داواکاری کورد لە سـەردەمی داگـیرکاریی و دەسەڵاتی فاشیزمدا)، بەڵام لە دوای دەسـتـپـێکردنی دیموکـراسی، پرسی ژیانی گـونجـاو، یـان شـایسـتـە، دەبێـتـە ڕوانگەی گشتی خەڵک، بۆ ناسینی پێوەندیی خۆیان لەگەڵ دیموکراسیدا.

٥- تەنیا دیموکراسی و دەسـەڵاتی دیموکـراسیی یاسـایی، دەتوانـێ لانی زۆری هەلەکانی ژیان بۆ خـەڵک بسـازێنێ تـا ئازادانە چارەنووسی خـۆیان دیاری بکەن ـ واتە؛ بەپێی ئەو یاسـایانەی خۆیان هەڵیـان بژاردووە دەبێت ژیان بەڕێوە بچێت. هـیچ مـرۆڤـێک ناتوانێت ژیانێکی گونجـاو پەیدا بکات، مەگەر ئەوەی کە دەبێت لە تەک خەڵکی تردا بژی. بەڵام ژیانی لە تەک ئەوانی تردا، بۆ خـۆی، دەبێت نرخ و بەهـایەکی بۆ بدرێ. دیموکـراسـیی یاسـایی، دەبێت ژیانی تاک و کۆمەڵایەتی زەمانەت بکات و لە ڕێگەی یاساکانی کار، تەندروستی، بیمـەکانی ژیان، باری کەسێتی... هتد، زۆرترین هەلەکانی ژیان بۆ هەمـووان بنەخشێنێ و هەمووان بەهرەمەند بکات

له سامانی وڵات و شایستەییەکانی.

٦- دیموکراسی و بەرپرسیاریی ئەخلاقی مەدەنی: هەموومان بەرپرسیارین بەرانبەر خۆمان و بەرانبەر بەگشت. بیروباوەڕەکان، کارەکان، بەرپرسیاریەتی گشتی و تایبەتی، پاراستنی ڕەوشی گشتی و یاسایی، پەنابردن بۆ زۆر و توندوتیژی، پاراستنی ئاشتیی یاسایی... هتد، تەنیا لە دیموکراسیدا بەپێی یاسا دەپارێزرێ. بگرە بەرپرسیاریی و پەسەندکردنی یاسا و هەلومەرجی گشتی، دەکرێتە (یان دەبێتە) فەرهەنگ و داوونەریتی کۆمەڵایەتی.

٧- دیموکراسی و گەشەی مرۆڤایەتی: زەمانەتی یاسایی مافەکان، ئازادییەکان و یەکسانی، هەلەکانی ژیان و پاراستنی بەرژەوەندییەکان، دەبنە سەرەتا و زەوینەکانی گەشە و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، هەروەها، دەبنە هێزەکانی گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، ئەم هۆکارانەش، دەبنە بنەواکانی هاوکاریی و پەیمانی کۆمەڵایەتی، کە مرۆڤایەتی بەرەو سەردەم و داهاتوویەکی گەشتر و بەهرەمەندتر دەبەن.

٨- تەنیا دیموکراسی دەتوانێ یەکسانیی سیاسی بەرهەم بێنێ و بیپارێزێ. یەکێک لە گرینگترین بەڵگەکانی پێویستبوونی دیموکراسی و باڵاتربوونی ئەم سیستەمە، ئەوەیە کە حکوومەتی یاسایی، دەتوانێ و دەبێ یەکسانیی سیاسی لە هەموو ڕێژیمەکانی تر زیاتر بەرەو پێشکەوتن ببات. یەکسانی لە دامەزراوە سیاسییەکاندا، یەکسانیی یاسایی بۆ هەڵبژاردن و خۆهەڵبژاردن، زەمانەتکردنی مافی سیاسی و بەیانی سیاسی و ڕێکخراوبوونی سیاسی و لە هەمووشیان گرینگتر ئەوەیە کە بەدەستوور و یاسا، هەموو کەس یەکسانن لەناو یاسا و لە بەردەمی یاسادا و هەموو کەس هاووڵاتیی پلەیەکە.

٩- دیموکراسی، ڕێگرە لە شەڕە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان، یان هێز و دەسەڵاتە دیموکراتەکان لەگەڵ یەکتر شەڕ ناکەن و خۆشیان بۆ شەڕ ئامادە ناکەن. هەموو پرس و هاوسەنگییە سیاسییەکان، بەیاسا ڕێک دەخرێت[١٥].

سەرئەنجام، سەرەتاکانی دیموکراسیی سیاسی لە کوردستان دەبێت بەرەو ڕێکخستن و دەسەڵاتی یاسایی بچێت و زەوینەکانی دیموکراسییەکی فرەوانتر و مرۆڤانەتر بنەخشێنێ، یان ڕێگەی گشتی و یاساییەکانی دیاری بکات. ئەزموونی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا، یان وڵاتانی تازە شادبوو بەدیموکراسی (لە دوای دەیەی ١٩٧٠)، دەتوانن ڕێنوێنی دیاریکەر و کاریگەر بن بۆ ئێمە. سەرەتا و زەوینەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری لە کوردستاندا بۆ ئەم ئامانجە، ڕەنگیان ڕشتووە، بەڵام سەرەتای گرینگتر و کاریگەرتر ئەوەیە کە سیستەم و یاسای دەسەڵاتدار ئەم پرسانە لە دەستوور و یاساکاندا جێگیر بکات و دەسەڵات و حکوومەتی بەرپرس جێبەجێیان بکات، تا دوا جار، ببێتە بەشێک لە فەرهەنگ و ئیرادەی کۆمەڵایەتی.

چوارەم: ژینگەی کۆمەڵایەتی بۆ دیموکراسی (پێوەندی دیموکراسی و خەڵک)

ئەلکسی دی تۆکفیل، فەیلەسووفی کۆمەڵایەتی، لەبارەی ژینگەی کۆمەڵایەتی بۆ دیموکراسییەوە دەڵێ: (دیموکراسی، تەنیا ڕێژیمێکی سیاسی نییە، بگرە (هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیشە) کە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان هاووڵاتییان دیاری دەکات، بەرەو گەیشتن بەجۆرێک لە یەکسانی، کە ئەویش یەکسانییە لە هەلومەرج و دۆخی ژیاندا. ئەم یەکسانییە، جیاوازە لە یەکسانیی مافەکان کە فەیلەسووفانی سەردەمی ڕۆشنگەریی، بیریان لێ دەکردەوە، ئەم یەکسانییە کۆمەڵایەتییە، دەتوانێ یەکسانیی سیاسی لە یەکسانی بۆ شایستەیی و یەکسانی لە هەل و فورسەتەکانی ژیان نێزیک بکاتەوە. هەروەها، دیموکراسی، برێتییە لەو پێوەرە کۆمەڵایەتییەی هاووڵاتییانی سەردەمە جیاوازەکانی ناو سیستەمی دیموکراسی، یەکسان و چوونیەک دەکات[١٦].

وەکو بەرئەنجامێکی لۆجیکی بۆ ئەم دیدگایەی تۆکفیل، دەبێت دوو پرسی گرینگ لەم ڕستانە پەیدا بکەین: یەکەم، دیموکراسی، بۆ خۆی هەلومەرجێکی واقیعی کۆمەڵایەتییە. دووەم، دیموکراسی، بێ گۆڕینی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ناتوانێت ژینگەی گونجاو یان شایستە بۆ خۆی پەیدا بکات. ڕەهەندەکانی گۆڕان لە کۆمەڵگەی نەریتی، یان پێش دیموکراسیدا، بۆ کۆمەڵگەی مۆدێرنی دوای دیموکراسی، دەبێتە شێوازێک لە گۆڕان، لە کۆمەڵگەیەکی ئەرستۆکراتی (وەکو ئێستەی کوردستان) بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی، پرسی سەرەکی لەم گۆڕانەدا، پرسی چوونەپێشەوە و گەشەکردنە بەرەو یەکسانی لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ژیاندا، ئەمەش، دەبێتە ژینگە و هاندەری نوێبوونەوە. یەکسانی لە هەلومەرجەکانی ژیان و بوونی خەڵکدا، کار دەکات بۆ یەکسانیی سیاسی و یەکسانی لە هەلومەرجەکاندا، یان یەکسانبوون لە پلە و پایە و شایستەییدا، ئەمانەش، بەرەو سەرهەڵدانی چینی ناوەڕاستی نوێ دەچن، ئەم چینە، دەبێتە ژینگە و بکەری سەرەکی بۆ دیموکراسییەکی چاکتر و باشتر.

بەڵام ئاستەنگی گەورە و بەهێز لە بەردەمی ئەم هەلومەرجەدا، واتە؛ هەوڵدان بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی یەکسانیی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی لەوێدا دیموکراسی، هەم هێزی کۆمەڵایەتی لە خۆی کۆ بکاتەوە و هەم بتوانێت گۆڕانێک لە هەلومەرجی ژیانی خەڵکدا بەقازانجی خەڵک و بەقازانجی دیموکراسیش بسازێنێ، ئەوەیە کە نایەکسانی لە هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتیدا تا ئێستە دەسەڵاتدارن و بەشێکن لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکان، کە بێگومان کۆمەڵگەکانی تازە شادبوو بەدیموکراسی، لەم زەوینەیەدا لە کۆمەڵگە دیموکراسییە کۆنەکان، هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی تێیاندا خراپترە. ئەم هەلومەرجە، جۆرێک دوورخستنەوەی ئیجباری چینە هەژار و نەدارەکان، یان چینە میللییەکان و شێوازێک لە نەگۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ئاستی فرەواندا و لە ماوەی دێژخایەندا دروست دەکات. واتە؛ لە هەردوو کۆمەڵگە دیموکراسی و نادیموکراتییەکاندا، دوورخستنەوەی خەڵک لە یەکسانبوونی هەلومەرجەکان یان لە یەکسانیی سیاسیدا، وا دەکات هێزی کۆمەڵایەتیی دیموکراسی، لاواز بێت، یان دوور بێت لە شانۆی کار و ئاڵوگۆڕەکان. لەم سەردەمەدا، هێزی

هەوادارانی ئازادی

سیاسییەکان، یان هێزی دەسەڵاتدارەکان، دەبێتە بکەر و هێزی بێ ئەملاولای ناو دیموکراسی (کۆن یان نوێ)، خەڵکیش، سەرەڕای ئەوەی کە بکەر نین، تەنانەت ناتوانن یان نایەنەوێت بینەریش بن. لە هەندێک سیستەمی دیموکراسیدا، بەتایبەتی لە دیموکراسییە سەرەتاکان و دیفاکتۆکاندا، بەپێچەوانەی ئامانجەکانی تۆکفیلەوە، بەربەست و ڕێگرە کۆمەڵایەتییەکان تا ئێستەش هەن و بەهێزن، بزاڤ و جوڵانەوەی نێوان چین و توێژەکان، بەرەو دیموکراسی، تا نووکە سنووردارن. ئەم هەلومەرجە، وا لە دیموکراسی دەکات، لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکەی دوور بێت، کە ماهیەتی ئەو بزووتنەوەیە، برێتییە لە بزووتنەوەی ڕەوایی و یەکسانیخوازی و بکەوێتە بەردەستی هێزە هەژموونخوازەکان و دوا جار لە ماهیەتە مرۆڤانەکەی بەتاڵ بکرێتەوە. ئەگەر لە دیموکراسیدا هەردوو ڕەهەندی (هەلومەرجی کۆمەڵایەتی) واتە؛ ئامادەبوونی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پشتیوانی لە دیموکراسی و (پرۆسەی یەکسانیسازی)، واتە؛ بوونی یاساکان بۆ یەکسانیی سیاسی و یاسایی، یەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری، یەکسانیی فەرهەنگی هەبێت، بێگومان، لەو کاتەدا دەتوانین بڵێین، (کۆمەڵگەی دیموکراسی)مان هەیە، ئەم کۆمەڵگەیە، جۆرێک نەرمی و سازشی بنیاتی و کۆمەڵایەتی دەسازێنێ بۆ پرسی ڕیفۆرم و گۆڕان و گواستنەوەی کۆمەڵگە بۆ ڕەوش و هەلومەرجێکی بەهرەمەندتر.

ڕاستییەکەی، واقیعی کۆمەڵایەتی بۆ دیموکراسی، یان کۆمەڵگەی دیموکراسی، دەتوانێت ئاسۆکان و هەلەکانی گۆڕان و جووڵەی کۆمەڵایەتی بەدی بێنێ، ئەمەش، هەلێکی زۆر لاوازە لە کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتی، یان لە کۆمەڵگەی دیموکراسیی لانیکەمدا، یان لە کۆمەڵگەی دیکتاتۆریدا. کۆمەڵگەی نادیموکراتی، ئەو کۆمەڵگەیانەن، جیاوازی و هەڵاواردنی میراتی و بەجێماو، یان نەریت و بیروڕای دەسەڵاتخوازی و پاوانخوازی باڵادەستن[١٧].

لە کۆمەڵگە دیکتاتۆری و ئەستۆکراتی و دیفاکتۆکاندا، ڕەهەندەکانی هێز، بەرژەوەندی، فریو و درۆ، و بیروڕای نەریتی کۆن، حووکم دەکەن و تەواوی کۆمەڵگەیان خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. واتە؛ هێز مەرج و پێوەری یەکەمی لایە بۆ دەسەڵاتداریەتی، بوونی هێزەکان، نەک ماهیەتی هێزەکان، بڕیار دەدەن و دەسەڵاتدارن و بەرژەوەندییەکانیان هەموو کات لە سەرووی ماف و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەوەیە، ئەم هێزانە، یان بەرژەوەندخوازانە، ڕاستییەکان دەشارنەوە، درۆ دەکەن و خەڵک فریو دەدەن، وایان لە کۆمەڵگە و دەستوپێوەندەکانیان گەیاندووە کە بوون و دەسەڵات و مانەوەی ئەمان، تازە حەقیقەتێکی ئەبەدییە و لە تەواوی کۆمەڵگەکاندا هەر ئەوان هەژموونداربوون. لەم زەوینەیەدا، واتە؛ لەم زەوینەی هەژموونەدا، خەڵکیان قەناعەت پێ کردووە کە دەسەڵات و بەرژەوەندی و ڕوانگە و نەریتەکانی ئەوان، پرسەکانی کۆمەڵگەی بەدەستەوەیە و لە دەسەڵاتدا، هەر ئەوان حووکم دەکەن و لە ئۆپۆزسیۆندا، هەر خۆیان سەرکردە و کاربەدەستن و لە بازاڕ و ئابووریدا، هەر ئەوان بەهرەمەندن. ئەمە ئەو هەلومەرجەیە کە تەواوی کۆمەڵگە دیکتاتۆری و دیموکراسییەکانی ڕۆهەڵات و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی خستووەتە ژێر سایە و

دەسەڵاتی خۆیەوە.

بەڵام بەدیلی ئەم کۆمەڵگە نادیموکراتییانە، یان ئەم هێزە نادیموکراتییانە، کە دیموکراسییان بەبارمتە داگیر کردووە، یان خۆیان بەناوی دیموکراسییەوە، کار و ئامانجە نادیموکراتییەکەیان بەسەر کۆمەڵگەدا سەردار کردووە، دەبێت لەم ئاراستە پێچەوانەیەی ئەواندا، سۆراخی بکەین کە بنەوای یەکسانی لە مەیدانەکانی (سیاسەت و یاسا) و (کۆمەڵایەتی و ئابووری) و (فەرهەنگی و گشتی)دا وەکو بنەوا یاساییەکان، حووکم بکەن و بنەوا کۆنەکانی (هێز، بەرژەوەندی، فریو و نەریت) پاشەکشەیان پێ بکرێت.

گۆڕان و گواستنەوەی کۆمەڵگەی کۆن (دیکتاتۆری، ئەرستۆکراتی، دیموکراسیی لانیکەم)، بەرەو کۆمەڵگەی مۆدێرن، بەرەو ئاڵوگۆڕێکی قووڵ و فرەوان دەچێت بۆ دەستکاری و ڕێکخستنی بنیاتی کۆمەڵگەی کۆن، بەرەو کۆمەڵگەی مۆدێرن دەبات، یان هەلومەرجی نەریتی، بەرەو هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی دیموکراتی دەبات، پرۆسەیەکی دینامیکییە کە ناوی (یەکسانیە لە هەلومەرجەکاندا)، مۆنتسکیۆ، لە سەدەی نۆزدەدا، بەم شێوەیە دڵنیایی لەم پرۆسەیە دەکاتەوە: (لە نێوان ئەو شتانەدا کە سەرنجی منی ڕاکێشا لە کاتی مانەوەم لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەوە بوو کە یەکسانیی لە هەلومەرجەکاندا بەتەواوی منی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە). سەبارەت بە تۆکفیل، دیموکراسی و یەکسانی، دوو مەرجن بۆ یەکتر، ئەم پرۆسەیەش، لەم ڕەهەندانەدا بەئاکام دەگات:

١- یەکسانیی سیاسی و یاسایی: واتە؛ هەموو دانیشتوان، هاووڵاتییانی پلە یەکن، نابێت بەپێی ئیمتیازاتەکان لە یەکتر جیا بکرێنەوە یان هەڵاوێر بکرێن. سەرمایەداران، یان چینە کۆمەڵایەتییەکان، نابێت بەهرەمەندبن لە سەڵاحیات و ئیمتیازاتی سیاسی و یاسایی، بگرە دەبێت یاسا بۆ هەمووان بێت، هەر بۆیە: مافە سیاسی و مەدەنییەکان و ئازادییە گشتییەکان، ئەو مەرج و زەمینانەن کە دەبنە ژینگەی سەوزبوونی دیموکراسی.

٢- یەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری، کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێت (یەکسانی لە هەلومەرجەکانی ژیاندا). ئەم بنەوایە، لەلایەن هەردوو بیروباوەڕی سۆسیالیستی و لیبرالییەوە گرینگییان پێ دراوە، لەوانە دوو بیرمەندی گەورە، بەشێکی زۆری نووسین و بیری خۆیان بۆ تەرخان کردووە، (جۆن راوڵز) لە کتێبی (دادپەروەریی چییە) ١٩٧١ و (مایکڵ والْزەر) لە کتێبی (مەیدانەکانی دادپەروەریی). راوڵز، بڕوای بەوەیە کە دەبێت هەمووان یەکسان بن لە مافی ژیاندا و کەس نەبێت نیاز و پێداویستییەکانی ژیانی نەبێت، دەبێت دەوڵەتیش ئەم کارە بەیاسا چارەسەر بکات. بنەوای دووەم، دەبێتە بنەوای جیاوازی کە جیاوازی و هەڵاواردن دەبێت لە بەرژەوەندیی هەژار و لاواز و پەڕاوێزەکاندا بێت، یاسا و حکوومەت فریای ژیانیان بکەوێت[18]. بەڵام مایکڵ والْزەر، وا بیر دەکاتەوە کە مەیدانەکانی دادپەروەریی، دەبێت لەم پرسانەدا جێبەجێ بکرێن، گومانیشی تێدا نییە کە دەسەڵاتی یاسایی و سیاسی، دەبێت ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەن: مەیدانەکانی ژیان بۆ دادپەروەریی: ژینگە، ئاسایش و خۆشگوزەرانی یان ئاسودەیی، ژیانی

ئابووری، پلە و پایە، کار، کاتی پشوو و بەخۆداهاتنەوە، پەروەردە و فێرکردن، سۆزداری و عەشق و ژیانی ئیرۆسی، بەخشندەیی کۆمەڵگە و فەرهەنگ و بیروڕاکان، دووبارە خۆ ناساندن و خۆ بژارکردن[١٩].

٣- یەکسانیی فەرهەنگی: کە وەکو یەکسانی لە بیروڕا و شایستەیی کەسەکان و نەستی دیموکراسیدا ڕەنگ دەداتەوە. کەسەکان خۆیان بەرانبەر ئەوانی تر بەیەکسان و هاوشان دەبینن، ئەمەش، جۆرێکە (لە یەکسانیی خەیاڵی، سەرەڕای بوونی نایەکسانیی واقیعی). ئەگەرچی کەسەکان بەشێوەیەکی سرووشتی، یان غەریزی، بڕوایان بەیەکسانی هەیە، بەڵام کۆمەڵگە و دەسەڵاتی درێژخایەن و ڕابردووی نایەکسان و فەرهەنگ و بیروڕا کۆنەکانی ئەو سەردەمە، وا لە مرۆڤەکان دەکەن، خۆیان کەمتر لە کەسانی تر ببینن، یان لە باڵا و سەرووی خەڵکانەوە دەنازن. پێوەری کۆمەڵگەی دیموکرات و بوونی ئاشتیی کۆمەڵایەتی ئەوەیە، دانیشتوان بڕوای بەهێزیان هەبێت بەیەکسانی و هاوشانی نێوان کەسەکان.

لە نێوان هیوای دڵخوازیی دیموکراسی بۆ هێنانەدی واقیعیەتی (یەکسانی لە هەلومەرجەکاندا) و هێز و دەسەڵاتی کۆمەڵگەی کۆندا، پرسێک پەیدا دەبێت کە بیرمەندان ناویان ناوە (تەنگژەی ڕەوایی) یان (تەنگژەی گۆڕان و گواستنەوە)ی کۆمەڵگە، لە رەوش و هەلومەرجێکەوە بەرەو داهاتوویەکی تر. دەبێت توخم، یان ڕەگوریشەی ئەم گۆڕان و گواستنەوەیە، لە تایبەتمەندی کۆمەڵگەکاندا، بەرەو ئاڵوگۆڕی نوێ، یان بەرەو ئاسۆی کۆمەڵی نوێ بناسین. تەنگژەکانی ڕەوایی لەناو کۆمەڵگەدا، نەک تەنیا لە سیاسەت و دەسەڵاتدا، لە سەردەمی گواستنەوەدا بەرەو پێکهاتە، یان ژینگەیەکی تازەی کۆمەڵایەتی دەردەکەون کە بەم جۆرەیە:

١-جێگە و هەلومەرجی گرووپ و دەزگا موحافەزەکارە گەورەکان (حزب، ئاین، سەرمایەدارانی گەورە، بنیات و نەریتی کۆن)، لە سەردەمی گۆڕاندا، دەکەونە بەردەمی هەڕەشەی لاوازبوون یان نەمان.

٢- تەواوی ئەم گرووپ و بنیاتە گەورە و کۆنانە لەناو کۆمەڵگەدا و لە سەردەمی تێپەڕبووندا، یان لانیکەم، تا ئەو کاتەی ئەوان نەرمی و داواکاری بۆ گۆڕان نیشان دەدەن، ناتوانن دەستیان بگاتە بنیات، یان سیستەمێکی سیاسی تازە[٢٠]. (ئەمەش ئەو هەلومەرجەیە کە ئێستە تەواوی هێزە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاینییە باڵادەستەکان لە کوردستان تێیدا بەسەر دەبەن و هەموویان کەوتوونەتە بەردەمی هەڕەشە، یان ئەگەری ئاڵوگۆڕ، هیچیشیان ئاسۆی نوێبوونەوە یان چاکسازی لە خۆیاندا بەدی ناکەن).

بەم شێوەیە ناکۆکی و ناسازگاریی نێوان ڕەهەندی مۆدێرنسازیی ناچاریی و بەرگری بنیاتە کۆنەکان لە دژی ئەو ڕەهەندە دەبێتە (یان تازە بووەتە) بەشێک لە ژیانی سیاسی لە کوردستان، یان سنوورێک لە سنوورەکانی دیموکراسیی کوردی، یان بەشێوەی، ئەلکسی دی تۆکفیل، کە دەڵێ:

(سـەردەمێک لە پرەنسـیـپی مێـژوویی لە ژیانـی نەتەوەیەکـدا ڕوو دەدات، لەناویاندا داوونەریتـە کۆنەکان، دەکەونە بەردەمی گەشە و ئاڵوگۆڕ، ئەخلاقی گشتی پەرتەوازە، بیروڕای ئاینی لەرزۆک و دیدگا کۆنەکان و تەلیسمەکانی ڕابردوو شکست دەخۆن، بەڵام خەڵک هێشتە دەستیان بەپرسە تازەکاندا ڕانەگەیشتووە، بۆیە ئەوان نەوەکو جاران سەبارەت بەدەسەڵات و ئەرستۆکراتی کۆن وەفادارن و نە پێوەندییەکی ئاشکرا و دیاریشیان لەگەڵ کۆماری (دیموکراسی)دا هەیە، ئەوان، لە نێوان دوو لایەندا، لە نێوان شپرزەیی و پەرێشانیدا ڕاوەستاون)[٢١].

چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان، یان دیدگای ناڕۆشنی ژینگەی کۆمەڵایەتی بەرانبەر هەلومەرجی لاواز، یان لانیکەمی دیموکراسیی کوردی، گومان لەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی، ریفۆرمی دیموکراتی دەکات و ئومێدی زۆری ئەوانیش بەو ریفۆرمانە، حاڵەتی بەرزەخی ئۆپۆزسیۆن لە نێوان دیموکراسیبوون و هەژموونخوازیدا، هەل و ئەگەری ئەوەی خەڵک خۆیان بەجیا و دوور لە هێزە سیاسییەکان بتوانن ژینگەیەکی ماف و ئازادی و بەشداری و دادپەروەریی دروست بکەن و لەم زەوینەیەدا، مانگرتن و خۆپێشاندان و بەرخۆدان ساز بکەن، یان دیسان جارێکی تر بچنەوە پاڵ هێزە سیاسییەکان. هەڵوێستی ناڕۆشنی زۆرینەی میدیا و رووناکبیران و نوخبەی سیاسی و فیکری و زانستی، بەرانبەر لایەنگیریکردن لە دیموکراسیی ناو خەڵک، یان دیسان مارەکردنەوەی ئەو دیموکراسییە لە هێزە سیاسییەکان. ئەمانە ئەو ژینگە و هەلومەرجانەن کە تەنگژەی خستووەتە بناخەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی گشتی و وا لە کوردستان دەکەن لە سەردەمی تەنگژەی ڕەوایی، نەک تەنیا لە سیاسەت و دەسەڵاتدا، بگرە لە کۆمەڵگەشدا ڕوو بدات و کاریگەر بێت!

## هاووڵاتییان، دیموکراسی چۆن دەبینن؟

هەڵوێستی خەڵک بەرانبەر بەدیموکراسی و متمانەی ئەوان بەو ڕێژیمە دیموکراتییەی کە لە وڵاتی خۆیاندا هەیە و چۆنیەتیی مامەڵەی ئەوان بەرانبەر ئەو سیستەمە، پێی دەگوترێ (فەرهەنگی مەدەنی). لەم فەرهەنگەدا، ئەم پرسانە لەلایەن خەڵکەوە بیریان لێ دەکرێتەوە:

١- خەڵک سیستەمی سیاسی وڵاتی خۆیان چۆن هەڵدەسەنگێنن.

٢- لەگەڵ ئەو سیستەمەدا چۆن پێوەندی دروست دەکەن و تێیدا بەشدار دەبن.

٣- پێوەر یان بارۆمەتری جەماوەری خەڵک بۆ چۆنیەتیی کارایی دیموکراسیی وڵاتی خۆیان چۆنە و تا چ ڕادەیەک ئامادەن داکۆکی لە دیموکراسی بکەن، وەکو شێوازێک لە حکوومەت و دەسەڵاتداری.

٤- ئەم پرسانە لەناو بیروڕای گشتی یان فەرهەنگی سیاسی و مەدەنی باودا، چۆن جێگەیان دەبێتەوە[٢٢].

هەولێرنامەی کتێب

ناوەڕۆکی ئەم پرسانە، یان ماهیەتی دڵخوازیی خەڵک بۆ ئەم پرسانە، لەم ئامانجەی خوارەوەدا کۆ دەبێتەوە:

– ڕەوایی و داکۆکی لە دیموکراسی: بنەواکانی ڕەواییی دەسەڵاتێک لە ڕوانگەی فەرهەنگ و جیهانبینی دیموکراسییەوە، ئەوەیە، ئەو ڕێژیمە بەشێوەی دەستووری و یاسایی، بتوانێت نوێنەری خەڵک بێت لە ڕێی هەڵبژاردنە ئازاد و بەردەوامەکانەوە. دەسەڵاتی نوێنەرایەتی بتوانێت و بیەوێت ماف و ئازادی و عەدالەت و بەشداری و پێشکەوتن بۆ خەڵک دابین بکات. لەم کاتەدا، داکۆکی خەڵک لە دیموکراسی، دەبێتە کاردانەوە یان ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕ و فەرهەنگی گشتی. دیموکراسی، تەنیا لەم ڕەهەندانەدا، دەتوانێت وەکو باشترین شێوازی دەسەڵاتداریێتی هەبێ و بمێنێتەوە.

هەڵوێست و بڕیاری خەڵک بەرامبەر دیموکراسیی کوردی (کە ئەم هەڵوێست و بڕیارانە تا ئێستە نەبوونەتە پێوەر یان ڕوانگەی گشتی بۆ هەڵسەنگاندنی حکوومەتی هەرێم)، لە دوو پرسی سەرەکیدا دەردەکەوێت: یەکەمیان، بەشێکی زۆری خەڵک خاوەن، یان بەهرەمەند نین لە دیدگا و فەرهەنگی دیموکراسی بەرانبەر حکوومەتەکان و زۆرینەی خەڵک، دەسەڵات وەکو بەشێک لە ناسنامەی حزبی، نەتەوەیی یان ئاینی و بنەماڵەیی تەماشا دەکەن، یان وەکو بەشێک لە ڕابردووی خەبات و سیاسەتی کوردایەتی، پشتگیری لەو دەسەڵات و سیاسەتە دەکەن. لەمەش خراپتر، زۆرینەی ئەندامانی حزبەکان و کەسانی خاوەن پیشە و دیدگای سیاسی لەناو باڵبەند و تەکەتولاتەکاندا پشتگیری و داکۆکی خۆیان بڕیار دەدەن. دووەمیش، مادام تا ئێستە سیستەمی یاسایی بۆ ماف و ئازادی و عەدالەت و بەشداری پەیدا نەبووە، یان کاری پێ نەکراوە، بۆیە زۆرینەی خەڵک (یان جەماوەری ناحزبی و ناسیاسی) هەڵوێستی چاوەڕوانی و بینەریان هەیە، یان هەڵوێستی کاردانەوەی کاتییان هەیە بۆ پشتگیری لە دەسەڵات و سیاسەتێک لە بەرانبەر دەسەڵات و سیاسەتەکانی تردا.

لەم هەلومەرجەدا، هێزە چالاکەکانی ناو سیاسەت و حکوومەتداری، زۆربەی کار و پرسەکانیان لا کۆبووەتەوە و پێوەندی و کاریگەریی نێوان ئەو لایەن و باڵانە، دەتوانێت بڕیاری داهاتووی نێزیک بۆ چۆنیەتیی ڕەوایی و پشتیوانی لەو ڕەواییە ساخ بکاتەوە.

ب– متمانە بەکارایی و سوودمەندیی داوودەزگاکان:

لە هەر جێگەیەک جەماوەری خەڵک کەمتر ڕەزامەند بن لە کارکردی دیموکراسی، بەڵام دیسان دیموکراسی وەکو باشترین شێوازی حکوومەت (یان حکوومەتی خاوەن خراپەی کەمتر) دەردەکەوێت. لە وڵاتانی ڕۆئاوای ئەورووپا و ئەمەریکای باکور، متمانە و پشتیوانی خەڵک بەرانبەر بەکارایی و سوودمەندیی داوودەزگاکان، بووەتە بەشێک لە فەرهەنگی مەدەنی، یان شێوازێک لە نەریت و ئاینی دیموکراتی. جگە لەم نموونانە، لە زۆبەری وڵاتانی دنیادا، هێشتە خەڵک نارۆشن،

یان بەدبینن بەرانبەر بەدیموکراسی، ئەم ڕەوشەش، لەوانەیە سەبارەت بەچۆنیەتیی کارکردی دیموکراسی، کاریگەر بێ، بەڵام مانای ئەوە نییە کە دەبێت وەکو سیستەم و فەرهەنگ، بخرێتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو بەو مانایەی کە هەندێک ڕێژیمی دیموکراتیکی تایبەت (وەکو کوردستان)، دەبێت ڕیفۆرم بکرێت، نەک ڕەت بکرێتەوە!

لە ڕێژیمە دیموکراتە لاوەکان و تازە پەیدابووەکاندا، یان ئەو دیموکراسیانەی شیمانەی شکست و هەڵوەشانەوەیان هەیە، چەند هەڵوێست یان ڕەوشی ناو خەڵک دەتوانێ ئازار بەم دیموکراسییانە بگەیەنێ، تەماع و چاوچنۆکی بەشێک لە بەرپرسان و دەسەڵاتداران و نوخبەکان، بۆ بردنی زۆرترین سوود و قازانج، یان بۆ دۆشینی (ابتزاز) ئەو دەسەڵات و ڕێژیمانە. بێلایەنیی، یان بێ متمانەیی و ناکارایی خەڵک بۆ داکۆکیکردن لەو دیموکراسییە لاوانە، یان نارەزایەتی توندی هەندێک سیاسەت و خەڵک کە هەڵوێستێکی تۆڵەساز، یان پۆپۆلیستی توندیان هەیە بەرانبەر بەخراپبەکارهێنانی دیموکراسی و دەسەڵات لەلایەن هەندێکەوە. هەست یان هەڵوێستی تۆڵەکردنەوەی بەشێک لە پەراوێزکراوان، بێبەشان و هەژاران، یان داخ لەدڵانی سیاسی و ئایدیۆلۆجی، یان جیهادی لایەنە بنیاتگەراکان، ئەمانە هەموویان، دەبنە زیان، یان ئاستەنگ تا دیموکراسی و خەڵک، جارێکی تر پەیمانی کۆمەڵایەتیی دوولایەنە ببەستن، کە بێگومان بەزیانی خەڵک و دیموکراسی و نیشتمان تەواو دەبێت. سەرئەنجام، بێ متمانەیی، بەدبینی، بێگانەبوون بەرانبەر بەدیموکراسی، ڕێگر دەبن لە جێگیربوون و گەشەی دیموکراسی، یان ناکارایی داوودەزگاکان (کە خۆیان سەرچاوەن بۆ ئەو کاردانەوانە)، دەبنە هۆکاری بەهێز بۆ پێشنەکەوتنی دیموکراسی.

## نەیارانی دیموکراسیی کوردی

نەیارانی دیموکراسیی کوردی دەکرێن بەسێ بەشەوە:

١- ئەو هێز و دەسەڵاتانەی لە مێژوودا و ئێستەش خۆیان بەدوژمن، یان نەیاری کوردستان دەزانن و نایانەوێت لە کوردستاندا پرۆسەی سیاسی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی، بەرەو کەناری دیموکراسیی سیاسی و کۆمەڵایەتی بچێت. ئەمانە ئەو هێز و لایەن و دەسەڵاتانەن کە دژی سەرجەم کوردایەتین و دیموکراتیکبوونی کوردستان لە بەرژەوەندیی خۆیاندا نابینن.

٢- ئەو هێز و دەسەڵات و لایەن و کەسانەی دەیانەوێت دەسەڵات و دیموکراسیی هەرێم بارمتەی هێز و دەسەڵات و بەرژەوەندی و ئایدیۆلۆجیای خۆیان بێت، یان دەخوازن دەسەڵات و حکوومەتی هەرێم لە هەردوو ڕەهەندی حکوومەتداری و دیموکراسیدا، لەمەش لاوازتر بکەوێتە ژێر دەستی خۆیان و لە جاران زیاتر بیدۆشن یان (ابتزازی) بکەن. ئەم هێز و لایانانە، تەنیا هێز و حزبە سیاسییەکان نین، بگرە هەندێک سەرمایەدار و خێڵ و ڕوانگەی ئایدیۆلۆجی و فیکریش (وەکو کورد دەڵێت) خەونی گولی، بەدیموکراسی کوردستانەوە دەبینن.

٣- ئەو سیاسەت و خەڵکانەی هەڵوێستی کاردانەوەی توند یان تۆڵە و لەناوبردنیان بەرانبەر بەدیموکراسیی کوردی هەیە، یان بەبەهانەی سیاسی و لە ڕوانگەی فیکریدا، لەبەر بوونی ڕەخنە، خراپترین وەسف و گومان بۆ دیموکراسیی کوردی دەدۆزنەوە، لەبەر ئەو باس و گومانانە، دەیانەوێت بیڕوخێنن، یان هەروەکو خۆیان دەڵێن دەسەڵاتەکانی هەڵوەشێننەوە، بۆ ئەوەی خۆیان بچنە سەر دەسەڵات. ئەمانە، لە بیری خۆیان دەبەنەوە کە هەر لایەنێک بەشێوەی نادیموکراتی بچێتە سەر دەسەڵات، تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتی نادیموکراتیش لەناو بەرێت، هێشتە هەر خۆیان نابن بەدیموکراسی و لایەنگرانی ماف و ئازادی!

پێنجەم: ڕێگە و هەلەکانی پەرەپێدانی سیاسی

پەرەپێدانی سیاسی یان گەشەی سیاسی، بەرانبەر زاراوەیەکی تر بەکار دێن کە تاڕادەیەکی زۆر هاوتای ئەوانە، ئەو زاراوەیەش، پێی دەگوترێت (مۆدێرنسازی سیاسی).... ئەو هەوڵ و کارانە دەگرێتەوە کە دەسەڵاتێک یان سیستەمێک دەیەوێت ئەنجامیان بدات بەمەبەستی:

١- ئاڵوگۆڕی سیاسی بۆ گەیشتن بەئامانجێکی تایبەت وەکو دەوڵەتی لیبرال ــ دیموکرات.

٢- ئاڵوگۆڕی گشتی لە قەڵەمڕەوی سیاسەت و پێوەندیی نێزیکی ئەو سیاسەتە لەگەڵ بوارەکانی تری کۆمەڵگە، وەکو فرەوانبوون و ناوەندییوونی دەسەڵات و تایبەتمەندیکردنی کار و پێکهاتە سیاسییەکان، سەرئەنجام، یەککردنەوەی ئەو کار و پێکهاتانە لە خزمەتی گەشەی سیستەمەکەدا. زیادکردنی بەشداریی خەڵک لە سیاسەتدا، بەهێزکردنی هەستی پێوەندی و نێزیکی خەڵک و دەسەڵات.

٣- توانای ئەو دەسەڵاتە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیدابوو لە گەشەی کۆمەڵگە و داواکارییەکان، هێنانەدی سیاسەتی نوێ بۆ کۆمەڵگە و پرسە تازەکان و دۆزینەوەی ڕێگەکانی ڕیفۆرم.

٤- نەخشەدانان و پیادەکردنی ئەو ڕێگە و ڕێژیمانەی دەتوانن کارە سیاسییەکان ئەنجام بدەن و ڕێگە تازەکانیش بدۆزنەوە[٢٣].

بێگومان، کۆمەڵەگەی کوردستان و ڕەوشی سیاسیی حکوومەتی هەرێم و تەواوی ژیانی سیاسی لە کوردستاندا، لە بەردەم هەلومەرجێکدایە، چیی تر هەژموونی سیاسەت بەسەر کۆمەڵگەدا لە هەردوو ئاراستەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا، ناتوانێ تەنیا لە ڕوانگەی دەسەڵات یان بەرژەوەندیی سیاسەتەوە، کۆمەڵگە ڕازی بکات. واتە؛ کۆمەڵگەی کوردستان، وێڕای پابەندی بەشێک بەدەسەڵات، یان پێڕەوی هەندێک بۆ ئۆپۆزسیۆن، یان بێلایەنی و سەربەخۆیی بەشێکی تری کۆمەڵگە، بەڵام خەڵک زۆربەیان دەیانەوێت هەلومەرجی سیاسی یان کاراکتەری سیاسی بەرەو هێنانەدی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ناو دیموکراسیی هەنگاو بنێن، واتە هەروەک چەند جارێک باسمان کرد، خەڵک دەیەوێت حکوومەتی هەرێم و سیاسەت لە کوردستان، ماف و ئازادای و

هەوانەی کتێب

عەدالەت و بەشدارییان بۆ بهێنێتەدی. وەک چۆن مێژووی وڵاتانی دیموکراسیش سەلماندوویانە، دەبێت سیاسەت و دەسەڵاتی هەژموونگەرا، بەرەو سیستەمی لیبراڵ ــ دیموکرات بچێت، بۆ ئەوەی ئەو ماف و داخوازییانە، بەخەڵک شاد بکاتەوە. گرێخواستی کۆمەڵگە و داواکاریی بەردەوام، یان نەیاری و نارەزایی لە هەمبەر نەهێنانەدی ئەم پرسانەدا، کۆمەڵگە و سیاسەت دەخاتە بەردەمی هەلومەرجێک، پێی دەڵێن زەوینەی گەشە و پەرەپێدانی سیاسی. واتە؛ یەکەمین ئەرک و قۆناخی گەشەپێدانی سیاسی لە کوردستاندا ئەوەیە، دەسەڵات بەرەو سیستەمی ماف و ئازادی، یان دەوڵەتی یاسا و ماف، هەنگاو بنێت، تەنیا بەم هەنگاوەش، دەتوانێ دەستی بگاتە گەشەپێدانی سیاسی.

هەموو کارەکانی تر، یان نەخشە و سیستەمدانان بۆ هەنگاوەکانی تر، وەکو (کارکردنی دەسەڵات و سیاسەت و داوودەزگاکان بۆ مەبەستی ناوبراو، زیاترکردنی بەشداریی خەڵک و نێزیککردنەوەی خەڵک و سیاسەت. توانای دەسەڵات بۆ چارەسەری کێشە تازەکان، هێنانەدی رێگە و پێکهاتەی نوێ بۆ چارەسەری کێشە و پرسی نوێ. دانانی نەخشە زانستی و پێگیرەکان، بەتایبەتی بەسوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی تر)، هەموو ئەمانە، چۆن بەشێکن لە پەرەپێدانی سیاسی، بەو شێوەیەش، دەتوانن رێگە و بنیاتەکانی کۆمەڵگەی نوێ دروست بکەن، یان پرۆسەی مۆدێرنسازی، تەنیا لەم رێگە و ئامانجانەوە بەئاکام دەگەن.

رەهەندی گشتیی گەشەپێدانی سیاسی، یان مۆدێرنسازی سیاسی (بەتایبەتی لە رۆئاوا)، لە سێ رەهەندی گشتیدا توانیویەتی کۆمەڵگە و دەوڵەتی مۆدێرن، بەرەو قۆناخی تازە بەرێت، کە بریتین لە: دەوڵەتسازی، نەتەوەسازی و بەشداریی خەڵک. دەتوانین کارە بەردەوام و یەک لەدوای یەکەکانی گەشەی سیاسی لە سێ رەهەندی تردا بدۆزینەوە: یەکێتی نەتەوەیی، سیستەماتیککردنی دەسەڵات و سەرئەنجام یەکسانی.

بەڵام بیرمەندی ئەمەریکایی (سامۆیل هانتینگتۆن)، بڕوای وایە، دەبێت هەلومەرجی دەسەڵات، مۆدێرن بکرێت (دەوڵەتسازی)، پاشان ناسنامە و یەکێتی نیشتمانی و دوای ئەوانیش یەکسانی یان بەشداریی خەڵک، بکرێنە ئامانج. بەبڕوای هانتینگتۆن، هەرچەند داوودەزگا سیاسییەکان زیاتر بتوانن بمێننەوە و کاراتر بن و زیاتر لە خەڵک نێزیک بن، سەرئەنجام دەتوانن ئاراستەکان بەرەو یەکەتیی نەتەوەیی خێراتر و کاریگەرتر بکەن و لە زەوینەی نەتەوەیی و نیشتمانیشدا (بەڵام دوای پرسی ماف و ئازادی)، رەهەندی بەشداری و یەکسانی پێدەگات[٢٤].

## زەوینەکانی پەرەپێدانی سیاسی

(کارڵز بوا)، مامۆستای زانستی سیاسی لە زانکۆی شیکاگۆ لە کتێبی (دیموکراسی و دووبارە دابەشبوون)دا، زەوینەکان، یان پێشمەرجەکانی گەشەپێدانی سیاسی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەناسێنێ[٢٥]:

١- یاری دیموکراسی یان نەخشی هەڵبژاردنە ئازادەکان: گرینگ نییە کێ دەیباتەوە، گرینگ ئەوەیە کە دۆڕاو ئەنجامەکە پەسەند بکات. باشترین و سەرەتاییترین پێشمەرجی گەشەی سیاسی، ئەم دوو هۆکارە یان یارییەن: هەڵبژاردنە ئازادەکان، پەسەندکردنی پرەنسیپی دۆڕاندن و پابەندبوون بەیاسای هەڵبژاردنەکانەوە. پشتیوانی لەم پرسە و یاساییکردن و دووبارە و چەندبارکردنەوە و بوونی بەبەشێکی گرینگ لە فەرهەنگی خەڵک، دەتوانێ زەوینەی گرینگ بۆ دیموکراسی بسازێنێ. لە هەرێمی کوردستاندا، بەشێک لە خەڵک، یان زۆرینەی خەڵک، بڕوایان وایە، بەڵام هێزە سیاسییەکان، هێشتە هەڵوێستیان ڕوون نییە.

٢- یەکسانیی هەلومەرجەکان: بەشێوەی گشتی، دیموکراسی، تەنیا بەمەرجێک دەتوانێ هەبێت کە براوە و دۆڕاوەکان _ یان خەڵک و دەسەڵات _ لەژێر سایەی هەلومەرجێکی یەکسانیی ڕێژەییدا بژین. باشترین زەوینەی مومکین و شایانی جێبەجێکردن، بێگومان، سیستەمی ماف و ئازادی و بەشداری و دادپەروەرییە کە هەلومەرجی ژیان، سیاسەت، ئابووری و فەرهەنگی خەڵک، بەشێوەی یاسایی و دەستووری دەخاتە باری یەکسانیی (سیاسی)یەوە.

٣- ژیان و هەلومەرجی ئابووری: لەم پرسەدا، دوو هۆکاری گرینگ دەتوانێ نەخشی کاریگەر ببینێ، یەکەم، لەو وڵاتانەدا کە ئابووریی دەوڵەت لە ئەنجامی کار و ماندووبوونی خەڵک و بەشێکی زۆر لە سامانی گشتی لە باجەکان پەیدا دەبێت، دەسەڵات و دەوڵەت بەرەو دیموکراسی زیاتر دەڕۆن. بەڵام ئەگەر سامانی وڵات لەسەر سەرچاوەکانی زەوین و نەوت و سەرچاوە سرووشتییەکان بێت کە سامانێکی ئامادە و مۆڵن و خەڵک پێوەیان ماندوو نەبووە، ئەم سامانە (بێگومان) دەکەوێتە دەستی حکوومەت. لەم کاتەدا، ئەگەر پێشتر ئەو دەسەڵاتە دیموکرات بێت، بێگومان دەبێت بەخێر و خۆشی و ماف و ئازادی بۆ خەڵکی وڵات (نموونەی نەرویج). بەڵام ئەگەر دەسەڵاتەکە نادیموکرات (هەژموونخواز، دیکتاتۆر یان فاشیست) بێت، بێگومان ئەم سامانە مفتە زیاتر لە دیموکراسی دووری دەخاتەوە. ڕەوشی دەسەڵاتدارانی هەرێم بەرامبەر نەوت و سامانی سروشتی و بەکارهێنانی ئەو سامانە لە خزمەتی وڵات و دیموکراسیدا، هێشتە هەروەکو چۆن دەسەڵاتە سیاسییەکە هەژموونگەرایە، هەر بەو شێوەیە ئابوورییەکەشیان هەژموونگەرانەیە. واتە؛ لە خزمەتی دەسەڵاتی سیاسی و ئەرستۆکراتی ماڵی و (سیاسی) کوردستاندایە.

دووەم، بێگومان پرسی ماف و ئازادی و دادپەروەرییە لە ئابووریدا (کە دەبێتە دەوڵەت و دەسەڵاتی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک)، کە ل ەبەشی شەشەمی ئەم باسەدا دەیخەینە ڕوو.

٤- توندوتیژیی سیاسی، ئەگەر هەژموونگەرایی بەرەو دەسەڵاتی لیبرال - دیموکرات نەچێت، یان دەسەڵاتی کۆن ئامادەی هەڵبژاردنی ئازاد، یان پێشبینی دۆڕانی خۆی نەکات و ئامادە نەبێت بەهیچ شێوەیەک دەست لە دەسەڵات بەربدات، بێگومان نەیارانی سیاسی، تەنیا یەک ڕێگەیان لە بەردەمدا دەبێت بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، ئەویش، توندوتیژیی سیاسییە. ئەم

هەواڵنامەی کتێب

توندوتیژییە سیاسییە، تەنیا لە سنووری نەیارانی سیاسی، یان تەنیا بۆ ئۆپۆزسیۆن نامێنێتەوە، بگرە دەچێتە ناو خەڵک و تەشەنە دەکات، دەبێتە سیاسەتی پۆپۆلیستیی تۆڵەکردنەوە، یان هەوڵدان بۆ ڕووخانی دەسەڵاتی کۆن بەهەر نرخ، یان شێوازێک بێت. لە هەرێمی کوردستان و لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ١٧ی شوباتدا تا ١٩ی نیسان، دەسەڵاتی کوردی، شێوازێک یان (مانۆڕ و گەمەیەکی سیاسی) نیشان دا بۆ ئارایشتکردن یان سەرلەنوێ سازکردن و دەستکاریکردنی دەسەڵات و زۆرینەی خەڵکیش لایەنگیریان لەو هەوڵە کرد، بەڵام ئۆپۆزسیۆن و پێڕەوانی بەرەو توندوتیژی و تۆڵەکردنەوە بیریان کردەوە.

٥- نەخش و کاریگەریی فەرهەنگی سیاسی دیموکراتی: ئەگەر بزانین، دیموکراسی، تەنیا کاتێک دەگەشێتەوە کە هەندێک هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بن، یان فەرهەنگی سیاسیی باو (یان زاڵ) ئامادەی سازکردنی ئەو پێشمەرجانە بێت. ئەگەر وا نەبوو، چی دەکرێت؟ ئاخۆ دەتوانرێت بۆ گەشە و پەرەپێدانی دیموکراسی، بچینە ناو دەستکاریکردنی ئەو هەلومەرجەوە؟ یان دەتوانین هەلومەرجی کۆمەڵایەتی وڵات بەجۆرێک نوێ بکەینەوە کە وەڵامدەری نیازەکانی تێپەڕبوون بێت بەرەو دیموکراسی.

وەڵامی ئەم پرسیارانە، سادە نییە، بێگومان دەرگەیەک پەیدا دەبێ بۆ تێپەڕبوون بەرەو سیستەمی دیموکراتی لیبراڵ، بەڵام زۆر لەوە تەنگترە کە زۆربەی خەڵک بیر دەکەنەوە و زۆر لەوەش دژوارترە کە نووسەران و ڕووناکبیران خەونی پێوە دەبینن. سیاسەتمەداران، دەبێت بزانن لە دووڕیانێکدا وەستاون و چاوەڕوانی هەڵبژاردنێکی دژوارن: یان چارەسەرە کورتخایەنەکان، یان چارەسەری درێژخایەن، یان توندوتیژی، یان کرانەوەی دیموکراتی، یان ڕیفۆرمی سیاسی و ئابووری، یان درێژەدان بەسیاسەتی هەژموونگەرایی و پشتیوانی لە ئەرستۆکراتی ماڵی و چەوساندنەوەی چینایەتی. ئەمانە، ئەو دووڕیانە بوون کە ئێستە دیموکراسیی وڵاتانی ڕۆهەڵاتی لە بەردەمدا وەستاوە (بێگومان کوردستانی خۆشمان لەو دووڕیانەدایە).

هەرێمی کوردستان، تا ئێستە، سێ شێوازی فەرهەنگی سیاسی و ململانێی سیاسی و (دیموکراسی!) بینیوە. ڕێکەوتنی ساڵی ١٩٩٢ تا ١٩٩٤، بۆ دابەشکردنی نیوە بەنیوەی دەسەڵات، لە نێوان پارتی و یەکێتیدا، لەگەڵ ڕازیکردنی ئەحزابی کوردستانی لەناو حکوومەتی هەرێم. شەڕی ناوخۆی ساڵی ١٩٩٤ - ١٩٩٧ و دابەشبوونی لایەنە سیاسییەکان بەسەر دوو بەرەی شەڕدا. لەگەڵ بەشێک لە سوودمەندانی ئیسلامی سیاسی لە هەردوو لا.

قۆناخی سێیەم لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە، دەست پێ دەکات کە ئۆپۆزسیۆنی ناو دەسەڵات (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) لە دەسەڵاتی هەرێم جیا دەبنەوە و هەندێک جار دەیانەوێت بیڕوخێنن و هەندێک جار (ناڕاستەوخۆ) یان شەرمنانە دەیانەوێت دیسان بەهرەمەند بن لە ئیمتیازەکانی دەسەڵات و ئەرستۆکراتی ماڵی و دارایی. بەڵام چارەسەری ئەم فەرهەنگە سیاسییە لێڵە (بەرامبەر بەدیموکراسی)، تەنیا بەدوو شێواز دەبێت: یەکەم، پرۆسەی سیاسی و چۆنیەتیی

دروستکردنی دەسەڵات، دەبێت بەیاسا و هەڵبژاردن بێت. هەمووومان دەزانین براوە قسە ناکات و دەکەوێتە خۆشییەوە، بەڵام دەبێت دۆڕاو ئەم هەڵبژاردنە ئازاد و یاساییە، پەسەند بکات و ڕازی بێت بەئەنجامەکانی. دووەم، دەوڵەتی یاسا و دەسەڵاتی سیاسی یاسا، بەرەو دەوڵەتی مافەکان بچێت.

## پەرەپێدانی سیاسی وەکو ڕیفۆرم

چاکسازی، یان ڕیفۆرمە سیاسییەکان، یەکێکن لە هۆکارە بەهێزەکانی پەرەپێدانی سیاسی، یان ئاڵوگۆڕی سیاسی، بەشێوەی گشتی. چاکسازی و ڕیفۆرم، لە سەرەتادا سنووردار دەبێت بەمەیدانێکی دیاریکراو، وەکو ڕیفۆرمی یاسایی لە دەسەڵاتدا، بەڵام پاشان سنووری فرەوانتر دەگرێتەوە.

لەو وڵاتانەدا کە ئەگەری ڕوودانی شۆڕش لە خوارەوەی کۆمەڵگە پەیدا نەبووە، ئەنجامدانی ڕیفۆرم، لە سەرەوەی کۆمەڵگە، یان لە دەسەڵاتدا، جێگەی شۆڕش دەگرێتەوە. ڕیفۆرمی میجی لە ژاپۆن لە ساڵی ١٨٦٨، ڕیفۆرمی ناوداری بسمارک لە ئەڵمان، دوا جار، ڕیفۆرمەکانی گۆرباچۆڤ لە یەکەتیی سۆڤیەتی جاران، دەتوانن پەیامی مەزنی ئاڵوگۆڕ و گەشەپێدانی سیاسییان هەبێت، یان دەتوانن لە جیاتی شۆڕش، کۆمەڵگە بەرەو هەلومەرجێکی نوێ بەرن[٢٦]. هەندێک لە ڕیفۆرمەکان لەوانەیە لە شۆڕشەکان کاریگەرتر و بەهێزتر بن.

سەبارەت بە هەلومەرج، یان زەوینەکانی سەرهەڵدانی ڕیفۆرم، دەبێت بڵێین، ئەنجامدانیان، دەبێتە دروستبوونی کەلێنێک لە نێوان شاندی دەسەڵاتدار و ئەوانەی ڕیفۆرمیان پێباشە، ئەمەش، کاتێک ڕوو دەدات کە ڕژێمە سیاسییەکان، یان هەندێکیان، ڕووچاری تەنگژەی ئاشکرا و فرەوان دەبن. لەم ڕەوشەدا، ڕیفۆرم، لە ڕەوشی لاوازی دەسەڵاتەکان زیاتر بەرەو تەنگژە دەچێت یان تەنگژەی دەسەڵاتداریەتی قووڵتر دەکاتەوە.

بەڵام ئەگەر ئەنجامدانی ڕیفۆرم لە ڕەوشی بەهێزی دەسەڵاتدا ڕووی دا و پێش سەرهەڵدانی ڕیفۆرم جێبەجێ بکرێت، بێگومان کاریگەرتر و بەسوودتر دەبێت بۆ سیستەمی سیاسی و بۆ کۆمەڵگە. ئەگەر لە سەردەمی ئێستێی دەسەڵاتداریەتی هەرێمی کوردستاندا، ڕیفۆرمەکان بۆ مافو ئازادی و عەدالەت و بەشداری لە ڕێگەی دەسەڵاتی یاساوە ئەنجام بدرێت، بێگومان، سەرەتا بەقازانجی خودی دەسەڵات دەبێت و سەرئەنجام بەسوودی کۆمەڵگە تەواو دەبێت. بەڵام لە کاتی لاوازبوونی دەسەڵات و ڕەوشی تەنگژاویدا، هەر چاکسازی و ڕیفۆرمێک، ناتوانێت ڕێگر بێت لە ڕووخانی دەسەڵات یان لێکترازانی سیاسەت و کۆمەڵگە.

چۆنیەتی و ماهیەتی سیستەمە سیاسییەکان و پێوەندییان بەڕیفۆمەوە، پرسێکی ترە سەبارەت بەگەشە و ئاڵوگۆڕی سیاسی، ڕژێمە داخراوەکان یان هەژموونخوازەکان، دەبێت لە ڕژێمە

ديموكراتەكان جيا بكرێنەوە. ڕێژيمە داخراوەكان لەوانەيە هەندێك لە ڕيفۆرمەكان، كۆنترۆڵی ناوەنديی ئەوان لاواز بكات و ڕێگە بدات بەشەكانی تری كۆمەڵگە، يان دەسەڵاتی ياسايی، بێنە ناو سياسەت و دەسەڵاتەوە، بەڵام سيستەمی ديموكراتی لەبەرئەوەی توانای زياتری بۆ ڕيفۆرم هەيە، بۆيە ڕيفۆرم بەهێزتريان دەكات.

جۆرەكانی ڕيفۆرم لەگەڵ هەلومەرجی دەسەڵاتی سياسی و ديموكراسيدا، دروست دەبن يان پيادە دەكرێن: ڕيفۆرمە سياسيەكان، دەتوانن وەڵامی تەنگژە ڕەوايی ڕێژيم و چاككردنەوەی بنياتە سياسييەكانی بدەنەوە، يان وەڵام بن بۆ هێنانەدی و فرەوانكردنی بەشداريی سياسی و بەهێزكردنی ڕەوتەكانی ئەو بەشدارييە، يان فەراهەمكردنی زياتری كەناڵەكان بۆ بەشداريی سياسی، ديسان ڕيفۆرم، دەتوانێت ببێتە هۆی بەهێزكردن و كۆكردنەوەی تواناكانی حكوومەت بۆ باشتركردنی ژيانی خەڵك و چاكسازی لە سيستەمی دابەشكردنی ئابووری و ئيداريدا. ڕيفۆرمی ئابووری، لە زەوينەی دابەشكردنی دادپەروەرانەی سامان و كەمكردنەوەی جياوازی و ململانێی چينايەتی و كۆمەڵايەتيدا، زۆربەی جار تايبەتمەندی سياسی پەيدا دەكات، هەندێك جاريش پێويستی بەدەستاودەستكردنی سەرچاوەكانی دەسەڵات و بەهرە سياسييەكانە.

زۆربەی ڕيفۆرمەكان لەناو چينی دەسەڵاتداردا، يان سەركەوتنی بەرنامەكانياندا، پێويستی بەهاوكاری لايەنەكانی تری ناو دەسەڵات و ناو ژيانی سياسی هەيە، يان زۆربەی جارەكان بەشێوەی سروشتی و بەپێی لۆجيكی بەرژەوەندييەكان، هێزە نەيار و ئۆپۆزسيۆن و ريفۆرميستەكانی دەرەوەی دەسەڵاتيش پشتيوانی لەو چاكسازييانە دەكەن. ئەگەرچی سەردەمی ئێمە، سەردەمی سەرهەڵدانی شۆڕشە سياسيەكان، يان سەردەمی ئاڵوگۆڕی ڕێژيمە ديكتاتۆری و هەژموونخوازەكانە، ئەم هەلومەرجەش، زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە، بەڵام هاتنەدی سيستەمی ديموكراتی بەهەموو لايەنەكانی دەسەڵاتی سياسی و سيستەمی ماف و ئازادی و چاكسازييەوە دەبێت. شۆڕش و ڕاپەڕينەكان دەسەڵاتی كۆن دەڕوخێنن، بەڵام ديموكراسی و ماف و ئازادی بەشۆڕش دروست نابێت و بەرهەمی ڕيفۆرم و چاكسازی و سيستەمی ياسايين.

لە كۆتاييدا، پێوەنديی نێوان ڕيفۆرم و ماهيەتی ڕێژيمەكان دەتوانن ڕێنوێنييەكی باش بن بۆ گەشە و ئاڵوگۆڕی سياسی. ڕيفۆرم لە سيستەمی ديموكراتيكدا، بەشێكە لە ڕەهەندی ژيانی ئاسايی سياسی و كارايی و دەسەڵات و جێگيربوونی حكوومەت زياتر دەكات. بەڵام ڕيفۆرم لە ڕێژيمی نەريتی و ديكتاتۆری و هەژموونخوازەكاندا، بەشێك نييە لە ژيانی ئاسايی سياسی، بەڵكو ئاڵوگۆڕە لەو ڕێژيمەدا، يان لەوانەيە بتوانێ بێهێزی و ناجێگيريی لەو سيستەمەدا بەدی بێنێ، يان بەشێكە لەو تايبەتمەندييە ناوبراوانە.

بیـركـردنەوە لـەبارەی حكوومــەتی دیموكـراتی و كـۆمـەڵگەی دیموكـراتیكەوە، یەكـێكە لـە زەوینە گـرینگەكـانی گـەشـە و پەرەپێـدانی سـیـاسی. ئـەگـەرچی سـەرەتـای ئەم ئامـانجـە، بەگـۆڕانكاری سیـاسی، یان گەشـەی سیاسی و یاسایی ناو دەسـەڵات دەست پێ دەكات، بەڵام ئامـانجی دڵخواز لەوەدایە، كـۆمـەڵگە بگـۆڕێ و بەرەوپێـشی بەرێت و بەهـرەمـەندی بكـات. سـەركـەوتنی دەسـەڵاتی دیموكراتی و گەشـەپێدانی ناو ئەو سیـستـەمـە لەوەدا دەردەكـەوێت كـە ڕەهەندی كۆمـەڵایەتی، یان داوودەزگا كۆمەڵایـەتییەكان (وەكو ئابووریی ئازاد، میـدیا، فەرهـەنگ و پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكان) چـەند كـاریگـەر بوون لـەو ئاڵوگـۆڕانەدا، یان چـەند كـاریگـەر بوون لە ڕەوتـی ئاڵوگـۆڕدا لەسـەر حكوومەت و دەسەڵات.

(كۆمـەڵگەی دیموكرات، كـە بەشێكی گرینگە لە پرۆسـە و كاروانی دیموكراتی و دەبێتە ئـامانجی هـەر دەسـەڵات و سیـسـتـەمێكی دیموكـرات، ئەو داوودەزگا كۆمـەڵایەتییانـەیە كە دەبنە پێشمـەرجی حكوومـەتی دیموكـرات. خـاڵی گـرینگ لەوەدایە كە دیموكـراسی تەنیـا نەبەسـتراوە بە داوودەزگـا سیاسییەكانەوە، بەڵكو هاوكات خۆی بەشێكە لە شارستانییەكی تایبەتی كە هەندێك جار پێی دەڵێن (شارستانی دیموكراتی)[٢٧].

ڕەهەندی كۆمـەڵایەتیی پەرەپێدانی سیاسی، یان هـەلومەرجی كۆمەڵایەتی بۆ گـەشـەی سیـاسی لەم پرسـانەدا كۆ دەبێتـەوە: پێوەندیی نێوان ڕیفـۆرمی سیاسی و چاكسـازیی ئابووری، پێوەندیی نێوان سیاسـەتی دیموكراتی و كۆمەڵی مـەدەنی بەكوێ دەگـات، ئایە ئابووریی بازاڕ، یان ئابووریی ئازاد، چـۆن دەتوانێ نـەخـشـی هـەبێت لەسـەر دەسـەڵاتی سـیـاسـی و ڕیفـۆرمی سـیـاسـی، لە دیموكراسیدا، پرسی دادپەروەریی كۆمەڵایەتی، چۆن دەتوانێ بناخـەیەكی بەهێز بێ بۆ پەیدابوونی دیموكراسی و گەشەپێدانی سیاسەتەكەی، سەرئەنجام، ئایە پێش پەیدابوونی دیموكراسی، پرسی لێـبـووردەییی ئاینی و نەتەوەیی و ناسنامـەیی پەیدا دەبێت یان دوای دیموكـراسی. هەمـوو ئەم پرسـانە كە بۆ خـۆیان بابەتی گرینگن لە كـۆمـەڵناسیی سیـاسیدا، واتە؛ كاریگەریی دوو لایەنەی سیاسـەت و هێزەكانی كۆمەڵگە، بەڵام هاوكات دەتوانن نەخش و سەرەتای گرینگ بۆ دیموكراسی و گەشەی دیموكراسی بەرهەم بێنن.

لەم زەوینـەدا، هێـزە كۆمـەڵایەتییـەكـان یان ئەوەی لـە زانسـتی سـیـاسی و كـۆمـەڵایـەتیـدا پێی دەگوترێت (كۆمەڵی مەدەنی) لەگەڵ هەردوو چەمكی فیكری و فەلسەفی (بەشداری) و (لێبووردن)، یان ئاشـتیی كـۆمەڵایەتیـدا، دەتوانن پایە، یان ڕوانگە بەهێزەكـانی كۆمـەڵگە بن بۆ بەهێـزبوونی دیموكراسی. گومانی تێدا نییە، باشترین سـەرەتا لەم زەوینە كۆمەڵایەتیانەدا ئەوەیە، حكوومەت و دەسەڵات، بەپێی یاسا دیموكراتی و جیهانییەكان، بوون، سنوور، كایگەری و پێوەندیی نێوان ئەم پرسانە ڕێك بخەن.

بەڵام كۆمەڵگەی سەرەتایی لە دیموكراسیدا، یان كۆمەڵگەكانی ناو دیموكراسیی لانیكەم، بەشی هەرە زۆری (بوون، سنوور، كاریگەر و پێوەندی)ی نێوان بەشەكان و ڕەهەندەكانی كۆمەڵگە، بەستراوە بەسیاسەت و دەسەڵاتی سیاسییەوە. یان هەروەكو لە كۆمەڵناسی كۆمەڵگە تازە پەرەئەستێنەكاندا باس كراوە، بكەری یەكەم و كاریگەر لەم كۆمەڵگەیانەدا حكوومەت و دەسەڵاتی سیاسییە. ئەگەر پێوەندی لەناو حكوومەت و سیاسەتدا هەژموونگەرا بێت، بێگومان، لەناو كۆمەڵگاشدا بەو جۆرەیە (وەكو هەردوو سەردەمی شەڕی ناوخۆی هەرێم ١٩٩٤ _ ١٩٩٧، و سەردەمی بزووتنەوەی ١٧ی شوبات بینیمان كە پێوەندیی سیاسی لەناو كۆمەڵگەدا بەرەو توندوتیژی دەچوو). بەڵام ئەگەر پێوەندیی نێوان حكوومەت و سیاسەت، بەشێك بێت لە پرۆسەی ئاشتی، پێوەندییە سیاسییەكانی ناو خەڵكیش بەو شێوەیە دەڕوات.

ئەگەرچی بەشی هەرە زۆری ڕەهەندە كۆمەڵایەتییەكانی ناو هەرێمی كوردستان (كۆمەڵی مەدەنی، ئابووریی بازاڕ و ئازاد، میدیا و رووناكبیری، بزووتنەوە كۆمەڵایەتییەكان) هەموویان پاشكۆ، یان پابەندی سیاسەت و بیركردنەوەی حزب و هێزە سیاسییەكانن، بەڵام سەرەتای ئازادی و سەربەخۆییی كۆمەڵگە، یان سەرەتای پێوەندیی نامەركەزیی نێوان سیاسەت و كۆمەڵگە لە كوردستان دەركەوتووە.

ئەگەرچی ئەم پرسانە لەناو فەلسەفەی سیاسی دیموكراسیدا تازە نین، بەڵام بەلای فەیلەسووفان و بیرمەندە مەزنەكانی دیموكراسییەوە، گرینگترین پرس، پێوەندیی نێوان یەكسانیی كۆمەڵایەتی و سیستەمی دیموكراتییە. (بەڵگەی سەرەكی ئەلكسی دی تۆكفیل لە ساڵی ١٨٣٥ لە كتێبی (دیموكراسی لە ئەمەریكا)دا، بۆ سەلماندنی ئەم پرسە بووە لە داهاتووی دیموكراسیدا. لە هەر كۆمەڵگەیەكدا یەكسانیی كۆمەڵایەتی زیاتر بێت، هەوڵ و ئەگەری پایەداربوون و بەردەوامبوونی دیموكراسی زیاتر دەبێت.

لە ئەمەریكا، یەكێك لە بنەوا گرینگەكانی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەكان لە دوو دەیەی ١٩٥٠ و ١٩٦٠دا، ئەوە بوو كە نایەكسانیی ڕەگەزی لە بناخەدا نەیارە لەگەڵ دیموكراسیدا. لەو سەردەمەوە تا ئێستە، ئاستەنگی یەكەمی سیاسەتی ئەمەریكا، بوونی ناكۆكی نێوان خواستی دیموكراسی و نایەكسانیی ئابووری و كۆمەڵایەتییە[٢٨].

سەرئەنجام، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، گرینگترین ڕەهەندی بوون و مانەوە و گەشە و جێگیربوونی دیموكراسی ئەوەیە كە دیموكراسیی سیاسی، یان یاسایی، بەرەو دیموكراسیی كۆمەڵایەتی بچێت، كە بناخەی یەكەم لەو دیموكراسییەدا، یەكسانیی كۆمەڵایەتی و دەسەڵاتداربوونی دادپەروەریی كۆمەڵایەتییە بەمانا دیموكراسییەكەی، لەبەرئەوەی ئامانجی دیموكراسی، هەر ئەوە نییە، دەسەڵات و سیستەمی سیاسی و دیموكراتیك هەبێت، یان تەنانەت ئەم دەسەڵات و سیستەمەش بكرێتە دەسەڵات و سیستەمی یاسایی و ڕەوایی، بەڵكو لەوەدایە، ئەم هۆكارە بەهێزە، بتوانێ ژیانی باش و شایستە بۆ خەڵك دروست بكات، یان دیموكراسی بەرەو

دیموکراسییەکی کۆمەڵایەتیی خۆشگوزەرانی بچێت، یان هەروەکو دەڵێن (دیموکراسی وەکو باشترین سیستەمی هەتا ئێستە بتوانێ باشترین ژیان بۆ کۆمەڵگە بەدی بێنێ[٢٩].

شەشەم: دیموکراسیی کۆمەڵایەتی

دیموکراسیی کۆمەڵایەتی، ئەو شێوازەیە لە دیموکراسی، خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و هێنانەدی دەوڵەتی ڕەفا و دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان لە کۆمەڵگەدا بەهۆی حکوومەت و دەوڵەتەوە، دابین دەکات. لایەنگرانی دیموکراسیی کۆمەڵایەتی لە هەوڵی ئەوەدان، بنەواکانی لیبرالیزم و حکوومەتی دامەزراو لەسەر بنەوای نوێنەرایەتی و دەسەڵاتی خەڵک، لەگەڵ بنەواکانی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان، ئاوێتە بکەن. بەدەربڕینێکی ڕوونتر دیموکراسیی کۆمەڵایەتی، ئەو جۆرەیە لە دیموکراسی کە تا ئەندازەیەک ڕوحی سۆسیالیزم تێیدا ئامادەیە، بۆیە لە باری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، دەکەوێتە نێوان لیبرالیزم و سۆسیالیزم[٣٠]. بەهۆی ئەم بیروباوەڕ و بنەوایانەوە، دیموکراسیی کۆمەڵایەتی، دڵنیایی لەسەر بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتی دەوڵەت دەکات، هاوکات، بەشێوەیەکی میانڕەو، یان هەموارکراو (تعدیل)، سیستەمی سەرمایەداریش دەپارێزێ.

زۆرێک لە بیرمەندان و نووسەران، ڕەگوڕیشەی سەرەتاییی دیموکراسیی کۆمەڵایەتی لە بیروباوەڕ و تیۆریی (ئەدوارد برنشتاین)، یەکێک لە ڕابەرانی ناوداری بزاڤی سۆسیالیستی و ئەنترناسیۆنالی دووەمی سەرەتای سەدەی بیستدا دەبینن، کە خوازیاری هێنانەدی ئامانجەکانی سۆسیالیزمن لە ڕێگەی دەسەڵاتی پارلەمانی و ئەزموونی ڕیفۆرمیستی، نەک لە ڕێگەی شۆڕش و توندوتیژییەوە.

یەکێکی تر لە سەرچاوەکانی بیروباوەڕ و بزاڤی دیموکراسیی کۆمەڵایەتی، دەگەڕێتەوە بۆ بڕواکانی سۆسیالیزمی فابیانی (لە بەریتانیا) و بەتایبەتی ئەندێشەی کەسانی وەکو ئێچ. جی وێلز، جۆرج برناشاد، سیدنی و بیاتریس وێب. دەوڵەتانی خۆشگوزەرانی سەدەی بیستەم لە ڕۆژئاوا، ڕاستت دەوێ، لەسەر بنەواکانی ئەم بیروباوەڕانە دامەزراون. نوێنەرانی دواتری دیموکراسیی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لە ئەمەریکا برێتین لە (جۆن ڕاوڵز، ڕۆناڵد دۆرکین و مایکڵ واڵزەر) کە لایەنگیری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بوون لە دابەشکردنی ژیان[٣١].

ڕەوتی نەیاری دیموکراسیی کۆمەڵایەتی، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستدا، لەلایەن کەسانی وەک، فریدریک فۆن هایک و ڕۆبەرت نۆزیک وەکو داکۆکی لە بیروباوەڕی نیولیبرالیزم (لیبرالیزمی نوێ) خرایە ڕوو، ئەوان، بەشداریی دەوڵەت لە ئابووری و دادپەروەریی دابەشکردنی کۆمەڵایەتیدا، بەنەیار دەزانن بەرانبەر بنەواکانی لیبرالیزم و بەبێ ئاکام و بەرهەم ناوی دەبەن. دیموکراسیی کۆمەڵایەتی، ئەگەرچی نەریت و مێژووی ئەورووپاییان هەیە، بەڵام ئەم ڕەوتە لە ئەمەریکا زیاتر بەدڵنیابوون بەرانبەر بەتاکگەرایی و لیبرالیزمی ئەمەریکایی بوو، کە ڕوانگەی دیموکراسیی

خەڵکیان هەبوو، نەک پێڕەوی لە بیروباوەڕی سۆسیالیستی.

لایەنگرانی دیموکراسیی کۆمەڵایەتی، داکۆکی لە مافە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و لەو بڕوایەدان، ئەم مافانە لە سەدەی بیستەمدا دەبێت بێنە دی، هەروەک چۆن لە سەدەی نۆزدەدا هێنانەدی (مافە سیاسییەکان)، کرایە ئامانج و لە سەدەی هەژدەدا (مافە مەدەنییەکان) و لە سەدەی حەڤدەدا (مافە سرووشتییەکان)، بوونە، یان کرانە درووشم و ئامانجی دیموکراسی. بنەوای سیاسی و کۆمەڵایەتیی سۆسیال دیموکراسی، یان دیموکراسیی کۆمەڵایەتی، لەوەدایە کە دەبێت دەوڵەت بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتی بگرێتە ئەستۆی خۆی لەپێناو دابینکردنی هەموو مافە فەردی و گشتییەکاندا، هەندێک لە بیرمەندان، بڕوای فرەوانتر و پێگیرتریان هەیە، بڕوایان وایە، بەهرەمەندبوون لە مافە کۆمەڵایەتییەکان، مەرجی گرینگە بۆ پرەنسیپی هاووڵاتیبوون بەمانای دروستی ئەم وشەیە لە دیموکراسییەکانی ئێستەدا.

سەرئەنجام، مانفێستی ئەمڕۆی دیموکراسیی کۆمەڵایەتی، دڵنیابوونەوەیە لە ماف و بەهرەمەندییەکانی دەوڵەتی ڕەفا، وەکو دابینکردنی کار، یان بیمەی بێکاری، خزمەتگوزارییەکانی ڕەفاهیەت، هەموارکردن و کەمکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی و دابینکردنی هەموو بیمە کۆمەڵایەتییەکان، لە ئاکامدا، دیموکراسیی کۆمەڵایەتی، شتێکی زیاترە لە دیموکراسیی لیبرال و کەمتریشە لە سۆسیالیزم.

## دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و دیموکراسیی کۆمەڵایەتی

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، بەهێزترین شێوازی دەوڵەتی مۆدێرنە کە لە کاردانەوەی تەنگژە ئابووری و سیاسییەکانی سەرمایەداری پەیدا بووە. شەپۆلی تەنگژەی ئابووریی سەرمایەداری لە دەیەی ١٩٣٠دا، بووە هۆی بڵاوبوونەوەی بێکاری، کەمبوونەوە و لاوازی سەرمایەگوزاری، پێویستی بەوە دەکرد، بەشداریی دەوڵەت لە ئابووریدا بەشێوازێکی تەواو نوێ دەست پێ بکات. یەکەمین دەوڵەتەکانی ڕەفا، لە سەردەمی هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی دنیادا، لە ڕۆژئاوا پەیدا بوون و هەنگاو و بەرنامەی گرینگ و فرەوانیان لە ڕیفۆرمی سیستەمی دارایی و بانکیدا ئەنجام دا، بودجەی گشتی و باجەکانیان زیاتر کرد، یاساکانی کاریان ساز کرد، پیشەسازی و ڕشتە ئابوورییە گشتییەکانیان خۆماڵی کرد، دابەشکردنی دەرامەت و دابینکردنی خزمەت و بیمە کۆمەڵایەتییەکانیان دادپەروەرانە دەست پێ کرد، سەرئەنجام، ژیانی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی فرەوانیان لە وڵاتەکانیان هێنایە دی.

(جۆن مینارد کینز، ئابووریناسی ناسراوی ئینگلیزی، بنەوا تیۆری و ئابوورییەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لە ساڵی ١٩٣٦دا و لە کتێبی (تیۆریی گشتی پارە، بەهرە و کار)دا خستە ڕوو، پاشان ئابووریی دەوڵەتی ڕەفا وەکو ئابووریی کینزی ناسرا. ڕێگەچارەی کینز بۆ تەنگژەی سەرمایەداری، ئەوە بوو، دەبێت دەوڵەت دەسەڵاتی خۆی لە زەوینەی باجەکان و زیادکردنی بودجە

گشتییەکاندا بۆ مەبەستی داواکارییە گرینگەکان و بەکاربردنی کار و بەهرەکان بەکار بێنێ.

لەوساوە دەوڵەتی ڕەفا، لە سەرمایەدارییدا، دەبێتە جێنشینی سیستەمی بازاڕی ئازاد[٣٢].
دەوڵەتەکانی ڕەفا بەئەندازەی جیاواز لە زەوینەی دابەشکردنی دەرامەت، سەرمایەگوزاری و دۆزینەوەی کار و بەرپرسیارییەکاندا، توانییان هەنگاوی گرینگ و ئەزموونی سەرکەوتوو بۆ دیموکراسیی کۆمەڵایەتی دروست بکەن.

کۆمەڵایەتیکردنی دیموکراسی و پەیداکردنی پێکهاتەی دەوڵەتەکانی ڕەفا، بەرهەمی چالاکی و خەبات و سەرکەوتنی پارتە سۆسیال دیموکراتەکان بوو. حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا و پارتی کرێکارانی بەریتانیا، حزبی سۆسیالیستی فرەنسا، تا ڕادەیەکیش حزبی دیموکراتی ئەمەریکا، پارێزگاری دەکەن لە سیاسەتەکانی خۆشگوزەرانی، بیمەکانی کۆمەڵایەتی و سیستەمی کار و بەهرە کە بەسیستەمی (بەکارهێنانی تەواو) ناسراون.

## دیموکراسیی کۆمەڵایەتی و سۆسیال دیموکراتەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست

ئەڵبەت ئەمڕۆ لە دنیادا، حزبی سۆسیال دیموکرات زۆرن یان ئەوانەی پابەندبوونی خۆیان بەو ڕێبازەوە ڕادەگەیەنن زۆرترن و زۆریشیان لە دەسەڵاتدان، وەلێ پرسیاری گرینگ ئەوەیە، ئەم حزبانە تا چەند پێگیر دەبن بەپێڕەوەکانی ئەو ڕێبازەوە؟ باشتر وایە بەکورتیش بێ باسێک لە ماهیەتی سۆسیال دیموکراسی وەک ڕێباز و فیکر و فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم ڕەوتەی دنیای ئەمڕۆ ڕوون بکەینەوە.

– سۆسیال دیموکراسی چییە؟

سۆسیال دیموکراسی، سیاسەتی یەکسانخوازییە کە بڕوای پتەوی بەدەوڵەتی ڕەفای نوێ و ئەرکی دەوڵەت هەیە لە دابەشکردنەوەی ساماندا. سۆسیال دیموکراتەکان، بنەوای ئازادیخوازی کلاسیک و دیموکراسیی نوێنەرایەتی و ئابووریی تێکەڵاو پەسەند دەکەن و دەیانەوێت ڕیفۆرمی سیاسی لە دەسەڵات و سیاسەتدا ئەنجام بدەن، وەفادارن بەرانبەر ئامانجی ئەخلاقیی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی[٣٣].

سۆسیال دیموکراتەکان، چەمکەکانی بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتی و ئەرکی دەوڵەت لە هاوکاری و کۆمەکدا دەبیننەوە بۆ ئەوانەی دەرامەت و ئیمتیازی کەمتریان هەیە لە کۆمەڵگەدا. بەبڕوای سۆسیال دیموکراتەکان، دەسەڵاتی دەوڵەت، هەمان ئەو هۆکارە ڕەوا و پەسەندەیە کە ئەم بەرپرسیارییە کۆمەڵایەتییانە دەگرێتە ئەستۆی خۆی[٣٤].

سۆسیال دیموکراسی، دەیەوێت نەخۆشییە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکان لەناو بازاڕی ئازاددا چارەسەر بکات، یان دەیەوێت ئابووریی سیاسی سەرلەنوێ (بەئەخلاقی بکاتەوە)، واتە؛ دەیەوێت پرسی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، وەکو یەکێک لە پرسە ئەخلاقی و فەلسەفییەکان بخاتە ڕوو، نەک

تەنیا وەک پرسێکی ئابووری. دابەشکردنەوەی تازەی سەروەت و سامان، مانای بەشداریی ڕاستەوخۆی دەوڵەتە لە دابینکردنی کار و دەرامەت و ژیانی شایستە و بیمە کۆمەڵایەتییەکان و هەلەکانی پێشکەوتن.

یەکێکی تر لە بنەوا و ڕێنوێنییە گرینگەکانی سۆسیال دیموکراسی، بەشداری و کاری ڕاستەوخۆی دەوڵەتە بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سامانی گشتی لە پێناو پێشکەوتنی ئامانجەکانی ئەخلاقی و مرۆڤایەتی. ئەم شێوەیە لە کارکردن و ڕێنوێنی، تەنانەت وا دەکات، هێز و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیی ناو سامان و خاوەندارییەتی بەویژدانتر و ئارامتر، کاری خۆیان بکەن[٣٥].

سۆسیال دیموکراسی، بڕوای بەوەیە، هەموو کەسەکان، دەبێت لە کۆمەڵگەی ئازاددا بەیەکسانی، بەهرەمەند بن لە سەرچاوەکانی ژیان و کۆمەڵ، دەبێت هەموو کەس، بتوانێ ڕەوشی تایبەتی خۆی بەرانبەر ئامانج، یان بەرنامەی ژیان بەئازادی بخاتە ڕوو، یان بەدییان بێنێ. هەر بۆیە، دەبێت هەلومەرجی هاندانی ئەخلاقی و مادیی ژیان بۆ هەموو کەسێک فەراهەم بکرێت، تا ژیانیان بەهرەمەند بێ لە ڕێزی خۆیان و ڕێزی کەسانی تر و بزانن و لەوە تێ بگەن کە سیستەمی ئازادیخواز، سەرچاوەکانی ژیان بۆ گەشە و پێڕەوی ئەوان دابین دەکات.

بڕوا و هەڵوێستی سۆسیال دیموکراسی بۆ ناساندنی چەمکی هاووڵاتی، شێوەیەکی تایبەتە بۆ لە بەرچاوگرتنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و دەبێت ئەو ئەنجامە بێتە دی، بۆ ئەوەی تاکەکان خۆیان بەئەندامی تەواوی کۆمەڵی سیاسی بزانن. سۆسیال دیموکراسی، بەپێی ئەم بڕوایە، ئەندامێتی کۆمەڵایەتیی تاکەکان بەبەشێکی سەرەکی بەرنامەی خۆی دەزانێ: نابێت هیچ کەسێک برسێتی ببینێ، بێ ماڵ و شوێنی ژیان بێت، لە بیمە و بەهرەکانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری بێبەش بێت، دەبێت حکوومەت چاودێری و پارێزگاری کەسانی بەتەمەن و بەساڵاچوو دابین بکات، نابێت هیچ منداڵێک بێبەش بێت لە زەوینەی هەلی پەروەردە و بەشداری لە ژیانی گشتیدا.

سەرئەنجام، دەبێت هەموو کەسێک بەهرەمەند بێت لە هەلی کارکردن و هەستی ڕێزداری و شایستەیی ژیان، بۆ ئەوەی بتوانێ نەخشی دیاری هەبێت لە بەدیهێنانی نیاز و پێداویستییەکانی کۆمەڵگە.

هەر لەم زەوینانەدا، بیل کلینتۆنی سەرۆکی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٩٣ کە لەلایەن حزبی دیموکراتیی ئەمەریکاوە کراوەتە کاندیدی سەرۆکایەتی لە ساڵی ١٩٩٩، دەڵێ: (میللەت، وەکو کۆمەڵێکی ئەخلاقی، ناتوانێ لە بەرامبەر ئەوە بێ هەڵوێست بێت کە ئاخۆ ئەندامەکانی وەکو تاک یان وەکو چینەکان، لە مەیدانی ژیاندا پێشکەوتوون یان پێشیل کراون؟)، هەروەها دەڵێ (دەبێ دەوڵەت زەمانەتی ئەوە بکات کە مەترسی و بەرپرسیارییەکانی ژیان لە کۆمەڵی مەدەنیدا نابێت

هێنده دژوار و ترسناک بن، نەتوانین بەرەنگاریان بینەوە، یان هەلومەرجی کۆمەلایەتیی ڕاستەقینەی بەشداری و هاوکاری لە هەندێک تاک و ئەندامانی کۆمەڵ زەوت بکرێ[٣٦].

نیشانەی دیار و ئاشکرای دیموکراسیی کۆمەلایەتی (سۆسیال دیموکراسی) هاودەردی و هاوسۆزییە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە لە بێدادی و بێمافیدا ژیانی ڕەنج و ئازار بەسەر دەبەن، بەشێوەی گشتی، کرێکاران، ژنان، کەمایەتی نەتەوەیی و ڕەگەزی، بەساڵاچووان، منداڵان، نەخۆشان یان ئەوانەی کەمئەندام و بێ توانان، ئەوانەن کە دەبێت سۆسیال دیموکراسی داکۆکییان لێ بکات.

دیموکراسیی کۆمەلایەتی، بەپێویستی دەزانێ کە دەوڵەت نەخش و کاریگەریی هەبێت لە ژیانی شایستە و خۆشگوزەرانیدا، ئەمەش، وەکو بەدیدگایەکی ئامرازی یان هۆکاری سەیر ناکات، بگرە لای ئەوان، دەوڵەتی ڕەفا یەکێکە لە ئامانجە گرینگەکانی ستراتیجی.

سۆسیال دیموکراتەکان، دەیانەوێت بەهاندانی ئەندامانی کۆمەڵ و گرتنەبەری ڕەوشی داهێنەرانەی ڕیفۆرمی هەلومەرجە کۆمەلایەتییەکان و بەهۆی پارێزگاری سیاسی دەوڵەتەوە، یاسای کۆمەلایەتی و پێشکەوتوو بۆ سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگە بەرهەم بێنن. هێنانەدی خۆشگوزەرانی و مافی بێکاری و یاسای کاری دڵخواز بۆ یەکەتی و سەندیکا کرێکارییەکان، زەوینە و هەلی خوێندن و پەروەردەی زیاتر، بڕیار و یاسای بەهرەمەندبوون لە ماف و بیمەی تەندروستی و پاراستنی منداڵان و پیران. بەرنامەی تایبەت بەخانەنشینی، دابینکردنی ماڵ و شوێنی ژیان بۆ هەمووان. دیموکراسیی کۆمەلایەتی، بەهۆی ئەو دەسکەوتانەی دوای شەڕی جیهانی دووەم لە ئەورووپا بەدەستی هێنا و لە ڕێگەی دەوڵەتەکانی ڕەفاوە، زۆرترین پێشکەوتنی لە دیموکراسیی رۆژئاوادا بەخۆوە بینی.

– فەلسەفەی سیاسی و کۆمەلایەتیی سۆسیال دیموکراسی

دیموکراسیی کۆمەلایەتی، وەک بەشێک لە تیۆریی دیموکراسی، هەوڵ دەدات کە دیدگایەکی باڵاتر بێت لەو پرسەی پێی دەڵێن (دیموکراسیی تەواو). پێناسەی زاراوەی سۆسیال دیموکراسی، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە دیموکراسیی کۆمەلایەتی بەسوودتر و بەهرەمەندترە لە دیموکراسیی نەریتی، بەلام کەمترە لە سۆسیالیزم.

بڕوایەکی تری سۆسیال دیموکراسی، ئەوەیە، لە سیستەمی نوێنەرایەتی و نەریتی لیبرالیدا، ئەو شێوازانە لە سازوکاری عەقلانی و گونجاو پەیدا نابن کە بتوانن بەڕادەی پێویست هەلومەرج و ماهیەتی دیموکراسیی ڕاستەقینە بپارێزن. بۆیە دەبێت بۆ ئەو مەبەستە بزاڤی بەهێز و تۆڕی کۆمەلایەتیی یەکسانیخواز لەناو خەڵکدا زیندوو بێت، لە پێناو داکۆکیکردن لە دیموکراسیی ڕاستەقینە. ماکفرسۆن کە یەکێکە لە زانا و تیۆرمەندەکانی فەلسەفەی سیاسی لە کەنەدا: ئەگەر تیۆریی دیموکراسی تەنیا خۆی بەچۆنیەتیی دیموکراتیکردنی حکوومەت و دەوڵەتەوە سنووردار

بکات، بێگومان ناتوانێ بەخواستەکانی خۆی بگات. تیۆریی دیموکراسی بەمانای دڵخواز و تەواوی وشەکە، دەبێت پرسی چۆنیەتی دامەزراندن و سازکردنی حکوومەتی یەکسانیخوازتر لە تەواوی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە بەرچاو بگرێت[٣٧].

ئامانجی سۆسیالیزم لە سۆسیال دیموکراسیدا، وەکو ئامانجی مەزن و کۆمەڵگەی دڵخواز بۆ مرۆڤایەتی، یەکێکە لەو پرسانەی هەندێک لە سۆسیال دیموکراتەکان (مەبەستم ئەوانەی کە بەخۆیان دەڵێن دیموکراتی سۆسیالیستی) لە مارکسیزم نێزیک دەکاتەوە: لای ئەوان (هەر سیستەمێک کە ملکەچی لۆجیکی سەرمایە و ململانێ بێت، سەرەڕای هەموو ئەو لایەنە باشانەی باسیان دەکرێ، بەڵام لاواز و بێتوانا دەبێت لە هێنانەدی هەلومەرجی گونجاو، یان شایستە بۆ مافی هاووڵاتیبوون و گیانی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە.... دەبێت وا لە سۆسیالیزم بگەین کە خەباتی بێوچانە و لە پێناوی کۆمەڵگەیەکی زیاتر دادپەروەر و ئازادیخوازدا، هەر بۆیە ئەم خەبات و ئامانجە، دەبێتە پرۆژەیەکی پێویست و شایانی هێنانەدی. دەبێت وا سەیری سۆسیالیزم بکەین کە خەباتی بەردەوامە بۆ هێنانەدی دیموکراسی و یەکسانی و ملکەچی ئابووری بۆ چاودێری لێپرسینەوەی دیموکراتی.

ئەوان بڕوایان وایە، سۆسیالیزم، کۆمەڵگە و سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی تازەیە کە بەرهەمهێنانی بۆ چەندان نەوە دەخایەنێ، لەوانەشە هەرگیز بەشێوەی تەواو و کۆتایی نەیەتە دی. هەر ئەم سۆسیالیزمە، پرۆژەیەکە دوو ئامانجی هەیە، یەکەمین هێنانەدی ئەو سیستەمە دیموکراتییەیە کە تا ڕادەیەک، زۆر فرەوانترە لە دیموکراسیی سەرمایەداری، ئامانجی دووەم، یەکسانییە، یان کەمکردنەوەی ڕیشەییە بۆ هەموو ڕواڵەت و دیاردەکانی جیاوازی و هەڵاواردن و نەبوونی بێتوانایی، کە بەشێکن لە دیموکراسیی سەرمایەداری[٣٨].

مەبەست و ئامانجەکانی سۆسیال دیموکراسی، هەموو کات ئابووری و کۆمەڵایەتی بوون، هۆکار و ئامانجە سیاسییەکانیش، هەر بۆ ئەم مەبەستە بەکار دێنێ، ئەمەش، ئەو تایبەتمەندییەیە کە سۆسیال دیموکراتەکان لە حزبەکانی تر جیا دەکاتەوە. باسکردنی ئەم ڕەهەندە، بۆ ئەوەیە کە پارتە سۆسیال دیموکراتەکان، یەکەمین ڕێکخراوە جەماوەری و کۆمەڵایەتییەکان بوون لە مێژووی ئەوروپادا کە ئایدیۆلۆجیای سەرەکییان، بیروڕای کۆمەڵایەتی و خەباتی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش بووە[٣٩].

دڵنیایی سۆسیال دیموکراتەکان بۆ هێنانەدی دیموکراسیی کۆمەڵایەتی، یەکسانی و ئازادی لە ڕێگەی (بوون و ئاگایی)ی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانەوە، یان وەک خۆیان دەڵێن، هێنانەدی ئازادی و یەکسانی لە ڕێگەی هاوکاری کۆمەڵایەتییەوە، دەبێتە ماهیەتی بوون و کۆمەڵایەتی ئەو بزووتنەوەیە. ئامانجی ئەم بزاڤە، بریتییە لە ژیانی باشتر بۆ هەمووان لە کۆمەڵگەیەکی باشتردا، بناخەی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و فەلسەفیشیان لەم ڕوانگەیەی مارکسدا دەردەکەوێت: گرینگیدان بەبیرکردنەوەی عەمەلی چینی کرێکار، تەنیا لە بیرکردنەوە، تێڕامان و هۆشیارییدا

نییە، بگرە لە بوونی کۆمەڵایەتییانەی ئەو چینەدایە، یان لە ژیان و شێوەسازکردنی کۆبوونەوە و ڕەهەندی کۆمەڵایەتیدایە، کە لەوێدا ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەبێت بەڕەخنەی ژیانی واقیعی و زیندووی کۆمەڵگەی مەوجود[٤٠].

سەرچاوەکان


١- رابرت دال، دربارەی دموکراسی، ترجمەی حسن فشارکی، نشر شیرازە، چاپ اول ١٣٨٩، ل ٧٣ و ٧٤.

٢- بۆ زیاتر شارەزابوون لە زاراوەکانی ئۆپۆزسیۆن و نیوچە ئۆپۆزسیۆن بڕوانە (حسین بشیریە، عقل در سیاست، نشرنگاە معاصر، چاپ اول ١٣٨٣، ل ٥١٣٥) ئەم لێکۆڵینەوە لەلایەن نووسەری ئەم وتارەوە کراوەتە کوردی، بڕوانە: ئەکرەمی میهرداد (ئۆپۆزسیۆن لە سیستەمی دیموکراسی و ڕێژیمە هەژموونخوازەکاندا). کۆواری کەوانە ژمارە (١)، ل ل ١١٣-١٥٣.

٣- گزار بەدموکراسی، زیرنڤر حسین بشیریە، نشرنگاە معاصر، چاپ سوم ١٣٨٧، ل ل ١١-١٢.

٤- هـ. س. پ ل ل ١٢-, ١٣

٥- حسین بشیریە، أموزش دانش سیاسی، دانشگای حقوق و علوم سیاسی، نشرنگاە معاصر، چاپ ششم، ل ١٦٧.

٦- هـ. س. پ، ل ١٦٩.

٧- استیون تانسی، مقدمات سیاست، ترجمەی هرمز همایون پور، نشرنی، چاپ سوم ١٣٨٦، ل ,٢٥٥

٨- هـ. س. پ، ل ,٢٥٦

٩- دایرە المعارف دموکراسی، بەسەرپەرشتی سیمور مارتین لیپست، کتابخانەی تخصصی وزارت امور خارجە ایران، جلد دوم، چاپ اول ١٣٨٣، ل ٦٧٦.

١٠- گزار بە دموکراسی، زیرنڤر حسین بشیریە، نشرنگاە معاصر، چاپ ششم ١٣٨٤، ل ١٥.

١١- هـ.س.پ، ل ١٥.

١٢- سلین اسپکتور، قدرت وحاکمیت در تاریخ اندیشەی غرب، ترجمەی دکتر عباس باقری، نشرنی، چاپ اول ١٣٨٢، ل ل ١٧٨-١٧٩.

١٣- حسین بشیریە، گزار بە دموکراسی، ل ل ٤١-٤٢. (پێوەرو پێکهاتەکانی سیاسەت و شاندی دەسەڵاتدار لەم سەرچاوەیە وەرگیراون).

١٤- حسین بشیریە، أموزش دانش سیاسی، ل ١٦٤.

١٥- رابرت دال، دربارەی دیموکراسی، ل ل ٥٩-٧٣.

١٦-ایریک کیسلاسی، الدیموقراطیە والمساواە، ترجمە جهیدە لاوند، معهد الدراسات الاستراتیجیە، الطبعە الاولی ٢٠٠٦ بغداد، ل ٦

١٧- هـ. س. پ، ل ٣٢.

١٨- رابرت. بی. تلیس، فلسفەی راولز، ترجمەی خشایار لیهیمی، گرح نو، چاپ اول ١٣٨٥، ل ٦٥.


هەوالنامەی کیبر

١٩- مايكل والزر، حوزەهای عدالت (در دفاع ازكپرت گرايي و برابری) ترجمەی صالح نجفی، نشر پالپ، چاپ اول ١٣٨٩.
٢٠- رابرت دوز، سيمور مارتين ليپست، جامعه شناسی سياسی، ترجمەی دكتر محمد حسين فرجاد، انتشارات توس، چاپ اول ١٣٧٣، ل ١١٨.
٢١- هـ. س. پ، ل ١١٨.
٢٢- گزار بەدموكراسی، لاری ديموند، ل ١٦٥.
٢٣- مراحل و عوامل و موانع رشد سياسی، بەسەرپەرستی عزت الله فولادوند، نشر ماهی، چاپ دوم ١٣٨٨، ل ٣٥.
٢٤- هـ.س.پ، ل ٦٩.
٢٥- هـ. س. پ، ل ١٢٩ _ ١٣٧.
٢٦- حسين بشيريه، اموزش دانش سياسی، ل ١٨٦.
٢٧- لزلی جايكوبز، در آمدی بەفلسفەی سياسی نوين (نگرش دموكراتيک بەسياست)، ترجمەی ترتچای جيرياپی، نشرنی، چاپ اول ١٣٨٦، ل ٣١.
٢٨- هـ. س. پ. ل ٣٢.
٢٩- رامين جهانبگلو، حاكميت و ازادی (درسهای فلسفەی سياسی مدرن)، نشرنی، چاپ دوم، ل ١٠.
٣٠- حسن بشيريه، آموزش دانش سياسی، ل ١٦٥.
٣١- هـ. س. پ، ل ١٦٦.
٣٢- هـ. س. پ، ل ١٨٠.
٣٣- دايره المعارف دموكراسی، جلد دوم، بەسەرپەرستی سيمور مارتين ليپست، كتابخانەی وزارت امور خارجه ايران، چاپ أول ١٣٨٣، ل ٦٧٦.
٣٤- هـ. س. پ، ل ٦٧٦.
٣٥ بەراورد و جياوازيی نێوان (ماركسيزم، سۆسيال ديموكراسی و سۆسياليستی ديموكراتی)، وەرگێڕانی لە فارسييەوە: ئەكرەمی ميهرداد، بەشی روناكبيريی مەكتەبی ڕێكخستنی ی. ن. ك، چاپی يەكەم ٢٠٠٧، سلێمانی، ل ٤٦.
٣٦- هـ. س. پ، ل ٥١.
٣٧- كرافورد. ب. ماكفرسۆن، جهان واقعی دموكراسی، ترجمه علی معنوی تهرانی، نشرأگاه، تهران ١٣٧٩.
٣٨- رالف ميليباند، الاشتراكيه العصر شكاك، ترجمه نوال لايقه، دارالمدی للنشرو التوزيع، الطبعه الاولی، ١٩٩٨ بيروت، ص ١٣.
٣٩- فرهنگ انديشەهای سياسی، ترجمەی خشايار ديهيمی، نشرنی، چاپ دوم ١٣٧٨، ل ٥٥.
٤٠-هـ. س. پ، ل ٥٧٦.

هەزارانەی كتێب

# سەمیر ئەمین و بەهاری عەرەبی

هاشم ساڵح

بەم دواییە سەمیر ئەمین کتێبێکی لەبارەی راپەڕینەکانی عەرەبی، کە ئێستەش بەردەوامن لەژێر ناونیشانی (دنیای عەرەب لە مەودایەکی دووردا: ئاخۆ بەڕاستی بەهاری عەرەبییە) بڵاو کردەوە، ئەوەش شتێکی چاوەڕوانکراو بوو کە ئەمین وەک گەورە بیرمەندێکی پێوەست بەکاروباری عەرەبی بێتە ناو پرسەکەوە.

بنووس لە ١٩٣١ لە میسر لە باوکێکی میسری و دایکێکی فرەنسایی کە هەردووکیان پزیشک بوون، هاتە دنیا، واتە ئەمین لە ماڵباتێکی بۆرجوازی لەدایک بووە و لە داهاتووشدا دەبێتە گەورە تێکۆشەرێکی مارکسی دژ بە بۆرجوازییەت و سەرمایەداری و ئیمپریالییەت.

تا ئێستە ئەمین دەیان کتێبی بڵاو کردووەتەوە لەوانە (میسری ناسری)، (رەوتی رۆشنبیری: چەند دیدێک بۆ نیوە سەدەیەک) کە بریتییە لە بیرەوەرییەکانی خۆی و (نوێخوازی و ئاین و دیموکراسییەت) و هتد.

ئەمین تەمەنی منداڵی و لاوێتیی خۆی لە شاری (پۆر سەعید) بەسەر بردووە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە قوتابخانەی فرەنسایی لە ١٩٤٧ بەدەست هێنا و دواتر بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانستگە و خەباتی سیاسی لە ریزی باڵی چەپی فرەنسا گەیشتە پاریس، واتە ئەمین بەدیدێکی مارکسییانەی پێشکەوتنخواز بەپێچەوانەی زۆرێک لەوانەی تا ئێستە لە بارەی شۆڕشەکانی عەرەبی نووسیویانە سەیری بابەت و رووداوەکان دەکا.

لێرەدا گرینگی بۆ ئاشنابوون بەلێکدانەوەکانی ئەمین بەبێ کۆکبوون لەسەر هەموو بۆچوونەکانیدا هەیە، لەبەرئەوەی هەندێ جار ئەمین وەک بەندییەکی گرتیگەی مارکسیی کۆنی ئاشنا بەئیمپریالییەت و کۆنەخوازی ماوەتەوە.

..............................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: مەحموود ئیسماعیل

ئەو مامۆستایەی زانستگە و توێژەرە میسرییە وای دەبینێ کە ئەو راپەڕینانە مێژووی عەرەبییان کردە دوو بەش، پێش راپەڕین و دوای راپەڕین، ئەو بزاوە نارەزاییانە سیستەمی کۆمەڵایەتیی ناوخۆی وڵاتانی عەرەبییان بەهاوشێوەی پێگەی ئەو وڵاتانە لە گۆڕپانی سیاسی، هەرێمایەتی و عەرەبیدا گۆڕی.

ئەو راپەڕینە سەرانسەرییانە تەنیا ئامانجیان لابردنی دیکتاتۆرییەت لە دەسەڵات نییە، بگرە ئەنجامدانی گۆڕانی گەورەیە لەسەر ئاستێکی دووردا، ئەوان هاواری توورەن دژی جیاوازی بێ وێنەی کۆمەڵایەتی لە نێوان دەوڵەمەند و هەژاران لە وڵاتانی عەرەبیدا، هەروەها هاواری تورەن دژی سیستەمی ستەمکاریی ئابووریی دنیا، ئەوان خواستیان دەربازکردنی عەرەبە لە پاشکۆیی و چۆکدادان بۆ رۆئاوا کە سامان و داهاتیان بۆ خۆی دەبا.

دەتوانرێ لەسەر ئاستی سیاسیشدا وەک هاوارێکی نارەزایی دژی راسپاردەکانی سیاسیی ئەمەریکا و ئەتڵەسیدا بۆ عەرەب لە قەڵەم بدرێ، وێڕای ئەوە ئەو بزاوە نارەزاییانە ئامانجیان بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵگەی عەرەبی و جێبەجێکردنی دادوەریی کۆمەڵایەتییە تەنانەت ئەگەر تا کەمترین ئاستیش بێ.

لەبەر ئەو هۆیانە ئەم راپەڕینانە بۆ چەندان ساڵ بەردەوام دەبن، لەبەرئەوەی داواکارییەکانیان بەم زووانە نایەنە دی، بگرە پێویستیان بەکاتی زۆر هەیە و لێرەدا بێ ئومێدیی گەنجانی شۆڕشگێڕ سەرچاوە دەگرێ و بۆ ئەمەش سەیری ئەوە بکە کە ئێستە لە گۆڕپانی تەحریر لە میسر روو دەدەن.

ئەمین تێبینی رۆڵی گەورەی گەنجانی کوڕ و کچی لەو شۆڕشانە کرد و وای لێک دایەوە کە گەنجی عەرەب سەرلەنوێ خۆی نوقمی سیاسەت کردووەتەوە، ئەوان بەشێوازی تایبەتی خۆیان دوور لە چوارچێوەی پارتە چەپە بەرهەڵستکارە کۆنەکانەوە دەستیان بەسیاسەت کرد، بەڵام دژیشیان نەوەستانەوە، بۆیە کۆکییەکی گەورە و قووڵ لە نێوان گەنجانی گۆڕەپانی تەحریر و پارتەکانی چەپی مارکسیی رادیکالیدا هەیە، ئەوە لە پاڵ ئەوەی گەنجانی توونس ئێستە سەرقاڵی رژانە سەر شەقامەکانن بۆ بەرگریکردن لە شۆڕشی راستەقینە و دەسکەوتەکانی پێشکەوتنخوازی دژی گەلەکۆمەی کۆنەخوازی و هێزەکانی تاریکیدا.

لێرەدا ئەمین وریاداری دەداتە رۆئاوا کە مەترسی لە کۆنترۆڵکردنی ئەو راپەڕینانە لەلایەن هێزە کۆنەخوازەکان بەپاڵپشتیی ئەمەریکا هەیە، چونکە ئەوە پرۆژەی ئێستەی ئەمەریکایە کە مایەی باوەڕپێکردن نییە و بەداخەوە ئەوروپا بەکۆرەییەوە دوای کەوتووە.

ئێستە هەر لە ئالان ژووپێی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا تا هیلاری کلینتۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هەموویان بەناوی ئیخوان موسلیمینی ناوەندڕۆ سوێند دەخۆن، بەڵام ئاخۆ رۆئاوا بۆچی پاڵپشتیی لە هاوپەیمانیەتیی نێوان کۆنەخوازانی میسر و ئیخوانەکان دەکا، نەوەک هەر لە میسر،

بگرە لە سەرانسەری دنیا هەر لەوپەڕی ڕۆهەڵاتەوە تا ئەو پەڕی ڕۆئاواوە پشتگیرییان لێ دەکا، بەڵام ئەو پڕۆژە دژ بە زاوی مێژووە هیچ چارەسەرێکی سەرکەوتووی بۆ کێشەکانی گەلی میسر پێ نییە، بۆیە دەڵێم کە بزاوی نارەزاییی گەنجان بەردەوام دەبێ و بەدرێژاییی مانگ و ساڵانی داهاتوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پلانە دەرەکییەی دژ بەهێزە ڕووناکبیرە عەرەبییەکان فرەوانتر دەبێ.

جگە لەوەش پلانێکی تری شەڕانگێزانەی ئەمەریکا و ئیسرائیل بەمەبەستی دابەشکردنی ناوچەی عەرەب بۆ چەند وڵاتێکی بچووکی ناکۆک و دژ بەیەک هەیە، بەڵام بەرای ئەمین ئەو پرۆسە ئاسان نابێ، لەبەرئەوەی هەستی نیشتمانی لەو وڵاتە عەرەبییانەی هەڕەشەی دابەشبوونیان لەسەرە، بەرز بووەتەوە و ئەو وای نابینێ کە دەمارگیریی تایفایەتیی و مەزهەبی بەسەر هەستی نیشتمانیدا زاڵ دەبێ، بەڵام بێگومان مەترسییەکی راستەقینە دەمێنێتەوە ئەویش تا ئێستە گیانی تایفایەتی و خێڵایەتی و هۆزایەتی لەو وڵاتانەدا بەهێزە.

لەبارەی لیبیاشەوە دۆخەکە کارەساتبارترە، لەبەرئەوەی دۆخی ئەو وڵاتە زۆر لە میسر و تونس جیاوازە، ئەمین وای دەبینێ کە ئەنجوومەنی کاتیی فەرمانڕەوا لەو وڵاتە پڕە لە توندڕۆ پارێزگاران لەبری پێشکەوتنخوازاندا، تەنانەت ئەوانەی پێشکەوتنخوازن لەژێر پاڵەپەستۆی قەتەر و کۆنەخوازانەوە ڕووبەڕووی فەرامۆشکردن هاتوونەتەوە.

بۆ نموونە مستەفا عەبدولجەلیل سەرۆکی ئەنجوومەنەکە هیچ پێوەندییەکی بەدیموکراسییەتەوە نییە، لەو وڵاتەدا نەوت بۆ ئەمەریکا شتێکی گرینگ نییە، لەبەرئەوەی بەر لە شۆڕش نەوت هەر بۆ ئەمەریکا بوو، بگرە ئەو جارە ئەمەریکا خوازیارە لیبیا بخاتە ژێر راسپاردەکانی بەو مەبەستەی بیکاتە بارەگەی سەرکردایەتیی گشتیی سەربازی بۆ هەموو ناوچەی ئەفریقیا، کە ئێستە ئەو بارەگەیە لە شاری شتوتگارتی ئەڵمانیاییە و هەروەها زانراویشە وڵاتانی ئەفریقیا بوونی ئەو بنکە لەسەر خاکەکەیان رەت دەکەنەوە، بەڵام پێ دەچێ لیبیای نوێ ئەو داوایەی ئەمەریکا قبووڵ بکا.

هەروەها مەترسیی دابەشکردنی لیبیا بۆ ٢-٣ وڵاتی بچووک لەگەڵ پارێزگاریکردن لە یەکەتییەکی بەشێوەی عێراق دوای داگیرکردنی لەلایەن ئەمەریکا رووی دا، هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لیبیایەکی بێ قەزافی باشترە، لەبەرئەوەی شیمانە هەیە ئەو قۆناخە کاتییە ببێتە مایەی سەرهەڵدانی سیستەمێکی نوێ، بۆیە شیمانەکان لە بەردەم دوارۆژی ئەو وڵاتە کراوەن.

ئەمین لە کتێبەکەیدا دەڵێ، ساڵی ٢٠١١ بەچەند تەقینەوەیەکی تووڕەی گەلانی عەرەب نەخشێنرا، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ئەو بەهارەی عەرەب دەتوانێ چارەسەری کێشە هەنووکەییەکانی لاوانی عەرەب بکا.

بە بڕوای بنووس وەڵامی ئەو پرسیارە نادرێتەوە تا کاتی گەلانی عەرەب واز لە خەونە مێژووییەکانیان لە بەئیسلامکردنی کۆمەڵگە و سیاسەت لەسەر رێگەی ئیخوانی موسلیمین و

کۆنەخوازان نەهێنن، لەبەرئەوەی میلی کاتژمێر بۆ دواوە ناگەڕێتەوە و ئەگەر گەڕاوەش بۆ کاتێکی کورتە.

یەکەم بەشی کتێبەکەی ئەمین بۆ راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی تەرخان کراوە و گرینگی بەئێستە دەدا و لە چوار بەشەکەی تر بنووس هەوڵ دەدا ئەو راپەڕینانە بخاتە چوارچێوەی مێژووی درێژی عەرەب و دنیا، بەڵام لەبەرئەوەی بنووس خۆی میسرییە بۆیە گرینگی زیاتر بەدۆخی ئەو وڵاتە دەدا، ئەگەرچی دۆخی تونس و وڵاتانی تری پشتگوێ نەخستووە.

ئەمین باسی ئەوە دەکا بزاوی میلیی میسر کە بووە هۆی رووخانی حوسنی موبارەک بەرجەستەی کاروانێکی درێژی مێژوویی کە بەدرێژاییی سەدەی ٢٠ تا سەرەتاکانی سەدەی ٢١ دەکا و ئەو مێژووەش بەدرێژاییی زیاتر لە سەدەیەک چەندان پێشکەوتن و دواکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە. قۆناخی پێشکەوتنخوازی ئەو مێژووە خۆی لە فەرمانڕەوایەتیی حزبی وەفد لە ١٩٣٦ و فەرمانڕەوایی ناسڕی لە ١٩٥٢–١٩٦٧ دەبینێتەوە و قۆناخی (ئیرتکاسی) یان گەڕانەوەش خۆی لە فەرمانڕەوایەتیی سادات و موبارەک لە ١٩٦٧–٢٠١١ کە لەلایەن واشنتۆنەوە پاڵپشتی دەکران، دەنوێنێ و زانراویشە کە ئەو دوو سەرۆکە بەپێچەوانەی حزبی وەفد و جەمال عەبدولناسر یارییان بەکارتی ئیخوان موسلیمین کردووە.

ئەمین دەڵێ، ئەو هەڵە گەورەی لە سەردەمی سادات موبارەک کرا برێتی بوو لە راسپاردنی سیستەمی فێرکردن و دادوەری و راگەیاندن بەئیخوان موسلمین، ئەوانیش بەم شێوە کۆنترۆڵی بیرکردنەوەی گەلی میسرییان کرد و بەو شێوەی ویستیان ئاراستەی بکەن، بۆ ئەوەش سەیری کۆنترۆڵکردنی شێخ شەعراوی و وتاربێژانی تر لە کەناڵە ئاسمانییەکانی میسر بۆ ملیۆنان بینەری میسری بکە، هەروەک چۆن ئێستە گوێ بۆ قەرزاوی دەگرن.

بەڵام ئاخۆ سادات و موبارەک بۆچی ئەوەیان کرد، ئەوان بۆ مەبەستی نێزیککردنەوەی شەقامی ئیسلامی و رێگریکردن لە بەدیموکراتیکردنی کۆمەڵگەی میسری ئەو کارەیان کرد تا هەموو کات کۆمەڵگەکە لەژێر کاریگەریی غەیب و خورافات بمێنێتەوە، لێرەدا بنووس چەندان لاپەڕە لە کتێبەکەی بۆ ئیخوان موسلیمین کە لەلایەن کەسانێکی ملیاردێرەوە دێتە سەرکرایەتیکردن، تەرخان دەکا و دەڵێ، ئەوان تەنیا دوای چەند رۆژێک لە هەڵگیرسانی پێوەندییان بەشۆڕش لە گۆڕەپانی تەحریر کرد. ئەوان بۆ کۆنترۆڵکردنی بزاوە میللییە دیموکراسییەکە و لەباربردنی ناوەرۆکە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکەی بەپاڵپشتیی هێزە پارێزگارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە پێوەندییان بە شۆڕش کرد.

ئەو هەنگاوەیان لەگەڵ پلانی واشنتۆن کە ناخوازێ لایەنی چەپ و دیموکراسیخوازە راستەقینەکان بەهۆی رەتکردنەویە پاشکۆیی بۆ رۆئاوا بگەنە دەسەڵات، یەکی گرتەوە، بەو مانایەی واشنتۆن فەرمانڕەوایی ئیخوانی موسلیمین لەسەر شێوەی پاکستان لە سەردەمی زیائولحەقی پێ باشترە، بەو شێوەیە لە رێگەی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ بۆ دۆخی میسر بنووس چەندان

روونکردنەوەمان بۆ تێگەیشتنی ئەو کێشە راستەقینانەی چاوەڕوانی دنیای عەرەبە، پێشکێش دەکا.

تێبینی ئەوە دەکەین ئەمین زۆر ستایشی سەردەمی سەعد زەغلوول لە رووی درەوشانەوەی مێژوویی میسری دەکا و زانراویشە حزبی وەفد لە ١٩١٩ هاتووەتە دامەزراندن و ئامانجیشی نوێکردنەوەی سیاسەتی میسر لە رێگەی پێڕۆکردنی شێوازی بۆرجوازی بۆ دیموکراسیەتی دەستووری بووە، ئەو سەردەمەش بەقۆناخی لیبرالی لە مێژووی میسر و عەرەب ناو دەبرێ، ئەو کاتەی زانست و هونەر و ئەدەب بوژایەوە و چەندان کەسایەتیی مەزنی وەک ئەحمەد لوتفی سەید، تەها حوسێن، تۆفیق حەکیم، عەباس مەحموود عەقاد، سەلامە مووسا و نەجیب مەحفووز و رابوونخوازانی تر بەدیار کەوتن.

ئەمین ئاماژە دەکا، ئێستە نەجیب مەحفووز بووەتە مایەی شەرمەزاری بۆ میسر، کێ ئەوە باوەڕ دەکا، بەڵێ ئەوەیە دیدی عەبدەلمونعیم شەحاتە و ئەوانی تر لە کۆنەخواز و مێشک پووکاوەکان، ئەو ساتە لیبرالییە پڕشنگدارە لە مێژووی میسر کە جۆرێک لە عەلمانیەتی کۆمەڵگەی میسری بەخۆیەوە بینی، عەلمانیەتێکی بەها بەرز بوو کە تەنانەت خۆی لە ئالای ئەو ساتەی میسر بەرجەستە دەکرد کە تێیدا مانگ و خاچ وەک هێمایەک بۆ یەکپارچەیی ئەو وڵاتە لەیەکتر ئالا بوون.

بەم دواییە و دوای ماوەیەکی درێژ بەکتوپڕی ئالای ئەو سەردەمە لە گۆڕەپانی تەحریر بەدەرکەوت و لە بەرزاییەوە دەشەکایەوە، ئەوەش سپرایزەکی خۆش بوو، ئەو سەردەمە لیبرالییە پڕشنگدارە هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانەی ئازادی بەخۆیەوە بینی کە تەنیا رێگەی بەشداریکردنی بە قیبتییەکان نەدا، بگرە رێگەی پێدان بۆ وەرگرتنی پۆستی باڵا لە دەوڵەت دوور لە هەر هەستوەرییەک، بەڵام بەداخەوە ئەو سەردەمە زێرینەی بەیەکەوە ژیانی موسڵمان و کریستیانەکانی میسر زۆری نەخایاند، لەبەرئەوەی رووبەڕووی پلانی بارستەی کۆنەخواز هاتەوە کە خۆی لە کۆشک و گەورە دەرەبەگ و میرەکانەوە بەرجەستە دەکرد و ئەو دەسکەوتە دیموکراسییەی میسر و حزبی وەفدیان لەبار برد.

بەڵام شتێکی لەناکاو نەبوو کە کۆشک و باڵیۆزگەی ئینگلتەڕای ئەو کات پاڵپشتیی دامەزراندنی بزاوی ئیخوانی موسلیمین لەسەر دەستی حەسەن بەنا لە ١٩٢٨ بکەن و زانراویشە ئەو رێکخراوە بیرۆکە کۆنەخوازەکەی لە رەشید رەزای مامۆستای بەنا وەرگرتووە، کە ئەویش بزازێکی کۆنەخوازتر و دوژمنانەتره بۆ دیموکراسیەت و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە ناو هەموو حزبە سیاسییەکانی عەرەبی، بەم شێوە لەگەڵ دوایەمین هەڵبژاردنی میسر خۆمان وا دەبینینەوە کە بۆ یەکەم چوارگۆشە گەڕاوینەتەوە و دووبارە گەیشتووینەتەوە خاڵی سفر، ئەوەش مانای ئەوەیە کە شەڕی رووناکبیرکردنی عەرەبی لە پێشمانە نەوەک لە دوامانەوە.

سەرچاوە: ژمارە ١٢٠٧٣ی ١٨ کانوونی یەکەم/دیسێمبەری رۆژنامەی (شەرقولئەوەست)ی لەندەنی.

# مێژووی ئێزگە و پەخشی ڕادیۆیی
# بە زمانی کوردی

فەرهاد پیرباڵ

لەم کرۆنۆلۆجیایەدا، من مێژووی ڕادیۆ بە زمانی کوردی، دابەش دەکەمە سەر چوار قۆناغ:

قۆناغی یەکەم: سەرەتا و ناسین (١٩٢٣– ١٩٣٩)، واتە ئەو ماوەیەی کە ڕادیۆ بۆ یەکەم جار دێتە ناو خەڵکی کورد و بۆ یەکەم جار دەست دەکرێت بە پەخشی یەکەمین بەرنامەکان بە زمانی کوردی.

قۆناغی دووەمیش: قۆناغی پەرەسەندن (١٩٣٩– ١٩٦٣) کە پێوەندیی بە جەنگی دووەمی جیهانییەوە هەیە، ئەمەش چونکە خەباتی پڕوپاگەندەیی بۆ جەنگی یەکەمی جیهانی، هەلومەرجێکی گونجاو بۆ گەشەسەندنی ڕادیۆ و پەخشی ڕادیۆیی بە زمانی کوردی دەڕەخسێنێ: دەوڵەتە گەورەکان و دراوسێ ڕادیۆیان بە زمانی کوردی بەکار هێنا بۆ ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان.

لە قۆناغی سێیەمیشدا: (واتە لە ١٩٦٣ بەملاوە) کورد توانی ڕادیۆ باشتر بناسێت و لە هونەری ئێزگە و پەخش واتە لە تەکنۆلۆجیای ڕادیۆدا و وەک میدیایەکی کاریگەر تێی بگات و بەکاری بهێنێ لە پێناو ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆی و بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی خۆی.

لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین: ڕادیۆ بە زمانی کوردی، هەرگیز لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خودی کورد – خۆی نەبووە: تەنیا لەو ساڵانە بەملاوە کە کورد خۆی ڕادیۆی خۆی لە پێناو خەباتی نەتەوەیی خۆی دادەمەزرێنێ: ١٩٦٣.

لە هەموو حاڵەتەکانیشدا، ڕادیۆ تا ڕاپەڕینەکەی بەهاری (١٩٩١) لە ئامرازێکی ئایدیۆلۆجی و خەباتی سیاسی بەملاوە، ڕۆڵێکی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و هونەریی ئەوتۆی نەبووە بە واتا مۆدێرنەکەی ئەمڕۆ.

لە کاتی نووسینی ئەم کورتە وتارەدا ئەوەشم بۆ ڕوون بووەوە کە گەلی کورد – سەرەڕای بێ



چەند کادیرێکی ڕادیۆی کوردی

دەوڵەتی و نەبوونی هیچ قەوارەیەکی سیاسیی نەتەوەیی-، کەچی پێش گەلانی فارس و تورک و عەرەب ڕادیۆی هەبووە؛ واتە ڕۆژنامەڤان و ڕۆژنامەنووسانی ڕادیۆیی کورد، پێش ڕۆژنامەنووسانی گەلانی تورک و عەرەب و فارس ڕادیۆیان ناسیوە و بەزمانی کوردیی خۆیان قسەیان لە ڕێگەی ڕادیۆوە کردووە. من ئەمەم بەلاوە گرینگە و بۆ هەموو توێژەرێکی کورد و بێگانەش شایستەی وردبوونەوە و قسە لەسەرکردنە!

فراوانترکردنی لچک و لێوارەکانی ئەم کورتە وتارەی من، بێگومان کارێکی زۆر بەسوود دەبێ بۆ تێگەیشتن لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی (ڕۆژنامەگەریی ڕادیۆیی) و پێشکەوتنی مۆسیقا و گۆرانیی کوردی، هەروەها نەشونمای تەکنەلۆجیای ڕادیۆ و هونەرەکانی (نواندنی ڕادیۆیی) و (درامای ڕادیۆیی) و وتاری ڕادیۆیی و.. هتد. چونکە وەک ئاشکرایە، ڕادیۆ - بەتایبەتیش ڕادیۆی کوردی لە ساڵانی ڕابردوودا - بنکەیەکی پەخشی کاریگەر و بەهێز بووە بۆ بڵاوکردنەوەی مۆسیقا و گۆرانیی کوردی (هەموو هونەرمەندە مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژەکانمان لە سەرەتادا لە ڕێگەی ڕادیۆوە خۆیان بە جەماوەر و گوێگرانی خۆیان ناساندووە: هەر لە عەلی مەردان و مریەم خان و کاوێس ئاغاوە بگرە تا دەگاتە ئایشە شان و محەمەد قەدری)، لە هەمان کاتدا ڕادیۆ لانکەیەکی میهرەبان بووە بۆ پەروەردەکردنی هەستی نیشتمانی و چێژی هونەری و ڕۆشبیری، هەمدیس بۆ گەشەسەندنی بیری ڕەخنەیی و کاری ڕۆژنامەنووسیی ڕۆژنامەڤانانیش.

ئەمە جگە لەوەی کە ئەو مێژوونووسانەی لە مێژووی سیاسیی کوردستان و پێوەندییە ناوچەییەکانی کوردستان بە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دەکۆڵنەوە؛ هەڵبەتا سوودێکی یەکجار زۆر لەم مێژووە دەوڵەمەندەی ڕادیۆی کوردی دەبینن. ڕۆژنامەگەریی ڕادیۆیی کورد، ئاشکرایە، ئەگەر لە هەموو سەردەمێکیشدا لە کانگای بزاڤە نەتەوەییەکەوە هەڵنەقوولا بێ، ئەوا

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەناسنامە و هەبوونی تراجیدیی خۆیەوە هەبووە: یا وەک کارتێکیش لەلایەن هێزی بێگانەوە بەکار هاتبێت!

مێژووی ڕادیۆی کوردی، وەک لەم کرۆنۆلۆجیایەدا دەبینین، بریتی بووە لە مێژووی سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەی کە پەیوەندیی ئۆرگانیک و ڕاستەوخۆیان بە کوردستانەوە هەبووە لەو ساڵانەدا.

پێش ئەوەی ئەم کورتە کرۆنۆلۆجیایە لەبارەی مێژووی ڕۆژنامەگەریی ڕادیۆیی پێش چاو بخەم، ئاواتەخوازم هیچ نەبێ بەشێک لە کەرەستە گرینگەکانی ئەم مێژووەم خستبێتە بەردەست توێژەران بۆ ئەوەی بتوانن توێژینەوەیەکی تێروتەسەلی لەبارەوە ئەنجام بدەن.

١٩٢٣

یەکەم پەخشی ڕادیۆ بە زمانی کوردی لە ناوچەی خودموختاری کورد، لە چوارچێوەی سنووری (کوردستانی سوور)، لە قەفقاس، واتە لە یەکەتیی سۆڤیەت کە لینین ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمییەی کوردستانی سووری دروست کردبوو و تا سەردەمی ستالین "ساڵی ١٩٢٩" بەردەوام بوو. ستالین کاتێ هات (کۆماری سووری کوردستان) و ڕادیۆ کوردییەکەیشی نەهێشت.

١٩٢٧

یەکەم ئێزگەی ڕادیۆی تورکی لە تورکیا، مێگومان بە زمانی تورکی، لە ساڵی ١٩٢٧ بەملاوە دەستی بە پەخش کرد، تەنانەت وشەیەکیش بە زمانی کوردی (تەنانەت لە دەرەوەی ڕادیۆش) قەدەغە بوو. (بەم پێیە گەلی کورد، پێش گەلی تورک ڕادیۆیان هەبووە و پێش گەلی تورک بەزمانی خۆیان لەسەر ڕادیۆ قسەیان کردووە!).



کوردەکانی "کوردستانی سوور"

١٩٣٢

خاوەنی قاوەخانەیەک، یەکەم ڕادیۆی هێنایە سلێمانی.

١٩٣٤

یەکەم ڕادیۆ گەیشتە ناو ئێران.

١٩٣٦

- لە ١٩٣٦/٧/١ ڕادیۆی بەغدا (تەنیا بە زمانی عەرەبی) لە شاری بەغدا دادەمەزرێت و بۆ یەکەم جار بێژەرێک، عەبدولستار فەوزی، مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو، گوتی (هنا محطة الاذاعة اللاسلكية للحكومة العراقية في بغداد).

١٩٣٩

لە ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٩ لە بەغدا بەشی کوردی لە ڕادیۆی بەغدا دادەمەزرێت کە لە سەرەتادا تەنیا بۆ ماوەی (١٥) دەقیقە بوو، تێیدا هەواڵ و یەک دوو قەوانی کوردی پێشکێش دەکران. هەواڵی جەنگی جیهانیی دووەم و هەواڵی سیاسی دەخوێندرایەوە. بێژەرە کوردەکە ناوی (کامیل کاکەمین) بەئەسڵ خەڵکی سلێمانی بوو، کە پاشان کرایە بەڕێوەبەری ئێزگە کوردییەکە. هێندەی پێ نەچوو عەلی مەردان یەکەم قەوان و گۆرانی و مەقامەکانی خۆی لەو ئێزگەیەدا تۆمار کرد.

هەولێری کتێب

٢٢ی بانەمەڕی ١٩٤٠

یەکەم پەخشی ڕادیۆ بە زمانی فارسی لە پێناو بڵاوکردنەوەی سیاسەتی ڕەزا شای پەهلەوی دەستی پێ کرد. (بەم پێیە گەلی کورد، پێش گەلی فارس ڕادیۆیان هەبووە و پێش گەلی فارس، بەزمانی خۆیان قسەیان لە ڕێگەی ڕادیۆوە کردووە!).

١٩٤٠

زەمانی جەنگی دووەمی جیهانی، ئامێری ڕادیۆ لە کوردستانی عێراق پەیدا بوو. لە ٩ی شەو دەیگوت: هنا لندن هيئة الاذاعة البريطانية. ئنجا هەواڵەکانی شەڕی نێوان هاوپەیمان دژی "دول المحور"، ئنجا عەبدولوەهاب و گوبانچی و ئەسمەهان و ئوم کەلسوم. هەندێکیش (بەرلین)یان دەکردەوە دەیگوت: «هنا برلين»، منداڵ دەیانگوت: «لا اله الا الله/ ئینگلیز بشکێ ئینشاڵڵا».

کاتێ ڕادیۆ تازە پەیدا بووبوو پاترییەکەی لە خۆی گەورەتر، یوونس بەحری، بێژەر بوو.

١٩٤١/٣/٥

– حکوومـەتی فـەرەنسـا لە بەیرووت ئێـزگـەیەکی ڕادیۆی بە زمـانـی کوردی لە بـەیرووت بە ناوی ڕادیۆ لوڤانت (Levant اذاعة الشرق) دامـەزراند بۆ ئەوەی سۆزی کورد بۆ لای خـۆی ڕابکێشـێت، واتە لە پێناو پڕوپاگەندەکردن دژی هیتلەر. ڕادیۆکەش بەشێک بوو لە ڕادیۆی لبنان. لەو ئێزگەیەدا لە هەر هەفتـەیەکدا تەنیا دووجار بە زمـانی کوردی پەخش دەکرا: هەواڵ و گۆرانیی کوردی بوو. لە مانگی بانەمەڕی ١٩٤٦ ڕاوەستا.

– بەهەمان شـێوە ئینگلیزەکانیش لە ١٩٤١ لە ڕادیۆی (محطة الشرق الادني للاذاعة العربية) بۆ ماوەی دوو کاتژمێر دەنگوباس و وتار و گۆرانی و مۆسیقای بە زمانی کوردی پەخش دەکرد.

١٩٤٢/٨ – ١٩٤٥/٨

ڕادیۆی کوردی لە یافا (ئیسرائیل)

لە چلەکاندا عەبدوڵا گۆرانی شاعیر و ڕەفیق چالاکی هونەرمەند و ڕەمزی قەزازی نووسەر لە ڕادیۆی یافا لە ئیسرائیل (اذاعة الشرق الادنى من يافا) کاریان کردووە.

ڕەفیق چالاک لە ١٩٤٢ سکرتێری کۆمەڵەی هیوا بووە و مامۆستاش بووە لە گەڕەکی مەڵکەندیی سلێمانی، لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ:

«لەو سـەردەمەدا ئەڵمـانیا تەنگی دنیای لە ئینگلیز هێنابووە یەک. ئینگلیز لەو ڕۆژەدا ئیشی بە کورد هـەبوو. ئینگلیز داوای پێنج کەسیان کرد کە بچن بۆ فەلەستین بۆ ئێزگەیەکی کوردی کە لە شاری یافا بۆ کورد دەکرێتەوە. ئەو سەردەمە حزبی هیوا گەورەترین گرووپ لە کوردستاندا، لە ئەندامانی ئەم حزبە چوار کەس دەسنیشان کران: نووری شاوەیس، ئەنوەری مەلا حەمە ئاغا، ئیبراهیم کوردی و ڕەفیق چالاک. ئنجا لەبەرئەوەی ئەو سێیانە بەر لە من چووبوونە ناو سیاسەتەوە و لەلای میری ناسراو بوون، بەم بۆنەیەوە سەفەریان لێ قەدەغە کرا، لە جێی ئەوان عەبدوڵا گۆران و ڕەمزی قەزاز و من دەسنیشان کراین و بەرەو بەغدا کەوتینە ڕێ، ئنجا بەرەو فەلەستین کەوتینە ڕێ. لە یافا ستۆدیۆمان بۆ دامەزرا، جێ و ڕێمان بۆ دیاری کرا، ناوی ئێستگەکەمان نا «کوردستان». لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا لە ئۆگستسی ١٩٤٢ تا ئۆگستسی ١٩٤٥ سوودێکی باشم وەرگرت بەتایبەتی لە ڕووی هونەرییەوە چەندان مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژی ناسراو بوونە هاوڕێم لەوانە محەمەد عەبدولکەریم، ئەمیری بزق، کە بە ڕەچەڵەک دەچووەوە سەر کوردانی دیاربەکر. هەر لەو سەردەمەدا خۆم خەریک کرد بەفێربوونی مۆسیقاوە بە نۆتە، ئالەتێکی ماندۆلینم کڕی و مامۆستایەکی یۆنانیم ڕاگرت.. سوودێکی باشم وەرگرت لە ئیخراج و تەمسیل و ئیلقا و دیکۆر و مکیاج و... هتد. تا لە ئۆگستسی ١٩٤٥ ئیستیقالەم کرد و لە ڕێی ئوردنەوە گەیشتمەوە بەغدا. هەر لەو مانگەدا بوو یان لە مانگی ئەیلوولدا لە ئێزگەی کوردی بۆ یەکەم جار دامەزرام و فووم پیا کرد: ئێرە ئێستگەی کوردستانی عێراقە، کە لە دوای سێ ڕۆژ لێیان قەدەغە

کردم. هەرچی ئاوازێک کە لە یافا بە مۆسیقاژەنەکانی هاورێیم نۆتم کردبوون بە مارشی فەرمیی کوردیشەوە، دامە برامان جەمیل بەشیر ئەویش خوا سەلامەتی بکا نازانم چیی لێ کردن».

١٩٤٣

یەکێک لە قاوەخانەکانی سنە ڕادیۆیەکی کڕی و لە قاوەخانەکەی خۆیدا داینا.


١٩٤٥

– یەکەم پەخشی ڕادیۆ بە زمانی کوردی بەدەستی خودی کورد کە دژ بە سیاسەتی ڕەزا شای پەهلەوی ڕاپەڕیبوون، لە تەورێز دەستی پێ کرد.

– پەخشی بەرنامە ڕۆژانەییەکەی ڕادیۆی بەغدا لە ١٥ خولەکەوە بۆ یەک کاتژمێر بە زمانی کوردی درێژ کرایەوە.

١٩٤٦

– پەخشی ڕادیۆ بە زمانی کوردی لە یەریڤان واتە لە ئەرمەنستانی یەکەتیی سۆڤیەت دەستی پێ کرد، ڕۆژێ نیو کاتژمێر، هەواڵ و مۆسیقا و گۆرانی بوو. بەرنامەیەکی هاوشێوە بە زمانی



گۆران و ڕەفیق چالاک

کوردی لە شاری تفلیس لە گورجستانیش دەستی پێ کرد.

– دووەم پەخشی ڕادیۆ بە زمانی کوردی لە ئێران بەدەستی خودی کورد، کە دژ بە سیاسەتی ڕەزا شای پەهلەوی ڕاپەڕیبوون، لە شاری مەهاباد دەستی پێ کرد. ئەمەش لە سا و سێبەری کۆماری مەهابادا کە ئێزگەیەکی ڕادیۆیی سەربەخۆیان دامەزراندبوو کە تا ٣٠ی بانەمەڕی ١٩٤٦ بەردەوام بوو. ڕۆژنامەی (کوردستان) ژمارە (٤٣) لە ڕۆژی ٤ی جۆزەردانی ١٩٤٦، نووسی: «ئێزگەی ڕادیۆ لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا و بە بەشداریی کاربەدەستە پایە بەرزەکان و مێوانان کراوەتەوە». پێنج بڵندگۆیش لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ناو شاردا داندرابوون بۆ ئەوەی هەموو خەڵک گوێیان لە وتارەکانی ڕادیۆ بێت. بەرنامەکان بریتی بوون لە: هەواڵ، گۆرانی، شرۆڤە، لێدوان...

١٩٤٧

– دوای تێکچوونی کۆماری مەهاباد، ڕادیۆی باکۆ لە ئازەربایجانی یەکەتیی سۆڤیەت بۆ ماوەی نیو کاتژمێر پەخشێکی تایبەتی هەبووە بە زمانی کوردی. هەندێک بۆچوون هەن کە دەڵێن ئەم پەخشە نیو کاتژمێرییە بە زمانی کوردی لە ڕادیۆی باکۆ، لەسەر داخوازیی مەلا مستەفای بارزان پەسەند کراوە.

– مەلا مستەفای بارزانی، کە لە دوای ڕووخانی کۆماری مەهابادەوە چووبووە باکۆ، لە ڕادیۆی باکۆی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتدا بە زمانی کوردی (بە دیالێکتی سۆرانی) ڕای گەیاند کە پێویست وایە کوردستان یەک بگرێت و کوردەکانی تورکیا و ئێران و عێراق هەموویان پێکەوە خەباتێکی یەکگرتووی کوردستانییان هەبێت و لە دەستی ژێردەستەیی ڕزگار بن و دەوڵەتێکی کوردی پێک بهێنن (دەسنووسی ئەم پەیامە مێژووییە گرینگەی مەلا مستەفای بارزانی، کە لە ڕادیۆی باکۆوە بە دیالێکتی سۆرانی قسە دەکا، لە کتێبە بەنرخەکەی سەرۆکی هەرێم، کاک مەسعوود بارزانی، بڵاو کراوەتەوە).

ئەم ڕاگەیاندنەی مەلا مستەفا زەندەقی ڕەزا شای ئێران و هەندێک دەوڵەتانی ڕۆژئاوای برد، چونکە وایان لێک دایەوە کە ئەم ڕاگەیاندنەی مەلا مستەفا دەستی یەکەتیی سۆڤیەتی لە پشتەوەیە و یەکەتیی سۆڤیەت دەیەوێ دەوڵەتێک بۆ کورد دابمەزرێنێت (یەکێک لە ژمارەکانی نیویۆرک تایمز باسی ئەم دۆخەی کردووە). بۆیە ئەم ڕاگەیاندنەی مەلا مستەفای بارزان بووە هۆی ئەوەی کە ڕەزا شا لە ترسان بێت لە ساڵی ١٩٥١ نێردەرێکی یەک کیلۆ وایتی بۆ پەخشی ڕادیۆیی بە زمانی کوردی لە شاری سنە بۆ پڕوپاگەندە دژی ئەم بیرۆکەیە و لە پێناو سیاسەتی خۆی بۆ کوردەکان دابمەزرێنێت.

تا پووشپەڕی ١٩٥٠ هەندێک گەلاڵە لە دەنگی ئەمەریکا Voa بۆ پەخشی بەرنامە بە کوردی لەلایەن باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا داڕێژرا. پاشان ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان دەنگی

ئەمەریکا و ئێران لە پێناو پەخشی ڕادیۆ بەکوردی ئیمزا کرا. ئێران لە ساڵی ١٩٥١ نێردەرێکی یەک کیلۆ وایتیی لە سنە، نێردەرێکی تریشی لە ساڵی ١٩٥٥ تا ١٩٦٦ لە مەهاباد دامەزراند. بەرنامەکان بریتی بوون لە: هەواڵ، مۆسیقا و گۆرانی، شرۆڤە، شیعر، سەرگەرمی.. هتد.

– یەکەم بەرنامەی نهێنیی ڕادیۆیی، بە زمانی فارسی و ئازەری و کوردی، بەدەستی ڕێبەرایەتیی حزبی دیموکراتی ئازەربایجانی ئێران لە یەکەتیی سۆڤیەت دامەزرا.

١٩٤٩

پەخشی بەرنامە ڕۆژانەییەکەی ڕادیۆی بەغدا لە یەک کاتژمێرەوە بە زمانی کوردی زیاد کرا بۆ دوو کاتژمێر و چل و پێنج خولەک.

١٩٥٠

پەخشی بەرنامە ڕۆژانەییەکەی ڕادیۆی بەغدا هاوکاریی کرد لەگەڵ ڕادیۆی بەغدا بۆ بڵاوکردنەوەی کۆوارێکی ڕادیۆیی مانگانە بەناوی (هنا بغداد) بە زمانی عەرەبی و کوردی کە هەتا پووشپەڕی ١٩٥٨ بەردەوام بوو.

هەواڵنامەی کتێب

١٩٥٦

عێراق یەکەم دەوڵەتی عەرەبییە کە تەلەڤزیۆنی دەوڵەتی دامەزراندبێ – بە عەرەبی.

هاوینی ١٩٥٧ تا مانگی نیسانی ١٩٥٩

– ئێرە ئێزگەی دەنگی کوردییە لە قاهیرە!

دەوڵەتی میسر، لە زەمانی جەمال عەبدولناسر، لە ساڵی ١٩٥٧ لە پێناو هێرشکردنە سەر دەوڵەتی عێراق، هات کوردەکان و کێشەی کوردی بەکار هێنا: لە ڕادیۆی قاهیرەوە ماوەی ٤٥ خولەکی تەرخان کرد بە زمانی کوردی کە گوێگرێکی باشی لە عێراق و سووریا و ئێراندا هەبوو. ئەو پەخشە (٤٥) خولەکییە بریتی بوو لە هەواڵەکانی سیستەمی پاشایەتیی عێراق و پەیماننامەی بەغدا، لەگەڵ باسی ڕۆشنبیریی کورد و شیعری شاعیرانی کوردی نەتەوەباوەڕ. بەشێوەیەکی گشتی هانی کوردی دەدا بۆ ئەوەی بیر لە مەسەلەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی خۆیان بکەنەوە لە ئێران و عێراق و تورکیادا. لە چاوپێکەوتنێکدا کە لەگەڵ هەژاری شاعیردا کردوومە لە پاریس لە مانگی نۆڤەمبەری ١٩٨٩، هەژار دەیگوت:

«ئەو کاتەی لە بەغداوە چوومە قاهیرە بۆ ئەوەی لە قاهیرەوە بەرەو مۆسکۆ بڕۆم، کوردەکانی ئێزگەی کوردیی قاهیرە هەلیان بۆ ڕەخساندم کە وتار و شیعر لەوێ بخوێنمەوە. شیعرێکم بەناوی چەپکە گوڵێک لە ڕۆژی ١٩٥٨/٨/١٥ خوێندەوە کە بەسەر گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانیدا هەڵمگوتبوو».

هەژار لەو چاوپێکەوتنەدا دەڵێ کە دەعوەتیان کردووەتە ئەو ئێزگەیە بۆ ئەوەی لەوێ هاوکارییان بکات، دەیگوت:

«ئەو کاتە کوردێک لەو ئێزگە کوردییەی قاهیرە کاری دەکرد ناوی شێخ عومەر وەیسی بوو، بادینی بوو، لەگەڵ هەندێ کوردی تری عێراقی کە یەکێکیان کەرکووکی بوو. چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵم ساز دا کە تێیدا باسی دۆخی سیاسیی ئەمڕۆی کورد و ئەدەبیاتی کوردیم بۆ کردن، هەروەها شیعرێکم بۆیان خوێندەوە کە بەبۆنەی گەڕانەوەی بارزانیی نەمر نووسیبووم. شیعری سروودەکانی (ئەی ڕەقیب) و (ئەی کوردینە ئەی مەردینە)م پێ دان و لەوێ بەگۆرانی لێیان دایەوە. هەژار دەیگوت «ماوەیەکی کەم هاوکاریم کردن».

هۆشیار تاهیر بابان، کە یەکەم بێژەری ئێزگەی دەنگی کوردی- لە قاهیرە بووە، لە ژمارە (١٢٥٢)ی ڕۆژی ١٩٩٦/٤/٢ لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا دەڵێ کە:

بەشە کوردییەکەی ئەو ڕادیۆیە لە چوارچێوەی بەرنامە بیانییەکانی ناو ڕادیۆی قاهیرە داندرابوو، کۆمەڵێک خوێندکاری کورد (محەمەد حوسێن مەلا هەولێری، هۆشیار تاهیر بابان، محەمەد کەریم شەیدا، عەبدولحەمید ئیمام بادینانی، عەبدوڵا مەعرووف) کە لە قاهیرە خوێندوویانە هاوکارییان کردووە لە ئامادەکردنی بەرنامەکانی ئەو ئێزگەیە: هەر لە ناو ئەوانیشدا (دوای تاقیکردنەوە) سێ لەو خوێندکارانە (محەمەد حوسێن مەلا هەولێری و هۆشیار تاهیر بابان و محەمەد کەریم شەیدا) وەرگیراون ببن بەبێژەر.

دەنگوباس و ڕای ئێزگە و تەعلیقی سیاسی بە زمانی عەرەبی بۆیان دەچوو و ئەوانیش وەریان دەگێڕایە سەر کوردی، بەڵام لە سەرتاسەری بەرنامەکانی تری ڕۆشنبیری ئازاد بوون: بڕگەی ئەدەب و وێژە و گۆرانی و شیعر و مێژووی کورد و سروودی نیشتمانیی کوردی بەشێوەیەکی ئازاد پەخش دەکرا. قەدەغە بووە لە عێراقەوە کاسێتیان بگاتە دەست، بۆیە خوێندکارە کوردەکان هەر خۆیان (لەوانە: عادل حاجی ساڵح هەولێری و نووری کانەبی و فاتیح هەمەوەندی و سەفوەت بابان) سروود و گۆرانییان دەگوت و تۆماریان دەکرد. تیپی هونەریی ئێزگەی قاهیرە تەکنیککار و یارمەتیدەر و هاوکاریان بوونە. سروودەکانی (پیرەمەگروون موقەدەسی، کوردستان جێگەی بەچکە شێرانە، تا دەست لە ملی هیوا نەکەین، ئەی ڕەقیب..) هەموویان لەوێ تۆمار کراون.

هۆشیار تاهیر بابان، یەکەم بێژەری ئەو ئێزگەیە، لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا دەڵێ: «خەڵکی کوردستان لە عێراقەوە بەردەوام نامەیان بۆمان دەنارد.. تەنانەت لە کوردستانی سووریاشەوە. ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆشنبیرانی کوردی ئەورووپاش زۆر هاوکارییان دەکردین».

ئەم ئێزگەیە لە مانگی نیسانی ١٩٥٩ داخرا.

دەوڵەتی ئێران بەم ڕادیۆ کوردییە زۆر قەڵس بووبوو، ڕۆژنامەی (اطلاعات) ئەم ڕادیۆیەی بە پلانی هاوبەشی میسر و یەکەتیی سۆڤیەت دژی ئێران ناوزەد دەکرد.

مەلا غەفووری حافزی مەهابادی لە دیوانە شیعرەکەی خۆی (دیاریی مەهاباد)، چاپەمەنیی سەیدیان، فەروەردینی ٦٣ (١٩٨٤)، لە لاپەڕە (١٣) بەم شێوەیە باسی لەم ئێزگە کوردییە کردووە: «لە ساڵی ١٩٥٦ – ١٩٥٧ ئێزگەی کوردی لە قاهیرە دەستبەکار بوو، ڕۆژانە نیو سەعات بەرنامەی بڵاو دەکردەوە. زۆر هۆگری ئەو بەرنامەیە بووم و هەموو جارێ بە بیستنی ئەو بەرنامەیە هەست و مێشکم دەبووژایەوە. لە ساڵی ١٩٥٨ کە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی عێراق دەستی پێ کرد، بەتەواوی هەستی من لەبارەی شیعرەوە گۆڕا بەهۆی ئەو بەرنامەیەوە.

کوردناسی ناوداری فەرەنسی، تۆما بوا Thomas Bois، هێندەی من ئاگام لێ بێ، لە هەموو توێژەرێک زیاتر لەبارەی ئەم ڕادیۆ کوردییەی قاهیرە قسەی کردووە، ئەمەش لە ژمارە (٤٤)ی گۆواری L Afrique et l Asie, Bulletin des ancien C.H.E.A.M.، لە ڕاپۆرتی ژمارە (٣)ی مانگی سێپتەمبەری ١٩٥٨ کە لە پاریس دەردەچوو.

تۆما بوا ڕاپۆرتێکی گەرماوگەرمی لە هەمان مانگ و ساڵی پەخشی ڕادیۆکە بۆ گۆوارەکە ناردووە و دەڵێ کە ڕادیۆکە لە مانگی شەش و حەوتی ساڵی ١٩٥٨دا پەخشی بەردەوام زۆر کاریگەر بووە؛ ئێران و عێراق و تورکیا نارەزاییەکی توندیان بەرامبەر ئەو ڕادیۆ کوردییەی قاهیرە دەربڕیوە و بە پیلانێکی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی (سووریا و میسر)ی دەزانن کە هاوپەیمانەکەشیان یەکەتیی سۆڤیەتە دژی ئێران و عێراق و تورکیا؛ ئەمەش لەوانەیە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوانیان تێک بدا.

تۆما بوا ئاماژەی بۆ چەندان ڕۆژنامەی ئێرانیی ئەو هەفتەیە کردووە، لەوانە (طهران مصور) کە لە ١٩٥٨/٧/٤ باسی مەترسییەکانی ئەم ڕادیۆ کوردییەی قاهیرەی کردووە. تۆما بوا دەڵێ کە هەواڵەکانی عێراقیش ئەو ڕادەگەیەنن گوایا کوردی کەرکووکیش لە ١٩٥٨/٧/١١ نارەزاییی خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر ئەو ڕادیۆیە و بەرامبەر بە کۆمۆنیزم و شیوعییەت کە لە پشتەوەی ئەم ئێزگە کوردییەن. حکوومەتی عێراق شپرزە بووە و دەترسێ گەلی کورد لە ئاکامدا – بەهۆی ئەم ڕادیۆیەوە – ببنە داردەستی ناسرییەکان (جەمال عەبدولناسر) لە میسر و شیوعییە سۆڤیەتییەکان کە بەهۆی ئەم ئێستگەیەوە کوردان دەورووژێنن.

.U.P.iی لەندەن و گۆواری نوێی لۆزان Nouvelle Revue de Lausane لە ١٩٥٨/٧/١٢ مانشێتێکیان نووسیوە تێیدا دەڵێن: (خەریکە ڕاپەڕینێکی کوردان دژی ئێران و عێراق سەرهەڵدەدا)؛ هەروەها ئەوەش باس دەکەن کە دەوڵەتی عێراق و ئێران لە ١٩٥٨/٧/١١ بەملاوە ئیحتیاتی خۆیان تەواو وەرگرتووە نەوەک ڕاپەڕینێکی لە ناکاوی کورد لە عێراق و لە ئێراندا بەهۆی ئەم ڕادیۆ کوردییەی قاهیرەوە، کە هەبێ و نەبێ دەستی دەرەکیی تریشی تێدایە، بکەوێتە سەرپێ. تۆما بوا لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێ هەر بۆیەش لە ١٩٥٨/٦/٢ بەملاوە سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی ئێران چەند بەرنامەیەکی ڕادیۆیی لە ناو ئێراندا هەر بە زمانی کوردی ساز کردووە و بە زمانی کوردی کوردەکانی خۆی «لەم پلانە گڵاوانەی بێگانەکان» ئاگەدار کردووەتەوە.

لەلایەکی تریشەوە، تۆما بوا دەڵێ، حکوومەتی تورکیا زۆر لەوە دەترسێ کە پلانێکی تازە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی هاتبێتەوە ئارا. (Ralph Izzard لە ڕۆژنامەیەکی تورکیدا بەناوی Daily Mail لە ١٩٥٨/٧/٢١ لە ئەستەمبۆڵ ئەمەی نووسیوە). ئەمەش چونکە، تورکیا وا تێ دەگات کە حکوومەتی نوێی عێراق (عەبدولکەریم قاسم کە دایکی کوردە!) هیچ دوور نییە پێشوازییەکی گەرم لە پلانی سیاسیی یەکەتیی سۆڤیەت بکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی؛ لەو کاتەشدا یەکەتیی سۆڤیەت دەتوانێ زۆر بەئاسانی دەستی خۆی بگەیەنێتە عێراق و پاشان بگاتە کەنداوی عەرەبیش کە لە دەمێکەوە خەونی پێوە دەبینێ.

تۆما بوا هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی ناو چەندان ڕۆژنامە و کۆواری تریش بە زمانی ئینگلیزی و تورکی و فارسی و عەرەبی و ڕووسی، کە بەم ڕادیۆ کوردییەی قاهیرەوە خۆیان سەرقاڵ و مشەوەش کردووە، دەخاتە بەرچاو و شیتەڵیان دەکاتەوە. لە کۆتاییشدا ئەم مەسەلەیە گرێ دەداتەوە بە گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی کە تازە لە یەکەتیی سۆڤیەتەدا گەڕاوەتەوە کوردستان!

١٩٥٨

لە ئەنجامی مەترسییەکانی ئەو دۆخە سیاسییەی کە تازە هاتبووە پێشەوە لە بەرژەوەندیی کورددا، لە ناو عێراقیش، پەخشی بەرنامە ڕۆژانەییەکەی بەشی کوردیی ڕادیۆی بەغدا – بە زمانی کوردی، لە ١٩٥٨ بەملاوە، پەرەی سەند و بەرنامەی پەروەردەیی و کەمێک ڕۆشنبیریشی تێ کەوت؛ بووە ڕادیۆیەکی سیاسیی بەهێز و کاری لە پارچەکانی تری کوردستانیش کرد.

١٩٦٠

ڕۆژنامەی ژین، ژمارە (١٥٤١) لە ڕۆژی ٤ی گەلاوێژی ١٩٦٠ و پاشان لە ڕۆژی ١٨ی خەرمانانی ١٩٦٠، ڕەخنە لە ڕادیۆی بەغدا دەگرێت و داوا دەکا کە ڕادیۆی بەشە کوردییەکە پێویستە پەرەی بێ بدرێت. لە دوای ئەویش ڕۆژنامەی (خەبات) بەهەمان شێوە.

٢٣ی بانەمەڕی ١٩٦١

ئێزگەی (رادیو پیک ایران) کە ڕادیۆی حزبی توودەی ئێران لە ئەورووپا بوو، پەخشی بەرنامەی بە زمانی کوردی، بۆ ماوەی نیو کاتژمێر، زیاد کردە سەر پەخشە فارسی و ئازەرییەکەی خۆی. تا ساڵی ١٩٧٦ هەر بەردەوام بوو.

پاییزی ١٩٦٣

شۆڕشی کورد لە پێناو ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی عێراقدا بە سەرکردایەتیی بارزانیی نەمر، لە پاییزی ١٩٦٣بەملاوە، ئێزگەیەکی ڕادیۆیی، بەناوی (دەنگی کوردستان) لە ناو شاخەکانی کوردستاندا (لە ماوەت، لە گوندی عیسایێ، لەسەر گردێک کە پێیان دەگوت «گردە ڕەش»)

دامەزراند کە بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو کاریگەریی هەبوو، ئەگەرچی لە سەرەتادا تەنیا بۆ ماوەی یەک کاتژمێر بوو. هەندێ لەو رووناکبیر و هونەرمەندانەی لەو ئێزگەیەدا کاریان دەکرد: شەهید سامی عەبدورەحمان، ئەحمەد دەنگ گەورە، عومەر دزەیی، فەرهاد عەونی.. هتد.

ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٦٨ بەملاوە، جگە لە عەرەبی و ئینگلیزییەکەی، بەرنامەی بە زمانی ئاسووری و تورکمانیش بڵاو کردەوە. ئێزگە لە رێککەوتننامەکەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بەملاوە راوەستێندرا، بەڵام لە ١٩٧٤/٣/٢٨ لەسەر شەش شەپۆل کەوتەوە کار کە لە بەیرووت و قوبرسیش دەبیسترا. دوای نسکۆی ١٩٧٥ رادیۆش راوەستا. دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٧٦ بەملاوە سەرلەنوێ دەستی بە پەخش کردەوە.

١٩٦٧: تەلەڤزیۆنی کەرکووک دامەزرا، تەنیا بە زمانی عەرەبی.

١٩٦٨

ئامانجی رادیۆی بەغدا بریتی بوو لە چەواشەکردنی خەڵکی کورد و هاندانیان دژی شۆڕشی یاخیبووە کوردەکان "المتمردین الاکراد"، بۆیە پەخشی رادیۆ بەکوردی لە رادیۆی بەغدا زیادی کرد و پڕوپاگەندەی بەعس دزەی کردە ناو هەموو بەرنامەکان.

١٩٦٩

پەخشی کوردی لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک بۆ ماوەی یەک کاتژمێر کرایەوە.

١٩٧٠

لە کوردستانی ئێران، رادیۆی کرمانشان بە زمانی کوردی، کاریگەرییەکی باشی بەسەر پارچەکانی تری کوردستانەوە هەبوو.


یەکێک لە یەکەم کادیرەکانی رادیۆی کوردی، رەفیق چالاک

هەواڵنامەی کتێب

١٩٧٢

پەخشی کوردی لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک زیاد کرا بۆ شەش کاتژمێر لە شەوێکدا.

١٩٧٣

لە کاتێکدا کە ئێران یارمەتیی سەربازیی بۆ شۆڕشی کوردی کوردستانی عێراق دابین دەکرد، دەوڵەتی عێراقیش لە دژی ئەوان (ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران)ی لە ساڵی ١٩٧٣ دامەزراند کە تا ١٩٧٥ بەردەوام بوو، چونکە لە ١٩٧٥ بەملاوە چی تر کاریان پێ نەما.

١٩٧٤

پەخشی بەرنامە ڕۆژانەییەکەی ڕادیۆی بەغدا بە زمانی کوردی زیاد کرا بۆ ١٧ کاتژمێر و بیست و پێنج خولەک لە ڕۆژێکدا، ئەمەش لە پێناو چەواشەکردنی خەڵکی کورد و هاندانیان دژی مەلا مستەفای بارزانی، بەقەولی بەعسییەکان دژی یاخیبووە کوردەکان "المتمردين الاكراد".

هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوە:

Thomas Bois: Cronique N. 3., in (L Afrique et l Asie, Bulletin des ancien C.H.E.A.M.), Septembre 1958, Paris.

– فیلیپ کرینبۆرک: کولتوور و ناسنامەی کورد، بەتایبەتی وتارەکەی «د. ئەمیری حەسەنپوور»، و: وریا ڕەحمانی، موکریانی، هەولێر: ٢٠٠٨.
– باکووری: ئێزگە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر: ٢٠٠٩
– مەلا غەفووری حافزی مهابادی: دیوانە شیعرەکەی خۆی (دیاریی مەهاباد)، چاپەمەنیی سەیدیان، فەروەردینی ٦٣ (١٩٨٤)، لاپەڕە (١٣).
– چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هەژار موکریانی لە پاریس لە مانگی نۆڤەمبەری ١٩٨٩، هەروەها لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد لە لەندەن لە ١٩٩٠.
– نامەیەکی ڕەحیمی قازی کە لە ١٩٩١ لە باکۆوە بۆی ناردووم.
– مستەفا ساڵح کەریم چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئازاد ڕەفیق چالاک لە ژمارە (١٢٧٠)ی کوردستانی نوێ: ١٩٩٦/٤/٢٣.
– ئازاد ڕەفیق چالاک، لە ژمارە (١٧٦ و ١٧٨)ی ڕۆژنامەی (الاتحاد) لە مانگی ئابی ١٩٩٣.
– وریا جاف: وتارێک لە (برایەتی)، ژمارە ٢١٦٧، چوارشەم: ١٩٩٦/٥/٨.
– تەلەفۆنێکی بەڕێز (فەرهاد عەونی) لەبارەی (ئێزگەی دەنگی کوردستان).

# شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران
# ١٩٢٥

## لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و فرانسادا

### ئاڵقەی سێیەم

وەرگێڕانی لە فرانسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا

ڕاپۆتی ئاڵقەی ئەم جارە کە دیارە بەلای زۆرییەوە لەلایەن ئەفسەرێکی سەربازیی گەورەی فرەنسییەوە لە سەروبەندی شۆڕشی شێخ سەعید دا نووسراوەتەوەو بۆ یەکەم جار ڕووناکییەکی زۆر دەخاتە سەر مێژووی شۆڕشەکە و ئەو هێندە بە وردی سەرەداوی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە کە تاوەکو ئێستە لە هیچ سەرچاوەیەکدا ڕووداوەکان ئاوها تۆمار نەکراون و تەنانەت ڕۆژ و کاتژمێری هێرشەکانیش تۆمار کراون. ئەم ڕاپۆرتە کە تەنیا تەرخانی ڕووداوەکانی سێ مانگی (شوبات، ئادار و نیسان) ی ساڵی ١٩٢٥ کراوە ڕووناکییەکی تازە دەخاتە سەر حەشارگە زۆر و زەوەندەکانی ئەم شۆڕشە و ڕوانینێکی تازەمان لەم بارەیەوە پێشکێش دەکات. ئەم بەڵگەنامەیە ئێستە لە ئەرشیفخانەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا پارێزراوە.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٦**

E 3340

٨ی حوزەیرانی ١٩٢٥

**یاداشتنامە لەبارەی**

**ڕاپەڕینی چەکداریی کوردستان لە شوبات تا نیسانی ١٩٢٥**

لە دەوروبەری دەسپێکی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٤ دا، شێخ سەعید بە خۆیی و

سەتان سوارەوە بەناو دیاربەکردا کە بە هیچ شێوەیەک مەرامی خۆی لە سەردانیکردنی هۆزەکانی هاوسێدا نەشاردەوە، تێپەربوو. هەنگاوهەڵگرتنێکی ئاوەها بەچاوێکی نەیارانە سەیر نەکرا، لەبەرئەوەی شێخ، خاوەندارێکی زەوی دەوڵەمەندی پاولۆ بوو و هەرگیز نیشانەی دوژمنکارنەی لە بەرامبەر حکوومەتدا نەنواندبوو. لەم بنەوانەدا شێخ سەعید نەبوو بە سۆنگەی هیچ چاوەدێرییێک و توانی بە هەموو دڵنیاییەکەوە بە ئامانجە یاخیبووەکانی خۆی ڕابگات. شێخ سەعید لە تەمەنێکی ڕێزلێگراو، ئاینپەروەرێکی مەزهەبی بێ غەلوغەش و هەر زوو تاسیرێکی زۆری بەسەر دانیشتوانە کوردەکان بەجێ هێشت کاتێک کە وەعزی دا، هەر زوو قەناعەتی پێ کردن بۆ شەڕێکی تەواو خاچپەرستانە دژی گاورەکان، دژ بەو حکوومەتە پێش وادە کەوتووە عەلمانییەی کە بۆ هەڵپاچینی پایگا دەسەڵاتە ڕوحییەکەی، هیچ دوو دڵ نەبوو لە بەدوورخستنەوە خەلیفە و بنەماڵەکەی. شێخ سەعید پەیامبەرێکی دەمارگیر بوو، بانگەوازی بۆ پێویستی بوونی ئەم شەڕە پیرۆزە کرد و بەخششی خواوەندیی بە هەموو شوێنکەوتووەکانی خۆی دەبەشییەوە. لەلایەکی ترەوە شێخ سەعید بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە هەروەها خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکات کە تێدا توخمگەلی ئەسڵیی بوو، کە لەوەتای یەکەم هەوڵدانی ڕاپەڕینی چەکداریی ساڵی ١٩١٩–ەوە سەرکوت دەکرا.

ڕاستییەکەی کوردەکان، کە لە ساڵی ١٩٢١ەوە پرسی هاوبەشیان لەگەڵ کەمالیستەکان پێکەوە گرێدابوو بۆ خەبات دژ بە دوژمنی کۆنینەی گریکەکان، تا ئێستەش پێوەستییەکی توندیان بە سەرۆکەکانیان و بە داوونەریتی خۆیانەوە هەیە. کوردەکان لە دەورانی سوڵتانەکانی عوسمانیدا ، مافەکانیان بە وردی قبووڵکراوبوو و وەک ئەوە وابوو دەوڵەتێک بن لەناو دەوڵەتێکدا. بە وردی ئاوڕیان لێ درابووەوە و هەتا لە کۆکردنەوەی باج و لەشکرکێشیشدا بوار درابوون بەو پێیەی کە هێزێکی مت و مەترسیدار پێک دەهێنن. پێشێلکردنی ئەم دابە کۆنانە، زۆرەملێی وەحشیگەرانە و هەڵەشەیی ڕێژیمێک کە بەشێوەیەکی سیستەماتیک بنەماڵە کوردە گەورەکانی هەلاوێردبوو لە نەفەقاتی گشتیی بە قازانجی لایەنگیرە زۆر تەرەفدارەکانی لە بەخراپ بەکارهێنانی متمانەیان دەشکایەوە، ناکۆییەکی یەکبینە گەورەبووی لە نێوان کوردە تەقلیدییەکاندا دروست کردبوو، بەخیل پێبردوو بە ئیمتیازیان بەڵام بەبێ ئەوەی ڕەوتی جیاخوازی نیشان بدەن، کۆبووەوە لە دەوری جەمیل پاشا زادە و ئەوانەی کە هاوپشتیان بەستبوو لەگەڵ دەسەڵاتکارانی حکوومەت لە سەرووی ئەوانەشەوە پیرنجی زادە سدقی، سەرۆکی پارتی گەل، پیرنجی زادە فەیزی بەگ، وەزیری پێشووی ناوەخۆ، موفتی زادە شەریف و زولفی زادە زولفی، سێ دوا پەرلەمەنتاری دیاربەکر.

لەگەڵ ئەوشدا وا دیارە کەوا کوڕەکانی جەمیل پاشا زادە، بە هیچ شێوەیەک ڕاستەوخۆ تێکەڵ بە بزووتنەوەی چەکداری کورد نەبوون، ڕاستە ئەوانە نە گرینگی و نە ئامانجی بزووتنەوە چەکدارییەکەیان فەرامۆش نەکردبوو بەڕادەیەک لە ترسی ئەوەی نەوەکا تاوانبار بکرێن، کوڕە گەورەکەیان، جەمیل پاشا زادە قاسم، کە بەوە تاوانبار کرابوو لە ساڵی ١٩١٩، بە نهێنی پێوەندی لەگەڵ ئەنگلستاندا بووە، لە مانگی شوبات چوو بۆ کۆنستانتینۆپل. لە لایەکی ترەوە، یەکێک لە برایەکانی، جەمیل پاشازادە محەمەد بەگ، سەرکردایەتی چەکدارەکانی ئاواییەکانی دەکرد بۆ

خەبات بە تەک لەشکرەیلی نیزامیدا.

هەرچۆنێک بێت بانگەواز بۆ شۆڕش بەبێ دەنگدانەوە نەمایەوە و شێخ سەعید لە دوای خۆیەوە هەموو ئەو ئاوایانەی کە پێیاندا ڕەتبوو بەلای خۆیەوە ڕاکێشا و توانی بگاتە ئەوەی زیاد لە ١٠٠٠٠ پیاو ئامادە بکات کە بە ڕوح و گیان خۆیان بۆ پرسەکەی تەرخان بکەن بەڵام بە ناتەواوی چەکدار بوون.

ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کە ئینگلیزەکان هەرگیز بەدەر نەبوون لەم پشێویانەدا، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی مەلموس بۆ پشت بەستن بۆ ئیدیعایەکی ئاوەها دووپات نەکراوەتەوە، لەبەرئەوەی ئەگەر ئینگلیزەکان بە دوای ئەوەدا بگەڕێن ئاژاوە لە کوردستاندا هەڵبگیرسێنن لە دوای شکستی ڕاپەڕینی چەکداریی نەستووریەکان و هەتا لەو کاتەی چارەسەرکردنی پرسی مووسڵیشدا، هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە کە بەهیچ شێوەیەک کۆشش نەکات نە بۆ ڕێکخستنی یاخیبووەکان و نە بۆ پێدانی کەرستەگەلی مۆدێرنی جەنگیی، کە یاخیبووەکان پێویستیەکی زۆریان پێ هەیە؟

ئەوە لە ١٩ ی شوبات بوو کە یەکەمین دەنگۆیەک پێوەند بە ڕاپەڕینێکی چەکداریی لە دیاربەکر بڵاو بووەوە کە لە قەزای لیجە سەریهەڵدا، ڕۆژی ٢٠ ی شوبات، ئەم ڕاگەیەندراوە ڕەسمیی خوراوە هەڵواسرا:

(دانیشتوانە کوردەکانی قەزای لیجە، کە لەلایەن شێخ سەعید بۆ شۆڕش دنە درابوون، دژ بە حکوومەتی کۆمار ڕاپەڕین. ئێمە وەک چۆن دوژمنەکانی دەرەوەمان سزا دا، ئاوها دوژمنەکانی ناوەوەش سزا دەدەین)

(دادگەیەکی عەسکەریی بە بەردەوامی دادەنرێ، کە هەموو ئەوانەی تێوەگلاوبن لە کاری نهێنی لەگەڵ شێخ سەعید یان لەگەڵ هاوەڵەکانی دەهێنرێنە بەردەم دادگە).

لە هەمان ڕۆژدا، پێنج بەتالیۆن، لە باشترین ئۆردووەکانی دیاربەکر، بە شێوەی ڕەتل دەرچوون، هەر لە ٢٢ی شوباتەوە هەوەڵین بریندارەکان گەیشتن کە سەربووردەکەیان بە تەواوی ترسناک بوو، لەشکری نیزامیی لەلایەن یاخیبووەکانەوە لەناو بران، کە ژمارە زۆری یان ڕێوشوێنی شەڕکردن بە قازانجی یاخیبووەکان بووە، لەگەڵ ئەوشدا کە دەچنە ناو شەڕ هەر تەنیا ڕم و شمشێریان پێیە. یاخیبووەکان کۆمەڵێک دیلیان گرتبوو. سەرۆکی قوماندانی دیاربەکر بێ توانا لەوەی پشێوییەکانی بە تەنیا لەشکری حەوتەمی قۆلی ئۆردوو دابمرکێنێتەوە ئەوساتە بڕیاری دا چاوەڕوانی گەیشتنی هێزی پشتیوانی بکات.

٢٤ ی شوبات، حوکمی عورفی لە دیاربەکر، ماموورەت ئەلعەزیز و ئورفە ڕاگەیەندرا. دەستکرا بە دەستگیرکردنی نەقیب، جەمیل پاشا زادە ئەکرەم و دوکتۆر فوئاد، کە لە ساڵی ١٩١٩ ـەوە گلابووە ناوە کێشەی کوردەوە. ڕۆژی ٢٥ ی مانگ، ئەندامانی تری بنەماڵەی جەمیل پاشا زادە بە دەر لە جەمیل پاشا زادە زیا بەگ، کە سەرباری ئەوەی لە ساڵانی پێشوو نیشانەی هەڵپەرستییەکی بە ئاگای نیشان دابوو و لە ڕێگەی ژنەکەیەوە خزمایەتی لەگەڵ پەرلەمانتار موفتی زادە شەریف هەبوو، زیندانی کران. هەموو ئەم دەستگیرکردنانە بەوپەڕی ئارمییەوە کران و

خەڵکەکە وا دیار بوو بە تەواوەتی بایەخیان بەوە نەدەدا.

٢٦ ی شوبات، پێوەندی نێوان دیاربەکر و ماموورەت ئەلعەزیز پچڕا و ٢٧ ی مانگ هەواڵی ڕاپەڕینی کوردەکان لەو شارەدا گەیشت. بەم بۆنەیەوە ڕاگەیەیەندراوێکی فەرمی بەم دەربڕیانەی خوارەوە بڵاو کرایەوە:

(شۆڕشگێڕانی پاولۆ دەستیان بەسەر شاری ماموورەت ئەلعەزیزدا گرتووە بە ناوی شەریعەتەوە دەستیان بە کاری تاڵان و بڕۆیی کردووە، قەتڵوعام و تێک و پێکدان، دانیشتوانەکەی نەیانتوانییوە بەرگەی سەرشۆڕیی ئەم تاڵانچییانە بگرن خۆیان چەکدار کردووە و بۆ دەرەوەی شار ڕەدوویان ناون)

(ئێمە ئەم ڕاگەیندراوە بڵاو دەکەینەوە بۆ ئەوەی دانیشتوانی دیاربەکر بزانن چی چاوەڕوان دەکرێ ڕوو بدات، بەرگری بکەن و ئەگەر پێویستی کرد بە هەموو هێزتانەوە دژی ئەم گرۆیانە شەڕ بکەن و لێ نەگەڕێن بە وادەی چەکدارە ڕاپەڕیوەکان کە بانگەشەی ئەوە دەکەن بەناوی شەریعەتەوە قسەدەن، هەڵبخەڵەتێن).

ئەم پەلامارە بۆ سەر ماموورەت ئەلعەزیز وا پێ ناچێ لەلایەن شێخ سەعیدەوە سەرکردایەتی کرابێ، لەبەرئەوەی بەو هێزە گرینگەی کە لە بندەستیا بوو، دەیتوانی بە ئاسانی لە شوێنەکە بمێنێتەوە.، وادیارە ئەمە کاری هۆزە هاوسێیەکان بووە کە لە سۆنگەی ئەو پشێویانەی لە ناوچەکەدا بڵاو بووەتەوە، بە ئامانجی تەواو تاڵان و بڕۆیی هەڵیان کوتاوەتە سەر شارەکە هەتا بە بێ نیگەران بوون لەوەش کە دەزگا یان هێلی تەلەفۆن ببڕن کە ڕۆژی دواتر بەشێوەیەکی ئاسایی کاری کردووە.

دووەم پەرەگرافی ڕاگەیەندراوەکە بە ئاشکرایی نا دڵنیایی دەسەڵاتکاران بەرانبەر بە دڵسۆزیی دانیشتوانی دیاربەکر بەدیار دەخات. سەرباری ئەوە، سەمەرە لەوەدایە، کە ئەم ئامۆژگارییە بۆ بەرگریکردن هاوکات بێت لەگەڵ چەکداماڵینی گشتیی دانیشتوان کە بۆ ڕۆژی دوایی تەفتیشیان دەکەن بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەو چەک یا دەمانچەیەی کە لای خەڵکی هەیە.

ڕۆژی ٢ ی ئادار، سەرکەوتنی گرینگی شێخ سەعید دووپات دەکرێتەوە. شێخ بڕیار دەدات پەلاماری دیاربەکر بدەن کە تەنیا چەند کاتژمێرێک لێیەوە دوورە، دەنگۆی پێچەوانە بڵاو بووەیەوە لەبارەی شێوازی ئەو داگیرکردنە، بەڵام ئاشکرا دیاربوو کە بەلای کەمییەوە لە بڕێک ناوچەی گرینگدا، شێخ سەعید چاوەدێری پاراستنی ئەمن و ئاسایش دەکات، بەوەندە دەستبەردار دەبێت لە شوێنی فەرمانکارە فەرمییەکان پیاوەکانی خۆی دابنێ. ڕۆژی ٤ ی ئادار، گەمارۆدانی دیاربەکر لە ئان و سات دا بوو، لەشکرەیلی تورک لە ڕێگەی ئامراگەلیی کاتیی، گالیسکە و پووش و پەلاش هتد ڕێگەیان لەو دەروازەی بچووکانەی کە بە ئامانجی دروستکردنی ڕێگەوبان لە شوورەکانی شاردا کرابوون، گرت. چەند پایگایەکی سووسەکار (ئیستتلاعی) بە دەوروبەری شاردا پەرت و بڵاو بوونەوە و بیست تۆپێکی ٧٧ میلمی لەبن شوارەکان دانران.، قوتابخانە، ئۆردوو و نەخۆشخانەیەک کە کەوتبوونە دەرەوەی شوورەی شار، چۆڵکران.

٦ ی ئادار، یەکەمین تەقە لەسەر ڕێگەی ماردین و لەسەر کەناری چەپی دیجلە دەست پێ کرد و بۆ بەیانییەکەی شۆڕشگێرەکان گەیشتنە ژێر شورەکانی شار. کەش و هەوای باراناوی و سەرما لە قازانجی شۆڕشگێرەکاندا نەبوو. لە کاتژمێر ١٨، چل و پێنج بۆمباهاوێژی تورک تەقەیان کرد، بە واقیعی هاوشتنی سێ بۆمب لە دەقیقەیەکدا، بۆمبهاویژتنێک کە زیاتر بۆ چاوترساندن نەوەک ئەوەی بۆ ئەوەبێ کاریگەری ببێ. کاتژمێر ٢٤ ی تەواو، کوردەکان شالاویان هێنا بۆ هێرشبردنە سەر دەرگەی خارپووت. بە زیانێکی گەورەوە گەڕێنرانەوە دواوە، لە کاتژمێر ٢ ی شەو دا، کوردەکان هەموو هەوڵێکیان خستەگەڕ بۆسەر دەرگەی ماردین و سەتانیان لەوانە سەرکەوتن لەوەی بە دزییەوە دزە بکەنە ناو شار.، ئەوانە هەموو ئەو کەسانەی کە پۆستی کۆمەکی نێزیک شوورەکەیان پێ سپێردرا قەتلوعام کرد و ترس و دڵەڕاوکێی لەناو لەشکەریلی بەرگری بڵاو دەکردەوە کاتێک ئەوان لەناکاو بەرەو ڕووی سێ فەسیلەی سوارەی تورک بوونەوە، شۆڕشگێڕەکان بە هەڵەداوان بە هەموو تاوێکەوە ڕایان کرد و سوارەی تورک لەناو شەقامەکان بەدوایانداچوون و بە تەواوی تەفروتونایان کردن. لە کاتژمێر ٣ ـەوە هێرشبارەکان حەماسەتیان هێور بووەوە و لە کاتژمێر ٦ دا تەقەکان بە تەواوی وەستان.

دەبێ ڕێز لەو ئازایەتییەی ئۆردووی دیاربەکر بنرێ، بەهێز و تەنیا بە ٣٠٠ تا ٤٠٠ پیاوەوە، کە ئەگەر سوودیشیان لەوە وەرگرتبێت، کە لەلایەن شوورەیەکی ڕێگری شارەوە پارێزراو بووبن، کەچی لەگەڵ ئەوشدا فەزلی گەورە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ماوەی پێنج کاتژمێر لە بەرامبەر دوژمنێک بەرگرییان کردووە کە بیست جار لە ڕووی ژمارەوە لەوان سەرووتر بووە. هەرچی تایبەت بوو بە شێخ سەعید، شکانەکەی، لەوساتەوە وەکو دڵنیاکەر دەهاتە بەرچاو: دیاربەکر ئامانجە سەرەکییەکەی، کە تێکشکانەکەی کاریگەرییەکی زۆری مەعنەوی بەسەریەوە هەبوو، دیاربەکر لە کاتێکدا خۆی بەدەستەوە نەدا کە لە ڕەوشێکی ئاوها هێرشی بۆ کرا کە چیی تر ئەو ڕەوشە نابینرێتەوە دوای ئەوەی کە گەیشتنی هێزی پشتیوانی لە ئان و ساتدایە.

٨ ی ئادار، هاتوچۆ بەتەواوی قەدەغەبوو و لە سایەی ئەو هەنگاوهەڵگرتنە حەماسەتبازییەی کە حاکمی شار نای، هێمنییێکی گەورە باڵی بەسەر شاردا کێشا.، تەرمی کوردەکان کە شەوی پێشوو کوژرابوون بە وردی بەناو تەواوی شەقامەکاندا ڕێزکران بۆ ئەوەی سەرنجی هاتوچۆکارەکان ڕابکێشێ. لە هەمان کاتدا لەناو گەڕەکە کوردییەکاندا دەستکرا بە گەڕان و سووڕان و سەتان (زازا) (بە کوردی بە مانای تەواوی وشەکە ئاوهایان پێ دەڵێن) بە بیانووی دەست تێکەڵاوی لەگەڵ شۆڕشگێرەکان زیندانی کران. ڕاستییەکەی، هیچ ئیتیهامێکی فەرمی دژی ئەوان ئاڕاستە نەکرابوو، بەڵام دەسەڵاتکارانی عەسکەری پێیان باش بوو کە هەموو توخمگەلە گومان لێکراوەکانی دانیشتوان بخەنە ڕەوشێکی ئەودیو زیان پێگەیاندن. لە شەوی ٨ لەسەر ٩ دا، دەسرێژێکی کورت دەکرێتە سەر زازاییەکان، ئەوانەی کە لە بەدواداگەڕانەکانی پاش نیوەڕۆ ڕزگاریان بوو و هەوڵیان دابوو لە شار ڕابکەن.

١٠ ئادار، ، یاخیبووەکان کە تا ئەو کات لە نێزیک دیاربەکر بوون، لەژێر ئاگری تۆپخانەی تورک

کە هەموو ئاواییە کوردییەکانی دەوروبەری دەکوتی، کشانەوە. لەو کاتەدا کە شێخ سەعید، لە دیاربەکر شکا بوو، هەوڵی بزاوتێکی گۆڕاوی بەرفراوانی دا، لەگەڵ شوێنکەوتووەکانی یەک لە دوای یەک پەلاماری سلڤان، حەزرۆ، ئەرغەنە، چەرمقی دا و بەرەو سیوەرەک ڕۆیشت. قوماندانی عەسکەری، بەو پێیەی کە بە هیچ شێوەیەک هێشتا هێزی تەواوی نەبوو بۆ بەئەنجام گەیاندنی هێرشێکی یەکلاییکەرەوە، هیچی نەکرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم ئۆپیراسیۆنە.

لە ١٥ ی ئادار بۆ ٧ ی نیسان، ژمارەیەک هێزی کۆمەگی لە ڕێگەی ماردینەوە گەیشتن بۆ دروستکردنی ڕەتڵێک بۆ سەرکووتکردنەوە. ئەو هێزانە لە ٨ ی نیسان جولان و ئەرکیان بە تین و خێرا بوو، لەبەرئەوەی ١٥ی ئادار، دوای ئەوەی کوردەکان لەناو هەموو ئەو شارانە وەدەرنران کە دەستیان بەسەردا گرتبوو، شێخ سەعید لە چاباکچوور نێزیک بە گەنجە، لەلایەن لەشکەریلی نیزامی بەدیل دەگیرێ، هەروەها هەموو ئەو دیلانەش کە لە کاتی شکستی ٥ بەتالیۆنی دیاربەکردا کەوتبوونە بندەست شۆڕشگێرەکان ساغ و سەلامەت بوون ئەوەی کە ڕێگەی ئەوە دەهێڵێتەوە کەوا شێخ بە هیچ شێوەیەک شەڕێکی وەحشیگەرانەی نەکردووە، بگرە کۆششی ئەوەی بووە بە بەخشندەیی خۆیەوە، ئەگەر پشتیوانی و لەوانەشە هەتاوەکو ناوبژیوانیکردنی هێزە ئەوروپاییەکان بەلای خۆیەوە ڕابکێشێ. بەپێچەوانەوە سوپای تورک هەموو ئەو ئاواییانەی کە سەرۆکەکانیان بە بێ شەڕ ملکەچ نەبوون، تاڵان کرد.

لەگەڵ ئەوشدا دوای چەند ڕۆژێک لە مردن لە برسێتییا کە لە سۆنگەی ئەو ئاستەنگانەوە هاتە پێشەوە کە بەرەوڕووی خۆراک گەیاندن بووبووەوە و بازرگانەکان بەشێوەیەکی لە ڕادەبەدەر زۆر خراپیان بەکار هێنا، ژیان لە دیاربەکر بەرە بەرە ڕەوتی ئاسایی خۆی وەردەگرتەوە. وێڕای ئەوەی کە هێشتا لە ڕووی پرەنسیپەوە چوونەدەرەوە لە دەرگایەکانی شار قەدەغە بوو، ٨ ی نیسان دەتوانرا بە سەلامەتییەکی نیسبییەوە بە پسوولەیەکی ڕێگەپێدراوی تایبەتیی، سەری ماموورەت ئەلعەزیز یان ئورفە بدرێ. ڕاستە کە لە هەمان کاتدا، دەست کرا بە لەناوبردنی هەموو ئەو زازایانەی کە زیندانی کرابوون،، ئەوانە لە دەرەوەی شار تیرباران کران یان لە شوێنی گشتیی لەدار دران، ئەم نمایشانە لەناو کونجکۆڵی (فزوولییەت) گشتی بەڕێوە دەبردران بە بێ ئەوەی کەسێک بیر لەوە بکاتەوە نە ڕەزامەندبوون و نە ناڕەزاییی خۆی نیشان بدات. سەرباری ئەوە، حوکمدراوەکان ئەو هێندە لە خەڵکە جیاواز نەبوون و لە کاتی ئامادەسازی بۆ لەداردانیان کە زۆربەی جار ماوەی نیوە کاتژمێرێک چاوەڕوانی دەبوون، هیچ یەکێک لەوانە نە سکاڵا و نە هەڕەشەیەکیشی بەسەر زاردا نەهات.

لە ١٤ ی نیسان، دادگەی سەربەخۆ گەیشتە دیاربەکر و بەبێ دواکەوتن دەستبەکار بوو. یەکەمین قەزیەی لێکۆڵینەوە ئەوەی دوکتۆر فوئاد بوو، لە موحاکەمەیەکی ڕووکەشانەدا بووە هۆی ئەوەی حوکمی لەداردان بەسەر تاونبار بدرێ و ئەمیشیان هەردەم ئامادە بوو لە دەوروبەری خۆیەوە کاری خێر بکات لەوەی کاری دەبەنگانە و ترسناک بکات، دڵی بە بەڕێک لە بەرچاوگرتن خۆش کردبوو: جا ئەگەر داوای بەخشینکردنی کە باوکی ئاراستەی مستەفا کەمالی کردبوو ڕەت

کرایەوە، جێگەی نیگەرانی بوو کە لە سێدارەدانی نارەزاییەکی بەهێزی لێ نەکەوێتەوە.

ئێستە نەقیب، جەمیل پاشا زادە ئەکرەم، حوکم دەدرێ، ئەنجامی کۆتایی پرۆسەکە نادیار بوو، بەڵام زۆر کەم شیمانەی ئەوە هەبوو حوکمی لەداردان دەرهەقی ڕابگیەندرێ چونکە ئەوەیان لێرەدا دەبەنگییەکی گەورە بوو کە مەترسی ئەوەی هەبوو ئاگری شەڕی ناوخۆ لە کوردستان دابگیرسێنێ، هەرچی سەبارەت بە ئەندامەکانی تری بنەماڵەی جەمیل پاشا زادەوە هەبوو، ئەو هەنگاوهەڵگرتنە بەخشینەیەی کە لەگەڵیان کرا، هەق پێدانی ئەوەی کە کۆ ببنەوە کە بەمزوانە بۆیان دابینکران، ڕێگەی پێدان ئەستۆپاکیی خۆیان نیشان بدەن. تاقە سزا کە بۆیان لە بەرچاو گیرابوو ئەوە بوو زەویوزارەکانیان لە نێوان جووتیارەکاندا دابەش بکەن، لە بەرامبەر قەرەبووکردنەوەیەکی پلە بە پلە بە درێژەی چەند ساڵان بۆ دیاریکردنی. کەوایە ئەمە پارچە پارچەکردنی گەورە خاوەندارە زەوییەکان بوو، هەنگاوهەڵگرتنێکی کاریگەر بوو بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتی حکوومەتیی. لەبەر هۆیەک کە لە کوردستان، خاوەن زەوییەکان هەر تەنیا بەهیچ شێوەیەک خاوەنی زەوی نین بگرە خاوەنی ئەوانەشن کە بەرهەمی دەهێنن و جووتیارەکان دەبن بە هۆزگەلی ڕاستەقینەی گوێڕایەڵی سست بۆ سەرۆکەکانیان.

بەهەرحاڵ، لەوانەیە ڕاپەڕینی چەکداریی کوردستان وا لە بەرچاو بگیرێ کە لە ڕووی عەمەلییەوە خامۆش کراوە و کەچی لەگەڵ ئەوشدا کۆکردنەوەی لەشکرەیل هەر بەردەوامە، لێشاوی فیرقەگەلێک کە لە ئەرزەڕۆم، سیواس، قۆنیا و ئەدەنەوە دەگەیشتن خۆیان دەکرد بەناو هەموو هەرێمەکانی دیاربەکر. نێزیکەی ١٠٠,٠٠٠ بۆ ١١٠,٠٠٠ سەرباز لەناوچەکە بوون.

مۆڵدانی سوپا وەکو ئاسایی بە بێ حەماسەت و هەروەها بە بێ نارەزایی بەڕێوە دەچوو. سەربازەکان هەموویان لە نوێ سازوتەدارەک بوون و خۆراکیان باشتر و تەنیا پارەی پێشتریان پێ درابوو.، هەرچی سەبارەت بە چەک و چۆڵ بوو، بە هیچ شێوەیەک جێگەی ئەوە ناهێڵێتەوە کە ئارەزوو دەکرێ و یەک چەکی میترالیۆز بۆ یەک سریەی پیادە. ئازووقە هەروەها زۆر بوو. دیسپلینی هەرە زەبت ڕەبت لەناو هەمووان‌دا باوە و ئەوانە باشترین توخمگەلی سەربازین کە لەسەر ڕێگەی شەڕ دان.

ئەو سەربازانە بۆچی ئاراستەکراون ئەگەر بۆ ڕێگەگرتن نەبێت لە هەموو ئەگەرێک لە حاڵێکدا ئەگەر گفتوگۆیەکانی مووسڵ ڕێچکەیەکی نەخوازراویان لەگەڵ بەرژەوەندی تورکەکان گرتەبەر؟ لەم ئەلتەرناتیڤەدا، جێگەی گومان نییە کە سوپاکەیان دەتوانێ بە ئاسانی ناوچەی بەریتانی میزۆپۆتامیا داگیر بکات و هەتا بگاتە مووسڵیش کە بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئەوانەی بە ناو شارەکەدا تێپەڕبوون، هێزی بەریتانی ئاوەهایە کە باس نەکرێت.

(ئیمزا) (دیار نییە)

سەرچاوە: ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، فایلی:

FO : 371 /10867



ئەمانوڵڵاخانی دووەم ١٨٤٦ – ١٨٦٧

سەرچاوە:

Sheerin Ardalan, Les Kurdes Ardalân: entre la Perse et l'Empire ottoman, Paris : P. Geuthner, 2004.



ئەمانوڵڵاخانی گەورە
ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ئێران

سەرچاوە:

Sheerin Ardalan, Les Kurdes Ardalân: entre la Perse et l'Empire ottoman, Paris : P. Geuthner, 2004.



IV. Chasse du *vâli* d'Ardalân
Cavalier kurde de l'escorte pendant la chasse
Gravure d'après un dessin du commandant E. Duhousset (« Les chasses en Perse », dans *Le To*
*Monde*, 1862, page 119)

سەرچاوە:

Sheerin Ardalan, Les Kurdes Ardalân: entre la Perse et l'Empire ottoman, Paris : P. Geuthner, 2004.

FO-371-10867
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

IN CONSTANTINOPLE DESPATCH Nº 429 of 1925 176

E 3340
8 JUN 1925

**N O T E**

**sur l'insurrection du Kurdistan de Février à Avril 1925.**

Vers le début du mois de Novembre 1924, le Cheik Said traversait Diarbékir avec une centaine de cavaliers, ne dissimulant point son intention de visiter les tribus voisines; une telle démarche ne pouvait être considérée comme tendancieuse, attendu que le Cheik, riche propriétaire de Palou, n'avait jamais fait preuve d'hostilité à l'égard du Gouvernement.

A l'origine, il ne fut donc l'objet d'aucune surveillance et il put se livrer à ses menées séditieuses en toute sécurité; homme d'un âge respectable, religieux convaincu et irréprochable, il conquit vite un grand ascendant sur les populations kurdes qu'il prêcha; aussi bien les convoquait-il à une véritable croisade contre les infidèles, contre ce gouvernement prématurément laïque qui, pour saper à sa base l'autorité spirituelle, n'avait point hésité à exiler le Khalife et sa famille; apôtre fanatique, il proclamait la nécessité de cette guerre sacrée et dispensait la grâce divine, l'invulnérabilité à tous ceux qui le suivraient. D'autre part, il prétendait lutter également pour l'autonomie du Kurdistan où l'élément indigène, depuis la première tentative de soulèvement en 1919, était opprimé; en effet, les kurdes, qui, en 1921, avaient fait cause commune avec les kémalistes pour lutter contre l'ennemi séculaire, le Grec, n'en demeuraient pas moins profondément attachés à leurs chefs, à leurs coutumes; sous le règne des sultans, leurs droits avaient toujours été scrupuleusement respectés, et, paraissant former un état dans l'état, ils étaient

prudemment...

FO-371-10867
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION



prudemment ménagés, voire même épargnés au point de vue des levées d'impôts ou de troupes, en considération de la force latente et dangereuse qu'ils constituaient. La violation de ces usages consacrés par le temps, la contrainte brutale et maladroite d'un régime qui écartait systématiquement des charges publiques les grandes famille kurdes à l'avantage de ses fidèles trop enclins à abuser de leur crédit, firent naître une rivalité sans cesse grandissante entre les Kurdes traditionnels, jaloux de leurs prérogatives sans toutefois manifester de tendances séparatistes, groupés autour des Djémil Pacha Zadé, et ceux qui s'étaient ralliés aux autorités gouvernementales en tête de qui venaient Pirindji Zadé Sidki, président du Parti du Peuple, Pirindji Zadé Feizi Bey, ex ministre de l'Intérieur, Mufti Zadé Chéref et Zulfi Zadé Zulfi les trois derniers, députés de Diarbékir.

Il semble toutefois que les Djémil Pacha Zadé n'aient point été directement mêlés au mouvement insurrectionnel; certes, ils n'en ignoraient ni l'importance ni le but, à tel point que, de crainte sans doute d'être compromis, l'aîné d'entre eux, Djémil Pacha Zadé Kassim, inculpé en 1919 d'intelligences avec l'Angleterre, gagna Constantinople au mois de Février. En revanche, l'un de ses frères, Djémil Pacha Zadé Mehmed Bey, se mit à la tête des guerriers de ses villages pour combattre aux côtés des troupes régulières.

Quoiqu'il en fût, l'appel à la révolte ne restait pas sans écho et le Cheik, entraînant derrière lui tous les villages qu'il traversait, était parvenu à lever plus de 10,000 hommes, dévoués corps et âmes à sa cause, mais insuffisamment armés.

L'on ...

FO-371-10861
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

L'on a voulu insinuer que les Anglais n'avaient point été étrangers à cette agitation, mais aucun fait tangible ne saurait être invoqué à l'appui de pareille assertion, car, s'ils avaient cherché à provoquer des troubles dans le Kurdistan au lendemain de l'échec du soulèvement des Nestoriens et au moment même du réglement de la question de Mossoul, n'est il point surprenant qu'ils ne se fussent point efforcés à organiser les rebelles ni surtout à leur fournir le matériel de guerre moderne qui leur faisait totalement défaut?

C'est le 19 Février que circulèrent à Diarbékir les premières rumeurs touchant une insurrection qui aurait pris naissance dans le Caza de Lidjé; le 20 Février, le communiqué officiel suivant était affiché:

"Les populations Kurdes du Caza de Lidjé, incitées "à la révolte par le Cheik Said, se sont soulevées contre le "gouvernement de la République. Nous saurons châtier les "ennemis de l'intérieur comme nous avons châtié ceux de "l'extérieur.

"Une cour martiale siègera en permanence devant "qui seront traduits tous ceux qui seraient convaincus "d'intelligences avec le Cheik Said ou ses partisans".

A la même date, 5 bataillons, soit le meilleur de la garnison de Diarbékir, partaient en colonne; dès le 22 Février arrivaient les premiers blessés dont les récits étaient particulièrement alarmants; les réguliers avaient été anéantis par les rebelles qui, possédant l'avantage du nombre sinon de la discipline au combat, allaient intrépidement au feu bien qu'armés pour la plupart seulement de piques ou de sabres; ils auraient fait de nombreux prisonniers. L'Etat Major de Diarbékir, impuissant à réprimer les troubles avec les seules troupes du VIIème Col-Ordou,

décidait ...

PUBLIC RECORD OFFICE
Reference:- FO 371-10867 128450
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION



décidait alors d'attendre l'arrivée de renforts.

Le 24 Février, l'état de siège était proclamé à Diarbékir, Mamouret-Ul-Aziz et Ourfa; on procédait à l'arrestation du Nakib, Djémil Pacha Zadé Ekrem, et du Docteur Fouad qui, en 1919, avait été impliqué dans l'affaire kurde. Le 25, les autres membres de la famille Djémil Pacha Zadé étaient emprisonnés à l'exception de Djémil Pacha Zadé Zia Bey qui, outre qu'ayant fait preuve au cours des précédentes années d'un opportunisme prudent, est allié par sa femme au député Mufti Zadé Chéref. Toutes ces arrestations avaient lieu dans le plus grand calme et la population y paraissait demeurer absolument indifférente.

Le 26 Février, les communications avec Mamouret-Ul-Aziz étaient interrompues et le 27 parvenait la nouvelle d'une incursion des Kurdes dans cette ville; le communiqué officiel publié à cette occasion était conçu en ces termes:

"Les révoltés de Palou s'étant emparés de la "ville de Mamouret-Ul-Aziz au nom du Chériat (Loi Sacrée) "se sont livrés à des actes de brigandage, massacres et "dévastations; les habitants ne pouvant supporter les "vexations de ces pillards se sont armés et les ont chassés "hors la ville.

"Nous publions ce communiqué afin que les habi- "tants de Diarbékir, sachant à quoi s'en tenir, résistent "le cas échéant de toutes leurs forces contre ces hordes " et ne se laissent pas tromper par les promesses des "insurgés qui prétendent agir au nom du Chériat."

Cette attaque sur Mamouret-Ul-Aziz ne semble pas avoir été dirigée par le Cheik Said car il est certain qu'avec les forces importantes dont il disposait, il eût aisément pu garder la place; ce n'étaient vraisemblablement que les tribus voisines qui, à la faveur de l'agitation régnant dans la Province, avaient marché sur la ville dans un but exclusif de pillage, sans même se soucier de détruire les appareils ou lignes télégraphiques qui, dès le lendemain, fonctionnaient normalement.

Le ...

هەواڵنامەی کێنز

Reference:- FO 371-10867 128450
PUBLIC RECORD OFFICE
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION



Le second paragraphe du communiqué laisse nettement apparaître l'incertitude des autorités quant au loyalisme de la population de Diarbékir; il est curieux d'ailleurs que cette exhortation à la résistance ait précisément coincidée avec le désarmement général des habitants chez qui l'on perquisitionna les jours suivants pour saisir les fusils ou revolvers se trouvant en leur possession.

Le 2 Mars, les succès remportés par le Cheik Said s'affirmaient; il aurait été décidé à s'emparer de Diarbékir dont il n'était plus qu'à quelques heures; les bruits les plus contradictoires circulaient sur sa manière de conquête, mais il paraissait avéré que, tout au moins dans les localités d'une certaine importance, il veillait au maintien de l'ordre, se contentant de remplacer les fonctionnaires officiels par des hommes à lui.

Le 4 Mars, l'investissement de Diarbékir était imminent; les troupes turques obstruaient avec des moyens de fortune, chariots, fourragères, etc., les brèches qui avaient été faites dans les murailles en vue de construire des routes. Des petits postes avancés étaient disséminés alentour la ville et une vingtaine de canons de 77 mis en batterie au pied des remparts; l'école, la caserne et l'hôpital, se trouvant en dehors de l'enceinte, étaient évacués.

Le 6 Mars avaient lieu les premiers tirs de réglage sur la route de Mardine et sur la rive gauche du Tigre, et le lendemain les insurgés arrivaient sous les murs de la ville. Ils n'étaient point favorisés par le temps, pluvieux et froid.

A...

هەوراز نامەی بیتیب

PUBLIC RECORD OFFICE
Reference:- FO 371-10867 128450
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION



A 18 heures 45 l'artillerie turque ouvrit le feu, à raison d'une moyenne de trois coups à la minute - tir d'intimidation plutôt que d'efficacité. A 24 heures précises, les Kurdes s'élançaient à l'attaque de la porte de Kharpout; repoussés avec des pertes sensibles, à 2 heures ils portaient tout leur effort sur la porte de Mardine et une centaine d'entre eux réussissaient à pénétrer subrepticement dans la ville; ils massacrèrent tous les occupants d'un poste de secours proche des murailles et allaient semer la panique parmi les troupes de la défense quant ils furent eux-mêmes surpris par trois pelotons de cavalerie turque, accourus en toute hâte, qui les pourchassèrent dans les rues et les exterminèrent en détail. Dès 3 heures les assaillants ralentissaient d'ardeur et à 6 heurs la fusillade cessa complètement.

Il convient de rendre hommage au courage de la garnison de Diarbékir, forte seulement de 3/400 hommes qui, si elle avait l'avantage d'être protégée par les murailles inexpugnables de la ville, n'èn eut pas moins grand mérite à résister cinq heures durant à un ennemi vingt fois supérieur en nombre. En ce qui concerne le Cheik Said, son échec pouvait, dès lors, être considéré comme assuré: Diarbékir, son principal objectif, dont la chute aurait produit un effet moral considérable, n'était pas tombés alors qu'il l'avait attaquée dans des conditions telles qu'il n'en recontrerait plus par la suite, l'arrivée de renforts étant imminente.

Le 8 Mars, la circulation était strictement interdite, et, grâce aux mesures énergiques du Gouverneur, le plus grand clame régnait sur place; on avait soigneusement disposé tout le long des rues, afin d'impressionner les passants, les cadavres des Kurdes tués la veille. On procédait en même temps à des perquisitions dans les quartiers kurdes et des centaines de "zazas" (ainsi appelle-t-on

1

Reference:- FO 371-10867 128450
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION



le Kurde proprement dit) étaient incarcérés sous prétexte de complicité avec les insurgés. A la vérité, aucune charge formelle n'avait été relevée contre eux, mais les autorités militaires préféraient mettre hors d'état de nuire tous les éléments douteux de la population. Dans la nuit du 8 au 9 se déclencha une brève fusillade sur des zazas qui, ayant échappé aux recherches de l'après-midi, essayaient de s'enfuir de la ville.

Le 10 Mars, les rebelles qui jusque là étaient restés à proximité de Diarbékir, commençaient de se replier sous le feu de l'artillerie turque qui battait tous les villages kurdes des environs. C'est alors que le Cheik Said, vaincu devant Diarbékir, tenta un vaste mouvement tournant; il s'empara successivement avec les siens de Sullivan, Hazro, Arghana, Tchermik, et se dirigea sur Sivrek, Le commandement militaire, ne disposant point encore de forces suffisantes pour entreprendre une offensive décisive, ne faisait rien pour contrarier cette opération.

Du 15 Mars au 7 Avril, de nombreux renforts arrivaient via Mardine pour former la colonne de répression; celle-ci s'ébranlait le 8 Avril et son action fut énergique et rapide puisque le 15, après que les kurdes aient été chassés de toutes les villes qu'ils avaient prises, le Cheik Said était à Djébaktchour près Guendj, capturé par les troupes régulières qui retrouvaient également sains et saufs les prisonniers tombés entre les mains des insurgés lors de la défaite des 5 Bataillons de Diarbékir - ce qui laisserait à croire que le Cheik ne faisait point une guerre barbare mais bien qu'il cherchait à s'assurer, par sa clémence, l'appui éventuel et peut être même l'arbitrage des Puissances Européennes. En revanche, les armées turques mettaient à sac tous les villages dont les chefs n'avaient point fait soumission sans coup férir.

Cependant...

Reference:- FO-371-10867 128450
PUBLIC RECORD OFFICE
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION



Cependant, après quelques jours de disette provoqués par les difficultés que l'on rencontrait à s'approvisionner, ce dont les négociants abusèrent outrageusement, la vie à Diarbékir reprenait peu à peu son cours normal. Bien qu'il fût encore interdit en principe de franchir les portes de la ville, le 8 Avril on pouvait, muni d'une autorisation spéciale, se rendre à Mamouret-Ul-Aziz ou Ourfa, avec une sécurité relative, il est vrai. Dans le même temps, on procédait à l'exécution de la plupart des zazas qui avaient été emprisonnés; ils étaient fusillés en dehors de la ville ou pendus en place publique. Ces spectacles se déroulaient au milieu de la curiosité générale sans que personne songeât à manifester ni approbation ni désapprobation; au demeurant, les condamnés n'étaient pas les moins indifférents, et pendant les funèbres préparatifs de leur exécution qu'ils attendaient souvent une demi-heure, aucun d'eux ne proférait ni plante ni menace.

Le 14 Avril, le Tribunal de l'Indépendance arrivait à Diarbékir et se mettait à l'oeuvre sans tarder; la première cause instruite fut celle du Docteur Fouad; un procès sommaire aboutit à la condamnation à mort du prévenu; celui-ci, toujours prêt à faire du bien autour de lui, plutôt insensé que dangereux, jouissait sur place d'une certaine considération: si la demande en grâce qu'a adressée son père à Moustafa Kémal est rejetée, il est à craindre que son exécution ne soulève de vives protestations.

C'est maintenant le Nakib, Djémil-Pacha Zadé Ekrem, qui sera jugé; l'issue du procès est incertaine, mais il est peu probable que la peine capitale soit prononcée car ce serait là une lourde maladresse qui risquerait de rallumer la guerre civile dans le Kurdistan. Quant aux autres membres de la famille Djémil Pacha Zadé, les

mesures ...

Reference:- FO-371-10867 128450
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION



mesures de bienveillance dont ils ont été l'objet, la faculté de se réunir qui leur a été récemment accordée permettent de conjecturer leur acquittement; la seule sanction qui eût été envisagée est le partage de leurs terres entre les cultivateurs, contre un remboursement échelonné sur un nombre d'annuités à déterminer; ce serait donc le morcellement des grandes propriétés, disposition efficace pour le maintien de l'autorité gouvernementale, attendu que, dans le Kurdistan, on ne possède point seulement la terre mais aussi ceux qui la cultivent, et les paysans forment de véritables tribus obéissant passivement à leurs chefs.

En tout état de cause, l'insurrection du Kurdistan peut être considérée comme virtuellement réprimée, et pourtant la concentration des troupes continue; dans toute la Province de Diarbékir affluent des contingents venant d'Erzéroum, de Sivas, de Konia et d'Adana; il y aurait environ 100/110.000 hommes dans la région.

La mobilisation s'est effectuée comme de coutume, sans enthousiasme mais aussi sans récrimination. Les soldats sont tous équipés de neuf et mieux nourris et payés que par le passé; quant à l'armement, il ne laisse point à désirer et l'on compte un fusil mitrailleur par section d'infanterie; Les munitions seraient également abondantes. La discipline la plus parfaite règne parmi tous et ce sont là d'excellents éléments qui se trouvent sur le pied de guerre.

A quoi seraient-ils destinés si ce n'est à parer à toute éventualité, au cas où les négociations de Mossoul prendraient..

# کۆمەڵکوژیی دەرسیم

فوئاد سیپان

ئامانجم ئەوەیە ئاماژەیەک بۆ ڕاستی و پرسی سەبیحە گۆکچەن بکەم. سەبیحە گۆکچەن کێیە و ڕەگوڕیشەی لە کوێوە هاتووە، هیچ پێوەندییەکی بە ئێمەی کوردەوە نییە. ئەمە کار و پیشەی تورکەکانە و با ئەوان بڕۆن لەسەر ڕاستی و پرسی سەبیحە گۆکچەن ڕابوەستن. بەڵام ئەمە واتای ئەوە نابەخشێ کە سەبیحە گۆکچەن هیچ پێوەندییەکی بەئێمەی کوردەوە نییە، لەبەرئەوەی دەستی سەبیحە گۆکچەن کەوتووەتە خوێنی کورد و یەکێکە لەو کەسانەی تاوانبارە لە کۆمەڵکوژیی دەرسیم.

بۆ یەکەمین جارە وتارنووسانی تورک وەک ئەمین چۆڵ ئاشان، فاتح ئاڵتایلی و بەرپرسانی دەوڵەت نەزانن لە پرسی ڕاستی سەبیحە گۆکچەن چی بڵێن. لە لێدوانەکانیاندا بەباشی ئاشکرا دەبێ، کە لەبارەی پرسی سەبیحە گۆکچەن تەنگاو بوونە و کەوتوونەتە گومانەوە.

لەبەرئەوەی ئێستە پرسی ڕاستیی ئەو کەسە بووە بەبابەتی ڕۆژ لە تورکیا، دەمەوێ لە ڕێگەی خستنەڕووی ژمارەیەک بەڵگە لە سەرچاوە تورکییەکان ئاشکرای بکەم کە سەبیحە گۆکچەن لەو کۆمەڵکوژییەدا چۆن ڕۆڵێکی سووک و نارەسەنی بینی؟

**دەرسیم**

برینی دەرسیم زۆر قووڵە، دەوڵەتی تورکیا دوابەدوای کۆمەڵکوژیی شێخ سەعید، ئاگری و گەلی زیلان، کۆمەڵکوژیی لە دەرسیم ئەنجام دا. تا ئێستە لەبارەی کۆمەڵکوژیی دەرسیم کۆمەڵێک شت هاتنە نووسین، بەڵام بەگوێرەی ئەو کۆمەڵکوژییانەی دەوڵەت لە وڵاتی ئێمە ئەنجامی داوە ژمارەیەکی زۆر کەم لە سەرچاوە لە بەردەست هەیە. سەرچاوە زۆر گرینگە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە

وەرگێڕانی لە تورکییەوە: هەوار ئیسماعیل

دنیـادا جینۆسـاید، کۆمـەڵکوژی و کردەوەی هاوشـێوە ڕوون بکاتەوە و بسـەلمێنێ. بێ سـەرچاوە مـرۆڤ نەدەتوانێ کـەس قـایل بکا و نەدەتوانێ پرسـەکـە ڕوون بکاتەوە. وەلێ زۆر جـار ئاسـتەمـە مرۆڤ بتوانێ سەرچاوە پەیدا بکا و لەسەر ڕووداوەکان بنووسێ، لەبەرئەوەی دەوڵەتان دەترسن کە جینۆساید و کۆمەڵکوژی و کردەوە نامرۆییـیەکـانیـان بەرامبـەر گـەلان ئاشکرا بـبن. بۆیە هەمـوو بەڵگەکان دەشارنەوە و پەردەپۆشی دەکەن.

## لە دنیادا دەوڵەتێک نییە

## ئەوەندەی دەوڵەتی تورک لە مێژووی خۆی بترسێ

تورک ئـەرشـیـفی خـۆیان بۆ کـەس نـاخـەنە ڕوو و ئەو شـتـەی لە بەرژەوەندیی خـۆیاندا نـەبێ پەردەپۆشی دەکەن، یان زۆر بە ئاسـانی نکووری لێ دەکەن. هـەرچەندە خـراپیی خـۆیان بشـارنەوە، لەبەرئەوەی زۆربەی جار بەو خراپییـەی کردوویانە دەفرن و پێی خـۆشحـاڵ دەبن، بەگوتەی خـۆیان خـۆیان بـەدەسـتـەوە دەدەن. کـۆمـەڵکوژیی دەرسیم ئەوەندە ئاشکرایە کـە چیی تر تورک نـاتوانن بیشارنەوە و حـاشای لێ بکەن. ڕۆژنامـەکانیـان لەو کاتەشـدا کۆمـەڵێ شتیان لەسـەر کۆمەڵکوژیی دەرسیم نووسیـوە. کۆمەڵکوژیی دەرسـیـمیش وەک کۆمەڵکوژییـەکانی تر لە کوردسـتـان بـەپلان و پرۆژە و داواکاریی مسـتـەفا کەمـال ئـەتـاتورک هـاتووەتە ئەنجـامـدان. بەڵام لێرەدا خـاڵێکی گرینگ هـەیە کە دەبێت باسی لێوە بکەین. تا ئێستە لەبارەی کۆمەڵکوژیی دەرسیم زۆرێک لە کەسەکان (کە زۆربـەیان کـەسی عەلەوین) لەلایەن تورکیاوە بەشێوەیەکی وا قەناعەتیان پێ کراوە کە گوایە (کاتێک کۆمـەڵکوژیی دەرسـیم هـاتووەتە ئەنجـامـدان کـەمـال ئـەتـاتورک نـەخـۆش بووە لەو ڕووداوە بێ ئـاگـا بووە). لە کـاتێکدا ئـەمـە ئامـاژە بەڕاسـتـیـیـەکان نـاکا. ڕاسـتی ئـەوەیە کـە کـۆمەڵکوژی لە دژی سـەرهـەڵدانی شـێخ سـەعید، ئاگری، گەلی زیلان و دەرسیم و ئەوانی تر، بەفـەرمـان و داواکـاری و پلانی مستـەفا کەمال هاتوونەتە ئەنجامدان، لەبەرئەوەی بەبێ ئاخاوتنی ئەو هیچ شتێک لە تورکیا بەڕێوە نەدەچوو و نەدەهاتە ئەنجامدان.

لەو بڕوایەدام لە ڕێگەی ئەو سەرچاوەیەی لە خوارەوە دەیخـەمە ڕوو، کورد دەتوانن لە دژی تورک لە دادگەی ئەوروپا و ئـەمـەریکا سکاڵا تۆمار بکەن و بەبەڕێوەبردنی کاری دیبلۆمـاسی و لۆبی کورد لە دەرەوەی وڵات کۆمەڵکوژیی دەرسیم بکەن بەڕۆژەڤ و لە دژی دەوڵەتی تورک ڕێگەی دادگە بگرنە بەر. ئەم کارە بەتایبەت دەکەوێتە ئەستۆی دەرسیمییەکان. لەبەرچی دەڵێم دەرسیمی، چونکە ئەوان بەرکەوتووی ڕووداوەکەن. گرتنەبەری ڕێگەی دادگە لە دژی تورکیا ئاسان نابێ، بەڵام لەو بڕوایەدام سەرکەوتن بەدەست دەهێنن.

لەبەرئەوەی پرسـی سـەبیحـە گۆکچـەن بـووە بەبابەتی ڕۆژ، دەمـەوێ ئەو سـەرچـاوەیەی لە سـاڵی ١٩٩٨ بەڕێکەوت دەسـتـم کـەوت بە گـەلی کـورد بناسـێنم. من لەو سـاڵەدا بەباڵەفـڕ چووم بۆ ئەسـتـەمـبـۆڵ و ئەو سـەرچاوەیە کـتـێـبـێک بوو کـە لەلایەن بانکی وەقفلەر کـە بەزمـانـی تورکی و

ئینگلیزی لە تورکیا لە باڵەفڕەکەدا هاتبووە بڵاوکردنەوە. منیش کتێبەکەم وەرگرت و لە هەمان کاتدا دەستم بەخوێندنەوەی کرد. ئەو کتێبە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، لەبەرئەوەی سەبیحە گۆکچەن لە کتێبەکەدا بەنەزانی نهێنییەکانی دەوڵەتی لەبارەی دەرسیم دەدا بەدەستەوە. واتە بەتایبەتی نهێنییەکانی مستەفا کەمالی ئاشکرا دەکرد. دەوڵەت تا ئێستە و بەتایبەت بەشێکی زۆری عەلەوییەکانی لەبارەی پرسی دەرسیم وا خەڵەتاندووە کە گوایە کاتێک دەوڵەتی تورک کۆمەڵکوژی لە دەرسیم ئەنجام دەدا، مستەفا کەمال ئەتاتورک نەخۆش بووە و لە هەموو شتێک بێ ئاگا بووە. وەلێ سەبیحە گۆکچەن درۆکانیان زۆر بەڕوونی ئاشکرا دەکا.

ئەو سەرچاوەیەی من باسی لێوە دەکەم، بریتییە لەو دیمانەیەی ڕۆژنامەوانی تورک خالید کڤانچ لە ساڵی ١٩٥٦ لەگەڵ سەبیحە گۆکچەن ئەنجامی داوە و لەو سەردەمەدا لە ڕۆژنامەی میللیەتی تورکی هاتووەتە وەشاندن. خالید کڤانچی ڕۆژنامەوان لە پێشەکی ئەو کتێبەدا ئاماژە بەوە دەکا کە لە ساڵی ١٩٩٨ لە ڕێوڕەسمێکدا بەبۆنەی ٧٥ەمینساڵوەگەڕی دامەزراندنی کۆماری تورکیا چاوم بە سەبیحە گۆکچەن کەوت و داوام لێ کرد ڕێگەم پێ بدا بۆ جارێکی تر ئەو چاوپێکەوتنەی لە ساڵی ١٩٥٦ لەگەڵیدا ئەنجامی داوە دووبارە بڵاو بکاتەوە. سەبیحە گۆکچەنیش ئەو داواکارییەی خالید کڤانچ قبووڵ دەکا. لەو کاتەدا بەڕێوەبەری بانکی وەقفلەر لە تەنیشتیان بووە و ئەویش ئامادەیی خۆی پێشان داوە ئەو دیمانەیە لە شێوەی کتێبێک بەچاپ بگەیەنێ و تێچوونی کتێبەکە لە ئەستۆ بگرێ.

لەو دیمانەی خالید کڤانچی ڕۆژنامەوانی تورک لە ساڵی ١٩٥٦ لەگەڵ سەبیحە گۆکچەن ئەنجامی داوە، گۆکچەن لەبارەی کۆمەڵکوژیی دەرسیم و چوونی بۆ لای مستەفا کەمال تا مۆڵەتی لێ وەربگرێ بۆ بەشداربوونی لە کۆمەڵکوژییەکە وەها دەڵێ:

(لە یەکێک لەو ڕۆژانەی لە تیپی سەربازی باڵەفڕوانی لە ئەسکیشەهیر مەشقم دەکرد، کاتێک لە فڕین گەڕامەوە بەهێزی تیپە سەربازییەکە سەرنجی ڕاکێشام. یەکسەر پرسیارم کرد، باس لەوە دەکرێ فەرمان دراوە تیپە سەربازییەکەی ئێمە لە چالاکی دەرسیم بەشدار دەبێت. دڵم بەپەلە لێ دەدا، یەکسەر بەڕاکردن چووم بۆ لای فەرماندەری سەربازی تیپەکەمان. لەبەرئەوەی ئەندامێکی تیپەکەم، بێگومان منیش لەگەڵیاندا دەچووم. بەڵام فەرماندەرەکەمان ئەو وەڵامەی نەدامەوە کە چاوەڕوێم دەکرد. تەنیا پێی ڕاگەیاندم کە دەبێت مۆڵەت لە فەرماندەری فەوج وەربگرم، ئەم جارەیان بەڕاکردن چووم بۆ لای فەرماندەری فەوج. بەڵێ دەمتوانی بڕۆم، بەڵام پێویستی بە مۆڵەتی تایبەت بوو. نەیدەتوانی بەتەنیا بڕیار لەسەر بەشداربوونی باڵەفڕوانێکی ئافرەت بدات لە چالاکییەکی سەربازیدا و بۆ ئەوەش ئەوندە کات نەمابوو، لەبەرئەوەی ڕۆژی دواتر تیپە سەربازییەکە بەڕێ دەکەوت. باڵەفڕەکانی ئەو کاتە لەبەرئەوەی لە هەستانێکدا نەیاندەتوانی ماوەیەکی درێژ ببڕن، لە ڕێگە دەنیشتنەوە و دیسان

هەڵدەسـتـانەوە. ئەوەم وەک هەلێک بۆ خـۆم بینی و بۆ ئەوەی تا ئەنقـەرە لەگـەڵ هاوڕێکانمدا بەفڕۆکە بڕۆم داوای مۆڵەتم کرد. کاتێک ئەو داواکارییە خاوێنەم هاتە قبووڵکردن، لەگەڵ هاوڕێکانمدا بەڕێ کەوتم.

کاتێک گەیشتمە ئەنقەرە دنیا تاریک دەبوو. یەکسەر بەڕاکردن چووم بۆ چانقایا. کاتێک ئەتاتورک منیی بەرامبەر خۆی بینی، سەرەتا سەرسام بوو. لە داواکارییەکەم تێ گەیشتبوو. لە ڕاستیدا داواکارییەکەمیان پێ ڕاگەیاندبوو. بەرلەوەی من هیچ شتێک لەو بارەیەوە بڵێم ئەتاتورک دەستی بە ئاخاوتن کرد. باسی لە ئاستەمی بەشداربوونی منی دەکرد لە چالاکییەکی وەهادا).

خالید کڤانچ لەو دیمانەیەدا لە بارەی سەبیحە گۆکچەن دەڵێ مستەفا کەمال نەیدەتوانی بۆ داواکارییەکانی ئەو بڵێ نا، بەڵام مستەفا کەمال لە بیری نەچووە کە ئاگەداری بکاتەوە. سەبیحە گۆکچەن بەم شێوەیە بەردەوام دەبێ و دەڵێ ئەتاتورک پێی گوتم:

(بڕوانە گۆکچەن، من زۆر ڕێزت دەکەم و گومانم لەوە نییە کە لەوێ ئەرکەکەت بەسەرکەوتوویی جێبەجێ دەکەیت، بەڵام لەوە دەترسم بکەویتە دەست ئەوانەی شەڕیان بەرامبەر دەکەی، ئەوسا زۆر بەخراپی ڕەفتارت لەگەڵدا دەکەن. دەزانیت من بەمە زۆر دڵگران دەبم). سەبیحە گۆکچەن لە پڕ گرمەی لێ هەستاوە و گوتوویەتی (دڵنیا بن، من بەزیندوویی خۆم نادەمە دەستی ئەوان). ئیتر لەو کاتەدا ئەتاتورک لە ناکاو دەمانچەکەی ڕاکێشاوە بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێ... ئێستە وەک ئەوە وایە سەبیحە گۆکچەن سەرلەنوێ لەو ساتانەدا بژیێتەوە. دەمانچەکەی دەستی پێشان دەدا و دەیگوت: ئەمە ئەو دەمانچەیەیە...

هەروەها گۆکچەن بەدڵخۆشی ئەشقەوە باسی بۆمبارانی دەرسیم دەکا و دەڵێ، ماوەی مانگێک دەرسیمی بۆمباران کردووە و لە خۆشیدا چیی تر نەیدەزانی چی بە خالید کڤانچ بڵێ. سەبیحە گۆکچەن بەچاوسووری و دڕندایەتییەوە بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

(بڕوا بکەن کاتێک مریشک سەر دەبڕێ ناتوانم تەماشای بکەم، بەڵام کاتێک ئەرکێکی نیشتمانیم پێ سپێردرا منیش وەک هاوڕێ کوڕەکانم سوای باڵەفڕەکەم دەبووم و دەفڕیم).

سەبیحە گۆکچەن بکوژی ئەو منداڵە کوردانەی دەرسیمە کە لە ناو لانک بوون. سەبیحە گۆکچەن بکوژی ژنانی دوگیانە. سەبیحە گۆکچەن بکوژی کوردە و ئەو کارە بێ حەسیەت و کۆمەڵکوژییە بۆ خۆی وەک شەرەف دەبینێ.

گەلی کوردستانی بەڕێز، لە کۆتاییدا دەمەوێ نموونەیەک بهێنمەوە لە گوتەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە وەک سەرۆکی گەلی کورد لەلایەن گۆنگرەی گەل هاتووەتە هەڵبژاردن، ئاخۆ لەبارەی کەمال ئەتاتورکەوە چی دەڵێ.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەڵێ:

Atatürk'ün özü tannmal

(پێویستە ناوەڕۆکی ئەتاتورک باش بناسرێ)

واتە بەکورتی، عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە پرسی ئەتاتورکدا بە کورد دەڵێ، ئێوە باش لە ئەتاتورک نەگەیشتوون، ئەو مرۆڤێکی باشە، زانایە و هیچ زیانێکی بۆ کورد نەبووە و لە کۆتاییی ئەو نووسینەی لە ڕۆژنامەی ئۆزگور پۆلیتیکا هاتووەتە وەشاندن ئۆجەلان بەم شێوەیە بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

Atatürk'ün hareketlerini Kürt dümanl olarak yorumlamamak gerekir

(پێویستە مرۆڤ بزاوی ئەتاتورک وەک دوژمنایەتیکردنی کورد شی نەکاتەوە)

ئاپۆچییەکانیش بۆ ئەو ئاخاوتنانەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەڵێن (ئەوە تاکتیکە) منیش دەڵێم خاک بەسەر ئێوە و تاکتیکەکەتان. ئاخۆ ئێوە تەنیا بەو کەم عەقڵییەی خۆتان دەزانن تاکتیک بکەن.

ئاخاوتنی لە شێوەی، عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە گرتیگەدایە و لە ئیمراڵی تاکتیک دەکا، لە بنەڕەتەوە درۆیە. ڕاستی ئەوەیە کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە دژی گەلی کورد تاکتیک ئەنجام دەدا، ئاخۆ بە چ شێوەیەک بزاوی کورد و کوردستان بەتەواوەتی ڕادەستی کەمالیزم بکا.

گەلی کوردستانی هەڵمەت، ئێوە دەتوانن ئەو ئاخاوتنانەی ئۆجەلان لە ڕۆژنامەی ئۆزگور پۆلیتیکا بخوێننەوە کە لە ئەوروپا چاپ و بڵاو دەکرێنەوە. من ئەو ئاخاوتنانەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانم وەک نموونە هێنایەوە. لەوەتەی ئۆجەلان لە ئیمراڵییە، دەیان و سەتان جار دووبارەی کردووەتەوە. لە ڕێگەی ئەو سیاسەتەی خۆی بەناوی کۆماری دیموکراتی لە تورکیا، کەمالیزمی پاراستووە و لە سەرجەم ڕاگەیاندنەکانیدا بۆنی کەمالیزمی بۆگەن و قرێژ دێت.

مەڵێن کەس نازانێ کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان کەوتووەتە ژێر خزمەتی کەمالیزم. دەوڵەت و سەرجەم بەرپرسانی دەوڵەت ئەو ڕاستییە باش دەزانن کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان کەوتووەتە ناو هەڵەیەکی گەورەوە. من لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە وەزیر و سیاسەتوان و بەرپرسی ئەوروپایی لەبارەی پرسی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و ئەو خزمەتەی بۆ کەمالیزم دەیکات گفتوگۆم کردووە. ئەوان لەبارەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەریان سوڕماوە و دەڵێن مرۆڤ چۆن بەم شێوەیە لە پرەنسیپەکانی خۆی دوور دەکەوێتەوە.

تێبینی: من پێشتر ئەو سەرچاوەیەم دابوو بە ڕۆژنامەوان محەمەد ئۆزگول و ئەویش ئەو ئاخاوتنانەی سەبیحە گۆکچەنی لە ٢٠٠١/٥/٢٣ لە ڕۆژنامەی ئۆزگور پۆلیتیکا بڵاو کردبووەوە. (وەک سەرچاوە دیمانەی ڕۆژنامەوان خالید کڤانچ کە لەگەڵ سەبیحە گۆکچەن ئەنجامی دابوو، لە ساڵی ١٩٨٨ لەژێر ناونیشانی) Bulutlarala Yaran Kadn ئەو ژنەی لەگەڵ هەورەکاندا کێبەرکێ دەکا) لە مانگی تشرینی یەکەم هاتووەتە وەشاندن.

# لەلاپەڕەکانی دۆزی کوردەوە

ڕەتکردنەوە و ڕەخنەگرتنە لە کتێبی (La question Kurde)ی

دوکتۆر شوکری محەمەد سەکبان

کە بە فرەنسی ساڵی ١٩٣٣ لە پاریس بڵاوی کردووەتەوە.

ڕەفیق حیلمی

## بەشی دووەمی کۆتایی

٩

دوکتۆر گەمە بە وشەگەل دەکا و بە لەکەدارکردنی ئەو شانوشکۆ نەتەوەییەی کورد لە ڕابوردوویدا هەیبووە ناوەستێ، بگرە بۆ پێشاندانی ئەوەی هەرگیز بە هەستێکی نەتەوەییەوە هەڵسوکەوتیان نەکردووە، هەموو لاپەڕەکانی مێژووی بەبایەخ و بێ بایەخی کورد تێکەڵ دەکا و بە ناوی ڕاستییەوە تاکە ئەنجامێک لەوە دەردەهێنێ، ئەمەش بەپێی زەوقی خۆی، هەوڵ دەدا بگاتە ئەنجامێک لەگەڵ سیاسەتی ئەمڕۆیدا بگونجێ. بۆ وێنە دەڵێ: (چاکیان دێتەوە بیر، هەندێک لە قوتابییانی ویلایەتەکان کە چوونەتە قوتابخانە باڵاکانی تورکیا وەک گرووپیان لێ هاتووە. ئەوەی ئەوانە لە ناوەندێکدا یەکدەخست پێوەندییە میللییەکان نەبووە. بگرە لەبەرئەوەی لە شارێکدا پەروەردە بوون، یان کە خوێندنی ئامادەییان لە ویلایەتەکانی دەرەوە خوێندووە نێزیکی و تێکەڵییان لەناودا بووە کە ئەوانەی لە گرووپێکدا یەکدەخست.)[٢٠].

لە ڕاستیدا، ئەگەرچی کاریگەریی ئەو هۆیانەی لێرەدا باسی لێیان کردووە بەسەر یەکگرتنی قوتابییانەوە ئینکار ناکرێ، دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیەی قوتابییانی کوردە، ناوی (هێوی) بوو، نەک لەژێر کاریگەریی هۆگەلێکی بەرایی و ساکاری وەها، بەپێچەوانەوە بەڕێنوێنییەوە نهێنییەکان و هاندانی (خەلیل خەیالیی مۆتکی)ی یەک لەو نیشتمانپەروەرە کوردانە کۆمەڵەکەیان پێک هێناوە، کە پێوەندیی توند و هەڵسوکەوتی لەگەڵ کۆمەڵە سیاسییە کوردەکاندا هەبووە، هەر وەک جگە

............................................................

وەرگێڕانی لە تورکی عوسمانییەوە: ئەحمەد تاقانە

لەوانەی بە ڕەچەڵەک کوردن، یەک کەسی تریان وەرنەگرتووە، بە گشتی لەناو قوتابییانی کورددا هەوڵی دروست کردنی هاوڕێیەتییەکی میللی و بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەک بە ناوی (رۆژی کورد)ەوە کە زمانحاڵی کۆمەڵە بووە، ئەوەیان سەلماندووە کە بەو خزمەتە گەورەیەی بە بیری کوردایەتییان کردووە، کۆمەڵەیەکی خاوەن هەستە. قوتابییانی هەر میللەتێک کە خاوەنی سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆی نەبێ لە جموجووڵی لەمە پتردا نابن، ئەگەر هەیە پێشانمان بدەن؟! ئیدی ئەو عەرەبانەی بە پێی چەندێتی و چۆنیەتی لە کورد بەهێزترن! لە ئەستەمبوڵ و تەنانەت لە وڵاتانیشدا تاکە یەک کۆمەڵە و ڕۆژنامەیان نەبووە.

ئەو دوکتۆرەی دەیەوێ وا تێ بگەیەنێ لە هیچ سەردەمێکدا بیری نەتەوەیی لەناو کورددا نەبووە. دێ باس لەو دەوڵەتە مەزنانە دەکا کە سەلاحەدین و کەریم خانی زەند، یەکیان لە میسر و ئەوی تر لە ئێران دایان مەزراندووە و دەڵێ: " سوڵتان سەلاحەدین شایستەی شکۆ و شانازیی بە شێوەیەکی گشتیی موسڵمانان و بەتایبەتی تۆرانییانە، بە چاکە زۆر بڵندەکانی و ئازایی مێشکراگرانەی دەوڵەتێکی بەهێزی دامەزراندووە. بەڵام هەرگیز بە بیریدا نەهاتووە بیکاتە دەوڵەتێکی کوردی. تەنانەت دواتریش نێزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر کە کەریم زەند بووە بەهێزترینی شایەکانی ئێران، دیسانەوە بیری لەوە نەکردەوە کورستانێک لە ئێران دروست بکا.[٢١]

ئێستاکە ئێمە لێرە، بەر لەوەی وەڵامی دوکتۆر بدەینەوە کە بۆچی سەلاحەدین بە بیریدا نەهات دەوڵەتی میسر بە دەوڵەتی کوردی بگۆڕێ و کەریم خان بۆ بیری لەوە نەکردەوە کوردستانێک لە ئێران دروست بکا. تاکە وشەیەکی ناو دەستەواژەی پێشەوەیدا سەرنجمانی ڕاکێشاوە، بەڵێ لەسەر وشەی سەیری " شایستەی شکۆ و شانازیی بەتایبەتی تۆرانییانە " دا هەندێک دەوەستم و بەم بۆنەیەوە لە باسی بەڕەگەز تۆرانیبوونی یان نەبوونی کورددا دیسانەوە دەکەومە گفتوگۆ، بێگومان مەبەستی لە دەستەواژەی، شایستەی شکۆ و شانازیی، بەشێوەیەکی گشتیی موسڵمانان و بەتایبەتی تۆرانییانە... بە ڕەگەز تۆرانیبوونی سەلاحەدینە، لەمەشدا بەپێی قسەی خۆی پشت بە باوەڕ پەیداکردنی خۆی بە یەکجارەکی ئاری نەبوونی کورد و تۆرانی ڕەگەز بوونیان دەسەلمێنێ. لەو بارەدا دوا بڕگەی دەستەواژەی ئینگلیزیی لاپەڕە " ٢٢ " ی ئەم ڕەخنەیەمانی بۆ دووبارە دەکەمەوە[٢٢] و دوای ئەوەی ڕای ئەوەی دەسپێرم چاوێکی پێدا بخشێنێتەوە، با ئەم ڕاستییە بە کۆمەڵە بەڵگەیەک پشتڕاست بکەینەوە کە هەوڵی سەلماندنی بە ئارییوونی کوردمان دەدا، بە مەبەستی ئەوەی خۆمان لە درێژدادڕی بپارێزین تۆمارمان نەکردن: (Captain W.R.Hay ) لە لاپەڕە ٢٦ ی ئەو کتێبەیدا کە بەناوی " Two years in Kurdistan " وە ساڵی ١٩١٨ _ ١٩٢٥ بڵاوی کردووەتەوە ڕێک ئەم قسانە دەکا:

“the Kurds are an Aryan race, and are supposed to be identical with the ancient medes..”

واتە: " کوردەکان لە ڕەگەزێکی ئارین و وا دەزانرێ و دادەنرێ کە ئەمانە لەگەڵ مەد (میدیاییەکان) هەر ئەو نەتەوەیەن. " دواتر درێژە بە قسەکانی دەدا و بەم وتانەی خوارەوەیدا

کۆتایی بەو بەشەی لێکۆڵینەوەکەی دەدا کە پێوەندیی بە بابەتەکەمانەوە هەیە:

“they are refered to in Xenophon as the Cardochi.The most famous Kurd in history is Saladin or Silah ud Din who once made Arbil his Capital.”

" گەزنەفۆن (زینۆفۆن) ئەمانەی بە (کاردۆخی) ناو بردووە. بەناوبانگترین کورد لە مێژوودا سەلاحەدینە کە جارێکیان هەولێری کردووەتە پێتەختی خۆی. "

ئیدی ئێستا بۆ سەلماندنی ئەوەی کە هیچ شک و گومانێک لەوەدا نییە کورد لە ڕەگەزی خاوێنی (ئاری)ن، با ئەوەی هەر دوێنێ لەو کۆنفرانسەدا کە لە ناوەندە زانستییەکانی ئەورووپادا بڵاو کراوەتەوە بخەینە بەرچاوی خوێندنەوە:

"M. B. Nikitin" کە ڕۆژهەڵاتناسێکی پایەدارە لە نامەیەکیدا بۆ برادەرێکی کە بە فەرەنسیی نووسیوە لەبارەی سەرنجەکانی " La Baronne Renee de Fanchonne " وە کە لە نیسانی ساڵی ١٩٣٣ دا کە لەسەر سنووری نێوان تورکیا و ئێراندا لە ناوچەی کوردەکاندا لە گەشتدا بووە، دەکۆڵێتەوە و دەڵێ: " ئەو بۆچوونەی لەبارەی ئەوەوە کە کوردەکان بە دواکەوتوویی و بەدبەختی ناسراون چەند هەڵە بووە. بەپێچەوانەوە کورد لە ڕەگەزی خاوێنی ئارین و میللەتێکی سەرڕاست و سەربەست و قارەمانە."[٢٣] دوکتۆر بەگ! ئەگەر نەمتوانی بە هەموو ئەم بەڵگانە ئەو قسانەی ئێوە ڕەت بکەمەوە کە لەبارەی ئاری ڕەگەز نەبوونی کوردەوە کردووتانە، ئەوە لە لاوازیی بەڵگەکانمەوە نییە، پێم وایە دەبێ بدرێتە پاڵ بەبایەخی و توندیی ئەو مەبەستەی لەم دواییانەدا ویستووتانە بە دوایدا بچن. بەڵام هەرچۆنێک بێ دەبێ ئەوە لە بیر نەکەن کە کوردەکان ئەم گریمانە هەرگیز نەبووەتان وەک ڕاستییەک پەسند ناکەن و تەنانەت ئەگەر بە تۆرانی ڕەگەز بوونیشیان قایل بن، ڕێک سیاسەتی دان بە خۆدا نەگرتووی حکوومەتی تورک ئەوانی بە سروشت ناچاری خۆ هاویژتنە دەرەوەی کۆمەڵی تۆرانی کردووە و دەکا.

١٠

ئێستاش با بێینە سەر ئەوەی (سەلاحە دین) ئەو دەوڵەتەی دای مەزراند بۆچی بە دەوڵەتێکی کوردی وەرنەگێرا: ئەو سەردەمەی (سەلاحەددین)ی ئەیووبیی تێدا پەیدا بوو، سەردەمی نەتەوایەتی نەبووە سەردەمی ئاین بووە. لە سەردەمێکی چون شەڕی خاچپەرستان کە ئەورووپای سەرەوژێر کرد لە مێژووی کۆمەلایەتیی مرۆڤایەتیدا ئەو شوێنەوارە ڕەش و تاریکانەی نەزانی هەتاهەتایە ژیاندبوویەوە، لە ڕۆژهەلاتیشدا (ئاین) تەواوێکی بایەخ و هێزی لە دەستنیشانکردن و چەسپاندنی ڕەوتی ڕووداوەکان دەپاراست. بەپێی ئەمە بە ڕواڵەت گەڕاندنەوەی (قودس) بوو و لە ڕاستیدا بە دامەزراندنی حکوومەت و هەرێمەیلێک بە ڕووخاندنی ئیسلامیتی لە ناوچە دەوڵەمەند و ڕەنگینەکانی ڕۆژهەلاتدا، گەڕان بە دوای چارەسەری ڕزگاربوون لە هەژاری و دەستکورتیی بێ ئامانی ڕۆژئاوا، ئەو لەشکرانەی خاچپەرستان کە ڕوویان لە ڕۆژهەلات دەکرد، لە بەرامبەریاندا بیری

بەرزی مەبەستی ڕزگارکردنی ئیسلام دەسڕۆ بووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە سەردەمێکدا کە حوکمداران و جێنشینەکانی ئەو سەردەمەی ئیسلام، ئەوەی دەستکورت و بێچارە و ئەوەی حەزی لە زەوق و ڕابواردن بووە یان دیلی ڕژدی و ئارەزوو، جموجووڵی بەرانبەر ئەم سێلاوە خرۆشاوەی نەزانی و دەمارگرژییە، هەروەها لەژێر مەترسیدا بوونی خودی کابەی مەزن، لە نواندنی کاریگەرییەکی مەردانەی شایەنی ئیسلامەتی بێبەش بوون. بەڵام ناودارانی کورد کە بۆ بە هانای جێنشینانی فاتمییانەوە دەوان بوون و بۆ ڕزگارکردنی هاوسەرە بێ پارێزگار ماوەکانیان ڕوویان لە میسر کردووە. بەڵێ شێرکۆ و سەلاحەدینی نەوە شکۆدارەکانی – کوردۆئین – چون یۆنانییان داستانی سەرکەوتنی گەورەترین و قارەمانترین میللەتێکی بە تۆمارکردن داوە، بەڕاستی لە ئەنجامدانی ئەم ئەرکە گەورەیەدا سەرکەوتوون. بەرامبەر هەموو ئەوروپا، بە بەرگریکردنی قارەمانانەی لە شارستانیی ڕۆهەلات و ئیسلامێتی و کابەی محەمەد، سەلماندیان کە شایانی ڕێز و حورمەتی گەورەترینی میللەتانن و ڕۆڵەی میللەتێکی نێوچەوان کراوە و خاوێنن. (ستیڤنسن)ی بەڕێزی نووسەری کتێبی بە ناوی (شەڕەکانی خاچپەرستان) ئەم ڕاستییە بە شێوەیەکی زۆر ورشەدار دەردەبڕێ[٢٤] و دەڵێ: ئەو خزمەتەی شێرکۆ بە دۆزی ئیسلامیی کردووە شایەنی ئەوەیە بە زێڕ بە لاپەڕەکانی مێژوودا بنووسرێن. "جگە لەمە دیسانەوە ئەم قسەیەی خوارەوەی هەر ئەو نووسەرە بەڕێزە ڕوونی دەکاتەوە کە، بە بۆچوونی ئەو سەردەمە ئەو خزمەتەی بە کۆمەڵی ئاینی دەکرێ لە سەرووی هەر خزمەتێکی دیکەیە و بۆ ئەو میللەتەش کە خزمەتگوزارەکە سەر بەو میللەتەیە شایانی بەرزترین خۆشی و لە ئاستی ئەرکدا بووە. ئیدی ئەوە ئەو قسەیەی پشتگیریی ئەو بۆچوونەمان دەکا: (بەختباشی دوا سەرکەوتنی کردووەتە بەشی یەک لە خزمانی شێرکۆ، بەڵێ پایە و پلەی بە سەلاحەدین داوە، بەو کوردە سەرکردە مەزنە بە ناوبانگەی بنەماڵەی ئەیووبیی بنیات ناوە، کە قەرزداری شێرکۆیە.)[٢٥] بە کورتی لەو سەردەمانەدا جگە لە دەوڵەتی ئوممەوی هیچ دەوڵەتێکی ئیسلامیی تر لەسەر بناخەی نەتەوەیی دانەمەزراوە، بە گوێرەی میسر سەلاحەدین جگە لە موسڵمانبوونی هیچ تایبەتمەندییەکی شایستەیی نەبووە، هەڵبەتە ئاوەز ڕێ بەوە نادا لە وڵاتێکی بیانیدا دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنێ. تەنانەت جێنشینێتیی عەباسیی تاکە مایەی شانازیی عەرەبیش زۆر دووربوو لەوەی دەوڵەتێکی عەرەبی بێ، لە سەڵتەنەتێکی ئیسلامی پێک هاتبوو کە پاڵی بە بناغەی ئوممەتەوە دابوو. وەک شارستانییەتەکەی لە شارستانیەتییەکی (پاڵێوراو)ی ئیمپراتۆرییەتەکانی بیزەنتی (بیزانس) و فارس پێک هاتبوو، زمانی فەرمیی خودی خەلیفایەتی " جێنشینێتی " یان بە دەربڕینێکی ڕاستتر زمانی فەرمیی دەوڵەتیش زمانی ئاین و باوەڕی ئوممەت بوو، لەو سەردەمە باس کراوانەدا لەلایەن نەتەوەگەلێکی زۆری جگە لە عەرەبیشەوە دروستبوونی ئەو دەوڵەت و حکوومەتانەی دامەزرابوون و لەژێر کاریگەریی ئاین و شارستانیەتیی ئیسلامدا پشتگوێخستنی زمانی نەتەوەییان و پەسندکردنی زمانی عەرەبییان ئەم قسانە دەسەلمێنن. هەروەها لەو دەوڵەتانەدا کە نەتەوەگەلێکی جۆراوجۆر لە ئەوروپا پێکیان هێناون،

چەندان سـەدە زمـانـی لاتینییـان بەكار هێناوە و توانست و بوێریی دەربڕینـی ئەوەیان نەبووە لەژێر دەسەڵاتـی گوزارەییی پاپاوە بچنە دەرێ. لەگەڵ ئەوەشدا لـە كاتێكدا تەنیـا وەک ئاین بڵاوبوونەوەی خرسـتـیـانی لە ڕۆژئاوادا، هـەروەها دووربوونـی لە دروسـتكردنی كـاریگەرییـەكی بایەخدار بـەسـەر نەتەوەكانەوە، ئیسلامییەت لـە ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئاوادا كۆنترین و شـارسـتانیـترینی نەتەوەكانی وێنە دەگۆڕی و قـووتی دەدان، ئەو وڵاتانەی كە بە كردەوە پێی نەدەگیرا و گوێڕایەڵ نەدەكران بە گوزارە دەینانـە ژێر داگیـركـارییـەوە. بۆیە تەنانەت ڕێک لە كوردسـتـانیـشـدا لـەو سـەردەمـەدا بە هـەمـوو واتایەكییـەوە دامـەزراندنی دەوڵـەتێک كە كورد بنوێنێ لە حوكمی مـەحـاڵدا بووە. سـەڵاحـەدینیش دەوڵەتەكەی لە وڵاتێكی بێگانەی وەک میسر هێنابووە گۆڕێ. وڵاتێكی وەهـای ژێر هـەڕەشـەی خـەمی ناوەكی و دەرەكی. چون كەشتییەكی تێكشكاو، كەوتبێتە ناو زەریایەكی شـەپۆل هـەڵچوو كە هـەموو كات لە خنكان و لەناوچوون نێزیک بووە. لەگـەڵ ئەوەشدا سـەرەڕای هـەمـوو ئەمـانەش سـەڵاحـەدین پاشـایەک بووە لـە دەربڕینی ئەوەی كـە هـەڵگری بیـرێكی نەتەوەیی بـووە دوا نەكـەوتووە. لە هـەمـوو شارگیری و شەڕەكانیدا پشـتی بە ڕەگەزی كورد بەسـتووە و وەک: میـرەیل و سەركردەیلی كوردی لەو وڵاتانەدا دامـەزراندووە كە لە كەوشـەنـی حوكمڕانییدا بوون، سـەربازە تایبـەتەكان و تیپەكانی سـوارەشـی هـەمـوو لـە شـەڕوانانی كـورد هێنـاوەتە كـایە. ئەو مـیـرالایە كـوردانەی لـەو ڕێكخـراوە دەریاییـانە پێگەییون كە لە سـەردەمـی خۆیدا دروست كراون، لە دەریای سـپی و دەریای سـوور و عومان و هـیندا چەندان سەدە مەیدانخوازییان لە داگیركارە جیهانگیـرەكان كردووە.[٢٦] كە دێینە سـەر باسـی كـەریم خـانی زەند، ئەم شكـۆمـەندترین فـەرمـانڕەوا كوردەی دوای سـەڵاحـەدین، دوای ئەوەی بە هێز و شكۆیەوە بنەماڵەی بەناوبانگی (قاجار)ی تۆرانی ڕەگەزی تێک و پێكدا، لە ئێراندا دەستی بە دانانی بناغەكانی سەڵتەنەتی (زەند) كرد، ئەم كوردە بە شان و شكۆیە ناچار بوو هێزی خـۆی تەرخـان بكا، لە پێـشـدا بۆ بەرگـری لـە وڵاتەكـەی كـە لە ڕۆژهـەڵاتەوە بەر دەسـتـدرێژیی ئەفغانسـتان و لە ڕۆژئاواوە بەر دەسـتـدرێژیی عوسـمانی كەوتبوو، هـەروەها بۆ دامركاندنەوەی ئەو سـەرهەڵدانە ناوەخـۆییانەی ناوە ناوە بە پیـلان و هـاندانی حوكمداران و میـرەكانی قاجـار سـەریان هەڵدەدا، لە ڕۆژگـارێكی پڕمـەترسـیی وەهـادا، كـردەنی نـەبوو بە سـیـاسـەتی بێـئـاگاییی جیـاوازیی ڕەگـەز، دوو بەشكردنی میللـەتەكەی بنوێنێ. لە بـنچینەدا هـەر پێویسـتی بەوەش نەبوو. لەبەرئەوەی وەک لە هـەموو سـەردەمێک لەو سەردەمەشدا لە كوردستـانی ئێراندا زمانی میللی لە بەكارهێناندا بوو، كە دێینە سـەر زمـانـی دەوڵەت، هیـچ هۆیەكی زۆر بـەبایەخ نەبوو بۆ گـۆڕینی زمـانی فـارسـیی نوێی نیمچەهاوبەشی زۆر نێزیک لە كوردی، كە لە بنەڕەتدا لە كوردیی دێرین (پەهلەوی) و فارسـی پێک هاتووە. لـە ڕاسـتیدا كە قاجـارەكان توركن و لە نێوانی توركی و فـارسـیدا جیـاوازی و لێک نەچوونی بە بـایەخ هەیە، بە بیریاندا نەهـاتووە زمـانی خـۆیان كە توركییـە بكـەنە زمـانی فـەرمـی و فـارسـییان هێـڵاوەتەوە. لێرەوە تێ دەگـەین كە بیری نەتەوەیی لەو سـەردەمـانەدا وەک پێویسـت پێک نەهـاتووە و پێ نـەگەییوە. بگرە لـەناو بنەواكـانی دین، ئـومـەتدا مـەبەسـتـی تاكـەكـەسی، یا هـەندێک

لەمە کەمێک فراوانتر هەستی بنەماڵەیی، هەستی عەشیرەت، پێودانگی بیری نەتەوەییی نیشتمانی مەزنانی پێک دەهێنا. لەبەرئەوەی تا بازنەی ئومەت فراوانتر دەبێ بازنەی نەتەوایەتی بچووکتر و بچووکتر دەبێ و ناچاری بەناو بازنەی عەشیرەت یان بنەماڵەدا خزان دەبێ.

١١

ئێستاکەش با کەمۆکەیەک لەبارەی خودی دوکتۆر بەگ و ئەو خزمەتانەیەوە بدوێین کە بە کۆمەڵە کوردییەکانی کردووە. ئەو دوکتۆرەی لە لاپەڕە ٢٠ ی کتێبی " La question Kurde " یدا دەڵێ: " بەرەو یەکەم بانگەوازی یەکەتیی هەندێک لە پیاوماقووڵانی کوردەوە غارم دا و من بوومە یەکێک لە باشترین وتاروێژانی ئەم یەکەتییە. "[٢٧]، هەر چۆنێک بێ ددان بەوەدا دەنێ کە کوردەکان هەستیان بە پێویستیی بە یەکەتییەک کردووە، داخۆ دەبێ چی پاڵی بە کوردەوە نابێ هەست بە پێویستیی یەکەتی بکەن؟ دوای ئینکارکردنی بوونی هەستێکی نەتەوەیی، ئاخۆ واتای هەوڵی هێنانە کایەی کام یەکەتییەک و یەکەتییەکی وەها لە سنووری تێگەیشتندایە؟ من پێم وایە کە دەڵێین یەکەتی، واتە ئەو کەسانەی دەچنە ناو ئەو یەکەتییە، هەستێکی هاوبەشیان دەبێ کە بەرەورووی مەترسییەک بوونەتەوە و بۆ ڕێگرتن لەو مەترسییە و پاراستنی قازانجە هاوبەشەکانیان، یانیش بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەو قازانجانەیان هێزەکانیان یەک دەخەن. لەم بارەدا کوردگەل، دەبێ بەرەورووی مەترسییەکی دەرەکی بووبنەوە کە هەڕەشە لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان دەکا، کە هەست بە پێویستیی یەکخستنەوەی هێز هەیە و بۆ دابینکردنی ئەوەش ناچاری نواندی چالاکی بن. ئیدی هەستێکی وەها و ئەم جۆرە پابەند بوونە، لەناو کورددا بوونی هەستێکی نەتەوەیی – هەرچەندێک دەبێ بابێ – دەسەلمێنێ. لەبەرئەوەی ئەگەر ڕۆشنبیرانی کورد بە کاریگەریی هەستێکی نەتەوەیی نەجووڵابنەوە، بەرامبەر حاڵی پەرێشانی کوردستان دوورەپەرێز دەمانەوە و پشت بە نیازچاکیی حکوومەت بێدەنگییان هەڵدەبژارد. یانیش ئاسایی وەک عوسمانییەک بێ دەستنیشانکردن بەرامبەر پشتگوێخستن و بێدادی لە هەر کامە ویلایەتێکدا بەجۆشەوە داوای چاکسازی و داد بەجێهێنان دەکرد. ئەویش بەو مەرجەی بە تەنیاکەسی، یان لە شێوەی قەوارە، یان کۆمەڵەیەکی لە عوسمانییە جیاجیاکان بێ دەستنیشانکردن پێکهاتوودا. بەڵام دەکرێ بگوترێ لە بنچینەدا پشتگوێ خراوترین و لە دادوەری بێبەشترینی ویلایەتە عوسمانییەکان ناوچەی کوردستان بووە. ئێمەش لە وەڵامدا دەڵێین کە ئەگەر کوردستان، لەلایەن حکوومەتەوە بە ئەنقەست پشتگوێ ناخرێ، کوردەکان پێویستیان بەم پەرۆشییە نەدەبوو. کە سەرەی دەهات ئاوەدان دەکرایەوە پێویستی بە بێزاری نەدەما. ئەمە، ئەگەر وەهاش نەبێ کۆتاییهێنان بەو پشتگوێخستنانەی لە ویلایەتەکانی کوردستاندا هەیە، کە بەشێکی بەبایەخی شانشینیی عوسمانییە و لەم بارەیەوە ئەو قەوارە یا کۆمەڵەیەی بۆ ڕاکێشانی سۆز و بەزەیی و پەلە لێکردن کار دەکەن بۆچی بە تەنیا کوردەکان بەشدارییان تێیاندا بکەن؟ یان بکرێن و ڕەگەزە عوسمانییەکانی تری بێجگە لە کورد لێی

دوورەپەرێز بن؟ تەنانەت پتـر لەوەش حکوومـەت بەچاوی ترس و سڵ لێکردنەوە لەم کـۆمـەڵانە بنوارێ؟ بە کورتی، بوونی خودی دوکتۆر بەگ بە یەکێک لە چاکترین وتاربێژانی ئەم یەکەتییە، چ مەبەسـتێکی بە ئامانج گرتووە؟ داخـۆ دوای ئەوەی کە لە هەسـتێکی نەتەوەییـەوە جـمـوجـووڵی نەکردبێ، ئەرکی ئەو تەنیا بانگی کوردان بووە بۆ یەکگرتن" یەکەتی "، یان وەک عوسـمـانییەکی هۆشیار و خێرخواز ئەرکی ئەوە بووە ڕووی دەمی لە حکوومەت بکا و داوای چاکسازی لەم یا لەو ویلایەتانەی شانشینییەکەدا بکا؟ بێگومان دوکتـۆر بەگ بەم شێـوە جـموجووڵەوە کە دوا جار ڕوونمان کردەوە دەیتـوانی جگە لە کوردەکان هـاوبەشیی بیر و یارمـەتیی باشی کەسـانێکی یان تەنانەت خـودی ڕووناکـبـیرە تورک و عـەرەبەکـانیش دابین بکا. لەگـەڵ ئەوەشـدا دوکـتـۆر بە ددان پێدانانی خـودی خـۆی سـەلماندوویەتی کە ئەو، نـە بەم و نە بەو شـێوەیەی تۆزێک پێشـتـر ڕوونمان کردەوە، واتە نە ئەو تاکەکەسە نەتەوەییـیە بە ئاگایە و نە لەوانـەشە وەک عوسمـانییەکی هوشیار ئاگەداری ئەو بارودۆخە پەرێشانەی گۆشەیەکی شـانشینەکە بێ، کە دەیانەوێ کـار بکەن. دەبا چاوێک بەو قسانەیدا بگێڕین کە پشتگیریی ئەم ڕاستییە سەرسـوڕمێنە دەکەن: " دوای ئاگربەسـی گـشـتـی بێ ئەوەی بمەوێ کـێـشـرامـە نـاو سـیـاسـەتەوە _ لەو ڕۆژانەدا کـە تازە زاتی بەرێزتان گەڕابوونـەوە بۆ ئەسـتـەمـبـوڵ _ لە دانیـشـتنی کۆمـەڵەی بەرگری لە مـافـەکـانی شـەش ویلایـەتەکـە (ولایات ستة مدافعەء حقوق جمعیتی) بوو، کە بە سـەرۆکایەتیی (ئیلیـاس سـامی ئەفـەندی) لە بینـای بەرگـریی مـیللیـدا کـۆ ببووبووەوە. ئەگـەر لە بیـرت بێ، ئەو ڕۆژە لێوم لەیەک نەترازاند و بەر لە کۆتاییی دانیشتنەکە لەگەڵ (فـائیق عـالی بەگ)دا چوومـە دەرەوە، لەبـەرئەوەی نیـازی بە نـاو سـیـاسـەتدا ڕۆچوونم نەبوو. هەفتـەیەک پێشـتـر لە (کۆمـەڵەی کوردسـتـان)ەوە بـانگهێشـتێکم بەدەست گەیی بوو، بەڵام وەڵامی بانگهێشتەکەیانم نەدابوو. دواتر لەسـەر سـووربوونی نێزیکەکـان و داواکارییان یەک جـار چوومـە کۆمـەڵەی بەرزبوونی کوردسـتان (کـوردستان تعالی جمـعیتی) کە ئێسـتـا کـۆمـەڵەی ئۆتۆنۆمیی کـوردسـتـان (کوردسـتـان مـخـتـاریت جمعیتی) یە."[٢٨]


ئیلیاس سامی ئەفەندی

ئیدی ئەمە ئەو ددان پێدانانە بە ئازارانەی مێژوو و چۆنیەتیی چوونە نـاو کۆمەڵە کوردییەکانەوەی دوکتۆر بەگە کە بەهای ڕاستـەقینەی لافی باشـترین وتاربێژانی ئەو یەکەتیـی کوردە دەچەسپێنێ! ئەمێستا دوای بینینی ئەم ددان پێدانانـەی دوکتۆر بەگە، کە وا دەزانێ تێکەڵی ڕابردوو بووە، کە.. ڕێک خودی دوکتۆر بەگیش دەیەوێ لە بـیری بچنەوە، با لە خوێندنەوەی ئەو گوتانەیدا بەردەوام بین کـە لە نامـەی بە نـاونیـشـانی " La question Kurde " یدایە، دەڵـێ: " لە کـاتی هەڵبـژاردنەکـانی ئەنجـوومـەنی کـارگـێـڕیدا، لە پاش (نەعـیم بەگی بابان زادە)[١٢٨] ئەوەی زۆرترین دەنگی بەدەست



ئەحمەد نەعیمی بابانزادە

هێنابوو من بووم، لە کاتێکدا نە لە پیاوماقوولان و نە سەر بە بنەماڵە گەورەکانیش بووم، بەڵام ئەو ئەوینەی لە گیانمدا بوو ئەو ئامادەبووانەی دەهێنایە جۆش کە نەشیاندەناسیم، دواتر متمانەی گشتیم بەدەست هاورد. هیچ کەسێک ئەوەی لە ناخیدا بوو لە منی نەدەشاردەوە. ددان بەوەدا دەنێم کە هیچ یەکێک لەوانە بیری لە کەمترین بەرژەوەندییەکی کوردستان نەدەکردەوە."[٢٩]

با تۆزێک بە ویژدان بین! ئەوەی بەبێ ویستی خۆی دوای ئاگربەس ڕاکێشرابێتە ناو سیاسەتەوە، داخۆ سەیر نییە ئەو کەسەی دوای کاتی خۆی و ئەویش دوای سووربوونی کەسانی تر وەڵامی بانگهێشتەکانی دابێتەوە، بەو ئەوینەی لەناو گیانیدایە ئەندامانی کۆمەڵەی هێنابێتە جۆش، ئەو عیشقەی ناو گیانی یانی چی؟ بێگومان ئەوینی نەتەوەیی یان نیشتمانی نییە؟ بەم جۆرە؟!.. دوایی چ جۆرێک دەبێ بابێ، ئەوینێکی وەها ئاخۆ پێشتر هەیبووە یان دواتر، واتە ئاخۆ بوونیان دوای ئەوەی دەوامی لە کۆمەڵەدا کردووە پەیدا بووە؟ بەهەرحاڵ پێمان پەسند ناکرێ بەر لەوەی لە کۆمەڵەدا دەوام بکا ئەڤینێکی وەها لە گیانیدا بووبێ. لەبەرئەوەی ئەگەر وا نەکەین، چ جۆرە واتایەک بدەین بە، بەبێ ویستی خۆی ڕاکێشرانی بۆ ناو سیاسەتەوە و وەڵام نەدانەوەی یەکەم بانگهێشتکردنی بۆ کۆمەڵە؟!.. بەپێی ئەمە ناچارین ئەوە پەسند بکەین کە ئەوینێکی وەها لەلایەن کۆمەڵەوە بە گیانیدا ئاخنرابێ، ئەمەش وەک لەگەڵ گوتەی دوکتۆردا ناگونجێ ئەنجامێک بەدەستەوە نادا؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە تەنانەت لەسەر باوەڕێکی وەهاشدا نین، بگرە ناچارین لەو بڕوایە دوودڵ بین کە دوای چوونە ناو کۆمەڵەوە ئەڤینێکی وەها لە گیانی دوکتۆردا پەیدا بووبێ دڵان گەرم بکاتەوە. لەبەرئەوەی لەو کۆمەڵە کوردییانەدا کە بەرلەوەی دوکتۆر، بێ ئەوەی بییەوێ ڕاکێشراوەتە ناو سیاسەتەوە پێک هێنراون، ئەگەر بە ڕواڵەتیش نەبێ لە ناخدا ئەوینی نەتەوە و نیشتمان، با ڕوونتر بێژم : تێراوبوونی بە ئەڤینی ئارامسووتێنی سەربەخۆیی کوردستانیانەوە، بەلای ئەوانەوە کە ئاشنای ڕێڕەوی ڕاستەقینەی کاریانن زانراوە، بە تایبەتی دوای ئاگربەس بڕیاری سیاسیی یەکجارەکیی پێبەندبوونی ئەم کۆمەڵانە، بە دادڕینی پەردەکان، بە دەربڕینی مەبەستی ڕاستەقینەیان و بە شێوەیەکی ئاشکرا و دەست بە داواکردنی سەربەخۆیی کوردستان – کە بە هەموو ڕووتییەکییەوە لە مەیداندایە ئەو وەک دەڵێ: (دواتر متمانەی گشتیم بەدەست هاورد. هیچ کەسێک ئەوەی لە ناخیدا بوو لە منی نەدەشاردەوە. ددان بەوەدا دەنێم کە هیچ یەکێک لەوانە بیری لە کەمترین بەرژەوەندییەکی کوردستان نەدەکردەوە.)[٣٠] ئەڵبەتە قسەیەکی لەم جۆرەی نادرێتە پاڵ دەروون سادەیی منداڵ ئاسایی، یان لەبیرچوونەوەی. هەرچۆنێک بێ جێی بڕوا نەبوونی هیچ کاتێکی دوکتۆر _ بەداخەوە سەرەڕای قورس وونی قسە _ ناچاری ددن پێدانانە.

دوكتۆر له‌لایه‌كه‌وه ده‌ڵێ: (دان به‌وه‌دا ده‌نێم هیچ یه‌كێك له‌وانه بیری له‌ كه‌مترین به‌رژه‌وه‌ندییه‌كی كوردستان نه‌ده‌كرده‌وه)، له‌لایه‌كی تریشه‌وه به‌م شێوه‌یه‌ی كه ده‌ڵێ: " یه‌ك جار چوومه كۆمه‌ڵه‌ی به‌رزبوونی كوردستان (كوردستان تعالی جمعیتی) كه ئێستا كۆمه‌ڵه‌ی ئۆتۆنۆمیی كوردستان (كوردستان مختاریت جمعیتی)یه." ددان به‌ پێكهێنانی (كۆمه‌ڵه‌ی ئۆتۆنۆمیی كوردان)دا ده‌نێ. به‌ڵام به‌م جوداوازییه‌وه‌، واته یه‌كه‌م قسه‌ی له‌و نامه به فه‌ره‌نسی نووسراوه‌یدا كه‌ به‌ ناوی ( La question Kurde) ه‌وه ساڵی ١٩٣٣ له (پاریس) دا بڵاو كردووه‌ته‌وه و دووه‌م قسه‌ی له‌و نامه به توركییه‌یدا گوتووه، كه به ناوونیشانی – كورد چییان له‌ تورك ده‌وێ؟ (كوردلر توركلردن نه ایستیورلر؟) دا[٣١] ١١ ساڵ پێشتر واته له ١٩٢٣ دا بڵاو كراوه‌ته‌وه.

١٢

ئه‌م قسه دژ به‌ یه‌كترییانه‌ی دوكتۆر به‌گ با خوێنده‌واره به‌ڕێزه‌كان تووشی سه‌رسامی نه‌كه‌ن، ئه‌و ئه‌گه‌ر بۆ ئه‌وه‌ ده‌چێ كه‌، له ماوه‌ی نێزیكه‌ی یازده ساڵدا گۆڕینه‌وه‌ی بابه‌تییانه‌ی كه‌سایه‌تیی، باوه‌ڕی هونه‌ری و ناسنامه‌ی گوزاره‌یی، ئاساییه بیره كۆنه‌كه‌شی بگۆڕێ، وا ده‌رده‌كه‌وێ كه ده‌بێ لێی نه‌گیرێ. ئه‌وه‌نده هه‌یه كه وه‌ك له هونه‌رمه‌ندانی بیستووه و فێر بووه كه‌، له ماوه‌ی هه‌ر چه‌ند ساڵێكدا گۆڕانی بابه‌تییانه‌یان به‌سه‌ردا دێت، ته‌نانه‌ت پیرێكی به‌ ساڵداچووی حه‌فتا ساڵه‌ش هه‌ر كه وێنه‌ی منداڵیی حه‌وت ساڵه‌ی خۆی ده‌بینێ و نابینێ، به‌وه‌ی كه ده‌ڵێ ئیدی " من ی ٦٣ ساڵ له‌مه‌وبه‌ر، وه‌ك ددان به‌و گۆڕانكارییه فیزیكییانه‌ی له‌ژێر كاریگه‌ریی سروشتی نه‌به‌زدا هاتوونه‌ته گۆڕێ، دوكتۆری به‌ڕێزیش به له بیر ده‌ركردنه‌وه‌ی كه‌سایه‌تیی گوزاره‌یی به‌ر له‌ یازده ساڵ له‌مه‌وبه‌ری، بۆ برینداركردنی هه‌ست و نه‌ستی ئه‌و كورده‌ی بۆ له‌ ژیاندا ڕاگرتنی بیری كوردایه‌تیی خۆی گه‌یشتووه‌ته ڕاده‌ی خنكانی ناو خوێن و ئاگر و خۆی ڕاگرتووه، ئه‌گه‌ر ددانی به‌وه‌دا بنایه كه ئاخۆ ناسنامه‌ی گوزاره‌یی یازده ساڵ له‌مه‌وبه‌ری له‌ژێر كام كاریگه‌ریدا تووشی گۆڕان هاتووه و وه‌ك جیاوازیی فیزیكییانه‌ی شوكری محه‌مه‌د له‌گه‌ڵ شوكری محه‌مه‌دی پێش یازده ساڵ، له دوو سه‌رده‌می جیاوازدا، جیاوازی و گۆڕانكارییه‌كی گوزاره‌یی وه‌های نێوانی شوكری محه‌مه‌ده‌كانیشدا بووه، ڕاستتر و باشتر ده‌بوو. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ئه‌و ئه‌گه‌ر وه‌هاش نه‌كا ئێمه‌، لێره به‌ولاوه ئیدی شوكری محه‌مه‌د به‌گ به‌ دوو ناوه‌وه‌، واته دوو كه‌س بنوێنێ، كه‌ به‌ دوو كه‌سایه‌تیی گوزاره‌یی له‌ دوو سه‌رده‌می جیاوازدا ژیاوه‌، به ناوبردنی شوكری محه‌مه‌دی یه‌كه‌م و دووه‌میان، قسه‌كانی ده‌گێڕینه‌وه بۆ ئه‌وه‌ی بزانرێ سه‌ر به‌ كام كه‌سایه‌تییه‌كی ئه‌ون. له‌م باره‌یه‌وه ئاسانكاری بۆ خوێنده‌واره به‌ڕێزه‌كان ده‌رده‌بڕین. ئێستاكه‌ با له‌ زاری شوكری محه‌مه‌د به‌گی یه‌كه‌م خۆیه‌وه ببیه‌ین كه‌ی و به‌ چ شێوه‌یه‌ك بووه خاوه‌نی هه‌ستێكی نه‌ته‌وه‌یی: " ماوه‌یه‌كی باشی به‌سه‌ردا چوو. ڕۆژێكیان له‌ كۆنه كتێبفرۆشانی (یوكسه‌ك قاڵدرم) و ئه‌ملا و ئه‌ولادا، نه‌خشه‌ی (ئه‌رمه‌نستانی گه‌وره‌)، كه لایه‌كی له‌ قه‌فقاسیا و لایه‌كی له‌ ئه‌سكه‌نده‌رووندایه به‌ ڕه‌نگه

تایبەتییەکانییەوە سەرنجمی ڕاکێشا . بە پێی بارودۆخی گیانیی ئەوسا ، ڕەوشی حکوومەتەکان بەرامبەر کارەسات و ئازارەکان ڕاڕا و بێدەسەڵات بوو، ئەوساکە ئەرکی مرۆڤانەی بەندەتان (مەبەست سەکبان خۆیەتی!) کە نۆژداری بوو، ئەرکی نەتەوەییی – کە دیسان و بەپێودانگێکی گەورەتر – خزمەتکردنی مرۆڤایەتی بوو، پێی ڕاگەیاندم."[٣٢]، ددان پێدانانێکی جوانە!.. وا نییە؟.. ئەوەی بە دەنگ بانگهێشتی کۆمەڵە کوردییەکانەوە نەچووە، ئەو دوکتۆرەی خۆی لە بەکێشبوونی ناو سیاسەتەوە پاراستووە، ئیدی کە نەخشەی ئەرمەنستانی بینیوە بە ئاگاوە تێگەیشتنی ئەرکی نەتەوەیی، کە هۆیەکە بۆ خزمەتی – بە پێودانگێکی گەورەتری – مرۆڤایەتی پێشان دەدا ، تێگەیشتن؟ خۆ ئەگەر زەحمەتی لە تێگەیشتنی قسەکانیدا دەبینن گوێ بگرن: ئەو ڕاستییەی دوکتۆر بەگ دەیەوێ بەم قسانەوە دەری بڕێ، لە سەرەتاوە خۆی لە نێزیکبوونەوە لە کۆمەڵە کوردییەکان پاراستووە، ترس و بیمی لە ئەنجامە خراپەکانی گرفتەیلی کاری سیاسی و تەنیا نێزیکە پێکهاتنی ئەرمەنستانێک و دوابەدوای ئاگربەس – بە سوود وەرگرتن لە لاوازی و بێهێزیی عوسمانی – ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە پتربوونی چالاکیی کۆمەڵە کوردییەکان و دەمودەست کەوتنە سەر ئومێدی بەدەستهێنانی سەربەخۆییی کوردستانی بینیوە، بە مەبەستی ئەوەی ببێتە وتاربێژێکی کورد لەوان نێزیک بووەتەوە!... ئیدی سەرەڕای ئەو عەشق و گەرمییەی _ خۆی دەڵێ – لە گیانی دوکتۆر بەگدا ، نهێنیی ڕاستەقینەی بەدەست نەهاوردنی متمانەی کۆمەڵە کوردییەکان ئەمەیە! ئەگەر گومانتان لێ هەبێ بەشێوەی بیستنی پاشماوەی قسەکانی با خودی ناوبراو خۆی بێنینە گۆ: " بەپێی ئەمە بە هەچ مەبەستێکی سیاسییەوە بێ، بڕیاری خۆ خستنە ناو گرفتەکان و چوونە ناو ڕێکخراوە کوردییەکانم دا . لە جێی خۆدا بوونی ئەم دەست پێوەگرتنەشم، کە ئەوەشم لە حکوومەتی ئەوسا (حکوومەتی تۆفیق پاشا) بیست بە ئەندامانی کۆمەڵەی بەرزبوونی کوردستان (کوردستان تعالی جمعیتی) یان گوت، کە بە خۆیان ناتوانن کوردستان ڕزگار بکەن، ئەگەر ئێستا لە توانادا نەبێ بە دراو یارمەتی بدرێن، دەشێ بە هۆیەکانی تر یارمەتی بدرێن، پشتگیریم کردن."[٣٣] تێگەیشتن چۆن دوکتۆر بەگ، ئەو وتاربێژە کوردە گەرموگوڕە بۆچی دوایی و بە چ جۆرە مەبەستێک بڕیاری چوونە ناو ڕێکخراوە کوردییەکان و هەروەها (وتاربێژی نیشتمانپەروەر!) لە ناخیدا هەست بە ناچاری پێشاندانی ئەوەی لەم دەست پێوەگرتنەیدا لە چوونە ناو ئەم ڕێکخراوانەدا لەسەر حەقە، لەناو بازنەی ئەو هەوڵ و کۆششەی بۆ ڕزگارکردنی کوردستاندا لەلایەن خودی حکوومەتی عوسمانییەوە نوێنراوە، بەڵێ، دوای ئەوەی هاندان و پشتگیریی لەو حکوومەتی تۆفیق پاشایەوە لا دیار بووەتەوە و بینیوە کە توانستی ڕزگارکردنی تەنانەت بەشێکی وڵاتیشیان نەبووە، زاتی ئەوەی کردووە بچێتە ناویانەوە، تێگەیشتن؟ ئیدی ئەمە یەکێکە لەو هۆکارە هەرە بایەخدارانەی وا ، ئەو یەکەم شوکری محەمەد بەگە، بە گیان لە کوردایەتی بێگانەیە، لە ماوەیەکی کەمدا ، بە لە بیرکردنەوەی هەموو شتێک لە شێوەی شوکری محەمەد بەگی دووەمدا دەرکەوێ. لە ڕاستیدا دوای ئەوەی لە خامەی شوکری محەمەد بەگی یەکەمەوە دەرچوونی ڕستەی:

(ئامانج و مەبەستی ئەو یاداشتانەی بە چەندان جۆرە واتە و گوزارشی جیاوازەوە دراون، هێنانە کایەوەی حکوومەتێکی کوردستانێکی گەورەیە... هتد)[٣٤] دەبینین، بینینی دەرچوونی ڕستەی: " دەکرێ بێژم بەڵگەم هەن کە ئەوان، تەنانەت لە پڕتەنگژەترین سەردەمێکی تورکیاشدا هیچ یەکێکیان بیری جیاخوازییان پەسند نەکردووە."[٣٥] لەو سەیروسەمەرانەیە کە سەرسامییەکی زۆر بە ئاوەزان دەبەخشن.

لەمەش سەیرتر ئەوەیە دوکتۆری ئاماژە بۆکراو دوای ئەم قسانەی یەکسەر بێ هاوردنی هیچ بەڵگەیەک دەچێتە ناو بابەتگەلی تر. لەگەڵ ئەوەشدا قسە سەر بە دوو سەردەمە جیاوازەکانی دوکتۆر بەگ، بەڵێ بە پێکەوە هێنانەوەی ئەو بیر و بۆچوونانەی پێوەست بە دوو کەسایەتیی گوزارەییانە _ لەبەر هەندێک سوود کە بەپێویستم نەزانی ڕوونیان بکەمەوە _، لەبەرئەوەی بچووکترین ئەرکی ویژدانیمە، هەندێک لە قسەکانی تری یەکەم و دووەم شوکری محەمەد دەگوازمەوە بۆ ئێرە، لە لاپەڕە ١٠ی نامە تورکییەکەی شوکری محەمەدی یەکەمدا کە دەڵێ: " لەلایەکی ترەوە بە ڕێککەوتن لەگەڵ ڕقیبیاندا، بە ڕێککەوتننامەی شەریف پاشا _ نۆبار پاشاوە بە ئەرمەنییانیان سەلماندووە کە کورد ڕەوەیەک نین و بۆ دامەزراندنی کارگێڕییەک و بەپێی ئەمەش وەک نەتەوە لە توانستیاندا هەیە حکوومەت پێک بهێنن و ناکۆکیی سنووریان بۆ بڕیاردانی کۆمسیۆنی تێکەڵاو لە هەردوو لای ڕێککەوتوو جێ هێشتووە. "، دووەم شوکری محەمەد بەگ لە لاپەڕە ٢٢ ی ئەو نامەیەیدا کە ناونیشانی La question Kurdeی داوەتێ دەڵێ: " من بەوەی کە نەتەوەپەروەرێکی کوردم (بەداخەوەم) لە هەموو ژیانمدا هەرگیز جیابوونەوە لە تورکیاوەم بەبیردا نەهانیوە، ئەمە، لەبەر ئاواتەخواز نەبوونی سەربەخۆیی کوردستانمەوە نییە، بگرە لەبەرئەوەیە کە ئارەزوویەکی نەکردەنییە، یان لە داواکاریی شتێکی بێسوود پێک هاتووە."[٣٦] لەو بارەدا کە ئەو دوکتۆرەی لە هەموو ژیانیدا جودابوونەوە لە تورکیاوەی بەبیردا نەهاتووە، بەپێی قسەی خۆی لە ڕاستیدا کاتێک کە لە ئارەزوومەندانی سەربەخۆیی کوردستان بووە، دەبێ سەردەمانێک لە بڕوای نەکردەنیبوونی ئەم سەربەخۆییە نەبووبێ کە لە چوونە ناو ڕێکخراوە کوردییەکان دوا کەوتووە، بەڵام لە سەردەمێکدا کە، کوردەکان ئامادە بوون لە پێناوی بەدیهاتنی سەربەخۆیی کوردستاندا خۆیان بەهەموو گرفتێکدا بدەن، وەک زیادەڕۆترین نیشتمانپەروەرێکی کورد دێتە گۆڕێ و ئاسایی بۆ تورکەکان لەوانەی سیاسەتدا دەستی بە مامۆستایی کردووە. ئیدی ئەوە پاشماوەی ئەو ڕستەیەی لە لاپەڕە ١٠ ی نامیلکە تورکییەکەی یەکەم شوکری محەمەدە کە باسی لێوە کرا: " ئەم پەیماننامەیەی (مەبەستی پەیماننامەکەی شەریف نۆبارە "، بۆ کورد چەند شیاوە دەبێ لای بەڕێزتان زانراو بێ. لە ئەنجامی هەوڵی بەردەوامدا، لەوەدا سەرکەوتوو بوون کە، ئەو مادە دڵنیاکەرەوانەی زیادەڕۆترین نیشتمانپەروەرانی کوردیش بخەنە ناو بەشی کوردستانی پەیماننامەی (سیڤەر)ەوە. بۆ ئەوەی حوکمێکی دروست لەبارەی ئاراستە و ئامانجی کۆششەکانمانەوە بدەن، دەبێ بزانن چالاکیی سیاسیمان لەناو کەشی بیرکردنەوەیەکدا بەڕێوە

دەچوو. " ئێستاکە، دوکتۆر بەگ کە باسی ئەو سەرکەوتنە مەزنە دەکا، کە لە ئەنجامی ئەو کۆششە بەردەوامەی بە ددان پێدانانی خودی خۆی، خۆشی بەشداریی تێدا کردووە، مادەگەلێکی دڵنیاکەرەوەی زێدەڕۆترین نیشتمانپەروەرانی کورد خراوەتە ناو بەشی کوردستانی پەیماننامەی سیڤەرەوە، با تاووتوێی ئەوە بکەین بۆچی لەوە نیگەران بووە کە نیشتمانپەروەرێکی کورد بووە: یەکەم گومان لەوەدا نییە کە دوکتۆر وەک خۆی دەڵێ، تا ئەو ڕادەیە بێ هەست و بێ نەست نییە، ئارەزووی سەربەخۆییی کوردستان و ئازادی و سەربەستیی ئەو میللەتە نەکا کە یەکێکە لێیان. دووەم: لەو سەردەمانەدا کە ئەم سەربەخۆییەی بە نەکردەنی تێ دەگەیشت، بە خۆ بە دوور گرتنەوە لە چوونە ناو ڕێکخراوە کوردییەکانەوە بەرامبەر حکوومەتە پێڕەوکراوەکەی دۆستایەتی و پێوەپابەندبوونی خۆی سەلماندووە و ئینجا دوای ئاگربەس، ئیدی کە دیویەتی دەوڵەتی عوسمانی وای لێ هاتووە چاوپۆشیی لە ڕێکخراوەکانی ئەرمەنستانی گەورە بکا، بەرامبەر مەترسیی چوونە ناو ئەم ڕێکخراوانەی کوردستانیشدا نایێتە هیچ جۆرە جموجۆڵێک، چووەتە ناویانەوە، سەرەڕای ئەمەش هێشتا، وەک.. هێزەکانی میللی " قیوایی میللییە " لە ئەنادۆڵدا پەیدا نەبووبوو، لەلایەن حکوومەتی تۆفیق پاشای ئەستەمبوڵەوە بەرامبەر کۆمەڵە کوردییەکان پشتگیریی شەرعی (یاسایی)بوونی ئەو کۆششانە کرابوو، کە لە پێناوی ڕزگارکردنی کوردستاندا خەرج دەکرێن. بەم جۆرە ئەو کۆمەڵە کوردییەی دوکتۆر شوکری محەمەد بەگ چووەتە ناویەوە، کۆمەڵەیەک بووە بەشەرعیبوونی هەوڵ و کۆششەکانی، لەلایەن خودی حکوومەتی عوسمانییەوە پشتگیری کراوە و بە بەشداریکردنی دوکتۆری ئاماژە بۆکراو، ئەو هەوڵ و کۆششە سیاسییەی خەرج کراوە، بەم جموجۆڵەش بەشێوەی دابڕینی پارچەخاکێکی ئیسلامی لە (ئەرمەنستانی گەورە)وە کە، دراوەتە پاڵ خەڵکی (کوردستان)، یان ڕاستتر بە شێوەی دابڕینی پارچە خاکێکی عوسمانی، بە ناوەڕۆک بۆ تورکایەتی و هەروەکو ڕاست و ڕاست خواستی خزمەتێکی نامووسکارانە بە سەربەخۆیی ئەو نەتەوەی کوردەی دوکتۆر یەکێکە لێی وەک خۆر دیارە. گۆڕانی بارودۆخی ئەمڕۆ، پەیدابوونی کۆماری ئەو مستەفا کەمال پاشایەی بە داخەوە بەردەوامیی شانوشکۆی بە، لەناوبردنی کورددا دەبینێ، بە تایبەتی هەر یەکێک لەو دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتییە ئیسلامییانەی کوردستانیان لە ناوخۆیاندا بەش کردووە، بە پێی ئەو پشتگیرییە سیاسی و تەنانەت مادییەی کە لە دەوڵەتە ئەورووپاییە داگیرکەرەکانەوە دەکرێن. ئەو پەلەپرووزێیە شێتگیرانەی بۆ لەناوبردنی میللەتی کوردی قارەمانیاندا نوواندووە، بەڵێ دەربڕینی نیگەرانی بۆ ئەوانەی لە ژێر کاریگەریی تاقمە هۆیەک و کاریگەریدان کە بۆ چاوترسێنکردنی ئەوانە بەسە کە باوەڕی نەتەوەییان لاوازە، ئەڵبەتە بۆ دوکتۆر وەک کوردێکی میللەتپەروەر، بە بەهرەیەکی سیاسی دانانرێ، لەبەرئەوەی لەلای هەمووان ئاشکرایە ئەگەر بهاتایە بەری ئەو چالاکییە سیاسییەی باسی لێوە کردووە بە تەواوی بچنرایەتەوە و ئەگەر بەر لە پەیدابوونی (کەمالیستەکان) بە ماوەیەکی کەم دەست بە ڕێکخراوەکانی کوردستان بکرابایە و دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ بهێنرایە گۆڕێ ئەوساکە هەڵبەتە شوکری محەمەد بەگ

شانازیی بەوەوە دەکرد کە کوردێکی نەتەوەپەروەرە و ئەو دەوڵەتە کوردییەی لە ئەنجامی (هەوڵ و کۆششی بەردەوامیدا!) هاتووەتە گۆڕێ، پێش هەمـوو کـەس خۆی لە هەمـووان بە شـایەنتـری بەبایەخـتـرین وەزارەتێک دەزانێ. لەگەڵ ئەوەشدا، بڕوانن گیانی ئەو دوکتـۆرەی پێشتـر دداني بەوەدا ناوە کە ددان پێدانانیان لە کەسانی تر وەرگرتووە کە کورد نەتەوەیەکە لە توانایدا هەیە حکوومەت بەڕێوە ببا، دوای ئەوەی چووەتە ناو لەشی شوکری محەمەد بەگی دووەمەوە، بڕوانن دوای دۆنای دۆن، چی دەڵێ: " ڕووداوەکانی ئەم دواییيە ئەوەی پێشان دا کە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی بۆ قازانجە ڕاستەقینەکانی بووەتە بەڵایەک و کارەساتێک."[٣٧] من بەشبەحاڵی خۆم ددانی پێدا دەنێم کە هیچ تێنەگەیشتم. چۆن تێ بگەم کە بە ڕێنوێنیی ڕووداوەکانی ئەم دواییيانە، هیچ حکوومەتێکی سەربەخۆی کورد ناناسم بۆ بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی نەتەوەی کورد پەتایەک یان کارەساتێک پێک بهێنێ. ئەگەر دوکتۆر بەگ لەم قسانەی مەبەستی حکوومەتی شێخ مەحموود بێ، دەبێ چاک بزانێ کە ئەو شتەی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد تێک دەدا لە دروستبوونی (حکوومەت)ی ناوبراودا نییە، بگرە دەبێ لەناو ئەو کار و هۆیانەدا بۆی بگەڕێین کە ڕێیان لە بەشێوەی پێویست دروست بوونیان گرت. لەبەرئەوەی لەو بڕوایەدام ناوبراو لە من باشتریان دەزانێ، خۆ ئەگەر لە نیازی چەواشەکردنی بیردا نەبێ، لەو بڕوایەدام لەم بارەیەوە، چاوەڕوانی ڕوونکردنەوەی تر ناکا. لەگەڵ ئەوەشدا با وای بگرین کە لەناو باشترین مەرجەیلێکدا دروست بووە، تەنانەت حکوومەتێکیش بە پشتگیریی ناوەوە و دەرەوە کۆڵەکە بناغەییيەکانی چەسپێنرابێ، بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی میللەت دابین نەکا. هەر لەگەڵ ئەمەشدا مانەوەی میللەتێک وەک یەک میللەت، پاراستنی ئازادی و مافی ژیانی، لەناو پرەنسیپە یاساییيەکانیدان، درەنگ یان زوو ئارەزووی پێکهاتن دەکا و هیچ کاتێک بەوەی کە سەربەخۆییی، بۆی دەبێتە دەستپێکی کارەسات و بەبێ بەند و مەرج خۆی ناخاتە ئامێزی بەزەییی کەسانی ترەوە، ئەگەر هەر نا لە ڕێی سوود لەگەڵ یەکتری گۆڕینەوەوە ئەوە پەسند دەکا کە بچێتە ناو بازنەی گشتگیریی یەکەتییە نائاساییيەکان. چون ئەگەر لە نێوانی بەشەکانیدا یەکانگیری نەبێ و یەکەتییەک تەنیا بە هێز دابین کرابێ، هەر کە پێویستیی بە هەر لایەکدا ئاراستەکردنی هێز دێتە کایەوە، هەر وەک جاران پارچە پارچەبوونی بەسەردا دەسەپێ. ئەو هۆیەی تورکیا کوردەکانی لەناو کۆمەڵی تورکدا هێشتووەتەوە، جگە لە هێز هیچی تر نییە. لەو بڕوایەدام بەر لە ئێمە، کۆڵەکەکانی کۆماری تورکیا ددان بەم ڕاستییەدا دەنێن. لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا کۆماری تورکیا نییە، بگرە هەر یەک لەو حکوومەتە دراوسێکانیشی بە پشتبەستن بە سیاسەتە هەنووکەییيەکانیان هەر یەکەیان دەبێ ئەوە بزانن کە ئەم ڕێککەوتنە کاتییانە وەک ئەوەی لە هەر ڕۆژێکدا کە تووشی ناکۆکی و دووبەرەکی هاتنیان دوور نییە[٣٨] بەپێی ڕەگەز و زمان و داوونەریتی نەتەوەی کوردیش ڕۆژێک لە ڕۆژان جیابوونەوەی لەو نەتەوە بیانییانە، ئەنجامی بە چی دەگا با بگا، دوور نییە لەو یەکەتییە بچێتە دەرەوە، کە لەسەر هیچ مافێکی بەرامبەر و سوودێک بنیات نەنراوە، بە شێوەیەکی نائاسایی

تێـیـانـدا ئاخنـراوە. بەرلـەوەی پتـر لە بـابەتەکـەوە بچـینـە دەرەوە با بگەڕێینـەوە سـەر بابـەتی بنەڕەتیـمـان، بە لای دوکتـۆر بەگەوە " ڕووکاری ئابووری و سیاسیـی حکوومـەتەکانی هەمـوو دنیا نەک بەرەو پارچەپارچەبوون بگرە بەرەو یەکگرتنەوەیە."[٣٩] زۆر جوانە! بەڵام ئەوە لە بیر دەکەن کە ڕێککەوتنە ئابووری و سیاسییەکانی حکوومەتـەکان، لەسەر بناغەی حوکمکردنی نەتەوەکان بنیات نەنراوە، بەپێـچـەوانەوە لەناو یـاسایـیتـرین و میللیتـرین مـەرجەیلێکدا لەسـەر بناغـەی دەرکـەوتن و نەشونمـاکردنیـان دامـەزراوە. لەبەر هەندێ، هەر حکوومـەتێک کە پشـتی بە بەشە تاکەکەسـیـیە یەکنەگرتووەکان و ئەندامـە ئیفلیـجەکانی نەتەوەیەک یـان میللـەتێک بەسـتووە بایەخـی لە جیـهانی ئابووری و سیاسـەتدا سـفری لای دەسـتەچەپە. لەبەرئەوەی دەست بە ئابووری و سیاسـەتدا گرتن، بە تایبـەتیش ئەمەی دووەمیان بەر لە هەوو شـتێک پێویستیی بە ئارامـی و ئاسایش و لە ئەنجامدا پێویسـتیی بە سـەقـامگیـریی حکوومـەت هەیە. سـەقـامگیـرییـەکی لەم جـۆرەش هـەر لەبەر سـوودی هـاوبەش بە یـەکگرتنەوەی تاکـەکەسـەکانییـەوە دەبێ، کـە ئەمـەش تەنیـا لە حکوومـەتەیلێـدا دەبێ نوێنەری میللەتێک بێ و دڵی بەئاگا و هۆشـیـاری بۆ تاکە ئامـانجێک لێ بدا. لەبـەرئەوە بە نموونە هێنانـەوەی هـەر یەکێک لەو چەند دەوڵەتانەی لـە پارچە پارچەبوونی ئیـمـپـراتۆرییـەتەکـانەوە پەیدا بوون، دوای ئەوەی جودا جودا لەناو مەرجەیلێکی نەتەوەییدا دەرکەوتوون و نـەشونمایان کردووە لە ڕوانگەی خاڵە ئابووری و سیاسییـەکانەوە سەرلەنوێ ئارەزووی یەکگرتنەوەیان و بەشێوەیەکی نوێ هێنانە کایەی یەکەتێکەڵیێک، پشتگیریی تیوورییەکەی دوکتـۆر ناکا پێم وایە پشتگیریی ئێمە دەکا. هـەروەها بەو جۆرەی خۆیان گوتیان پڕۆژەی پان ئەورووپای (مسیۆ بریاند) بەسـەر کەوتوویی ئەنجام نەدرێ، پتر لەوەی هۆیەکەی بدرێتە پاڵ کۆششی ئەو دوو شـارسـتانییە دژ بەیەکە _ شـارسـتانیی سـەرمایەداری و شـارسـتـانیـی سـۆشیـالیسـتی _، کە لە دەوروبەری بەدەسـتـهێنانی سـەرکـەوتنی کۆتایی هـەر یەکەیاندا دەسووڕێتەوە.[٤٠] من لەو بڕوایەدام دەبێ لە کار و کۆششی کارگوزارەکانی پڕۆژەی پان ئەورووپادا بـەدوایدا بگەڕێین، کە لە بـارودۆخـێکی وەها نائاسـاییدا، بۆ هێنـانە ناو ئەم یەکەتییەی، حکوومـەتە لە خۆیان لاوازترەکان ئەنجامی دەدەن. چون ئەو حکوومەتـانەی دەرکەوتنی نەتەوەکانیان لە ڕێگەگەلێکی پڵیشێنەوەدا سنووردار دەکەن، بەو جۆرە کار و کۆششەوە کە هـەموو بەهێزێک خودماک بە ئارەزووی خۆ سەپاندنەوە شێلراوە، هەڵسوکەوت دەکەن.

سـەمـەرەترین لایەنی دوکـتـۆر بـەگ چون بڕوای خـۆی، بە بگۆڕ و ناجـێگیـر دانانی تیـوورییـە زانستییەکانە.

بۆ نموونە گردمان ئەو دوکتۆرەی دوێنێ بە باوەڕێکی لە هەمووان بەهێزتر، باشی و سوودەکانی بە نەتەوە ناسـینی کوردەکان و لە پتر بە نـائاسـاییبوونـی خسـتنـە ناو کۆمەڵـی نەتەوەییی تورک و لەبـەرئەوەی لەلایـەن خـۆیانـەوە بەڕێوەبردنی چارەنووسی مـیللەتان بـە خـۆیان، بووەتە بڕوایـەکی جیـهانگیر و بە تایبـەتی لـە تواناد‌ا نەبوونی تورکاندنی کوردان و هی تری بـە بڕوایەکی بەهێزەوە باس دەکرد.[٤١]، ئەمڕۆ هـەر بەو تین و گەرمییە باس لە دەرکەوتنی زیانی بە نەتەوەبوونی کورد دەکا

و ئاخنینی بە ناو کـۆمــەڵی نەتـەوەیسی تورک زۆر ئاسـایی و بە پێـویست دەزانـێ، بە کــورتی لەبەرئەوەی، ڕێ تێـچوونی بە کارەساتبوونی خـۆ بەڕێوەبردنی هـەندێک لە نەتەوەکان و تەنانەت لە هۆی سڵەمینەوەی کورد لە بوونە تورک و هـی تر تێ نەگەیشـتووە بەشێوەیەکی ئێجگار ئاسایی لەم بارانـەوە دەدوێ. بەڵام دەبێ بەچاکی بزانێ کـە ئەو لافـانەی ئەمــڕۆی، لـە پشــتگیـریـی هێــزی نەلەرزاوەی ئەو زانسـتـەی کە پشـتگیریی باوەڕی دوێنیی دەکـا بە تەواوی بێ بەشـە. لەبەرئەوەی نەتەوەیەک دوێکە چۆن نەیتوانی بێ لەناو داوونەریتی هی تردا پێش بکەوێ، ئێمڕۆش و سبەینێش و ڕۆژی دواتریش ناتوانێ. ئەوانەی ڕاڕایی لە پەسندکردنی ئەمەدا وەک ڕاستییەکی بیرکاری، بە چوونە دەرەوە لە سنووری زانست ئەوانەن وا بە چاوبەستکێ بەرژەوەندیی خۆیان دابین دەکەن. بە لەبیرکردنی داوونەریتێلی هەزار ساڵە، زمانی نەتەوەیی، مێژوو و ئەدەبییاتی و بتوانێ لاسایی نەتەوەیەکی تر بکا بە تایبەتی بۆ ئەو نەتەوانەی گەیشتوونەتە ئەم سەردەمە دانەنراوە. لەبەرئەوە هەر کامێک لەو نەتەوانەی ئەم سەردەمەمان پەنا بباتە بەر تاواندنەوەی نەتەوەیەکی تر، ئەوە نابێتە جـمـوجـۆڵێکی ئاسـایی، پەنابردنە بەر ئـەم هەڵسـوکـەوتەی هـەر کـامـێک لەو دەوڵەتانەی خـاوەنی کەمینەیەکن لە بەدەستهێنانەوەی ئەنجام گەلێک دوورە. ڕانین و بەڕێوەبردنی نەتەوەیەکی سەر بە دەوڵەتێک، کە زۆر دەگونجێ لەناو جەستەیدا ببێتە ئەندامێکی بەسوود، لە ناو پرەنسیپەیلێکی ناجێگیردا، ناتوانێ سوودێکی ببێ و جگە لەوەی بیکاتە ئەندامێکی زیانبەخش کە پێویست بە دەرهێنانی دەبێ. ئەنجامی ئەو سیاسەتەی لە تورکیا بەرامبەر ئەرمەنییەکان ئەنجام درا جوانترین بەڵگەی ئەم بۆچوونەمـان پێک دەهێنێ. سـەرەڕای سـیـاسـەتەکـانی تاواندنەوە و ڕاگـوازتن و لەناوبردنی ئیتیحادییەکان " تاقمی ئیتیحاد و تەرەققی " و حکوومەتەکانی تری تورکیا، ئەمڕۆ ئەرمـەنیـیـەکـان وەک نـەتەوەیەکی وشـیـار و زیندوو ژیان بەسـەر دەبەن. بەڵام بە دڵە زام سارێژنەبوویانەوە و لە دەرەوەی تورکیادا! داخۆ ئەو سوودە چییە وا لەم ئەنجامەوە بۆ تورکچییێتی بژمێرری؟ ئەڵبەتە هیچ. سەرەڕای ئەمە بۆ تورکیای نوێ کە پێویستی بەوەیە لەناو هێمنی و ئاسایشدا بەری دواڕاپەڕینی نەتەوەیی بچنێتەوە. هێنانەدیی گەورەترین زیانێکی وەک پەیداکردنی دوژمنێکی بێ ئامان کە لەسەر سنوورەکانیدا چاوەڕێی کەمترین هەلە، دیار و ئاشکرایە! لە ڕاستیدا مێژوو شایەتی ئەوەیە کە لەسەردەمانی پێشوودا هەندێک نەتەوە توێنراونەتەوە، بەڵام پێویستە لە بیر نەکرێ کە مەرجە ژیارییەکانی کاریگەریی گشتیی کاری تواندنەوەی ئەو سەردەمە باس لێوەکراوانە ئەمڕۆ تەواوێک گۆڕاوە و بە ئاراستەی هێڵێکی ڕاست لە پێکهێنانی پێچەوانەی کۆنەکەدایە. بە چاوپۆشی لەمە، هەندێک تایبەتمەندیی زۆر چاکی نەتەوەی کورد، ئەوی تا ئەمڕۆ لە تواندنەوە پاراستووە و تاهەتایەش دەیپارێزێ. لەبەرئەوە بەکارهێنانی زمانی نەتەوەییان (ئیدیاڵ)ێکە نابێتە لاوازییێکی ڕێککەوت. بەڵام ئەو دوکتۆری دوێنێ دەیگوت: " تورکەکان چی دەڵێن بابڵێن بیر لە چی دەکەنەوە با بکەنەوە، ئێمەی کوردیش دەمانەوێ ببینە (حاکمی) زمانی نەتەوەییمان و بەدەستەوەگری بەروبوومی کۆششمان بین."[٤٢] ئەگەر ئەمڕۆ بیری خۆی گۆڕیبێ و

کوردەکان هان بدا واز لە زمانی نەتەوەیی بهێنن و بەوەی کە تۆرانی ڕەگەزن بە ئارەزووی خۆیان بچنە ناو ئەو کۆمەڵەوە، لەمەدا هێندەی تۆزقاڵێک ڕەخنە کەوتنە باوەڕی کوردان، شایەنی تەنانەت بیرکردنەوەش نییە. لەبەرئەوەی کوردەکان ئیدی لەژێر پاڵەپەستۆی شارستانییەکی هاوبەش، یان ئاینێکی هاوبەش یان لەژێر کاریگەریی دەوڵەتدا لە مەترسیی لەدەستدانی کەسایەتیی نەتەوەییان "Denationalisation" ڕزگاریان بووە. سەرباری بە شێوەی دەست بە ژیاندنەوەی زمانی نەتەوەییان پێیان بەناو " ڕێنیسانس "ەوە ناوە. هەروەها لە کاتێکدا کە بەپێی ڕەگەز و زمان و نەریتەکانیان نەتەوەیەکی زۆر نێزیکن لە فورس و هەزاران ساڵ لەژێر کاریگەریی دەوڵەت و شارستانیی ئێراندا تێکەڵ نەبوونی تەنانەت لەگەڵ فورسیشدا، کوردەیلێک کە تەواوێک زمانی نەتەوەیی خۆیان پاراستووە، ئاخۆ دەتوانن لەگەڵ میللەتانێکدا کە لە ڕوانگەی زمان و داوونەریتەوە زۆر جیاوازە، بەتایبەتی لەم سەردەمەی نەتەوایەتییەدا بە توانەوە میللەتێکی تر بێننە کایە! ئەڵبەتە نەخێر! وەک گریمانەیەکی هەرگیز نەبوو لە هەندێک لە بەشەکانی کوردستان و لە جێیە دوور لە چاوی چاودێریی جیهانی شارستانیدا کردەوەیەکی تاواندنەوە بە هێزی تۆپ و فڕۆکە ئەنجام بدرێ، تەنانەت بە ڕواڵەت شوێنەواری سەرکەوتنێکیشی لێ بەدی بکرێ، هەر لەگەڵ نەمانی هێزەکە، لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بە ژیاندنەوەی زمانی نەتەوەیی و ئەدەبیات و مێژوو، ئەو کوردەی بووەتە جێ ئاگاییەکی نەتەوەیی بەهێز، بە ژیاندنەوەی ئەوانە و خستنەوە ناو کۆمەڵی خۆیانەوەی ئەوانە، بەبیردا نایێتەوە؟ ئاخۆ دەکرێ بەمە بگوترێ نابێ؟ لەو بارەدا با بچینەوە سەر زانیارییەکانی لەم بارەیەوەی " زیا گوێک ئالپ "، کە بە قسەی دوکتۆر بەگ بڕوای بەوە هەیە کە تورک بتوانن کورد بتوێننەوە، بەڵێ (زیای کورد)ی دیاربەکری دەڵێ: " لەبەرئەوەی هەندێک نەتەوە لەناو خەڵکی تردا بەشێوەیەکی یەکجارەکی تواونەتەوە، ئیدی بە هیچ شێوەیەک دوای مردن ناژیێنەوە. بۆ نموونە لەبەرئەوەی غولواکان لەگەڵ لاتینەکان و فرانکەکاندا بە تەواوی ئاوێتە بوون، ئیدی لە فرەنسا هەرگیز لە توانستدا نییە زمان و نەتەوایەتیی غولوا بژیێنرێتەوە. بەڵام نەتەوەیەکی زۆر دوای لەدەستدانی کەسایەتی و زمانیان دیسان ژیاونەتەوە. لەم ژیانەوەیەدا یەکەم جموجۆڵ گیان بەبەر زماندا هاتنەوە دەستی پێ کردووە. بۆ نموونە ئەو (چەھ) انەی لە کاتێکدا لەناو ئەڵمانەکاندا توابوونەوە لە پڕێکدا هەستێکی نەتەوەیی بەئاگا هاتەوە. بە لەدایکبوونەوەی سەرلەنوێی زمانی (چەھ) و ئەدەبیاتەکەی، نەتەوایەتیی چەھ پاش مردن ژیایەوە. لە ئینگلتەرە ئێرلاندییەکان هەر ئەو بە ئاگاهاتنەوەیەیان نوواند. لە ڕووسیا ئۆکرانیاییەکانیش نموونەی ئەم جموجۆڵەن. لە تورکیا، لە کاتێکدا ڕۆمەکانی قەرەمان (کەڕەمان) و ئەرمەنییەکی زۆر، بە تەواوی تورکێنرابوون سەرلەنوێ لە فێربوونەوەی زمانە کۆنەکەیاندا سەرکەوتن." ئێستا لە دوکتۆر بەگ دەپرسین: ئێرلاندییەکان بۆچی دەیانەوێ لە دەوڵەتێکی مەزن و بەهێزی وەک بەریتانیا، لە ڕێکترین و بالاترین و بڵندترین میللەتێکی وەک ئەنگلۆ ـ ساکسۆنەکان جودا ببنەوە؟ ئەو وڵاتە پان و بەرینەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی پێک دەهێنا و هەر ڕەگەزێکی گەورە یا گچکەی جگە لە تورکی

بە خـۆوە دەگرت، کـە سـەتان سـاڵ لەژێر ئەو نـاونیشـانـە عوسـمـانییـە دڵکێشـەدا هەر ئەو بیـرە هـاوبەشـەی هەڵگرتبـوو و لە پێناوی ئەو بیـرەدا دەم بە پێکەنینەوە خـوێنی خـۆی بە ڕشتن دەدا و گیـانی بەخت دەکرد، بۆچی لە هـەرە کۆتاییدا لـێ جـودا بوونەوەی پەسند کرد؟ بەهەرحـاڵ توانستی هێنانە گـۆڕێی (ئاوێتە) یەکی لە تاقمە ڕەگـەزێکی جوایەز پێک هـاتوو، دۆزێک نییە بـە خسـتنە ناو دەفرێکی ئـەو ڕەگـەزە جیـاوازانە و بـەتاڵکردنیـانەوە پـێک بێت. لەو حکوومـەتانەشـدا کە پێـوەندیی مـادی و گوزارەیی نێوانی ڕەگەزە جیاکانیدا شلـۆق بن، بەپێی ئەو کـاریگەرییـەی خـاک یان وڵات، بەسـەر ئەو ڕەگـەزە باس لێوە کـراوانەدا، هەر لە حـوکمی دەفرێکی ئـاسـایی و چۆنیـەتییـدایە. تاکـە حـوکم و هێزێک بتـوانێ ئاوێتـەبوونەکە دابین بکا ئەو دەسـتە حـوکمدارەیە کە دەتوانێ ئەوانە چون گیـمیـاگـەرێک بە باشـی بەکار بهێنێ. لێرەشـەوە بە ڕوونی دیارە کە ئەندامـانی ئەو حکوومـەتانەی بەڕێوەبردن و حـوکمڕانیی ڕەگـەزە جیاکانیـان پـێ دەسپێررێ، پێش هـەمـوو شتێک دەبـێ توانـستی ئەوەیان هـەبێ، ڕەگـەزەکـانی خـۆیان لە بیـر خـۆیان ببـەنەوە و بە یەک چاو بنۆڕنە هـەمـوو تاکـەکـانی مـیللەت. دەنا تورکێک یان عەرەبێک بە (قـەزاوقـەدەر) بە کـامـەرانیی فـەرمـانڕەواییی کـورد، تورک، عەرەب، عەجـەم، ڕۆم و ئـەرمەنی گەیشتبێ، لە بەرچاوی مـیللەتدا بیری تۆرانچێتی یان عـەرەبچێتی هـەڵبگرێ و بیـەوێ بـۆ مـەبەسـتێکی وەها، تاکـە بە ڕەگـەز جـوداکـانی مـیللـەت لە خـۆی کـۆ بکاتەوە، دەبێ زۆر چاک بزانێ کە بەر لەوەی لە مەمنوونکردنی ڕەگـەزی خودی خۆیدا سـەربکەوێ، بەوەی کە ڕەگـەزەکـانی تر بـە توندی لە خـۆی دوور دەخـاتەوە و خـودی خـۆی دەبێـتـە پێکـهێـنی یەکـەمین و بەبایەخـترین هـۆی دوو ڕوویی و ناکـۆکی. ئیدی ئەوە ئەو ئەنجامـەی لە سیاسـەتی تۆرانچـیێتـیی ئیـتیـحـادچییـان هـاتە کایەوە! لە ڕاسـتیدا دوای ئـەوەی تورکیـا لـەژێر مـۆتەکـەی ئەو سیـاسـەتە نەگبەتەدا کە گەیشـتە ڕادەی لەناوچوون و نادیـاری، بە شـتێکی وەک پەرجو دیسـان ژیایەوە. بەڵام داخـۆ ئەم ژیانەوەیە هـەمـوو کـاتێک، بۆ هـەمـوو میللەتێک وەهـا سـانا دەبێ؟ دوای ئـەمـەندە لە بابەت دەرچوونەوەمـان با بگەڕێینەوە سـەر مـەبەسـتـەکـەمـان: کـورد نەتەوەیەک نییـە نە کەسـایەتی و نە زمـانی نەتـەوەیی لە بیـر کـردبێ. بگرە تەواوێک لە کـەسـایـەتیی نەتەوەیی گـەیشـتـووە و خـاوەنی زمانێکی دەوڵەمـەند و ڕەنگینە، کە هەر وەک لە گـۆڕەپانی شیعـر و ئەدەبییاتدا، لە مەیدانی زانست و هونەریشـدا دەسـتی بە، بەکـارهێنانی کـردووە. بەپێی ئەمـە گـردمـان کە لە تورکیـا، یان لە هـەر وڵاتێکی تردا کورد لەژێر باری چەوسـاندنەوە و تەنگ پێهەڵچنین، یـان بە فڕوفێڵ و پیلانی سـیاسی کـەسـایەتیی نەتـەوەیییـان یان تەنانەت زمـانی نەتەوەییـشـیـان بـە جـۆرێکی هـەنووکـەیی پـێ لە بیـر کـرابێـتـەوە، ئەوان هـەر کە لەم بارودۆخـە ڕزگاریان دەبێ و نابـێ وەک نەتەوەیەکی یەکـرێز و تەبا، ئەوەیان بۆ پێکهاتنەوەیان و دواتر پێگەیشـتنیان نابێتە تەگەرە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش بـا گوێ لە خوێندنەوەکانی (زیا گـوێک ئاڵپ) ی خوالێخۆش بووی یەک لە گەورەترین زانایانی کۆمەڵناسیی تورکیا بگرین:" نەتەوە، کە دەچێتە ناو دینێکی هاوبەش و دەوڵەتێکی هاوبەش و شـارسـتـانییـەکی هـاوبەشـەوە، کـەسـایەتیی لەدەست دەدا، دواتر کـەسـایەتیی خـۆی لەم سـێ ژیانە هـاوبەشـە ڕزگـار

دەکات و بە ناوی (میللەت)ەوە دێتە گۆڕێ. نەتەوە کە لەو ماوە دوور و درێژەدا لەناو ئەم ژیانە هاوبەشانەدا ژیاوە، بەرەوڕووی تاقمە گۆڕانکارییەکی گەورە هاتووە. لەبەرئەوە کاتێک سەرلەنوێ لە شێوەی میللەتدا لەدایک دەبێتەوە، ئیدی بە تەواوی میللەتە کۆنەکە نییە. ئەوەندەی بکرێ گۆڕاوە، لەبەرئەوە بەهیچ شێوەیەک گەڕانەوە بەرەو ڕابردوو بە ئامانج ناگرێ. نەتەوە لەناو ئەم ژیانانەدا، ئاخۆ لە پێگەی بەڕێوەبەر (حاکم) بێ یان بەڕێوەبراو (مەحکووم)، بە زۆری بەرەو پێگەیین دەچێ. لەبەرئەوەی بە هەڵبژاردنەوەی زمان و ئاین و شارستانی، ڕەتبوونی بۆ دەرەخسێ کە لە نموونەگەلێکی جوداوازەوە جوانترینیان هەڵبژێرێ. بە تایبەتی نەتەوە بەڕێوەبراوەکان، بە کاریگەریی تەنگ پێهەڵچنین بارودۆخێکی بێ ڕەسەنایەتی، دیموکرات بە خۆوە دەگرێ. " ئە لێرەوە ڕوون دەبێتەوە کە نەتەوەیەک، بە تاواندنەوە بەشێوەیەکی هاتاهەتایی بە تێکەڵ و ئاوێتەبوو ناژمێررێ.



زیا گۆیک ئالْپ

بۆ ژیاندنەوەی ئەو، بە ئاگاهاتنەوەیەکی نەتەوەیی بەسە. لە کاتێکدا نەتەوەی کورد لە کاتی هوشیاریی نەتەوەییدا دەژی. شوێنەواری ئەم بە ئاگاهاتنەش لە عێراق و سووریا و ئێران و تا قەفقاسیا و ئەمەریکادا دیارە و بە سەتان کتێب بە زمانی نەتەوەیی دەهێنرێنە بەرهەم. واتە ئەو کوردەی ئەمڕۆ لە تورکیا دەخوازن بیتاوێننەوە، بۆ ژیاندنەوەی ئەدەبییات و مێژووی لە گشت لایەکدا ئەو کۆششانەی لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە خەرج دەکرێن _ سەرەڕای کۆمەڵە تەگەرەیەکی سیاسی و تەنگ پێهەڵچنین – کتێبی زۆر بەبایەخ دەهێنێتە بەرهەم. لەگەڵ ئەوەشدا بەم بۆنەیەوە لێرەدا دەبێ ئەوە تۆمار بکەین، ئەو پێشکەوتنەوەی کوردە لە عێراقدا، کە مافێکی ئاساییی خۆیانە، تا ڕادەیەک بەشێکی کەمی جێی شانازییە. لەبەرئەوەی کوردی عێراق کە سێ یەکی دانیشتووانی پێک دەهێنن، لە کاتێکدا دەبوو کورد لە ڕاپەڕینی نەتەوەییدا پێشەوا بێ، بەداخەوە لە زۆر لایەنەوە پێویستی بە دەرەوەیە و لەو وڵاتانەدا کە تێیاندا هەن، چرییەکی کەمتر و بە ڕواڵەتیش خاوەنی مافی کەمترن، ناچارن بژێویی نەتەوەیی و مێژوویییان لەو مەشخەڵە زانیارییانە وەربگرن کە هەڵیان کردوون. ئەو حکوومەتە یەک لە دوای یەکانەی عێراق، کە وا دەبینرێ ئارەزوویان لە لایەنگیریی سیاسەتی (عێراقچێتی) دەکەن بێگومان بە سیاسەتێکی پێگەیشتوو دانانرێ. ئەگەر دۆستایەتیی کۆماری تورکیا بۆ حکوومەتی پایەبڵندی عێراق بە بەها بێ، ئەو کوردانەش کە لە عێراقدان و بەشێوەیەکی زۆر دڵسۆزانە بوونەتە پاڵپشتی حکوومەت و بوونەتە بەشێکی تەواوکەرەوەی یەکەتییەک، دەبێ لەو کەمبایەختر نەبێ. بە تایبەتی دۆستایەتیی ئاڵوگۆڕکراوی دوو حکوومەتەکە لە کاتێکدا دەشیا لە چاکەی نەتەوەی کورددا خەرج بکرێ کە بێگومان ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە مرۆڤانەتر و لۆجیکیترە، گرتنە بەری ڕێگەچارەیەکی پێچەوانەی

ئەمە، بێهێزیی ئەو حکوومەتە دەردەخا کە چارەی پێچەوانەی لا پەسندە، یانیش ئەوە دەردەخا کە بینینی نەتەوەی کوردی بابەتی باس، بەلای حکوومەتەوە هەر بەپێی ئەو ڕوانینەیە. ئەگەر پێوەندیی بە چارەنووسی کوردەکانی دەرەوەی عێراقیش بنێینە لاوە، ئەگەر کوردی ناو عێراق _ بە ڕەگەزێکی بیانی نەزانرێ _ لەناو سنووری حوکمڕانیی ئەو حکوومەتەی سەر بەون و چی بەو سیاسەتە بڵێین کە بە هەموو جۆرێک ڕێ لە ئارەزووی پێشکەوتنی ناو نیشتمانی دایکیاندا دەگیرێ؟ تەنانەت ڕێکخراوە زانستییەکانی کۆماری ڕووسیای گەورەترین و دڵسۆزترین دۆستێکی تورکیاش لە پێناوی پەرەسندنی کوردەکان لەسەر بناغەیەکی نەتەوەییدا، هەوڵەیلێکی بە بایەخیان داوە و بۆ ورد بوونەوە لەو هەولانەی لە سەرەتای ساڵی ڕابردووەوە، تا ئێستا دراون، بانگیان بۆ کۆنفرانسێک داوە لە (تفلیس) بگیرێ، بە کورتی لە کاتێکدا کە لە ناوچە کوردییەکانی قەفقاسیادا بە هێنانە کایەی زمانێکی ئەدەبی، هەر جۆرە ئۆرگانێکی زمانی کوردی کۆ دەکرێتەوە و کوردە ڕەوەندەکان لە گوندەیلێکدا نیشتەجێ دەکرێن و لەلایەن دەرچووانی خانەی مامۆستایانی (ئەریوان)ەوە لەو قوتابخانانەدا وا لەو گوندانەدا دەکرێنەوە لاوانی کورد بە زمانی خۆیان پەروەردە دەکرێن، کەچی لە عێراقدا ئەو کوردانەی یەکەتیی ئاسایی پێک دەهێنن _ بایەخ بە تەگەرەگەلێک دەدرێ کە بوونیان نییە – و ڕێ والانەکردن لە بەردەمی پێگەیین و پێشکەوتنیاندا بەبۆچوونی من بەپێچەوانەی داناای حکوومەت دێنە پێش چاوان. دوای ئەم ڕوونکردنەوە کورتانەی، ئومێدەوارم بە نیازپاکی وەربگیرێن دیسانەوە دەگەڕێمەوە سەر بابەت، دوکتۆر شوکری محەمەد بەگ: لە لاپەڕە (٢١)ی ئەو نامیلکە تورکییەیدا کە پێشتر باسی لێوە کرا، ئەو کاتەی کە دەیگوت: " هەر کام بەشەی کوردستان کە وەک پۆلۆنیا لەناو سێ دەوڵەتدا بەش کراوە بخرێنە باری ئەندامێتیی سیاسییەوە (organisme politique) کوردەکانی ئەو بەشە بە خۆویست بەڕاستی بەخۆیەوەی دەبەستێ و دوو بەشەکەی تر کە لە دەرەوە ماونەتەوە، لە ماوەیەکی کەمدا بێ ئەوەی هیچ زەحمەتییەک ببینرێ دێتەوە پاڵ خۆی. "، داخۆ ئەوسا، بەوە قایل بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان یەک لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان لەناو خۆیاندا دابەش کردووە، ئەم سیاسەتە بگرێتە بەر، ئەگەر قایل بووبێ ئەو هۆیە چییە وا ئەو قایلبوونەی لابردووە؟ بەهەرحاڵ سەرەڕای ئەو ڕێیە ئازادانەیەی گوایە لە گرتنەبەری ڕاهاتووە، سوور دەزانم لەم بارەیەوە هیچ ڕوونکردنەوەیەک ناداتەوە. لەبەر هەندێ (بەندە) بەو قسانەوە کە وەک ئاماژە تا ئێستا هێناومنەوە لێ دەگەڕێم، بەڵام لەبارەی ئەو دۆزی کوردستانەی (وا دەزانرێ) تێکەڵ بە ڕابردوو بووە و بڕاوەتەوە، بە چەند وشەیەکی کورت باسی دەکەم، بەو جۆرەی کە ئەو دەوڵەتانەی پۆلۆنیایان دابەش کردبوو، وەک ئەوەی زۆر لەو دەوڵەتانە بەهێزترن کە کوردستانیان دابەش کردووە، حوکمی پەیمانە ناودەوڵەتییەکانی ئەو دەورەش لەبەر هۆیەلێکی زۆر کاراتر و بەردەوامتر دەبوو. لەگەڵ ئەمەدا، ئەو پۆلۆنیا زنجیربەندەی تەنانەت لە ڕزگارکردنەوەی لەلایەن (ناپۆلیۆن بۆناپارت)یشەوە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابوو، لە کۆتاییدا ڕزگار بووەوە. ئیدی ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە هەموو ڕۆشنبیرێکی کورد زانیویەتی و تێی

گەیشتووە! بەڵام با ئەوانەش کە بە دڵ ئارەزوویان لەوە بووە تەنیا لە ڕێگەی زۆرداری و توندوتیژییەوە لە حوکمکردنی کورددا بەردەوام بن، با ببنە خاوەنی ئەو دڵەی بتوانن ددان بەم ڕاستییە سەرسوڕمێنەدا بنێن و بزانن کە کوردپەروەرێکی پایەبڵند بەو شێوە زۆر ڕەوانبێژانەیە باسی کردووە، کە لە هەر ئیمپراتۆرییەتێکی داخوراودا دەبینرێ، هەر یەکێک لەو پارچانەی لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی جودا بوونەتەوە، بە لاپەڕەکانی دۆزی کورددا ڕەت بوون، یانیش تەنیا بە جیاوازیی دواکەوتنەوە، کوردستان ئەمڕۆ ئەو ڕۆژگارانە دەژی کە ئەوان بەسەریان بردوون. " ئەمە، کەوا بوو هەموو کاتێک بەپێی شییانی لە پشت هەورێلی تەماوییەوە دەرکەوتنی ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئومێد، کوردیش وەک هەموو میللەتێک، ئەگەر چاوەڕوانی سبەینێی بەختەوەر بۆ برا لە ژیان بێ بەشەکانی بکا زۆر ئاساییە.

١٣

لە کاتێکدا کۆماری تورکیای پێگەییو لە توانایدا بووە، بەشێوە سیاسەتێکی میانگیری مرۆڤانەوە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەر لە ئەنجامێکی وەها بگرێ، بە داخەوە بەسووربوونەوەیەکی کەللەڕەقانە و هەر ڕۆژە و بەشێوە توندییەکی نوێوە بۆ تاواندنەوەی کوردان و بگرە بۆ لەناوبردن و سڕینەوەیان چالاکی دەنوێنێ. کە ئەمەش جگە لەو لاوازییەی بەسەر سامان و هێزی کۆماردا دێ، نێزیکەی دوو ئەوەندەی ئەو کوردانەی لەناو دەبرێن، تاکەیلی تەواو تورکیش لەناو دەچن و بەم پێیەش لە کەم کردنەوەی خەڵکانی گشتیی وڵات، هیچی دیکەی لێ نایێتە بەرهەم. ئەوانەی لە کوشتار ڕزگار دەبن، ئەو کوردانەش کە بۆ دەرەوە هەڵدێن، دەچنە پاڵ دوژمنانی کۆماری تورک و سەرباری ئەوەش ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەیەکی بەهێز پێک دەهێنن! لە کاتێکدا دوکتۆر بەگ لەلایەکەوە لەبەر پێویست نەبوونی ترس لە تواندنەوە، لە سەردەمە مێژووییەکاندا نەتەوەگەلێکی زۆر بە تەواوی یان تا ڕادەیەک تاواونەتەوە، کورتییەکەی ئەوەیە کە، لەبەرئەوەی بارودۆخی ئەو لاوازەیلەی لەلایەن بە هێزترەکانیانەوە مژراون و بارودۆخیان هەموو کاتێک باشتر دەبێ و بە شێوەی باسکردنی هەموو لایەکی، دامرکاندنەوەی تووڕەییی نەتەوەپەروەرانی کورد و بەپێی قسەی خودی خۆی دوای ئەوەی داوای بە (مۆرفین)ێکی زانستی و مێژوویی بێهۆشکردنی ئەوان دەکا، لەلایەکی تریشەوە بەو شێوەیەی کە دەبێژێ: " بەڵام بۆ کوردەکانی تورکیا دۆزەکە بەم جۆرە نییە. لەوێدا نەک پرۆسەی مژینێک یان تاواندنەوەیەک، مەبەست تەنیا یەککگرتنەوەی دوو نەتەوەی هاوڕەگەزە. "[٤٣] ڕاستییە سامناکەکە دەخاتە بەرچاوی نەتەوەی کورد و هەوڵی سووککردنی سەرسامییەکەی دەدا. شێوازێکی ئێجگار بەهرەوەرانەیە! تەنیا ئەگەر شتێکی شایەنی داخ بێ، ئەویش ئەو بانگەی دوکتۆر بەگە کە ئاراستەی تورکەکانی دەکا و دەڵێ: " هەر ئەوەندە کە توندوتیژی بەکار نەهێنرێ! "[٤٤]، ئەو وەڵامەی تۆپ و فڕۆکەکانی تورک بەرامبەر ئەم بانگە بەو بێچارە کوردانەی دەدەن (بێگومان نەک بە چەکدارانیان) کە هێشتا لە سووتاندن و سوورکردنەوەیاندا بەردەوامن، پەند

بەخشن. نازانم بۆ یەکخستنەوەی دوو نەتەوە، خوێن و بارووت پێویستن؟ ڕاستییەک هەبێ بیزانم ئەویش ئەوەیە کە: سەرەڕای ئەم هەموو ڕووداوە خوێناوی و دان بەخۆداگرتن نەهێڵە، یەکەتیی کورد _ تورک تا دێ دووچاری لاوازی دەبێ و ماوەی نێوانی ئەم دوو نەتەوە موسڵمانە لە ڕێژەی ئەو زۆرداری و تەنگ پێهەڵچنینەدا هەر لە بەرینتر بووندایە. ئەگەر مەبەستی حکوومەتی تورکیا لەم تەنگ پێهەڵچنییە، لەژێر پەردەی یەکگرتنیاندا تاواندنەوەی کوردی مەبەست بێ، من لێرەدا لەگەڵ زانینی ئەوەی پێیان خۆش نییە، لە پایەی وەڵامدانەوەدا بەهێنانەوەی هەندێک لەو قسانەی کەسایەتیی یەکەمی خودی دوکتۆر بەگ دەستبەردار دەبم، بەڵێ خودی دوکتۆر بەگ نێزیکەی دوازدە ساڵ لەمەوبەر واتە لە ساڵی ١٩٢٣ دا کە نامیلکەی بەناوونیشانی کورد چییان لە تورک دەوێ (کوردلر تورکلردن نه ایستیورلر)ی بڵاو کردەوە، کە لەبارەی توانین و نەتوانینی تواندنەوەی کورد لەلایەن تورکەوە دەدوێ، بەم جۆرە قسەکانی بەڕێوە بردووە: " ئەو کوردانەی لە چوارسەت ساڵەوە بە زەبری شمشێر نەتوێنرابێتنەوە، لەمەودوا، " کێڵگەی لاوازی " شارستانیی تورک بەداخەوە هەگیز ناتوانێ بیتوێنێتەوە، ئەگەر تواندنەوەی ڕەگەزێکی بیانی لە توانادا بووایە، ئەڵمانەکان لە تواندنەوەی (پووزەن!!)، کە ئەڵمانی لەهستان (پۆڵۆنیا) یان پێ دەگوتن و لەهـ _ هکان (پۆڵۆنییەکان)ی دەوروبەریاندا سەردەکەوتن. لە گشت گوندەکانی (لەهـ = پۆڵۆنی)یاندا، وەکی تر، کە لە قوتابخانەکانی ئەڵمانیای ڕۆهەڵاتدا تەنیا بە ئەڵمانی وانە دەگوترایەوە، ئەوانەی بە پۆڵۆنی قسەیان دەکرد تووشی جۆرەها ئەشکەنجە و چەوسانەوە بوون، بەلای هەموو کەسێکەوە زانراوە، کە منداڵەکانیان یەک وشەی ئەڵمانی فێر نەبوون و هەر بە پۆڵۆنی مانەوە. ئەگەر ئەڵمانیا بەو توانستە زانیارییە و بەو ئاستە بەرزەوە، بەو بڕە پارە زۆرەی بۆ بودجەی پەروەردە (مەعاریف)ی تەرخان کردووە، نەتوانێ پۆڵۆنییەکان بتوێنێتەوە، کوردە لادێییەکان کە شانازیی نەتەوەییان لە سەرووی هەر جۆرە گفتوگۆیەکەوەیە، بە تایبەتیش لەم سەردەمی نەتەوایەتییەدا تورکەکان چۆن دەتوانن بیانتوێننەوە؟ هەندێک لە مێشک ئەستووران، لەوانەی کورد ناناسن و لە ڕووداوەکانی ئەمڕۆ خۆیان نەبان دەکەن بە شیانی جێبەجێبوونی ئەمە قایل دەبن، ئەگەر ڕێ بدەن کاتی بە بەهای خۆیان بە فیرۆ بدەن، ئۆباڵی ئەمە بە ئەستۆی خۆیان!..." [٤٥] لەبەرئەوەی، زۆر زمانپاراو نییە؟!.. ئێستا نازانم دوای ئەوەی ئەم ڕاستییە سەرسوڕمێنانە کە لە زاری خودی دوکتۆر بەگەوەمان بیست، ئاخۆ پێویست دەمێنێ وەڵامێکی ئەم قسانەی خوارەوەی سەر بە کەسایەتیی دووەمی بدرێتەوە کە لە " La question Kurde " دا[٤٦] بڵاوی کردوونەتەوە؟ ئیدی ئەو قسەگەلەی وا نموونەیەکی ئێجگار زمانپاراویی کەسێک پێک دەهێنێ کە بتوانێ خۆی بە درۆ بخاتەوە: " لەبەرئەوە ئەو کوردانەی لەگەڵ تورکدا هەر لەو ڕەگەزەن، بە یەکگرتنەوەی خۆیان نەتەوەیەکی تازەی تورک پێک دەهێنن کە گیانی زیندوو و بەهێزی ئەو، دواتر دڵیان بۆ تاکە یەک ئامانج لێ دەدا سەرلەنوێ دەخاتەوە جووڵە. هیچ شتێک ناتوانێ ڕێ لە یەکەتیی ئەم دوو نەتەوە لەیەک چووە و دوای ئەوەش لە تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونیان بگرێ. "

با تۆزێکیش لە خوێندنەوەکانی دوکتۆر بەگ لەبارەی زمانی کورد و لەبارەی ئەو وانە خوێندنەوانەی بەم زمانەوە دەکرێ ورد بینەوە، دوکتۆر بەگ دەڵێ: " لە دوای ئاگربەسەوە لە لیوای سلێمانیی عێراقدا و لە ماوەی هەشت ساڵ لەمەوبەرەوە لە گشت ئەو ناوچانەی وڵات (عێراق)دا کە بە کوردی دەپەیون زمانی وانەوتنەوە کوردییە. لەم هۆی وانە وتنەوەیە ئامانجی دەستکەوت چییە، بەشێوەیەکی بڕاوە هیچە. "[٤٧] منیش لەگەڵ دوکتۆر بەگدا لە بڕوای بێبایەخیی ئەو ئەنجامانەدام. تەنانەت بەبڕیاردانی وەهایاندا لە پێشکەوتنی نەتەوەییی کورددا لەبارەی ئەوەوە کە وەک باسم لێوە کرد خاوەنی کەمترین بەشێکی شانازییەی کە تۆزێک لەمەوپێش پشتگیریی تێبینییەکانمی کرد قەرزاری سوپاسکردنیم. لەبەرئەوەی ئەگەر خاڵێک هەبێ لەگەڵ ئاماژە بۆکراودا نەبم، لەبارەی بڕوا بە بێسوودیی وانەگوتنەوەی بە زمانی کوردییەوەیە. لەبەرئەوەی تەنیا جارێک دوای ئاگربەس ئەو قوتابخانانەی بە ناوی لیوای سلێمانییەوە کراوەتەوە چەند ساڵێک تەنیا شاری سلێمانیی گرتووەتەوە، لە سەرەتاییەک و قوتابخانەیەکی یەکەمی دووپۆلی پێک هاتبوو. ئەگەر لە ناوەندی قەزاکانی هەڵەبجە و چەمچەماڵیشدا لەم دواییەدا سەر و قوتابخانەیەکی یەکەم کرابێتەوە، ئەگەر ئەمانە یان ئەو قوتابخانانەی لە شاری سلێمانیدا کراونەتەوە، لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ و ١٩٣٠ دا سێ جار بەهۆی پەیدابوونی بزووتنەوە چەکدارانەکانەوە، بە زۆری لەبەر نارێکیی خوێندن و کتێب و پێویستییەکانی تری خوێندن و بڕە مامۆستای پێویست و چاودێری و پشکنینەوە، بە کورتی بەوەی کە لە گشت جۆرە بایەخ پێدان و یارمەتی و هی تری حکوومەت بە تەواوی بێ بەش ماونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە مەرجەکانی قوتابخانەیان تێدا نەبووە، دیسان هەل بە دەست هێنراوە و لەو ماوانەدا، کە خوێندن بەردەوام بووە، زمانی دایک" واتە زمانی بنەڕەت " بەکار هێنراوە، بەڵێ لەبەرئەوەی زمانی کوردی وەک زمانی پێ خوێندن بەکار هێنراوە، کە جارجار ئەو پرۆگرامانەی بۆ ساڵێک دانراون لە ماوەی چەند مانگێکدا خوێنراونەتەوە و کەم تا زۆرێک ئەنجامی لەگەڵ داواکراو گونجاو بەدەست هێنراوە. سەرەڕای ئەمە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٢ – ١٩٢٧ و لە سەردەمی (شۆڕشی شێخ مەحموود)دا، کە تەواوی پێنج ساڵی خایاندووە، سەرەڕای ئەوەی بەڕێوەبەریەتیی ئەم قوتابخانانە کەوتوونەتە ئەستۆی دڵسۆزی و ئازایی لاوانی کورد، دیسان کە، قوتابییانی ئەو قوتابخانە باس کراوانە بەپێی ئەنجامەکانیان بەسەر قوتابخانە جیاکانی بەغداوە دابەش بوون، توانستی بەدەستهێنانی سەرکەوتنی لە هاوەڵانیان باشتر، سوود و مەزنیی بەکارهێنانی زمانی نەتەوەییان لە خوێندندا دەسەلمێنێ. ئەگەرچی لە ماوەی ئەو یەک دوو ساڵەی نێوان ساڵانی لە ١٩٢٧ەوە تا ١٩٢٩ حکوومەت بە کردنەوەی یەک دوو قوتابخانەی یەکەم و سەرەتایی، پێگەیاندنی هەندێک مامۆستای لاوی کورد لە خانەی مامۆستایان (دار المعلمین) ی بەغدا و بە پێکهێنانی لیژنەیەکی سێ کەسی بۆ وردبوونەوە لەو کتێبە قوتابخانەییانەی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاونەتە سەر کوردی و بە شێوەگەلێک ئەنجامدانی چاکسازیی سادە، لە ناوچە کوردییەکاندا کە لە چاو لیواکانی

تر دواکەوتوون، ئەگەرچی ئەوەشی دەربڕیبێ کە نیازی پڕکردنەوەی جێی ئەوەی هەیە کە لە ڕابردوودا لەدەست چووە، بە داخەوە بەو شێوەیەی دوکتۆر بەگ دەڵێ، دوای ئەوەی بە تاقمە هەڵەیەکەوە کتێبە قوتابخانەییەکان لە چاپ دراون کە بۆ بەکارهێنان دەست نادەن و ژمارەیان زەحمەتە بگاتە دەرزەنێک، ئەو وەستانەی لەپڕ بەسەر ئەم بزووتنەوەیە هاتووە کە دەکرێ بە پیرۆز ناو ببرێ، شوێنەواری لیژنەی لێ وردبوونەوە و ئەوانی تریش لە گۆڕێدا نەمان، لە ١٩٣٠ەوە تا ئەم ساتە کە وەزارەتی مەعاریف تاکە یەک کتێبیشی چاپ نەکردووە و ئەوانەی پێشتریش لە چاپ درابوون لە هەریەکەو تەنیا دووسەت دانەیان دابەش کراوە و ئەمێستاکە هیچ شوێنەوارێکیان لێ نەماوە و دەست ناکەون، بە هۆی جیا جیاوە دژایەتی و لەناوبردنی زمانی کوردی تەنانەت هەوڵی هەڵگرتنەوەیان لە قوتابخانەکانی شاری سلێمانیشەوە و گەلێک شتی تریش بە بەرچاوەوە بگیرێ، بە ئاسانی لەو هەڵەیە تێ دەگەین کە بۆچی هۆیەکانی نەبوونی هیچ بەهایەکی ئەو ئەنجامە داخهێنەی هاتووەتە کایە، دەخرێتە سەر زمانی هۆی فێرکردن و پەروەردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆشنبیرانی کورد بە خۆ لە تەگەرە بێ کۆتایی و گرفتدانەوە و بە هەڵبژاردنەوەی خۆبەختکاریی زۆر گەورە، ناوە ناوە بە زمانی کوردی بە بەرهەمهێنانی هەندێک کتێبی نایابی ئەدەبی و زانستی و مێژوویی لە بژێویی بەخشینەوە بە گەنجینەی عیرفان خاڵی نین. لە کاتێکدا تۆزێک سنگفراوانیی کاربەدەستە بەڕێزەکانی عێراق، لە ماوەیەکی کەمدا، لەسەر ڕێی پێشکەوتندا دەبێتە هۆی هەنگاوی گرنگ هاویشتنی کوردی عێراق. بە کاریگەریی سیاسەتی دەرەوە، بە پێخۆشنەبوونەوە پێشوازی لە هوشیاریی کورد کردن، ئەنجامێکی باش نادا بەدەستەوە. ئێستاکەش با لە کوردی قەفقاسیا ورد ببینەوە کە ژمارەیان لە بیست و پێنج هەزار کەس تێ ناپەڕێ: بەپێی ئەو گتێبەی (Pierre Rondot) کە لە پاریسدا بە ناونیشانی (Extrait de revue des etudes islamiques) بڵاوی کردووەتەوە، لە نێوانی ساڵانی ١٩٢٩ و ١٩٣٣ دا لە ماوەیەکی زۆر کورتی ڕابردوودا، لە چاپخانە حکوومەتییەکاندا بە تیپی لاتینی، لەبارەی زانست و هونەری جوداجوداوە (٥٥) ژمارە کتێبی کوردیی قوتابخانەکان لە چاپ دراوە و لەمانە تا ئێستا سەت و سی و پێنج هەزار دانە بڵاو و دابەش کراونەتەوە.[٤٨] سەرباری ئەمە لە ساڵی ١٨٧٩ دا فەرهەنگێکی کوردی لە پترۆسبۆرگدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە و هەیە، دیسان لەم چەندانەدا فەرهەنگێکی تری (ئەرمەنی – کوردی)ی نێزیکەی سێزدە هەزار وشەیی ڕێکخراوە و لە چاپ دراوە کە بەمەش – بە پێی لێ وردبوونەوەی زانا کوردە زماناسەکان سەرەڕای زۆر کەم وشە لە خۆ گرتن _ لە زانستی کوردیدا بۆشاییەکی گەورەی پڕ کردووەتەوە.

## ١٥

ئەگەر ئاوڕێکی دڵسۆزانە لە گشت ئەم ڕوونکردنەوانە بدرێتەوە، ڕوون دەبێتەوە کە کورد لەو وڵاتانەدا کە نیشتمانی ڕەسەنی خۆیانە، پێشنەکەوتنی بە شێوەیەکی شایستەیان لەبەر ئەوە نییە کە ڕەگەزێکی بێ بەهرە و نزمن، بگرە لەو ڕێ و شێوازە سیاسییە نەخۆشانەوە نەشونمای کردووە

کە هەندێک لەو دەوڵەتانەی ڕێبازی لەناوبردنی ئەم ڕەگەزەیان گرتووەتە بەر کە وا دەزانن بەرژەوەندییان لەوەدا دەبینن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کوردانەی بوونیان لەسەر خاکی تەنیا وڵاتێک و حکوومەتێکدا سنووردار نییە، لە هەندێک لادا بە کاریگەریی تەنگ پێهەڵچنینی نایاسایی، لە ڕێی پێشکەوتنیاندا ئەگەر کەم تا زۆرێک تووشی دواکەوتن بن، لە هەندێک لای تردا بشێ و هەندێ هان بدرێن و پشتگیری بکرێن هەموو کات جێی ئەوە پڕ دەکەنەوە کە پێشتر لە دەستیان چووە، تەنگ پێهەڵچنینە باسکراوەکان بە داخەوە کوردەکان لەو حکوومەتانە دوور دەخاتەوە کە سەر بەوانن و جگە لە خۆ بە بێگانە زانینی بەرامبەر ئەو چارەنووسە سیاسییانەی ئەو وڵاتانەی تێیاندا هەن سوودی تری نییە. بۆیە لە باری ئاشتیدا بەپێی زیرەکیی خودماکیان ئەگەر ئەو خزمەتە ڕاستگۆ و بە سوودانەی دەتوانێ ئەنجامیان بدا، لە بارودۆخی شەڕیشدا بایەخی خۆ بۆ کاروباری بەرگری لە وڵات تەرخانکردنیان کە بەهای جەنگیی بڕاوەی خۆی هەیە، بەبەرچاوەوە بگیرێ، بە چاکترین و مرۆیانەترین شێوازێکی سیاسییەوە بەڕێوەبردنی کوردەکان کەفیلی دابینکردنی پێوەندییانە بە وڵات و حکوومەتەکانی خۆیان، هەروەها لە پێویستییەکانی بەرژەوەندیی خودی ئەو حکوومەت و وڵاتانە خۆیانە. پێم وایە وەک بەدیهاتنی ڕێککەوتن لە سیاسەتی توندوتیژیدا، لە سیاسەتی ویژدانانەشدا بەدیهاتنی لەیەک گەیشتن کەمترین فیداکاریی دەوێ.. بە پەسند نەبینینی داواکاریی بوونە خاوەنی ژیانی خۆیان کە مافێکی سەرەتاییانە – بە ناوی پێشکەوتن و پێگەیینی خۆیانەوە – وەک ئەوە وایە کە لە ئاست تیشکی خۆردا چاو بنووقێنن و دەوروبەر بە تاریک دابنێن. زۆربەی نەتەوەکانی ڕۆهەڵات لە وڵاتەکانی خۆیاندا دوای ئەوەی کە بە زمانی دایکی خۆیان خوێندنیان تەواو دەکەن، بە چوونە خوێندنگا باڵاکانی ئەورووپا و ئەمەریکا، کە وەدەستهێنانی پسپۆڕییان دیارە، خوێندنەکانی سەرەتایی و دواتریان بە زمانی خۆیان ئەنجام دەدەن. سەرەڕای زیرەکیی زۆری کوردێک بە زمانێکی تر، بە تایبەتیش لە تواناد نەبوونی بەردەوامیی لە خوێندن، بیرکردنەوە لە بێبەشبوونی لە پێشکەوتن و پێگەیین بە زمانی فەرمیی حکوومەتی ئەو وڵاتەی ئەندامی ئەوە، لەلای هیچ خاوەن ویژدانێکدا بە پەسند وەرناگیرێ. کۆماری تورکیا بە قبووڵکردن و جێبەجێکردنی پیتە لاتینییەکان ئەگەر لە کەمکردنەوەی ژمارەی نەخوێندەواران و فراوانکردنەوە و بەگشتگیرکردنی زانیارییەکاندا سەرکەوتبێ، بڕوای بە سوودیی خوێندنی بە زمانی دایک لە کورد دانامالێ. چونکە ئەو کوردەی بەر لە تورکەکان تیپە لاتینییەکانی پەسند کردووە و بەبێ هیچ زەحمەتییەک و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا لە فێرکردندا بەکاری هێناوە، لە نووسراو گۆڕینەوە تایبەتییەکاندا لە جێبەجێکردنیدا ئا بەم پیتە نوێیانەوە سەلماندیان کە لە تورکەکان ئامادەیی پتر بە پەلە و سەرکەوتوویی بەرەوپێشەوەچوونیان تێدایە. دوای ئەوەی پێشەکییەکانی زانست و هونەری هەمەجۆریان بە زمانی خۆیان خوێندووە و توانیویانە بەچاکی تێیان بگەن (هەرسیان بکەن)، ئەو زمانە فەرمییە، کە لە بنەڕەتدا ناچارە فێری ببێ و ئینجا بە یارمەتیی یەک دوو زمانی بێگانەی تر بتوانێ زۆر بە سانایی خوێندنی باڵای ئەنجام بدا، کوردێک کە لە هەر گومانێکەوە ئازادە، لەناو ئەو کۆمەڵەی تێیدایە لە بەدەستهێنانی پایەیەکی زۆر چاکدا سەرکەوتن بەدەست

دەهێنێ، دوور نییە ئەو بە بیانووگەلێکی نائاسایی ناچار بکرێ بەڕێیەکی بە مەترسیی تەواوێک پێچەوانەدا بڕوا. لەبەرئەوە، بەپێی ئەو قسانەی دوکتۆر بەگ دەیانکا: نەتەوەی تورکی ڕەسەن " هەر لەمڕۆوە ئەرکی بڵندی خۆی و ڕووداوەیلی زۆر خوێناویی خەوشاوەر کە مێژووی هاوبەشی دەلەوتێنێ یادەوەریی زۆر بە ئازاری ڕابردووی زۆر نێزیک بە لەبیر نەتەوە بردنەوە و بۆ شادی و کامەرانیی کۆمار بە گیانی نوێی ئاگرینی میللەت لە ژێر سایەی جەنابی غازی (ئەتاتورک)دا، دەزانێ کە ڕێکوپێککردنی وڵات بە هەڵکێشانەوەی هەناسەیەکی حەسانەوەوە پێک دێ... "[٤٩] بە تایبەتی ئەگەر ئەم پیاوە گەورەیەی ئەم سەردەمە حەزرەتی مستەفا کەمال پاشا قایل نەبێ خەوشێک بچێتە مێژووی ژیانییەوە، پیرۆزیی هەستی نەتەوایەتی، نەک لە ویژدانی سیاسییەوەی، لە ویژدانی نەتەوەیی و مرۆڤانەوە سرووش وەربگرێ، بە نرخزانی و بەلای کەمەوە بەرامبەر بەو یارمەتی و فیداکارییە بەهادارەی لە شەڕی سەربەخۆییی تورکدا، بە ددان نانەوە بە مافی ژیانی نەتەوەی کورددا، دوایی بەم ڕووداوە خوێناوییە دەهێنێ، خۆ ئەگەر ئەمەش هەر نەکرا و ئەگەر وا دەزانن بە ڕاگواستن و کوشتن دەشێ کورد لەناو بچێ، ئەوسا زۆر باشە، دەبێ بزانرێ (Bazile Nikitin) ی یەک لە گەورە ڕۆهەڵاتناسەکان، لەو وتارەیدا کە لە لاپەڕە ١٢٠١ و لاپەڕەکانی دواتری بەرگی یەکەمی (Dictionnaire diplomatiqae) دا کە ساڵی ١٩٣٣ لەلایەن (ئەکادیمی دیبلۆماتیک ئەنتەرناسیۆنال)ەوە لە چاپ دراوە، وەک دەڵێ: " ئەو بەختەی بووەتە بەشی دۆزی نەتەوەییی کورد هەرچییەک دەبێ بابێ، بەم جۆرە بۆ ویژدانی ناونەتەوەیی، وەک ئەوەی بەپێی ڕەوشت، پەسنی ڕاستەقینەی ئەم دۆزە، نابێ بەژێرلێوەوە بکرێ، بەپێی مافەکانیش دراوەتە دەستی پارێزگاری (کۆمەڵەی نەتەوەکان) و وەک پێچەوانەی ئەو چەمکانەی بوونەتە کەلەپووری هاوبەشی مرۆڤایەتیی ئەم سەردەمە، بواری ئەوە نەماوە دۆزی کورد لە ڕێگەی ڕاستەقینەی خۆی دەربکرێ و ڕەوتی بە لاڕێدا ببرێ. "[٥٠]

٢٠ ی ئەیلوولی ١٩٣٤

پەراوێزەکانی نووسەر:

(20) Ceux qui furent internes ( pensionnaires ) dans les ecoles superieures de la Turquie se rappellent bien les groupements des eleves de Certains vilayets.Ce n`etaient pas les lieux de nationalite qui les groupaient, mais la maissance ou la frequentation des ecoles secondaires dans certaines provinces les ramassaient dans un meme group. P.18

(21) par exemple, Sultan Saladin, par son talent, et ses hautes vertus, son admirable bravour qui fait honneur et gloire aux musulmans en general, aux Touraniens en particulier, fonda un empire puissant, mais il n`a point songe a la transformer en un empire Kurde . Aussi tout dernierment, il y a un siecle, lorsque Kerim Han Zendi fut le shah tout puissant de la Perse, il n`a pense a faire de la Perse un Kurdistan p. 19 - 20

(22)... And claim with a pride of race to wich none Cangrudge admiration that, they are the pure Aryan the " holders of the hills, and the possessors of the tongue.,,

( 23 ) ììì Dans une conference faite sous fes auspices du musee gient, mme R. de Fanchonne

en des termes tres heureux, auquelle un Kurdistan ne pouvait pas rester insensible, a dit combien est injuste l`opinion generale ment rependue sur les Kurdes qualifies de sauvages et de brigands, alors que c`est une pure race arienne fiere, independante et chevaleresque! Le temoignage de Mme Fanchonne merite toul notre interet car elle a partage pendant trois semaines la vie primitivw des nomades Kurdes, ceei sans aucune arriere _ pensee politique, simlement Comme une femme qui se Confiait a la protection des trbus don_t elle traversait le territoire.,

La question Kurde.Vue par un etranger. P. 36

(24) Shirkuh, service to the moslem Cause deserves to be writen in letters of gold on the page of history.

(25) the final triuph was happily granted to one who was Shirkuh,s blood and owed his elevation to the blod Kurdish leader who established the fortunes of his houseì Stevenson: The Crusades in the East.P. 194

(٢٦) با بفەرموون و بڕواننە کتێبی تازە چاپکراوی بە ناونیشانی (مێژووی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیووبی)مان.

j`ai accouru au premier appel de la reunion de certains notables Kurdes. (27).. J`ai ete l`un des meilleurs orateurs de ces reunions.P.20

(٢٨) دوقتور شکری محمد بک. کوردلر تورکلردن نە ایستەیورلر. ص _ ٧

(٢٨ أ) ئەحمەد نەعیم بابان: یەکێک بووە لە زانایانی سەردەمی خۆی. کوڕی مستەفا زهنی پاشای بابانی ناسراوە. ١٨٧٣ (١٢٩٠ ی کۆچی) لە بەغدا هاتووەتە دنیا. ١٩٣٤ (١٣٥٢ ی کۆچی) لە ئەستەمبوڵ کۆچی دوایی کردووە. یەکێک بووە لە زانا ناسراوەکانی سەردەمی خۆی. چەندان کتێبی دانراو و وەرگێڕاوی بەجێ هێشتووە.

زۆر بە کورتی لە:ـ

http://www.jadde.net/rehber-ansiklopedisi-a-h-150/4371-ahmed-naim-bey.html

( 29 ) Pendant l`election du bureau administratif, apres Naim B.Baban, moi j`avais gagne plus de votes. Tandis que je n`etais ni notable, ni ( des ) grandes familles .Mais l`ardeur de mon ame rechauffait les coeurs de l`assistance qui ne me connaissait guere.

Puis apres j`ai acquis la confiance de tous, personne ne me dissimulait sa pensee intime.

J`affirme qu` aucun d`eux ne pensait a un moindre privlege pour les Kurdes. Dr. Chukru mehemed Sekban.La question Kurde. P.21

...(30) Pis apres j`ai acquis la confiancs de tous personne ne me dissimulait sa pensee intime.G`affirme qu`aucun d`eux ne pensait a`un moindre privilege pour les Kurdes. Dr. Chukri.La question Kurde.P. 21

(٣١) لاپەڕە ٧

(٣٢) دوقتور شکری محمد. کوردلر تورکلردن نە ایستەیورلر. ل _ ٨

(٣٣) کوردلر تورکلردن نە ایستەیورلر. ل _ ٨

(٣٤) کوردلر تورکلردن نە ایستەیورلر. ل _ ٨

(35) J`ai des preuves en main que meme au moment le plus critique de la Turquie presque aucun d`eux ne npurrissait ea realite` l`esprit de separatisme. Dr. Chukru. La question Kurde.P.23

( 36 ) Moi qui me pique d`etre un nationaliste Kurde, je n`ai point pense, toute ma vie, a la separation de la turquie.Ce n`eyait pas perce que je ne desirais pas l`independence du Kurdistan.Mais parce que, un tel souhait etait demander l`unpossible ou l`inutil p. 22 - 23

(37) Les evenements ulterieurs ont montre que la constitution d`un Etat independent Kurde eut ete une calamite, un desastro pour les veritables interets du peuble Kurde.P. 24

(٣٨) ڕەشنووسی ئەم نامەیەم لە پشووی هاوینی پاردا تەواو کردبوو، بەهۆی هەندێک تەگەرەی تایبەتییەوە لەچاپدانی هەندێک دواکەوت. بۆیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە بواری ئەوەم هەبوو لە چەندان شوێنیدا دەسکاریی بکەم، بەڵام وام بە باشتر زانی کە تەنانەت یەک تیپیشی لێ نەگۆڕم. ڕەفیق حیلمی

(39) D` ailleurs, le cours des tendances economiques et politiques du monde entier est vers la confederation des Etats, non pas vers leur separation. P. 25

(40) Le projet de Pan-Europe, de la confederation des Etats du continent de M. A. Briand eut reussi si deux civilisations antagonistes, la civilisation capitaliste et celle du conmunisme ne se disputaients pas le triomphe final.P.25

(٤١) کوردلر تورکلردن نە ایستەیورلر. ل ١٥ – ٢٠

(٤٢) کوردلر تورکلردن نە ایستەیورلر. ل – ٢٢

(43) Mais ce n`est pas le cas pour les Kurdes de la Turquie, il ne s`agit pas la bas d`une operation d`absorption ou d`assimilation, mais simplement de l`union de deux peuples de la meme race.P.28

(44) Il suffit que l`on n`use pas de violence.P.28

(٤٥) کوردلر تورکلردن نە ایستەیورلر. ل – ١٦

(46) Or.Les Kurdes etant de la meme race que les Turques, constitueront par leur union, la nouvelle nation turque don_t l`ame vive reehauffera desormais les coeurs qui ne battront que pour un seul ideal .

Rien ne peutempeeber l`union et bientot la fusion de ees deux peuples cousins. P. 35 - 36

(47) La question Kurde. P.29

(48) les pupblications Kurdes qui utilisent cet alphabet sortent des presses gouvernementales d`Erivan; elles consistent pour la plupart en livres seolaires ou d`education socialist sovietique; siggalons cependant un important dictionnaire armenien Kurde qui comporte pres de 13000 mots .D`apres la voie nouvelle ( No 137 du 6 novembre 1934 ), 55 ouvrages ont paru de 1929 a 1933 inclus, avce un tirage total de 135000, est prevue pour 1934

37 - 38 P..Ehurkru. La question Kurde ( 49 ) Dr.

34 La question Kurde vue par un etranger. P.) 50(

# کورد و وڵاتەکەی

## مێژووی گەلی کورد

## لە سەردەمە هەرە کۆنەکانەوە تا سەردەمی نوێ

موقەدەم شێخ عەبدولواحید

بەشی شەشەم

---

هەواڵنامەی کتێب

### ڕابردووی نێزیک

لە سەدەکانی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، چوار هۆی سەرەکی کاریان لە پێگەیاندنی مێژووی گەلی کورددا کردووە، کە بەڕیزە مێژوویییەکەیان ئەمانەن:

١– شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا.

٢– بەرەو نەمان چوونەوەی هێزی ئیمپراتۆرییەتی تورک.

٣– دۆزینەوەی نەوت لە وڵاتە کوردییەکاندا.

٤– زیادبوونەوەی چالاکیی ڕێک و پێکی دوژمنانی موسڵمانان، بۆ پەیداکردنی گرژی و کینە لەناو گەلە موسڵمانەکاندا، بۆ ئەوەی هێزەکانیان دابهێزرێ، ئەوەش بەوە بوو وایان لێ کردن شەڕ لەگەڵ یەکتریدا بکەن.

لە سەردەمی هاوچەرخدا بایەخی هۆی چوارەم پتر بوو، بە هۆی ئەو هەستەی لەناو هەموو موسڵمانانداندا هەبوو کە پێویستییان بە یەکەتییەکە، هۆی مێژوویی جێگیری نەگۆڕ بەسەریاندا دەسەپێنێ.

.......................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

دوو جـۆر هێـزی بەرگـریش هـەن لە بەردەمـی ئەم پێـشکەوتنـەدا دەوەستن. یەکـەمـیـان ئەو دەوڵەتانەن، پارچەپارچەکردن و کەرتکردنی لایەکانی جیهانی ئیسلامی لە بەرژەوەندیی خۆیان دەبینن، لە ڕێی بەکارهێنانی – باوەڕی ناسیۆنالیزمی ـ ی نائیسلامییەوە، کە ئەم باوەڕە نەتەوەییە ئیسلام ڕەتی دەکاتەوە، لەبەرئەوەی بە پێی سنووری جوگرافی و زمان و ڕەگەز، سنووری نیشتمان دەکێشێ.

جۆرەکەی کە، لە تەگەرەکان ئەوانەن وا (لافی ئەوە لێ دەدەن کە موسڵمانن)، ئەوانەی ڕێکخراوی نهێنی و نیمچە نهێنی لەناو تاکەکانی گەلی موسڵماندا دادەمەزرێنن و جاروباریش بە ڕواڵەتیش ناوی نوێی بەستەزمان بەکار دەهێنن، یان جاروبار ناوی نوێ بە کار دەهێنن و بەڵام بە هەر جۆرێک بێ دەسەڵات بەسەر حکوومەتە شەرعییەکاندا سەپاندن بە ئامانج دەگرن. تاکەکانی ئەم ڕێکخراوانە خۆیان بە وردی ڕێک دەخەن و لە ڕاستیشدا حکوومەتی تر بە دزی پێک دەهێنن. ئەم کۆنەپەرستانە ئەندامانیان لە پۆستە هەستیارەکانی فەرمانگە حکوومییەکاندا دادەمەزرێنن و هەموو ڕێیەکی چەوتی بێ بەزەییانە بە کار دەهێنن و هەموو ئەوانە لەناو دەبەن کە ڕێیان لێ دەگرن.

من کۆنەپەرستیان پێ دەڵێم لەبەرئەوەی بەرژەوەندیی بەرز و خاوێنی ئیسلام، لە پێناوی بە دەست خستنی دەسکەوتی دنیایی بۆ ئەندامانی کۆمەڵەکانیان بەکار دەهێنن. ئەمانە بە هێنانە کایەی ئەو بارودۆخەی بۆی دەکۆشن شوێنەوارە هەوڵە مێژووییەکان لە کار دەخەن، کە لە هەموو لایەکی جیهاندا بۆ پاڵپشتیکردنی موسڵمانان و یەکخستنەوەیان لەناو یەک نەتەوە و یەک حکوومەتدا دراون.

## شۆڕشی پیشەسازی لە ئەورووپا

شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا هەلی بۆ مرۆ ڕەخساند دەست بەسەر هێزەکانی سروشتدا بگرێ کە تا ئەوساکە لەلایەن مرۆڤایەتییەوە نەزانرابوون. کاریگەرییە سەرەکییەکەش زیادبوونی بەرهەمی پیشەسازی بوو کە بووە هۆی دروستبوونی دوو گرفت، یەکیان دۆزینەوەی بازاڕ بوو بۆ فرۆشتنی ئەوەی لە پێویستیی دەوڵەت زیاتر بوو، دووەمیان دۆزینەوەی چاوگی ساڵانە بۆ مادە خاوەکان. دەوڵەتە ئەوروپاییەکان ئەم دوو گرفتەیان لە ڕێی سەپاندنی داگیرکارییان لە بەشەکانی تری دنیادا. کە هەر یەک لە هۆڵەندا و پورتوگاڵ و فەرەنسا و ئینگلتەرا یەک بە دوای یەکدا هاتنە ناو ئەم گۆڕەپانەوە. ئەڵمانیاش دواتر چووە ناو گۆڕەپانەکەوە، بەڵام بە چالاکییەکی پتر لە هەر دەوڵەتێکی تری ئەوروپاوە.

بەر لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمیش پێی ئینگلتەرا لە نیمچە کیشوەری هیندستانی مەزندا چەسپابوو و سەروەریی بێ ڕەقیب بۆ ئەو بوو. تا ئەو کاتەش ئینگلتەرا سەرکەوتنێکی

یەکلاکەرەوەی لە بوارەکانی پیشەسازی و داگیرکاری و بەکارهێنانی سەرچاوە و سامانەکانی ولاَتە ژێردەستەکانیدا، بەسەر ڕقیبەکانی تری دەوڵەتە ئەوروپاییەکاندا بەدەست هێنابوو. هۆی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەشی بازرگانیی بوو لەگەڵ ڕۆهەلاَتدا. لە پێناوی ئەوەش یەکەم ئەرکی هێزە چەکدارەکانی کردنەوەی ڕێگە بازرگانییەکان و پاراستنیان بوو.

واش ڕێککەوت ڕۆهەلاَتی ناوەڕاست بکەوێتە سەر ڕێی بەریتانیا بەرەو ئیمپراتۆرییەتەکەی لە ڕۆهەلاَتدا و ڕۆهەلاَتی ناوەڕاست ئەوسا بەشێک بووە لە کۆمەڵە دەوڵەتێکی هاوبەش لە ئیمپراتۆرییەتی تورکدا. کە تورکیا هێشتا دەوڵەتێکی بە هێز بوو و بەبەرچاوەوە دەگیرا. لەبەر ئەم هۆیە و هۆگەلێکی تر ئینگلیز نەیتوانی بە سانایی دەسەلاَت بەسەر ڕۆهەلاَتی ناوەڕاستدا بسەپێنێ، بەلاَم مەبەستی خۆشیان نەشاردەوە لەوەی ڕۆهەلاَتی ناوەڕاست بکەنە خۆراکێکی یەدەکی تایبەت بە خۆیان. واتە ئەوەی بە زمانی دیبلۆماسیی سەردەم پێی دەگوترێ " ناوچەی دەسەلاَت ".

ڕووسیاش هاوسێیەکی تەک تورکیا و ئێران بوو. لەمێژبوو چاوی بڕیبووە گەرووەکانی ئاوە گەرمەکانی باشوور. هەروەها ڕووسیا بە تەمای ئەوە بوو بەناو ئێراندا بگاتە کەنداوی عەرەب و ئۆقیانووسی هیندی. بۆیە هەریەک لە بەریتانیا و ڕووسیا پێشبڕکێیان لە لێ دابڕینەوەی گەورەترین بەشێک لە ئیمپراتۆرییەتی تورک دەکرد. ئەوەش ڕاستە بەریتانیای مەزن لە سەردەمی (شەڕی قرم)دا یارمەتیی تورکیای لە دژی ڕووسیا داوە، بەلاَم ئەمە بۆ ئەوە نەبووە کە هێزی تورکیا بپارێزێ، بگرە ئەوە لەلایەن ئینگلتەراوە هەلَبژاردنێک بوو لەناو قبوولَکردنی ئەو مەترسییەی هەڕەشە لەو تورکیایە دەکرد کە چاوەڕوانی بوون (سامانەکانی تورکیا لە ڕۆهەلاَتی ناوەڕاستدا) و نێوانی لەدەستدانی ئیمپراتۆرییەکەیان لە هیندستاندا (چوونە ناو هیندستانەوەی ڕووسیا لە ڕێی سنووری باکوری ڕۆئاواوە) – کە ئەو بڕیارەی دابوویان ڕاست بوو.

هەر وەک ئەمێستا دەبینین چۆن ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ڕێژیمە جیهانییە هاوچەرخەکاندا هاتووە لە پێکهێنانی مێژووی کوردەکان لە ماوەی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا. پێشتر باسی ئەوەم کرد، ئەو دەوڵەتۆکە (حکوومەتە) کوردییانەی مەلا ئیدریس لە شێوەی ڕێژیمی کارگێڕی دروستی کردبوون و یارمەتیی بەردەوامیی ئاشتی و پێشکەوتنی دەدا لەناو تاکەکانی گەلی کوردیش و گەلانی تریشدا کە لە ناو ئیمپراتۆرییەتی تورکدا بوون. ئێستاش چاوچنۆکیی دەوڵەتە مەزنەکان بەرامبەر ئیمپراتۆرییەتی تورک چەند زیاتر بێ، دەوڵەتە هاومەبەستەکان نەخشە دادەڕێژن بۆ دابەشکردنەوەی پاشماوەی پیاوە نەخۆشەکە بەر لەوەی بەڕاستی بمرێ، ئەم پێشبڕکێ شێتانەیەش بە کردەوە بووە هۆی ئەوەی هەندێک لەو دەوڵەتانەی چاوبڕکێیان بوو، شێوەی نزمی نەشیاو بەکار بهێنن کە لە کۆتاییشدا بووە هۆی کوژرانی هەزاران ئەرمەنیی بێتاوان.

## بەرەو لەناوچوونی هێزی تورکیا

ڕووسیا: تورکیا لە شەڕێکی لەگەڵ ڕووسیادا، یەنکرپۆلیس و سیلیسترە و ڕۆشتریکی لەدەست چوون، بەپێی پەیمانی بوخارست کە لە ٢٨ ی مایسی ١٨١٢ دا بەستراوە (بروس) بە سنووری یەکلاکەرەوەی هەردوو دەوڵەت دانرا.

سرب: سربەکان ساڵی ١٨٠٤ بە سەرکردایەتیی کارا جۆرجووسی دژی تورکیا شۆڕشیان بەرپا کرد و لەمەدا ڕووسیا یارمەتییەکی کاریگەری شۆڕشگێڕانی دا.

## شۆڕشی یۆنان

ئینجا ساڵی ١٨٢٠ سەرەی شۆڕشی یۆنان هات، تورکیا لە ئەنجامی ئەم شۆڕشەدا تەنیا ویلایەتێکی بە بەهای لەدەست نەدا و بەس بگرە شان و شکۆشی لە بەردەمی دەوڵەتاندا لەدەست دا کە بووە هۆی ئاڵۆزییەکی زۆری بێ سنووری دیبلۆماسی. لە ٧ی تەمووزی ١٨٢٧ دا هەر یەک لە فرەنسا و بەریتانیا و ڕووسیا پەیمانێکی سێ لایەنییان بەست و دواتر برووسیاشیان چووە پاڵ، ئەمەش بۆ ئەوە بووە کە تورکیا ناچار بکەن ئازادی بدا بە یۆنانییان. هەر لەو کاتەشدا دەوڵەتە ئەوروپاییەکان بە تێکشکاندنی هێزی دەریایی لە (نەگارین) وەستاوی ڕۆخی نیمچەدورگەی مۆرەدا. کارێکی تاوانبارانەی ترسناکیان ئەنجام دا، کە ئەوە ناپاکییەکی گەورە بووە، لەبەرئەوەی هەموو ئەو دەوڵەتانەی بەشدارییان لە شەڕی دژی هێزی دەریایی تورکدا کرد، شەڕیان لە دژی تورکیا ڕانەگەیاندبوو. ساڵی ١٨٢٧ یش ڕووسیا، دوای ئەوەی بەباشی خۆی بۆ ئامادە کرد، شەڕی لە دژی تورکیا ڕاگەیاند. بەڵام لەشکرەکانی نەیانتوانی لە وڵاتی بەلقان و قەفقاسدا پێشڕەوی بکەن. لە بەهاری ساڵی ١٨٢٩ شدا جەنەڕاڵ دیبتش سەرکردایەتیی لەشکرەکانی ڕووسیای لە ئەوروپا گرتە دەست و دەستی بەسەر " شوملا " دا گرت کە بە بایەخترینی ئەو تەگەرانە بوو لە بەردەمی پێشڕەویی ڕووسیدا و " ئەدریا نۆبڵ " ی گەمارۆ دا، سوڵتان ناچار بوو لە ١٤ی ئەیلوولی ١٨٢٩ دا ئاشتەوایی واژۆ بکا، کە جەنەڕاڵی ڕووسی مەرجەکانی ڕێککەوتنەکەی پێ نووسین و لەمانەش ڕووسیا دەست بگرێ بەسەر دوورگەکانی دانووب و ئەو ناوچە تورکییانەی دەکەونە قەفقاسیا، لە نێوانی گورجستان " جۆرجیا " و ئمیریتیا (!!).

هەر لەم کاتانەدا دەوڵەتە ئەوروپاییەکان بە تایبەتی ڕووسیا، سیخورەکانی خۆی بۆ بەرپاکردنی شۆڕش ناردبووە ناوچەرگەی ئیمپراتۆرییەتی تورک و هەردوو گەلی ئەرمەنی و کوردییان بۆ دەست پێکردنی ئاژاوە هەڵبژارد. ئەرمەنیش لە گەلە مەزنە ئاشتیخوازەکانە، پڕ لە چالاکین و دڵسۆزی ئەو دەوڵەتەن کە تێیدا دەژین، کەنیسەی ئەرمەنی پێڕەویی ڕێبازی ئەرتۆدۆکسی یۆنانی دەکەن کە ڕووسیای قەیسەری دانی پێدا دەنێ.

دوای ئەوەی ڕووسەکان ئەم پێوەندییە ئاینییەیان دروست کرد ئەرمەنیان هان دا شۆڕش لە دژی تورکیا بەرپا بکەن و داوای سەربەخۆیی بکەن، کە ڕاگەیاندنی ڕووسی سەرکەوتنی شۆڕشی یۆنانی بە نموونە بۆ هێنانەوە.

## ئیبراهیم پاشای میسری

لە ساڵی ١٨٣٢ شدا محەمەد عەلی پاشای والیی میسر دژی سوڵتانی تورک ڕاپەڕی و ئیبراهیم پاشای کوڕی، سەرکردەی لەشکرەکانی بوو لە شەڕ و پێکدادانەکانی حیمس و (بیلان!!) دا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و سووریا کەوتە ژێر دەسەڵاتی میسر. هەروەها ئاژاوە لە نیمچەدوورگەی عەرەبدا بەرپا بوو کە بزووتنەوەی وەهابی ئومێدگەلێکی نوێی لە دڵی ڕەوەنداندا ژیاندەوە.

## خان مەحموود

بەم جۆرە کوردە سادەکان دوو نموونەی شۆڕشی موسڵمانانیان لە بەردەمی خۆیاندا دیتەوە لە دژی حوکمی تورکی موسڵمان ڕاپەڕین و بە زنجیرە شۆڕشێک بەرگرییان کرد، لە یەکێک لەم شۆڕشانەدا ناوی خان مەحموودی سەرکردەی گەورەی کورد درەوشایەوە.

خان مەحموود لە یەک لە بنەماڵە دێرینەکان بووە کە بنەماڵەی (ئیدفال خان)ە کە پێڕەویی ڕێبازی یەزیدی " ئێزدی " دەکەن و بنەچەیان بۆ حەکارییان دەگەڕێتەوە. دوای هێرشەکانی تەیموورلەنگ تیرەیەکی بنەماڵەی ئیدفاڵ خان فەرمانڕەوایی شاری وانی کردووە. خان مەحموود هیچ ئامانجێکی سیاسیی بۆ خۆی دانەناوە، مەگەر تەنیا بەشداریکردنی لەگەڵ بەدرخان بەگدا کە خەونی بەوەوە دەبینی بەسەر کوردانەوە ببێتە شا.

(ئەسکولونێل ج شیال) لە یاداشتەکانیدا لەبارەی گەشتێکییەوە لە تەورێزەوە بە ناو خاکی کوردستاندا، کە لە کۆواری کۆمەڵەی جوگرافیاییی شاهانە -بەرگی هەشتەم-ی دیسەمبەری ١٨٣٩ دا بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێ " خان مەحموود کەسێکی زۆر بە سام و ترسناک بوو، هەروەها لەم دوایییانەدا دەستی بەسەر کەرتەکانی خافاسوور - دا گرت و دەسەڵاتی ئیسحاق پاشای" والیی تورک " ئەو دەشتەی ڕەت نەدەکرد کە شاری وانی لێیە. خانیش دەسەڵاتی سەربازیی بەسەر چیا و دۆڵەکاندا گرتبوو. "

بەڵام خان گوێڕایەڵیی بەرزی بۆ سەرلەشکر (سەرعەسکەر)ی ئەرزەڕۆم هەبوو. دانیشتووانیش لەژێر پاڵەپەستۆی باجی نارەوادا دەکرووزانەوە، بەڵام بە حوکمی خان مەحموودی چاک و پۆلیسە ڕێکخراوەکەی ڕازی بوون. لەناو هاوپەیمانانیدا پیاوی ئاینیی ئەرمەنی و سەرکردەی عەشایەریی شکاک و هەرتویش و میرانی وان هەبوون.

لە چیاکانی باشووری سووریادا زنجیرە شۆڕشێکی کوردی بەرپا بوو و بەرەو ڕۆهەڵات تا دەریاچەی وان ڕۆیشت و ئەمەش دوای ئەو هێرشەی ئیبراهیم پاشای سەرکردەی میسرییە بوو بۆ سەر سووریا. لە سەرووی ئەم شۆڕشگێڕانەدا عەشیرەتەکانی میهرانی ئێزیدی بوون کە لە چیاکانی سنجار و وێرانشەهردا دەژین.

قۆناخی دووەمی شۆڕشەکانی کورد لە نێوانی ساڵانی ١٨٤٠ و ١٨٤٧ دا بووە و بەدرخان بەگ سەرکردە و کارگێڕی یەکەمی بووە.

## بەدرخان بەگ

بەدرخان بەگ سەرۆکی عەشیرەتی هەکاری بوو کە لە تەک ڕووباری دیجلەوە، لە هەژدە میلی ڕۆهەڵاتی جزیرەوە دەژین. بارەگاکەی لە قەڵایەکی سەختدا بوو ناوی (دەرێگوڵ)ی لێ نابوو. باو و باپیرانی بەدرخان پلەی بەگایەتییان لە باو و باپیرانەوە بۆ مابووەوە کە پێش سێ سەدە مەلا ئیدریس پێی بەخشی بوون. تورکیش دانیان بە سەرۆکایەتیی بنەماڵەکەدا دەنا بەسەر عەشیرەتە کوردە دراوسێکانیاندا و کە ئەمە وای کردووە ببنە ئاغای قانوونیی ئەو عەشیرەتانەی لە جزیرەی ئیبن عومەر و دەوروبەریدا دەژین.

بەدرخان کەسایەتییەکی بەهێز و خاوێنی هەبوو، باڵابەرز و لەش بتەو و ڕووخۆش بوو. ئازا و بە جەرگ و نیشانشکێنی باش و سوارچاکی پسپۆڕ. بە ڕاستگۆیی و ئەمانەت و بەزەیی و دڵنەرمی ناسرابوو.

دەسەڵاتی هەر لە سنووری فارسەوە لە ڕۆهەڵات، تا ناو وڵاتی نێوانی دوو زێ " میسۆپۆتێمیا " و لە دەرگەکانی دیاربەکریشەوە تا دەرگەکانی مووسڵ کشابوو. هەموو سەرەکە کوردەکانی کوردستانی باکور گوێڕایەڵی بوون و دیارییان لە زێڕ و ئەسپ و هێستر و هی تر، لە شمەکی بەهاریان پێشکێش دەکرد. گەلێک جاری وەهاش هەبوو زۆر لە سەرۆک و کەسایەتییە دیارە کوردەکان لە قەڵای (دەرێگوڵ)ی دەرباریدا لە بەردەستیدا دەوەستان.

بەم جۆرە بەدرخان بەگ بە هێزی کەسایەتی و سەرکردایەتییە ژیرانەکەیەوە، سەرکردایەتیی عەشیرەتە کوردەکانی دەکرد، بەڵام ئەم هۆیانە بەس نەبوون، ئەم بە بێهێزبوونی ئیمپراتۆرییەتە بەهێزتر بوو، سەرەڕای ئەو یارمەتیی ڕووسە کە لە شۆڕشی دژ بە تورکیاندا بە کوردیان دا. لە دە ساڵی دواتردا بەدرخان بووە شای تانج لەسەر نەنراوی گەلی کورد و بەو هیوایەوە کە کوردستانێکی سەربەخۆ لەژێر دەسەڵاتی ڕووسدا پێک بهێنێ.

بەرنامە سیاسییەکەی، پێکهێنانی یەکەتییەکی کۆنفیدراڵیی بە ئامانج گرتبوو لە نێوان کوردی باکور و کوردی باشوور، کە تەواوێک لە بواری دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی تورک بەدەر بوون، یەکەم کاری مەیدانخوازیی دژی حکوومەتی تورک ئەنجامی دا، ڕەتکردنەوەی بە سەرباز گرتنی

کوردەکان بوو لە سوپای تورکدا. تورکیاش ئەوسا لەگەڵ ڕووسیادا لە شەڕدا بوو (١٨٢٣ – ١٨٢٩).

دوای هەڵوەشاندنەوەی تیپەیلی ئینکیشاری " یەنیچەری " ساڵی ١٨٢٦ و چاکسازیی سەربازی لەژێر چاودێریی " ڤۆن مۆلتکە " ی سەرکردەی ناوداری بررووسیی ناودار، لەسەر نوێترین سیستەمە سەربازییەکان سەرلەنوێ سوپای تورک ڕێکخرایەوە و لە سەربازی مەشق پێکراو پێک هات مووچەکانیان ڕاستەوخۆ لە گەنجینەی دەوڵەتەوە وەردەگرت. تیپەکانی سوارە هەر هەموو لە سوارچاکە کوردەکان پێک هاتبوو، بە تایبەتی لە پیاوانی عەشیرەتەکانی بوهتان (بۆتان) و چیای جوودی، کە ئەم دووانە ناوچەی دەسەڵاتی بزووتنەوە کوردییەکەی بەدرخان بەگ بوون. عەشیرەتەکانی میران و تایان و بتوان و دوودێر و کاشان و شرماخ " شیرناخ " ی ئازای بەهێز نێزیکەی چل تیپی بۆ لەشکری تورکەکان دابین دەکرد.

عەشیرەتەکانی حەیدەرانی و جبرانی و جەلالی و موچور ــ یش نزیکەی بیست تیپی بۆ دابین دەکەن، هەندێک لە تیپەکانی تر لە هەرێمی دیاربەکرەوە لەناو عەشیرەتەکانی مللی " میهرانی " و تیرەکانیانەوە لە فەرتاشەهر " دەبێ – وێرانشەهر – بێ!! " و لای ڕووباری خابوورەوە بەسەرباز وەردەگیران.

هەروەها زۆربەی ڕەمەکی سوارە تورکەکان لە عەشیرەتە کوردەکانەوە بوون و هەر دەست تێوەردانێکی سەرباز گرتنی ئاساییدا زیانێکی گەورەی لە قەوارەی دەوڵەتی تورک دەدا.

سەرباری شۆڕشی بەدرخان کوردەکان کارێکی ناڕەوایان بەسەربڕینی نێزیکەی دە هەزار نەستووریی دییان و نێزیکەی نیوەی ئەو ژمارەیەش لە ئەرمەن لە ساڵی ١٨٤٣ دا، سەرکردە کرستیانەکان لە ئەستەمبوڵ سکاڵا و داواکارییان دایە سوڵتان بۆ ڕاگرتنی ئەم پشێوی و ئاژاوەیەی بزووتنەوە سەربەخۆییەکەی بەدرخان بووەتە هۆی، بەمجۆرە داوا لە عوسمان پاشا کرا ئاشتی بگەڕێنێتەوە و گیان و سامانی ئەو ئەرمەن و نەستوورییانەی لە خاکەکانی کورددا نیشتەجێ بوون.

ساڵی ١٨٤٤ موشیر عوسمان پاشا هەموو سەرۆکە کوردەکانی بانگ کرد بۆ کۆنگرەیەکی گشتی لە دیاربەکردا، ئامانجیش لەوە جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانەی سوڵتان بوو کە پێوەندییان بە پاراستنی گیان و سامانی کرستیانەکان و گفتوگۆ لە بارەی ئەو ڕێوشوێنانەی بگیرێنە بەر بۆ گەڕاندنەوەی ئارامی و ئاسایش بۆ ناوچەکە.

بەدرخان بانگەشەی سەرعەسکەری عوسمانیی پشتگوێ خست، بەڵکو جبە بە زێڕ نەقشکراوەکەی لەبەر کرد و بە مێزەری ڕەنگاوڕەنگ و شەرواڵە ئاوریشمینە هێڵدارەکەی بەناو عەشیرەتەکاندا گەڕا و تابوورەیلێکی لە دەستوپێوەندە دڵسۆزە بە خەنجەر و تفەنگی کۆن چەکدارەکانییەوە بە ناو عەشیرەتەکاندا دەستی بە گەڕان کرد، بۆ بڵاوکردنەوەی بانگهێشتەکەی و

بەم جۆرە هەر لە جزیرەوە تا لارۆخەکانی باشووری دەریاچەی وان، سەری لە هەموو سەرکردە ناوەخۆییەکان دا و داوای بەخشینی لێ کردن بۆ سندووقی شەڕ، بەڵام ئەم ڕێگە شانۆئامێز و ڕواڵەتی بەشکۆیانە نەیانتوانی جەماوەری گەلی کورد لەگەڵ خۆی بخا. ئینجا بە تۆبزی دەستی بە کۆکردنەوەی پیتاک کرد، ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی هەبوو و بووە بارگرانی بەسەر نەستووری و ئەرمەنە دیانە ئاشتیخوازەکانەوە. دیانە کاتۆلیکەکان لە (ئەخمیازین) و پەتریارکەکان داواکاریی هاوبەشیان دایە سوڵتان و بڵاوکراوەیان بۆ ئەنجوومەنەکانی هەرێمەکان نارد بۆ ئەوەی ڕێ لەوانەی سەر بە تایەفەکانیانن بگرن هیچ شتێک بدەن بە سەرکردەی شۆڕشگێڕی کورد. بگرە داواشیان لە هەموو کریستیانان کرد پشتگیریی سوپای عوسمانی بکەن لە دامرکاندنەوەی شۆڕشی کورد.

عوسمان پاشا هێزێکی زۆر گەورەی لە دیاربەکردا لە باشوور و لە وان لە باکوردا کۆ کردەوە و هێزەکانی باکور دەبوو بەرەو هەکاری پێشڕەوی بکەن بە درێژاییی رووباری دیجلەوە بۆ دادڕینی هێزەکانی نوورولڵا و مەحموود و پاڵیان پێوە بنێن بۆ بەرزاییەکانی بۆتان - بەرواری و لەوێشەوە هێزەکانی باشوور هێرشیان ببەنە سەر لە دیاربەکرەوە، مەبەستیش لەمە گەمارۆدانی بەدرخان بەگ و دوو سەرکردەکەی تر لە چیاکاندا.

کردەوە جەنگییەکان لە بەهاری ساڵی ١٨٤٧ دا دەستی پێ کرد و هەردوو سوپاکە وردە وردە دەستیان بە تەنگ پێ هەڵچنینی شۆڕشگێڕان کرد، دوای ئەوەی دوو سوپاکەی عوسمانی بنکە بەرگرییە بچووکەکانیان لەناو برد بە جموجووڵێکی دەورگیرانە پێشڕەوییان بەرەو دۆڵی بۆتان کرد کە بەرگریی کوردانی لێ توند بوو، تورک بۆ هەر کوێ دەچوون لەلایەن کرستیانە نەستووری و ئەرمەنەکانەوە پێشوازیی گەرمیان لێ دەکرا، کە بە ڕزگارکەرەوە و ئازادکەرەوەیان دانان. هەر لەو کاتەشدا گەیشتنی هێزی ئەڵبانیی پسپۆڕی شەڕی چیایی، یارمەتیی لەناوبردنی دوا بنکەکانی بەرگریی دا.

کە بەدرخان بینی لە گشت لایەکەوە گەمارۆ دراوە، ساڵی ١٨٤٧ لە چیا هاتە خوارەوە و خۆی بەدەست عوسمان پاشاوە دا، کە بەباشی پێشوازیی لێ کرد و ڕێی دا شمشێرەکەی هەر پێ بێ و هەڵسوکەوتی میهرەبانانەی لەگەڵ خێزانەکەیدا کرد و سندووقی شەڕی وەک ئەمانەت لێ وەرگرت و بەدرخان و خێزان و کەسوکارەکانی بە پاسەوانییەکی توندەوە نارده ئەستەمبوڵ و حوکمی دوورخستنەوەی بۆ ڤارنا بۆ دەرچوو و هەندێک لە لایەنگیرانیشی بۆ کیت (دەبێ کریت بێ!) و (کاندیا !) دوور خرانەوە.

بەمەش دووەم زنجیرەی شۆڕشەکانی کورد دوایی هات کە پروپاگاندەی دوژمنە داخ لە دڵەکان هانیانی دا بۆ دروستکردنی دووبەرەکی لەناو موسڵمانان و هەروەها ئەو بێهێزی و نزمبوونەوەیەی ئیمپراتۆرییەتی تورکەش هانی ئەوەیانی دا.[1]

## گیرسانەوەی کوردەکان لە زەوییە کشتوکاڵییەکاندا

شەڕی قرم بووە هۆی ئەوەی گەلێک لە پەنابەرە موسڵمانەکان ڕوو لە ڕۆهەڵاتی تورکیا بکەن بە تایبەتی چەرکەسە موسڵمانەکان، بەوەی کە پەنابەرەکان پێشکەوتووتر بوون و لە کاردا چالاکتر بوون زوو بە زوو دەستیان بە سوود وەرگرتن دەکرد لەو زەوییانەی تێیاندا نیشتەجێ بوون. ئەمەش بووە هۆی دڵتەنگیی ئەو عەشیرەتە کوردانەی پێشتر لەو ناوچانەدا بوون و لەبەر ئەو ناکۆکییەی کەوتە نێوانیان و پەنابەرە موسڵمان و دیانەکان. حکوومەتیش هەنگاوەیلێکی بە پەلەی نا بۆ نیشتەجێکردنی هەمیشەییی کۆچەرەکانیش و عەشیرەتە کوردییە ڕەوەندەکانیش لە شوێنی جێگیر و بە کردەوە لە نیشتەجێکردنی ژمارەیەکی زۆریاندا لە کێڵگە گەلەکارییەکانی زەوییە میرییەکاندا سەرکەوت.

پەنادانی عەشیرەتە کوردە ڕەوەندەکان جێی بایەخی جووتکاران و دانیشتوانی شاران و بە تایبەتیش جووتکارە ئەرمەنە ئاشتیخوازەکان بوو.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمیشدا گەورەی ئەسقوفەکانی ئەرمەن لە دیاربەکر بە خۆی سەرپەرشتیی کاروباری ئەو کوردانەی تازە هاتبوون و پەنابەرەکانیشی دەکرد و فێریشی کردن چۆن گاسن و ئامێری تری کشتوکاڵی دروست بکەن و تۆو لە کێڵگەکانیاندا بوەشێنن و بەرهەمەکانیانی پیرۆز دەکرد.

کشتوکاڵ لە مێشکی جووتیاردا داوونەریتی چەسپاو و ڕێک و پێک پەرە پێ دەدا، پێی لەو خاکەدا دەچەسپێنێ کە لە سەریدا دەژی، ئەمەش تەنیا پیشەکییەکە بۆ هەستی نیشتمانپەروەری و پابەندبوون بە نیشتمانەوە و هۆیەکانی شۆڕش و دژ بە قانوون وەستان ڕیشەکێش دەکا. دووەم: پیشەی کشتوکاڵ گرفتی ئابووری چارەسەر دەکا کە مرۆ بە سروشت ئاژەڵێک نییە حەزی لە خوێنمژی هەبێ، بەڵکو بارودۆخ بەو جۆرەی لێ دەکا.

هەنگاوی دووەمی بەرەو سەقامگیریی ئابووریی عەشیرەتە کوردەکان دابینکردنی پیشەگەلی گونجاو و حەسێنەوەیە، کە پیشەی سەربازییە.

## بە سەربازی سوپا گرتنی لاوە کوردەکان

گۆڕانکاریی زۆر لە سوپای تورکدا ئەنجام درا، بە هەڵوەشاندنەوەی تیپە یەنیچەرییەکان (ئینکیشاری)یەکان بارەکە بە شێوەیەک سەرەوژێر بوو و سوپای ڕێکخراو و مەشق پێکراو جێی گرتەوە، هەروەها هەرچەند بۆ کاتێکی کورتیش بێ لاوە کوردەکانیان لەم پیشە خاوێنە بەرزە دوور خرابوونەوە کە باشترین و گونجاوترین پیشەیەکە بۆیان.

ساڵی ١٨٩٠ سوڵتان عەبدولحەمید دەرکی بە ئاڵۆزییەکانی کورد کرد و دەستی بە

ڕێکخستنەوەی عەشیرەتەکانی باکور کرد، دا لە تیپەیلێکی سووکی سوارەدا ببنە سوپایەکی نایاسایی (غەیرە نیزامی)ی سەر بە لەشکری تورک، سوڵتان شانازیی تایبەتی بە تیپەیلی سوارە بەخشی، بەوەی کە ناوی " تیپەیلی حەمیدییە "ی لێ نان.

بەم جۆرە حەفتا و شەش تیپ بە سەرباز کران و هەریەک لەم تیپانە چوارسەت سوارەی تێدا بووە و هەر یەکەیان سەرەک عەشیرەتێکی کوردی خۆیانیان لەسەر دامەزرابوو و سوڵتان تیژڕەوترین ئەسپ و نوێترین پێویستی و چەکی دابوونێ و ئەم تیپانە لەژێر چاودێریی مارشاڵ ڤۆن دیر گۆلتزی سەربازی ئەڵمانیدا، کە قەیسەری ئەڵمانی ناردبووە تورکیا، چاکترین مەشقیان پێ کرابوون و خرابوونە ژێر فەرماندەی لەشکری چوارەمی عوسمانی کە بارەگاکەی لە ئەرزنجان بووە.

ئەم تیپە سوارە کوردانە تۆمارێکی شانازیی لە مێژووی سەپای تورکیدا هەیە، سوارەی حەمیدییە، لە شەڕی یۆنانی ساڵی ١٨٩٧ دا بە تایبەتی لە شیسلی و دژی شۆڕشگێڕە بولگارییەکاندا، شانازییە سەربازییەکانی کورد و ناوبانگی دێرینیانی لە هونەری شەڕدا بۆ گەڕاندەوە. مەبەستی سەرەکیی ئەم کار و کردەوانە چاککردنەوەی باری ئابووریی عەشیرەتە کوردەکان بوو، بەڵام بە داخەوە هاوکاتی سەردەمی شۆڕشە ناوخۆییەکانی ناو ئیمپراتۆرییەتی تورکدا بوو.

ئێستاش با لەبارەی شۆڕشێک لەو شۆڕشانە بدوێین کە هەر دەبێ لە پاش ماوەیەکی دوور و درێژی بەدکارگێڕی و گەندەڵیی سەرکردەکان و نادڵسۆزییان لە هەر حکوومەت و دەوڵەتێکدا بەرپا ببێ.

## شۆڕشی تورکە لاوەکان

دەزگای کارگێڕی لە ئیمپراتۆرییەتی تورکدا کە لە ماوەی پێنج سەدەدا هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە، کۆن و شڕ بووبوو. بەسەرچوونی ئەم ماوە درێژەش گیانی قانوونەکان و حوکمەکانی لە بیر گەلیش و حاکمانیش بردەوە و تەنیا دەستیان بە ڕواڵەت و شێوەدا گرت. سەرەڕای ئەوە مەندی و گەندەڵی و ئاژاوە و لێکهەڵوەشانەوە زیادی کرد و لەپڕ ئەوروپا بووە هۆیەکی بەهێز لە سیاسەتی جیهانیدا.

ئەوەی جێی داخیشە ئەوەیە کە لە کاتێکدا دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتییەکان بە تایبەتی ئیمپراتۆرییەتی تورک لە متبوونێکی قووڵدا بوو، دەوڵەتە ئەوروپاییەکان بەسەر هێزەکانی سروشتدا زاڵ بووبوون. بەو هەموو شکستە یەک بە دوای یەکانە، کە لە یۆنان و بەرەی ڕووسیا و لە بولگاریا و مەجەر و تەنانەت لەسەر دەستی ئیتاڵیایانیشدا بەسەر سوپاگەلی تورکدا هاتبوو، لاوانی دەوڵەت حەپەسابوون.

له یۆنیـۆی ۱۹۰۸ دا هـەر یەک لە شـا ئیـدواردی حـەوتـەم و نیـقـۆلای دووەمی قـەیسـەر ئەو پەیماننامـەیەیان واژۆ کـرد کـە بـەریتـانیـا و ڕووسیـا بە پێی پەیماننامـەی ئـەغسـتـۆسی ۱۹۰۷ بەستیان.

بەم جۆرە لە تورکیا چاوەڕوانی ئەوە دەکرا نەخشـە بۆ دابەشکردنی ئیـمپـراتۆرییـەت دابنرێ و نیگەرانی لەناو ئەفسـەراندا زیاد بوو، بەرامبـەر بەم مـەترسییـە وردەوردە زیاد بووە، کە هـەڕەشـەی لە ژیانیان دەکرد، بۆیە لاوانی تورک بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانەیان بە سـەرکردایەتیی تەڵعەت بەگ ئـەنجـام دا و ئەم بزووتنەوەیە دوای ئەوەی کـە نهـێنی بـوو، وردەوردە بووە بزووتنەوەیەکی ئاشکرا و بە ناوی ئیـتیـحـاد و تەرەقـقی " یەکگرتن و بـەرزبوونەوە " ناسـرا. ئەوەندەی پـێ نەچوو بزووتنەوەی ئیـتیـحاد و تـەرەققی ئەندامی سـەرزیندووتر و چالاکتـری بەخۆوە گرت لە ئەفسـەرە لاوەکـانی سـوپاوە. ئەنوەر بـەگ لەناو ئەمـانـەدا بوو کـە پۆسـتی مـولحـەقی سـەربازی لە بەرلینی بەدەستەوە بوو شارەزایییەکی فراوانی لەبارەی ڕێکخستنەکانی سوپای ئەڵمانی و نەخشەکانییەوە پەیدا کردبوو.

ئینجا ئەفسـەرێکی تواناتریشیـان هاتە پاڵ کە کۆلـۆنێل نیـازی بوو، شـارەزایییـەکی فـراوانی لە شەڕی پارتیزانیی دژی مەقدۆنییـەکان پەیدا کردبوو. ئەم دوو ئەفسـەرە نیشتمانپـەروەرە چالاکانە کـوودەتایەکی سـەربازییـان کـرد، بـەڵام بە داخـەوە سـەری نەگـرت لەبەرئەوەی کـاتی ئـەنجـامـدانی گـونجـاو نەبوو. کـۆلـۆنێل نیـازی لەگـەڵ ژمـارەیەک لـە برادەرانی هـەڵات چووە چیـای (ڕسنا!) کـە قـایمقـامـەکـەی بە نـهێنی پشتگیریی کردبوو. ئینجا دواتر ئەیووب ئەفـەندیی سیاسیی گەورە لە (ئۆخـریدا) چووە پاڵیـەوە و لەوێوە هـەر یەکـەیان نامـەیەکی بۆ سـوڵتـان نارد داوای گـەڕاندنەوەی دەستـووریان کرد. هـەروەها ئەنوەر پاشا سـالۆنیکی جێ هێشت و لە چالاکییەکانیدا بەردەوام بوو لە پێناوی ئیتیحاد و تەرەققیدا. لەو کاتانەدا سـەرکردەکانی ئیتیحاد و تەرەققی زۆر دڵنیا بوون لە سـەرکـەوتنی شۆڕش و لە مـەنەستـر لە ۲۱ ی یۆلیۆی ۱۹۰۸ دا دەسـتووریان ڕاگەیاند، ڕۆژی دواتر لە سـالـۆنیک و هـەر لەو مـانگـەدا بەسـەر ئەسـتـەمـبـوڵدا کشـان و سـوڵتـانیـان ناچار کـرد ددان بە دەسـتـوور بکا و ئـەو وەزیرانـەی ویسـتیـان ئەوانەی دامـەزراند و لە ۱۷ ی دیسـەمـبـەری ۱۹۰۸ دا پەرلەمانی تورکی کرایەوە.

لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم شۆڕشە ئەوە بوو کە بیری نەتەوەیی لە تورکیا ژیایەوە کە زادەی شـۆڕشی فـرەنسی و شـۆڕشی پیـشـەسـازی و ڕۆمـانـتیـکییـەتی ئەڵمـانی بوو لـە ئەوروپا. سـەیریش نییـە کـە ئەم بیـرە لەناو تایەفـە و گـەلانی تری ناو ئیـمـپـراتۆرییـەتی بەرفـراوانی فـرە ڕەگەزیشدا دەستی بە بڵاوبوونـەوە کرد. کە ئیمپراتۆرییەتی تورکی ئەوسا چەند گەلێکی تێدابوو، ئیـمپـراتۆرییـەتی تورک عـەرەب و کـورد و ئەرمـەن و جـوولەکە و گـەلانی بچـووکی تری تێدابوو. ئەم هـەمـوو تایەفـانەش بە پێـوەسـتـی یەک دەوڵەتی بـە یەکـەوە پێـوەست بـوون، بیـروبـاوەڕی دەوڵەتی عوسمانی هەموو هاوولاتییانی بە خۆوە گرتبوو بە چاوپۆشی لە جیاوازیی ئاین و ڕەگەز و زمان.

کـە تورک وازیـان لە بیـروباوەڕی (دەوڵـەتی فـرە نەتەوەیـی) هێنا ئارەزووی جـیـابوونەوە لـەناو ڕەگەزە ناتورکەکاندا چاری نەبوو.

ئەم ڕاسـتـیـیـە مـێـژووییـیە بـا پەند بێ بۆ ئەوانـەی هێشـتـا کەوتوونەتە ژێر کـاریگەریی بیـری ئەوروپاییـیەوە کە بانگەشە بۆ نەتەوەی لەسەر سێ هۆگەلی سـەرەکی بنیات نراوە دوکون، ئەوانەش سنووری جوگرافی و زمان و ڕەگەزن.

لەوانەیە پاکسـتـان یەکـەم ئەزمـوونی مـەزن بێ لـە سـەردەمـی نوێدا بۆ سـەرکـەوتنی بیـرۆکـەی نەتەوەی ئیـسلامـەتی، کە چەند نەتەوەیەکی ڕەگەز جیـاواز کە بە چەند زمـانێک دەدوێن لە دوو باڵی دوور کـە دووریی پتـر لە هـەزار مـیلیـان لە نێـواندایە و هێـشـتـا یـەک دەوڵەت و یەک نەتـەوە پێک دەهێنن. لەوانەشە گرفتی زمان بێن کە هێشتا کێشەکەی یەکلا نەکراوەتەوە و بە ڕا و بۆچوونی من زمانی عەرەبی تاکە زمانێکە پێی بکرێ یەکەتیی دوو باڵەکە بپارێزێ.[٢]

بەڵام با بگەڕێینەوە سـەر باسی کاریگەریی ڕاپەڕینی نیشتیـمانیی تورک بەسەر گەلی کوردەوە. ڕاپەڕینی نیـشـتـمـانیی تورک دەنگدانەوەیـەکی بە هێزی لەناو کـورداندا هەبوو کە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی لەوچوویان ئەنجام دا.

تۆوی ئەو نەتەوایەتییەی پێشـتر لە دڵی هەندێک لە ئاغا کوردەکاندا چێنرا دەستی بە نەشـونما کرد و دەرکەوتنی ئەم نەتـەوەیە بە دەرچوونی ڕۆژنامەیـەک بە ناوی کوردسـتـانەوە دەستی پێ کـرد. ئەوەی سـەرسـوڕمـێن بێ ئەوەیە کـە ئەو (کـوردسـتـان)ەی مـیـر مدحـەت بەدرخـان سـەرنووسـیـاریی دەکرد سـەرەتا لە مـیـسر دەسـتی بە دەچوون کرد، ئینجا دواتر لە جنێڤ بە زمـانی فـرەنسی وەک کۆوارێکی مانگانە دەرچوو ئامانجەکەی زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو.

## شەڕی یەکەمی جیهانی

کە شـەڕی یەکەمی جیـهانی بەرپا بوو، تورکیـا لە تەک ئەڵمـانیـاوە وەسـتـا، ئومـێدی ئەوەی دەکرد بەیارمـەتیی ئەو گـەمـارۆیـە بە هێـزە بشـکـێنێ کـە هـەر یەک لە بەریتـانیـا و فـرەنسـا و ئیـتـاڵیـا بەسـەریاندا سـەپاندبوو، تورکەکان لـەو شەڕدا بە ئازایەتییـەکی دەگمـەن شەڕیان کرد و مـستـەفا کەمالٌ لە بەرگری لە دەردەنێلدا توانایەکی جەنگیی گەورەی نواند.

لە عێراقیشدا لەشکرکێشیی ئینگلیزی ـ هیندی بە سـەرکردایەتیی ناونشید (!) دوای ئەوەی تورکەکان گەمـارۆیان دا پاشەکشێی کرد، کە تورکەکان هێرشـێکی سوپای ڕزگـاریی بەریتانییان دایە دواوە و تیپی جـەنەڕاڵ ناونشیدیان لە (کووت – ئەلعیمارە) دا گـەمارۆ دا و لە ٢٩ ی نیسانی ١٩١٦ دا بەزاندیان. لە باکوریشدا ڕووسیا هێرشی کردە سەر تورکیا و لەشکری قۆقازیی ڕووسی دەسـتی بە وێرانکردنـی گوندەکـانی کـورد و ئەرمـەنـی کرد و تا کـردییـە بیـابانێکی ڕووت، لەگـەڵ ئەوەشدا قـۆقـاز (قـەفـقـاس) تاکە کـەرتێک بوو کە سوپاکـانی تورک سـەرکەوتنی دیاریان بەدەست

هێنا، لە مانگی یۆلیۆی ١٩١٦ەوە سوپای تورکی بە زۆری لە سوارەی کورد پێک هاتوو سەرکەوتنی یەک بە دوای یەکی بەدەست هێنا و بەر لە مایۆی ١٩١٨ تا باتووم و باکۆی ناوەندی نەوتی ڕووسی پێشڕەویی کردبوو.

لە ئۆکتۆبەری ١٩١٨ دا تورکیا لە شەڕ دەرچوو بوو، لەو کاتەشدا پاشەڕۆژی وڵاتە عەرەبییەکان بڕیاری کۆتایی لەسەر درابوو، هەروەها گرفتی کورد تا پلەی ئاستی ناودەوڵەتی ئاڵۆز بووبوو.

لە ماوەی دوای شەڕدا دۆزینەوەی نەوت لە خاکی کورداندا یەک لەو هۆیانە بوو کە یارمەتیی ئەوەی دا کوردەکان دەست بە ئاژاوە بکەن.

٣- دۆزینەوەی نەوت لە خاکی کورداندا

ئەم نەوتە لە دێرزەمانەوە لەم بەشەی جیهانەدا هەبووە، سالّی ١٩٠١ ولیەم دارکاریی ئوستورالّی تایبەتمەندیی لە شای ئێران بەدەست هاورد بۆ کەڕان بەدوای نەوتدا و توانرا دەوڵەمەندترین کێلّگەی نەوت لە خاکەکانی کورداندا بدۆزرێتەوە. هەر نێزیکەی ئەوساش ئەڵمانەکان دەستیان بە پشکنین کرد بە دوای نەوتدا و بە کردەوە سەرکەوتن لە دۆزینەوەی کێلّگەکانی نەوت و جارێکی تریش وا ڕێککەوت نەوت لە خاکەکانی کورداندا بوو (مووسڵ و کەرکووک)، لە دەوروبەری ١٩١٣ دا کۆمپانیایەکی تورکی بۆ نەوت پێک هێنرا و بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و ئەڵمانیا لە کۆمپانیایەکدا لە یەک درایەوە. سالّی ١٩١٨ کاتێک تورکیا شکستی خوارد کێشەی دابەشکردنی بەرژەوەندییەکانی نەوت لە ئاڵۆزترینی کێشەکان بوو و دواڕۆژی ویلایەتی مووسڵیش کە زۆربەی دانیشتوانی کوردی بەخۆوە گرتبوو بە دۆزی نەوتەوە گرێ درا. شاری مووسڵ جارێک دەکەوتە بەردەستی فەرەنسییان و جارێک دەکەوتە بەردەستی تورک، بەڵام لە کۆتاییدا بووە بەشێک لە عێراق.

هەروەها دیبلۆماسییەتی دەوڵەتە بیانییەکان لە ماوەی دە سالّی داهاتوودا دەست بەسەردا گرتنی سیاسی و شۆڕشەکان و پرۆسە جەنگییەکان و تیرۆرکردنی ئەفسەرە بەریتانییەکان بەدەستی کوردان، هەموو ئەم ڕووداوانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە یەدەگی زۆر گەورەی ئەو نەوتەوە پێوەست بوو کە لە وڵاتی کورداندا هەبوو. تەنانەت پەیمانی سەفیر (دەبێ سیڤەر بێ!) یش لەناو هاوپەیمانان و تورکیادا کە لە ئەغستوسی ١٩٢٠ دا واژۆ کراوە لەژێر کاریگەریی هۆیەکی بەهێزدا کە ئەویش بوونی نەوتە لە وڵاتی کورددا.

هەر لەوساشەوە هێزی دەریایی بەریتانیا دەستی بەوە کرد کە نەوت لە جیاتی خەڵووز بۆ سووتەمەنیی هێزە دەرياييیەکانی بەکار بهێنێ. ئەمەش لە پاڵ زۆربوونی داواکاریی پیترۆڵ و مادە پیترۆلییەکان، بووە هۆی ئەوەی ئەو ناوچانەی نەوتیان تێدایە بە بایەختر بن. پەیمانی سیڤەر مادەکانی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ ی (سەربەخۆیی کورد و ئەرمەن) ی خرایە سەر، کە هانی بەرپابوونی

بزووتنەوە جیابوونەوەخوازیی کورد و ئەرمەنی دا.

ئینگلیز لە قۆناخە بەراییەکانی هێرشی سەر عێراقدا بەڵێن و پەیمانگەلێکیان بە ئاغا کوردەکان دا بۆ ئەوەی دژ بە حوکمی تورک ڕاپەڕن و هەر کە شەڕ دامرکایەوە ئەم ئاغایانە کەوتنە داواکردنی بەجێهێنانی بەڵێنەکانی سەربەخۆیی لە ئینگلیز. لەناو ئەم ئاغایانەشدا شێخ مەحموود ئاغای سلێمانی بوو.(٣)

## شێخ مەحموود و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد

ساڵی ١٩١٩ بەپێی مەرجەکانی ئاشتەوایی تورک لە ویلایەتی مووسڵ و کەرکووک کشایەوە و لیوای مووسڵ خرایە ژێر حوکمی ڕاستەوخۆی بەریتانییەوە، بەڵام لیوای کەرکووک بە سێ شارە بایەخدارەکەیەوە: چەمچەماڵ و سلێمانی و حالیجا (دەبێ حەلەبجە بێ!)، لە دەرەوەی کایەکەدا بوو، نەک لەبەرئەوەی دەوڵەمەنترینی ناوچە نەوتییەکانە، ئینگلیز مێجەر نوئێلی یەک لە ئەفسەرە سیاسییە تواناکان بووە و ئەم ڕێنوێنییانەشی لەگەڵدا بووە:

" دەبێ بۆ ئەو سەرەک عەشیرەتانەی پێوەندییان پێوە دەکەی ڕوون بکەیتەوە کە ئێمە نیازی سەپاندنی هیچ حوکمێکی بیانیمان نییە لەگەڵ داوونەریت و نەگونجێ و دەبێ سەرەک عەشیرەتەکان هان بدرێن یەکەتییەکی کونفیدراڵی پێک بهێنن بۆ چارەسەرکردنی کاروباری گشتی بەڕێنوێنیی ئەفسەرە سیاسییە بەریتانییەکان و ئەوەی داوایان لێ دەکرێ ئەوەیە لە دانی ئەو باجەدا کە بە پێی قانوونی تورکی بۆیان دانراوە لەگەڵ هەندێک گۆڕانکاریی پێویستدا کە ئەنجامدانیان بە پێویست دەزانرێ بەردەوام بن، بۆ کاروبارێک پێوەندیی بە پاراستنی سیستەم و چاککردنەوەی کاروباری گەلەوە هەیە".

## ڕێنوێنی لە نێرراوی مەدەنیی عێراقییەوە بۆ مێجەر نوئێل

لە دیسەمبەری ١٩١٨ دا شێخ مەحموودی سەرکردەی کوردی چاولەبەرزتر بە حاکمی سلێمانی دانرا، هەروەک کوردی تریش لە پۆستی بچووکتر لە چەمچەماڵ و پێجوێن و حەڵەبجە دامەزرێنران، بەڵام ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێریی شێخ مەحمووددا بوون و شێخ مەحموود، چاوی لە بەرزتر و بلیمەت بوو، ئەوەندەی نەبرد خورپەی ئەفسەرە سیاسییەکانی پشکنی و ئەم ڕوونکردنەوەیەی بۆ ئینگلیزەکان نارد:

" لەبەرئەوەی حکوومەتی خاوەنشکۆ سووربوونی خۆی ڕاگەیاندووە، گەلە ڕۆهەلاتییەکان لە دەسەڵاتی تورک ڕزگار دەکا و یارمەتییان پێشکێش دەکا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، بۆیە سەرەک عەشیرەتەکان بەوەی کە نوێنەری گەلی کوردستانن، داوا لە حکوومەت دەکەن ئەمانیش بخەنە ژێر پارێزگاریی بەریتانیاوە و بیانخاتە سەر عێراق تا لە سوودەکانی ئەم پێوەندییە بێبەش

نەبن و داوا لە نێرراوی مـەدەنی لە عێراق دەکەن نوێنەرێک بنێرێ بۆ پێشکێشکردنـی یارمـەتیی پێویست بۆ ئەوەی گەلی کوردیش بتوانێ لەژێر چاودێریی بەریتانی بە ڕەوتی ژیاری و شارسـتانی بگەن، ئەگـەر حکوومــەت یارمــەتی و پـارێزگــارییــان بـداتێ ئامــادەن گــوێڕایـەڵی فــەرمــان و ڕێنیشاندەرییەکانیان بن ".

هەروەها شـێخ مـەحـموود داوای دامـەزراندنی ئەفسـەرگەلێکی ئینگلیزی کرد بۆ بـەڕێوەبردنی هەرێمـەکان و سـوور بوو لەسـەر ئەوەی فـەرمـانبـەرە بچووکەکان کورد بن نەک عـەرەب، بەرامبـەر بەوەش نێـرراوی مـەدەنی لە عـێـراق دان بە سـەرکـردایەتیی قـانـوونیی بکا بەسـەر عـەشـیـرەتە کـوردەکــانەوە، هەر لە زێی گـەورەوە تـا دیالا، لەنـاو سنووره هـەرێمـایـەتیـیــەکـەی عـیــراقـدا. عـەشـیـرەتەکـان و خـەڵکی شـارەکـان لە دوو لیـوای کـفـری و کـەرکـووک سـەرکـردایەتیی شـێخ مەحموودیان ڕەت کردەوە، هەروەها کوردی دیوی ئەولای سنووری ئێران.(٤)

بەڵام شــێخ مــەحــمــوود چاوی زۆر لە بەرزتر بوو و دەبوو حکوومــەتی بـەریتــانیـا یارمــەتیی دامەزرانـدنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی بکا کە لە بەشی تورکیا و بەشێکی زۆری ئێران پێک بهاتایە.

بۆچوونی ئەفسـەرە ئینگلیزەکان لە کارگێڕیی مەدەنیی عێراقدا بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی شێخ مەحمـوودی کوردستانی، بۆچوونێکی ڕاست بوو، لەوەیاندا ڕاست بوون کە بڕیاری وازهێنانیان دا لە یارمـەتیـدانی کـاریگەریی داواکـانی شـێخ مـەحـمـوود لە سـەرکـردایەتیی هەر چەندێک لە عەشیـرەتەکان، بەمـەش سـیاسـەتی خـۆیان لە کوردسـتانی باشوور ڕاست کردەوە، کـە ڕێژیمی کارگێڕییان لەگەڵ ئەوەی لە بەشەکانی تری عێراقدا بەکار دەبرا یەکخست.

ئەم بڕیارەی حاکمی گشتی لە خۆیەوە دابووی لەگەڵ سیاسـەتی لەندەندا نەدەگونجا، کە تێیدا هاتبوو: " ئێمە ڕاسـپێرراوین کوردسـتانێکی باشـووری سـەربەخۆ بە چاودێریی بەریتانیا دروست بکەین، بەڵام بـەبەرچاوەوە گـرتنی بـارودۆخی وڵاتە " نـەپەرەســەندووەکـە " و کـەمــیی هـاتوچۆ و یەکنەگـرتوویی عــەشــیــرەتەکــان نـاچار بووین بەپێی زۆر بنکە کــار ئەنجــام بـدەین و هـەوڵی گەڕاندنەوەی سیستـەم لە هەندێک ناوەندا بدەین و کاری ڕێکخستن لەبەر هۆگەلێکی جوگرافی و بازرگانی بۆ دواڕۆژ بهێڵینەوە.

بەم جۆرە ڕوون بووەوە کوردسـتانی باشـوور ئەگەر بەشێک نەبێ لە عێراق پەرە ناسێنێ. ئەو تاکە بازاڕانەی دەکرێ سەودایان لەگەڵدا بکرێ مووسڵ و بەغدا بوون و تاکە ڕێگەیەکی هاتوچۆ بە عـیــراقـدا ڕەت دەبێ. گـەلێک کــەس بەم ڕاسـتـیـیــەیان زانـی، گـەلێک لە ســەرکــردە کــوردە ڕووناکبیرەکانیش لە گفتوگۆ تایبەتییەکانیاندا لەسەر ئەوە کۆک بوون کە هیچ جۆرە ئۆتۆنۆمییەک بۆ کــورد، لەناو چوارچێــوەی دەوڵـەتێکی عـــەرەبیــدا نـەبێ نـایێــتــە دی تـا لە ژێر چاودێریی بەریتانیادابێ.

بەڵام زۆربەی سـەرکـردە کـوردەکـان، کـەوتنە دووی دەوڵەتێکی عـەرەبیـیـان بە شـێـوەیەکی هەمیشـەییـیـان پێ باش نەبوو و کەمینەیەکیشـیـان سـەربەخـۆیـیـان بە ئازادیی دەسـتـدرێژیکردن دەزانی بۆ سەر دراوسێ لاوازەکانیان.

(زەحمەت بوو لەو کاتانەدا بزووتنەوەیەکی نیشتمـانی هەبووبێ و توانای بەردەوامیی هەبووبێ و تا چ ڕادەیەک بە داخوازییە خودییەکانی سەرکردە کوردەکانەوە کاریگەر بێ) (لە کتێبی: لمن یكون الولاء) واتە (لە کتێبی: گوێڕایەڵی بۆ کێ دەبێ؟)ی سیر ئەرنۆڵد ویلسنەوە وەرگیراوە.

هەر لەو کاتەشدا کارگێڕیی مەدەنیی بەریتانی بۆ شـێخ مەحمـوودی ڕوون کردووەتـەوە کە لەلای خـۆیەوە، بە چاوێکی ڕازیبـوون سـەیری هیـچ هەوڵێکی بەسـتـنەوەی کـوردی ئێـران نەکـردووە بە " بزووتنەوەی سەربەخـۆیی کوردسـتان " و شێخ مـەحموودی سـەرسەخت نەیتوانی تێ بگا کە " زۆر دەگمەنە ئەو بەڵێنانەی لە سەردەمی شـەڕدا دراون بەجێ بهێنرێن "، بۆیە بەدوای بزووتنەوەکەی " سەربەخۆیی کوردستان "یدا ڕۆی و نێزیکەی ٣٠٠٠ شەڕوانی هێزی تایبەتی کۆ کردەوە.

لە مـایۆی ١٩١٩ دا خـۆی بە حـاکمی باڵای هەمـوو کوردسـتـان ڕاگـەیاند و سـەرکردایەتیی تیپـە گـچکە لە قـانوون بـەدەرەکان پێک هـاتـبوو و بە کـۆنە تفـەنـگ و هـەندێک چەکی لە سـەربازگـەکـانی سـوپای بەریتـانی ــ هیندی دزراو چەکدار بوو و پەلامـاری شـاری سلێـمـانیی دا و دەسـتی بەسـەر گـەنجـینەکـەی و بارەگـای سـەرکـردایەتیی مـەدەنیـدا گـرت و ئەو هێـڵـە تـەلگرافیـیـانـەی بڕی کـە بە کەرکووکەوە پێوەست بوون و هەمـوو ڕێگەیەکی شـاری گـرت، تەنانەت هـەر هەمـوو دنیا ٦٧ سـەعات دوای ڕوودانی نەبێ، بە هەواڵی ئەم کوودەتایەی نەزانی.

لەم کاتانەدا مەلیکی کوردسـتان پێگەی خۆی بە هێز کردبوو و ئاڵا تایبەتییـەکانی (سـەربەخۆیی کوردسـتـان)ی هەڵدایەوە و هەوادارانی خۆی لە پۆسـتـەکاندا وەک فەرمانبـەر دامەزراندن و تەنانەت پوولی پۆسـتـەی تایبەت بە خۆشی دەرکرد، هـەواڵی ئەم شۆڕشـە دوای ٨٠ سـەعـات لە ڕێی هەڵەبجە و خانەقین (ئێران)ەوە بە جیهانی دەرەوە گەیشت.

ئەمەش نیگەرانییەکی گەورەی لە بەغدا بەرپا کرد و بە پەلە هێـزێکی تەمێکردنی لە کەرکـووکەوە نارد بێ ئەوەی هێـزی شـۆڕشگێـڕان بەبەرچاوەوە بگرێ و بیر لە ئەنجـام بکاتـەوە. ئەنجـامـەکـەش زۆر ڕوون بوو، کە تابووره کشـاوەکە دووجار کەوتە بۆسەی کوردەکـان و ژمارەیەکی زۆر لە سـەرباز کـوژران و چوار ئۆتۆمـبـیلی زرێپۆش تێکشکێنرا کە شـۆڕشگێـڕان پـارچە بەردی زلیـان لەسـەر چیـاکـانەوە غلۆر کـردەوە سـەریان و نۆزدە ئۆتۆمـۆبێلی سـەربازیی تر پەک خـران. بەم شـێـوەیە هێرشە تەمێکارییەکە نوشوستیی هێنا و ئامانجە داواکراوەکانی نەهێنایە دی.

لە ئەنجامـەکانی ئەم شۆکەی تووشی بەغدا و لەندەن هات فەرمان بۆ تیپی هەژدەی سـەربازگەی مـووسڵ دەرکـرا کـردەوە سـەربازییـەکـان بگرێتـە ئەسـتـۆ و هێـزێکی تایبـەت پێک بهێنێ ناوی " لەشکرکـێشـیـی کـوردسـتـانی باشـوور "ی لێ نرا، کــە لە دوو لیــوای پیادە و لیوایەکی سـوارە و

تیپێک لە ئۆتۆمۆبێلی زرێپۆش پێک هاتبوو و ئەم جارەیان هێزەکە تۆپەیلی تایبەت بە شەڕی چیایی و هێزی تری کاروباری چاککردنەوە و هی تری درابووە پاڵ، پۆلە فڕۆکەیەکیش پاڵپشتی دەکردن.

جەنەڕاڵ فریزەر بە سەرکردەی " لەشکرکێشیی باشووری کوردستان " دامەزرێنرا. بێگومان ئەم جارەیان ئەنجامەکان جودا بوون، لە یەکەم بە یەکداچووندا لەگەڵ کوردەکاندا لەلای دەربەندی بازیانی چیای قەرەداغ، لە دووریی ١٢ میلی ڕۆئاوای چەمچەماڵدا شکستێکی پڵیشێن بە هێزەکانی شێخ مەحموود گەیشت. هێزەکە هێرشێکی کوتوپڕیشی کردە سەر سلێمانی و گرتی و شێخ مەحموود خۆی بەدەستەوە دا، کە بە سەختی بریندار بووبوو و برایە بەغدا کە درایە دادگە و لە بەردەمی دادگەیەکی سەربازیدا بە ئیعدام حوکم درا، بەڵام لە دواساتدا ئازاد کرا و دواتر بەمردنێکی ئاسایی مرد.

ئەو عەشیرەتانەش کە لە حکوومەتی سەربەستی کوردستاندا یارمەتیی شێخ مەحموودیان دابوو بەتوندی سزا دران، کە گوندەکانیان سووتێنران و بەشداربووان حوکم دران و یەکسەر حوکمەکانیان بەسەردا جێبەجێ کرا. بەوەش ئاسایش و ئارامی هاتنەوە سەر دۆخی خۆیان و بزووتنەوەی (کوردستان)ی گەورەی سەربەخۆ کە شێخ مەحموودی سەرسەخت ئەنجامی دابوو کە بڕوای نەکرد ئەو دەستەی هانی بزووتنەوەی کوردستانی دابوو و بە نیانی بژێویی لە لانکەکەیدا بۆ دابین کردبوو بە دەستێکی دڵڕەق هەڵگەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی بە دڕندایەتی و دڵڕەقی خۆی و خاوەنەکانی لەناو ببا.

حەز دەکەم تێبینییەکی خودی خۆم لەبارەی ئەفسەرە بەریتانییەکانی کارگێڕیی مەدەنی لە عێراقدا دەربڕم، ئەمانە هەموویان پێشتر ئەفسەر و ئەمەن گچکە بوون و زۆربەیان سەر بە کارگێڕیی سیاسیی حکوومەتی هیندستان بوون و زۆر دڵسۆز بوون و ئامادەی گیانبەخشین بوون و بە شێوەیەک پڕ بوون لە چالاکی و گەرموگوڕی، نموونەیان لە مێژووی بەریتانیادا نەبوو و هەلی ئەوەم بۆ ڕەخسا لە نێزیکەوە ناسیاوی لەگەڵ یەک لە پیاوە ناودارەکانی کارگێڕیی مەدەنی لە عیراقدا پەیدا بکەم کە لە ناوچەیەکی سنووری باکوری ڕۆهەڵاتی پاکستاندا دابەزی وەک هاوەڵێکی باوک و دایکم کە بە خۆشی پۆستێکی هەر لەو کارگێڕییە سیاسییەدا هەبوو و ئەوساکە من مێردمنداڵێکی بچووک بووم و بە پەرۆشەوە گوێدێری ئەو قارەمانە بووم کە لەبارەی سەرەڕۆییەکانی و ئەو کارانەیەوە دەدوا بە پاڵەوانییەتی ئەنجامی دابوون، بەڵام هەموو ئەم قارەمانێتییانە و حەیرانبوونی خۆم بەم پیاوە مەزنانە، وایان لێ نەکردم ئێستاکە چاو لە ڕاستییە ڕووداوەکە بنووقێنم کە ئەم (پیاوە مەزنانە) بە پشتگیریکردنی کەمینەکان - با مەبەستیشیان نەبووبێ - تۆوی جیاوازی و دابەشبوونیان لەناو هەموو گەلانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا چاند، هەروەها من لەوانە نیم کوێرانە حەیرانی حوکمی عوسمانی بم، بەڵام ئەو تایبەتمەندییەی حوکمی عوسمانیی نێزیکەی چوار سەدەی ڕابردووی پێوە جیابووەتەوە، ڕوونەدانی هیچ جۆرە

چەوساندنەوەیەکە دژی هەر کەمینەیەکی ئاینی لەبەر هیچ نا تەنیا ئەوە نەبێ موسڵمان نین.

ئەگەر ئامانجمان دابینکردنی ئاشتی بێ بۆ مرۆڤایەتی و وروژاندنی هەستماکی خۆڕسکە لە ناخی مرۆڤدا بۆ ئارەزووی شەڕ لە پێناوی سەر بە گەردوون شۆڕکردن بێ نەک لە پێناوی شەڕی یەکتری لەسەر ڕووی ئەم هەسارەیەدا و ئەگەر لەسەر ئەوە ڕێک بکەوین کە هۆکاری زۆربەی شەڕەکان زیانەیلێکە بە تایبەتی لە دەوڵەتێک نەک زیاتر لە دەوڵەتان کەوتووە هیچ چارەسەرێک نادۆزینەوە ئەوە نەبێ سنوورێک بۆ زیادبوونی نائاسایی ژمارەی دەوڵەتەکان و نەتەوە نوێیەکان دابنێین، خۆ ئەگەر ئەوەمان کرد تا نزمترین ڕادە هەلی پێکدادانی نوێ دادەنێین کە دەبێتە هۆی شەڕە جیهانییەکان.(٥)

کوردەکان دوای نۆ ساڵی ئاشتی و ئارامی لە خاکی کوردانداا شۆڕشیان کرد و جارێکی تریش هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیان دایەوە.

## شۆڕشی شێخ سەعیدی (١٩٢٥)

ئەم شۆڕشە لە دیوی سەر بە تورکیای وڵاتی کوردانداا بەرپا بووە و لەو سنوورەشدا بووە. هۆیە سەرەکییەکانیشی ئەمانەن:

١ – ماوەی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، پڕوپاگاندە لە پێناوی کوردستانی سەربەخۆدا: لە دێرەکانی پێشوودا هۆگەلی بزووتنەوە سەربەخۆییەکەی کوردستان و بنچینەکەی و کۆششی ددان پێدانانم لە کاتێک لە کاتەکاندا لە ئاستی ناودەوڵەتیدا باس کرد. یادەوەریی هەموو ئەم ڕووداوانە لە بیری گەلی کورددا بوو و دڵشکانی ئاغا کوردە ئارەزوومەندەکان و بەدی نەهاتنی خەونەکانیان وای لێکردن هەست بە ئێش و ئازار بکەن و لە هەل دەگەڕان بۆ هێنانەدیی خەونە کۆنەکانیان لە بەدەستخستنی دەسەڵاتدا.

٢ ــ سیاسەتی عیلمانیی حکوومەتی تورک

أ) دەوڵەتی نوێی تورک ویستی بە تەواوی عیلمانی بێ و لەو لێپرسراوییە بێ سوودە ناپەسندە ڕزگار بێ کە ڕێژیمی خەلیفایەتیی کۆنی شرِ بوو بەسەریدا سەپاندبوو.

ب) کەمینەیەکی ئاینیی زۆر لە خرستیان و ئەرمەن و جووی لێ بوو، لە ڕابردوودا هەرچەند ئاین وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکان بەکار دەهێنرا، ئەم کەمایەتییانە ناخۆشییان چێشتبوو. هەموو ئەم هۆیانە و هی تریش مستەفا کەمال ئەتاتورکیان وا لێ کردبوو قایل بێ بەوەی دەوڵەت بکاتە عیلمانییەکی نائاینی، ئەوەش بە لابردنی ئەوقاف و ئەو تایبەتمەندییە ناپێویستانەی ئەو پیاوە ئاینییە لەش بەهێزانەی هیچ سوودێکیان لێ چاوەڕێ نەدەکرا، تا ئەوسا لێیان سوودمەند بوون و زۆربەی مزگەوت و پەیمانگە ئاینییەکانی تر بوونە یانە بۆ چینە هەژارەکان.

٣) لە ٣ی فبرایەری ١٩٢٥ دا ڕێژیمی سەرۆکایەتیی بۆ ماوەکەی ڕێبازی نەقشبەندیی لابرد کە دەسەڵاتێکی زۆری لەناو کورداندا هەبوو و زۆربەی پیاوە ئاینییەکان لە کوردستاندا سەر بە ڕێبازی نەقشبەندیی سوننی بوون. ئەم لابردنە بە دەسپێکی شۆڕش دانرا، کە بەر لە کۆتایی مانگی فبرایەری ١٩٢٥ شۆڕش لەناو کوردەکانی دیوی تورکیادا بەرپا بوو. ئەو پێوەندییە پتەوەی شێخ سەعید بە ئاغا کوردەکانەوەی هەبوو، بۆ نێزیکەی گشت عەشیرەتە کوردەکان هاندەرێک بوو شۆڕش لە دژی تورکیا بکەن، لە ماوەیەکی کورتدا ئەو سێزدە ویلایەتە ڕۆهەڵاتییانەی کورد زۆرینەی دانیشتوانی پێک دەهێنا لە بارودۆخی شۆڕشدا بوون. شۆڕشگێڕان داوای گەڕاندنەوەی خەلیفایەتی و سوڵتان سەلیمی کوڕی سوڵتان عەبدولحەمیدیان کرد سەرباری لابردنی ئەو بڕیار و قانوونانەی تورکیایان کردبووە دەوڵەتێکی عیلمانی. ئەم شۆڕشە کوردییە لە ڕاستیدا دوا هەوڵێک بووە لەلایەن کۆنەپەرستانەوە بۆ وەستاندنەوەی ئەو شەپۆلە بە پەلەی ڕاپەڕینەی تورکیای نوێ جێبەجێی کرد، ئەمە دوا هەناسەی سەردەمی لەناوچوو بوو. دوای ئەوەی کوردەکان چەکی پێویستیان کۆ کردەوە و سوپایەکی بە هێزی نانیزامییان پێک هێنا هێرشیان بردە سەر دیاربەکر کە لە ٧ ی مارسی ١٩٢٥ دا کەوتە بەردەستیان. لەم کاتانەدا حکوومەت هێزێکی تەمێکردنی ئامادە کردبوو بە دوو ڕۆژ توانیی شاری دیاربەکر بگرێتەوە و لە دوو شەڕی گەرموگوڕدا شۆڕشگێڕە کوردەکان شکستیان خوارد و شێخ سەعید لەگەڵ لایەنگیرانیدا گیران و حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپێنرا و ئارامی و ئاسایش لە وڵاتی کورداندا گەڕایەوە دۆخی خۆی.

## شۆڕشی ١٩٢٩

ساڵی ١٩٢٩ لە ئەنجامی ئەو چالاکییانەی بەکرێگیراوانی دوژمنانی تورکیا ئەنجامیان دەدا، ئەو خۆڵەمێشەی دامرکاندنەوەی شۆڕش جێی هێشتبوو ورووژێنرایەوە و ساڵی ١٩٢٩ لە ناوچەی ئەرارات و گۆلی واندا شۆڕشێکی تر لەناو کوردەکاندا بەرپا بووەوە و دوابەدوای ئەو شۆڕشە کوشتارێک لە دژی ئەو کرستیانە ئەرمەنییانەدا ئەنجام درا کە حکوومەتی عیلمانیی تورک بەڵێنی پاراستنیانی دابوو. ئەوانەی بوونە هۆی ئەم ڕووداوانە لایەنگیرە کۆنەپەرست و لاوە تازە ڕۆشنبیرانەی شێخ سەعید بوون کە پروپاگاندەی بیانی تێکیانی دابوو. شۆڕشەکە بە دەستێکی ئاسنین دامرکێنرایەوە و حکوومەتی تورکیا هەندێک هەڵسوکەوتی توندی جێبەجێ کرد بۆ ئەوەی ئەم جۆرە ڕووداوە ناوزڕێنانە دووبارە نەکرێنەوە.

دوای ئەوە ماوەیەکی مێژووی هاوچەرخ دێتە پێشەوە و هەروەک پێشتر گوتم مەبەست لە نووسینی ئەم کتێبەم ئەوەیە کە ببێتە (کتێبی مێژوو) نەک (نامەیەکی سیاسی) ئەگەر ئەمەش ئامانجم بێ دەبێ لە باسکردنی ڕووداوێلێک دوودڵ نەبم کە لە کتێبی مێژوودا بە کۆن دانانرێ. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ لە ماوەی بیست و پێنج ساڵی ڕابوردوودا ڕووداوی مێژوویی بەهادار ڕووی

نەدابێ. لە ڕاستیدا دەتوانم بە دوور و درێژی لەبارەی شۆڕشی مەلا مستەفای بارزانی لە عێراق و شۆڕگەلێکی کوردیی ترەوە بنووسم کە لە نێوانی (١٩٤٥-١٩٤٩) دا لە مەهاباد و ڕەزائییە (ئێران) دا بەرپا بوون.

لەو ماوەیەدا لەو بەشەی جیهانەدا بووم و بەشداریم لە بەشێکدا تا ڕادەیەک بە کردەوە لەو هەڵسوکەوتانەدا کردووە بۆ لەناوبردنی ئەنجام دراوە. بەوەی کە ئەم ڕووداوانە هێشتا تازەن و هەر شتێکیش کە لەبارەی کاروباری ئێستاوە دەنووسم پێوەندیی بە سیاسەتەوە دەبێ و نەریتی ڕاژەی سەربازیم ڕێ ناداتێ لەبارەی سیاسەتەوە بدوێم، وای بۆ دەچم دەبێ لێرە بوەستم و بابەتەکە بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێ بهێڵم بۆ ئەوەی حوکم بەسەر کارەکانماندا بدەن و دوای مردنمان بە دوایاندا بچن.

پەراوێزەکانی وەرگێڕی کوردی

(١) هەروەک لێرەدا، لە گەلێک شوێنی تری ئەم کتێبەدا هەڵەی مێژوویی دەبینین و لەگەڵ گەلێک بیرو بۆچوونی دانەردا نیین. کتێبەکە لە گەلێک لاوە پێویستیی بە ڕوونکردنەوە و ڕاستکردنەوەی بەپێی سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان هەیە، کە لێرەدا بواری ئەوەمان نییە.

(٢) نووسەر لە باسی دوو باڵەکەدا مەبەستی دوو دەوڵەتی پاکستان و بەنگلادیشی ئەمڕۆیە کە هەردووکیان بە ناوی پاکستانەوە بە یەک دەوڵەت دانرابوو. ئەم دوو بەشە لە بنەڕەتدا پارچەیەکی هیندستانی گەورەن و لەبەر دەمارگرژیی ئاینی کە ئەو دوو بەشە (پاکستان و بەنگلادش) جیا لە بەشەکانی تری هیندستان موسڵمانن، لە هیندستان دابڕێنران و لە ١٤ ی ئابی ١٩٤٧ دا کرانە دەوڵەتی پاکستانی سەربەخۆی موسڵمان، پاکستانی ئەمڕۆ، کە " پاکستانی خۆرئاوا " ی پێ دەگوترا، لەمپەڕی هیندستان و بەنگلادش لەوپەڕ و پێیان دەگوت " پاکستانی ڕۆژهەڵات ".

بەڵام وەکو بە کردەوە سەلمێنرا ئەو ئەزموونە سەرکەوتوو و کاری کردەنی نەبوو، بۆیە ناچار بەنگلادیش بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و لە ٢٦ ی ئاداری ١٩٧١ دا سەربەخۆیی بەدەست هێنا و لە کارگێڕی و دەسەڵاتی پاکستانی ڕۆئاوا جیا بووەوە و ڕۆژی ١٦ ی کانوونی یەکەمی هەر ئەو ساڵە پێکهێنانی دەوڵەتی بەنگلادش بە فەرمی ڕاگەیەنرا.

(٣) شێخ مەحموود بەو چەمکەی ئاغایەتییەی هەیە ئاغا نەبووە، شێخێکی پایەبەرز و کەسایەتییەکی هەرە دیاری سلێمانی و کوردستان و داواکاری مافی ڕەوای کورد بووە، دواتر بۆ ماوەیەکی کورت بووە (مەلیکی کوردستان).. هتد.

(٤) ئەمە هەڵەیەکی دیکە و بۆچوونێکی ناڕاستی نووسەرە، بەپێچەوانەوە هەموو کەرکووک و کفرییش لایەنگیری شێخ مەحموود بوون و داوایان دەکرد.

من پێم وایە لەگەڵ نەویستنی حکوومەتی بەغدای عەرەبیدا تێکەڵی کردووە. لەبەرئەوەی کەرکووک لە ڕاپرسیدا (فەیسەڵی کوڕی حوسێن)ی وەک شا بۆ عێراق ڕەت کردووەتەوە.

(٥) بە پێی ئەم بیرە، نووسەر دەبوو پشتگیریی دروستبوونی دەوڵەتی پاکستانیشی نەکردایە کە بەهۆی جیاوازیی ئاینییەوە لە هیندستانی دایک جودا بووەتەوە.

# بنەواکانی رۆژنامەوانی

## ئەو شتەی دەبێ هەواڵکاران بیزانن و جەماوەر چاوەڕوانی بکات

بیل کۆڤاچ و تۆم رۆزێنستیل

### بەشی یەکەم

---

#### پێشەکی

کاتێک کۆمەڵناسان هەستان بە بەراوردکردنی تێبینییەکان لەسەر ژمارەیەکی کەم لە کولتوورە سەرەتاییەکانی بەجێماوەکانی دنیا، شتێکی چاوەڕواننەکراوەیان دۆزییەوە. لە کۆمەڵگە خێڵەکییە هەرە دابڕاوەکانی ئەفریقاوە بگرە تا دوورگە هەرە دووردەستەکانی زەریای ئارام، خەڵکەکە لە بنەڕەتدا هەمان پێناسەی بۆ هەواڵ هەبوو. تەنانەت لەو نامەبەرانەی بۆ کۆکردنەوە یان ناردنی هەواڵەکانیان هەڵیان دەبژاردن، ئەوان بەدوای هەمان تایبەتمەندییەکان گەڕاون. ئەوان خەڵکی وایان دەویست بە خێرایی تا گردۆڵەی تر را بکەن، بەدروستی زانیاری کۆ بکەنەوە و بەڕێک و پێکی بیگێڕنەوە. مێژوونووسان نووسیویانە هەمان بەهاگەلی بنەڕەتیی هەواڵ بەدرێژاییی کات بەجێگیری ماونەتەوە. (مرۆڤەکان تێکەڵەیەکی وێکچووی هەواڵیان ئاڵوگۆڕ کردووە... بەدرێژاییی مێژوو و لەناو کولتوورەکاندا)، بە قەڵەمی میچێڵ ستێفانسی مێژوونووس.

ئاخۆ چۆن نهێنیی ئەم نەگۆڕانەمان پێ شی دەکرێتەوە؟ وەڵامەکەی بە تێگەیشتنی مێژوونووسان و کۆمەڵناسانەوە ئەوەیە هەواڵ مەیلێکی بنەڕەتیی مرۆڤ تێر دەکات. خەڵک پێویستییەکی دەروونی- خۆڕسکێکیان- هەیە بۆ زانینی رووداوەکانی سەرووی ژیانی راستەوخۆیان. بە ئاگەداربوون لەو رووداوانەی ئێمە خۆمان ناتوانین بیانبینین، هەستێکی ئاسایش و کۆنترۆڵ و متمانە لەدایک دەبێت. نووسەرێک ناوی لەوە ناوە (برسێتی بۆ وشیاری).

لە یەکەم ئەو شتانەی خەڵک لە کاتی دیتنی هاوڕێ یان ناسیاوێک دەیکات، پێدانی زانیارییە.

............................................................

وەرگێڕانی ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید

"بیستووتە...؟" ئێمە دەمانەوێت بزانین ئاخۆ ئەوانیش ئەو شتەی ئێمە بیستوومانە، بەرگوێیان کەوتووە و ئاخۆ بە هەمان شێوەی ئێمە بیستوویانە. خرۆشێک لە هەستکردنێکی هاوبەش لە دۆزینەوەدا هەیە. ئێمە تا ڕادەیەک لەسەر ئەو بنەوایەی ئاخۆ کاردانەوەی کەسێک بەرامبەر بە زانیارییەک بە هەمان شێوەی کاردانەوەی ئێمەیە، پێوەندیی دۆستانە دەبەستین، هاوڕێ هەڵدەبژێرین و بڕیار لەسەر کەسێتی دەدەین.

کاتێک بەر بە تەوژمی هەواڵ دەگیرێت، (تاریکی دادەسەپێت) و نیگەرانی باڵ دەکێشێت. جیهان لە ڕاستیدا یەکجار خامۆش دەبێت. ئێمە هەست بە تەنیایی دەکەین. جۆن مەککێن، سیناتۆری ئەمەریکایی خەڵکی ئاریزۆنا، نووسیویەتی لە پێنج ساڵ و نیوی تەمەنی وەک دیلی شەڕ لە هانووای، ئەو شتەی پتر لە هەمووان تامەزرۆی بوو، نە ئاسوودەیی نە خۆراک نە ئازادی و نە تەنانەت خێزان و هاوڕێکانی بوون. (ئەو شتەی زیاتر لە هەمووان بیرم دەکردەوە زانیاریی سەربەخۆی سانسۆڕنەکراو و نەشێوێنراو و دەوڵەمەندبوو).

ناوی لێ بنێ خۆڕسکیی وشیاری.

ئێمە بۆ ژیانمان، پاراستنی خۆمان، یەکگرتن لەگەڵ یەکتر و پێناسەکردنی دۆست و دوژمن پێویستمان بە هەواڵە. ڕۆژنامەوانی لە بنەڕەتدا ئەو سیستەمەیە کۆمەڵگە بۆ دابینکردنی هەواڵ دای مەزراندووە. هەر بۆیەش ئێمە گرینگی بە تایبەتمەندییەکانی ئەو هەواڵ و ڕۆژنامەوانییە دەدەین کە بە دەستمان دەگات: ئەوانە کار لە چۆنیەتیی ژیانی ئێمە و هزر و کولتوورمان دەکەن. تۆماس کەهیلی نووسەر، دانەری کۆمەڵێک کتێبی پڕجەماوەر لەبارەی مێژووی ئاین، بەم شێوەیە ئەوەی دەربڕیوە (ئێوە دەتوانن لە ڕێگەی هەواڵەکانی کولتوورێکەوە، ڕوانگەی گشتیی نەتەوەیەک.... ترس و خواستە شاراوەکانی بزانن).

لە ساتێکی شۆڕشی پێوەندییەکاندا، ئاخۆ ئەو هەواڵانەی ئێمەی دەیانگەیەنین، چ شتێک لەبارەی بۆچوونی گشتیی ئێمە و ترس و خواست و بەهاکانمان ئاشکرا دەکات؟

ئەم کتێبە لە ڕۆژێکی باراناویی حوزەیرانی ١٩٩٧ لەدایک بوو، کاتێک ٢٥ ڕۆژنامەنووس لە یانەی مامۆستایانی زانکۆی هارڤارد کۆبوونەوە. نووسیارانی کۆمەڵێک لە ڕۆژنامە پلە یەکەکانی ئەمەریکایی و ژمارەیەک لە ناوە هەرە ناسراوەکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و هەندێک مامۆستای پلەبەرزی ڕۆژنامەوانی و ژمارەیەک نووسەری دیاری وڵات دەوریان لە مێزێکی درێژ دابوو. لەبەرئەوەی پێیان وابوو لە پیشەکەیاندا شتێکی بەڕاستی هەڵە هەیە، لەوێ کۆ بووبوونەوە. ئەوان لە زۆربەی کاری هاوکارەکانیاندا بە ئاستەم ئەو شتەیان بەدی دەکرد کە بە لایەنەوە ڕۆژنامەوانی بوو. لەوە دەترسان پیشەکەیان لە جیاتی ئەوەی خزمەتێکی زیاتر بە بەرژەوەندیی گشتی بکات، لەناوی بەرێت.

لە بەرامبەردا جەماوەر تا دەهات پتر ڕۆژنامەنووسانی هەراسان دەکرد و تەنانەت ڕقی لێ دەبوونەوە. بارودۆخەکە بەردەوام خراپتر دەبوو. لە ١٩٩٩دا تەنیا ٢١٪ی ئەمەریکاییەکان پێیان

وابوو، چاپەمەنی خەمی خەڵکیەتی، ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ ٤١٪ی ساڵی ١٩٨٧ دابەزیبوو. تەنیا ٥٨٪ دانیان بە رۆڵی چاودێرانەی چاپەمەنی دادەنا، دابەزینێک لە ٦٧٪ی ١٩٨٥. کەمتر لە نیوە، ٤٥٪، پێیان وابوو چاپەمەنی پارێزەری دیموکراسییە. ئەم رێژەیەش لە ١٩٨٥دا بە نێزیکەیی ١٠ پلە بەرزتر بوو. لە ٢٠٠٥دا هەندێک لەم ژمارانە هەڵکشانێکی کەمیان بەخۆوە دیت- ٢٨٪ی ئەمەریکاییەکان پێیان وابوو چاپەمەنی خەمی خەڵکیەتی.

ئەو شتەی ئەو رۆژە لە کەمبریجدا جیاواز بوو، ئەوە بوو زۆرێک لە رۆژنامەنووسانی ناو ژوورەکە - و لە سەرانسەری وڵاتدا- بەرەبەرە لەگەڵ جەماوەردا هاوڕا دەبوون. (لە ژووری هەواڵ ئێمە ئیدی باسی رۆژنامەوانی ناکەین)، مەکسوێڵ کینگی نووسیاری ئەو کاتی فیلادێڵفیا ئینکوایرر. نووسیارێکی تر هاوڕا بوو: (پاڵەپەستۆی کاری و قازانج ئێمەی لەناو بردووە). هەواڵ خەریکە دەبووە سەرگەرمی و سەرگەرمیش هەواڵ. قازانجی رۆژنامەنووسان تا دەهات پتر گرێدراوی سوودی کۆمپانیا دەبوو نەک جۆرێتی ئیشەکەیان. لە کۆتاییدا پرۆفیسۆر جێیمز کێریی کۆچکردوو، لە زانکۆی کۆلۆمبیا، پێشنیازێکی کرد کە زۆر کەس وەک پوختەیەک بە بیریان دێتەوە (کێشەکە ئەوەیە ئێوە شایەتی ونبوونی رۆژنامەوانین لەناو دنیایەکی گەورەتری پێوەندییەکاندا. ئەوەی ئاواتی بۆ دەخوازن گێڕانەوەی رۆژنامەوانییە لەناو ئەو دنیا گەورەترەدا).

ئەوە شتێکی گرینگتری لە ناوەخۆدا هەڵگرتبوو. ئەگەر رۆژنامەوانی، ئەو سیستەمەی ئێمە بەهۆیەوە هەواڵمان بەدەست دەگات، تێهەڵکێش کرابا، چ شتێک شوێنی دەگرتەوە؟ ریکلام؟ سەرگەرمی؟ بازرگانیی ئەلەکترۆنی؟ پڕوپاگەندە؟ کۆمپانیای هەواڵ کۆکەرەوەی ئەنتەرنێتی؟ تێکەڵەیەک لە هەموو ئەمانە؟ و ئاخۆ بەرەنجامەکەی بە کوێ دەگەیشت؟

وەڵامەکان بە هەمان رادە بۆ جەماوەر و هەواڵکاران گرینگە. رۆژنامەوانی شتێکی بێ هاوتا دەبەخشێتە کولتوور: زانیاریی بێ لایەن و جێی باوەڕ و ورد و گشتگیر کە هاووڵاتییان بۆ ئازادبوونیان داوای دەکەن. رۆژنامەوانییەک کە داوای لێ بکرێت شتێکی جگە لەوە دابین بکات، کولتووری دیموکراسی سەراونخوون دەکات، ئەمەش کاتێک روو دەدات حکوومەت کۆنترۆڵی هەواڵ بکات وەک لە ئەڵمانیی نازی و یەکەتیی سۆڤیەتدا. ئەوە لە شوێنی وەک سینگاپۆر دەبینینەوە کە حکوومەت کۆنترۆڵی هەواڵ دەکات لە پێناو هاندانی سەرمایەداری و سستکردنی بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا. شتێکی نێزیک لەوە، لەسەر شێوازێکی زایتر بازرگانییەوە رەنگە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا رەگوڕیشە دەربکات، وەک ئەو کاتەی دەزگاکانی هەواڵیی سەر بە کۆمپانیا هاوبەشییە مەزنترەکان بۆ برەودان بە بەرهەمەکانی خاوەنی کۆمپانیا ئاوێتەکان بۆ لۆبیکردنێکی بێ کەموکووڕی یان رکابەرێتیی کۆمپانیاکانی هاوبەشی بەکار دێن، یانیش لەگەڵ ریکلامکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی قازانج تێکەڵ دەکرێن. کێشەکە تەنیا لەدەستدانی رۆژنامەوانی نییە. ئەوەی لە مەترسیدایە ئەوەیە ئاخۆ ئێمە وەک هاووڵاتی هەلی دەست ڕسی بە زانیاریی سەربەخۆمان دەبێت بۆ ئەوەی بتوانین بەشداربین لە بڕیاردان بۆ خۆمان.

لەساڵانی پاش ١٩٩٧ واتە کاتێک گرووپەکە لە کەمبریجدا کۆ بووەوە، ئەو پاڵەپەستۆیانە هەر بەهێزتر بوون. لە ئیدارەی جۆرج دەبلیوو بووشدا سەرۆک و یاوەرە بەرزەکانی تر بەڕاشکاوی چاپەمەنییان وەک گرووپێکی بەرژەوەندیخوازی تری ناو کۆمەڵگە کە خاوەنی ئەجێندای تایبەتیی خۆیەتی، ڕەت کردەوە. هەرچەندە ئەو هەڵوێستە ڕەنگە بەشێکی سیاسی بووبێت و سەرۆک لە سەرەتای ٢٠٠٥دا لەم هەڵوێستەی بە پاڵپشتیکردن لە سەربەخۆیی چاپەمەنی پاشگەز بووەوە، ئەم سیاسەتوانانە شتێکیان جاڕ دا کە جەماوەر بۆ خۆی بە شێوەیەکی رووەو زیادبوون هەستی پێ کردبوو.

ئیدارەکە هەروەها لەچاو ئیدارەی کلینتۆن و بوشی پێشوو بۆ دامەزراندنی میدیای بەرهەمهاتوو لەلایەن حکوومەتەوە زیاتر بۆ پێشەوە چوو. ئیدارەکە هەواڵی ڤیدیۆیی چەواشەکارانەی بەسەر وێزگە تەلەڤزیۆنییە لۆکاڵەکان دابەش دەکرد. کۆمپانیایەکی بۆ دابەزاندنی هەواڵی یەک لایەنەی نووسراو لەلایەن سوپای ئەمەریکا، لەناو میدیای عێراقیدا پاداشت دەکرد. هەروەها ستوونووسانی وڵاتە یەکگرتووەکانی بۆ داڕشتنی بابەتگەلێک بۆ پاڵپشتی لە سیاسەتەکانی خوێندن و هاوسەرگیری بەکرێ گرت. هەوڵی دا درکاندنی نهێنیی لێکۆڵینەوەکان لەبارەی هەواڵگەلی تایبەت بە یەکجار یاسایبوونی دانانی ئامێر بۆ بەدزی گوێگرتن لە تەلەفۆنی ماڵان و هەروەتر گرتیگەی نهێنی لە دەرەوەی وڵات، تاوانبار بکات.

تەکنەلۆجیا تەنیا یارمەتیدەر نەبووە بۆ هەوڵی حکوومەت لە داڕشتن و بڵاوکردنەوەی بابەت. کاتێک بلۆگەکان لە ٢٠٠٤دا بەگشتی ناوبانگیان پەیدا کرد، خەڵک تا دەهات زیاتر بابەتی خۆیان لەسەر پێگەی تایبەت بەخۆ بڵاو دەکردەوە. ئەم بزووتنەوەی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتی ڕەنگە ڕێخۆشکەر بووبێت بۆ سڕینەوەی هەر جۆرە ترسێکی تایبەت لەو بیرۆکەیەی حکوومەت خەریکی بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەگەریی فەرمیی خۆیەتی.

لە ١٩٩٧دا ئەو کۆمەڵە ڕۆژنامەنووسەی لە کەمبریج لە لووتکەی ئەم گۆڕانانەدا بەیەک گەیشتن، لەسەر پلانێک ڕێک کەوتن: بەشداریپێکردنی ڕۆژنامەنووسان و جەماوەر لە تێڕوانینێکی ورد لە سروشتی ڕۆژنامەوانی. وا ڕێک کەوتین وەڵامی دوو پرسیار بدەینەوە. ئەگەر هەواڵکاران پێیان وابوو ڕۆژنامەوانی شتێکی جیاوازە لە شێوازەکانی تری پێوەندیکردن، جیاوازییەکە چییە؟ ئەگەریش پێیان وابوو ڕۆژنامەوانی پێویستیی بە گۆڕانە، بەڵام هەندێک بنەوای بنچینەیی پێویستە بهێڵرێنەوە، ئاخۆ ئەو بنەوایانە کامانەن؟

بۆ ماوەی دوو ساڵی دواتر گرووپەکە، کە ئێستا خۆی بە لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی پەرۆش ناو ناوە، دوورودرێژترین و سیستەمیانەترین و گشتگیرترین هەڵسەنگاندنی تا ئێستا ئەنجامدراوی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە سەبارەت بە کۆکردنەوەی هەواڵ و بەرپرسیارییەتییەکانی کردووە. ئێمە ٢١ کۆڕبەندی جەماوەریمان بەستووە، بە ئامادەبوونی ٣٠٠٠ کەس و بەشایەتی پتر لە ٣٠٠ ڕۆژنامەنووس. ئێمە لەگەڵ تیمێکی لێکۆڵەوانانی زانکۆ کە پتر لە ١٠٠ دیمانەی سێ کاتژمێر و

نیـوییـان لەگـەڵ ڕۆژنامـەنووسـان سـەبارەت بە بەهاکـانیـان ئـەنجـام داوە، بەشـدار بووین. دوو ڕاپرسـیـمـان لەسـەر ڕۆژنامـەنووسـان لەبارەی بنـەواکـانیـان ئەنجـام دا. لووتکەیەکـمـان بۆ (هەمـوارکـردنی یـەکـەم) و ڕۆشنبـیـرانی ڕۆژنـامـەوانی ڕێک خـست. لە ڕێگەی پرۆژەی (نایابی لە ڕۆژنامەگەریدا) ئێمە بەنێزیکەیی دوزادە لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلمان لەبارەی گوزارشکردنی هەواڵ بەرهەم هێنا. ئێمە لە مێژووی ڕۆژنـامـەنووسـانی پێش خـۆمـان کـۆڵییـەوە و لە ژوورەکانی هەواڵی سەرانسەری وڵاتدا ڕاهێنامان کرد.

ئەم کـتـێبـە بەرهـەمی ئەو لێکـۆڵینەوەیە. مـشـتـومـڕی نییـە، بگرە وەسـفـێکی تیـۆر و کـولـتـووری ڕۆژنامـەنووسییـە کە بەرهەمی سێ سـاڵ گـوێگرتن لە هـاووڵاتییـان و ڕۆژنامـەنووسـان و لێکۆڵینەوە کـارییـەکانی خـۆمان و خـوێندنـەوەمانە بـۆ مێژووی پیشـەکە، هاوکات لەگـەڵ پەرەسـەندنی لە وڵاتە یەکگرتووەکانـدا. ئێمە لەناو شـتەکانی تردا لـەوە تێ گەیشتین کۆمەڵگە چاوەڕوانە ڕۆژنامـەنووسان کار بەم تیۆرە بکەن و هـاووڵاتییان لێی تێ بگەن، هـەرچەندە بەدەگمەن دەخوێندرێتەوە یان بەڕوونی دانی پێدا دەنرێت. ئەم نـاڕوونییـە، هـەم بۆ هـاووڵاتیـیـان و هـەم بۆ هـەواڵکاران، ڕۆژنـامـەوانی لاواز کردووە و ئێستـە کۆمەڵگەی دیموکراسی سست دەکات. تەنیا ئەگـەر لە تیۆری چاپەمەنیی ئازاد تێ بگەین و داوای بکەینەوە، ئەگـەر نا ڕۆژنامـەنووسـان پیـشـەی خـۆیان دەدەنە بەر مـەترسـیی لەناوچوونەوە. لەو حاڵەتەشدا تەنگژەی کولتوور و ڕۆژنامەوانی ئێمە تەنگژەیەکی بیر و بۆچوونە.

لە لێکۆڵینەوەکەمانەوە کۆمەڵێک بنەوای ڕوونمان پاڵاوتووە کە ڕۆژنامەنووسان لەسەریان کۆکن- و هاووڵاتییانیش مافدارن چاوەڕوانی ئەو بنەوایانە بکەن. ئەوانە ئەو بنـەمایانەن کە بە تێپەڕینی کات هەڵکشـاون و داکـشـاون، بەڵام بەردەوام بـەشـێـوەیەک دەرکـەوتوون. ئـەمـانە زیندوو مـاونـەتەوە، لەبەرئەوەی ڕۆژنامـەنـووسـان توانیویانە ئەو بنەوایانە لـەگـەڵ خواسـتـەکانی سـەکۆییـە نوێییـەکان و شـێـوازەکـانی ڕاپـەڕاندنی ئەرکی سـەرەکـییـان بۆ ئاگـەدارکـردنەوەی خـەڵک، بگونجـێنـین. بەڵام ڕۆژنامـەنووسـان کـارەکەیان گونجاندووە نەک بنـەواکـان- بە هـەمـان ئەو شـێوەیەی جەمـاوەر خـۆی لەگـەڵ شـێـوازی وەرگـرتـنی هەواڵەکـانیـان گـونجـاندووە. ئەمـانە ئەو بنەوایانەن هـەم یارمـەتیی ڕۆژنامەنووسان و هەم خەڵکی ناو سیستەمە سەربەخۆکانیان داوە خواستەکانیان لەگەڵ جیهانێکی تەنانەت ئاڵۆزتر بگونجێنن. ئەمانە بنەماکانی ڕۆژنامەوانین. یەکەمینی ئەو بنەوایانە ئەوەیە ئامانجی ڕۆژنامەوانی دابینکردنی ئەو زانیارییەیە بۆ خەڵک کە بۆ ئازادی و سەربەخۆییان پێویستییانە.

لە پێناو ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە:

٦- ڕۆژنامەوانی بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە بەرامبەر بە ڕاستی.

٧- لایەنگریی بە پلەی یەکەم بۆ هاووڵاتییانە.

٨- لەخۆیدا پێڕەوێکە بۆ سەلماندن.

٩- ئەوانەی کاری پێ دەکەن پێویستـە سەربەخـۆیی خـۆیان بپارێزن لەو کـەسـانەی ڕوومـاڵیـان دەکەن.

١٠- پێویستە وەک چاودێرێکی سەربەخۆی دەسەڵات خزمەت بکات.

١١- پێویستە کۆڕبەندێک بۆ رەخنە و ئاشتەواییی جەماوەری دابمەزرێنێت.

١٢- دەبێت هەوڵ بدات ئەوەی گرینگە سەرنجراکێش و پڕبایەخ بکات.

١٣- پێویستە هەواڵ بە گشتگیری و بەراوردی رابگرێت.

١٤- ئەوانەی کار لە رۆژنامەوانی دەکەن مەرجە ویژدانی خۆیان بەکار بێنن.

١٥- لەوەی پێوەندییی بە هەواڵەوە هەیە، هاووڵاتییانیش ئەرک و مافەیلی خۆیان هەیە.

بۆچی ئەم دەیە؟ هەندێک خوێنەر پێیان وایە کۆمەڵێک بابەت لێرەدا دیار نین. دادوەری لە کوێیە؟ هاوسەنگی لە کوێیە؟ پاش ئاوێتەکردنی ئەو شتەی فێری بووین، دەرکەوت ژمارەیەک بیرۆکەی ئاشنا و تەنانەت بەسوود، لەوانەش دادوەری و هاوسەنگی- ئەوەندە لێڵن کە ناکرێت بۆ ئاستی بنەوا سەرەکییەکانی پیشەکە بەرز بکرێنەوە. کەسانی تر رەنگە بڵێن ئەم لیستە شتێکی نوێ نییە. بەپێچەوانەوە، ئێمە تێ گەیشتین زۆر بیرۆکە لەبارەی بنەواکانی رۆژنامەوانی بە ئەفسانە و بیرۆکەگەلی هەڵەوە تەنراون. تێگەیشتنێکی هەڵە ئەوەیە پێویستە رۆژنامەنووسان بە دیوارێک لە نێوان کار و هەواڵدا بپارێزێن. یەکێکی تر ئەوەیە سەربەخۆییی رۆژنامەنووسان ناچار دەکات بێلایەن بن. چمکی بابەتیانەبوون ئەوەندە شێوێندراوە کە ئێستا بەزۆری بۆ وەسفکردنی هەر خودی ئەو کێشەیە بەکار دێت کە بۆ چارەسەرکردنی لەدایک بووبوو.

هەروەها ئەمە یەکەم جار نییە ئەو شێوازانەی ئێمە هەواڵمان پێ دەگات، گۆڕانکاریی زەبەنی بەسەردا دێت. ئەمە هەرجارەو گۆڕانێکی کۆمەڵایەتیی ئابووریی تەکنەلۆجیی گرینک هەبووبێت، رووی داوە. لە ١٨٣٠ و ١٨٤٠ەکاندا لەگەڵ داهێنانی تێلیگرافدا و لە ١٨٨٠کاندا لەگەڵ دابەزینی نرخی کاغەز و تێرژانی کۆچبەراندا هەبووە. دووبارە لە ١٩٢٠ەکاندا لەگەڵ داهێنانی رادیۆ و بەرزبوونەوەی ژمارەی رۆژنامەی بچووکی ورووژێنەر و کولتووری گوتەگوت و ناوداران رووی داوە. لەگەڵ داهێنانی تەلەڤزیۆن و هاتنی شەڕی سارددا دەرکەوتووەتەوە.

ئێستاش لەگەڵ دەرکەوتنی تەلەڤزیۆن و رادیۆ و دوابەدوایشی ئەنتەرنێت سەر هەڵدەداتەوە. پێکدادانی ئەم جارە رەنگە زەقتر بێت. بۆ یەکەم جار لە مێژووماندا هەواڵ بەشێوەیەکی رووەوە زیادبوون لەلایەن کۆمپانیاکانی دەرەوەی بواری رۆژنامەوانییەوە بەرهەم دەهێنرێت و ئەم دامەزراوە ئابوورییە نوێیە گرینگە. ئێمە بەرەورووی ئەو رێتێچوونە بووینەوە کە دەنگ و شوێنی هەواڵی بێلایەنە دەگرێتەوە و ریکلامکردن لە بەرژەوەندییی کەسێنیدا خۆی وەک هەواڵ دەسەپێنێت. ئەگەر ئەوە روو بدات، ئێمە رۆژنامەوانیمان وەک دامەزراوەیەکی سەربەخۆی ئازاد لە چاودێریکردنی دەسەڵاتە پرهێزەکانی تر و دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە، لەدەست دەچێت.

لە سەدەی نوێدا یەکێک لە پرسە هەرە گرینگەکان لەبارەی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەوەیە ئاخۆ چاپەمەنییەکی سەربەخۆ زیندوو دەمێنێتەوە؟ وەڵامەکەی بەندە بەوەی ئاخۆ رۆژنامەوانی ئەو

دیوەدەری و بنەوایەی هەیە بۆ ئەوەی دان بە مانای چاپەمەنیی ئازاد بنێت و ئاخۆ ئەمە بۆ ئەوانی ترمان وەک هاووڵاتی گرینگە.

ئەم کتێبە وەک یەکەم هەنگاو بۆ یارمەتیدانی رۆژنامەنووسان لە داننان بەو بەهایانە و بۆ یاریدەدانی هاووڵاتییان بۆ داواکردنی رۆژنامەوانییەکی پابەند بەو بنەوایانەی لە بنەڕەتدا چاپەمەنیی ئازادیان هێنایە بەر، داڕێژراوە. هەندێک کەس رەنگە پرسیار بکەن ئاخۆ لەم کتێبەدا پرۆگرامێکی دیاریکراو دانراوە بۆ ئەوەی ئەمە بێنێتە دی، واتە کێشەکانی رۆژنامەوانی چارەسەر بکات. وەڵاممان بۆ ئەوە لە دوو بەش پێک دێت.

یەکەم وەڵام ئەوەیە مێژوو بە تامەزرۆبوون بۆ تاقە ساتێک، بۆ کردەوەیەکی بوێرانە یان چارەسەرێکی هاوکێشەیی دروست نابێت. رۆژنامەوانیش بەو شێوەیە پەرەی نەسەندوو یان بەو جۆرە نەگەیشتووەتە ئەو شێوازەی ئێستای لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا. رۆژنامەوانی بێ وچان پەرە دەسەنێت. لە هەر ساتێکی دیاریکراودا دەکرێت لە هەمان کاتدا شێوازەکانی پێشڤەچوون و تێکچوون دەستنیشان بکرێن.

لە ٢٠٠٦دا بە بەراورد لەگەڵ هەر کاتێکی تر لە مێژوودا رەنگە گەنجێکی زۆرتر چاودێریی جیهانیان بکەن و ئەو شتەی بەرێگەیەکی رۆژنامەوانانە دەیدۆزنەوە بە هەستێکی بەرزتری ئەرک و ئەخلاقی گشتییەوە بیبەشنەوە. خەڵکانی کردنخوازی خۆدامەزرێنەر، واتە خەڵکانی ناو چوارچێوەی کاری هاوبەشیش هەن کە پێیان وایە ئابووریی ئێستای رۆژنامەوانی دەیسەلمێنێت جۆرێتی و خۆبەختکردن بۆ بەرژەوەندیی گشتی جمکی سەیر و سەمەرە و بیرۆگەلی ساوێلکەن کە پێویستە واقیعبینانی ژێر دەستبەرداریان بن.

وەڵامی دووەم – کە بۆچی ناتوانرێت پرۆگرامێکی پێنج یان دە خاڵی بۆ چارەسەکردنی کێشەی رۆڵی رۆژنامەوانی لە کۆمەڵگەدا بدۆزرێتەوە – برێتییە لەوەی ئەزموونی گشتیمان بۆ ماوەی حەفتا ساڵ لەم پیشەیەدا وانەیەکی روونتر بۆ دۆزینەوەی ئەو چارەسەرە پێشکێش دەکات.

وەڵامەکە لەو کەسانەدا دەدۆزرێتەوە کە رۆژانە بەشارەزایی لە بنەواکانی رۆژنامەوانی و بە وردییەوە جێبەجێکردنیان لەسەر شێوازی کارکردن و بیرکردنەوەیان هەواڵ دروست دەکەن. چارەسەرەکە بە هەمان ئەو رێگەیەی وەرزشکاران توانستیان بەرز دەکەنەوە، دەدۆزرێتەوە: بە دووبارەکردنەوەی کردەوەکە تا ئەو کاتەی بنەواکان دەبنە شتێکی خۆڕسکی. ئەمەش سەرچاوەی روونی لە ئامانج و متمانە لە کارکردن و سەنگی جەماوەرییە.

کلیلی گەیشتن بەمەش، سەرەتا جیاکردنەوەی ئەو بنەوایانەیەن کە رێنیشاندەری ئامانجی رۆژنامەوانین لەو تەکنیکانەی نەوەیەک دەیانگۆڕێت بۆ ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو بنەوایانە. تەنیا لە رێگەی داننان بە باڵادەستبوونی بنەواوە رۆژنامەوانی دەتوانێت بەشێوەیەکی ئەخلاقی بگۆڕێت و لەلایەکەی ترەوە دەربچێت و هێشتاش هەمان ئامانجی دیموکراسی بۆ سەدەیەکی نوێ و تەکنەلۆجیایەکی نوێ و جۆرە هاووڵاتییەکی نوێی تەلبەندکراو بە زانیارییەوە، بپێکێت.

بەشی یەکەم

## رۆژنامەوانی بۆ چییە؟

لە سپێدەیەکی باراناوایی کانوونی دووەمی ١٩٨١دا، ئاننا سێمبۆرشکا لە خەو هەستا و رادیۆکەی کردە سەر پرۆگرامی دڵویستی خۆی، ٦٠ خولەک لە کاتژمێرێکدا، MPH٦٠. سێمبۆرشکای حەڤدە ساڵان شێوازی ئەو کۆمیدییە رەخنەئامێزەی بەدڵ بوو کە سنوورەکانی ئەو شتەی دەبەزاند کە خەڵکی پۆڵەندا نەیاندەتوانی بە راشکاوی بیڵێن. هەرچەندە ماوەی چەند ساڵێک بوو دەوەشێنرا، لەگەڵ سەرهەڵدانی سەندیکای یەکەتیی کرێکاری پرۆگرامەکە بوێرانەتر بووبوو. چیرۆکی وەک هی دوکتۆرێکی کۆمۆنیستی گەمژە کە بێهوودە وێڵی چارەسەرێکە بۆ توندرەوایەتی، سرووشێک بوو بۆ ئاننا و هاورێ هەرزەکارەکانی لە وارشۆ. بەرنامەکە پێشانی دەدا خەڵکانی تریش بەهەمان شێوەی ئەو بیر لە دنیا دەکەنەوە، بەڵام هەرگیز نەوێراون ئەمە بدرکێنن. (ئێمە وامان هەست دەکرد، ئەگەر شتی لەو جۆرە لەسەر رادیۆ بگوترێت کەواتە ئێمە ئازادین)، ئەمەی بەنێزیکەیی بیست ساڵ دواتر بە بیر دەهاتەوە.

بەڵام کاتێک لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٨١دا ئان دەستی بۆ رادیۆ برد بۆ ئەوەی بیکاتە سەر بەرنامەکە، تەنیا وژەوژی بیست. وێرگەیەکی تری تاقی کردەوە و دواتر یەکێکی تر. هیچ شتێک نەبوو. هەوڵی دا پێوەندی بە هاورێیەکی بکات، بەڵام تەلەفۆن بیبەی لێوە نەدەهات. دایکی بانگی بەر پەنجەرەی کرد. تانکەکان لەوناوە تێ دەپەڕین. حکوومەتی سوپاییی پۆڵەندا دەسەڵاتی سەربازیی سەپاندبوو و سەندیکاکەی قەدەخە کردبوو و دووبارە کۆتوبەندی خستبووە سەر میدیا و دەربڕین. ئەزموونی پۆڵەندی لە لیبرالیزمدا بە کۆتا هاتبوو.

لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ئاننا و هاورێکانی گوێبیستی هەواڵی وا بوون کە ئاماژەیان بەوە دەدا ئەم جارە شتێک جیاوازە. لە شارێکی بچووک بەناوی سویدنیک لە نێزیک سنووری چیک، پیاسەپێکەرانی سەگ هەبوون. هەموو شەوێک لە ٧:٣٠دا کاتێک هەواڵی تەلەڤزیۆنی دەوڵەتی دەوەشێنرا، بەنێزیکەیی هەموو خەڵک لە سویدنیک دەچوونە دەرەوە و لە پارکێکی بچووکی ناوەڕاستی شاردا پیاسەیان بە سەگەکانی خۆیان دەکرد. ئەوە بووبووە دەربڕینێکی هێمنانەی دژایەتی و یەکەتی. ئێمە نامانەوێت تەماشا بکەین. ئێمە ئەو جۆرە راستییەی ئێوە رەت دەکەینەوە.

لە گدناسکدا شاشەی رەشی تەلەفزیۆن هەبوو. لەوێدا خەڵکەکە دەستیان کرد بە گواستنەوەی تەلەڤزیۆنەکانیان بۆ سەر پەنجەرە و شاشەیان بەرامبەر بە شەقام دادەنا. ئەوان پەیامێکیان لەگەڵ یەکتر و حکوومەتدا ئاڵوگۆڕ دەکرد. ئێمەش نامانەوێت تەماشا بکەین. ئێمەش ئەو جۆرە راستییەی ئێوە رەت دەکەینەوە.

چاپەمەنییەکی نهێنی بە سوودوەرگرتن لە ئامێرێکی کۆنی دەستی کەوتە گەشەکردنەوە. خەڵک دەستی دایە ڤیدیۆ کامیرا و فیلمی بەڵگەیی تایبەتی بەرهەم هێنا کە بەنهێنییەوە لە سەردابەکانی

کەلیسەکاندا پێشانیان دەدان. زوو سەرکردەکانی پۆڵەندا تێ گەیشتن بەرەورووی دیاردەیەکی نوێ بوونەوە، شتێک کە بۆ ناوانی پێویست بوو ڕوو لە رۆئاوا بکەن: سەرهەڵدانی رای گشتیی پۆڵەندا. لە ١٩٨٣دا حکوومەت یەکەمین دامەزراوەی لە کۆمەڵە دامەزراوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە رای گشتی پێک هێنا. زۆری نەبرد دامەزراوەی هاوشێوە لە سەرانسەری ئەوروپای رۆهەڵاتدا دامەزران. بەڵام رای گشتی شتێک نەبوو کاربەدەستانی تۆتالیتاری بتوانن بیسەپێنن. ئەوپەڕی دەیانتوانی لێی تێ بگەن و دواتر لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکاری بێنن، کە ئەمەش بەپێچەوانەی سیاسەتوانانی دیموکراتی رۆئاوایی نەبوو. ئەوان سەرنەکەوتن.

دواتر سەرکردەکانی بزووتنەوەی ئازادی ئاوڕیان لە دواوە داوە و پێیان وابوو هەڵوەشانەوەی کۆمۆنیسم پێوەندییەکی زۆری هەبووە بە هاتنی زانیاریی تەکنەلۆجی و کاریگەرییەکەی لەسەر روحی مرۆڤەوە. لە زستانی ١٩٨١دا ئەو پیاوەی پاش کەمێک بە سەرۆکی پۆڵەندا هەڵدەبژێردرا، سەردانی رۆژنامەنووسانی واشینتنتۆنی کرد. (ئاخۆ دەکرێت ستالینێکی نوێی بکوژ لەم سەردەمەدا سەر وەدەرنێت؟)، لێخ والێزا زمانپاراوانە پرسی. خۆی وەڵامی خۆی داوە، نا لە سەردەمی کۆمپیوتەر و سەتەلایت و فاکس و ڤیدیۆکاسێت ریکۆردەر، (ئەمە ئەستەمە). تەکنەلۆجیا ئێستا بەخێراییەکی زۆر زانیاریی خستووەتە بەردەستی خەڵکێکی یەکجار زۆر. زانیاری دیموکراسیی زاوە. ئێمە رەنگە ئاوڕ لە دواوە بدەینەوە و پێمان وابێت والێسا تووشی شاگەشکەی ئەو ساتە بووبێت. بەڵام ئەم هەستەی کەمتر رەنگدانەوەی ساویلکەیی و پتر تەقینەوەی گەشبینیی بوو لە بەشێکی دنیا کە تازە بە تازە دەرکی بە تەکنەلۆجیا و هێزەکەی دەکرد بۆ چاکەکاری و سروش هێنان بۆ خەڵک بۆ خەباتکردن لە پێناو ئازادیدا.

سوودی رۆژنامەوانی لە چیدایە؟ بۆ پۆڵەندییەکان و خەڵکانی تری دیموکراسییە ساواکانی ئەوروپای رۆهەڵات، پرسیارەکە بە کردەوە وەڵام درایەوە. رۆژنامەوانی بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگە بووە. رۆژنامەوانی بۆ هاووڵاتیبوون بووە. رۆژنامەوانی بۆ دیموکراسی بووە. و وەک سەرۆکی چێک ڤاکلاف هاڤڵ لە ١٩٩١بە کۆمەڵێک رۆژنامەنووسی گردبووە لە پراگی گوت، رۆژنامەوانی بۆ وەرگرتنەوەی ئەو زمانەیە لە حکوومەتێک کە زمانەکەی لەناو پڕوپاگەندەکەیەوە نقوومی کردووە کە هەر خۆی ئازدایی هزریی نەهیشتووتەوە. میلیۆنەها خەڵک کە هەڵقووڵانی ئازادانەی زانیاری سرووشی بۆ هێنابوون، بەشدرابوون لە هێنانەدیی حکوومەتێکی نوێ و یاساگەلی نوێ بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵاتی خۆیان. ئاخۆ ئەمە ئامانجی هەمیشەیی رۆژنامەوانییە؟ یان ئاخۆ ئەوە تەنیا بۆ ساتێک و شوێنێک راست بووە؟

لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا لە ماوەی نیو سەدەی پێشوو یان زیاتر پرسیاری (رۆژنامەوانی بۆ چییە؟) بەدەگمەن لەلایەن هاووڵاتییان و رۆژنامەنووسانەوە ئاراستە کراوە. ئێوە خاوەنی چاپەمەنییەک یان مۆڵەتی وەشاندن بوونە و رۆژنامەوانیتان کردووە. لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا رۆژنامەوانی لە درێژبڕییەکی بێ کەموکووڕیدا چڕ کراوەتەوە: هەر شتێکە کە رۆژنامەنووسان

دەیڵێن. وەک مەکسوێڵ کینگی نووسیاری پێشووی فیلادێڵفیا ئینکوایرر گوتوویەتی (ئێمە وامان کردووە کاری ئێمە بۆ خۆی قسە بکات). یان لەژێر پاڵەپەستۆدا، ڕۆژنامەنووسان خزمەتکردن بە بەرژەوەندیی جەماوەر وەک مەرجێک لێک دەدەنەوە.

ئەم وەڵامە سادەیە – ئەگەر لە ڕاستیشدا هەر توانیبێتی باوەڕ بە جەماوەرێکی بەردەوام بەگومانتربووە بێنێت – چیی تر پڕ بە پێست نییە، نە بۆ ئێستا کە تەکنەلۆجیای نوێی پێوەندیکردن بەو مانایەیە هەر کەسێکی خاوەن مۆدێم و کۆمپیوتەرێک دەتوانێت خۆی بە (ڕۆژنامەنووس) دابنێت. نە بۆ ئێستا کە تەکنەلۆجیا ڕێکخراوێکی نوێی ئابووریی ڕۆژنامەوانیی داهێناوە کە تێیدا پێوەرەکانی ڕۆژنامەوانی دەکێشرێنەوە و پێناسە دەکرێنەوە و هەندێک جار وازیان لێ دەهێنرێت.

لەوانەیە هەندێک پێیان وابێت پێناسەی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ تەکنەلۆجیاوە گەیشتووەتە ترۆپک و ئێستا هەموو شتێک بە ڕۆژنامەوانی دەزانرێت. بەڵام بە تێڕامانێکی وردتر، وەک ئەوەی جەماوەری پۆڵەندا پێشانیان دا، ئامانجی ڕۆژنامەوانی نە بە تەکنەلۆجیا پێناسە کراوە، نە بە ڕۆژنامەنووسان و نە ئەو تەکنیکانەی بەکاری دێنن. وەک دەیخەینە ڕوو، بنەواکان و ئامانجی ڕۆژنامەوانی بە شتێکی زۆر بنەڕەتیترەوە پێناسە دەکرێن: ئەو ئەرکەی هەواڵ لە ژیانی جەماوەردا دەیگێڕێت.

هەر لەبەر هەموو ئەو شتە لە ڕاستیدا شێوەی ڕۆژنامەوانی گۆڕاوە، بەڵام لەوەتەی چەمکی "چاپەمەنی" بۆ یەکەم جار پتر لە سێ هەزار ساڵ پێش سەری هەڵدا، ئامانجەکەی یەکجار بە نەگۆڕی ماوەتەوە، ئەگەریش هەردەم بە باشی خزمەت نەکرابێت. هەر لەبەرئەوە خێرایی و تەکنیک و تایبەتمەندیی ڕادەستکردنی هەواڵ گۆڕاوە و لەوانەیە بەردەوام تەنانەت خێراتریش بگۆڕێت، تیۆر و فەلسەفەیەکی ڕوون لەبارەی ڕۆژنامەوانییەوە هەیە کە لە ئەرکی هەواڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە بە نەگۆڕی و خۆگری ماوەتەوە.

ئامانجی سەرەکیی ڕۆژنامەوانی دابینکردنی ئەو زانیارییانەیە بۆ هاووڵاتییان کە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی پێویستیانە.

لە کاتی گوێگرتن لە هاووڵاتییان و ڕۆژنامەنووسان بیستمان ئەم بەرپرسیاریەتییە بەرامبەر بە هاووڵاتییان کۆمەڵێک بنەوا لەخۆ دەگرێت. میدیای هەواڵی یارمەتیمان دەدات لە پێناسەکردنی کۆمەڵگەکانمان و هەروەها ڕێخۆشکەرە بۆ داڕشتنی زمانێکی هاوبەش لە پێناو زانیارییەکی هاوبەشی ڕەگداکوتاو لەناو واقیعەوە. ڕۆژنامەوانی هەروەها یارمەتیدەرە بۆ پێناسەکردنی ئامانج و قارەمان و ناکەسانی کۆمەڵگەیەک. (ماوەیەکی درێژە زۆر هەستم بەوە کردووە ئەگەر بنەوایەکی هاوبەشی زانیاریمان هەبێت، وەک کۆمەڵگە بە باشترین شێوە بەرەو پێش دەچین)، هەواڵبێژی ئەو کاتەی ئێن بی سی، تۆم برۆکاو بە هاوکارە لێکۆڵەوانەکانی ئێمەی گوتبوو. میدیای هەواڵی وەک چاودێرێک خزمەت دەکات، هانی خەڵک دەدات بێ باک بن و دەبێتە دەنگی فەرامۆشکراوان. (دەمەوێ دەرفەتی ئاخاوتن بدەم بەو خەڵکانەی پێویستیان پێیەتی... ئەوانەی بێ دەسەڵاتن)، یوان

يينگ چان، هەواڵنێرێکی پێشووی نیویۆرک دێیلی نیووز کە پرۆگرامێکی راهێنانی رۆژنامەوانیی لە هۆنگ کۆنگ دانا، وای گوت. جێیمز کێیریی کۆچکردوو، یەکێک لە دامەزرێنەرانی لیژنەکەی ئێمە، لە نووسینی خۆیدا ئەمەی بەم شێوەیە دەربڕیوە: رەنگە لە دواییدا رۆژنامەوانی تەنیا بەمانای گواستنەوە و فراوانکردنی گفتوگۆی خودی خەڵک بێت. ئەو ئامانجە لەگەڵ دەرکەوتنی ئەنتەرنێت و بلۆگ و رۆژنامەوانیی هاووڵاتییان بەئاشکرا گرینگتر دێتە بەرچاو.

ئەم پێناسەیە بەدرێژاییی مێژوو ئەوەندە نەگۆڕ بووە و وا دیارە ئەوەندە بە قووڵی لە هزری ئەوانەی بەدرێژاییی سەدەکانەوە هەواڵیان داڕشتووە، رەگی داکوتاوە کە جێیی گومانێکی کەمی هێشتووەتەوە. لە کاتی ئاوڕدانەوە لە رابردوو، سەختە تەنانەت چمکی رۆژنامەوانی لە چمکی دامەزراندنی کۆمەڵگە و دواتر دیموکراسی جیا بکرێتەوە. وەک دواتر دەبینین، رۆژنامەوانی ئەوەندە بۆ ئەو ئامانجە بنەڕەتییە کە ئەو کۆمەڵگانەی بیانەوێت ئازادی سەرکوت بکەن پێوستە پێشتر چاپەمەنی تەپەسەر بکەن. ئەو کۆمەڵگانە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش پێویستیان بە سەرکوتکردنی سەرمایەداری نامێنێت. ئەوپەڕی وەک ئەوەش دواتر روون دەکەینەوە، رۆژنامەوانی رەنگدانەوەیەکی وردە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی هاووڵاتییان، تێگەیشتنێک کە ئێمە بە تیۆری جەماوەری پێکەوەبەستراوی ناو دەبەین.

هێشتاش تیۆر و ئامانجی درێژخایەنی رۆژنامەوانی ئەمڕۆکە بەشێویەکی بێ وێنە، بەلایەنی کەمەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا تەحدایان دەکرێت. تەکنەلۆجیا خەریکە لە کۆمپانیاکانی زانیاری دامەزراوەیەکی ئابووریی نوێ دروست دەکات کە رۆژنامەوانی لەناو خۆیدا دەتوێنێتەوە. مەترسییەکە ئێستاکە ئیدی تەنیا لە سانسۆری حکوومەتدا نییە. بەهۆی تەکنەلۆجیای نوێوە، وێ دەچێت حکوومەت پتر هەوڵی رووخاندنی رۆژنامەوانی بدات ئەمەش بە هەوڵدان بۆ لەکەدارکردنی راستگۆیییەکەی و سڕینەوەی کاریگەرییەکەی. لە سەدەی بیست و یەکەمدا حکوومەت ئامرازی زیاتری بەردەستە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، دامەزراندنی نیمچە رۆژنامەوانی لە شێوەی پێگەی هەواڵی چەوت، بڵاوکردنەوەی هەواڵی ڤیدیۆیی، بەکرێگرتنی ئەو (کەسایەتییانەی میدیا)یی کە تامەزرۆی بانگەشەن بۆ سیاسەت لە پێناو پارە و زۆر رێگەی تر. حکوومەت بەمسۆگەری هەروەها هەوڵ دەدات رۆژنامەوانیی هاووڵاتیش لە کاتی پتر پەرەسەندنیدا بتۆقێنێت. هەڕەشەی حکوومەت هاوکاتە لەگەڵ مەترسییەکی نوێ: رۆژنامەگەریی سەربەخۆ رەنگە لەناو پێوەندییەکانی بازرگانی و پڕوپاگەندەی هاوکاران بۆ یەکتر واتە لەناو بازرگانیی هاوبەشیدا بتوێتەوە. مانای راستەقینەی هەموارکردنی یەکەم – ئەوەی چاپەمەنییەکی ئازاد دامەزراوەیەکی سەربەخۆیە – بۆ یەکەم جار لە مێژووماندا هەڕەشەی لێ کراوە، تەنانەت بە بێ خۆهەڵقورتاندنی حکوومەتەوە.

کەسانێک هەن لەو باوەڕەدان پێناسەکردنی رۆژنامەوانی مەترسیدارە. ئەوان دەڵێن پێناسەکردنی رۆژنامەوانی بەمانای سنووردارکردنیەتی. رەنگە ئەو کارە ناوەڕۆکی هەموارکردنی یەکەم پێشێل بکات: (پێویستە کۆنگرێس هیچ یاسایەک دەرنەکات... کە ئازادیی دەربڕین یان

چاپەمەنی کەم بکاتەوە). ئەوان دەڵێن لەبەر ئەوەیە رۆژنامەنووسان وەک دوکتۆر و پارێزەران رێگەیان بەو سنووربەندییە نەداوە. ئەوان هەروەها لەوە نیگەرانن پێناسەکردنەکە تەنیا ببێتە هۆی ئەوەی رۆژنامەوانی بەرهەڵستی گۆڕانکاری لەگەڵ سەردەمدا بکات کە ئەمەش رەنگە ببێتە هۆی لەناوچوونی پیشەکە.

لە ڕاستیدا بەرهەڵستی لە دژی پێناسەکردنی رۆژنامەوانی بنەوایەکی یەکجار رەگداکوتاو نییە، بەڵکو پاڵنەرێکی تا ڕادەیەک نوێ و بەشێوەیەکی سەرەکی بازرگانییە. چاپەمەنییەکان سەدەیەک لەمەوبەر بەبەردەوامی لە لاپەڕەی پێشەوەی تایبەت بە نووسیاران و لاپەڕەکانی بۆچوون و درووشمەکانی کۆمپانیادا بانگەشەیان بۆ بەهاکانی خۆیان دەکرد بە هەمان ئەو شێوەی زۆربەی جار بەئاشکرا هێرشیان دەکردە سەر بەها رۆژنامەوانییەکانی رکابەرەکانیان. ئەمە بازاڕدۆزینەوە بوو. هاووڵاتیانیش چاپەمەنییەکانیان بەگوێرەی شێواز و رێبازی هەواڵ نووسین بۆ خوێندنەوە هەڵدەبژارد. تەنیا ئەو کاتەی چاپەمەنی دەستی کرد بە وەرگرتنی شێوازێکی ناوکۆییتر و چوونیەکتر و پاوانکارانەتر، سنووردارتر بوو. پارێزەران کۆمپانیا هەواڵییەکانیان ئامۆژگاری کرد بەوەی بنەواکانیان لە نووسیندا پێناسە نەکەن، مەبادا لە داداگەدا لە دژی خۆیان بەکار بێنەوە. بەم شێوەیە، خۆبواردن لە پێناسەکردن ستراتیجییەکی بازرگانی بوو. لە ناوەڕۆکی هەمارکردنی یەکەمەوە سەرچاوەی نەگرتبوو.

لەلایەکی ترەوە، هەندێک پێیان وایە نەک تەنیا پێویستە ئامانجی رۆژنامەوانی نەگۆڕ بێت، بگرە شێوازەکەشی پێویستە بەجێگیری بمێنێتەوە. ئەوان لەچاو ئەو کاتەی گەنج بوونە گۆڕانکاری لە شێوەی رۆژنامەوانیدا دەبینین و وەک گوتە لەیادنەچووەکەی نیلْ پۆستمەن لەوە دەترسن ئێمە (خۆمان بە رابواردنەوە بکوژین). ئەوان راستییەکی تر فەرامۆش دەکەن. هەر نەوەیەک رۆژنامەوانی خۆی دادەمەزرێنێت. بەڵام ئێمە لەوە تێ گەیشتووین ئامانج و بنەوا شاراوەکانی رۆژنامەوانی هەمان شتن.

هەرچەندە رۆژنامەنووسان بە پێناسەکردنی کارەکەیان ئاسوودە نین، بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر ئامانجەکەی کۆکن. ئەو کاتەی ئێمە لە ١٩٩٧ رێک کەوتین خاڵی هاوبەشی هەواڵکاران بخەینە روو، ئەمە یەکەم وەڵام بوو بیستمان" ئامانجی سەرەکیی رۆژنامەوانی دەربڕینی راستییە تاوەکو خەڵک زانیاریی پێویستیان بۆ سەربەخۆیی لە بەردەست بێت". ئەوە قسەی جاک فووڵری نووسەر و پارێزەر و سەرۆکی ئەو کاتی کۆمپانیای چاپەمەنیی تریبیوون بوو کە شیکاگۆ تریبیوونی دەردەکرد.

تەنانەت ئەو خەڵکەی ناوی رۆژنامەنووسیان ناوێت، ئەوانەی لەسەر ئەنتەرنێت ئیش دەکەن، ئامانجێکی هاوشێوە پێشان دەدەن. ئۆمەر واسۆ کە خۆی بە (سەرمایەدارێکی بواری گەراژ) وەسف دەکات و پێگەیەکی بەناوی نیویۆرک ئۆنلاین دامەزراندووە، لە کۆڕبەندێکدا بەئێمەی گوت ئامانجی تا ڕادەیەک ئەوەیە بتوانێت هاووڵاتیی وا دروست بکات کە (کڕیار و هەڵلووشەر و

ڕەتدەرەوەی میدیا بێت... جەماوەرێک کە تێکەڵ بە میدیا بووە و دەتوانێت بەوریاییەوە وەڵام بداتەوە).

ئاخۆ ئەمانە تەنیا دەنگی نائۆمێدان بوون؟ لە ڕاستیدا نا. بەهاوکاریی سەنتەری لێکۆڵینەوەی پیوو بۆ خەڵک و چاپەمەنی ئێمە لە ڕۆژنامەنووسانمان پرسی ئاخۆ بەلایانەوە چ تایبەتمەندییەکی ڕۆژنامەوانی جیاکەرەوەیە. ئەوانەی لە هەواڵدا کاریان دەکرد، ئەم ئەرکە دیموکراسییەیان بەنێزیکەیی دوو ئەوەندەی هەر وەڵامێکی تر دەستنیشان کرد. دیمانەگەلی کراوە و چڕوپڕ لەگەڵ سەت ڕۆژنامەنووسی تر کە لەلایەن دەروونناسانی بواری گەشەسەندن لە زانکۆکانی ستەفۆرد و هارڤارد و شیکاگۆی هاوکارمان ئەنجام درابوو، بە هەمان ئەنجام گەیشتبوون. ئەوان نووسیویانە "شارەزایانی هەواڵ لە هەر ئاستێکدا... دڵسۆزییەکی سەرسەختانەیان بۆ کۆمەڵێک پێوەری بنەڕەتی هەیە کە لەناو جەماوەرەکەیان و لە پێوەندییان بە ئەرکی گەیاندنی زانیاریی بە جەماوەر بەرچاون".

یاساکانی ئەخلاقی و لێدوانەکان لەبارەی ئەرکی ڕۆژنامەوانی هەمان شت دەسەلمێنن. ئامانجەکە (خزمەتکردن بە بەرژەوەندیی گشتییە لە ڕێگەی ئاگەدارکردنەوەی خەڵک)، ئەمەش بەگوێرەی یاسای کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بۆ نووسیارانی ڕۆژنامە، گەورەترین کۆمەڵگەی بەڕێوەبەرانی ژووری هەواڵی چاپەمەنییەکان لە ئەمەریکای باکور. (ڕووناکی دابین بکە و خەڵک ڕێگەی خۆیان دەدۆزنەوە)، لە تیتری ڕۆژنامەگەلی سکریپس کۆمپانیدا هاتووە. لە ڕاستیدا لە دەقی ئەرکی هەر ڕۆژنامەیەکی تۆمارکراو لەلای کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بۆ نووسیارانی ڕۆژنامەدا، برەودان بە مافی چارەنووس بە بنەوای سەرەکیی دامەزراوەی هەواڵی ناو براوە.

خەڵکانی دەرەوەی ڕۆژنامەوانیش دەرک بە بەرپرسیارێتییەکی گەورەتری کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیی ڕۆژنامەنووسان دەکەن. بزانن پۆپ جۆن پۆلی دووەم لە حوزەیرانی ٢٠٠٠دا گوتوویەتی (ناکرێت ڕۆژنامەوانی بەخۆ بە کاریگەرییە بەرفرەوان و ڕاستەوخۆکەی بەتەنیا لەلایەن هێزگەلی ئابووری و قازانج و بەرژەوەندیی تایبەتەوە ڕێنوێنی بکرێت. لەبری ئەوە پێویستە بە ئەرکێکی لە ڕوویەکەوە پیرۆز دەرک بکرێت، کە بە پشتبەستن بەو تێگەیشتنەوە جێبەجێ بکرێت کە ئامرازێکی بەهێزی پێوەندیکردنتان لە پێناو چاکەی هەمووان پێ بەخشراوە).

ئەم ئەرکە دیموکراسییە تەنیا بیرۆکەیەکی سەردەمییانە نییە. بەدرێژاییی سەدەکانەوە چمکی بەدیهێنانی سەروەری لە هەر ڕاگەیەندراو و مشتومڕییەکی سەرەکی لەبارەی چاپەمەنییەوە هەبووە، ئەمەش نەک تەنیا لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە، بگرە لەلایەن ئەو شۆڕشگێڕانەی لە پێناو بنەواکانی دیموکراسییەوە خەباتیان کردووە، لە ئەمەریکا و لە ڕاستیدا لە هەر دیموکراسییەکی لەگەشدابووە لەو کات بەدواوە هەبووە.

## خۆرسكیی وشیاری

میچێڵ ستێفانسی مێژوونووس لە چۆنیەتیی كاردانەوەی هەواڵی كۆڵییەوە لەسەر ژیانی خەڵك بەدرێژاییی مێژوو و گەیشتە ئەو جێگیرییە بەرچاوەی ئێمە لە سەرەتای ئەم كتێبەدا باسمان كرد. ئەو نووسیویەتی (ئەو بابەتە سەرەكییانەی... دارشتەی هەواڵ لێی كۆڵیونەوە و پێوەرە بنەڕەتییەكانی هەڵسەنگاندنی بایەخی هەواڵ، وێ دەچێت زۆر كەم گۆڕابن. مرۆڤەكان تێكەڵەیەكی وێكچووی هەواڵیان بەنەگۆڕی لە سەرانسەری مێژوو و لە كولتوورەكاندا ئاڵوگۆڕ كردووە، كە پەلكێشبوون بۆ ئەم هەواڵە ناگوزیر دەكات، ئەگەر خۆڕسكیشی نەكات". رۆشنبیرانی جیاواز هۆی ئەمەیان روون كردووەتەوە. بەهۆی خۆڕسكی بنەڕەتی - شتێك كە ئێمە بە خۆڕسكی وشیاری ناوی دەبەین- خەڵك تامەزرۆی هەواڵن. ئەوان پێویستیان بەوەیە بزانن لە گردۆڵەی ئەوبەر چی روو دەدات، بەوەی لە رووداوەكانی سەرووی ژیانی راستەوخۆیان ئاگەدار بن. زانیاری لەبارەی نەزانراوەوە ئاسوودەیان دەكات، رێگەیان پێ دەدات بۆ ژیانیان پلان دابنێن و دانووستان بكەن. ئالوگۆڕیی ئەم زانیارییە دەبێتە بناخەی دامەزراندنی كۆمەڵە و بەستنی پێوەندی لە نێوان مرۆڤەكاندا.

هەواڵ ئەو بەشەی پێوەندییەكانە كە لە رووداو و بابەت و تایبەتمەندییە گۆڕاوەكانی جیهانی دەرەوە ئاگەدارمان دەكاتەوە. لە كاتی خۆیدا مێژوونووسان ئەوەیان خستە روو كە فەرمانڕەوایان بۆ یەكڕیزیی كۆمەڵگەكانیان سوودیان لە هەواڵ بینیوە. هەواڵ هەستێكی یەكەتی و ئامانجێكی هاوبەشی پێشكێش كردووە. تەنانەت یارمەتیی فەرمانڕەوا دیكتاتۆرەكانی داوە لە رێگەی یەكخستنی جەماوەر لە دژی هەڕەشەیەكی هاوبەشەوە، كۆنترۆڵی خەڵكەكە بكەن.

مێژوو شێوازێكی گرینگی تر ئاشكرا دەكات. چەندی كۆمەڵگەكە دیموكراسیتر بێت، هەواڵ و زانیاریی زیاتری هەیە. كاتێك كۆمەڵگەكان لە سەرەتای گەشەسەندنی دیموكراسیدا بوون، بەرەو جۆرە پێش-رۆژنامەوانییەك چەمانەوە.

كۆنترین دیموكراسی، یۆنانی كۆن، پشتی بە رۆژنامەوانییەكی زارەكی لە بازاڕی ئەسینا بەستبوو كە تێیدا (بەنێزیكەیی هەر بابەتێكی گرینگ لەبارەی كاروباری خەڵك ئاشكرا بوو)، جۆن هۆهێنبێرگی وانەبێژی رۆژنامەوانی نووسیویەتی. رۆمییەكان تۆمارێكی رۆژانەی سینای رۆمی و ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتییان پەرە پێ دا و ناویان لێ نا diurna acta، كە لەسەر پاپیرۆس دەنووسرا و بۆ شوێنە گشتییەكان دەنێردرا. لەگەڵ پتر ئۆتۆریتاریەبوون و پێشێلكارتربوونی كۆمەڵگە ئەوروپاییەكان لە سەدەكانی ناوەڕاستدا پێوەندییەكە بەرەونەمان چوو و هەواڵی نووسراو لە بنەڕەتدا بوونی نەما.

## لەدایکبوونی رۆژنامەوانی

لەگەڵ کۆتاهاتنی سەدەکانی ناوەڕاست هەواڵ بەشێوەی هەڵبەست و چیرۆک بوو لەو بەستە هەواڵییانەی گۆرانیبێژانی گەڕۆک دەیانچڕی.

ئەوەی ئێمە رەنگە بە رۆژنامەوانی سەردەمی لە قەڵەم بدەین، لە سەرەتای سەدەی حەڤدەمەوە بە مانای وشەوە لە گفتوگۆ و بەتایبەتیش گفتوگۆی شوێنە گشتییەکانەوە سەری هەڵدا. لە ئینگەڵترا یەکەم رۆژنامەکان لە قاوەخانەکانەوە گەشەیان سەند- کە بەڕادەیەک بێ شومار بوون کۆمەڵێکیان لە هەندێک جۆری زانیاری شارەزاییان پەیدا کرد. ئەوەندە جەماوەرکێش بوون کە رۆشنبیران گلەییان کرد (هیچ شتێک جگە لە هەواڵ و کاروباری جیهانی مەسیحییەت باسی لێوە ناکرێت).

پاشان لە ئەمەریکادا رۆژنامەوانی لە مەیخانە یان مێوانخانەکانەوە (publick house) دەستی پێ کرد. لێرەدا خاوەنی مەیخانەکان، کە بە مەیخانەچی (publican) ناو دەبران، گفتوگۆی بەجۆشیان رێک دەخست لەبارەی زانیاریی ئەو گەشتیارانەی زۆربەی جار ئەو شتانەی دەیاندیت و دەیانبیست لە کتێبەکانی تۆماری رۆژانەدا دەیاننووسی کە لە دواوەوەی مەیخانەدا هەڵگیرابوون. یەکەم رۆژنامەکان لەو قاوەخانانەوە سەرچاوەیان گرت، کاتێک خاوەن ئیمتیازە تێکۆشەرەکانی رۆژنامە هەستان بە کۆکردنەوەی زانیاری و چیرۆکی گواستراوە لە دەرەوەی وڵات و گوتەگوت و مشتومڕیی سیاسیی تر لە قاوەخانەکانەوە بۆ ئەوەی لەسەر کاغەز لە چاپیان بدەن.

لەگەڵ دەرچوونی یەکەم رۆژنامە سیاسەتوانانی ئینگلیز باسیان لە دیاردەیەکی نوێ دەکرد، کە بە رای گشتی ناویان نا. لە سەرەتای سەدەی هەژدەمدا رۆژنامەنووسان، خاوەن ئیمتیازەکانی رۆژنامە هەستان بە دانانی تیۆرێک بۆ گوتار و چاپەمەنیی ئازاد. لە ١٧٢٠دا دوو رۆژنامەنووس کە لەژێر ناوی قەڵەمیی کێیتۆ دەیاننووسی ئەو بیرۆکەیان دایەن اسین کە پێویستە واقیع پاڵپشتیک بێت لە دژی تۆمەت. ئەو کاتە یاسای گشتیی بەریتانیا رێگەی بەپێچەوانەکە دابوو: نەک تەنیا هەر رەخنەیەک لە حکوومەت تاوان بوو بگرە (چەندی راستییەکە مەزنتر بووایە، ئەوەندەش ناوزڕاندنەکە گەورەتر بوو)، لەبەرئەوەی راستی زیانێکی زۆرتری هەبوو.

بۆچوونی کێیتۆ کاریگەرییەکی زۆی لەسەر کۆلۆنییە ئەمەریکاییەکان هەبوو کە تێیاندا ناڕەزایی لە دژی رێژیمی شاهانەی بەریتانی لە هەڵچووندا بوو. خاوەن ئیمتیازێکی رۆژنامەیەک، گەنجی هەڵکەوتوو بەناوی بێنجامین فرانکلین لەوانە بوو کە نووسینەکانی کێیتۆ دووبارە لە چاپ داوە. کاتێک خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەیەک بەناوی جۆن پیتێر زێنگر لە ١٧٣٥ بەبۆنەی رەخنەگرتن لە پارێزگاری نیۆیۆرکی سەر بە بنەماڵەی شاهانە درایە دادگە، بیرۆکەکانی کێیتۆ بوونە بنەوای بەرگرییەکەی. خەڵک (مافی ئەوەیان هەیە دەسەڵاتی هەڕەمەکی لەڕێگەی دەربڕین و نووسینی راستی..... هەم ئاشکرا بکەن و هەم دژایەتیی بکەن)، بە گوتەی پارێزەری زێنگر کە فرانکلین و ئەوانی تر پاداشتیان دەرکردەوە. دەستەی دادوەرانی سوێندخواردوو زێنگریان ئازاد کرد و

کۆمەڵگەی شەرعیی کۆلۆنیاڵیان حەپەساند و بەمەش مانای چاپەمەنییەکی ئازاد لەئەمریکادا دەستی کرد بە وەرگرتنی شێوازێکی فەرمی.

چمکەکە لە هزری داڕێژەرانی دەستووری ئەمەریکاشدا رەگی داکوتا و ڕێی خۆی کردەوە بۆ ناو جاڕنامەی ڤێرجینا بۆ مافەکان کە بەشێکی لەلایەن جێیمز مەدیسن نووسراو، دەستووری ماساچۆسێتی نووسراو لەلایەن جۆن ئادامز، هەروەتر زۆربەی جاڕنامەکانی سەردەمی کۆلۆنیاڵی نوێ لەبارەی مافەکانەوە. "نابێت هیچ حکوومەتێک بێ سانسۆڕ بێت و لە شوێنێک کە چاپەمەنی ئازادە، هیچ لایەنێک هەرگیز ناتوانێت وا بێت"، تۆماس جێفرسۆن بە جۆرج واشینگتۆنی دەگوت. فرانکلین و مەدیسن هیچ کامیان بیریان بۆ ئەوە نەدەچوو ئەو جۆرە زمانە بۆ دەستووری فیدراڵی پێویست بێت، بەڵام دوو نوێنەر، جۆرج مێسن لە ڤیرجینیا و ئێلبریج گێری لە ماساچۆسێتس وازیان لەو بیر و بۆچوونە هێنا و لەگەڵ پیاوانی وەک تۆماس پێین و سامیوئێل ئادامز هانی جەماوەریان دا داوای پرۆژە یاسایەکی نووسراو لەبارەی مافەکانەوە بکەن وەک مەرجێک بۆ پەسەندکردنی دەستوورەکە. بەم شێوەیە چاپەمەنییەکی ئازاد بووە یەکەم داواکاریی خەڵک لە حکوومەتەکەیان.

لە ماوەی دووسەت ساڵی داهاتوویدا چمکی چاپەمەنی وەک پشتیوانێک بۆ ئازادی خرایە ناو یاسای ئەمەریکایی. دادگەی باڵا بڕیاری دا بە پارێزگاریکردن لە مافی نیویۆرک تایمز بۆ بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەت لە ١٩٧١دا کە بە بەڵگەنامەکانی پێنتاگۆن ناو دەبران: (لە هەموارکردنی یەکەمدا دەستوورنووسانی ئەمەریکا ئەو مافەیان دایە چاپەمەنیی ئازاد کە پێویستە هەیبێت بۆ ئەوەی رۆڵی سەرەکیی خۆی لە دیموکراسیی ئێمەدا بگێڕێت. چاپەمەنی لە خزمەت حوکملێکراودایە نەک حاکم).

زانای بەشدار لە هەموارکردنی یەکەم، لی بۆلینگر، کە ئەو کات سەرۆکی زانکۆی میشیگان بوو، لە کۆڕبەندێکی لیژنەکەدا بە ئێمەی گوت ئەو بیرۆکەیەی دادگەکان بەردەوام جەختیان لێ کردەوە، بیرۆکەیەکی سادەیە: لە ڕێگەی جیاوازیی دەنگەکانەوە خەڵکەکە رەنگە پتر زانیاری لە سەر راستی هەبێت و بەم شێوەیە توانای سەربەخۆییان هەبێت.

تەنانەت کاتێکیش رۆژنامەوانی لەدەست شارەزایانی رۆژنامە بەجۆشەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم یان بەشێوەی چاپەمەنییە ورووژێنەرەکانی ١٩٢٠ەکان بوو، بنیاتنانی کۆمەڵگە و برەودان بە دیموکراسی وەک بەهایەکی بنەڕەتی مانەوە. لە ساتە هەرە دژوارەکانیاندا، جۆزێف پولێتزر و ویلیام راندۆلف هێرست لە خزمەت چێژی هەستەکی و پاڵنەری نیشتمانپەروەریی جەماوەرەکەیاندا بوون. پۆلێتزر یەکەم لاپەڕەی خۆی بۆ پەلکێشکردنی خوێنەرانی بەکار دەهێنا، بەڵام لاپەڕەی نووسیاریی تەرخان کردبوو تا فێریان بکات چۆن ببنە هاووڵاتیی ئەمەریکایی. لە شەوانی هەڵبژاردندا ئەو و هێرست هەوڵیان دەدا مەیدان بە یەکتر چۆڵ بکەن، یەکێکیان بە بەکرێگرتنی مەدیسن سکوێر گاردن بۆ پارتێکی ئازاد و ئەوی تریان بە پێشاندانی ئەنجامەکانی

بانگەشەی ئەنجامدراو لەسەر لایەکی باڵاخانە ئاسماندڕەکەیدا.

چ بە گەڕانەوە بە سێسەت ساڵ پێش چ تەنانەت سێ هەزار ساڵیش ئەستەمە هەواڵ لە کۆمەڵگە و بەتێپەڕینی کاتیش تەنانەت بەتایبەتیش لە کۆمەڵگەی دیموکراسی، جیا بکرێتەوە.

## چاپەمەنییەکی ئازاد لە سەردەمێکی ئەلەکترۆنیدا

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا ئەمە چ بایەخێکی هەیە؟ زانیاری ئەوەندە سەربەخۆیە کە چمکی رۆژنامەوانی وەک قەوارەیەکی چوونیەک رەنگە نائاسایی بێتە بەرچاو. لەوانەیە هەموارکردنی یەکەم بۆ خۆی کۆنینەیەکی سەردەمێکی سنووردارتر و دەستەبژێرانەتر بێت.

بەدڵنیاییەوە چمکی چاپەمەنی وەک دەرکەوانێک بۆ بڕیاردان لەوەی ئاخۆ جەماوەر پێویستە چ زانیارییەک بزانن و چی نەزانن، چیی تر پێناسەیەکی ورد نییە بۆ رۆڵی رۆژنامەوانی. ئەگەر نیویۆرک تایمز بڕیار بدات شتێک بڵاو نەکاتەوە، بەلایەنی کەمەوە یەکێک لە پێگە ئەلەکترۆنییە بێ ژمارەکانی تر، پێشکێشکارانی بەرنامەی رادیۆیی گفتوگۆئامێز، بلۆگەکان و خەباتکاران بڵاوی دەکەنەوە. ئێمە ئێستا بەبەردەوامی نموونەی لەو جۆرە دەبینین. کاتێک نیووزویک لە درکاندنی ریسواییەکەی لووینسکی لە سەرەتادا دوا کەوت، مەت دراج هەنگاوی نا و بڵاوی کردەوە. یان کاتێک میدیای هەواڵیی کۆن چاوپۆشییان لە پەسندانەکەی ترێنت لۆت لەبارەی بانگەشەی هەڵبژاردنی ١٩٤٨ی ستروم تێرمۆنت کرد کە لەسەر بنەوای جیاکاریی رەگەزپەرستانە بوو، بلۆگەکان پەلاماریان دا و لە دواییدا لۆتییان ناچار کرد واز لە سەرکردایەتیی سینای کۆماریخوازان بێنێت.

سەرهەڵدانی ئەنتەرنێت، جیهانی بلۆگ، چمکەکانی (رۆژنامەوانیی هاووڵاتی) و (ئێمە میدیا) و بەدیموکراسیکردنی برۆدباند، وەک ئەوەی کەسانێک گوتوویانە، بەو مانایە نییە بیرۆکەی حوکمدان لەسەر هەواڵ- هەوڵ بۆ بڕیاردان لەوەی خەڵک بۆ سەربەخۆبوونییان پێویستییان بە چییە و داوای چی دەکەن- باوی نەماوە.

تەکنەلۆجیا خەریکە هاووڵاتییان لە کڕیاری ناچالاکی ئەو هەواڵەی لەلایەن شارەزایانەوە بەرهەم هاتووە، بۆ بەشداربووانی چالاک دەگۆڕێت کە لە توانایاندایە رۆژنامەوانیی خۆیان لە سەرچاوەگەلی جیاوازەوە کۆ بکەنەوە. کاتێک خەڵک بۆ زانیاری لە گۆگڵدا دەگەڕێت، بەناو ریزبەندێکی بەرووواڵەت بێ کۆتای کەناڵەکانەوە دەخولێتەوە و بلۆگەکان دەخوێنێت یان تێیاندا دەنووسێت، خەڵکەکە وا دەبێتە نووسیار و لێکۆڵەوان و هەواڵنێری خۆی. ئەو شتەی پێی دەگوترا رۆژنامەوانی تەنیا بەشێکی ئەم تێکەڵەیە و رۆڵەکەی وەک نێوانجیکار یان سەلمێنەر، وەک رۆڵی داوودەزگاکانی شارستانی رووەو لاوازبوونە.

ئێمە شایەتی سەرهەڵدانی هاووڵاتیبوونێکی نوێ و چالاکتری ئەمەریکاین- کە هەڵگری کۆمەڵێک بەرپرسیاریەتیی نوێیە کە وا خەریکە رەچاو دەکرێن. رۆژنامەوانیی سەدەی بیست و

یەکەم پێویستە دوان بەمە بنێت و ڕێخۆشکەر بێت بۆ پڕچەککردنی جەماوەر بە ئامرازەکانی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئەم شێوازە هاووڵاتیبوونە چالاکترە.

جۆن سیلّی بروان، کارگێڕی پێشووی زیرۆکس پارک کە تینک تانکێکی بەناوبانگی سیلیکۆن ڤەلییە، هەر زوو هەستی بەوە کرد لەجیاتی پێشکێشکردنی چمکی خزمەتی دیموکراسیانە بە جەماوەر کە لەناو گریمانەی ڕۆژنامەوانیدایە، تەکنەلۆجیا شێوازی بەدیهێنانی ئەو چمکەی لەلای ڕۆژنامەنووسانەوە گۆڕیوە.

(ئەوەی ئێمە لە ئابووریی نوێ و کولتووری پێوەندییە نوێیەکان پێویستمانە، مانابەخشییە. پێویستییەکی زۆرمان بەوەیە کۆمەڵێک خاڵی جێگیر لە جیهانێکی بەردەوام شێتبووەتردا بدۆزینەوە.) بروان ڕوونی دەکاتەوە ئەمە یانی ڕۆژنامەنووسان پێویستییان بەوەیە (بتوانن لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لە شتەکان رامێن و بگەنە ناو کرۆکی بابەتەکانەوە). پۆڵ سافۆی ئایندەگەرا ئەم ئەرکەی بە بەکارهێنانی لێکۆڵینەوە و حوکمدانی ڕۆژنامەوانە (بۆ گەیشتن بە بەرەنجام لە هەلومەرجی ناسەقامگیر)دا وەسف کردووە.

ڕۆژنامەنووسی نوێ ئیدی بڕیار لەوە نادات ئاخۆ پێویستە جەماوەر چ شتێک بزانێت- ئەمە ڕۆڵە کلاسیکییەکەی دەرکەوان بوو. ئەو یارمەتی جەماوەر دەدات بۆ خۆی داوای بکات. ئەمە تەنیا بەمانای زیادکردنی لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ گوزارشی هەواڵ نییە. لە جیاتی ئەوە یەکەم ئەرکی ڕۆژنامەنووسان، مانابەخشانی نوێ سەلماندنی زانیاریی جێی باوەڕ و دواتر ڕێکخستنیەتی بۆ ئەوەی خەڵک بتوانێت بەشێوەیەکی کاریگەر وەری بگرێت.

سیلّی براون پێی وابوو لە سەردەمێکدا کە هەر کەسێک بۆی هەیە لەسەر ئەنتەرنێت پەیامنێر یان شرۆڤەکار بێت، ڕۆژنامەنووس دەبێتە (سەرکردەی کۆڕبەند)، یانیش نێوانجیکارێک نەک تەنیا مامۆستا یان وانەبێژ. جەماوەر نابێتە کڕیار بگرە کڕیاری بەرهەمهێن، دووڕەگەیەک لە کڕیار و بەرهەمهێن.

هەندێک لە لایەنگرانی (ئێمە میدیا) لەو باوەڕدان ئیتر کەس کۆنترۆڵی زانیاری ناکات، هەر بۆیەش پێویستی بە ڕۆژنامەنووسان بۆ خۆی باوی نامێنێت. لەبەرئەوەی هاووڵاتییان دەتوانن بەشێوەیەکی ئاسانتر پێوەندی بە یەکتر بکەن، لە حەقیقەتی ڕاستەقینە و زانیاریی وردتر نێزیکتر دەبنەوە. بێ شک دەتوانن بەئاسانتری پێوەندی بەیەکەوە بکەن. میلیۆنان خەڵک بلۆگەکان دەخوێننەوە، هەرچەندە ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەو ژمارانە رەنگە جێگیر بێت. بەڵام پێویستە کۆمەڵێک پرسیار بکرێن، ئاخۆ ئەو هاووڵاتییانە کات و پاڵنەر و شارەزاییی پێویست بۆ ئەم کارەیان هەیە؟ ئەگەر نا، کەواتە ئاخۆ ئەوانەی هەواڵ دەدەن هەواڵ بەشێوەیەکی پیشەییانە رووماڵ بکەن، شارەزایی و ویستییان هەیە بۆ یارمەتیدانی جەماوەر بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامرازانە؟

چ بە ئا چ بە نا، بەرەنجامی کۆتایی زۆر سەلمێنەرترە و زانیاریی ڕاست و درووست پێوەستە بە

ئاستی خۆبەختکردن بۆ ئەو ئامانجانەی کولتووری (ئێمە میدیا) پەرەیان پێ دەدات. گەڕان بەدوای زانیاری راست و دروست هێزی پاڵنەر بوو لە سەردەمی رۆشنبیری، کە چمکی گرینگیی تاک و چاپەمەنییەکی جەماوەرییی لێ هەڵقوولا. ئەم زانیارییە جەماوەری لەژێر دەسەڵاتی جۆرە دیکتاتۆرییەتێکی ناوەندی یان هێزێکی دۆگماتیک رزگار کرد کە دەبینین ئەمڕۆکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە گەشەدایە. ئەگەر رۆژنامەوانیی تایبەت بە سەلماندن دەبێت لە سەردەمی زانیاریی نوێ بەردەوام بێت، کەواتە پێویستە ببێتە هێزی دەسەڵاتپێدەری هاووڵاتیان بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی خۆیان لەسەر بنەوای زانیاریی ساخکراوە دابمەزرێنن.

ئەمە گۆڕانێکی وەرچەرخێنە، بەلایەنی کەمەوە بەقەدەر داهێنانی تێلێگراف و تەلەڤزیۆن مەزنە. یەکەمیان دەرفەتی دایە ئەو خەڵکەی بە مەودایەکی درێژ لێک دوور کەوتبوون، لە هەمان کاتدا بە شتەکان بزانن. ئەوەی دواتر توانای ئەوەی بۆ خەڵکەکە زیاد کرد بۆ خۆیان هەواڵەکان ببینن.

ئەمڕۆکە خەڵک لە کڕیاری ناچالاکەوە دەگۆڕێت بۆ ئەو کۆکەرەوەی دەسەڵاتی بەسەر رۆژنامەوانیی تایبەت بە خۆی و بۆچوونە جیهانییەکاندا دەشکێتەوە. لەناو شتەکانی تردا خەڵک دەتوانێت لەگەڵ خودی هەواڵ و هەروەها ئەو شارەزایانەی بەرهەمی دێنن، تێکەڵاو بێت. هەندێکیان ئەنتەرنێت بۆ پێشکێشکردنی گوتەی خۆیان لەبارەی رووداوەکانەوە بەتەواوی لەگەڵ فۆتۆ و ڤیدیۆ و ئۆدیۆ، بەکار دێنن. کۆمەڵێکیان بە پۆستی ئەلەکترۆنی یان فۆرمی فیدباک پێوەندی بەو رۆژنامەنووسانەوە دەکەن کە هەواڵێکیان رووماڵ کردووە، بۆ ئەوەی یان هەڵەی تۆمارەکە راست بکەنەوە یانیش زانیاریی نوێ پێشکێش بکەن. و هەندێک بەشدار دەبن لە گفتوگۆ لەبارەی ئەو پرۆسەیەی هەواڵەکەی پێ بەرهەم هاتووە، کە ئەمەش تۆمارێکی بەنێزیکەیی راستەوخۆی رەخنە لە چاپەمەنی و وردبینی پێک دێنێت.

ئەگەر هاووڵاتییان لەگەڵ هەواڵدا کێشەیەکیان هەبێت، دەزانن دەبێت بۆ کێ ئیمەیڵ بکەن بۆ راستکردنەوەی بابەتی تۆمارکراو (رۆژنامەکان بەشێوەیەکی رووەوزیادبوون ناوونیشانی ئیمەیڵ و پێگە ئەلەکترۆنییەکان لە سەرەدەقدا دەنووسن، بۆ کارئاسانی لە پێوەندیکردن بە نووسەر و نووسیار و خاوەن ئیمتیازەکانەوە). جەماوەر چاوەڕێیە زانیارییە نوێیەکانی ئەوان ببێتە بەشێکی بابەتەکە. گفتوگۆ لەگەڵ جەماوەردا بەم شێوەیە بەشێکی دانەبڕاوی هەواڵەکەیە لە کاتی پەرەسەندنیدا.

ئەم جۆرە تێکەڵییە یەکجار ئەلەکترۆنییە، رۆژنامەوانییەکە کە دووبارە دەربڕی گفتوگۆیە، زۆر لەو رۆژنامەوانییە رەسەنە دەچێت کە لە مەیخانە و قاوەخانەکانەوە چوارسەت ساڵ پێش دەستی پێ کرد. لەم روانگەوە ئەرکی رۆژنامەوانی لە بنەڕەتدا لەگەڵ سەردەمی دیجیتاڵدا نەگۆڕاوە. تەکنیکەکان رەنگە جیاواز بن، بەڵام بنەوا شاراوەکان هەمان شتن. کاری رۆژنامەنووس بە پلەی یەکەم سەلماندنە.

ئاخۆ چۆن ئەم رۆڵە، جا چ لەلایەن نووسەرێکی ئایدیالیستی سەردەمی رۆشنبیری یان

تیۆردانێکی سیلیکۆن ڤەلییەوە پێشکێش کرابێت، کاری پێ دەکرێت. ئاخۆ چۆن چاپەمەنیی ئازاد لە ڕاستیدا دەبێتە پاڵپشتێک بۆ ئازادی؟ ئاخۆ ئەمە لە بنەڕەتدا کردەنییە؟

## تیۆری رۆژنامەنووس بۆ دیموکراسی

رۆژنامەنووسان زۆربەی جار بەئاشکرا بیر لەم پرسیارانە ناکەنەوە. رەنگە پرسیار لەوەی ئاخۆ ئەو تیۆرە دیموکراسییە چییە کە لە پشت هەواڵی تەلەڤزیۆنی یان رۆژنامەکەتانە، سەیر بێتە بەرچاو؟ ئێمە ئازادترین چاپەمەنیی رێتێچوومان هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا لە ماوەی سێ ساڵی پێشوودا ژمارەی ئەو ئەمەریکایانەی دەتوانن تەنانەت نوێنەری خۆیان لە کۆنگرێسدا دەستنیشان بکەن زۆربەی جار بەرێژەی ٣ لە ١٠کەس نزمە. کەمتر لە نیوەی ئەمەریکاییەکان بەشداری لە دەنگدان دەکەن – تەنانەت لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیشدا– کە ئەمەش زۆر کەمترە لەو وڵاتانەی بێ بەشن لە هەموارکردنی یەکەم.

زۆربەی خەڵک هەواڵەکانی لە رێگەی تەلەڤزیۆنە ناوخۆییەکانەوە بەدەست دەگات – میدیایەک کە بەشێوەیەکی بەرچاو پرۆسەی حوکمڕانی پشتگوێ دەخات. تەنیا ٤٥٪ی خەڵک گوتوویانە رۆژی پێشتر رۆژنامەیەکیان خوێندووەتەوە و خەڵکەکە لەوەی ٥٠ ساڵ پێش لەبارەی جیهانی دەرەوەیان دەزانی، زیاتر نازانن. ئەگەر وردتر بڕوانیت، رەنگە بیرۆکەی ئەوەی چاپەمەنی زانیاریی پێویست بۆ سەربەخۆبوونی خەڵک دابین دەکات سەرانێک بێت. رەنگە ئەوە بۆ خەڵک گرینگ نەبێت. رەنگە لە ڕاستیدا ئێمە لە واقیع و لە بنەڕەتدا هەر سەربەخۆ نین. حکوومەت کار دەکات و ئەوانی ترمان بەگشتی تەماشاکارین.

ئەم باسە لە ١٩٢٠دا لە هەڵشاخانی بیرۆکەکانی واڵتر لیپمەنی رۆژنامەنووس لەگەڵ هی جۆن دوویی فەیلەسووف بۆ ماوەیەکی کورت گڕی گرت. ئەو کاتە کاتێک بوو بۆ رەشبینی بەرامبەر بە دیموکراسی. حکوومەتە دیموکراسییەکانی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا رووخابوون. شۆڕشی بۆلشێڤیک رۆژئاوای تەنیبووە. تا دەهات ترس لەوەی حکوومەتە سەربازییەکان تەکنەلۆجیای نوێ و زانستی نوێ بۆ پڕوپاگەندەکردن لە پێناو کۆنترۆڵکردنی ویستی جەماوەر بەکار بێنن، زیادی دەکرد.

لیپمەن کە ئەو کات یەکێک لە ناودارترین رۆژنامەنووسانی ئەمەریکایی بوو، لە پڕفرۆشترین کتێبیدا بەناوی پابلیک ئۆپنیەن باسی لەوە کرد دیموکراسی لە بنەڕەتدا بەهەڵەدا براوە. ئەو گوتی خەڵک بەگشتی بەناڕاستەوخۆیی لە جیهان ئاگەدار دەبنەوە، ئەمەش لە رێگەی (ئەو وێنانەی لە مێشکی خۆیاندا بەرجەستەیان دەکەن).

ئەو وێنە خەیاڵییانە بەشێوەیەکی بەرچاو لە میدیاوە وەردەگرن. لیپمەن پێی وابوو کێشەکە ئەوەیە ئەو وێنانەی ناو مێشکی خەڵک بەشێوەیەکی خەیاڵشکێنەرانە شێوێندراو و ناتەواون و بە کێماسییەکی نەگۆڕی چاپەمەنییەوە لێڵ کراون. هەر بەهەمان رادە خراپیش، توانستی جەماوەر بۆ تێگەیشتن لە ڕاستی تەنانەت ئەگەر هاتوو بەرێکەوت دەربکەوێت، بەهۆی دەمارگیریی مرۆڤ و

کلێشەکاری و ناحەزی و نەزانینەوە رووەو لەناوچوونە. لەکۆتاییدا لیپمەن وای دەزانی هاووڵاتیان وەک تەماشاچییانی شانۆن کە (لە ناوەڕاستی رووداوی سێیەم دەگەنە جێ و پێش دوا پەردە دەردەچن، هەر ئەوەندە دەمێننەوە تاوەکو بزانن کێ قارەمان و کێ ناکەسەیە).

(رای گشتی) سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەست هێنا و بەلای زۆر کەسەوە بووە سەرچاوەی لەدایکبوونی لێکۆڵینەوەی هاوچەرخ لەبارەی پێوەندییەکانەوە. هەروەتر کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر فەیلەسووفی ناوداری ئەمەریکایی، پرۆفیسۆر دوویی زانکۆی کۆلۆمبیا هەبوو. لە خوێندنەوەی بۆ پابلیک ئۆپینیەندا کە لە کۆواری خودی لیپمەن بەناوی زێ نیەوو پابلیکدا دەرکەوت، دوویی شرۆڤەی لیپمەنی سەبارەت بە سنوورەکانی تێگەیشتنی مرۆڤ بە (کاریگەرترین تاوانی دیموکراسی... کە تا ئەو کاتە لە قەڵەم درابێت)، وەسف کرد و دانی بەوە نا لیپمەن پەنجەی خستووەتە سەر کۆمەڵە کێماسییەکی رژدی چاپەمەنی و جەماوەر.

بەڵام دووی کە دواتر رەخنەی خۆی لە کتێبەکەیدا بەناوی زێ پابلیک ئەند ئیتس پرۆبلمزدا بڵاوی کردەوە، گوتی پێناسەی لیپمەن بۆ دیموکراسی لە بنەڕەتدا هەڵەیە. دووی گوتی ئامانجی دیموکراسی بەڕێوەبردنی کاریگەرانەی کاروباری گشتی نییە. بگرە ئەوەیە رێگە بە جەماوەر بدات بەتەواوەتی گەشە بە توانستیان بدەن. بەواتایەکی تر دیموکراسی ئامانجە نەک ئامراز. راستە، جەماوەر تەنیا دەتوانێت (یەکلاکەرەوەی دوایین داڵدە)ی حکوومەت بێت کە زۆربەی جار تەنیا هێڵە گشتییەکانی مشتومڕییەکە دادەنێت. دووی پێی وابوو، بەڵام ئەمە هەر هەموو ئەو شتە بووە کە دەستوورنووسانی ئەمەریکا لە ژیانێکی دیموکرات مەبەستیان بووە، کە ئەمەش یەکجار زیاتر لە حکوومەتێکی کاریگەر هەڵدەگرێت. مەبەستی راستەقینەی ئازادیی مرۆڤ بوو. رێگەچارە بۆ کێشەکانی دیموکراسی ئەوە نییە سازشی لەسەر بکرێت، بگرە هەوڵدانە بۆ برەودان بە توانستەکانی چاپەمەنی و فێرکردنی جەماوەر.

دووی هەستی بە شتێک کرد کە ئەمڕۆکە پاش دارمانی فاشیزم و کۆمونیزم لە سەدەی بیستەمدا، دیتنی ئاسانترە. ئەو پێی وابوو ئەگەر خەڵک رێگەیان پێ بدرێت بەسەربەستی لەگەڵ یەکتری پێوەندی بکەن، ئەوا دیموکراسی دەرهاوێشتەی سروشتیی تێکەڵاوبوونی خەڵکە. ئەوەش فرۆفێڵێک نییە بۆ باشترکردنی حکوومەت.

پاش هەشتا ساڵ هێشتا مشتومڕییەکە بەردەوامە و یەکلایی نەکراوەتەوە. پێوەندیی تێکئاڵۆسکاوی نێوان رۆژنامەوانی و هاووڵاتی لە ژوورەکانی هەواڵدا کە بەردەوام لە گەشەدایە، ئەو پرسیارە دێنێتە پێش ئاخۆ رۆژنامەنووسان هێشتاش رۆڵ دەگێڕن لە دارشتنی ئەجێندا– لە هەوڵدان بۆ وریاکردنەوەی جەماوەر لەوەی کام هەواڵانە گرینگن، واتە گرینگترین هەواڵەکان. هەرچەندە ئەو رۆڵە لە گۆڕاندایە، لێمان روونە کە ون نابێت.

ئەوانەی هەواڵ دەگوازنەوە، هێشتاش پێویستە بڕیار بدەن لەسەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی سەرچاوەکان، هەڵبژاردنی ئەو هەواڵانەی پێویستە دابەزن ئەوەش کە کامیان پێویستە بەدرێژی و

کامیان بە کورتی رووماڵ بکرێن و هەروەها هەزار بڕیاری تری رۆژانە.

لە کاتی ئەو بڕیارانەدا، رۆژنامەنووسان هەروەها سەرقاڵی شتێک دەبن کە گەورەترە لەوەی بەرووالەت دیارە. هەر کاتێک نووسیاران لاپەڕەیەک یان پێگەیەک دادەڕێژن، یان کاتێک خەڵک بڕیار لەسەر ئەوە بدات ئاخۆ کام گۆشەنیگا یان بۆچوون لەبارەی رووداوێک یان بابەتێک پێویستە جەختی لەسەر بکرێت یان لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت، ئەوان مەزندەی ئەو شتە دەکەن کە خوێنەران دەیانەوێت یان پێویستە بیزانن. ئەوان لە کاتی ئەنجامدانی ئەوەدا، هەرچەندە ناهۆشەکییانەیە، جۆرە تیۆرییەکی دیموکراسی پیادە دەکەن– تیۆرێک بۆ ئەو شتەی هاندەرە بۆ سیاسەتوانان و بۆ هاووڵاتیبوون و بۆ چۆنیەتیی بڕیاردانی خەڵک. مەبەستی ئێمە لێرەدا دانانی تیۆرێکە کە پێمان وایە لەناو ئەو رۆژنامەگەوانییەی لە باشترین باردا لە خزمەتی ئێمەدایە وەک هاووڵاتی، شاراوە و بەگشتی نەزانراوەیە.

کۆمەڵێک رەخنەگر لەوە باوەڕەدان بۆچوونی لیپمەن یەکجار زاڵە بەسەر شێوازی کارکردنی رۆژنامەنووسان لەم سەردەمەدا. لێکۆڵینەوەکان دەری دەخەن رۆژنامە و تەلەڤزیۆنەکان پرۆگرامەکانی خۆیان ئاراستەی چینی دەستەبژێر یان دیمۆگرافیایەکی تری یەکجار تەسکتر کردووە، لە کاتێکدا بەشێکی زۆری هاووڵاتییانیان پشتگوێ خستووە. سیاسەت و بۆچوونەکان فەرامۆش کراون یان بۆ رابواردن پێشکێش کراون، یانیش بەشاراوەیی لەناو مەودای چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنی هەڵویستێکی سیاسیی دیاریکراو بۆ دەسەڵاتدان بە کەسێک لە دژی رکابەرەکەیدا بەشارەوایی دەربڕاون.

هەواڵنێران دان بەوە دەنێن تەنانەت نەریتی دیمانەکردنی دەنگدەران لە بانگەشە سیاسییەکاندا لەلایەن هەواڵنێرانەوە هونەرێکی رووەو نەمانە. جێیمز کێریی نووسیویەتی ئێمە پەرەمان بە (رۆژنامەوانییەک داوە کە بەناوی جەماوەرەوە رەوایی دەدات بەخۆی، بەڵام تێیدا جەماوەر جگە لە گوێگرتن هیچ رۆڵێک ناگێڕێت)، بەقەڵەمی. هاووڵاتییان بوونەتە شتێکی نابەرجەستە، شتێک کە چاپەمەنی لەبارەیەوە دەدەوێت نەک لەگەڵی.

بێگومان سەرهەڵدانی میدیای هاووڵاتی و دەسەڵاتدان بە کڕیاران رێخۆشکەرە بۆ تیشک خستنە سەر ئەم کێشەیە. جەماوەر وا خۆی هەڵدەقورتێنێتە ناو گفتوگۆکە. رۆژنامەنووسان و ئەجێندا سیاسییەکانیان وێ دەچێت زۆرتر ئاشکرا بن. ئەو رۆژنامەنووسانەی هەوڵەکانیان بۆ سەلماندنی هەواڵ کەمە، وێ دەچێت زیاتر ئاشکرا بن. ئەو رۆژنامەنووسانەی پێیان وایە دەزانن هاووڵاتییان گرینگی بەچی دەدەن، رەنگە زوو هەست بکەن بەهەڵەدا چوون.

بەڵام ئەمە بەئاشکرا کێشەی رۆژنامەنووسان سەبارەت بە جیاکردنەوەی ویستی هاووڵاتییان لە پێویستییان، چارەسەر ناکات و لە جیاتی داوای تیۆرێکی تەنانەت روونتری دیموکراسی و هاووڵاتیبوون بۆ چاپەمەنی دەکات.

لە کاتێکدا ئێمە لە پێوەندیی لێکگرێدراوی نوێی رۆژنامەنووسان و هاووڵاتییان دەکۆڵینەوە، لە

پێگە و بلۆگ و رۆژنامەکانی کۆمەڵگە و تەلەڤزیۆنە گشتییەکاندا، وێنەی جەماوەرێکی ئاڵۆزتر و ڕەوانتر دەبینین لەوەی بەزۆری لە مشتومڕییە کۆنەکاندا پێشان دراوە. ئێمە پێمان وایە ئەم وێنەیە چۆنیەتیی کارکردنی راستەقینەی هەم هاووڵاتییان و هەم زۆرێک لە رۆژنامەنووسان دەردەخات.

## تیۆری جەماوەری لێکگرێدراو

دێیڤ بێرگن کە لە فلۆریداوە بۆ کالیفۆرنیا لە رۆژنامەکاندا نووسیاری دەکرد، ئەم وێنەیەی لە شێوازی راهێنانی کۆمەڵێک رۆژنامەنووس لە چۆنیەتیی پڕکردنەوەی لاپەڕەکان بە نموونە دانا. ئەو دەیگوت بیر لەوە بکەوە بەگشتی ١٥٪ خوێنەرانت، نەک زیاتر، حەز دەکەن هەواڵێک لە لاپەڕەیەکدا بخوێننەوە. ئەرکی تۆ ئەوەیە دڵنیا بیت لەوەی هەر لاپەڕەیەک بەڕادەی پێویست هەواڵی جۆراوجۆری تێدایە بۆ ئەوەی هەر ئەندمێکی جەماوەر بیەوێت هەواڵێکی لێ بخوێنێتەوە.

ئەو بیرۆکەی لە تیۆری بێرگن سەبارەت بە رەنگاوڕەنگیی لاپەڕەدا شاراوەیە، ئەوەیە هەر کەسەوە حەزی لە بابەتێکە و تەنانەت شارەزایە لێی. ئەو بۆچوونە چەوتە کە دەڵێت بەشێوەیەکی ئاسایی خەڵک نەزانە، یان خەڵکی تر حەزی لە هەر بابەتێکە. کاتێک گوێمان لە قسەی رۆژنامەنووسان و هاووڵاتییان بوو، هەستمان بەوە کرد ئەمە جۆرە وەسفێکی واقیعبینانەیە بۆ چۆنیەیەتیی تێکەڵاوبوونی خەڵک لەگەڵ هەواڵ لە پێناو پێکهێنانی جەماوەرێک. ئێمە ئەمە بە تیۆری جەماوەری لێکگرێدراو ناو دەبەین.

لە پێناو باسەکەدا با بڵێین سێ ئاستی گشتی بۆ تێکەڵاوبوونی جەماوەر لەگەڵ هەر بابەتێکدا هەن، هەریەکەیان پۆلێنی تەنانەت وردتریشی هەیە. جەماوەرێکی بەشدار هەیە کە بەرژەوەندییەکی کەسێنی لە بابەتێک و تێگەیشتنێکی تیژیشی هەیە. جەماوەرێکی ئارەزوومەند هەیە کە هیچ رۆڵێکی راستەوخۆی لە بابەتەکەدا نییە، بەڵام کاری لێ دەکرێت و بە کاردانەوەیەکی نوێوە وەڵام دەداتەوە. جەماوەرێکی بەشدارنەبووەش هەیە کە بایەخێکی کەم بە بابەتەکە دەدات و ئەگەر تەنانەت بەشداریش بێت پاش ئەوە بەشدارە کە چوارچێوەی باسەکە لەلایەن ئەوانی ترەوە دانرابێت. لە جەماوەری لێکگرێدراودا بەگوێرەی بابەتەکەوە ئێمە هەموومان ئەندامین لە هەرسێ گرووپەکەدا.

کاسبێکی بواری ئۆتۆمۆبێل لە ناوچەیەکی دیترۆیتدا بۆ نموونە رەنگە بایەخێکی کەم بە سیاسەتی کشتوکاڵ یان کاروباری دەرەوە بدات و رەنگە تەنیا ناوە ناوە رۆژنامەیەک بکرێت یان تەماشای هەواڵەکانی تەلەڤزیۆنی بکات. بەڵام ئەزموونی لەبارەی زۆر مشتومڕیی لەسەر مامەڵەی ناوکۆییەوە هەیە و باش لە بیرۆکراسییەتی کاری هاوبەشی و ئاسایشی شوێنی کار تێ دەگات. ئەو رەنگە منداڵی لە قوتابخانەکانی ناوچەکە یان لە کاردا هاوڕێی لە دەزگای خێرخوازی هەبێت و رەنگە تێ بگات چۆن پیسبوونی ژینگە کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەو رووبارانەی ئەو ماسییان لێ دەگرێت. بۆ ئەم نیگەرانییە و هەموو نیگەرانییەکانی تر کۆمەڵێک زانیاری و شارەزایی بەکار

دێنێت. لە هەندێک بابەتدا ئەو جەماوەرەی بەشدارە، لەوانی تر ئارەزومەند و لەوانی تریشدا بێ ئاگا و دابڕاوە.

هاوپشکێک لە کۆمپانیایەکی یاسایی واشینگتۆندا بەهەمان شێوە دژایەتیی گشتاندنەکە دەکات. ئەو دایەگەورەیەک، باخەوانێکی بەجۆش و کەسێکی تینووە بۆ هەواڵ کە لە دوورەوە وەک ئەندامێکی کلاسیکی دەستەبژێری سەرقاڵ دێتە بەرچاو. شارەزاییەکی پێشەنگ لە یاسای دەستوری کە زۆرجار لە چاپەمەنیدا گوتەی وەرگیراوە، ئەویش لە تەکنەلۆجیا سڵ دەکات و لە لێکۆڵینەوە و کار بێزار بووە و پشتگوێیان دەخات. منداڵەکانی گەورە بوون و چیی تر بایەخ بە هەواڵی قوتابخانەکانی ناوچەکە و تەنانەت حکوومەتی لۆکاڵیش نادات.

یان کەیبانوویەکی کالیفۆرنیا کە خاوەن بڕوانامەی دواناوەندییە بێنە بەرچاوت کە پیشەی هاوسەرەکەی بە هی خۆی دەزانێت. لە ڕێگەی کاری خۆبەخشانەی لە قوتابخانەی منداڵاندا ئەو بەرچاوڕوونییەکی لەبارەی هۆکاری بەهەڵەداچوونی ڕۆژنامەی لۆکاڵ لە رووماڵکردنی پەروەردەییدا پێ دەبەخشێت و ئەو لە ژیانی خۆیەوە تێگەیشتنێکی هەڵقووڵاوەی لەبارەی خەڵکەوە هەیە.

ئەم نموونانە بەئاشکرا گریمانەیین، بەڵام چمکی ئاڵۆزی جەماوەر سادە دەکەنەوە. هێزی خەڵک لە قەوارە و جۆراوجۆریەتیی بێ کەموکوڕییەکەیدایە. شارەزای بەشدار لە بە بابەتێک، ئەندامی بێ ئاگا و بێ خەمی جەماوەرە لە بابەتێکی تردا. سێ گرووپەکە کە بۆ خۆیان گشتاندنی کرچوکاڵن، وەک چاودێرێک بۆ یەکتر کار دەکەن بۆ ئەوی هیچ مشومڕییەک نەبێتە راگۆڕینەوەیەکی بەجۆش و ڕەهای گرووپە بەرژەوەندیخوازەکانی چالاکەوە. جگە لەوەش ئەم ئاوێتەکردنەی جەماوەر زۆربەی جار زۆر ژیرانەترە لە جەماوەری بەشدار بەتەنیا.

گوێ لە ڕۆژنامەنووسان بگرە کاتێک لەبارەی ئەو جەماوەر دەدوێن کە لە کاتی کارکردندا لە خەیاڵیاندایە و هەست بە جەماوەرێکی لێکگرێدراو دەکەیت. بایرۆن کەڵێم نووسیاری بابەتی گشتی لە نیویۆرک تایمز ئەوەی بیست کاتێک دیمانەی لەگەڵ هاوکارانی کرد. (کۆمەڵێک نووسیار لەوانەش سوزن دێیلی، کە تازە بووبووە نووسیاری بابەتی نەتەوەیی پاش ئەوەی کورتە ئەزموونێکی وەک نووسیاری بابەتی پەروەردەیی وەرگرتبوو، تێبینی دا پێویستە دوو جۆرە خوێنەر لە بەرچاو بگرێن) یەکێکیان شارەزایە لەسەر هەر بابەتێک ئێمە لەبارەیەوە دەنووسین، کەسێک کە ئەم هەواڵە هەر شتێک بێت، دەخوێنێتەوە، بەڵام یەکجار ڕەخنەگرە... ئەوەی تریان کەسە لە بنەڕەتدا زانخوازەکەی تۆیە، بەڵام کاتێکی ئەوەندە زۆری نییە، کەسێک کە بەبڕوای من کێشە ڕاستەقینەکەیە.

ئەو ڕەنگە هەواڵەکە بخوێنێتەوە، بەڵام پێویستە هەواڵەکە پەلکێشی بکات. مێشکم بەوە سەرقاڵە: باشە، ئێمە چۆن ئەو هەواڵە بنووسین تاوەکو ڕاست و دروست بێت و سەنگی هەبێت و لە هەمان کاتیشدا بۆ کەسێک کە بەڕاستی بایەخێکی ئەوتۆ، بۆ نموونە، بە بەشە ناوەخۆییەکانی کۆلێج یان فێرکاری نادات، سەرنجراکیش بێت؟".

جەماوەر لەو روانگەیەوە یەکجار زیاتر لەوەی لیپمەن بەخەیاڵیدا هاتبوو، بەدەسەڵاتترە و چاپەمەنی وەک ئەو بۆی چووبوو، ئەرکی تۆقێنەری رادەستکردنی (راستی)ی بۆ جەماوەرێکی ناچالاک نییە. ئەرکی میدیای هەواڵی، وەک چۆن لە بەشی داهاتوودا زیاتری لێی دەدوێین، ئەوەیە پێداویستییەکان بۆ ئەو جەماوەر ئاڵۆزتر و بگۆڕترە دابین بکات تاوەکو بۆ خۆی بەتێپەڕینی کات راستی جیا بکاتەوە.

بەڵام ئەم تێگەیشتنە یەکجار ئاڵۆزە لە جەماوەر هەروەها لە خۆیدا هەڵگری تاوانێکی چاپەمەنیی سەردەمە. رۆژنامەوانییەک کە دەپرژێتە سەر دەستەبژێری شارەزا، بەرژەوەندییە تایبەتەکانەوە رەنگە تا ڕادەیەک بەرپرس بێت لە نائومێدکردنی جەماوەر. ئەو جۆرە چاپەمەنییە جیهان بەو شێوەیەی زۆربەی خەڵک دەژین و هەستی پێ دەکەن، پێشان نادات. رووماڵکردنی بابەتی سیاسی کە بۆ تامەزرۆیانی سیاسی دەپرژێتە سەر لایەنی تاکتیکی و ئارەزوومەند و بەشدارنەبووان فەرامۆش دەکات، لە بەرپرسیاریەتییەکانی رۆژنامەوانیدا سەرنەکەوتووە. رۆژنامەوانییەک کە تێیدا هەر هەواڵێک بۆ گەورەترین ژمارەی رێتێچووی جەماوەر– رۆژنامەوانییەک بۆ هەمووان لە هەموو کاتێکدا_ لە ڕاستیدا زۆربەی جەماوەر پشتگوێ دەخات.

بەکورتی ئەم وێنە فرەلایەنەی جەماوەری لێکگرێدراو بەو مانایەیە مەرجەکانی چاپەمەنیی کۆن، واتە خزمەتکردن بە بەرژەوەندییەکانی گەورەترین کۆمەڵی رێتێچوو، وەک هەردەم بەهێز دەمێنێتەوە. لە هەمان کاتدا ئەو نەریتانەی لە یەکەم دەیەی ئەم سەدەیەدا لە گەشەدان روونی دەکەنەوە ددانان بە پێویستییەکانی جەماوەری لێکگرێدراوی ئاڵۆزتر لە بەردەوام دژوارتر دەبێت. زۆرێک لە شرۆڤەکاران پێیان وایە ئەو تەوژمە کۆنەپارێزانەی لە یەکەم دوو هەڵبژارنەکانی نەتەوەیی لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەرکەوت، لە کۆمەڵێکی گەورەی خەڵکی پەراوێزخراو بەهۆی داوونەریتی دەیەکانی رابردووەوە سەرچاوەی دەگرت کە ئەم نەریتانە بە تێگەیشتنی ئاناتۆل لیڤنی مێژوونووس جەماوەری "یەکجار بێگانە کرد و ئاواتەخوازی کردن بۆ (گەڕانەوە) بۆ جۆرێکی ئایدیاڵی وڵات لە تەمەنی لاوێتیی یان رەنگە ئێستاکە بۆ سەردەمی گەنجێتیی دایک و باوکیان".

شکستی زۆرێک لە ئەمەریکاییەکان لە (تەنانەت تێگەیشتن) لە هۆکارەکانی نامۆبوونیان، ئاماژەیە بەوەی بەلایەنی کەمەوە بەشێکی کێشەکە چۆنیەتیی گواستنەوەی ئەم بابەتانە بووە لەگەڵ پەرەسەندنیان و ئەو ستراتیجییە سیاسی و مانایانەی ئەو بابەتانە ورووژاندوویانە کە لە بەرژەوەندیی هەڵوێستە توندڕۆیانەکاندا بووە. زۆربەی جار لە گواستنەوەی بابەتگەلی کۆمەڵایەتیی گرینگ لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لە مافەکانی شارستانی، شۆڕشەکانی سێکسی، هەستی دژایەتیکردنی شەڕی ڤێتنام، کۆچکردن و جیهانگەراییدا– چاپەمەنیی ناو و کلێشەی بەکار دەهێنا و پشتی بە گوتەبێژان دەبەست بۆ زێدەڕۆیی. ئەم کلێشە و ناونانە بوونەتە زمانی هاوبەش لە گفتوگۆی سیاسیدا و وایان کردووە چاپەمەنی بەردەوام پرسیار بکات ئاخۆ تا چ

ئاستێک ئەم هەڵوێستە گشتین یان تەنانەت چ مانایەکیان هەیە. ئەگەر رۆژنامەنووسان لە خزمەت هاووڵاتییانی کۆمەڵگەیەکی دیموکرات دان، کەواتە ئەرکی رۆژنامەوانی ئاسانکارییە بۆ گەیشتن بەو تێگەیشتنەی رێگە بەو جۆرە سازشە دەدات کە بەڕێوەبردنی جەماوەرێکی ئاڵۆزی لێکگرێدراو پشتی پێ دەبەستێت.

تیۆری جەماوەری لێکگرێدراو هەروەها چمکی بازاڕی کاردۆزینەوەیش لە رۆژنامەنووسیدا دەخاتە ژێر پرسیار. پێناسەکردنی زۆرێک لەو پیشانەی لە رێگەی سەککۆکانی نوێی رادەستکردنی زانیارییەوە هاتوونەتە کایەوە، یەکجار قورسترە لەو پۆلێنە ناسروشتییانەی کە لە لێکۆڵینەوەی بازاڕدۆزینەوەدا پێناسە کراون. تەلەڤزیۆنێکی ئاراستەکراو بۆ ژنانی نێوان ١٨ تا ٣٤ ساڵ یان نەوەی X یان سۆکر مامز، یان هەوادارانی تۆپی پێ، رەنگە ژمارەیەکی یەکجار زۆرتری خەڵکی ئەو گرووپەی مەبەستیەتی، بێگانە بکات. خەڵک بەشێوەیەکی ئاسایی زۆر ئاڵۆزترن لەو پۆلێن و کلێشانەی ئێمە بۆیان دەخوڵقێنین.

## کێشەی نوێ

ئەگەر تیۆری جەماوەری لێکگرێدراو ئەو چمکە بەهێز دەکات کە رۆژنامەوانی پێویستە برەو بە ئازادیی دیموکراسی بدات، پیشەکە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا رەنگە بەرەوڕووی گەورەترین هەڕەشەی ببێتەوە. ئێمە وا بۆ یەکەم جار شایەتی سەرهەڵدانی رۆژنامەوانییەکی پشتبەستوو بە بازاڕین کە بەردەوام پتر لە بیرۆکەی بەرپرسیارێتیی شارستانی دوور دەکەوێتەوە.

بیر لە قسەی سەرمایەداری میدیای سەردەمیانە، روپێرت مێردۆک بکەوە کاتێک کۆمپانیاکەی مافی وەشانی تەلەڤزیۆنیی لە سینگاپۆر پێ درا:

سینگاپۆر لیبراڵ نییە، بەڵام خاوێنە و لە ئاڵودەبوونەوە پاکژە. زۆر پێش ئێستا نەبوو کە کۆڵۆنیایەکی هەژار و چەوسێندراو و قاتوقڕ و نەخۆش و کێشەدار بوو. ئێستا خەڵک خۆی لەناو ئاپارتومانی سێ ژووریدا، خاوەن کار و شەقامی پاک دەدۆزێتەوە. پاڵنەری مادی بازرگانی دەخوڵقێنێت و بازاڕی ئازادیش ئابووری. ئەگەریش سیاسەتوانان پێچەوانەکەی لە رێگەی دیموکراسییەوە تاقی بکەنەوە، ئەنجامەکەی سیستەمی رووسیایە. ٩٠٪ی چینییەکان پتر لە مافی دەنگدان حەز لە گوزەرانێکی مادی باشتر دەکەنەوە.

پاڵپشتیی خاوەن ئیمتیازێکی ئەم سەردەمە لە سەرمایەداری بەبێ پاڵپشتی لە دیموکراسی، چمکێکە لە مێژووی رۆژنامەوانی ئەمەریکادا وێنەیەکی واتاداری نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا لیستێکی بەردەوام بەرزەوەبووی نموونەی تری خاوەنداریەتی هەیە کە رۆژنامەوانی دەبەستێتەوە بە بەرژەوەندیی بازرگانیی ترەوە. ئەو رۆژەی خزمەتگوزاریی ئەنتەرنێتیی ئەمێریکەن ئۆنلاین، کۆمپانیای هاوبەشیی تایمی کڕی، سەرۆکی تایم وارنەر جێراڵد Levin لەخۆشیدا باڵی گرت

لەوەی (ئەمە لە ڕاستیدا تەواوکەری گۆڕانی دیجیتاڵیی تایم وارنەرە... ئەم دوو کۆمپانیانە سروشتییانە لەگەڵ یەک دەگونجێن.) ئەو راستییەی یەکێک لە کۆمپانیاکان ئەرکێکی رۆژنامەوانی و ئەوەی تریان هیچ ئەرکێکی لەو شێوەی نەبوو، یان ئەوەی رۆژنامەنووسانی تایم، سی ئێن ئێن، فۆرچن، یان ئەوانی تر ئەو کاتە لایەنگریی دژیەکییان هەبووە لە کاتی گواستنەوەی هەواڵ بۆ ئەنتەرنێت و رادیۆ و تەلەڤزیۆن و کۆمەڵێک بواری تر، وێ دەچوو بەڕێکەوت بێت. ستیڤ کێیس، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ئەمێریکەن ئۆن لاین (AOL) کە تام وارنەری کڕیبوو، بۆ جەماوەر ئەو سوودە گەورانەی تایم وارنەری ژمارد کە لە کۆمپانیا تازە یەکبووەکانی وەردەگرت. هەرچەندە کۆمپانیای نوێ کۆمەڵێک لە هەرە بەهێزترین دامەزراوە رۆژنامەوانییەکانی ئەمەریکایی لەخۆ دەگرت، ئەو تەنیا باسی لە سەرگەرمی، کڕینی ئەنتەرنێتی و پێوەندیکردنی دوو کەسی کرد. شەش ساڵ دواتر، کێیس ئاوێتەکردنی ئێی ئۆ ئێڵ- تایمی بە شکستێک لە قەڵەم دا و لە درەنگانی ٢٠٠٥دا گوتی "ستراتیجیەتی یەک کۆمپانیایی هەرگیز نەسڕاوەتەوە.

کێیس لە لاپەڕەی بۆچوونی پێچەوانەی واشینگتۆن پۆستدا نووسی (هەر بەشەوە کاری خۆی دەکرد. هەرچەندە ئەوە ڕێگر بوو لە شەڕە دەسەلات، بەڵام بۆ نوێگەریی کاریگەر نەبوو). کێیس پێی وابوو کۆمپانیا پێویستە دابەشی چوار قەوارەی سەربەخۆ بێت: تایم وارنەر کێیبڵ، تایم وارنەر ئینتێرنێت، تایم ئای ئێن سی و ئەمێریکەن ئۆن لاین.

ئاوێتەکاریی تریش لە هەمان کاتدا ناکۆکییی هاوشێوەیان تێدا بەدیار دەکەوت. زوو پاش کڕینی ئێی بی سی نیووز، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دیزنی، مایکڵ ئایزنر گوتی بەلایەوە شتێکی گونجاو نییە (دیزی دیزنی رووماڵ بکات). بەواتایەکی تر، لە مێشکی ئەو پیاوەی کۆمپانیای هاوبەشی ئێی بی سی نیووزی تێهەڵکێش کردبوو، رێکخراوە هەواڵییەکە نەک تەنیا پێناسەی جیاکەرەوەی لەدەست دابوو، بگرە دەبووایە لە تەقەڵلادا بێت بۆ گواستنەوە یان چۆنیەتیی رووماڵکردنی (جیهانی سەرسڕمێنی دیزنی)- کۆمپانیاییەکی هاوبەشی بە نرخی ٢٣ بیلیۆن دۆلار کە چالاکییە جیهانییەکانی لە تیمەکانی وەرزشی و پارکەکانی سەرگەرمییەوە بگرە تا کەناڵەکانی رادیۆ و تەلەڤزیۆن و دەروازەگەلی ئەنتەرنێتین.

دەسکەوتەکەی دیزنیش لە ڕووی ئابوورییەوە شکێستی هێنا، بەلایەنی کەمەوە بۆ پرۆژەکانی رۆژنامەوانیی ناوەخۆیی ئێی بی سی. کەمێک پێش ئەوەی لەلایەن کەپیتاڵ سیتیزەوە بکردرێت، سەرۆکی ئێی بی سی نیووز، رۆن ئارلێج بە ستافی خۆی راگەیاند پرۆگرامەکانی ئێی بی سی نیووز لە هەر ستوونێکی کاتی کە رکابەرێتییان کردبێت- لە پرۆگرامی بەیانیان، هەواڵی ئێواران، بەیانیی یەکشەممان و تەنانەت گەشتی هەواڵی کاتی هەڵبژاردەی جەماوەریشدا- پلە یەک بووە. لەژێر کارگێڕییی دیزنیدا و لەگەڵ خانەنشینکردنی زۆرەکییانەی ئارلێجدا وەک بەڕێوەبەرێکی دەستناخۆش، ئێی بی سی نیووز لە ڕاستیدا شایەتی هەرەسهێنانی هەر هەموو پرۆگرامەکانی خۆی بوو، پاشەڤچوونێک کە لەگەڵ هەوڵی کاربەدەستانی دیزنی لە ٢٠٠٢دا بۆ گۆڕینەوەی

نایتلاین لەگەڵ دێیڤید لیتێرمەن شووی سی بی ئێس، گەیشتە نزمترین ئاست. لە دواییدا لە ٢٠٠٥ ئێی بی سی توانی تێد کۆپڵ و بەرهەمهێنی جێبەجێکاری ئەو، تۆم بێتاگ لە تۆڕەکە لا بدات.

سێ هێزی سەرەکی لە پشت ئەم هەڵگەڕانەوەی ڕۆژنامەوانیی پابەند بە بنیاتنانی هاوولاتین. یەکەمیان سروشتی تەکنەلۆجیای نوێیە. ئەنتەرنێت دەستی کردووە بە دابڕاندنی ڕۆژنامەوانی لە جوگرافیا و لە ئەنجامدا لە کۆمەڵگەش، بەو واتا سیاسی و شارستانیەی ئێمە لێی تێ دەگەین. ئاسانترە ببینرێت چۆن خزمەت بە بازرگانیی وێب و کۆمەڵگەکانی بەرژەوەندیخوازی بکرێت نەک کۆمەڵگە سیاسییەکەی. لە هەمان کاتدا، تەکنەلۆجیا ئەو هەلە بۆ هاوولاتییانی لە ڕووی جوگرافییەوە دابڕاو لە یەکتر دەرەخسێنێت، ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەک تێکەلاو بن- هەلێک کە دەربڕی ئەو ئەگەر و تەحەدایانەیە ئێمە دواتر لەو کتێبەدا باسیان لێوە دەکەین.

دووەم هۆکاری سەرەکی کۆمپانیاکانی هاوبەشین. ڕەخنەگران لەمێژە هێرشیان بردووەتە سەر بەرزبوونەوەی زنجیرە کۆمپانیای هەواڵی- ئەو کۆمپانیانەی لە کۆمەڵگەی جیاوازدا داوودەزگای خۆیان هەیە. ئێی. جی. لێیبلینگ، ڕەخنەگری چاپەمەنی لە زێ نیویۆرک لە ١٩٤٠ەکاندا لەو بارەیەوە گلەیی کردووە.

ئێمە هەروەها گەشەی ئەو کۆمپانیانەمان دیوە کە پێشتر تەواوی میدیا جۆراوجۆرەکانیان هەبووە. کۆمپانیای تریبیوون لە شیکاگۆ هێشتاش ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەی لە هەمان شاردا هەیە – شتێک کە حکوومەتی فیدراڵ لە دواییدا لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم قەدەخەی کرد و بەتەمایە یاساکە هەڵبوەشێنێتەوە. بەلام تەنانەت لەناو زنجیرەکانی کەرتی گشتیشدا، ئەم داوودەزگایانە بەڕوونی کۆمپانیای هەواڵی بوونە. ڕەخنەی سەرەکی لە دژیان ڕەمەکێتی و چوونیەکییە. گارنێت خاوەنی ٩٠ ڕۆژنامە بوو، بەلام کۆمپانییەکی ڕۆژنامەوانی بوو کە لەلایەن ئەو هەواڵکارانەوە بەڕێوە دەبرا، کە دانیان بە بەها هەواڵییەکانی تایبەت بە کۆمپانیایان دەنا و تەنانەت توانییان کۆمەڵێک بنەوای کاری ئەخلاقی بۆ لقە ڕۆژنامەوانییەکانی کۆمپانیاکە دابڕێژن. تاکە ڕیزپەڕێک لە سێ تۆڕە تەلەڤزیۆنییەکەی وەشانی کۆن بوو کە تێیدا کۆمپانیاکان سەرگەرمی و هەواڵیان بەرهەم دەهێنا.

بەلام لە زۆربەی مێژوویاندا بەشەکانی تۆڕی هەواڵ بەپەرۆش بوون بۆ بەدیهێنانی مەرجی بەرژەوەندیی هاوولاتی کە لەلایەن حکوومەتەوە لەبری بەکارهێنانی شەپۆلە هەواییەکانی گشتییەوە داوا دەکرا. قازانج پەیداکردن مەرجێکی نوێیە.

لەگەڵ دەستپێکی سەدەی نوێ ئەم نەریتەی دەستبەسەرداگرتنی کۆمپانیاکانی هەواڵی بەسەر ڕۆژنامەوانیدا خەریک بوو تێک دەشکا. هەواڵ دەبووە بەشێکی بچووکتر لەناو کۆمپانیا هاوبەشەکانی جیهانیدا. ئێی بی سی نیووز کەمتر لە ٢٪ی قازانجی دیزنی بوو. هەواڵ سەردەمانێک بە گەورەترین سوودی کۆمپانیای هاوبەشیی تایم هەژمار دەکرا. بەلام لەناو ئێی ئۆ

ئێڵ – تایمدا تەنیا بەشێک لە سوودەکەی بەرهەم دەهێنا. ئێن بی سی نیووز کەمتر لە ٢٪ی سوودەکانی جێنێراڵ ئیلێکتریکی دابین دەکرد.

تەنانەت رۆڵگێری سەرەکیی نوێتریش لە بازرگانییی هەواڵدا، لە بنەڕەتدا هەواڵ کۆکەرەوە نەبوون، بگرە سەرچاوەی وەک گوگڵ نیووز و یاهوو! نیووز بوون کە بەشێوەیەکی سەرەکی کاری بەرهەمهاتوو لەلایەن خەڵکانی تریان کۆ دەکردەوە. خزمەتگوزارییی گۆگڵ نیووز کە لە ٢٠٠٢دا دەست بەکار بوو، ئەم گەلاڵەکردن و ڕێزبەندکردنەی تەنانەت بەبێ نووسیارانی مرۆییەوە ئەنجام دەدا. کارەکە بە ئەلگۆریتمەکانی کۆمپیوتەرەوە جێبەجێ دەکرا.

بەڕێوەبەرانی لقە پاشکۆییەکانی هەواڵی بۆ سەربەخۆبوونیان تێ دەکۆشن و بەرهەڵستی دەکەن، بەڵام مێژوو ئاماژە بەوە دەدات گۆڕانەکە لەوانەیە سروشتی رۆژنامەوانیش بگۆڕێت. "ئێمە لە ١٩٣٠ەکان رادەمێنین و پیشەسازیی ستیل و بابەتی کیمیاوی دەبینین کە خەریکە رۆژنامەوانیی ئەوروپا دەکڕێت"، جێیمز کێیری دەڵێت. ئەوەش روانگەی میدیای ئەوروپیی بەرامبەر بە سەرهەڵدانی فاشیزم گۆڕی. سەربازی بووە پیشەی گونجاو. کێیری دەڵێت ئەمڕۆ "بازرگانیی سەرگەرمی و ریکلامی ئەلەکترۆنی دەکڕێت. سەرگەرمی و ریکلامی ئەلەکترۆنی ئەمڕۆ ئەو شتانەن کە پیشەسازیی ستیل و بابەتی کیمیاوی لە ١٩٣٠ەکان دەریان دەبڕین".

چمکی ئازادیی میدیا لە سەربەخۆییەوە سەرچاوە دەگرێت. تەنیا چاپەمەنییەکی ئازاد لە سانسۆرەکانی حکوومەت دەتوانێت راستی بگوازێتەوە. لەم سەردەمەدا، ئەو ئازادییە فراوانتر کراوە، تاوەکو مانای سەربەخۆیی لە دامەزراوەکانی تر وەک حزب و ریکلامکاران و بازرگانی و ژمارەیەکی زۆرتری داوودەزگاکانیشەوە بگەیەنێت. تێهەڵکێشکردنی کاری هەواڵ لەگەڵ کۆمپانیای بازرگانی هەڕەشە لە زیندوومانەوەی چاپەمەنی وەک دامەزراوەیەکی سەربەخۆ دەکات، لەبەرئەوەی رۆژنامەوانی دەبێتە بەشێکی لاوەکی لەناو کۆمپانیا هاوبەشییە گەورەکانەوە کە بەشێوەیەکی رەگداکوتاوتر لەپێناو ئامانجی بازرگانیی جیاوازەوە دامەزراون.

ئەم ئاوێتەکارییە و بیرۆکەی پاڵنەر بۆ بەشێکی زۆری کاری هاوبەشی لە پێوەندییەکاندا– ئەو بیرکەیەی کە بە مانا ئەوەیە رۆژنامەوانی تەنیا دەقێکە یان هەموو میدیاکان وەک یەکن– ئەگەرێکی تر دەخەنە روو. هەموارکردنی یەکەم باس لە بەرپرسیاریەتییەکی گشتی ناکات کە بەناوی کۆمەڵگەی مەزنترەوە وەرگیراوە. لە جیاتی ئەوە داوای مافی تایبەت دەکات بۆ کاری وەک لێبووردنی بێیسبۆڵ لە یاسای دژەقۆرخکردن. لەم جیهانەدا هەموارکردنی یەکەم دەبێتە مافێکی مۆڵکینە و رێسا بنچینەییەکان بۆ رکابەرایەتییەیی ئابووریی ئازاد نەک ئازادیی رادەربڕین دادەڕێژێت. ئەمە گۆڕانێکی بنەڕتی و نائاساییە کە هەڵگری گیروگرفتی بێ ژمارە بۆ کۆمەڵگەی دیموکراسی. وەک مایکل سەندڵ پرۆفیسۆری فەلسەفە لە زانکۆی هارڤارد گوتوویەتی (دەبێت دەنگێکی بۆڵەبۆڵینکەر لە ناخی هەر هەمووماندا هەبێت، بپرسێت: ئاخۆ دیموکراسیش پێویستیی بە پەروەردەکردنە؟)

سێیەمین هێزی پاڵنەر بۆ بەبازاڕیبوونی نوێی ڕۆژنامەوانی جیهانگەرابییە. لەگەڵ گۆڕانی کۆمپانیاکان بەتایبەتیش کۆمپانیاکانی پێوەندی بۆ کۆمپانیای هاوبەشیی بێ سنوورەوە، چمکی هاووڵاتیبوون و کۆمەڵگەی کۆن لە ڕووی بازرگانییەوە لەناو چوون.

جیهانگەراییی ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەم کۆمپانیانە دەگۆڕێت. ئەوە شتێکە کە ئێستا هۆلیوود فیلمی ئەکشن پتر بەرهەم دێنێت، لەبەرئەوەی شەڕەفیشەک پێویستیی بە وەرگێڕان نییە و فرۆشی لە وڵاتانی بیانیدا پارەی زیاتری پێوە دێت. و شتێکی ترە بیر بکرێتەوە لە دەرەنجامەکانی بڕیاردان بۆ ڕۆژنامەوانی لەسەر بنەوای ئاماژەگەلێکی کولتووریی بەهەمان شێوە سادەکراوەدا. یەکەم کاردانەوە بەرامبەر بە جیهانگەراییی خواستی هەواڵی هەڵگری بەها کۆنەکانی هەواڵی بوو ـ سەبارەت بە ناوداران و کارەساتەکان و تراجیدیا– کە لە سنووری هەرێمی و نەتەوەییدا روویان دەدا. لەمانە دادگاییکردنی ئۆ. جێی. سیمپسن بە تۆمەتی کوشتن و مەرگی شازادە دایانا یان تێکشکانی فرۆکەی جۆن ئێف کەنێدی جونێیر بوو.

بەڵام ١١ی ئەیلوول سەلماندی جیهانگەراییی لە بۆشاییدا روو نادات. ئەو فرۆکە رفێندراوانەی خۆیان کێشا بە سەنتەری بازرگانیی جیهانی، تەوژمێکی خێرای هەواڵی ڕەق و وشکی سروشت جیاوازیان پێشکێش کرد کە سنوورەکانی نەتەوەییی بەزاند: تەقینەوە بۆمبییەکانی مادرید و لەندەن، ناڕەزاییی بەربڵاوەکان لە دژی کاریکاتۆرەکانی محەمەدی پەیامبەر و توندوتیژی لەناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەرچەندە ئێستا ئەمانە بە سیستەمی میدیای جیهانییەوە دەگوازرێنەوە، رووماڵکردنەکە زۆربەی جار مۆرکێکی نەتەوەیی هەبووە، گواستنەوەی ئەم رووداوانە لە فۆکس و سی ئێن ئێن بەئەستەم وەک هی ئەلجەزیرەیە.

پرسیارەکە ئەوە نییە ئاخۆ ئەم سیستەمە نوێیەی میدیای جیهانی ئەم ئاکارە نەتەوەییە بەر دەدات یان نا، بگرە ئەوەیە تا چ رادەیەک هاووڵاتییان دەتوانن پشت بەم چاپەمەنییە هەواڵییە پاشکۆیییەی ناو کۆمپانیا هاوبەشییەکان ببەستن بۆ چاودێریکردنی بەرژەوەندییە بەهێزەکانی ناو کۆمەڵگە؟ ئاخۆ ئێمە دەتوانین پشت بە ژمارەیەکی کەمتر کۆمپانیا ببەستین بۆ پاڵپشتیکردن لەو چاودێرییە– تەنانەت کاتێک ئەوە لە بەرژەوەندیی کۆمپانیا هاوبەشییەکانی خاوەنیان نەبێت؟ لە کۆتاییدا پرسیار ئەمەیە: ئاخۆ ڕۆژنامەوانی دەتوانێت لە سەدەی بیست و یەکەمدا بەردەوامی بەو ئامانجە بدات کە لە سێ سەدە و نیو پێش ئێستا ڕۆژنامەوانی دامەزراند؟

بەردەوامیدانەکە بە پێناسەکردنی ئامانجەکەوە دەست پێ دەکات. هەنگاوی داهاتوو تێگەیشتنە لەو بنەوایانەی ڕێگە بە هەواڵکارانەوە دەدەن بە نوێنەرایەتیی ئێمە درێژە بەو ئامانجە بدەن.

# ئاڵووگۆڕە میدیاییەکان
# لە ئەوروپا و ئەمەریکا

رۆژنامەی ژورنالیستێن

## بەشی یەکەم

میدیا و پارە کامە رێگە هەڵبژێرین؟

سەرەتا:

رۆژنامەکان ئیتر ناتوانن خۆیان بژێنن یان وەک دەگوترێ خۆیان فینانسە بکەن. لە کوێ پارە پەیدا بکەن؟ ئەمە سەردێڕی کۆنفرانسێک بوو کە بە بەشداری ۲۰۰ سەرنووسەر و بڵاوکەرەوەی رۆژنامە و کۆوار لە باکوری ئەوروپا لە رۆژی ۲۸ی ئەیلوولی ۲۰۱۱، لە هۆتێل پلازای ئۆسلۆ بەڕێوە چوو. کۆنفرانسێکی دوو رۆژە تەنیا بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیارێک؛ لە کوێ پارە بۆ رۆژنامەکانمان پەیدا بکەین؟ ئیمڕۆ ترس و شڵەژان باڵی بەسەر داهاتووی رۆژنامەکاندا کێشاوە. ئاخۆ بەو کێشەیەی بێ پارەیی و لە کەمی دانی داهاتەکان کە ئێستا بەرۆکی رۆژنامەکانی گرتووە، ئەوان دەتوانن لە داهاتوودا وەک رابردوو درێژە بە بڵاوکردنەوە بدەن. هەر لە ئێستاوە زۆر لە رۆژنامەکان ستۆپەکانیان راکێشاوە؛ تیراژەکانیان کەم کردووەتەوە و بەو پێیەش رۆژنامەڤانان لەسەر کارەکانیان دەردەکرێن.

۲۸ی ئەیلولی ۲۰۱۱

ئۆسلۆ، نەرویج

رۆبێرت رۆود لێکۆڵەرەوەی میدیا یەکێک لە بەشدارانی کۆنفرانس بوو. بۆ ناوبراو کێشەی مێدیا و پرسی رۆژنامەکان هەواڵێکی دڵتەزێن نەبوو بە پێچەوانە دڵخۆشکەرە، لەبەرئەوەی بازاڕی ئەوان

..............................................................

وەرگێڕانی سوێدییەوە: سیاوەش گۆدەرزی



هەوالنامەی ئێڤر



ڕۆبێرت ڕوود، لێکۆڵەرەوەی میدیا

لەم کاتانەدا زۆر گەرمتر دەبێ. ئیمڕۆ شەریکە میدیاییەکان نازانن لە سەر کامە لاق ڕاوەستن. هەموو تێکڕا داوای لێکۆڵینەوە دەکەن، دەیانەوێ بزانن بازاڕی ڕۆژنامەکان چۆن گەرمتر دەکرێن و چۆن دەکرێ زیاتر سەرنجی خوێنەر بۆ لای ڕۆژنامە و کۆوارەکان ڕابکێشرێ. ڕۆبێرت ڕوود دەڵێ: "زۆرم پێ سەیرە کە چۆنە لە سویدەوە تەنیا ڕۆژنامەی (ڕۆژنامەڤان)[1] لەم کۆنفرانسەدا حازرە. ڕۆژنامەکان لە لێواری مەرگدان و خودی ڕۆژنامەکانیش ناوێرن هەواڵ و ڕاپۆرتی مەرگی خۆیان بڵاو بکەنەوە. ئەمە تەنیا کێشەی ڕۆژنامە و مێدیا نییە بگرە ئەمە لە خۆیدا پرسی گرینگی دیمۆکراسیشە."

٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٩

نیۆیۆرک، ئەمەریکا



ڕوپێرت موردوچ خاوەنی میدیا

ئیمپراتۆری نیوز کورپۆرەیشن

ڕوپێرت موردوچ ماندووە. ئەو خاوەنی ئیمپراتۆرییەکی میدیاییە بە ناوی نیوز کورپۆرەیشن کە ژمارەیەکی زۆر تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەی نەریتی لە ئوستڕالیا، بەریتانیا و ئەمەریکا بڵاو دەکاتەوە. ڕۆبێرت ئەم بەیانییە ڕاپۆرتی وەرزانەی داهاتی ناوەندەکەی بڵاو کردەوە. قازانجی وەرزانەی ڕوپێرت موردوچ ٧٧٥ میلیۆن دۆلارە. وێ دەچێ قازانجی هەبێ بەڵام هەر ئەم ڕاپۆرتە لە بەراورد لەگەڵ ڕاپۆرتی وەرزانەی هەمان وەرز لە ساڵی ٢٠٠٨ لە نیوە کەمترە. بازاڕ دژکردەوەی باشی بەم ڕاپۆرتە نیشان نەدا. هەر ئەم بەیانە ڕوپێرت موردوچ ناچار کرا کە وەڵامی لێکۆڵەرەوە تووڕەکانی واڵستیرت بداتەوە.



ڕوپێرت موردوچ

هەر لەم ساڵەدا و لەبەر هەڵوومەرجی شپرێوی ئابووری ١٢٠ ڕۆژنامە لە ئەمەریکا لە بڵاوبوونەوە دەوەستێ. بێجگە لەوە ٠٦ ڕۆژنامەی تر ناچار دەبێ دەست بە پارەوە بگرێ و پاکەتی گەورەی کەمکردنەوەی دەرکەوت بخەنە ڕۆژەڤ. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە ٢٠ هەزار ڕۆژنامەڤان لە ئەمەریکا لەسەر کار دەربکرێن.

ڕوپێرت موردوچ پێی وایە کە ئیتر ڕۆژنامەکان ناتوانن ڕکەبەری گۆگڵ و فەیسبووک لە ڕێکلام و وەشانی دژیتاڵدا بکەن. ئەو پێی وایە دەبێ ستراتیجییەکی نوێ بەپێش بخرێ. ڕوپێرت موردوچ دەڵێ: (ئێمە وەک ڕۆژنامەکان شەڕەکەمان دۆڕاندووە و هەر بۆیە ناچارین

لە بنەڕەتەوە پێداچوونەوە بە سەر خۆماندا بکەین. ئێستا بە ڕوونی بۆمان دەرکەوتووە کە ئەم شێوازەی ئێستا وەلامدەری ئەم هەلومەرجە نوێیە نییە، لە ماوەی ساڵێکدا دەبێ ئێمەش ڕۆژنامەکانمان لە نیوز کورپورەیشن لەسەر ئەو شتانەی کە دەیانخەینە سەر ئینتێرنێت داهاتمان هەبێت). ئەم قسانەی روپێرت موردوچ وەک تۆپ دەنگ دەداتەوە. لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە بەگەرمی پێشوازی لێ دەکرێ، ئەگەرچی هێشتا ژمارەیەکی زۆر لە بەرانبەر ئەم قسانەدا دوڕدونگن. خەڵکانی دوڕدونگ مافی خۆیانە، دە ساڵ زیاترە خەڵکی بە خۆڕایی ڕۆژنامەکان لە سەر ئینتەرنێت دەخوێننەوە، چۆن ئێستا حازرن پارە بدەن؟

ئەم هەواڵە لە نیویۆرکەوە هەر زوو بە ئەوروپاشدا بڵاو دەبێتەوە. جارێکی تر باس و مناقشەی ئەوە کە ڕۆژنامەکان بابەتی بابەتەکانیان لە ئینتەرنێت پارە وەربگرن بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک سویدیش زیندوو دەبێتەوە. هەر زوو دەستەی نووسەران و بڵاوکەرەوەکان دەکەونە خۆ و کۆبوونەوە ڕێک دەخەن. بەتایبەتی ڕۆژنامە ناوچەیی و هەرێمییەکان لە سوێد لە بابەت وەرگرتنی هێندێک بابەتی بژاردەوە لە ئینتەرنێت سیستەمی بەپارەیان دامەزراند. ئێستا ئیتر تەنیا روپێرت موردوچ نییە کە خۆی ڕووت کردووەتەوە بگرە زۆربەی ڕۆژنامەکان لە سەر ئینتەرنێت بە ڕێچکەی روپێرت موردوچدا سەبارەت بە دانی زانیارییەکانیان لە ئینتێرنێت پارە وەردەگرن.

ساڵی ٢٠١١ کۆمپانیای نیوز کورپورەیشن دەستی کرد بە پارە وەرگرتن لە ئینتەرنیت. بەلام سەرکەوتنێکی گەورە لەو ڕێگەیەوە بەدەست نەهات. دی تایمزی بەریتانیایی توانی لە ماوەی ٨ مانگدا ٧٩ هەزار ئابوونەی نێتی یان دیژیتاڵ کۆ بکاتەوە. دیسان ئەمە ڕێگەیەک بوو بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ تەنگژەی ڕۆژنامە و نیوز کورپورەیشن توانی جووڵەیەک بخاتە ناو بازاڕی ڕۆژنامە. ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمەریکایی لە پاش ئەوەی لە مانگی ئاداری ٢٠١١دا سیستەمی وەرگرتنی پارەی لە ئینتەرنێت وەڕێ خست توانی لە ماوەی سێ حەفتەدا سەد هەزار ئابوونەی ئینتەرنێتی کۆ بکاتەوە. لە مانگی ئۆکتوبەردا نیویۆرک تایمز توانی بگاتە ئەو ئامانجەی لە پێش خۆی دای نابوو واتە کۆکردنەوەی سێسەت هەزار ئابوونەی ئینتەرنێتی بۆ کەڵکوەرگران لە ڕۆژنامەی دیجیتاڵی لەسەر نێت. بەمەش داهاتی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بەرز بووەوە.

ئاخۆ ڕۆژی ٦ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٩، ئەو ڕۆژەی ڕۆبێرت فرۆشتنی دیجیتاڵی ڕۆژنامەی خستە ڕۆژەڤ، خاڵی وەرچەرخان بوو لە مێژووی ڕۆژنامەدا یان نا؟ ڕەنگە هێشتا وەلامدانەوە بەم پرسیارە زوو بێت.

١٨ی ئەیلوولی ٢٠٠٩


دوای ٦ مانگ بەدواداچوون و کاری بەردەوام ئاخرەکەی رۆژنامەی ڤێستێربۆتێن کوریرەن لە باکوری سوێد لە شاری ئومیۆ خاوەنێکی نوێ بەڵام لە ناوەرۆکدا کۆنەپارێزی بۆ خۆی پەیدا کرد. شەریکەی خانووبەرەی شاری ئومیۆ بەناوی گرووپی باڵتیکۆم ئەو شەریکەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٩وە گەورە رۆژنامەی شارەکەی واتە ڤێستێربۆتێن کوریرەنی کڕیووە. بەرپرسیاری رۆژنامەکە ئێریک ئۆرینگ دەڵێ، ئەم شەریکەیە کۆڵەکەیەکی قایمە پاڵمان پێوە داوە و بەو شێوەیە داهاتووی خۆمانمان پێ گەرانتی کردووە.




ئومیۆ، سوێد

مامەڵەی نێوان رۆژنامەکە و شەریکەی خانووبەرەکە ئاوا کراوە: رۆژنامەکە دەبێتە خاوەنی نیوەی شەریکەیەکی بچکۆڵە کە خاوەنە سەرەکییەکەی هەمان شەریکەی گرووپی باڵتیکۆمە. ئەم شەریکە ناوی گازێت ئابێیە و مامەڵەی نێوان رۆژنامە و شەریکەکە بە پارە دەکاتە ١,٧ ملیارد کرۆن کە لە خۆیدا یەکێک لە گەورەترین مامەڵەکانی شەریکەی خانووبەرەیە لە ساڵی ٢٠٠٩دا لە سوێد.

ئێستا رۆژنامەی ڤێستێربۆتێن کوریرەن لە خۆیدا هاوکات بووەتە خاوەنی تەواوی ئەو خانووبەرانەی کە شەریکەی گازێت لە شاری ئومیۆ هەیەتی. بۆ نموونە ئێستا رۆژنامەکە خاوەنی ماڵی پیران، خانووی کرێ، نەخۆشخانە و قوتابخانەیی دواناوەندیی و بەشێک لە زانکۆی ئومیۆیە. بێجگە لەوە رۆژنامەی ڤێستێربۆتێن کوریرەن پێکەوە لەسەر تەختێکیش لەگەڵ گەورە سەرمایەداری خانووبەرە یوناس ئولسوون دەخەوێ کە لەناو شەریکەی دایکیی گرووپی باڵتیکۆمدا بە رێژەی ٣,٥ ملیارد کرۆنی تەنیا لە شاری ئومیۆ هەیە.



ئێریک ئۆرینگ بەرپرسیاری رۆژنامەی ڤێستێربۆتێن کوریرەن

باشە لە بارودۆخێکی وادا کە گەورەترین رۆژنامەی شارێک دەستی لەگەڵ شەریکە خانووبەرە و گەورە سەرمایەدارندا تێکەڵ دەکا و دەبێتە خاوەنی قوتابخانە، زانکۆ و نەخۆشخانە، ئەی کامە رۆژنامە و رۆژنامەڤان لەسەر پرس و کێشەی شارەکە بنووسن؟ ئاخۆ لە کاتێکی وادا رۆژنامەکە دەتوانێ رەخنە لە سەرمایەدارێکی وەک یوناس ئولسۆن بگرێ کە پێکەوە ئێستا لە قازانج و دۆڕاندا هاوپیاڵەن؟ ئەی کامە رۆژنامە چاودێری بەسەر شێوازی کار و چۆنیەتیی کاری پەروەردەدا بکا لە کاتێکدا بەشێک لە پەروەردە هەر لە قوتابخانەوە بگرە هەتا زانکۆ ناڕاستەوخۆ لەلایەن خودی رۆژنامەکەوە بەڕێوە دەچێ؟




ئۆلوف کلێبەری سەرنووسەری پێشووی ڤێستێربۆتێن کوریرەن


ئۆلوف کلێبەری سەرنووسەری پێشووی ڤێستێربۆتێن کوریرەن لە وتارێکدا لە کۆواری میدیاڤەردێن (جیهانی مێدیا) ڕەخنەی لە مامەڵەی نێوان شەریکەی خانووبەری گرووپی باڵتیکۆم و ڕۆژنامەی ڤێستێربۆتێن کوریرەن گرت و نووسی (لەمەوبەدوا خوێنەران چۆن باوەڕ بە نووسینەکانی ڕۆژنامەکە لەسەر ئەو ناوەند و دامەزراوانە بکەن، کە ئێستا خودی ڕۆژنامەکە بووەتە خاوەنیان؟ باوەڕ و متمانە لە ڕاستیدا بنەوای کاری ڕۆژنامەڤانییە و ئەگەر ئەمەش نەمێنێ ئەوە خودی بوونی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەڤانی دەکەوێتە ژێر پرسیار).

ئەم ڕەخنەیەی کلێبەری لەگەڵ بێدەنگی بەرەو ڕوو بوو. بێجگە لە یەک دوو نووسین نەبێ کە لەودا مامەڵەی نێوان ڤێستێربۆتێن کوریرەن و شەریکەی خانووی گرووپی باڵتیکۆم وەک داشکان و ژێرکەوتنی کاری ڕۆژنامەڤانی لە ئومیۆ ناودێر کرا، ئیتر دەنگێکی نارەزایەتی بەرز نەکرایەوە و بە تەواوەتی بێدەنگەی لێ کرا. لەم بێدەنگییەدا گرێبەستی مامەڵەی نێوان ڤێستێربۆتێن کوریرەن و گرووپی باڵتیکۆم لە مانگی ژانڤییەی ٢٠١٠ دا واژۆ کرا. قازانجی شەریکەی خانووبەرەی گازێت بە پێی ئامارەکانی بازاڕ، کە ئێستا ڤێستێربۆتێن کوریرەن بووەتە شەریکەبەشی لە چارەکەی یەکەمی ٢٠١٠ دا ٧١. ٤ میلیۆن کرۆن ڕاگەیندرا.

## نرخی ڕیکلام دینامیکی

ڕۆژنامەی یۆتۆبۆری پۆستێن و شەریکەی ڤولڤۆ

ئێستا مۆدەی دیاردەیەکە کە پێی دەگوترێ (نرخی ڕیکلام دینامیکی). ئەم چەمکە بەو مانایەیە کە خاوەن ڕێکلام و میدیا پێکەوە لە سەر ئەوە ڕێک دەکەون هەتا چەندە ڕێکلامەکە کاریگەری باشی هەبێ ئەوە هاوکاری ئەوان لە داهاتوودا پێکەوە زیاتر دەبێ. واتە هەتا بە هۆی ڕێکلامەوە قازانج زۆرتر بێ ئەوە هەمان میدیای ڕێکلامکەر پارەی زیاتر وەردەگرێ و ڕێکەوتنەکەیان هەتا ماوەیەک بەو شێوە درێژەی هەیە و بە جۆرێک بەرزبوونەوەی فرۆش بە هۆی ڕێکلامەوە ئەوان پێکەوە دەبەستێتەوە. لەلایەکی ترەوە ئەوان هەر لە سەرەتاوە ڕێک دەکەون کە چ قازانج و چ دۆڕان پێکەوە بەش بکەن. واتە میدیا لە سەرەتاوە لە بەرانبەر ڕێکلامدا پارە وەرناگرێ، ئەوە دەبەسترێتەوە بە قازانج و دۆڕان لە ئاکامی




ڕۆژنامەی یۆتۆبۆری پۆستێن

کاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنی ڕێکلامدا.

نرخی ڕیکلام دینامیکی یەکەم جار لە سوید لەلای یەکێک لە ڕۆژنامە هەرە گەورەکانی بەیانیانی سوید، بە ناوی یۆتەبۆری پۆستێن[٢] بە کردەوە پراکتیزە کرا. شەریکەی بەناوبانگی ئۆتۆمۆبێلی ڤۆلڤۆ لەگەڵ یۆتەبۆری پۆستێن پێکەوە دەچنە گرێبەستێکەوە لە پێنج قۆناخی جیاوازدا. دوای یەکەم قۆناخی بڵاوبوونەوەی ڕیکلام کاتێک ئەوان کاریگەرییەکانی ڕێکلام وەک هەژماری فرۆشرانی ئۆتۆمۆبێل دەژمێرن دەبینن کە ڕێکلامەکە کاریگەریی باشی هەبووە. ئەمە لە کاتێکدا بووە کە لە قۆناخی یەکەمدا هەموو دەرکەوتەکان لە ئەستۆی یۆتەبۆری پۆستێن بووە. لە قۆناغی دووەمدا ئەوە نۆرەی شەریکەی ڤۆلڤۆیە کە پارەیەکی باش بە ڕۆژنامەی یۆتەبۆری پۆستێن بدا. ئیتر ئەم ڕێکلامە لە نێوان شەریکەی ڤۆلڤۆ و یۆتەبۆری پۆستێندا قۆناخ بە قۆناخ بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێ. کاریگەریی زۆرتر و بەو پێیە فرۆشی زۆرتری ڤۆلڤۆ دەبێتە هۆی ئەوە پارەی زۆرتر بە یۆتەبۆری پۆستێن بدا و بەپێچەوانەوە فرۆشی کەمتر دەبێتە هۆی دانی پارەی کەمتر.




ئێستا پرسیار ئەوەیە ئاخۆ لەو ماوەیەدا کە ئەم گرێبەستە لە نێوان ڤۆلڤۆ و یۆتەبۆری پۆستێندا هەیە، ئەمە کاریگەریی نەرێنی لەسەر هەواڵێک، ڕاپۆرتێک یان نووسینێک و بەگشتی چۆنیەتیی چاوەدێریی ڕۆژنامەکە لەسەر ڤۆلڤۆ دانانێ؟ ئێستا ئەوان دوولایەنی مامەڵەیەکن و قازانج و زەرەر پێکەوە لە ماوەیەکدا پێکەوە دابەش دەکەن.

هەواڵنامەی کتێب

٢ی شوباتی ٢٠١١

نیویۆرک، ئەمەریکا

چاوی هەموو دنیا ڕوو لە میسرە. هەموو کەناڵە تەلەڤزیۆنەکان بێ پسانەوە هەواڵ و دەنگوباسەکانی شۆڕشی میسر بڵاو دەکەنەوە. بەهاری عەرەبی دەستی پێ کردووە و دیکتاتۆر لە داوای دیکتاتۆر سەرەولێژ دەبن و دەکەون. لە میسر دوو میلیۆن کەس لە شەقامەکانی قاهیرەدا لە خۆپێشاندان لە دژی حوسنی موبارەکدان کە ڕۆژێک پێشتر وتوویە سەرەڕای ناڕەزایەتییەکان هەتا هەڵبژاردن لە مانگی سێپتەمبەردا دەمێنمەوە.




کەمێک پێش لە سەعات ١١ی پێشنیوەڕۆ تەلەڤزیۆنی فۆکس بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی شۆڕشی میسر ڕادەگرێ، بۆ ئەوە ڕاپۆرتی شۆڕشێکی تر لە مۆزەی

گوگێنهایم لە نیویۆرک بە شێوەیەکی زیندوو بڵاو بکاتەوە. ئەویش ئەوەیە کە ڕۆژنامەی دەیلی نیوز وەک یەکەم و گەورەترین ڕۆژنامە لە ئاستی جیهاندا بۆ یەکەم جار لە ڕێگای ئایپاد[٣] بڵاو دەبێتەوە. لە مۆزەی گوگێنهایم لەسەر شاشەی مۆنیتۆرێکی گەورە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی دی دەیلی کە دیارە لەوێش هەواڵی شۆڕشی میسر هەر یەکەم هەواڵە نیشان دەدرێ. یەکەم سەردێری گەورەی دی دەیلی هەمان شتە (فیرعەون سەرەونخوون دەبێ).

جێگەی سەرنجە کە ڕوپێرت موردوچ خاوەنی نیوز کۆرپ کە هەم تەلەڤزیۆنی فۆکس نیوز و هەم ڕۆژنامەی دی دەیلی هی ئەون، دەڵێ: ئەم ڕۆژنامە ئایپادییە شتێک کەمتر لە شۆڕشێکی گەورەی دیجیتاڵی نییە، بەڵام ئەم ڕۆژنامە دیجیتاڵییە پێویستی بە یەک میلیۆن ئابوونەی ئینترنێتی هەیە بۆ ئەوە بتوانێ درێژە بە وەشانی دیجیتاڵی خۆی بدا.

## ئەی خاوەن میدیا زلەکانی تر چ دەڵێن؟

نەرویج، سوێد

ستیگ واگبوو بەرپرسی میدیای دیجیتاڵ لە میدیا شیبستێدی نەرویجە کە خاوەنی هەردوو گەورە ڕۆژنامەی ئافتێنپۆستێن و بەرگێنس تیدەندە. ستیگ واگبوو دەڵێ: ئێمە دەبێ سەرلەنوێ بە ستراتیجی دیجیتاڵی خۆماندا بچینەوە و سەرلەنوێ و لە بنەوە بیگۆڕین. ئێمە دەبێ لەمەو بەدوا پارە لە بابەت بابەتەکانمان لە ئینتەرنێتدا وەربگرین. ئێمە لە بابەت ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی کە هی ئێمەیە و ئێمە دەینووسین، دەبێ پارە وەربگرین. ئێمە ٦٠٠ ڕۆژنامەڤانمان هەیە بۆ ئەوە کارێکی باش پێشکەش بکەین پێویستمان بۆ ڕۆژنامەڤانانە هەیە. بەڵام تەنیا پارەی ڕێکلام بەشی مووچەی ئەم ٦٠٠ ڕۆژنامەڤانە ناکا. ئەم ڕۆژنامەڤانانە بۆ خۆیان ئەمە باش دەزانن. هەر بۆیە دەبووا لەمێژە بابەتی حازر و ئامادەکراوی ڕۆژنامەکان هەروا بە خۆڕایی لەسەر ئینتەرنێت بەشێوەی دیجیتاڵ بڵاو نەکرابایەتەوە.



ستیگ واگبوو بەرپرسی مێدیا شیبستێد لە نەرویج

لە وڵاتێکی وەک سوێددا زیاتر لە پازدە ساڵە وێنەگر، هەواڵنێر، بەرپرسی ماڵپەڕ و بە گشتی ڕۆژنامەڤانەکان لە دژی ئەم بەخۆڕایی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکان لە ئینتەرنێتدا نارەزایەتی دەردەبڕن و هێشتا سوودی نەبووە. ئەوان هەموو کات هزری بازرگانی پشتەوەی ئەم بەخۆڕایی بڵاوکردنەوەیان خستووەتە ژێر پرسیار. ئەمە چ جۆر هزرێکی ئابوورییە کە تۆ لە پێشدا بابەتی ئامادەکراوی ڕۆژنامەکان لەسەر ئینتەرنێت بڵاو بکەیەوە دواتر هەمان بابەت بخەیە سەر کاغەز و پاشان بتەوێ لە شێوازی ڕۆژنامەدا بڵاوی بکەیەوە و چاوەڕێشت هەبێ خەڵک بیکڕن؟

وەڵامدانەوەی بەم پرسیارە هەروا ئاسان و بێ گرێوگۆڵ نەبووە. بابەتەکان کلیل ناکرێن. پێویستە لەم کەناڵ و ڕێگە نوێیانەدا هەبی و خۆت نیشان بدەی. ڕێکلام لە ئینتەرنێتدا هەتا دەچێ

هەواڵنامەی کتێب



و زیاتر پەرە دەگرێ و بەپێچەوانەش تیراژی ڕۆژنامەکان هەتا دەچن کەمتر و کەمتر دەبن. ئەمە یەکێک لە کێشە گەورەکانی داهاتووی مێدیایە؟

ئێستا ئیتر بەرپرسێکی میدیایی دەست ناکەوێ کە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی ئەم هەلوومەرجە نەبێ، هەموو پێیان وایە دەبێ گۆڕان بکرێ و ئیتر ناکرێ وەک ڕابردوو درێژە بەم بارودۆخە بدرێ. ستراتیجی کۆنی ئینتەرنێتی دەبێ بگۆڕدرێ. تاقە ڕێگە ئەوەیە کە دەبێ لە خوێنەران لە بابەت بابەتەکان پارە وەربگیردرێ. بەڵام کەس باسی ئەوە ناکا لە ڕابردوودا هەڵە کراوە. باسەکە ئەوەیە ئێستا بارودۆخی بازاڕی ڕۆژنامە گۆڕاوە. بازاڕ زۆر پێشکەوتووە. پازدە ساڵ لەمەوبەر (موبایلی زیرەک) و (تەختە خوێندنەوە)[٥] نەهاتبوونە بازاڕ.

ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرس و بەڕێوەبەرانی میدیایی لەو باوەڕەدان هەر لە کۆنەوە ستراتیجی ڕۆژنامە لە ئینتەرنێتدا بە هەڵە دانرا. ماگنوس ئانسهێلم بەرپرسی ئەنیستیتۆ بۆ ڕێکلام و ئاماری مێدیایی لە سوێد دەڵێ: (من لەو باوەڕەدام، هەڵەیەکی یەکجار گەورە کرا کاتێک ١٥ ساڵ لەوبەر بابەتی ڕۆژنامەکان بە خۆڕایی لە ئینتەرنێتدا بڵاوکرانەوە. سوێدییەکان ئەوە ١٥ ساڵە فێری ئەوە بوون کە بە خۆڕایی بابەتە هەواڵییەکان بە خۆڕایی لە ئینتەرنێت وەربگرن، ئەمە لە کاتێکدایە کە بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئێمە کردوومانە، ٤٦ لە سەت لە خوێنەران حازرن لە بابەت ئەو بابەتەی لە فۆرماتی دیجیتاڵیدا وەری دەگرن، پارە بدەن.



ماگنوس ئانسهێلم بەرپرسی ئەنیستیتۆ بۆ ڕێکلام و ئاماری میدیایی لە سوێد

بەشێوەی نێونجی ئەوان حازرن ٥٨ کرۆن لە مانگدا بدەن ئەڵبەت بەو مەرجەی ناوەڕۆکی بابەتەکان زۆر باش بن".

ماگنوس ئانسهێلم لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: (کڕیارانی مێدیایی سوێدی حازرن پارە بدەن، ئەگەرچی ئەوان هەر ئیمڕۆ بەشێوازی تر دەیدەن. هەر بنەماڵەیەکی سوێدی بە شێوەی نێونجی ١٧ هەزار کرۆن لە ساڵدا ئابوونەی جۆراوجۆری میدیایی دەدا.

بەو حاڵەشەوە هەر ئێستا هەموو شەریکەیەکی میدیاییی دیجیتاڵ بەهەمان ڕێگەی کۆندا دەڕۆن. باشترین و بەدەگمەنترین بابەت بە خۆڕایی لە ئینتەرنێتدا بڵاو دەکرێتەوە. بۆ نموونە لە مۆبایلەکاندا هیچ شیانێک کە بابەتی کاری ڕۆژنامەڤانی پارە بدرێ لە هەوێڵدا نییە و ڕۆژنامەکان بە خۆڕایی دەکەونە سەر شاشەی موبایلە زیرەکەکان. سەیر ئەوەیە هەمان هەڵەی ١٥ ساڵ لەمەوبەر لە ئینتەرنێتدا ئێستا لە موبایل تەلەفوونە زیرەکەکاندا دووپات دەکرێتەوە.

بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە لەلایەن زانکۆی بازرگانیی نەرویج کە لەسەر ٥٥ بەرپرسی شەریکەی میدیایی سوێدی ئەنجام دراوە، دەردەکەوێ لەگەڵ ئەوەی دوو لە سێی شەریکە میدیاییە سوێدییەکان بەشێوەیەک لە بابەت هێندێک بابەتی بژاردەوە لە ئینتەرنێت پارە وەردەگرن بەڵام ٩٥ لە سەتی ئەوان لەسەر ئەو بابەتانەی لە موبایل تەلەفوندا بڵاو دەبنەوە، پارە وەرناگرن و بەخۆڕایین.

٩٥ لە سەتی شەریکە میدیاییەکان کەمتر لە ١٠ لە سەتی داهاتەکانیان لە ڕێگای ئابوونەی دیجیتاڵەوە وەردەگرن.

ڕۆژنامە ئایپاد و ئاندرۆیدییەکان[٦] ئەو سەرکەوتنەی کە زۆربە بۆیان چاوەڕێ دەکرد، وەدینەهێنا، هەژماری ئەو ڕۆژنامە سوێدییانەی لە دیجیتاڵدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، زۆر کەمن و هەتا ئێستا سەرکەوتنی بەرچاویان لە ڕێگەی ئابوونەوەی ئینتەرنێتەوە بەدەست نەهێناوە.

هاوکات تیراژی ڕۆژنامەکان دابەزیوە یان لە جێگەی خۆیان چەقیون. لە نێوان تەمەنی ٢٥ هەتا ٤٤ ساڵ لەناو خوێنەراندا کاتی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی کاغەز یەکجار زۆر دابەزیوە. ساڵی ١٩٩١ لەو تەمەنەدا هەر کەسێک بە شێوەی نێونجی ٤٠ خولەک لە ڕۆژدا خۆی بە خوێندنەوەوە خەریک دەکرد بەڵام ساڵی ٢٠١٠ ئەو ڕێژەیە بۆ ١٥خولەک لە ڕۆژدا دابەزی.


ئێریک ویلبەری مامۆستای زانکۆ لە نەرویج

ئێریک ویلبەری مامۆستای زانکۆ لە زانکۆی بازرگانی نەرویج کە پسپۆڕی لە بەشی ڕۆژنامەدا هەیە دەڵێ: "ئەگەر ئەم دابەزینەی خوێنەری ڕۆژنامەکانی سەرکاغەز بەو ڕادەیەی ئێستا دابەزێ ئەوە هەتا ساڵی ٢٠١٦ خوێنەری لە نێوان تەمەنەکانی ٢٥ هەتا ٤٤ ساڵ دەگاتە ژێر سیفر. بە واتایەکی تر واتە ڕۆژنامەی سەر کاغەز هەتا ٥ ساڵی داهاتوو بۆ خوێنەری خوارەوەی تەمەن ٥٠ ساڵ بێ مانا دەبێ و کەس نایخوێنێتەوە. ئەگەر ئەم دابەزینەی خوێنەری ڕۆژنامەی سەر کاغەز هەروا درێژەی هەبێ ئەوە وردەوردە ڕۆژنامەی سەر کاغەز بۆ جیلەکانی داهاتوو، بایەخی نامێنێ.

## مەزەندەکانی تۆڕی ئوسترالیایی فیوچر ئێکسپۆرەیشن

## جیهان

بەپێی مەزەندەی تۆڕی ئوسترالیایی فیوچر ئێکسپۆرەیشن هەتا ساڵی ٢٠٤٠ ڕۆژنامەی سەرکاغەز بە تەواوەتی لەناو دەچێ و تۆماری لە مێژوودا دەپێچرێتەوە. ئەم مەزەندەیە لە وڵاتی سوێدا هەتا ساڵی ٢٠٢٥ دیاری کراوە. بە پێی تۆڕی ئوسترالیایی فیوچر ئێکسپۆرەیشن ئەم مەزەندەیە بە پێی هەڵسەنگاندن و لێوردبوونەوە لە ٣١ هۆکاری جۆراوجۆر لە دوو ئاستی دەوڵەتی

و ناودەوڵەتی یان جیهانیدا ئەنجام دراوە.

ئێریک ویلبەری دەڵێ: "هەر ئێستا تیراجەکان مردوون. خاوەن میدیاکان تووشی ترس و شڵەژان بوون. ئێستا هەموو شتێک تاقی دەکرێتەوە. بەڵام وەدرەنگ کەوتوون. دەبووا لەمێژە ڕێگەکانی بەدەستخستنی پارە ببیندرابایەتەوە."

ستێفان مێلێسکۆ مامۆستای زانکۆ لە بەشی ئابووری میدیا لە زانکۆی ناونەتەوەیی یۆنشۆپینگ لە سوید دەڵێ: تێکنۆجی میدیایی هەتا ڕادەیەک سەری لە بەرپرسە میدیاییەکان شێواند. ئەگەر بابەتێک بکرێ بە پارە بفرۆشرێ حەوجێ ناکا بە خۆڕایی بدرێ بە خەڵکی. هەتا ئێستا وا کراوە و ئێستاش بارودۆخی شپرێوی ئابووری ڕۆژنامەکان دەزانین. پێمـوابێ دەبێ بەرپرسە میدیاییەکان دەرسێکی باشیان لەمە وەرگرتبێ. ئەوان لە سەرەتادا پێیان وابوو کە ڕێکلامی ناو ڕۆژنامەکان وردە وردە دێتە ناو ماڵپەڕی ڕۆژنامەکانیان. بەڵام زانیمان وا دەرنەچوو. ڕێکلام لە ئینتەرنێتدا بە شێوەیەکی وا توند پێش کەوت کە وەپێش ماڵپەڕی ڕۆژنامەکان کەوت و ئەوانی لە پشتەوەی خۆی بەجێ هێشت. بەڵام ڕۆژنامە لۆکاڵییەکان (ناوچەییەکان) لەبەرئەوەی پاوانیان بە سەر هەواڵ و بابەتە ناوچەییەکان هەیە، ئەوە باشتر دەتوانن سیستەمی ئابوونەی ئینتەرنێتی دابنێن و بابەتەکانیان بە خۆڕایی بڵاو نەکەنەوە.

ستێفان مێلێسکۆ لە درێژەی چاوپێکەوتنەکەیدا دەڵێ: بە بڕوای من شێوازی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە لەسەر کاغەز یان دیجیتاڵ ڕۆڵی سەرەکی لە مەسەلەی ئابوونەدا ناگێڕێ. بەپێزبوونی ناوەڕۆک و هەمەجۆری دوو تایبەتمەندی گرینگن هەم بۆ ڕۆژنامەی سەرکاغەز و هەم بۆ دیجیتاڵ. کەواتە ئەوەی بە شوێن ئەو تایبەتمەندییانەدا دەگەڕێ جیاوازی نابێ ئەگەر لەسەر کاغەز بێ یان دیژیتاڵ بۆ ئەو گرینگ تایبەتمەندییەکانە. بەڵام کێشەی گەورە لەم ناوەدا بۆ هەر میدیایەک بەشێوەیەکی دوولایی یان پارادۆکساڵ دەرکەوتی زۆرە کاتێک لە شێوازێکی بڵاوکردنەوە بۆ شێوازێکی تر دەگوێزرێتەوە. بۆ نموونە ئێستا لەبەر دەرکەوتی زۆر پارە لە (تەختەی خوێندنەوە)دا بەدەستنایە. کەم تێچووترە ئەگەر ڕۆژنامە لەسەر کاغەز بڵاو بکرێتەوە هەتا سەر تەختەی خوێندنەوە یان ئایپاد، یان هەر شێوازێکی تری پێشکەوتووی ئێلێکترۆنی. هۆکاری ئەم گران کەوتنەش ئەوەیە کە دەبێ پارەیەکیش بە شەریکەکانی خاوەن ئەو کەرەستانە بۆ نموونە بە ئەپڵ لە بابەت بڵاوکردنەوەوە بدرێ.

٢٠ی ئۆکتوبەری ٢٠١١

سوندسڤاڵ، سوێد

(ماڵی مێدیا) (میدیا هویسێت) کاتی خۆی لە سوێد تەنیا بۆ ئەوە دامەزرا کە ڕکەبەری ڕۆژنامە خۆڕاییەکان بکا. لەناو ڕۆژنامەکاندا بەتایبەتی لە ئەزموونی ڕۆژنامەکانی دانمارکدا دەرکەوت کە

ڕۆژنامە خۆراییەکان خەریکە هەموو بازاڕی هەرێمی بگرنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. پێ بەپێی ئەم پێشوەچوونە ڕۆژنامەکانی بەیانییان زیاتر دەبوونە بەرهەمی ئیلیت و چینی تایبەت و ڕۆژنامە خۆراییەکانیش سەریان لە هەموو دەرکەیەکەوە دەرهێنا.



ئینجەلا وادبرینگ

بە هۆی وەگەڕخستنی تەلەڤزیۆن، کەناڵی زۆر و جیاواز وەک ڕۆژنامە خۆراییەکان، تەلەڤزیۆن، ڤێب و ئینتەرنێت و ڕادیۆ لەلایەن ماڵی میدیاوە هەوڵەکە ئەوە بوو بالانسێک لە نرخی بازاڕی ڕێکلام چێ بکرێ. بەڵام هاوکات لەگەڵ دابەزاندنی دەرکەوت و کەمکردنەوەی دەستەی ڕێداکسیۆن بەهەمان شێوەش ناوەڕۆکی و چۆنیەتیی بابەتەکان دابەزی و ئیتر نەدەکرا هەمان کڤالیتی پێشوو بە وەرگر بدرێ. ئینجەلا وادبرینگ پرۆفیسۆر لە زانکۆی ناوەڕاست لە سوندسڤاڵ لە سوێد لەم بارەوە دەڵێ:

(دامەزرانی ماڵی مێدیا) بوو بەهۆی ئەوە هەڵکەوتەی ڕۆژنامەکان لە ناوچە و هەرێمەکان بەهێز ببێ یان بەواتایەکی تر لە ڕوانگەیەکی ئابوورییەوە جێگە و ڕێ و شوێنی ڕۆژنامەکان قایم ببێ. بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە خۆراییەکان هەڵە نەبوو. ئەگەر ڕۆژنامەکان لە ئینتەرنێتیشدا دەرنەکەوتبان ئەوە ڕکەبەری تر بەدەردەکەوتن. بە بڕوای من چارەسەری ئەوە نییە کە هەموو باری پرسەکانی ئیمڕۆ ڕۆژنامە و ڕۆژنامەڤانی هەڵی بگرێ و نرخەکەی ئەوان بیدەن و پارە لەو بەشە کەم بکرێتەوە، بگرە دەبێ پرسەکان لە شوێنێکی ترەوە چارەسەر بکەین. کاتێک ئەو هێڤییە هەیە کە ئەم پرسە چارەسەر بکرێ دەبێ دەرکەوت و داهاتەکان هەمەلایەنە و لە هەموو بەشەکانی میدیادا سووک و قورس بکرێن و هەموو بەشەکان پێکەوە بخرێنە بەر لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوە. ئەگەر بتوانرێ سەرچاوەی نوێی داهات ببیندرێتەوە، لە باتی ئەوە ڕۆژنامەڤان لەسەر کارەکانیان دەربکرێن، ئەمە ڕێگەچارەیەکی باشە."

## "بۆ ڕزگاری لەم تەنگژە، پێویستمان بە نوستالژی نییە"

٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١

ستۆکۆڵم



ڕاول گرۆنتال ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری سڤێنسکا داگبلادێت و ئافتۆنبلادێت

ڕاول گرۆنتال ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ڕۆژنامە گەورەکانی سڤێنسکا داگبلادێت و ئافتۆنبلادێت لەو باوەڕەدایە لە باتی دەرکردنی ڕۆژنامەڤان و لەو سۆنگەیەوە دابەزاندنی ئاستی ڕۆژنامەڤانی زۆر شێوازی تر هەیە کە ڕۆژنامەکان لەو تەنگژەی ئێستا تێی کەوتوون، خۆ

ڕزگار بکەن. ئێمە دەبێ کار بۆ ئەوە بکەین کە بایەخ بۆ کڕیاریەکانمان دابنێین. دەبێ پرسیاری ئەوە لە خۆمان بکەین بۆ کەسێک بۆ کڕینی ئایپادێک حازرە پارە بدا بەڵام بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەکی ئینتەرنێتی هەمان کەس حازر نییە پارە بدا و بە خۆرایی دەەوێ بیخوێنێتەوە. بۆ نموونە ئێمە پێشتر لەگەڵ بنکەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی وەک (بۆنیەر) و (ستامپێن) (دوو دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی گەورە لە سوێد) ڕکابەریمان دەکرد بەڵام ئێستا لە جێگەی ئەوان لەگەڵ گۆگڵ، فەیسبووک و ئەپڵ ڕکەبەری دەکەین. لە هەلومەرجێکی زۆر سەختداین بەڵام دیسان لەو باوەڕەدام ڕۆژنامەکان جێ پێی خۆیان لە ئینتەرنێتدا دەکەنەوە. ئێمە پێویستمان بە هێڤییەکی زۆر بۆ گۆڕان هەیە، پێویستمان بە نوستالژی و گەڕانەوە بۆ دواوە نییە.

٢١ی ئۆکتۆبەر

ستکۆڵم، ڕێداکسیۆنی ئافتۆنبلادێت

یان هێلین سەرنووسەری گەورە ڕۆژنامەی ئێوارانی سوێد، ئافتۆنبلادێت دەبێژێ:

ئافتۆنبلادێت دەیەوێ هەم وەک ڕۆژنامەی سەرکاغەز و هەم لە وەک دیجیتاڵ خۆی بەپێش بخات. جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئێمە لە دجیتاڵ لە هەمووان گەورەترین، زۆربەی خوێنەرانمان لە دجیتاڵن. ئێستا ئێمە دەبێ خۆمان بەشێوەیەک ڕێک بخەین و دامەزراوەیەکی وا سەرلەنوێ دابمەزرێنن کە ئەو دامەزراوەیە بتوانێ زیاتر سەرنج بداتە ئەو شوێنەی کە زۆربەی خوێنەرانمان لەوێن و تامەزرۆی وەرگرتنی هەواڵەکانی ئێمەن واتە دیژیتاڵ. ئێمە پێشوەچوونی بەرچاو لە فۆرم و شێوازی ڕۆژنامەکەمان کە لەسەر کاغەز دەردەچێ ناکەین، قورسایی کارەکەمان لەسەر ئەوە دادەنێن کە لە باتی ئەو بابەتانەی لە ئینتەرنێتدا بڵاویان دەکەینەوە، چۆن و بە چ شێوەیەک پارە وەربگرین. هەر ئێستا ئێمە ١٣٠ هەزار کڕیارمان هەیە و دەبێ هەوڵ بدەین ئەو کڕیارانەی کە لە بابەت ناوەڕۆکی بابەتەکان پارە دەدەن، زیاتر بکەین. زیادکردنی ئابوونەی دیجیتاڵ ئێستا پرسی هەرە گەورەیە بۆ ئێمە. داوای من لە ڕۆژنامەکانی دیکەش ئەوەیە بەهەمان ڕێچکەدا بڕۆن و دەستبکەن بە وەرگرتنی ئابوونەی دیجیتاڵ بۆ ئەوە بتوانین باشتر پێکەوە ڕکەبەری و مەنافسە بکەین. بێجگە لەوە دەبێ بەشی ڕێداکسیۆن و هەروەها بەشی ڕێکلام پێکەوە هاوکاری زیاتر لە گەڵ یەکتری بکەن.



یان هێلین سەرنووسەری ئافتۆنبلادێت

ئایا ئەمە بەو مانایەیە بۆ نموونە وتارێک لە سەر شوێنێکی گەشت و گوزار بڵاو دەکرێتەوە و لە

وتارەکەدا بە شان و باڵی ئەو شوێنەدا هەڵدەگوترێ و ڕاست لە پەنای ئەو وتارەدا ڕێکلامی کڕینی بلیتی چوون بۆ هەمان شوێن لەلایەن شەریکەیەکی گەشتوگوزارەوە بڵاو دەکەنەوە؟

– نا، بەو شێوەیەش نا، ناکرێ بۆ نموونە وتارێکی پێداهەڵدان لەسەر ئۆتۆمۆبێلێک بڵاو بکرێتەوە و لە پەنای وتارەکە ڕێکلامێک بڵاو بکرێتەوە و بگوترێ (ئا ئەم ئۆتۆمۆبێلە بکرە!) بەڵام هاوکات بۆ نموونە من ڕەخنەیەکی باش لەسەر کتێبێک لە ڕۆژنامەدا دەخوێنمەوە بەڵام لە ڕۆژنامەکە زۆر تووڕە دەبم کە لە لەوێدا ناتوانم تەنیا بە کرتەیەک لەسەر مشکی کۆمپیوتەرەکەم ئەو کتێبە باشە بکڕم. ڕۆژنامەڤانی و ناوەڕۆکی ڕۆژنامە لە لایەک بەڵام هاوکات ڕۆژنامەی دیجیتاڵی دەبێ خزمەتەکانی خۆی بە خوێنەرانی زیاتر بکا و پێ بەپێی دیجیتالیزە بوون خزمەت بە خوێنەرانیش زیاتر ببێ و هەر لەو سۆنگەشەوە پارەی زۆرتر بەدەست دەکەوێ.

ئاخۆ ئەمە لەو خۆیدا متمانە بوون ناخاتە ژێر پرسیار؟


نا، ئێمە قەد نابێ خۆمان لەو قەرەیە بدەیەن و متمانەی خۆمان بخەینە مەترسییەوە. متمانە شتی هەرە گەورە و بەنرخی ئێمەیە کە هەمانە. بەڵام زۆر شت هەیە دەکرێ بیکەین کە ئێمڕۆکە نایکەین و هیچ پێوەندیشی بە متمانەوە نییە.

ئاخۆ ئافتۆنبلادێت دەیەوێ ببێتە ڕۆژنامەیەکی ئابوونەیی و دەست بە وەشانی ڕێکلامی تێکستی بکەن؟

– دەزانم بەم پرسیارە دەتەوێ بە لا ڕێمدا بەری. نا، بەڵام بەڵێ بۆ ڕۆژنامەیەکی ئابوونەی دیجیتاڵی. نا بۆ ڕێکلامی تێکستی. بەو حاڵەشەوە بۆ ڕێکلام بە شێوەی دیجیتاڵ گۆڕانکاری پێویستە. ئێمە دەمانەوێ لە بابەت ناوەڕۆکی تێکستێکی باش کە بە شێوەی دیجیتاڵ دەیگەیەنینە خوێنەر پارە وەربگرین و بە خۆڕایی نەبێت. ئەگەر ئێمە لەمەدا تووشی شکان بێین و سەرنەکەوین ئەوە هەموو ڕۆژنامەڤانی زەربەی وێ دەکەوێ.

١٤ی نۆڤامبری ٢٠١١

ڕۆژنامەی ئێکسپرێسن، ستۆکۆڵم



ڕۆژنامەکانی ئافتۆنبلادێت و ئێکسپرێسن[١٠] بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ تەنگژەی دابەزینی تیراژ دوو ڕێگای جیاوازیان هەڵبژاردووە. ئافتۆنبلادێت ستراتیژی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم کێشەیە لە ڕێگەی دیجیتاڵەوە واتە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە داڕشتووە. ئێکسپرێسن لە ڕێگەی چاپ و کاغەزەوە ستراتیجی خۆی دەکار خستووە و ساڵانە ١٨ میلیۆن پاشکۆ لەگەڵ ڕۆژنامەکەی بڵاو

دەکاتەوە. پاشکۆکان دەکرێ ئابوونە بکرێن و ئێستا پاشکۆکان ناوکی هەڵسووڕانی میدیایی و ڕۆژنامەڤانی ئێکسپرێسن پێک دێنێن. توماس ماتسۆن سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئێکسپرێسن دەڵێ:




توماس ماتسۆن سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئێکسپرێسن

ئێستا بازاڕی ڕۆژنامەکان باش نین. هەموو ڕۆژنامەکان بێجگە لە ڕۆژنامە سوێدییەکان ڕوو لە قازانجن. سوێدییەکان چوارەمین نەتەوەیی ڕۆژنامەخوێنی جیهانن. بەو حاڵەشەوە هیچ کاتێک وەک ئێستا ئەوەندە ڕۆژنامە لە سوێد ناخوێندرێتەوە.

ڕۆژنامە هەرێمییەکان کە خۆیان لە قەرەی جیهانی دیجیتاڵ نەدا تووشی ڕکەبەری و منافسەی قورسی بڵاوکردنەوەی ڕێکلامەکان لە ئینتەرنێت بوون و هەر بۆیە لە کۆتاییدا ئەوانیش ناچار بوون بچنە بازاڕی دیجیتاڵەوە. سروشتییە ئەگەر ڕۆژنامە خۆڕاییەکان نەبوونایە ئەوە تیراژی ڕۆژنامە هەرێمییەکان دەیتوانێ سەرچاوەیەکی باشی داهات بێت. هیوایەتی کڕین و دانی پارە لە جیهانی دیجیتاڵ و ئینتەرنێتدا زۆر لاوازە و ئێمەش پێویستمان بە پارە هەیە بۆ ئەوە بتوانین ڕۆژنامەڤانی باش پێشکێشی خەڵکی بکەین.

هاوکات بەرزبوونەوەی منافسە و ڕکەبەری دەبێتە هۆی ئەوە ڕۆژنامەکانی شەوانەیی وەک ئێمە وەک ئێسکپرێسن و ئافتۆنبلادێت ناوەرۆکی باش و بابەتی بەپێز بخەینە بەردەم کڕیارەکانمان.

ئەگەرهاتوو ڕۆژنامەڤانی باشت لە بواری سیاسی و ڕۆژنامەڤانی لێکۆڵینەوەی قووڵت نەبێت، ئەوە کڕیارت کەمتر دەبن. هەردووک هەم ئافتۆنبلادێت و هەم ئێکسپرێسن بەسەر بابەتی قووڵ، سیاسەت و چاوەدێری بەسەر جیهانی دەرەوەدا شۆڕ بوونەتەوە. من لەو بڕوایەدام نرخی ڕۆژنامەکانمان لە داهاتوودا بەرزتر دەبێتەوە و ئەمەش زیاتر دەستمان لە پێشکێشکردنی بابەتی قووڵ و بەپێزدا ئاواڵەتر دەکا و زیاتر ناچار دەبین سەرەنج بدەینە چۆنایەتی. ڕۆژنامەڤانی نەمردووە. ئێمە لە ڕۆژنامەی ئێکسپرێسندا میلیۆنێک خوێنەرمان لە ڕۆژدا هەیە. ئەمەش نیشان دەدا کە ڕۆژنامەکەمان زیندووە.

١٧ی نۆڤەمبەرری ٢٠١١

ڕۆژنامەی داگێنس ئیندوستری (پێشەسازیی ئیمڕۆ)

ستۆکۆڵم_

وا وێ دەچێ پێتر فێلمان بەرپرسی نوێی ئابوونە لە ڕۆژنامەی داگێنس ئیندوستری بۆ خۆی باوەڕ ناکا. ئێستا لەبەرئەو تەنگژە ئابوورییەی هەموو جیهانی گرتووەتەوە بە گشتی خوێنەری

ڕۆژنامــە ئابوورییــەکان یەکجــار زۆرتر بــووە. ئەم بەرپرسـیارە نوێیـەی ئابوونەی ڕۆژنامـەکە کـارێکی پڕباشـی کـــردووە، هەوڵی داوە مـــەودای نێـــوان خوێنەران و ڕۆژنامەکە کورتتر بکاتەوە. دیارە ئەمە تەنیا هۆکاری پێشوەچوونی باشـیی ڕۆژنامەکە نییە بگرە زۆر هۆکاری تر هەیە.

پێتـر فیلمـان دەڵێ یەکەم هۆکاری سـەرەکی لەوەی تیراژی ڕۆژنامـەکەمان بـەرز بۆتەوە ئەوەیە نێورۆکی ڕۆژنامەکان بۆ ئاستێکی باش بەرز کردووەتەوە.



پێتر فیلمان بەرپرسی ئابوونە لە ڕۆژنامەی داگێنس ئیندوستری

ـ ڕۆژنامـــەی داگـــێنس ئیندوســـــتـــری چەقبەسـترانێکی ١٠ سـاڵی لە ٢٠١١دا شکاند. ڕێژەی ئابوونەکـان لەناکـاو بـەرز بوونەوە. هـەتا نیوەی ٢٠١١ ژمـارەی تیراژی ڕۆژنامـەکە گەیشتە ٣٠١٥٠٠ ڕۆژنامــە و لە پایزی ئەمـســاڵیـشـدا تیراژەکە هەر لە بەرزبوونەوەدا بوو.

پێتـر فیلمـان دەڵێ: ئێمـە پێشـتـر وەک ئامانج بۆ خۆمـان دامـان نـابوو کە سـاڵی ٢٠١١ ببێتـە سـاڵی ناوەرۆکی باش لە ڕۆژنامەی داگێنس ئیندوستری. لەو سۆنگەیەوە ڕۆژنامەی باشـتر و دەوڵەمەندتر بە ناوەرۆک پێشکێش بە خوێنەرانمان بکەین. پێشـوەچوونی ڕۆژنامـەیەک لەوەدا نییـە کە جـارێک یان چەند جـارێک ڕیپۆرتـاجی باش و نووسـینی قـووڵ و بەپێز بـڵاو بکرێتـەوە بگرە ڕۆژنامـەی باش ئەوەیە کە ڕۆژانە بتوانێ بابەتی باش بڵاو بکاتەوە و چۆنایەتی خۆی بەشێوەیەکی ڕۆژانە بپارێزێ. ئێمـە ژمـارەیـەکی باشـمـان لە ڕۆژنامـەکە بڵاو کـردەوە، هیـوایەتی دەبێ ئەوە بێ کە سـبـەینێ و لە ژمـارەی داهـاتوودا لەمـەی ئیمڕۆ باشـتـری بکەم و ژمـارەیەکی بەپێزتر لەوەی دوێنێ بڵاو بکەمـەوە. کولتوورێکی سـەختگیرانە لای ئێمـە هەیە، ئێمـە شـانازی بەخـۆمـان دەکـەین بـەڵام بەتەواوەتی لە کارەکانمان ڕازی نین.

## چاوخشاندنێک بەسەر بارودۆخی ڕۆژنامە لە ئەمەریکا

لێنارت پەرشۆن

Lennart Pehrson

لاپەڕەی کولتووری سڤێنسکا داگبلادێت ساڵی ٢٠٠٨

لە ئـەمـەریکاش بەهـەمـان شـێـوە داهـاتووی ڕۆژنامــەکـان تاریکە. بـۆ ئەوە ڕۆژنامــەکـان لەگـەڵ هەلومـەرجی نوێی کەم داهـاتی و دابەزینی تیراژەکانیـان بەربەرەکانی بکەن، تەنیـا لە چاوەدێری بە

سەر دەنگوباسەکانی دەرەوەی ئەمەریکا و بەشی کولتووری داناشکێن بگرە تەنانەت وەک جاران ناتوانن ڕۆژنامەکان بنێرنە ماڵان.

وەک نموونە دوو ڕۆژنامەی دێترۆیت فری پرێس و دێترۆیت نیوز ساڵی ٢٠٠٨ لە ناردنی ڕۆژنامەکان بۆ ماڵان و لە کونی دەرکە خستنە ماڵەوەی ڕۆژنامەکان دەستیان هەڵگرت. ئەم دوو ڕۆژنامەیە تەنیا ڕۆژانی پێنجشەمان، هەینی و یەکشەمان کە باشترین ڕۆژانی ڕیکلامە، ڕۆژنامەکانی خۆیان دەنێرنە ماڵان. لە ڕۆژەکانی تر ڕۆژنامەیەکی لەڕولاواز دەردەچێ کە تەنیا لە کیوسکەکانا دەفرۆشرێ.

ئەم دوو ڕۆژنامەیەی شاری دێترۆیت کە هەردووکیان پێکەوە نیو میلیۆن ژمارە لە ڕۆژدا بڵاو دەکەنەوە، بە هۆی هەلومەرجی خەراپی ئابوورییەوە دەیانەوێ لەمەوبەدوا وزە و تواناکانیان بگوێزنەوە بۆ ئینتەرنێت و جیهانی دیجیتاڵ.

دەستەی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکان ئیتر نایشارنەوە و بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکەن، کە چیی تر ئەوان ناتوانن لە ڕابردوودا بژین. چارەنووسێکی وا نادیار و داهاتووی وا لێڵ و ناڕوون لە پێش ڕۆژنامەکانە کە هی وا هەیە باس لە مردنی ڕۆژنامەی سەرکاغەز دەکەن. داهات لە ڕێگەی ڕێکلامەوە لە سێیەمین چارەکی ٢٠٠٨دا ١٨ لە سەت دابەزیوە و نیشانەی ئەوە دەبیندرێ کە ئەم ڕەوتە لە داهاتووشدا بەردەوام بێت.

تەنگژەی ئابووری دەکرێ وەک هۆکارێک دەستنیشان بکرێ کاتێک پارەی زۆر لە گیرفاندا نەبێ، سروشتییە کە ڕێکلامیش ناکرێ. ئەم دابەزینەی پارەی ڕێکلام تەنانەت لە ماڵپەڕی ڕۆژنامەکانیشدا بەرچاوە، لە کاتێکدا ماڵپەڕ و ئینتەرنێت لەم ساڵانەی دواییدا هەموو کات لە پێشوەچووندا بووە. لەلایەکی ترەوە تیراژی ڕۆژنامەی سەرکاغەزیش هەتا دێ و کەمتر و کەمتر دەبێتەوە.

بەشێک لە ڕۆژنامەکان هەتا ئێستا چارەسەرییەکانیان لەوەدا دیوە کە لە دەرکەوتەکانیان کەم بکەنەوە، بۆ ڕاگرتنی پارە ڕۆژنامەڤان و کارمەند لەسەر کارەکانیان دەربکەن و بەو شێوەیە بەربەرەکانی لەگەڵ تەنگژەی ڕۆژنامە بکەن.

بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکان بۆ خۆیان باش دەزانن کە کەوتوونەتە ناو کەوانەیەکی دزێوەوە. لەلایەکەوە بەرهەمێکی لاواز پێشکێش دەکرێ و چاوەڕێ لە خوێنەران هەیە کە ئەو بەرهەمانە بکڕن و لەلایەکەی ترەوە هەمان بەرهەم بە خۆڕایی و بە بێ پارە لە ئینتەرنێتدا دەست دەکەوێ. ئەمە لە خۆیدا دوو شتە کە لەگەڵ یەکتری یەک ناگرنەوە. ئێستا ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا بێجگە لە نیویۆرک تایمز، واڵستریت جورناڵ و واشینگتۆنپۆست نەبێ، ڕۆژنامەکانی تر توانای چاوەدێری ناونەتەوەیی و دەرەوەی ئەمەریکایان نییە.

بۆ نموونە ڕۆژنامەکانی بۆستۆن گلۆب و فلادیفیا ئینکویریر کە پێشتر لاپەڕەی باشی چاوەدێریی دەرەوەیان هەبوو، ئێستا ئەو لاپەڕەیانەیان نەماوە و هەروەک زۆربەی ڕۆژنامەکانی تر

ڕۆڵی ڕۆژنامە هەرێمییەکان دەگێڕن.

لەگەڵ سەرکەوتنی باراک ئۆباما و سەرەنجی زیاتردان بە سیاسەت کە گەیشتە لووتکە لە ئەمەریکا بەو حاڵەشەوە ژمارەیەک ڕۆژنامەی جێگرتوو لە واشینگتۆن نەمان و ئیتر نەیانتوانی چاوەدێری ناوندی سیاسەتی ئەمەریکا بکەن. ڕۆژنامەگەلێکی وەک ساندیگۆ ئونیون تریبون، ئەتلانتا جورناڵ کونستیتیشن و کلیڤلاند پلەن دیلەر ئیتر ڕۆژنامەڤانیان لە واشینگتۆن پێتەخت و ناوەندی ئەمەریکا نەماوە.

لەم تەنگژەیەدا لاپەڕەی کولتوری ڕۆژنامەکانیش بەسەلامەت ڕزگاری نەبووە و چاوەدێری کولتووری ڕۆژنامەکان زۆر لاواز بووە. زۆر ڕۆژنامەی گەورە ئیتر ڕەخنەگرانی تایبەتیی خۆیان تایبەت بە هەڵسەنگاندنی فیلم و موزیک نەماوە.

لاوازی ڕۆژنامەکان لە ئاستێکدایە کە ڕێی تێ ناچی بەهەمان کڤالیتی لاوازەوە لەسەر کاغەز خۆ بگوێزنەوە بۆ دیجیتاڵ و ئینتەرنێت و لەوێ سەرەنجی خوێنەران بۆ لای خۆیان ڕابکێش.

مەزەندەی ئەوە دەکرێ تەنیا لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٨ دا ١٥ هەزار ڕۆژنامەڤان و کارمەند لە ڕۆژنامەکان کاریان لە دەست دابێ و بێکار کرابن. تەنانەت ڕۆژنامەیەکی گەوە و گرانی وەک نیویۆرک تایمز ناچار بووە دەرکەوتەکانی کەم بکاتەوە کە بەلایەنی کەمەوە بتوانێ وەک جاران مەقەڕەکەی لە باڵەخانە ئاسمان ڕووشێنەکەی مانهاتان بپارێزێ.

کۆمپانیایەکی وەک تریبون کە یەکێک لە گەورە کۆمپانیاکانە و ڕۆژنامەگەلی بەناوبانگی وەک لۆسئانجلێس تایمز و شیکاگۆ تریبوون دەردەکا لەگەڵ کێشەی جێدی ئابووری بەرەو ڕوویە. تیراژی لوسانجلێس تایمز لە ١,١ میلیۆنە بۆ ڕێژەی ٧٤٠ هەزار دابەزیوە. هەر لەو سۆنگەیەوە ڕاست نیوەی نووسەران و ڕۆژنامەڤانان لەسەر کارەکانیان نەماون.

ئێستا ئیتر گومان لەوەدا نییە کە گەورە شارەکانی ئەمەریکا لەمەوبەدوا خاوەنی ڕۆژنامەی تایبەت بەخۆیان نین. ڕۆژنامەی مانیاپۆلیس ستار تریبوون لەبەر ئەوە ناتوانێ قەرزەکانی بداتەوە، ڕووبەڕووی مەترسی نەدانی قەرزی زیاتر لەلایەن بانکەکان بووەتەوە و بە هەمان شێوەش زۆر ڕۆژنامەی تریش هەمان کێشە و پرسگری ڕووی تێ کردوون. زۆر لە ڕۆژنامەگەلێکی وەک مەیامەی هەراڵد و ڕۆکی مونتەین نیوز لە شاری دێنوەر خۆیان هەڕاج کرووە و داخوازی خۆفرۆشتنیان کردووە و هێشتا کڕیاریان بۆ پەیدا نەبووە.

کێشەکە ئەوەیە زۆر لە چاوەدێران لەو بڕوایەدان کە چۆن ڕۆژنامەکانی سەرکاغەز کە هەتا دێن و زیاتر لاواز دەبن چۆن بتوانن بەهەمان کڤالیتییەوە بازاڕێک بۆ خۆیان لە جیهانی دیجیتاڵدا ببیننەوە؟

## پاشکۆی تایبەت بە بەشی یەکەم

مامەڵە گەورە میدیاییەکان لە سوێد لە ساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە:

بازاڕی مێدیا سەرەڕای تەنگژەکانی ڕۆژنامەی سەرکاغەز هەروا گەرموگوڕە. لە وڵاتی سوێد لە ساڵەکانی ٢٠٠٠ بەدواوە ئەم مامەڵە گەورە میدیاییەکانە ئەنجام دراون:

* ساڵی ٢٠٠٨ چاپخانەی بۆنییەر و تەلەڤزیۆنی کەناڵی ٤ کە چەند ساڵێکە یەک خاوەنیان هەیە کەناڵی پلاسی کڕی. مامەڵەکە بایی ٣٠٠٠ میلیۆن کرۆنی سوێدی بوو.
* ساڵی ٢٠٠٨ دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ستامپێن، گیسابی بە بری ٥٦٠ میلیۆن کرۆن کڕی.

* ساڵی ٢٠٠٨ ناوەندی شیبستێد ٣٥ لە سەتی ڕۆژنامەی مێترۆ کە بەخۆڕایی لە شارەگەورەکانی سوێد لاو دەبێتەوە بە بری ٣٥٠ میلیۆن کرۆن کڕی.
* ساڵی ٢٠٠٨ کۆواری ئالێرش چاپخانەی فریدای بە بری ٢٠٠ میلیۆن کرۆن و هاچیتی دیسان بە بری ٢٠٠ میلیۆن کرۆن کڕی.
* ساڵی ٢٠٠٧ چاپخانەی بۆنییەر ٢٠ مەگەزین "کۆوار"ی لە ئەمەریکا کڕی مامەڵەکە بری ٢٠٠٠ میلیۆن کرۆن بوو.
* ساڵی ٢٠٠٦ ناوەندی شیبستێد هەموو پاشماوەی ماڵپەڕی گەورەی کڕین و فرۆشتنی ئینتەرنێتی ناسراو بە بلۆکێت" بە بری ٢٩٧ میلیۆن کرۆن کڕی.
* ساڵی ٢٠٠٦ کۆواری ئالێرش خزمەتی ئینتەرنێتی سپرای بە بری ١٥٠ میلیۆن کرۆن کڕی.
* ساڵی ٢٠٠٥ چاپخانەی ستامپێن، ڤی ئێل تی و میتمێدیا کۆمەڵە ڕۆژنامەیەکی نێزیک لە سەنتەرپارتی سوێد بە ١٨١٥ میلیۆن کرۆن کڕی.
* ساڵی ٢٠٠٤ چاپخانەی بۆنییەر، تەلەڤزیۆنی کاناڵی ٤ی سوێدی بە بری ١ میلیارد کرۆن کڕی.
* ساڵی ٢٠٠٤ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ستامپێن و دەزگای لینشۆپینگ پرێس هەر دوو پێکەوە ڤێ ئێل تێ یان بە بری ٧٧٨ میلیۆن کرۆن کڕی.

سەرچاوەکان:

ڕۆژنامەی ژورنالیستێن، ئورگانی سەندیکای ڕۆژنامەڤانانی سوێد ژمارەکانی:

Journalisten november 2011

Journalisten december 2011

هەواڵنامەی کتێب

# نەرجسیەتی کۆمەڵ

ئەریک فرۆم

لە بەشەکەی تردا باسی نەرجسیەتی " تاک" مان کرد و لە ڕووی شێواز و ئەرکی بیۆلۆجییەوە ئەم نەخۆشییەمان شرۆڤە کرد. هەر لە ڕێگەی ئەم شرۆڤەیەشەوە دەتوانین لە دیاردەکانی نەرجسیەتی " کۆمەڵ یان کۆمەڵایەتی" تێ بگەین، کە ڕۆڵی سەرەکی لە هەڵگیرساندنی شەڕ و توندوتیژییەکانی هەیە. لێرەوە نیقاشەکەمان تۆختر دەکەینەوە و زیاتر باسی چۆنیەتی گۆڕینی نەرجسیەتی تاک بۆ نەرجسیەتی کۆمەڵ دەکەین. دەتوانین سەرەتا بە ئەرکی کۆمەڵایەتی نەرجسیەتی "کۆمەڵ" دەست پێ بکەین، کەئەویش هەمان ئەرکی بیۆلۆژی نەرجسیەتی " تاک" ی هەیە. بەپێی تێڕوانینی هەر کۆمەڵێکی ڕێکخراو کە دەیەوێت بمێنێتەوە، بۆ کۆمەڵەکە گرینگە، کە ئەندامانی بە وزەی نەرجسیەت پڕ بکات. مانەوەی هەر کۆمەڵێک زیاتر بەوە بەستراوەتەوە، ئەندامانی بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە مانەوە و گرینگی ڕێکخراوەکە، لە مانەوە و ژیانی ئەوان گرینگترە. لە هەمان کاتیشدا ئەندامان بگەنە ئەو قەناعەتەی کە لە ڕووی مۆڕاڵی و زیرەکی و بەهێزییەوە، کۆمەڵەکەیان لە کۆمەڵەکانی تر باشترە. ئەگەر ئەم جەختگیرییەی تێدا نەبێت، ناتوانێت خزمەتی کۆمەڵ بکات. لە ڕووی ئامرازەوە، نەرجسیەتی کۆمەڵ هەمان دیاردەی هەیە، کە لە نەرجسیەتی باش و خراپدا باسمان کرد. گەر بابەتی سەرەکی لە نەرجسیەتی کۆمەڵ " داهێنان و بەئەنجام گەیاندنی شتێک بێت "، ئەوا هەمان جەدەلیەت ڕوو دەدات، کە پێشتر باسمان کرد. لە کاتێکدا بۆ ئەوەی شتێکی پێویست دروست بکەیت کە زیاتر کارێکی داهێنەرانە بێت، ناچار بازنە داخراوەکەی تاک جێ دەهێڵێت و بەرەو کۆمەڵ هەنگاو دەنێیت، لە هەمان کاتیشدا گرینگی بەو بابەتە دەدەیت کە مەبەستتە. لەلایەکی ترەوە ئەگەر بابەتی نەرجسیەتی کۆمەڵ، کۆمەڵەکە خۆی بێت " کارەکانی، تەندروستی ئەندامانی، هاوسەنگەری بوونی ئەندامانی " لێرەدا مەیلی نەرجسیەت بەهێزتر دەبێت

هەواڵنامەی کتێب

.........................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

و ترسیش بەردەوامی وەردەگرێت. لە زۆر حاڵەتدا هەردوو رەگەزەکە بوونیان هەیە.

نەرجسیەتی کۆمەڵ، ئەرکێکی تریشی هەیە کە هەتاوەکو ئێستا باسمان نەکردووە. ئەو کۆمەڵگایەی کە خاوەنی سامانێکی وا نییە کە بیداتە هەموو ئەندامانی، یان بەشێکی زۆریان بێ بەشن، ئەم کۆمەڵگایە ناچارە ئەندامانی بە بە قەناعەتێکی نەرجسی لە شێوەی خراپ پڕ بکات، ئەمەش بۆ ئەوەی هیچ مەیلێکی ناڕازیبوون لەناو کۆمەڵگاکەدا ڕوو نەدات.

دیارە شانازیکردن بە ئینتمابوونی تاک بۆ ئەو کۆمەڵە، تاکە گەنجینەی رازیبوونە، لە زۆر کاتیشدا لە هەموویان گرینگترە، بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە لە ڕووی کولتووری و ئابوورییەوە هەژارن. لەبەرئەوەی ژیان لای ئەوان هیچ گرینگ و بایەخدار نییە، لە هەمان کاتیشدا ژیان هیچ ئیمکاناتێکی وایان پێ نابەخشێت بۆ ئەوەی حەزەکانیان تێربکەن، هەر ئەمەش بۆ نەرجسیەتێکی توندڕەوانە هانیان دەدات. دەتوانین ئەم جۆرە نەرجسیەتە رەگەزییە لە ئەڵمانیا لە سەردەمی هیتلەردا و لە باشووری ئەمەریکا ببینین، بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەم دیاردەیە لە باشووردا زۆر بووە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا دڵی گەورەی هەستکردن بە بەهێز و باشیی رەگەزی، چینە ناوەڕاستە هەژارەکانی کۆمەڵگەن. تاکە شت کە ئەم چینە دڵیان پی خۆش بێت، چ لە ئەڵمانیا و چ لە باشووری ئەمەریکا، لە ڕووی کولتووری و ئابوورییەوە ئەم چینە مەحروم بوون و هیچ هیوایەکی واقیعییان نەبوو بۆ ئەوەی باری ژیانی خۆیان بگۆڕن (دیارە ئەوەش لەبەرئەوەی کەئەم چینە پاشماوەی چینێکی کۆنە کە بەرەو نەمان و فەوتاندن دەچێت). گەورەکردنی خۆی بەوەی کە باشترین و شیاوترین کۆمەڵی جیهانە و، لە هەموو کۆمەڵەکانی تریش پێشکەوتووترە لە جیهاندا. لێرەدا ئەندامێکی ئەم کۆمەڵە بەم شێوەیە هەست دەکات:

(هەرچەندە من هەژارم و نارۆشنبیرم، بەڵام من کەسێکی مەزنم، لەبەرئەوەی ئینتمام بۆ باشترین و جوانترین کۆمەڵی جیهان هەیە، من سپیپێستم، من "ئاری"م).

دیاریکردنی نەرجسیەتی کۆمەڵ لەچاو دیاریکردنی نەرجسییەتی تاک زەحمەتترە. بۆ نموونە با وا دابنێین، کەسێک دەڵێت: (خێزانەکەی جێگەی ئیعجابی جیهانە، تەنیا ئێمە پاکترین و زیرەکترین و باشترین و شەریفترین خێزانی جیهانین و ئەوانی تریش: پیسن، دەبەنگن، ناشەریفن ". زۆرجار ئەو کەسە لەلای خەڵکی کە ئەم قسەیە دەکات، یەکسەر دەڵێن ئەمە شێت بووە. بەڵام ئەگەر هاتوو کەسێکی توندڕەو لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا قسە بۆ خەڵکی بکات و لە جیاتی ووشەی " من" یان "خێزانەکەم" بۆ نەتەوە بگۆڕێت (یان بۆ ئاین، رەگەز، پارتی سیاسی). ئەوا ئەو کەسە لەلایەن خەڵکییەوە وەسف و مەدح دەکرێت و زۆرێکیش دەبنە هۆگر و هەوداری، چونکە ئەم کەسە زۆر وڵاتی خۆش دەوێت یان خوای خۆش دەوێت. لە هەمان کاتدا ئاین و نەتەوەکانی تر لەم قسانە تووڕە دەبن، ئەویش تەنیا لەبەر یەک هۆ " لەبەرئەوەی سووکایەتییان پێ کراوە". بەڵام قسەکانی ئەم کابرایە لەناو کۆمەڵگەکەی خۆیدا بە " مەنتقی" و مەعقوڵ ناو دەبرێت. لێرەدا وشە

مەنتقی" هیچ پێوەندی بە مەنتقەوە نییە، بەڵکە لێرەدا پێوەندی بە ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. چەندە کۆمەڵگە پێویستی بە نەرجسیەتێکی کۆمەڵی هەبێت بۆ ئەوەی بمێنێتەوە، هێندە هەڵوێستەکانیشی تۆختر دەکاتەوە و دەیانکاتە دیوارێک بۆ ئەوەی لە خەڵکی تر جیایان بکاتەوە.

دیارە مێژووییەن ئەو کۆمەڵانەی کە خاوەنی هەڵوێستێکی نەرجسین، لە ڕووی قەوارە و شێوەوە جیاوازبوونە. بۆ نموونە لە عەشیرەت و خێڵە سەرەتاییەکاندا، لە چەند سەت ئەندامێک پێک دەهاتن، جێگەی ئاماژەیە لێرە هێشتا " تاک" بوونی نەبووە و تاک نەبووە، بگرە لێرەدا زیاتر "بە خوێن" وە بەستراوەتەوە.

کاتێک سەیری مێژووی مرۆڤایەتی دەکەیت، دەبینیت بە بەردەوامی کۆمەڵە بچووکەکان خۆیان لەناو کۆمەڵە گەورەکان تێکەڵ کردووە. دەبینیت ئەو کۆمەڵە بچووکانەی کە لەسەر بنەوای خوێنی هاوبەش پێک هاتبوون، خۆیان تێکەڵی ئەو کۆمەڵە گەورانە دەکەن، کە زمان و ئیمانی هاوبەشیان هەیە. لە هەمان کاتدا گەورەبوونی ڕووبەری کۆمەڵەکە مانای کەمکردنەوەی نەرجسیەت ناگەیەنێت. هەروەک پێشتر باسمان کرد کە نەرجسیەتی "ئاریی بوون، سپیپێستی" هێندەی نەرجسیەتی توندڕەوانەی تاک ترسناکە.

ئەوەی بەگشتی جێگەی سەرنجە بەتایبەت لە کاتی تێکەڵبوونی کۆمەڵەکاندا، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێکی نوێ، پێویستی بە هاریکاریکردن لە نێوان خەڵکی جیاوازدا زۆر گرینگە و هەر ئەم هاریکارییەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی وزەی نەرجسیەت لەناو کۆمەڵدا. دیارە ئەمە دەچێتە قالبێکی ترەوە، کە پێشتر لەو بابەتەی کە پێوەندی بە نەرجسیەتی باشەوە هەیە، تێیدا باسی ئەم بابەتەمان کرد. چەندە ڕووبەری "نەتەوە، ئاین، ولایەتەکە" گەورەتر بێت و بیکاتە جێگەی شانازی و نەرجسیەتی خۆی بۆ ئەوەی بەرهەمێکی هونەری یان عەقڵی یان مادی بەئەنجام بگەیەنن، بەردەوامی ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پلەی نەرجسیەتەکە کەم بکرێتەوە.

مێژووی کەنیسەی کاتۆلیکی رۆمانی، باشترین نموونەیە بۆ دەرخستنی نەرجسیەتی کۆمەڵ و هێزە دژەکانی لەناو خۆیدا. سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم، یەکەمین دیاردەی نەرجسیەت لەوەدا دەردەکەوێت، کە ئەم ئاینە، هەڵگری چەمکێکی جیهانییە، وە ئاینی "کاتۆلیکی" چیی تر ئاینی خێڵێک یان نەتەوەیەکی دیاریکراو نییە. دووەمین دیاردە ئەوەیە، کە ئەم ئاینە توانی بیری خواپەرستی و دژایەتیکردنی بتپەرستی بەرهەم بهێنێت. لێرەدا بیری خواپەرستی مانای ئەوەیە کە هیچ کەسێک ئیمکاناتی ئەوەی نییە خۆی بکات "خوا"، هەروەها هیچ کەسێکیش خاوەنی توانا و زانیاریی ڕەها نییە. دیارە ئەمەش سنوورێک بۆ نەرجسیەتی تاک دادەنێت. بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەر کەنیسە خۆی نەرجسیەتێکی توندتر دەرخواردی ئەندامانی دەدات. ئەندامانی کەنیسە لەو باوەڕەدان، کە کەنیسە تاکە ڕێگەی ڕزگاربوونیانە و پاپاش نوێنەری مەسیحە لەسەر ڕووی زەوی. بەهەمان شێوەش بیری خواپەرستیش، کە بە حوکمی ئەوەی کە خوا خاوەنی توانا و زانیاریی رەهایە بەسەر مرۆڤەوە، وا چاوەڕوان دەکرا مرۆڤ فێری خاکیبوون و لێبوردەیی بکات،

کەچی زۆرجار خەڵکانێک خۆیان لێ بووەتە خوا، بەمەش پلەیەکی نائاساییتر لە نەرجسیەتی خۆیان بەهێزتر کردووە.

دیارە هەمان نا ڕوونی لە نێوان ئەرکی نەرجسیەت و نانەرجسی بوون لە ئاینە زۆرەکانی جیهاندا رووی داوە " بوزی، جوولەکە، ئیسلام و برۆتستانی ". دیارە هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێ دا، بێجگە لە کاتۆلیکی، لە مێژوودا زۆر نموونەی تریش هەن لەسەر نەرجسیەتی کۆمەڵ. بەڵام لەبەرئەوەی هەموو بزاڤە ئینسانییەکان تەرکیزیان لەسەر ئاینیی کاتۆلیکی کردووە، لە هەمان کاتیشدا یەکەمین نەرجسیەتی ئاینی توندڕەوانە بووە لە مێژوودا. بەتایبەت لە سەدەکانی " پازدە و شازدەدا". هومانیستەکان چ لەناو کەنیسەدا یان لە دەرەوەیدا پێیان وابوو کە هومانیزم سەرچاوەکەی لە مەسیحیەتەوە یە. نیکۆلای کۆسا ، داوای لێبووردەیی ئاینی دەکرد لەناو کۆمەڵگەدا، هەروەها "فیتشینو" گوتی:

(خۆشەویستی هێزی سەرەکییە بۆ دروستکردنی هەر شتێک.)

هەروەها (ئایراسموس) داوای "لێبووردەیی و دیموکراسی لەناو کەنیسەدا دەکرد". هەروەها "تۆماس مۆر" لە کەنیسە دەرچوو و هەتا مردیش بەرگری لە پرەنسیپەکانی "جیهانی بوون و برایەتی و مرۆڤایەتی دەکرد". هەروەها " بۆستڵ" یش، بە پشتبەستن بە بنەواکانی بیری " نیقۆلا و ئایراسموس" داوای (ئاشتی جیهانی و یەکێتی جیهانی دەکرد). هەروەها "سیکولو" لە پاش "بیکو دیلا میراندولا"، زۆر بەحەماسەتەوە بەرگری لە کەرامەتی مرۆڤ و عەقڵ و چاکە دەکرد.

دیارە هەموو ئەم پیاوانە، کە هەموویان لە بزاڤی کەنیسەی مەسیحییدا بوون، پشتگیرییان لە جیهانی بوون و برایەتی و ئاشتی و لێبووردەیی و عەقڵ و کەرامەتی مرۆڤ کردووە، هەمووشیان لە ڕێگەی ئاشتی و لێبوردەییدا کوژراون. ئەمانە لە هەردوو لاوە "لەلایەن لۆتەر[1] و لەلایەن کەنیسەوە" ڕووبەڕوویان بوونەتەوە و دژایەتییان کراوە. دیارە هومانیستەکان هەوڵیان دا کە کارەسات ڕوو نەدات، بەڵام توندڕەوەکان توانییان شەڕەکە بەرنەوە. دیارە شەڕ و چەوساندنەوەی ئاینی کە لە ئەوروپا لە شەڕی ٣٠ ساڵەدا" لە سەدەی شازدە" گەیشتە ترۆپکی و گەورەترین کارەساتی خولقاند و گەورەترین زەرەریشی لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دا، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەوروپا پێوەی دەناڵێنێت (دیارە لێرەدا ناتوانین ستالین لە بیر بکەین، کە توانی هەموو بزاڤی ئینسانی سۆسیالیستی بۆ ماوەی ٣٠٠ ساڵ دوا بخات). گەر بیری خۆمان بۆ سەدەکانی شازدە و حەڤدە بگەڕێنینەوە، دەبینین تا چەندە ئەم بزاڤانە ناعەقڵانی بوون. دیارە هەردوو بەرە باسی خوا و مەسیح و خۆشەویستیان دەکرد، تەنیا لە چەند خاڵێکی لاوەکیدا ڕێک نەدەکەوتن، دەنا لە زۆربەی پرەنسیپەکاندا هاوڕابوون، بەڵام هەریەکەیان ڕقی لەوی تر دەبوویەوە، هەر یەکەشیان لەو باوەڕەدابوو کە مرۆڤایەتی تەنیا لە ڕێگەی ئیمانەکەی ئەوەوە ڕزگاری دەبێت.

جەوهەری توندڕەویکردن لە بەرەی خۆت و ڕق لێبوون لەو کەسانەی کە لەگەڵیان جیاوازیت، ئەمە نەرجسیەتی پێ دەڵێن. ئێمە " زۆر باشین " ئەوان " هیچوپووچن". ئێمە " ئاشیخواز و چاکین

" ئەوان " شەڕەنگێز و خراپن".. هەر رەخنەیەکیش لە عەقیدەی هەریەکێکیان، بە هێرشێکی خراپ و سنووربەزێن دادەنرا. هەرچەندە رەخنەکەش باشیش بووایە و ئامانجی سەرەکیشی یارمەتیدانی ئەو لایەنە بێت بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ڕاستی، بەڵام هیچ کام لەم دوو لایەنە قبووڵیان نەدەکرد.

لەگەڵ دەستپێکی سەردەمی ڕێنانسازیشدا، کێشەکە گەورەتر بوو، هەردوو لا بەهێزتر و خراپتربوون، لە ڕووی نەرجسیەت و بزاڤی کۆمەڵایەتیشەوە هەریەکەیان بە شێوەیەکی جیا لەوی تر گەشەی سەند. بەداخەوە پێشکەوتنی نەرجسیەتی کۆمەڵ، پێش پێشکەوتنی بزاڤی هومانیزم کەوت. لە کۆتاییی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتای سەردەمی ڕێنانساز لە ئەورووپادا، هیوای دروستبوون و سەرهەڵدانی بزاڤێکی هومانیستی ئاینی و سیاسی هەبوو، بەڵام بەداخەوە ئەو خەونەش زوو لەناوچوو. لە جیاتی ئەمە، کۆمەڵێک فۆرمی نوێی نەرجسیەتی کۆمەڵی دروستبوون، کە توانییان هەموو سەدەکانی داهاتووش داگیر بکەن. ئەم نەرجسیەتە کۆمەڵیەش چەندان فۆرمی لە خۆوە گرت:

(ئاینی، نەتەوەیی، رەگەزی و سیاسی). وەکو شەڕی نێوان پرۆتستانییەکان دژ بە کاتۆلیکییەکان، فرەنسییەکان دژ بە ئەڵمانەکان، سپیپێستەکان دژ بە ڕەشپێستەکان، ئارییەکان دژ بە رەگەزە نائارییەکان، کۆمۆنیستەکان دژ بە کەپیتالیستەکان. بە جیا لە ناوەڕۆکی ئەم شەڕانە، هەوڵ دەدەین هەڵوەستەی خۆمان لە ڕووی دەروونی و تەعەسب و وێرانکاری ئەم نەرجسیەتە بخەینە ڕوو.

لە بەرامبەر پێشکەوتن و سەرهەڵدانی نەرجسیەتی کۆمەڵی، لە دژی ئەو بزاڤێکی گەورەی هومانیستی "مرۆڤایەتی" لە گەشەسەندن و پێشکەوتندا بوو. لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا، لە " سپیۆنزاوە بۆ لایبنتز و ڕۆسۆ و هیردەر و کانت و گۆتە هەتا دەگاتە مارکس "، ئەمان هەموویان هەڵگری بیرێکی مرۆڤانە بوون. بەڵام شەڕی یەکەمی جیهانی هات و ئەمەش وەکو لێدانێکی کۆتاییی بزاڤە هومانیستەکان بوو، لە بەرامبەردا ئەم شەڕە ڕێگەی بۆ نەرجسیەتێکی کۆمەڵایەتی گەورە خۆش کرد لەوانە:

(هیستریای نەتەوەیی لە هەموو وڵاتان بەرزبوویەوە و شەڕ پەیدابوو، توندڕەوییبوونی رۆئاوا دژ بە بزاڤی کۆمۆنیستی، رەگەزپەرستی هیتلەری، پەرستنی پارتی ستالین، توندڕەویی هیندۆسی و ئیسلامی. هەموو ئەم بزاڤە نەرجسییە کۆمەڵییە جیاوازانە، جیهانیان بەرەو نەمان و کۆتاییهێنان برد.)

وەکو کاردانەویەک لە بەرامبەر ئەم هەڕەشە گەورەیە بۆ سەر بزاڤی هومانیستی، دەتوانین ڕابوونی ئەم بزاڤە لە هەموو وڵاتاندا بەچاوی خۆمان ببینین، کە لەناو هەموو بیر و بۆچوون و عەقیدە جیاوازەکاندا سەریهەڵداوە. ئەمڕۆ خەڵکانی هومانیستی لەناو لاهوتیەتی کاتۆلیکی و پرۆتستانی دەبینین، هەروەها لەناو فەیلەسووفە سۆسیالیستی و نا سۆسیالیستەکانیشدا ئەمە دەبینین.. بەڵام ئاخۆ لە بەرامبەر ئەم هەڕەشەی لەناوبردنی کۆتاییەدا، ئەم هزر و نموونە

هومانیستە نوێیانەی کە ئەمڕۆ لەناو هەموو مرۆڤەکاندا هەیە، بەسە بۆ ئەوەی کاریگەرییەکانی نەرجسیەتی کۆمەڵایەتی ڕابگرێت ؟. ئەم پرسیارە زۆر گرینگە و چارەنووسی تەواوی مرۆڤایەتیش دیاری دەکات.

لە ڕاستیدا زیادبوونی توندڕەوی نەرجسیەتی کۆمەڵایەتی، لە نەرجسیەتێکی ئاینی بۆ نەتەوەیی بۆ رەگەزی و حزبی ، دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشە. یەکەم لەبەر گەشەسەندنی هێزی هومانیستی کە لە سەردەمی ڕێنانسازەوە لە گەشەسەندندایە، هەروەک پێشتر باسمان کرد. دووەم، بەهۆی گەشەسەندنی هزری زانستی، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوە بەها و شێوەی نەرجسیەت. چونکە بۆ ئەوەی ڕێگەیەکی زانستییانە و بابەتییانە بگریتە بەر، ناچار دەبێت جیهان وەکو ئەوەی کە هەیە ببینیت، نەک لە ڕێگەی حەز و ترسەکانەوە هەوڵی شێواندنی بدەیت.

هەروەها پێویستە بە سنگفراوانییەوە راستییەکان سەیر بکەیت و، واز لە هەموو خەونێکی مەعریفی گشتگیرانە بهێنیت. دیارە پێویستە بۆ هزرێکی رەخنەگرانە، ئەزمونگەری، سەلماندن و هەڵوێستی گوماناوی، هەموو ئەمانە سیمای گرینگی ڕێگەی زانستییانەن، هەموو ئەمانەش ئەو ڕێگایانەن کە دژی تەوژمی نەرجسیانە دەگرێنە بەر. بە دڵنیاییەوە ڕێگەی هزری زانستییانە، کاریگەی گەورەی بەسەر هزری هومانیستی نوێوە هەیە، لەبەرئەوە هیچ ڕێکەوت نییە، کە ئەمڕۆ زۆربەی زانا گەورەکان، خەڵکانی هومانیستن. بەڵام زۆربەی زۆری پیاوان لە رۆئاوا، هیچ ڕێگەی بیری زانستی و ڕەخنەگرانە کاری تێ نەکردوون، هەرچەندە ئەمانە چ لە قووتابخانە یان لە زانکۆ فێری ڕێگەی زانستییانە دەکرێن. تەنانەت زۆربەی پسپۆڕەکانی بواری زانستە سروشتییەکان خەڵکانی " پیشەیین " و هیچ هەڵوێستێکی " زانستییانە" یان نییە. بەڵام بەنیسبەت زۆربەی خەڵکییەوە، ئەو ڕێگە زانستییانەی کە فێری بوون، زۆر کەم و لاوازە. هەرچەندە دەتوانین بڵێین کە خوێندنی زانکۆیی، نەرجسیەتی تاک و کۆمەڵی تا ڕادەیەک کەم دەکاتەوە، بەڵام ئەمە نەبووە ڕێگرێک لە بەردەم زۆربەی خەڵکانی " خوێندەوار"، کە بە حەماسەوە ببنە ئەندامی بزاڤە نەتەوەیی و رەگەزی و سیاسییەکان، کە هەموویان گوزارشت لە نەرجسیەتێکی کۆمەڵایەتیی نوێ دەکەن.

بەڵام ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە " زانست" ، بابەتێکی نوێی هێنایە ناو نەرجسیەتەوە، کە ئەویش " تەکنیک"ە. ئەمە (واتە تەکنیک) شانازییەکی نوێی دایە مرۆڤ، ئەویش بەوەی کە داهێنەری شتێکە، کە هەتاوەکو سەردەمانێکی زۆر نێزیکیش ئەم شتە خەون بووە، بۆ نموونە وەکو داهێنانی "ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن، وزەی ئەتۆمی، سەفەرکردن بۆ ئەستێرەکانی تر"، ئەمانە دەکرێن هەموویان ببنە هۆی لەناوبردنی جیهان، لەبەرئەوەی ئەمانە توانیان بابەتگەلێکی نوێ بهێننە ئاراوە ، بۆ ئەوەی هێندەی تر نەرجسیەت بەهێزتربکەن. لە کاتی لێکۆڵینەوەمان لەبارەی کێشەی گەشەسەندنی نەرجسیەت بەشێوەیەکی گشتی لە کاتی ئێستاماندا، دەتوانین باسی وتەیەکی بەناوبانگی فرۆید بکەین، کە لەبارەی کۆپەرنیکۆس و داروینەوە کردی، ئەو دەڵێت:

(ئەمانە " واتە کۆپەرنیکۆس و داروین" نەرجسیەتی مرۆڤیان بە قووڵی بریندار

کرد، کاتێک وتیان کە ئێمە ڕۆڵی گەورەمان لە هۆشیاریکردنەوەی مێشکی مرۆڤ هەبووە، ئەمەش وەکو واقیعێکی سەلمێنراوە و هیچ جێگەی گۆڕین نییە.)

بەڵام لە کاتێکدا کە نەرجسیەتی مرۆڤ بەم شێوەیە بریندار کرا، دەرکەوت کە هیچ نەیتوانیوە نەرجسیەت کەم بکاتەوە، هەروەک ئێمە پێشتر بۆی چووبووین. بەڵکە توانی نەرجسیەت بۆ شتی تر بگۆڕێت، لەوانە: نەتەوە، رەگەز، سیاسەت، تەکنیک.

بەڵام بەپێچەوانەی نەرجسیەتی تاکەوە، هۆکاری " نەخۆشی نەرجسیەتی کۆمەڵایەتی"، زیاتر ڕوون و ئاشکرایە، کە ئەویش بریتییە لە نەبوونی حوکمێکی بابەتیی و مەنطقیانە. کاتێک هەوڵی شرۆڤەکردنی حوکمی سپیپێستە هەژارەکان بەسەر ڕەشپێستەکان دەکەین، یان حوکمی نازییەکان بەسەر جوولەکەکان، یەکسەر هەست بە شێواوی حوکمەکانیان دەکەین. پێ دەچێت هەندێکی ڕاستی بچووکیان تێکەڵی حوکمەکانیان کردبێت، بەڵام بەگشتی زۆربەی بۆچوونەکانیان لە درۆ و خورافات پێک هاتبوو.

ئەگەر سیاسەت بتوانێت کاریگەریی زۆر لەسەر گەورەکردنی نەرجسیەتی تاک دابنێت، ئەوا دەبێتە هۆی لەناوچوونی تێفکرینی بابەتییانە کە زۆرجار ئەمەش بەرەو کارەستامان دەبات. بەچاوی خۆمان لە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیە بەرئەنجامی دوو نموونەی نەرجسسیەتی نەتەوەییمان بینی.

چەندان ساڵ پێش دروستبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی، ستراتیجیەتی سەربازیی فرەنسی پێی وابوو، کە لەشکری فرەنسی پێویستی بە توپی قورس نییە، هەروەها پێویستیشی بە چەکی ڕەشاشی زۆر نییە، لە هەمان کاتیشدا مێشکی سەربازە فرەنسییەکان بە ڕوحی هێرشبەرانە و ئازایەتیی فەرەنسی ئاخنی بوو، واشیان خستبووە مێشکی ئەم سەربازانەوە، تەنیا حەربەکانیان بەسە، بۆ ئەوەی لەشکری دوژمنەکانیان ببەزێنن. لە ڕاستیدا سەتان هەزار سەربازی فەرەنسی، بە چەکی ڕەشاشی سەربازە ئەڵمانییەکان کوژران و دۆڕان، تەنیا هەڵە ستراتیجییەکانی ئەڵمانیا و یارمەتییەکانی ئەمەریکا ، توانی فرەنسا لە شەڕەکە ڕزگار بکات و نەدۆڕێت.

لە شەڕی دووەمی جیهانیشدا ئەڵمانیا هەمان هەڵەی کردەوە. لەو کاتەدا هیتلەر کە خۆی کەسێکی نەرجسیی توندڕۆبوو، توانی نەرجسیەتی ئەڵمانەکانیش بەهێزتر بکات، ئەو زیاد لە پێویست باسی هێزی ئەڵمانیای دەکرد، تەنیا گاڵتەی بە هێزی ئەمەریکا نەدەکرد، بگرە گاڵتەشی بە زستانی ساردی رووسیاش دەهات، هەروەک چۆن جەنەڕاڵێکی نەرجسی تر " ناپلیۆن" هەمان هەڵەی کرد. هەرچەندە هیتلەر کەسێکی زیرەکیش بوو، بەڵام نەیدەتوانی واقیع بەشێوەیەکی بابەتییانە بخوێنێتەوە، چونکە ئەو ئاواتی سەرکەوتن و حوکمکردن بەلایەوە لە واقیعی چەکداری و کەشوهەوا گرینگتر بوو.

نەرجسیەتی کۆمەڵایەتی هەروەکو نەرجسیەتی تاک، پێویستی بە ڕازیبوونێکی گشتی هەیە. ئەم ڕازیبوونەش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی عەقیدەیەکی گشتگیرانەوە دەبێت، کە وا لە ئەندامانی بکات

کە ئەم کۆمەڵەیە لە سەروو کۆمەڵەکانی ترەوەیە و هەستی شەڕەنگێزانەیان تێدا دروست بکات. ئەم قەناعەتەش زۆر بەئاسانی لەناو کۆمەڵەیەکی ئاینیدا جێگەی خۆی دەکاتەوە، ئەوەش لە ڕێگەی سەپاندنی ئەو بیرەی کە کۆمەڵەکەم تاکە کۆمەڵەی ئاینییە کە باوەڕی بەخوایەکی ڕاست و دروست هەیە، هەروەها تەنیا خواکەی منیش ڕاستە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە کۆمەڵەکانی تر هەموویان گوومڕان و کەسانی بێ باوەڕ و سەرلێشێواون. دیارە بەبێ گەڕانەوەش بۆ خوا بۆ ئەوەی بکرێتە بەهانەیەک بۆ سەرکەوتنی کۆمەڵێک بەسەر کۆمەڵێکی تردا، نەرجسسیەتی کۆمەڵایەتی دەتوانێت لە ڕێگەی بابەتە دنیاییەکانیشەوە ئەم سەرکەوتنە بەدەس بهێنێت. بۆ نموونە ئەو قەناعەتە نەرجسیەتەی کە ئەمڕۆ لە ئەمەریکا و باشووری ئەفریقادا هەیە و پێی وایە کە سپیپێستەکان بەسەر ڕەشپێستەکان زاڵن، هیچ کۆمەڵەکی تریش توانای سەرکەوتنی بەسەر ئەماندا نییە. دیارە بۆ سەپاندنی ئەم وێنە نەرجسییە کۆمەڵایەتییە، پێویستمان بە بەڵگەیەکی واقیعی دەبێت. لەبەرئەوەی کە سپیپێستەکان لە ئەمەریکا و باشووری ئەفریقا لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا توانیویانە خۆیان بەسەر ڕەشپێستەکاندا زاڵ بەکەن، قەناعەتە نەرجسییەکانیان جۆرە سیمایەکی واقیعییانەی لە خۆی پۆشیوە، ئەمەش دەکرێتە هۆی سەرەکی بۆ چۆنیەتیی تێفکرینی ئەوان.

بەهەمان شێوە ئەمە بەسەر نازییەکاندا دەسەپێنرێت. ئەوانیش لەو باوەڕەدا بوون، کە لە ڕێگەی لەناوبردنی جەستەییی ڕەگەزی جوولەکەوە، دەکرێت بکرێتە بەڵگەیەک بۆ زاڵبوونی ڕەگەزی ئارییەکان (جێگەی گوتنە، کەسێکی سادی لەو باوەڕەدایە، توانای کوشتنی مرۆڤ، نیشانەی بەهێزی و بەتواناییی ئەو کەسە دەگەیەنێت).

ئەگەر کۆمەڵێکی نەرجسی خۆ بەگەورەزان، کەمینەیەکی دەست نەکەوێت بۆ ئەوەی نەرجسیەتی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت، ئەم نەرجسیەتە کۆمەڵایەتییە بەئاسانی کۆمەڵ بەرەو ملکەچبوون بۆ دەسەڵاتی عەسکەری دەبات. بۆ نموونە تەعەسب و توندڕۆیی ئەڵمانەکان و سلاڤییەکان لە ساڵانی پێش ١٩١٤ (واتە پێش شەڕی یەکەمی جیهانی )، کە هەردووکیان پێیان وابوو کە" نەتەوەی هەڵبژرادەی سەرزەوین"، وە لە سەروو هەموو نەتەوەکانی تریشەوەن. هەر بۆیە ئەم هەستەش کرایە بیانوو بۆ پەلاماردانی ئەو نەتەوانەی کە دان بە باڵادەستیی ئەماندا نەنێن.

دیارە من ناڵێم کە تەعەسوبی نەتەوەیی لەلایەن ئەڵمان و سلاڤییەکان هۆکاری سەرەکی هەڵگیرسانی شەڕەکە بوو، بگرە دەمەوێت بڵێم کە ئامرازێکی یاریدەدەری باش بوو بۆ شەڕەکە. نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە هەموو کاتێک حکوومەتەکان لە کاتی شەڕدا دەیانەوێت، نەرجسیەتی نەتەوەیی بەرز بکەنەوە، کە ئەمەش لە ڕووی دەروونییەوە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ سەرکەوتن لە شەڕدا. لە کاتێکدا کە نەرجسیەتی کۆمەڵێک بریندار کرا، یەکسەر هەمان کاردانەوەی توندی دەبێت، هەروەک لە نەرجسیەتی تاک دا باسمان کرد. ئەگەر سەیری مێژوو بکەین سەیر دەکەین کە زۆرجار تووڕەبوونی نەرجسیەتی کۆمەڵایەتی گەیشتووەتە حاڵەتی شێتی.

بۆ نموونە کاتێک سووکایەتی بە خوای گەلێک دەکرێت، یان سووکایەتی بە ئیمپراتۆر یان سەرۆک دەکرێت، یان کاتێک شەڕێک دەدۆڕێت یان زەوییان لەدەست دەربچێت، زۆرجار هەستێکی تۆڵەسەندنەوەی جەماوەری توند ڕووی داوە و، کە ئەمەش بووەتە هۆی بەرپابوونی شەڕێکی گەورە. زۆرجار هەستی تۆڵەسەندنەوە چ لە نەرجسیەتی تاک یان نەتەوەیی، دەبێتە تیمارێک بۆ سارێژکردنی نەرجسیەتە بریندارکراوەکە.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ڕەگەزێکی تر بۆ ڕەگەزەکانی نەخۆشی نەرجسیەت زیاد بکەم. زۆرجار لە کۆمەڵگەیەک کە پلەیەکی زۆر نەرجسیی هەیە، ئەندامان خۆیان هەڵدەواسن بە سەرۆکێک، بۆ ئەوەی نەرجسیەتی خۆیان لەودا کۆ بکەنەوە. پاشان ئەم کۆمەڵە دەست دەکەن بە پیاهەڵدان و ستایشکردنی ئەم سەرۆکە، هەر ئەویش دەکرێتە سەنتەری نەرجسیەتەکە. کاتێک تاکێک هەموو ژیانی خۆی دەکاتە قوربانی سەرۆکێکی بەهێز، ئەو سەرۆکەش دەبێتە سیمبوڵی و پێش چاوی بۆ هەموو هەڵسوکەوت و کردارێکی، بەم شێوەیەش نەرجسیەتی تاک بۆ سەرۆک دەگۆڕێت. چەندە سەرکردەکە مەزن بێت، هێندەش هەوادارانی خۆیان بە بەهێز و مەزن دادەنێن. ئەو کەسانەش کە بۆ خۆیان نەرجسین، باشترین کەسن کە دەتوانن ئەم ڕۆڵە ببینن " واتە ڕۆڵی سەرۆکێکی مەزن". کاتێک سەرۆکێکی نەرجسی، کە خۆی لە خۆیدا لەو باوەڕەیە کە کەسێکی مەزن و بەهێزە، وا دەکات کە کەسە نەرجسییەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

زۆرجاریش سەرۆکێکی نیمچە شێتیش، باشترین هەلی سەرکەوتنی هەیە، هەتا ئەو کاتەی کە شێوازی حوکمکردنەکەی دوور دەبێت لە تێڕوانینێکی بابەتیانە. لە هەمان کاتیشدا بەرپەرچی توندی هەموو ئەوانە دەداتەوە کە دەبنە ڕێگری. بۆ ئەوەی پارێزگاری لە وێنە مەزنەکەی خۆشی بکات، وای لێ دەکات کە کۆمەڵێک هەڵەی کوشندە بکات، کە دەبنە هۆی لەناوبردنی. بەڵام زۆرجاریش چەند سەرکردەیەکی زیرەکیش پەیدا دەبن، کە دەتوانن داواکارییەکانی جەماوەرە نەرجسییەکە جێبەجێ بکەن.

هەتاوەکو ئێستا باسی دیاردەی نەرجسییەتمان کرد و، نەخۆشییەکانی، ئەرکە بیۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەکانیمان دەرخست. لەبەرئەوە لێرەدا دەتوانین کۆتایی بە باسەکەمان بهێنین و بڵێین، کە نەرجسیەت مەیل و بەهایەکی پێویستە، بەمەرجێک بۆ مەبەستی باش بەکار بهێنرێت و سنووری خۆی نەبەزێنێت. بەهەرحاڵ هەتاوەکو ئێستاش وێنەکە جوان دیار نییە لامان. دیارە مرۆڤ تەنیا بایەخ بە بوونی بیۆلۆجی و کۆمەڵایەتیی خۆی نادات، بگرە بەها " قیم" یش لای گرینگە، هەموو شتێک کە مرۆڤییە لای ئەو گرینگە.

لەبارەی بەهاوە، ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە نەرجسیەت هەموو کاتێک لەگەڵ عەقڵ و خۆشەویستیدا لە شەڕێکی بەردەوامدایە. پێم وایە ئەم دەستەواژەیەش زۆر کەم پێویستی بە شیکردنەوە هەبێت. بە حوکمی بوونی مەیلێکی سروشتی لە نەرجسیەتدا، مرۆڤ ناتوانێت واقیع بەو شێوەیەی کە هەیە ببینێت، واتە بابەتیانە. بەمانایەکی تر نەرجسیەت بریتییە لە

کەمکردنەوەی سنووری عەقڵ و مەنطق. هێشتا نازنم ئاخۆ دەتوانێت سنووری خۆشەویستیش کەم بکاتەوە، بەتایبەت کاتێک ئاماژە بۆ وتەیەکی فرۆید دەکەین، فرۆید پێی وابوو کە:

(خۆشەویستی ڕەگەزێکی بەهێزی نەرجسیەتە).

هەر پیاوێک بکەوێتە داوی خۆشەویستی ژنێکەوە، ئەم خۆشەویستییە دەبێتە بابەتی نەرجسیەتی، بەم شێوەیەش ئەو ژنە مەزن و گەورەیە لەبەرئەوەی بەشێکە لەو. بەهەمان شێوەش ژنەکە بیر دەکاتەوە، لێرەدا (خۆشەویستی مەزن) پەیدا دەبێت، کە زۆرجار لە نیمچە شێتییەک دەچێت تا خۆشەویستی. بەنیسبەت کەسێکی نەرجسی، هیچ کاتێک شەریکەکەی هەمان کەسایەتی خۆی بۆ ئەو نییە. بگرە تەنیا ئەو وەکو سێبەرێک وایە بۆ " من" ە کەی. بەڵام ئەو خۆشەویستییەی کە نەخۆش نییە، نەرجسیەت بەرامبەر دەبێت. واتە هەردوو لا پێوەندییان دەبێت و هەردووکیان وەکو دوو بوونی جیاواز یەکتری دەبینن، بەم شێوەیەش دەتوانن لە ڕووی یەکتری بکرێنەوەو بۆ ئەوەی ببنە یەک کەسایەتی. بۆ ئەوەی کەسێک خۆشەویستی بکات، پێویستە هەردوو لا وەکو دوو بوونی جیاواز سەیری یەکتری بکەن.

لە ڕوانگەی ڕوحی و مۆراڵییەوە دیاردەی نەرجسیەت، ئەگەر سەیری پەیامە جەوهەرییەکانی ئاینە مەزنەکانی مرۆڤایەتی بکەین، دەتوانین لە یەک دەستەواژەدا کۆیان بکەینەوە: ئامانجی مرۆڤ ئەوەیە کە بەسەر نەرجسیەتدا زاڵ بێت. پێ دەچێت لە هیچ کام لە ئاینەکاندا وەکو ئاینی بودی بە ڕاشکاوەیی ڕانەگەیەنراوە، لە ئاینی بودیدا زۆر بەڕوونی ئەم پەیامەی ئاشکرا کردووە (واتە زاڵ بوونی مرۆڤ بەسەر نەرجسیەتدا).

لە ئاینی بودیدا هاتووە، کە مرۆڤ دەتوانێت خۆی لە ناخۆشییەکان ڕزگار بکات، گەر هاتوو توانی لە خەونی وەهمەکان بێدار بێتەوە و لە واقیعەکەی هۆشیاربێت، واتە واقیعی (نەخۆشی، پیربوون، مەرگ) هەروەها واز لە ئامانجە چاوچنۆکەکانی بهێنێت. ئەو کەسەی کە لە خەو هەڵساوە و بێدار بووەتەوە، وەک لە ئاینی بودیدا داوای دەکات، ئەو کەسەیە کە بەسەر نەرجسیەتدا زاڵ بووە، هەر ئەو کەسەش دەتوانێت بەشێوەیەکی تەواوەتی لەم خەونانە خۆی ڕزگار بکات. دەتوانین بەشێوەیەکی تر گوزارشت لەم چەمکە بکەین: کەسێک دەتوانێت ڕووبەڕووی جیهان بێتەوە و بەشێوەیەکی تەواوەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، تەنیا لە ڕێگەی خۆ ڕزگارکردن لەو وەهمەی کە پێی وایە (من) کەی ئەو هیچ قابیلی لەناوچوون نییە، تەنیا لە ڕێگەی ئەمەوە و لە ڕێگەی لەناوبردنی ئەو بابەتانەی کە دەبنە هۆی چاوچنۆکی. بێداربووونەوە بەشێوەیەکی بەردەوامی و تەواو لە ڕووی دەروونییەوە مانای ئەوەیە، کە لە جیاتی نەرجسیەت پێوەندیکردن بە جیهانەوە دابنێین.

هەروەها دەتوانین هەمان ئامانجیش لە نەریتەکانی ئاینی جوو، مەسیحیدا بە شێوەی جیاواز ببینین، کە ئەمانیش داوای نەمانی نەرجسیەت دەکەن. لە پەیامەپیرۆزەکاندا هاتووە: (دراوسێکەت وەکو خۆت خۆش بوێت).

لێرەدا مەبەستەکە بەڕوونی دیارە، کە داوا دەکات کە مرۆڤ تەجاوزی نەرجسیەتی تاک بکات تا ئەو ڕادەیەی کە دراوسێکانی لە خۆی بەگرینگتر بزانێت. دیارە پەیامە پیرۆزەکان لەمەش زیاتریان داواکردووە، کاتێک داوای ئەوە دەکەن کە خەڵکی " بێگانە" ت خۆش بووێت. (ئێوە لە روحی بێگانە دەزانن، دەزانن ئێوە لە زەوی میسردا بێگانە بوون ؟!). بێگانە ئەو کەسەیە کە ئینتمای بۆ عەشیرەتەکەم، خێزانەکەم، نەتەوەکەم نییە. هەروەها بەشێک نییە لەو کۆمەڵەیەی کە من نەرجسیەتێکی کۆمەلایەتی پێمەوە دەبەستێتەوە. بەمانایەکی تر ئەو بوونێکی جیاواز لە منە. دیارە هەروەک (هێرمان کوهین) دەڵێت:

(ئێمە لە ڕێگەی بێگانەوە، بوونی مرۆڤانەمان بۆ دەردەکەوێت)

لە پێناو خۆشەویستیی خەڵکانی بێگانە، خۆشەویستی نەرجسی لەناو دەچێت. چونکە ئەمە مانای خۆشەویستی بۆ گیانلەبەرێکی مرۆڤی تر وەکو ئەوەی کەهەیە و جیاوازە لە من، نەک لەبەرئەوەی کە وەکو منە. هەروەک لە پەیامە پیرۆزەکاندا هاتووە: (دوژمنەکەت خۆش بوێت). کە ئەمەش هەمان ئەو شتە دیاری دەکات کە ئێمە باسی لێوە دەکەین. خۆشەویستی بۆ بێگانە و دوژمن، تەنیا لە ڕێگەی زاڵبوون بەسەر نەرجسیەتی (من، تۆ)دا دەبێت.

دیارە شەڕی دژ بە بتپەرستی، بابەتی سەرەکی پەیامەکانی پێغەمبەران بووە، لە هەمان کاتیشدا شەڕە لە دژی نەرجسیەتە. دیارە لە بتپەرستیدا هەندێک لە تواناکانی مرۆڤ دەکرێتە ڕەها و پاشان بۆ بتێک دەگۆڕێت، پاشان مرۆڤ لە شێوەیەکی تردا خۆی دەپەرستێت.

ئەو بتە کە لەگەڵیدا یەکی گرتووە و دەبێتە بابەتی نەرجسی بوونی. بەڵام بەپێچەوانەوە بیری خواپەرستی، مانای لەناوبردنی نەرجسیەتە، لەبەرئەوەی تەنیا خوا نەک مرۆڤ، کیانێکی تەواو کامڵ و زانا و بەتوانایە. بەڵام چەمکی خواش کە ناتوانرێت وەسفی بکرێت و دیاریی بکرێت، نەفیکردنی بتپەرستی و نەرجسیەتە، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم ئەم خوایە جێگەی بتەکەی گرتەوە و بوو بە بتێکی نوێ. تاکیش هەوڵی دا کە خۆی لەگەڵ خوا بە شێوەیەکی نەرجسیانە بگونجێنێت، بەم شێوەیەش ئاین، بەپێچەوانەوە چەمکە بنەڕەتییەکەی خۆی، پاش ماوەیەکی تر بوو بە شێوازێکی نوێی نەرجسیەتی کۆمەلایەتی.

جێگەی گوتنە کامڵبوون و گەشەسەندنی تەواوەتی مرۆڤ لە ڕێگەی تەواوکردنی شێوازی نەرجسیەتەوە دەبێت، جا نەرجسیەتی تاک بێت یان کۆمەڵ. ئامانج ئەوەیە کە گەشەسەندنی عەقڵی کە لە ڕێگەی تەعبیرە دەروونییەکانەوە دەردەکەوێت، ئەوەش جەوهەری بنەڕەتییە، کە هەروەک سەرکردە روحییە مەزنەکانی مرۆڤایەتی، بە گوزارشتی روحی چەمکی ئاینی باسیان دەکرد. ڕاستە چەمکەکان دەگۆڕێن، بەڵام بابەتە بنەڕەتییەکە گوزارشت لە هەمان چەمک دەکات.

ئەمڕۆ ئێمە لە قۆناخێکی مێژووییدا دەژین، کە سیمای بوونی دژوارییەکی زۆر هەیە، لە نێوان گەشەسەندنی عەقڵی مرۆڤ، کە ڕێگەی خۆش کرد بۆ پێشکەوتنی چەکە کوشندەکان، پێشکەوتنی سۆزداریی عەقڵی، کە وای لە مرۆڤ کردووە لە بارێکی نەرجسی ڕووتدا بژی، کە نیشانە

نەخۆشییەکانی زۆر دیارن.

بەڵام ئاخۆ چی بکەین بۆ ئەوەی ئەم دژوارییە گەورەیە ڕوو نەدات؟. ئاخۆ مرۆڤ دەتوانێت هەنگاوێکی باش بەرەو داهاتوو بنێت، لە کاتێکدا هەموو پەیامە ئاینییەکان نەیاتوانی مرۆڤ بەرەو ئەم هەنگاوە بەرن.؟ ئاخۆ نەرجسیەت بە شێوەیەکی ئێجگار پتەو بە ناخی مرۆڤەوە بەستراوە تا سنووری ئەوە کە هیچ کاتێک ناتوانێت وازی لێ بهێنیت؟، هەروەک فرۆید پیی وابوو: (جەوهەری مرۆڤ نەرجسییە) ئاخۆ هیچ هیوایەک هەیە کە نەرجسیەتی شێتانە مرۆڤ وێران نەکات پێش ئەوەی ئەو کەسە ببێتە مرۆڤێکی کامڵ و پێگەیشتوو؟

بە دڵنیاییەوە هیچ کەسێک ناتوانێت بە ڕوون و ئاشکرایی وەڵامی ئەم پرسیارانەمان بداتەوە. مرۆڤ دەتوانێت تەنیا لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو ئەگەرە میسالیانە بکات، کە دەتوانێت یارمەتی مرۆڤ بدات بۆ ئەوەی لەم کارەساتە ڕزگاری بێت.

هەموو کاتێک مرۆڤ بە ڕێگە ئاسانەکان دەست پێ دەکات. هەتاوەکو وزەی نەرجسیەت کەم نەکەینەوە، ناتوانین هیچ گۆڕانکارییەک لە بابەتەکەدا بکەین. ئەگەر بتوانین چەمکی (مرۆڤایەتی) لە جیاتی (یەک نەتەوە یان یەک ڕەگەز یان یەک ئاین) بکەینە بابەتی نەرجسیەتی کۆمەڵایەتی، ئەوا لە زۆر کارەسات خۆمان ڕزگار دەکەین. ئەگەر تاک توانی بەشێوەیەکی کامڵ خۆی بە هاوڵاتییەکی جیهان دابنێت، وە گەر بتوانێت شانازی بەهەموو مرۆڤایەتی و داهێنانەکانی بکات، ئەوا لەم کاتەدا نەرجسیەتی ڕەگەزی مرۆڤایەتی دەکاتە بابەتی بنەڕەتی خۆی. ئەگەر دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی وڵاتان توانییان لە جیاتیی ئەوەی کە تەنیا باسی داهێنانەکانی خۆیان بکەن، باس لە داهێنانەکانی هەموو مرۆڤایەتی بکەن، لێرەدا تاک دەتوانێت باشتر بگاتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت شانازی بەهەموو مرۆڤایەتییەوە بکرێت.

ئەگەر توانیمان بگەینە ئەو هەستەی کە شاعیری گەورەی یۆنانی (ئەنتیخۆن) داوای کرد:

(هیچ شتێک هێندەی مرۆڤ سەرنج ڕاکێش نییە)

لێرەدا ڕەگەزێکی تریش بۆ ئەم بابەتە زیاد دەکەم: داهاتووی هەر نەرجسیەتێکی باش ئەوەیە، کە ئاماژە بە داهێنانێکی گەورە دەکات. تەنیا گرووپێک یان چینێک یان ئاینێک نەبێت، بگرە هەموو مرۆڤایەتی دەبێت هەڵسێت بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکەی کە پێیان ڕاسپاردووە، کەوا لە مرۆڤ دەکات شانازی بە مرۆڤ بوونی خۆیەوە بکات. ئەو ئەرکە هاوباشانەی کە مرۆڤایەتی کۆ دەکاتە زۆر بە ڕوونی دیارن:

(شەڕی هاوبەش بۆ لەناوبردنی نەخۆشی، دژی برسێتی، بڵاوکردنەوەی مەعریفە و هونەر لە جیهاندا ئەویش لە ڕێگەی ئامرازەکانی پێوەندییەوە).

لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەوەی کە جیاوازییەکی زۆر لە عەقیدەی ئایینی و سیاسی لەنێو مرۆڤایەتیدا هەیە، بەڵام هیچ مرۆڤێک ناتوانێت خۆی لەم ئەرکە هاوبەشانە بدزێتەوە. بە بڕوای من گەورەترین

داهێنانی کاری گەورە کە لەم سەدەیەدا بە ئەنجام گەیەنرابێت ئەوەیە کە، توانی ئەو عەقڵیەتە لەناو بەرێت کە پێی وابوو، کە هۆکانی نایەکسانی لە نێوان مرۆڤەکان ، یان چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرڤێکی ترەوە، هۆکاری سروشتی و خوایین.

جێگەی گوتنە چ بزاڤی هومانیستی لە سەدەی ڕێنانساز یان شۆڕشی بۆرجوازی فرەنسی، شۆڕشی رووسی و چینی، شۆڕشی گەلانی ژێر دەستە دژ بە کۆلۆنیالیزم، هەموو ئەمانە خۆیان لەسەر یەک فکری ناوەندی کۆبوونەتەوە کەئەویش بریتییە لە: (یەکسانی لە نێوان مرۆڤەکاندا.)

هەرچەندە لە هەندێک لەم شۆرشانەدا، رژێمەکانی پاش ئەم شۆڕشانە، ماڤی یەکسانی مرۆڤەکانی پێشێل کرد. جێگەی گوتنە مێژوو ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە پێشتر یەکسانی لەناو مرۆڤەکان و ئازادی و کەرامەتییان، لەناو کۆمەڵگە کۆنەکاندا بوونی هەبووە.

دەتوانین هەموو رەگەزی مرۆڤایەتی و داهێنانە گەورەکانی بکرێتە بابەتی نەرجسیەتی کۆمەلایەتی، ئەویش لە ڕێگەی ڕێکخراوێکی سەرو نەتەوەیی بۆ نموونە وەکو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. بۆ نموونە بۆ داهێنەرەکانی مرۆڤایەتی دەتوانرێت پەیکەر بۆ هەندێکیان بکرێت، یان جەژنی بۆ بگرێت و یان بکرێتە ڕۆژی پشوو. بۆ نموونە ڕۆژێک دابنرێت بە (رۆژی مرۆڤ) کە لە هەموو دنیادا بکرێتە ڕۆژی پشوو لە جیهاندا. دیارە ئەمەش ناتوانرێت بگرێتە ئامانج، هەتاوەکو هەموو نەتەوەکان، ئامادە بن کە بەشێک لە دەسەلاتی نیشتمانی خۆیان بۆ دەسەلاتی مرۆڤایەتی واز لێ بهێنن. دیارە ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی سیاسییەوە نابێت، بگرە دەبێت لە ڕێگەی سۆزێکی جیهانیشەوە بێت. هێزێکی سەربازی بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دروست بکرێت، هەروەها ڕێگەی مەنطقی بۆ ئەو شەڕ و کێشانەی نێوان نەتەوەکان دابنێت. بەدڵنیاییەوە ئێمە ئیمکاناتی ئەوەمان هەیە کە مرۆڤایەتی و داهێنانە گەورەکانی بکەینە بابەتی نەرجسیەتی کۆمەلایەتی.

لێرەدا پێم خۆشە باس لە هەندێک پێشنیاز بکەم.

پێویستە کتێبێکی مێژوویی جیهانی بنووسرێت، کە تێیدا بە جوانی و ڕاستگۆیانە باسی هەموو نەتەوەیەک بکات، هیچ نەشێوێنرێت هەروەک چۆن نەخشەکان دەکێشرێت، ئەو کتێبەش دەبێت ئاوا بنووسرێت. یان دەتوانرێت فیلم بەرهەم بهێنرێت، کە شانازی بە مرۆڤایەتی و داهێنانەکانییەوە بکرێت، وە پیشانی بدات کە چۆن مرۆڤایەتی و داهێنانەکانی تەواوکردنی کار و خەباتی هەموو مرۆڤایەتی بووە و مافی تەنیا گرووپێک یان نەتەوەیەک نییە. ئەمەو کۆمەڵێک ڕێگەی تریش دەتوانن یارمەتیمان بدەن.

دیارە هەروەک لە پێشدا ئاماژەمان پێ کرد، کە ئەم گۆڕانکارییە لە بابەتی نەرجسیەتدا، کە لە گرووپە بچووکەکانەوە بۆ هەموو رەگەزی مرۆڤایەتی، باشترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی بەرەنگاری کارەساتەکانی نەرجسیەتی نەتەوەیی و ئایدۆلۆجی بینەوە . بەدڵنیاییەوە ئەمە تەنیا بەس نییە، بگرە ئەگەر ئێمە راستگۆبین لەگەڵ بەها سیاسیی و ئاینییەکانمان، وەکو بیری مەسیحی یان

بیری سۆسیالیستی، کە داوای برایەتی و دۆستایەتی و دژایەتی خۆپەرستی دەکەن، ئەم هزرانەش دەتوانن پلەی نەرجسیەت لە ناخی تاکدا کەم بکەنەوە. هەرچەندە ئەمەش کاتێکی زۆری پێ دەچێت و لەوانەبێت چەندان نەوەی بووێت، بەڵام ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر هەلومەرجەکە لەبارە بۆ ئەم کارە، چونکە مرۆڤ خاوەنی لەبەرئەوەی توانایەکی زۆرە بۆ ئەوەی ژیانێکی مرۆڤانە و شەریفانە بۆ هەموو مرۆڤێک دابین بکرێت.

ئەمڕۆ تەکنەلۆجیا دەتوانێت لە زوڵم و چەوساندنەوەی گرووپەکان ڕزگارمان بکات. دیارە پێشتر دژایەتی شەڕ کرا کە ئەمەش شێوازێکی مەنطقی ئابوورییانە بوو. بەم شێوەیەش بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، مرۆڤ دەتوانێت لە بارێکی نیمچە ئاژەڵی ڕزگاری بێت و ببێتە مرۆڤێکی کامڵ، بەم شێوەیەش پێویستی بە نەرجسیەت نابێت بۆ ئەوەی هەژاریی مادی و ڕۆشنبیری خۆی تێر بکات.

بەپێی ئەو مەرجانەی کە پێشتر باسم کردن، هەڵێکی گەورە لە بەردەستی مرۆڤدایە، کە خۆی لە سنووری نەرجسیەت رزگار بکات، دیارە ئەوەش بەیارمەتی گرتنبەری میتۆدی زانستی و ئینسانییانە دەبێت. پێویستە هەوڵەکانمان لە بواری پرۆسەی پەروەردەکردن دا، پشت بە میتۆدی زانستییانە ببەستێت. واتە تێڕوانینی ڕەخنەیی و بابەتییانە و قبووڵکردنی واقیع زیاتر بکەین، چەمکی راستی و ئازادی و لەلایەن هەر گرووپێکەوە باشتری بکەین. گەر نەتەوە مۆدێرنەکان توانیان تاکەکانیان هەر لەمنداڵییەوە فێری شێوازی زانستیانە بکەن، بەدڵنیایەوە هەنگاوێکی گەورەیان ناوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەرجسیەت.

بەڵام هەنگاوی دووەم بریتییە لە خوێندنی زانستی ئەنترۆپۆلۆجی و فەلسەفە مرۆڤایەتییەکان. دیارە لێرەدا ئێمە ناتوانین هەموو جیاوازییە ئاینی و فەلسەفییەکان یەکسەر ڕابگرین. بگرە ئێمە خۆشمان نامانەوێت ئەم کارەش بکەین، لەبەرئەوەی دروستکردنی سیستەمێکی لەو شێوەیە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی نەرجسیەت. دیارە مرۆڤەکان لە هەموو ئەزموون و عەقیدەیەکدا هاوبەشن. ئەو عەقیدەیەش دەڵێت: لە ناخی هەر مرۆڤێکدا (هەموو مرۆڤایەتی) تێدایە، مەرجی (مرۆڤیبوون) یەک شتە بۆ هەموو مرۆڤەکانی سەر ڕووی زەوین، بە بێ گوێدانە جیاوازییە رۆشنبیری و درێژی و ڕەنگیان. ئەم ئەزموونە ئینسانییەش فێری ئەوەمان دەکات کە هیچ هەست بە بێگانەیی و نامۆبوون نەکەن، هەر یەکێکمان دەتوانین لە کەسێکی بەرانبەرمان بگەین، لەبەرئەوەی ئێمە هەموومان لە ڕەگەزەکانی مرۆڤدا هاوبەشین.

تەنیا کاتێک دەتوانین بگەینە ئەم ئەزموونە، کاتێک سنووری هۆشیاریمان فروانتر کرد. لەبەرئەوەی زۆرجار ئەم سنووری هۆشیارەمان بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک یاسای کۆمەڵگەوە. هەر ئەزموونێکی مرۆڤانە کە لەگەڵ کۆمەڵگەکەدا ناگونجێت، دژی دەوەستنەوە و ڕێگری گەورەی بۆ دادەنێن تا بڵاو نەبێتەوە. لەناو هۆشیاری هەر تاکێکماندا، تەنها هۆشیاری کولتووری کۆمەڵگەکەمانی تێدایە، بەڵام لەناو (لا وعی، نا هۆشیاری)دا، هۆشیاری مرۆڤێکی جیهانی تێدایە.



هەولێری کتێب

فراوانکردنی سنوری هۆشیاری خود (الذات)، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری لە دەرەوەی سنووری کۆمەڵگەکەمان، وا لە مرۆڤ دەکات کە هەموو شتێکی مرۆڤانە لە ناخیدا تاقیبکاتەوە. ئەو دەتوانێت لە ناخیدا ڕاستی و پیرۆزیی، منداڵە یان کەسێکی کامڵە، عاقڵە یان شێتە، مرۆڤی کۆنە یا مرۆڤی داهاتووە، تاقی بکاتەوە.

ڕێکخراوە ئاینی و سیاسی و فەلسەفییەکان کە هەڵگری پەیامێکی مرۆڤانەن، دەتوانن ئەم ڕابوونە گەورەیە بۆ کولتووری مرۆڤیمان بەئەنجام بگەیەنن. هەروەها لەو باوەڕەدام کە ئەم پێشکەوتنە نوێیە بمانگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە خەونی هەموومانە واتە:

(مرۆڤی ئاسایی ببێتە مرۆڤێکی کامڵ.)

بەدڵنیاییەوە مەبەستم لەو هەموو پێشنیاز و هزرانە ئەوە نییە، کە بڵێم تەنیا پرۆسەی (پەروەردەکردن) باشترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە مرۆڤایەتی، هەروەک هومانیستەکانی سەردەمی ڕێنانساز لەو باوەڕەدا بوون. بێگومان ئەم هەموو زانیارییانە تەنیا کاتێک دەتوانن کاریگەر بن، ئەگەر هاتوو مەرجە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانمان گۆڕی. ئەم گۆڕانەش مانای گۆڕینی سیستەمێکی بیرۆکراتییە بۆ سیستەمێکی سۆسیالیستی و مرۆڤانە. لە حوکمی ناوەندییەوە "المرکزیة" بۆ حوکمی ناوچەیی "الامرکزیة"، لە مرۆڤێکی وابەستەی دەزگاکان بۆ مرۆڤێکی هەست بە بەر پرسیاریەتی، لە ملکەچبوون بۆ دەسەڵاتێکی نەتەوەیی بۆ دەسەڵاتێکی مرۆڤی و جیهانی.

نەتەوە دەوڵەمەندەکان یارمەتی دەوڵەتە هەژارەکان بدەن بۆ ئەوەی سیستەمی ئابوورییان باش بکەن. چەک داماڵین لە جیهاندا و هەموو ئەو پارەیەی کە بۆ چەک و تەقەمەنی دادەنرێت، لە بواری ئاوەدانی و پێشکەوتندا تەرخان بکرێت. هەروەها چەکداماڵین بۆ شتێکی تریش گرینگە: ئەگەر بەشێک لە مرۆڤایەتی ترسی لە چەکی کوشندەی بەشێکی تری مرۆڤایەتی هەبێت، ئەوا هیچ کاتێک ناتوانین لە دەستی نەرجسیەتی کۆمەڵایەتی ڕزگارمان بێت.

بەدڵنیاییەوە هیچ کاتێک مرۆڤ ناتوانێت مرۆڤ بێت، ئەگەر هاتوو لە کەشوهەوایەکی وادا نەژی، کە بزانێت خۆی و منداڵەکانی تێیدا دەژین و چاوەڕێی ساڵێکی نوێ بکات.

پەراوێز:

١- مارتین لۆتەر. باوک و دامەزرێنەری مەزهەبی برۆتستانی مەسیحییە.

سەرچاوە:

ئەم وتارە لەم کتێبەوە وەرم گێراوە.

ایریش فروم. جوهر الانسان. ترجمة: سلام خیر بك. دار الحوار للنشر والتوزیع. الطبعة. الاولي. سنة ٢٠١١: الاذقیة. سوریا.

# سایکۆلۆجی

زینە عەبدولسەلام نەقشبەندی

## شێوازەکانی پێوەندیی کاریگەرانە

دێتــە گـوتن گـوێگرتنی چالاکـانە یەکێکە لە بەسـوودترین و گـرینگتـرین بەهـرەی گـوێگرتن. لە گوێگرتنی چالاکانە تاک خۆی لە بنەوادا جەز لە تێگەیشتن و زانینی بیرکردنەوە، هەستکردن و خواستی کەسانی تر دەکا یاخۆ ئەو پەیامەی لە بەردەستدایە مانای چییە. گوێگر سەرەتا دووپاتی تێگەیشتنی خۆی دەکاتەوە بەرلەوەی پەیامەکە وەڵام بداتەوە.

گوێگری چالاک دەبێ بە ئاگا و وریا بێ بۆ ئەوەی پەیامەکانی پێ بگا. بۆ ئەوەی گوێگرێکی باش بی، پێویستە لە کاتی گفتوگۆدا بە نیشانەکانی بێژەکی و نابێژەکی وەڵام بدەیتەوە، بۆ ئەوەی وا لە قسەکەر بکەی کە گوێت لە پەیامەکەی بووە و تێگەیشتووی.

گوێگری چالاک زۆرجار تێگەیشتنی ئەو پەیامەی پێی گەیشتووە، بە ڕستەی تر و وشەکانی بە شـێـوەیەکی جـیـاواز دادەڕێژێتــەوە، بۆ ئەوەی دووپاتی بکاتە کە لە گـفـتـوگـۆیەکـە (پەیام) تێ گەیشتووە.

ئەوە پرۆسەی دووپاتکردنەوە و سەلماندنە کە گوێگرتنی چالاک لە شێوازەکانی تری گوێگرتن جیا دەکاتەوە، وا دەکا پرۆسەکە کاریگەرتر بێ. ئەوەش جیاکردنەوەیەکی ئاشکرایە لە نێوان تەنیا بیستنی وشەکان و گوێگرتنێک بۆ زانینی مانای پەیامەکە.

گوێگرتنی کاریگەرانە زۆرجار ئەنجامەکەی ئەوەیە کە گوێگر دەتوانێ تێ بگا قسەکەر بیر لە چی دەکاتەوە و هەست بەچی دەکا.

---

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی

لەگەڵ بەکارهێنانی تەکنیکەکانی گوێگرتنی کاریگەرانە، شیمانەی ئەوە زیاد دەبێ کە کەسەکە بتوانێ دنیا لە بۆچوونی قسەکەر ببینێ، جا لەگەڵ ئەو بۆچوونە هاوڕا بێن یاخۆ نا.

گرینگترین لێزانینی پێویست بۆ ئەوەی پێوەندییەکی کاریگەرانە بێتە ئەنجامدان، بریتییە لە بەهرەی گوێگرتنی چالاکانە، چوار پێداویستی سەرەکی بۆ گوێگرتنی چالاکانە هەیە. دەبێ بەچڕی، بەسۆز و قبووڵکردنەوە گوێ بگریت و بەئارەزوومەندانەوە بەرپرسیارەتیی تەواوکردنی پەیامەکە هەڵبگری.

گوێگری چالاک بە چڕی لەوەی دێتە گوتن ورد دەبێتەوە و پەیامەکە کورت دەکاتەوە و تێکەڵی دەبێ. سۆزیش داوات لێ دەکا خۆت بخەیتە ناو مێشکی قسەکەر. بۆیە هەوڵ بدە تێ بگەی قسەکەر دەیەوێ چ بگەیەنێ لەوەی تۆ دەتەوێ تێی بگەی.

پێویستت بەوەیە بیرکردنەوە و هەستی خۆت واز لێ بێنێ و خۆت بگونجێنی لەگەڵ دنیای قسەکەر. بەم شێوەیە تۆ شیمانەی ئەوە زیاد دەکەی کە تۆ پەیامەکەت وەرگرتووە وەک ئەوەی قسەکەر مەبەستی بووە.

گوێگری چالاک قبووڵ پێشان دەدا بابەتییانە گوێ بگرە بێ ئەوەی ناوەڕۆکەکە هەڵبسەنگێنی، لەبەرئەوەی ئەرکی گوێگری چالاک تێگەیشتنە لەوەی هاتووەتە گوتن و لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکە بوەستێ تا قسەکەر کۆتا بە گفتوگۆکانی دێنێ.

گوێگرتن وا دەرناکەوێ ڕەنجێکی زۆری بوێ، لە ڕاستیدا بیستن پێویستی بە کۆشش نییە، بگرە گوێگرتن پێویستی پێیەتی و زۆر قورسترە.

دەشێ زۆربەی خەڵک گوێگری خراپ بن، لەبەرئەوەی حەز لەو بۆچوونە ناکەن کە کۆششێکی زۆر لە کارێک خەرج بکەن، وا دەردەکەوێ ئەو کارە هیچ ڕەنجێکی نەوێ.

گوێگرتنی کاریگەرانە بەهرەیەکە دەتوانرێ لە ڕێگەی خوێندنەوە و پراکتیزەکردن پەرەی پێ بدرێ. گوێگرتنی کاریگەرانە پێویستی بە وەستاندنی کاتیی ئەو بۆچوونانەیە کە پێوەندارن و هەروەها لە کۆمەڵگەیەکدا کە خەڵکەکەی پێشبینی ئەوەیان لێ دەکرێ ژمارەیەک کار بەیەکەوە ئەنجام بدەن، ئاشکرایە گوێگری باشی کەم هەیە. خەڵک زۆرجار بە پەرتەوازەیی گوێ دەگرن، سەرنجێکی کەم دەدەن لەوەی دێتە گوتن، هەروەها سەرنجێکی کەمتر بۆ ئەو پەیامانەی ڕوون نین و جیاوازییەکی کەمیان هەیە.

ستراتیجەکانی گوێگرتنی چالاکانە وانەیەکی بەنرخمان فێر دەکەن ئەویش لە هەوڵی تێگەیشتندابین، چەندی زیاتر لە کاتی گفتوگۆدا تێ بگەی، دەرفەتی زیاترت بۆ پێوەندییەکی باشتر دەبێ. تاک دەرفەتی دەبێ بۆ گەیشتن بەمە لە ڕێگەی فێربوونی گوێگرتنی چالاکانە.

پێرکنز پێناسـەی گوێگرتنی چالاکانە دەکا وەک ئامرازێکی پێوەندی کە برێتییە لە سەرنجدان و وردبوونەوە لە قـسـەکـەر. سـتـراتـیـجـەکـانی گـوێگرتنی چالاکـانە چەند ڕێگەیەکی نایابن بۆ چالاکـتـرکـردنی گـوێگرتن، بەتایبەت ئەو کاتەی ئاڵوگـۆڕی وشـەکـان بەرەو گـەرمـبـوون دەچن و سۆزاوی دەبن.

چوار سـتـراتیجـەکەی گـوێگرتـنی چالاکانە برێتین لە ڕوونکردنەوە، ڕێکخـسـتنەوەی وشـەکان، ڕەنگدانەوەی هەست و کورتکردنەوە.

ڕوونکردنەوە ئامرازێکی نایابە، لەبەرئەوەی زۆرجار تاک کاردانەوەی لەگەڵ قسەکەر دەبێ، بیر دەکاتەوە ئەوەی هاتووەتە گوتن ئەوەیە جێگەی مەبەست؟

زۆرجار وا باشـە گوێگر داوا لە قسـەکەر بکا ڕوونکردنەوە لـەسـەر لێدوانەکـەی بدا. بۆ نموونە لەبری ئەوەی سـۆزاوی بیت ئەو کـاتەی هاوەڵێکت دەبێـژێ ناتوانێ لە کـارێکدا لەگـەڵ تۆدا بێ، وا باشــە داوای زانیـاریی زیاتری لێ بکەی. بەڕوونکردنـەوەی ئەوەی لەبەرچی قـسـەکـەر ناتوانێ ئامادەبێ بەپاشدانەکە کەمتر کەسی (شـخـصـی) دەبێ. شیمانە هەیە کەسەکە ئەرکێکی هەبووبێ یاخۆ سەردانی کەسێکی نێزیکی کردبێ.

داڕشتنەوەی وشەکان ستراتیجییەتێکی کاریگەرە بۆ بەرەوپێشبردنی توانای گوێگرتن. زۆرجار قسەکەر قسەیەک دەکا و گوێگر بەتەواوەتی لە قسەکەی ناگا، بەڵام کاردانەوەی هەر دەبێ. ئەوەش دەبێتە هۆی سەر لێ تێکچوون، نەگەیشتنی بیرۆکە و زیادبوونی سۆز.

بۆ نموونە زۆرجار قسەکەر پێویستە بە گوێگر بڵێ، کێ قسەکانی بەناڕەحەتی وەرگرتووە و پێی بریندار بووە و بڵێ (بەو مەبەسـتـەم نەبووە). بەهۆی شیمانەی ئەو جۆرە ناتێگەیشتنە، پێویستـە گـوێگر دووبارە وشـەکـانی قـسـەکـەر دابڕێژێتـەوە بۆ ئەوەی دووپاتی بکاتەوە ئەو پەیامـەی پێی گەیشتووە ئەو پەیامەیە کە نێردراوە. ئەوە بەسوودە بەتایبەت کاتێک لەگەڵ تاکێک مامەڵە دەکەی کولتووری جیای هەیە.

ڕەنگدانەوەی هەست گرینگە بۆ گـوێگرتنێکی سـەرکەوتوو و پێوەندی لە نێوان کەسـەکـاندا. بەشێک لە ڕەنگدانەوەی هەست برێتییـە لە ئاگەداربوون لەو نیشـانە بێژەکی و نابێـژەکیـیانەی قسەکەر دەینێرێ. گوێگری چالاک سەرکەتووە لە ڕەنگدانەوەی هەستدا و هەروەها هەست بە هێما نەرێنییە نازارەکییەکانیش دەکا، وەک چاوداگرتن، نوقاندنی مست و دووریی نێوان کەسەکان.

هەسـتکردن بەو نیـشـانانە، گـوێگر دەباتە دۆخێکی باشـتر بۆ ئەوەی وردتر ڕەنگدانەوە لـەگەڵ هەستی ڕاستـەقینـەی قسـەکەر بکا. ژیرانەیە ئەگەر لەم دۆخانەدا وەڵامێکی هەست ئامێز بدەی، وەک (دەزانم حـەزت لە بیـرۆکەکەیە، بەڵام پێ دەچـێ هێشـتا گـومانت لەسـەر هەبێ، حـەز دەکەی گفتوگۆی لەسەر بکەین).

ستراتیجیەتی کورتکردنەوە گرینگە بۆ گوێگرتنی کاریگەرانە. کورتکردنەوەی ئەوەی هاتووەتە گوتن زۆرجار یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی هەست و ڕقەکانی قسەکەر یاخۆ لە ڕوونکردنەوەی ئالوگۆڕی زانیارییەکان لە دانیشتنەکانی داهاتوودا.

کورتکردنەوە یارمەتی وەبیرهێنانەوە دەدا، بۆیە ڕووبەڕوونەوەی داهاتوو مژدەدەرتر دەبێ، بەوەی تێگەیشتنێکی زیاتر لە ڕەفتار، حەز، ڕق و بۆچوونەکانی کەسەکان دێتە وەرگرتن.

هەموو ئەو ستراتیجانە یارمەتی تاک دەدا ببێتە گوێگرێکی چالاک و کاریگەر و بەرەو پێوەندییەکی دەوڵەمەند لەگەڵ کەسانی تردا دەیبات.

لەسەر بنەوای گفتوگۆکانی سەرەوە، ئاشکرایە گوێگرتنی کاریگەرانە بەهرەیەکە پێویستی بە ڕاهێنان و هۆشیاری هەیە. ئەو وتارە ڕوونکردنەوەیەکە کە گوێگرتن گرینگییەکەی کەمتر نییە لە قسەکردن ئەگەر گرینگتر نەبێ لە پرۆسەی پێوەندیکردندا. سەرەڕای ئەوەی بەهرەیەکی سادە نییە، پێویستە خەڵک ئەو بەهرەیە پێش بخەن. ئەوەش بەهۆی گرینگییەکەی لە هەموو جۆرەکانی کارتێکردن لە کاتی پێوەندیکردنی فەرمی و نافەرمیدا. بۆیە، ئەو کێشانەی لە گوێگرتنی خراپ دێتە دروستبوون کە بریتین لە پێوەندی ناکارا و ناکۆکی لە نێوان کەسەکاندا، دێنە کەمبوونەوە.

## تێگەیشتنی پێوەندی لە نێوان کەسەکاندا

ناکۆکی لە نێوان کەسەکاندا بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانە بۆ زۆربەی مرۆڤەکان. توانا و ئامادەیی بۆ مامەڵەکردنێکی کارا لەگەڵ ئەو دۆخانەی ڕووبەڕووبوونەوەیان لە نێوان کەسەکانیدا هەیە کاریگەری لەسەر بۆچوونی کەسەکە، گەیشتن بە ئامانج لە ژیاندا، گەیشتن بە ژیانێکی تەندروست و بەختەوەری کەسەکە هەیە و هەروەها ئەوانەی جێگەی گرینگی پێدانن لەلایەن ئەو کەسەوە.

مامەڵەکردنی کارا لەگەڵ ئەو دۆخانەی ناکۆکی لە نێوان کەسەکانیدا هەیە، پێویستی بە پێشکەوتن و بەکارهێنانی شارەزاییە لە پێوەندی لە نێوان کەسەکاندا. پێوەندی لە نێوان کەسەکان وەک پرۆسەی بەیەک بەستنەوەی یەکەی زیندووی پارچە پارچە لەگەڵ یەکتر دێتە پێناسەکردن. پێوەندیکردن ڕێی تێ دەچێ بێتە ئەنجامدان لە ڕێگەی کۆکردنەوەی چەند فاکتەرێک لەوانە بۆچوون، هەڵسەنگاندن و دەربڕین.

پرۆسەی کۆمەڵایەتیی پێوەندی لە نێوان کەسەکان سێ جۆرە هۆکاری دیاریکەر لەخۆ دەگرێ کە بریتین لە هۆکاری هەستی، ژینگەیی و دەروونی. لەم وتارەدا تەنیا تیشک دەخەینە سەر هۆکاری ژینگەیی و دەروونی. هۆکاری ژینگەیی بریتییە لە خەڵک و ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەی کە کەسەکە لەخۆ دەگرێ، هاوکات هۆکاری دەروونی بریتییە لەو ڕێگەیانەی کە شارەزاییی تاکەکان کاریگەری لەسەر زانین، بەهرە و شێوازەکانی خۆگونجاندن هەیە.

کەس بریتییە لە سیستەمی ڕفتاری تاکەکان. بۆ تاکەکان، ژینگەی دەرەوە پێک هاتووە لە هەموو هێزەکانی (تەنی هەستپێکراو، ڕووداو و دۆخ) کە لە توانایاندایە کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ هەبێ، هاوکات ژینگەی ناوەخۆ پێک هاتووە لە تایبەتمەندییەکانی دەروونی و جەستەیی تاکەکان کە ڕێگە دەدا و یارمەتیدەری کار لەیەککردن و خۆگونجاندنە لەگەڵ هێزە دەرەکییەکان.

هاوسەنگی لە سیستەمی ڕەفتاردا بریتییە لە پێشاندانی گۆڕان و خۆگونجاندنی سەرکەوتوو، هەرچەندە ڕەفتاری پێڕەوکراویش شیمانە هەیە وا دەرنەکەوێ کە ڕێک بکەوێ لەگەڵ کولتووری قبووڵکراو یاخۆ پێوەری بایەلۆجی هەڵسوکەوتی تەندروست.

سیستەمی زیندوو دەتوانێ و لە چەند ئاستێکی جیای کارا و لێوەشاوە کار دەکا، بەڵام بۆ ئەوەی بەکار بێ، کەمێک هاوسەنگیی ناوەکی و دەرەکیی پێویستە.

سیستەمی هەڵسوکەوت دیودەرییەکی شیاوی هەیە، ئەوەش بۆ ئەوەی کاردانەوەیەکی کارای هەبێ لەگەڵ گۆڕانکارییە ئاساییەکان کە بەهۆی ئەو هێزانەی کاری تێ دەکەن، دروست دەبن و هەروەها توانایەکی بەرگەگرتنی تەواوی هەیە بۆ ئەوەی ڕێگەی خۆگونجاندنی کاریگەرانە بدا لەگەڵ ئەو گۆڕانە لە ئەندازەبەدەرانەی ئەو هێزانە. زۆر شێوازی پێوەندیکردن هەیە کە تاک بەکاریان بێنێ، بەڵام بەگوێرەی شارەزایانی پێوەندیکردن، ئێمە ڕۆژانە یەک لە چوار جۆرەکەی شێوازی پێوەندیکردن هەڵدەبژێرین و بەکاریان دێنین. شێوازەکان بریتین لە دڵنیا، شەرمن، شەڕخواز و شەرمن – شەڕخواز.

پێوەندیکەری دڵنیا ئەوەیە چۆن دەربڕین لە خۆت بکەی بەشێوەیەکی سروشتییانە. ئەو شێوازە زۆربەی خەڵک حەز دەکەن پێڕەوی بکەن، بەڵام بەکەمی دێتە بەکار هاتن. هەروەها پێوەندیکەری پشت ئەستوور ناسراوە بەوەی کە خۆشەویستی و ڕێزێکی زۆر بەخۆی دەدا، واتە ئەو لە کاتی هەڵبژاردنی کاردا سەرچڵە و هەموو کات حەز لە پیشەی بەرز دەکا وەک خوێندن لە بواری یاسا و پزیشکی.

پێوەندیکەری دڵنیا پەیامەکەی بە ڕوونی و وردی دەگەیەنێ. کەسی دڵنیا بڕوای بە داکۆکیکردن لەسەر مافە کەسییەکان و دەربڕینی پرۆسەی بیرکردنەوە هەیە، گرینگی بە پێوەندییەکانی دەدا و لە هەوڵی کامڵبووندایە.

کەسی دڵنیا سنووری خۆی دەزانێ و ئەو هەوڵانەش بەپاش دەدا ئەگەر بۆ ئەوبەری سنووری خۆی پاڵی پێوەبنێن. پەیامی سەرەکیی ئەم جۆرە کەسە بریتییە لە (بەم شێوەیە بیر دەکەمەوە، واش هەست دەکەم و هەر ئەوهاش دۆخەکە دەبینم). پێوەندیکەری دڵنیا متمانەت پێ دەدا بۆ پێوەندیکردن بەبێ بەکارهێنانی هیچ یارییەک و شێوازێکی کارتێکردن.

پێوەندیکەری شەڕانگێز بڕوای بە بەکارهێنانی کارتێکردن و ساختەکردن هەیە. ڕێی تێ دەچێ

هەوڵی ئەوە بدات ئەوەی لە خەڵکی دەخوازێ لە ڕێگەی شێوازەکانی هەستکردن بەتاوان، ئازاردان، هەڕەشەکردن و تووڕەبوونەوە بەدەستی بێنێ. ئەو کەسانە دەیانەوێ داخوازییەکانیان دەست بەجێ بێتە جێبەجێکردن جا دەیشاریتەوە یاخۆ ئاشکرای دەکەی. ئەو شێوازەی پێوەندیکردنە لە وەزش و شەڕدا دێتە دەرکەوتن و لە هیچ جۆرە پێوەندییەکی تر کاری خۆی ناکا و بەرهەمی نابێ. ئەو کەسانە بڕوایان بە باڵادەستی و بردنەوە هەیە.

شارەزایانی شێوازەکانی پێوەندیکردن ئەوە ڕادەگەیەنن کە (ئەگەر بتوانین کەسایەتییەکی زیاتر دڵنیامان هەبێ و زیاتر گفتوگۆ لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانمان بکەین، ئەوە دەکرێ خۆمان لە شەڕیش بەدوور بگرین). لەگەڵ ئەوەشدا، پەیامی بنچینەیی پێوەندیکەری شەڕانگێز بریتییە لە (ئەنجامدانی ئەوەی دەیڵێم نەک ئەوەی دەیکەم).

پێوەندیکەری شەرمن کە سەردانەوێنی پێ دەوترێ، خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە دەپارێزێ و بە هەموو ڕێوشوێنەکانیش بەهەر نرخێک بێ قایل دەبێ. بەشێوەیەکی گشتی ئەو جۆرە کەسانە قسە کەم دەکەن و کەمتر پرسیار دەکەن و لە ڕاستیشدا کەمترین کردەوەیان هەیە. پەیامی سەرەکیی ئەو کەسانە بریتییە لە (هەستی من کێشە نییە، تەنیا هەستی تۆ گرینگە، هەستی تۆ شایانی گوێگرتنە و من هیچ نیم و تۆ پایەت بەرزترە).

جۆری چوارەم پێوەندیکەری شەرمن – شەڕانگێزە کە لە دوو شێوازی پێوەندیکردن پێک هاتووە. ئەو کەسانە خۆیان لە ڕووبەڕوونەوەی ڕاستەوخۆ دەپارێزن واتە شەرمنن، بەڵام لە هەوڵی ئەوەدان لە ڕێگەی کارتێکردن کارەکانیان ئەنجام بدەن بە مانای ئەوەی شەرانگێزن. هەروەها کاتێک بیرت کردەوە کارمەندێک وا لێ بکەی باجی کارێکی هەڵەش یاخۆ هەڵەیەکی بدا، ئەوە تۆش نێزیک کەوتوویتەوە ببیتە ئەو جۆرە پێوەندیکەرە. ئەو شێوازەی پێوەندیکردنە زۆربەی کاتەکان لە نووسگەی سیاسەتوان و دەلالەکانی بلاوکردنەوەی دەنگۆ دێتە بەکارهاتن.

گرینگە تێ بگەی چۆن شێوازی پێوەندیکردنت کار دەکا و مانای چی دەبەخشێ. هەموومان لە ژیاندا فێری شێوازی پێوەندیکردنی جیاواز بووین کە هەر یەکێکیان پشت بە دۆخی جیاواز دەبەستێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هەندێک لە شێوازەکانی پێوەندیکردن بەباشی کاری نەکرد لە دۆخی ئێستەدا، دەتوانرێ بگۆڕدرێ و ڕەفتارێکی نوێ یاخۆ شێوازێکی پێوەندیکردن شوێنی بگرێتەوە. لە هەندێک دۆخدا ئێمە پێوەندیی شەڕانگێزی پێشان دەدەین و لە هەندێکی تریشدا پێوەندیی سەردانەواندن، بەلام شێوازی پێوەندیی دڵنیا لە زۆربەی دۆخەکاندا باشتر کار دەکا و بەرهەمی دەبێ.

گۆڕینی شێوازی پێوەندی کتوپڕ ڕوو نادا. تاک پێویستە بزانێ کە پراکتیزەکردنێکی زۆری دەوێ بۆ ئەوەی شێوازی خۆی بگۆڕێ، بەلام بۆ ئەوەی لەسەر شێوەیەکی پێوەندیی نوێ بەردەوام

بیت، پێویستە لەسەر چۆنیەتی بوون بە کەسێکی دڵنیا کتێب بخوێنیتەوە و هەروەها چۆنیەتیی بەکارهێنان و گونجاندنی ستراتیجەکانی پێوەندیکردن لەگەڵ ڕووداو و دۆخەکانی ڕۆژانە فێربیت. هەروەها دەتوانی خولێکی ڕاهێنانی پتەوکردنی باوەڕبەخۆبوون وەربگریت. دەکرێ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کەسە بکەی کە جێگەی سەرنجی تۆیە و پێی سەرسامیت، لێ فێر بە ئەو کەسە چۆن پێوەندیی لەگەڵ هاوکارەکانی دەکا و لاسایی شێوازەکەی بکەوە.

تێگەیشتنی شێوازەکانی پێوەندیکردن، توانای پێوەندیکردنت لەناو ڕێکخراوەکەت یان کۆمەڵەکەت کاریگەرتر دەکا. هەموو لە ئێمە شێوازی جیای پێوەندیکردن لە ژیانی ڕۆژانە و لەسەر کاردا بەکار دێنین. هەندێک لە ئێمە دەتوانێ بەئاسانی لە شێوازێکی پێوەندیکردن بۆ یەکێکی تر بچێ و خۆی لەگەڵ ئەو شێوازەی دۆخەکە دەیەوێ بگونجێنێ. ئەوەش پشت دەبەستێ زیاتر بەو وردبینییەی پێویستە لە کارەکە و پێوەندییەکانی شوێنی کار.

لایەنە باشەکەی شێوازەکانی پێوەندیکردن بریتییە لەوەی کە توانای ئەوەت هەیە دیودەریی شێوازەکەت پێش بخەی.

هەوالنامەی کتێب

سەرچاوەکانی وتاری (١)

Perkins, D.F.(Dec 1999) .Active listening: A communication tool .University of Florida Cooperative Extension Service.3-1

Johnson-Curiskis, N.(2009).Importance of Effective Listening Infomercial .International Journal of Listening, 23(2), 167-170.

Verderber, K.S., Verderber, R.F, Berryman-Fink, C.(2010). Inter-Act: Interpersonal Communications Concepts, Skills, and Contexts (12th ed.).New York.Oxford University Press.

سەرچاوەکانی وتاری (٢)

Kennedy, P.J. (2003).Communication Styles and Conflict.Journal for Quality & Participation, 27(2), 23-25.

Verderber, K.S., Verderber, R.F, Berryman-Fink, C.(2010).Inter-Act: Interpersonal

Communications Concepts, Skills, and Contexts (12th ed.).New York.Oxford University Press.

# بەرلین چڕترین پێتەختەکانی شانۆی ئەوروپایی

دانا ڕەئووف

بەرلین لە چاوەڕوانیی ئێمەدایە و ئێمەیش لە چاوەڕوانی دان ئەکسل داین[١]! من و یوواکیم ستێین سێل لە پێش هەموو برادەرانەوە دەگەینە تەرمینالّی دووی فڕۆکەخانەی ناونەتەوەییی (ئەرلّەندا) لە ستۆکهۆڵم[٢]. تەرمیناڵەکە لە نەخۆشخانە دەچێ، ڕووتوقووت و داخراوە. پیس و پۆخڵ و هۆڵێکی درێژ و باریکە، بەڵام هەر ئێستا هاوڕێکانمان دەگەنە ئێرە، بێگومان بلیتەکانیشمان کە دان ئەکسل بەرپرسیارە لێیان[٣].

کاتی بەڕێکەوتنمان هەندێ دوا دەکەوێت، بەڵام دواتر بەڕێ دەکەوین و پاش چەند کاژێرێک دەگەینە بەرلین[٤]. هەر بە ئاسمانەوە و لە کاتی نزمبوونەوەی فڕۆکەکەماندا بەرلین لە بەرزاییییەوە دەبینم، هەر لە سیبریا دەچێت، سپی دەچێتەوە و ڕەشەبایەکی توندیش هەڵی کردووە. هەموو شارەکە لە دەواری بەر ڕەشەبا دەچێت، لە هەندێ ئۆتۆمۆبێل کە زۆر بە بچووکیی دیارن، هیچ بنیادەمێک بە چاو نابینرێت. لە فڕۆکەخانەی (تێگل) دەنیشینەوە و هەر دەستبەجێ و بەبێ دواکەوتن جانتاکانمان وەردەگرینەوە. ئافرەتێکی سوێدی لە دەرەوە چاوەڕووانمان دەکات، بە پاسێکی گەورەی تایبەتی دەمانگەیەنێتە ناوجەرگەی شار و ئەو میوانخانەیەی کە بڕیارە لێی دابەزین. بەدەم ڕێگەوە هەندێ شتمان لەبارەی بەرلین بۆ باس دەکات، ئاماژەی ئەو خانووبەرانە دەکات کە بەبەردەمیدا تێ دەپەڕین و هەندێ کورتە باسی مێژووییشمان بۆ دەگێڕێتەوە.

## بەرلینی ڕۆژهەڵات

من و مێکائیل و یوواکیم لە بەرلینی ڕۆئاواوە بە هێڵی گواستنەوە و شەمەندەفەری ناو شار دەپەڕینەوە بۆ بەرلینی ڕۆژهەڵات. کرێی گواستنەوە تەنیا دوو ئێرۆیە. حاڵەتێکی سەیر و نامۆ دامەدگرێ کە شەمەندەفەرەکە، بەبێ پەساپۆرت و هیچ دواکەوتن و گیروگرفت و سوپا و

پاسـەوانێک دەپەڕێتـەوە، ئەم سنووره نادیاره بەر لە چەند سـاڵێک یـەکێک بوو لە سـەختـتـرین مـەرزەکانی دنیا و لەژێر چاودێرییـەکی سـەربازی تۆکمـەدا بوو. دیواری بەرلین لە سـاڵی ١٩٨٩ دا ڕوخـا و بەو شـێـوەیە ئەو مـەرزە ترسناکـەش بەتـەواوەتی سـڕدرایەوە[٥]. هـەزاران مـرۆڤ گـیـان و سـەرومـاڵیـان کـردە قـوربانی، تەنیـا بۆ ئەوەی لە ڕۆهەڵاتی بەرلینەوە بپـەڕنەوە ڕۆئـاوای. هەر لە شـەمـەندەفـەرەکـەدا، لە پەنجـەرەکـانـیـەوە کـە دەمـڕوانـیـە دەرەوە و بەهـۆی تـیـژڕۆیی شـەمـەندەفەرەکـەوە، هـەمـوو شـتـەکان وەک وینـەیەکی تەڵخ دەبینران، بیـرم لە هێـزێکی گـەورەی خـواوەندی دەکردەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بتـوانێت هـەرچیی سنووری نێـوان وڵات هـەیە ڕامـاڵێت، کـتـێـبی ئەتڵـەسی قـوتابخـانەکان بدڕێنێ و جـیـهـانێکی یەکسـانی بێ سنوور دەسـتـەبەر بکات[٦]. شەمـەندەفەرەکە زۆر بەخێـرایی وێستگەکان دەبڕێ، هـەندێک جار فـریای ئەوە ناکەوم خـانووبەرە و دار و درەخت و تەنانەت ئەو مرۆڤانەی کە لە دەرەوە هـاتوچۆ دەکەن ببینم.

بەرلین بە مەرزەکانییەوە و بە دیوارە پۆڵایینەکەیەوە پێتەختی شەڕی سارد بوو، دیوارەکە تەنیا بەرلینـی نەکـردبـوو بە دوو بەشـەوە، بـگـرە هێـمـاگـەلێکیش بوو بـۆ ئەو پەردە ئاسنینـەی کـە هـەمـوو ئەورووپای دابەش کردبوو[٧].

کەشوهەوا زۆر سـاردە، بەفر باریوە و ڕێگەوبان هـەمووی بەستوویـەتی، سـەرمـایەکە کوشندە و زۆر لە سـەرماکـەی ستۆکهۆڵم کاریگەرتر و دزە دەکاتە ژێر پێست و ناو ئێسکەکانی جەستەمانەوە. سـەرمـاکەی بەرلین شێـدارە و بە ڕەشـەبایـەکی توندەوە گـەمارۆی مرۆڤ لە هـەمـوو لایـەکەوە دەدات و زۆر بە ئاسانی زەفەری پێ دەبات.

لە بەرلینـی ڕۆهـەڵات دادەبەزین، بەپێ و بـەو سـەرمـایە لـەم شـەقـامـەوە دەڕۆین بۆ ئەو شـەقـام و یووا‌کـیـمـیـش بەدەم ڕێوە هـەر شـتـمـان بۆ باس دەکـات، کـە بەبـەردەم خـانـووبەرەیەکـدا دەڕۆین و یوواکیم ئامـاژەی بۆ دەکات و دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە برێخت لە سییەکاندا لەم لۆکاڵەدا یـەکێک لە شانۆنامـەکانی نمایش کـردووە، بەدەستەچـەپدا گـۆڕستـانێکی بەناوبانگە و گەلێ لە کـەسایەتییە گـەورەکـانی دنیـای ئەدەب، هونەر و سـیـاسـەت لێرەدا بۆ هـەتـا هـەتایە چاویان لێک ناوە. دواتر لە بەردەم کتێبخانەیەکی گەورەدا هـەڵوێستـە دەکات و دەڵێت: (ئـەم کتێبـخـانـەیە ناوەندێکی گـرینگی کولتووریی بوو لە ڕۆژە توندوتیژەکانی بەرلینی ڕۆهـەڵاتدا).

شـەقـامـەکـان چۆڵ و هۆڵن، بـەڵام زۆر جـوانـن و بەئاشکرا دیارە کـە چێـشـتـخـانـە و باڕ و قـاوەخـانەکان ناکـەونە ئـەم ناوچانەوە. ناچار بەدەم قسـەوە خـۆمـان گـەرم دەکـەینـەوە، لەپڕ هـەست دەکـەم کـە زۆر خـێـرا دەڕۆین بەڕێوە، هـەروەک ئەوەی کـەسـێک ڕاومـان بنێت، لە سـەرمـادا خـێـرا دەڕۆین و هـەر باسـی شـانۆش دەکـەین. لەپڕ دەچینە سـەر شـەقـامێکی تر، زیاتر خـەڵک بەدەرەوەن، ماوەیەکی تر دەڕۆین و لەپڕ هـەروەک قارچکێکی هـەڵتۆقیو، باڕ و چێشتخانەیەک دەبینین. شوێنێک بۆ حەوانەوە، خۆگەرمکردنەوە و قاوەڵتییش[٨].

## بەرازێکی کلاسیکی

شوێنەکە ناوی Sophieneck ە و مۆرکێکی تایبەتی ئەڵمانی لەخۆدەگرێت. دەرگاکانیان باش گرتووە و سەرما نایگرێتەوە. هەر کە دەچینە ژوورەوە دەست دەکەین بە خواردنەوەی بیرەی ئەڵمانی و داوای خواردنیش دەکەین. یوواکیم لیستی خواردنەکانمان کە بە ئەڵمانی نووسراوە، بۆ دەکاتە سوێدی و پێشنیاری ژەمەکەشمان بۆ دەکات.

یوواکیم لە بەرلین زۆر ژیاوە، زمانی ئەڵمانی خوێندووە و شارەزاییەکی باشیشی لە شانۆی ئەڵمانیدا هەیە و چاوساغمانە. من جۆرە خواردنێکی گرانی زۆر تایبەتی بەرلین داوا دەکەم: کە خواردنەکەم بۆ دەهێنن تووشی ڕاچڵەکان دەبم، پارچە گۆشتێکی گەورەی بەراز بە کوڵاوی لەگەڵ تۆزی پەتاتە و سەوزە. ڕوخسارم بە تەواوی دەگۆڕێ، هاوڕێکانم پێ دەکەنن. خواردنەکە ناخۆش دیارە و دڵم تێکەڵ دێت، بەڵام زۆرم برسییە و برسێتییش شەرمی لە کەس نییە و ڕەگی هاریی پێوەیە.

هەرچۆنێک بێت دەڕواتە خوارەوە، بەڵام زۆر بە زەحمەت. یوواکیم بە پێکەنینەوە دەڵێت (ئەمە نوکتەیەکی خۆشە!) بۆ من ئەم بەرازە بەرلینییە بووە یەکەم سەرگوزشتە و یەکەم ویستگەی ئەم گەشتە هونەرییە.

## هێدا گابلەر

بەوپەڕی خۆئامادەکردنەوە چاوەڕوانی نەمایشەکەی ئەمشەوم. هێدا گابلەری هینریک ئیبسن و لە ریزی یەکێک لە ریژیسۆرە گەورەکانی ئەوروپا: تۆماس ئۆستەرماینەر.

لە میوانخانەکەوە بەپێ بەرەو شانۆکە بەڕێ دەکەوین، تەنیا چارەکە سەعاتێک دوورە و گوێ بە سەرما نادەین. بەدەم ڕێوە تەماشای شوشەی جامخانەکان دەکەین، دوو و دوو سێ سێ بەکۆمەڵ دەڕۆین و باسی هێدا گابلەر دەکەین. من هێندە نابێ هێدا گابلەرم لەسەر شانۆی شار لە ستۆکهۆڵم بینیوە، نمایشێکی دانسقە و وانەیەکی گەورەی هونەری ریژی و نواندن بوو.

زۆر جار ڕەخنەگرە سوێدییەکان بەتایبەتی دێنە بەرلین تا نمایشەکانی تۆماس ئۆستەرماینەر ببینن، کارەکانی هەڵدەسەنگێنن و وەک یەکێک لە ریژیسۆرە گەورەکانی ئەم سەردەمەی ئەوروپا ئاماژەی بۆ دەکەن.

هەر کە شانۆنامەکە دەست پێ دەکات، نمایشەکە شێوازێکی سێ مەودایی، یان سێ پانتایی دەخاتە ڕوو، سینۆگرافیا زۆر بە سەلیقە و دیقەت بنیاتنراوە و لە هەمان کاتدا شێوازێکی جوان لەخۆ دەگرێت. بەتایبەتی ئەو هەموو ئاوێنانەی کە بە بنمیچی سەر پانتایی شانۆکەوە و بە شێوەیەکی لار هەڵواسراوە. ئاوێنەکان پارچەی زۆر گەورەن و بە تەنیشت یەکەوە قایم کراون.

هەوالنامەی کێتیر

بەمەش وێنەیەکی گەورەی درزتێکەوتووی دروست کردووە، ئەمەش هەر لە دەسپێکی شانۆنامەکەوە دەبێتە هێماگەلێکی ئەو کارەکتەرە تێکشکاوانەی کە لە شانۆنامەکەدا هەن. هەر لەم ئاوێنانەوە، بینەران دەتوانن پشتەوەی شانۆ، لە هەمان کاتدا هەموو هەڵسوکەوت و جوڵانەوەیەکی ئەکتەرەکانیش لە دەرەوەی سەر شانۆ و لە پشتەوە بە ئاسانی ببینێت.

ئەکتەرەکان بەردەوام لەژێر چاودێریی بینەراندان، تەنانەت کە لەسەر شانۆش دەچنە دەرەوە، بینەران بە شێوەیەکی بەردەوام هەموو شتەکان دەبینن، بەڵام ئەکتەرەکان خۆیان تەنیا ئەو ئەکتەرانە دەبینن کە لەسەر شانۆ ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، ئەوان لە کارەکتەرەکانیاندا، لە جیهانە تایبەتمەندەکانی خۆیان و لە ئێستادا دەژین.

لەسەر شانۆش بە دەرگە و دیواری شووشەیی ژوورەکان و پانتاییەکانیان جیا کردووەتەوە. هەندێ جار ئەکتەرەکان لە پشت دەرگە داخراوەکانەوە، لەودیو دیوارە شووشەییەکانەوە قسە دەکەن و زمانی ئاماژە و جەستە بەکار دەهێنن، ئێمەی بینەرانیش کە لە دەرەوەی ئەو ژوورە داخراوانەوە دانیشتووین، گوێمان لە هیچ نابێت و تەنیا جەستە و دەربڕینی دەموچاو و سیمایان دەبینین و دەخوێنینەوە. ئەم دیمەنانە بارێکی چاوەڕوانی، چاودێری و پڕ لە هەست و سۆز لەلای بینەران دەخوڵقێنێ. هەر یەکە لە ئێمە و بەپێی بۆچوون و تێگەیشتنی خۆمان قسەکانی ئەو کارەکتەرانە لێک دەدەینەوە، بەتایبەتیش لە یەکێک لە دوا دیمەنەکانی نمایشەکەدا، هێدا و بەراک لە بارێکی گرژ و هەڵچوودا لە پشت یەکێک لە ژوورە داخراوەکانی ماڵەکەی هێدا دا قسە دەکەن و بە گژ یەکتردا دەچنەوە. ئێمە ئەکتەرەکان بەردەوام لە دیدگای جیاوازەوە دەبینین، بەڵام بینەرانیش بە شێوەیەک لە شێوەکان لەسەر شانۆ و نێوان ژوورەکان و ماڵەکەی هێدا و تێسمانی مێردیدا، لەناو ئاوێنەکاندا ڕەنگ دەدەنەوە و دەردەکەون.

نمایشەکە سەربەستییەکی ڕەها دەبەخشێتە بینەران تا ئەو وێنانە هەڵبژێرن کە خۆیان دەیانەوێت بیبینن. ئەگەر لە سەرەوە بڕوانینە سەر شانۆکە، سینۆگرافیاکە وێنەی خاچێکە و هەموو کارەکتەرەکانی پێدا هەڵواسراوە. شانۆنامەکە زۆر کورت کراوەتەوە و دیدگایەکی مۆدێرنی لەخۆ گرتووە و لەگەڵ ئەم ڕۆژگارەدا گونجێنراوە، بۆ نموونە یۆرگن تێسمان و ئێلێرت لۆڤ بۆری، لەبری دەسنووسەکانیان کۆمپیوتەری دەستیان پێیە و لە کۆمپیوتەرەکانیانەوە تێکستەکانیان دەخوێننەوە.

یەکێک لە دیمەنە بەرزەکانی ئەم خوێندنەوە جیاوازە ئەوەیە کە هێدا گابلەر دەسنووسەکەی ئێلێرت دەسووتێنێ، بەڵام لەم نمایشەدا لە کۆمپیوتەرەکەدا هەڵگیراوە، لەبری ئەوەی بیسڕێتەوە، کۆمپیوتەرە دەستییە مۆدێرنەکە بە چەکوشێکی کۆنی گەورە و لە حاڵەتێکی هەڵچوونی دەروونیدا، هەلا هەلا دەکات. بەو شێوەیە دەیەوێت بە تەواوەتی ئاسەواری دەستنووسەکە نەهێڵێت، چەکوشە کۆنەکە و کۆمپیوتەرە مۆدێرنەکەش دەبنە هێما و وینەگەلێکی بەرجەستەکراو کە چۆن ئامرازە کۆنەکان شتە نوێ و مۆدێرنەکان لەناو دەبەن.

ریژیسۆر ڕووداوەکانی لە کەشوهەوای خێزانێکی بۆرژووازی ئەڵمانیدا بەرجەستە کردووە، کارەکتەری ئێلڤێستێد، کە دەستە خوشکێکی دێرینی هێدا گابلەرە، بێ دەسەڵات، لاواز و بێ ئیرادەیە و هەردەم لە هێدا دەترسێ و زۆرجار هێدا هێرشی بۆ هێناوە، لە نمایشەکەدا ئەم کارەکتەرە ترسنۆکە شانۆنامەکەی بە دەستەوەیەوە و دەیخوێنێتەوە، ڕۆڵەکەی خۆی ئەزبەر نییە و بە ترس و لەرزەوە بەسەر شانۆکەدا دەڕوات. من و یوواکیم پێمان وایە کە ئەمە خوێندنەوەی ریژیسۆرەکەیە و بەم شێوەیە دەیەوێت گوزارشت لە دەروونە لاواز و ترسنۆکەکەی ئێلڤێستێد، بەرامبەر بە هێدا گابلەر بکات.

هێدا گابلەر گەمەی دەسەڵات دەکات، لە هەمان کاتدا یاری بە هەست و سۆزی کەسایەتییەکانی تر دەکات و هەموویان هەڵدەسوڕێنێ و بەم شێوەیەش تێکڕای ڕووداوەکان بەم کارەکتەرە سەرەکییەوە بەستراوەتەوە. هەستی خۆشەویستی، حەزێکی شەهوانی بۆ هەموو کارەکتەرە پیاوەکان، جگە لە مێردەکەی خۆی دەردەبڕێت. مێردەکەی (کە تازە لە مانگی هەنگوینی گەڕاونەتەوە) بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدات دەرگەکان بکاتەوە، بەڵام هێدا گابلەر دایان دەخات، ئەم ئاراستە پێچەوانەیەش دەبێتە جوڵانەوەیەکی ڕیتمئامێزی هێماگەلی پێوەندییەکانی نێوان ئەم دوو کارەکتەرە. تەنیا شتێکی زیندوو لەسەر شانۆ ئەو چەپکە گوڵە سپییانەیە کە لێرە و لەوێ لە سووچەکانی ژوورەکەدا دانراون. گوڵەکان شێوازێکی گۆڕستان ئاساشی لەخۆ گرتووە و بەپێی داوونەریتی ئەم وڵاتانە، دوای بەخاک سپاردنی کەسێک، کەسوکارەکەی ئەو چەپکەگوڵە سپییانە کە هاتوون، لە گۆڕستانەکە، لێرە و لەوێ بڵاو دەکەنەوە.

هێدا گابلەر هەردەم گەمە بە دەمانچەکانی دەکات، ئەمەش هێماگەلێکی ئەو کارەکتەرە بەهێزەیە، دەمانچە لێرەدا دەبێتە هێزێکی سەربازی، شەیتانی و دەسەڵات. بۆ تاقیکردنەوەی دەمانچەکانی، گوڵەکان، گوڵدانەکان دەکاتە نیشانە و هەموویان دەشکێنێ و بەمەش تاکە بەهای جوانی لەسەر شانۆ، لە ماڵەکەدا دەکوژێت. ئەمە گەمەی ژیان و مەرگە. لە دیمەنی کۆتاییشدا، هێدا گابلەر کۆتایی بە ژیانی خۆیشی دەهێنێ و لەناو پەڕە و نووسراوە بە جێماوەکانی ئێلەردا، لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێ. هێدا و ئێلەر زۆر شت کۆیان دەکاتەوە، بۆ نموونە لەوەوبەر پەیوەندییەکی خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبووە، خۆشەویستییەک کە هەرگیز ئێلەر نەیتوانیوە لێی ڕزگار بێت. لەبەرئەوەی نووسراو و نامە و لاپەڕە بچووکەکانی ئێلەریش ماون، دەتوانرێت شاکارەکەی لە ونبوون ڕزگار بکرێت، بەم شێوەیە خۆیشی و بەرهەمەکانیشی بە نەمری دەمێننەوە.

ریژیسۆر لە دەروازەی ڕێگەچارەیەکی هەمەلایەنەوە، سەرەتا بینەران، وەک لە شانۆنامەکەدا نووسراوە، هێدا بە مردوویی نابینن، بەڵام دوا جار و لە کۆتاییدا و لە ڕوانگەی تەکنیکی خولانەوەیەکی بەردەوامی شانۆکەوە، جەستە بێ گیانەکەی هێدا، خلتاو لە خوێندا لەناو پەڕە کاخەزە بەجێماوەکانی ئێلەردا دەبینن. خولانەوەی شانۆکەش لە یەک کاتدا هەموو ژوورەکان، هەموو ئەکتەرەکان و بەرئەنجامەکەش لەلای هەریەکە لە کارەکتەرەکان بۆ بینەران دەخاتە ڕوو.

## هێدا گابلەر

شیکردنەوەی نمایش

ڕۆژی دواتر لە کاتژمێری[9]ی سەرلەبەیانییەوە، هەمووماان کۆ دەبینەوە تا باسی نمایشەکە بکەین، هەوڵ دەدەین کۆدەکانی شی بکەینەوە و خوێندنەوەیەکی تایبەتمەندمان بۆی هەبێت.

هەموو گفتوگۆکانمان بە دەوری سێ خاڵدا دەسووڕێتەوە بە بێ هیچ هەڵسەنگاندنێک. ئەو سێ خاڵەش بریتین لە: گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نمایشەکە، دەستنیشانکردنی شتە بینراوەکان، ئەوەی کە بینیوتە بیخوێنەوە و هەر لەسەر ئەو بنەوایە شیکردنەوەیەکی تایبەتی بۆ بکە. مرۆ دەتوانی لەنێو پرسەکانی ژیاندا ڕەنگدانەوەی شانۆنامەکە: مەسەلە ڕامیارییەکان و پێوەندی و پرسە کۆمەڵایەتییەکان و بەستنەوەی بە کۆدەکانی ناو کۆمەڵگەوە ببینێ. بەپێی ئەم مۆدێلە هیچ شتێک هەڵە یان ڕاست نییە. مرۆ دەتوانێت بەپێی بۆچوونی خۆی و ئاستی بیرکردنەوەی، هەموو شتێک سەبارەت بە نمایشەکە بڵێت، هەموو گفتوگۆکانیش لە خودی نمایشەکەوە سەرچاوە دەگرێت، نەک بە تێکستەکەوە.

نمایشێکی شانۆیی تەنیا کارێکی هونەری نییە، بگرە ژیان خستنە سەر شانۆیە، کردنەوەی کۆدەکانە، پێوەندییەکانە و زمانی جەستەش وێنەیەکی باڵایە لەتێکڕای ئەو پرۆسە چڕ و گران و هەمەلایەنەدا. ئەوەی ئێمە بینیمان پانتاییەکی گەورەی ڕەشە، لەم پانتاییەدا ژوورێکی ئاسایی و بە دیزاینێکی مۆدێرن بەرجەستە کراوە، لە هەمان کاتدا وێنەیەکی ئەبستراکتی سارد، بلۆک ئاسا، قاییم، زیاتر لە شوێنێکی جێهێڵراو دەچێت. لە پشت ئەم وێنە جەڕدراوەوە جیهانێکی تر و وێنەیەکی تر هەیە، واقیعێکی تر خۆی حەشار داوە، واقیعێکی تر کە هێدا گابلەر و یۆرگن تێسمانی مێردی تێیدا دەژین. ژوورەکە دەبێتە هێماگەلێکی بەندیخانە. توندکردن و شاردنەوە و گلدانەوەیەک، دەستنانە بینێک بە مانا سایکۆلۆجییەکەی لە پشت ئەم ژوورە مۆدێرنەوە هەیە و لەوێدا هەر هەموویان بەند و پاسەوانن: بەندی یەکتر و لە هەمان کاتدا پاسەوانی یەکتر! ئەو ژوورە مۆدێرنە و هەموو سەر شانۆکە هێدی هێدی و لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕووداوەکانی شانۆنامەکە، پیستر و پیستر دەبێت و پشێوییەکی بەرچاو ژوورەکە دەگرێتەوە. لە ڕاڕە و و دەروازەی شانۆکەدا و بەرلەوەی بینەران بێنە ناو خودی هۆڵی شانۆکەوە، لەسەر شاشەی گەورە و لە چەند شوێنێکی جیاوازدا هەندێ پارچە فیلم بەبەردەوامی پیشان دەدرێ. فیلمەکان بەرجەستەیەکی چەندان بارودۆخی کۆمەڵگەی ئەڵمانین و هەمان ئەم فیلمانە تێهەڵکێشی ڕووداوەکانی شانۆنامەکە کراون و بەشێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو لەگەڵ ئەکتەرەکان و ڕووداوەکانی شانۆنامەکەدا پێکدا دەچن. ئەمەش ئامادەکردنی بینەرانە، بەر لە چوونە ژوورەوە بۆ بینینی نمایشەکە.

لە کاتی گفتوگۆ و ڕاڤەکانماندا، زۆر باسی سینۆگرافیا و پانتایی ژوورەکان دەکەین کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بوونەتە جوڵێنەری هەموو نمایشەکە. بۆ نموونە ئەو بنمیچە لە ئاوێنە

دروست کراوە لارە وای کرد کە ئێمەی بینەران بەشێوەیەکی بەردەوام ئەکتەرەکان لەسەر شانۆ و لە دەرەوەی تەختەی شانۆکەدا ببینین. لە ئاوینەکانەوە سەر تەختەی شانۆ بەو وێنانە دەچێت کە لە ئاسمانەوە و لەناو فرۆکەیەکەوە گیراوە. سینۆگرافیا و ئەو بنمیچە ئاوێنەییە، ڕەنگدانەوەیەکی ڕووە جیاوازەکانی حەقیقەتە.

لەو ئاوێنانەدا یەک ڕاستی نییە، بگرە چەندان ڕاستی دەجولێنەوە و ئێمەی بینەرانیش هەموو ژوورەکان دەبینین و هەریەکەشمان دەتوانێت ڕەوشەکان، یان ئەو ڕاستییەی کە مەبەستمانە ببینین و هەڵی بژێرین. چەندان شوێن و چەندان ڕووداو هەن.

هێدا گابلەر لە فۆرم و شێوازێکی ڕیالیزمی باڵادا کاری تێدا کراوە، بەڵام لە بنەوایەکی مۆدێرن و ئێستاتیکایەکی بەرز و دیدێکی هاوچەرخانەوە. زمانێکی جەستەی هەستپێکراو لەگەڵ تۆڕی پێوەندییەکاندا تێکەڵاو دەبێت و کارەکتەرەکان لە هوروژمی دیالۆگ و وتووێژەکانیاندا ڕووبەڕووی یەکتر دەکاتەوە و بەم شێوەیەش بەرجەستەی وێنەی کۆمەڵگەیەکی پۆست مۆدێرن، ئەو پرۆسە ڕیالیزمە دەستەبەر دەکات. هێماگەلێکی واقیعییانە یان وێنەیەکی مەجازی و بە شێوازێکی نوێ بەرجەستەی چەمکەکانی ریالیزم لە سرکتوری شانۆنامەکەدا دەکات.

## گەلەری بەرلین

پاشماوەی بەفرەکە بەسەر شەقام و شۆستەکانەوە بەستوویەتی، بە ئاسانی دەتوانیت ڕەنگدانەوەی وێنەی خۆت بەسەر شەختەی ڕێوبانەکانەوە ببینیت، کزەبایەکی ساردیش لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی مرۆڤ دەدات. هەرچۆنێک بێت خۆمان دەگەیەنینە ویستگەکە و لەوێوە بە شەمەندەفەر دەڕۆین بۆ گەلەری بەرلین. هەر لە دەروازەی خانووبەرەکەوە دەزانرێت کە گەلەرییەکە تازە نۆژەن کراوەتەوە، دیوارەکانی، ئەرز و تەنانەت ساپیتەکەش سپیین و هۆڵەکان زۆر گەورەن. ئەو هونەرەشی کە لێرەدا پێشان دەدرێت مۆدێرنە، بەڵام بەشێکی گەورەش لە تابلۆ بەناوبانگەکانی بیستەکانی سەدەی ڕابردووشی تێدایە. لە نهۆمی خوارەوە، لە یەکێک لە هۆڵەکاندا چەندان وێنەی فۆتۆگرافی گەورەی ناو شاری بەرلین، لە دوا ڕۆژەکانی شەڕی جیهانی دووەمدا خراونەتە ڕوو، نهۆمی سەرەوەش کۆمەڵێک تابلۆی دانسقەی سوریالیزمەکانی بیستەکان لەخۆ دەگرێت.

جەنگ ئامادەییەکی گەورەی هەیە، تەنیا لەم مۆزەخانەیەدا نا، بگرە ئاسەوارەکانی شەڕ و کاریگەرییە توندوتیژەکانی شەڕ بە هەمو شارەکەوە دیارە، بۆ نموونە ئەو کڵێسایەی کە بەتەواوەتی لە کاتی شەڕدا بۆمباران کراوە، بە ڕووخاویی وەک یادەوەرییەکی تاڵی ئەو ڕۆژانە پارێزراوە، هەندێ لەو دیوارە بەرزانەی کە گوللەباران کراون و تا ئێستاش شوینی ئەو گوللانە وەک تابلۆیەک پارێزراون و نۆژەن نەکراونەتەوە، بێگومان دیواری بەرلینیش بە بەردەوامیی ئاکامەکانی ئەو شەڕە و شەڕی ساردمان بیر دەخاتەوە. لە گەلەرییەکەدا چەندان فیلمی ئەبستراکت، بە شێوەی تابلۆ کە

مۆتیڤەکانی لە واقیعەوە هێناوە، پێشکێش دەکرێت.

لە یەکێک لە هۆڵە گەورەکاندا سەدەها وێنە و ئەفیشی کۆنی شانۆ و فیلمی سینەمایی هەڵواسراون، وێنەکان بە شێوەیەک لەگەڵ یەکتریدا دەدوێن کە مێژووی شانۆ و سینەما تێکەڵاو دەکات و لە هەمان کاتدا دەروازەیەکی واشیان بۆ ئاوەڵا دەکات تا پێکەوە بدوێن.

هاتینە دەرەوە، برسیمانە و بەپێی ئەو نەخشەیەی کە بەدەستمانەوەیە، چێشتخانەیەکی رۆهەڵاتی لەم نێزیکانە هەیە، لەبەرئەوە بڕیارمان دا بەپێ بڕۆین بۆ ئەوێ تا نانی نیوەڕۆ بخۆین. لەبری نانخواردن لە شەقامە یەک لە دوای یەکەکاندا ون بووین، بەو سەرمایە هەر دەڕۆین و دەڕۆین، نە چێشتخانە، نە ویستگەی پاس و شەمەندەفەر، نە قاوەخانە و نە بارێکمان نەدۆزییەوە و لەبری ئەوە لەگەڵ سەرماکەدا دەجەنگین و بە نوکتە و قسەی خۆش هەوڵ دەدەین خۆمان گەرم بکەینەوە.

## ئۆپێرای دوازدە شیلینگ لە بەرلین ئەنسێمبل

ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە شانۆی بەرلین ئەنسێمبل و خەڵکێکی زۆر ڕژاونەتە شانۆکەوە، من بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٥ دا شانۆنامەی ئۆپێرای دوازدە شیلینگی برێختم لە یەکێک لە ژێرزەوینەکانی لەندەندا بینی، گرووپێکی بچووکی ئەزموونگەر ئەو شانۆنامەیەیان لەسەر شانۆیەکی بچووکی ناوچەیەکی لاچەپی شاری لەندەندا نمایش کرد. بەڵام شانۆنامەکە بۆ یەکەم جار لە سەدەی ڕابردوودا نمایش کراوە و لە ستۆکهۆڵمیش بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٩ دا پێشکێش کراوە[١٠].

ئەم شانۆنامەیە نە ئۆپێرایە و نە ئۆپەرێتیشە، بگرە تێکەڵەیەکە لە شێوازێکی تایبەتمەندی ئۆپێرا و ئۆپەرێت و مۆسیکاڵە، مۆسیقاش رۆڵێکی تایبەتمەند و وزەیەکی گەورەی ئەم شانۆنامەیەیە. کە برێخت ئەم شانۆنامەیەی نووسیوە تەمەنی تەنیا سی ساڵ بووە، کورت ویلی کۆمپۆسیتۆر یش تەمەنی بیست و هەشت ساڵ دەبێت. برێخت بەشێکی زۆری تێکستەکانیشی لەکاتی پرۆڤە و ڕۆژانی خۆئامادەکردندا دەنووسێ و هەر لە دووتوێی پرۆسەی کار و بەرهەمهێنانی نمایشەکەشەوە پرۆژەکە ناوی ئۆپێرای دوازدە شیلینگ لەخۆ دەگرێت.

کارەکتەری (پۆلی) ڕۆڵێکی گرینگ و ناوەندێکی بەهێزی ئەم شانۆنامەیەیە، وەک وزەیەکی بەتین کارەکتەر و ڕووداوەکانی ئەم ئۆپێرایە بەرەو پێشەوە دەبات. پۆلی وەک هێڵێکی سوور وایە کە بەناو هەموو شانۆنامەکەدا ڕەت دەبێت و کەسایەتییە گرینگەکان و ڕووداوەکان پێکەوە گرێ دەدات.

ڕۆبێرت ویلسۆن ریژیسۆری شانۆنامەکەش، لە بنەواکانی دیدی ریژی و بۆچوونەکانییەوە دووپاتی ڕۆڵی پۆلی دەکاتەوە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گرینگی پێ داوە. بۆ نموونە تەنها پۆلی

جلوبەرگی سپی لەبەردایە و هەموو کارەکتەرەکانی تر ڕەشپۆشن. بەڵام کە پۆلی شوو بە ماکی دەکات، ئەویش جلە سپیەکانی دەگۆڕێت و دەبێتە ڕەشپۆش و لە هەمان کاتدا لە کچێکی منداڵی پاکەوە دەبێتە ژنیکی خاوەن کۆمپانیا و دەسەڵات و هەر زوو دەخزێتە ناو جیهانە نادیار و ڕەشەکەوە.

ئەمەش هێماگەلێکی گەورەبوونی ئەم کارەکتەرەیە، لە کچێکی پاکیزەی گەنجەوە بۆ ئافرەتێکی پێگەیشتوو. زمانی جەستە هەر وەک ئاخاوتنی کارەکتەرەکان بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ دیاری کراوە. شێوازە ئێستاتیکییەکەی نمایشەکە لەژێر کاریگەریی سیستەمە بیومیکانیکییەکەی مایرهۆڵد ١٨٧٤– ١٩٤٢ دا بنیات نراوە. مایرهۆڵد بە شێوەیەکی جیاواز بە بەراورد لەگەڵ ستانیسلاڤسکی کاری کردووە، مایرهۆڵد گەرەکی بوو هونەرەکەی مەودایەکی بینین، بەرجەستەکراو لەخۆ بگرێت، واتە لە دیدێکی ئەزموونگەرییەوە نمایشەکانی بە شانۆ بکات، بەڵام ستانیسلاڤسکی بەپێچەوانەوە گەرەکی بووە شانۆکەی لە بۆتەیەکی نادیاردا، لە بەرگێکی ڕیالیزمیدا دروست بکات.

ڕۆبێرت یولسۆن لەم نمایشەدا توانیویەتی پێکهاتەیەکی تایبەتمەند بە گەڕانەوە بۆ فیلمە ڕەش و سپییە کۆنە بێدەنگەکان، چارلی چاپلن، شانۆی بوکەڵە، کابەرێ، شانۆی نوی ژاپۆنی و پیرفۆرمێنس تێکەڵاو بکات و وێنەیەکی تر پێک بهێنێت. ئەم فۆرمانەش لە نۆتەیەکی مۆسیقی بە دیقەت و تەواوەتیدا، بەشێوەیەکی مۆدێرن یان ڕاستتر پۆست مۆدێرندا بەرجەستە کراوە. وردەکارییەکان لە بەکارهێنانی ڕووناکی، کاریگەرییەکانی دەنگ، جەستە، ڕیتم فۆرمێکی قەشەنگی ئەبستراکت پێک دەهێنێ، فۆرمێک کە بە هیچ شێوەیەک بواری بۆ ڕێکەوت نەهێشتووەتەوە. ڕۆبێرت یۆلسۆن بینەران پەلکێشی واقیعێکی تر، جیاواز لەو واقیعەی کە تێیدا دەژین و هەستی پێ دەکەین، دەکات.

ستركتوری نمایشەکە لەسەر کۆمەڵێ فۆرم و ئەندازە بنیات نراوە، پانتاییی تەختەی شانۆ گەورە و بەتاڵە، بەڵام ڕۆبێرت یۆلسۆن ئەم پانتاییییە بەتاڵە بە ئەفسوونی ڕووناکی و وزەی ڕەنگەکان پڕ دەکاتەوە. بنەواکانی ریژی و ئەندازەی پانتایی و بزاڤی سینۆگرافیا لەسەر چۆنیەتیی ڕووناکی و بەکارهێنانی ڕەنگەکان پێک هاتووە و هیچ جێگەیەک بۆ پشێویی و خۆکردیی نەهێڵراوەتەوە.

ڕیژیسۆر بە بەردەوامیی جیهانێکی سارد و جیهانێکی گەرم دروست دەکات، ئەم دوو جیهانە ڕووبەڕووی یەکتر دەکاتەوە، تێکەڵاویان دەکات و هەندێ جار بوارێکی فراوان، مەرزێکی ئێستاتیکی و وەهمێکی هێماگەلی دەخاتە نێوانیانەوە. هەموو شتێک لەم نمایشەدا وەهمە، وەهمێکی هونەری و شانۆیی.

لە دیمەنی کۆتاییدا ژوورێکی بەشانۆکراو، تراديشۆنی دروست دەکات، پەردەکانی دیواری

چوارەم لەملاولای تەختەی شانۆکەوە بە ئاشکرا دادەنێت و چوارچێوەیەکی شانۆ ئیتاڵییە کۆنەکە دەبەخشێتە پانتاییە بەتاڵەکەی تەختەی شانۆ. کە هەموو شتێک تەواو دەبێت و شانۆنامەکە دەگاتە کۆتایی، پەردەکە لە نێوان بینەران و تەختەی شانۆدا دێتە خوارەوە و دابڕانە تەقلیدییەکە دروست دەکات، ئەو دابڕانەی کە بەهیچ شێوەیەک لەلای ریژیسۆرێکی پۆست مۆدێرنی وەک رۆبێرت یۆلسۆن جێگەی نابێتەوە. بەڵام رۆبێرت یۆلسۆن بەم کۆتاییە سترەکتورە کۆنەکەی شانۆ بەهەرچوار دیوارەکەیەوە، پۆست مۆدێرنە فۆرمە ئێستاتیکییەکەی و شانۆ داستانییەکەی برێخت لە یەک یەکە و لە یەک وێنە و لە یەک کاتدا کۆ دەکاتەوە.

دوێنێ شانۆی Schaubuhe و بە شانۆنامەی هێدا گابلەر جیهانێکیان لە وەهمێکی واقیعی دروست کردبوو، ئەمڕۆش رۆبێرت یۆلسۆن لە شانۆی بەرلین ئەنسێمبل هەموو دیوارەکانی وەهم و واقیعی تێکوپێک شکاندووە و لە ڕوانگەیەکی پۆست مۆدێرنی ئەبستراکتەوە ئۆپێرای دوازدە شیلینگی خوێندەوە.

## دەقەلایەک بۆ دروستکردنی پرۆژەیەکی هاوبەش

بەفرەکە خۆشی کردووەتەوە، هەتاوێکی شەرمن سەرەتاتکێیەتی، بەڵام هەوایەکی سارد سەری بە هەتاوەکە نەوی کردووە و خەڵکەکە زۆر بە خێرایی بەسەر شەقامەکاندا ڕێ دەکەن. لەبری ئەوە قاوەخانەکان جمەیان دێت و چوار چوار و پێنج پێنج لە دەوری مێزەکان کۆبوونەتەوە و کە سەر دەکەیت بە هەر قاوەخانەیەکدا هالاوی دەم و هەوایەکی گەرم و بۆنی ئارەقەی جەستەی مرۆڤ، وەک سیرێکی ترشاو بە دەم و لووتتدا دەچێت. دوای نیوەڕۆ بە شەمەندەفەر من، میکائیل، فیکرەت و ئانی خۆمان گەیاندە یەکێک لەم قاوەخانانە و لەوێ ئانا ریندەرمان بینی. ئەم ئافرەتە سوێدییە و بۆ ماوەی دوو ساڵە لە بەرلین دەژی. ئانا ریندەر لە ستۆکهۆڵم پرۆژەیەکی دامەزراندبوو بەناوی (پاڵەوانانی شەرەف) بە تایبەتی بۆ خەڵکی بیانی تا بتوانن بەر بەو تاوانانە بگرن کە بەناوی شەرەفەوە ڕوو دەدەن، بە هانای ئەو کچانەوە بچن کە دووچاری گرفتی خێزانی دەبن، هاوکاتیش رووبەرووی هەموو جۆرە هەوڵێکی رەگەزپەرستیش ببنەوە. ئەم خانمە لەوەوبەر لەگەڵ میکائیل کۆک، ریژیسۆر و بەرپرسیاری شانۆکەمان کاری کردووە و لە نێزیکەوە یەکتر دەناسن، میکائیل ئێمەی پێ ناساند و ئەویش ئەکتەر و ریژیسۆرێکی کوردی باکوری لەگەڵدا بوو. ئەم دووانە پرۆژەیەکی هاوشێوەیان لە بەرلین و بە یارمەتی مادیی سوێد دامەزراندووە. ئەوان هەوڵ دەدەن لە قوتابخانەکاندا و لە نێوان قوتابییە بیانییەکاندا زەوینەی کارکردن بدۆزنەوە. شانۆ و ئامرازە پێداگۆگییەکان کەرەسەیەکی گرینگی ئەم پرۆژەیە بۆ تێکەڵاوبوون و خولقاندنی کاری شانۆیی و دروستکردنی متمانە و ئەتمۆسفێرێکی پڕ لە دڵنیایی.

لەگەڵ ریژیسۆرە کوردەکەدا دەکەوینە قسە و ئەو قسەکانی من دەکاتە ئەڵمانی و منیش قسەکانی ئەو دەکەمە سوێدی و هەر زۆر زوو لە یەکتر حاڵی دەبین. مەبەستی ئێمە ئەوەیە کە

بتوانین کەناڵێکی هاوبەش و هاوکاری بدۆزینەوە، بۆ نموونە بتوانین سێ وڵاتی ئەوروپایی، سوێد، ئەڵمانیا و وڵاتێکی تر پێکەوە لە پرۆژەیەکی هاوبەشدا کۆ ببینەوە. بۆ وڵاتی سێیەم بیرمان لە فرەنسا یان ئینگلستان کردەوە. بیرۆکەکەش وەهایە کە ئەم سێ وڵاتە و بە شێوەیەکی هاوتەریب کار بکەین و دواتر لە یەکێک لەم وڵاتانە کۆ ببینەوە و بەرئەنجامەکانمان بۆ یەکتر پێشکێش بکەین، یان ئەوەتا پێکەوە پرۆژەیەکی هاوبەش دامەزرێنین.

گفتوگۆکانمان چڕ و جێگەی سەرنج و بایەخن، شانۆ و شانۆیەکی پێداگۆگی لە چەقی ڕووداو و گفتوگۆکانماندایە و بە ڕوونی وزە و تواناکانی شانۆ دەبینین کە دەتوانێت چ ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت، بەتایبەتی بۆ یارمەتیدان و دروستکردنی جیهانێکی تایبەتمەند و دەستگرتنی ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی پلاتفۆرمە فەرمی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانەوەن.

دوای ئەم کۆبوونەوەیە من و فیکرەت و میکائیل بەرەو شانۆی گەل دەکەوینە ڕێ، لە ڕێگەوە دەچین بۆ چێشتخانەیەکی ڤێتنامی، زۆرمان برسییە و پەلەشمانە. نێزیک چێشتخانەکە شەقامێکی سەرەکی هەیە و سێ شەقامی تر و بە سێ ئاراستەی جیاوازدا لە شەقامە سەرەکییەکەوە جیا دەبێتەوە. کە سەر بەرزدەکەمەوە هەزاران باڵندەی ڕەش بە ئاسمانەوەن. خانووبەرە بەرزەکانی سەر شەقامەکان و لە بەردەم ئاسمانێکی شینی تۆخ و هەندێ تاریکدا بوونەتە کالوسی فیلمێکی سینەمایی. دیمەنەکە بە خانووبەرەکانییەوە، بە ئاسمانە تاریک و شەقامە پان و بەرینەکانییەوە و بەو هەموو باڵندە ڕەشەوە فیلمە بەناوبانگەکەی هێتشکۆکم دێنێتەوە یاد. باڵندەکان بە پۆل لەم سەربانەوە دەفڕن بۆ ئەو سەربان و پەڵە ڕەشی گەورە بە ئاسمانە تاریک و ڕووناکەکەوە دروست دەکەن. دیمەنەکە زۆر سەرنجم ڕادەکێشێ، کامێراکەم دەردەهێنم و دەمەوێت چەند وێنەیەک بگرم، هیچ وێنەیەکم بۆ ناگیرێت، کامێراکە مانی گرتووە و ئاستی ڕووناکییەکە ڕێگە بە عەدەسە و زومی کامێراکە نادات. لەمبەری شەقامەکەوە ڕادەکەمە ئەوبەری شەقامەکە و هەوڵ دەدەم بە ئاراستەی باڵندەکانا ڕابکەم، بەڵام بەبێ هیچ ئەنجامێک. ئەفسوونی سروشت زۆر لە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و کامێرای دیجیتاڵ بەهێزترە، لەبری ئەوە باڵندەکان ڕیقنە دەکەن بەسەر کڵاوەکەم و سەرشانی چاکەتەکەمدا، فیکرەت پێ دەکەنێ و دەڵێت: ئەوە مانای شانسێکی باشە.

## فرانک کاسترۆف

فرانک کاسترۆفی ریژیسۆر لە شانۆی گەل بینەرەکانی دەورووژێنێ و تووڕە دەکات. ئەم هونەرمەندە لەسەر پلاتفۆرمێک کار دەکات کە گەرەکییەتی هەموو پرەنسیپە چاوەڕوانکراوەکان بشکێنێ و لەبری ئەوە هەتا ئاستێکی قووڵ و بەرفراوان هەستی تووڕەبوون و ناڕەزایی لە ڕێگەی وروژاندنەوە لەلای بینەرەکانی دروست دەکات.

فرانک کاستروٚف هەندێ جار دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگوریشەکان و هەڵکۆڵینێکی سەراپاگیر لە مێژوودا دەکات و بە تەکنیکێکی تایبەت بە کاستروٚف، مێژوو دەگێڕێتەوە. ئەم هونەرمەندە بە شانۆکردنێکی، شانۆیەکی فیزیکی دەستەبەر دەکات، وێنە و تەختەی شانۆکە واقیعییە، بەڵام هونەری نواندن لە مەداری جیهانە فیزیکییەکەیدا، زۆر دوور لە پرەنسیپەکانی شانۆیەکی سایکۆلۆجی ڕیالیزمەوە دەسوڕێتەوە. لێرەدا واقیع فۆرمێکی خەونئامێز و هەندێ جاریش سوریالیزمی لەخۆ دەگرێت. ئەم شانۆیە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی بەرلین، کە دەچێتە ناو شانۆکەشەوە (شانۆی گەل) هەست دەکەیت لەناو خانووبەرەیەکی کۆنی سەردەمی کۆمۆنیزمدایت. ئەتموٚسفێرەکەی بۆنی یەکەتی سۆڤیەتی جارانی لێ دێت، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ شانۆکانی تری بەرلین، بلیتی چوونە ژوورەوە هەرزانترە. ئەم شانۆیە بووەتە ماڵێک بۆ قوتابی و هەژارەکان بە ئاسانی دەتوانن بچنە ژوورەوە و خۆیان گەرم بکەنەوە و ژەمێکی ساکاری هەرزانیش بخۆن، بەبێ ئەوەی کەس بیانکاتە دەرەوە.

کە دەچیتە ناوەوە، تەختەی شانۆکە ئێجگار گەورەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا سوواو و داڕوخاوە و بە بەراورد لەگەڵ شانۆکانی تردا پیسیشە.

شانۆکەی فرانک کاستروٚف لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ کات و شوێندا سەربەستە، بە شێوەیەکی ئازاد و بەبێ هیچ بەربەستێک لەناو مەوداکانی کات و شوێندا دەسوڕێتەوە و لە چاوتروکانێکی نەمایشەکانیدا، زەمەنێکی تایبەتمەند دەخوڵقێنێ.

فرانک کاستروٚف لە بەرلینی رۆژهەڵاتی سەردەمی دیواری بەرلیندا کاری لە شانۆیەکی ڕامیاریدا کردووە، نەمایشەکانی هەموو کات قەدەخە کراون، ئەم قەدەخەکردنەش مۆرکێکی تایبەتمەندی بەم ڕیژیسۆرە بەخشیوە و شانۆکاران، ڕەخنەگران و تەنانەت بینەرانیش بە پەرۆشەوە ویستویانە کارەکانی ئەم ڕیژیسۆرە قەدەغەکراوە ببینن. چەمکە سیاسی و گەڕانەوە بۆ مێژوو و گەمەکردن بە پرەنسیپ و پرسە قەدەخەکراوەکان و لە ڕێگەی تەکنیک و فۆرمێکی بێزارکەر و وروژاندنەوە، وای لە دەزگا سیاسی و بەرپرسەکان کردووە کە ڕێگە لە نەمایشەکانی بگرن. ئەم تەکنیک و شێوازە تایبەتمەندەشی لەناو ئەو کارانە و پرۆسێسێکی دوور و درێژی قەدەخەکراوەوە گەشە دەکات و ستایلێکی کاستروٚفی دەستەبەر دەکات.

## کێن

لەم وەرزەی شانۆی گەلدا، فرانک کاستروٚف شانۆنامەیەکی ئینگلیزی کە باسی ئەکتەرێکی گەورەی ئینگلیز دەکات، پێشکێش دەکات، ئەم ئەکتەرە لە سەدەی نۆزدەدا ژیاوە و کاری کردووە. ئەم هونەرمەندە سەر بە بنەماڵە و خێزانێکی هەژاربووە، بەڵام لە کۆشک و دیوەخان و شوێنی میر و دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتووەکاندا شانۆنامەکانی پێشکێش کردووە. کێن ناسراو بووە و توانا

هونەرییەکانی لە ئاستێکی بەرزدا بووە و وەک ئەکتەرێکی ناسراویش عاشقی ئافرەت بووە، هەردەم وەک دۆن جوان لەگەڵ ئافرەت مامەڵەی کردووە و بەردەوام ئافرەتێک لە پشت پەردەکانەوە ئارەزووەکانی دامرکاندووەتەوە.

فرانک کاستروٚف بۆ بەرجەستەکردنی ئەم شانۆنامەیە، هەموو پانتاییە گەورەکەی شانۆکە بەکار دەهێنێت، سینۆگرافیا هەر لە وێنەیەکی دەستکردی منداڵان دەچێت، بە شێوەیەکی جێگیر دەمێنێتەوە و گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت، ئەکتەرەکانیش لەم ژوورە پان و بەرینەدا راکەڕاکە و گەمەی میر و پاشا دەکەن.

فرانک کاستروٚف لە بنەماکانی درامایەکی پۆستمۆدێرنیستەوە شانۆنامەکەی کۆلاژ و ئامادەکردووە. جگە لە شانۆنامەی کێن، چەند دیمەنێکی لە شانۆنامەکانی هەینەر میلەر، هەندی نووسینی خۆی و نووسەرانی تری خزاندۆتە شانۆنامەکەوە. ئەم ریژیسۆرە چیرۆکەکانی خۆی لە چەندین کەناڵەوە و بە ڕێگاوشوێنی جیاوازەوە دروست دەکات، دەکرێت چەندین کۆد و هێمای جیاواز لە دیمەنێکدا بدۆزینەوە. ئەمەش شانۆی فرانک کاستروٚفە کە دەیەوێت هەموو سترکتورەکان، واقیع و وێنە رواڵەتییەکانی دەرەوە بشکێنێت. لەکۆتاییشدا بۆچوون، وێنە و مێژوویەکی نوێ بەرەو پێشەوە دەبات. بەرئەنجامی نەمایش و پرۆژەکەش هەرگیز کۆتایی پێنایەت، بەڵکو شانۆنامەکە لە شەوێکەوە بۆ شەوێکی تر جیاوازە و لەوانەیە ئەمشەو نەمایشەکە سێ سەعات بخایەنێت، لەوانەشە سبەی شەو چوار سەعات بێت و پرۆسەکە لە گەڕانێکی بەردەوامدایە.

یەکێک لە تەکنیک و شێوازەکانی کاری فرانک کاستروٚف ئەوەیە کە نائارامی لەلای بینەران دروست بکات، بینەران هەرگیز نازانن کە ئەکتەرەکان چی دەکەن، تا چەند ئامادەن گەمە بە هەڵوێستەکان، بە بینەران و بە خۆیان بکەن. هەندێ جار بینەران بەهیچ شێوەیەک نازانن کە چی لەسەر شانۆ روو دەدات و حاڵەتێکی چاوەڕوانی، حەزەر، خۆئامادەکاریی لەلای بینەران دروست دەکات. لە یەکێک لە نمایشەکاندا ئەکتەرەکان پەتاتەیان گرتووەتە بینەران.

گێڕانەوەکانی ئەم ریژیسۆرە دەبێتە دیمەن و هەڵوێستەی کورت، درێژ و هەندێ جار ئاڵۆز بەبێ هیچ بنەوایەک، هەموو شتەکان لە فۆرمە شانۆییەکەدا دەتوێتەوە و ئاوێزانی تەکنیکی ئەکتەر و بەشانۆبوونی نمایشەکە دەبێت. ئەمەش یەکێکە لە بنەواکانی درامایەکی پۆست مۆدێرن و شانۆی ریژیسۆر. خوێندنەوەی ریژیسۆر دۆزینەوەی جۆرە یەکەیەکی فرە دیدگایە بۆ نمایشەکە. شانۆنامەی کێن هیچ دەسپێکێک، ناوەڕاست و کۆتاییەکی نییە، کۆتاییی شانۆنامەکە بە هەمان شێوەی سەرەتاکەی لۆجیکییە.

کاستروٚف ئێستاتیکایەکی زۆر بەهێزی گەمە، گەمە بە تێکست، گەمە بە شانۆ، گەمە بە نواندن، گەمە بە ئەکتەرەکان، گەمە بە بینەران..... هتد بەکار دەهێنێ، لەم ئێستاتیکایەدا

ئەکتەرەکان وزەیەکی ئێجگار گەورەیان هەیە، لە هەمان کاتدا لێپرسراوییەکی راستەوخۆی نمایشەکەشیان بەسەر شانەوەیە.

لە شانۆی بەرلین ئێنسامبەل شانۆیەکی پۆست مۆدێرنمان بینی، بەڵام لە شانۆی گەل ستایل و فۆرمەکان لە بنەواکانی درامایەکی پۆست مۆدێرندا دەسووڕێنەوە. لە درامایەکی پۆستمۆدێرنیشدا ریژیسۆر پیەسەکە تێک دەشکێنێت، دیمەنی تر و تێکستی تر تێکەڵاو دەکرێت و لە ڕێگەی فۆرمە جیاوازەکانی شانۆوە، شانۆنامەیەکی نوێ دەخوڵقێنێ.

## گۆڕستانێک بۆ بلیمەتەکان

لە یەکێک لە باڕەکانی بەرلینی ڕۆهەڵاتدا، من و کۆرت و کۆستانتین و یواکیم، شۆربا، کۆرڤ و پەتاتە دەخۆین، باڕەکە تاریک و شێدار و کۆنە و زیاتر لە لۆجەکانی سینەمایەکی کۆن دەچێت، بەدەم خواردنەوە هەندێ بیرەی ئەڵمانیش هەڵدەدەین و باسی شانۆ و برێخت دەکەین.

سەرماکە تەنگی بە هەموومان هەڵچنیوە و زوربەی برادەران نەخۆشن، کۆرت و کۆستانتین ئاو بە چاو و لووتیاندا دێتە خوارەوە، تاکسییەک دەگرن و بۆ میوانخانەکەمان دەگەڕێنەوە. من و یواکیمیش بەپێ بە شەقامەکاندا، بەرەو ماڵەکەی برێخت، کە زۆر لە باڕەکەوە نێزیکە، دەڕۆین. ماڵەکەی برێخت ئێستا بووەتە ئەرشیفخانەیەکی گەورەی ئەو و ناوەندێکی گرینگی توێژینەوە. لە بەردەم ماڵەکەدا گۆڕستانێکی گەورە هەیە، ئەگەر لە بانیژەی ژووری دانیشتنەکەی برێختدا ڕابووەستیت، گۆڕستانەکە یەکەوڕاست دەکەوێتە بەردەم پەنجەرەکانی نهۆمی خوارەوە و زۆرجار برێخت لەم بانیژەیەوە تەماشای ئەم گۆڕستانەی کردووە. زوربەی کەسە ناودار و فەیلەسووف و هونەرمەندە گەورەکانی ئەڵمانیا، هەر بۆ نموونە هیگل، برێخت و هێلینا ڤایگل لەم گۆڕستانەدا نێژراون. هێلینا ڤایگل زۆر دوای برێخت کۆچی دوایی دەکات، بۆیە ئەوەی لە توانایدا دەبێت هەوڵ دەدات تا دۆستە ئافرەتەکانی برێخت کە دەمردن لە نێزیک برێختەوە نەنێژرێن. هێلینا ڤایگل لەم ڕووەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. ئێلیزابێت هاوبتمان، زۆر لە نێزیکەوە لەگەڵ برێخت بۆ ماوەی چەندان ساڵ کاری کردووە و هەندێک لە پسپۆڕەکانی بواری برێخت ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئێلیزابێت هاوبتمان زوربەی تێکستەکانی برێخت، لەناویشیاندا ئۆپێرای دوازدە شیلینگی نووسیوە.

ئێلیزابێت لە پاڵ هێلینا ڤایگل دا، یەکێک بووە لە دۆستەکانی برێخت و بەشێوەیەکی کراوە پێوەندییان هەبووە، زۆر دوور لە برێختەوە نێژراوە، بەڵام هێلینا ڤایگل لە سوچێکی ئەم گۆڕستانەدا بە تەنیشت برێختەوە دوا ئارامگای خۆی بەدەست هیناوە.

بەو سەرمایە بەناو گۆڕەکاندا دەڕۆین، هەندێ جار شەق لە تۆپەڵە بەفری سەر ڕێگەکانمان هەڵدەدەین و تەماشای گۆڕەکان دەکەین، دواتر گۆڕکەی برێخت و هێلینا ڤایگل دەدۆزینەوە.

# شانۆی مەکسیم گۆرکی

## ئانا کارێنینا

میتۆدەکەی ستانیسلاڤسکی لەبارەی هونەری نواندن و پەروەردەی ئەکتەر و کتێبە تیۆرییەکانی، زیاتر لە دوای شەڕی جیهانی دووەمەوە لە ئەڵمانیادا دەردەکەون. کە هیتلەر دەسەڵات دەگرێتە دەست و بەر لە هەڵایسانی شەڕی جیهانیی دووەم کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیا بەرەو رووسیا هەڵدێن، یەکێک لەو کۆمۆنیستانە ماکسیم فالەنیتن، ئەکتەرێکی ناسراوی ئەڵمانی دەبێت کە ژیانی تاراوگە لە مۆسکۆ، لە کاتی شەڕدا بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت. ئەم ئەکتەرە لە ڕووسیا بە ستانیسلاڤسکی و کاری ئەکتەر و دیدی شانۆ و شانۆی سیکۆلۆجی و ریالیزم ئاشنا دەبێت و لە نێزیکەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم سیستەمە هونەرییە دەکات. کە شەڕ کۆتایی دێت و هیتلەر دەڕوخێت، ماکسیم فالەنیتن دەگەڕێتەوە بۆ بەرلین و میتۆدەکەی ستانیسلاڤسکیس لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

خانووبەرەی شانۆی مەکسیم گۆرکی هەر لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەمەوە هەبووە، بەڵام بە تەواوەتی لە کاتی شەڕدا ویران دەکرێت و لە ساڵی ١٩٤٦ دا سەرلەنوێ بنیات دەنرێتەوە و دەرگەکانی بۆ بینەران واڵا دەکرێتەوە. لە ساڵی ١٩٥٢ دا ماکسیم فالەنیتن بە یارمەتی و پارەی یەکەتیی سۆڤیەت، شانۆی مەکسیم گۆرکی تێدا دادەمەزرێنێت تا شانۆی ڕووسی تێدا پێشکێش بکرێت و لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی پراکتیکی شانۆیەکی ڕیالیزمی و میتۆدەکەی ستانیسلاڤسکی تێدا دەستەبەر بکرێت. ڕێپۆرتواری ئەمڕۆی شانۆکەش تێکەڵەیەکە لە شانۆی کلاسیکی، تەقلیدی و ئەزموونگەری.

نەوەیەکی نوێی شانۆکارانی ئەڵمانیا بەرپرسیارن لە ڕەوتە ئەزموونگەرییەکەی ناو ئەم شانۆ گەورەیە. شانۆنامەی ئانا کارێنیناش کە لە کۆتاییی ساڵی ٢٠٠٨ دا بۆ یەکەم جار نمایش کراوە، سەر بە وەچە گەنجە ئەزموونگەرەکانە.

ئانا کارێنینا ڕۆمانێکی کلاسیکی ڕووسییە و تۆلستۆی لە سەدەی هەژدەدا نووسیویەتی: ئانا ژنێکی نموونەییە و تا ڕادەیەک لە ژیانی ژنومێردایەتی خۆی قایلە، هەرچەندە هەندێ جار هەست بە بێزاری و تاک ڕەهەندیی مێردەکەی دەکات. ئانا خۆشحاڵ و قایلە تا ئەو ڕۆژەی ڤرۆنسکی Vronskij دەبینێت و تووشی عەشقێکی گەورە و بێ سنوور دەبێت. هەموو ژیانی خێزانی و بەختیاری و پلە و پایەی کۆمەڵایەتیی خۆی دەکاتە قوربانی ئەو عەشقە و لە نێوان خۆشەویستی و ژیانێکی پڕ لە پەژارە و خەمۆکیدا ون دەبێت.

سینۆگرافیای شانۆنامەکە لەسەر لێواری تەختەی شانۆکە و بە بەرزاییی هەموو دیواری شانۆکە، بەشێوەی کتێبخانەیەکی بەتاڵ، ڕەفەی جیاواز بەرز بووەتەوە، هەندێ لە ڕەفەکان دەڵێی سەنگەرێکی بچووکە و بە زەحمەت دەتوانیت جەستەی تێدا بجوڵێنیت. ئەکتەرەکان لەو ڕەفە بەتاڵانەدا نواندن دەکەن، لە ڕەفەیەکەوە دەچنە ڕەفەیەکی تر و جەستەشیان ناچار دەبێت خۆی

لەگەڵ شێواز و قەوارەی ئەو ژوورە بچووکانەدا بگونجێنێت. لە یەکێک لە ژوورەکاندا، جێگاکە هێندە تەسک و بچووکە کە دەبێت ئەکتەرەکە لەسەر سک یان بە گاگۆڵکێ بڕوات تا جێگەی بێتەوە. هونەری نواندن لەم سینۆگرافیایەدا دەبێتە ململانێ لە وێنەکاندا، شوێن دەبێتە بەرەیەکی دژ و ئەکتەرەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە بە شێوەیەکی ڕاستگۆ دەرکەون، بەڵام بەپێی هەلومەرجێکی جیاوازتر. کارەکتەرەکان بە کەسی سێیەم دەدوێن، بەم شێوەیە ڕۆڵەکانیان دەخەنە ڕوو، لە هەمان کاتدا مەودایەک لە نێوان خۆیان و کەسایەتییەکاندا دروست دەکەن. یەکەیەکی یەکگرتوو و تەواوەتی لە نمایشەکەدا بەدی دەکرێت، دەسپێک، ناوەڕاست و کۆتایی، بەڵام هەندێ جار لە دەرەوەی کات و شوێنەوە لەناو ژوورەکانیاندا دەجوڵێنەوە، یەکێک لە کارەکتەرەکان ژوورەکەی بە وێنەیەکی گەورەی دارستانێک دادەپۆشێت، تەنانەت دەرگە و پەنجەرەکانیشی قەپات دەکات و بەم شێوەیەش توانای چوونە دەرەوەی نامێنێ، ئەمەش هێماگەلێکە بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت دابڕانێک لە نێوان خۆی و دنیای دەرەوەدا بکات و خۆی لە سروشتدا بەند بکات. لە یەکێک لە ژوورەکانی تردا باران دەبارێت، لەژێر باران و دڵۆپەدا، ئانا لەگەڵ مێردەکەی لە کێشەیەکی گەورەدایە. لە یەکێک لە ژوورەکانی تردا و زۆر بە کوتوپڕیی لە ساپیتەی ژوورەکەوە کارەکتەرەکان دەکەونە خوارەوە و بەم شێوەیە دێنە سەر شانۆ، یان ناو ئەو ژوورە بچووکەوە.

ڕێژیسۆری شانۆنامەکە هەندێ دیمەنی سینەماییی کورت کورت تێهەڵکێشی دیمەنەکانی شانۆنامەکە دەکات، ئەکتەرەکانی سەر شانۆکە هەر خۆیان ڕۆڵی دیمەنی ناو فیلمەکانیش دەبینن. ئەم دیمەنە سینەماییانە دەبنە پێچەوانەی دیمەنە شانۆییەکە، یاخۆ دەبنە تەواوکەری یەکتری. یەکێک لە دیمەنە جوانەکان ئەوەیە کە کاتێک کارەکتەرەکان لە فیلمەکاندا، ئەکتەرەکانی سەر شانۆکە ڕاو دەنێن، فیلمەکان بە شێوەیەک لەسەر شانۆکەدا چنراون کە بەتەواوەتی ئەکتەرەکان تێکەڵاوی فیلمەکان دەبن.

## ئانا کارێنینای تابلۆ

ئانا کارینینا لە پشت چوارچێوەیەکی گەورەی تابلۆیەکەوە دانیشتووە، چوارچێوەکە بەتاڵە و بەم شێوەیەش ئانا بووەتە ئەو تابلۆ وەهمییە، لەبری ئەوە (ڤرۆنسکی) ئەو تابلۆ وەهمییەی ئانا دەکێشێ. کە ڤرۆنسکی لە وێنەکە دەبێتەوە ئانا کارێنینا زۆر بە هێمنی لە تابلۆکە دێتە دەرەوە و بەم شێوەیەش پارچەیەک لە خۆشەویستی خۆیان لەدەست دەدەن و ئاناش دەبێتە کۆپییەکی خۆی.

ئانا کارێنینا لە تابلۆکەدا دەبێتە شاژن، بەڵام کە لە تابلۆکە دێتە دەرەوە دەبێتەوە بە ئانا کارێنینا و خۆشەویستییەکەشیان دەبێتە شتێکی نامۆ بۆ هەردووکیان.

ڕێژیسۆری نمایشەکە بە شێوەیەکی باڵادەست سەرکەوتوو بوو لە تێکەڵاوکردنی کات و شوێن و لە هەمان کاتدا توانیبووی ئەو خاڵانە بدۆزێتەوە کە کاریگەرییان بەجێ دەهێشت، لەم خاڵانەدا

فۆرم و تەکنیک و ئێستاتیکا دەبنە مەودایەکی فرەلایەنیی قووڵ.

لە یەکێک لە دیمەنەکانی تردا مێردەکەی ئانا (کارێنین) دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی سەردەمی منداڵی و ئانا کارێنیناش دەبێتە دایکی و لە ژوورێکی تر و دوور لە کارێنینایە. ئەم دایک و کوڕە و لەم دیمەنەدا لەیەکتر دابڕاون و بەهیچ شێوەیەک دەنگیان ناگات بە یەکتریدا، ئازار و ژانی ئەم دیمەنە دڵڕەقانەیە لە جوانی و نواندنە باڵاکەدا دەتوێنەوە.

## میوەی رزیو

فرانک کاستروٚف بە فۆرم و ئێستایکا تایبەتمەندەکەی بینەران دەوروژێنێ، تووڕە و بێزاریان دەکات، لەم فۆرمەدا کاستروٚف هەموو شتەکان لە پێناوی گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچووندا دەڕوخێنێ. بەڵام ریژیسۆرەکانی تری شانۆی گەل رێگەیەکی تریان هەڵبژاردووە بۆ وروژاندن و بێزارکردنی بینەران. ئەم شانۆیە هیچ ئایدۆلۆجیایەکی فیکری یان هونەری هاوبەشیان نییە، لەسەر هیچ بیرۆکە و دیدێکی تایبەتی رێک نەکەوتوون و هەریەکە لە ریژیسۆرەکانی شانۆی گەل بەشێوازی تایبەتی خۆی و لە دیدی ئێستاتیکا و فۆرمی جیاوازی خۆیانەوە کار دەکەن.

فرانک کاستروٚف شانۆیەکی فیزیکی، ئەنارشیستی لە چوارچێوەیەکی ریالیزمدا دروست دەکات، بەڵام کریستۆف مارتالەر کە ریژیسۆرێکی تری ئەم شانۆیەیە بە بۆچوونێکی خەونەئامێزی ریالیزمییانە کار دەکات و جۆرە شیعرێکی شانۆیی، شانۆیەکی شیعریی لەسەر شانۆ دەخوڵقێنێ. لە نمایشی میوەی رزیودا زۆر بە هێواشی و لەسەرخۆ بنیاتی کەسایەتییەکانی دروست دەکات. ئەکتەرەکانی لە ژوورێکی ئاسایی، واقیعی، بە هەموو وردەکارییەکانییەوە و بەپێی میتۆدی ستانیسلاڤسکی و لەسەر ئاستێکی زۆر بەرز دەجوڵێنەوە، گەمە و هونەرێکی بەرزی نواندن بەرجەستە دەکەن.

شانۆنامەکە جیهانێکی ئەبسورد، نائاسایی و خەونەئامێزە. بینەران لە دڵەوە پێ دەکەنن، لەهەمانکاتدا ئەمە شانۆییەکی کۆمیدی نییە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەکتەرەکان و بەو هەڵوێستە زۆر تایبەتمەندانە پێ دەکەنین. بینەران بە بەردەوامی تووشی حاڵەتی لەپڕداهاتن دەبن و ڕووداوەکان وەک پەیژەیەکی مۆسیقی، وەک سەمایەکی مۆدێرن، وەک بالییەیەکی کلاسیکی، زۆر بە خێرایی تێ دەپەڕن. هەموو پانتاییی شانۆکە بە جەستەی ئەکتەرەکان، سیمای دەموچاویان، جووڵانەوەکانیان، گۆرانییەکانیان و ئەو شێوازەی کە رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، پڕ دەکەنەوە. کارەکتەرەکان هەر وەک ئەوە وایە کە لە نێوان ئێمەدا بن، ئەم جۆرە فیگورانە زۆر بە ئاسانی و لە هەر جێگەیەکی ئەوروپادا دەدۆزرێنەوە. وێنەی دیمەنەکان، کارەکتەرەکان، جوڵانەوەکانیان، پێوەندییەکانیان بە یەکەوە و تەنانەت چیرۆکەکەشیان زۆر لە جیهانی سینەماوە نێزیکن، ئەم شانۆنامەیە و فیلمە ئەبسورد و تایبەتمەندەکان لە یەک ئەتمۆسفاردا دەژین، شانۆنامەکە چەندە نەمایشێکی شانۆییە،

هێندەش فیلمە و لەسەر ئاستێکی بەرز مۆسیقاش لەخۆ دەگرێت. ئەم نمایشە نموونەیەکی باڵایە بۆ دووپاتکردنەوەی ئەفسوونی شانۆ، بۆ وزە و ئێستاتیکای شانۆ.

دەکرێت بڵێین کە میوەی رزیو ریالیزمێکی ئەفسووناوییە، ئەم ئەفسوونەش بە هەموو وردەکارییە دەوڵەمەندەکانییەوە، بە شانۆیەکی راگوزاری و لە دەروازەکانی گەمەیەکی راگوزارییەوە، بە ئامادەبوون و سەرپەرشتیارێکی راستەوخۆ و بەهێزی ریژیسۆرە و لە روانگەی پرۆسەیەکی دوور و درێژ و چڕ و گرانەوە ئەم بەرئەنجامەیان بەدەست هێناوە. بە راستگۆیی ئەکتەرەکان و راستگۆیی لە نواندندا بنەوایەکی پتەو و زەوینەیەکی قووڵیان بەدەست هێناوە.

پەراوێزەکان

١- دان ئەکسل، بەرپرسیاری بەشی دارایی و سەرپەرشتیاری گشتی ئەم گەشتە بوو.

٢- لە سەرەتای یانیوەری ٢٠٠٩ دا و بە گەشتێکی هونەری لەگەڵ شانۆی گەل کە وەک دراماتۆرگ لەوێ کار دەکەم، بۆ ماوەی هەفتەیەک چووینە شاری بەرلین.

٣- ئەم باسە لە بنەڕەتدا بە سویدی نووسیومە و دواتر هەر خۆم بە دەسکارییەکی کەمەوە کردوومەتە کوردی.

٤- هەزاران هونەرمەندی شێوەکار، سەمازان، مۆسیقار و شانۆکار لە هەموو دنیاوە، بۆ کاری هونەری و نیشتەجێبوون هاتوونەتە بەرلین. هەندێ لە رۆژنامە جیهانییەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە بەرلین تابلۆیەکی ئێجگار گەورەی سپییە و هەموو کەسێک دەتوانێ نیگاری تایبەتیی خۆی تێدا بکێشێت.

٥- دیواری بەرلین وەک بەرئەنجامێکی شەڕی جیهانیی دووەم و هێماگەلێکی شەڕی سارد لە ساڵی ١٩٦١ دا دروست کراوە و بەم شێوەیەش وڵاتی ئەڵمانیا دەکات بە دوو بەشەوە. لە ساڵی ١٩٩٠ دا هەردوو ئەڵمانیای رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەبنەوە بە یەک و لە ساڵی ١٩٩١ یشدا سەرلەنوێ بەرلین دەبێتەوە بە پێتەختی ئەڵمانیا.

٦- لەوەتەی دیواری بەرلین رووخاوە، لەم وڵاتەدا ژمارەی نووسەر و هونەرمەندەکان زۆر زیاترە لە ژمارەی سەربازەکانیان.

٧- بەرلین لە ساڵی ١٨٧١ دا دەبێتە پێتەختی هەموو وڵاتی ئەڵمان، لە شەڕی جیهانیی دووەمدا بۆمبباران دەکرێت و هەموو شارەکە بە تەواوەتی وێران دەبێت.

٨- بەرلین هەردەم شارێکی کولتووریی گرینگ بووە و لە هەموو وڵاتانی تری ئەورووپاوە رۆشنبیر و هونەرمەندەکان، بە درێژاییی مێژوو، روویان تێ کردووە. بەر لە سەت ساڵ ستریندبێری لە سویدەوە سەردانی ئەم وڵاتە دەکات و بۆ ماوەیەکی درێژ لێی دەمێنێتەوە، هەر لەم شارەشدا و بەر لە زوربەی پێتەختەکانی تری ئەورووپا، شانۆنامەکانی نمایش دەکرێت.

٩- لە ساڵی ١٩٩٨ دا، لە ستۆکهۆڵم و لەسەر شانۆی دەمانچە، لە نمایشێکی باڵادا بۆ یەکەم جار شانۆنامەی ئۆپێرای دوازدە شیلینگم بە سویدیی بینی.

# لەبارەی
# ئەدەبی بێزەنتییەوە

دیگێنیس ئاکرەیی

ساڵی ١٨٦٨ لە ڕۆهەڵاتی تورکیا، لە دێرێکی شاری ترابزوون، دەسخەتێکی گریکی دۆزرایەوە. دەسخەتەکە داستانێکی شیعریی بێزەنتی بوو، بە زمانی میللیی گریکی نووسرابوو. شیعرێکی درێژ بوو لەبارەی جوامێرێک بەناوی باسیلیووس دیگێنیس ئەکریتاس. دیگێنیس واتە دووڕەگ و ئەکریتاسیش واتە سنوورپارێز، یان بەرزایینشین. کە نازناوی ئەو کەسانە بوو، لەسەر دوند و بەرزاییەکاندا دەژیان و پارێزەری سنوور بوون. لەو سەردەمدا میرە کوردەکانی ناوچەی گۆلی وان ئەو ئەرکەیان پێ سپاردرابوو و پێشیان دەگوتن ئەکریت. واتە سنوورپارێز. من بۆ ئەم نازناوە ئاکرەییم بەکار هێناوە.

ئەمە تاکە داستانی شیعریی سەردەمی ئیمپراتۆری بێزەنتییە، کە باسی شەڕ و خۆشەویستی لە ناوچەی گۆلی وان و دەوروبەری ڕووباری فوڕات دەکات. ڕەنگە بۆ مێژووی سیاسی و کولتووریی کورد بایەخێکی گرینگی هەبێت. لەبەرئەوەی لە هەموو سنوورەکانی بێزەنتدا، سنووری ڕۆهەڵات، کە دەکاتە ناوچەی وان و دەوروبەری ڕووباری فوڕات، لە هەمووان نائارامتر بوو. لەوێوە هێرشی کراوەتە سەر، سەرەتا هی عەرەب و پاشانیش هی تورک. ئەوسایش ناوچەیەکی نائارام بوو.

لە شارستانی هەموو نەتەوەیەکیشدا، شەڕ و پشێوی کۆمەڵگە، کەس و شەڕوانی بوێر و چاونەترسی دروست کردووە. کە بوون بە سیمبۆلی بوێری، خۆڕاگری و کۆڵنەدان. هەندێ جاریش وەکو کەسێکی ئەفسانەیی کەوتوونەتە ناو مێژووی کولتووری میللەتان. دیگێنیس ئاکرەیی شەڕوانێکی وا بوو. سنوورپارێزێکی بوێری ئیمپراتۆری بێزەنتی بوو. کە دژی هێرش و پەلاماری سەلجووقییەکان، چیرۆک و بەسەرهاتی زۆر دلێرانەی لێ دەگێڕنەوە. شاکاری دیگێنیس ئاکرەیی، سەروەتێکی گرینگی گرێکییەکانە و نموونەیەکە لە بەئەفسانەکردنی کەسی وا.

ڕووداوەکە لە ساڵانی ٨٠٠ یان ٩٠٠ ڕوو دەدات. نێزیکەی ٣٠٠ ساڵ دەبوو عەرەب هەوڵی دەدا ولآتەکە داگیر بکەن. داستانەکە باسی ئەمیرێکی عەرەب دەکات، لە پەلاماردانێکدا، شازادەیەک دەڕفێنێت. بەڵام بۆ ئەوەی دڵی کچەکە ڕابگرێت و بیکات بە ژنی خۆی، لە ئیسلام وەردەگەڕێت و دەبێت بە مەسیحی. دێت لە بێزەنت، لە دەوروبەری ڕووباری فورات نیشتەجێ دەبێت. کوڕێکیان بوو و ناویان لێی نا باسیلیووس. ئەم کوڕە هەر لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە بە ئازا و چاونەترس ناوی دەرکردبوو. هاوتای نەبوو لە بەهێزی، جوانی و هونەری سوارچاکیدا. بۆیە نازناوی دیگێنیس ئاکرەییان پێ دا. واتە دووڕەگی سنوورپارێز. بۆیە دووڕەگ، لەبەرئەوەی باوکی عەرەب و دایکی گریکی بوو.

ئەویش وەکو باوکی کچێک دەڕفێنێت. کچەکە ناوی "ئێودوکیا" بوو. ئاشقی دەبێت و لە کەنار ڕووباری فورات، کۆشکێکی بۆ دروست دەکات. تەمەنی تەنیا ٣٣ ساڵ بوو، دووچاری نەخۆشییەکی زۆر سەخت بوو. لە سەرەمەرگ بوو، کە "ئێودوکیا"ی ژنی مرد.

گوننار ئێکێلۆف ١٩٠٧–١٩٦٨، کە کەس گومانی لەوە نییە، گەورەترین شاعیری سەدەی ڕابردووی سوێدە و ئێستایش، زێتر لە چل ساڵ دوای مردنی، کاریگەری لەسەر شیعری نوێی سوێدی هەیە. ئەو هاتووە لە شیعری "دیوان لەسەر میر ئێمگیوون"دا باسی خۆشەویستی و ئازایەتی ئەوانی کردووە و دەڵێ:

دیگێنیسی گەورەترین ئاکرەیی مردووە
ئێودوکیای ڕەسەنزادەی جەنگاوەری گیانفیدایش
بەسەر سینەی ئەودا کەوتووە.
ئەدی کێ ئێستا لەمبەری فوراتەوە
ڕووبەڕووی ئێنوکەکان و
سوپایان ببێتەوە؟

ئێنوک، وشەیەکی لاتینی و گریکیشە. واتە خەساو، ئاماژەیە بۆ گەماڵی کۆشکی قەیسەر.

کە ئەم داستانە شیعرییە دۆزرایەوە، پەنجا ساڵێک دەبوو گریکییەکان لە ژێردەستی تورک ڕزگاریان بووبوو. ناسیونالیزمی گریکی بوژابووەوە و بڕوا هەبوون بە دەوڵەتێکی یەکگرتووی گەورەیش، بەهێز بووبوو. بۆیە ئەم داستانە وەکو شاکارێکی نەتەوەیی گریکی نوێ ناسانرا. لەبەرئەوەی ئەم شاکارە ناسیونالیزمی گریکی بەهێزتر کرد، بەوەی کە دیگێنیسی ئەوان هەزار ساڵ لە پێشتر دژی هێرشی عەرەب و تورک وەستاوەتەوە و چیرۆک و بەسەرهاتی زۆر بوێری لێ دەگێڕنەوە.

لە بارەی سامانی ئەدەبیشەوە، شانازییەکی زۆر بوو بۆ گریکییەکان و توانرا بە هاوتای

داستانی وڵات و زمانی تری ئەوروپای چاخەکانی ناوەڕاست بەراورد بکرێت. وەک ''گۆرانیی ڕۆلاند''ی فرانسا و ''ئێل سید''ی ئیسپانیا. کە ئەم دوو داستانەیش باسی ڕێگرتن لە هێرش و شەڕی دژی عەرەب دەکەن، کە نێزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەر نووسراون.

## ناڵە بۆ قوستەنتین

نێزیکەی ٥٠٠ ساڵ پێشتر، ساڵی ٣٢٤ قەیسەری ئیمپراتۆری بێزەنتی قوستەنتین، شاری ''بێزەنتیوم''ی گریکی کردە پێتەخت و ناوی نا قوستەنتین. هەر لە ساڵانی ٥٠٠ەوە، کەوتنە بەر هێرش و پەلاماردان. سەلجووقییەکان کە چەند میرنشینێکی خزم بوون، لە ناوەڕاستی ساڵانی هەزار، لە ئێران و وڵاتانی دراوسێیدا فەرمانڕەواییان دەکرد. سەر بە تورکە ئۆگوزەکان بوون. بە سەرۆکایەتی توگریل بەگ بەرەو خواروو هاتن و یەکەم ئیمپراتۆری سەلجووقییان لە ئێران دانا. توگریل بەگ بەغدایشی داگیر کرد و بوو بە سوڵتانی ئەوێیش. ساڵی ١٠٦٣ ''ئالپ ئەرسلان''ی برازای بوو بە سوڵتان. ئەویش سووریا و فەلەستینی داگیرکرد. پاشان هاتن ئیمپراتۆری بێزەنتی بڕوخێنن، وڵاتەکەیش داگیر بکەن و لەوێوە هێرش بەرەو ئەوروپا بهێنن.

هەندێ جار لە پەڕاوێزی شەڕ و ڕووداوی سیاسیدا، بەسەرهات و شتی وا ڕوو دەدەن، گرینگییان بۆ مێژووی ئەدەب و هونەر هەیە. مەبەستم ئەو گەشتە سەیرەی لیۆناردۆ داڤینشییە، بۆ دەریای سپیی ناوەڕاست. کە دەروازەکانی سنووری ئیمپراتۆری بێزەنتی، لە بەردەم هێرشی تورک شکان و تەپوتۆزی ژێرکەوتنەکان بێزەنتییەکانی نابینا کرد. وڵاتانی ئەورووپا ترسی ئەوەیان هەبوو ئەم هێرش و پەلاماردانانە بەردەوام بن و تورک بێن وڵاتانی ئەوروپایش داگیر بکەن. ئەوەبوو ڤینیسیاییەکان داڤینشییان ناردە ئەو بەشەی دەریای ناوین، کە دەکەوێتە نێوان قوبرس و تورکیاوە، بۆ ئەوەی سوود لە توانا و بەهرەی ئەو ببینن و بتوانێ وەسفی ئەو ناوچەیە بنووسێتەوە. ماوەیەکیش ناردرابووە سەر ڕووباری ''ئیسونزۆ''، کە لە نێوان ئیتاڵیا و سلۆڤاکیایە. لەوێ خەریکی لێکۆڵینەوە بوو، لە دەسنیشانکردنی سەنگەر و بەرەی بەرەنگاربوونەوە، تا بتوانن لەوێ بەر لە هێرشی تورک بگیرێت. گوننار ئێکێلۆف لە شیعری ژمارە ٢ ی ''ڕینیشاندەر بۆ ناخی زەوی''دا باسی ئەم گەشتە سەیرەی داڤینشی کردووە.

ئای دیۆداریۆ، لەودەمەوە لە کالیندەوە لە ئەرمێنیا
بە زەریادا گەشتەکەم دەست پێ کرد
لە تۆراسەوە کە بۆم وەسف کردووی،
بە لای قوبرسدا دیمەنێکە لە بەرچاوم ون نابێ:
لە لێواری کەشتییە بەلاداهاتووەکە وەستابووم و
سەرنجی هەردوو کەنارم دەدا. بای نەدەهات،

شەڕی مەنزیکێرت لە ساڵی ١٠٧١دا، دوا شەڕی یەکلاکەرەوەی نێوان ئیمپراتۆری بێزەنتیی و سەلجوقییەکان بوو. بێزەنتییەکان شکان و ئیدی سەرەتای هەرەسی ئیمپراتۆری بێزەنتی دەستی پێ کرد.

هاوینی ساڵی ١٤٥٣ قوستەنتین XI کە دوا قەیسەری ئیمپراتۆری بێزەنتی بوو، لە شەڕی دژی تورکان، کە سوڵتان محەمەدی دووەم سەرۆکیان بوو، کوژرا و شاری قوستەنتین ڕووخا. ئاسیای بچووک کەوتە ژێردەستی تورکان و گریکییەکان لە پەلوپۆ کەوتن. چۆن دەبێ کڵێسە پیرۆزەکە، "هاگیا سۆفیا" لە ژێردەستی تورکان بێت؟ ئەم ژیرکەوتنە، لە چیرۆک و گۆرانیی فۆلکلۆری گرێکیاندا، جێگەیەکی دیاری هەیە. گۆرانییەکان تژی خەم و هیوان. خەمی ڕووخانی شاری قوستەنتین و هیوای رزگارکردنەوەی. رەنگە لە هەموو ئەو شیعر و چیرۆکانەدا، شیعری "ناڵەی قوستەنتین"، خەمبارترین شیعر بێت لەبارەی رووخانی "قوستەنتین"ەوە، کە نازاندرێ کێ نووسیویەتی. تا ئەمڕۆش بۆ گریکییەکان قوستەنتین– شارەکەیە. کێشەی سیاسی و کولتووری ئێستای نەتەوەی گرێک و تورک، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەم.

ناڵە و گریان، ئاخ و ژان،
خەمی بێدڵنەوایی یەخەی گریکیانی گرتووە،
ماڵیان، شارە پیرۆزەکەیان دۆڕاندووە،
کە هیوا و سەروەریان بوو.
/.../
ئاسمان، بۆت نییە بهێڵیت ئەمە روو بدا،
زەوی، نابێ بەرگەی ئەمە بگریت!
خۆر، ڕووناکیت خامۆش بکە، مانگ پرشەنگ مەدە!
دەمەوێ قوستەنتینی گەورە بەخۆر و
شارە پیرۆزەکەیشی بە مانگ بچوێنم.

هەواڵنامەی کتێب

# لەبارەی
# چەمکی دەوڵەتی مەدەنییەوە

هاشم ساڵح

**سیپونزا پرسیار دەکات و دەڵێت: ئاخۆ گەل مازۆشییە؟**

سەرەتا پێم خۆشە بڵێم، قسەکردنی زۆر لەبارەی دیموکراتی لە هەموو کاتێکدا و بەبێ هۆ، دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئەم چەمکە، هەروەکو چۆن هەموو دروشم و چەمکەکانی تر بەتایبەت لە وتاری سیاسیی عەرەبییدا لەناوچوون و ڕزین. هەموومان دەزانین کە ئەمڕۆ کەسمان ناتوانین باسی هەندێک وشەی وەکو (یەکەتی، ئازادی، سۆشیالیزم.) بکەین. لەبەرئەوەی زۆرباسی ئەم وشانە کرا، بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکی هەبێت. هەر هزرێک یان دروشمێک شەو و ڕۆژ بەرزکرایەوە و بەبێ ئەوەی لە ئەرزی واقیعیدا بسەلمێنرێت، بگرە دەتوانم بڵێم پێچەوانەی دورشمەکەشەوە کار دەکەن، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیچ مسداقیەتێکی نەمێنێت. ئەمە دەڵێم، لەگەڵ ئەوەی کە زۆرباش دەزانم کە چەمکی دیموکراتی زۆر گرینگە و هەروەک ڤۆکۆیاما گوتی " کۆتاییی مێژووە". هەتاوەکو ئەمڕۆ هیچ سیستەمێکی لەو باشتر دروست نەبووە و ڕێشی تێ ناچێت کە لە داهاتووشدا لەو باشتر دروست بێت. ئەو ڕاپەرینە عەرەبییەی کە ئێستا بەردەوامە، پێشانی دەدات کە چەندە جەماوەر تینووی بەشداری سیاسی و حەزێکی زۆریش هەیە بۆ لەناوبردنی هەموو ڕێژیمە شموولییەکان، کە وتارەکانی سوواون و ڕزیون هیچ مسداقیەتێکیشی نەماوە. جەماوەر هەموویان لەم ڕێژیمە شموولییانە بێزارن، ئەوانەی کە لە پاش سەربەخۆبوونی وڵاتەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست و لە هەموو بوارەکانیشدا فەشەلیان هێنا. نە ئاوەدانییەکی ڕاستەقینە دابین کرا، نە ڕۆشنگەری دابین کرا، نە جەهیلیش ڕاگیرا..

بەڵام زۆر گرینگیشە بیزانین، کە هەروا ئاسان نییە لە حاڵەتێکی کۆیلایەتی و چەوساندنەوە و بۆ حاڵەتی ئازادی و دیموکراسی باز بدەین. بە قسە ئاسانە، بەڵام بە کردەوە زۆر زەحمەتە.

..............................................

وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

ماوەیەكی زۆرە لە مێژووودا لەسەر كۆیلایەتی ڕاهاتووین و واشمان لێ هاتبوو كە نكوڵی لە ئازادی بكەین. بەحوكمی ئەوەی ماوەیەكی زۆرە لەسەر كۆیلایەتی و چەوساندنەوە ڕاهاتووین، وامان لێ هاتووە نكوڵی لە حەزی گفتوگۆ و دیموكراسی بكەین. ئەم شتانە لە دەروونناسیدا ئاشكرایە. ئەگەر یەكێك بێت و لە پڕێكدا بیەوێت كۆیلەكان ڕزگار بكات، ئەوا كۆیلەكان زیاتر لە خاوەنەكانیان، لە كۆیلایەتی خۆیان بەردەوام دەبن و پارێزگاری لە بیری كۆیلایەتی دەكەن.

ئەوان پێیان باشترە لەژێر سایەی خاوەنەكانیاندا بمێننەوەو ملكەچی بن، بەڵكە چێژێكی مازۆشییانەی خۆشیان لەم ملكەچی و كۆیلایەتییە دەبینی. گەلەكانیش ڕقیان لە ئازادی و دیموكراسییە، ئەویش لە ئەنجامی ئەو چەوساندنەوە و ناخۆشییەی كە لەژێر دەستی دەزگاكانی مخابراتی و پۆلیس تووشیان بووە. فەیلەسووفی فرەنسی (جیل دیلوز) لێكۆڵینەوەیەكی جوانی لەبارەی سیپۆنزاوە كردبوو. لەوێدا ئەم دێرە زۆر دووبارە دەبێتەوە. یەكێك لەو پرسیارانەی كە سیپۆنزا لە كتێبەكەیدا " لاهوتی سیاسی" باسی كردووە ئەمەیە: بۆچی گەلان خەبات لە پێناوی كۆیلایەتیدا دەكەن و ڕێك وەكو ئەوەی ئەمە ئازادی بێت؟ بالێرەدا نموونەیەك بهێنینەوە. بۆچی گەلی ئێرانی زۆربەیان بەگشتی، دوای خومەینی كەوتن، ئەمە لە كاتێكدا كە خومەینی بەرەو سەدەكانی ناوەڕاست دەیانگەڕێنێتەوە و هەموو ئازادییەكانیشیان بە شەریعەت و لاهووتی كۆنەوە دەبەستێتەوە؟ ئاخۆ ژنانی ئێرانی كە ڕێژەی نیوەی دانیشتوان پێك دەهێنن، بە كۆمەڵگەیەكی لەم جۆرە ڕازی دەبن؟ كۆمەڵگەیەك كە بالاپۆش و چادری بەزۆر بە سەردا دەسەپێنێت. ئەمە جگە لە ڕەجمكردنی وەحشییانە و دڕاندنە بۆ ئەو ژنانەی كە عاشقن.

بەڵكە ئاخۆ پیاوی ئێرانی قبووڵی دەكات، ئەگەر كاتێك بیرەیەك یان جامێك شەرابی لە بارێك یا چایخانەیەكدا خواردەوە، بەر جلد لێدانی بكەوێت؟ دیارە ئەم حاڵەتە بەشێوەیەكی گشتی هەموو بزاڤە ئیسلامیی سیاسییەكان و ئیخوان موسلمین و سەلفییەكان دەگرێتەوە. جەماوەر زیاتر دوای ئەم بزاڤانە دەكەوێت و دوای بزاڤە لیبراڵییەكان ناكەوێت كە دەیانەوێت ئازادییان بكەن و هەوڵی پێشكەوتنیان دەدەن. بەڵام ئەمە بۆچی وایە؟ ئەمەش لەبەرئەوەی ئەوان بە زمانێكی نەریتی قسە دەكەن كە خەڵكی لێیان تێ دەگات، ئەو زمانەی كە چەندان ساڵە لەناو مێشكی جەماوەردا لە باوكەوە بۆ كوڕ دەوترێتەوە و جێگیر بووە. هەروەها لەبەرئەوەی كە گەلانی عەرەبی و ئیسلامی، بۆ ماوەی چەندان سەدەیە ئازادییان لەدەست داوەو هیچ جێژی لێ وەرنەگرتووە. بگرە هیچ لە ماناكەشی تێ ناگەن، لەبەرئەوەی هیچ كاتێك نەیاندیووە.

چەوساندنەوە ڕەگێكی قووڵی لە مێژووماندا هەیە، لەناو هەموو ناخ و دەروونێكدا جێگەی خۆی كردووەتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە زۆر زەحمەتە لەناوی بەرین و ئەمڕۆش ناتوانین تۆیی ئازادی و دیموكراسی بچێنین. پێویستە ناخی ئەم ڕەگە هەڵكۆڵین، كە ئەوەتا لە ناخماندا بۆ ئەوەی خۆمانی لێ ئازاد بكەین. بەڵام كوانی ئەو زەوی هەڵكەنەرە ئاركیلۆجیە مەزنەی كە بتوانێت ڕەگی باوەڕی ئیسلامی هەڵكۆڵێت؟ ئەوەی ڕوون و ئاشكرایە، ئەگەر كەسێكی دیل و زیندانی، لەپڕێكدا ئازادی

پێ ببەخشیت، لە یەکەم ساتدا پارسەنگی خۆی تێکدەدات و نازانێت چی بکات و چۆن بەسەر شەقامدا بڕوات. ئەو پێ دەچێت لە هەر ساتێکدا بێت بکەوێت و پارسەنگی خۆی تێک بدات. ئەو پێویستی بە کاتێک هەیە، هەتاوەکو بتوانێت پارسەنگی خۆی ڕابگرێت و چێژی تەواوەتی لە ئازادی وەربگرێت. ئەوەی ئاشکرایە، ئازادی بریتییە لە بەرپرسیاریەتی، بەڵام کۆیلایەتی هیچ بەرپرسیاریەتی تێدا نییە. هەموو بەرپرسیاریەتییەکە تەسلیمی (باوک، شێخ، پێشەوا، دیکتاتۆر) کردووە. لەبەرئەوەی ئەمانە لە جیاتیی ئەو بیر دەکەنەوە.

هەر بۆیە هەندێک لە ڕووناکبیران پێیان وایە، هەندێک گەل ناتوانێت یان ئامادە نییە، کە بە ئازادانە و دیموکراسییانە بژیت. بەڵگەشیان ئەوەیە، ئەگەر ئەم گەلانە ڕێگەیان پێ بدرێت کە ئازادانە دەنگی خۆیان بدەن، ئەوا یەکسەر دەنگ بە ئیخوان و سەلەفییەکان دەدەن و، دەنگ بە پارتە مۆدێرن و عەلمانییەکان نادەن. تۆ تەماشای سەرکردە سەلەفییەکانی میسر بکە، کە چۆن پەلەیانە بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بکرێت. کێ دەتوانێت ئەم هێرشە ڕابگرێت. ئاخۆ خێویی سەدەکانی ناوەراست بەسەرماندا سەپێنراوە؟ ئەوان لە هەموو شوێنێکدا دەبینەوە. بیری ئاینپەروەری و توندڕۆیی سەردەمی منداڵیم، هەتاوەکو ئەمڕۆش بەدوامەوەیە. من بەمانایەکی تەواوەتی، بەرهەمی سەدەکانی ناوەراستم. بەڵکە سەدە کۆن و خراپەکانی ناوەڕاست، نەک پێشکەوتووەکان. واتە ئەو کاتانەی کە هیچ ڕووناکییەکی تێدا دیار نەبوو. ماوەی چل ساڵە من لەدەستی ئەو خێوە ڕەشە ڕادەکەم، بەڵام ناشتوانم هیچ لە دژی بکەم، چەندە لێی دەرچووم بەناچاری دەگەڕێمەوە بۆ هەمان شوێنی خۆم.

پاش نەتەوەپەرستی و مارکسی و لیبراڵی و سۆشیالیستی و مۆدێرنیتە و پۆست مۆدێرن، ئەوەتا ئێمە بەرەو ئیسلامیەتیی ئیخوانی دەگەڕێینەوە. ئای لەم پێشکەوتن و گەشەسەندنە!! بەرەو دواوە و دواوە دەگەڕێینەوە... کەواتە ئایدۆلۆجیەتی ئوسوڵی بە هەر شێوەیەک بووە بەسەرماندا دەسەپێنرێت. کێ دەتوانێت لە مێژووی کۆنی خۆی، لە سەردەمی منداڵی خۆی دەربچێت؟ کێ دەتوانێت لە پێستی خۆی دەربچێت؟ سەیری "القرضاوی" بکەن، هانی خەڵکی دەدات کە بچن دەنگ بدەن، چونکە ئەمە فەریزەیەکی شەرعییە، بە مەرجێک دەنگ بە عەلمانی و غەیرە موسڵمانەکان نەدەن. ئەرێ لەکەیەوە قرضاوی و شێخەکانی تر حەزیان لە دیموکراسیی بووە؟ هەتاوەکو دوێنی بوو، ئەمانە دژی دەوەستانەوەو دەیانگووت ئەمە بیدعەیەکی شەیتانی و ڕۆئاواییە و دژی فەرمانڕەوایی خواییە. حوکم، حوکمی خوایە و، ئەمریش، ئەمری خوایە و گەل هیچ ڕۆڵی نییە. گەل کێییە؟ گوو بە گەل. گوو بە میسر، هەروەک سەرۆکی ئیخوانی میسری محەمەد مەهدی عاکف گوتی. هەتاوەکو ئەمڕۆش، هەر وا بیر دەکەنەوە. بەڵام بۆ ئەوەی بگەنە دەسەڵات، هەموو شتێک حەڵاڵەو ئاساییە. ئەمڕۆ ئیسلامی سیاسی زۆر لە سیاسەت پسپۆڕن، خاوەنی تەکتیک و ستراتیجی و ئەکادیمی خۆیانن.

## کێشەی دیموکراتی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی

لێرەدا بۆچوونێک هەیە دەمەوێت باسی بکەم، بەڵام ئەمە مانای ئەوەی نییە کە خۆم هەڵگری ئەم بۆچوونە بم. ئەوەش ئەوەیە: پێویستە پێش ئەوەی دیموکراسی و مافی دەنگدان بدەینە گەلەکانمان، پێویستە سەرەتا رۆشنبیر بکرێت و فێری خوێندن و ئامادە بکرێت و نەخوێندەواری نەهێڵرێت، بۆ ئەوەی بزانێت کێ هەڵدەبژێرێت. پێویستە سەرەتا لە ڕووی فکرییەوە رۆشنبیر بکرێت، بۆ ئەوەی دەنگ بە سەلەفیی و تاریکبینییەکان نەدات. بەگشتی بۆ ئەوەی بگەینە قۆناخی دیموکراسی، پێویستە دوو هەنگاو بنێین:

یەکەم هەنگاویان پۆزەتیڤە، بەڵام دووەمیان نێگەتیڤە. یەکەمیان، لەناوبەرە، دووەمیان بنیاتنەرە. ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە لە قۆناخی نێگەتیڤی و لەناوبردنی فیکرە ئسوڵییەکان ڕزگارمان بێت و ئیتر چۆن باسی قۆناخی بنیاتنان و پۆزەتیڤی بکەین؟ هێشتا نەمانتوانیوە لە پاشماوەکانی پێشوو ڕزگارمان بێت، ئیتر چۆن دەتوانین داهاتوو بنیات بنێین؟ لەسەر چ بنەوایەک؟

پێویستە هەموو بیرێکی کۆن و تەقلیدی پێشوو لەناو ببرێت، بۆ ئەوەی بتوانین لە جێگەیدا بیری نوێی و مۆدێرن و ڕۆشنگەری و تۆلۆرانس و ئازادی دروست بکەین و ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ، هەر مرۆڤێک بێت، نەک تەنیا ئەندامانی تایەفە و دینەکەی خۆمان دابنێین. بەڵام ئاخۆ القرضاوی لەمە تێ دەگات؟ یان ئەو هێشتا وەکو هەموو شێخەکانی عەرەب و موسڵمانەکان، لە بیری دۆگماتیکی مەزهەب و تایەفە ی خۆی زیندانە؟ کوانێ گەورەترین فەیلەسووفی رۆشنگەریی ئێمە لە مێژوودا؟ ئەوەی دەیزانین، نیتچە فەلسەفەی دەگوت و چەکوشیش لە دەستی دا بوو؟ ئاخۆ ئەمە جێگەی باوەڕە؟ بۆچی چەکوش؟ ئاخۆ ئەو ئاسنگەرە یان دارتاشە؟ بەڵێ زۆر لەمە زیاتریشە. بەڵێ ئەو سەرشکێنە: سەری هەموو عەقیدەیەکی کۆن و ئەو چەمکە کۆنانەی، کە بوونەتە بتێکی وەستا. ئەمانە خۆیان بەسەر ملیۆنەها خەڵک سەپاندووە و ڕێک بوونەتە خوایەکی پیرۆز، لە حالەتێکدا ئەمانە لە مرۆڤەوە هاتوون. هەموو ئەو عەقیدانەی کە پێتان وایە خواییە، لە ڕاستیدا " مرۆڤییە، بگرە زۆر لە پێویستیش مرۆڤییە" هەروەک نیتچە دەڵێت. بەڵام هەموو شتێکی کۆن بووەتە شتێکی پیرۆز و لەناو مێشکماندا چەسپاوە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە دەبێت هەموو مێژوو و کولتوورمان بسڕینەوە. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم، کە بەشێک لەم عەقیدە کۆنانە، بوونەتە ڕێگرێکی گەورە لە بەردەم پێشکەوتن و ئازادیماندا. ڕێژەیەکی زۆری ئەو عەقیدە توندڕۆیانە لەناو هەموو مەزهەب و تایفەکان باوە، جا لەناو زۆرینە یان کەمینەکاندا بێت، ئەمانە ناهێڵن، یەکەتیی نیشتمان و هاووڵاتیبوون بنیات بنرێت. لەبەرئەوە دەبێت، سەرەتا ئەمانە لەناو ببرێن و پشتگوێ بخرێن. ناتوانین پێش ئەمە، دەوڵەتێکی نیشتمانی و مەدەنی و مۆدێرن دروست بکەین. پێویستە هەموو واز لە مێژوو بهێنین و بیرە وشک و توندڕۆیەکان لەناوبەرین و تەنیا لە کرۆکدا بمێنینەوە، واتە: زانستە روحی و ئەخلاقییە بەرزەکانی کولتووری عەرەبی و ئیسلامی، هەروەها کولتووری

عەرەبیی مەسیحی. کە ئەویش زۆرە. پاش ئەمە دەتوانین هەنگاو بەرەو قۆناخێکی پۆزەتیڤی نوێ بنێین کە بریتییە لەوەی: گەل هەموو ئازادی و بەرپرسیاریەتی پێ بدەیت. بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئێستا دەتوانێت چێژ لە ئازادی ببینێت و مومارەسەی دیموکراسی بەشێوەیەکی ڕاستەقینانە بکات.

بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا، بۆچوونێکی تر هەیە کە پێی وایە، پێویستە هەر ئێستا مومارەسەی دیموکراسی بکەین، لەبەرئەوەی گەلەکانمان شایستەی ئەمەن، هەرچەندە هێشتا باشیش رۆشنبیر نەبووە. ئێمە ناتوانین چیی تر بوەستین تا گەلەکانمان رۆشنبیر دەبن، چونکە ئەمە لەوانەبێت سی تا چل ساڵێکی تری پێویست بێت. ئەگەر دیموکراسییەکەمان لە سەرەتادا تەواویش نەبێت و ببێتە هۆی ئەوەی خەڵکی دەنگ بە سەلەفییەکان بدات، بەڵام هەر قەیناکات.

ئێمە ناتوانین ئوسوڵیەت لەناوبەرین، هەتاوەکو ئەو کاتە پێیدا تێ نەپەڕین و خەڵکی دەبێت ئاگری ئەمانیش ببینێت. پێویستە ڕێگە بە خەڵکی بدەین خۆی تاقی بکاتەوە و جەدەلیەتە کۆمەڵایەتییە مێژووییەکە، ناگۆڕێت و پێویستە کاری خۆی بکات و بەشێوەیەکی سروشتی ئەم قۆناخە تێپەڕێت.

لێرەوە دەبینین، کە مەسەلەکان زۆر لەوە ئاڵۆزترن وەکو ئێمە بیرمان لێ دەکردەوە، دەوڵەتی مەدەنی و مۆدێرنیش، ناتوانین بۆ بەیانی بەرنامەی بۆ دابڕێژین و بگرە دەبێت بۆ دوو سبەی دابنێین. لێرەدا پرسیارێکی ترسناک لەبارەی پراکتیزەکردنی دیموکراسییەوە، ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە: چۆن دەبێت ئێمە مافی دەنگدانی دیموکراسی بدەینە ئەو ڕێکخراوە تەکفیرییانەی، کە هیچ باوەڕیان بە گفتوگۆ و ڕای جیاواز نییە؟ چۆن دەتوانین لەگەڵ کەسێکدا گفتوگۆ بکەین، کە باوەڕی وایە خۆی هەڵگری ڕاستیی خوایی ڕەهایە و تەنیا خۆشی ئیماندارە و خەڵکانی تریش کافرن؟ مافی ئەوەی هەیە خەڵکی بکوژێت، بگرە بە ئەرکی خۆشی دەزانێت کە خەڵکی تر بکوژێت بۆ ئەوەی لە خوا نێزیک بێتەوە، ئەویش بە تەسفیەکردنی زەندەق و کافرەکان. ئائەمەیە کێشەی هەرە گەورەی دیموکراسی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا. لە هەمان کاتیشدا ڕژێمە شمولی و پۆلیسییەکانیش، کە خاوەنی بیری یەک پارتین، گەورەترین ڕێگرن لە بەردەم دروستکردنی دەوڵەتی مەدەنی و دیموکراسی.

کەواتە ئێمە خۆمان لە نێوان دوو ئاگردا دەبینینەوە: ئاگری ئوسوڵی و ئیخوانی، ئاگری دیکتاتۆری و پۆلیسی. سەیری ئایەتوڵڵا کۆنەپارێزەکان بکەن، چیان بە ئێران کرد، یان ئیسلامییەکانی سوودان، کە هیچیان پێ نییە تەنیا جەلد لێدانی ژنە شەریفەکان وەکو خاتوو لبنی ئەحمەد حوسێن. ئەمە بێجگە لە تالیبانەکان. سەیری مەیدانی تەحریر بکەن، شۆڕشگێرە ڕاستەقینەکان بەهەموو شێوەیەک خەبات لە دژی هەژموونی عەسکەر و ئیخوانەکان دەکەن. زۆر جوامێرانەش بە خوێن باجی ئەم کارەیان دەدەن، لیبرالییەکان هیچ ڕۆڵیان نەماوە.

لەو باوەڕەدان کـەلە سـووریاش شـتـێکی جیاواز لـەمـە ڕوو بدات؟ یان لە لیـبـیـا؟ تەنیـا لە تونس نەبێت، کـە توانیـیـان لەم کـێشـەیە ڕزگاربن، بـەلایەنی کـەمـەوە هەتاوەکـو ئێسـتـا. دیارە ئـەمـەش لەبەرئەوەی ئوسـولیـەتی تـونسی ڕۆشنبیـر ترە و چیی تر ئیـخـوانی نییە. ئـەگەر تـونس بتـوانێت لە مـاوەی داهـاتـوودا ئەم مـعـادەلە زەحـمـەتە بسـەپێنێت، مـەبەسـتم لەم مـعـادەلەیە (ئاشـتی لـە نێوان ئیسلام و مۆدێرنەدا). ئەگەر ئەمە بکەن، ئەوا هەموو عەرەب دوایان دەکەوێت.

## پەیوەندی نێوان فەلسەفە و دیموکراسی

یەکەم: بەبێ فـەلسـەفە، دیموکراسی بوونی نییە، یان بە واتایەکی تر بڵاوکردنەوەی بیری فـەلسـەفی ڕەخنەیی و عـەقڵانی و ئازاد، لەناو جـەمـاوەرێکی ڕۆشـنبیـر و خوێنـدەوار. لە هـەمان کاتیشـدا بەبێ فـەلسـەفـەیەکی ڕۆشـنگەری، دەوڵەتی مـەدەنی دروست نابێت. ئەگـەر بیـری لاهوتی کـۆن هێـشـتـا بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ بێت، کەواتە ناتوانین دەوڵەتێکی عیلمانی و مەدەنی دروست بکەین. ناتوانین پارسـەنگی لە نێوان بـێ دین و ئیـمـاندار بپارێزین. ئـەمـەش لە ئەزمـوونـی دەوڵەتە مـۆدێرنـەکانەوە فـێربووین. دیـموکـراسی ناتوانێت سـەربکەوێت، هەتاوەکـو فـەلسـەفـەی مرۆڤی و مـۆدێرن، جـێگەی بیری ئایینی و مەزهەبی کۆن نەگرێتەوە و نەبێتە مەرجەعیەتی بیری گەل.

پێویسـتـە فیکری دیموکراسی و فـەلسـەفـەی مـافی مـرۆڤ، جـێگەی حـوکمی خـوایی و ولایەتی فەقیهی بگرێتـەوە، چ لەناو شیعـە یان سوونە. لەژێر ڕۆشنایی بیری تاکڕەوانە، چی ئـوسـولی بێت یان پارتی تۆتالیـتـاری فـاشی بێت، هیچ هـەلی دیموکراسی و گفـتـوگۆی ئـازاد و فـرە ڕەنگی لەناو کۆمەڵگەدا نییە. بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئوسوڵیەتی ئاینی پێی وایە کە خـاوەنی ڕاسـتی ڕەهـای پیرۆزە، لەبەرئەوە هیچ بواری نیقـاش و دژایەتیکردنی نییە. لەم کـەش و هـەوایەدا گفتوگۆی دیموکراسـییانە شـتـێکی نەکردەیـە و بە کـوفـر و زەندەق و لادەر لە شـەریعـەتی خـوا دادەنرێیت. بەهـەمـان شـێـوەش ئایدۆلۆجییە تۆتـالیتـارییـەکان کە سـیـمـایەکی دنیاییـیان هەیە، جا فـاشی بێت یان کـۆمۆنیسـتی، ئەمانیش بەهـەمـوو شێوەیەک گفتـوگۆ ڕەت دەکەنەوە و لەلای ئەمان مـانای دەرچوون لە ڕاسـتی تاک پارتی و تاک سـەرۆکی دەگەیەنێت، جا ئەو سـەرۆکە پێشـەوا هیتلەر بێت یان هـاوڕێ سـتـالین بێت، هەر یەک شـتـە. هـەر لێرەوە ڕقـیان لە سیسـتـەمی پەرلەمـانی فرە ڕەهەندی و لیبـڕالیی ڕۆئاوایی دەبێـتـەوە، کە باوەڕیـان بە پارتی جیاواز هـەیە. لـەلای ئەمان گفـتـوگۆی ناو پـەرلەمانی، بـرێتـیـیـە لە کات بەفیـڕۆدان و هیـچ مانایـەکی تری نییە. لەبەرئـەوە کاتێک ئـەمانە دێنـە سـەر حـوکم و دەسـەڵات دەگرنـە دەسـت، یەکسـەر دەسـت دەکەن بە داخسـتـنی پەرلەمـان و پارتەکـان و لەنـاوبردنی ئازادی ڕۆژنامـەوانی و داخسـتـنی دەمی خەڵکی. (ئـەمە لە کاتێکدا هیتلـەر لە ڕێگەی سندووقی دەنگدانەوە هـاتە سـەرکـار، بەڵام کاتێک دەسـەڵاتی گرتە دەست یەکسـەر مۆری سووری لێدا و کۆتایی بە ژیانی دیموکراسی و هەڵبژاردن هێنا). لە کـاتێکدا سـیسـتـەمی دیموکراسی لەسـەر بنەوای فـرە پارتی و ڕۆژنامـەی ئازاد و ئازادیی گفـتووگۆ و هەڵسـەنگاندنی کێشـەکان لە هـەموو ڕوویەکەوە و بۆ ئەوەی

باش لە كێشەكان تێ بگەین و پاشان بڕیارێكی باش بدەین. هەر لێرەشەوە ڕێگە بە پەرلەمان دەدرێت كە لەبارەی هەموو مەسەلەكانەوە و گفتوگۆ بكرێت، بگرە دەبێت لەبارەی مەسەلەكانەوە گفتوگۆیەكی توند لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا بكرێت. زۆرجار ئەم گفتوگۆ توندانەش، قاڵبێكی توندتر وەردەگرن و دەبێتە شەڕی و دەستەویەخە لەژێر قووبەی پەرلەماندا. هەر لێرەشەوە گرینگی دەستاودەستكردنی دەسەڵات دەردەكەوێت. ئەمڕۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدایە، سبەینی دەبێتە ئۆپۆزسیۆن، پێچەوانەكەشی ڕاستە. بگرە زۆرجار دەسەڵات سوود لە ڕەخنەكانی ئۆپۆزسیۆن وەردەگرێت و یارمەتی دەدات لە چارەسەركردنی كێشەكانی وڵاتدا. بەم شێوەیە ئۆپۆزسیۆنێكی سیاسی زیرەک، خزمەتی دەسەڵات دەكات و ڕۆڵێكی پۆزەتیڤانە دەبینێت، واتە تەنیا ڕەخنە و هێرش بۆ سەر دەسەڵات ناكات. لە كۆتاییدا بەرژەوەندیی گەورەی وڵات، كاری هەردوو لا دەبێت. لێرەدا پێم خۆشە باسی دەوڵەتە پێشكەوتووەكان بكەم، ئەوانەی توانییان كێشە بنەڕەتییەكانیان چارەسەر بكەن و قۆناخی شەڕی ئەهلی ناخۆش و لاهوتی سیاسی و تایەفییان تێپەڕاند و بەسەر ڕێگرە كولتووری و پاشماوەكانی مێژوویان رزگاریان بووە. بەشێوەیەک ئەمڕۆ ئەم دەوڵەتانە لە ڕێگەی گفتووگۆی عەقڵانی و دیموكراسییانەدا هەوڵی چارەسەری كێشەكانیان دەدەن.

هابەرماس لە ئەتروحە ناسراوەكەیدا، ئەم كۆمەڵگەیانە بە "مومارەسەی بەردەوامی عەقلانی ناو دەبات، واتە ئەو كۆمەڵگەیانەی كە باوەڕیان بە گفتوگۆ و دیموكراسی هەیە" بابگەڕێینەوە بۆ كۆمەڵگە هەژارە باشەكەی خۆمان، ئەوەی كە هێشتا نەیتوانیوە تیكەیەک نان بۆ ئەندامەكانی پەیدا بكات، جا ئیتر چۆن دەتوانێت گفتووگۆی عەقڵانی و دیموكراسی ئازاد دابین بكات؟!. ئێمە لە كام پلەین لە چاو كۆمەڵگە پێشكەوتووەكانی ئەوروپای رۆئاوا و ئەمەریكای باكور، یان تەنانەت لەچاو دەوڵەتە تازە پێشكەوتووەكانی وەكو ژاپۆن و هیند و بەرازیل، ئەو دەوڵەتانەی كە هەنگاوی گەورەیان بەرەو دیموكراسی ناوە. هەروەک لە سەرەتاشدا گوتم، ئەونیقاشەی لەبارەی دیموكراسییەوە كە ئەمڕۆ لە جیهانی عەرەبیدا دەكرێت، بریتییە لە چەنەبازییەكی بێ تام و زۆر سەرەتایی و هەژارە و دژی مانا ڕاستەقینەكەی دیموكراسییە و دژ بەهەموو فەلسەفەی مۆدێرنی دیموكراسییە، كە فەیلەسووفە مەزنەكانی وەكو " جان جاک رۆسۆ، ئیمانوێل كانت.. هتد" پێشیان خستووە. لەوە دەترسم كە دیموكراسی بۆ دروشمێكی درۆینە و بەریقەدار بگۆڕێت. هەروەک سۆسیۆلۆجی فرەنسی بیربوردیو دەڵێت:

(هەموو شتێک لەبارەی هیچەوە دەڵێت و، هیچیش لەبارەی هەموو شتێكەوە ناڵێت)

لەم حاڵەتدا دورشمی دیموكراسی دەبێتە شتێكی درۆ و جەوهەر و مانا ڕاستەقینەكەی خۆی دەدۆڕێنێت و وەكو دورشمەكانی پێشوویان لێ دێت و لای خەڵكی ناشرین و قێزەون دەبن. ئاخۆ ئەمە گاڵتەجاڕی نییە، ئێستا ئوسوڵییەكان بوونەتە عاشقی دیموكراسی و سوێند بەسەر دیموكراسی دەخۆن؟ لەكەیەوە سەلەفییەكان پێیان وا بووە كە دیموكراسی واجبێكی شەریعەتی

ئیسلامییە؟ ئەری هەر بلحاج " سەرۆکی سەلەفییەکانی جەزائیر" نەبوو بەئاشکرا لەعنەتی لە دیموکراسی دەکرد و تەنانەت ڕقی لە ناوەکەشی دەبوویەوە؟ بەڵام شەهوەتی دەسەڵات سنووری نییە. لەبەرئەوە کەسمان ناتوانین ڕێگە لە هەلپەرست و چڵکاوخۆرەکان و تەنانەت ئوسوڵیەکانیش بگرین، کە جوانترین و باشترین چەمک و دەستەواژەکان بەکار بهێنن. تەنیا فکرێکی ڕژدی و بەرپرس دەتوانێت، ئەو ساختەگەرییە زۆرەی ناو گۆڕەپانی ڕۆشنبیری و سیاسی ئێستامان دەربخات و ڕیسوای بکات. هەر ئەویش دەتوانێت " واتە فیکرێکی ڕژدی" ئایدۆلۆژیای عەرەبی کۆن لەناوبەرێت و کێشەکانی شرۆڤە بکات و چارەسەریان بکات.

## دیموکراسی وەکو فەلسەفەیەکی پێکەوەگرێدراو
## نەک وەکو ئامرازێکی هەڵبژاردن

کەواتە ئەو دیموکراسییەی ئەمرۆ، بەرهەمی سێ سەدە زیاتری تەمەنی ڕۆشنگەریی فیکری ئەوروپایی مۆدێرنە. دەتوانم بڵێم بەرهەمی دوو هەزار و پێنچسەت ساڵە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن و سەرەتای بیری فەلسفە و دیموکراسی کە لەسەر دەستی سوقرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ چەکەرەی کرد. بەڵام ئەم دیموکراسییەی ئەمان نوقسان بوو، لەبەرئەوەی دیموکراسی ئەمان تەنیا شمولی پیاوانی ئازادی دەکرد و ژنان و کۆیلەکان و بێگانەکانی نەدەگرتەوە.

لەبارەی چەمکی (شورا) وە، کە خەڵکانێکی زۆر لە جیهانی عەرەبیمان باسی دەکەن، لە ڕاستیدا گرینگییەکی زۆر کەمی هەیە، چونکە ئەم چەمکە، تەنیا ئەسحابەکانی دەگرتەوە و هەموو مووسڵمانەکانی نەدەگرتەوە. ئەمە جگە لەوەی بەهیچ شێوەیەک ئەندامانی ئاینەکانی تر و خەڵکانی تر (هاوولاتی) واتە خەڵکی وڵاتەکەی نەدەگرتەوە. پێویستە ئەم چەمکە لە تێزە لاهووتییەکەی دەربهێنین بۆ ئەوەی لە چەمکی دیموکراسی بە مانا ڕاستەقینەکەی خۆی، نێزیک بکەینەوە. لەبەرئەوەی هیچ کاتێک دیموکراسی ڕاستەقینانە، بە بێ بوونی دەوڵەتێکی علمانی سەرناگرێت. واتە یەکسانی تەواوەتی بۆ هاووڵاتییان، لە ڕووی ئەرک و مافەوە بەبێ گوێدانە ڕەگەز و ئاین و مەزهەب و نەتەوەیانەوە. لە سیستەمی دیموکراسی مۆدێرندا، کە لە فەلسەفەی ڕۆشنگەری لەدایک بووە، هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان کوڕی ژنێکی ئازاد و کوڕی کۆیلەیەک، کوڕی فرقەی ناجیە و فرقەی مهرتەقە، هەروەک کتێبەکانی " النحو و البدع" ی کۆن دەڵێن، هەتاوەکو ئێستاش بەشێکی زۆری موسڵمانەکانی دنیا، باوەڕیان بەم عەقیدەیە هەیە.

لە سیستەمی دیموکراسیدا، پرۆتستانییەکی وەکو (لیۆنێل جۆسپان یان میشێل ڕۆکار)، هەمان مافی وەکو جاک شیراک و فرانسۆ میتران یان شارڵ دیگۆل هەیە، کە سەر بە مەزهەبی زۆرینەی فرەنسییەکانن " کاتۆلیکن ". بەڵام لە سەردەمی پێش قۆناخی ڕێنانساز و شۆڕشی فرەنسیدا، ئەوە شتێکی مەحاڵ بوو، کە پرۆتستانییەک بگاتە سەرۆکایەتی حکوومەتی فرەنسا. لەو

سەردەمەدا، پرۆتستانی بە زەندیق و کافر ناودەبران و کەسانی بێ ماف و لە هەموو کار و کردەوەیەکیاندا گومان لێکراوبوون. هەر بوونی لەناو زۆرینەی کاتۆلیکی فرەنسیدا شتێکی ناخۆش بوو، بەهیچ شێوەیەک قبووڵیان نەدەکرد. لەبەر ئەوە هەتاوەکو کێشە تایەفی و مەزهەبییەکان چارەسەر نەکرێن و لە جێگەیاندا فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن دانەنرێت، کە لە فەلسەفەی مۆدێرنەوە سەرچاوە دەگرێت و جێگەی لاهوتی سیاسی باو فقهی تایەفی کۆن نەگرێتەوە، کە هەتاوەکو ئێستاش حوکمی جیهانی عەرەبی ئیسلامی دەکات، قسەکردن لەبارەی بیری دیموکراسی لە جیهانی عەرەبیدا شتێکی هیچوپووچە و هیچ مانای نییە.

وشەی دیموکراسی دەبێتە شمەکێکی بەکارهێنانی مەحەلی، کە بۆ بازرگانی سیاسی بەکار دەهێنرێت و هیچ مانای تری نییە. تەنیا دەبێتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، دەبێتە ئامرازێک کە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن هەردووکیان بۆ خۆیان بەکاری دەهێنن. ئەمەش دوورە لەمانا رەسەنەکەی دیموکراسییەوە. گاڵتەجاڕییەکە لەوەدایە، ئەمڕۆ ڕێکخراوە ئوسوڵییەکانیش دەڵێن ئێمە دیموکراسین !! هەموو کەس لای ئێمە بووەتە دیموکرات. ئەمڕۆ هیچ کەسێک نییە لە جیهانی عەرەبیدا، دیموکراسی نەبێت، بەڵام کاتێک پێیان دەڵێیت، کاکی برا:

(ئەو فەلسەفەیەی کە دیموکراسی پشتی پێ دەبەستێت، داوامان لێ دەکات و دەبێت یەکەم جار دان بنێین بە یەکسانی تەواوەتی بۆ هەموو هاووڵاتییانی وڵات، هیچ هاووڵاتیی پلە یەک و پلە دوو و سێی تێدا نییە.) بەڵام ئا لەم کاتەدا دەکشێنە دواوە.

بۆ ئەوەی کەمێک هێمنت بکەنەوە پێت دەڵێن: مەترسە پارێزگاری لە مافی کەمینەکان دەکەین. بەڵام بەڕێزان ! لەناو کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی مۆدێرندا، کەمینە و زۆرینە نییە. یان چەمکی هاووڵاتییبوون یان هیچی تر نییە. یان دەبێت بنووسرێت " هاووڵاتییان لە ماف و ئەرک دا، یەکسانن " یان هیچی تر نییە. واتە دیموکراسی هەر ئەمەیە. زۆرینە و کەمینە دەبێتە چەمکێکی سیاسی و لەسەر بنەوای تایەفی و نەتەوەیی و رەگەزی نامێنێت. هەموو شوێنێک بەیەک چاو سەیر دەکرێت، ئاینیش دەبێتە شتێکی تایبەتی و پێوەستە بە لایەنی روحی ئەو کەسە دەگرێتەوە.

یان کاتێک پێیان دەڵێیت فەلسەفەی دیموکراسی داوامان لێ دەکات، دەبێت پێش هەموو شتێک باوەڕی تەواوەتیمان بە ئازادی ویژدان و عەقیدە هەبێت. بەواتایەکی تر: ئازادی لە ئاین و باوەڕبوون و بێ باوەڕبوون بە خوا، دەبێت ئازادی رەها بۆ هەموو ئاینێک فەراهەم بکرێت، لەم کاتەدا کە باسی ئەمانە دەکەین، زیاتر دەکشێنە دواوە و ڕێژەی دیموکراتەکان کەمتر دەبێتەوە. یان کاتێک پێیان دەڵێیت، فەلسەفەی دیموکراسی مانای جوداکردنەوەی تەواوە لە نێوان هاووڵاتیبوون و ئاینپەروەری، بەمانایەکی تر، هەموو ئیماندارێک هاووڵاتییە، بەڵام مەرجی نییە هەموو هاووڵاتییەک ئیماندار بێت. لەم کاتەشدا ژمارەی دیموکراتەکان زۆر کەمتر دەبێتەوە. کاتێک پێیان دەڵێیت: ئەگەر کەسێکی سونی مەزهەب لە ئێران دا، توانایەکی باشی هەبێت، دەتوانێت ببێتە سەرۆکی ئێران، یان کەسێکی بەتوانای قیبتی ببێتە سەرۆکی میسر،

مەسیحییەکی بەتوانا دەبێتە سەرۆکی سووریا، ئەمازیغییەکی بەتوانا ببێتە سەرۆکی جەزائیر، کوردێکی بەتواناش دەتوانێت ببێتە سەرۆکی عێراق. ئالەم کاتەدا بەتەواوەتی دەترسێن و تێک دەچن و هاوار دەکەن: نەخێر، نەخێر، ئەمە دیموکراسی نییە!!!. ئەمە شتێ قۆڕە تۆ دەیلێیت. ئەمە بۆ ئێمە ناگونجێت. ئەم شتانە تەنیا بۆ رۆئاوا دەگونجێت و دەشێت.

تۆ سەیر بکە چۆن قەومچی" ناسیۆنالیستە عەرەبەکان" هێرش دەکەنە سەر پێشەوای کوردی (جەلال تاڵەبانی)، لەبەرئەوەی بووەتە سەرۆکی عێراق، لە حاڵەتێکدا هەزار جار لە سەدام حوسێن چاکتر و پاکترە. ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکە بۆ ڕزیوبوون و هیچوپووچی سیاسی و ئەخلاقی لە جیهانی عەرەبیماندا. ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە هێشتا فکری کۆن بەسەرماندا زاڵە. بەڵام گەلی ئەمەریکایی رازییە کە باراک ئۆباما، ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا لە کاتێکدا کە ئەو ڕەشپێستە و مێژووییەن کەمینەیەکی بچووکی چەوساوە بوون، لە کاتێکدا ڕەشپێستەکان ڕێژەی ١٠٪ ی دانیشتوانی ئەمەریکا پێک دەهێنن. بۆچی؟ لەبەرئەوەی باراک ئۆباما بە پێی دەستووری ئەمەریکایی هاولاتییە و وەکو جۆرج بوش و بیل کلینتۆن هەمان مافی هەیە و هیچ لەوان کەمتر نییە. ئەویش بەهەمان پلەی ئەوان هاوولاتییە و هەمان ماف و ئەرکی کۆمەڵایەتیی هەیە. ئەگەر لە فەرمانڕەوایەتیی ئەمەریکا سەرکەوتووبوو، ئەوا چەپڵەی بۆ لێ دەدەن و ئەگەر سەرکەوتووش نەبوو، ئەوا لە دەسەڵات لای دەبەن.

ئەمەیە مانای تەواوەتی چەمکی " هاووڵاتی " بوونە و تەنیا مرەکەبی سەرو کاغەز نییە. ئەم گەلە دیموکراتە هیچ ترسیان لەم بڕیارەیان نییە، لەبەرئەوەی خاوەنی دەزگای دیموکراسییە راستەقینانەن.

کاتێک لەبارەی ئەم ترسەوە لە تۆماس جیفرسۆنیان پرسی، کە بە باوکی دەستووری علمانی ئەمەریکا دادەنرێت، کە هەموو هاووڵاتییانی لە ئەرک و ماف دا یەکسان کرد و ئاینی لە سیاسەت جیا کردەوە. لێیان پرسی باشە ئەگەر هاتوو کەسێکی محەمەدی " واتە موسڵمان " یان کەسێکی بێ باوەڕ ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا تۆ دەڵێیت چی؟ ئەویش گوتی: ئاساییە بابێت! ئەگەر گەلی ئەمەریکایی کەسێکی ئازادییان هەڵبژراد، ئەوا ئێمەش ڕازیین. بەلام ئەو مەبەستی گەلی ئەمەریکایی خوێندەوار و هۆشیاربوو، کە دەزانێت چی دەوێت و چی ناوێت. نەک گەلێکی توندڕۆ دواکەوتوو جاهیل، کە بەشێوەیەکی کوێرانە دوای قسەی پیاوانی ئاینی دەکەوێت، هەروەک جەماوەرێکی زۆری ئێمە، دوای قسەی شێخە ئاسمانییەکان دەکەوێت. " مەبەستی ئەو شێخە ئاینییانەی کە لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە فتوا دەدەن... وەرگێڕ".

لەبەرئەوە پێش ئەوەی مافی دیموکراسی بە گەلێک بدەیت، پێویستە سەرەتا ئەو گەلە هۆشیار بکرێتەوە و ئامادە بکرێت و ڕێژەی نەخوێندەواری زۆر کەم بکرێتەوە، بەشێوەیەک ئەو گەلە بزانێت چاکە و خراپەی خۆی هەڵبژێرێتو فێربێت بەرنامەی هەڵبژرادنی پارتە سیاسییەکان بخوێنێتەوە و بتوانێت باش کارەکان هەڵبسەنگێنێت و بزانێت کێ هەڵدەبژێرێت. ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت، ئەوا

هەواڵنامەی کتێب

ئوسوڵی و ڕەگەزپەرست و تایەفییەکان هەڵدەبژێرێت. هەر لەبەرئەم هۆیەش بوو، شۆڕشی فکری و ڕۆشنگەری، پێش شۆڕشی سیاسی کەوت، هەروەک چۆن لە ئەوروپا و ئەمەریکای باکور و جیهانی مۆدێرندا ئەم حاڵەتە دەبینین، دیارە بێجگە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی. ئێمە هەموومان سەرمان سووڕما کاتێک لە پڕێکدا شۆڕشی ئوسوڵی لە ئێران و ئەفغانیستان و پاکستان و سوودان سەری هەڵدا.

## داریوش شایغان دەپرسێت: شۆڕشی ئاینی مانای چییە؟

دەستەواژەکە خۆی لە خۆیدا ناتەواوە و خۆی لە خۆیدا دژە. بەڵام خومەینی توانی بە شۆڕشە دواکەوتووەکەی سەرکەوێت و کۆمەڵگەش بۆ دواوە بگەڕێنێتەوە. دیارە ئەویش لەبەر هۆیەکی ئاسان. لەبەرئەوەی کارەکان لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبیدا، لینگەوقووچ دەبنەوە و هەنگاو بەرەو دواوە دەنێن. مەبەستم ئەوەیە، کە شۆڕشە سیاسییەکان پێش شۆڕشە فیکرییەکان دەکەون. بەڵام لە فەرەنسا پێچەوانەی ئەمەبوو. پێش شۆڕشی فەرەنسی، شۆڕشێکی ڕۆشنگەری فەلسەفەی لەسەر دەستی ڤۆڵتێر و جان جاک ڕۆسۆ و دیردۆ... هتد، دەستی پێ کرد و ڕێگەی بۆ شۆڕش خۆش کرد و عەقلیەتی خەڵکی ڕۆشن کردەوە و پێی گەیاند. لەبەرئەوە کاتێک شۆڕشێکی ئازاد سەری هەڵدا، بازی بە کۆمەڵگە نا بۆ پێشەوە و بەشێوەیەک کە هیچ کەسێک نەتوانێت بۆ دواوە بیگەڕێنێتەوە دواوە، هەروەک خوومەینی بە شۆڕشی ئێرانی کرد، هەروەک چۆن ئەمڕۆش لە میسر گەر ئیخوان دەسەڵات بگرێتە دەست وای لێ دەکات.

با جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ کورسی قوتابخانەکان بەڵکە بۆ قۆناخی سەرەتایی. ئێمە هێشتا لە ڕووی ڕۆشنگەریی ئاینی و فەلسەفییەوە، یەک هەنگاو بەرەو پێشەوە نەچووین. یان دەتوانین بڵێین کەمینەیەکی ڕۆشنبیری خوێندەوار لە بابەتەکە تێگەیشتووە و زۆرینەی خەڵکیش لەژێر دەستی ئوسوڵی و تەوژمە پۆپۆلیستەکانە، کە کەناڵە ئاسمانییە گێرەشێوێنەکان وزە و هێزی گەورەیان پێ دەگەیەنێت.

بەڵکە دەتوانم بڵێم هێشتا لەناو هەموو نووسەر و ڕۆشنبیرانی عەرەبیشدا، ئەم کێشەیە یەکلایی نەکراوەتەوە. هەر لەبەرئەوە ناتوانین بچووکترین هەنگاو لە هیچ بوارێکدا بەرەو پێشەوە بنێین. باجارێکی تر بگەڕێینەوە و بۆ خاڵی سفر و بپرسین. ڕۆشنگەریی ئاینی چ مانایەک دەگەیەنێت؟ لێرەوە پێوەندی نێوان ڕۆشنگەریی فەلسەفی و دیموکراسی تەواو دەبێت. (دیموکراسی بۆ دوژمنانی دیموکراسی نییە، ئازادی بۆ دوژمنانی ئازادی نییە)

ئەمەش دورشمی شۆڕشی فەرەنسی بوو.

## پرسێکی نا مێژوویی؟

کاتێک بابەتەکەمان گەیشتە ئەم خاڵە، ناچارم دان بەوەدا بنێم، کە باسکردنی بابەتەکە ناخۆش و

هێرشبەر بووە. لەبەرئەوەی من داوا لە گەلانی عەرەبی و ئیسلامی دەکەم، کە شتێک قبووڵ بکەن، کە زۆر زەحمەتە قبووڵی بکەن. داوایان لێ دەکەم کە لە کاتێکی زۆر کەمدا هەنگاوی گەورە و مەزن بنێن. ئەمەش شتێکی ناواقیعی و نا ئینسانییە. لەبەرئەوەی تۆ ناتوانیت بەم شێوەیە لە رەگەوە دەری بهێنیت. رووناکبیرە گەورەکان ئاگەدارمان دەکەنەوە و کە پەلەکردن و بازدان بەسەر قۆناخەکاندا، سزای زۆری هەیە. لەبەرئەوەی گەلانی ئێمە هێشتا قۆناخی رۆشنگەریی ئاینی نەدیوە و هێشتا شۆڕشە زانستی و فەلسەفی و سیاسییەکانی هەزم نەکردووە هەروەک چۆن گەلانی ئەوروپایی و ئەمەریکایی بۆ ماوەی سێسەت ساڵە هەزمیان کردووە. لەبەرئەوە کاکی برا لەسەرخۆ بە! کاری قوورسمان بەسەردا مەسەپێنە. تۆزێک سەبرتان هەبێت. بۆ ئەوەی هیواکانت بە یەک جار بهێنینە دی، دەبێت گەلانی شارستانیمان بۆ ئیکسپۆرت "لە دەرەوە هێنان" بکەیت، چونکە ئەوان دەزانن چۆن رێز لە یاسا و سیستەم بگرن. هەر ئەو گەلانەش جێگەی گەلانی عەرەبی و ئیسلامی هەژار و دواکەوتوو بگرێتەوە، چونکە ئەم گەلانە هەموو هەینییەک گوێ بۆ شێخ و مەلاکانی مزگەوتەکان دەگرن. ئێمە ناتوانین گەلی هۆڵەندی بهێنین بۆ سووریا و جێگەی ئەوان بگرێتەوە، یان ناتوانی گەلی ئەڵمانی بهێنین جێگەی گەلی میسری و جەزائیری بگرێتەوە... هتد. ئەم قسەیەشیان راستە. من ئیعتراف دەکەم و دەڵێم ڕاست دەکەن. ئەم شتەی من داوای دەکەم لەوانەبێت چل تا پەنجا ساڵی تری پێ بچێت. بەڵام تەنانەت باسکردنی شتێکیش، کە هەلومەرجی پراکتیزەبوونی ئەمڕۆ جێبەجێ نابێت، شتێکی باشە لەبەرئەوەی داهاتوومان رۆشن دەکاتەوە. بەڵام پشتگوێخستنی مەسەلەکان و ڕاستی نەگوتن لە کاتی چارەسەکردنی کێشەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە تووشی تێکەڵاوییەک بین، لە نێوان چەمکی دیموکراسی و چەمکی زۆرینەی سیاسی لەلایەک و، چەمکی زۆریەنی تایەفی لەلایەکی تر. بەم شێوەیەش دیموکراسی تەنیا بۆ سندووقی هەڵبژاردن دەگۆڕێت و لە هەموو چەمکە سیاسییە مۆدێرنەکەی و مافی مرۆڤ بۆش دەردەچێت. بەم شێوەیە زۆرینەی شیعەی ئێرانی، سەرۆکێکی شیعە مەزهەب هەڵدەبژێرن و لە میسریش زۆرینەی تایەفی سوونی مەزهەب، سەرۆکێکی موسڵمانی سوونە هەڵدەبژێرن. ئەمەش دژی چەمکی مۆدێرنی دیموکراسییە و دژی ئەو فەلسەفەیەشە کە سەرچاوەی هەڵگرتووە. ئەمە مانای ئەوەیە، کە بەهیچ شێوەیەک دیموکراسی دروست نابێت.

دەتوانین بڵێین تەنیا خۆی لە شتێکی رەمزی دەبینێتەوە کە برێتییە لە: پرۆسەی دەنگدان و سندووقی هەڵبژاردن. ئەگەر دیموکراسیش بۆ سندوقی هەڵبژاردن بچووک کرایەوە، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئێمە هیچ لە مانای چەمکی دیموکراسی وەکو فەلسەفەیەکی قووڵ و ئینسانی تێ نەگەیشتووین. لە فرەنسا و ئەڵمانیا و تەواوی وڵاتە مۆدێرنەکاندا، هەڵبژاردن لەسەر بنەوای تایەفی و مەزهەبی ناکرێت، بگرە لەسەر بنەوای سیاسیی رووت ئەنجام دەدرێت. بە واتایەکی تر تەنیا لەسەر بەرنامەی هەڵبژاردن کە باسی بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵات دەکات. لەم کاتەدا دەتوانم دەنگ بەکەسێک بدەم کە سەر بە تایەفەکەی خۆم یان ئاینەکەی خۆم نییە. لەم

حاڵەتدا زۆرینەی گەلی ئەڵمانی دەنگ بە پیاوێکی وەکو هیلمەت کۆڵ دەدەن کە سەر بە مەزهەبی کەمینەیە، ئەم پیاوە زۆرترین ماوە حوکمی ئەڵمانیای کرد و توانیشی ئەڵمانیا بکاتەوە و بەیەک. ئەوەی ئاشکرایە کۆڵ کاتۆلیکی بوو، لە وڵاتی لۆتەر کە زۆرینەی خەڵکی ئەڵمانی پرۆترستانتن. لەوانەبێت گەلی ئەڵمانیش هەر نەیزانیبێت کە ئەو کاتۆلیکە، چونکە ئەوان تەنیا بەرنامەکەیان خوێندووەتەوە. پاشماوەی ئەو شەڕە کۆنەی مەزهەب و تایفەکان لە ئەڵمانیادا، ئەمڕۆ لە ڕێگەی عەقڵ و دیالۆگەوە ڕۆشن دەکرێتەوە. ئەڵمانیای پاش لایبنتز و کانت و فیختە و شیلنگ و هیگل و بسمارک، ئەڵمانیای سەدەکانی ناوین نییە. بەداخەوە حاڵی ئێمە لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بەم شێوەیە نییە. ئەمڕۆ گەلی ئەڵمانی هیچ گرینگی بەوە نادات، کە ئەنجیلیکا مێرکل، کچی قەشەیەکی پرۆتستانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بووە. ئەوەی کە بەلای گەلی ئەڵمانییەوە گرینگە ئەوەیە، ئەنجیلیکا مێرکل، هاووڵاتییەکی ئەڵمانییە و ژنێکی بەتوانایە و خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەڵمانیا دەکات. بەڵام لەلای ئێمە سەرەتا خەڵکی پرسیاری ئەوە دەکەن. ئەم کەسە کە دەیەوێت ببێتە سەرۆکی وڵات ئاخۆ سەر بەچ تایەفەکە؟ یان سەر بە چ مەزهەب. چ خێڵێکە؟ عەشیرەتەکەی ناوی چییە؟ ئاخۆ سەر بە گرووپەکەی ئێمەیە یان نا؟ ئەمە پێش ئەوەی پرسیاری ئەوە بکەن، ئاخۆ ئەم پیاوە چی لە مێشکیدایە؟ ئاخۆ ئەم کەسە دەتوانێت ئەم بەرپرسیاریەتییە وەربگرێت و بەتوانایە؟ یان ئاخۆ ئەم کەسە، کەسێکی دەست پاکە یان نا؟

ئاخۆ گەلێک چۆن دەتوانێت لەم حاڵەتدا سەربکەوێت؟ لەبەرئەوە ئەو کەسانەی کە شەو و ڕۆژ باسی دیموکراسی دەکەن، دوورترین کەسن لە دیموکراسی و فەلسەفەی سیاسی مۆدێرنەوە، لەبەرئەوەی ئەمانە دیموکراسی و زۆرینەی تایەفی تێکەڵاوی یەکتر دەکەن، چونکە ئەوان دڵنییان لە کاتی هەڵبژاردندا، ئەوا خەڵکی دەنگ بە زۆرینەی تایەفی دەدات و دەیبەنەوە. بەم شێوەیە مەشروعیەتی دیموکراسیمان بە سیستەمی تایەفی داوە، کە لە بنەڕەتدا دیموکراسی بۆ لەناوبردنی سیستەمی تایەفی پەیدا بووە. لێرەوە چەمکەکان بە هەڵەیی تێکەڵی یەکتری دەکرێن. هەر لەبەئەوەش بوو. هەر لە سەرەتای باسەکەمەوە خۆم لەم ناڕۆشنی و نادیارییە لە کاتی باسکردنی چەمکی دیموکراسی دوور خستەوە، بۆ ئەوەی تایەفی و دیماگۆگ و قەومچییە عەرەبییەکان بە خراپ بەکاری نەهێنن.

کەواتە چارە چییە؟ چی بکەین؟ ڕازی بین بە دیموکراسییەکی ڕەمزی کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی ئوسوڵییەکان؟ یان حوکمی ملهووری و پۆلیسی کە لە گەل دوور کەوتووەتەوە و دژ بەگەلە؟ ئاخۆ چارەسەری سێیەم نییە؟ کە لە ڕێگەیەوە بتوانێن لەم کێشە ئاڵۆزە ڕزگارمان بکات؟ چۆن دەتوانین درزێک لە دیواری مێژووی کۆن و چەسپاوماندا بکەین؟

هەوڵ دەدەم لە لێکۆڵینەوەیەکی ترمدا، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە.

سەرچاوە: سایتی الاوان. هاشم صالح. في مفهوم "الدّولة المدنيّة" (١). ١٣ كانون الاول ( ديسمبر) ٢٠١١.

# بەجیهانیبوون:
# دەرفەت یان هەڕەشە؟

ستافی سندووقی ناودەوڵەتیی دراو

## دەروازە

چەمکی بەجیهانیبوون بارێکی سۆزدارانەی گرتووەتە خۆ. لە لایەکەوە هێندێک بە پرۆسەیەکی سوودمەند، نەگۆڕ و بەردەوامی دەزانن کە هۆکارێکە بۆ پەرەپێدانی ئابووریی جیهان و لەلایەکی ترەوە هێندێکی تر بە رق و ترسەوە دەڕواننە ئەم چەمکە و پێیان وایە دەبێتە هۆی زۆربوونی نایەکسانی لە ناوخۆ و لە ئاستی جیهانیدا و بە هەڕەشەیەکی دەزانن بۆ سەر هەلی کار و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی. ئەم بابەتە بۆچوونێکی گشتییە لەسەر بەجیهانیبوون و مەبەستیشی ئەوەیە بە چاوێکی واقیعبینانەوە وزە شاراوە و مەترسییەکانی رێگاکە دەسنیشان بکا تا وڵاتانی جیهان بتوانن لەم پرۆسەیە کەڵک وەرگرن.

ئەگەرچی بەجیهانیبوون نابێتە هۆی پێشکەوتنێکی یەکسان، بەڵام دەرفەتێکی لەبار دەڕەخسێنێ بۆ پەرەپێدان لە ئاستی جیهانیدا. هێندێک وڵات لە چاو وڵاتانی تر خێراتر تێکەڵاوی ئابووریی جیهانی دەبن و هەروەها بەهۆی ئەو تێکەڵاوبوونەوە گەشەیەکی بەرچاو دەکەن و هەژارییەکی کەمتر بە خۆوە دەبینن. سیاسەتی کراوە (روو لەدەر) لە وڵاتانی باشووری ئاسیا دینامیزم و پاڵنەرێکی بەهێزی بوو بۆ ئەم پێشکەوتنە واتە ئەو بەشەی جیهان کە ٤٠ ساڵ لەمەوبەر یەکێک لە ناوچە هەژارەکان بوو ئێستا بووەتە هەرێمێکی پێشکەوتوو. بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان لەم ناوچەیەدا وای کرد کە دیموکراسی و پرسە ئابوورییەکانی وەک ژینگە و ستاندەری کارکردن پەرە بستێنن.

لە بەرامبەردا کاتێک وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و ئەفریقا لە ١٩٧٠و ١٩٨٠ کاندا سیاسەتی

.................................................................

وەرگێرانی فارسییەوە: فەرهاد سلێمانپوور

داخــراویان (روو لە ناوەخــۆ) گــرتە بەر ئـابووریـیــەکــەیان هەرەسی هـێنا و ئاســتی هــەژاری بەرز بووەوەو هـەڵاوسـانی بەرز، بـوو بە دیاردەیەکی ئاسـایی. هەروەها لـە هێندێکیشـیـاندا بـەتایبـەتی لە ئەفریقا، پشتکردن لە پەرەپێدان بە ئاراسـتـەی دەرەکی بووبووە هـۆی کێشـەیەکی گـەورە و دۆخێکی نالەباری هێنابووە کایەوە. کاتێک وڵاتانی ئەم ناوچەیە سـیاسـەتەکـانیـان گۆڕی، ئاسـتی داهـاتیـان بەرز بـووەوە و ئەمــەش بووە هـۆی گـۆرانێکی گـرینگ. بـەدڵنیـاییـیــەوە لایەنگریی ئەم رەوتـە نەک دژایەتیکردنی، دەبێتە هـۆی گەشە و پەرەپێدان و رێژەی هەژارییش کەم دەکاتەوە.

تەنگژەی ١٩٩٠ی بازاڕە تـازە ســەرهـەڵداوەکــان ئـەم راســتـیـیــەی نیـشــان دا کــە دەرفــەتی بەجیـهانیبـوون بەدەر نییـە لە مەترسییـەکانی هـەڵبـەزدابەزی سـەرمـایە، کیشـەگـەلی کـۆمـەڵایەتی، ئابووری و ژینگەیی کە بە هـۆی هـەژارییـەوە سـەرهـەڵدەدەن. بەڵام ئەمـانـە نـابێ ببنە بیـانوویەک بۆ گـرتنـەبەری ئاراسـتــەیەکی پێـچـەوانە، کـەچـی نیگەرانیی وڵاتانی پەرەئەسـتـێن و پێـشـکـەوتوو و هەروەها وەبەرهێنەرەکانیش ئەوەیە کە باوەشـیـان ئاوەڵا بکەن بۆ گـۆڕانکاری لە سـیاسـەتیاندا بە مـەبەسـتی بەهێزکردنی ئابـووری و داراییی جیـهـان کە ئەمـەش دەبێتـە هـۆی گـەشـەیەکی خێرا و دابەزینی ئاستی هەژاری.

چۆن دەکرێ یارمـەتیی وڵاتانی پەرەئەستێن، بەتایبەت وڵاتانی هەژار بدرێ بۆ ئەوەی لە رەوتەکە بەجێ نەمێنن؟ ئاخۆ بەجیهانیبوون دەبێتە هۆی نایەکسانیی زیاتر، یان دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هەژاری؟ ئـاخــۆ ئـەو وڵاتانەی کــە تێکـەڵاوی ئابووریی جـیـــهــانی دەبن مــەرجــە تووشـی زیان و ناسەقامگیری بن؟ لە بەشەکانی تردا وەڵامی ئەم پرسیارانە دەخرێتە ڕوو.

## بەجیهانیبوون چییە؟

بەجیـهانیبوونی ئابووری پرۆسـەیەکی مێژووییە و ئاکامی داهێنان و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیایە. ئامــاژەیەکــە بۆ زۆربوونــی تێکەڵاویی ئابووریی جـیـهــانی، بەتایبــەت بە هـۆی بازرگــانی و جـمــانی داراییەوە. هێندێک جـار ئەم چەمکە بە واتای جـووڵەی خەڵک (کرێکار) و زانیارییە (تەکنەلۆجیا) لە نێوان وڵاتاندا. بەجیـهـانیبـوون رەهەندی سیـاسی و فـەرهەنگی و ژینگەییش دەگرێتـە خـۆ. لەم وتارەدا ئێمە تەنیا باسی لایەنە ئابوورییەکەی ئەم چەمکە دەکەین.

بەشـێوەیەکی گشـتی بەجیـهـانیبوون چەمکێکی روونە. ئەم چەمکە لە ١٩٨٠وە بەکار هێنراوە و رەنگدانەوەی پێـشکەوتنی تەکنەلۆجیایە و کارئاسـانی کردووە بۆ ئاڵوگـۆڕی بازرگـانـی و جمـانی داراییی نێـوان وڵاتان. بەجـیـهـانیبـوون ئاماژەیەکە بۆ بەرفـراوانبـوونی هـێزی بازاڕ کـە چەندان سـەدەیە چالاکە لـە بواری ئابووریدا وەک: بازاڕی گـوندەکـان، پیشـەسـازیی شـار و ناوەندەکـانی دارایی.

بازاڕ لە رێگەی کێبڕکێ و دابەشکردنی کارەوە ئاستی کارامـەیی بەرز دەکاتەوە و پسپۆڕیش دەبێتـە هـۆی ئەوەی کە خەڵک و ئابووری، زیاتر بـایەخ بدەن بەو شتەی کە خۆیان بە باشی دەزانن.

هەولێرامەی کتێب

بازاری جیهانی کەشێکی لەبارتر دەڕەخسێنێ بۆ سوودوەرگرتنی زیاتری خەڵک و هەروەها دەبێتە هۆی بەرفراوانبوونی بازاڕ لە ئاستی جیهاندا. ئەمەش بە واتای دەستپێڕاگەیشتنی زیاتر بە سەرمایە، تەکنەلۆجیا، هاوردەی هەرزانی شتومەک و هەناردەی زیاترە. ئەو سوودەش کە لە سۆنگەی کارامەییی زیاتری بازاڕەوە وەچنگ دەکەوێ، مەرج نییە بەرهەمی تێکۆشانی هەمووان بێت. وڵاتانی جیهان دەبێ لەم پێناوەدا سیاسەتی شیاو بگرنە بەر، هەروەها وڵاتانی هەژاریش پێویستە پشتگیریی کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی بکەن.

## گەشەی بەرفراوان، نایەکسانیی قووڵ

### چەماوەی داهاتی سەدەی بیستەم

بەجیهانیبوون دیاردەیەکی ئەمرۆیی نییە. شارەزایان پێیان وایە، نێزیکەی سەت ساڵە ئابووری بەجیهانی بووە. بە بەراورد لەگەڵ پێشتر خزمەتگوزارییەکانی بازرگانی و دارایی پەرەیان سەندووە و بەقووڵی تێکەڵاو بوونە. لایەنێکی بەرچاوی ئەم تێکەڵاوبوونە بازاڕەکانی داراییـن کە بە هۆی پێوەندیی هاوچەرخی ئەلکترۆنییەوە هاتوونەتە ئاراوە.

سەدەی بیستەم گەشەی بەرچاو و زۆربوونی GDP سەرانەی جیهانی بە ڕێژەی پێنج هێندە بە خۆوە بینیوە. ئەم گەشەکردنە بێ هەوراز و نشێو نەبووە، بووژانەوەی بەرفراوان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا هاتە ئاراوە، قۆناخێک، کە ئەم گەشەکردنە خێرایەی بازرگانی، تێکەڵاو بوو لەگەڵ بازرگانی و تا ڕادەیەک دواتر لیبرالیزەکردنی لایەنی دارایی. وێنە 1a سەدەی بیستەمی بۆ چوار قۆناخ دابەش کردووە.[١]

لە سەردەمی شەڕدا هەروەک چۆن ئێستاکە ئاگەدارین جیهان پشتی لە ئەنتەرناسیۆنالیزم و بەجیهانیبوون کرد و وڵاتانی جیهان گەڕانەوە سەر سیستەمێکی ئابووریی داخراو، سیاسەتی پشتگرانە (Protectionism) و کۆنترۆڵی جمانی سەرمایە، لە هۆکارگەلی سەرەکیی داڕمانی ئابووریی ئەو سەردەمە بوو، کاتێک کە گەشەی داهاتی سەرانە لە ماوەی ١٩١٣ تا ١٩٥٠ بۆ ١٪ی. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ڕێژەی دانیشتوان بەرز بوویەوە و گەشەی داهاتی سەرانەش گەیشتە ٢٪ و بە مەبەستی بووژانەوەش خێراترین هەنگاو دوای شەڕ لە وڵاتانی پیشەسازیدا هەڵگیرا.

گۆڕانکارییەکانی سەدەی بیستەم لە رووی نێونجی گەشەی داهاتەوە جێی بایەخن، بەڵام ئەم پێشکەوتنە لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا هاوشان نەچووەتە پێش. کەلێنی نێوان وڵاتانی هەژار و زەنگین و هەروەها کەلێنی نێوان دارا و نەدار لە ناوخۆی وڵاتاندا بەرفراوان بووە. لە ماوەی سەدەی بیستدا GDPی سەرانەی یەک لە سەر چواری دانیشتوانی دەوڵەمەندی جیهان نێزیکەی شەش هێندە بەرز بووەتەوە، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە بۆ چارکی دانیشتوانی هەژاری جیهان کەمترە لە سێ هێندە (چەماوەی 1b). کەلێنی داهات بە شێوەیەکی بەرچاو بەرینتر بووە. بەڵام وەک لە

ژێرەوە باس کراوە GDPی سەرانە ناتوانێ هەموو لایەنێکی ئەم بابەتە بخاتە روو (بەشی ٤ سەیر بکە).

## وڵاتانی پەرەئەستێن. چۆن بە قووڵی تێکەڵی ئەم پرۆسەیە بوون؟

بەجیهانیبوون بریتییە لە تێکەڵاوبوونی بازرگانی و بازاڕەکانی دارایی. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە تا چ رادەیەک وڵاتانی پەرەئەستێن تێکەڵ بەم رەوتە بوونە؟ ئەم چەماوانەی خوارەوەش چۆنیەتیی تێکەڵبوونی ئەزموونەکانیان لە پێناو گەیشتن بە ئابووریگەلی پێشکەوتوودا نیشان دەدات. چەماوەی 2a داهاتی سەرانەی هێندێ وڵات بە تایبەتی وڵاتانی ئاسیا نیشانی دەدات کە گەیشتووەتە ئاستی وڵاتانی پیشەسازی لە ١٩٧٠دا. ژمارەیەکی زۆری وڵاتانی پەرەئەستێن زۆر کەم پێشکەوتوون یان وەدواکەوتوون و دەرفەتیان لە دەست داوە. بەتایبەتی داهاتی سەرانە لە هێندێک وڵاتی ئەفریقا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی پیشەسازی دابەزیوە و لە هێندێکی تردا بەشێوەیەکی رەها دابەزیوە. چەماوەی 2b ئەم شرۆڤەیە نیشان دەدات کە ئەو وڵاتانەی بواری بازرگانییان بە شێوەیەکی بنەڕەتی گەشەی کردووە گەیشتوونەتەوە بە رەوتەکە و دوانەکەوتوون.

چوار لایەنی بەجیهانیبوون:

**بازرگانی**: رێژەی بەشداریی بازرگانیی وڵاتانی پەرەئەستێن لە ١٩٧١ەوە تا ١٩٩٩ لە ١٩٪ بەرز بووەوە بۆ ٢٩٪. بەڵام چەماوەی 2b جیاوازیی نێوان ناوچە سەرەکییەکان نیشان دەدات. بۆ نموونە ئابوورییە بەپیشەسازیکراوە هاوچەرخەکانی (NIEs) ئاسیا بەباشی چوونەتە پێش لە کاتێکدا وڵاتانی ئەفریقا هەر بە هەژاری ماونەتەوە. لەم پێوەندییەدا لێکدانەوەی هەناردەی وڵاتانی جیهان جێی بایەخە و ئەم بەرزبوونەوەیە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ شتومەکی بەرهەمهێنراو، لە کاتێکدا هەناردەی شتومەکە سەرەکییەکانی وەک خۆراک و کەرەستەی خاوی وڵاتانی هەژار بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە.

**جووڵەی سەرمایە**: چەماوەی ٣ ئاستی بەشداریی خەڵک لە بەجیهانیبووندا نیشان دەدات کە لە ١٩٩٠ەوە بەگەڕخستنی سەرمایەی تایبەتی لە وڵاتانی پەرەئەستێندا گەشەی کردووە. هەروەها ئەم خاڵانەی خوارەوەش نیشان دەدات: ١- ئەم زۆربوونە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناخێکی راوەستاو لە ١٩٨٠دا، ٢- لە ١٩٨٠ەوە پوختەی بەگەڕخستنی فەرمی و یارمەتییەکانی پەرەپێدان بە شێوەییەکی بەرچاو کەم بوونەتەوە. ٣- بەگەڕخستنی تایبەتی بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانی بەسەردا هاتووە. وەبەرهێنانی راستەوخۆی دەرەکی بایەخێکی تایبەتی پەیدا کردووە. هەردووک وەبەرهێنانی بەرگە نرخدارەکان و قەرزی بانکی بەرز بوونەوە، بەڵام بە هەڵکشان و داکشانێکی زۆرەوە لە تەنگژەی داراییی ١٩٩٠دا بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی.

**جووڵەی خەڵک**: هێزی کار بۆ دۆزینەوەی کار روو لە وڵاتانی تر دەکات. هێشتا رێژەکە کەمە،

هەواڵنامەی ئێن

بەڵام لە ماوەی نێوان ١٩٦٥تا١٩٩٠دا ڕێژەی کۆچی کرێکاریی بیانی نیو هێندە بەرز بووەتەوە. بەشێکی زۆری ئەم کۆچەش تایبەت بووە بە وڵاتانی پەرەئەستێن. بەڵام کۆچ بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو بووە هۆی نێزیکبوونەوەی حەقدەستی کرێکاران لە ئاستی جیهانیدا. هەروەها لە وڵاتانی پەرەئەستێن پتانسێلک هەیە بۆ گەڕانەوەی کرێکاری شارەزا بۆ وڵاتەکانیان و بۆ بەرزبوونەوەی حەقدەستەکانیان.

**بڵاوبوونەوەی زانیاری** (و تەکنەلۆجیا): ئاڵوگۆڕی زانیاری بەشێکی جیانەکراوە و بنەڕەتیی بەجیهانیبوونە. بۆ نموونە وەربەهێنانی ڕاستەوخۆی دەرەکی نە تەنیا دەبێتە هۆی زۆربوونی سەرمایە، بگرە داهێنانی تەکنیکیشی لێ دەکەوێتەوە. بەگشتی زانیاری لەسەر چۆنیەتیی بەرهەمهێنان، تەکنیکی بەڕێوەبردن، بازاڕەکانی هەناردە و سیاسەتی گونجاوی ئابووری زیاد دەکا و بە تێچوونێکی کەمەوە دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی سەرچاوەکانی ئابووری لە وڵاتانی پەرە ئەستێندا.

لێرەدا ناکرێ بە تێروتەسەلی باسی گواستنەوەی ئابووریی پلاندارێژراو(planned) بۆ ئابووریی ئازاد بکەین کە زۆر تێکەڵاوی ئابووریی جیهانن. لە ڕاستیدا چەمکی گواستنەوەی ئابووری باوی نەماوە. هێندێک وڵات (پۆلەندا و هەنگاریا) بەرەو تێکەڵاوبوون هەنگاویان ناوە و لە ڕووی پێکهاتە و رووخسارەوە وەک وڵاتانی پێشکەوتوویان لێ هاتووە. بەڵام وڵاتانی سەر بە سۆڤیەتی پێشوو وەک وڵاتانی پەرەئەستێن بەرەوڕووی کێشەی درێژخایەنی پێکهاتەیی و دامەزراوەیی بوونەتەوە.

## ئاخۆ بەجیهانیبوون نایەکسانی و هەژاری زۆرتر دەکا؟

لە سەدەی بیستدا نێونجی داهاتی سەرانەی جیهان بەشێوەیەکی بەرچاو و بە هەڵکشان و داکشانێکی زۆرەوە لە وڵاتاندا بەرز بووبووەوە. بۆ ماوەی چەندان سەدە جیاوازیی داهاتی نێوان وڵاتانی هەژار و دەوڵەمەند زۆر بووە. لەسەر ئابووریی ٤٢ وڵاتی جیهان لە ماوەی سەدەی بیستدا لێکۆڵینەوە کراوە و زانیارییەکانیش ٩٠٪ی دانیشتوانی جیهان دەگرێتەوە. لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات کە بەرهەمی سەرانە بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بووەتەوە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستدا جیاوازیی دابەشبوونی داهاتی نێوان وڵاتانی جیهان بەرینتر بووەتەوە.

داهات هەموو لایەنەکان روون ناکاتەوە. پێوانەیەکی گونجاوتر بۆ دەرخستنی کۆمەڵگە ئاستی خۆشگوزەرانییە کە وڵاتانی هەژار لەم رووەوە پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەدەست هێناوە. بۆ نموونە هێندێ وڵاتی کەم داهاتی وەک سریلانکا نیشاندەرێکی باشتر و کاریگەرتریان هەیە. توێژینەوەگەلی نوێ دەری دەخەن کە ئەگەر نیشاندەری گەشەسەندنی مرۆیی(HDI) ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN)، بکەین بە پێوەر، واتە دوو پێوەری ئاستی خوێندەواری و هیوا بە ژیان، جیاوازییەکە کەمترە.

هەوراماندی کتێب

لە راستیدا کەلێنەکە بەرتەسکتر دەبێتەوە. بەرەنجامێکی گرینگی تری لێکۆڵینەوەکە بەراوردی نێوان کەلێنی داهات و کەلێنی گەشەسەندی مرۆییە (HDI). ئاستی داهاتی وڵاتانی هەژار هێشتا لە خوارەوەی داهاتی ١٨٧٠ی وڵاتانی پێشەنگەوەیە (بە لەبەرچاوگرتنی هەڵاوسان). کەلێنی داهات بەرینتر بووەتەوە، بەڵام ئەگەر ئێستا (HDI) بپێورێ، وڵاتانی هەژار زۆر پێشکەوتووترن لەچاو وڵاتانی پێشەنگ لە ١٨٧٠دا. هۆکارەکەشی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی پزیشکی و باشتربوونی ئاستی ژیان کە بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی هیوا بە ژیان.

تەنانەت ئەگەر لە درێژخایەنیشدا کەلێنی (HDI) بەرتەسکتر ببێتەوە ئەوا خەڵکێکی زۆرتریش تووشی زیان دەبن. ئەگەرچی هیوا بەژیان بەرز دەبێتەوە، بەڵام ئاستی ژیانی زۆربەی خەڵک باشتر نابێ و ژمارەیەکی زۆریش هەر بە هەژاری دەمێننەوە. هەروەها بڵاوبوونەوەی ئایدز لە سەدەی ١٩ لە ئەفریقادا بووبووە هۆی کەمبوونەوەی هیوا بە ژیان.

ئەمەش وای کردووە بەخێرای سیاسەتێکی روونتر بگیردرێتە بەر بۆ کەمکردنەوەی ئاستی هەژاری. ئەو وڵاتانەی کە گەشەیەکی بەرزیان هەیە و سیاسەتێکی گونجاو دەگرن ەبەر بەرەبەرە هەژارییان کەم دەبێتەوە.

دوا بەرئەنجامەکان دەری دەخەن کە تاکوتەرا پێوەندییەک لە نێوان گەشەسەندن و کەمبوونەوەی هەژاریدا هەیە. ئەگەر سیاسەتێکی گونجاو و پۆزەتیڤ بۆ نموونە ئەگەر سیاسەتێکی گونجاو بۆ خەرجییەکانی کۆمەڵگە دابرێژرێ، بوار دەڕەخسێ بۆ گەشەسەندن و بەخێرایی هەژاری کەم دەبێتەوە. ئەمەش بەڵگەیەکی گرینگە بۆ ئەوەی داڕێژەرانی سیاسەتی ئابووری وەک IMF، زیاتر و راشکاوانەتر بایەخ بدەن بە کەمکردنەوەی هەژاری.

## وڵاتانی هەژار چۆن دەتوانن بەخێرایی لەگەڵ ڕەوتەکەدا خۆیان ڕێک بخەن؟

کەڵەکەبوونی سەرمایەی مادی (وەبەرهێنان)، سەرمایەی مرۆیی (هێزی کار) و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا، لە هۆکارگەلی گەشەپێدانن (ئابووریناسان ئەمانە بە فاکتەریلی بەرهەمهێنان و بەرهەمداری دەزانن).[٣] زۆربەی هۆکارەکان یان یارمەتیدەرن یان هۆکارێکن بۆ دواکەوتوویی. ئەزموونی ئەو وڵاتانەی کە لە رووی بەرهەمهێنانەوە گەشەیان سەندووە، گرینگیی زەوینەیەکی لەبار کە هۆکارێکە بۆ گەشەی داهاتی سەرانە لە درێژخایەندا نیشان دەدات. جێگیریی ئابووری، بوونی دامەزراوەکان و ریفۆرم لە پێکهاتەدا بەلایەنی کەمەوە ئەو مەرجانەن کە هێندەی جووڵەی دارایی گرینگن بۆ پەرەپێدانی درێژخایەن. ئەو سیاسەتانەی کە مەرجن بۆ بەرەوپێشچوونی ئابووری پێویستە لایەنی دارایی و تەکنیکی و هەروەها کەمکردنەوەی قەرزەکان بگرنەخۆ کە ئەمانەش برێتین لەم خاڵانە:

- جێگیرکردنی ماکرۆئیکۆنۆمی بۆ ئەوەی دۆخێکی لەبار بڕەخسێنێ بۆ وەبەرهێنان و پاشەکەوتکردن.
- گرتنەبەری سیاسەتی روو لەدەر بۆ کاراکردنی زیاتر، لە ڕێگەی گەشەسەندنی بازرگانی و وەبەرهێنانەوە.
- ریفۆرمکردن لە پێکهاتەدا بە مەبەستی هاندانی ڕکابەرایەتی.
- دامەزراوەی بەهێز و حکوومەتی لێهاتوو بۆ هاندان و خێراکردنی چالاکییەکانی حکوومەت.
- خوێندن، راهێنان، لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمداری
- کارگێڕیی قەرزی بیانی بۆ دڵنیایی لە بوونی سەرچاوەی پێویست بۆ پەرەپێدانی بەردەوام.

بە مەبەستی کەمکردنەوەی هەژاری پێویستە ئەم سیاسەتانە لە ستراتیجی وڵاتاندا بگیردرێنە بەر و هەروەها سیاسەتی تایبەت بە کەمکردنەوەی هەژاری زۆر بەوردی لە ڕێگەی تەندروستی، خوێندن و تۆڕەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە لە بودجەدا هەژمار بکرێن. راوێژکردن بەتایبەتی لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی چانسی سەرکەوتن زیاتر دەکات.

وڵاتانی پێشکەوتوو دەتوانن لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە رۆڵێکی گرینگ بگێڕن لە یارمەتیدانی وڵاتانی کەمداهات بۆ تێکەڵاوبوونیان بە ئابووریی جیهان.

- گەشەپێدانی بازرگانی: یەک لە پێشنیارەکان هەڵگرتنی لەمپەرەکانی بازاڕە لە بەردەم شتومەکی وڵاتانی هەژاردا. ئەمەش یارمەتییان دەدات پسپۆڕ بن لەو شتومەکانەدا کە توانای هەناردەکردنیان هەیە.

- هاندانی سەرمایەی تایبەت، بەتایبەت وەبەرهێنانی راستەوخۆی دەرەکی لە وڵاتانی هەژاردا کە دوو قازانجی گەشانەوەی دارایی و گواستنەوەی تەکنەلۆجیای لێ دەکەوێتەوە. - بەهۆی کەمکردنەوەی قەرزەکانەوە بەخێرایی و هەروەها زۆربوونی یارمەتییە داراییەکان، کۆمەکە فەرمییەکانی پەرەپێدانی (ODA) وڵاتانی پێشکەوتوو لە ١٩٩٨دا بۆ ڕێژەی لە ٢٤٪ی GDP کەم بووەوە (بە بەراورد لەگەڵ ٧٪ی UN). هەروەک میشل کامدێس کارگێڕی پێشوتری IMF دەڵێ: بەخشینی ئەم قەرزانە سوودێکی ئەوتۆیان نەبوو، لە راستیدا ئەمە بووە هۆی بێ متمانەیی زیاتر، لە کاتێکدا وڵاتانی پێشکەوتوو بەو دەرفەتانەی کە لە سەدەی رابردوودا هەیانبوو دەیانتوانی بەمەبەستی چەسپاندنی زیاتری ئاشتی کەڵکیان لەو یارمەتییانە وەرگرتبا.

IMF لە ڕێگەی کەمکردنەوەی هەژاری و یارمەتییەکانی گەشەپێدانەوە پشتگیریی ریفۆرم دەکات لە وڵاتانی هەژاردا. IMF بەشدار دەبێ لە یارمەتیدانی ئەو وڵاتانەی کە کەوتوونەتە ژێر باری قەرزەوە.

## ئاسۆی وڵاتانی پێشکەوتوو . ئاخۆ بەجیهانیبوون زیان دەگەیەنێ

## بە بەرژەوەندیی کرێکاران ؟

وڵاتانی پێشکەوتووش لە بەجیهانیبوون دەترسن. ئەو کرێکارانەی لەبەر حەقدەستی کەم وڵاتەکەیان بەجێ دێڵن و ڕوو دەکەنە وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ حەقدەستی زیاتر، کۆمەڵێک کێشە بۆ ئەو وڵاتانە دروست دەکەن، ئەنجامەکانی ئەم کۆچە چین؟ و ئاخۆ دەبنە هۆی خواست لەسەر کرێکاری کەم شارەزا لە وڵاتانی پێشکەوتوودا؟ ئاخۆ ئەم گۆڕانکارییانەی کە لە ئابووریی ئەم کۆمەڵگایانەدا ڕوو دەدەن ئاکامی ناڕاستەوخۆی بەجیهانیبوونن؟

ئابووری تا دێ کراوەتر دەبێ و چەندان ڕەوت کاریگەرییان لە سەری هەیە، بەجیهانیبوون تاک ڕەوت نییە. ڕەوتێکی تری ئابوورییگەلی پیشەسازیی پێگەیشتوو بایەخدانی زیاترە بە خەزمەتگوزاری. بەرزکردنەوەی زیاتری ئاستی کارامەیی و شارەزاییی پیشەکانیش ڕەوتێکی ترە. بەڵگەکان دەیسەلمێنن بە بوون و نەبوونی بەجیهانیبوون ئەم گۆڕانکارییانە ڕوو دەدەن. لە ڕاستیدا پرۆسەی بەجیهانیبوون لە ڕووی ئابوورییەوە گەڕانی سەرمایە، داهێنانی تەکنەلۆجیا و هاوردەی خێراتر و هەرزانتر کردووە. گەشەی ئابووری، هەلی کار و ئاستی ژیان بە بەراورد لەگەڵ ئابوورییە داخراوەکاندا لە ئاستێکی بەرزتردان.

بەڵام دەسکەوتەکان لە ناوخۆی وڵاتاندا بەشێوەیەکی نایەکسان دابەش دەبێت و هێندێ لایەنیش زیانیان پێ دەگا. بۆ نموونە کرێکاری پیشەسازیی کۆن بە ئاسانی ناگوازرێتەوە بۆ پیشەسازیی نوێ.

چ سیاسەتێک گونجاوە؟ ئاخۆ پێویستە حکوومەت بۆ پاراستنی هێندێ لایەنی تایبەت وەک کرێکاری مووچە نزم و پیشەسازیی کۆن، کۆسپ بخاتە بەردەم بازرگانی و جمانی سەرمایە؟ لەوانەیە ئەم سیاسەتە لە کورتخایەندا یارمەتیدەر بێت، بەڵام دواتر تێچوونێکی زیاتر دەخاتە سەر ئاستی ژیانی زۆربەی خەڵک. یان بەپێچەوانەوە حکوومەت پێویستە سیاسەتێک بگرێتە بەر کە هانی ئابووری بدات زیاتر تێکەڵاوی ئابووریی جیهانی بێ و پێوەرگەلێک دابنێ بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانکارییانە لە بەرچاو بگرێ کە ڕوو دەدەن و زیانەکانی کەمتر بکاتەوە. پێویستە لە ڕێگەی سیاسەتێکی کراوە بەرووی بەجیهانیبووندا، ئابووری پێش بکەوێ. هەروەها پێویستە سیاسەتی ئابووریی کراوە ڕەچاو بکرێ و لە هەمان کاتدا بایەخ بدرێ بە بوارەکانی تر بۆ ئەوەی بەشدار بن لە سوودەکانی بەجیهانیبووندا. پێویستە حکوومەت بایەخ بدات بەم دوو لایەنە گرینگە:

- خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی، کە دەرفەتی زیاتر دەخاتە بەردەم هێزی کارە و دەبێتە هۆی ئەوەی کرێکار بە پێی گۆڕانکارییەکانی ئابووری، بەردەوام ئاستی شارەزایی و توانای بەرز بکاتەوە.
- دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ئامانجدار بەمەبەستی یارمەتیدانی خەڵک لە کاتی گواستنەوە و گۆڕانکارییەکاندا.

## ئایا تەنگژەی ناوەناوە ئاکامێکی حاشاهەڵنەگری بەجیهانیبوونە؟

زنجیرە تەنگژەی ١٩٩٠ لە مەکزیک، تایلەند، ئەندەنۆسیا، کۆریا، رووسیا و بەرازیل ئەوەی سەلماند کە تەنگژەکانی دارایی ئاکامی راستەوخۆ و حاشاهەڵنەگری بەجیهانیبوونن. پرسیارێک کە لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو و بازاڕە تازە سەرهەڵداوەکاندا دێتە ئاراوە ئەوەیە کە ئاخۆ بەجیهانیبوون دەبێتە هۆی ئەوەی دژواری بەڕێوەبردنی لە بواری ئابووریدا؟ (چوارچێوەی ١)

چوارچێوەی، ١. ئاخۆ ئایا بەجیهانیبوون دەبێتە هۆی لاوازبوونی سەروەریی نیشتمانی لە بریاردانی ئابووریدا؟

ئاخۆ تێکەڵاوبوونی ئابووری بەتایبەتی لە رووی داراییەوە دەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم بەڕێوەبردنی حکوومەت لە ئابووریدا؟ بۆ نموونە حکوومەت بە هۆی سنووردرابوونیەوە ناتوانێ زۆر دەست وەربدا لە دیاریکردنی رێژەی باج، سیستەمی باج، پارە و نرخی دراو. ئەگەر وا دابنێین وڵاتانی جیهان دەتوانن لە رووی گەشەپێدانی بەردەوام، هەڵاوسانی کەم و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە سەرکەوتوو بن و لەگەڵ رووداوەکانی ٥٠ ساڵی رابردوودا، ئاخۆ بەجیهانیبوون بەدیهێنەری ئەم ئامانجانەیە لە درێژخایەندا؟

وەک لە چەند ساڵی پێشوودا دیتمان، هەڵکشان و داکشانی گەڕانی سەرمایە لە کورتخایەندا دەبێتە هۆی ناسەقامگیری ماکرۆئیکۆنۆمی. بەم جۆرە لە جیهانێکدا کە بازاڕەکانی دارایی تێیدا تێکەڵاو بوون، ئەو وڵاتانەی کە هەوڵ نادەن جێگیری لە داراییدا پێک بێنن بەرەورووی مەترسییەکی گەورە دەبنەوە. هەروەها ئەم رێوشوێنانە پێویستە کەرتی تایبەتیش بگرێتەوە، لە کاتێکدا ئەستەمە بتوانین پێش بە بەرزبوونەوەی حەقدەست و نرخەکان بگرین، لەبەرئەوەی مەترسیی ئەوەیان لێ دەکرێ ڕکابەری لەناو بەرن.

مەترسییەکی تر ئەوەیە کە هێندێک جار وەبەرهێن بەتایبەتی وەبەرهێنی کورتخایەن بە هیواوە دەڕوانێتە داهاتووی ئابووری، سەرمایەیەکی زۆر لە ناوەخۆدا وەگەڕ دەخا، بەڵام کاتێک روانگەکان گۆڕانیان بە سەردا دێ لە ناکاو سەرمایەیەکی زۆر لە بازاڕدا دەکێشرێتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئابووری.

بەکورتی، بەجیهانیبوون نابێتە هۆی لاوازبوونی سەروەریی نیشتمانی. ئەمەش پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ حکوومەت تا سیاسەتی گونجاوی ئابووری بگرێتە بەر. هەروەها هاندەرێکیشە بۆ کەرتی تایبەت تا بەوردی مەترسییەکان شرۆڤە بکات. هەرچەندە وەبەرهێنانی کورتخایەن لەوانەیە هەڵکشان و داکشانی لێ بکەوێتەوە.

هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی جمانی سەرمایەی ناودەوڵەتی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەهێزکردنی بنیاتنانەوەی داراییی ناودەوڵەتی. لەم بارەوە هێندێ کەس پێیان وایە بەجیهانیبوون دەبێتە هۆی

هەوراز هەی پێنج

تێکچوونی یاساکان و بەربەست لە بەردەم چالاکییە ئابوورییەکاندا، بەڵام بەپێچەوانەوە یەک لە ئامانجە سەرەکییەکانی هەوڵەکانی بنیاتنانەوەی دارایی ناودەوڵەتی ئەوەیە کە گەشە بدات بە ستاندەر و کۆدەکان کە بە بناخەی پرەنسیپە ناودەوڵەتییەکان دادەنرێن و پێویستە وڵاتان بەکاریان بێنن.

بازاڕەکانی سەرمایە لە ئاستی جیهاندا هۆکارێکن بۆ تەشەنەکردنی تەنگژەکان. بە بێ بوونی ئەو بازاڕانە ئەو تەنگژانە بەو جۆرەی کە هەن پەرە ناگرن. بەڵام وڵاتانی پێشکەوتوو و تازەسەرهەڵدا و بە بێ جمانی دارایی زۆر گەشە ناکەن.

تەنگژەکان ئاڵۆزن و بەرەنجامی کارلێکی دوولایەنەی لاوازیی سیاسەتی ناوەخۆ و سیستەمی دارایی جیهانین. وڵاتان بەتەنیا و هەروەها کۆمەڵگەی جیهانییش پێکەوە هەنگاو دەنێن بۆ نەهێشتنی ئەم تەنگژانە لە داهاتوودا.

تەنانەت هێندێ وڵات کە لە ئاستی ناوەخۆدا بە رواڵەت لە رووی ئابوورییەوە باشن، ناتوانن بە تەواوی لە بەرانبەر ئەو شۆکە بەهێزانەدا راوەستن کە لە بازاڕەکانی جیهاندا روو دەدەن. جێگیریی ماکرۆئیکۆنۆمی، تەندروستیی بواری دارایی، ئابووریی کراوە، شەفافیەت و حکوومەتی لێهاتوو هەموویان پێویستن بۆ وڵاتان تا بەشدار بن لە بازاڕەکانی جیهاندا. هەرچەندە زەحمەتە وڵاتێک ئەم مەرجانە لە یەک کاتدا کۆ بکاتەوە.

لە ئاستی ناودەوڵەتیشدا چەندان هێڵی سەرەکی، بەڵام لاواز لە ئارادان بۆ پێشگرتن و نەهێشتنی تەنگژە. وەبەرهێنەکان بە پێی پێویست ناتوانن مەترسییەکان هەڵسەنگێنن. رێکخەر و سەرپەرشتیارەکان لە ناوەندە داراییەکاندا ناتوانن بە وردی چاودێری و کۆنترۆڵی پەرەپێدان بکەن. هەروەها زانیاری تەواوان نییە لە سەر وەبەرهێنە ناودەوڵەتییەکان بەتایبەتی لەسەر ئەو دامەزراوە داراییانەی کە خۆیان لە چاودێریی حکوومەت بەدوور دەگرن (offshore financial in-stitutions). ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە بازاڕەکان بە هۆی گۆڕانی لە ناکاوی هەستی وەبەرهێنەوە، کاردانەوەیەکی گشتی دەبێ و جووڵەیەکی خێرای سەرمایەی لە ئاستی ناوەخۆ و دەرەوەدا لێ دەکەوێتەوە.

کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی لە رێگەی بەهێزکردنی بنیاتنانەوەی دارایی و پارەوە لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ نەهێشتنی رەهەندەکانی تەنگژە داراییەکانی جیهان. ئەرکی سەرەکیی بازاڕەکانە کە بە شەفافیەت، دادپەروەری و کاراییەوە چالاکی ئەنجام بدەن. لەم پرۆسەیەدا

IMF رۆڵێکی سەرەکیی هەیە و لە رێگەی بڵاوکراوەکانییەوە زانیاریی زیاتر لەسەر بەجیهانیبوون دەخاتە ڕوو.

## رۆڵی ڕێکخراو و دامەزراوەکان

دامەزراوە ناوەخۆیی و ناودەوڵەتییەکان کە کولتووری جیاوازەکان کاریگەرییان لەسەر دادەنێن، رۆڵێکی گرینگ دەگێڕن لە پرۆسەی بەجیهانیبووندا کەوابوو وا باشترە لە دەرەوەڕا سەیری رۆڵی دامەزراوەکان بکەین:

"... ئاکامی تێکەڵبوونی چڕیی بازاڕەیلی دارایی و شتومەک هاوکاتە لەگەڵ کێشەی بازرگانی و گرفتەکانی ناجێگیریی دارایی کە ئەمەش زۆر ئاساییە... سەیر لەوەدایە کە ئەم گرفتانە زۆر زەحمەت نین و لە بەرانبەردا تێکەڵاوبوونی بازاڕەکانی شتومەک و دارایی زۆر بەرفراوانتر بووە.

"هەروەها لێرەدا خاڵی جێی ئاماژە رۆڵی دامەزراوەکانە لە جێگیرکردنی دۆخی داراییدا. لە ئاستی ناوەخۆدا ئەمە نیشانی ئاسایشی دارایی و کۆمەڵایەتییە و لە ئاستی ناودەوڵەتیشدا نیشانەی چاودێریی IMF،WTO و کومیتەی باسڵی بانکەکان (Basle Committee of Banking Supervisors)ە. لەوانەیە ئەم دامەزراوانە نەتوانن بەتەواوی رۆڵی خۆیان بگێڕن، بەڵام لە هیچ هەر باشترن. لەبەرئەوەی بڕیاردان لە سەر پێوەندیی مێژوویی نێوان ئاستی تێکەڵاوبوونی ئەم دامەزراوانە لە لایەکەوە و هەروەها ئاستی کێشەگەلی بازرگانی و ناجێگیریی دارایی لەلایەکی ترەوە، شتێکی زەحمەتە. (paramthesses added)

### بەرئەنجام

هەرکە بەجیهانیبوون پێش کەوتبێ، ئاستی ژیانی خەڵک (بەتایبەتی کاتێک خۆشگوزەرانی دەکەینە پێوەر) کەموزۆر لە جیهاندا باشتر بووە. بەهەرحاڵ زۆربەی ئەم پێشکەوتن و دەستکەوتانە لەلایەن وڵاتانی پێشکەوتوو و هێندێ وڵاتی پەرەئەستێنەوە بەدی هاتوون.

کەلێنی نێوان وڵاتانی فرەداهات و کەمداهات بەرینتر دەبێ و ئەمەش جێی نیگەرانییە. هەروەها ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتوانی جیهان هەژارن. بەڵام ئەمانە نابێ وامان لێ بکەن کە پێمان وابێ بەجیهانیبوون وڵاتان لە یەکتر دوور دەکاتەوە و یا هەوڵ نەدەین گرفتەکان چارەسەری بکەین. بەپێچەوانەوە وڵاتانی کەمداهات بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر ناتوانن بە خێرایی تێکەڵاوی بەجیهانیبوون بن، کە ئەمەش تا رادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتانەی دەیگرنە بەر و بەشێکی تریشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کە لە دەست ئەواندا نین. هیچ وڵاتێک تەنانەت هەژارترین وڵاتیش ناتوانێ خۆی لە پرۆسەی بەجیهانیبوون بەدوور بگرێ. هەموو وڵاتەکان دەبێ هەوڵ بدەن رێژەی هەژاری کەم بکەنەوە. کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی دەبێ تێ بکۆشێ لە رێگەی بەهێزکردنی سیستەمی داراییی ناودەوڵتی، بازرگانی و کۆمەکەوە پشتی وڵاتانی هەژار بگرێ بۆ ئەوەی تێکەڵاوی ئابووریی جیهان بن و بە خێرایی گەشە بکەن و هەژارییش کەم بکەنەوە. بەم پێیە خەڵکی وڵاتان دڵنیا دەبن کە سوود لە بەجیهانیبوون وەردەگرن.

هەولێرنامەی کتێب

سەرچاوە:


https://www.imf.org/external/np/exr/ib/2000/041200to.htm

جمانی سەرمایە، بەگەڕخستنی، گەڕانی سەرمایە: Capital flow

پەرەپێدان: Development

سەرجەم بەرهەمی ناوەخۆ: GDP

گەشە: Growth

سیاسەتی پشتگری: Protectionism

سیاسەتی روو لەدەر: Outward oriented policy

سیاسەتی روو لەناو: Inward oriented policy

ئابووری تەڤ، ماکرۆئیکۆنۆمی: Macro economy

ئابووری هندک، مایکرۆئیکۆنۆمی: Micro economy

وەبەرهێنانی بەرگە نرخدارەکان: Portfolio investment

1- The discussion in this section is elaborated in the World Economic Outlook, International Monetary Fund, Washington D.C., May 2000.

2 Nicholas Crafts, Globalization and Growth in the Twentieth Century, IMF Working Paper, WP/00/44, Washington DC, April 2000.

3- These issues are explored in greater depth in IMF, World Economic Outlook, May 2000, Chapter IV.

4- These are described in the factsheets "The Poverty Reduction and Growth Facility (PRGF) - Operational Issues"، and "Overview: Transforming the Enhanced Structural Adjustment Facility (ESAF) and the Debt Initiative for the Heavily Indebted Poor Countries (HIPCs)،" which may be viewed at www.imf.org.

5- See "Progress in Strengthening the Architecture of the International Monetary System": http://wwww.imf.org/external/np/exr/facts/arcguide.ht m and Guide to Progress in Strengthening of the International Financial System: http://www.imf.org/external/np/exr/facts/arcguide.htm.

6- Bordo, Michael D,. Barry Eichengreen, and Douglas A.Irwin, Is Globalization Today Really Different than Globalization a Hundred Years Ago? Working Paper 7195, National Bureau of Economic Research, Cambridge, MA, June 1999.

# بەشداریی سیاسی، گەشەی سیاسی و پارچە پارچەیی کۆمەڵایەتی

حوسێن بەشیرییە

## بەشداریی سیاسی و گەشەی سیاسی

بابەتی سەرەکیی ئەم وتارە شرۆڤەی بەشداریی سیاسییە وەک مەرجی گەشەی سیاسی.

گریمان لە نێوان سیستەمە سیاسییە جۆراوجۆرەکاندا سیستەمێک کە تێیدا شیمانەی بەشداریی سیاسی لە واتای گشتیدا بوونی هەیە لە سیستەمەکانی تر گەشەسەندووترە. کەوابوو توێژینەوە لە هەلومەرجە جۆراوجۆرەکانی بەدیهاتنی ئەم مەرجە بابەتی سەرەکیی باسەکەی ئێمەیە.

سەرەتا پێناسەیەک لە سیستەمی سیاسیی گەشەسەندوو بە دەستەوە دەدەین کە تێیدا جگە لە بەشداریی سیاسی ئاماژە بە توخمەکانی تری گەشەی سیاسیش دەکرێ.

١- گرووپ و هێزە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان بتوانن لە رووی سیاسییەوە خواست و بەرژەوەندییەکانیان رێک بخەن.

٢- لە نێوان پێکهاتە سیاسییەکەدا کۆمەڵێک بنیاتی جۆراوجۆر گەشەیان سەندبێت و حکوومەت بتوانێ بە پێی ئاڵۆزی و بەربڵاویی بنیاتە سیاسییەکان، خواست و بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکان تێکهەڵکێشێت و شێوازگەلێکی ناتوندوتیژ بۆ چارەسەریی کێشە و ناکۆکییەکان هاتبێتە ئاراوە، یەک لەوانە هەندێک مێتۆد بۆ دەستاودەستبوونی دەسەڵاتی سیاسی لە نێوان گرووپ و هێزە جۆراوجۆرەکاندا هاتبێتە ئاراوە. بەرئەنجام لەگەڵ پەرەسەندنی بنیاتەکاندا، سیاسەت ناتاکەکەسی سەقامگیر بێت و شیمانەی بە کارهێنانی توندوتیژیی سیاسی لە رەهەندە جۆراوجۆرەکانیدا کەم ببێتەوە.

---

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: رامبود لوتف پووری

٣- لەناو بنیاتە سیاسییە سەقامگرتووەکاندا دەرەتانی بەشداری و ململانێی سیاسیی بەردەوام و ناتوندوتیژ لە گۆڕێدا بێت.

٤- کۆی پێکهاتە و پرۆسەکانی سەرەوە لە بەردەوامی و رەواییەکی بەربلاو بەهرەمەند بن و بە شێوەیەکی یاسایی (لە یاسای بنەڕەتییدا) جێگیر کرابێتن.

ئەم توێژینەوە لەناو تایبەتمەندییەکانی سەرەوەدا، زۆرتر جەخت دەکاتە سەر بەشداریی سیاسی بە واتای هەبوونی هەڤرکی و ململانێیەکی ناتوندوتیژ لەناو بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی سیاسیدا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و بەڕێوەبەریی کۆمەڵگە و پێناسەی بەرژەوەندیی گشتی. لە سیستەمێکی ئەوتۆدا کۆمەڵێک پێوەندیی ئۆرگانیک لە نێوان حکوومەت و کۆمەڵگەدا هەیە و حکوومەت کەم و زۆر لە بەرامبەر خواستە جۆراوجۆرەکانی گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا هەست بە بەرپرسیارەتی دەکات و بەلایەنی کەمەوە هەندێک لەو خواست و بەرژەوەندییانە لە سیاسەتەکانی خۆیدا بەرجەستە دەکاتەوە.

سروشتییە کە هەبوونی سیستەمێکی ئەوتۆ پێویستی بەوەیە کە فرەڕەنگیی خواست و بەرژەوەندییە هزری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لەناو کۆمەڵگەدا بپارێزرێت و خەڵک بتوانن بە تاک یان بە کۆمەڵ خواستەکانی خۆیان دەرببڕن و هەندێک ئامراز بۆ دەربرینی ئەم خواستانە لە ئارادا بن. هەڵبەت ڕەنگە حکوومەتێکی داخراویش لە بەرامبەر خواستگەلێکی ئەوتۆدا هەست بە بەرپرسیارەتی بکات.

بەڵام لە سیستەمێکی سیاسیی گەشەکردووتردا دەبێ حکوومەت و دەسەڵات خۆی بە هۆی ریزبەندی و فۆرمبەندیی خواستە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە بەردەم گۆڕاندا بێت. بە دیوێکی تردا دەسەڵاتی سیاسی لە ئاکامی کۆمەڵە گۆڕانێکی ئەوتۆدا دەستاودەست ببێت.

شیانی دەربڕینی تاکەکەسی یا بە کۆمەڵی خواستەکان واتە بەشداریی سیاسی پێویستی بە هەندێک ئازادیی بنچینەیی لە کۆمەڵگەدا هەیە. بە واتایەکی تر هەبوونی ئازادیگەلێکی ئەوتۆ دەرفەتی چالاکیی پێویست بۆ تاک و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەڕەخسێنێت. گرینگترینی ئەم ئازادییانە بریتین لە ئازادیی رادەربرین، پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵەکان، ئازادیی هەڵبژاردن لە نێوان ئایدۆلۆجیا و رێکخراوە سیاسییە جۆراوجۆرەکاندا، دەرەتانی بەهرەمەندبوون لە ژێدەرە جۆراوجۆرەکانی زانیاری و دەرەتانی هەڤرکیی گرووپەکان سەبارەت بە پروپاگەندەی بیروڕاکانی خۆیان و راکێشانی پشتگیریی کۆمەڵانی خەڵک. بێگومان و لە ڕووی لۆجیکیشەوە هەڤرکی و دژایەتیی سیاسیی و ناتوندوتیژ و بەشداریی گشتی لە ژیانی سیاسیدا، پێویستی بەم ئازادییانە هەیە.

بەشداریی سیاسیی بە بێ بوونی دەرەتانی هەڤرکیی ئایدۆلۆجیک واتایەکی ئەوتۆی نییە. لێرەدا بەشداریی سیاسیی رێکنەخراو، داخراو و بەرتەسککرا و لە بازنەی هەندێک گرووپی سیاسیی

تایبەت وەک نیشانەی گەشەسەندوویی سیستەمی سیاسی ناهێننە ئەژمار. مافی هەڵبژاردن لە نێوان حزب و ئایدۆلۆجییە جۆراوجۆرەکاندا دەرخەری هەردووک بابەتی بەشداریی سیاسی و هەڤرکیی سیاسییە. لە کاتێکدا کە "بەشداریی" سیاسی بۆ پشتگیری و پشتڕاستکردنەوەی حزب یا ئایدۆلۆجیایەک هەڵگری هەڤرکیی سیاسی نییە. کەوابوو هەبوونی هەڤرکیی سیاسی و ئایدۆلۆجیک و بەشداریی رێکخراو و بە داوودەزگا کراوی بەربڵاو لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سیستەمی سیاسیی گەشەسەندوو دێنە ژمار. لەوانەیە سنوورەکانی بەشداریی سیاسی بە هۆی چەند فاکتەرێکەوە بەرتەسک بکرێنەوە.

رەنگە چوارچێوەی یاسایی و سنوورەکانی، بەشێک لە حەشیمەتی (کۆمەڵگە) لە بەشداریی سیاسیی بێبەش بکات. بەڵام ئەمڕۆکە بەربەستی سەرەکی بەربەستی یاسایی نییە و تەنانەت زۆرێک لەو وڵاتانەش کە سیاسەت و حکوومەتێکی هەڤرکییانەیان نییە، سنوورێکی یاسایی گرینگ بۆ بەشداریی سیاسی دەستنیشان ناکەن. سنووری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ هاندەرەکان ، ئاسانکارییەکان و دەرەتان و دەرفەتەکانی خەڵک بۆ بەشداری لە سیاسەتدا. دەبێ بڵێین هەبوونی هەڤرکیی سیاسی و ئایدۆلۆجیک گرینگترە لە بەشداریی سیاسی و خۆی لە راستیدا گەرەنتییەتی، لە کاتێکدا کە هەبوونی بەشداریی سیاسی بە تەنیا بوونی هەڤرکیی سیاسی دەستەبەر ناکات.

لە راستیدا تەنیا بەشداریی سیاسی دەرخەری ناوەڕۆکی سیستەمی سیاسی نییە. بۆیە دەبێ لە پێشدا جەختی لە سەر بکەینەوە کە لە ڕوانگەی ئەم وتارەوە هەڤرکیی سیاسی و ئایدۆلۆجیک گرینگترین تایبەتمەندیی سیستەمێکی سیاسیی گەشەسەندووە. کەوابوو هەرچەندە دەرەتانی هەڤرکیی سیاسی زۆرتر بێت و هەروەها هەرچەندە پانتایی بەشداریی سیاسی بەربڵاوتربێت و بەشدارییەکە بەربەستێکی کەمتری لە سەرڕێ بێت، دەتوانین بڵێین سیستەمی سیاسی گەشەسەندووترە.

لە پێناسەکردنی سیستەمی سیاسیی گەشەسەندوودا کە هەڵگری هەڤرکی و بەشداریی سیاسییە، جەختمان لەسەر هیچ جۆرە نمایەکی بنیاتیی تایبەت وەک تەنیا نمای وێناکراو بۆ بەدیهێنانی هەڤرکی و بەشداریی سیاسی نەکردووە. لە باری لۆجیکیشەوە پێویست ناکات هەڤرکی و بەشداریی سیاسی تەنیا لە هەندێک نمای بنیاتیی تایبەتدا دەرکەون. بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە، بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی گەشەی سیاسی لە رۆئاوادا، هەڤرکی و بەشداریی سیاسی لە چوارچێوەی هەندێک بنیاتی سەرەکیی وەک حیزبە سیاسییەکان، پەرلەمان و هەڵبژاردندا بەرجەستە بوونەتەوە. هەروەها لە وڵاتانی تریشدا کە هەڤرکی و بەشداریی سیاسی تا رادەیەک پەرەی سەندووە نماگەلێکی بنیاتیی ئەوتۆ پێک هاتوون. هەڵبەت وەک ڕەخنەگرانی دیموکراسی جەختی لەسەر دەکەن. لەوانەیە هەندێک لە نما بنیاتییە دیموکراتییەکەکان سنوورگەلێک بۆ هەڤرکی و بەشداریی سیاسی دروست بکەن.

کەوابوو رەخنەگەلێکی ئەوتۆ زۆرتر لە پێناو پشت راستکردنەوەی هەڤرکی و بەشداری وەک سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی گەشەی سیاسی و ناتەواویی نما بنیاتییەکان لە بەدیهێنانیاندا هاتوونەتە ئاراوە. بەڵام ئەم نماگەلە تەنیا نماگەلی وێناکراو نین و بەلایەنی کەمەوە لە باری تیۆرییەوە لە مێژووی هزری سیاسیدا کۆمەڵێک رێوشوێنی بنیاتیی جۆراوجۆر بۆ بەدیهێنانی هەڤرکیی سیاسی و بەشداریی گشتی خراونەتە روو.

بە پێی ئەو شتانەی لە سەرەوە باسمان کرد سیستەمی سیاسیی گەشەسەندوو سیستەمێکە لە سەر بنەوای هەڤرکیی ئایدۆلۆجیک و بەشداریی سیاسی. هەڵبەت رەنگە لە سیستەمێکی ئەوتۆدا "بەشداری" بەشێوەی رێکنەخراو نافەرمی یا بەشداریی گرووپەکانی پاڵەپەستۆ لە دەسەڵاتدا جێبەجێ بکرێ. لە راستیدا هیچ سیستەمێکی سیاسیمان دەست ناکەوێ کە لە بەشداریی بەم واتایە بەری بێت. بەڵام لێرەدا مەبەست بەشداریی سیاسیی بە داوودەزگاکراو و گشتییە. بە پێی ئەم پێناسەیە دەتوانین سیستەمێکی سیاسیی "نیوە گەشەسەندوو" لەبەرچاو بگرین کە تێیدا "بەشداریی" سیاسی بە شێوەی فەرمی بوونی هەیە بەڵام سیاسەت و حکوومەت هەر لە جێدا هەڤرکییانە نییە. لە راستیدا گەشەی سیاسی بە دەرکەوتنی دەرەتانی هەڤرکیی ئایدۆلۆجیک دێتە دی. بێگومان دەرکەوتنی هەڤرکیی ئایدۆلۆجیک و پەرەسەندنی بەشداریی سیاسی وەک تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی گەشەی سیاسی خۆی پێویستی بە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی سەرەکی هەیە لە بیاڤە سیاسی، کولتووری و ئابوورییەکانی کۆمەڵگەدا.

بەلایەنی کەمەکەی ئەوەیە کە هەبوونی جۆرێک پێکهاتەی سیاسی، کولتووری و ئابووریی تایبەت بۆ دەرکەوتن و پەرەسەندنی بەشداری و هەڤرکیی سیاسی لەبارترە. وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ دا پرسیاری سەرەکیی ئەم وتارە ئەوەیە کە لە چ هەلومەرجێکدا، هەم لە رووی لۆجیکی و هەم لە باری مێژووییەوە، گەشەی سیاسی بە واتای پەرەسەندنی هەڤرکیی سیاسی و بەشداریی گشتی مەیسەر دەبێت؟ لێرەدا هەڤرکی و بەشداریی سیاسی وەک لانیکەمی پێداویستییەکان بۆ گەشەی سیاسی لەبەرچاو دەگیردرێن دەنا لەناو سیستەمی گەشەسەندووی سیاسیدا هەردەم ئەگەری گەشەی زۆرتر لە بیاڤە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە وێنا دەکرێ. بە دیوێکی تردا چەمکی ئاماژەپێکراو، گەشە لە واتای بەلایەنی کەمەوەی وشەکەدایە. واتای بنەڕەتیی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ دەرەتانی دابەشکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی. لە پرۆسەی گەشەی سیاسیدا ژمارەی ئەو گرووپانە کە خواستەکانیان لەسەر ژیانی سیاسی کاریگەری هەیە و یا شیمانەی ئەوە دەکرێ لە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگەدا بەشدار بن، زۆرتر دەبێ.

بە واتایەکی تر لە ئارادابوونی ململانێی سیاسیی ناتوندوتیژ لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی گەشەی سیاسییە.

سەبارەت بە رەوتی مێژوویی گەشەی سیاسی، رەنگە سەرەتا هەڤرکیی سیاسی زۆر بێت و

ئینجا بەشداریی گشتی پەرە بستێنێت، وەک لە مێژووی گەشەی سیاسیی هەندێک لە وڵاتانی رۆئاوایی وەک ئینگلستاندا رووی دا و یا بەپێچەوانەکەی سەرەتا بەشداریی سیاسی و ئینجا هەڤرکیی سیاسی پەرە بستێنێت وەک لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی لە قۆناخی دواییدا پێوەستی رەوتی گەشەی سیاسی بوون بەدی دەکرێت. (لەم بارەوە دەتوانین مێژووی گەشەی سیاسیی یەکەتیی سۆڤیەت لە دامەزرانییەوە تا هەڵوەشانەوەی شی بکەینەوە). هەڵبەت ئەگەری ئەوەش هەیە کە هەڤرکی و بەشداریی سیاسیی پێکەوە پەرە بستێنن. گەشەی سیاسیی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا لەم چوارچێوەدایە.

وێ دەچێ بۆ پەرەسەندنی گەشەی سیاسی رێگەی یەکەم لە بارتر بووبێت. لەم رێگەیەدا رێسا و کولتووری سیاسەتی هەڤرکییانە سەرەتا لەناو گرووپی دەسەڵاتداردا برەوی سەند و حزبە سیاسییە سەرەتاییەکانیش کۆمەڵێک حزبی بچووک و گرێدراوی چینی دەسەڵاتدار بوون. دواتر لەگەڵ پەرەسەندنی بەشداریی سیاسی و هاتنی کۆمەڵێک گرووپی کۆمەڵایەتیی تر بۆ سەر شانۆی سیاسەت، رێساکانی کولتووری سیاسەتی هەڤرکییانە بە سانایی لە ئاستێکی بەربڵاوتردا جێگیر بوون.

لە بارودۆخێکدا کە بەشداری بکەوێتە پێش هەڤرکییەوە گەیشتن بە گەشەی سیاسی بەرەورووی هەندێک کێشە دەبێتەوە. بە واتایەکی تر لەم بارودۆخەدا هەڵکشانی بەشداریی بەربڵاو، سیستەمی سیاسی بەرەورووی هەندێک کێشە دەکاتەوە. لەگەڵ هەڵکشانی بەشداری لەم فۆرمەدا ئەگەری پێکهاتنی گرووپە جیاوازەکان لەسەر رێساکانی هەڤرکیی سیاسی دادەبەزێت.

لەم رووەوە بەشداریی جەماوەری مەرجی پێویست نییە بۆ گەشەی سیاسی بگرە لەوانەشە لەم رێگەیەدا کۆسپیشی بۆ دروست بکات. کەوابوو لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، پەرەسەندنی بەشداریی بەربڵاو لەوانەیە خۆی رێگر بێت لە بەردەم رێککەوتنی گرووپە جیاوازەکان لەسەر چۆنیەتیی ململانێی ناتوندوتیژی سیاسی. مەرج نییە زۆربەی وڵاتانی گەشە ئەستێن بە پێکهێنانی بەشدارییەکی بەربڵاو بە بێ دابینکردنی چوارچێوەکانی سیاسەتی هەڤرکییانە، توانیبێتیان بوار بۆ گواستنەوە بۆ گەشەی سیاسی ئامادەتر بکەن. لە راستیدا هەڵکشانی بەشداریی سیاسی بە بێ پێکهێنانی هەلومەرج و رێساکانی هەڤرکی، بە پێی پێناسەی ئاماژەپێکراو هیچ خێرایییەک بە رۆیشتن بەرەو سیستەمی گەشەسەندوو ناگەیەنێت، بگرە لەوانەیە ببێتە هۆی رۆیشتن بەرە و ئەو سیستەمە سیاسییە مۆدێرنانەی کە لە جێدا لە سەر بنەوای رێکخستنی جەماوەری (مۆبیلیزەکردنی خەڵک) دامەزراون.

لە راستیدا دەبێ جیاوازییەک دابنێین لە نێوان بەشداریی سیاسیی خۆڕسک و مۆبیلیزەکردنی سیاسی لە سەرەوە. بە بێ پێکهاتنی چوارچێوەکانی سیاسەتی هەڤرکییانە، سەرەڕای بەشداریی سیاسی دیسانیش رێساکانی گواستنەوەی دەسەڵات هەروا لە ناڕوونیدا دەمێننەوە و لە ئاکامدا ئەگەری بەکارهێنانی توندوتیژی و سەپاندن هەر لە ئارادا دەبێ. لە راستیدا هەموو وڵاتانی گەشە

ئەستێن قۆناخی بەشداریی سیاسیی بەربڵاویان ئەزموون کردووە بەڵام هێشتا نەگەیشتوونە قۆناخی هەڤرکیی سیاسی. وڵاتانی گەشەسەندووی سیاسیی کۆن سەرەتا ئەزموونی هەڤرکی و ئینجا بەشدارییان لە ئاستێکی بەربڵاودا تێپەڕ کردووە. گەشەی سیاسیی دوایی پرۆسەیەکی بەپێچەوانە بووە، لەبەرئەوەی بۆ دەوڵەتە گەشەسەندووە کۆنەکان نرخی ڕێگەدان بە هەڤرکیی سیاسی گەلێک زۆرتر بووە لە نرخی بەشداریی سیاسی. لە ڕاستیدا دنەدانی بەشداریی فەرمی و ڕواڵەتی خۆی ئامرازێک بووە بۆ قایمترکردنی دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتانە. هەر بەم بۆنەوە گەشەی سیاسیی وڵاتانی گەشەئەستێن، سەرەڕای پەرەسەندنی بەشداریی ڕواڵەتی هێشتا لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی سەرەکی بەرەوڕووییە.

## گەشەی سیاسی و پارچە پارچەیی کۆمەڵایەتی

هەبوونی پەند پارچەیییە ئاشتی هەڵنەگرەکان لە هەر کۆمەڵگەیەک و بە هەر بیچمێکەوە دەبێتە بەربەستێک لە بەردەم پێکهاتنی شوناسی یەکگرتوو و یەکییەتی و ڕێککەوتنی گشتی لەسەر مەبەست و ئامانجەکانی ژیانی سیاسی و بەدەستهێنانی ئامرازەکانی گەیشتن بەوانە. ئەم چەند پارچەیی و ناکۆکییانە بوار بۆ شەڕ و بەربەرەکانێی ناوەخۆیی و ناسەقامگیری و بشێویی سیاسی دەڕەخسێنن. تەنانەت ئەگەر سیاسەت و حکوومەتی ململانێ ئامێزیش تووشی ئەم چەند پارچەیی و ململانێیە ئاشتی هەڵنەگرانە بێت لەوانەیە لەبەر یەک هەڵوەشێتەوە. لەلایەکی تریشیەوە هەبوونی ئەم چەند پارچەیییانە لە خۆیدا دەتوانێت بواری سەرەکی بۆ سەرهەڵدانی ڕێژیمە بێ ململانێیەکان خۆش بکات. لەسەر یەک چەند پارچەیی و ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان، چەند جەمسەری بوونەوەی کۆمەڵگەی سیاسی لێ دەکەوێتەوە و لە ئاکامدا دەبێتە بەربەستێک لە بەردەم پەرەسەندنی ململانێ و بەشداریی ناتوندوتیژ لە سیاسەتدا. ڕەنگە چینە ئابوورییەکان، تاقمە ئاینزایییەکان، گرووپە زمانی و ئیتنیکییەکان، "ئینتیما شارستانییەکان" و... هتد، بناخەی دیار و بەرهەستی ئەم کەلێنانە بن. کاتێک کاریگەریی ئەم پارچە پارچە بوونانە دەردەکەوێت کە بە شێوەی کوتلە بەندیی ئایدۆلۆجیک و هزری لە کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدەن.

لە ڕاستیدا کێشەی سەرەکی بوونی چەند پارچەیی نییە، لەبەرئەوەی هەر کۆمەڵگەیەک لەسەر هەندێک تەوەری جۆراوجۆر تووشی کۆمەڵێک کەلێن و چەند پارچەیی دەبێت، کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە ئاخۆ ئامراز و تەگبیری پێویست بۆ ئاشتی دانەوەی ئەم کەلێن و ناکۆکییانە دەست دەکەوێت یا نە؟

لەبەر چەند هۆیەک لەوانەیە کەلێنە چینایەتییەکان نەبنە یارییەک کە سەرکەوتن و دۆڕانی یەکلاکەرەوەیان لێ بکەوێتەوە و یا بە دیوێکی تردا دڵی کۆمەڵگە پارچە پارچە نەکەن. یەکەم ئەوەیە کە ڕەنگە چینەکانی خواروو هوشیارییەکیان بەرامبەر بە کەلێنی چینایەتی نەبێت یا هەر بیری لێ نەکەنەوە. دووەم ئەوەیە کە ڕەنگە ئەم چینانە خۆیان لەگەڵ چینەکانی سەرەوە بەراورد نەکەن بگرە

بۆ ئەم مەبەستە" گرووپێکی ژێدەری"تریان لە بەرچاو گرتبێ. زۆربەی خەڵک خۆیان لەگەڵ گرووپەکانی نێزیکتر یان تەنیشتیاندا بەراورد دەکەن تا گرووپە دوورترەکان. سێیەم ئەوەیە کە رەنگە چینەکانی خواروو بۆ بارودۆخی نابەرابەری خۆیان پاساویان هەبێت و بە گونجاوی بزانن. رەنگە لەم بوارەدا ئاین یا کولتوور یا ئایدۆلۆجیا کاریگەر بن. چوارەم ئەوەیە کە تاکەکانی چینەکانی خواروو سەرەڕای هوشیارییان بەرامبەر بە کەلێنە چینایەتییەکان لەم پێوەندییەدا هەست بە تووڕەیی و ناکامی و نارەزایەتی نەکەن، بگرە تووشی بێ هیوایی، خەمساردی و پاسیڤیزمی سیاسی ببن. پێنجەم ئەوەیە کە رەنگە ئەم تاکانە هەست بە تووڕەیی و نارەزایەتی بکەن بەڵام بۆ دەربڕینی نارەزایەتییەکەیان رێکخراو و رێبەریی پێویستیان لە بەردەستدا نەبێ. دەتوانین سەبارەت بە کاریگەریی کردەکیی کەلێن و ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکانی تریش هەر ئەم ئاماژەیە بخەینە روو.

لەوانەیە کەمکردنەوەی ناکۆکییە چینایەتییەکان ئاسانتر بێت تا ناکۆکییە ئێتنیکی، زمانی... و هتد. لە هەمان کاتدا سەبارەت بە چینەکان شیمانەی جووڵەی کۆمەڵایەتی دەکرێ کەچی لە بارەی کەلێنە بەردەوامترەکانەوە ناکرێ. کەلێن و ناکۆکییەکان دەتوانن ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی خەڵتانی رەشبینی و بێمتمانەیی و ترسی بەرامبەر و توندوتیژی بکەن. هەڵبەت ئەمە بەو واتایە نییە کە لەو وڵاتانەدا کە بۆ نموونە فرە نەتەوەن، دەرەتانی بەشداری و ململانێ نییە. وەک پێشتریش باسمان کرد بە تەنیا بوونی کەلێنە دیار و بەرهەستەکان، تا ئەو کاتەی بواریان بۆ هەندێک ئینتیمای هزری و دەرهەست نەڕەخسانبێ، پێویستییەک نین کە ئەو ئەنجامانەیان لێ بکەوێتەوە، بەڵام کاتێک کە ئەم ناکۆکییانە بە شێوەیەکی ئاشتی هەڵنەگر لە چوارچێوەی هەندێک ئینتیمای هزریی دژبەردا دەرکەوتن، پێکەوە هەڵکردن و یەکتر قبووڵکردنی پێویست بۆ بەشداریی و ململانێی ناتوندوتیژ بە سانایی بەرهەم نایەت.

پێ دەچێت ئەو ناکۆکییانەی کە لە" ئینتیما شارستانییەکان"ەوە سەرچاوە دەگرن، بەتایبەت لەو وڵاتانەدا کە ستراکتۆرگەلێکی دووفاقەی کۆمەڵایەتیی و هزرییان (نەریتی و مۆدێرن) هەیە، لە باری گەشەی سیاسییەوە تەنگژە خولقێنتر بن. بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەوانەیە ئەم ئینتیماگەلە لەسەر بنەوای چینە کۆمەڵایەتییەکان یان شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان بن، لە رووی گەشەی سیاسییەوە بەرئەنجامەکانیان دەبێتە رێگر لە بەردەم رێککەوتنی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیدا.

بە پێی دیتراوە ئەزموونییەکان، بەشداری و ململانێی سیاسی زۆرتر لەو وڵاتانەدا سەرکەوتوو بووە کە چەند پارچەیی و کەلێن و ناکۆکیی بنچینەییی و ئاشتی هەڵنەگریان تێدا نەبووە. بەپێچەوانەوە لەو وڵاتانەدا کە لەگەڵ ناکۆکیگەلێکی بنچینەیی ئەوتۆ بەرەورووبوونە، زۆرجار ململانێ و بەشداریی سیاسی بەردەوام نەهاتووەتە ئاراوە و دەسەڵاتیش کەم و زۆر سانتراڵ بووە. ئەم جۆرە چەند پارەچەییانە لەو وڵاتانەدا زۆرترە کە پاش شەڕی دووەمی جیهانی بە سەربەخۆیی

گەیشتوون. لەبەرئەوەی کە کات و ئەزموونی پێویستیان بۆ گەیشتن بە شێواز و میتۆدەکانی کەمکردنەوەی چەند پارەچەیی و ناکۆکییەکان لە بەردەستدا نەبووە. رەنگە بشتوانین بڵێین کە گەیشتن بە سازان و نێزیکبوونەوەی هەڵوێستەکان لەم جۆرە چەند پارەچەییانەدا خۆی پێویستی بە تێپەڕکردنی سەردەمێک لە سەرەڕۆیی، دژایەتی و بەربەرەکانێ هەیە بۆ ئەوەی کە ئەزموونی پێکەوە ژیان مسۆگەر بکرێت.

یەکێک لە رێگەکانی پێشگیری لە دژایەتی و بەربەرەکانێ ئەوەیە کە بۆ بەشە جۆراوجۆرەکان بە شێوەیەک دەرەتانی بەشداری لە حکوومەت و دەسەڵاتی سیاسی لە گۆڕێدا بێت. ئەمە لە دۆخێکدایە کە پێشتر لەسەر سیستەمی سیاسی و یاسای بنەڕەتی و چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا رێککەوتبێتن. سەبارەت بە فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر توندی و رادەی ناکۆکی بۆچوونەکان لە نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەیەکی چەند پارەچە دەتوانین پێوەرێک بخەینە روو. ئەم پێوەرە برێتییە لە مۆدیل و میتۆدی حکوومەت، پێرسۆنێلی حکوومەت، شێوازی گەیشتن بە دەسەڵات، فۆرمی حکوومەت یان یاسا بنەڕەتییەکەی، پێکهاتەی دەوڵەت بە گشتی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کولتووری. هەرچەندە ناکۆکییەکان زۆرتر ئەم بابەتانەی دوایی بگرێتەوە، ئەگەری پێکهاتن کەمتر دەبێتەوە. بێگومان سازان بە خێرایی دژایەتی و بەربەرەکانی پێک نایەت بەتایبەت ئەگەر لایەنی هاوبەش لە نێوان بەشە جۆراوجۆرەکاندا کەم بێت.

هەڵبەت هاوکاری هەردەم پێویستی بە کۆمەڵێک چوارچێوە و بنیاتی فەرمی نییە و بە تەنیا بوونی بنیاتە فەرمییەکان دەستەبەرکەری هاوکاری نین. لەگەڵ ئەوەشدا بوونی هەندێک میکانیزم بۆ دابەشکردنی دەسەڵات وەک نوێنەرایەتیی رێژەیی لە پەرلەمان و یا تەنانەت لە دەسەڵاتی بەرێوەبەریدا، چوارچێوەکانی پێویست بۆ هاوکاری بە دەستەوە دەدا. هەڵبەت فیدراڵیزمیش یەکێک لە چوارچێوە گرینگەکانە بۆ پێکهێنانی هاوکاری لە نێوان بەشە لۆکاڵییەکاندا. لە راستیدا فیدراڵیزم یەکێک لە سەرەکیترین چارەسەرەکانە بۆ پێکهێنانی بواری هاوکاری لەو وڵاتانەدا کە کەلێنی ئیتنیکی و ناوچەییان هەیە.

بە گشتی هەبوونی چەند پارچەیی و ناکۆکییە ئاشتی هەڵنەگرەکان یەکێک لە سەرەکیترین کۆسپەکانی بەردەم گەشەی سیاسییە. لە بەرامبەریدا گەشەی سیاسی پێویستی بەوە هەیە کە بەلایەنی کەمەوە گرووپە دەسەڵاتدارەکان بە روونی لە مەترسییەکانی ئەم چەند پارچەییانە بۆ سەر گەشەی سیاسی تێ بگەن و بەتایبەت لە ئاستی ژیانی سیاسی و حکوومەتیدا ئەوەندەی دەکرێ خۆیان لە دەرەوەی ئەم چەند پارچەییەوە دابنێن و یا بە دیوێکی تردا حکوومەت بە یەکێک لە پارچە کۆمەڵایەتییەکانەوە گرێ نەدەن و نەیبەستنەوە.

سەرچاوە: کۆواری (راه نو)، ژمارەکانی١ و ٣، ساڵی یەکەم،٥ و ١٩ی گوڵانی ١٣٧٧ی هەتاوی

# سەرهەڵدانی بیری ئازادی و پێوەندییەکانی بە ئابووریی سیاسییەوە

مووسا غەنی نەژاد

بەشی چوارەم و کۆتایی

---

## دەوڵەت و کۆمەڵگەی شارستانی

وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ دا، جیاکردنەوەی حکوومەت لە کۆمەڵگەی شارستانی و سنووربەندکردنی یەکێکە لە مەرجە پێویستەکانی بەدیهێنانی ئازادی و مافە تاکەکەسییەکان. بۆ فەیلەسووفەکانی (چەمکی) ئازادیی وەک "لاک"، مرۆڤ وەک لە خۆیدا بوونەوەرێکی ناسیاسی و ناکۆمەڵایەتییە. بەپێچەوانەی تێگەیشتنەکەی "ئەرەستوو"، ئەگەر مرۆڤەکان لێک کۆ دەبنەوە و کۆمەڵگە پێک دەهێنن نەک بە پێی سروشتی کۆمەڵایەتییان بگرە لەبەر پێویستییەکە کە لە پاراستنی ژیانی تاکەکەسی و خۆبواردن لە "دۆخی شەڕ"ەوە سەرچاوە دەگرێت. کۆمەڵگە و حکوومەت بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان پێک دەهێنرێن، بەڵام دەزانین کە پانتاییی ئەم ماف و ئازادییانە لە کۆمەڵگە لە بەراورد لەگەڵ دۆخی سروشتیدا بەرتەسکترە، لەبەرئەوەی تاکەکان بۆ پێکهێنانی ژیانی بە کۆمەڵ و حکوومەت ناچارن واز لە بەشێک لە ماف و ئازادییەکانیان بێنن و رادەستی کۆمەڵگەی بکەن. پڕ دیارە کە لە دۆخێکی ئەوتۆدا پێوەندییەکی ئاوەژوو لە نێوان رادەی ئۆتۆریتەی حکوومەتی و ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان لە ئارادایە. حکوومەت وەک خۆی بە هۆی سنووردارکردنی ئازادییەکانەوە خراپە، بەڵام خراپێکی (پێویست) و دووری هەڵنەگرە، لەبەرئەوەی نەبوونی دۆخێکی خراپتر (دۆخی شەڕ) دێنێتە ئاراوە. کەوابوو، باشترین کۆمەڵگە ئەوەیە کە تێیدا دەسەڵاتی دەوڵەتی تا نزمترین ئاستی گونجاو، تا ئاستی پێویست، بەرتەسک کرابێتەوە. خۆشگوزەرانیی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی لە سێبەری چالاکیی

.............................................

وەرگێرانی فارسییەوە: رامبود لوتف پووری

ئابووریی سەربەستانەی تاکەکاندا دابین دەبێت. بیرمەندانی ئازادیخواز جەخت لەسەر جیاییی دوو بیاڤی سیاسی (ژیانی کۆمەڵایەتی) و ئابووری (چالاکییە تاکەکەسییەکان) دەکەن و لەسەر ئەو بڕوایەن کە هەرچەندە دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا کەمتر بێت هەر بەو رادەیە ئازادییەکان و خۆشگوزەرانیی مادیی خەڵک زۆرتر دەستەبەر دەکرێت. لەسەر بنەوای وەها تێگەیشتنێک لە تاک و کۆمەڵگەیەکە بیرۆکەیەکی نوێ لە فەلسەفەی سیاسیدا دێتە ئاراوە بە ناوی "ئابووریی سیاسی". "ئادام سمیت" لە کتێبە بەناوبانگ و هەرە گرینگەکەی خۆیدا " توێژینەوە لە ناوەڕۆک و هۆیەکانی دارایی نەتەوەکان" (١٧٧٦)، بەشێوەیەکی توکمە بنەوا سەرەکییەکانی ئەم بیرۆکە نوێیە شی دەکاتەوە. بە هۆی ئەم کتێبەوە، "ئابووریی سیاسی" وەک بەشێکی زانستیی (discipline) سەربەخۆ دێتە گۆڕێ. فەیلەسووفی سکۆتلەندی بەم کتێبەیەوە ئەو هەوڵە هزرییانەی بە ئاکام دەگەیاند کە لەلایەن بیرمەندانی ئازادیخوازەوە بە مەبەستی روونکردنەوەی مرۆڤ و کۆمەڵگەی سەردەمی نوێ (temps modernes) دەسپێکراوبوون. ئابووریی سیاسی پێکهێنەری بناخەی سەرەکیی هەموو رێبازەکانی ئازادییە بە جۆرێک کە ئەگەر سەرنجی بدەینێ دەبینین کە بەشێکی گرینگ لە گەنگەشەی نێوان لایەنگرانی ئەم رێبازانە و دژبەرە نوێیەکانیان، واتە سۆسیالیستەکان، تایبەتە بە پرسە ئابوورییەکان و سیستەمی بەرهەمهێنانەوە.

ئادام سمیت بە پێڕەویکردن لە "دەیوید هیوّم"، فەیلەسووفی هاوچەرخ و هاوڕێی نێزیکی، بیردۆزەی رێککەوتنی کۆمەڵایەتی رەد دەکاتەوە و هاوشێوەی ئەو فەلسەفە سیاسییەکەی لەسەر بنەوای جۆرە تاکخوازییەکی سروشتی دادەمەزرێنێت.(٥١) مرۆڤەکان نە بە پێی مەبەستی دیاریکراو و لە رووی تێگەیشتنەوە، بگرە بە رەمەکی و بە پێڕەوی لە واڕسکە و بەرژەوەندیی تاکەکەسی دەبنە هۆی پەرەسەندنی ئاڵوویر و دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی و لەم رێگەیەوە قازانج بە هاوڕەگەزەکانی خۆیان دەگەیەنن. لێک کۆبوونەوەی مرۆڤەکان هوشیارانە و لە پێناو بەدیهێنانی نیازە خێرخوازانەکان یا رەوشتە بەرز و مرۆڤدۆستانەکاندا نییە. ئەگەر لە دنیای کۆندا نەریتە ئیتنیکی و نەتەوەییەکان و تایبەتمەندییە بەرزە رەوشتی و ئایینییەکان، بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیان وەک کۆمەڵە شانەیەکی لێک گرێدرا و پێکەوە دەبەستەوە و گشتێکی یەکپارچەیان پێک دێنا، ئەوا لە دنیای نوێی " ئادام سمیت " دا یەکپارچەیی کۆمەڵگە لە رێگەی سیستەمی ئاڵوویرەوە دابین دەکرێت و بە شێوەی گۆڕەپانی ئاڵوویر یان بازار لە واتا گشتییەکەیدا خۆی دەردەخات. بەرژەوەندیی تاکەکەسی، بە هۆی سیستەمی بازاڕەوە بنەوای پێوەندیدەری کۆمەڵگەی نوێیە، واتە یەکپارچەیی کۆمەڵ (کۆمەڵگە یا نەتەوە) لە سروشتی تاکەکەسیی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت نەک لە ویست و تێگەیشتنەوە. کۆمەڵگە سیستەمێکی پێکەوە گرێدراو لە پێویستییە بەرامبەرەکانی تاکەکانە بە یەکترەوە، دابین بوونی ئەم پێویستییانە لە چوارچێوەی سیستەمی ئاڵوویر (بازاڕ) و دابەشکردنی کاردا، بەرەنجام خۆشگوزەرانیی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی لێ دەکەوێتەوە. لە روانگەی ئەم فەیلەسووف و ئابووریناسە سکۆتلەندییەوە، کۆمەڵگە

دیاردەیەکی سروشتییە کە پێکهاتنی بەرهەمی ویست و رێککەوتنی مرۆڤەکان نییە. لەم رووەوە، لەلای ئەو کۆمەڵگەی شارستانی سەربەخۆ لە بابەتی سیاسی (حکوومەت) و لە پێشەوەیەتی. لێرەدا ئیتر سیاسەت بنەوای بناخەدانەری کۆمەڵگە (رێککەوتنی کۆمەڵایەتی) نییە بگرە ئەمە ئابووری (سیستەمی پێویستییەکان و بازاڕ)یە کە کۆمەڵگەی شارستانی دێنێتە دی. "ئادام سمیت " بە رەخنەگرتنێکی توند لە بیرۆکەی سیاسیی باوی ئەو سەردەمە، کە بابەتی ئابووری بە پاشکۆی بابەتی حکوومەتی (سیاسی) دەزانی، واتە بیرۆکەی مێرکانتیلیستی، " ئابووریی سیاسی " لە جێی " سیاسەتی ئابووری" دانا. لە روانگەی ئەوەوە، نابێ ئابووری بکرێتە پاشکۆی سیاسەت بگرە بەپێچەوانەوە دەبێ بە پێی پێویستی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان بیچم بە سیاسەت بدرێت. ئابووری ژێدەرێکی سروشتی هەیە و ئەگەر دەستێوەردانی نەکرێت خۆی لە خۆیدا بەرژەوەندییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان دابین دەکات، لە کاتێکدا کە سیاسەت بابەتێکی دەستکردە و جگە لە پاراستنی کۆمەڵگەی شارستانی (سیستەمی سروشتیی بازاڕ) لە بەرامبەر هەڕەشەی دەرەکی و ناوەکییەوە رۆڵێکیتری نیە. بەم پێیە، دەتوانین لە هۆکاری پرۆتێستۆکردنی هەرجۆرە دەستێوەردانێکی دەوڵەتی لە کاروباری ئابووری بگەین، کۆمەڵگەی شارستانی وەک سیستەمی بازاڕ بە پێی یاسا سروشتییە تایبەتییەکانی خۆی کار دەکات کە بەرەنجام یەکیەتیی سروشتیی بەرژەوەندییەکانی تاکەکەس و کۆمەڵی لێ دەکەوێتەوە. هەرجۆرە دەستێوەردانێکی دەرەکی لەم سیستەمەدا دەبێتە هۆی تێکچوونی کارکردنە سروشتییەکەی بە جۆرێک کە یەکیەتیی بەرژەوەندییەکانی تاک و کۆمەڵ تێیدا دەچێت و ئابووری تووشی داڕمان دەبێت. "مرۆڤە ئابوورییەکەی "سیمت، وەک "مرۆڤە خاوەندارەکەی" لاک، بۆ پاراستنی ژیانی خۆی، واتە مافی سروشتیی سەرەتایی، تێ دەکۆشێت و لە ئاکامیدا دەبێتە خاوەنی بەرهەمی کارەکەی خۆی. لێرەشدا لەبەرئەوەی خاوەنداریەتی بەرەنجامی کارە، بۆیە وەک درێژە یا فۆرمێک لە مافی سروشتی لە بەرچاو دەگیردرێت و لەم رووەوە بە پیرۆز و خەوشهەڵنەگر دەژمێردرێت. دەستدرێژیکردن بۆ سەر خاوەنداریەتی بە واتای دەستدرێژیکردنە بۆ سەر ئازادی و مافە تاکەکەسییەکان. دەوڵەت، وەک پارێزەری ئەم ماف و ئازادییانە، نابێ سنووری ئەرکەکانی خۆی تێ پەڕێنێت و دەستێوەردانی کاروباری ئابووری بکات. دەستێوەردانێکی ئەوتۆ بەرئەنجام پێشێلکرانی ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکانی لێ دەکەوێتەوە سمیت بیرۆکەی جیاییی کۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەت، کە فەیلەسووفەکانی ئازادی هێنابوویانە گۆڕێ، دەباتە لووتکە و بە شێوەیەکی گشتی ئازادی لە رەهەندە ئابوورییەکەیدا پێناسە دەکات، ئەو گومان ناخاتە سەر پێویست بوونی حکوومەت، بەڵام لە هەمان کاتدا وەک هەڕەشەیەکی هێزەکی بالقوە بۆ سەر ئازادی چاو لە دەوڵەت دەکات بۆ ئەو کۆمەڵگەی ئایدیال و ئازاد کۆمەڵگەیەکە کە تێیدا ئۆتۆریتەی دەوڵەتی لە کاروباری ئابووریدا تا نزمترین ئاستی گونجاو دابەزیوە و کۆمەڵگەی شارستانی بە دوور لە هەرجۆرە زەخت و دەستێوەردانێکی دەرەکی بە شێوەی سیستەمێکی ئازادی سروشتی درێژە بە ژیانی خۆی دەدات پرەنسیپی جیاییی کۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەت پێکهێنەری یەکێک

لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی هزر و هەروەها پێکهاتەی راستەقینەی ئەو کۆمەڵگاگەلەیە کە لەسەر بناخەی ئازادی دارێژراون کاتێک کە هایک فەیلەسووفی سیاسی و ئابووریزانی ناوداری هاوچەرخ، وەک هەنگاونان بۆ ناو "رێگەی کۆیلەتی" تەعبیر لە سیاسەتە دەستێوەردانە خوازانەکانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری دەکات[٥٢]، لە راستیدا مەبەستی جەختکردن لەسەر سەربەخۆیی بیاڤی ئابووری لە بابەتی حکوومەتی وەک مەرجی سەرەکیی ئازادییە تەنیا لە کۆمەڵگاگەلێکی دارێژراو لەسەر ئابووریی بازاڕەکە دەتوانین بە دوای ئازادیدا بگەڕێین، لەو شوێنەدا کە ئابووریی بازاڕ جێگەی خۆی بە ئابووریی دەوڵەتی یا پلانمەند دەدات، واتە دەوڵەت لە رێگەی بە گشتیکردنی خاوەندارییەتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە، ئابووری دەکاتە پاشکۆی دەسەڵاتی سیاسی، چیی تر ئازادی لە ئارادا نامێنێ، لەبەرئەوەی لە رێکخستنێکی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆدا، هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە دەبنە خزمەتکاری حکوومەت و بەرئەنجام دەکەونە ژێر رکێفی، چاوەدێری و کۆنترۆڵی گشتییەوە نەبوونی ئازادی، ئاکامی لۆجیکیی بە دەوڵەتیبوونی ژیانی ئابووری واتە تێکەڵاوبوونی سیاسەت حکوومەت و ئابووریی کۆمەڵگەی شارستانی یە دەوڵەت بە لەناوبردنی خاوەندارییەتیی تایبەتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، دەڵێ کە چیی تر بەرژەوەندیی تایبەتی لە بڕیاردانی ئابووریدا رۆڵ نابینێ و سیاسەتی ئابووریی دەوڵەت ئابووریی پلانمەند بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە دابین دەکات مەرجی سەرکەوتنی پلانی ئابووری ئەوەیە کە تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵگە ملکەچی ئامانجەکانی بن و هیچ جۆرە دژایەتییەکی لەگەڵدا نەکرێ پڕدیارە لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا هەر جۆرە رەخنەیەک لە سیاسەتی فەرمیی دەوڵەت وەک دژایەتی لە تەک بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە لە قەڵەم دەدرێ و بە توندی رووبەڕووی سەرکوت دەبێتەوە ملکەچیی بێ ئەملا و ئەولای تاکەکان یەکێکە لە مەرجە پێویستەکانی ئابووریی سانتراڵی پلانمەند لەلایەکیترەوە، بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە وەک ویست و دەسەڵاتی گشتی نوێنەرایەتیی خەڵک و ئەرکی بەرگری لە مافەکانیانی لە ئەستۆدایە، بۆیە رەوایی لە هەر جۆرە راوبۆچوونێک لە دەرەوەی بیاڤی دەوڵەت دەستێنرێتەوە جیا بیران ئەگەر بەرەوڕووی تۆمەتی خیانەت بە خەڵک و نیشتمان نەبنەوە، لە ئاکامدا وەک شێت رەوانەی شێتخانە دەکرێن ئەزموونی تاڵی ئەو کۆمەڵگاگەلەی کە لە رێگەی بە دەوڵەتیکردنی تەواوی ئابوورییەوە، کۆمەڵگەی شارستانییان خستە ژێر زەختی دەسەڵاتی سیاسی و بە کردەوە سەربەخۆییان لێ ئەستاندەوە، وەبیرهێنەری مەترسیی گەورەی تێکەڵکردنی ئابووری و سیاسەتە سەربەخۆیی کۆمەڵگەی شارستانی، ستۆپ و راگرێکی گرینگە لە بەرامبەر ئۆتۆریتەی رەهای دەسەڵاتی سیاسی و ئازادییە تاکەکەسییەکان دەستەبەر دەکات لە کۆمەڵگەیەکی ئەوتۆدا، دەوڵەت بەو هۆیەوە کە رۆڵێکی ئابووریی گرینگی نییە ناتوانێ خۆی بە دابینکەری بەختەوەری و بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵک بزانێت و بەرئەنجام ناتوانێت بە هەندێک بیانووی لەو جۆرە تاکەکان بخاتە ژێر رکێفی تەواوی خۆیەوە پێویستە جەختی لەسەر بکەینەوە کە جیاییی کۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەت، واتە ئازادیی ئابووری لە دەرەوەی ئۆتۆریتە و بڕیاردانی دەوڵەت، مەرجی پێویستی ئازادی لە واتا گشتییەکەی یا ئازادیی

سیاسی لە کۆمەڵگە نوێیەکاندایە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک بە تەنیایی مەرجی تەواو و سەرومڕ نییە دەسەڵاتداریەتیی سنووردار، هاوسەنگیی دەسەڵاتەکان، حکوومەتی یاسا، دیموکراسیی هەڵبژاردەیی و... هتد لە مەرجەکانی تری ئازادین کە پێشتر بە کورتی ئاماژەمان پێ کردن

## ئازادی و دیموکراسی

زۆرجار روو دەدات کە لە دوو چەمکی ئازادی و دیموکراسی وەک یەک تێ دەگەن و بەبێ لەبەرچاوگرتنی واتای راستەقینەی تەواو جیاوازییان، لە باتی یەکتر بەکار دەهێنرێن هەندێک لە بیرمەندانی وەک روسۆ و زۆربەی سۆسیالیستەکانیش بە پێڕەوی لەم فەیلەسووفە فرانسییە، تەنیا لە چوارچێوەی دیموکراسییەکی راستەقینەدا دەرەتانی ئازادی بە گونجاو دەزانن کەچی لە روانگەی فەیلەسووفە ئازادیخوازەکانەوە، دیموکراسی و ئازادی دوو چەمکی جیاواز و هەندێک جاریش رەنگە دژ بە یەک بن بە بۆچوونی هایک، خاڵی پێک گەیشتنەوەی ئازادی و دیموکراسی لێرەدایە کە لە سیستەمێکی ئازاددا هەمووان لە هەمبەر یاسادا بەرامبەرن، بمانهەوێ و نەمانهەوێ ئەم بەرابەرییە بەم داخوازە دیموکراتیکە دەگات کە هەمووان بەشێوەیەکی یەکسان و بەرابەر خوازیاری بەشداری لە دانانی یاسادا بن بەڵام بۆ لایەنگرانی ئازادی کێشەی سەرەکی برێتییە لە بەرتەسککردنەوەی دەسەڵاتی داسەپاوی هەر حکوومەتێک، جا دیموکراتیک بێ یا هەر شتێکی تر، لە کاتێکدا کە دیموکراتە دۆگماکان تەنیا یەک سنوور بۆ حکوومەت لەبەرچاو دەگرن و ئەوەش بۆچوونی لە ئارای زۆرینەیە هایک دەنووسێ جیاوازیی ئەم دوو ئارمانجە ئازادی و دیموکراسی کاتێک بە روونی دەردەکەوێ کە چەمکی نەیاری هەر کامەیان دیاری بکەین چەمکی نەیاری دیموکراسی برێتییە لە حکوومەتی ئۆتۆریتەخواز و لاسار، چەمکی نەیاری ئازادیش، تۆتالیتەرە هیچ کام لەم دوو سیستەمە، وەک پێویست نەیاری ئەوی تر رەد ناکەنەوە، واتە دیموکراسی دەتوانێ خاوەنی هەندێک دەسەڵاتی تۆتالیتەر بێت و لەولاشەوە دەتوانین حکوومەتێکی ئۆتۆریتەخواز لاسار بێنینە بەرچاو کە بە پێی بنەواکانی ئازادی دەجووڵێتەوە[٥٣]. ریمۆن ئارۆن سەبارەت بە بۆچوونەکەی هایک دەڵێ، بۆ دیموکراتە دۆگمەکان یەکەمین بابەتی بە پەلە برێتییە لە حکوومەتی مرۆڤەکان لەلایەن خۆیانەوە، یا بە دیوێکی تردا حکوومەتی ویستی زۆرینە ئەگەر ئازادی بە ملکەچبوون لە بەرامبەر یاسایەکەوە لێک بدەینەوە کە لەلایەن خۆمانەوە دانراوە کەوابوو لە روانگەی دیموکراتی دۆگماوە ئازادی برێتییە لە ملکەچ بوون لە بەرامبەر دەنگی زۆرینەدا جا ئەم دەنگە هەرچییەک دەبێ با ببێ ریمۆن ئارۆن لە درێژەدا دەڵێ من دیموکراتی دۆگم نیم و لەم بارەوە لەگەڵ هایک هاوڕام دیموکراسی زۆرتر ئامرازە تا ئامانج، رێژیمێکە، بە تایبەتی لە سەردەمی ئێمەدا، کە باشترین دەرەتان بۆ پاراستنی ئازادی لە رێژیمە ئازادیخوازە ئەوروپاییەکاندا دابین دەکات لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ بڵێم کە پێوەندیی ئەم ئازادی و دیموکراسییە تەسکتر لەوەیە کە فۆرموولی ئامراز ئامانج پێشکێشی دەکات دیموکراسی ئاکامی لۆجیکیی

فەلسەفەی ئازادییە هەڵبژاردن، هەڤرکیی پارتەکان و ئەنجوومەنەکانی نوێنەران لە ئەنجامدا شتێک نین جگە لە شێوەکانی هەڵبژاردنی حکوومەت، ئەم هەڵبژاردنە ئەو ئامانجانە دیاری ناکات کە نوێنەران دەیانگرنە بەر لە نێوان ئەوانەی کە بڕوایان بە سەروەریی ئازادی هەیە و ئەوانی تر کە دیموکراسی بە سەروەر دەزانن، ناکۆکییەکی بنەوایی لە ئارادایە کە لە خۆیدا باندۆرێکی بەرچاو لەسەر هەڵسەنگاندنیان ئەم دوو دوستەیە سەبارەت بە بنیاتەکان و کێشەکان دادەنێت(٥٤). فەیلەسووفەکانی لایەنگری ئازادی لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی، ئازادییان پێ بەرزترین ئارمانجە و لە سەرووی هەموو شتێکەوەی دادەنێن یەکەم هۆکاری رەوشتییە کە لە فەلسەفەی رەسەنایەتیی تاکەوە سەرچاوە دەگرێت و هۆکاری دووەمیش ئابوورییە کە دەگەڕێتەوە بۆ زۆرتر بوونی کارامەیی سیستەمی دامەزراو لەسەر ئازادی فەلسەفەی سیاسیی ئازادی، لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، هەر وەک لە بارەی لاکەوە دیتمان، لەسەر بنچینەی رەسەنایەتیی تاک و ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان دامەزراوە هەر تاکێک کۆمەڵێک مافی سروشتیی هاوێرنەکراو، پیرۆز و خەوشهەڵنەگری هەیە کە بە کورتی بریتیین لە مافی پاراستنی ژیان و تێکۆشانی سەربەستانە بۆ گەیشتن بە بەختەوەری و خۆشگوزەرانی رێگە بە هیچ کەس و بە هیچ بیانوویەکەوە نادرێت ویستی خۆی بە سەر ئەوی تردا بسەپێنێت و ناچار لە وازهێنان لە ماف و ئازادییە سروشتییەکانی بکات پێکهێنانی کۆمەڵگەی سیاسی بەم واتایە نییە کە حکوومەت وەک ویستی گشتی، خاوەنی مافێکی سەرتر لە مافە تاکەکەسییەکانی ئەندامانی پێکهێنەرییەتی بگرە بەپێچەوانەوە ئەرکی حکوومەت پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاکەکانە، بەڵام لاینگرانی سەروشکی دیموکراسی لێکدانەوەیەکی تریان هەیە بە بڕوای ئەوان لە پێوەندیی تاک و کۆمەڵدا، سەروەری بە دووەمیانە، لەبەرئەوەی لەم پێوەندییەدا ئەوەی راستی بێت کۆمەڵگە بریتییە لە کۆی تاکەکان جگە لە یەک کەس کەوابوو ویستی گشتیی حکوومەت وەک ویستی تێکڕای تاکەکان یا زۆرینەیان سەروەریی هەیە بە سەر مافی تاکەکەسیدا بە نەختێک لێ وردبوونەوە تێ دەگەین کە ئەم لێکدانەوەیە لەگەڵ هزری بنچینەیی فەیلەسووفەکانی ئازادی لە دژایەتیدایە بەم واتایە کە تێیدا جێگەی ئامانج و ئامراز گۆڕدراوە کۆمەڵ بۆ پشتگیری لە تاک دروست دەبێت، حکوومەت بۆ پاراستنی تاکەکان پێک دێت، بەڵام یەکجار کە کۆمەڵگە و حکوومەت بوون بە گشتێکی یەکپارچە، دەوڵەت وەک ویستی گشتی خۆی بە خاوەن ئۆتۆریتەیەک دەزانێت لە سەرووی ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکانەوە بەم شێوەیە، سیاسەت دەبێتە خاوەن پێگەیەکی بەرزتر لە ماف سروشتی، بۆیە رەوشت بەدوای ویست دەکەوێت، ئەم مەزنخوازییەی ویست و سیاسەت، دیموکراسی لەگەڵ مەترسیی رۆیشتن بەرەو تۆتالیتاریزم بەڕەوروو دەکاتەوە لە رێژیمێکی بەس دیموکراتیکدا، هیچ سنوورێک لە بەرامبەر ویستی گشتی دەنگی زۆرینە دا نیە بە دیوێکی تردا دەتوانین بڵێین کە ئەم رێژیمە دەسەڵاتدارییەتییەکی رەها بۆ خۆی لە بەرچاو دەگرێت و سەرچاوەکەشی بۆ ویستی خەڵک یا دەنگی زۆرینەیان دەگێڕێتەوە بەڵام، هەروەک لە لاپەڕەکانی پێشووشدا چەندان جاری جەختی

لەسەر کرا، بۆ ئازادی هیچ مەترسییەک گەورەتر لە دەسەڵاتی بێ سنوور نییە لە دەسەڵاتی بێ سنووردا بەردەوام ئەم خواستە جەوهەری و ناچارییە لە گۆڕێدایە کە بە پشتبەستن بە دەسەڵاتداریەتییە رەهاکەی و لەژێر ناوی بەرگری لە بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە سەرجەم ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان بسڕێتەوە و تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵگە بکات بە کۆیلەی دەسەڵاتی سیاسی هۆکاری دژایەتیی فەیلەسووفەکانی ئازادیش لەگەڵ دیموکراتە دوگماکان هەر لەم خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە بەپێچەوانەی ئەوەی کە لەوانەیە زۆرجار لێک بدرێتەوە، لە روانگەی فەیلەسووفەکانی ئازادییەوە مرۆڤ بوونەوەرێکی تەواو ئازاد نییە ئەمانە بەپێچەوانەی روسۆ و لاینگرانی دیموکراسیی رەها، مرۆڤ وەک ویستێکی ئازاد پێناسە ناکەن بگرە بڕوایان بە جۆرە رەوشتێکی سروشتی یا ئاینی هەیە کە ویستی ئازادیی مرۆڤ بەرتەسک دەکاتەوە، لە کاتێکدا کە لاینگرانی دیموکراسیی پەتی، تەنیا رێز لە رەوشتی سیاسی دەگرن، واتە دەرەوەست بوون لە هەمبەر دەنگی زۆرینە، بۆیە هیچ سنوورێک بۆ ویستی گشتی یا دەنگی زۆرینە دانانێن، پێشتر سەبارەت بە لاک ئاماژەمان پێ دا کە بە بۆچوونی ئەو، یاسای سروشت، ماف و ئازادییە سروشتییەکانی مرۆڤ بەرتەسک دەکاتەوە لێرەدا مەبەست لە یاسای سروشتی بنەوایەکی رەوشتییە کە ئاوەزی مرۆڤ بەبێ هیچ ئاماژە یا پێوەندێک لێی دەگات، ناوەڕۆکی ئەم بنەوا رەوشتییە قەدەغەکردنی مرۆڤە لەوەی کە دەستدرێژی بکاتە سەر مافە سروشتییەکانی هاوڕەگەزەکانی سەرچاوەی تێکڕای یاسا دارێژراوەکان لەم یاسا سروشتییە بنچینەییەدایە و بەرئەنجامیش زەمانەتی رەهەند و نموونە جۆراوجۆرەکانی یاسای سروشتین واتای قبووڵکردنی ئەم بنەوا رەوشتییە ئەوەیە کە ویستی تاک و بەو پێیەش ویستی گشتیی حکومەت لەلایەن یاساوە بەرتەسک دەکرێتەوە، یاسایەک کە سەرچاوە سەرەتاییەکەی نەک خودی مرۆڤ، بگرە و ئۆتۆریتەیەکی سەرتر لە ویستی مرۆڤ واتە ئۆتۆریتەی سروشت، نەریت یا ئاینە لێرەدا ژێدەری رەواییی یاسا، بەپێچەوانەی رژێمی دیموکراسی، تەنیا دەنگ و دەسەڵاتداریەتیی خەڵک نییە، بگرە و رەگی سەرەتایی و بنەوای پێکهێنەری لە پرەنسیپی رەوشتیی یاسای سروشتدا شاراوەیە بە پێی ئەم پرەنسیپە، مرۆڤ تەنانەت بەرامبەر بە بوونی خۆیشی ویست و دەسەڵاتێکی رەهای نییە، بۆ نموونە بۆی نییە بە پێی ویستی خۆی بڕیار لەسەر ژیان یا مردن بدات، خۆکوژی لادانە لە یاسای سروشت، چونکە ئەو پرەنسیپە رەوشتییەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، بە پێی پێناسەکەی ئیدانەی دەکات سنوورداربوونی ویست و دەسەڵاتی سەربەستانەی مرۆڤ، تەنانەت ویستی تاکەکەسی، دژایەتی هەیە لەگەڵ دەسەڵاتداریەتیی رەها لە رژێمی دیموکراسیی پەتیدا کەوابوو، ناتوانین دیموکراسی وەک ناوەڕۆک یا مەبەستی سەرەکیی حکوومەت لە بەرچاو بگرین دیموکراسی لە باشترین دۆخی خۆیدا، شێوازێکی گونجاوی حکوومەتییە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نابێ بیکەن بە ناوەڕۆک و دوایین ئامانجی حکوومەت هەروەک ریمۆن ئارۆن جەختی لەسەر دەکاتەوە، دیموکراسی نە وەک ئامانج لە حکوومەت بگرە وەک شێوەیەکی حکوومەتی، بە کردەوە گونجاوترین شێوازی حکوومەتییە بۆ رژێمە ئازادیخوازە نوێیەکان

## یاسای سروشت و بیرکردنەوەی ئاینی

هەندێک لە راڤیارانی زۆر متمانە پێکراوی بیرۆکەکانی لاک لەسەر ئەو بڕوایەن کە لە ڕوانگەی ئەوەوە یاسای سروشت هەمان یاسای خوایییە و رەوشتی سروشتیش جگە لە ئاین هیچ بنچینەیەکی تری نییە لیۆشتراوس دەنووسێت، بە بڕوای لاک، یاسای سروشت، بریتییە لە دەربڕینی ویستی خوایی، هەمان بانگی خواییە لە ناخی مرۆڤدا دەتوانین ناوی یاسای خوا، یا یاسای خوایی یا تەنانەت یاسای هەتا هەتایی لەسەر دابنین(٥٥). مەبەست لە یاسای سروشت ئەوەیە کە خوا سروشتی مرۆڤی بە جۆرێک خولقاندووە کە بەهۆی هێزی ئاوەزی خۆیەوە تێ دەگات کە رێگەی هەر کارێکی پێنەدراوە واتە ویستی سەربەستانەی ئەو پانتاییەکی سنوورداری هەیە بە پێی بڕیاری ئاوەز، هەموو مرۆڤێک خاوەنی ماف و ئازادیی سروشتییە بۆیە هیچ کەسێک ئەو مافەی نییە کە مرۆڤەکانی تر لە ماف و ئازادییەکانیان بێ بەش بکات کەوابوو، ئاوەز ئەنجامدانی هەندێک کردەوەی یاساغ کردووە بە بێ ئەوەی کە لەم پێوەندییەدا پێویستی بە هیچ یاسایەکی داڕێژاو هەبێت ئەمە هەمان یاسای سروشت یا یاسای خوایییە کە راستەوخۆ و لە رێگەی خولقاندنەوە لە سروشتی مرۆڤدا جێی گرتووە ویستی مرۆڤ سەرچاوەی یاسای سروشت نییە، بگرە ئەم یاسایە سەرچاوەیەکی سروشتی یا خوایی هەیە مرۆڤ بە هۆی ئاوەزیەوە لێی تێ دەگات، بەڵام هیچ رۆڵێکی لە داهێنانیدا نییە یاسا داڕێژراوەکان کاتێک بڕوا پێکراون و بایەخی راستەقینەیان هەیە کە لەسەر بنەوای ئەم یاسا سەرەتاییە داڕێژرابێتن و لە هیچ بابەتێکدا پێشێلی نەکەن.

وەک چۆن یاسای سروشت یاخوا ویست و دەسەڵاتی مرۆڤ بەرتەسک دەکاتەوە، سنوور بۆ ئەو یاسا داڕێژراوانەش دادەنێت کە لە ویست و خواستی ئەوەوە سەرچاوە دەگرن کەوابوو، بڕیارەکانی ئەنجوومەنی یاسادانان، بە زۆرینە یا بە تێکڕای دەنگەوە، لە کاتێکدا رەهەندێکی یاسایی راستەقینە بە خۆوە دەگرێت کە لە پێوەندی لەگەڵ یاسای سروشتدا، چوارچێوەی خۆی رەچاو کردبێت. ئێلی هالێوی یەکێکی تر لە راڤیارە گرینگەکانی فەیلەسووفەکانی ئازادی، جەختی لەسەر دەکاتەوە کە فەلسەفەی نوێی ئازادی، بە تایبەت قوتابخانە ئینگلیزییەکەی، قەت لە نەریتی مەسیحی دانەبڕاوە، بگرە بەردەوام پێوەندییەکی هەرە نێزیکی لەگەڵ ئەم نەریتە، لە شێوە چاککراوەکەی واتە ئاینزای پرۆتستاندا هەبووە.

ئەو دەنووسێت، پرۆتێستانیزمی ئازادیخواز بۆ هەر تاکێک ئەم ماف و ئەرکە لە بەرچاو دەگرێت کە لە ناخی خۆیدا پەیجۆری حەقیقەت بێت و هەر بنەوایەکی چەقبەستووش (EMGOD) رەد بکاتەوە کە لەژێر ناوی حەقیقەت و لە دەرەوەڕا دەسەپێندرێت بەڵام ئەم ئازادییەش کە پرۆتێستانیزم بۆ تاکی داوا دەکات، دەستبەجێ بە پێویستیی رەچاوکردنی ئینجیلی کتێبی نێردراو، کتێبی پیرۆز دەبەستێتەوە(٥٦).

"مونیە"، مێژوونووسی شارستانییەتیش پێی وایە کە دەتوانین بڵێین فەلسەفەی رەسەنایەتیی

تاک و بیردۆزەی مافە سروشتییەکان لەژێر کاریگەریی شرۆڤەیەکی تایبەتی لە مەسیحییەتدان[٥٧]. لە روانگەی پرۆتێستانەکاندا ئاوەزی تاک توانایی تێگەیشتن لە رێنوێنییەکانی کتێبی پیرۆزی هەیە و لەم رووەوە هەر جۆرە روولێنەرێک لە نێوان مرۆڤ و خوا بە پاساوهەڵنەگر دەزانێت مرۆڤ بە پشتبەستن بە ئاوەزی خۆیەوە، کە خەڵاتێکی خواییە و بە پێڕەوی لە رێنوێنییەکانی کتێبی پیرۆزەوە، چیی تر پێویستییەکی بە ئۆتۆریتەی پاپ و هیراکییەتی کڵێسا نییە ئاوەزی مرۆیی جێگەی ئۆتۆریتەی ئاینی پاپ و دەزگای کڵێسا ئۆسقۆفەکان، قەشەکان و... هتد دەگرێتەوە و هەر تاکێک دەبێتە قەشەی خۆی لە روانگەی لاکەوە، یاسای سروشت هەر ئەم بڕیارە عەقلانییەیە کە مرۆڤەکان بە پێڕەوی لێکردنیەوە لە راستیدا پێڕەوەی لە ویستی خوایی دەکەن[٥٨]. لاک یەکەمین نامیلکەی کتێبە بە ناوبانگەکەی خۆی واتە دوو نامیلکەی حکوومەتی شارستانی بۆ بەرپەرچدانەوەی بیردۆزەکانی کەسێک بە ناوی فیلمێر تەرخان دەکات و تێیدا فەلسەفەی سیاسیی کڵێسای نەریتی، کە لەسەر بناخەی خوێندنەوەیەکی باوکسالارانە لە دەسەڵاتی سیاسی دارێژراوە، دەخاتە بەر رەخنەوە و بە شرۆڤەیەکی تر لە کتێبی پیرۆز و بنەواکانی مەسیحییەت، بیردۆزەی نایەکسانی و ئازادیی سروشتیی مرۆڤەکان دێنێتە گۆڕێ ئەگەر لاک لە دووەمین نامیلکەی کتێبەکەیدا لە باتی کەڵکوەرگرتن لە زمانی ئاینیی مەسیحییەت، چەمکە زانستی و فەلسەفییە باوەکانی سەردەمی خۆی بە کار دەبات، لەبەر وەرگەڕانەوەی لە ئاین و بنەواکانی مەسیحییەت نییە بگرە بەپێچەوانەوە مەبەستی گشتگیرکردنیان و قایمکردنی ئۆتۆریتەی راستەقینەیانە وەک چۆن پرۆتێستانیزم رەخنەگری ئۆتۆریتەی ئاینیی کڵێسایە، لاک و فەیلەسووفەکانی تری ئازادیش لە ئۆتۆریتەی سیاسیی کڵێسا نارازین، بەڵام هیچکام لەم دوو نارەزایەتییە بە واتای رەدکردنەوەی بنەوا و رێنوێنییەکانی مەسیحییەت نین ئامانجی ئەم رەخنە و نارەزایەتییانە، مادی بەماتریاڵی بوون و بەرهەست بوونەوەی ئەو پرەنسیپانەیە کە لە ناخ و بنەچەی خۆیاندا رەوشتی و دەرهەستن و لەم رووەوە تەنیا لە بوونێکی تاکەکەسیدا دەرەتانی دەرکەوتنیان هەیە بیرمەندانێکی نەریتیی وەک فیلمێر، دەسەڵاتی خوایی بە ژێدەر و سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی دەزانن و پێڕەوی لە دەسەڵاتدار هاوجۆری پێڕەوی لە خوا، وەک ئەرکێکی ئاینی پێناسە دەکەن ئاکامی بێ ئەملا و ئەولای ئەم شێوە بیرکردنەوە ئەوەیە کە هەموو رەهەندەکانی ژیانی شارستانییانەی مرۆڤ، یەک لەوانەش چالاکییە ئابوورییەکان، دەکەونە ژێر رکێفی بڕیاری حکوومەتی و سیاسییەوە بڕیاری سیاسی وەک هێمای کۆمەڵایەتی و دنیایی بابەتی ئاینی وەپێش رەهەندی ئابووریی ژیانی مرۆڤ دەکەوێت و لە سەرروویەوە جێ دەگرێت، واتە ئابووری وەک بابەتی دووەم بەدوای سیاسەت وەک یەکەم بابەت و بنەوای سەرەتایی دەکەوێت کەچی لە روانگەی فەیلەسووفەکانی ئازادییەوە، وەک لاک، کێشەکە تەواو بەپێچەوانەیە واتە چالاکیی ئابووری بەپێش بابەتی سیاسی دەکەوێت و لە سەرروویەوە جێ دەگرێت، لەبەرئەوەی مرۆڤ لە رێگەی کار و تێکۆشانی تاکەکەسییەوە چالاکیی ئابووری سەرەتایترین ئەرکێک جێبەجێ دەکات ئەرکی ژیان کە خوا لە ئەستۆی ناوە چالاکیی ئابووری هەر لە سەرەتاوە واتە لە دۆخی سروشتیدا کە ژیانی

مرۆڤ هیچ بیچمێکی سیاسی بە خۆوە نەگرتووە، وەک پێویست و بەشێوەیەکی سروشتی لە ئارادایە و بە پێی یاسای سروشت دەگۆڕدرێ، بەڵام، حکوومەت بنیاتێکی دەسکردە کە لەلایەن مرۆڤەکانەوە دادەمەزرێت و لەم رووەوە رەواییەکەی حەوجەداری رەزامەندیی تاکەکانە حکوومەت بە مەبەستی پشتگیری لە ژیان و خاوەنداریەتیی تاکەکان دادەمەزرێت، بۆیە دەبێ پێڕەوی پێویستییەکانی چالاکیی ئابووری بێت، نەک دیاریکەریان[٥٩].

## ئاکام:

## باندۆری هزری جان لاک لەسەر ئابووریی سیاسی و ئاکامە تیۆری و پراکتیکییەکانی

باندۆری بیرۆکەکانی جان لاک لەسەر بیری سیاسیی دنیای مۆدێرن، بەتایبەتی رۆڵی دیاریکەری لە ناوەڕۆک و چەمکە بنەڕەتییەکانی راگەیندراوەکانی مافی مرۆڤ، لای بیرمەندان و خاوەن راکان شاراوە نییە و گەلێک لە بیرمەندان و مێژوونووسانی هزری سیاسی کەم و زۆر رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەم کاریگەرییەیان پێشان داوە، بەڵام ئەوەی کە وەک پێویست نەکەوتووەتە بەرسەرنج و جەختی لەسەر نەکراوەتەوە، باندۆری لاک لەسەر ئابووریی سیاسیی کلاسیک و بەرئەنجامە تیۆری و ئاکامە پراکتیکییەکانیەتی لە راستیدا ئەگەر بنەواکانی هزری سیاسی و ئابووریی دنیای نوێ شارستانیەتی پیشەسازیی رۆئاوا بنچینەیەکی تاقانەیان لە بیردۆزەی مافی سروشتیی لاکدا هەبێت، دەتوانین بە شێوەیەکی لۆجیکی بەم ئەنجامە بگەین کە سیستەمی هزری و هەروەها پراکتیکی سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگە نوێیەکان لەسەر یەک بنچینە پێگەیشتووە و سەقامی گرتووە لەم رووەوە رەنگە بتوانین بڵێین کە رازی پێشکەوتنە ماددییە نائاساییەکەی ئەم کۆمەڵگاگەلە هەر لەم خاڵەدا شاراوەیە ئابووری و سیاسەتیان دوو لقی یەک بنەچەن و لەم رووەوە پێکەوە بە یەک ئاراستە و هارمۆنییەوە گەشەیان کردووە و بەپێچەوانەی کۆمەڵگەکانی سەردەمی کۆن هیچیان نەبوونەتە رێگر لە بەردەم گەشەی ئەوی تردا مارکس کە بۆ خۆی یەکێک لە یەکەمین و دیارترین مێژوونووسانی هزری ئابوورییە، جەخت لەسەر کاریگەریی جان لاک لەسەر هزری سیاسی و ئابووریی دنیای نوێ، کە مارکس ناوی کۆمەڵگەی بورژوایی لەسەر دادەنێت، دەکاتەوە ئەو لە کتێبی بیردۆزەکانی زێدەبایی دا، لاک بە بانگەشەکەری بیرۆکەکانی کۆمەڵگەی بورژاوایی بە دروست و نادروستییەوە دەزانێت و لەسەر ئەو بڕوایەیە کە فەلسەفەی لاک بنج و بناخەی بیرۆکەکانی هەموو ئابووریزانانی ئینگلیزیی پاش ئەو بووە[٦٠].

هازباخ یش لەو بیرمەندانەیە کە سەرنجێکی زۆری داوەتە پێوەندیی نێوان بیرۆکەکانی جان لاک و ئابووریی سیاسیی کلاسیک، بەتایبەتی بۆچوونەکانی ئادام سمیت ئەو دەنووسێت، سمیت سەبارەت بە بیردۆزەی خاوەنداریەتیی تایبەت بە تەواوەتی لەگەڵ لاک هاوڕایە روون و ئاشکرایە کە بنەواکانی مافی سروشتیی ئابووریی سیاسیی ئەو سمیت هەر بنەواکانی دووەمین نامیلکەی لە

بارەی حکوومەتی شارستانیی جان لاک ن بە ئەگەرێکی زۆر ئەو "ئادام سمیت"، لەژێر کاریگەریی بیردۆزەی ئازادیی سروشتیی کاری "هاچسۆن" دا، بەدوای بیردۆزەی ئازادیی سروشتیی لاک کەوتووە و پوختەی کردووە تا ئازادیی ئابووری لێ هەڵێنجێنێت[٦١]. بوهم باوێرک ئابووریزانی گەورەی نەمسایی پێی وایە کە "ئادام سمیت"، سیستەمی پیشەسازییە بەناوبانگەکەی خۆی لەسەر بنچینەی بیرۆکەی لاک کە کار ژێدەری سەرەکیی هەموو بەرهەمەکانە، دامەزراندووە[٦٢]. ئێلی هالێڤی بیرمەندی فرەنسایی لە کتێبە هەرە گرینگەکەی پێکهاتنی رادیکالیزمی فەلسەفیدا هەر ئەم بابەتە باس دەکات[٦٣]. گونارمیردالْ ئابووریزانی هاوچەرخ و بەناوبانگی سوێدی دەنووسێت، ئەم بیردۆزە مافی سروشتیی جان لاک خاڵی دەسپێکێک بوو هەم بۆ تیۆریی بایەخ کار و هەم دۆکتۆرینی ئازادیی ئابووری[٦٤]. ئەو لە کتێبەکەی خۆیدا جەخت لەسەر کاریگەریی بیر و بۆچوونەکانی لاک لەسەر ئابووریی سیاسیی دەیوید ریکاردۆ لە رێگەی هاورێی نێزیک و هاوبیرییەوە جیمزمیل دەکاتەوە[٦٥].

کەسایەتییەکی گرینگتر کە رۆڵێکی سەرەکیی لە پێکهاتنی ئابووریی سیاسیی و بە تایبەتی بیر و بۆچوونەکانی "ئادام سمیت" دا هەبوو، دەیوید هیوّم فەیلەسووفی ناوداری ئینگلیزیی سەدەی هەژدەم و هاورێی نێزیکی ئادام سمیت بووە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بیرۆکەی سیاسیی و ئابووریی هیوّم خۆی لە هەندێک بوارەوە درێژەی هەمان فەلسەفەی سیاسیی جان لاکە، بۆیە لەم رێگەیەشەوە دەتوانین لە کاریگەریی بۆچوونەکانی لاک لەسەر سمیت و بە گشتی ئابووریی سیاسیی کلاسیک تێ بگەین[٦٦] سەرەڕای ئەو نموونانەی کە باس کران، دەتوانین بڵێین، کە هێشتا مێژوونووسانی بیری ئابووری و سیاسی، بەشێوەیەکی توکمە و شێلگیرانە، پێوەندیی نێوان تیۆریی مافی سروشتیی لاک و ئابووریی سیاسییان نەکردووەتە بابەتی توێژینەوە و هیچیان لە هەندێک ئاماژەی خێرا تێیان نەپەڕاندووە وەک پێشتریش بەبیرمان هێنایەوە، ئەم پێوەندییە وەک پێوەندێکی یەکپارچە پیشان بدرێت، دەتوانێت روونکردنەوەیەکی گرینگ بدات سەبارەت بە چۆنیەتیی سەرهەڵدان و گەشەی شارستانیەتی پیشەسازیی رۆئاوایی و هۆکارەکانی پێشکەوتنە مادییەکانی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان لە کۆتاییدا، پێویستە جەخت لەسەر ئەم خاڵە بکەینەوە کە راگەیندراوەکانی مافی مرۆڤ کە کۆڵەکەی سەرەکیی هزری سیاسی و یاسا بنەڕەتییەکانی وڵاتانی پیشەسازیی پێشکەوتوو پێک دەهێنن، هەموویان لەژێر باندۆری قووڵی بیرۆکەکانی لاک و بیردۆزەی مافە سروشتییەکەیدان یەکەم خاڵی گرینگ کە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم راگەیندراوانەدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە ئەوەیە کە مافەکانی مرۆڤ لەم راگەیندراوانەدا دەناسرێنەوە و رادەگەیندرێن بەجۆرێک کە هیچ ژێدەر یا بنیاتێکی کۆمەڵایەتی ناتوانێ خۆی بە دامەزرێنەری ئەم مافانە بزانێت بە واتایەکی تر، مافەکانی مرۆڤ لە باری ناوەڕۆک و گەوهەرەوە جیاواز لە مافە داڕێژراوەکانن و هەر لەبەر ئەوەشە کە خەسڵەتی سروشتییان بۆ بەکار دێت لە سەرەتای راگەیندراوی مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتیی فرەنسادا ١٧٨٩ هاتووە، ئەنجوومەنی نەتەوەیی، مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتی پێناسە کردووە و رای دەگەیەنێ[٦٧] بڕگەی دوازدەی راگەیندراوەکە

دەڵێ، دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی پێویستی بە دەسەڵاتی گشتی سیاسی هەیە کەوابوو دەسەڵاتێکی ئەوتۆ لە بەرژەوەندیی گشتیدا دادەمەزرێ نەک لە بەرژەوەندیی تایبەتیی ئەو کەسانەدا کە دەسەڵاتەکەیان پێ سپێردراوە[٦٨]. هەر ئەم چەمکانە زۆر بە روونی لە راگەیندراوی سەربەخۆیی وڵاتە یەککرتووەکانی ئەمەریکاشدا هەیە ئەم راستییانەی خوارەوە لە خۆیاندا بۆ ئێمە روون و بەڵگە نەویستن هەموو مرۆڤەکان بە یەکسانی خوڵقێندراون، خوای خوڵقێنەر کۆمەڵە مافێکی لە پسان نەهاتووی پێ بەخشیون کە مافی ژیان، ئازادی و خواستی بەختەوەری بەشێک لەم مافانەن حکوومەتەکان بۆ دەستەبەرکردنی ئەم مافانە دادەمەزرێن و رەواییی دەسەڵاتەکەیان لە رەزامەندیی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت و گرێدراویەتی[٦٩] وەک دەبینین، ناوەڕۆکی سەرەکیی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مافە سروشتییەکان، کە بە پێی خوێندنەوەی لاک و سمیت بیاقی چالاکیی تاکەکەسی و ئابوورین، لە پێش بڕیاری سیاسی یا دەوڵەتدان و لە سەرووییانەوە جێ دەگرن مافە سروشتییەکان گەوهەری و سرشتیی مرۆڤن و بەرهەمی هیچ رێککەوتن یا بنیاتێکی دەسکرد نین حکوومەت بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئەم مافانە پێک دەهێنرێت حکوومەت لەسەر ویستی خودی مرۆڤەکان دادەمەزرێت و ئەمەش ئامرازێکە بۆ بەدیهاتنی ئامانجێکی بەرزتر لە ویستی ئەوان، واتە مافە سروشتییەکان کە لەلایەن خوای خوڵقێنەر یا سروشتەوە پێیان بەخشراوە حکوومەتەکان شایەنی رەخنە، چوونە ژێر پرسیار و گۆڕانیشن، بەڵام مافە سروشتییەکان لە مرۆڤ جیا ناکرێنەوە و نەگۆڕن پێ دەچێت تێگەیشتنێکی ئەوتۆ لە بابەتی ئابووری و سیاسی یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی پێشکەوتنی ئابووریی نائاساییی کۆمەڵگە پیشەسازییەکان بێت لە کۆمەڵگە کۆن و نەریتییەکاندا، سیاسەت بە سەر ئابووریدا زاڵ بوو، چالاکیی ئابووری تاکەکەسی بوو و ئاڵوێر و بازرگانی بە ناحەز و ناپەسند دەزانرا و حکوومەت بە کۆنترۆڵ و سەرکوتیانەوە خۆی بە پارێزەری یەککرتوویی و توکمەیی پێویست و بایەخمەندی کۆمەڵگە دەزانی لە کاتێکدا کە تێگەیشتنی نوێ لە پێگەی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی مافەکانی مرۆڤ و پێگەی ئەو لە کۆمەڵگە ئازادیی چالاکییە ئابوورییەکان دەبێتە هۆی قوتاربوونی وزەی پەنگ خواردووی تاکەکەسی بۆ گەیشتن بە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی و بە پێیەش کرانەوەی ئاسۆی بێ کۆتاییی چالاکییەکان و ململانێی ئاشتیخوازانە لە نێوان مرۆڤەکاندا پێشبڕکێ بۆ بەرهەمهێنانی زۆرتر و خۆشگوزەرانیی روو لە زیادبوون وێڕای ناوبژیوانیی بێلایەنانەی دەوڵەت کە چاوەدێری رەچاوکردنی یاساکانە، بە گەرموگوڕییەکی بێ وێنەوە دەکەوێتە گەڕ دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت دەستەبەری ساغی و دروستیی پێشبڕکێیەکەیە، بە پێی رێساکان خۆی نابێ بچێتە ناو گۆڕەپانی ململانێیەکەوە "بواری ئابووری"، لەبەرئەوەی لە دۆخێکی ئەوتۆدا بێلایەنی خۆی لە دەست دەدات و هاوڕێکیی دروستی پێشبڕکێیەکە دەشێوێنێت و یاریوانان لە ئاکامی هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان دڵسارد دەکاتەوە رەنگە راز و نهێنیی ئەو گەرموگوڕییە مادییە بێ وێنەیەی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا، هەر لەم هاوڕێکی و تەکوزییە نوێیەی نێوان سیاسەت و ئابووریدا شاراوە بێت

پەراوێزەکان:


51. EHALEVY, << La formation du radicalime philosophique>> , T. II, pp.219 - 220.

52. F.V.HAYEK,<<The Road of Serfdom>>, (1944),trd. Frs., PUF, 1958.

53. Idem, p.103.

54. Raymond ARON.<<Essai sur les libertés>>, (1965), Pluriel, Paris, 1985, pp.121-122.

55. Léo STRAUSS, << Droit maturel et histoire>>, trd, Frs., Flammarion, Paris, 1986, p.181.

56. E. HALEVY, inventairesì>>, po.cit.,pp. 9 - 10.

57. R.MOUNIER , <<Histoire générale des civilisations>>, sous la direction de CROUZET,T.IV, p.4.

58. LOCKE , op.cit., Book II, chap.II.

59. K.I .VAUGHN,<<john LOCHE, Economist and social Scientist,>> the Athlan Press,London, 1980,pp.96-97.

سەبارەت بە یاسای سروشت و ناوەڕۆکە ئاینییەکەی لەلای لاک کۆمەڵە بەرهەمێکی گرینگتریش لە ئارادان، یەک لەوانە سەرەتای " لیدن" ە لەسەر کتێبەکەی لاک ((SYASSE NO LARUTON WAL)) ئەم کیتبە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٤ لەلایەن" لیدن" ەوە چاپ و بڵاو کرایەوە و نووسراوە سەرەتاییەکانی لاک سەبارەت بە یاسای سروشت لەخۆ دەگرێت. کتێبی بە سوودی تر لەم بوارەدا برێتییە لە

William LETTWIN,<<The origins of Scientific Economics; English Economic Thaught 1660-1776>>, Shenval Press,London,1963 ,pp.147-181.

60. Cf.Trence Hutchison, <<Befor Adam Smith , The emergence of political Economy 1662-1776>>, Basil Blackwell, 1991, pp. 70 - 73

61. G.Hasbach , <<Lesfondements philosophiques de l économie politique de Quesnay et de Smith>>, Revue d  Economie Politique, T VII, 1893,pp.761-762.

62. E.Böhm- Bawerk, <<Histoire critique des théories de lintérêt et du capital>> , Ed.Giard et Briére , Paris,1903 , t ll, p.7.

63. E. Halévy, <<LaFormation du radicalisme pholasophique>> . Ed.Felix Alcan, Paris , 1901, T .1.pp. 73-75.

64.G. Myrdal, <<The political element in the development of Economic theory>> ,Harvard University Press, 1955,p.71-65 .Idem,pp. 73,,109.

65. Idem,pp.73,,109.

66. A. Schatz ,<< L over économique de David Hume>>, Ed.
Arthur Rousseau,Paris 902, p .232

Cf.D.Deleule, << Hume et la naissance du libéralisme économique>>, Ed. Aubier Montaigne, Paris, 1979, pp. 401- 402


67. S.Rials,op.cit.,p.22.

68. Idem.

# چەند بەشێک لە دیالۆگی هابرماس:
# فەلسەفە لە سەردەمی تیرۆریزمدا

یۆرگن هابرماس

لەم سەردەمەدا...



یۆرگن هابرماس بەیەکێک لە مەزنترین زاناکانی کۆمەڵناسی و سیاسەت دەژمێردرێت لە سەرتاسەری دنیادا، بە ڕەگەز ئەڵمانییە و یەکێکە لە گەورەترین کەسایەتییەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتی رەخنەگریی، خاوەنی زیاتر لە ٥٠ کتێب و دانراوی خۆیەتی، کە لە چەندان بواری جیاجیادا نووسراون وەک (فەلسەفە و کۆمەڵناسی) و هەروەها خاوەنی چەندان بیرۆکە و تیۆری بەناوبانگە.

هابرماس بەگەورەی فەیلەسووفەکانی ئەڵمانیا ناوزەند دەکرێت، ئەمەش بەهۆی ئەو پێشەنگییەوەی دێ کە لە گوتارەکانی رەخنەیی و فەلسەفە و سیاسەت هەیەتی..

لەم بابەتەیدا هابرماس هەر زوو نێزیکەی١٠ساڵ پێش ئێستا دەرکی بەو مەترسییە کردووە، لەوەی لە ولاتانی ڕۆهەڵاتدا تیرۆریزمەکانی رابردوو ببنە نوێنەری راستەقینە و شەرعیی

.........................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ماجید نووری

وڵاتەکانیان و لە بەڕێوەبردنی حوکمیشدا بەشدارییان پێ بکرێن، بەتایبەت ئەو تیرۆریزمانەی بە ئامانجی سیاسییانە و ڕێبازی واقیعییانەوە" وێڕای کارە تاوانکارییەکانی پێشوویان"دێنەوە مەیدان و دەشتوانن شتێک لە ڕەوایەتی بۆ خۆیان پێکەوە بنێن و بەڵێن لەسەر نەهێشتنی زوڵم و ستەم و نادادوەری بدەن و پەیامی گۆڕان بۆ خەڵکی ڕابگەیەنن..

ئەم بابەتە بەشێکە لەو دیالۆگە درێژەی نێوان هابرماس و بورادوری، گرینگی قسەکان لەم بابەتەدا لە تەوەرێکدا کۆ دەبنەوە ئەویش مەسەلەی بنەوانگری "ئوسوڵیەت، هەندێ وەرگێڕ بە فەندەمێنتالیزمی ناوی دێنن" و ڕۆڵی ئیسلامیی سیاسی لە قووڵکردنەوەی ئەم دیاردەیە و زەوینەخۆشکردنی ڕۆئاواش لە تەشەنەپێدانیدا روون دەبێتەوە.

ناوەڕۆکی دیالۆگەکان بەشێکن لە کتێبێکی فەلسەفی کە هێشتا بە عەرەبی بڵاو نەکراوەتەوە، وتوێژەکانی ناو کتێبەکە لە نێوان جیوڤانا بورادوری کە فەیلەسووفێکی ئیتاڵیایی، ئەمەریکاییە و یۆرگن هابرماس و جاک دریدایە و لە پاش ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەرەوە لە سایتەکاندا بە زۆر زمانی جیهانی بڵاو کراونەتەوە، ئەمەی لێرەدایە بەشی یەکەم و دووەمیەتی (وەرگێڕ)

بورادوری: لە کڵێسەی پاولسکریج (فرانکفۆرت، تشرینی یەکەم، ٢٠٠١)، هەندێک لەسەر بنەوانگری دووابویت، بەوەی گوایە دیاردەیەکی نوێیە، چۆن تەفسیری ئەم قسانە دەکەیت.؟

هابرماس: تەفسیرکردنەکە لەسەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی زاراوەکە رادەوەستێت، هەن ئینتیقائیانە بۆی دەڕوانن، ئەم زاراوەیە لە بەرانبەر ئەوانەدا بەکار دێنم کە هەڵوێستی دەمارگیرانە و توندیان هەیە لە داسەپاندنی بڕوا و قەناعەتێک کە خۆیان بەڕاستی دادەنێن ئەگەرچی لەلایەنی هزرییەوە قبووڵکراویش نەبن، ئەمە زیاتر لەسەر بڕوا و قەناعەتی ئاینی دەچەسپێت. بەڵام خاوەن بەرنامەی داخراویشی لێ بێبەری نییە.

نابێت بنەوانگری لەگەڵ زاراوەکانی دۆگمایی و ئەرسەدۆکسی تێکەڵ بکەین لە کاتێکدا سەرجەم ڕێبازانی ئاینی بە جەوهەری بڕواهێنانی دۆگماییەوە پابەندن، زۆربەی جارانیش دەسەڵات پاڵپشتیانە،

بە تەجروبەش دەسەڵاتی پاپا و پێڕەوانی کڵێسای ڕۆمانی...

دوا جار ئەوانیش داڕێژەری چوارچێوە بوون بۆ ئەو ڕوانینانەی لە باوەڕێکەوە سەرچاوەیان دەگرت، ئەرسەدۆکسەکان کاتێ بە لێڵییەوە تەماشای باری مەعریفیانەی مۆزائیکیەت و پلۆرالیزمی ناو کۆمەڵگە دەکەن، ئەو کاتە لە بنەوانگری نێزیک دەبنەوە و لە ڕووی سیاسییەوە ددان بەو بارە مەعریفیەدا نانێن و ڕەنگە دوا جار بۆ ڕووبەڕووبوونەوە زەبریش بخەنە کار.

پێش ڕێنیسانس پەیامی پەیامهێنەرانی خوا برێتی بوون لە چەند ئاینێکی جیهانگیر کە بە

بارتەقای ئاسۆی مەعریفی و قەوارەی نفووزی ئیمپراتۆرییە دێرینەکان بڵند و پیرۆز دەکران، گەردوونگەراییی ئەو ئیمپراتۆریانە و مەیلیان بۆ بەر فراوانکردنی پێگە و دەسەڵاتی خۆیان باکگراوەندێکی گونجاویان بۆ ئاینە جیهانییەکان دەخوڵقاند تا وای دەربخەن کە بەتەنیا خۆیانن خاوەن و قۆرخکاری حەقیقەتەکانی زەوی و ئاسمانن، بەڵام ئێستا بەپێی هەلومەرجە تازەکانی پەرەسەندن لە دنیادا هیچ هێزێک وا بە ساویلکانە ناتوانێت یەکێک لە بڕواکانی حەقیقەت بە لای خۆیدا قۆرخ بکات، بەزانستیکردنی کۆمەڵگە لە ئەوروپادا و جیاکردنەوەی ژێدەرەکانی ئیعترافکردن بە مەسیحییەت بڕوای ئاینی ناچار کرد لا لە پێگەکانی خۆی بکاتەوە چ لە بەرانبەر ئاینانی تر و چ بەرانبەر مەعریفەی زانستییە دنیاییەکان، ئەگەرچی مرۆڤ بەگشتی لە رەهاییبوونی حەقیقەت هەڵوێستیان وەرگرتووە و زیاتر مەیلیان بەلای ڕێژەگەریدا دەچێت، بەڵام هاوکات ئەوە ناگەیەنێت مرۆڤایەتی بەتەواوی لە بڕوا شەخسییەکانیاندا ڕێژەگەر بووبن، لەبەرئەوەی ئاینەکانیش تا ئاستێک فێربوون لە پێناوی زامنبوونی سیاسییانەیان لە چاوی ئەوانی ترەوە خۆیان بخوێننەوە و لەمەوە باوەڕهێنەران بەگشتی دەرکیان کرد بەوەی دەستبەرداری زەبروزەنگ بن و بەتایبەتیش دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ چەسپانی بڕوا و پەیامی ئاینی بەکار نەهێنن، هەژموونی مەعریفە وای لە کڵێسا کرد بۆ یەکەمین جارخۆی لە دەوڵەت دابڕێت هاوکات ئاستی لێبووردەیی ئاینی بەرزتر بکاتەوە.

بەڵام کە لە سەردەمی هاوچەرخدا ڕژێمێکی وەک ئێران ئەم لێکجیاکردنی ئاین لە دەوڵەت رەت دەکاتەوە یان گرووپی ئاینی تر لە هەوڵدان حکوومەتی ئاینی دابمەزرێننەوە ئەمەیان دەچێتە خانەی بنەوانگرییەوە. ئەمانە بەهۆی چەپاندن و بێزراندنی مەعریفییەوە سیمای زەینییەتێکی چەقبەستوو لە پشتیانە، دیارە ئاینەکان بەهۆی هەلومەرجی ڕێژەگەرییانەی مەعریفەی زانستی و فرە روانینی خۆیان بۆ ئەپستمۆلۆجیا کە پێیان وایە لە پاکیزەیی بێبەشیان دەکات بۆیە بەرەو هەڵوێستە بەراییەکانی بڕواهێنان دەگەڕێنەوە، ئەم گەڕانەوەیەش لەگەڵ پەرەسەندنی مەعریفی ناسازێت، لەبەرئەوەی بارودۆخی ئاڵۆزی ئەو کۆمەڵگەیانەی پلۆرالیزمین لەگەڵ جۆرە گەردوونگەراییەکی وادا دەگونجێن کە بە چاوی وەک یەک و یەکسانەوە لە هەموو کەسێک بڕوانرێت، ئیتر ئەو کەسە کاسۆلیکی یان پرۆتستانتی یان جوولەکە یان موسڵمان و هیندۆس و بوودی باوەڕدار بێ یان مرۆڤی بێبڕوا.

بورادوری: چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئەم بنەوانگیرییەی ئیسلامیی ئەمڕۆ لە ئارادایە لەگەڵ ئەو ڕێباز و پراکتیکە بنەوانگیرییانەی جاران کە لە سەرەتای سەدە هاوچەرخەکاندا بۆ ڕاوەدونانی هیکس و سیحربازان لە ئارادا بوون.

هابرماس: رەنگبێ بزوێنەر هەبێ بۆ لێکبەستنەوەی ئەو دوو دیاردەیەی ناوت هێنان ئەوەش بریتییە لە کاردانەوەی بەرگریکار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ترس لەوەی ژیانی تەقلیدی لە رەگەوە

هەڵنەکێشرێت، لەوانەیە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی سیاسەت و ئابووری لە ئەوروپادا هەمان ترسی لە دوا بووبێت، بێگومان ئێمە ئەمڕۆ لەناو جیهانگیری بازاڕداین بە تایبەتیش بازاڕی دەسمایە و پارە و بڵاوبوونەوەی راستەوخۆی وەبەرهێنانی بیانی کە قۆناخێکی زۆر جیاوازی لە قۆناخەکانی پێشوو دروست کردووە، بەهۆی دابەشبوونی کۆمەڵگەکانی جیهانەوە بۆ سێ جۆر دەوڵەت (سەرکەوتوو، کەڵک وەرگرتوو، دۆڕاو) شتەکان گۆڕدراون، ئێستا ئەمەریکا بزوێنەرە وەک هێزی گەورە لە تازەبوونەوەی دەسمایەدارییەکی وادا کە دەوڵەتانی تر لە توانایاندا نییە بەپێشکەوتنە تەکنەلۆجی و ئابووری و سیاسی و سەربازییەکانی بگەنەوە.

دنیایەکی وەک جیهانی دواکەوتووی وڵاتانی عارەبیش لە ئاستی تەکنیکیی ئەواندا چاویان شۆڕە، هاوکات ژێراوژێر وەک نموونەیەکی سەرسوڕهێن لە ئەمەریکا دەڕوانن، بەهۆی هەموو ئەزموونەکانی ونبوونی وجودی کە جیهانی عەرەب بینیویانە و هاوکات لە پێناوی گەیشتنەوە بە ڕەوڕەوەی جیهانگیری کە بەو خێراییەوە لەلایەن جەمسەری ڕۆئاواوە دەچێتە پێشەوە، ئامادەییەک لای هەندێکیان دروست بووە تا بۆ پێگەیشتنەوە دوور نییە کەڵچەریش بکەنە قوربانی.

ئەوروپا بە قۆناخی وێرانەیی بەرهەمهێنان تێپەڕی، ئەمەش لە بارودۆخێکی باشتر لەوەی زۆر دەڤەری تری دنیا پێیدا تێ دەپەڕن و لە قۆناخی وادا لە بەرانبەر توانەوەی شێوازەکانی ژیانی تەقلیدی و باودا قەرەبووی زەرەر و زیانیان پێ نادرێتەوە، ئەو دەڤەرانە هەست بەوە دەکەن کە وەچەکانی داهاتووشیان لە قەرەبووکردنەوە بێبەش دەبن، بۆیە لەسەر ئاستی دەروونی کاردانەوەیەکی بەرگریکارییان دژ بەهێزی زانستگەرای ڕۆئاوایی لا دروست دەبێ و کاردانەوەشیان لە ژێدەرە روحییە سەلەفییەکانەوە وزەی بۆ دێت، ئەم جۆرە ژێدەرانە لە ژیانیی ڕۆئاواییدا بوونێکی کارایان نەماوە، بەڵام لەلایەن دەڤەری ترەوە خەڵکانی پێ دەورووژێنرێن.

بنەوانگیری بە کەفوکوڵ و توورەییەوە پەنا وەبەر بڕواکان دەبات، مۆدێرنەش نە کەس ناچار دەکات بۆ فێربوونی رامانە روحییەکان و نە بەزۆریش کەس هان دەدات تا ئاین لە مەعریفەی سیاسی و سیکۆلاریزمی جیا بکرێتەوە، لە راستیدا بنەوانگیری لە جەوهەریدا ژێدەرێک نییە بۆ وزە بەخشین بە ژیانیی ڕۆئاوایی، بۆیە ڕۆئاوای مەتریال رووبەڕووی هیچ کەڵچەرێکی تر نابێتەوە بە تایبەت ئەو کەڵچەرانەی خۆیان بە قەرزارباری ئاینە مەزنەکانی گێتی دەزانن، بگرە لە رێی ڕۆشنبیرییەکی بەکاربەری وورووشکانەوە گاڵتە بەشێوازەکانی بنەوانگیری دەکات، ڕۆئاوا بەم شێوازە مۆدێرنەیی خۆی دەناسێنێ کە لە هەموو ناوکێکی میعیاریانە خاڵییە و بایەخدانی بە مافەکانی مرۆڤیش لە حەقیقەتدا بۆ مەبەستی کردنەوەی بازاڕی تری ئازاد و هاوچەرخە و هیچی تر.

هەر چۆن لە وڵاتانی ڕۆئاواییدا ئەو مەبەستەی بە ئاشکرا دەرکەوتووە کاتێ دەستی پارێزەران و بنەوانگرانی نوێ بەرەڵا دەکات لە دابەشکردنی کاری نێوان بنەوانگیرانی ئاینی و زانستخوازانی

کەڵک وەرگرتوو لە ئەستێڵکەکانی ئەم دیاردەیە، لەمەوە مافەکان لە ناواخنەکانیان بەتاڵ دەبنەوە.

بورادوری: لەلایەنی فەلسەفییەوە ئاخۆ تیرۆریزمی، کارێکی سیاسییانەی پەتییە؟

هابرماس: بەو مانایەی (محەمەد عەتا) وە نەخێر؛ کە وەک هاووڵاتییەکی میسری لە هامبورگەوە دێت و یەکەمین فڕۆکە بەرەو دروستکردنی رووداوێکی کارەساتئامێز بێنێ، ئەمە ناتوانێ وەڵامێکی سیاسییانە بداتەوە، بێگومان دیاردەی بنەوانگیری ئیسلامیی لە ئەمڕۆدا سەرپۆشێکن بۆ پاڵنەرە سیاسییەکان، بەڵام بە شێوازی توندڕەوی ئاینی دەردەبڕدرێن، زۆربەی ئەو تیرۆریستانەی شەرعیەت بەجیهاد و شەڕی پیرۆز دەدەن پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر کەسانی ناو بزووتنەوەکانی قەومی یان سیکۆلاریزمی بوون، ژیاننامەی تیرۆریستان باشترین گەواهیدەرن لەسەر ئومێدبڕانی رێژیمە نیشتمانییە دەستڕۆیشتووەکانی کە ئاین پێش عەقڵ دەخەن و زمانی نوێی قەناعەتهێنی بۆ دادەتاشن و لە ئاراستە سیاسییەکانی کۆن بەرزتر ڕای دەگرن ئەمەش بۆ ڕاگرتنی مەقامی خۆیان.

بورادوری: چۆن تیرۆر پێناسە دەکەیت؟ چ دەلالەتێک هەیە بۆ جیاکاری لە نێوان تیرۆری ناودەوڵەتی و قەومی یان جیهانیی؟

هابرماس: تیرۆریزمی فەڵەستینی تیرۆرە بە مۆدەی کلاسی کۆن، تەوەرەکانی برێتین لە کوشتنی خەڵکی بەبێ جیاوازیکردنی نێوان منداڵ و ئافرەت، روح لە موقابیلی روحدا ئەمەش جیاوازە لەو تیرۆرە نیمچە سەربازییانەی کە لە شەڕەکانی مغاویریدا هەیە و لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە لەلایەن بزاڤەکانی رزگاری نیشتمانییەوە پیادە دەکران و بە نموونە تێکۆشانی چیچانەکان بۆ سەربەخۆیی. بەدەر لەم دوو شێوازە، تیرۆری جیهانی کە لە ١١ی سێپتەمبەرەوە بە چڵەپۆپە گەیشت ئەمەیان سیمایەکی ئاشوب و ئاژاوەگێڕی هەیە لە دنیادا، یاخیبوونێکی بێپەروای بێ ئاکامە لە دژی دوژمنێک کە بە هیچ مانایەکی پراگماتیی نابەزێنرێت، ئەنجامەکەی تەنیا ترساندن و کوشتن و هۆشداریدانە بە حکومەتەکان و دانیشتووانی سەر گۆی زەوی، بە وتەیەکی تەکنیکیانەوە دەڵێم ئەو هەستەوەرییە بەرزەی لەناو کۆمەڵگەکانی ڕۆئاواییدا هەیە لە بەرانبەر هێدمە و داخورپان و رووداو " کە لە ژیاندۆستییەوە سەرچاوە دەگرێت (وەرگێڕ). دەرفەتێکی میسالی بەتیرۆریستان دەدات تا بە تێچوونێکی کەمەوە زیانێکی زۆر بە بەرانبەریان بگەیەنن، تیرۆری جیهانی لە دوو جەمسەرەوە پەرگیرە: یەکەمیان بە هۆی نەبوون و نادیاریی ئامانجەکانی لە واقیعدا، دووەمیش بە هۆی قۆستنەوەیەکی چەپەڵانە بۆ رێژیمە ڕزیو و ئاڵۆز و ناڕێکەکانی دنیا.

هەندێک تێبینی سەبارەت بەم بابەتە:

١- ئەنجوومەنی ئەڵمانیایی بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب لەم کڵێسایەدا خەڵاتی ئاشتی بە هابرماس

بەخشی، مەبەست لێرەدا لەو وتارەیە کە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠١ هابرماس وتیەوە، پێشتر وا بڕیار بوو لەسەر بیۆتەکنەلۆجی بابەتێ پێشکێش بکات، بەڵام لەبەرئەوەی مانگێک لەسەر کارەساتەکەی ١١ی سێپتەمبەر تێپەڕی بوو، بابەتێکی تری بە ناوی (زانستی ڕێکخراو، ئایینی ڕێکخراو) پێشکێش کرد.

ئاینێ لە دژی زانست گومان دەچێنێت و پێشکەوتن بە وارِسکی وێرانەیی ناوزەد دەکات، زانستێ کە رەفتاری ئەخلاقی بە بولێڵ دەناسێنێ، لە دوای ١١ی سێپتەمبەرەوە بەڕووی یەکتردا تەقینەوە.

٢ـ لێرەدا مەبەست لە ئەرسەدۆکسیەت ناوهێنانی هەوادار و لایەنگرانی ئاین یان ڕێبازێکی پەڕگیرە کە بە موو لانادەن لەو ڕێچکەیەی کە لەسەری پێک هاتوون، دەتوانین بڵێین مارکسی ئەرسەدۆکس یان ئیسلامیی ئەرسەدۆکس

٣ ـ یونیڤرسالییەت: زاراوەیەکی فەلسەفییە واتا گشتگیر، مەزهەبێکی سەرتاپاگیرە هەموو بەشەکان لە کیانی گشتیدا دەبینێ و لە پێناوی بڕوایەکدا هەوڵ دەدات هەمووان کۆنترۆڵی ژێردەستی خۆی بن و بڕوای بە کۆمەڵگەیەکی فرەیی نییە کە لە ڕێی دەستوورەوە هەموو هۆز و لایەن و باوەڕەکان لە وەرگرتنی مافەکانیاندا وەک یەک لێ بکات، هەر ئاینێ چواچێوەی گەردوونگەرایی بۆ خۆی بکێشێت پێی دەوترێت یونیڤرسالی. (وەرگێڕ).

– لە بەشی دووەمی ئەم دیالۆگەدا درێژەی قسەکانی نێوان هابرماس و بورادورییە، گرینگی قسەکان لەم تەوەرەشدا مەسەلەی بنەوانگرییە "ئوسولیەت، کە هەندێ وەرگێڕ بە فەندەمینتالیزمی ناوی دێنن" لە فەلەکیدا دەسوڕێتەوە و ڕۆڵی ئیسلامی سیاسی لە قووڵکردنەوەی ئەم دیاردەیە و زەوینەخۆشکردنی ڕۆئاواش لە تەشەنەپێدانیدا روون دەبێتەوە.

وەک وتم ناوەڕۆکی دیالۆگەکان بەشێکن لە کتێبێکی فەلسەفی کە هێشتا بە عەرەبی بڵاو نەکراوەتەوە، وتووێژەکانی ناو کتێبەکە لە نێوان جیوڤانا بورادوری کە فەیلەسووفێکی ئیتاڵیایی، ئەمەریکاییە و یۆرگن هابرماس و جاک درێدایە و لە پاش ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەرەوە لە سایتەکاندا بە زۆر زمانی جیهانی بڵاو کراونەتەوە.

بورادوری: ئاخۆ دەبێ تیرۆر لە تاوانی هاکەزایی و جۆرەکانی تری توندوتیژی جودابکەینەوە؟

هابرماس: بەڵێ و نەخێریش، ئەمە ئەگەر لە تێڕوانینێکی ئەخلاقییانەوە بۆی بڕوانین، هیچ هەنجەت و بەهانەیەک نییە هاندەر و پاڵنەری کاری تیرۆریستی بن، هیچ شتێک ناکرێتە مۆڵەت بۆ کوشتنی کەسێک یان ئەشکەنجەدانی کەسانی تر، هەر کارێکی بکوژی بۆ خۆی تاوانە، بەڵام تاوانەکانی تیرۆر لە رووی مێژووییەوە لە چاو تاوانەکانی تری تایبەتی کە لە دادگاکانی کەتنەوە

بڕگەی یاساییان بۆ دانراوە خانەیەکی جیاوازیان هەیە، ئەمیان بایەخپێدانی میللییانەی پێویستە و لە شرۆڤەکردنیشدا بۆ نموونە لەو کوشتنەوە بەدوورە کە کەسێک بە پاڵنەری ئیرەیی پێبردنەوە ئەنجامی دەدات، ئەگەر وا نەبووایە ئەم دیالۆگە پێویست نەدەبوو، ئەمەش لە کاتێکدا جیاوازییەکان بەدەردەکەون کە تیرۆریزمەکانی رابردوو ببنە نوێنەری راستەقینە و شەرعی وڵاتەکە و لە بەڕێوەبردنی حوکمدا بەشدارییان پێ بکرێن، بەتایبەت ئەو تیرۆریزمانەی بە ئامانجی سیاسییانە و رێبازی واقیعیانەوە، وێڕای کارە تاوانکارییەکانی پێشوویان" دەتوانن شتێک لە رەوایەتی بۆ خۆیان پێکەوە بنێن و بەڵێن لەسەر نەهێشتنی زوڵم و ستەم بدەن و پەیامی گۆڕان رابگەیەنن، دیسان ئەوانەشیان رۆژێ لە رۆژان لەسەر کاری تیرۆریزمی ناتوانن قەناعەت بەکەسێ بێنن کە کارەکەیان سیاسییانەیە؛ لە رووی ئەخلاقییەوەش بەرپاکردنی شەڕ لە دژی تیرۆر شەنگەبێژی و موجادەلەی زۆر هەڵدەگرێت هەر بۆیە بڕیارەکە و بانگەوازەکەی جۆرج بۆش بۆ بەرپاکردنی شەڕ دژ بە تیرۆر لەسەر هەردوو ئاستی پراگماتی و میعیاری بە ئەنقەست هەڵەبوو؛ لەسەر ئاستی میعیاریش پایەی تاوانبارەکانی گەیاندە پۆلی دوژمنانێک بەرابەر خۆی لە شەڕدا، لەسەر ئاستی پراگماتیش ناتوانرێت شەڕ لە دژی تۆڕێک بەرپا بکرێت کە جێگەیەکی دیاریکراویان نییە..

بورادوری: ئەگەر رۆئاوا بەنیازبێت هەستیارییەکان قەبە بکاتەوە و لە بەرانبەر کەڵچەرەکانی تر تەبەننای رەخنە لەخۆگرتن بکات، بۆ گرتنە بەری رێبازێکی وا پێویستە چی بکات، تۆ پێشتر لە رووی فەلسەفییەوە بەشوێن پێوەندی نێوان (وەرگێڕان) و (گەڕان بە شوێن زمانێکی هاوبەش) گەڕابوویت و لێکدانەوەت بۆ کردبوو، بەیەکتر بەراوردت کردبوون، دەکرێ ئەمە ببێتە کلیل بۆ ئاراستەکردنێکی سیاسییانەی نوێ..؟

هابرماس: لە ١١ی سێپتەمبەرەوە دەپرسم داخۆ لە دوای کارەساتێکی وا گەورەوە هیچ ئیعتیبارێک ماوەتەوە بۆ ئەو تیۆریی (کردەی پێکگەیشتن)ی کە پێشتر دام رێژابوو؟

ئێمە لەناو چەند کومەڵگەیەکی ئارام و بەختەوەری رۆئاوادا ژیان بەسەر دەبەین لەگەڵ ئەوەشدا توندوتیژییەکی بنیاتیانەی تێدایە و لەسەری راهاتوین لەوانەش نایەکسانی کۆمەڵایەتی و راسیزمیی و بەسوک تەماشاکردنی پەنابەر و خەڵکی هەژار و... هتد.

وردتر پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتیمان تژییە بە توندوتیژی و گەمەکردن بە مرۆڤ، دوو حەقیقەت هەن نابێ لە بەرچاومان بزر بن: لە لایەکەوە لە پیادەکردنی ژیانی رۆژانەماندا خوویەکی رەق و توندمان گرتووە بە مامەڵەکردن لە بەرانبەر ئەوانی تری هاوبەشمان لە ژیاندا بۆ ئەمەش پشتمان بەستووە بە باکگراوەندێکی کولتووریانەی هاوبەش و حەزە ئاڵوگۆڕکراوەکانەوە.

لەم ئاستەوە گەمەکانی قسەکردنی ئاسایی و سکالاّ لە دژی یەکتر بەرز دەکەینەوە تا بیکەینە بەهانە بۆ دیاریکردنی لاوازی و بەهێزیمان، لەلایەکی تریشەوە بە هۆی دروستبوونی ئەم پێکگەیشتنە سەقەتانەوە کە لە خراپ تێگەیشتن و حەزکردن بە فێڵ لەیەککردن و ناپاکی ئەنجامدانی دژ بەیەکەوە دروست دەبێ ناکۆکیی دەخولّقێت، جار هەیە ناکۆکییەکان ئاکامی خراپیان لێ دەکەوێتەوە و کار دەگاتە دادگە و نۆرینگەکانی چارەدۆزینەوە، دواتر توندوتیژییەکانن کە متمانە هاوبەشەکان لەناو دەبەن و کار دەگاتە لەیەکتر دابڕان، ئیتر لێرەوە توندوتیژی دەتەقێتەوە، ئەم تیۆرە باوەی لەسەر ناکۆکییەکانی کە لێیان دەدوێیت دەچەسپێت.

بەلاّم ئەم گرفتە ئاڵۆزتر دەبێت کاتێ پێوەندی هەبێ بە کەڵچەر و ڕێبازەکانی ژیانی نێوان نەتەوەکانی ترەوە، لەبەرئەوەی ماوەی نێوانیان لە یەکترەوە دوورترن و زیاتر لە بەرانبەر یەکدا هەست بەغوبن و غوربەت دەکەن، بە ئاسانی یەکتر نابینن وەک یەکتربینینی ئەندامانی یەک کۆمەڵگە نییە، ئەگەر پێکگەیشتنیان بە یەکتر لە رووی میتۆدە مرۆییەکانەوە بە سەقەتی بوو ناکۆکییەکان قووڵتر دەبنەوە،وێڕای ئەمانە ئەو یاسایەی دەبێتە قەڵغان بۆ دوورخستنەوەی تیر و شیری توندوتیژی رۆڵێکی لاوازی ڕێژەییانەی هەیە لەناو پێوەندییە ناودەوڵەتییەکاندا، سەبارەت بە پێوەندییە کەڵچەرییە هاوبەشەکانیش تەنیا شتێک کە رێژیمی شەرعی بتوانێت بیکات دروستکردنی چوارچێوەی داوودەزگاییە بۆ چاوپێکەوتنە فەرمییەکانی وەک کۆنگرەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کە بە چاودێری نەتەوە یەککرتووەکان لە ڤیینا ساز درا، وێڕای بایەخی خیتاباتە کولتوورییە هاوبەشەکانی کە فرە تەئویلاتیان لەسەر مافەکان تێدابوو ئەم کۆنگرانە ناتوانن رێگە بگرن لە فکرە لنگەوقوچەکانی کە توندوتیژییان لێوە دروست دەبێت، بەڵکو لە رێگەی باشترکردنی ژیانی خەڵک و لابردنی پاڵەپەستۆ و ئەو چەوسانەوەیەی لەسەریان هەیە سەردەگرێت، گەڕانەوەی متمانە بۆ ژیانی رۆژانەی بندەستەکان و خۆ بەدوورنەگرتنی سەردەستەکان لە گرفتەکانەوە دەبێتە رێگەیەکی رووناک بۆ هۆیەکانی راگەیاندن و قوتابخانەکان و ماڵەکانیش ئەمەش لە رێی بەرنامەکانی کولتوور و سیاسەتی دروستەوە ئەنجامی باشی لێ دەکەوێتەوە..

بەم شێوەیە جۆری میعیارییانەی کە کولتوورێک بەهۆیەوە خۆی بە کولتوورەکانی تر دەناسێنێت پێویستییەکی سەردەمانەیە، بۆ ئەوەی ڕۆئاوا ببێتە شارستانیەتێکی کاریگەر پێویستە سیاسەتی خۆ تەماشاکردنی خۆی لە بەرانبەر ئەوانی تردا بگۆڕێت، بەلاّم ئەگەر نەتوانێت سیاسەتی دەسمایەداری بەرەڵا و بێسنوور و ماڵیی بکات ئەوا ناتوانرێت کۆمەڵگەی ناودەوڵەتیی لەو وێرانییەی کە تێیدایە بپارێزێت، پێویستە ئەم ناهاوسەنگییەی کە ئابووری جیهانی پێوەی گیرۆدەیە هاوسەنگ بێتەوە، ئێستا ئەم سیاسەتە بووەتە هۆی برسێتی و هەژاری و وێرانەیی بۆ زۆر کیشوەر و ولاّتی دنیا، ئەمەش بە تەنیا پێوەندی نییە بە "بەریەککەوتنی شارستانییەکانەوە" کە وەک بورکانێک بەرژەوەندییە مەتریاڵییەکانی ڕۆئاوای لەرزاندووە (لەوانەش گەیشتن بە نەوت و سەرچاوەکانی وزە..) بگرە پێوەندی بە خۆ تەماشاکردنەوەوەیە.

# کۆمەڵگای مەدەنی.. خەباتی مەدەنی

جین شارپ و رابێرت هێلوی

٣ لە ٣

---

### شێوازەکانی خەباتە ناتوندوتیژییەکان

لە راستیدا شێوازەکانی خەباتە ناتوندوتیژییەکان کاردانەوەی چییەتی میکانیزمی ئەم خەباتانەیە. ئەو شێوازانەی کە گرووپە بەرهەڵستکارەکان دەتوانن بەڕێوەی بەرن، زۆر بەربڵاو و جۆراوجۆرن. لە هاوپێچی یەکەمدا نێزیکەی ١٩٨ شێواز خراونەتەڕوو کە هەڵبەت شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژی دەتوانێ زیاتر لەمانە بێت و بیرکردنەوەی خولقێنەرانەی ڕێبەران لە قۆناخە جیاجیاکاندا دەتوانێ ڕێکارگەلێکی جیاواز بەرهەم بێنێت. شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژی کە دژ بە ڕێژیمە سەرەڕۆکان بەکارهێنراون لەوانەیە بەردەوام بە تۆڵەسەندنەوەی توندوتیژانە ڕووبەڕوو بێتەوە. تۆقاندن و لێدان و کوتان، زیندانیکردن و سزاکانی تر (ئابووری، کۆمەڵایەتی و ...) لەچاوەروانی بەدوور نییە. ئەو کاتەی کە دەسەڵات ئەم شێوازانە بەکار دێنێت، گرووپە خەباتگێڕە دیموکراسیخوازەکان دەتوانن بە بەکارهێنانی پروپاگەندەی بەربڵاو لەم بوارەدا، بە نیشاندانی ستەمکاری و بێ بەزەییەکانی دەسەڵات، پرستیژی ڕێژیم لە بیروڕای گشتیدا بخەنە مەترسییەوە. لە بزووتنەوەی خەباتگێڕانەی ئەم یەک سەدەی دواییانەدا گرتن و زیندانیکردن بووەتە هۆی سەربەرزی و فەخری خەباتکاران.

هەڵبژاردنی شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژی پێوەندی بە ئامانجگەلێکەوە هەیە کە بەکەڵکوەرگرتن لەم مێتۆدە دەستەبەر دەبن. لە هێندێ بابەتدا ڕێکخراوێک یان بزووتنەوەیەک لە

..................................................

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: تالیب قەیسەری

سەرەتادا لەسەر بنەوای لێهاتوویی و تواناکان شێوازی خەبات هەڵدەبژێرێت و دوای هەڵبژاردنی ئەم مێتۆدە، ئامانج هەڵدەبژێرێت. راست وەک ئەوە کە لە جیاتی برینی رێگەکە لە پلیکانەکانی خوارەوە بۆ سەرەوە لە بانەوە بۆ خوارەوە برۆین. لەێ ەساسدا دەبێ سەرەتا ئامانجەکە تاوتوێ و شرۆڤە بکەین ئەو کات لەسەر ئەو بنەوایە، رێکار و مێتۆدگەلێک هەڵبژێرین کە یارمەتی بە بەئاکام گەیشتنی ئامانجەکان دەدەن. بۆ تێگەیشتنی باشتری شێوازەکانی خەبات، دەتوانین بە سەر سێ گرووپدا دابەشیان بکەین:

## نارەزایەتی و هاندان

نارەزایەتی و هاندان (ناتوندوتیژی) پانتاییەکی بەربلاوە لە شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژی کە لەودا خەڵک بە چالاکیی سەمبۆلیک، وەکو شەونخوونی، رێپێوان و مانگرتن، دژایەتیی خۆیان دەردەبرن یان هەوڵ دەدەن دەسەڵات بۆ بەڕێوەبردنی هێندێ چاکسازی هان بدەن. ئەم شێوازانە لەسەر بنەوای دژایەتی دەربڕین و داوای چاکسازیکردنە و شێوازەکانی خۆبواردن لە هاوکاری و مانگرتن لەخۆ ناگرێت.

بەکاربردنی نارەزایەتی و هەوڵ بۆ رازیکردن، ئەم پەیامە بە رژێم دەدا کە خەڵک بە بەکاربردنی زەخت و نارەزایەتی بە کردەوە و سیاسەتەکانی دەسەڵات، خوازیاری چاکسازی دیموکراتیکن.

نارەزایەتی بەشێوەی سروشتی، سەمبۆلیک و رەمزییە. بەڵام کاریگەریەتیی لەم خاڵە دایە نیشانی خەڵک بدا کە گرووپە سیاسییەکان، کەڵکاوەژوو و سیاسەتەکانی دەسەڵاتیان خستووەتە مەترسییەوە. ئەگەرچی شێوازی دەربڕینی دژایەتی بە شێوەی نارەزایەتی و هاندانی دەسەڵات لە هەموو قۆناخەکانی خەباتی ناتوندوتیژیدا شایانی کەڵکوەرگرتنە، بەڵام زۆرترین کاریگەرییەکەی لە قۆناخی سەرەتای خەبات و هاندانی جەماوەر بۆ پێوەستبوون بە خەباتە.

سەرەرای ئەوە کە کام شێوەی نارەزایەتی و هاندان کەڵکی لێ وەردەگیرێ، مێتۆدەکانی خەبات دەبێ بە شێوەی بەربلاو بەئاگەداریی خەڵک بگات. خۆپێشاندانەکان و راگەیەنراوەکان لە ئەگەری بێ خەبەریی خەڵک لەوان، بێ مانایە.

نموونەیەکی هەژێنەر لە شێوازەکانی نارەزایەتی دەربرین کە سەرنجی جیهانییانی بۆ لای خۆی راکێشا، لە ساڵی١٩٦٠دا لە وڵاتی وێتنام رووی دا. لە نارەزایەتی دەربڕین بە سیاسەتەکانی ئەمەریکا و کوشتاری ئەم وڵاتە لەوێتنامدا، چەندان رەببا(راهب) دەستیان دایە خۆکوژیی ئینتحارییەوە. بە رەنگدانەوەی ئەم خۆکوژییە ئینتحارییانە لە راگەیەنە گشتییەکانی دنیادا، سەرنجەکان روویان لەلای وێتنام کرد و هەر ئەمە بوو بە هۆی سەرەتایەک بۆ دەستراگەیشتنی خەڵکی وێتنام بە ئامانجی گەورەتر. عەمەلیاتی خۆکوژی، خەڵکی جیهان دەباتە بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە کە لە چ بارودۆخێکدا و بۆچی کەسانێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی سیاسیی خۆیان،

مردنێکی کارەساتبار و زەجرهێن و هەژێنەر هەڵدەبژێرن.

ئەم شێوازە راستەوخۆ زەربە لە تەکیەگەکانی هێزی دەسەڵات نادا. بەڵام بە شێوەی ناڕاستەوخۆ دەسەڵات ئاگەداری ئەم کارە دەکاتەوە کە خەڵک خوازیاری هێندێ ئاڵوگۆڕ و چاکسازین و ئەوان بۆ تاوتوێکردنی ئەم خواستانە هان دەدات. خەباتی ناتوندوتیژی زۆر بەربڵاوتر لە خۆپێشاندانە ناڕەزایەتییەکانە.

## خۆپاراستن لە هاوکاریکردن

خۆبواردن لە هاوکاریکردن بەهێزترین ئامرازێکە لەدەست گرووپە بەرهەڵستکارەکاندایە. هەڵبژاردنی ئاگایانە و بەرنامەڕێژیی رێک و پێک لەم بەستێنە لە چوارچێوەی ستراتیجیدا، شیمانەی لاوازکردنی سەرچاوەکانی هێزی دەسەڵات فراوانتر دەکات. دەکرێ بە خۆپاراستنی تێکڕاییی خەڵک لە هاوکاریکردن، سەرچاوەکانی هێزی دەسەڵات وەک رەوایی، زانست و پسپۆڕی و ... هتد. بخرێتە مەترسییەوە و بۆ ئەم خۆبواردن لە هاوکاریکردنە هیچ تایبەتمەندییەکی تایبەتی پێویست نییە. هێچ دەسەڵاتدارێک بەبێ هاوکاریکردنی جەماوەر ناتوانێ کۆمەڵگە بەڕێوە ببات. گەورەترین پەیامی خەباتی ناتوندوتیژی ئەمەیە کە" ئێمە جەماوەر لەمە زیاتر لەدرێژەی ستەمکاریی دەسەڵات لەسەر شارۆمەندان، پشتیوانی ناکەین." و ئامانج لەم مێتۆدە لە ناڕەزایەتی، دژوارکردنی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بۆ دەسەڵاتە. گرینگترین کاریگەریی خۆپاراستن لە هاوکاریکردن، کاتێک بەرهەم دێت کە شێوازە هەڵبژێردراوەکان بۆ خەبات، لەسەر بنەوای بەرنامەڕێژی و هاوئاهەنگ بوون بێت و نە بەکەڵکوەرگرتن لە شانس و رووداو ببنە هۆی بەئاکام گەیشتنی ئامانج.

بە بەکاربردنی بەرنامەگەلی خۆبواردن لە هاوکاریکردن کە مەترسییەکن بۆ تەکیەگاکانی هێزی رێژیم و بە بەدەست هێنانی پشتیوانیی ناونەتەوەیی، دەکرێ بەرنامەکان بۆ بەئاکام گەیشتنی ئامانج بەرنە پێشەوە. بەرنامەکانی خۆبواردن لە هاوکاریکردن کە لە سنوورەکانی ناوخۆ تێ دەپەڕێ و دەبێتە هۆی راکێشانی سەرنجی نێونەتەوەیی، بۆ چاکسازی و ئاڵوگۆڕی سیاسی زۆر گرینگن. پشتگیرییە ناونەتەوەیییەکان لە گرووپە بەرهەڵستکارەکانی وڵاتێک، دەتوانێ بە شێوازی جۆراوجۆر بەئاکام بگات: خۆپاراستن لەسەرمایەگوزاری و هەنارده و هاوردە، رەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی حکوومەتی سەرەڕۆ لە ساحەی ناونەتەوەییدا، خۆبواردن لەدانی ویزا بە کاربەدەستانی پایەبەرز و ئیداری ئەو وڵاتانە، پێشگرتن لە هاتوچۆی شارۆمەندان بۆ ئەو وڵاتانە و پشتیوانی یان بەڕێوەبردنی هێندێ بەرنامەی هاوبەشی مرۆڤدۆستانە لەگەڵ ئەو "ئێن. جی. ئۆ"یانەدا کە بە شێوەی راستەوخۆ لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ لە ناوەوە یان دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتەدا چالاکی دەکەن.

لە درێژەدا جۆرەکانی خۆبواردن لە هاوکاریکردن تاوتوێ دەکرێن:

أ. خۆبواردن لە هاوکاریی کۆمەڵایەتی

خۆبواردن لە هاوکاریی کۆمەڵایەتی، ساکارترین شێوەی خۆبواردن لە هاوکاریکردنە کە هەر تاکێک دەتوانێ بەڕێوەی ببات. بۆ وێنە خۆبواردن لە هاتوچۆکردنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ بنەماڵەی ئەو کەسانەی کە بەشێوازی جۆراوجۆر لەگەڵ دەسەڵاتدا هاوکاری دەکەن وەکو بانگهێشت نەکردنی ئەوان بۆ کۆبوونەوە جەماوەرییەکان یان شێوازی هاوشێوە. ئەم کردەوە دەبێتە هۆی لاوازبوونی پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەوان و ئەندامانی بنەماڵەکانیان.

بژاردەکان و ناوازەکانی کاروباری کۆمەڵایەتی وەکو نووسەران و لێکۆڵەرەکان و ... هتد. دەتوانن بەسازکردنی دانیشتن و کۆبوونەوە لە ئاستی کاری خۆیاندا و نە بەناچار سیاسی، بە بانگهێشت نەکردنی بەرپرسانی حکوومی و بە بەشداری نەکردن لە کۆبوونەوەی هاوشێوە کە لەلایەن دەسەڵاتەوە بەڕێوە دەچێ، پرۆتێستۆ و نارەزایەتیی خۆیان دەرببڕن. ئەم دووریکردن و هاوڕێیەتی نەکردنە، ئەم پەیامە دەداتە دەسەڵات کە خەڵک، لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە پشتیوانی لە دەسەڵات دەکەن هەڵناکەن. هەڵبەت ئەم مێتۆدە دەبێ بە رێک و پێکی و پارێزەوە بەڕێوە بچێت. لەوانەیە کەڵکوەرگرتنی نابەجێ لەم مێتۆدە ببێتە هۆی پەشیمانیی کەسانێک لە دەسەڵات کە لە حاڵی گۆڕینی روانگەی خۆیان و نێزیکبوونەوە لە پشتیوانیکردن لە جەماوەرن.

نموونەیەکی تر، خۆبواردنی وەرزشکاران و تاکە هەڵکەوتەکان لە بەشداری لە کێبەرکێکان و گۆڕەپانی ناونەتەوەیی دایە کە دەتوانن لەوانا بۆ رێژیم شانازی خوڵقێنی بکەن. تەنانەت لەبەرکردنی جلوبەرگی تایبەت دەتوانێ نیشانەی نارەزایەتی بێت. هەموو ئەم مێتۆدانە هەڵگری پەیامی دیاریکراوی جەماوەر بە دەسەڵاتە. لە کاتی کۆلۆنیالیزمی ئەمەریکادا، نوێنەری خۆماڵی بەریتانیا دانی بەوە دانا کە سەرەڕای هەموو هێز و دەسەڵاتێکە هەیبووە، هەستی کەسێتیی ئەو ئەمەیە کە لەگەڵ ئەودا وەکو زیندانییەک هەڵسوکەوت دەکرێ لە دەستوور و فەرمانەکانی ئەو پێڕەوی ناکرێت، هێزە نیزامییە خۆماڵییەکان ئەو بەفەرمی ناناسن، ئەندامانی کڵێساکان لەو دووری دەگرن و خەڵک هیچ مەیلێکیان بۆ گوێڕایەڵی لەو نییە.

ب. خۆبواردن لە هاوکاریی ئابووری

لەسەر بناخەی بنەوایەکی روون، کاربەدەستانی حکوومی بۆ وەڵامدانەوە بەو پێداویستیگەلە کە خەڵک چاوەڕوانی دەکەن لێیان، پێویستی بەداهات و توانایی ماڵی هەیە. خۆبواردن لە هاوکاریی ئابووری لە چوارچێوەی ستراتیجیی خەباتی ناتوندوتیژی لەسەر ئەم بنەوا دامەزراوە کە خەڵک بە کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوەکانی دابینکردنی هێزی ئابووریی دەسەڵات کە لەدەستیاندایە، زەخت و پاڵەپەستۆ لەسەر دەسەڵات بەڕێوە دەبەن. بۆ نموونە خەڵک بە سنووردارکردن و رەدکردنەوەی چالاکیی ئابووری وەکو کڕین و فرۆشتنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، دەسەڵات لە دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە بێ هێز دەکەنەوە.

خۆبواردن لەدانیماڵیاتەکان یان دانی بەشێکی کەم لەو، بایکۆتی کاڵا و خزمەتگوزاریگەلێک کە سەرچاوەی داهاتن بۆ دەسەڵات، مانگرتنگەلێک کە سەقامگیریی ئابووریی حکوومەت دەشێوێنێ یان دەرهاوردنی پارە لە بانکەکان کە دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی بارودۆخی ئابووری لە ئاستی ناونەتەوەییدا، نموونەگەلێکن لە خۆپاراستن لە هاوکاریی ئابووری. سەرەڕای ئەمە لە ئاستی ناونەتەوەییدا، هاندانی شەریکەکان و ناوەندە توجارییەکان یان ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بە خۆبواردن لە هاوکاری لەگەڵ ڕێژیمەکان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دەستڕاگەیشتن بە ئامانج هەیە و دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەسەڵات. ناسەقامگیریی ئابووری نە تەنیا دەبێتە هۆی لاوازبوونی تەکیەگاکانی دەسەڵات، بگرە سنووردارکردنی هێز بەم شێوازە، توانایی زەربەلێدان لە دژبەرانی سیاسی و سەرکوتکردنی ئەوان لەلایەن دەسەڵاتەوە دەگرێ.

لە کاتی ئامادەکردنی بەرنامەی ستراتیجیی خەباتی ناتوندوتیژیدا، بەدواداچوون و دیاریکردنی ڕەوگەی هاتنەناوەوە و چوونەدەرەوەی دراو و نەختینەییی دەسەڵات زۆر گرینگە. ئەم تاوتوێکردنە دەبێ بە ئامانجی ڕوونکردنەوەی کەموکوڕییەکانی دەسەڵات بەڕێوە بچێ، تا بەخۆبواردن لە هاوکاریی ئابووری، لەم ڕێگەگەلەوە زەربە لە دەسەڵات بدرێت. لە هێندێ بابەتدا نەختینەییی دەسەڵات لە ڕێگەی فرۆشتنی سەرچاوە سروشتییەکانەوە بەرهەم دێت یان لەو لاتانی جیهانی سێیەمدا، بەهۆی لەخوارەوەبوونی هەقدەستی هێزی مرۆیی، حکوومەت لە بەرهەمهێنان و فرۆشتنی هێندێ لە بەرهەمەکان قازانج دەکات. لە ئاستی هەناردەکردندا، هەستیارترین بەش، بەشی فرۆشتن و ناردنی کاڵاکانە، کە خۆبواردن لە هاوکاریی ئابووری لەم بەستێنەدا، دەتوانێ زەربەیەکی بەهێز لە دەسەڵات بدات.

ج. خۆبواردن لە هاوکاریی سیاسی

هەموو شێوازەکانی خۆبواردن لە هاوکاری کە لە چوارچێوەی بەرنامەی ستراتیجیکدا بەڕێوە دەچن، لە ئەساسدا جۆرێکن نافەرمانیی سیاسی. ئەم جۆرە شێوازانە بە مەبەستی خستنە مەترسیی ڕەواییی دەسەڵاتەوەن کە لە ئەساسدا پشتیوانی سەرەکی دەسەڵاتن. لایەنی پۆزەتیڤ و شایانی هەڵوەستەی نافەرمانیی سیاسی ئەمەیە کە یارمەتی بە بەهێزکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بدات؛ لەبەرئەوەی ئەم بنیاتانە ئەزموون و بڕوابەخۆبوون بۆ بەرنگاربوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتدا لە چوارچێوەی کومیتەدا لەگەڵ بنیاتەکانی تر بەدەست دێن.

نافەرمانیی سیاسی، هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ دەسەڵات. ڕاگەیەندراوەکان، بڕیارنامەکان و ئەو بەڵگەنامانەی تر کە ڕەواییی هێزی دەسەڵات و یاساییبوونی ئەو دەخەنە مەترسییەوە، ئەم مەسەلە بەخەڵک تێ دەگەیەنن کە ڕەوایی، لە شێمانەی کارامە نەبوونی دەسەڵاتدا، شایانی لێوەرگرتنەوەیە. بەگەمارۆدانی ڕێکخراوە حکوومییەکان و کەمبوونەوەی ڕاندمانی کاریی فەرمانبەرانی خزمەتگوزارییەکان و پیشەسازی و سەتان بابەت نافەرمانیی مەدەنی تر کە لەلایەن

زۆربەی خەڵکەوە دەکرێ بەڕێوە بچێ، نافەرمانیی سیاسی بە بەرزترین ئاستی خۆی دەگات و لە شیمانەی بەرنامەڕێژی دروست، وشیاری و سەرنجی خەڵک و ڕێبەرانی خەبات، دەتوانێ هێزی ڕێژیمە سەرکوتگەرەکان پووچەڵ کاتەوە و پێکهاتەی دەسەڵاتی ئەوان بڕوخێنێت.

## دەستێوەردانی ناتوندوتیژی

ئەو شێوازە بێ توندوتیژانە کە دەبنە هۆی لەبەریەک هەڵوەشانی سیاسەتەکان، پێوەندییەکان، شێوەکان، بنیاتەکان و ئاکاری باو، لەسەر بنەوای دەستێوەردانی ناتوندوتیژی بەڕێوە دەچن. لەوانەیە دەستێوەردان ببێتە هۆی دروستبوونی شێوەی ئاکاری نوێ، پێوەندی و بنیاتە نوێکان. لەو ڕووەوە کە ئەم مێتۆدانە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر خستنەمەترسیی بارودۆخی هەنووکە هەیە، دەرەتانی بەدیهاتنی ئامانج و چارەسەری کێشەکان، دەرەتانی خستنەمەترسیی دەسەڵات و خێرایی بەئاکام گەیشتنی داخوازییەکان زۆرتر دەکەنەوە. بەڵام لە سۆنگەیەکی ترەوە، لەوانەیە ئەم مێتۆدە بە سەرکوت و توندوتیژی زیاتر و توندوتۆڵتر لە بەراورد لەگەڵ شێوازەکانی ناڕەزایەتی و خۆبواردن لە هاوکاری ڕووبەڕوو ببێتەوە.

دەستێوەردان دەتوانین بەم شێوە مانا بکەین: پێکهێنانی پشێوی لەتەکووزیدا لەسەر بنەوای پانتاییەکی بەربڵاو لە شێوازەکانی ناتوندوتیژی کە لە کێشمەکێش و ناکۆکییەکانی نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا بەکار دەبردرێن. شێوازەکانی ئەم مێتۆدە، جیاوازییان هەیە لەگەڵ ناڕەزایەتی و خۆبواردن لە هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتدا. دەستێوەردان بۆ ناکۆکینانەوە لەناو دەسەڵاتدا، زیاتر لە شێوازگەل فیزیکی وەکو مانگرتن لە دانیشتن، یان شێوازە دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری یان سیاسییەکان کەڵک وەردەگرێ.

مێژووی هاوچەرخی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پڕە لە زۆرێک لە دەستێوەردانی هێزە جەماوەرییەکان کە بوونەتە هۆی گۆڕانی ڕێبازەکان و پێوەندییەکان. لە درێژەی خەباتی مەدەنی بۆ دەستڕاگەیشتن بە مافی کۆمەڵایەتی و شارۆمەندی، مانگرتنگەلێک لە دانیشتنی خەڵک لە ڕێستۆرانەکان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە هەڵاواردنی ڕەگەزی، لە کۆتاییهێنان بەم شێوازی ئاکارییەدا کارتێکەری ڕاستەوخۆ و کاریگەریان هەبوو. سەرەڕای ئەوە کە ئەم دەستێوەردانانە بوونە هۆی کاڵبوونەوەی ئاکاری ڕەگەزپەرستانە، پێویستی و هەنگاوی خێرا بۆ یاساییکردنەوەی لابردنی هەڵاواردنی ڕەگەزیشی لە ڕەهێندێکی گەورەتردا لە ڕای گشتیدا ئاشکرا کرد. بەتێپەڕینی چەندان دەیە لە بەئاکام گەیشتنی ئەم مێتۆدانە، توندوتیژی بەکاربراو لە بەرامبەر ئەم مێتۆدانەدا لە بیر کراوە. کۆبوونەوەکانی خەڵک لە هێندێ بابەتدا لەگەڵ کوتان و لێدانی پۆلیسدا ڕووبەڕوو بووەتەوە. ئەم شێوازگەلە کە زۆرجار دەسەڵات دەیویست بەتوندی سەرکوتیان بکات، دەسپێکەری خەباتی جیو- جیتسۆ بوونە. خەباتی جیو- جیتسۆ، هێزی سەرکوتکەر و بەهێز و توندوتیژانەی دەسەڵاتی کە لەسەر ناڕازییانی توندوتیژینەخواز بەڕێوە دەچوو دەکردە هێزی زەخت خستنەسەر

بۆ بەئاکام گەیشتنی دادپەروەری و دژ بە خودی دەسەڵات بەکار دەبردرا. لە خەباتی جەماوەری ناتوندوتیژی و ستراتیجیکدا، ئەو هێزی زەخت و پاڵەپەستۆیە کە بۆ بەئاکام گەیشتنی دادپەروەری بەکار دەبردرێ، لەوانەیە بنیاتێکی جەماوەری لەناوەخۆی وڵاتدا نەبێ، بەڵکو هێزە ناونەتەوەیییەکان و رێکخراوە جیهانییەکان ئەم هێزە لەسەر دەسەڵات بەکار ببەن.

دەتوانین سەقامگیربوونی هێزە ناونەتەوەیییەکانی داکۆکیکاری ئاشتی لە ساڵی ٢٠٠٢ لە ئاچە[1] وەکو دەستێوەردانی ناونەتەوەیی ناو بەرین. ئەم هێزانە بۆ پشتیوانی و هاوکاری لەگەڵ خەڵکێکدا ناردرابوونە ئەو وڵاتە کە خوازیاری مافی مەدەنی و مرۆییی خۆیان و هەروەها سەربەخۆیی و ئەتۆنۆمی لە ئەندونزی بوون و لە بەردەم هێرشی توندوتیژانەی بەرهەڵستکارانی گۆڕینی پێوەندیی هێز (دەسەڵات) لە ئەندونزیدا بوون. بوونی ئەم هێزانە پێشی بە توندوتیژیی حکوومەتی ئەندونزی لەسەر خەڵکی ناڕازی و جەماوەر گرت. نموونەیەکی تر لە دەستێوەردانی ناونەتەوەیی، جێگیربوونی هێزە دەرەکییەکان لە فەڵەستیندا بوو. حازربوونی ئەم هێزانە وەکو قەڵخانێک پێشی لە پێکدادانی توندوتیژانەی هێزە نیزامییەکانی ئیسرائیل و کۆچەرانی تازە سەقامگرتووی ئیسرائیلی لە ناوچەکانی فەڵەستین لەگەڵ خەڵکی فەڵەستیندا گرت.

دەستێوەردان دەتوانێ ببێتە هۆی لاوازبوونی تەکیەگاکانی هێز و یارمەتی بە لەناوچوونی خێرای دەسەڵات بدات. بە ستراتیجییەکی ژیرانە، دەتوانین لەو هەلانەی کە پێش هاتوون بۆ بەرنامەی خەبات بە باشترین شێوە کەڵک وەرگرین. بێ ستراتیجی و بەرنامەگەلێک کە پێداویستییەکان و شرۆڤە و لێکدانەوەی بارودۆخەکە لە بەرچاو ناگرن، هەلەکان لەدەست دەچن. لەدەستدانی هەلەکان دەبێتە هۆی ئەوە کە دوژمن دەرفەتی زیاتر وەدەست بێنێ تا دەست بداتە نۆژەنکردنەوەی وزەی لەدەست چوو و رێکخستنی دووبارە و بەپێچەوانەوە، سەخت و دژوارکردن یان دەستێوەردان، بنیاتە حکوومییەکان دەخاتە بیری ئەوە کە دەستێوەردان، هەڕەشەیەکی ڕژد و راستەوخۆیە، کەوابوو پاڵەپەستۆ خستنە سەر رێژیم خوازیاری کۆتاییهێنان بە بارودۆخی هەنووکە تەنانەت بە توندوتیژی نواندن لەسەر خەڵکیش دەبن. بۆ پێشگرتن لە فۆرم گرتنی بیروباوەڕێک کە لایەنگرانی رێژیم تووشی پەشێویی فیکری و دەروونی دەکات، دەبێ لە پێشدا پروپاگەندە و راوێژکاریگەلێک لەگەڵ سەرچاوەکانی هێزی دەسەڵاتدا بەرێوە بچێ.

| شێواز | ئاکام |
|---|---|
| ناڕەزایەتی و هاندان | گۆڕینی روانگە |
| خۆبواردن لە هاوکاری | قبووڵکردن |
| دەستێوەردان | ناچارکردن |

## گرینگیی بەرنامەڕێژیی ستراتیجیک

### لە رووبەڕووبوونەوە جەماوەرییە ناتوندوتیژییەکاندا

سوودوەرگرتن لە بەرنامە ستراتیجیکەکان لەناو ئەرتەش و زانستی نیزامیدا باوە. لە ماوەی سەدە دوور و درێژەکاندا فەرماندە نیزامییەکان، بە بەرنامەڕێژیی ستراتیجیک و کەڵکوەرگرتن لێی لە چالاکییە نیزامییەکاندا سەرنجێکی تایبەتیان داوە. بژاردە ئەرتەشییەکان وەکو سان تزیوو[١]، کلازویچ[٢] و لیدێل[٣] کەموکورتی ئەم بەرنامانەیان هەڵسەنگاندبوو و چاکیان کردبووەوە. لە شەڕە باو و شەڕە چریکییەکاندا، یەکەم هەنگاو بۆ سەرکەوتن سوودوەرگرتنە لە بەرنامە شارەزایانە ستراتیجیکەکان .

هەر بەو شێوازە کە شەڕە نیزامییەکان پێویستییان بە بەرنامەڕێژیی رێک و پێک و بەڕێوەبردنی ورد هەیە، خەباتی جەماوەریش زۆر پێویستیی بەوەیە و تەنانەت لە هێندێ بابەتدا گرینگیی بەرنامەڕێژی لە خەباتی جەماوەریدا لە بەراورد لەگەڵ شەڕە نیزامییەکاندا گرینگترە. کارامەییی خەباتەکان لە ئەگەریی دروستکردنی بەرنامەڕێژییەکی بەربڵاو و بەڕێوەبردنیدا، بەشێوەیەکی بەرچاو پەرە دەستێنێت.

خەباتی ناتوندوتیژیی ستراتیجیک خەباتگەلێکن دوور لە توندوتیژی کە لەسەر بنەوای بەرنامەی ستراتیژیک دانراون؛ بەرنامەیەک کە بە لەبەرچاوگرتنی شرۆڤەکردنی بارودۆخی جێی ناکۆکی، بەهێزی و لاوازیی گرووپە رقەبەرەکان، لێهاتوویی و پێشەکییە پێویستییەکانی تێکنیکەکانی خەباتی ناتوندوتیژی و بەتایبەت بنەوا ستراتیجیکەکانی ئەم جۆرە خەباتە تایبەتییانە دروست بوونە.

ستراتیجی لە خەباتە ناتوندوتیژییەکاندا بەمانای بەرنامەیەکە بۆ رێنوێنی فازی سەرەکیی خەبات یان رێبازێک کە لەناخی ستراتیجیی گەورەدا دانراوە، بۆ رێنوێنی کۆی بەرنامەی ستراتیجیک، بیرۆکەی سەرەکی، چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی خەبات و پەرەپێدانیەتی و لەسەر چۆنیەتیی جێگرتنی بەشە جۆراوجۆرەکانی خەبات لە پاڵ یەکتردا لێدەکۆڵێتەوە تا بە باشترین شێوە بە دەسکەوتەکانی ئاکامەکە بگات.

ستراتیجی (رێکار) لە چوارچێوەی ستراتیجیی گەورە و ئامانجەکانیدا کردەیی دەبێتەوە. بۆ بەڕێوەبردنی ستراتیجی لە چوارچێوەی ئامانجی سەرەکیی خەبات لە ئەندازەی چکۆلەتردا، رێکار و مێتۆدگەلی تایبەت بەکار دەبردرێت.

## گرینگیی بەرنامەڕێژیی ستراتێجیک

کاتێک کە مرۆڤ بۆ بەڕێوەبردنی کارێک بڕیار دەدات، ئەگەر بە هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان و بەرنامەڕێژی بۆ بەهرەمەندبوون لەوانەوە سەرقاڵ بێ، زۆرترین کاراییی کردەوەیی بەدەست دێت و

له راستیدا بەباشی هەنگاو بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئامانج هەڵدەگرێ و ئەمە لە راستیدا پێویستی بە بوونی بەرنامەیەکی ستراتیجیکی هەیە کە رەوگەی رۆیشتن لەکاتی ئێستاوە وەکو سەرەتا (کە ئامانجەکان بەئاکام نەگەیشتوون) بەرەو داهاتوو وەکو ئامانج (کە ئامانجەکان لەو کاتەدا دەبێ بەئاکام بگەن) بکێشێ. بەرنامەی ستراتیجیک بۆ گەیشتن بە ئامانج دەبێ رێکارگەلی پێویست بکێشێ و هەروەها شێوازی گەیشتن بە ئامانجی داهاتوو بە سەرنجدان بە بارودوخی هەنووکە روون بکاتەوە.

بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بیەوێ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بڕوات دەبێ سەرەتا پلانی شوێنەکە، رادەی کات، کەرەستەی رۆیشتن و پێداویستییەکانی تر بەشێوەی روون و رێک و پێک ئاشکرا بکات؛ ئاخۆ کەرەستەی سەفەرکردن ئاسمانییە یان زەوینی یان ... و ئاخۆ لەباری ماڵییەوە دەکرێ تێچووی سەفەرەکە دابین بکرێت، قۆناخەکانی سەفەر کامانەن، لە چ قۆناخێکدا دەبێ وزەی لەدەست چوو بەدەستبێنێتەوە یان وچان بدات و لە چ قۆناخێکدا دەبێ تونتر یان هێواشتر بڕوات، بۆ سەفەر چ بەڵگە و دیکۆمێنتێک پێویستە، لە کاتی سەفەردا لە ئەگەری نەبوونی هێندێ کەس و پێداویستی دەبێ لە پێشدا هێندێ جێگرەوە دابین بکرێ و زۆرێک تێبینی و دووربینیی تر لە بەرچاو بگیرێ.

ئەم بەرنامەڕێژییە کە خەڵکی سێڤیل لە کاروباری رۆژانەدا کەڵکی لێ وەردەگرن دەبێ سەمبولێک بێت بۆ رێبەرانی خەبات تا بەم شێوە بۆ بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەرنامەڕێژی بکەن. بەداخەوە بزووتنەوە خەباتگێڕەکان، ئەو جۆرەی کە دەبێ بە بەرنامەڕێژیی ستراتیجیک و گرینگییەکەی سەرنج بدرێ سەرنجیان نەداوە. هێندێ لە خەڵک و رێبەرانی خەبات وا بیر دەکەنەوە کە تەنیا خەباتێکی بەهێز، بەردەوام و شێلگیر بەدڵنیاییەوە سەرکەوتوو دەبێت. هێندێکی تر وا دەزانن کە تەنیا پابەندبوون بە ئامانجەکان، ئایدیالەکان، ئارمانجەکان و باوەڕ بەوان سەرەڕای ئەو چارەڕەشی و بەدبەختییانەی کە بەشان دەیکێشن تەنیا کارێکن کە دەتوانن بۆ گەیشتن بە ئامانج بەڕێوەی ببەن.

پێبەندبوون بەئامانجەکان، هیواکان و وەفادار مانەوە بەوان کارێکی دڵخوازە، بەڵام لە رواڵەتدا ئەم پێبەندبوونە هیچ رێگەیەک بۆ بەئاکام گەیشتنی ئامانجەکان و تێپەڕین لە بارودۆخی هەنووکە پێکناهێنێ.

بەدڵنیاییەوە هەوڵ و تێکۆشان بۆ گۆڕینی بارودوخی کۆمەڵگە یان پێشگرتن لە ئاڵوگۆڕی ناپەسند یان ئازادکردنی وڵات لە داگیرکاریی دەرەکی یان بەرگری لە وڵات لە بەرامبەر هێرشی بێگانەکاندا زۆرزۆر ئاڵۆزتر لە نموونەی "سەفەرکردن"ـە و بەرنامەدارشتن بۆیان دژوارترە.

لەم رۆژانەدا ژمارەیەکی کەم لە بزووتنەوە جەماوەرییەکان کە بەدوای ئامانج و ئارمانی بەرزترەوەن، بۆ بەرنامەڕێژییەکیی ستراتێجیکیی بەربڵاو و ئامانجدار هەنگاو دەنێن.

زۆرجار لە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، گرووپە جەماوەرییەکان و ڕێبەران خاوەن فامێکی سنووردار لە بەرنامەڕێژیی کورت، بەشێوەی تایبەت یان ڕێکارە سەرەتاییەکان و بنەوا بنەڕەتییەکانن و بۆ چارچێوەبەندی و فورمولەکردنی بزووتنەوە لە ماوەیەکی زەمەنی درێژ بە ئاسۆیەکی بەربلاوتر و داڕشتنی بەرنامەیەکی ستراتیجیدا هەوڵ نادەن.

یەکێک لە هۆکارەکانی سەرنجنەدان، ڕەنگە ئەوە بێ کە ئەوان بە بەرنامەڕێژیی ستراتیجیک باوەڕیان نییە یان ئەوە کە لە قۆناخی سەرەتایی خەباتدا توانایی، ئامادەیی بیرکردنەوە و شرۆڤەی ستراتیجیکیان نییە یان ئەوەی کە بەجێی سەرنجدان بە ئامانجی گشتی و هەموو قۆناخەکانی خەبات، تەنیا بیر لە بڕگەیەکی دەکەنەوە.

زۆرێک لە ڕێبەران و گرووپە جەماوەرییەکان بەشێوەی دووپاتەوەبوو کەوتوونەتە ناو گێژاوی دەس پێشخەرییەکان و پیلانی دوژمنەوە و خەریکی خۆسازکردنن بۆ وەڵامدانەوە بەوان. لەم بارودۆخەدا ڕێبەران بەخێرایی و سەرلێشێواوی، تەنیا خۆیان بە چالاکیی ڕۆژانە و کاتییەوە خەریک دەکەن و لە ڕێکخستنی سەرچاوەکان، کات دیاریکردن بۆ خەبات و داڕشتنی بەرنامەیەکی ستراتیجیکەوە کەمتەرخەم دەبن.

دەبێ ئەم ڕاستییە قبووڵ کەین کە لەهێندێ بابەتدا خەڵک و ڕێبەرانی بزووتنەوە بەم هۆیەوە بەداڕشتنی بەرنامەیەکی ستراتیجیکەوە خەریک نابن، لەبەرئەوەی هیوایەکیان بە گەیشتن بە ئامانج و بەئاکام گەیشتنی ئارمانەکان نییە و گەیشتن بەوان بە مەحاڵ دەزانن. ئەوان تا ئەو ڕادە خۆیان بە لاواز دەزانن کە وەکو دۆڕاوێکی بێ هێز چاو لە خۆیان دەکەن کە ناتوانن توانایی درێژەدان بەخەبات لە خۆیاندا بەهێزتر بکەن و بەم ئاکامە دەگەن کە تەنیا کارێک کە لەدەستیان بەردێت ئەمەیە کە سەرشۆڕانە بینەری ستەم و سەرەڕۆیی بن و بەقبووڵکردنی ئەو بارودۆخە بەبێ هیچ هەوڵێک، لە حاڵێکدا بەڕاست و دروست بوونی هیواکانیان باوەڕیان هەیە، بارودۆخی هەنووکە قبووڵ بکەن.

بەرەنجامی هەموو ئەم بیروباوەڕانە، بیرنەکردنەوە، بێ باوەڕی و سۆزدارنەبوون بە بەرنامەی ستراتیجیکە .

بەرنامەڕێژی نەکردن و دانەڕشتنی ستراتیجیک ئاکامێکی جگە لە کەمبوونەوەی شانسی سەرکەوتن و زۆرکاتیش ئاکامێکی جگە لە دۆڕاندن بەدواوە نابێت؛ چونکە ئاکامی بێ بەرنامەیی دەبێتە پرش و بڵاوی هێزەکان، کەمبوونەوەی کارامەیی و کردەوە، لەناوچوونی هێزەکان و ڕێزدانەنان بۆ دەسکەوتەکانی چالاکان و خەباتگێڕان. ئەمانە تەنیا بەشێکن لە تێچووەکانی بەرنامەڕێژی نەکردن و شکستهێنانی دووبارە و بەئاکام نەگەیشتنی ئامانجەکان، ئاکامی بێبەرنامەیی بزووتنەوە جەماوەرییەکانە.

بزووتنەوە و خەباتی بێ فورمولەبەندی:

وزە و توانایيی هێزەکانی بزووتنەوە بەرەولای ئامانجی بچووک و بابەتی رواڵەتی لادەدا و بە خەسار دەچێت.

هەلەکان بۆ دەستڕاگەیشتن بە ئامانجەکانی خەبات لەدەست دەچن.

هەنگاوە سەرەتايييەکانی دوژمن، شێوەی کردار و رەفتار لەناو خەباتەکاندا دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە و رەوتەکەی دیاری دەکات.

لە ئەگەری رووبەڕووبوونەوەی خەبات لەگەڵ تەنگژەدا، دەرەتانی ساخکردنەوە و قەرەبووکردنەوە نییە و لاوازی و لێکهەڵوەشانەوە بەردەوام پەرەدەستێنێ و گورزگەلێکی تێکدەرانە و قەرەبوونەکراو لە بزووتنەوە دەوەشێنێت.

هەوڵەکان بۆ بەئاکام گەیشتنی سەرکەوتن و شانسی گەیشتن بەئامانج کەم دەبێتەوە.

لە بەرامبەردا، فومولەکردن و باوەڕ بە بەرنامەی ستراتیجیکی بەهێز، شانسی سەرکەوتن دەباتە سەرەوە. چالاکییە رێکخراوەیی و ئاراستەکراوەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی ستراتیجیکدا، خەڵک و رێبەران لە کۆبوونەوە لەسەر توانایی و وزەکان بەهێز دەکات تا بەجێگرتن لە پرۆسەیەکی ئامانجداردا، بۆ سەرکەوتن هەنگاو هەڵێننەوە. ئەوان دەتوانن بەدرێژەدان بە بەرنامە و رێچکەکان هاوکات لەگەڵ بەکردەییکردنی چالاکییەکان، لایەنە لاوازەکانی دوژمن دەستنیشان بکەن کە لەم دۆخەدا خەسارەکان و تێچووەکان کەم دەبنەوە و لە ئەگەری بوونی قوربانیی شیمانەییدا، لەناوچوونی ئەوان بەبێ هۆ و بێ کاریگەری نابێت. لەم قۆناغەدا شانسی سەرکەوتنی خەباتە جەماوەرییەکان زۆرتر دەبێت.

## فورمولەکردنی ستراتیجیکی لۆجیکیيانە (ژیربێژانە) بۆ خەبات

هەڵبژاردن و فورمولەکردنی ستراتیجییەکی عەقڵانی پێویستی بە:

– تێگەیشتنی دروست و لۆجیکی لە چییەتی و چەمکی ریشەیی، بەستێنێکە کە خەبات تێیدا فۆرم دەگرێت.

– دیاریکردنی جیاوازیی دەروونی و بنەڕەتی لە نێوان پێگەی هەنووکەییی بزووتنەوە و ئەو پێگەیەی کە دەیهەوێ پێی بگات.

– تاوتوێکردنی دروستی ئەو بەربەستانە کە لە بەردەم گەیشتن بە ئامانجدا هەیە و ئەو هۆکارانەی کە خێرایی بە بەئاکام گەیشتنی ئارمانەکان دەدا.

– شرۆڤە و لێکدانەوەی لاوازی و توانایییەکانی دوژمن، گرووپە خەباتگێڕ و هێزە سێیەمییەکان کە دەتوانن یارمەتی بدەن لە بەئاکام گەیشتنی ئامانجەکان یان بەربەستێک بن بۆی.

– شرۆڤەی ئالۆزییەکان، لاوازییەکان و سنووردارییەتیی رێکارە شاراوە (پەنگراوە) جیاجیاکان و

هەڵسەنگاندنیان لەگەڵ تواناییەکانی تاک یان گرووپێک کە بڕیارە ئەوە بەڕێوە ببات.

– هەڵبژاردنی چالاکترین و باشترین بەربژار لە نێوان ئەو بەربژارانەدا کە هەیە یان کێشانی ڕێبازێکی بەتەواوی نوێ.

– دیاریکردن و کێشانی بەرنامەی گشتیی چالاکییەکان کە بریتین لە بەرنامەگەل قۆناخی بچووکتر و ڕێکاری پێوەندیدار بەوانەوە کە هەر کام لەم قۆناخگەلە ئامانجی پێوەندیدار بەخۆیانیان هەیە کە لە کۆتاییدا دەبنە هۆی گەیشتنی بەرنامەی گشتی بە ئامانج و بەئاکام گەیشتنی ئامانجی سەرەکی. بەدەربڕینێکی تر بەرنامەی ستراتیجیک خۆی لە چەند ژێربەرنامە پێک دێت کە ڕێکار و مێتۆدی تایبەت بە خۆیان هەیە و هەنگاوەکانی ئەوان پایەکانی بەرنامەی سەرەکیین.

## ئاستەکانی بەرنامەڕێژیی

ڕێبەرانی خەباتەکان لە داڕشتنی بەرنامەی ستراتیجیکدا دەبێ بزانن کە قۆناخ و ئاستێکی جیاواز بۆ بەرنامەڕێژی هەیە. بەرزترین ئاست، ستراتیجیی گەورەیە، دوای ئەو ستراتیجیگەل کاتی و بەدوای ئەودا ڕێکار و شێوازی تر هەیە.

ستراتیجیی گەورە: ستراتیجیی گەورە بریتییە لە چوارچێوە گشتی و بەستێنە بنەڕەتییەکان کە بە هاوئاهەنگی و ئاراستەکردنی ئەو سەرچاوانەی کە هەیە و ڕێکخستنی گشتیی سەرچاوەکانی ئابووری، سەرچاوە مرۆیی، مەعنەوی و سیاسییەکان و... هتد. بزووتنەوە جەماوەرییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانج خەریک دەبن.

ستراتیجیی گەورە بریتییە لە دیتن و هەڵسەنگاندنی هەقیقەتی ئامانجەکانی بزووتنەوە، هۆکارەکانی تر کە لەوانەیە لە قۆناخە جیاجیاکاندا کاریگەر بن و هەڵبژاردنی فەن و مێتۆدی بەڕێوەبەریی.

بۆ نموونە ستراتیجی دیاری دەکا کە خەبات بە شێوەی نا توندوتیژی بێت یان بە شێوەی تۆختر. چۆن ئامانجەکان دەبێ بەئاکام بگەن و بەرەنجامە درێژماوەکانیان کامانەن. ستراتیجیی گەورە چوارچێوەیەکی گشتی بۆ هەڵبژاردنی ستراتیجییەکانی ئاست خوارتر کە بۆ خەبات بەکار دێن، دیاری دەکات. ئەم ئاستە بریتییە لە دابەشکردنی چالاکییەکان لە نێوان گرووپە دیاریکراوەکان و تەرخانکردنی پێداویستی و سەرچاوەکان بەوان و گرینگتر لە هەموو ئەمانە، ئەم ستراتیجییە دەبێ بەشێوەیەکی روون پێوەندی نێوان شێوە جیاجیاکانی خەبات و شێوازەکانی بەئاکام گەیشتنی ئامانج دیاری بکات.

ستراتیجیی گەورە ستراتیجییەکی گشتگیرە بە چەمک و چوارچێوەیەکی پەرەگرتوو کە ئامانجی گشتیی خەبات، ستراتیژییە کاتییەکان، شێوازەکان، ڕێکارەکان و سەرچاوەکانی خەبات

دیاری دەکات. ستراتیجیی گەورە لە هەموو ئەو سەرچاوە گونجاوانە کە لە بەردەست گرووپدایە کەڵک وەردەگرێ (سیاسی، مرۆیی، ئابووری، ئاکاری و... هتد) تا بەستێنی دەستڕاگەیشتن بە ئامانج پێک بێت.

لەوانەیە ستراتیجیی گەورە، بریتی بێ لە چەند ستراتیجیی کاتی بۆ دەستڕاگەیشتن بە ئامانجی تایبەت لە قۆناخە جیاجیاکانی خەباتدا .

ستراتیجییە کاتییەکان: مەبەست لە ستراتیجییە کاتییەکان داڕشتنی باشترین شێوەی گەیشتن بە ئامانجە. چڕبوونەوەی ئەم ستراتیجییانە لەسەر کات، بۆچییەتی و چۆنیەتیی خەبات و ئەمەیە کە چۆن دەکرێ بە بەرزترین ئاستی کارامەیی گەیشت. ستراتیجیی کاتی بەرنامەی دابەشکردنی کردەیی، کارامە و شێوازی کەڵکوەرگرتن لە کەرەستەی لە بەردەست بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانە.

لەوانەیە ستراتیجی بریتی بێ لە هەوڵ و تێکۆشانێک کە پێویستن بۆ پەرەپێدانی بارودۆخێکی ستراتیجیک و گۆڕینیی بە بەنرخترین حاڵەت و بەدەستهێنانی سەرکەوتن بێ پەنابردنە بەر خەباتی ئاشکرا (گۆڕینی هێندێ لە هەڕەشەکان بۆ هەل).

بەسەرنجدان بە چییەتی خەبات، بیری ستراتیجیک، ئەندێشەیەکی سیاسییە بۆ چۆنیەتیی گەشە و پەرەپێدانی بەرنامەی خەباتگێڕی و چۆنیەتیی تێکەڵکردنی ئەندامە پڕژوبڵاو و جیاجیاکانی، تا بەشێوەیەکی سوودمەند بۆ گەیشتن بە ئامانج بە یەکترییەوە پێوەند بدرێن. ستراتیجی برێتییە لە دیتن و هەڵسەنگاندنی بەرەنجامەکانی سەرچاوەگرتوو لە چالاکییەکان و ئاکامە شیمانەییەکانی بەرهەم هاتوو لەوانەوە. گەشەی چالاکییەکانی بەرنامەی گشتی، هەناردنی بەرنامە بە رووەکانی خوارەوەتر، رێکخستنی زیرانەی گرووپە جیاجیاکانی خەبات لە چالاکییە جیاجیاکاندا، لە بەرچاوگرتنی پێداویستییەکان بۆ بەکردەییکردنی رێکاری هەڵبژێردراو و لە ئەگەری دەستڕاگەیشتن بە سەرکەوتنە کاتییەکاندا، بەرزنرخاندنی ئەوان و کەڵکوەرگرتنی باشتر لەوان لە کۆی ئەو بابەتانەیە کە لە بەرنامەی ستراتیجیکدا دەبێ لە بەرچاو بگیردرێت.

ئەو ستراتیجییانەی کە لە ئاستی خوارەوەدان لە چوارچێوەی ستراتیجیی داییکدا کار دەکەن. تاکتیک (رێکار)ەکان و میتۆدەکان کەرستەی بەئاکام گەیشتنی ستراتیجییەکانن.

بۆ دەستڕاگەیشتن بە باشترین کارامەیی، دەبێ تاکتیکەکان و مێتۆدەکان لە ئاقاری بەئاکام گەیشتنی ستراتیجی و هاوهەنگاو لەگەڵ پێداویستییە پێویستەکان بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن، هەڵدەبژێردرێن و کەڵکیان لێ دەگرن.

لە فورمولەکردنی ستراتیجی بۆ خەباتی ناتوندوتیژی، دەبێ سەرنج بەم چەمکانە بدرێ:

ئامانجەکان، سەرچاوەکانی هێزی خەبات، ئامانجی دەسەڵات، سەرچاوەکانی هێزی دەسەڵات، رۆڵی کردەیی و پەنگراوی هێزە سێیەمییەکان(١)، رێکارەکان و شێوازەکانی کردەوە و دژکردەوەی شیمانەیی دەسەڵات، رێکارەکان و شێوازەکانی کردەوە و دژکردەوەی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی

خەبات (دژکردەوەکانی بەرگری و پەلاماردەرانە) پێشەکییە پێویستەکانی کارێک و پێداویستییەکانی ئەم مێتۆدە بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن، دینامیزمناسیی خەبات و شرۆڤەکردنی لە بارودۆخی بگۆڕدا و سەرەنجام هەڵسەنگاندنی میکانیزمی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییەکان و کاریگەرییان لەسەر خەبات و شێوازەکانی.

تاکتیک (ڕێکار)ەکان تاکتیک بەرنامەیەکی سنووردار و کاتییە لە هەموو بەرنامەکانی خەبات و چالاکییەکانی. لە پرۆسەی ڕێکخستنی تاکتیکدا ئەم بابەتە لە بەرچاو دەگیردرێ کە چۆن دەبێ لە کەرەستە و ئامێری بارودۆخی هەنووکە بە باشترین شێوە کەڵک وەربگیردرێ تا بەم شێوە بتوانن بە بەشێک لەئامانجەکان بگەن کە لە چوارچێوەی ستراتیجیی گەورە و دوائامانجدا بەرنامەڕێژی کراوە. لەراستیدا تاکتیک بریتییە لە بەشێکی بچووک لە ڕێکارەکان کە لە چوارچێوەی بەرنامەی سەرەکی و داییکدا هەیە و وەکو ستراتیجییەک لە دڵی ستراتیجیی گەورەدا جێی گرتووە. تاکتیکی کاتی دەبێ لە چوارچێوەی ستراتیجیی کاتی کە ئەویش لە چوارچێوەی ستراتیجیی گەورەدا جێی گرتووە شرۆڤە و تاوتوێ بکرێ.

تاکتیکەکان لە ڕاستیدا بە هەڵسەنگاندن و سەروسامان دانی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی شێوازە دیاریکراوەکانی چالاکییەکەوە خەریک دەبن و ئەمە کە چۆن بەڕێوە دەچن و ئەمە کە گرووپ و یەکەکانی خەبات لە کاتێکی دیاریکراودا و لە بەرامبەر ئامانج و ئەرکی دیاریکراودا چۆن دەبێ کار بکەن.

تاکتیک لە بەراورد لەگەڵ ستراتیجیدا لە ئاستێکی خوارتردایە و بۆ قۆناخی زەمەنی کورتتر و چوارچێوەی مەکانی چووکەتر بە ڕێژەی تاکەکان و گرووپگەل بچووکتر و ئامانجی کاتی یان تێکەڵێک لەم هەلومەرجانە بەکار دێت.

شێوازەکان بەواتای هەڵبژاردنی ئامێر و شێوازی بەڕێوەبردنی هونەری خەباتی ناتوندوتیژییە کە خۆی بریتییە لە ڕێکارگەلێکی جیاجیا وەکو شێوە جۆراوجۆرەکانی مانگرتن، هاوکاری نەکردنی سنفی و سیاسی و... هتد.

دارشتنی بەرنامەیەکی ڕێک و پێک و ئامانجدار و هەروەها گەشەی ئەو بەرنامەیە، بۆ بەئاکام گەیشتنی ئامانج و ئایدیالەکان پێویستیی بە فورمولەکردنی ڕێک و پێک و هەڵبژاردنی بەمشوورانەی:

ستراتیجیی داییک، ستراتیجیی کاتی، تاکتیکەکان و شێوازی باش هەیە.

## هێندێ لە توخمە سەرەکییەکانی خەباتی ناتوندوتیژی

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خەبات، ستراتیجییەکی یەکسان نییە کە بتوانێ لە هەموو قۆناخەکاندا بە باشترین شێوە کار بکات. هەروەها فەن و شێوازی هەڵبژێردراو بۆ خەبات، دەبێ

کاردانەوەیەک بێ[١] بۆ گەشەی ستراتیجییە جیاجیاکان لە قۆناخە جیاوازەکان و هەلومەرجە جیاجیاکانی خەباتدا. (لە راستیدا بەرنامەڕێژی لە خوارەوە بۆ سەرەوە و لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە بەم واتا کە سەرەتا ستراتیجیی گەورە دیاری دەکرێ، بەدوای ئەودا ستراتیجییە کاتییەکان، تاکتیکەکان و پاشان شێوازەکان. دوا جار دەکرێ لەسەر بنەوای مێتۆدە هەڵبژێردراوەکان پێداچوونەوە بەسەر بەرنامەی ستراتیجیی کاتیدا بکرێ). سەرەڕای ئەمە، لەوانەیە زۆرجار شێوازی خەباتی ناتوندوتیژیی پێویستی بە تێکەڵکردن و کردنەیەک لەگەڵ ستراتیجیی گەورە بەکەڵکوەرگرتن لە رێکارەکانی تر بێت.

ئەم خاڵە بەو مانا نییە کە بۆ بەئاکام گەیشتنی ئامانجەکانی خەباتی ناتوندوتیژی دەکرێ هەر فەن و شێوازێک بەکار ببردرێت. بگرە بەم واتایەیە کە تاکتیکەکان لەسە ربنەوای بەرنامەی ستراتیجیک دیاری دەکرێن و لەسەر بنەوای تاکتیکەکانیش بەرنامەی ستراتیجیک پێداچوونەوەی بەسەردا دەکرێ. (بۆ نموونە ئەگەر لە قۆناخێک لە بەرنامەدا، شێوازی خەبات بە شێوەی توندوتیژانە بگۆڕدرێت، چییەتیی گشتیی ستراتیجی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە و دەبێتە هۆی رووخانی ژێرخانەکان و پرۆسەگەلێک کە خەبات لەسەر بنەوای ئەوان کار دەکات، ئەم کارە لە باشترین دۆخدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کارامەیی و لە خراپترین حاڵەتیشدا رووبەڕووی شکست دەبێتەوە ). لەسەر ئەم بنەمایە، پاش پێداچوونەوە بەسەر بەرنامەی ستراتیجیکدا دەکرێ شێوازە جۆراوجۆرەکانی وەک بانگەشە، راهێنانی گشتی، قبووڵکردنی داخوازی لایەنی بەرامبەر، وتووێژ و لە جۆری ئەوان یان تێکەڵکردنی ئەوان لەگەڵ مێتۆدەکانی گەمارۆی ئابووری بەمانگرتنە کرێکارییەکان لە جێی شێوازە هەنووکەیییەکان دابنێین تا بکرێ بە باشترین شێوە بۆ بەئاکام گەیشتنی ئامانجەکان هەنگاو هەڵبگیردرێتەوە.

بەنامەڕێژی بۆ خەباتی ناتوندوتیژی زۆر بنەڕەتییە: "خەبات لەسەر بنەوایەکی بەرنامەداڕێژراو دەست پێ بکەن و درێژە بدەن و بەپشت بەستن بە تواناییەکانی خۆتان بە سەرکەوتن هیوادار بن." ئەمە پەیامێک بوو کە چارلێز ئێستێوارد پارنێل[١] لەسەر بزووتنەوەی خەباتگێڕی گوندنشینانی ئیرلەندی ناردی کە بە شێوەی خۆبواردن لە بەکرێ گرتنی زەویوزار لە ساڵەکانی ١٨٧٩–١٨٨٠ی زایینی خەباتیان کردبوو. " تەنیا پشت بە خۆتان ببەستن نە تاکێکی تر".

سەرنج و پابەندی بە بەرنامەڕێژی بۆ خەبات و دەستپێکردنی خەبات لەسەر ئەم بنەوایە، هۆکارێکی گرینگە بۆ راکێشانی یارمەتی و هاوکاریی ناتوندوتیژیی دیتران، بەڵام ئەم سەرکەوتنە تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی پشتبەستن بە تواناییەکانی خۆ مەیسەر دەبێ. لەسەر بنەوای ئەم باوەڕە ئەگەر دیتران لە هاوکاریکردن خۆیان پاراست، ئەگەربێتوو بەرنامەی ستراتیجیک بەدروستی رێکخرابێ، خەباتگێڕان شانسی سەرکەوتن لەدەست نادەن.

ئەگەربێتوو بەرپرسیاریەتی دۆڕاندن و سەرکەوتن بدرێتە دیتران، ئەو کاتەیکە ئەوان لە هاوکاریکردن خۆببوێرن، خەبات شکست دەهێنێ. لە هەرحاڵدا لە خەباتگەلێکدا کە خەڵک و

ڕێبەرانی بزووتنەوە تووشی بێ هیوایی و ناهومێدیی دەروونی بن، شیمانەی ئەوە دەکرێ کە بەرپرسیاریەتی بە هێزەکانی دەرەوەی خەبات بدرێ. خەباتی دروست و بەهێز ئەوەیە کە شکست و سەرکەوتنەکانی لە گرۆی کردەوەی خودی تاکەکاندا بێت و هەوڵ و تێکۆشانی ئەوان چارەنووسی خەبات دیاری بکات.

فۆرمولەکردن و داڕشتنی بەرنامەیەکی ستراتیجیکی بەڕێوەبەری و لۆجیکییانە بۆ خەباتە نا توندوتیژانەکان، پێویستی بە تێگەیشتن و سەردەرهێنان لە تایبەتمەندییە بگۆڕەکان، دینامیزمناسی و میکانیزمەکانی خەباتی ناتوندوتیژی هەیە.

سەرنج بەم خاڵە گرینگە کە هەموو بەرنامەکان، شێوازەکان و چالاکییەکانی خەبات دەبێ بژار بکرێن تا ئەو بەشە لە چالاکییەکان گەشە بکەن کە یارمەتی بە سەرکەوتن و دەستڕاگەیشتن بە ئامانجەکان دەدەن و ئەوانە وەلا بنرێن کە لەسەر بەرەوپێش چوون و بەئاکام گەیشتنی خەبات کاریگەریی نیگەتیڤیان هەیە.

هەروەها سەرنج بە فاکتەرەکانی ترش گرینگە؛ وەکو هۆکارە دەروونی، ئاکاری، جوغرافیایی و فیزیکی، کات دیاریکردن، ڕێژەی کەسەکان و هێزێکە بوونی هەیە، پێوەندیی نێوان ئامانج و چڕبوونەوەی هێز، پاراستنی پێشەنگی و دەسپێکەربوون و سەرنجدان بەو بەشە لە شێوازەکانی چالاکی و خەبات کە زۆرتر دەبنە هۆی دەستڕاگەیشتن بە ئامانجەکان و بەئاکام گەیشتنی خەبات.

لێرەدا لەمە زیاتر لەسەر گرینگیی بەرنامەی ستراتیجیک لە خەباتە جەماوەرییەکاندا جەخت ناکەینەوە و تەنیا وەبیر دێنینەوە کە بەرنامەی ستراتیجیک، ڕەمزی سەرکەوتنی خەباتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە. هەبوونی بەرنامەی ستراتیجیک بە واتای سەرکەوتنی لە سەتاسەتی خەبات نییە، بگرە شیمانەی سەرکەوتن و بەئاکام گەیشتنی هەموو یان بەشێک لەئامانجەکان زیاد دەکات.

## هەنگاوەکانی بەرنامەڕێژیی ستراتیجیک بۆ پێکهێنانی چاکسازی بە قازانجی جەماوەر لە ڕێژیمە دەسەڵاتخوازەکان

خەباتی بێ توندوتیژی، بریتییە لە شێوازی گەیشتن بە ئامانج بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازە کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری و سیاسییەکان هاوڕێ لەگەڵ شێوازەکانی هاوکاری نەکردن و کەلێن سازکردن لەناو دەسەڵاتدا.

ئەم شێوازە، مێتۆدێکە لەسەر بنەوای بەکارهێنانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئاقاری بەئاکام گەیشتنی خواستە مرۆییەکان، بەبناخەداڕشتنی توانایی ئامێری دژایەتیی، خۆبواردن لە هاوکاریکردن، خەباتکردن و کەلێن نانەوە لە ڕیزەکانی دوژمندا. بەواتایەکی تر خەڵک خۆ لە بەڕێوەبردنی ئەو کارانە دەبوێرن کە دەبێ ئەنجامی بدەن و کارگەلێک بەڕێوە دەبەن کە قەدەغەیە[1].

هەموو حکوومەتەکان بۆ مانەوەی خۆیان پێویستیان بە پشتیوانی و هاوکاریی جەماوەر هەیە. کاتێک کە جەماوەر لەم هاوکاریکردنە خۆدەبوێرن، دەسەڵاتداران بێ هیچ تەکیەگە و پاڵپشتێک دەڕوخێن. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا شێوازە ناتوندوتیژییەکان لە زۆر بابەتدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەوسانەوە و ستەم، دەسەڵاتی سەرەڕۆکان، داکۆکی لە هێندێ لە بەهاکان و پەرەپێدان بەئازادی بەکار هێنراون.

لە ڕابردوودا ئەم خەبات و بەرەنگاربوونەوانە، بەشێوەیەکی بەربڵاو ئاکامی تێگەیشتنی ڕاستەوخۆی جەماوەر، ڕووداوەکان و دژکردەوە خۆڕسکە جەماوەرییەکان بووە و خەڵک لە ڕێگەی خەباتدا، کەمتر ئامانجەکانیان بەشێوەی یەکجارەکی و روون دیاری دەکرد و بێ ئەوەی کە بەوردی بزانن کە چییان دەوێت، خەباتیان دەکرد. هێندێ لەم خەباتانە لە شێوازەکان، مێتۆدەکان و بەرنامەڕێژیی تاکتیکی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان کەڵکیان وەرگرتووە، بەڵام ڕێژەیەکی زۆر کەم لەوان بۆ ڕێبەریکردنی خەبات لە ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجدا پێڕەوییان لە بەرنامە ستراتیجیکەکان کردووە. ئێستاکە گرووپە جەماوەرییەکانی سەرقاڵی خەبات، ناچار نین بۆ بەرنامەڕێژیی خەبات لە ئەلف و بێی سەرەتاییەوە دەست پێ بکەن و بە ئاسانی دەتوانن سەردانی شێوازە داڕێژراوەکانی ئەم خەباتانە بکەن. بە تێگەیشتنی قووڵتر لە شێوازەکانی خەبات، بە شەریککردنی زانستی پێوەندیدار بەم مێتۆدانەوە، بە کەڵکوەرگرتن لە بەرنامەی ستراتیجیک و بەرنامەڕێژیی درێژخایەن کاردانەوەی خەباتە جەماوەرییەکان کاریگەرتر و کارامەتر دەبێ.

لە درێژەدا، ئەو هەنگاوە گرینگانە دەخرێنە بەرباس کە دەبێ لە بەرنامەی ستراتیجیکدا سەرنجیان پێ بدرێ:

## قۆناخی یەکەم هەڵسەنگاندنی سەرەتایی و شرۆڤەکردنی بەرایی

تاوتوێکردنی ناکۆکییەکان لە روانگەی هەردوو لاوە (خەڵک و دەسەڵات).

ئامادەکردنی راپۆرتێکی تاوتوێکراو بۆ هەڵسەنگاندی بارودۆخی فەرهەنگی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە لە ئارادان لە وڵاتی هاوڕاستادا بەدابەشکردنی حەشیمەت.

ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە ستراتیجیکەکان، بەواتای دیاریکردنی لاوازی و توانایی هەردوو لایەن، دیاریکردنی سەرچاوەکانی هێزی هەردوو لایەن و ئەو بنیاتگەلە کە پاڵپشت و پشتیوانیانن، شرۆڤەکردنی ئەو سەرچاوانەی کە لەدەست دەسەڵاتداران یان خەڵکدایە، پرسیار و توێژینەوە لەم باسەدا کە هەردوو لایەن لە چ بابەتێکدا بەیەکەوە بەستراونەتەوە و ڕادەی سەربەخۆییەک کە هەرلایەن لەلایەنی بەرامبەر هەیەتی و لە کۆتاییدا توانایی خەباتگێڕی هەردوو لایەن.

هەڵسەنگاندنی ئەم بابەتە کە کام یەک لە سەرچاوەکانی هێزی دەسەڵات شکێنەرترە و بۆ لاوازکردن و وەبەر ئامانجی هێرش دانان باشترە.

دیاریکردنی رۆڵ و روانگەی کەسانی سێیەم (وڵاتەکان و ڕێکخراوە ناونەتەوەییەکان) و هەروەها گرووپ و ڕێکخراوە بێ لایەنەکان.

هەڵسەنگاندنی ئەو هۆکارە دەرەکییانە کە لەسەر ڕێکارەکانی خەبات کاریگەری دادەنێن؛ هۆکارە جوغرافیایی، ئاو و هەوا و بارودۆخی ناوچەیی، هۆکارە بنەڕەتییەکان و... هتد.

دیاریکردنی ئەو تەوژم (ئامراز)ی پاڵەپەستۆیانە کە دەکرێ بۆ دیاریکردنی ئامانج و بەئاکام گەیشتن کەڵکی لێ وەرگرین.

بابەت و هۆکارەکانی سەرەوە دەبێ بەباشی تاوتوێ بکرێن تا بەم ئاکامە بگەین کە ئاخۆ لە بارودۆخی هەنووکەدا دەکرێ لە قۆناخێکی زەمەنی دیاریکراودا بەئامانج گەیشت و ئاخۆ دەستپێکردنی خەباتی ناتوندوتیژی ئاکامێکی دەبێ یا نە. خەڵک دەبێ تاوتوێی بکەن کە کام یەک لە هۆکارەکانی سەرەوە پایەدارن، کامیان بگۆڕن و لە دوو لایەن کامیان دەتوانن بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەسەر ئەم هۆکارانە کاریگەری دابنێن خەڵک یان دەسەڵات.

## قۆناخی دووەم بڵاوکردنەوەی ستراتیجی

ڕێبەرانی خەبات دەبێ بۆ گەشە و بڵاوکردنەوەی ستراتیجیی گشتیی خەبات تێبکۆشن و لە پێش هەموو شتێکدا، ئامانجی سەرەکیی خەبات بە شێوەی ڕێک و پێک بە دەستەواژەگەل روون دیاری بکەن و لە چوارچێوەی دەستەواژەگەل گشتیدا لێکیان بدەنەوە کە خەباتی ناتوندوتیژی چۆن دەبێ کار بکات تا بەئاکام بگات. ئەم قۆناخە بە قۆناخی سەرەکی، بنەڕەتی و ریشەیی ڕێنوێنیکردنی خەبات و هاوئاهەنگی و خەت پێدان بە سەرچاوەکان بۆ بەئاکام گەیشتن لە درێژ ماوەدا دێتە ئەژمار.

ئاخۆ تەنیا بە بەرنامەی کاتی، دەکرێ بە ئامانجی سەرەکیی خەبات گەیشت؟ لە حاڵێکدا نەکرێ، دەبێ خەبات بە شێوەیەکی هەڵسەنگێنراو و ڕێک و پێک بە قۆناخگەلێکی جیاجیا دابەش بکرێ کە خاوەن وردەکاریی زیاتر و ئامانجگەلی پەیتاپەیتا و ریزبەندی کراوێک بن و لە ڕاستیدا خەبات بە چەند قۆناخ دابەش بکرێ.

لەم قۆناخەدا بۆ هەر کام لەم قۆناخە جیاوازانە کە خاوەن ئامانجی کاتی و سنووردار، بەڵام لە چوارچێوەی ئامانجی گشتیدان، ستراتیجییەکی ناوازە (بژاردە) ئامادە بکرێ. لە ڕاستیدا لەم قۆناخەدا چوارچێوەی خەبات کە پێش لەمە بەربڵاوتر بوو، بۆ چەند قۆناخی خەباتکارانە دابەش دەبێ کە هەرکامیان تایبەتمەندی و ستراتیجیی خۆیان هەیە. ڕێبەرانی خەبات دەبێ کات، شوێن، چۆنیەتی و ئەو کەسانەی خەبات دەکەن بە شێوەی ڕێک و پێک و روون بە ناوبردنی وردەکارییەکان روون بکەنەوە.

لەم قۆناخەدا ڕێبەران دەبێ ئەو تاکتیکە کاتییانە و شێوازە بژاردەکان هەڵبژێرن کە بە بەئاکام

گەیشتنی ستراتیجییەکان یارمەتی دەدەن. سەرنج بەم خاڵە گرینگە کە هەڵبژاردنی ئەم تاکتیک و مێتۆدانە دەبێ لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی ستراتیجیکدا بێت و ئەم هەڵبژاردنەش تەنیا پاش دیاریکردنی ستراتیجیی داییک بەڕێوە بچێت. هەڵبژاردنی شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژی دەتوانێ هەڵگری شێوازەکانی مانگرتن، ناڕەزایەتی، رازیکردن و دەستێوەردان بێت کە لە هەلومەرجی جیاجیادا بەسەرنجدان بە بەرنامەی ستراتیجیک، ئامانج، لێکدانەوەی ستراتیجیک و هەروەها ژێر بەرنامەی خەباتگێڕانەی هێندێ لەم شێوازانە لە ئەوانی تر باشتر کار دەکەن. بەتایبەتی ئەوە کە هێندێ لەم رێگەچارانە کاردانەوەیەکی زۆر باشیان لە سنووردارکردن و زەربەلێدان لە بەرژەوەندیی هێزی رێژیمدا هەیە.

رێبەرانی خەبات دەبێ دڵنیا بنەوە کە بەرنامەی ستراتیجیکی دەستنیشانکراو لەگەڵ ئامانجەکانی خەبات، جۆری نوێڵی پاڵەپەستۆ و جۆری تاکتیک و مێتۆدەکاندا تەباییان هەیە.

## قۆناخی سێیەم تواناسازی

رێبەرانی خەبات دەبێ لە توانایی جەماوەر وەکو بەڕێوەبەرانی خەبات لە بەڕێوەبردنی بەرنامەی ستراتیجیک دڵنیا بن. لەبەرئەوەی ئەگەر جەماوەر لێهاتوویی و توانای بەئاکام گەیشتنی بەرنامە و ستراتیجیی رێک و پێک کراویان نەبێت، پرسیار و توێژینەوە بۆ بەدەستهێنانی شێوازگەلێک بۆ زیاترکردنی توانایی جەماوەر پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە و ئەگەر رێگەچارەیەکی وا لە بەردەستدا نەبێت، ئەوە دەبێ بەرنامەی ستراتیجیک ساخ کرێتەوە.

پێویستە رێبەران توانایی ئەو بنیات و رێکخراوانە کە لە دەرەوەی دەسەڵاتدان بەهێز بکەن، بەتایبەتی ئەگەر بەرنامەی ستراتیجیک لەسەر بنەوای هاوکاری و بەشداریی ئەم بنیاتانە لە مانگرتنەکان و ئامێری دژایەتییەکاندا دارێژرابێت.

پێویستە رێبەرانی خەبات بۆ راکێشانی بەشداری و بەهرەمەندبوون لە پشتیوانی هێزە سێیەمییەکان بەرنامەڕێژی بکەن، بەڵام نابێ بەتەواوی پشت ئەستوور بەوان بن.

## قۆناخی چوارەم دەسپێکی خەبات

لەم قۆناخەدا رێبەرانی خەبات پێویستە:

– لەسەر تواناییەکانی هێزە جەماوەرییەکان و لاوازی دەسەڵات لە چوارچێوەی بەرنامەی ستراتیجیکی گەورە، ستراتیجیگەل ئاست خوارتر و مێتۆدەکانی خەبات چڕبنەوە، بەتایبەت ئەوانە کە دەبنە هۆی سنووردارکردن و تێکشکاندنی سەرچاوەکانی هێزی دەسەڵات.

– لە کردەییبوونی بەرنامەی ستراتیجیک لە چوارچێوەیەکی رێک و پێک و رێکخراودا کە دوور بێت لە هەر جۆرە توندوتیژییەک دڵنیا بنەوە لەبەرئەوەی پشتبەستن بە شێوازی توندوتیژانە دەبێتە

هۆی لاوازیی هێزە جەماوەرییەکان.

- هەروەها لەم بابەتە دڵنیا بنەوە کە چالاکییەکانی بەرنامەی ستراتیجیک ئازادیی کردەیی بێ کەم و زیاد بۆ خەبات دەداتە جەماوەر (لەڕاستیدا بەرنامەی ستراتیجیک دەبێ لێهاتوویی سپاردنی دەسەڵاتی ببێ).
- دڵنیابنەوە کە هێزە جەماوەرییەکان دەستیان رادەگاتە سەرچاوە هەستیار و گرینگەکان.
- بەرنامەیەکی رێک و پێکیان بۆ شێواندنی هاوسەنگی و بارتەقاییی هێزەکان لەبەرەی دەسەڵاتدا هەبێت.
- وێڕای بەرگری لە خۆیان لە بەرامبەر سەرکوتکارییەکانی دەسەڵاتدا، بە رەوتی خەبات لەسەر بنەوای شێوازە هەڵبژێردراوەکان درێژە بدەن و لەژێر کارتێکەریی سەرکوتکارییەکاندا، مێتۆدی خەبات نەگۆڕن.
- زیاتر لەوە کە دژکردەوە لە خۆیان نیشان بدەن توانایی دەسپێشخەرییان لە کردەوەدا هەبێ. بەردەوام لە خەباتدا پێشەنگ بن، توانایی دژکردەوەی خێرایان هەبێ و لە جێگرتن و نەبزووتن خۆ بپارێزن. پێویستە خەبات لەسەر بنەوای بەرنامە و مێتۆدە جەماوەرییەکان بچێتە پێشەوە نە لەسەر بنەوای شێوازی دەسەڵاتداران.
- بەشێوەی بەردەوام رادەی بەرەوپێشچوونی خەبات لەگەڵ بەرنامەی ستراتیجیکی لە پێشدا دانراو هەڵسەنگێنن.

هەوانامەی کتێب

## قۆناخی پێنجەم ئاکامی خەبات

سەرکەوتن، شکست یان گەیشتن بە هێندێ لە ئامانجەکان؟

لە ئەگەری سەرنەکەوتندا، تاوتوێکردنی رێک و پێکی خەبات و ئەو شتەی کە بەڕێوە چووە و داڕشتنی بەرنامەیەکی نوێ لەسەر بنەوای وانە و ئەزموونە فێربووەکان، بۆ رێکخستنەوەی سەرلەنوێ پێویستە.

## رۆڵی رێبەری لە چاکسازیدا

کاتالیزۆرێ کە شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژیی جەماوەری لە حاڵەتی تیۆری و بەرنامەوە کردەیی دەکاتەوە، رێبەرییە. رێبەران لە رێی خەبات بۆ دەستڕاگەیشتن بە دیموکراسی ئەرکی جۆراوجۆریان لەسەرشانە؛ کۆکردنەوەی هێزە جەماوەرییەکان، روونکردنەوەی ئەرک و شێوازی کردەوەی خەڵک[١]، ورەدان بە خەڵک کاتێک کە سەبارەت بە سەرکەوتن بێ هیوا بوونە یان کەوتنەتە گومانەوە، بڕیاردان لە بارودۆخی تەنگژاویدا، یەکگرتوویی خەڵک و راگرتنی ورەی هاوکاری بۆ دەستڕاگەیشتن بە سەرکەوتن.

لەم رۆژگارەدا کە سەردەمی کەڵەکبازی و وێنەوەرگرییە خەیاڵییەکان و رزگاریدەرە درۆزنە سیاسەتبازەکانە، خەڵک سەبارەت بە رێبەرانی سیاسی تا رادەیەکی زۆر بەگومانن و بەڕاستی پرسیار دەکەن کە ئاخۆ ئەم کەسانەی کە بەئیدیعای رێبەرایەتیی خەڵک، خەریکی کایەکردن بە وشەکان و پێشاندانی داهاتوویەکی روونن، بەڕاستی خۆیان بەو شتەی کە دەیڵێن باوەڕیان هەیە و بەڕاستی وتەکانیان دەرخەری کەسایەتیی ئەوانە. زۆربەی خەڵک حەپەساو و دڵشکاو لە فێڵبازیی دیکتاتۆرگەلێکن کە بە عابای دیموکراسی و ئازادی خەریکی راکێشانی سەرنجی خەڵک بوونە و هەر کە دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە، تێغی سەرەڕۆییان دەرهێناوە. ئەمڕۆ باوەڕی خەڵک ئەمەیە کە ئەو شتەی کە ئاکامی هەڵبژاردنەکان دیاری دەکات ئەو پارە و سەرمایەیە کە لەم رێگەیەدا خەرج دەکرێ و نە کەسایەتی، روانگەی سیاسی و لێهاتوویی پاڵێوراوەکان. ئەگەر ئەم وێنە کە خەڵک لە سیاسەتمەدارەکان هەیانە، راست بێت، کاری رێبەران لە کۆکردنەوەی خەڵک لەخەباتەکاندا زۆر ئاستەم دەبێت، چونکە پێویستە بەبوونی ئەم تێگەیشتنە، راستێتی و هەقانەتی خۆیان بسەلمێنن. هەڵبەت لە نێوان سیاسەتوانانداکەسانێک هەن کە لە بیر و زەینی خەڵکدا وێنەیەکی جیاوازتریان بە نیسبەت سیاسەتوانەکانی تردا هەیە، وەکو نێلسۆن ماندێلا لە ئەفریقای باشوور، مارتین لوتێرکینگ لە ئەمەریکا، لۆخ واڵسا لەلهێستان و ئۆنگ سان سوکی لەبرمە. ئەم رێبەرانە نموونەگەلێکی بەرچاو و دەگمەن لە رێبەرانی نەتەوەیین کە لە سیاسەتوانەکانی تر و وێنەیەک کە خەڵک لەوان لە زەینیاندا هەیانە، زۆر جیاوازن.

کاتێک کە مەودای نێوان دەسەڵاتداران و خەڵک تا ئەو رادە زیاد دەبێت کە خەڵک ئیتر ناتوانن هیچ چاودێرییەکیان لەسەر کردەوە و سیاسەتەکانی ئەوان ببێ، چاکسازیخوازانێک کە بەدوای دامەزراندنی سیستەمی "دیموراتیک"ەوەن، لە دۆزینەوەی رێگەچارەیەک بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر لە بەرامبەر سیاسەتەکانی دەسەڵاتدا لە هەوڵدان. لەم بارودۆخەدایە کە رۆڵی رێبەران گرینگی بەدەست دێنێت، لەبەرئەوەی ئەوانن کە پێویستە باوەڕبەخۆبوون و هەستی سەرکەوتن ببەنە ناو خەڵکەوە و ئەوان بە یەکگرتن و یەکەتی لە پێناو بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانی خۆیان و پێکهێنانی هاوسەنگی لە سیاسەتەکانی دەسەڵاتدا بانگهێشت بکەن. هەروەها رێبەران پێویستە خەڵک لەم بابەتە تێ بگەیەنن کە ئەم خەباتە لە راستای دەستڕاگەیشتنی هەمووان بە مافەکانی خۆیان و جێگیرکردنی دادپەروەری دایە.

رێبەرانی سەرکەوتوو و کاریگەر کە لە گێرە و کێشە نەتەوەیی یان ناوچەیی، نیزامی یان لە نێوان خەڵکی ئاساییدا بە باشی توانیویانە خەباتەکە رێبەری بکەن، گەوشین و تایبەتمەندییەکی روونیان هەیە. ئەگەرچی باوەڕی باو ئەمەیە کە رێبەرانی سەرکەوتوو رێبەرانێکن کە بە شێوەی زکماکی، تایبەتمەندیی رێبەرایەتییان هەیە، بەڵام ئەمڕۆ ئاشکرا کراوە کە زۆربەی توانایی رێبەران بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە و گرفتەکان لە رێگەی راهێنان، خوێندەواری و ئەزموونەوە بەدەست دێت.

خەباتی ستراتیجیکی جەماوەری پێویستیی بەم کارەیە کە هەزاران کەس لە خەڵک، ئەگەر نەڵێین ملیۆنان کەس، بە شایستەیی و لێزانی ڕێبەرانی خۆیان باوەڕیان هەبێ. ئەم مەسەلە یەکێک لە پێویستییەکانی سەرکەوتنی خەڵک لە بەرامبەر ڕژێمە دەسدرێژیکەرەکاندایە. لە درێژەدا تایبەتمەندییە پێویستییەکانی ڕێبەران، بۆ ڕێنوێنی و بەهێزکردنی خەبات، تاوتوێ کراون:

## تایبەتمەندییەکانی ڕێبەران

### ڕێبەران پاڕادایمی (سەرمەشق) پیرەوانیانن

ئەم بابەتە سەلمێندراوە کە هەر ڕێکخراوێک دەرخەری تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی ڕێبەرانی ئەو ڕێکخراوەیە. ئەو ڕێبەرەی کە لە پێگەی ئیداری و ڕێکخراوەیی خۆی بۆ بەدەسهێنانی بەرژەوەندیی تاکەکەسی سوود وەردەگرێت، نابێ چاوەڕوانی ئەوەی هەبێ کە هەرکام لە ئەندامانی کۆمەڵەکەی شێوازێکی جیا لەمەیان هەبێ. کاتێک ڕێبەرەکان خۆیان تووشی گەندەڵی تاکەکەسی دەبن، گەندەڵی ڕێکخراوەکەش پارێزهەڵنەگر (حەتمی)ە. کاتێک ڕێبەران ڕاستبێژی، فرەکۆشیاری، بوێری و ڕێزی بەرامبەر دەکەنە پیشەی خۆیان، پێرەوانیشیان هەر بەم شێوە هەڵسوکەوت دەکەن. بەکورتی دەتوانین بڵێین خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ڕێکخراوێک، دروسکراو و سەرمەشق گیراو لە ڕەوشت و ئاکاری ڕێبەرانی ئەو ڕێکخراوەیە. لە پێوەندی لەگەڵ خەباتی جەماوەریشدا هەر بەو جۆرەیە، ئەو خەباتانەی کە خاوەن ڕێبەرایەتییەکی ڕاستبێژ، خەڵکی و وەفادار بە ئارمانجەکانن، شوێنکەوتەکانی ئەوانیش ئەمەگناسی و خۆڕاگری دەکەنە پیشەی خۆیان. ڕەنگە بەرچاوترین نموونەیەک کە دەتوانین وەکو کاریگەریەتیی ڕێبەران لەسەر پێرەوەکانیان دەستنیشانی کەین، دوو وڵاتی هیند و پاکستانە. خەڵکانی ئەم دوو وڵاتی لە بنەڕەتدا یەک نەتەوە بوونە، پاش جیابوونەوەی هیند و پاکستان داوونەریتێکی جیاوازیان گرتە بەر. هێند ڕووی هێنایە دیموکراسی و بەدەستهێنانی باوەڕ و ڕای ناونەتەوەیی و پاکستانیش هەررۆژە شایەتحاڵی کودەتایەکی نوێ و تەنگژەیەکی نوێ، دەتوانین بڵێین ئەمە لە شێوەی بیرکردنەوەی جیاوازی گاندی وەک ڕێبەری شۆڕشگێڕی هیند و ڕێبەرانی پاکستانەوە سەرچاوەی گرتووە. خەڵکی هیند بەو ڕەوتەدا کە لەسەر بنەوای مرۆڤ ویستی و لێ قبوولکردن و هەڵکردن بنیاتنرابوو، هەنگاویان نا و خەڵکی پاکستانیش بەدوای دەمارگرژی و چەقبەستوویی ڕێبەرانی خۆیان.

### ڕێبەران و تێگەیشتنی ئەوان لە پێرەوانیان

هەر ڕێبەرێک دەبێ ناسیاوییەکی باش و گشتی لەو کەسانە هەبێت کە دەیەوێ لە ڕەوتی خەباتدا ڕێبەرییان کات. لە ئاستی میللیدا ئەم بابەتە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی دابەشینی حەشیمەت، ڕادەی ئاستی داهات (کرێکاران، وەرزێران، ماموستایان و... هتد)، ڕادەی قازانج، بیروباوەڕە ئاینییەکان، جۆراوجۆریی قەومی و ڕەگەزی، سەرچاوەی داهات، هەنارده و هاوردەی خۆماڵی و

هەرێمی، رادەی بەرهەمهێنانی پاڵێوراوی ناوخۆیی (GDP)، ئەندازەی دەست پێڕاگەیشتن و رادەی پاک و خاوێنی و دەرمان و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی تر.

خاڵی جێی سەرنجی تر ئەوەیە کە رێبەرەکان بەم پرسیارە وەڵام بدەنەوە کە خەڵک رۆژگار(ژیان)ی خۆیان چۆن بەسەر دەبەن. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٢ی زاینی خەڵک لە وڵاتی زیمبابوە رۆژانە چەندان سەعاتیان بۆ وەرگرتنی خۆراکی جیرەبەندی کراو لەسەفدا دەبردەسەر و هەروەها ٢٥٪ لە خەڵک بە نەخۆشی ئەیدز و h.i.v گیرۆدەبوون و ئاوسانی ئابووری لەساڵدا بە١٠٠٪ دەگەیشت و نرخی بێکاری ٧٠٪ بوو.

راستیی ژیانی خەڵک ئەمە بوو کە ئەوان هێچ داهاتێکی کەسەکییان نەبوو و زۆربەیان تووشی بەدخۆراکی بوون. گەڕان بەدوای خۆراک و چاودێری لە نەخۆشەکان و مردنی ئەندامانی بنەماڵە بە هۆی فەقیری و بێ خۆراکی بە شێوەیەک خەڵکی سەرقاڵ کردبوو کە هیچ وەختێکیان بۆ بیرکردنەوە لە بابەتی سیاسی بۆ نەمابوو. ئەگەر بارودۆخ بەم خراپییە کارەساتبار نەبووایە، رێژیم نەیدەتوانی بە بەلارێدابردنی بیروڕای ناونەتەوەیی بەم مەسەلانەوە، پاڵەپەستۆ و سەرکوتی دژەمرۆیی بەسەر دژبەرانی سیاسی و بنەماڵەکانیاندا بەکار بێنێت. بڕینی جیرەی خۆراکی، کەڵکوەرگرتن لە بەکرێگیراوانی مرۆڤکوژ بۆ کوشتن و دەستدرێژیی جنسی لە خەباتگێڕانی سیاسی و بنەماڵەکانیان، نموونەگەلێک بوون لە سەرکوتی دژە مرۆیی و بێ حەیاییی رێژیمی ئەم وڵاتە.

بەرنامەیەک کە رێبەران بۆ رۆڵی جەماوەر لە خەباتدا لە بەرچاوی دەگرن پێویستە لەگەڵ راستییەکانی ژیانی رۆژانەی ئەواندا بێتەوە.

بۆ رێبەرە کۆمەڵایەتییەکان، هەر تاکێکی تێکەڵ بە خەبات پێویستە خاوەن ناو و ناوبانگ بێت. ئەوان دەبێ لەسەر بنەوای بەرنامەگەلێکی روون و دەورەیی، لەگەڵ خەڵکدا دیدار و دانیشتنیان هەبێ و سەرەڕای ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان، بەوان پێشان بدەن کە ئامانجی سەرەکیی ئەوان لە خەبات بەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکە. تەنیا ئەوە کە رێبەران جارناجار وەبیر خەڵک بێننەوە کە بارودۆخی ژیان لە حکوومەتی دیموکراتیکدا چۆن چاکتر دەبێت بەس نییە، رێگەچارەی باشتر بۆ پێوەندیی نێزیک لەگەڵ خەڵکدا ئەمەیە کە رێبەران خۆیان، لە چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکانی خەڵکدا بەشداری بکەن(١).

## رێبەران دەبێ لە چوارچێوەی ئەرکەکانی خۆیاندا شارەزا بن

لە گەرماوگەرمی خەباتدا، هیچ هۆکارێک ناتوانێت، بەڕادەی ناکارامەیی و نەشیاوی رێبەر ببێتە هۆی شکست و داڕمانی وورەی خەڵک.

بڕیارگەلی نابەجێ دەبێتە هۆی مەترسی و خەسارەتگەلی ناکاریگەر و قەرەبوونەکراو،

راستبێژی و بەڵێن لەناو دەبات و ترس و دڵەراوکێ لەسەر یەک بەیەک تاکەکانی خەبات زاڵ دەبێ.

خەڵک لەم روانگەوە سەیری رێبەران دەکەن کە ئەوان تواناییی سەرکەوتنیان لە گۆڕەپانی ململانێدا هەیە؛ ئێستا ئەم گۆڕەپانی ململانێیە گۆڕەپانێکی باوی شەڕ بێ یان گۆڕەپانی خەباتی ناتوندوتیژی. هەر بۆیە تەنانەت ئەوانەی کە زانست و پسپۆڕیی ئەم کارەشیان هەیە دەبێ بەم خاڵە سەرنج بدەن کە سەرکەوتن لەم گۆڕەپانەدا لەگرۆی لە بەرچاوگرتنی مەسەلەیەکی زۆردایە.

لە ئاستی خەباتی میللیدا، دەبێ رێبەران لە یەکەمین هەنگاودا ئەو توانایییەیان هەبێ کە بەرووونی هۆی ئەو خەباتکردنە شرۆڤە کەن و هەروەها بتوانن لە رێگەی وتن و ئاکاری خۆیانەوە بە کاریگەریەتیی مەعنەوی و روحی، خەڵک بۆ بەشداری لە خەباتدا هان بدەن. هەنگاوی تر ئەمەیە کە چۆنیەتی راکێشانی پشتیوانی هێزە ناونەتەوەیییەکان تاوتوێ بکەن و وێڕای سوودوەرگرتن لە سەرچاوە جیاجیاکان، خەبات بە شێوەیەک رێنوێنی بکەن کە کەمترین زیان و خەسارەتی لێ بکەوێتەوە.

رێبەرانی خەبات دەبێ:

– توانایی شرۆڤە و تاوتوێکردنی بارودۆخەکەیان هەبێ.

– مێتۆدەکانی خەباتی ناتوندوتیژی پاش تاوتوێکردنی بارودۆخەکە بەباشی هەڵبژێرن.

– بەرنامەی خەباتی ناتوندوتیژی بۆ بەکاربردنی شێوازەکان ئامادە کەن.

– بەشداربوانی خەبات بۆ چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتن لەم شێوازگەلە و بەجێگەیاندنی بەرنامەکان ڕابێنن.

## بەرپرسیاریەتیناسی و هەست بە بەپرسیاریەتیکردن

وادیارە راکردن و خۆدزینەوە لەژێر باری بەرپرسایەتی، یەکێک لە تایبەتمەندییە کەسێتییەکانی تاکەکانی سەردەمی ئێمەیە. بۆ نموونە کاتێک ئێوە لەگەڵ شەریکەیەکی خزمەتگوزارییەکانی دوای فرۆشدا بۆ هێنانە بەرباسی ئیرادی دەزگای کڕدراو پێوەندی دەگرن، جیا لەوە کە کەموکووڕی دەزگاکە چییە، گرینگترین پێشێتیی (ئەولەوییەت) ئەو کۆمپانییە، سەلماندنی ئەم بابەتەیە کە ئەو ئیرادەی کە هاتووەتە پێشەوە پێوەندی بەوانەوە نییە. نموونەیەکی تر خوێندکارێکە کە لە ئەزموونەکاندا سەرنەکەوتووە. ئەو لە یەکەم دژکردەوەدا ماموستاکەی بە هۆکاری سەرەکی سەرنەکەوتنی خۆی دەزانێ[١].

رێبەرانی سیاسیش هەر بەم شێوە هەڵسوکەوت دەکەن، ئەوان بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بڕیارەکانی ئەوان لەسەر بنەوای ئەو زانیارییانەی لە بەردەستدایە وەرگیراوە و ناوەڕۆکەکەی دروستە، بەڵام بەهۆی بارودۆخ و گیروگرفتێک کە هەیە ئاکامی نەبووە. کەوابوو بەو ئاکامە دەگەن کە هیچ خەتایەک لەوانەوە سەری هەڵنەداوە. رێبەرانی نەشیاویش وەکو هێندێ لە خەڵک هەڵەکانی

خۆیان دەخەنە ئەستۆی بارودۆخەوە، هەروا کە زۆرێک لە خەڵک وەدرەنگ کەوتنی حازربوونی خۆیان لە دانیشتنەکاندا بەبیانووی جۆراوجۆری وەک نەبوونی کاتی پێویست، کارگەلی گرینگی تر، کیشەگەلی بنەماڵەیی (نەخۆشیی منداڵان، کۆبوونەوەی باوک و دایکان و... هتد) پاساو دێننەوە، ڕێبەرانی دۆڕاویش دەستەوداوێنی پاساوهێنانەوەی درۆ و ساختە دەبن. کەڵکوەرگرتن لەم باوەڕە کۆن و عەوامانە کە " ئەگەر سەرنەکەوتین هۆی ئەمە بوو کە خوا نەیویست" شێوەیەکی باوە. بەدڵنیاییەوە ڕێبەرانی خەبات کەسانێکی ئاسایی نین و خەباتیش کارێکی ئاسایی و هەمیشەیی نییە، کەوابوو بۆ بێ تاوان نیشاندانی خۆ و پاساوهێنانەوە بۆ کردەوە هەڵەکان، نابێ پشت لە ڕاستییەکان بکەین.

ڕێبەرێکی شیاو بەرپرسیاریەتی شکست لەئەستۆ دەگرێ و ئەگەر لە هێندێ بابەتدا هەڵەیەک ڕووی دابێت، سەرکۆنەی دیتران ناکات؛ ڕێبەری ڕاستەقینە کاتێک بڕیارەکانی ئاکامی نگەتیڤی لێ بکەوێتەوە، بەرپرسایەتییەکەی لە ئەستۆ دەگرێت، وانەی لێ فێر دەبێت و قەرەبووی هەڵەکان دەکاتەوە[2]. لە بەرامبەر ڕێبەرانێکی وادا خەڵکیش دەبێ بەهۆی بوێری ئەوان لە بەئەستۆگرتنی هەڵەکانیان ئەمەگناسییان بکەن. قبووڵکردنی هەڵە ئەوەڵین هەنگاوە بۆ قەرەبووکردنەوەی. " هاوڕێیان و هاوسەنگەران ببینن، من هەڵەی خۆم قبووڵ دەکەم، من لە بەدواداچوونی ئامانجەکاندا بەهۆی وردنەبوونەوەی باش و چاودێری نەکردن شکستم خوارد. بەڵام ئەمڕۆ بڕیارم داوە کە ئیتر لە داهاتوودا هەڵەیەکی وا نەکەم. ئێمە دەبێ لە بیری ڕێگەچارەیەک بۆ پێشگرتن لە هەڵەیەکی لەم جۆرە لە داهاتوودا بین."

ڕێبەرانی نەشیاو ئاسانترین ڕیگاکان بۆ کوژاندنەوەی ئاگری لۆمەکردنەکان هەڵدەبژێرن کە وەپاڵدانی هەڵەکان بەژێردەستەکان و پێڕەوانیانە. لە حاڵێکدا ڕێبەرانی شیاو و کارامە بە قبووڵکردنی شکست، قبووڵ دەکەن کە سەرنەکەوتن لە خەباتی نا توندوتیژیدا لە هێندێ بابەتدا حەتمییە و هیچ کەس لە خەتا و هەڵە بەدوور نییە.

تەنیا کەسانێک شیاوی لێبووردن و لێخۆش بوون نین کە لە هەڵەکانی ڕابردوو ئەزموون وەرناگرن و ڕێگە پێوراوەکان دووبارە تاقی دەکەنەوە.

## کەسێتی دان بە شوێنکەوتوان

ڕێبەرێکی لێهاتوو کاتێک باس لە سەرکەوتنەکان و بەختەوەرییەکان دەکات، کەمتر لەوشەی"من" کەڵک وەردەگرێ و لە جێی ئەو لە وشەی "ئێمە" و ئەگەر کەسێکی تایبەت ئەنجامی دابێت لە وشەی "ئەو" کەڵک وەردەگرێ تا بەم شێوە بە هاوسەنگەرانی خۆی کەسایەتی و پرستیژ بدات. ئەو بەم کارەی وەبیر دێنێتەوە کە سەرکەوتن ئاکامی هەوڵ و تێکۆشانی هەمووان بووە.

دەبێ لە هەموو کەس ئەمەگناسی بکرێت، منداڵێک کە هێرشی هێزە دژە شۆڕشەکانی ڕاپۆرت داوە، پیرەژنێک کە ئاوی داوەتە خۆپێشاندەران، کچێکی لاو کە بە زەوقی خۆی ڕاگەیەندراوەکانی

گەلاڵە کردووە و پیاوێک کە بە وەمەترسی خستنی گیانی خۆی راگەیەندراوەکانی بڵاو کردووەتەوە، رێبەرانێک کە بەرنامەی خەباتیان دارِشتووە و ئەوانەی کە ئەم بەرنامانەیان بەئەنجام گەیاندووە. هەموو ئەم کەسانە دەبێ دڵگەرم بکرێن، گرینگی کار و رۆڵیان لە رێگەی سەرکەوتندا، وەبیریان بێننەوە.

لەوانەیە رێبەرێک وریاترین و کەم وێنەترین تاکی دنیا بێ، بەڵام هەموو بلیمەتی و لێهاتوویییەکانی بە بێ کردەییکردنی ئەندێشەکان و داهێنەرییەکانی لەلایەن خەڵک و شوێنکەوتوانی خەباتەوە، لەناو دەچن. نرخ دانان و بایەخ پێدان بە کردەوەی تاکەکان، دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەوان ئەنگێزەیەکی زێدەتر بەدەست بێنن، بەم باوەرِە دەگەن کە بوونیان بۆ سەرکەوتن گرینگە، خەبات پێویستی بە بەشداریی ئەوانە و لە هەوڵ و تێکۆشانی ئەوان ئەمەگناسی دەکرێت. تەنیا رێبەرانی سەرەرِۆ و خۆبەزلزانن کە سەرکەوتن بە ئاکامی کردەوەی خۆیان دەزانن و وەک مریدێک سەیری شوێنکەوتوانیان دەکەن کە تەنیا دەبێ بەدوای دەستوورەکانی ئەوانەوە بن.

## وەفاداری

لە کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا، بەئاکام گەیشتنی وەفاداری بە واتا نەریتییەکەی و لەسەر بنەوای گوێرِایەڵی بێ ئەملا و ئەولا، هاسان نییە. وەفاداری بەوێنەی شەقامێکی دوو سایدییە کە لە بەرێکیەوە خەڵکانێک هەن کە دەبێ بە ئارمانج و رێبەرەکانیان وەفادار بن و لەو بەرەکەی ترشەوە رێبەرانێک هەن کە دەبێ لە بیری سەرکەوتنی خەبات و بەئاکام گەیشتنی داخوازییەکانی خەڵکدا بن. وەفاداری بە واتای بەڵێ قوربان گوتن و هەر برِیارێک بەبێ گومان و پرسیارکردن بەرێوەبردن نییە. لە رِاستیدا قبووڵکردنی فەرمان و دەستوورەکان بەبێ هەڵسەنگاندن و لێپرسینەوە راست بەمانای خەیانەتە. ئەمە کە شوێنکەوتوان و خەڵک هەر کردەوەیەکی رێبەران بەرەوا بزانن و هەموو کارەکانیان بەباش بزانن، زەربەیەکی مەرگهێنەر وەجەستەی خەبات دەدات[١]. وەفاداری پێویستی بە تێگەیشتن لەم مەسەلەیە کە جیاوازیی بیرورِا بابەتێکی ئاساییە.

کاتێک خەڵک و رێبەران لەسەر مەسەلەیەک جیاوازیی بیرورِایان هەیە، پێویستە ئەم جیاوازیی بیرورِایانە بەئاسانی لە نێوان یەکتردا بێننە گۆرِێ، بۆ بیرورِای خۆیان بەڵگە و رێگەچارە پێشنیاز کەن و شێوازی چاکسازییان بخەنە روو. رێبەران لە بەرامبەر خەڵکدا خاوەن ئەرک و بەڵێنی دوولایەنەن و هەر ئەم هەست بە بەرپرسیارەتییەیە کە دەبێتە هۆی ئەوە کە برِیارەکان بە شێوەیەکی رِەوا بدرێ و لە چوارچێوەی ئامانجی خەبات و بە پشتیوانی خەڵکەوە بەئاکام بگات. یەکێک لە هۆکارەکانی دژایەتیی تاکەکان لەگەڵ برِیارەکاندا ئەوەیە کە لە دارِشتنیاندا بەشدار نەبوونە و لە کاتی دانی ئەم برِیارانەدا لەگەڵیاندا رِاوێژ نەکراوە. لە خەباتە جەماوەری و بەکۆمەڵەکاندا، برِیاردانەکان تا ئەو جێگەی کە دەلوێ دەبێ بەشێوەی گرووپی و بەکۆمەڵ بێت. جەماوەر ئەو بەرنامانەی کە بەکۆمەڵ برِیاری لەسەر دراوە بەگیان و دڵ وەردەگرن[٢]. وەفاداری

ڕێبەران کاتێک دەردەکەوێ کە بیروڕای باشترین و لێهاتووترین تاکەکان لە پرۆسەی بڕیاردانەکاندا ڕەنگ بداتەوە.

## ناسینی دوژمنان

بەم واتا کە بچووکترین زانیارییەک کە لە دوژمن لە بەردەستدایە کۆ بکرێتەوە و تاوتوێ بکرێ. هاوکات لەگەڵ کۆکردنەوەی ئەم زانیارییانە، وەڵامی ئەم پرسیارانەش تاوتوێ بکرێ کە دوژمن چۆن بیر دەکاتەوە؟ دژکردەوە ئاساییەکانی چۆنە؟ لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بارودۆخی تەنگژاویدا چۆن کردەوە لە خۆی نیشان دەدات؟ بیروباوەڕەکانی چییە؟ بایەخ و دژەبایەخە هزرییەکانی ئەو چییە؟

گرینگتر لە هەموو ئەوەی کە بۆ ئەم پرسیارانە، وەڵامدانەوەیەکی کارناسانە و دوور لە کوڵوکۆ بدرێتەوە، دوژمن ڕاستەقینە کێیە؟

تایبەتمەندی و تواناییەکانی ڕێبەرانی سەرەکی کە بەرپرسیاری سەرکوت و شکستەکانی بزووتنەوە جەماوەرییە دیموکراسیخوازانەکان ن، چییە؟

بەناسینی دوژمن و شرۆڤەکردنی تواناییەکانی، دەتوانین کردەوە و بڕیارەکانی پێشبینی بکەین.

## ئەزموون، ڕووناکی ڕێی داهاتوو

ئەو شێوازی کردەوە کە بەو مێتۆد و ڕێچکە خۆمان کارەکان ئەزموون بکەین، دژوارترین و پڕخەرجترین مێتۆدە. لە حاڵێکدا باشترین و کارامەترین مێتۆد ئەمەیە کە لە کردەوە و هەڵەکان و سەرکەوتنەکانی دیتران ئەزموون وەربگرین. بۆ هێندێ لە تاکەکان کە توانایی فێربوون و ئەزموون وەرگرتن لە هەڵەکانی خۆیان نییە، تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆ مامۆستایەکی باش نییە. لەم ساڵانەی دواییدا سەرچاوە و کتێبگەلێکی باش لەسەر شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژی و ڕێگەچارەکانی خراوەتە بەردەست.

خەڵک و ڕێبەرانی خەباتی جەماوەری پێویستە بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی دیتران گرینگی بدەن و لە ئەزموونکردنی هەر مێتۆدێک لەلایەن خۆیانەوە خۆببوێرن تا تێچووەکانی خەبات کەم بێتەوە. لە وڵاتە جیاجیاکاندا، هێندێ ڕێکخراوی جەماوەری هەن کە زانیاری و ئەزموونەکانی وڵاتی خۆیان لە خزمەت نەتەوەکانی تردا دادەنێن.

لە قۆناخە جیاجیاکانی خەباتدا، پێویستە ڕێبەران ڕاپۆرتێک بەناو" ئەزموونە فێربووەکان" ئامادە بکەن، تا توانایی و لاوازییەکان تاوتوێ بکەن و لە دووپاتکردنەوەی هەڵەکان لە داهاتوودا پێشگیری بکەن. بەهێندێ ئەزموونی کاتی و بیرکردنەوە لە خەباتی ستراتیجیک، ڕێبەران ناتوانن

ببنە کەسانێکی بەرنامەدارێژ بە کردەوەی ستراتیجیکەوە، بەڵکوو ئەم شارەزاییە پێویستی بە ئەزموونی کەسەکی و جێگرتن لە شوێنگەکانی خەباتدا بە شێوەی راستەوخۆ، یان سەردان و کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی دیترانە.

## باشترین کەڵکوەرگرتن لە توانایییەکانی تاکەکان

رێبەران پێویستییان بەمەیە کە باشترین و لێوەشاوەترین تاکەکان بۆ بەرپرسایەتییە گرینگەکان هەڵبژێرن. بۆ ئەوانەی کە مێژووی شەڕی دووەمی جیهانییان خوێندووەتەوە، ناوی جەنەڕاڵ پاتۆن و ئایزێنهاور ئاشنایە. هەر کام لەوان بەرپرسایەتی و توانایییەکی تایبەتییان لە بەرەی هاوپەیمانەکاندا لە خۆیان پێشان دا. پاتۆن فەرماندەیەکی هەڵکەوتە و لێوەشاوە بوو کە کاروانە سەربازییەکانی خۆی بۆ شەڕ لەگەڵ دوژمن لە بەرەی شەڕدا بەشێوەیەک رێنوێنیی دەکرد کە ئەگەر لە جێی ئەو، فەرماندەگەلێکی تر دەبوون، چالاکییە نیزامییەکانیان بەهۆی سنووردارییەتی شەڕەوە بە مەحاڵ دەزانی. ئەو فەرمانەیەکی زیرەک و جێگەی رێز بوو. ئەگەر بەهۆی لێهاتوویی و تواناییە نیزامییەکانی ئەوەوە نەبووایە، بەدڵنیایییەوە دەبووایە بەهۆی ئەو کردارە خۆبەزلزانانە و سووکایەتییە بێ شەرمانەیەوە کە کردبوویە هێندێ لە فەرماندە نیزامییەکان، لە بەرەی شەڕ دەربکرایە. لە سۆنگەیەکی ترەوە ئایزێنهاور لە زەینی خەڵکدا، وێنەی ئەفسەرێکی ناوەندی (ستادی)ی بەتوانا و بەئەزموون بوو کە ورەی هاوکاری، هاوفکری و هەڵکردنی لەگەڵ دیتراندا بوو. بەهۆی ئەم تایبەتمەندیگەلەوە، ئەو بوو بە فەرماندەی بەرەی شەڕ بۆ رزگارکردنی ئەورووپا. ئەو بەهۆی تایبەتمەندیگەلێکەوە کە هەیبوو، لێهاتوویی ئەوەی بوو کە هاوکات هێزە نیزامییەکانی وڵاتە جیاجیاکان فەرماندەری بکا و بۆ شەڕ لەگەڵ ئەڵمانییەکاندا رێنوێنییان بکات. ئەم شەڕە بە دژوارترین شەڕی نیزامیی مێژوو ناوی دەرکردووە.

ئەم نموونە پێشان دەدات کە رێبەرانی هاوپەیمانەکان ئەفسەرێکی فەرماندەییان بەهۆی لێهاتووییە تاکەکەسییەکانییەوە لە هاوئاهەنگی و هاوکاری لەگەڵ کەسانی تردا بەسەر فەرماندەیەکی زیرەکی شەڕکەردا لەسەرتر دادەنێن و گەورەترین چالاکیی مێژووی پێ دەسپێرن.

لە خەباتە ناتوندوتیژییەکانیشدا هەر بەم شێوازەیە. پێویستە رێبەرەکان توانایی و لێهاتووییەکانی تاکەکان بەباشی بناسن و بۆ بەدەستهێنانی باشترین ئاکام کەڵکیان لێ وەرگرن.

## رێبازی رێبەرەکان

رێبازی رێبەران لە پانتایی توتالیتاریزم و دەسەڵاتخوازیی پاوانکراوەوە تا رێبازی دیموکراتیک کە باوەڕی بە بڕیاردانی بەکۆمەڵ و تەگبیر هەیە بگۆڕە. رێبازی رەچاوکراوی رێبەرەکان بەستراوەتەوە بە بارودۆخەوە. هۆکارێکی تر کە لە رەچاوکردنی رێبازی رێبەراندا کاریگەری هەیە، وەک یەکبوونی رێبازە لەگەڵ پێکهاتەی کەسێتیی رێبەراندا.

بەشێوەی گشتی، لە سەرەوەتر بوونی ڕێبەرانی دەسەڵاتخواز و کارامەیی ئەوان لە بارودۆخی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

– لەبارودۆخی تەنگژاویدا کە پێویستە بڕیارەکان زووتر ڕەچاو بکرێن.

– لە دۆخێکدا کە تەکوزیی ڕێکخراوەییەکی باش بوونی نییە و تاکەکانیش ڕێبەرانی خۆیان بەباشی ناناسن.

– لە کاتێکدا کە خەبات شکستی هێناوە و تاکەکان نیازیان بەم باوەڕە هەیە کە ڕێبەری ئەوان بەباشی دەزانێ کە چ پەرچەکردارێک دەبێ ئەنجام بدات.

– لە بارودۆخە تەنگژاوییەکان کە دەرفەتی پێویست بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵ دیتران و هاوفکری بوونی نییە، ئەگەرچی بۆ ئەم بارودۆخە دەبێ بەرنامەی شیمانەیی و قەرەبووکردنەوە لە پێشدا ئامادە بکرێ، بەڵام بڕیار بۆ جێبەجێکردنیان دەبێ بەخێرایی ڕەچاو بکرێ و بڕیارە تاکتیکییەکان بە خوارترین ڕیزەکانی گرووپ بگەیەندرێت.

– لە بەرامبەر ئەم بەسەرەوەبوونەدا، کەموکورتیگەلێکیش لەمودێلی بڕیاردانی ناوەندگەرادا هەیە. بەپێچەوانەی بارودۆخی نیزامی و شەڕی کە تاکەکان لەسەر بنەوای یاسای نیزامی ناچارن فەرمانەکان بەڕێوە بەر ن، لە خەباتی جەماوەریی ناتوندوتیژیدا، خەڵک ناچار بە بەرفەرمانی نین و کەسیش ناتوانێت ئەوان ناچار بەوە بکات کارێک بەزۆر بەڕێوە ببەن. ئەوان تەنیا بەم هۆیەوە کارێک بەڕێوە دەبەن کە بەئەنجامدانی باوەڕیان هەیە ( ئەگەرچی لە هێندێ لە کولتوورەکاندا، خەڵک تەنیا بەم هۆیە کە شوێنکەوتەی ڕێبەرەکانن و دەبێ دەستوورەکانی ئەوان بەڕێوە ببەن، بۆ بەئەنجام گەیاندنی فەرمانەکانی ئەوان تێ دەکۆشن). ئەگەر خەڵک لە بڕیاردانەکاندا بەشدار بکرێن و بەم باوەڕە بگەن کە لە پرۆسەی بڕیارداندا ڕۆڵیان هەیە زۆر چالاکتر و کاریگەرتر لە خەباتەکاندا بەشداری دەکەن، لەبەرئەوەی دەزانن لە ئەگەریی سەرکەوتندا، بڕیارەکانی ئەوان بەئاکام گەیشتووە.

لە سەرەوەتربوونی ڕێبەرانی دیموکرات و کۆخواز لەمەدایە کە وورەی بەشداری لە شوێنکەوتوانی خەباتدا دەبەنە سەرەوە، بەم هۆیە کە لە بڕیاردانەکاندا بەشدار بوونە. توانایی تاکەکان لە نوێگەریدا بەهێز دەبێت، لە بابەتگەلێکدا کە کاتی پێویست لەبەردەستدا بێت ڕێبەر دەتوانێ بە ڕاپرسی لە تاکەکان (بۆ نموونە بەشێوەی تۆفانی زەینی) بەکەڵکوەرگرتن لە توانایی ئەوان گرفتەکە چارەسەر بکات[1].

یەکێک لە ئاکامەکانی ئەم بەڕێوەبەرییە ئەمەیە کە تاکەکان دەزانن بڕیارەکان بۆچی و چۆن ڕەچاو کراون و ئەم مێتۆدە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هەستی باوەڕپێکردنی دوولایەنە و ڕاستبێژیی گرووپ.

ئەم شێوازی ڕێبەرییە، کەم کەم هەستی باوەڕپێکردن و قبووڵکردنی ڕێبەر لەناو تاکەکانی

گرووپدا پێک دێنێت و بۆ پەروەردەکردنی تواناییەکانیان بۆ ڕێنوێنی و ڕێبەریی کۆمەڵگەی دیموکراتیکی داهاتوو یارمەتییان دەدات .

لە مودێلی ڕێبەریی دیموکراتیکدا هێندێ لاوازیش هەیە. ئەوەڵ ئەمە کە، ئەگەر ڕێبەر هێندێ لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ڕێبەری نەبێت، لاوازییەکان خۆدەردەخەن(٢) و دووەم ئەوەکە پرۆسەی بڕیاردان کاتێک کە بیروڕا و ڕوانگەی جیاجیا لە نێوان ئەندامانی گرووپدا هەبێت، زۆر درێژە دەکێشێت.

جیا لەو شێوە بەڕێوەبەرییە کە ڕێبەران بۆ خۆیان ڕەچاوی دەکەن یەکێک لە ئەرکەکانی ئەوان ڕاهێنانی ئەندامانی گرووپەکەیە. بەم واتا کە دەوروبەرەکانیان لە ڕەوتی بڕیاردانەکاندا ئاگەدار بکرێنەوە و بزانن کە بۆچی هێندێ لە زانیارییەکان لە هێندێکی تر گرینگترن و هەروەها توانای بڕیاردانی تاکەکان بە ڕادەربڕین زیاد دەبێت. هەڵبەت پێویستە ڕادەربڕینەکان هەڵسەنگێندرێن و هەلاجی بکرێن تا تاکەکان لە لاوازییەکانیان تێ بگەن.

بەواتایەکی تر پێویستە ڕێبەر مامۆستا و ڕاهێنەری ئەندامانی گرووپ بێت. ڕاهێنانی تاکەکان لە هەموو ئاستەکان لە ڕەوتی خەباتی ناتوندوتیژیدا، دەبێتە هۆی زیاتربوونی متمانە، ڕاستبێژی و هەستی دەروەستی. ڕێبەرێک کە بە پەروەردەکردن و بردنەسەرەوەی لێهاتووییەکانی تاکەکانی گرووپ و دیاریکردنی جێگر بۆ ئەو کاتەی کە بەهەر هۆیەکەوە خۆی لە خەباتدا بەشدار نییە هەنگاو هەڵنەهێنێتەوە، ڕێبەرێکی شیاو نییە.

## دۆزینەوەی سەرچاوە و هۆی بنەڕەتیی ترس

ترس لە پێکدادانی فیزیکی، هەستێکە کە هەموو مرۆڤەکان لە درێژەی ژیانی خۆیاندا ئەزموونیان کردووە. تا کاتێک کە بەرەنجام و سەختیی پێکدادانە فیزیکییەکان لە زەینی تاکەکاندا بمێنێتەوە، کاریگەریی نگەتیڤ لەسەر کردەوە و دەروونی ئەوان دادەنێ.

ئەوەڵین هۆکارێک کە خەڵک بە گوێرایەڵیی دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ ناچار دەکات ترس لە ئازاردان و تەمێکردنە. ترس لە لێدان و کوتان و کەمئەندام بوون زۆر سامناکتر لە ترسی لەدەستدانی پیشە یان بڕینی مووچە و پاداشە.

ترسی لەدەستدانی گیان، ترسێکی دەروونییە و تەنیا ئەو کەسانە هەست بەم ترسە ناکەن کە بە پیرەوەچوونی خەتەر بەشێوەی سروشتی و زگماکی وەکو لە باوەشگرتنی منداڵێک هەست پێ دەکەن. زۆربەی خەڵک لەم نوکتە خافڵن کە ترس، وەڵام و دژکردەوەیەکی سروشتییە بە هەڕەشەی هەستپێکراو. ترس دژکردەوەیەکە کە بەشێوەی ژێنێتیکی لە مێشکی ئێمەدا بوونی هەیە تا لە بەرامبەر هەڕەشە ترسناکەکاندا لە خۆمان بەرگری بکەین و ژیانی خۆمان ڕزگار بکەین.

ترس وەڵامێکی سروشتییە بە هەڕەشەکان و هەموو گیانلەبەرەکان لێی بەهرەمەندن. بەهۆی ئەم

زکماکی و سروشتی بوونەیە کە نەترسین نیشانەی بایەخی ئاکاری و لەسەرتربوونی تاکەکەسی نییە و شەرم نییە بۆ ئەو کەسەی کە ترسیاگە و سەرکۆنەکردنیشی پێویست نییە .

ناسینی ترس لە گرێوی ناسینی هاندەرە پێکهێنەرەکانیدایە. کاتێک ئێمە لە بوونی شیمانەییی مەترسیی فیزیکی ئاگەدار دەبینەوە، جەستەی ئێمە بەشێوەی سروشتی بۆ بەرگری لە خۆی ئامادە دەبیت. سروشتی ئێمە دوو ڕێگەچارە لە بەردەمماندا دادەنێت هەڵهاتن یان شەڕکردن کە زۆرجار هەڵهاتن باشترە. ئەم وەڵامە سروشتییە لەناو زیندەوەرەکانیشدا هەیە کە بەهەستکردن بە مەترسیی مردن هەڵدێن.

لە هێندێ بابەتدا هاندەرەکانی ترس ئەوەندە توندن کە دەبنە هۆی لەکارکەوتنی سیستەمی بەرگریی جەستە و بوونەوەری ترساو بەجۆرێک وێستاو و نەبزوو (مێخ ڕێژکراو) دەبێ کە تەنیا چەک بۆ بەرگری لە خۆی لە هێرش نەکردن یان چاوپۆشی لایەنی بەرامبەریدا دەبینێ.

مرۆڤ بەشێوەی سروشتی بە توانایی ناسینی بەرەنجامەکانی مەترسی تەیارە و دەتوانێ بە کەڵکوەرگرتنی هەرچی زیاتر لە عەقڵ لە بەراورد لەگەڵ سروشتدا دەستی بە ڕێگەچارەگەلێک بگات بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەودا .

بەناسینی بەرەنجامەکان و هۆکارەکانی ترس، دەتوانین لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دۆخی ترسناکدادا، ئەو کاریگەرییانەی کە ترس لە دەروونی ئێمەدا پێکی دێنێ، لەناو ببەین.

هەزارنامەی کتێب

## دەروونناسی ترس

هێما و نیشانە "فیزیکی"یەکان ئاکامی زێدەبوونی دەردراوەکان لە بەشی هاودڵ (سەمپاتیک)ی سیستەمی دەمارییەوەیە. ئەم دەردراوگەلە دەبێتە هۆی چوونەوەیەکی دەمارەکانی پێست و دەمارەکانی دەروون کە ئەمە خۆی دەبێتە هۆی زیادبوونی هەناردنی خوێن بۆ ناو دڵ و ماسوولکەکان (زیادبوونی زەختی خوێن).

ترس هەروەها دەبێتە هۆی زیاتر لێدانی دڵ و توندتربوونی و هەروەها زێدەبوونی ڕادەی نەفەسکێشان (بۆ ناردنی ئۆکسیژنی زیاتر بۆ ماسوولکەکان). دنەدانی سەمپاتیک دەبێتە هۆی دەڵاننی (تەرەشوح) ئادرنالین لەتومۆری سەرگورچیلەوە کە ئەم دەردراوانە لە پاڵ هۆرموونەکانی تردا دەبێتە هۆی ئازادبوونی تا ڕادەیەکی زۆر و زەوەند گلۆکۆز لە جەرگەوە بۆ ناو جەریانی خوێن. ئەم ڕەوتە دەبێتە هۆی دروستبوونی وزە بۆ ماسوولکەکان.

کاتێک ئەم قۆناخە لە حاڵی تێپەڕین دایە، مرۆڤ هەوڵ دەدات خۆی بۆ بەرنگاریی ئامادە بکات و جەستەش لە هەوڵدایە بۆ ڕزگارکردنی خۆی لە برینە جەرگبڕە شیمانەییەکان. شانە (بافت) ماسوولکەییەکانی کۆتاییی ڕیخۆڵە و میزڵدان لە حاڵەتی هەڵپەسێراودا دەمێننەوە کە لە هێندێ بابەتدا دەبنە هۆی هاتنەدەرەوەی خۆنەویستانەی(غیرارادی) پیسی و میز.

مرۆڤ ئەم ئەزموونانەی تێپەڕاندووە و تەنانەت بۆ ئەوانەش دەستەواژە و چەمکگەلێکیشی دروست کردووە، وەکو "لە ترسا زاوڕم تۆقی"، "لە ترسا توکی جەستەم ڕەق بووە یان ڕاسبووەتەوە"، یان "لە ترسا خۆمم ...".

ڕاستییەکەی ئەمەیە کە مرۆڤ لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بارودۆخی ترسناکدا دەترسێ و خۆی دەدۆڕێنێ، بەڵام دەرکەوتنی هێماکان و نیشانەکانی ترس لە ڕوومەتدا، نابێ ببێتە هۆی شەرمەزاری لەبەرئەوەی ئەمانە نیشانەی کاردانەوەی دروستی ئەو واڕسکە (غەریزە) سروشتییانەیە کە بۆ بەرگری لە مرۆڤ کار دەکەن.

## زاڵبوون بەسەر ترسدا

ستراتیجی خەباتی ناتوندوتیژی پێویستی بەخواست و ویستی گشتییە و بۆ بەدەستهێنانی ئەم بابەتە هەموو خەڵک دەبێ بەسەر ترس و بەرەنجامەکانیدا زاڵ بن کە ئاکامی ئازاردانە توندوتیژانە و فیزیکییەکانە بۆ سەرکوتکردنی خەبات. بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئینسان بەسەر پاڵنەرەکانی ترسدا زاڵ بێت، زنجیرەی ئەو ڕووداوانە کە دەبنە هۆی پێکهاتنی ترس لە دەروونی مرۆڤدا لەناو دەچن. ڕەنگە ساکارترین و پاشکەوتووترین شێوازی بەرەنگاری لەگەڵ ترسدا، چاو نووقاندن لەسەر ڕاستییەکانی ناو کۆمەڵگە و هەڵهاتن لە بارودۆخی هەنووکە بێت.

بە بەکارهێنانی ئەم شێوازە، یەک بەیەکی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە وەکو ئەندامی تەنیا و پەرتەوازە، بەدوور لە هیچ یەککگرتنێک تەنیا شایەتحاڵی درێژەی دۆخی هەنووکە دەبن و بە خۆ دوورگرتن لە باسکردنی داخوازییەکان، لە هەر خەتەر و دۆخێکی ترسناکدا خۆیان دوور دەگرن. بەڵام لە درێژەی ئەم بەشەدا هەوڵ دەدەین تا بە خستنەبەردەستی شێوازەکانی زاڵبوون بەسەر ترسدا، دەرەتانی کەرەستەی بەرهەڵستکارییەکان پێک بێنین. هەڵبەت شیکردنەوەی ئەم خاڵە گرینگە کە مەبەست لە کەرەستەی دژایەتییەکان، ئامێر بەشێوەی مەدەنی و ناتوندوتیژانەیە.

ڕێگەچارەیەک کە هەوڵ دەدەین بیخەینە ڕوو، ڕێگەچارەیەک لەسە ربنەوای بەرنامەڕێژی ڕێک و پێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ترس و لەناوبردنی دنەدەرەکانییەتی تا بە پشتبەستن بە بەرنامەڕێژی، دوژمن لە پێکهێنانی هاندەرەکانی ترس ڕابگرین.

ئەم ڕێگەچارانە بە چڕبوونەوە لەسەر شێوازگەلێک گەڵاڵەکراون کە دەبنە هۆی کەمبوونەوەی پێشهات و ڕووداوگەلێک کە دەبنە هۆی هاتنەکایەی بارودۆخی تۆقێنەر و دڵەڕاوکێ هێنەر.

یەکێک لەو ڕێگەچارانەی کە دەبنە هۆی کەمبوونەوەی ترسی خەڵک لە هەنگامەی خەباتی جەماوەریدا، وردبوونەوە لە هەڵبژاردنی شوێن و کاتی کۆبوونەوەکاندایە. خاڵێکی تر ئەمەیە کە ڕێبەران و چالاکان، دەبێ لە ماوەی کۆبوونەوەکاندا بە بەهێزکردنی ورە و بردنەسەرەوەی هیوای سەرکەوتن و سەربڵیندیی خەڵکەوە خەریک بن و پێش لەوەی کە هێزە دژە شۆڕشەکان هێرش

بکەنە سەر کۆبوونەوەکان، بڵاوە بە خەڵکەکە بکەن.

یەکێکی تر لەو شێوازانەی بۆ خەباتی خەماوەری بەسوودە و بە کەمبوونەوەی ترسی جەماوەر یارمەتی دەدا، ئەمەیە کە هاوکات لە شوێنە جیاجیاکانی شاردا کۆبوونەوە بکرێ، تا لەم ڕێگاوە تواناییی هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم دابەش بێت و لە ئاکامدا هێزی سەرکوتگەری ئەوان کەم بێتەوە.

خافڵگیربوون زۆرجار دەبێتە هۆی ترسانن. ئامادەکردنی هێزە جەماوەرییەکان و بەهێزکردنی ورەی ئەوان بۆ خەبات لە خافڵگیربوون پێشگیری دەکات. ئەم ئامادەسازییە بریتییە لە وەبیرهێنانەوەی ئامانجەکانی خەبات بە خەڵک، دانی زانیاریی ڕێک و پێک لە ڕێژەی هێزەکانی پۆلیس بەوان، بەرنامەڕێژیی ڕێک و پێک بۆ دژکردەوە و دیاریکردنی کاتی پێویست بۆی و هەروەها بەڕێوەبردنی هێندێ پڕۆڤە پێش لە کۆبوونەوە. هەنگاوی لەباری ترئەمەیە کە بۆ خەڵک ڕوون بکرێتەوە کە لە ماوەی کۆبوونەوەکەدا، لەوانەیە ئەوان لەگەڵ هێزەکانی پۆلیسی دژە شۆڕشدا ڕووبەڕوو ببنەوە. تەنانەت لەم بارودۆخەدا باشتروایە کە دۆخی فیزیکیش بۆ ئەوان ڕوون بکرێتەوە؛ وەکو ئەوە کە لەوانەیە دەنگی وێکەوتنی شوشکە (باتون) لە کالان خراوەکان ببیسن و بریقەی سەرەنێزەی سەر چەکەکان ببینن. ئەم ڕیگەخۆشکردنە بە ئامادەبوونی زیاتری خەڵک یارمەتی دەدات. لە ماوەی کۆبوونەوە تێکەڵ بەڕێپێوانەکاندا خەڵک دەبێ بە دەستە و گرووپی جیاجیا دابەش و ڕێک بخرێن و چالاکیگەلێکی ڕوونیان پێ بسپێردرێ.

پێکهێنانی ڕێباز و ڕێ نیشاندەرێک بۆ یەک بەیەکی تاکەکان تا بزانن کە لە بارودۆخی تەنگژاویدا چۆن دەبێ کار بکەن، یەکێک لە هەنگاوە بنەڕەتییەکانی خەباتی جەماوەری بۆ زیاترکردنی تەکووزییە. چالاکییە گرووپی و هاوئاهەنگ کراوەکان بەتایبەت لە دۆخێکدا کە گرووپ لەژێر پاڵەپەستۆدایە، بەبێ بوونی تەکووزی و ڕێسا، کاریگەر نابن.

خەڵک دەبێ جیاوازیی نێوان کۆبوونەوەی کەسانی بێسەرەوپێ (هەڵقەتڕانێ) و کۆبوونەوەی ئەو خەڵکە بزانن کە هەوڵیان گەیشتنە بە ئامانجێکی دیاریکراو .

زەقترین نموونە لەم بوارەدا پڕۆڤەیەکە کە لە قوتابخانەدا بەناوی "مانۆڕی ئاگرکەوتنەوە" بەڕێوە دەچێ. لەم پڕۆڤەیەدا قوتابییان لە دەستەگەل دیاریکراودا ریز دەبن و بەرەولای دەرگاکانی ڕۆیشتنەدەرەوە و شوێنە بەربەتاکەکان ڕێنوێنی دەکرێن. لە یەک یان دوو خولەکدا نێزیکەی سەت قوتابی لە ئاگر ڕزگاریان دەبێ. لەم بارودۆخەدا مامۆستایان دەزانن کە بە چ شێوەیەک و لە چ کاتێکدا، چ کردەوەیەک دەبێ ئەنجام بدەن و قوتابییەکانیش لە ڕێنوێنییەکانی ئەوان پێڕەوی دەکەن. ئەم بارودۆخە لەگەڵ ئەو کاتانەدا کە ئاگرکەوتنەوە لە سینەماکان و گازتین (کلووپ)ەکاندا ڕوو دەدات، هەڵسەنگێنن؛ جەماوەر هاوکات لەگەڵ یەکتردا بەرەو لای دەرگاکانی ڕۆیشتنەدەرەوە هێرش دەبەن، لە ئاکامدا ڕێژەیەکی زۆر کەم سەرکەوتوو دەبن خۆیان ڕزگار بکەن و لە زۆر کاتدا

کەس رزگار نابێت و هەموو تاکەکان لەناو دەچن. ئاکام لێ وەرگرتن ساکارە؛ پێویستە ڕێبەران بەرنامەیەکی باش ئامادە بکەن و هەموو جەماوەری بەڕوونی لێ ئاگەدار کەنەوە و لە کاتی خەباتدا لە بەرەوپێشچوونی بەرنامەکەیان دڵنیا بن.

باوەڕبەخۆبوونی ڕێبەران دەبێتە هۆی زیادبوونی باوەڕبەخۆبوونی خەڵک و کاتێک کە خەڵک باوەڕبەخۆبوونیان بەدەست هێنا کەمتر هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکەن. تازەهاتووەکان دەبێ بەڕاهینانی باش بگەنە باوەڕبەخۆبوونی پێویست و بەگواستنەوەی ئایدیال و ئامانجەکانی خەبات بەوان و تێگەیاندنی ئەم بابەتە کە ڕێبەران بەدوای بەئاکام گەیشتنی داخوازییەکانی خەڵکەوەن، ئەنگێزەی تاکەکان بەرنە سەرەوە.

لێک تێگەیشتن، بیروڕاگۆڕینەوە و ڕاگەیاندن پێویستە بە باشی بەڕێوە بچێ. بۆ نموونە ئەگەربێتوو یەکێک لە ڕێبەرانی خەبات بڕیار بدات تا لە سەفی ئەوەڵی خۆپێشاندانەکاندا بوونی نەبێت، پێویستە بەئاگەداری دیتران بگەیەنێ و هۆکارەکەیشی شی بکاتەوە تا پێش لە خراپ تێگەیشتن بگیردرێت (ئەو دەتوانێ بەڕوونی بڵێ، ئەگەربێتوو لە سەفی ئەوەڵدا بم لە ڕەوتی گشتی خەبات دوور دەکەومەوە و ناتوانم بە باشی لەگەڵ ڕێبەرانی تردا پێوەندی بگرم و هاوئاهەنگی و هەنگاوی پێویست بۆ پێشگرتن لە زەرەر و زیانەکان هەڵێنمەوە. ئێمە ئامانجی خەبات دەزانین و بە یارمەتی یەکتر بەئاکامی دەگەیەنین).

ڕێبەران سەرەڕای ئەوە کە شێوازی کردەوە و مەترسییەکانی خەبات بۆ خەڵک شرۆڤە دەکەن، پێویستە هۆی سەرەکیی کۆبوونەوەی سیاسی و ئامانج لە ئالوگۆڕ و چاکسازیی سیاسیی پێویستیش بۆ ئەوان شی بکەنەوە؛ وەکو ئەوە کە ئەم کردەوە تایبەت و کاتییە چۆن لەگەڵ ستراتیجیی گشتی و ئامانجی سەرەکیی خەباتدا پێوەندی هەیە و هەروەها خەڵک ئاگەدار بکەنەوە کە هەڵوێستە چکۆلە و کاتییەکان بۆ هاندانی تاکەکانی تر بۆ پێوەستبوون بە خەباتە و بەم هەنگاوە دیتران تێ دەگەن کە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سەرەڕۆییدا مەحاڵ نییە.

لە ڕەوتی بەرنامەڕێژیی خەباتی ناتوندوتیژیدا، ڕێبەران دەبێ هۆکارگەلێک بناسن کە دەبنە هۆی پێکهاتنی هەستی تەنیایی و نائومێدی لە خەڵکدا؛ بۆ نموونە لە بەرپاکردنی کۆبوونەوەکاندا، خەڵک دەبێ شانبەشانی یەکتری و لە نێزیک یەکترییەوە بن و ورەیان بەرز بێتەوە. خەڵک دەتوانن بەگرتنی دەستی یەکتری بەشێوەی زنجیرەیی (یەک لەشۆن یەک) و بەخوێندنی گۆرانی و سروود ئەم هەستە بەهێز بکەن کە بەتەنیا نین.

لەبەرکردنی جلوبەرگی یەکرەنگ یان کەڵکوەرگرتن لە هێندێ لە هێماکان، لەباری دەروونییەوە ورەی ئەو خەڵکەی کە بە ئایدیال و بیروڕا و بڕیاری هاوبەشەوە پێوەست بوونەتە خەباتی ناتوندوتیژییەوە ، دەباتە سەرەوە.

یەکێکی تر لە بابەتە جێی سەرنجەکان، هەڵسەنگاندن و بەرنامەڕێژی هۆکارگەلێکە کە دەبێتە

هۆی کەمبوونەوەی ترس و بەرەنجامە خراپەکانی لەناو ئەو هێزانەی لە دەرەوەی خەباتدان. پۆلیس و هێزە ئەمنییەتییەکان پێویستە ئاگەدار بینەوە کە ئەم ڕێپێوان یان کۆبوونەوەگەلە، ناتوندوتیژانەیە و هیچ مەترسییەک بەرۆکی ئەوان ناگرێت.

بۆ نموونە هەڵسوکەوتی دۆستانە، ڕوومەتە ڕووگەشەکان و وتووێژە خۆمانییەکان لەگەڵ هێزە ئەمنییەتییەکاندا زۆر کاریگەرە و بەم شێوە وشەکان و دروشمەکان لە کردەوەدا دێنە دی. ئەو تاکانەی کە لە ڕێگەی خزمایەتیی، هاوڕێتی یان پێگەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هێزەکانی پۆلیسدا ئاشناترن، دەتوانن لە سەفی یەکەمدا دابنرێن تا بە هێزە ئەمنییەتییەکان بسەلمێنن کە هیچ هەڕەشەیەکی فیزیکی و توندوتیژانە لە گۆڕێدا نییە. دەبێ زۆر ئاگەدار بن کە هیچ کەسێکی چەکدار (تەنانەت ئەگەر مەبەست و نییەتێکی تایبەتیشی نەبێت) لەناو ئەو کەسانەدا کە کۆبوونەتەوە نەبێت، لەبەرئەوەی بوونی ئەم کەسانە و هێندێ لە چالاکییە شیمانەیییەکانی ئەوان لەوانەیە ببێتە هۆی مەترسیداربوونی بارودۆخەکە و سەرهەڵدانی پێکدادانی توندوتیژانە. جا بۆیە هەموو تاکەکان پێویستە لەگەڵ ئامانجی سەرەکیی خەباتی ناتوندوتیژیدا بەدەستهێنانی سەرکەوتن دوور لە توندوتیژی ئاشنا بن.

لە زۆربەی کاتەکاندا، دەستپێکردنی پێکدادانی فیزیکی هەر چەند بەرتەسکیش، لەلایەن خۆپێشاندەرانەوە بەهانەیەکە بۆ هێزە ئەمنییەتییەکان کە دەست بدەنە کوتەک کاری و جوێن پێدان بەخەڵک. لە هێندێ بابەتیشدا، هێزە ئەمنییەتییەکان بە هەناردنی هێندێ لە هێزەکانی خۆیان بەشێوەی ناشناس بۆ ناو ریزی خۆپێشاندەران، دژ بە هێزە ئەمنییەتییەکان توندوتیژی دەنوێنن تا لەم ڕێگاوە بۆ سەرکوتی خوێناوی بەهانە دروست بکەن.(١)

لە هەرحاڵدا لە هێندێ بابەتدا کە هێزە ئەمنییەتییەکان دەستەوداوێنی شێوازی توندوتیژانە دەبن و پێکدادانی فیزیکی دێتە ئاراوە، پێویستە بەرنامەیەکی تۆکمە و ڕێک و پێک بۆ پشتیوانی لە بریندارەکان و ئازارپێگەیشتووان هەبێ. هەروەها پێویستە لە پێشدا، دەستە و گرووپگەلی پزیشکی و دەرمانیش بۆ بەئەنجامگەیاندنی یارمەتییە سەرەتاییەکان لە بەرچاو گیرابێت.

وەبیرهێنانەوەی ئەم ڕاستییە کە هەنگاوی پێویست بۆ پشتیوانیکردن لە خۆپێشاندەران لە بەرچاو گیراوە، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی وڕەی ئەوان، بەڵام نابێ تا ئەم ڕادە بەم بابەتە گرینگی بدرێ کە لەناو خەڵکدا هەستۆکی (حەساسییەت) و ترس بنێتەوە و ئاکامی پێچەوانەی لێ بکەوێتەوە.

باشتر وایە هەر تاکێک جلێکی سپی خاوێنی هەبێ تا وەکو نەوارپێچ (باند) لە کاتی پێویستدا بەکاری بێنێ و هێندێ دەرمانی سەرەتاییشی پێ بێ. بۆچی جلی سپی؟ لەبەرئەوەی بە خوێناوی بوون لە وێنەدا باشتر دەردەکەوێ و بۆ سوود وەرگرتنە دەروونی پڕوپاگەندەیییەکان کارامەیی باشتری هەیە.

هەواڵنێرانێک کە لە زیان پێگەیشتوان وێنە دەگرن لە ڕاستیدا پردی پێوەندی نێوان خەباتگێڕان و ڕاگەیەندنە گشتییەکانن. وێنەیەک لە بریندارەکان دەتوانێ خەبات بە سەتان ملیۆن کەس لە هەموو دنیادا بگەیەنێت و ئەوان بۆ پشتیوانیی جیهانی لە خەبات دەعوەت بکات. خەڵک دەبێ لەم دەرفەتانە، بۆ ئاشناکردنی خەڵکانی تر لەگەڵ ئامانج و ئایدیالەکانی خەباتی ناتوندوتیژانەی خۆیان کەڵک وەرگرن.

هەرکەس دەبێ ئەرکێکی دیاریکراوی لە بەرامبەر ڕووداوە شیمانەییەکاندا هەبێ و فکری خۆی بۆ ئەنجامدانی گرێ بدات.

پێویستە ڕێبەران جەخت لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی تاکەکان بکەنەوە، لەبەرئەوەی وردبوونەوە لەسەر ئەرکەکان و وردبینی لە بەئەنجام گەیاندنیاندا، شیمانەی ترسانی تاکەکان لە ڕووبەڕووبوونەوە، بیستن یان دیتنی نیشانە نەناسراوەکان کەم دەکاتەوە. لە بەرچاوگرتنی چکۆلەترین خاڵەکانیش یارمەتی بە کەمبوونەوەی ترس و کۆنترۆڵکردنیان دەدات. (نموونەی قوتابخانەکە وەبیر بێننەوە) پێویستە هێندێ لە تاکەکان ئەرکی هاوئاهەنگی و پێکهێنانی پێوەندی لە نێوان سەف (ڕیز)ە جیاجیاکاندا بەڕێوە ببەن، پێویستە هێندێکیش هێماکان و نیشانە ڕەمزییەکان پێشان بدەن. هەروەها گرتنی پلاکارت لە بەرامبەر ڕوخساردا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ترس، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی ئەوە کە لە بەرچاودا نەبێت، پێویستە هێندێ لە تاکەکانیش بە کۆکردنەوەی هەواڵ و نووسینی ڕاپۆرتەوە خەریک بن. هێندێکیش خەریکی دابەشکردنی ئاو لە نێوان خۆپێشاندەراندا بۆ پێشگرتن لە لاوازی و کەمبوونەوەی تاقەت و وزەی خەڵک بن. پێویستە کەسانێکیش ئەرکی ئامادەکردنی دروشمەکان، سروودەکان و دەسپێکردنی ئەوانەیان لە ئەستۆ بێ.

لە ڕوانگەی تاکەکەسیشەوە هۆکارگەلێکی سۆزداریش هەن کە یارمەتی بە کەمبوونەوەی ترس دەکەن وەکو قبووڵکردنی ئەمە کە ترس دیاردەیەکی سروشتییە و ئەزموونکردنی نیشانەی لاوازی و داماوی نییە، بگرە کارێکی ئاساییە؛ یان باوەڕ بەمە کە ئامانجەکانی خەبات نرخی بە گیان کڕینی مەترسی هەیە و ئەم مەترسیانە دەبێتە هۆی پتەوتربوونی بەڵێنەکان. خاڵێکی تر دەروەستیی ئاکاری لە بەرامبەر بەڕێوەبردنی ئەرکێکدایە کە بە تاک ئەسپێردراوە، ئەم دەروەستییە دەبێتە هۆی وەرەپێدان بەو.

هەروا کە هەستی نەتەوایەتی لە پێکدادانە نیزامییەکاندا دەبێتە هۆی گیانبازی، بێ باکی و نەترسی، لە خەبات بۆ دیموکراسی و حکوومەتی یاساشدا وەفاداری بە ئامانجە گشتییەکان، خۆشەویستی بۆ ئازادی، بەرابەری و یەکسانی و داهاتوویەکی باش بۆ هەمووان دەبێتە هۆی کردەوەگەل دلێرانە، بێ باکی و گیان فیدایی.

هەولێرمەی کتێب

# دەسەڵاتی
# کۆمپانیا گەورەکانی جیهان

فلۆریان هاسل

## کۆمپانیاکان چارەنووسی ئابووریی جیهان دیاری دەکەن

١٣٠٠ کۆمپانیا کۆنترۆڵی چواریەکی - ئابووریی جیهان دەکەن. لەوەش زیاتر، ئەم کۆمپانیایانە لە ناوەخۆی وڵاتدا، هەژمونی خۆیان بەسەر ئابووریی نیشتمانیدا دەسەپێنن.

ئەم لێکۆڵینەوەیەش کاریکی هەروا ئاسان نەبوو بۆ Ste- James Glattfelder, Stefano Battiston fania Vitali، کە لە پەیمانگەی زیوریخ Zurich ,Technischen Hochschule (ETH) in کاردەکەن. ئەم پسپۆڕانە دەیانوویست بەشێوەیەکی تەواوەتی و"کۆنکرێتی" ژمارەی تەواوەتی دەربخەن، بۆ ئەوەی بزانن کە رۆڵی کۆمپانیا ناونەتەوەیەکان Transnationale*، کە پێکەوە تۆڕێکیان لە نێوان خۆیان دروست کردووە و هەژموونی خۆیان بەسەر ئابووریی جیهاندا سەپاندووە.

بۆ ئەوەی بەم ئامانجە بگەن (واتە رۆڵی کۆمپانیاکان بزانن... وەرگێر) Glattfelder (کە خۆی پسپۆڕێکی فیزیکییە) و هاوڕێکانی پشتیان بەکۆمەڵێک داتای بانکی بەستووە، لەوانە:

ئاماری رێکخراوی هاریکاریی ئابووری و گەشەپێدان کەبە (OECD) ناسراوە. لەم ئامارەدا پشتیان بەلیستی کۆمپانیاکانی جیهان بەستووە، کە ژمارەیان دەگاتە ٤٤ ملیۆن کۆمپانیا لە جیهاندا. جێگەی گوتنە پسپۆڕە سویسرییەکان پشتیان بەو لیستانە بەستووە، کە ساڵی ٢٠٠٧ لەم رێکخراوەدا هەبوون، لەو داتانەدا ٣٧ ملیۆن کۆمپانیای گرینگی و بڕیاردەری تێدا بووە. بەپێچەوانەی شرۆڤەکانی کۆواری ئابووریی ئەمەریکایی فۆرتونە Fortune، کە ئەوان تەنیا لە لیستەکەیاندا ناوی ٥٠٠ کۆمپانیای گەورەیان دابوو.

پسپۆڕە سویسرییەکان هەوڵیان داوە لەم لێکۆڵینەوەیدا، رۆڵی کۆمپانیا گەورەکان بەسەر

..........

وەرگێرانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

کۆمپانیا بچووکەکان دیاری بکەن و چەندیش بەشیان لەم کۆمپانیایانەدا هەیە دەربخەن.

لەلایەکی تریشەوە پسپۆڕە سویسرییەکان لەبارەی چەمکی دەسەڵاتی ئابووری، پشتیان بە تیۆرییەکەی فەیلەسووف و سۆسیۆلۆجی گەورەی جیهان " ماکس ڤیبەر " بەستووە.

ماکس ڤیبەر لەم بارەیەوە دەڵێت:

(دەکرێت تاک لەناو ئابووریی کۆمپانیایەکدا، ئیرادەی خۆی بەسەر کۆمپانیا دژەکانی تردا بسەپێنێت)

لەیەکەمین وتاری ڕێکخراوی (The Network of Global Corporate Control) هەمان ڕاستی دەردەخات، کە پسپۆڕە زیوریخەکان (سویسرییەکان) پێی گەیشتبوون. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە: کە باسی ٤٣٠٦٠ کۆمپانیای گەورە کردبوو، ١٣١٨ کۆمپانیای گەورە، هەژموونی خۆیان بەسەر پێنج یەکی ١/٥ ی ئابووریی جیهانیدا هەیە. ئەمانە لە ڕێگەی سەرمایەی کۆمپانیاکەی خۆیان و هەروەها پشکەکانیان کە هەریەکەیان پشکی لە ٢٠ کۆمپانیای گەورەی تری جیهان هەیە.

ئەم دەستەپژێرەی (نوخبە) ئابوورییە، کە لووتکەی هەموو کۆمپانیا گەورەکان دەگرێتە خۆی، ژمارەی ١٤٧ کۆمپانیایایە. ئەمانە نەک چارەنووسی خۆیان بەڵکە چارەنووسی ٤٠٪ی ئابووریی جیهان دیاری دەکەن و بڕیاری لەسەر دەدەن. جێگەی گوتنە لە ریزی پەنجا کۆمپانیا گەورەکانی جیهاندا، کۆمپانیایBarclays بەریتانی، کە گەلە کۆمپانیایەکی مالییە*، پلەی یەکەمی هەیە.

دیارە لەم لیستەدا کۆمەڵێک کۆمپانیای تری تێدایە لەوانە: گەلە کۆمپانیای ئەکسا"Axa"ی فەرەنسی. گەورە بانکی سویسری ئو بی ئێس (UBS) هەروەها گەلەکۆمپانیاکانی Giganten Merrill Lynch und Goldman کە لە بۆرسەی نیویۆرکدا چالاکن و کاری بۆرسەیی دەکەن. هەروەها بانکی ئەڵمانی Deutsche Bank کە پلەی ١٢ی لەم لیستەدا هەیە. هەروەها گەلە کۆمپانیای ئەلیانسی ئەڵمانی Allianz، کە کۆمەڵێک کۆمپانیای بواری گرەنتی " تأمین"، پلەی ٢٤ یان لەم لیستەدا هەیە. بەڵام لە هەمووی سەیرتر کۆمپانیای Capital Groupی ئەمەریکاییە کە لە بواری دارایی دا کار دەکات، پلەی دووەمی لەم لیستەدا هەیە. لە کاتێکدا زۆر کەس ئەم کۆمپانیایە ناناسێت.

دیارە ئەم کۆمپانیایانە تەنیا بەشێوەیەکی ئاسایی بەیەکەوە نەبەستراون، بگرە لە ڕێگەی قەرز و گرەنتی قەرزکردنیشەوە پێکەوە بەستراونەتەوە. ئەم پێوەندییەش ئاسایی نییە. لەلایەکی ترەوە، ئەم پێوەندییە توندوتۆڵە یان بڵێین کارتێل**ش دەتوانێت نەک تەنیا کێبرکێی ئابووری و داهێنان نەهێڵێت، بگرە ئەم تۆڕی پێوەندییە ناهێڵێت کە کۆمپانیاکان لە کاتی تەنگژەی ئابووریدا تووشی بارێکی دژاوار و ترسناک بن. هەروەک پسپۆڕانی ڕێکخراوی ETH دەڵێن: (ئەم تۆڕە لە کاتە خراپ و کێشەدارەکاندا، پتەوتر دەبێت)

لە ڕاستیدا بەرئەنجامەکانی ئەم پسپۆڕانەش ڕاست دەرچوون. لەناو ئەو کۆمپانیایانەی کە ساڵی ٢٠٠٧ ناویان لەناو لیستی پەنجا کۆمپانیاکاندا هەبوو، گەلەکۆمپانیای ئەمەریکایی Lehmann Brothers بوو. ئەم کۆمپانیایە زیاتر لە بواری مالی و بۆرسەدا کاری دەکرد و پلەی ٣٤ لەناو لیستەکەدا هەبوو. هەر ئەم کۆمپانیایە بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا نابووت بوو، بەمەش تەنگژەیەکی گەورەی ئابووری، تووشی جیهان کرد.

گەورە کۆمپانیاکان لە بانکی UBS سویسرییەوە بیگرە هەتا دەگاتە SociétéGénérale فرەنسی و تا گەلەکۆمپانیای Lloyds-Gruppe هەتا دەگاتە کۆمپانیای Barclays بەریتانی، هەموویان پێوەندییان بە کۆمەڵێک کۆمپانیاوە هەبوو، کە نابووتیان کرد یان لەلایەن دەوڵەتەوە پارەیان پێ درا بۆ ئەوەی بەردەوامی بە کارەکانیان بدەن. هەروەها هەندێکی تریان توانییان لە ڕێگەی سەرمایەگوزاریی بێگانەوە، گیانی خۆیان لە تەنگژە ئابوورییەکە ڕزگار بکەن، بۆ نموونە کۆمپانیای Barclays بەریتانی توانی لە ڕێگەی (پارەی شێخە فەرمانڕەواکانی ئەبوزەبی) یەوە خۆی ڕزگار بکات.

بەڵام هەندێکی تریان لە ڕێگەی قەرزدان بە وڵاتانی بێگانەوە، تووشی جۆرە لەرزینێک بوون، بۆ نموونە بانکیSociétéGénérale فرەنسی، لە ڕێگەی قەرزدان بە وڵاتی یۆنان " کە تا لووتکەی قەرزدارە" ئەم بانکەی تووشی لەرزین کردووە.

## دەسەڵاتی کۆمپانیا گەورەکان نارووخێت

پسپۆڕەکان خۆیان بە کۆمەڵێک پرسیارەوە خەریک کردووە، لەوانە:

چۆن لەناو ئەم گەلەکۆمپانیایانەدا بڕیار دەدرێت؟ چ کەسێک خاوەنی بڕیاری کۆتاییە؟ چۆن کۆنترۆڵی تەواوەتی بازرگانی دەکەن؟ ئەمە و کۆمەڵێک پرسیاری گرینگی تر.

بەڵام ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە، دەسەڵاتی گەلەکۆمپانیاکان لەسەر سەرمایەی خۆیان و ئابووری گشتی نیشتمانی، کەس ناتوانێت بیڕووخێنێت. هەموو ئەمانەش تێکەڵاوییەکی زۆریان بە دەسەڵاتی سیاسییەوە هەیە.

لە ئەمەریکادا کۆمپانیای Goldman Sachs لە ڕێگەی کارمەندە کۆنەکانییەوە، توانی لۆبییەکی گەورە لەناو حکوومەت و کۆنگرێس و وڵ ستریتدا دروست بکات، کە بەشێوەیەکی تەواوەتی کۆنترۆڵی پایە سەرەکییەکانی ئابووریی وڵات بکات و نەهێڵن هیچ بڕیارێک لە دژی بەرژەوەندیی خۆیان دەربچێت. بۆ نموونە:

کاتێک سیاسەتێکی ریفۆرمی لەلایەن بەڕێوەبەری پێشووی بانکی فیدراڵی Paul Volcker هاتە ئاراوە، کە داوای دەکرد سیاسەتێکی بانکی توند دابنرێت و یاسایەک بۆ شێوەی قەرزدان و گرەنتی دابنرێت، کە دوور بێت لە ریزیکۆ (مجازەفە)، ئەمانە توانییان ئەو سیاسەتە پووچەڵ

بکەنەوە و ئەو ریفۆرمە سەر نەگرێت.

جێگەی گوتنە لە ئینگلتەرا و ئەڵمانیا و سویسراش، بەهەمان شێوە کۆمپانیا گەورەکان دەسەڵاتێکی زۆیان بەسەر ئابووری وڵاتەوە هەیە.

## ڕاکردنی کۆمپانیا گەورەکان لە پێدانی باجی گشتی لە ڕێگا گواستنەوەی پارەکانیان بۆ دەرەوەی وڵات

خاڵێکی تر کە ناتوانرێت برووخێت، ئەویش دەسەڵاتی کۆمپانیا گەورەکانە لە ڕێگەی خۆدزینەوە لە پێدانی باجی گشتی لە وڵاتەکەی خۆیاندا، ئەویش لە ڕێگەی گرتنە بەری کۆمەڵێک شێوازی ساختە و دزی، بۆ ئەوەی قازانجەکانیان بنێرنە دەرەوەی وڵات. بەداخەوە کۆمپانیا ئەمەریکاییەکان لە ڕیزی پێشەوە دێن.

بۆ نموونە پێش پەنجا ساڵ، کۆمپانیاکان ڕێژەی ٣٠٪ ی داهاتی حکوومەتیان پێک دەهێنا، کەچی ساڵی ٢٠٠٩ تەنیا ڕێژەی ٦,٦٪ یان پێک دەهێنا.

ساڵی ٢٠١٠ ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردەوە، کە کۆمپانیای General Electric جەنەڕال ئەلکتریکی ئەمەریکایی دەبووایە تەنیا لەسەر ئەو ٥ ملیارد دۆلارەی کە قازانجی کۆمپانیاکە بووە باج بە حکوومەت بدات، کەچی پاشان بەهۆی کۆمەڵێک شێوازی تایبەتەوە، توانییان نەک باج بدەن بە حکوومەت، بگرە لە حکوومەتەوە ٣ ملیارد دۆلاریشیان وەرگرت.

دیارە ئەمەش هەموو لە ڕێگەی ئەو تۆڕی لۆبیستانەوە دەکرێت، کە کۆمپانیاکان هەیانە.

کۆمپانیاکان لۆبییەکی گەورەیان هەیە کە پێک هاتووە لە: کارمەندە کۆنەکانی وەزارەتی دارایی و کارمەندەکانی دائیرەی باجی گشتی و هەروەها جگە لەمانەش، کۆمەڵێک خەڵکیان لەناو لیژنە گرینگەکانی کۆنگرێسدا هەیە.

بەپێی ئەو لیستەی کە پسپۆڕە سویسرییەکان کردوویانە (جگە لە China Petrochemical کۆمپانیای نەوتی چینی)، هەموو ئەو ٥٠ کۆمپانیا گەورانەی جیهان لە وڵاتانی " ئەمەریکا، یەکەتی ئەورووپا و ژاپۆن" پێک دێن. دیارە گەرپسپۆڕە سویسرییەکان پشت بە ئاماری ئەمڕۆ ببەستن، ناوی کۆمپانیا و وڵاتەکان دەگۆڕێت. بۆ نموونە ئەمڕۆ لە لیستی ٥٠٠ کۆمپانیا گەورەکانی جیهان، کۆمپانیای Sinopec کە کۆپانیایەکی حکوومی چینە و کۆمپانیای نەوتی چینی China Petrochem-ical، لە پلەی ٥ و ٦ەمی لیستی کۆمپانیا گەورەکانی جیهاندان.

لەلایەکی ترەوە، ئەمڕۆ کۆمپانیا چینییەکان دەستیان کردووە بە کڕینی کۆمپانیاکانی جیهان، بەتایبەت لە وڵاتانی (ڕووسیا، بەرازیل، هیندستان، عەرەبستانی سعوودی). جێگەی گوتنە ئەم وڵاتانەش بە وڵاتانی گەشەسەندووی ئابووری دادەنرێن.

بەپێی بۆچوونی پسپۆڕە سویسرییەکان، حکوومەت ناتوانێت هیچ کۆنترۆڵی ئەو کۆمپانیا گەورەکان بکات. لەلایەکی ترەوە پێ دەچێت لە داهاتوودا ئەو ٥٠ کۆمپانیایەی ئەمڕۆی جیهان کە هەموویان کۆمپانیای تایبەتی یان گەلەکۆمپانیای دارایین، لەگەڵ کۆمپانیا حکومییەکانی وڵاتانی تر تووشی کێبڕکێیەکی گەورە ببنەوە.

## دە کۆمپانیا گەورەکەی جیهان

١- کۆمپانیای Barclays بەریتانی. لەبواری دارایی دا کار دەکات.

٢- کۆمپانیای Capital Groupی ئەمەریکاییە. لە بواری دارایی و بۆرسەدا کار دەکات.

٣- کۆمپانیای FMR ئەمەریکایی. لە بواری گرەنتی (تأمین) کار دەکات.

٤- کۆمپانیای ئەکسا "Axa" ی فرەنسی. لە بواری گرەنتی کار دەکات.

٥- کۆمپانیای State Street Corporation ئەمەریکایی.

٦- کۆمپانیای JP Morgan Chase ئەمەریکایی.

٧- کۆمپانیای Legal&General بەریتانی.

٨- کۆمپانیای Vanguard ئەمەریکایی.

٩- بانکی ئو بی ئێس (UBS) سویسری.

١٠- کۆمپانیای Merrill Lynch ئەمەریکایی.

مەڵبەندی کتێب

سەرچاوە: ڕۆژنامەی ڤێلتی ئەڵمانی

Florian Hassel.Macht der Grosskonzerne.www.Welt .de.25.10.2011

پەراوێز

* واتە ئەو کۆمپانیایانەی کە سنووری وڵاتی خۆیان بەجێ هێشتوە و لە چەندان وڵاتی جیهاندا چالاکیی ئابووریيان هەیە و تەنیا موڵکی یەک وڵات نین.

* مەبەستم لە گەلەکۆمپانیا واتە تەنیا یەک کۆمپانیا نییە بگرە کۆمەڵێک کۆمپانیا لەخۆ دەگرێت... وەرگێڕ.

** کارتێل دەستەواژەیەکی نێگەتیڤی ئابوورییە، مانای ئەوەیە کە کۆمەڵێک کۆمپانیا پێکەوە ڕێک دەکەون، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بازاڕ بکەن. ئەمەش لە ڕووی یاسایی ئابوورییەوە قەدەخەیە.

# حیکایەتی شاجوانەکانی جیهان

ئامادەکردنی شێرزاد هەینی

شاجوانەکانی جیهان یان شاژنی جوانانی سەر ئەو خاکە، جوانەکانی هەموو وڵاتانی جیهان مێژوو و حیکایەتی خۆیان هەیە و سەرەتا دەستنیشانکردنی شاژنی جوانی بە جوانیی ئاکار و چاو و ئەبرۆ و بەژن و کەمەر بووە، بەڵام لەو ساڵانە هەڵبژاردنەکە مەرجی تری تێ دەکەوێت، وەک ئاستی رۆشنبیری، جوانی هەڵسوکەوت و کەسایەتیی سەنگین، کە لەگەڵ جوانییەکە بەیەکەوە دەبنە تەواوکەر بۆ دەستنیشانکردنی شاژنی جوانەکانی جیهان.

سەرەتا ئەو پرۆسەیە لە ئەوروپا بووە، لە ساڵی ١٨٣٩ لە سکۆتلاندا بە ئامادەبوونی دەوڵەمەند و نەجیبزادەکان ئەو پرۆسەیە کراوە، ئیتر لەو ساڵەدا خاتوونێک بە ناوی (جورجینا شیریدان) وەک یەکەمین شاژنی جوانی دەستنیشان کراوە، ئەویش هاوسەری یەک لە نەجیبزادەکان و خوشکی رۆماننووس خاتوو (کارولین نۆرتۆن) بووە. بەڵام دەستنیشانکردنی یەکەمین شاژنی جوانی لە ئەمەریکا لە ساڵی ١٨٥٤ بووە، بەڵام خەڵکەکە و لەسەر پێشنیازی کەسێک بە ناوی (بی. تی. بارمان) بیرۆکەی هەڵبژاردنەکە، لەبەرئەوەی جۆرێکە لە ریسواکردنی کەسایەتیی مێینە چیی تر نەکراوە و هەڵوەشاوەتەوە.

ئەوەی جێگەی رامان بووە ئەو پیاوە هەڵبژرادن و پێشبڕکێی جوانترین سەگ و پشیلە و باڵندە و منداڵی لا ئاسایی بووە، بەڵام بۆ ژنانی پێ رەوا نەبوو، ئیتر لە ئەمەریکا و لەسەر پێشنیازی ئەو پیاوە پرۆسەکە نەماوە، بەڵام لە ئەوروپا بەردەوام بووە، چەندان پێشبڕکێی کراوە بەتایبەتی لە بەلجیکا. کە لە ئەمەریکا پێشبڕکێیەکە نامێنێت رۆژنامەکان لەلایەن خۆیانەوە هەڵبژاردنەکە دەکەن و وێنەی جوانەکانیان بڵاو دەکردووە و خوێنەرانیش بڕیاری خۆیان لەسەر جوانی نازدارەکان داوە و زۆرترین دەنگیش براوەکەی دەستنیشان کردووە. بەو شێوەیە پێشبڕکێیەکە دەمێنێتەوە تا لە ساڵی ١٨٨٠ لەسەر کەناری ویلایەتی دیلاویر و بە جلی مەلەوانییەوە لەگەڵ ئاهەنگەکانی هاویندا

پێشبڕکێیەک ساز کرایەوە. بۆیەش پرۆسەکە بەردەوام دەبێت و دەگاتە ئەتلانتیک ستی لە ویلایەتی نیوجیرسی و گالفیستۆن لە ویلایەتی تکساس، کە تێدا دەیان ژنی نازداری هەموو ویلایەتەکانی ناو ئەمەریکا بەشدارییان کردووە.

لە ساڵی ١٩٢٦ گالفیستۆن دەبێتە بارەگای سەرەکی پێشبڕکێیەکان بۆ هەڵبژاردنی شاژنە جوانەکان، لەو ساڵەدا کیژانی بەریتانیا و رووسیا و تورکیا و چەندان وڵاتی تر بەشداری دەکەن، بەڵام دووبارە لەبەر گرژییە ئابوورییەکەی ساڵی ١٩٣٢ پێشبڕکێیەکەدا دەوەستێت. کە شەڕی دووەمی جیهانی تەواو دەبێت دەیان پێشبڕکێ بۆ دەستنیشانکردنی شاژنە جوانەکان لە هەموو ویلایەتەکانی ئەمەریکا دەکرێت. لە ساڵی ١٩٥١ یەکەمین پێشبڕکێی جوانەکان لەلایەن (ئێریک مورلی) لە بەریتانیا دەکرێت، ئیتر لە ساڵی پاشتر پێشبڕکێیەکە دەبێتە پرۆسەیەکی جیهانی، لە ساڵی ١٩٦٠ ئەو پرۆسەیە بە شێوازێکی نوێ ساز دەکرێت، لە ساڵی ٢٠٠١ بە گۆڕانێکی زۆرەوە بەرنامەکە دەکرێتەوە.

لەگەڵ سازکردنی پێشبڕکێیە دەولییەکە، چەندان شاژنی جوانی تر هەڵدەبژێردرێت لەوانە شاژنی جوانییەکانی ئەوروپا، ئاسیا، ئۆقیونوسەکان و ... لە ساڵی ١٩٥١ تەماشاکەرانی پێشبڕکێیەکانی شاجوانەکان لە یارییەکانی سپۆرت زۆرتر دەبێت، وەک یارییەکانی جامی جیهانی و ئەوروپایی، هەر لەو ساڵەوە دەنگۆی ئەوە پەیدا دەبێت کەوا نێزیکەی دوو ملیار کەس لە سەرانسەری دنیا سەیری بەرنامەکانی پێشبڕکێیەکە دەکەن.

## ئەلکسندریا میلز

ئەوەی شیاوی باسە یەکەمین ژنە نازداری هەڵبژێردراوی شای جوانان، کیژێکی سویدی بووە، کە ناوی (کیکی هاکونسۆن) ی لەدایکبوونی ساڵی ١٩٢٩ بوو، ئەویش یەکەم و دوا شاژنیش بوو کە بە جلی سەردەریاوە تاجەکە وەردەگرێت و لەسەر دادەنرێت، بەڵام دوا نازداریش کە ئەو نازناوەی بەرکەوتووە کە لە خولی شێستەمینەوە کرابوو، ژنە ئەمەریکاییەک بوو، ئەویش ناوی (ئەلکسندریا میلز)ی لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٢ بوو. ئەوەی جێگەی رامان بوو کەس بیری لە یەکەمبوونی ئەو ژنە نەدەکردەوە، چونکە ئەو لە وڵاتەکەی خۆشی نازدارێکی نەناسراو بوو، هەروەها ئەو لەگەڵ هەڵبژاردنە سەرەتاییەکانیش ناوی نەبوو، زۆرتر بیر لە شاجوانی نەرویج دەکرایەوە، کەوا ئەو تاجە بکاتە سەر بۆ ئەو ساڵە. کە قسەیان لەگەڵ ئەلکسندریا کردووە، ئەوەی تازە لە قۆناخی ئامادەیی دەرچووە، ئەو وتوویەتی من بەو ئەنجامە و دەرچوونم لەو پێشبڕکێیەدا بۆ منیش جێگەی سەرسامی بوو، هەرگیز بیرم لەوە نەکردیتەوە.

ئەو خوازیارە ببێتە مامۆستا، زۆریش شەیدای وێنەگرتن و گەشت و سەیران و موزیک و گۆرانی و مودەشە، دروشمی ئەویش لە ژیاندا ئەوەیە، هەموو ئەو شتانە جوانن کە چاوەڕوانی بکەیت و کۆششی بۆ بکەیت و بڕواش وا بێت کەوا لە دەستت دەربازی نابێت و هەر دەگاتە ناو

دەستت. ئەو لە بەرنامەی دایە لە مانگی یولیۆدا گەشتێک بۆ چەند وڵاتێک بکات و تا ساڵەکەی تەواو نەکردووە زۆرترین وڵات بگەڕێت، تا ئێستاش سەردانی ئوستراليا و چین و کۆریا و ماليزيا و فلیپین و سەنگافورە و ترینیدادی کردووە، دیارە کەوا ئارەزوومەند و پەرۆشە بگاتە زانکۆ و خوێندنەکەی تەواو بکات.

ئەوەی شیاوی باسە زۆر لە خەڵکەکە وایان دەزانی کەوا ئەو شۆخە لە هەڵبژاردنی شارەوانییدا ئەگەر بەشداری بکات دەیتوانی سەرۆکایەتیی شارەوانی لویزفیلی ویلایەتی کنتاکی بباتەوە، بەڵام ئەو وتبووی من بە کەڵک ئەو پۆستە ناهێم. خەڵکەکەش نازناوی (کنتاکی فراید تشکین) یان لەو شۆخە نابوو، چونکە ئەویش خەڵکی ئەو ویلایەتە بووە، ئەویش بەپێکەنینەوە وەڵامی خەڵکەکەی داوەتەوە و وتوویەتی:

من دە ساڵە گۆشتی مریشکم هەر تامیش نەکردووە، لەبەرئەوەی من خۆم کەسێکی رووەکیم و گۆشتم نەخواردووە!

ئەوەی شایانی باسە ئەلکسندریا یەکەمین ژنە ئەمەریکاییە پاش هاووڵاتییە ئەمەریکاییەکە جینا تۆلسۆن بەرکەوتووە کە ئەو نازناوەکەی ساڵی ١٩٩٠ بردووە.

## کین ئالدورینو

لە رۆژی ٢٧ی مانگی یونیۆی ساڵی ٢٠٠٩ ئەو نازناوی شاجوانی جەبل تاریقی بەرکەوتووە، (کین ئالدورینو) لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی دوایی کە لە جۆنهانسبیرگی باشووری ئەفریقیا لە رۆژی ١٢ی مانگی دیسمبەردا ساز کرابوو ئەو وەک یەکەم ژنی نازداری جەبل تاریق ئەو نازناوە جیهانییە بەدەست دەهێنێت.

ئەویش وەک هاووڵاتییانی جەبل تاریق هەردوو زمانی ئینگلیزی و ئەسپانی قسە دەکات، پێش ئەوەی ببێتە شاجوانی ساڵی ٢٠٠٩ ئەو ماوەی پێنج ساڵ لە بەشی پێوەندییەکانی گشتیی نەخۆشخانەی سان بیرنارد لە جەبل تاریق کاری کردووە. کە هەواڵەکە لەو ناوچەیە بڵاو دەبێتەوە هاووڵاتییان لە خۆشییان دەرژێنە ناو شەقامەکان، بەو بۆنە مەزنە ئاهەنگی تایبەتی ساز دەکەن، کە هەرگیز ئاهەنگی وایان بەخۆیانەوە نەدیبێت، لەناو شەقامەکاندا رێپێوانی شادومانی دەکەن و ئاسمانی شارەکەیان دەکەنە یەکپارچە ئاگری جوانی، بۆیە سەرۆک وەزیرانی جەبل تاریق (پیتر کاروانا) ئەو بۆنەیە بە بۆنەیەکی مەزن بۆ هەرێمەکەیان رادەگەیەنێت.

حکوومەت لە بەیانێکی فەرمی پێشوازیکردنی شاجوانی جیهان بۆ وڵاتەکەیان رادەگەیەنێت، فەرمانیش دەدات کە ئەو دەگاتە فڕۆکەخانەی جەبل تاریق لە شێوازێکی شاهانە پێشوازی بکرێت، سواری هەمان ئۆتۆمۆبێل بکرێت کە زووتر ئەمیرە دیانایان سوار کردبوو کە لەگەڵ ئەمیر شارلزی جێنشینی مەملەکەتی بەریتانی هاتبووە ئەو هەرێمە بۆ بەسەربردنی مانگی

هەنگوینییەکەی خۆیان. هەر لەو بەیانەدا حکوومەت داوای لە هەموو کۆمپانیا و دەزگا بازرگانییەکان کردبوو کارەکانیان لە پاش سەعات چواری ئێوارە هەتا سەعات حەوت رابگرن، ئەوەش ئامادەییەک بێت تا هەموو کارمەندەکانی ئەوانیش بۆ باشترین پێشوازی لە شاجوانییەکەیان ئامادە و ساز بن. کاروانی پێشوازییەکەش بە تیمی نیشتمانی و موزیکی هەرێمەکە دەبێت کە جوانترین ئاوازیان دەژەنی کە لە بۆنەی هەڵبژاردنی جوانییە جیهانییەکەیان بوەشێتەوە.

کێن ئالدورینو وەک هەر میوانێکی سیاسیی گەورەی جیهانی، یان وەک سەرکردەیەکی ناوداری میوان لەسەر بالکۆنی تەشریفاتی بارەگای حکوومەت رووبەڕووی خەڵکەکە دەبێتەوە، ئێوارەکەش هەر بە بۆنەی گەڕانەوەی شاجوانەکەیان ئاسمانی دەربەندی جەبەل تاریق بە ئاگری جوانی دەڕازێنەوە کە بۆ هاتنەوەکەی تەقێنرانەوە. لەگەڵ ئەوەی شاجوانەکە زۆر ئارەزوومەندی سپۆرت بووە و رۆژانە مەشقە وەرزشییەکانی کردووە، ئەو ئەندامێکی کارای تیمی نیشتمانی سەمای مێللییش بووە، کە لە نواندنی سەمای چەندان وڵاتانی ئەورووپایی بەشداری کردووە، لەوانە پاڵەوانیەتیی سەمای میللی کە لە شاری ریسای ئەڵمانی لە ساڵی ٢٠٠٨ ساز کردبوو، کە تێدا تیمەکەی ئەوان ژمارە حەڤدەیان بەرکەوتبوو.

## کسینیا سوخینوفا

کسینیا سوخینوفای لەدایکبووی ٢٦ی مانگی ئۆکستی ساڵی ١٩٨٧ بە شاجوانی رووسیای ساڵی ٢٠٠٧ هەڵدەبژێردرێت، لەبەرئەوەی خوێندنی زانکۆی هەبووە، نەیتوانیبوو لە پێشبڕکێی جیهانییەکە بەشداری بکات، ئەو خوێندنی سیستەمی زانیارییەکان لە زانکۆی تایمین بۆ گاز و پیترۆڵ لە سیبیریا دەخوێنێت، بۆیە دەستەخوشکە رووسییەکەی کە ژمارەی یەکەمی پاش ئەو هەبووە، بەشداری دەکات، لەوێ ڤیرا کاراسۆفا پاش شاجوانەکە کە کیژێکی وڵاتی فەنزەویلا تاجەکە وەردەگرێت ئەو پلەی سێیەم بەدەست دەهێنێت. کسینیا لە رۆژی ١٣ی مانگی دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٨ و لە پێشبڕکێیەکەی کە لە جوهانسبیرگی باشوور ئەفریقیا تاجی شاجوانییەکەی جیهانی وەردەگرێت، پاشان وەک شاجوانی ئەورووپا و شاجوانی نمایشکەرانی فایشن وەردەگرێت. لە دیمانەیەکی میدیایی ئەو وتبووی من شانازی بەوە دەکەم کەوا توانیومە ئەو نازناوە بەرزە و ئەو دیارییە ناوازەیە بۆ رووسیا بهێنمەوە، ئەوەش دەکەمە دیاری بۆ هەموو هاووڵاتییانی وڵاتەکەم بەتایبەتی بە داپیرەکەی خۆم.

کیژە نازدارەکەی رووسیا هیوادار بوو بتوانێت رووی رووسیا لەسەر ئاستی جیهان شکۆدار بکات و وێنەکەی نازدار نیشان بدات، کە کیژێکی رووسی توانیویەتی هەموو رەوشتە جوانەکان و چەشە بەرزەکە و کامەرانییەکانیان بە جوانییەکەی ئاوێتە بکات، ئەو هیواشی بەرزە بتوانێت ئەو تاجە بەردەوام وەربگرێتەوە و ماوەیەک زۆر لەلای ئەو بمینێتەوە تا بتوانێت لە بوارەکانی

خێرخوازی لەسەر ئاستی جیهانی کار بکات. ئەو کیژێکی سپۆرت بووە و لە منداڵییەوە وەک وەرزشوانێکی پلە یەک یاری کردووە و لە یاری جمباز و ڕۆیشتنی خێرا و مەلەوانی هەر لە منداڵییەوە پێشەنگ بووە و هەر لەو بوارانەش ماوەتەوە. هەڵمەتی پڕوپاگەندەکەشی لەلایەن شاجوانی ساڵی ١٩٩٢ بووە، ئەویش هاووڵاتییەکی ڕووسی بووە بە ناوی جولیا کوروتشکینا.

## ڤیتنامییەکان ناڕازی بوون

لە یادی شێست ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوی شاجوانانی جیهان کە دەکاتە ڕۆژی ٩٢ی مانگی یولیۆ، بەو بۆنەیەوە لە لەندەن ئاهەنگێکی مەزن ساز دەکرێت و تێدا شاجوانی ساڵی ٢٠١١ی تێدا هەڵدەبژێرن، ڕێکخراوەکە بۆ سازکردنی بەرنامەکەی خۆی هەر لە ڕێکەوتی ٣٠ی مانگی ئۆکتۆبەر لە شاری سانیای چینی دەستیان بە سازییەکانیان کردبوو، کە تێدا بڕیار بوو شاجوانی جیهانی ساڵی ٢٠١٠ی لێ هەڵبژێرن، لەوێ شۆخە ئەمەریکاییەکە ئەلکسندریا میلزی تێدا دەستنیشان کرا، کەواتە ئاهەنگەکە و سازییەکان نۆ مانگی خایاندبوو.

بڕیار وابوو پێشبڕکێی شاجوانانی جیهانی ساڵی ٢٠١٠ لە وڵاتی ڤیتنام بکرێت، بۆیەش ڕێکخراوەکە پارچە زەوییەک بە ڕووبەری ٣١ هکتار بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی گەشتیاری دەکرێت کە تێدا نیشتنگەیەکی تایبەت بەو بۆنەی لەسەر ساز بکرێت، بەڵام خەڵکی ناوچەکە بە بیانووی زیان گەیاندن بە ژینگە ناوچەکە ناڕەزایی دەدەنە حکوومەت، چونکە بەوەیان خەڵکێکی زۆر ناچار دەکرێن لەو دەڤەرە بار بکەن، لەبەرئەوەی ئاستی بژێوی خەڵکەکە لەو ناوچەیە بڵند دەبێت، ئەوەش کاردانەوەی نەگەتیڤی لەسەر هاووڵاتییانی دەڤەرەکە دەبێت.

پاش دانووستانێکی زۆر و ئاخاوتنی حکوومەت لەگەڵ خەڵکەکە، حکوومەتی ڤێتنامی بەناچاری داوای لێبووردن لە ڕێکخراوەکە دەکات، ئەوانیش بە ناچاری چالاکییەکە و پێشبڕکێیەکە دەگوازنەوە وڵاتی چین، بەڵام لیژنە دەولییەکە هێشتا هیوای ماوە بتوانێت لە ساڵانی داهاتوو ئەو پیشبڕکێیە لەو وڵاتە بکاتەوە، بە مەرجێک ئەستەنگەکان نەمینێن.

## شاجوانی ساڵی ٢٠٠٧

شاری سانیای چینی لە ڕێکەوتی ١ ی مانگی دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٧ هاوکات لەگەڵ میوانداریکردنی یارییە ئۆلۆمپییەکانی جیهان پێشوازی لە خولی حەفتا و پێنجی پێشبڕکێی شاجوانی جیهان دەکات، کە تێدا ١٠٦ کەس لە سەرانسەری جیهان بۆ بردنەوەی ئەو نازناوە و وەرگرتنی تاجەکە بەشداری دەکەن. لەو ماوەیەدا شاجوانەکان سەردانی ئەو دروستکراوانەی دەکرد کە بۆ ئۆلمپییەکان ساز دەکران، لەگەڵ ئەوانەش شاجوانەکانی جیهان سەریان لە شوێنە

گەشتیارییەکان و مێژووییەکانی ئەو وڵاتە دێرینە دەدا. لەو خولەدا وەک خولەکانی تری ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٧ نەبوو، کە شاجوانەکان لەسەر ئاستی هەرێمی دابەش بکەن و ئیتر لەناو ئەو دەستانەوە پێشبڕکێیەکە دەست پێ دەکات، بگرە هەموویان بەیەکەوە بۆ دەستنیشانکردنی دە جوانەکە مانەوە، کە تێدا تاجەکە بەر یەک جوان وەک شاجوان دەکەوێت. ئامادەکارانی پرۆسەکە و کەسە شارەزاکانی ئەو پێشبڕکێیە کیژەکان و پرۆسەکەیان بۆ پێنج کەرت دانابوو، وەک دەرکەوتن لەسەر کەنارەکان، وەرزش، مۆدە و فایشن، لەگەڵ رادەی بەهرەی بەشداربووەکان، ئیتر لە کۆتاییدا مەرجی جوانی دانرابوو، لەبەرئەوەی پێشبڕکێیەکە زۆر توند و ئاڵۆز بووبوو، بۆیە دەستەی سەرپەرشتیکارەکە ناچار دەبێت ژمارەکەیان لە دە کەس بکاتە شازدە شاجوان، لەناو ئەوانەدا هەڵبژاردنەکە دەست پێ دەکات.

## سروودی مەشخەڵی ئۆڵمپی

هەموو شاجوانەکانی بەشداربوو لەو پێشبڕکێیەی کە لە چین دەکرا بەشداری دەکەن لە وتنەوەی سروودە تایبەتییەکەی هەڵگیرسانی مەشخەڵەکەی ئۆڵمپی وەک هێمایەک بۆ هاوکاری لیژنەی ئۆڵمپی چینی و لیژنەی شاجوانەکانی جیهان کە ژمارەیان ١٠٦ کیژ بوو، سروودەکە بۆ یەکەم جار لە دوارۆژی دەستنیشانکردنی جوانییەکانی ساڵی ٢٠٠٧ وترایەوە.

رۆژی پێشبڕکێیەکە هاوکات بوو لەگەڵ رۆژی جیهانی بۆ وریاکردنەوەی مەترسییەکانی نەخۆشیی ئایدز، هەر بەو بۆنەیەش لە هەموو کەناڵەکانی دنیا وتارێکی تۆمارکراوی نیلسۆن ماندیلایان لەسەر مەترسییەکانی ئەو نەخۆشییە خوێندەوە، هەر لەو بۆنەیەش ماندیلا کیژ و نەوەیەکی خۆی وەک بەشداربووێک ناردبووە ناو تیمە میللییەکەی باشووری ئەفریقیا کە لەوێ نمایشێکی میللییان کردبوو.

هەولێر کتێب

## زهانگ زیلین

لە کۆتاییی پرۆسەکەدا، شاجوانی چین بە شاجوانی جیهان هەڵدەبژێردرێت، تاجەکە لەسەر زهانگ زیلین دادەنرێت، ئەو لەدایکبووی ٢٢ ی مارسی ساڵی ١٩٨٤ و لە شاری شیزیانگی هەرێمی هیبی لەدایک بووە، لەبەرئەوەی دایک و باوکی کاری فێرکردنیان کردووە، بۆیەش ئەو لە خوێندن سەرکەوتوو دەبێت. کە ماڵیان دەچێتە پەکین لەوێ ئامادەیی تەواو دەکات و لە زانکۆی پەکین زانست و تەکنەلۆجیا دەخوێنێت و لە ساڵی ٢٠٠٢ بڕوانامە لە ئیدارەی کار وەردەگرێت و وەک سکرتێرێک لە کۆمپانیایەکی گەورەی پێتەختیش دادەمەزرێت.

لەگەڵ ئەوەی ئەو نازدارە لە خوێندن پێش دەکەوێت، لە بواری وەرزشیش ئاستی بەرزی هەبوو، ئەو لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە لە تیمەکانی قوتابخانەکەیان بەشدار بووە، لە پازدانی سێ هەنگاودا سەردەکەوێت و لەلایەن راهێنەری بەتواناوە مەشقی قورس دەکات، لە خولی یارییەکانی

ئۆڵمپیش مەدالیای زێڕ لە پازدانی سەر موانعی سەت مەتری وەردەگرێت. لە ڕۆژانی خوێندنی زانکۆش لە دوا ساڵیدا چەندان مەدالیای سەرکەوتنی سپۆرت وەردەگرێت.

## فایشن

لە ساڵی ٢٠٠٣ زیلین بەشداری دەکات لە پێشبڕکێی شاجوانی ئاژانسێک بە ناوی (ڕێگاکەی ئاوریشم) بۆ دروستکردنی جلی ژنانە و سازکردنی نمایشەکانی فایشن، لەوێ ئەو ناوداریيەکی زۆر بەدەست دەهێنێت و لەناو دە کەسەکەی پێشەوە دەمینێتەوە. سەرۆکی وەکالەتەکە زۆر ئەوی بە دڵ دەبێت و هیوادار دەبێت ئەو لە داهاتوو ببێتە یەکێک لە باشترین نمایشکەری فایشن، ئیتر لەو ڕۆژەوە ئەو بەشداری هەموو فایشنە جیهانییەکان دەکات و لە شارەکانی پاریس و لەندەن و نیویۆرک و بەرلین دەردەکەوێت. لە ساڵی ٢٠٠٦ دەبێتە یەکێک لەو دە کەسەی بەهرەداترین نمایشکەری فایشن لە فیستیڤاڵەکانی چینی دەولی بۆ فایشن و کولتووری چینی. لە ساڵی ٢٠٠٧ ئەو بەشداری دەکات لەو نمایشەی دەزگای جیورجیو ئەرمانی ناودار بۆ مۆدەی پایزی و زستانی کە لە پێتەختی فرەنسی کردبوویان. زیلین هەمان ساڵ بەشداری دەکات لە فیستیڤاڵی ئاژانسی ڕێگا ئاوریشمە چینیەیەکەش.

زهانگ زیلین کە باڵاکەی ١٨٢ سنتیمەتر بوو، بەوەش ئەو درێژترین شاجوانی بەشداربووی ساڵی ٢٠٠٧ دەبێت. زیلین گۆرانییە تایبەتیەکەی یارییەکانی ئۆڵمپی هاوینی ساڵی ٢٠٠٨ بە ناوی پەکین بەخێرهاتنتان دەکات دەڵێتەوە. لەو پێشبڕکێیەدا کە زیلین تاجەکە وەردەگرێت، لە هەڵبژاردنە سەرەتاییەکان و کۆتاییەکەش دە ناوبژیکەر و دادوەری بە ئەزموون بەشداری دەکەن، لەوانە سێ کەسیان لە بەریتانیا و دوویان لە چین بووە، لە وڵاتانی ئیتاڵیا و باشووری ئەفریقیا و ئەمەریکا و ئیرلەندا و ئۆکرانیاش بەیەک کەس بەشدارییان کردبوو. پاش ئەوەی لە خولەکانی ڕابردوو بەشدارییان نەکردبوو، ئەو وڵاتانە دووبارە لە خولی پەنجا و حەوت بەشداری دەکەنەوە، سورینام، سیرالیون، گرینادا، بیلیز، لیتوانیا، باراگوای، ئەلبانیا، نیوزلاند، ئۆگەندا. ئەو وڵاتانەش لەو پێشبڕکێیەدا کشانەوە، فیجین ئایلاندی ئەمەریکایی، باربادوس، فیرجن ئایلاندی بەریتانی، تایبیە، گویمزی، مالاوی و سویسرا.

لە ڕۆژی ١٠ی مانگی دیسمبەری ساڵی ٢٠٠٥ سەتان ملیۆن بینەر لە سەرانسەری دنیا چاویان بڕیبووە شاشەی تەلەڤزیۆنەکان تا وردەکاری پێشبڕکێی شاجوانی جیهان ببینن کە لە سالۆنی تاجی جوانی لە شاری سانیای چینی ساز کرابوو، ئەو شارەی کەنارەییەی کە ١٠٢ شاجوانی بۆ خولی پەنجا و پێنجی پێشبڕکێیەکە میوانداری کردبوو. لەگەڵ لیژنەی بڕیاردەر نۆ کۆنە شاجوانی لەگەڵ سەرۆکی لیژنەکە خاتوو جولیان مورلی بەشدارییان کردبوو. لەو خولەدا بینەرانیش مافی ئەوەیان هەبوو دەنگی خۆیان بۆ شاجوانی جیهان بدەن.

پاش هاوێرکردنی دەنگی خەڵکەکە کە بە نامەی ئەلکترۆنی و تەلەفۆنی دەنگی خۆیان دابوو،

لیژنەکە سەرەتا دەستە خوشکی یەکەمیان دەستنیشان کرد کە شاجوانی وڵاتی مەکسیک بوو، ئەویش شاجوان دافنی مۆلینا بوو، دەستەخوشکی دووەمیش شاجوانی بورتو ریکو ئەنگرید ماریا ریفیرا بوو، ئینجا لە کۆتاییی شاجوانی جیهان بەر شاجوانی ئیسلاندا ئۆنور بیرنا دەکەوێت.

## ئۆنور بیرنا

ئۆنور لە ریکیافیکی پێتەختی ئیسلاند لە رۆژی ٢٥ی مانگی مایوی ساڵی ١٩٨٤ لەدایک بووە، لەو کاتانەی ئەو تاجەکە وەردەگرێت خوێندکاری زانکۆ بووە و بەیەکەوە زانستی ئەنترۆپۆلۆجی و یاسای دەخوێند، هاوینەکەش لە کاتی پشوودانیش بەخۆرایی وەک پۆلیسێک لە فرۆکەخانەی پێتەختەکەیان کاری دەکرد.

ئەگەرچی ئەو خوێندکار بووە، بەڵام وەک راهێنەری سەما و سپۆرتی پلە یەک کاری کردووە، بەردەوامیش یاری خلیسکاندنی سەربەفر و ئەسپسواری و شاخەوانی کردووە و زۆر باشیش پیانۆی ژەنیوە و گۆرانی وتووە و لەسەر شانۆش نواندنی کردووە. ئەو پاش شاجوانی ساڵی ١٩٨٨ لیندا بیتور و هولفر کارلی شاجوانی ساڵی ١٩٨٥ سێیەم هاووڵاتیی ئیسلاندا بووە تاجەکەی لەسەر کراوە.

لەبەرئەوەی وادەی پێشبڕکێی داهاتوو چەند مانگێک پێش دەخەن، بۆیە ساڵەکەی تەواو ناکات و لە مانگی سێپتەمبەری ساڵی دوایی تاجەکە لەسەر شاجوانێکی تر دادەنرێت.

## جوانییش بە رەچەڵەکە

ئەوەی شایانی باسە، شاجوانەکەی ساڵی ٢٠٠٥ بەرێکەوت دەبێتە کیژی ئونور ستایسۆنە کە لە ساڵی ١٩٨٣ بەشداری ئەو پێشبڕکێیەی دەکات و لە ئەنجامدا دەگاتە دوا پلەکانی هەڵبژاردنەکە. لەناو تۆمار و ئەرشیڤی لیژنەکەی ساڵی ١٩٨٣ دەردەکەوێت کەوا شاجوانەکە ئاوس بووە و سکی سێ مانگ بووە و ئەوەش پێچەوانەی مەرجەکانی ئەو پێشبڕکێیە کەوا نابێ کەسیان کۆرپەیان لە سکدا بێت، ئەوەش دیارە پاش چەند مانگێک دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی نەک نابێ ئەوانە ئاوس بن نابێ شوویان کردبێت.

زووتر دایکی ئەو شاجوانە لە پێشبڕکێی شاجوانە هەرزەکارەکان کە لە مانیلای پێتەختی فەلپینی ساڵی ١٩٨٠ بەشداری کردووە، لەوێ لە لقی ئەو پێشبڕکێیە بە ناوی شاجوانی دۆستایەتی یەکەم دەبێت، هەروەها ئەو لە پێشبڕکێی جیهانی جوانی ساڵی ١٩٨٣ بەشداری کردووە. ئەو ١٠٢ شۆخەی بەشدارییان لەو پێشبڕکێیەدا کردووە لەسەر سێ پێشبڕکێی لاوەکی کۆششی بردنەوەیان کردووە، لەوانە جوانی سەر کەنار و جوانی بەهرەکان و جوانیش لە پێناوی کارە خێرخوازییە مرۆییەکان.

شاجوانی رووسیا لە جوانییەکەی سەرکەنارەکە یەکەم دەبێت، شاجوانی فیرجن ئایلاندی

ئەمەریکاییش لە جوانی بەهرەکان و شاجوانی کۆریاش لە جوانی لە پێناوی چاکە و مرۆڤایەتی یەکەم دەبێت. هەر سێ لەو شۆخانەش دەگەنە دوا قۆناخی پێشبڕکێی شاجوانی جیهان.

## لیژنەی ناوبژیوان

لیژنەی ناوبژیوانەکەش لە چەند دادوەر و ناوبژیوانی تایبەت بەو پێشبڕکێیە لەگەڵ نۆ شاجوانی ساڵانی پێشوو، کە لەو ساڵەدا ئەوانە بەشدارییان کردووە پێک دەهێنرێت: جولیا مۆرلی سەرۆکی لیژنەی رێکخراوی شاجوانی جیهان، دینیس بیریێر شاجوانی جیهانی ساڵی ١٩٥٣ فرەنسا، ئان سسیدنی شاجوانی جیهانی ساڵی ١٩٦٤ بەریتانیا، لوسیا بیتریل شاجوانی جیهانی ساڵی ١٩٧١ بەرزایل، فیلینلیا میرسید شاجوانی جیهانی ساڵی ١٩٧٥ بورتوریکو، ماریاسیلا ئالفاریز شاجوانی جیهان ساڵی ١٩٨٢ دومینیکان، جولیا کوروتسکینا شاجوانی جیهان ساڵی ١٩٩٢، دیانا هایدن شاجوانی جیهان ساڵی ١٩٩٧ هیندستان، ئاگبانی داریگۆ شاجوانی جیهان ساڵی ٢٠٠١ نایجیریا، ئازرا ئاکین شاجوانی جیهان ساڵی ٢٠٠١ تورکیا.

## کورتە زانیاری

لە خولی پەنجا و پێنج هەردوو شاجوانی هەردوو وڵات مەنگۆلیا و مارتینیک بۆ یەکەم جار بەشداری دەکەن لە پێشبڕکێی شاجوانی جیهان.

هەتا چین داوەتی خولی ٥٥ ی شاجوانانی نەکردبوو، شاجوانەکەی هەرگیز نەگەیشتبووە دوا قۆناخەکانی کۆتایی.

ساڵانە جۆرەها شاجوانی جیهانی و ناوەخۆیی لە وڵاتەکان ساز دەکرێت، هەموویان لەسەر بنچینە و مەرجی ئاکار جوانی و جەستە ناسکی و نازداری بووە، بەڵام لەو ساڵانەی دوایی دەستنیشانکردنی شاجوانی جیهان مەرجی رۆشنبیری و رەفتار شکۆداری و کەسایەتیی پایەدار هاوشانی مەرجی جوانی بووە بۆ شاجوانی جیهان.

ئاساییە ئەگەر هەر کەسێک پرسیار لەوە بکات جیاوازی لە نێوان شاجوانی جیهان و شاجوانی کەون چییە، ئەدی کەونیش بە مانا تەسکەکەی هەر جیهان نییە، وەڵامەکە سادە و ئاسانە، لەبەرئەوەی هەڵبژاردنی شاجوانی جیهان دۆزینەوە و دروستکراوێکی بەریتانییە، بۆیەش ئەمەریکاییەکان تا وەڵامی ئەو رامانە بدەنەوە و ئەوەش لە بن دەستی بەریتانییەکان دەربهێنن و جوانییەکە بکەوێتە ناو دەستی ئەمەریکاییەکان و بۆیەش پێشبڕکێی کەونیان دانا. ئیتر ئەو پرۆسەیە بە چەندان ناو لە چەندی شوێن کراوە و لە ساڵی ١٨٣٩ بەو ناوانە هەبووە.

لە ساڵی ١٩٥١ بزنسمانێکی بەریتانی بە ناوی ئیریک مۆرلی بۆ دەستنیشانکردنی شاجوانێک پێشبڕکێیەکی لە لەندەن ساز کردووە، بۆ ساڵی دوایی کۆمپانیایەکی ئەمەریکایی فایشن بۆ جلی ژنانە و لە ویلایەتی کالیفۆرنیا یەکەمین پێشبڕکێی کەونی ساز کردووە. لەو ساڵەوە ئەو پرۆسەیە

کراوە و چەند ناوێکی هەبووە و هەندێ جاریش لە ئۆقیانووسەکەی ئەتەلەسیش دەپەڕێتەوە تا گەورە مولّکداری ئەمەریکایی دونالد ترامب لە ساڵی ١٩٩٦ هەموو ڕێکخراوەکانی ئەو پێشبڕکێیانە دەکڕێت و کۆیان دەکاتەوە.

سەرەتا خاوەنە نوێیەکە بارەگای ڕێکخراوەکە لە لۆنگ بیتشی کالیفۆرنیا دەگوازێتەوە نیویۆرک، کە خۆی هەموو کارەکانی لەوێ بوو، ئینجا کارەکە بە ڕێنوێنی چەند کەسانی شارەزا و لێزان دەسپێرێت.

لە ساڵی ١٩٥١ کە یولاند بیتبیز ئەو تاجە وەردەگرێت ئەو قبووڵ ناکات لەسەر کەنار وێنەی بە جلی مەلەوانی بگرن کە لەلایەن کۆمپانیای کاتالینا دیزاین بۆ کرابوو، ئەوانیش سپۆنسەری سەرەکی پیشبڕکێیەکە بوون، بۆیەش کۆمپانیای پاسیفیک میلز کە سپۆنسەرێکی تری ئەو چالاکییە بوو، ئەوانیش لەو کارە دەردەچن و خۆیان بە تەنیا پێشبڕکێیەک بە ناوی شاجوانی کەون ساز دەکەن.

لە ساڵی ١٩٥٢ یەکەمین پێشبڕکێی کەون لەسەر کەنارەکانی لۆنگ بیتش لە کالیفۆرنیا ساز دەکرێت، کە تێدا شاجوانی فنلەندی ئارمی کۆسیلا دەستنیشان دەکرێت، بەڵام ناتوانێت مەرجەکانی دەستەکە تا سەر رابگرێت، بۆیە ئەو دەستبەرداری تاجەکەیان دەبێت، مەرجەکەی ئەوانیش ئەوە بوو کەوا ناکرێ شاجوانی کەون هەتا یەک ساڵ شوو بکات، دیارە ئەویش بەرگەی چاوەڕوانییەکەی نەکردبوو.

ئەو پێشبڕکێیە چەندان گۆڕانی سادەی بەسەردا هاتووە، وەک ماوەیەک دە شاجوان بۆ کۆتاییەکانی پێشبڕکێیەکە دەمانەوە، پاشان دەبێتە پازدە، دوازدە و پێنج، ئیتر ژمارەکان بەو شێوەیە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ئەوە و گۆڕانی سادەی تریش کراوە، وەک ڕاگەیاندنی ناوی شاجوانە یەکەمەکان و ئەوەش چەند هەفتەیەک بەر لە ڕۆژی دیاریکراودا بووە، ئینجا دەگۆڕدرێتەوە بۆ ڕۆژی پێشبڕکێیەکە. سەبارەت بە جلی شاجوانەکە چەند جار ئەوەیان گۆڕاوە، شاجوانەکان لە ڕۆژی دەستنیشانکردنەکە بە جلی سەردەریا و جلی شەوانە بوون و ئیتر بەو شێوەیە گۆڕاوە.

## بڕگەی پرسیارەکان

لەو ساڵانەی دوایی بڕگەیەک لە مەرجەکانی بردنەوە زیاد دەکرێت، ئەویش یەک پرسیار لە شاجوانەکە دەکرێت ئەگەر بە باشی و بە خێرایی وەڵام بداتەوە ئەوا دوا مەرجەکانی دەستبەر دەکات و تاجەکە دەباتەوە، ئەوەش زیاتر بۆ وروژاندن بووە.

لە ساڵانی سەرەتای دەستپێکردنی پێشبڕکێیەکە پرۆسەکە یەک مانگی دەخایاند و لە دوارۆژی مانگەکە ئەنجامە کۆتاییەکە دەردەچوو، بەڵام لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ماوەی

مانگەکە دەکەن دوو بەش، هەر بەشە و دوو هەفتە دەبێت و چالاکییەکان و مەشق و بەرنامەکان بەو شێوەیە دەکرێت تا دوارۆژ تاجەکە لەسەر شاجوانە هەڵبژێردراوەکە دادەنێن. ئەوەی دەبێتە شاجوانی جیهان دەبێت لەو ساڵەدا گەشتی جیهانی بکات و دەیان وڵات ببینێت و پەیامە جوانەکەی بگەیەنێت و ئامۆژگاری و رێنوێنییەکان دژ بە نەخۆشییەکان و مەترسییەکانی ئایدز و کۆشش بۆ بەرقراربوونی ئاشتیی جیهان رابگەیەنێت. لەوەتی رێکخراوی پێشبرکێیەکە بوویتە موڵکی دۆنالد ترامب شاجوانەکە مافی ئەوەی هەیە ماوەی شاجوانییەکەی لە شوقەیەکی نازداری ناو تاوەری ترامبی بەناوبانگی نیویۆرک بمینێتەوە و لەوێ بژیت.

لەگەڵ ئەوەی شاجوانەکە تاجەکە وەردەگرێت هەردوو دەستەخوشکەکەی لەو پێشبرکێیەدا واتە دووەم و سێیەمیان خەڵاتیان هەیە و خاوەن جوانترین پۆشاک و جوانترین وێنە و کەسایەتی بە هەیبەتی کۆمەڵایەتی بەشداربووش خەڵات دەکرێن.

رێکخراوەکە کۆشش دەکات رووبەری بەشداربووان زۆرتر بکات و هەموو ئاستی جیهان بگرێتەوە و لە ناوچەگەریی دەربازی ببێت، بەڵام دیارە کەوا هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکیش بەربەستن لە بەشدارییەکان وەک نەبوونی بیمەی تایبەت، لەبەرئەوەی بەشداربوون لە هەڵبژاردنی شاجوانی کەون پارەی زۆرتری دەوێت. لەوانە چوار وڵات توانیویەتی بەردەوام ساڵانە بەشداری بکات، ئەویش کەندا و ئەمەریکا و ئەڵمانیا و فرەنسایە، بەڵام وڵاتانی تر بەشداربوونەکانیان بە گوێرەی رەوشی ئابوورییانەوە بووە.

یەکێکی تر لە ئاستەنگەکانی بەشداریکردن مەسەلەی تەمەنە، کەوا رێکخەری پێشبرکێی شاجوان مەرجی تەمەنی هەیە، کەوا نابێ کیژەکە تەمەنی لە بنەوەی هەژدە ساڵییەوە بێت. لە ساڵی ٢٠٠٢ تاجەکە کە هێمایەک بوو بۆ هێز و جوانی کە لەسەر وێنەی ئەژدیهایەک کرابوو، تاجەکە پێنجسەت پارچە ئەڵماسی تێدا بوو کە کۆی گرانییەکەیان دەگەیشتە سی قیرات، هەر پارچەیەکیش لە سێ هەتا هەشی ملم دەبوو. بەهای تاجەکەش دەگاتە چارەگە ملیۆن دۆلارێک، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە تاجەکە بە هەزار و سێسەت و حەفتا و یەک پارچە گەوهەر دەرازێتەوە، کە کۆی گرانییەکەی دەگاتە ٤١٦ قیرات، لەگەڵ بوونی ٥٤٠ گرام لە پلاتین و زێری سپی عەیار ١٤ و ١٨ قیراتی.

لە ساڵی ١٩٢٦ یەکەمین جار وشەی شاژنی جوانی کەون بەکار هاتووە، ئەوەش بەشێکە لە پێشبرکێی جوانی کە ناوە لاتینییە کۆنەکەی پۆلکریتیود هاتووە ئەوەش مانای جوانیی جەستە و جوانیی ژنەکە دەگەیەنێت. لە ساڵی ١٩٥٥ بۆ یەکەمین جار پێشبرکێی کەون و پێشبرکێی شاجوانی هەرزەکارەکان کە لە یەک رۆژ دەکرا لە تەلەڤزیۆن نیشاندرا، کەناڵی سی بی ئای هەموو وردەکارییەکەی هەردوو پێشبرکێیەکەی بۆ سەرانسەری ئەمەریکا نیشان دابوو، ئیتر ئەو نیشاندانە لەلایەن ئەو کەناڵەوە تا ساڵی ١٩٦٥ بەردەوام بووە، لە ساڵی ٢٠٠٣ هەتا ئیمرۆ مافی پەخشی بەرنامەکە بووە بە موڵکی کەناڵی ئێن بی سی.

دیارە کەوا ئەو بەرنامەیەش کە لەسەر بنچینەی جوانییەوە شاجوانەکان هەڵدەبژێرن، ئەوەش نارەزایی زۆری لێ دەکەوێتەوە و گلەیی زۆریان لێ دەکەن، کەوا پارەیەکی زۆر لەو پرۆسەیە سەرف دەکەن، پارەیەکی زۆر لە ساڵۆنەکانی قژ و مکیاج سەرەف دەکەن، زۆریش بۆ نەشتەرگەییەکانی جوانکاری دەکەن تا ئاکاری ژنەکان ببینن، هەر ئەو نازدارانە تا زراڤ و نازدار بن خۆیان برسی دەکەن و ژیانیان دەکەوێتە مەترسی، موستەحیل دەکەن تا گرەوەکە ببنەوە، بۆیەش توانج و قسە لەسەر ئەو هەڵبژاردنە زۆرە.

## تاتانا یەکەمین ژنە شیکی بووە نازناوەکە دەباتەوە

لە رۆژی ٣٠ مانگی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٦ مەڵبەندی زانستی و رۆشنبیری لە پێتەختی پۆڵۆنی لە وارشۆ داوەتی دوا بەشی کۆتاییی خۆلی پەنجا و شەشەمینی پێشبرکێی شاجوانی جیهانی کردبوو کە تێدا ١٠٤ شاجوان لە سەرانسەری جیهان بەشدارییان تێدا کردبوو. ئاهەنگەکە لە هۆلی کۆمگریسۆفا کە شوێنی ٢٨٩١ کەس دەبێتەوە، لە کۆتاییدا شاجوانی جیهان بەر شاجوانی کۆماری شیکیا دەکەوێت و کیژە نازدارەکەیان تاتانا کوتشاروفا وەک شاجوانی جیهان تاجەکە وەردەگرێت، ئەو بەتەمەن گچکەترین کیژە ئەو تاجە لە مێژووی درێژی ئەو پێشبرکێیەدا دەباتەوە، ئەو هێشتا خوێندکاری ئامادەیی بوو، پاش نۆ مانگ لە دەرچوونی بە شاجوانی جیهان ئەو دەچێتە زانکۆ. ئەو شاجوانە لە رۆژی ٢٣ی مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩٨٧ لە شاری ترانافای کۆماری شیکوسلۆڤاکیای جاران لەدایک بووە کە دوایی دەبێتە دوو کۆمار بە ناوی کۆماری سلۆڤاکیا و کۆماری دووەمیش بە ناوی کۆماری شیکیا دەبێت.

ئەو زووتر وەک شاجوانی کۆمارەکەیان دەستنیشان کرابوو، بەوەش ئەو یەکەمین کیژە نازدارە لەو کۆمارە تاجەکە وەردەگرێت. پاش ئەوەی دەیان ناوبژیوان راپۆرتیان نووسی و بەرنامەکە لە ماوەی دوو سەعات و نیو لە کەناڵە تەلەڤزیۆنەکانی زۆرتر لە دووسەت دەوڵەت بینرا و زۆرتر لە دوو ملیار هاووڵاتی سەیریان دەکرد رادەگەیندرێت کەوا تاتانا تاجی شاجوانەکەی بەردەکەوێت، دیارە نامە ئەلکترۆنییەکانیش دەیانتوانی دەنگ بدەن، یەکێک لە ناوبژیوانەکان لەو شاجوانە دەپرسێت لە داهاتوو بەرنامەت چییە، ئەویش لە وەڵامدا وتبووی، من دەمەوێ خوێندنی زانکۆم تەواو بکەم، ئینجا لە فایشن کار بکەن و سەفەری چەندان وڵاتانی جیهانیش بکەم، هیواشم زۆرە ببمە دایکێکی باش و منداڵی نموونەیی بۆ داهاتوو پەروەردە بکەم.

ئەو وتبووی من شەیدای گەمەی تێنس و باڵە و ئەسپسواری و یارییەکانی سەربەفرم، لەگەڵ ئەوانەشدا حەز لە موزیک و سەماش دەکەم. ئیتر پاشان تاتانا لە نمایشی زۆری فایشن بەشداری دەکرد و بە مۆدەی جلەکانەوە لە بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنەکانیش دەبینرا. لەو ساڵەی ئەو شاجوانی جیهان بووە وەک خۆی حەزی دەکرد سەردانی ئەو وڵاتانەی کردبوو، پۆلۆنیا، ئیمارات، مەکسیک، ئەمەریکا، چین، بەریتانیا، ئایرلەندا، رووسیا، سریلانکا و لاتیڤیا و چەندان وڵاتی تریش. کە تاتانا

دەبێتە شاجوانی جیهان شارڤانی شاری وارشۆش پەیامی ئاشتی دەدایە نازدارەکەیان تا بیباتە هەموو گۆشەیەکی ئەو جیهانە.

بۆ دەستنیشانکردنی شاجوانەکە نازدارەکانیان لەسەر شەش گرووپ دابەش کردبوو، وەک گرووپی ئەفریقیا، هەردوو ئەمەریکا، ئاسیای ئۆقیانووسی ئارام، ناوچەی کاریبی، باکور و باشووری ئەوروپا.

پێشبڕکێی شاجوانی چەندان جار لە لەندەن کراوە، دوا جار لە ساڵی ٢٠٠٢، پاش لەندەن دووەمین شاری ئەوروپایی لە پێتەختی پۆلۆنیا کراوە، کەواتە ئەو بەرنامەیە تەنیا لە دوو شاری ئەوروپایی کراوە و بەس. لەبەر پرۆسەی رێکخستنەکە شاجوانی لبنان و ئیسرائیل لەگەڵ گرووپی ئەوروپایی باشوور دانرابووم هەروەها رووسیا و کازاخستانیش کرابووە ناو گرووپی باکوری ئەوروپا. شاجوانی میسریش لەبەر وەرگرتنی ڤیزا لە کاتی دیاریکراودا بۆی نەکرا تا لە وارشۆ بەشداری بکات، بەوەش فەوزەیە محەمەد لە پێشبڕکێی ساڵی ٢٠٠٦ وەک شاجوانی میسر بەشداری نەکرد.

سابیرینا حوسامی دووەم دەستەخوشکی شاجوانی ساڵی ٢٠٠٦ کە رەچەڵەک لبنانییە و دایکی ناوی ئەلکاییە و بەڕەچەڵەک هیندوسییە. کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٦ و شاجوانی ئوستراليا بووە و لە زانکۆ سدنی دەروونناسی خوێندووە. هەر لەو خولەدا لە پۆلۆنیا ئەو وڵاتانە نوێنەرییان بەشداری نەکردبوو، لەوانە ئەلبانیا، ڤیرجن ئەمەریکایی، تایبیە، مالاوی، نیپال، میسر، نیوزلاند، نیکاراگوا، سوازیلاند، سویسرا، ئۆغەندا. پاش دابڕانی چەند ساڵێک نوێنەری وڵاتانی وەک: ئەنگۆلا، نەمسا، بیلاروسیا، دوورگەی کایمن، شیلی، کاراکاو، فەنلەندا، کازاخستان، تاهیتی، زیمبابوی بەشداری دەکەنەوە. لە خولەکەی وارشو ١٠٤ شاجوان، ١١٢ شاجوان لە خولی ساڵی ٢٠٠٩، لە پێشبڕکێی ساڵی ٢٠٠٨ بە بەشداری ١٠٩ شاجوانو لە ساڵی ٢٠٠٤ بە بەشداری ١٠٧ و لە هەردوو خولی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٣ بە بەشداری ١٠٦ شاجوان بەڕێوە چووە. ئەو پێشبڕکێیەی لە مانگی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٦ کرابووە، بەشداربووەکانیان کردبووە چوار گرووپ، تێدا شاجوانی سەرکەنارەکە کە لە شاری گدانیا کرابوو، بەر شاجوانی فەنزویلا دەکەوێت و تاجەکە لەسەری فیدیریکا کۆزمان دادەنرێت. شاجوان وەرزش کە لە شاری جیزیکو کرابوو، شاجوانی کەندا مالگۆسیا ماجیواسکا تاجەکە وەردەگرێت، هەر لەو پێشبڕکێیەدا شاجوانی بەهرەدارەکان کە لە شاری رۆکلاو کرابوو، شاجوانی ئایرلەندا کاترین میلیگان تاجەکە وەردەگرێت. شاجوانی مەبەستە پاکە و شەریفەکانیش بەر نوێنەری گانا دەکەوێت، ئەویش لیمیسی مبیلا بوو. لە خولی پەنجا و شەشدا بۆ یەکەمین جار ئەو سێ وڵاتە بۆ یەکەم جار بەشداری دەکەن، ئەویش کەمبودیا و مونتی نیگرۆ و سربیا بوون.

بە زەنجیرە لە مانگی ئەپریلی ٢٠١١ لە رۆژنامەی ئەلجریدەی کوێتی بڵاو کراوەتەوە.

# دەستووری خوو

وێنەیەکی کوردیی پەتی

ژمارە

١

دەستووری خوو

بۆ

کچ و کوڕ

ڕەواندز: لە مەزرکەی زاری کرمانجی دامەزرا

١٧ ی شوباتی ١٩٣٥

***

وێنەیەکی کوردیی پەتی

ژمارە

١

دەستووری خوو

بۆ

کچ و کوڕ

لەلایەن چەند خووندەوارێکەوە لە تورکییەوە کراوە بە کوردی

ئینگلیزییەکەی دەست نەکەوت

هەواڵنامەی کتێب

مزی چاپ بۆ خێوی زاری کرمانجییە

هەر دانەیەک بە ٥٠ فلسە

ڕەواندز: لە مەزرکەی زاری کرمانجی دامەزرا ١٧ ی شوباتی ١٩٣٥

پەرتی زاری کرمانجی ٢١

***

## دیباجە (مقدمە)

ئەم نامیلکە (رسالە)یە لەلایەن سەرپەرشت (مدیر)ی هونەرخانە (دار الفنون)ی (بیریا) پرۆفیسۆر هاچینسەوە نووسراوە. لە (واشینغتون) لە نەبەرد (مسابەقە)یێکا پێنج هەزار دۆلاری بردووەتەوە.

لە وەرگێڕانی (ترجمە)ی ئەمەدا دوو ئامانج (غایە، هدف)ی گەورەمان هێنایە بەرچاو.

١- بۆ ئەوەی مندالانی دەبستان (مکتب) بەرامبەر بە ژیان فەرمان (وظیفە)ی خۆیان بزانن و لە ژیانا بەپێی ئەمانە ببزوونەوە.

٢- کوردیەکی پەتی نووسین بوو، تاکو لەمەولا ببێتە وێنەیەکی وا کە لاوان لە نووسینا لە بەرچاوی ون نەکەن و بۆ دۆزینەوەی وشەی کوردیی پەتی تێ بکۆشن و بەم ڕەنگە گەنجی داپۆشراوی زمانەکەمان پتر دەرکەوێ.

بەرامبەری وشە (کلمە) بێگانەکان بەبیری هەموو لایەک هەڵبژێرراوە. بەڵام ڕەنگە لەمانە بەجێتر هەبن. تکا دەکەین لەلایەن ئەمەوە ئاگەهدارمان بکەن.

***

١

## دەستووری خۆداگیرکردن[1]

کوردێکی باش بەسەر خۆیا زاڵە.

پیاوێک بۆ ئەوەی بتوانێ بە کەڵکی وڵاتەکەی بێت و سوو[2]ی پێ بگەیێنێ، دەبێ بەسەر خۆیا زاڵ بێ.

١- بەسەر زمانا زاڵ دەبم. لە وتنی قسەی درشت، سووک، بێفەڕ دەیپارێزم.

٢- بەسەر خۆما زاڵ دەبم. کە ئارەزوویەکمیان بەجێ نەهێنا، لە هیچ شتێک و لە کەس تووڕە نابم.

٣- بەسەر ئارەزوو و هەستی (٣) ما زاڵ دەبم. نایێڵم کە ئەمانە تەگەرە بخەنە بەر کارم(٤) و ئامانجە گەورەکانم.

---

١ - حاکم بوون بەسەر نەفسا. ٢ - مەنفەعەت. ٣ - حس. ٤ - مەقصەد.

## ٢

## دەستووری بەخۆدا ڕاپەرموون[٥]

کوردێکی باش بەخۆیا ڕادەپەرمووێ.

خۆپەسەندی شێتییە. بەڵام بە خۆدا ڕابینین[٦] بۆ توانین و خزمەت پێویستە.

١- هەرچەندە دەمەوێ گوێ بگرم لە پەند[٧]ی لە خۆم زۆرزانتر و گەورەتر، بەڵام کردەوەی خۆم بە بیری خۆم هەڵدەبژێرم و باری خۆم هەر خۆم دەیکێشم.

٢- گاڵتەشم پێ بکەن و بە تەنیاش بمێنمەوە لە کاری ڕاستکردن ناسڵەمێمەوە.

.................................................

٥ و ٦ - ئیعتیمادی نەفس. ٧ - نەسیحەت.

## ٣

## دەستووری بەرزکردنەوەی نەفس

کوردێکی باش بە ئەندازەیەکی هەرە مەزن لە خۆی سوودمەند دەبێ.

ئەوانەی لە خۆیان هەرە سوودمەندن دەتوانن بە ڕادە[٨]یەکی هەرە بەرز یارییەی وڵات و سوودی وڵاتەکە بدەن. منیش لەبەر ئەوە:

١- فێری ئەو شتانە نابم کە زیان پێ دەگەیێنن. هۆگری ئەو شتانە دەبم کە پێیانەوە بتوانم سوودێکی هەرە زۆر لە خۆم ببینم و ببڕای ببڕای ئەو خووانە تێک نادەم.

٢- لەشم، بیرم، پاک و خاوێن و خۆم نوورانی ڕادەگرم.

٣- بە ئەندازەی پێویستی بە خواردن، بە نووستن، بە وەرزین[٩] بۆ پەیدا کردنی تەندروستی(١٠)یەکی تەواوەتی دەکۆشم و هەتا بتوانم ئەمە تێک نادەم.

٤- ئەوی پێم بکرێ فێری دەبم و لەوانە کە هەرە زیاد سوودیان لە خۆیان دیوە و هەرە زۆر خزمەتی وڵات و سوودی وڵاتیان کردووە، ئەوەی لە دەسم بێ فێر دەبم.

.................................................

٨ - دەرەجە. ٩ - ئیدمان، ١٠ - سیحەت.

٤

## دەستووری سەرڕاستی[١١]

کوردێکی باش جێگەی دڵنیایی[١٢]یە.

هەر کەسێ کە جێی دڵنیایی نەبێ زیانی ئەبێ بۆ وڵاتی و کامەرانی[١٣]ی وڵاتی، هێزی وڵات و ئەو خزمەتەی بەرامبەر جیهان دەیکا بەستراوە بەوەوە کە دانیشتووەکانی بەرامبەر بە یەک دڵنیاییان هەبێ. لەبەر ئەمە:

١- نە بەقسە و نە بە کردەوە درۆزنی ناکەم. ڕاستی لەوانەی کە حەقی ئاگا لێبوونیان هەیە ناشارمەوە.

٢- بەو هیوایەوە کە گۆیا نابینرێم شتێکی خراپ ناکەم. خراپە هەر وەک لە خۆم ناتوانم بشارمەوە، لە خەلقیش هەر بۆ دەمێک[١٤] دەتوانم بیشارمەوە.

٣- ئەو شتە کە هی من نەبێ بەبێ پرسی خاوەنی دەستی بۆ درێژ ناکەم.

٤- چە خۆشی، چە حەسانەوە من لە کردنی فەرمان پەک ناخا. کە بەڵێنی شتێکی بێ ڕێ و جێم دا، دەسبەجێ پێ لە گوناهی خۆم دەنێم و ئەو بەدییانە دەبژێرم کە بە هۆی گوناهی منەوە ڕوو دەدەن.

٥- بە جۆرێکی وا ئەبزوومەوە و وەها ئەدوێم کە خەڵکی بە ئاسانی بە یەک بڕوا بکەن.

---

١١ – ئەمنییەت. ١٢ – ئیتمیئنان. ١٣ – ڕەفاه. ١٤ – ئانێک.

٥

## دەستووری (سپۆر)

کوردێکی باش دڵی بە یاریکردنەوەیە.

یاریی بێ گزی پیاو بەهێز و ڕێک و پێک دەکا و بەم جۆرە بۆ خزمەتی سوودی وڵات پیاو ئامادە دەکا.

١- بە هەموو هێزی خۆمەوە ڕاست سپۆر دەکەم. ئەگەر فێڵبازی بکەم و بۆ پارە یاری بکەم، ئەوەی دەیدۆڕێنێ خۆشیی یارییەکە دەڕەوێنێ و ئەوەی دەشیباتەوە ڕێز (ئیعتیبار)ی خۆی دەدۆڕێنێ و یارییەکەش ئەوسا دەبێتە کارێکی سووک و گەلێ جار ناشیرین.

٢- بە ناسکی لەگەڵ بەرامبەرەکەما دەبزوومەوە.

٣- ئەگەر لەناو دەستەیەکا یاری بکەم بۆ سەرکەوتنی خۆم نا، بۆ سەرکەوتنی هەموو دەستەکە و

هەوالنامەی کتێب

بۆ خۆشیی یارییەکە تێ دەکۆشم.

٤- ئەگەر بدۆڕێنم بە ڕووخۆشیی دەدۆڕێنم. ئەگەر بشبەمەوە لە خۆم بایی نابم. دەبێ یاری بۆ ژیان بێ نەک ژیان بۆ یاری.

٦

## دەستووری فەرمان (وەزیفە)

کوردێکی چاک فەرمانی خۆی بەجێ دەهێنێ.

پیاوی تەمەڵ لەسەر زگی تێکۆشیو ئەلەوەڕێ و بەم جۆرە ژیانی گشتی پتر دەخاتە سەختی و هەژارییەوە و زیان بە کامەرانیی وڵاتەکە دەگەیەنێ.

لە فەرمانی خۆم تێ دەگەم کە چییە. گران بێ، سووک بێ، لەبەرئەوەی فەرمانمە هەر دەیکەم.

٧

## دەستووری کاری باشکردن

کوردێکی باش کار لە ڕێ و شوێنی خۆیا دەکا.

کانەرانیی وڵاتەکەمان و پارێزگاری[١٥]ی سوودی بەستراوە بەو کەسانەوە کە فێر بوون ئەو شتانەی پێویست بێ لە ڕێ و شوێنی خۆیا بیکەن. منیش لەبەر ئەوە:

١- بیرم لای کاری خۆم دەبێ.

٢- تێ دەکۆشم لەوەی کە خۆم کردوومە چاکتر بکەم، نەک لەوەی خەڵک دەیکا.

٣- کردنی کارم بە نیوەچڵی و یا تەنیا ڕەواج بستەنێ خۆشنوودم ناکا. هەرچەندە کارەکەم بەرچاویش نەکەوێ و پەسەندیش نەکرێ دڵخواز[١٦]ی من ئەوەیە کە لە ڕێ و شوێنی خۆیدا شتی ڕاست بکەم. ڕەوڕەوەیەک و یا جەرێک کە بەبێ لێ وردبوونەوە دروست کرابێ، لەوانەیە ببێتە مایەی کارەساتێکی گەورە. زەمان چاکی و خراپیی کاری من دەردەخا.

٤- کە توانیم بەپێی هێزی خۆم کاری خۆم چاک ڕاپەڕێنم، بەخیلی بەوانە نابەم کە لە من چاتری دەکەن و پتریان دەس دەکەوێ. بەخیلی کار دەشێوێنێ و سەر لە کارەکە تێک دەدا.

---

١٥- موحافەزە. ١٦- مەرام.

٨

## دەستووری هەرەوەز[١٧]

کوردێکی باش بە دۆستـانە دەسی دەداتە دەس هاوکاری. بۆ پتربوونی کامەرانی و سوودی وڵاتەکەمان دانیشتووەکانی دەبێ فێری هەرەوەز بین. کاری گەورە بە هەرەوەزیی گەلی کارکەری دۆستەوە پێک دێ.

١– هەرچەندە بە خۆشما ڕاپەرمووم، دیسان لەگەڵ دەورویشتما دەگونجێم. لەگەڵ ئەم و ئەودا بێ بۆڵە و خوتە کار دەکەم.

٢– لە وەختی کار کردنا هەتا لە دەسم بێ یارییەی هەموو کەسێک دەدەم.

٣– بۆ ئەوەی هاوکار و هاووڵاتەکانم هەلی یارییەدانی سووی گشتی[١٨]یان بۆ هەڵکەوێ، بە هەرچی چەندێ لەسەرم بوێستێ هەر چاوم لە ڕاستییەتییەوە دەبێ.

٤– ئەو وەختـەی لەگەڵ خەڵک کار ئەکەم ڕووخۆش دەبم. ڕووگرژی دەماخی پیاوی کارکەر دەشکێنێ و زیان بە کار دەگەیەنێ.

٥– لە خەرجکردنی ئەو دراو[١٩]ەی کە بە هەرەوەزیی خۆم و خەڵکی چنگم دەکەوێ نە بەرچاوتەنگ دەبم و نە دەسی بڵاو، هەر وەک کارکەرێکی دڵپاکی کورد یا کۆی دەکەمەوە و یا خەرجی دەکەم.

---

١٧– تەشریکی مەساعی. ١٨– عموومی. ١٩– پارە..

٩

## دەستووری میهرەبانی (شەفەقەت)

کوردێکی باش میهرەبان دەبێ.

هەموو میهرەبانییەک یارییەی ژیانی گشتی دەدا. تاقە کردەوەیێکی دڵڕەقی بە ژیانی گشتی ژیان دەگەیەنێ.

١– لە هەموو بیرێکما میهرەبان دەبم. بەرامبەر بە کەس کین و ڕق لە دڵا ڕاناگرم. ڕەوشتیان کردەوەیان بەرامبەر من هەر چۆنێ بێ، بابێ، بەرامبەر هەموو کەسێ دڵنەوازییێکی وام دەبێ کە لە گۆڕین نەیێ.

٢– لە هەموو قسەیەکما میهرەبان دەبم. قسە یا دڵ دەڕەنجێنێ و یا برینی دڵ سارێژ دەکا.

٣– لە کردەوەما میهرەبان دەبم. میهرەبانی چاک ڕەوشتی و بە توندی بوونە چەپەر بەرامبەر زۆرداری و یارییەدانی بە تایبەتی هی ئەوانەی لە خزمەتی خۆیاندا ماون– تێدایە.

١٠

## دەستووری بە سفەتبوون[٢٠]

کوردێکی باش بە سفەتە.

بە سفەت بوون فیداکارانە و هەردەم[٢١] پێوە نووساوە بە کەسێکەوە. بە شتێکەوە و یا بە ئاوات[٢٢]ێکەوە هەر کوردێ لە هەموو پەڕەیەکی ژیانا بە سفەت نەبێ کوردێکی باش نییە، بێبەختە.

١- بەرامبەر بە کەسوکارم بە سفەت دەبم. بە خۆشنوودی فەرمانبەری دایک و باوک و گەورەکانم دەبم. هەتا پێم بکرێ یارییەی خوێندن، حەسانەوە، ڕەوشت و خوو و بەختیاریی هەموو کەس و کارم دەدەم.

٢- بەرامبەر بە دەبستانەکەم بە سفەت دەبم و بۆ چاکەی هەموو کەس فەرمانبەری ئاین و دەستوور دەبم و بۆ فەرمانبەرییەتیی قوتابییەکانی کەش یارییەی دەدەم.

٣- بەرامبەر بە دەوروپشتم[٢٣]، وڵاتم و ئەو ئاین[٢٤] و دەستوورانە کە بە فیداکاریی پێشینانمانەوە دامەزراوە و پارێزراوە، بە سفەت دەبم.

بە بەربەستکردنی کردەوەی بێ دەستووری بۆ فێرکردنی ڕێز[٢٥]گرتنی دەستوور، ئەوەندەی پێم بکرێ تێ دەکۆشم.

٤- بەرامبەر بە وڵاتم بە سفەت دەبم. بە ژیان و یا مردنم وڵاتەکەم لە ڕێی چەوت ڕزگار دەکەم. لە وەختی پیمدا خزمەتی دەکەم و بۆ پتر بەرزبوونەوەی یارییەی دەدەم.

٥- بەرامبەر بە ئینسانییەت بە سفەت دەبم.


ئەگەر هەر بەرامبەر بە کەسوکارم بە سفەت بم دەشێ[٢٦] بەرامبەر بە دەبستانم بە سفەت نەبم. ئەگەر هەر بەرامبەر بە دەبستانم بە سفەت بم دەشێ بەرامبەر بە وڵاتم بە سفەت نەبم. ئەگەر هەر بەرامبەر بە وڵاتم بە سفەت بم دەشێ بەرامبەر بە ئینسانییەت بە سفەت نەبم.

لە هەموویان پتر بۆ ئەوە تێ دەکۆشم کە بەرامبەر بە ئینسانییەت بە سفەت بم. بەم جۆرە دیارە کە بەرامبەر کەسوکار، دەبستان، شار، وڵاتم بە سفەت دەبم. کوردێ کە فەرمانبەری دەستووری بە سفەتی بێ، دیارە کە فەرمانبەری هەر (تۆ دەستوورەکەی کوردی باشی)یشە.

---

٢٠- وەفاکاری. ٢١- دائیمی. ٢٢- مونتەهای ئەمەل. ٢٣- موحیت. ٢٤- نیزام و مەراسیم. ٢٥- حورمەت، قەدر. ٢٦- مومکینە.

بڕایەوە



وینەیکی کوردی پەتی
ژمارە
١

# دستوری خوو


بو

کچ و کور

رەواندز: لە مەزرکەی زار کرمانجي دامەزرا
١٧ شباط ١٩٣٥

لاپەڕەی سپی

هەواڵنامەی کتێب



وینه یکی کوردیی پەتی
زماره
١

# دستوری خوو

بو
کچ و کور

له لایه ن چه ند خونده واریکه وه له تورکی یه وه کراوه به کوردی
انگلیزیه که ی ده ست نه که وت

مزی چاپ بو خیوی زار کرمانجی یه
هه ر دانه یك به ٥٠ فلسه

رەواندز : له مەزرکەی زار کرمانجی دامەزرا ١٧ شباط ١٩٣٥
بەرێی زار کرمانجی ٢١

لاپەڕەی سپی

هەوالنامەی کتێب

## دیباچە ( مقدمە )

ئەم نامیلکە ( رسالە ) یە لەلایەن سەرپرشت ( مدیر ) ی هونەرخانە ( دارالفنون ) ی ( بیریا ) پروفسور هاچینس ەوە نوسراوە . لە ( واشینغتون ) لە نەبەرد ( مسابقە ) یکا پینج هەزار دولاری بردوتەوە .

لەوەرگیرانی ( ترجمە ) ی ئەمەدا دو ئامانج ( غایە ، هدف ) ی گەورەمان هینایە بەرچاو .

١ ـ بو ئەوەی مندالانی دەبستان ( مکتب ) بەرامبەر بە ژیان فرمان ( وظیفە ) ی خویان بزانن . ولە ژیانا بەپیی ئەمانە بجونەوە .

٢ ـ کوردیکی پەتی نوسین بو . تا کو لەمەولا بیتە وینە ـ یکی وا کە لاوان لە نوسینا لە بەر چاوی وون نەکەن ، و بـو دوزینـەوەی ووشەی کوردی پەتی بکوشن ، و بەم رەنگە گەنجی داپوشراوی زمانەکەمان پـتر دەرکەوی .

بەرامبەری ووشە ( کلمە ) بیگانەکان بەبیری هەمولاییك هەلبژیراوە . بەلام رەنگە لەمانە بەجیتر هەبن . تکا ئەکەین لەلایەن ئـەمەوە آگهدارمان بکەن .

٢ — ١ —

## — دەستوری خوداگیرکردن — ( ١ )

کوردیکی باش بەسەر خویا زالە .

پیاویـك بوئـەوەی بتوانی بەکەلکی ولاتەکەی بیت وسو ( ٢ ) ی پی بـگەیێنی دەبی بەسەر خویا زال بی .

١ ـ بەسـەر زمانما زال ئـەبم . لە ووتنی قسەی درشت ، سوك ، بی فەرەی پاریزم .

٢ ـ بـەسـەر خوما زال ئەبم . کە آرەزو یـکمیان بـەجی نەهینا لە هیچ شتیك ولەکەس تورە نابم .

٣ ـ بـەســـــەر آرەزووهـستی ( ٣ ) ما زال ئـەبم . نابی لم کـەئـەمانـە تەگەرە بخەنـە بـەرکام ( ٤ ) وآمانجە گەورەکـانم .

١ . حاکـم بون بـەسـەر نفسا ٢ . منفعت ٣ . حس ٤ . مقصد

— ٢ —                    ٣

دەستوری بە خوداً را پەرمون ( ١ )

کورد یکي باش بە خویا راً ئەپەرموی .
خوپســـــندی شـیتی یە . بلام بە خودا را بي نین ( ٢ )
بو توانین و خزمت پیویستە .

١ ـ هـەرچە ندە ئـەمەوی گوی بـگرم لە پەند ( ٣ ) ی
لە خـوم زورزانترو گەورە تر ؛ بـلام کـرده وەی خـوم
بـە بـیری خـوم هـەل ئـە بژیرم ، وباری خـوم هـەر
خـوم ئـەی کـیشم .

٢ ـ گالتە شــم پي بـکـەن و بە تە نیاش بمی نمەوە
لە کـاری راست کـردن ناسلمی مەوە .

١ ، ٢ : أعتمادی نفس ٣ . نصیحت

٤                    — ٣ —

دەستوری بەرز کردنەوەی نفس

کورد یکی باش بە اندازە یـکی هەرە مەزن لە خوی سود مند
ئە بي .
ئەوانەی لە خویان هەرە سود مندن ئەتوانن بەرا دە (١) یـکی
هەرە بەرز یاریەی ولات و سـودی ولاتە کە بـدەن .
منیش لە بەر ئەوە :
١ ـ فـیری ئەو شتانە نابم کە زیان بي ئەگەیـنن . هوگری
ئەو شتانە ئەبم کە بي یانەوە بتوانم سودیکي هەرە زور لە خوم
بي نم . و بیرای بیرای ئەو خووانە تیك نادەم .
٢ ـ لەشم ، بیرم ، پاك و خاوین و خوم نورانی را ئەگرم .
٣ ـ بە اندازەی پیویستي بە خواردن ، بە نوستن ، بە وەرزین (٢)
بو پیدا کردني تەن درستي (٢) یـکی تەواوتي ئەکوشـم .
وهتا بتوانم ئەمە تیك نادەم .
٤ ـ ئەوی پیم بکری فـیری ئەبم ولەوانە کە هـەرە زیاد
سودیان لە خویان دیوە و هـەرە زور خزمەتي ولات و
سودی ولاتیان کـردوە ئـەوەی لە دەســـــم بي
فـیر ئـەبم .

١ . درجه ٢ . ادمان ، صحت

— ٤ — ٥

دەستوری سەراستی (١)

کوردیکی باش جیگای دلنیایی (٢) یە .

هەرکەسی کەجی ی دلنیایی نەبی زیانی ئەبی بوولاتی وکامرانی (٣) ی ولاتی ، هیزی ولات وئەوخزمەتەی بەرامبەر جهان ئەی کا بەستراوە بەوەوە کە دانیشتوەکانی بەرامبەر بەیك دلنیایی یان هەبی . لەبەرئەمە :

١ _ نەبەقسە ونەبەکردەوە دروزنی ناکەم . راستی لەوانەی کەحقی آگالی بونیان هەیە ناشارمەوە .

٢ _ بەوهیوایەوە کەگویا نابینریم شتیکی خراپ ناکەم . خراپەهەروەك لەخوم ناتوانم بشارمەوە ، لەخلقیش هەر بودەمیك (٤) ئەتوانم بیشارمەوە .

٣ _ ئەوشتەکەهی من نەبی بەبی پرسی خاوەنی دەستی بودرێژ ناکەم .

٤ _ چەخوشی ، چەحسانەوە من لەکردنی فرمانی بەك ناخا . کەبەلی نی شتیکی بی ری وجیم دا ، دەس بەجی بی لەگناهی خوم دەنیم وئەوبدیانە ئەبژیرم کەبەهوی گناهی منەوە روئەدەن .

٥ _ بەچەشنیکی واوئەبژومەوە ووها ئەدویم کەخلکی بەآسانی بەیك بروا بکەن .

١ . امنیت ٢ . اطمئنان ٣ . رفاه ٤ . آنیك

— ٥ — ٦

دەستوری ( سپور )

کوردیکی باش دلی بەیاری کردنەوەیە .

یاری بی گزی پیاو بەهیزوزیك وبیك ئەکا ، وبەئم چەشنە بوخزمەتی سودی ولات پیاو آمادە ئەکا .

١ _ بەهەمو هیزی خومەوە زاست سپور ئەکەم . ئەگر فیل بازی بکەم وبوپارە یاری کەم ، ئەوەی ئەبەوری نی خوشی ی یاری یەکە ئەرەوی نی ، وئەوەی ئەشی باتەوە ریز ( اعتبار ) ی خوی ئەدوری نی ؛ ویاری یەکەش ئەوسا ئەبی تەکاریکی سوك ، وگەلی جار ناشیرین .

٢ _ بەناسکی لەگەل بەرامبەرەکەما ئەبزومەوە

٣ _ ئەگر لەناو دەستەیکا یاری بکەم بوسەرکەوتنی خوم نا ، بوسەرکەوتنی هەمو دەستەکە وبوخوشی یاری یەکە بی ئەکوشم .

٤ _ ئەگر بدورینم بەروخوشی ئەدورینم . ئەگر بتش بەمەوە لەخوم بابی نابم . دەبی یاری بورێیان بی نەك زیان بویاری .

۷ —٦—

## دەستوری فرمان ( وظیفه )

کوردیکی چاك فرمانی خوی بەجی ئەهێنی .

پیاوی تەمەل لەسەزرگی تی ئەکوشیو ئەلەوەری ، وبەم چەشنە ژیانی گشتی پتر ئەخاتە سەختی و هەژاری یەوە ، وزیان بەکامرانی ولاتەکە ئەگەیێنی .

لەفرمانی خوم تی ئەگەم کە چی یە . گرانبی ، سوك بی چونکە فرمانە هەر ئەی کەم .

---

۸ —۷—

## دەستوری کاری باش کردن

کوردیکی باش کار لەری و شوینی خویا ئەکا .

کامرانی ولاتەکەمان و پاریزگاری (۱) ی سودی بەستراوە بەوکەساوە کە فیر بون ئەوشتانەی پی ویستی لەری و شوینی خویا پی ئەکەن . منیش لەبەرئەوە :

۱ـ بیرم لای کاری خوم ئەبی .

۲ـ تی ئەکوشم لەوەی کە خوم کردومە چاکتر بکەم ، نەك لەوەی خلك ئەی کا .

۳ـ کردنی کارم بە نیوە چلی و یا تەنیا رواج بستنی خوشنودم ناکا . هەرچەندە کارەکەم بەرچاویش نەکەوی ، و پسندیش نەکری دلخواز (۲) ی من ئەوەیە کە لەری و شوینی خویدا شتی راست بکەم . ووردە وردە یەك و یا جەریك کە بەپی لی ورد بونەوە درست کرابی لەوانەیە ببی تە مایەی کارەساتیکی گەورە . زەمان چاکی و خراپی کاری من دەرئەخا .

٤ـ کە توانیم بەپێی هیزی خوم کاری خوم چاك راپەرینم ، بەخیلی بەوانە نابەم کە لەمن چاتری ئەکەن و پتریان دەس ئەکەوی . بەخیلی کار ئەشیوینی و سەر لەکارکەر تیك ئەدا .

۱ . محافظه ۲ . مرام

هەواڵنامەی کتێب

٩ — ٨ —

## دەستوری هەرەوەز ( ١ )

کوردیکي باش بە دوستانە دەسي ئەداتە دەس هاوکاری.
بو پتر بوني کامراني و سودی ولاتەکەمان دانیشتوەکاني ئەبي
فیری هەرەوەز بین . کاری گەورە بە هەرەوەزی گەلی
کارکەری دوستەوە پیك دی .

١ ـ هەرچە ندە بە خوشیما وایبرموم ، دیسان لەگەل دەورو-
پشتما ئەگو نجیم . لەگەل ئەم وئەوداپي بولە و خوتەکار ئەکەم
٢ ـ لە وەختي کارکردنا هتاللە دە سمبي یاریەی هەموکەسیك ئەدەم
٣ ـ بو ئەوەی هاوکار و هاو ولاتەکانم هەلي یاریەداني سوی
گشتي ( ٢ ) یان بو هەلکەوی ، بە هەرچی چەندی
لە سەرم بویستی هەرچاوم لە راستی یەتي یەوە ئەبي .
٣ ـ ئەو وەختەی لەگەل خلك کار ئەکەم رو خوش ئەبم.
روگرژی دەماخی پیاوی کارکەر ئەشکیني ، وزیان
بەکار ئەگەیني .
٤ ـ لە خرج کردني ئەو دراو ( ٣ ) ەی کە بە هەرەوەزی
خوم و خلکی چنگم ئەکەوی نە بەرچاو تەنگ ئەبم
و نە دەسي بلاوە هەروەك کارکەریکي دلپاکی کورد
یاکوی ئەکەمەوە ویاخەرجی ئەکەم .

١ . تشریکی مساعي ٢ . عمومي ٣ . پارە

١٠ — ٩ —

## دەستوری مهرباني ( شفقت )

کوردیکی باش مهربان ئەبي .
هەمو مهرباني یەك یاریەی زیاني گشتي ئەدا . تاقە
کردەوەییکی دل رەقي بە زیاني گشتي زیان ئەگەیني .

١ ـ لە هەمو بیریکما مهربان ئەبم . بەرامبەر بەکەس
کین ورق لە دلا رأنا گرم . رەوشتیان کردەویان
بەرامبەرمن هەرچوني بي ، بابي ، بەرامبەر هەمو
کەسي دلنوازیکي وام ئەبي کە لەگورین نەبي .
٢ ـ لە هەمو قسەیکما مهربان ئەبم . قسە یادل ئەرەنجیني
ویابریني دل ساریژ ئەکا .
٣ ـ لە کردەوەما مهربان ئەبم . مهرباني چاك رەوشتي ،
و بە توندی بونە چەپەر بەرامبەر زورداری ، ویاریەداني ـ
بەتایبەتي هی ئەوانەی لە خزمەتي خویان داماون ـ
ني دایە .

هەوالنامەی کتێب

— ١٠ — ١١

دەستوری بەسفەت بون (١)

کوردیکی باش بەسفەتە .

بەسفەت بون فداکارانە و همیشە (٢) پی وە نوسانە بەکەسیکەوە ، بەشتیکەوە ویا بەآوات (٣) یکەوە هەر کوردی لە هەمو پەرەیکی ژیانا بەسفەت نەبی کوردیکی باش نی یە ، پی بەختە .

١ــ بەرامبەر بەکەس و کارم بەسفەت ئەبم . بەخوشنودی فەرمانبەری دایك و باوك و گەورەکانم ئەبم . هتا پیم بکری یارەی خویندن ، حەسانەوە ، رەوشت و خوو بختیاری هەمو کەس و کارم ئەدەم .

٢ــ بەرامبەر بەدەبستانەکەم بەسفەت ئەبم . و بوچاکەی هەمو کەس فەرمانبەری آیین و دەستور ئەبم ؛ و بوفەرنبەری یەتی قوتابی یەکانی کەش یارەی ئەدەم .

٣ــ بەرامبەر بەدەور پشتم (٤) ، ولاتم وئەو آیین (٥) و دەستورانە کە بەفداکاری پی شینا نەوە دامەزراوە و پاریزراوە بەسفەت ئەبم .

١ . وفاکاری ٢ . دائمی ٣ . منتهای امل ٤ . محیط
٥ . نظام ومراسم

— ١٠ — ١١

دەستوری بەسفەت بون (١)

کوردیکی باش بەسفەتە .

بەسفەت بون فداکارانە و همیشە (٢) پی وە نوسانە بەکەسیکەوە ، بەشتیکەوە ویا بەآوات (٣) یکەوە هەر کوردی لە هەمو پەرەیکی ژیانا بەسفەت نەبی کوردیکی باش نی یە ، پی بەختە .

١ــ بەرامبەر بەکەس و کارم بەسفەت ئەبم . بەخوشنودی فەرمانبەری دایك و باوك و گەورەکانم ئەبم . هتا پیم بکری یارەی خویندن ، حەسانەوە ، رەوشت و خوو بختیاری هەمو کەس و کارم ئەدەم .

٢ــ بەرامبەر بەدەبستانەکەم بەسفەت ئەبم . و بوچاکەی هەمو کەس فەرمانبەری آیین و دەستور ئەبم ؛ و بوفەرنبەری یەتی قوتابی یەکانی کەش یارەی ئەدەم .

٣ــ بەرامبەر بەدەور پشتم (٤) ، ولاتم وئەو آیین (٥) و دەستورانە کە بەفداکاری پی شینا نەوە دامەزراوە و پاریزراوە بەسفەت ئەبم .

١ . وفاکاری ٢ . دائمی ٣ . منتهای امل ٤ . محیط
٥ . نظام ومراسم

۱۲

بە بەربەست کردني کردەوەی بێ دەستوری بوفیر کردني ریز (۱) گرتني دەستور ئەوندەی پیم بکری تي ئەکوشم .

٤ـ بەرامبەر بە ولاتم بە سفەت ئەبم . بەزیان و یامردنم ولاتەکەم لە ری ی ئاچەوت ررگار ئەکەم . لەوەختي بیم دا خزمەتي ئەکەم و بو پیتر بەرز بونەوەی یاری یە ی ئەدەم .

٥ـ بەرامبەر بە انسانیت بەسفەت ئەبم .

ئەگەر هەر بەرامبەر بەکەس وکارم بەسفەت بم ئەشي (۲) بەرامبەر بەدە بستانم بەسفەت نەبم . ئەگەر هەر بەرامبەر بەدە بستانم بەسفەت بم ئەشي بەرامبەر بە ولاتم بەسفەت نەبم . ئەگەر هەر بەرامبەر بە ولاتم بەسفەت بم ئەشي بەرامبەر بە انسانیت بەسفەت نەبم لە هەمویان پتر بوئەوە تي ئەکوشم کە بەرامبەر بە انسانیت بەسفەت بم . بەم چەشنە دیارە کە بەرامبەر کەس و کار ، دەبستان ، شار ، وولاتم بەسفەت ئەبم . کوردی کە فەرمانبەری دەستوری بەسفەتیبي دیارەکە فەرمانبەری هەر « تو دەستورەکەی کوردی باشي » یشە .

---

۱ . حرمت ، قدر ۲ . ممکنة

برا یەوە

﴿ بە رأوی چاپ کراوی کردەوەکاني خیوی زاری کرمانجی ﴾

۱ـ پیشوأی آن شریعت بە کوردی ، ۲ـ غونچۀ بهارستان میزوی کوردان

۳ـ پیشکەوتن میزوی دو بنەمالەی کورد کە لە آوربایە گان و دیاربکر دا فەرمان رەوا بون .

٤ـ میزوی دەوری ئەمارەت لە کوردستان سالی ۲۵ ـ ٦٥٦ هـ

٥ـ آوریکی پاشەوە حکومتی بەرزەکاني لە حلوان و دینەوەر

٦ـ « « حکمداراني کورد لە هەولیر

۷ـ « « پادشاهی چند بنەمالەیکی کورد لە سالی ٦١٧،٤٧٨ هـ

۸ـ « « حکمداراني بابان

۹ـ خوشیي و ترشیي ( بزنوکە و مەروکە )

۱۰ـ ناوداراني کورد لە ۱۲۰۰ هە تا ۱۳۰۰ هـ

۱۱ـ میزوی شاهەنشاهاني کوردی زەند لە ایرانا

۱۲ـ میزوی کورد و نادرشا لە خاکی ایرانا

۱۳ـ وینەکولین ( زەنکوغرافی )

۱٤ـ دەستوری خوو بو کچ و کور

ئەم کتیبانە لە سلیماني : لە لای (ماموستا نجم الدین ملا) دەفروشرین

﴿ ئەو کتیبانەی چاپ نەکراون ﴾

۱ـ میلاني کورد ، ۲ـ میزوی صلاح الدیني ایوبي

۳ـ بە کوردي میزوی رەواندز ( سوران ) ( لە ژیر چاپ دایە )

٤ـ رزگاری لە نەزانین

# کە بازنە و لاکێشەکان هەڵدەوەشێنەوە
# ئاخاوتەی سیاسی و فەرهەنگیی کورد دوێنێ و ئەمڕۆ

هەڵۆ بەرزنجەیی

کە بازنە و لاکێشەکان هەڵدەوەشێنەوە

فەرهاد شاکەلی

دەزگای ئاراس چاپی یەکەم ٢٠١٠-٢٤٧ لاپەڕە

هەواڵنامەی کتێب




وێڕای ئەوەی خوێندنەوەی کتێب و ناساندنی ڕوویەکی گەش و زیندوو و تەندروستی فەرهەنگی گەلان نیشان دەدات، بۆ ئێمەی کورد هەمان کات پێداویستییەکی گرنگیشە بۆ والاکردنی ڕەهەندی تێگەیشتن و کارکردنمان دەرهەق بە چەمکی ڕۆشنبیریی و مەعریفی. ئەمەش لە خودی خۆیدا دەبێتە ڕێبازێکی دروست بۆ فراوانترکردنی ئاسۆی تێڕامانەکانمان و هەنگاونانی پراکتیکی بەرەو دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەمان.

گاڤێکیش بەرهەمێک تژی بێت بە بیرۆکەی ورووژێنەر و لەسەر بنەمای زانستی نووسرا بێت و بە میتۆدێکی نوێ خوێندنەوە بۆ کۆمەلایەتی و مێژوو و فەرهەنگ بکات و گەرەکی بێت بەردەوام ئامادەگی لە باسە گەرم و هەنووکەییەکاندا هەبێت و ڕاشکاوانە لە گۆشەنیگای تایبەت و سەربەخۆوە لە دیاردەکان بڕوانێت و قسەی خۆی هەبێت، ئەودەم خوێنەر ڕووبەڕووی دۆخێکی یەخەگیریی دەبێت و ناچارە ئیستێک بکات. بە کورتی بۆی مەحاڵ دەبێت بە سانایی باز بەسەر ئەو بەرهەمەدا بدات.

شایانی ئاماژەپێدانە، لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرهەمی کەم کەس هێندەی ئەوانەی مامۆستا فەرهاد شاکەلی شاعیر و ڕووناکبیری دیار و گەورەی گەلەکەمان خوێندنەوە و ناساندنیان بۆ کراوە. هۆکارەکەیشی بریتییە لە قەڵەمی ڕەنگینی مامۆستا شاکەلی و وزە و توانا فرە بەرهەمهێنەرەکەیی و میتۆدە نوێیەکانی کارکردنی و گەشتی بێ بڕانەوەیەتی لە نووسین و خزمەتکردنی بیر و فەرهەنگی کوردی.

**"کە بازنە و لاکێشەکان هەڵدەوەشێنەوە" ئاخاوتنی سیاسی و فەرهەنگیی کورد، دوێنێ و ئیمڕۆ.**

بەرهەمێکی تری نوێی ساڵی ٢٠١٠ چاپخانەی ئاراس لە هەولێرە. ئەم بەرهەمە بەسەر پێنج بەشی سەرەکیدا دابەش کراوە و هەر بەشێکی چەندین سەرباسی وتار و لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی ئەکادیمی لە خۆگرتووە و لە دووتوێی ٢٤٧ لاپەڕەدا و بە چاپێکی قەشەنگ و ڕازاوە کەوتۆتە کتێبخانەی کوردییەوە.

ئەم بەرهەمە جۆرەها باسی فەرهەنگی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕەخنەیی و بیۆگرافیی گرنگی لەخۆگرتووە. هەر یەکەشیان بە هەناسەیەکی ڕۆشنبیرانەی ڕاشیونالانە بە زمانێکی هونەریی پاراو و داڕشتنێکی پوختی بەرزەوە نووسراون. لە لایەکی دیکەوە ئەم فرە لایەنییەی نووسینەکانی شاکەلی وای کردووە، هاوکات بێتە هەڵگری بیرۆکە و پرسیارگەلێکی بێژمار، لەژماردن نەهاتوون.

وەک هەر جارێک ئەو بەرهەمانەی بەردەستم کەوتوون خۆم لە قەرەی ناساندن و خوێندنەوەیان داوە، چونکە پێداویستی مشتومڕێکی ڕۆشنبیرانەم بە پێویست زانیوە. ئیدی مەرجیش نییە بیروبۆچوونەکان لەگەڵ برای نووسەردا کتومت وەک یەکبن. هەر بەو پێودانگەش جیاوازییەکان مانای دوورکەوتنەوە و ڕەتکردنەوە نابەخشن. لەم خوێندنەوە و ناساندنەدا ڕیزبەندی بابەتەکانم نەکردۆتە بەرنامە، بەڵکە ئەو باسانەی لێکەوە نزیکن یەک شێوە تیرەیان هەیە و بە دەوری مەبەست و ئامانجی هاوشێوە و هاو ماناوە خول دەخۆن پێکەوە گرێم داون و کارم لەسەر کردوون.

شاکەلی دەستپێکی کتێبەکەی بە وتارێکی هەستیار و گرنگ لەسەر ئاخاوتنی سیاسی و فەرهەنگیی کورد لە سەردەمی گۆڕانکارییە چارەنووسسازەکاندا پێشکێش دەکات. لێرەدا سێکوچکەی "ئاخاوتن، ڕۆشنبیر، دەسەڵات" دەبنە سێ تەوەری سەرەکیی جەوهەری باسەکە. هەڵبەت بەستنەوەی سیاسەت و فەرهەنگ وەک دوو دیوی مەدالیایەک پێکەوە لەو هۆشیارییەوە سەری هەڵداوە کە هیچیان بێ ئەوی دیکەیان شیاوی هێنانەدیی هیچ ئامانجێک نابن. لە ڕۆشنبیریی کوردیدا هەنووکە کەم چەمک هەیە بە ئەندازەی ناسنامەی ئاخاوتنی کوردی ڕووبەرووی فۆرمالیتێت و ناجۆرێتی بووبێتەوە. هەمان کات کاری جدی و ڕۆشنبیرانە لەسەر ئاخاوتنی کوردی دوور لە ئیدیۆلۆجی و دەق و تیۆرییە باو و سواوەکان بەدەگمەن بەرچاو دەکەون. ڕۆشنبیری ئێمە کە قسە و کار و توێژینەوە لەسەر ئاخاوتن دەکات، پێویستە لەنێو واقعی کۆمەڵگەوە دەست بەکار بووبێت و هەنگاوی بەرەو دەرەوەی خۆی نابێت، نەک بە پێچەوانەوە هەر

گوتە و گوتەزاری نامۆ بکاتە پێوەری خوێندنەوەکان. هەر ئەم هۆکارەشە وای کردووە ئاخاوتەی کوردی لە گەڵێ بنەما و ناوەرۆک و ئەرکی خۆی دابڕێندراو و دوورخراوەتەوە و بەرەو ئەو قەیرانە براوە، کە تاکی کورد لە بازنەیەکی نامۆییدا گێژ دەخوات و سەرەداوەکانی لێ ئاڵۆزکێنراوە. لە هەردوو پێگەکەدا دەبێت داکۆکی لە ڕاستی و مۆڕاڵی جوانی خزمەت بە مرۆڤ کرۆکی مەسەلەکە بێت. ئا لەمەوەیە شاکەلی بۆ پەیڤین لەسەر ئاخاوتن پێمان دەڵێ:

**کۆمەڵە نرخێکی ئەخلاقی و مرۆڤانە دەکەمە پێوەر بۆ ئەوەی ئاخاوتەی سیاسی و فەرهەنگیی کوردی بخەمە بەردەم لێپرسینەوەیەک کە ئەو نرخانە دەیکەنە پێویستییەکی ئەوتۆ هیچ ڕووناکبیرێکی سەربەخۆ نەتوانێت خۆی لێ نەبان بکات.**

کەواتە بەگشتی ئاخاوتنی ئێمە تا ئێستا سەر بە بەرەی ئیدیۆلۆجی و پابەندبوونەکانی دیکە بوون، بۆیەکا لە ئاست پێوەری ڕەوشت و مرۆدا کورتییان هێناوە. ئاخر ئاوڕدانەوەیەکی سەرپێی بە مێژووی ڕۆشنبیریی نیوسەدەی ڕابردووماندا، خێرا دەمانخاتە ئەو چوارگۆشەیەی کتومت لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا هاوجووتە. ئێمە جگە لە خوێندنەوەی ئیدیۆلۆجیانەی ژەهراوی هەبوون و ئامادەگییەکی دیکەمان بەرچاو ناکەوێت، ئەو بەها ڕاستەقینانەیان لەخۆگرتبێت. خۆ گەر هەشبن بە قەبارەی پێویست نین. وەک دەزانین سیاسەت و ئاخاوتنی ئیدیۆلۆجاوی، کە هێزێک یان پارتێک هەڵسووڕێنی بێت، چەند شکستخواردوو و هەناسەکورتە لە بەردەم هەڵبەز و دابەزی تاکتیکی ڕۆژانە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ململانێکانی نێو دەروونی کۆمەڵگەدا. خۆ ئەگەر سیاسەت بریتی بێت لە بەرژەوەندی وا بەرژەوەندیش خاوەنی هەیە و خاوەندارەکەش بە مەیل و ئارەزوو و حەزەکانی خۆی مامەڵەی لە تەکدا دەکات. بەم جۆرە بەرژەوەندی هەموو شتەکان بۆ ''خود'' واتە حیزب جێی بەرژەوەندی ''گشت'' واتە میللەت دەگرێتەوە. بەم پێودانگە پشکی شێری بەرژەوەندییەکان بۆ خاوەن پلەوپایەی دەسەڵاتداری حیزبی و دەوڵەتییەکان دەبێت و جەماوەر پەراوێز دەخرێت و دەبێتە قوربانی.

زۆربەی دەسەڵاتداران نەیانتوانیوە بە سانایی بگەنە مەرامەکانیان، ئەوە ڕۆشنبیرانی سێبەری دەسەڵاتن خۆ دەکەنە پردی گەیشتنی دەسەڵاتداران بە ئامانجەکانیان. ئەوە ڕۆشنبیرانە بە درێژایی مێژوو خەریکی کرنووشبردن و ستایشی دەسەڵاتداران و ڕازاندنەوەی ڕوخساری درێو و خەوشداریانن بە تارای سوور و داپۆشینی نەنگی و تاوانەکانیان بە نووسینەکانیان. **کارل پۆپەر** دەڵێ: **گەورەترین تاوان لەسەر دەستی ئێمەی ڕۆشنبیردا لە مێژوودا ڕوویان داوە**. ڕۆشنبیرانی پشت پەردەی دەسەڵاتی ستەمکار و تۆتالیتێری هیتلەر و ستالین زۆرینەی تاوانەکانی بەرانبەر بە مرۆڤایەتی کراوە دەکەوێتە ئەستۆیان. هەروەک شاکەلی دەڵێ: **ئەو ڕەوانبێژییەی دەسەڵات پێویستی پێیەتی ڕووناکبیر بۆی دادەڕێژێت.**

شاکەلی هەر بەوەشەوە ناوەستێ ئۆباڵێکی گەورە لە ملی ڕۆشنبیرەوە بپێچێت، بەڵکو لە دەستنیشانکردنی دوو خاڵدا دروست قامک دەخاتە سەر دەردە سەرەکییەکە و دوو دیاردەی

ترسناک و نەریتی کە بە تەویڵی ئاخاوتنی ڕووناکبیرانەوە دەردەکەون دیاری دەکات و دەنووسێت:

**١ـ ڕووناکبیر سنووری نێوان ئاخاوتەی سیاسی و ئاخاوتەی فەرهەنگیی لێ تێک دەچێت.**

ئەمەش بەو مانایەی جێگۆڕکێ بە شوێنی ڕۆشنبیر و دەسەڵاتدار دەکرێت و ڕۆشنبیران دەبنە سوورەی بەر لەشکری دەسەڵاتداران و دینەمۆی هەڵسووڕێنەری پرۆژەکانیان. سەرجەم ئەمانەش لە پێناوی مشتێ پارە و پوول و دەستکەوتی مادیی دنیاییدا ئەنجام دەدەن.

**٢ـ دیاردەکەی تریش بریتییە لە گۆڕانی پێناسە و تێرمەکان.**

ڕۆشنبیرێک لە پشت چاویلکەی ئیدیۆلۆجی و لەسایەی دەسەڵاتی دەسەڵاتدارێکەوە بڕوانێتە دیاردەکان، وا هەمیشە بەو ئاراستەیەدا کار دەکات بەرژوەندییەکان نەبن بەژێر پێناسە و تێرمە شەختە بەستووەکانەوە. ئێمە دەزانین ئەزموونی مرۆڤایەتی و کاری درێژخایەنی ڕۆشنبیرە کارا و جیدییەکان بەرهەمهێنەری قاڵبێکی مانا و نرخداری تێرمەکانن.

لە لایەکی دیکەوە شاکەلی پەنجە بۆ ڕووشاندنی سنووری نێوان ڕووناکبیر و نووسەر لە کوردستان درێژ دەکات و پێی وایە لە ڕێی تەوژمێکی ئاوەزکارانەی ڕۆشنبیرانی دەرەوەی کوردستانەوە دەکرێت ئەم دیاردەیە ڕاست بکرێتەوە و بخرێتە سەر سکەی سروشتی خۆی. هەر لەم میانەدا ڕەخنەیەکی توند لە ئاخاوتەی کوردی دەگرێت بەوەی:

**١ـ بە تێکڕا سەرگەرمی بە سیاسیکردنی گوتاری کوردین.**

**٢ـ قەیرانی زمانی کوردی لە نێو گوتاری کوردیدا.**

شاکەلی هێندە پەرۆشی زمانە و ئەمەندە بە دیقەتەوە سەرنج لە ڕۆڵی زمان لەنێو بونیاتی ڕۆشنبیریماندا دەدات، بۆیەکا تووڕەیی و نیگەرانیی خۆیان لێ ناشارێتەوە و ئەو ئەتککاریی و شێواندن و سووکایەتییەی بە زمانی کوردی لە ڕێگای دەستگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبی و لەشکری نەخوێندەواری قەڵەم بەدەستەوە و ئەو بڵاوکراوانەوە و بە تایبەت ماڵپەڕە کوردییە بێ فلتەرەکانی زمانەوە دەکرێت دەنووسێت:

**نەک خۆکوژی، بەڵکە کۆکوژییەکی ئاشکرایە دژی زمانی کوردی و مێژووی فەرهەنگ و فکر و شارستانێتی**. لە شوێنێکی دیکەدا **بە زمانکوژی** لە قەڵەم دەدات.

دەشێ ئەم بۆچوونە هەندێ بە ڕەق و ڕادیکالانەی دابنێین، وەلێ تەنها ساتێکی کەم تەماشاکردنی تیڤییەکانی کوردستان و ئەو تێکستانەی لە هەواڵ و دەنگوباسەکاندا بڵاوی دەکەنەوە، مانشێتی گەلێ لە گۆڤار و ڕۆژنامە و بابەتی کرچوکاڵی ئەو ماڵپەڕە بێژمار و خاوەننادیار و نائەکادیمی و زانستییانەدا بەسن بۆ ڕاستی بۆچوونەکە. ئا لەمەوەیە کەوا پێمان دەڵێ شەرمەزارییە باس لە ڕێنیسانس و گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی ڕۆشنبیریی بکەین. ڕۆشنبیرییەک کە ببێتە تابووتی زمان، ئەوە نابووتی ئاوەز و دۆخی خۆلەناوبردن و بڕیاری مەرگ بەخشینە.

شاکەلی ڕوو لە ڕۆشنبیران دەکات و ئەوەیان دێنێتەوە یاد کەوا لەم قۆناغە تازەیە کە هەڵسوکەوت و مامەڵەیان لەگەڵ دەسەڵاتێکی خۆیی کوردیدایە، دیسانەوە نابێت ڕۆڵی سەرەکیی خۆیان لە بیر ببەنەوە و خۆ بکەنە داردەستی دەسەڵاتداران و بەرەی گەل و ڕاستی و هەق چۆڵ بکەن. بەڵێ ئێستا ڕۆژی ئەوەیە دەنگی ڕەخنەیان زوڵاتر و نووکی قەڵەمیان تیژتر بێت. لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژە بە ٣ خاڵی سەرەکی و گرنگ دەدات کەوا ڕۆشنبیران بیکەنە بنەما بۆ سەرنجدان لەدەسەڵات و دەستکەوت و پێشکەوتنەکان و ئەوانیش:

**١ـ لەکوردستاندا لە بواری جۆراوجۆردا چی کراوە؟**

**٢ـ پێوەندییە نێونەتەوەیی و سیاسی و دیپلۆماسییەکانی دەسەڵاتی کوردی.**

**٣ـ لە ڕووی ستراتیجیەوە چی بۆ کورد (وەک نەتەوە)کراوە؟**

ئەم سێ خاڵە بەشێکی گەوهەری پرسە نەتەوەییەکە ڕادەنوێنێت، کە ئەرکی بنەڕەتی و هەرە لە پێشینەی هەر هێز و دەستەیەکە چووبێتە مەیدانەوە و بڕیاری خەبات و تێکۆشانی دابێت و گفتی بە گەل و نیشتیمانەکەی دابێت لە پێناویاندا دەستبەکار بێت.

نووسەر کاتێ باڵای ئەم داوایانە بە کرداری دەسەڵاتدا دەگرێت، دەزانێ دەسەڵات چەند کورتی هێناوە و ئەو ڕۆشنبیرانەشی لە خولگەی دەسەڵات و پێبەپێیان هەنگاو دەنێن، لە تراژیدیایەکی سەرەمەرگدان. بە لای نووسەرەوە ڕوون و ئاشکرایە تا مەودای نێوان دەسەڵات و ڕۆشنبیران کورتر بێت، وا ژینگەی هەناسەدان بۆ تاک و هاوڵاتی بەرتەسکتر دەبێتەوە. ئەودەم دەرفەتی ژیانێکی خۆشگوزەران و ئاسمانێکی ڕازاوە بە ئازادی نامێنێتەوە. خاڵێکی دیکەی بەرچاوی نووسەر بریتییە لەوەی چی دی ساتەوەختی ئەوە نەماوە هەر بانگاشەی ئەوە بکەین چی کراو و چی ئەنجامدراوە بکەین. لە کاتێکدا دەستگاکانی میدیای دەسەڵات هەر بەو ڕستانە ڕازێندراونەتەوە. لێرەوە جارێکی تر شاکەلی تێهەڵدەچێتەوە و دەڵێ:

**‹ بۆ گەلێکی ستەمدیو و ژێردەستەی وەک کورد دەبێ باسی ئەوە بێت کە " دەکرا بکرێت و ئەنجام بدرێت، بەڵام نەکرا و ئەنجام نەدرا". باسکردنی (کراو) بەبێ ناوهێنانی (نەکراو) شاردنەوەی نیوەی ڕاستییە.**

لە هەناوی ئەو سیستەمەی ئەمڕۆ دەسەڵاتی کوردی کاری تێدا دەکات، دیاردەی گەندەڵی نەک هەر زەقترین نیشانەیەتی، بەڵکو بۆتە مەترسی و هەڕەشەش لەسەر دەستکەوتە نەتەوەییەکان. ئەمەش کتومت باسنەکردنی لایەنە سەرنەکەوتووەکانی پرۆژە و بەرنامەکانی دەسەڵاتە، کە بە پلەی سەرەکی ئەرکی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و ڕۆشنبیرانە وەک چاودێرێک بەسەر کارە ناتەواوەکانی دەسەڵاتەوە هۆشیاری نیشان بدەن.

ئەم مەترسیانە و خۆدزینەوە لە پێناوی چنگێ بەرژەوەندیی دنیاییدا وای کردووە بەرەی ڕۆشنبیرانی سێبەر و لەشکری دەسەڵات بەر لێشاوی ڕەخنەی توند ببنەوە و سەرئەنجامیش بە

زیانی کوشندەی نەتەوایەتی کۆتایی پێ بێت.

کاتێکیش شاکەلی لەم بوارەدا شێلگیریی خۆی لەسەر بۆچوونەکانی دەنوێنێ بە دەنگ و ڕەنگێکی کاریگەرەوە و لە پەرۆشی خەمە گەورەکەی نەتەوەکەیدا دەنووسێ: **هیچ نەتەوەیەک ناتوانێت خۆی دروست بکات و پاشەڕۆژی خۆی بنیات بنێت ئەگەر نەخشەی ئەو پاشەڕۆژەی نەکێشێت**. هێندەی منیش ئاگەدار بم سالانێکی زۆرە کەس هێندەی مامۆستا شاکەلی بە نووسین و لێکۆڵینەوە و هەڵوێست نواندن و کارکردن لەسەر چەمکی **سیاسەتی فەرهەنگی** ئیشی نەکردووە. ئەمە جگە لەوەی پەرۆشێکی جیدیی ڕۆشنبیرانەیە، هاوکات دەرککردنە بە هەستیاری و گرنگیی بابەتەکە و پێویستبوونی بایەخدانی دەسەڵات و ڕۆشنبیرانە بەم لایەنە هەرە گرنگەی کوردبوونمان. بەتایبەت لەم ساتەوەختەدا گۆڕانە گەردوونییە گەورەکانی بەسەر دنیادا و بەتایبەت لە ڕووی تەکنەلۆجی و جیهانگەرایییەوە دێت. لەم ڕووەوە پوختەی قسەی شاکەلی بریتییە لە:

**فەرهەنگی کورد، لەم سەردەمی بەناو جیهانگەرایی ( گلۆباڵیزم) و شۆڕشی تەکنیکی زانیارییەدا، فەرهەنگێکی بێناوەڕۆک و بێکاکڵە. فەرهەنگێکە لە نێوان گەردوونگەرایی و ناسنامەی نەتەوایەتی (یا نیشتمانی) دا وێڵ بووە و سەری لێ شێواوە و ڕێ دەرناکات. فەرهەنگێکە، نە بنەما و قانوونەکانی گەردوونگەرایی فێربووە و نە ڕێوشوێنەکانی شارستانەتییەکەی خۆی، واتە کوردەواری، لە بیر ماوە.**

لە نێو ئەو باسە گرنگانەی کە بەشی هەرە گران و سەرەکیی کارەکانی شاکەلی پێک دێنن، کێشە پرسی فەرهەنگ و زمانی کوردییە بە هەموو پێکهاتەکەیەوە. لام وایە خوێنەر بەئاگەیە لەو نیگەرانی و حەسرەتهەڵکێشانەی دەرهەق بەو گوناحە مەزنانەی بەرانبەر بە زمانی کوردی دەکرێت. کورد خۆی جەستەی چەند هەلاهەکراوە لە لایەن داگیرکەر و زلهێزەکانەوە، وا زمانەکەیشی بە دەست خودی خۆیەوە پەرێشان کراوە. هۆکاریش بۆ ئەو جۆرە بەرەڵایی و کەس بە کەس نەبوونە و نەبوونی دامودەستگای یەکگرتوو و دانانی کەسانی ناشیاو لە شوێنە هەستیارەکان و خەمساردی و نەزانیی دەسەڵاتدارانی کوردی خۆی دەگەڕێتەوە. لای شاکەلی **تاکە چارەسەر بە ڕێگای زانستی دەبێت** و ئەمەش بەو کەسانە دەکرێت کە لێهاتوو و شارەزای ئەم بوارەن و دەسەڵاتیش دەبێت پرۆژە و بڕیاری گردەبڕی لەم مەیدانە هەبێت و بەرپرسانە رەفتار بکات.

ئەم بەردەوام ئامادەگییەی شاکەلی و بەشداریکردن لە گفتوگۆکردن لەسەر فەرهەنگ و ئەو هەڕەشانەی بەردەم فەرهەنگی کوردی، زادەی تێڕامان و هەست بە بەرپرسیارێتییەکی قووڵە. شاکەلی ڕازی نییە دەمی قفڵ بکات و ئەقڵی کوێر بکات و هەروا دەستی خۆبەستدان بڵند بکات.

کاتێ تەماشای کردار و گوفتاری دەسەڵاتی کوردی دەکەیت، تاکە نیشانەیەکی هەبوونی بەرنامە و ئەجێندا و پرۆژەی نەتەوەیی بە سیمایەوە نابینرێت. تاکی هۆشیار و دڵسۆزیش لە

مەترسییەکانی ئەم ڕاستییانە بەئاگەیە و لەو دەرئەنجامە دەترسێت کە ئاکامەکەی بریتییە لە ملشکان و خۆدۆڕاندن و مەینەتحاڵی نەتەوایەتی.

کەواتە ئیدی چانسی ڕۆشنبیری ساختە و مشەخۆر و دەمامک لە ڕوو با نەمێنێت و لە سایەی دادپەروەری و ئازادییەکی زەمینە ڕەسەندا ژیانێکی پڕ لە ڕوومەت و ئاسوودە بۆ مرۆی کورد فەراهەم بکەین. دیارە گەر لە سەرەتاوە بنەما بەرز و پیرۆزەکان بکەینە بەشی هەرە سەرەکیی کارەکانمان و کرداریان پێ بکەین، وا بە مسۆگەریی گرەوی ململانێکان دەبەینەوە و ئاڵای سەرکەوتن بە گەشاوەیی دەگرین بە دەستەوە. ئەمەشە وای لە شاکەلی کردووە بەر لە ماڵئاوایی بەو باسە بە جوانترین ڕستە دەرگا لە ڕووی خوێنەردا بە کراوەیی بهێڵێتەوە و دەڵێ: **دیسان ئومێدێک دەبەخشنە ئەو کەسەی باوەڕی بەوەیە کە نرخە چاک و ڕاست و پاکەکان هەر سەردەکەون.**

لە سەردێڕێکی دیکە و بابەتێکی تردا لەسەر **ڕۆژنامەگەریی کوردی** شاکەلی دوای خوێندنەوەیەکی ورد و بە دیقەتی سەرجەم ئەو سەرچاوانەی لەمەڕ مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە نووسراون، بەراوردکارییەکی زانستیانە و ئەکادیمییانەیان دەکات و وەک کەسێکی شارەزا و لێهاتووی ئەو بوارەش دێتە مەیدان و بە پشت بەستن بە هەردوو ئەو کالاندەر تقویمەی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی **کۆچی و ڕوومی** هەڵەیەکی مێژووییمان بۆ ڕاست دەکاتەوە. هەڵەیەک کەوا لە ساڵی ١٩٦٨ وە دوای پەخشکردنی وێنەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆژانە و ساڵانە ڕووبەڕووی دەبینەوە و یادی دەکەینەوە. لەسەر یەکەم ژمارە و ڕۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەکە نووسراوە {ڕۆژی پێنجشەمەی ٩ی نیسانی ساڵی ١٣١٤ی ڕوومی} کە دەکاتە {ڕۆژی پێنجشەمەی ٢١ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ ی زایینی} و دەکاتە {ڕۆژی پێنجشەمەی ٢٩ی زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی }.

نووسەر وتەنی: **ئەمەی ئێستا هەیە و لە بەرچاوە هەڵەیەکی زانستییە، بەهۆی ڕەچاونەکردنی بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە ڕووی داوە**. گومان لەوەدا نییە لە گەلێ بوار و کایەی دیکەشدا سات و کات و ڕووداو و بابەتمان بە هەڵە تۆمارکراوە و بۆ نووسراوەتەوە و بەسەرماندا سەپێنراوە و ئیدی ڕاستیمان لێ بزربووە و بزرکراوە. کەواتە بۆ مێژوویەکی پڕ لە بەهای ڕۆژنامەگەریی کوردی کەوا تەمەنی سەدە و شتێکە گوناه و تاوانە بە هەڵە تۆماری بکەین و کاری ئەوتۆیی بەسەر کەسانی شارەزادا بەخۆڕایی بگوزەرێت. ئاخر چی دی دەرفەتی هەڵەکردن و خەوش قبووڵکردن نەماوە و ساتەوەختی ئەوە لە دایک بووە بچینە سەر سکەی سروشتی خۆمان و هەڵە و ناڕاستییەکان تێ بهێنینەوە و بەرەو ئاسۆ و ئامانجی ئایندەیەکی ڕووناکتر و گەشتر بکەوینە ڕێ. ساخکردنەوەی نەک تەنها ڕۆژێک بگرە کاتژمێرێکیش بۆ دەرخستنی ڕاستی و تۆماری ڕووداوەکان گرنگ و پێویستن. بە دیدی شاکەلیش کێش و بەهای ئەو تاکە ڕۆژە بەم شێوەیە فۆرمەلە بووە:

**دەبێ لە ئەمڕۆ بەدواوە ڕۆژی ٢١ی نیسان ببێتە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی. ئەم جیاوازییە ئەگەرچی یەک ڕۆژە، بەڵام هەم لە کار و لێکۆڵینەوەی زانستیدا و هەم لە مێژووی سیاسی و فەرهەنگیی مرۆڤایەتیدا بایەخی خۆی هەیە و دەبێ ڕاستی ئامانجی یەکەم بێت.**

ناونیشانێکی دیکەی ئەم بەرهەمە بریتییە لە < **ئەدەبی کوردی لە تاراوگە**>. لەم بابەتەشدا وەک کەسێکی خاوەن ئەزموون و بەئاگا لەم دیاردە نوێیەی بۆتە بەشێکی بەرچاوی هاوکێشەی فەرهەنگی کوردی، چەند خاڵ و سەرنج و بۆچوونێک دەردەبڕێت، شایانی ئاماژە پێدان و قسە لەسەرکردنێکی پەرۆشئامێزە. نووسەر سەرەتا بە ڕستەیەکی پڕ لە یەقینەوە و بەڕاشکاوانە دەنووسێت: **بێگومان ئەدەبی کوردی لە تاراوگە وەک دیاردەیەکی فیزیکی و جیۆگرافی هەیە و لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردیشدا جێگایەکی گرنگی وەدەست هێناوە.**

پاش ئەوەی بە خێرایی ئاماژە بە مێژووی ئەدەبی تاراوگە و بەرهەمەکانی ئەو دیاردەیە دەکات، دەگاتە ئەوەی لە هەنووکەشدا چەندین نووسەر و ڕووناکبیر و خاوەن بەرهەمی هەمەجۆری کوردی لە تاراوگە دەژین و خزمەتی بەرچاو و دیار و زۆرجاران گرنگ و باشیان پێشکێش بە فەرهەنگی کوردی کردووە. ئەوەی لای شاکەلی مایەی سەرنجە ئاماژەدانێتی بە جیاوازیی نێوان ئەدەبی کوردستان و تاراوگە. لێرەشدا پرسی ناوەڕۆک وەک خاڵێکی سەرەکی و گرنگ بۆ بەرهەمەکان دەکاتە پێوانە و ئەوجا لەسەر کەناری قەناعەتێکی چەسپاو لەنگەر دەگرێت و دەنووسێت: **بەشێک لە نووسەرانی تاراوگە ئەوانەن کە پرسیاری قووڵتری ئۆنتۆلۆگی دێننە ئاراوە و بە هۆشیارییەکی دیکەی باڵاترەوە ئەزموونەکانی ژیان و بیرکردنەوە و هەبوون دەردەبڕن.**

کێشانی ئەم سنوورە لە نێوان نووسەرانی ناوەوە و دەرەوە، دەکرێ لە گۆشەنیگایەکەوە ڕاستییەکی حاشالێنەکراو بێت، وەلێ مەرجی سەرەکی نییە، چونکە لەسەردەستی نووسەرانی ناوەوەش بەرهەمی بەپێزو سەنگین هاتۆتە بەرهەم. بەڵام ئەوانەی لە عۆدەی چەند زمانێکی بێگانە دێن و دەستییان بە سانایی بە سەرچاوە بێژمارەکاندا دەگات و بەپێی شێواز و میتۆدی نوێ زانستی دەنووسن و بە هۆشیارییەکی دروستەوە سەرگەرمی موتوربەکردنی هزر و جیهانبینییەکانیانن و بەردەوام گوێ لە ترپەی دڵی بەرهەمە زیندووەکانی جیهان دەگرن، ئاسۆی دید و ڕوانینیان فراوانتر و قووڵتر دەبێتەوە. ئەمەش کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەبێت و ئەو کۆمەڵە بەرهەمە کەم و پوختانەی لە کتێبخانەی کوردیدا بەرچاودەکەون نموونەی ئەم ڕاستییەن.

وەک بڵێی کێشەی زمان گەورەترین خەمی مامۆستا شاکەلی بێت بە تەنیا، وا هێندە ئەم بابەتە هەستیارە دێنێتەوە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ئەوەشی لێرەدا جێی ئاماژە پێدانە و مایەی جیاکردنەوەی ئەدەبی ناوەوە و دەرەوەی وڵاتە مەسەلەی < زمان >ە. بەهەق خوێنەری زیت و وریا چەند لە پەرۆش و خەمی ئەم نووسەرە و چەندانی دیکەمان بە جیدی تێدەگات، هێندەش لە هەستیاری و گرنگی خودی پرسی زمان و ئەو تاوانەی دەرهەقی دەکرێت بە ئاگایە.

شاکەلی وەک شاعیر و کەسایەتییەکی خاوەن پێشینەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسی لە کوردستان و ئێستاش بە ژیانی نزیکەی ٣٧ ساڵی تاراوگەوە خاوەنی هەردوو ئەزموونەکەیە پێی وایە: **یەکێک لە ڕوواڵەتە هەرە ئاشکراکانی ئەدەبی کوردی لە تاراوگە لایەنی زمانە، زمانی کوردی. لەناو نووسەرانی کوردی تاراوگەدا ئیلیتێک هەیە، هەڵبژاردەیەک هەیە کە نموونەی بەرزی کوردی نووسین.**

لەمەشدا هێندەی مسقاڵە زەڕرەیەک گومان نییە و ئەو تەڕ و پاراوی و ڕەچاوکردنی بنەمای زانستییەی بە بەرهەمی نووسەرانی تاراوگەوە هەیە لە ناوەوە کەمتر بەرچاو دەکەوێت. ئەمەش بەو مانایەی نا کە هەموو نووسەرانی دەرەوە هەڵگری ئەو خەسڵەتەن یان تێکڕای نووسەرانی ناوەوە دوورن لەو پێناسەیە، بەڵکو قسە پتر لەسەر ئەو بێسەروبەرییەی دەسەڵات و لەشکری ڕۆشنبیرانی سەر بە دەسەڵات خوڵقاندوویانە. دیسان قسەی ئێمە و ڕەخنە و نیگەرانی شاکەلی لە پنتی نارەزایی دەربڕین بەرانبەر بە میدیای دەسەڵاتدا یەکانگیر دەبێتەوە. تاقە یەک چرکە سەر شۆڕکردنەوە بە هەواری وێرانکراو و شێوێنراوی زمانی کوردی لەسەر دەستی ئەم لایەنانەدا بەسە بۆ بینین و تێگەیشتن لەو کارەسات و مەرگەساتە.

قسەکردن لەسەر دیاردەی تاراوگە بە تایبەت کە بۆتە پێکهاتەیەکی کۆمەڵگای کوردی و ئەمڕۆ زیاتر لە ملیۆنێک کورد لە هەندەران دەژین و وەچە و نەوەی بەردەوام دەخەنە و ڕەگ لە دەرەوەی نیشتمانی خۆیان دادەکوتن و بەشدارییان لە هەموو بوارەکانی کوردبووندا هەیە چی دی سەردەم دەرفەتی پەراوێزکردن و فەرامۆشکردنیان پەسەند ناکات و پێویستە زیاتر بایەخیان پێ بدرێت و شاکەلی وتەنی: **باسێکی ئاوا گرنگ دەبێ سەکۆیەکی پتەوتر و زانستیانەتری بۆ بڕەخسێنین.**

لە باسێکی دیکەیدا لەمەڕ یادی **سێسەدساڵەی مەم و زینی خانییەوە**، پاش ئەوەی ڕەخنەیەکی بابەتی لە دەستەڵات دەگرێت بەوەی تەنها بۆ بەرژەوەندی سیاسی پڕوپاگەندەی حیزبی ئەو یادە دەکەنەوە، وەک مەم و زین ناسێکی شارەزا و خاوەنی بەرهەمی **ناسیونالیزمی کوردی لە مەموزینی خانیدا** ساڵی ١٩٨٣ بڵاو کردۆتەوە، هێما بە هەندێ سیما و ڕواڵەتی مەم و زین دەکات. ئەوەی بە لای منەوە لەو باسەدا زۆر بەرچاوە دەربڕینی ڕاستییەکی ئازاربەخش و دڵتەزێنە. نووسەر بەو ئەزموون و تێکەڵییەی ساڵەهایەکە خۆشی گەلاڵەی کردووە، گەشتۆتە بڕوایەک کە دەنووسێ: **ڕاستییەکەی ئەوەیە کوردناسانی ئەورووپا لە پلەی یەکەمدا خەریکی مەسەلەی سیاسی کوردن نەک فەرهەنگەکەی ئێستاش ئەگەر لە ڕۆژاوا کورد بناسرێ، لەبەر شەڕوشۆڕ و تەقوبۆقەکەی دەناسرێ، نەک بەهۆی فەرهەنگەکەیەوە.**

بۆچوونێکی وردە شیاوی ئەوەیە دانوسانکردنی لەسەر بکرێت، وەلێ ئەو پرسیارە گرنگەی لێرەدا خۆی قوت دەکاتەوە ئەوەیە: ئایا ئەمە گوناهی کێیە؟. لام وایە مامۆستا شاکەلی بەر لە کەسانی دیکە وەرامی ئەمەیان دەداتەوە بۆیەکا لە بڕگەیەکی دیکەی نووسینەکەیدا دەنووسێت: **ئەم هەلومەرجە ئەرکێکی یەکجار گرنگ دەخاتە سەر پرۆژەی ڕووناکبیرانی هۆشیار و ئازادەبیری**

**کورد لە ئەورووپا، ئەرکی ناساندنی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی.**

شاکەلی... یەکێکە لەو ڕووناکبیرانەی بە جیدی کار لەم بوارەدا دەکات و ئەم مەسەلەیەی بە گاڵتە و جەفەنگ وەرنەگرتووە. لاشم وایە شاکەلی یەکێکە لەو تاکوتەرایانەی کورد کە دەیان بەرهەمی کردۆتە سویدی و مەڵۆیەکی خستۆتە سەر شارای کوردناسی لە سوید و کەسێکە لە گەلێ بۆنەی کوردی و بێگانەدا بە زمانی ئینگلیزی و سویدی لە جیهاندا بەشداری بە وتار و لێکۆڵینەوەی دووروودرێژ لەمەڕ کوردناسییەوە کردووە.

ئەوە مەسەلەیەکی حاشاهەڵنەگرە هێشتا دەیان ئەرکی گرنگ و پڕ بەهای جێبەجێنەکراو چاوەڕێی دەست و هیممەتی ڕۆشنبیرانی کوردە، بۆ دەرچوون لە بازنەی کوردناسی سیاسی و هەنگاونان بەرەو کوردناسی فەرهەنگی. چونکە ئەم پەیامەیان نەمرت و پتر مرۆییترە و زووتر دێتە وەرگرتن و ئاسانە دۆستی بۆ پەیدا بێت و لایەنگری بۆ دروست بێت. لە هەمان ساتەوەختدا دەشێت لەم دەروازەیەشەوە خزمەتێکی بەرچاوی دۆزە سیاسییەکە نەتەوەکەمان بکەین. ئەو دەسەڵاتەی کورد ئێستا لە باشووردا هەیەتی و سەرجەم کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کوردی لە دەرەوەی وڵات بەرپرسیارن لەبەردەم هەمان ئەرکدا و دەبێت ڕۆڵی مێژوویی و نەتەوایەتی خۆیان بگێڕن.

شاکەلی بە وتارێکی دوور و درێژ و تژی لە زانیاریی و بۆچوونی نوێ و لە هەندێ باسیشدا ڕەخنەئامێز، ئاوڕێک لە مەرگی **مامۆستا گۆران** دوای ٣٥ ساڵ دەداتەوە. دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین لەم وتارەدا شاکەلی بە دوای تێگەیشتنێکی قووڵتر و سەراپاگیرتر دەربارەی گۆران لە گەڕدایە و ئەو زانیارییانەی هەتا هەنووکە لە بەردەستدان قنیاتی ئەو نادەن. شاکەلی فاکتی گرنگی **جوانیپەرستی** لای گۆران دەگێڕێتەوە بۆ ئەو بونیادە لەڕولاوازەی خودی گۆران. بە واتایەتی دیکە گۆران هێندە بەژن و باڵا نابووت بووە، بۆیە هەردەم تاسەی ژنی باڵا بەرز و شۆخوشەنگ بووە.

لایەنێکی دیکەی داهێنەرانەی گۆران لە کن شاکەلی خەم و ڕەشبینی گۆرانە لە چەند شاکارە شیعرێکدا پێشکێشی کردووین. بە دیدی شاکەلی:

**نە خەم و نیگەرانیی گۆران و نە ڕەشبینییەکەی زادەی بیرێکی ساکاری ڕۆژانە نین، ئەو لە بازنەی بیرێکی فەلسەفی و وجوودیدا لە دەوروبەری خۆی و لە لایەنە تەماوی و بێڕەنگەکانی ژیان ورد دەبێتەوە و بە دوای وەرامدا وێڵە.**

**وەک خۆی لە شیعری تاوێ نەگەڕا دا دەڵێ**

...زیاتر سەبەبی عەقڵ و شوعوورە خەفەتی من

دواتر شاکەلی هەواری لای **شیعری دەروێش عەبدوڵڵا** دەخات و شیکارێکی جوان و ژیربێژانەی ئەو دەقە دەکات... تا دەگات بەوەی گەورەیی مامۆستا گۆران بە چەند نموونەیەکی شیعری لەم

رووەوە دەسەلمێنێ. سەرئەنجام ئەمیش وەک گەلێ لە نووسەر و ئەدیب و ڕووناکبیرانی تری کورد، پەرۆشی ئەوە دەخوات کە ئیدیۆلۆجی سیاسی ـ دیارە لێرەدا مەبەست لە مارکسیزمە ـ ئەم گەنجینە گەورەیەی داهێنان و ئەفراندن لە گۆرانی شاعیردا دەکوژێ و وای لێ دەکات بەدیار مەملەکەتی خەیاڵ و فەنتازیای دەستکردەوە جۆش دابمێنێت و بە ئەندازەیەک لەم مەیدانە دوورکەوێتەوە، لە گەلەک کات و شوێندا نەتوانێ وەک پێویست گوزارە لە ڕاستییەکان بکات.

گێڕانەوە و دەرخستنی سروشتی سیاسەتی سیستەمی شورەوی جاران بەرانبەر بە کورد و پێگە و ڕۆڵی ئەم کوردانە لەو سیستەمەدا و لە نێو ئەو کۆمارانەی بەسەریدا دابەش کرابوون و تیشک خستنەسەر سۆڤێتپەرستی بەشێکی کوردانی ئەو دەڤەرە و دیداری کۆمەڵێ کوردناسی رووسی و ئەدیب و ڕۆشنبیران و سیاتمەداری کورد و چەندان زانیاریی و بیرەوەریی سوودمەند لەو بەشەی کتێبەکەدا لەژێر ناونیشانی **دوو زستانە گەشت دا بەرچاو دەکەون**.

دۆزینەوەی برا ونبووەکان... وەک نووسەر ناوی ناوە لە دوو گەشت و لەگەڵ کۆمەڵێ خوێندکاردا لە ساڵی ١٩٨٦ و ١٩٨٧ دا ئەنجام دراون. من چەند جومگەیەکی ئەو گەشتە لێرەدا دەهێنمە بەرباس. یەک لەوانە دەستنیشانکردنی ٣ خاڵە بەرانبەر بە لاوازی نەخشی کورد لە شورەویدا:

**١ـ کورد کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و نەخوێندەوار و دواکەوتوو.**

**٢ ـ بە هۆی جیاوازیی خێڵایەتی و دینییەوە (موسڵمان و یەزیدی) یەکگرتوو نەبوون و نەیانتوانیوە نوێنەرایەتییەکی یەکگرتوویان هەبێت.**

**٣ ـ نەتەوەکانی دەوروبەریان، بە تایبەت ئەرمەن و ئازەری، زۆر دژیان بوون و نەیاندەویست کورد ببنە هاوبەشیان.**

ئەمانە کۆمەڵێ فاکتی نکۆڵی لێنەکراون، وەلێ لە بایەخی ئەو ڕاستییە کەمناکەنەوە کەوا شورەویش لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتە داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستان ئامادەی هیچ کۆمەکێکی جیدی پرسی کورد و چارەسەرکردنی نەبوو. بە مانایەک لە ئەجندایاندا پێگەی بوونی کورد و ماف و داواکانی لە بەرچاو نەگیرابوو. ئەوەتا خودی نووسەریش ئاماژە بە سیاسەتی توانەوەی کورد و بە تایبەت لە سەردەمی ستالین دا

دەکات. کاتێ ژیاننامەی کەسایەتییەکی بەرزی وەک نادری **نادرۆڤ** دەخوێنێتەوە چۆن بە نیوەشەو بە زیلی سەربازی لە گوندەکەی خۆیانەوە بۆ کازاخستان راگوێزراون، ئەوجا لەو راستییە تێ دەگەیت مەینەتی و کولەمەرگیی ژیانێک بەسەر ئەواندا هاتووە بەر لە سیاسەتی راگوێزان و توانەوەی زۆر لە ڕێژمەکانی دیکەوە بووە و بگرە بەدووری نازانم داگیرکەرەکانی دیکە هەر لەمانەوە فێری ئەو سیاسەتە نامرۆییە بووبێتن.

ڕاستە نەخوێندەواری لە کۆمەڵگەی کوردیدا دیاردەیەکە شیاوی شاردنەوە نییە، بەڵام لە نێو کوردانی ئەو بەشەدا چەندان کەسایەتی گەورە هەڵکەتووە.

کورد لەو بەشەدا هەر قوربانی دەستی سیاسەتی شورەوی نەبووە بە تەنیا، بەڵکە وەک شاکەلیش ئاماژەی پێداوە نەتەوەکانی دەوروبەری بەرنامەی دژایەتی کوردیان هەبووە.

ئەوەتا شاکەلی دەنووسێ: **باکۆ بە پێچەوانەی یەریڤانەوە، بەندیخانەیەک بوو بۆ کورد و کوردایەتی و زمانی کوردی. ئازەرییەکان، ڕێک وەک تورکیا، هەبوونی کوردیان قەبووڵ نەدەکرد.**

لە شوێنێکی دیکەدا باس لە سیاسەتی **گۆڕینی ئەلفوبێی** نووسینی کوردی دەکات سەرەتا کورد ناچار دەکەن بە ئەلفوبێ ئەرمەنی بنووسێت و دوایی لاتینی و لە ئاکامدا کریلکی بەسەردا دەسەپێنن. لە مێژوویەکی کورتدا گەلێک بەر ئەم هەموو گورزانە بکەوێت، ئیدی چۆن دەتوانێ بینای تەلاری مینۆکی کەسایەتی و مێژوویی خۆی بە سانایی بکات.

لەو گەشتەدا بە دیداری: **ئوردیخانی جەلیل، خاتوو زەرێ یووسوپۆڤا، کەریمی ئەیووبی، خاتوو سمیرنۆڤا، لازەرێڤ، ئەکیمۆشکینی ئێراننناس و کاک عەزیز محەمەد** دەگات و باری سەرنجی خۆی لەسەریان دەگێڕێتەوە.

هەڵبەت کێش و قورساییەکی گەورە ئەو بەشەی کتێبەکە لە ژێر ناونیشانی **کورد و مێژووی بیر** دا داگیری کردووە، بەشێکی دیکەی گرنگی ئەو بابەتانە بەدیار دەخات کە شاکەلی سەرقاڵیانە و فەرهەنگی ئێمەش پێویستی تەواوی پێیانە. وروژاندنی باسەهایەکی لەم چەشنە تا هەنووکە لە نێو کایەی ڕۆشنبیریی کوردیدا چەند دەگمەنە، بەو ئەندازەیەش بۆ مانابەخشین و تەواوکردنی فەرهەنگی نەتەوەیی و خوێندنەوەی ڕابردوو و ئایندە هەستیار و گرنگە. ئەوەی جێی سەرنجە لە ژینگەی کوردیدا گەر قسەیەک لە سەر بیر کرا بێت، وا لە دیدی تەسکی ئیدیۆلۆجییەوە بووە و ئیدیۆلۆجییەکەش بە گالیسکەی حیزبە سیاسییەکانەوە گرێدراوە.

نووسەر دوای ئەوەی باس لە بەشداری یۆنانییەکان وەک نموونە لە مێژووی بیر و فەلسەفەی مرۆڤایەتیدا دەکات، کە ئێستا بەشێکە لە مێژووی ڕۆژاوا، وا لەسەر کورد بە ئەگەرەوە دەنووسێ:
**کوردیش ئەگەر بەشدارییەکی کردبێت، لە چوارچێوەی بیر و فەلسەفەی ئیسلامەتیدا کردوویەتی. لە ڕابردووی کۆنتریشدا، بەشێک بووە لە فەرهەنگی ئێرانی.**

دەمەوێ بەر لەهەر شتێ بە نووسینێکی بیریاری گەورەمان مامۆستا مەسعوود محەمەد بچمە ناو ئەم باسەوە و مامۆستا دەفەرمووێ:

**کوردێکی هەست بە ئازاری هەڵکەوتی کوردەواری بە چەنگ مێژووی بێ ڕەحمەوە بکات خۆی بەو ساوایە شیرەخۆرە دێتە بەرچاو کە لە سینگی دایکی دوور خرابێتەوە، لە سۆز و بزێو بێبەش دەبێت.**

**لەو ڕۆژەوە کۆریشی هەخامەنشی بوو بە میراتگری خاڵوانە مادەکانی، دەمی بە مەمکی مێژووی کوردەوە ناو لە جیاتی کورد هەرچی میراتێکی هەیبوو، لە مایەکی و واتایەکی، هەڵی وشت بۆ ناو هەناوی حکوومەت لە دوا حکوومەتی هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانی... هەتا ڕۆژانی سەردەم**

**کە کورد لە تەک فارس دا وەکو منداڵ فڕێدراوی کەس بە خۆیەوە نەگرتووی لێ هات و بوو بە میوانی ماڵی خۆی.**

**ئەو بنچکەی بەر لە دوو هەزار و پێنج سەد و ئەوەندە ساڵە کۆڕیش لە دەستمانی دەرهێنا جارێکی تر پەنجەمان لێی گیر نەبوو...مێژوومان بوو بە ماڵی بێگانە، تەپڵی تۆپانی پێ دەکات... دای دەلەنگێنێ... لێی دەقرتێنێ... بۆیاغی دەگۆڕێ... بەسەریەوە دەنێ... بە ئارەزوو دەینەخشێنێ.... کە پێویست بوو لە قوڕی هەڵدەکێشێ.**

ڕاستی ئەم بۆچوونە لەوەوە سەری هەڵداوە کەوا لە سەردەمی ئیسلامەوە بەشداری ئێمە لە ڕووداوەکاندا تۆمارکراوە و پێشتر لە تاریکایی مێژووی پڕ لە تەمومژی ناوچەکەدا بزر بووە یاخود تا هەنووکە ساخنەکراوەتەوە. خاڵێکی گرنگی پەیوەستدار بەم بۆچوونەوە کە شاکەلیش ددانی پێدا دەنێت ئەوەیە کەوا: **زمانی فەلسەفەی ئیسلامی تا ماوەیەکی زۆریش هەر عەرەبی بووە، بەڵام بەشی هەرە زۆری فەیلەسووفەکان لە گەلانی دیکەی ئیسلامیی ناعەرەب بوون.**

ئەمە هەقیقەتێکی دیکەش بەدوای خۆیدا دێنێ کە ڕای بەشێکی زۆری لێکۆڵەرەوەکانە دەڵێن: سۆفێتی ئیسلامی زادەی ئایین و ڕێبازە و مەزهەبەکانی دیکەی نائیسلامیی بە تایبەت ئێرانییە. دیارە زەردەشتێتی پشکی هەرە گەورەی لەم باسەدا بەردەکەوێت. دەبا جارێکی دیکە مۆڵەت لە مامۆستا مەسعوود محەمەد بخوازین تا بیروڕاکانی لێرەدا بۆ خوێنەر راگوێزینەوە. مامۆستا دەفەرمووێ: **لەلایەن زمانەوە دووچاری دەستدرێژییەکی وێرانکەر بووین:**

**کۆرپەی ناو بێشکە بەردەوام گوێ دەگرێ بۆ لایلایەی دایکە دڵسۆزەکەی... ئێمە بە تێچوونی دەوڵەتی(ماد)مان دابڕاین لەو لایلایەی کە دەبوو مێژوو لە گاتاکانی ئاڤێستاوە تا ئەبەد هەڵبەست و بەیت و گۆرانی و بەستە و لاوکمان بۆ بچڕێت.**

**ئاڤێستا و هەرچی لێی کەوتەوە لە ئێمە تار بوو، باوەشێکی بێگانە مێزی لێ گرت و بە بەرمەمکییەوە نیشت. پتر لە دوو هەزار و پێنجسەد ساڵە مژمام لە گۆی مەمکی دایکە ئاڤێستا نەمشتووە. خەتی ڕەچەڵەکی ئاڤێستا خوا بووەوە بۆ خاوەن دەسەڵاتی دەوڵەتی، هەرچەندە زاناکانی زمان دەڵێن فارسیی کۆن جودایە لە زمانی ئاڤێستا، بەڵام جوداش بێت هەرچی ئاڤێستا و داب و دەستووری زەردەشتی و پێوەندیی (بیهـ دین) بە دەوڵەتەوە، هەموو ئەو سامانە ئەدەبی و دینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەی لە ماوەی ڕۆژگاری نێوان تێچوونی ماد و تێچوونی ساسانییەکان زاوزێیی کردبێ بوو بە هی فارس. ئەو ڕۆژەی سوپای ئیسلام ڕەوی هێنا بۆ سەر ئیمپڕاتۆرییەتی ساسانییەکان، کوردی چارەڕەش بریتی بوو لە ڕەعیەیەکی ڕەشوڕووت کە هیچ پشکی نەبوو لە شیرینایی حوکم.**

**هەزار و سەد ساڵ بوو کورد لە پلەی هەرە بەرەژێری بێ دەسەڵاتیدا سوخرە و بێکاری بۆ داگیرکەر دەکرد.**

دوور نییە ئەم نووسین بە عەرەبییە بە تایبەت زامنی مانەوە و تۆماری کاری ئەو زانانەی کورد نەبێت کە بەرهەمەکانیان ئیمڕۆ وەک سەرچاوەیەکی گرنگی مێژووی ئیسلام دادەنرێت. واتە گەر بە کوردی بنووسرابانایە، هیچ بە دووری نازانم تەفروتونایان دەکردن، وەک چۆن ئەم چیرۆکە بەسەر زۆر شتی دیکەماندا هاتووە.

مامۆستا شاکەلی لە نێو مێژووی ئیسلامیشدا پرسی تەسەوف وەک تەوژمی هەرە گرنگ و کاریگەری بیر دەکاتە وێستگەی ئارامگرتنی و پێی وایە، **بەخوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی مێژووی تەسەووف دەبینین ڕۆڵی عارفانی کورد لە دامەزراندن و گەشەکردنی زۆربەی تەریقەتەکاندا یەکجار گەورەیە.**

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونەی نێوی کۆمەڵێ کەسایەتی و ڕێباز و تەریقەت لەم ڕووبەرەدا دێنێ کورد بەشداری تێدا کردوون. لەوانە: **ئەبولوەفا تاجولعارفین، عوقەیل ئەلمەنبەجی ئیبن شیهاب ئەدین ئەحمەد، ئەحمەد ئیبن علی ئەلحەریری ئەلعسالی، مەحمود ئەلکوردی، ئەبو یعقوب یوسف ئەلهەمەدانی، مەولاناخالیدی شارەزووری و... هتد.**

دەکرێ کەسانی دیکەش هەبوون، وەلێ جارێ هەر ئەمانە ساخبوونەتەوە. ئەوجا نووسەر گەشتێکی چڕوپڕ بە مێژووی تەسەوف و تیۆرییەکان و زاناکانی ئەم بوارەدا دەکات و ڕۆڵی مەولانا لە هێنانی تەریقەتی نەقشبەندی لە هندستانەوە دەکات و وەک نوێنەری گەورەی لقی (موجەدیدییە) کە شێخی سرهندی دامەزرێنەکەیەتی دەستبەکار دەبێ. دواتر دەنووسێ: **تیۆریی (وحدە الوجود) لەناو نەقشبەندییەکانی کوردستاندا هەر لە سەدەی شانزدەهەمەوە، ڕەنگە لەوەوپێشیش، ناسراو بووە. یەکەمین کوردێک ئیشارەتی بۆ کردبێت و بە زمانی کوردی ئیشارەتی بۆ کردبێت، مەلای جەزیرییە.**

ئینجا لە **(مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی)**یەوە دێتە ناو مژارە قووڵ و فراوانەکانی شیعری کلاسیکی و ڕێبازی تەسەوفی ئەم زاتە گەورانە و بە گرانی لەسەر ڕۆڵ و کاریگەرییان دەوەستێت. نووسەر بۆچوونێکی ورد لەمەڕ ئەم باسەوە بەم شێوەیە دەردەبڕێت و دەنووسێ: **لە شیعری تەسەوفدا دوو لایەن زۆر گرنگن: چەمکەکانی سۆفیزم و زاراوە(تێرم)ەکانی سۆفیزم.**

لە فەلسەفەکەی ئیبن عەرەبیشدا وەک دیاترین زانای ڕێبازی وەحدەتوجود ئاماژە بە دوو چەمکی گرنگی فەلسەفەکەی دەدات:

**١ـ یەکێتی هەموو شت و دیاردەکانی گەردوونە، بەوعنایەی کە هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ خودا و لە خودا بەولاوە هیچ شتێکی دیکە نییە و نابێت.**

**٢ ـ مرۆڤی تەواو.**

جێی خۆیەتی لێرەدا نموونەیەکی شیعری ئیبن عەرەبی بهێنینەوە.

**خوا سوپاسی من دەکات و منیش سوپاسی خوا دەکەم**

**خوا من دەپەرستێت و منیش سوژدە بۆ خوا دەبەم**

سەبارەت بە ئەحمەدی خانیش باس لە رۆڵی هزری و ئەدەبی و ئایینی ئەم کەڵە پیاوەی مێژوومان دەکات کە وەک جەزیری سەر بە رێبازی نەقشبەندییە. ئەوجا لەڕووی تیۆرییە فکرییەکانییەوە کە لەسەر سێکوچکەی (**یەککگرتن، بەکارهێنانی هێز و چاکە**) دامەزراوە درێژە بە باسەکانی دەدات و باس لە بەرهەمەکانی دەکات. گرنگی ئەم دوو کەسایەتییەش لە مێژووی کورد دا تا ئێستا لێکۆڵینەوە و باسوخواست لە سەریان بە کۆتایی نەگەیشتووە.

مەولانا خالیدی شارەزووریی نەقشبەندیی موجەدیدی

شاکەلی دەنووسێت:

**گەڕانەوەی مەولانا خالید لە هیندستانەوە بۆ کوردستان ساڵی ١٨١١، تەنیا گەڕانەوەی رێبەرێکی تەریقەت یا زانایەکی شەریعەت نەبوو، بەڵکوو لافاوێک وزە و بیر و بزووتنەوە بوو، کە سەرلەبەری کۆمەڵگەی کوردەواری دوای خۆی رەنگرێژ کردووە و تا ئیمڕۆش جێ دەستی بەسەر تەوژمی سیاسی و فەرهەنگیی کوردستان و رۆژهەڵاتیشەوە دیارە.**

دەروازەی چوونە دنیای مەولانا بەم چەند دێرە لای شاکەلی دەست پێ دەکات و دواتر هەنگاو بە هەنگاو شوێن پێی ئەم زاتە گەورەیە هەڵدەگرێت و چیرۆکی فرەرەهەندی ئەم رێبەرە هێژایەمان بۆ دەگێڕێتەوە. هێندەی پێویست بێت لێرەدا ئاماژەی پێبدەم ئەو مشتومڕە گەورەیەیە دەربارەی پرۆژە دامەزراندی رێبازێکی تایبەت بە کوردان و خەونی کوردستانێکی سەربەخۆ لای مەولانا، کە بەداخەوە وەک پێویست تا ئێستا کەس چاکی لێهەڵنەماڵیوە توێژینەوە و خوێندنەوەیەکی تێر و تەسەلی لەسەر بکات.

ئەم کەسایەتییە گەورە لەو سەردەمە و باروگوزەرانی ئەو ناوچەیەدا بەدوای زانست و ڕاستیدا وێڵ دەبێت و شارە و شار و وڵاتە و وڵات دەکات. ئەو پرسیارەی لێرەدا دروست دەبێت ئەوەیە: دەبێت ئارەزوو و سنووری تێربوونی مەولانا بۆ ڕاستییەکان چەند بوویێت، وا ئامادەبووە کاروانی وا دوورودرێژی لە پێناودا بکات؟. شاکەلی دەڵێ: **لە کوردستاندا زانستیش و تەریقەتیش هەبوون، بەڵام مەولانا بەو سەرچاوانەی لە بەردەستدا بوون دڵی ئاوی نەخواردۆتەوە و بۆ سەرچاوەیەکی گەورەتر و قووڵتر گەڕاوە.**

دواتر بەرنامە و جۆری کارکردن و ئەرکەکانی سەرشانی و ئەو ئاستەنگانە هاتوونەتە رێی مەولانا بە درێژی باس دەکات و باس لەو کۆنسێپتەش دەکات کە مەولانا بۆ ئەو سەردەمەی هەڵبژاردووە. بەڕای شاکەلی مەولانا سەرکەوتوو بووە لە گەیاندنی پەیامەکەی لە کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا. ئالێرەدا سەرنجێکی زیرەکانە و بەدیقەت وەک فاکتێکی کاریگەر سەبارەت بە واقعی ئەو سەردەمە تۆمار دەکات کە رۆڵی کەسایەتی گرنگ و لێوەشاوەی مەولانا و

دەنووسێ: باری **کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕۆژانی گەڕانەوەی مەولانا، لە پلەی یەکەمدا، بارێکی سیاسی بوو نەک فکری و فەلسەفی، هەر لەبەرئەوەش مەولانا ناچار بوو زۆر جار وەک پاشایەک یا ڕێبەرێکی سیاسی بجووڵێتەوە.**

ئەمە بەرجەستەی بەسەرکردنەوەی مێژووی کورد و لاپەڕەیەکی ڕووداوەکانی ناوچەکەی ئەو سەردەمەیە. کارکردن لەم زەمینەشدا سەختی و دژواری خۆی بە خۆیەوەیەتی و چی دی پێویست بە بەڵگە هێنانەوە ناکات.

ئەوەی پتر لێرەدا مەبەستی باسەکەمانە قسە لەسەر بیرە و شاکەلی دەنووسێ: **لەبەرەی بیردا، مەولانا دوو ئەرکی هاتبوونە پێش: چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی بنەما و باوەڕ و دەرسەکانی تەریقەتی نەقشبەندی موجەدیدی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەندێ لە ڕێبەرانی تەریقەتی قادری لە کوردستاندا.**

هەندێ سەرچاوە باس لە کێشە و ململانێی نێوان نەقشبەندی و قادری، مەولانا و شێخ مارفی نۆدێی دەکەن و پێشیان وایە لە ئاکامی ئەم ململانێ و هەوڵی تیرۆرکردنی مەولانا لە ئیمارەتی بابان، مەولانا بە ناچاری کوردستان بەجێ دێڵێ. شاکەلی پێوایە بەتەنیا ئەمانە هۆکار نەبوون بەڵکو بۆچوونێکی نوێ دەخاتە سەر ئەم خەرمانی باسە و دەنووسێت: **هۆی هەرە گرنگ، بەلای منەوە، ئەوەیە کە مەولانا لە ڕوانگەیەکی یەکجار بەرینەوە تەماشای تەسەووفی دەکرد. پەیامەکەی مەولانا ئەوەندە گەورە و جیهانگیر بوو کە کوردستان و عێراقیش کالآیەکی یەکجار تەسک بوون بە بەری.**

بەم واتایە دەبێت مەولانا بۆ بەرفراوانترکردنی دەنگی زوڵاڵی پەیامەکەی کوردستانی بەرەو شام جێهێشتووە. بە واتایەکی دیکە مەولانا ئەو هەموو ئازار و تاڵییەی چەشتووە بۆ بە ئینتەناسیونالکردنی بیرەباوەڕەکەی. ئەم بۆچوونەش پێویستە لە تەک ئەوانی دیکەدا وەک فاکت تەماشا بکرێت بۆ ئەوەی مێژوونووسان و لێکۆڵەرەوان کاری لەسەر بکەن.

گەلێ لایەنی دیکەی مەولانا بەرچاو دەکەون و باس لەو کەسایەتییە گەورانەی مێژووی کورد و جیهان دەکات وەک: **شێخی نەهری و پیران و بارزانی لە کوردستاندا و شێخ شامیلی داغستانی و شێخ عەبدولقادری جەزائیری و مەولانا تەمەسسوکی** کە سەر بە تەریقەتەکەی مەولانا بوون. دواتر ئاماژە بەوە دەکات کەوا مەولانا لە بواری نووسیندا گەلێ کتێب لەسەر شەرع و فیقهە و زانستی ئیسلامی بڵاو کردۆتەوە و نامەکانیشی بۆ کاروباری ڕێکخستنی تەریقەتەکە و ئامۆژگاری و بەسەرکردنەوەی خەلیفە و مەنسووبەکان تەرخان کراون.

شاکەلی دەڵێ: **مەولانا بیریار نییە.... جێگای مەولانا لە مێژووی بیردا وەک جێگای پەیامبەر و سەرکردە گەورەکانی مرۆڤایەتییە، خۆیان بیریار نەبوون بەڵام بوون بە هۆی گۆڕینی بیر و مێژوو لە ڕەگوڕیشەوە.**

ئیدی لەبارەی شارەزایی مەولاناوە گەلەک بەڵگە و باس دێنێتەوە و بە ڕستەیەکی ڕازاوە لەسەر گەورەیی مەولانا ماڵئاوایی دەکات و دەچێتە سەر باسێکی دیکە بە نێویخەلیفەکانی مەولانا خالید.

ساڵی ١٨٢٢ مەولانا بەیەکجاری کوردستان جێدێڵێت و دوای خۆی ڕێبازەکەی کوێر نابێتەوە وەک نووسەر باس دەکات لە نامەیەکیدا دەردەکەوێ کە نوێنەری خۆی ناردووە: **بۆ ناوچەکانی جەزیرە، شارەزوور، سلێمانی، بەغدا، کەرکووک و وان. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە هەر شەشیان کوردن.**

نووسەر باس لە بنەماڵەی **شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان یان بنەماڵەی سیراجودین** دەکات و ڕیزبەندی کەسایەتییەکانی ئەم بنەماڵەیە لەم بوارەدا بەسەردەکاتەوە. لەم پانتاییەدا لە تەک ناوە دیار و گەشاوەکانی ئەو بنەماڵەیەدا ناوەکانی: مەولەوی، **عەبدوڵڵای جەلیی کۆیی، مەحوی، سالمی سنە، شێخ عومەری قەرەداغی، بێخود، شاکەلی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس** و چەندانی دیکە بەرچاو دەکەون. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش باس لە شێخی بورهان دەکات کە ئەدیب و ڕووناکبیرانی وەک: **ئەدەب، سەیفی قازی، فەوزی، پێشەوا قازی محەمەد، حەریق، هەژار، هێمن** دەرچووی ئەم خانەقایەن.... لە باکووری وڵاتیش شێخ سەعیدی پیران و **شێخ سەعیدی نەورۆسی و شێخ محەمەدی ئەسعەد** بەشداری ئەم ڕێبازەیان کردووە.

## حاجی قادری کۆیی

دیارترین شاعیری نەتەوەپەروەر کە بزواندنێکی بەخشییە بیری کوردایەتی، بە پێی ڕیزبەندییەکەی شاکەلی ناوی ئەویش دەکەوێتە ئەم باسەوە. نووسەر پێوایە کەس تا ئێستا نەیتوانیوە بەرهەمێکی وامان پێشکێش بکات تا: **کەسایەتی ڕاستەقینەی ئەو گەورەپیاوەی مێژووی بیر و داهێنانی کورد بە تەواوی بناسین.**

نووسینەکەی مامۆستا مەسعوود بەلای نووسەرەوە لەم بۆچوونە ئاوارتەیە و پاشان گەشتێک بە مێژووی بیر و خەبات و کاریگەریی و ڕۆڵی لە چوارچێوەی بیری کوردایەتیدا دەکات. یەکێ لە بۆچوونە دروست و واقعییەکانی حاجی ئەوەیە کە باوەڕی ئەوە بووە **بە بێ شەڕ کوردستان ڕزگار ناکرێ**. وەک شاکەلی ئاماژەی پێدەدات حاجی لەسەر دووکوچکەی {**شیر و خامە**} بونیاتی بیروباوەڕەکەی دادەمەزرێنێت. پوختەی بۆچوونەکەش لای کۆیی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە. شاعیر باش لەو ڕاستییە گەیشتووە، باوەڕیش دەکەم تاکە دەرمانی دەردەکانی کورد دامەزراندنی دەوڵەتە، ئەمەش چەند دەبێتە مایەی پاراستنی کورد و مێژوو و جوگرافیا و فەرهەنگەی و ڕۆڵی ئاشکرا و چالاکتری لە نێوەندە ناوچەیی و جیهانییەکەدا، هەمان کات گەڕانەوەی ئاشتی و بەختەوەرییە بۆ گەلانی ناوچەکەی دراوسێی کورد و سەقامگیرییە بۆ جیهانیش. لەو ڕۆژەوە گەر وەک پێویست گوێ لە خانی و حاجی بگیرابایە و بیر و داخوازییەکانی ئەو بکرایەتە مەشخەڵی ڕۆشنکەرەوەی ڕێگای سەختی خەبات و ئاڵای تێکۆشان، چارەنووسی کورد هەرگیز بەوە

نەدەگەیشت.

هەتا وەک ئاگری بن کان لەگەڵ یەک ئەگەر تۆفان بێ لەشکرتان، بەپووشەک

مەخابن زەریفانە گوێمان لێ نەگرت، بۆیە بەڵا لە خۆمانی دا.

خانی گەورەش دەفەرمووێ:

کوردیش کە ببایە یەک دڵ و دەستدەستیان دەکەوت ژیانی سەربەست

پەیدا دەبوو باو و گەورەیی و ژین ناومان دەرئەکردبە بیر و زانین

هەر لەم میانەیەشدا حاجی مەزن بانگ دەکات:

تا رێک نەکەون قەبیلی ئەکـراد هــەروا دەبنە خــەرابە ئاباد

ئەنواعی میللەل لە گەورە تا چــووک خـــــــەمڵیوە مەمالیکی وەکوو بووک

یەک بەرگن و یەک زوبان و یەک رەنگ بێ غەیبەت و عەیب و عار و بێ دەنگ

من لێرەدا خۆم لە تخووبی درێژکردنەوەی باس لەسەر ئەم دوو کەڵە پیاوەی مێژوومان ‹ خانی و حاجی› نادەم، چونکە بە گشتی زۆریان لەسەر نووسراوە.

**شێخ سەعیدی نورسی**، ناوی دوا کەسایەتی باسەکەیەتی و بە دوور و درێژی وەک ئەوانی دیکە ژیاننامەی نورسی بەسەر دەکاتەوە و ئاماژە بە هەڵوێست و بۆچوونەکانی و ئەو مەینەتییانە دەکات کە بەسەر نورسیدا هاتووە.

بەداخەوە مامۆستا شاکەلی لێرەدا لە باسەکەی دەوەستێ. وەک من ئاگەداربم بە نیاز بوو تا ناوەڕاستی سەدەی رابردوو و بەرەوژوورتریش تا دەورانی بیریاری مەزن مامۆستا مەسعود محەمەد درێژە بە نووسینەکەی بدات. بەهیوام و تکاکارم مامۆستا درێژە بە باسەکەی بدات و بە تێز و لێکۆڵینەوە نوێ و گرنگەکانی بەختەوەرمان بکات.

تاکە کەلێن و کەماسییەکی دیکە لەم بابەتە بەپێزەدا هەبێت باس نەکردنی بیری کورد و رۆڵی لە شارستانێتی و فەرهەنگی ئێرانی کۆندایە. بەڕای من وا چاک بوو بۆ نووسەر لەبەرخاتری کرۆنۆلۆجیای باسەکە، کە قۆناغی پێش سەرهەڵدانی ئیسلامە ئاوڕدانەوەیەکی پێویستی لەو مێژووە بدایەتەوە و بیروبۆچوونی خۆی بۆ خوێنەر روون بکردایەتەوە.

## زەردەشتیزم: فەلسەفەی کوردەواری یا وەهمی خۆپاراستن؟

دەوڵەمەندی و فرە ڕەهەندی باسەکانی شاکەلی پەلوپۆی بۆ باسگەلێکی وەک زەردەشتیزمیش ڕاکێشاوە. گەرچی نووسەر پێ لەوە دەنێ کەوا زەردەشتناس و ئاڤێستاناس نییە و ئەمانەش بە زانست دادەنێ و ئەم لە ڕوانگەی فەرهەنگی و فەلسەفی ـ سیاسییەوە سەرنجی لێدەگرێت. خاڵێک

کە برای نووسەر دەی وروژێنت و لۆجیکێک لەخۆی دەگرێت ئەوەیە: **بۆچی لە ناو بازنەیەکی تەسکی خوێنەوار و ڕووناکبیرانی کوردستاندا جاروبار بیری گەڕانەوە بەرەو زەردەشتیزم و بەرەو ئاڤێستا دێتە ئاراوە؟** چاوەڕوانی پرسیارێکی ئاوها سیمایەکی ڕۆشبیرانەی هەیە و ئاماژەشە بۆ هەبوونی هەقیقەتێک کە تۆزی فەرامۆشی یاخود تەمومژی نادیاری لێئالاوە.

گەڕانەوە و خۆبەستنەوە بەم ڕابردووەوە لە خودی خۆیدا سەلماندنی وابەستەییمانە بە مێژووی بەشێکی هەرە گەش و زیندووی بیر و فەرهەنگی ئەو سەردەم و ناوچەیەی مەڵبەندی راستەقینەی زەردەشتیزمە. بە واتایەکی دیکە زەردەشتێتی پتر لە رابردووی ئێمە نزیکە چونکە خودی خۆی زادەی واقعی ئێمەیە. لەو ئالۆزی و نادیارییەشدا دەکرێت خۆمان بکەینەوە بە خاوەنی و ساخی بکەینەوە. گەرچی ئەوەش روونە کە ڕابردووی ئێمە لەبەردەم گورزی هێزە بەیەکدا هەڵپڕاوەکانی ناوچەکەدا زۆر شێوێندراوە. وەرامی پرسیارەکەش دەکرێت بەو شێوەیە بدەینەوە کەوا دەستەبژێرێکی کۆمەڵگە بەهۆی باری نالەباری سیاسی و مێژوویی کوردەوە ئاگەداری ئەو رابردووەن و هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسییان بە بایەخی دیاردەیەکی لەو چەشنە دەشکێت. ترس و هەڕەشەی داگیرکەران و دوژمنان هێندە بە زەبر و تۆقێنەر بووە هەرکەس ئامادەی گیانبازی نەبووە بۆ بەشداری لەم ململانێ سەختەی لە دەڤەرەکەدا هەبووە. بە تایبەت وەک لێمان ڕوونە مەسەلەکە پرس و کێشەی هەستیاری ئایین و بیروڕای خوداپەرستییە. هەربۆیە دوور نییە لە ترسی ئیسلام و دەسەڵاتی عەرەبی نەبووبێت وا کەس نەیوێراوە جووڵەیەک بکات.

نۆستالۆجیا و خەون بینین بەو مێژووە، دەشێ لە ستروکتووری ئەقڵێتی کوردییەوە سەرچاوەی گرتبێت و مەبەست لێی پتەوکردنی کۆڵەکەکانی ناسنامەی نەتەوایەتی و تۆخکردنەوەی ڕەنگی فەرهەنگی خۆماڵیمان بێت. بەتایبەت وەک دەزانین بەشێکی هەرە زۆری لێکۆڵینەوەکان و بیروڕای شارەزایان ئەوە دەسەلمێنن کەوا زەردەشت لە ناوچەی ماد لە دایک بووە و زمانی ئاڤێستاش لە زمانی کوردییەوە تەواو نزیکە. ڕەتکردنەوە و دانەدواوەی ئەم ئاین و کتێبە پیرۆزەی ئاڤێستاش دەشێ بۆخۆی بە هەڵەیەک بژمێردرێت، چونکە ئەوکات مەسەلەکە دەکاتە ئەوەی رابردوو ـ لەبەر هەر هۆکارێک و لە پێناوی هەر مەبەستێکدا بێت ـ ناکرێتە جێی ڕێز و بایەخی نەوەی نوێ. هیچ کەس و دەستە و میللەتێکیش ئەو گەز و پێوانەیە بۆ مێژووی خۆی وەکار نەهێناوە و ناهێنێت. زەردەشتیزم هەر هیچ نەبێت دەتوانرێت وەک مەسەلەیەکی ئایینی و فەرهەنگی تەماشا بکرێت و وەک ژینگەی جوگرافیایەکی سەربەخۆ بۆ خۆجیاکردنەوە لەوانی دیکە!! ئەمەش بە مانای شەڕی هیچ لایەنێکی تر نییە، بەڵکە هەر نەبێت وەک تبتەکان، بەنگلادیشییەکان، ئیسرائیلییەکان و کۆسۆڤۆییەکان و چەندانی دیکە ئێمەش بیکەینە بنەما و فاکتی لێک نەچوونمان لەوانی دەوروبەرمان و دامەزراندنی قەوارەی سەربەخۆ. من رام هاوجووتی برای نووسەرە لەوەدا کە روو لەو کەس و هێزانە دەکا کە بانگاشەی ئەم بۆچوونە دەکەن و ڕەخنەیان لێدەگرێت و دەنووسێ:

**نەکارێکی زانستییان ئەنجام داوە کە ببێتە ڕێڕۆشنکەرەوە بۆ تێگەیشتن لە زەردەشتییەت، نە**

**تێزێکی سیاسیشیان پێشکێش کردووە تا بەو خەڵکە، یا هەر نەبێ بە لایەنگر و پێڕۆیانی خۆیان، بڵێن چۆن و بە چ شێوەیەک دەتوانن سوود لە زەردەشتییەت و زەردەشتیزم وەربگرن.**

زەبری تۆقـێنەر لەرابردوودا گـەلێ بەهێـز بـووە و دەشێ هیـچ بوارێکی بۆ پێـشکێـشکردنی بەرهەمێکی لەو شێـوەیە نەهێـشتبێتـەوە، وەلی وا لـەم مژارەدا ناو بەناو سـەرچاوەی کۆن زیندوو دەکرێتەوە و لێکۆڵینەوە درێژە دەکێشێ و مێژووی ڕاستییەکان باشتر دەردەکەون و کتێبخانەی کـوردی ئاوەدانتـر دەکـرێتـەوە.ئێـمـە مـێـژوومـان نەنووسـیـوەتەوە، بەڵکە هەتا هەنووکە بۆمـان نووسراوەتەوە. خۆناسین و خود دۆزینەوە لەو ڕووپێوە مێژوویی و فەرهەنگیی و سیاسییەدا چەمکی بیر و کوردبوونمان گەشاوەتر دەکات.

ئەوسا گەر حیکمەت و ئیرادەی سیاسی لە ئاوەز و ستراتیژی سەرکردایەتی سیاسی کوردیدا هەبێت، هێندە بەسە بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردی دروست بێت. ئیدی مەرج نییە سەرجەم بنەما و پێداویستییەکانی دامەزراندنی دەوڵەت لەو چرکەساتەدا لە ئارادا بن. ئەو مەرج و داوایانەی ئێمە لە بەردەم دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدا قووتیان دەکەینەوە، لە ئەزموون و مێژووی گەلانی دیکە کەمیان بەرچاو دەکەون.هیچ دەوڵەتێکیش بە تەواوی مەرج و پێداویستی و بنەماکانەوە لە تەواوی مێژوودا دروست نەبووە و بەرچاو ناکەوێت.

پرسگەلی خواناسی و یەکتاپەرستی و بایەخ بە سروشت و بەخشینی ڕۆڵی سەرەکی بە مرۆ و بەستنەوە بە سێکوچکەی (وتەی چاک، بیری چاک، کرداری چاک) جوانی و پێویستی مۆسیقا بۆ ژیان و گەلەک تێز و بۆچوونی دیکە بنەما سەرەکییەکانی ئاینی زەردەشتی پێک دێنن. ئەمانەش زەمینەیەکی بە پیت بۆ بەرهەمهێنانی هزر و مەعریفەی زیاتر و بە تێکڕاشیان پێگە و جێیان لە نێو فەرهەنگە باڵاکان دەبێتەوە و راستەخۆش هەتا هەنووکە دەکرێت بخرێتە خزمەتی بەرژەوەندی مرۆڤایەتیەوە. لە نێو کەسایەتی و ڕۆشنبیریی و زانایانی کوردیشدا کەسانی وەک (ئەمین زەکی بەگ، حوزنی موکریانی، ئیحسان نوری، تۆفیق وەهبی، محەمەد عەلی عەونی، شاکیر فەتاح،مەسعوود محەمەد، جەمال نەبەز ) و دەیانی دیکە ڕای ئەرێتییان لەسەر زەردەشتیزم هەیە.

دەبێت لێرەدا ئاماژە بەو ڕاستییە بدەم کە شاکەلیش لە بڕگەیەکی ئەو ٤ پرسیارە سەرەکییەدا بە ڕووی خوێنەردا ڕاستی کردۆتەوە و ئاماژەی پێداوە، لە هەڵبەتە بارودۆخی ئێستا پاش مێژوویەکی دوورودرێژی ١٥٠٠ ساڵی زیاتر و بە موسڵمان بوونی زۆرینەی میللەتی کورد زۆر ئەستەمە پرۆسەی گەڕانەوە بۆ چوارچێوەی ئەو بابەتە مێژووییە فەرهەنگییانە. لە نرخی ئەو ڕاستییانەش کەم نابێتەوە، کە پێویستە خۆ بە خاوەنی ئەو رابردووە بزانین و زیندووی کەینەوە و بیپارێزین و گەشەی پێ بدەین.

لەم دەرفەتەدا چەند کۆپلەی فەیلەسووفان و ڕۆشنفکرانی جیهانی لەسەر زەردەشت و ئایینەکەی دەخەمە ڕوو.

**نیتچە** دەڵێ: زەردەشت یەکەم کەس بووە لە بەربەرەکانی چاکە و خراپەدا راستی هەموو شتێکی بەدی کردووە. ئەو مۆراڵی خستۆتە شێوەی میتافیزیکەوە و کردۆیتە سەرچاوەی هێز. بەم کارەش هاوتای پلیتۆی فەیلەسوفی یۆنانییە.

**ڤۆلتێر** دەڵێ: زەردەشت یەکێکە لەوانەی یاسای سروشتی ئێزدانی گەیاندووە بە مرۆڤ.... هەروەها دەڵێ لەمسەری دنیاوە هاوار دەکا بۆ ئەوسەری دنیا یەک ئێزدانت خۆش بوێ، دادپەرستبە، ولاتەکەی خۆت خۆش بوێ.

**مێری بۆیس** دەڵێ: زەردەشتایێتی کاریگەرترین تیۆلۆجیایە لەسەر سەرجەم مرۆڤایەتی، هەرچەندە ئەمڕۆ ژمارەیەکی کەم پێڕەوی ئەو ئایینە دەکەن، لێ فەلسەفەکەی لەناو ئاینەکانی ئیسلام و مەسیحایێتی و جوودیزمدا دەژی.

**تاگوور** دەڵێ: زەردەشت، سروودی یەکتاپەرستی ئەخوێنێ و ئێمەش کە خۆمان شاعیر و سروودسازیشین، بەبێ ئەوەی دەسەلات لە دەست خۆماندا بێت، رووە و ئاوازی ئاسمانیی خۆی، جلەوکێشمان ئەکات.

**دانتی** دەڵێ: قسەکانی زەردەشت بەردن، بەڵام کردەوەکەی باڵەخانەیە.

سوهرەوەردی فیساگۆرس بە شاگردی زەردەشت دادەنێ.

سوقرات، ئەفلاتون، ئەرەستۆ، هیراکلیتوس، دێموکریتوس و فیساگۆرس و چەندانی دیکە لەژێر کاریگەریی بیر و بۆچوونەکانی زەردەشتدا بوون.

بروانە جەلادەدینی رۆمیش لە پارچە شیعرێکدا وەک ئاماژە بۆ بایەخێکی دیکەی ئایینی زەردەشتێتی و تایبەتمەندێکانی و کاریگەرێتییەکەی دەکات. وەک نموونە بۆ باسەکەمان:

سەرنج بدە... لەم مێزەرەم کە لەسەرمم ئالاندووە
لەم پشتێنە زەردەشتییەش لە تەنگەمم جەڕاندووە
من رووناکیم هەڵگرتووە من موسڵمانم.... نەسرانیم
من بورهمیم لە هەمان کاتدا زەردەشتیم
هەمە تەنها پەرستگایەکمزگەوتێک... بتخانەیەک.... کلێسایەک

***

## شیرێکی دوودەم: بەسەرکردنەوەیەکی ئەزموونی ڕووناکبیرانی کورد

لێرەدا دەروازەی بابەتێکی تری گرنگ بۆ چوونە نێو باسەکەی هەڵدەبژێرێت. کاتێ لە مژارەکانی پێشوودا گرنگی خانی و مەولانا خالید و حاجی قادری کۆیی وەک رۆشنبیرانی پێش سەدەی بیستەم بەرچاو دەکەون، وا لەم باسەدا **رەفیق حیلمی، عەلائودین سەججادی، ئیبراهیم ئەحمەد و**

**مەسعوود محەمەد** دیارترین کەسانێکن کە ڕۆڵ و کاریگەریی گرنگ و گەورەیان لەسەر کۆمەڵگەی کوردەواری هەیە. پێم وایە لەم ڕیزبەندەدا هەق بوو ناوی جەمال نەبەزیشمان بەرچاو بکەوتایە. مامۆستا نەبەز زیاتر لە ٥٠ ساڵە بە هزر و نووسین و هەڵوێست لە کایەکانی بیر، مێژوو، زمان، فەرهەنگ و میتۆلۆجیا و گەلێ بواری دیکەدا ئامادەگی چالاکی هەیە و بۆتە سیمبولێکی بەرجەستەی ئەو دۆزانە و ڕۆڵی لە دەولەمەندکردنی ڕۆشنبیریی سیاسیمان بە تایبەت بیریی کوردایەتیی حاشاهەڵنەگرە. ئاخر باسگەلێک لە بیر و ڕێبازی نەتەوەیی و ڕەهەندەکانی بێ ناوی جەمال نەبەز کەلێن زەق و کەماسییەکی گەورەیە. داخۆ هەر لایەکمان چەند هاوبیریی هزر و باوەڕ و بۆچوونەکانی مامۆستا نەبەز دەبین یاخود نابین ئەویان دەبێتە پرسێکی کراوە. بۆ کونبڕکردن و تێروتەسەلکردنی بەرهەمەکانی، کاشکی مامۆستا شاکەلی ئەم تێبینییانەی لە پڕۆژەکانی ئایندەیدا بە هەند وەردەگرت.

شاکەلی لە لاپەڕە ١٣١ تا ١٦٤ژیان و خەبات و نووسین و مێژووی سیاسی و ڕەوشت و ڕۆڵی مامۆستا **ڕەفیق حیلمی**، لە خوێندنەوەیەکی چڕ و پڕ دا پێشکێش دەکات و ئەنجامگیریی و وێناو پێناسێکی بەرزی ئەو کەڵە پیاوەی مێژوومان وەک تابلۆیەکی هەمەڕەنگ و فرە ڕەهەند دەخاتە بەردەست.

ئا لەمەوەیە پێز و بەرەکەتی بەرهەمەکانی شاکەلی، ئیدی مەحاڵە ئەو بیر و بۆچوونانە هەروا بەسانایی بەسەرماندا گوزەر بکات. ئەرکێکی ڕۆشنبیرانەیە بە هەڤڕا بەشداری گفتوگۆکان بکەین.

بەسەرکردنەوەی بابەتگەلێکی لەم جۆرە زیاتر لە سەرنجدانێکی بیریارانە دەچێت نەک شاعیرانە. کاشکی بۆ گەلێک لەو کەسایەتییە مێژوویی و سیاسی و ڕۆشبیرییانەمان بیۆگرافیای وا کورت و پوختەمان لە مێژ بوو هەبایە، ئەوسا بایەخی ئەمانەمان باشتر دەزانی و لە ڕابردوومان دروستتر تێ دەگەیشتین و بۆ ئایندەشمان چالاکتر خۆمان ئامادە دەکرد.

لەم باسەدا شاکەلی بە سەنگ و تەرازوویەکی نوێی تایبەتەوە گەشت بە مێژووماندا دەکات و بە ئاواتی ڕۆژە تاریک و دەیجورەکان ڕووناکیان بکەوێتە سەر و کارە خراب و چەوتەکان ڕاست بکرێنەوە و هەق و ڕاستییەکان بدرێنەوە بە خاوەنەکانیان. دەرئەنجام خوێنەریش لەسەر بنەمای ڕاستی و لۆجیکی پتەو خۆی بە بیر و مەعریفە بارگاوی بکات و هیواکانی خۆی هەڵچنێت.

گەڕانەوە بۆ ئەو ڕۆژگارە و باندۆڕەکانی کایەی سیاسی و وەبیرهێنانەوەی قەڵەمیکی ڕەنگین و ناوێکی درەوشاوەی وەک حیلمی، بەو شێوازە گەرەکە بە هەند دابنرێت. نوسەر دەڵێ: **هاوکێشە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی کوردایەتی سەردەمی شێخ مەحموود ئاسان نەبوون.... دواتر دەنووسێ: ڕەفیق حیلمی لە هەلومەرجێکی ئاوەهادا واتە تەمەنێکی زۆر بچووکدا دەکەوێتە ناو ڕووداوە سیاسییەکانەوە.**

بەدوای ئەمانەدا شاکەلی بیرەوەریی فۆتۆگرافئاسای خۆی دەخاتە گەڕ و سەرجەم لایەنی حیلمی دەخاتە بەر باس و شیکردنەوە. ئەوەتا سەرنجێکی ورد و جوان لەسەر لایەنێکی سادە وەلێ بە ناوەڕۆک و بە پێوانەی ڕۆژگاری ئەودەم و هەنووکەش گەلەک هێژا و گرنگی کەسایەتی حیلمی دەدات و دەنووسێ:

**ڕەوشت بەرزی حیلمی بەوەدا دەردەکەوێت کە بەرانبەر پارە، بەرانبەر فریوی دەسەڵات و بەرانبەر زۆرداری، سەر شۆڕ ناکات.**

نموونەی کەسانی لاواز و عەوداڵی بەرژەوەندی مادی و ماڵی دنیا لەم ڕۆژگارەشماندا فرەن. ڕێزلێنان لەوانەی بۆ چنگی پوول خۆنادۆڕێنن و هەڵوێست نافرۆشن، بەهای خۆی هەیە و گەرەکە بەچاوی پڕ لە ڕێزەوە تەماشا بکرێت. شاکەلی باس لەو متمانە و خۆشەویستی و باوەڕپێهێنانەی شێخ مەحموود بە حیلمی دەکات. **نووسینی مەزبەتە بە ناوی شێخەوە بۆ کۆنگرەی ئاشتی بە نوێنەرایەتی شەریف پاشای خەندان و هاوکات نامەیەکی تایبەتی شێخ بۆ خەندان هەردووکی مامۆستا ڕەفیق حیلمی نووسیویەتی.**

شاکەلی لە وێستگەیەکی دیکەدا لە بەردەم پرسیارێک ڕاماندەگرێت و دەپرسێ **ئایا ڕەفیق حیلمی پرۆژەیەکی دیاریکراوی هەبووە؟** ئەمە پرسیارێکە پتر بە ڕووی مێژوونووسان و لێکۆڵەرەوانەکاندا کراوە، وەلێ بەوەدا حیلمی لەمەیدانی خەباتدا کۆڵی نەداوە و هەردەم بۆ ڕێکخستن و هۆشیارکردنەوە و پەروەردەی جەماوەر لە بیری دامەزراندنی کۆمەڵە و حیزبدا بووە، دەشێ خەونی پرۆژەیەک هەردەم هاوڕێیەتی کرد بێت. گەرەکە ئەوەشمان لە یاد نەچێت ئەو هەردەم لە سێبەری شێخدا کاری کردووە و پێناچێت لەدەرەوەی ئیرادە و کەسایەتی شێخدا کاری جیاوازی هەڵسووڕاندبێ. لەو پەڕەگرافەشدا کە شاکەلی ناسنامەی بیرکردنەوەی حیلمیمان بۆ ڕاڤە دەکات کەوا کوردایەتی ئاواتی هەرە باڵای ژیانی بووە زیاتر لەم ڕاستییە نزیک دەبینەوە و شاکەلی دەنووسێ:

**وەک کوردێکی ناسیونالیست خەباتی بۆ ئەوە دەکرد کە نەتەوەی کورد ببێتە خاوەنی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی، دەوڵەتی نەتەوایەتی خۆی دروست بکات لەسەر خاکی نیشتمانەکەی خۆی.**

لە ڕووبەری باسی حیلمی و مێژووی ژیان و تێکۆشانیدا ناوی **شێخ و سمکۆ و یاملکی** و گەلێ ڕووداوی گرنگی ئەو سەردەمە دێتەوە بەرباس و دەکرێت بڵێین ئەم کارەی شاکەلی بە یەکێ لە کارە هەرە نایاب و دانسقەکانی نووسین لەسەر لاپەڕەی خەباتی کەسایەتییەکی کورد و هەڵسەنگاندنی ڕۆژگارێکی مێژووی میللەتەکەمان دابنرێت.

کۆمەڵێ وتار و باسی دیکە لەسەر **شوکور مستەفا** و هەندێ وتاری سالانی ٧٠ی سەدەی ڕابردوو بەرچاو دەکەن.

لە مژارەکەی لەمەڕ مامۆستا شوکور ئاماژە بە دوو دەستەی ڕووناکبیرانی کورد دەدات، کە

جێدەستیان بە ژیانی فەرهەنگی و فکریی کوردەوە بە ئاشکرا هەیە. لەبەر گرنگی بۆچوونەکە ئەو پەڕەگرافە وەک خۆی بۆ خوێنەر رادەگوێزم.

**دەستەی یەکەم: ئەو رووناکبیرانەی لە ئەستەمبوڵ ژیان و گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان. لەوانە: تۆفیق وەهبی، محەمەد ئەمین زەکی، ڕەفیق حیلمی و پیرەمێرد.** ئەم ڕاستییەش دەکاتە بەردەبازی پەڕینەوە بەرەو سەکۆی دەربڕینی ڕاستییەکی دیکە و ناساندنی ناسنامەی فکری ئەم ڕۆشنبیرانە. شاکەلی دەنووسێ: **دەتوانم بڵێم پیرەمێرد و ڕەفیق حیلمی کوردستانی بوون، وەهبی بەگ و زەکی بەگ عێراقخواز بوون، پیرەمێرد و حیلمی لە نەتەوەکەی خۆیانەوە نزیکتر بوون، وەهبی و زەکی زیاتر خانەدان و ئەریستۆکرات بوون و نەیاندەویست دڵی کورسی دەسەڵاتیان لێ بڕەنجێ. ئەمان خاکی و خۆمانە بوون و ئەوان ئەفەندی. ئەنجامێکی سەرنجڕاکێش ئەوەیە پیرەمێرد و حیلمی بەرهەمی فەرهەنگی فکرییان زۆرە و کارێکی زۆریان کردووە، کەچی وەهبی و زەکی کەمبەرهەمن.**

**دەستەی دووەم: ئەو رووناکبیرانەن کە بەرهەمی تێکەڵبوونی فەرهەنگی کلاسیک و نەریتانەی کوردەواری و ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ فەرهەنگی سەردەم و مۆدێرن و ئەورووپایی بوون. لەوانە عەلائودین سەججادی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، مەسعوود محەمەد، جگەرخوێن، هێمن، هەژار، شوکور مستەفا و هەندێکی دیکەشن.**

لە تەک وتنی شیعرێکی ناسک بۆ مامۆستا ئەوجا بەو کۆمەڵە سەرنجە دەچێتە ناو باسی ژیانی ئەدەبی شوکور مستەفا. وەک وەرگێڕێکی بەتوانا، زمانزانێکی لێوەشاوە و ئەدیبێکی بە نەخشەو پلان هەڵسوکەوتکەر و شارەزایەکی قووڵی فکر و فەلسەفە و رووناکبیرێکی ئینسکلۆپیدی.

کاشکی شوکور مستەفا ڕەخنەگر بوایە. ئەمە قسەی شاکەلییە

ئەوەی دەمێنێتەوە جارێکی دیکەش بە گەرمی پیرۆزبایی لە مامۆستا شاکەلی دەکەم هەر لەش ساغ و بەرخوردار بێت، لە پێناوی خزمەتی زیاتردا.

***

ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم باسە سوودیان لێ وەرگیراوە:

چەند ڕیشەیەک لە ڕیشاڵی زمانەکەمان مەسعوود محەمەد

سۆفی و سۆفیگەرێتی لەتیف هەڵمەت

مێژووی مۆسیقای کوردی حەمەی حەمەباقی

فەلسەفە و ڕامانی یارسان لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا جەمال نەبەز

مەموزینی ئەحمەدی خانی

دیوانی حاجی قادری کۆیی

پێڕست


مەکیاڤیللی لە تای تەرازوودا. لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ..... 3
گریمانەی لێبووردەیی و جەدەلییەتی لێکدابڕان و پێوەندی. لە عەرەبییەوە: عەبدوڕەزاق عەلی ..... 25
سنورەکانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان. ئەکرەم میهرداد ..... 51
سەمیر ئەمین و بەهاری عەرەبی. لە عەرەبییەوە: مەحموود ئیسماعیل ..... 95
مێژووی ئێزگە و پەخشی ڕادیۆیی بە زمانی کوردی. فەرهاد پیربالّ ..... 100
شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران. ئاڵقەی سێیەم ..... 113
کۆمەڵکوژیی دەرسیم. لە تورکییەوە: هەوار ئیسماعیل ..... 132
لەلاپەڕەکانی دۆزی کوردەوە. لە تورکی عوسمانییەوە: ئەحمەد تاقانە ..... 137
کورد و وڵاتەکەی – مێژووی گەلی کورد. بەشی شەشەم. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ..... 164
بنەواکانی رۆژنامەوانی. بەشی یەکەم. ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید ..... 184
ئاڵووگۆڕە میدیاییەکان لە ئەوروپا و ئەمەریکا. بەشی یەکەم. سویدییەوە: سیاوەش گۆدەرزی ..... 214
نەرجسیەتی کۆمەڵ. لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ..... 232
سایکۆلۆجی. ئینگلیزییەوە: هێمن هادی ..... 247
بەرلین چڕترین پێتەختەکانی شانۆی ئەوروپایی. دانا ڕەئووف ..... 254
لەبارەی ئەدەبی بێزەنتییەوە. دیگێنیس ئاکرەیی ..... 272
لەبارەی چەمکی دەوڵەتی مەدەنییەوە. وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ..... 276
بەجیهانیبوون: دەرفەت یان هەڕەشە؟ وەرگێرانی فارسییەوە: فەرهاد سلێمانپوور ..... 289
بەشداریی سیاسی، گەشەی سیاسی و پارچە پارچەیی.... لە فارسییەوە: رامبود لوتف پووری ..... 301
سەرهەڵدانی بیری ئازادی و پێوەندییەکانی .... وەرگێرانی فارسییەوە: رامبود لوتف پووری ..... 309
چەند بەشێک لە دیالۆگی هابرماس: فەلسەفە لە سەردەمی.... لە عەرەبییەوە: ماجید نووری ..... 322
کۆمەڵگای مەدەنی.. خەباتی مەدەنی. بەشی دووەم. لە فارسییەوە: تالیب قەیسەری ..... 330
دەسەڵاتی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان. وەرگێرانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ..... 366
حیکایەتی شاجوانەکانی جیهان ئامادەکردنی شێرزاد هەینی ..... 371
دەستووری خوو کۆنە دەفتەر ..... 384
ئاخاوتەی سیاسی و فەرهەنگیی کورد دوێنێ و ئەمرۆ. هەڵۆ بەرزنجەیی ..... 400